سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

کتێبی حەوتەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی

# شاکر فەتاح

### کتێبی حەوتەم

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی
ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی



ناوی کتێب: سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح - کتێبی حەوتەم
دانانی: شاکر فەتاح
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٧٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا + ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٧٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# هونەرەکانی ژیان

# هونەری دڵداری

نووسەری: ئەندرێ مۆڕوا
وەرگێڕانی لە ١٩٦٧/٣/٤

## دڵداری چییە؟...

## ئایا هونەرە، یان، ئارەزوویەکی سروشتییە؟

ئەگەر بمانەوێ وەرامی ئەم پرسە بدەینەوە، پێویستە لە پێشەوە ئەم پرسە لە خۆمان بکەین: هونەر چییە؟

بەلای (بیکۆن)ەوە وایە: کە «هونەر لە تێکەڵبوونی مرۆڤ و سروشتەوە دروست بووە». لە ڕاستیدا لە بابەت (هونەر)ەوە لەمە ڕاستتر و وردتر نەگوتراوە. بۆ وێنە ئێمە لە هونەری وێنەکێشاندا وامان چاو پێ دەکەوێ کە سروشت کەرەستەی خاو بۆ وێنەکە دەخاتە بەردەم وێنەکێشەکە: درەخت و گوڵ و زرێ و ڕووناکی و ڕووی مرۆڤی پیشان دەدات... پاش ئەوە وێنەکێشەکەیش دێت، ئەم کەرەستانە لە شێوەیەکی وادا ڕێک دەخات کە کەسانی تر چاویان پێ بگەشێتەوە مێشکیشیان پێ بحەسێتەوە... لە هونەری چیرۆکیشدا، دووبارە سروشتمان وا دێتە پێش چاو کە هەچی کەرەستەی چیرۆک هەیە دەیخاتە پێش دەم چیرۆک ڕێکخەرەکە: تاسە و تەزوو و ئارەزووە پڕ خرۆشەکان و، ئارەزووە پێچەوانەکان، تاوانەکانی مرۆڤی پێشان دەدات... چیرۆک بێژەکەیش هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ، کە ئەم کەرەستە خاوانە تێکەڵ بەیەکتری بکات و، لە شێوەی مەرگەساتێکی جەرگبڕدا دایبڕێژێ، کە کار لە دڵ و دەروون بکات...

هەروەها لە (دڵداری)یشدا، کە ئەمیش هونەرێکە لە هونەرەکان سروشت کەرەستە خاوەکانی بۆ ئامادە دەکات مرۆڤی بۆ دەکات بەدوو ڕەگەزەوە: یەکێکیان نێر، یەکێکیان مێ. لە هەردوو ڕەگەزەکەیشدا ئارەزوویەکی سروشتی دادەمەزرێنێ بۆ پاراستنی ڕەگەزی مرۆڤ... پاش ئەوە، هەرچی ماوە بەجێی دەهێڵێ بۆ مرۆڤ خۆی، کە بەئارەزووی خۆی ئەم کەرەستە خاوانە قاڵ و پوختە بکات و بیخاتە شێوەیەکی واوە کە لەگەڵ جێگا و کاتدا ڕێک بکەوێ... جا ئەگەر هۆشی مرۆڤ ئەم کارەی نەخستایە سەر شانی خۆی، دڵداریی مرۆڤایەتی هەروەک سەرەتاکەی بریتی دەبوو لە کارێکی لنگبازیی ساکار، بەچەشنی ئەو



دڵدارییەی کە لە ناو سەگەکان یاخود بەرازەکاندا هەیە!... ئەگەر لە دڵداریی ناو گیانلەبەران وردببینەوە و، سەرنجێکیش بدەین لە نامە ڕاست و ڕەوانەکانی دڵداریی مرۆڤ، ئەوسا تێ دەگەین کە لە ناوەند دڵداریی سروشتی و دڵداریی هونەرمەندانەدا چەند جیاوازی هەیە. بەبۆنەی ئەمەوە چیرۆکێکی ناوازە هەیە بام بیگێڕینەوە. دەڵێن: باوکێک چووەتە نووسراوخانەیەکەوە، نووسراوێک بکڕێت بۆ کچەکەی، کە پێی گوتبوو بۆی بکڕێت. کاتێ کە نووسراوەکەی پەرە پەرە تەماشا کرد، لە نووسراوفرۆشە ئافرەتەکەی پرسی: تۆ بڵێی خانم، نووسراوەکە لە بابەت کەینەوبەینەی ڕەگەزبازییەوە نەدوێ؟». ئافرەتەکەیش لە شێوەیەکی وادا وەرامی دایەوە کە دەیویست دڵنیای بکات، گوتی: «نە گەورەم لەو بابەتەوە نادوێ!... نووسراوەکە بریتییە لە چیرۆکێکی دڵداری!...».

## هۆیەکانی دڵداری

جا بۆ ئەمەی لە هونەری دڵداری تێ بگەین، پێویستە لەسەرمان وەرامی چەند پرسێکی سەرەتای بدەینەوە:

(یەکەمیان) ئەوەیە: کە بۆچی مرۆڤ تەنیا یەک کەسی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ و هەموو هۆشێکی خۆی دەخاتە سەر ئەو و لەم ڕووەوە بایەخ بە هیچ کەسێکی تر نادات؟

بۆ ئەم پرسە دوو وەرام هەیە:

(یەکەم)؛ ئێمە لە چەند تاوێکی تایبەتیی ژیانماندا –بەتایبەتی لە دەمی هەرزەکاری و تەمەنی پەنجا ساڵیدا– هەر لە خۆمانەوە، ئامادەی دڵداری دەبین... تەنانەت لاوەکە وای لێ دێ، ئەگەر بێتو کچێکی دەست نەکەوێ خۆشی بوێ و دڵداریی لەگەڵدا بکات لەناو مێشکی خۆیدا ئەو کچە دروست دەکات!. کچەکەیش ئەگەر لاوێکی دەست نەکەوت گرفتاری تیری ئەڤینی ببێ، پاڵەوانەکانی چیرۆکە هەڵبەستەکانی بەدڵدا دەچێ، یاخود حەز لە ئەستێرەکانی سینەما دەکات، یان مامۆستاکانی خوێندنگای خۆش دەوێ!... لەمەیشەوە تێدەگەین، کە هۆی دڵداری «لاوێتی» خۆیەتی کە لە هەموو هۆیەکانی دڵداری بەهێزترە!... چونکە لە تافی کوڕینی دا لەشی مرۆڤ تینووی نیوەکەی تری خۆی دەبێ. جا لاوێتییەکەیش هانی خاوەنەکەی خۆی دەدات کە بکەوێتە داوی خۆشەویستیی یەکەم کەسێکی (پەسند)ەوە کە کارەساتی ڕۆژگار بیخاتە بەردەمی!... هۆیەکی تری دڵدارییش بریتییە لەو «جێگا و ڕێگا»یەی کە ژن و پیاو بۆ یەکەم جار چاویان بە یەکتر دەکەوێ لە ناویاندا... بۆ وێنە ئەوانەی شەرمن، بە «ناچاری» دەکەونە ناو جەربەزەیی دڵدارییەوە،

وەک ئەوەی کە لە ژمارەیەکی گەورەی ئافرەتە فەرەنسییەکان قەوما کە لە دەمی شۆڕشدا خرابوونە بەندیخانەوە. ئەو ئافرەتانە لە پێشدا هەموو ژنی داوێن پاک بوون. بەڵام کە لە بەندیخانەدا چاویان بەپاڵەوانەکانی شۆڕش کەوت، ئامادەییان بۆ دلّداری زیندووبووەوە. کەچی لەوەپێش کوژابووەوە... گەلێک وێنەی جوێ جوێیش هەیە کە ئافرەت کێش دەکات بۆ باوەشی پیاو. وەک ناوبانگی پیاوەکە، یاخود سامانەکەی، یان هێز و دەسەڵاتەکەی، یاخود وێنەکانی تری سەرکەوتن کە پیاوەکە لە شێوەیەکی شەنگوشۆخ و گەشدا دەخەنە پێش چاوی ئافرەتەکە، کە هەموو نەنگی و کەموکووڕییەکی پیاوەکە دادەپۆشێ... گەلێ جاری وایش هەیە کە سەرگرتنی جەربەزەیەکی فڕۆکەوانی لە ئاسماندا، یاخود سەرکەوتنی لاساییکەرەوەیەک لە چیرۆکێکی لاسایی کردنەوە، یاخود هی سینەمادا، یان دەرچوونی وەرزشکارێک لە گرەوێکی وەرزشدا، یاخود دەرکەوتنی هونەرمەندیی وتاربێژێک لە وتارێکی زرنگکاری، یان وێژەییدا... دەبێتە هۆی دەستپێکردنی خۆشەویستییەکی گەرموگوڕ و تەوژمدار کە هەر بەرهەڵستێکی بێتە ڕێ بەسەریدا باز دەدا!...

## خۆشەویستی لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە؟

بەڵام وەرامێکی تر، یاخود لێکدانەوەیێکی تریش هەیە بۆ پێکهاتنی خۆشەویستی... ئەمەیش هەر لە کارەساتی «چارەنووس» دەکات، کە کەس ناتوانێ هۆیەکانی ڕوون بکاتەوە، یاخود تەوژمەکەی بەربەست بکات!... ئەمەیش بەزۆری لەگەڵ ئەو جۆرە خۆشەویستیی گورجوگۆڵەدا ڕێک دەکەوێ کە پێی دەڵێن: «خۆشەویستیی یەکەم چاوپێکەوتن!».

ئەوانەی ئەمە پێشبینییانە، چیرۆکێکی هەڵبەستراوی کۆنی یۆنانی دەهێننەوە بە بەڵگە، کە بەکورتی دەڵێ: لە «سەرەتای دروستکردنی جیهاندا خوداکان مرۆڤیان کردووە بە دوو کەرتەوە. ئیتر لەوساوە هەر کەرتەی بەدوای کەرتەکەی تریدا دەگەڕێ. جا ئەگەر هاتوو ئەو دوو کەرتە لە شوێنێکدا چاویان بەیەکتر کەوت ئەو شەپۆلە بەهێزە توندوتیژەکە پێ دەڵێن «خۆشەویستیی بەکەم چاوپێکەوتن»، یاخود «تیری دلّداری» لەناویاندا دێت و دەچێ... ئیتر دەمودەست هەریەکەیان وا هەست بەخۆی دەکات، کە ئەویتر بەجوانییەکەی خۆی داگیری کردووە، بەشەنگوشۆخی و خوێن گەرمییەکەی و گۆکەی چاوبەستی کردووە و، دلّی سەندووە. ئەو تاوە نازدارەیش کە لەگەڵ ئەودا ڕایدەبوێرێ، وەک خۆی لە بەهەشتدا ببینێ وایە!... بەم ڕەنگە: گرفتاری دلّدارییەکەی ئەو دەبێ و، بەهەموو هەست و



تاسە و تەزوویەکی خۆیەوە هۆگری دەبێ، بێ ئەمەی خۆی پێ بگیرێ... جا لەو کاتەدا کە گرفتاری ئەو دلّدارییە دەبێ، بەلایەوە وایە کە دەنگی دلّدارەکەی هەر لە ساز و ئاواز دەکات، کە گفتوگۆی دلّخوازەکەی بریتییە لە چاوبەستکردنێکی پەسند... ئەو دلّدارییەیش کە بەم ڕەنگە بێ و بەسایەی سەرسووڕمانی هۆش و ئارەزووی لەشەوە پێکهاتبێ، بەخۆشەویستییەکی بێ هاوتا دادەنرێ کە بۆ ژن و پیاوەکە هەردووکیان خۆشییەکی تەواو پێک دەهێنێ. هەروەها خۆشەویستییش لە ناوەند دلّتەنگی و دلّناخۆشیدا ناژی، لەناو دەچێ!... هەندێکی تریش هەن، بەلایانەوە وایە کە ئافرەت لەلای ئەو پیاوە خۆشی لە کامەرانی دەبێنێ کە چست و چالاک بێ و ڕەنج بدات. پیاویش ئەو کەمەرانییەی لەو ژنەوە دەست دەکەوێ کە خاوەنی هەست و تاسە بێ و لەژێر فەرمانی ئەودا بجووڵێتەوە دوور نییە کە زۆربەی ئافرەتانیش بەلایانەوە وابێ کە ئەو مێردە بێ هاوتایەی ئاواتی بۆ دەخوازن و خەوی پێوە دەبینن، ئەو کەسە بێ کە ماوەیان دەدات سواری ملی بن. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەوەیە کە هیچ ئافرەتێک چێشکەی کامەرانیی نەکردووە لەگەڵ پیاوێکی ترسنۆکی بێدەسەڵاتدا. هەروەها هیچ پیاوێکیش کامەرانیی ڕاستەقینەی دەستگیر نەبووە لەگەڵ ژنێکدا کە «نێرەکی» ژیابێ لەگەڵیدا و کەموکووڕییشی هەبووبێ لە ژنێتیدا!. لە ڕاستیدا کەم هەڵدەکەوێ، ڕۆژگار ڕێ بدات بەمرۆڤ کە بەئارەزووی خۆی و سەربەستانە هاوبەشی ژیانی خۆی هەڵببژێرێ. ئەمەیش بۆ ئەو چاکە. چونکە فەرمانداریی ئارەزووی دلّ، لەم ڕووەوە، هەرچەندە بەهەڵەیشدا بچێ، بەڵام ئەنجامەکەی بێوەیترە لە ئەنجامی فەرمانداریی هۆش و زیرەکی!... کەسێکی ژیریش، کە یەکێک دەبینێ و بەدلّیدا دەچێ لەوانە نییە کە لە خۆی بپرسێ: «ئایا ڕێ بدەم بەدلّم ئەم کەسەی خۆش بوێ؟»... چونکە خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەبێ لە دلّەوە بێتەدەرێ، پێش ئەمەی هۆش بیری لێ بکاتەوە. لە دایکبوونی خۆشەویستییش، وەک لە دایکبوونی هەموو گیانلەبەرێک، سەرتاپای کارێکە لە کارەکانی سروشت. هەرچی کاری مرۆڤیشە لەم ڕووەوە، کە خۆمان پێی دەڵێین «هونەری دلّداری» لە دوای ئەوەوە دێ. لێرەیشدا ئێمە وای بەچاک دەزانین کە ئەودەمەی ئەم هەنگاوە دەست پێ دەکات، بەدروستی، دیاریی بکەین. واتا ئەودەمەی کە هونەرمەندەکە دەست دەکات بەداڕشتنی ئەو کەرەستە خاوانەی کە سروشت پێشکەشی کردووە...

## خۆشەویستی چۆن دەست پێ دەکات؟

(ستاندال) لە نووسراوە خۆشەکەیدا کە ناوی ناوە «هونەری خۆشەویستی» دەڵێ: «خۆشەویستی، بەجۆرێکی تێکڕایی ئەو کاتە دەست پێدەکات کە لە ناو دەرووندا «لێک کەوتن»ێک پەیدابێ، بەهۆی کاری ئارەزووی دڵەوە، یاخود بەهۆی پەسندکردن یان ناوبانگەوە. بۆ وێنە ئێمە لە چیرۆکە بەناوبانگەکەی (تۆلستۆی)دا، «ئاناکارنینا» وامان چاوپێدەکەوێ، کە کاتێ پاڵەوانی چیرۆکەکە «ڤیرۆنیسکی» چاوی بە «ئاناکارنینا» دەکەوێ و کاروانی سەر ڕێگای ئاسنەکە بەجێ دەهێڵێ، بەدەم بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە لە خۆی دەپرسێ: «چەند جوانە ئەم ئافرەتە؟ تۆ بڵێی مەبەسی چی بووبێ وا هەر تەماشای دەکردم؟!...».

بەڵام لە چیرۆکە ناسراوەکەی «بلزاک»دا کە ناوی (ئۆجینی گراندێ)یە، ئێمە پاڵەوانی چیرۆکەکە، (شارل)مان وا چاوپێدەکەوێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەکەوێتە ناو ژیانی کچەکەی ئاپۆی خۆیەوە، لە وێنەی پیاوێکی سەرگەردانی دڵشکاودا. ئیتر لەو کاتەوە، کچەکەیش تووشی داوی ئەڤینی ئەو دەبێ و ئەو دڵدارییە بەرنادات تا دەچێتە گۆڕەوە!...

جا ئەگەر ئەو «لێک کەوتنە» کاری خۆی کرد و توانی ڕووی مرۆڤ وەربگێڕێ بۆ سەر ئەو کەسە، «دوورکەوتنەوە»ی کەسەکە دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ گەشەکردنی دڵداری و دامەزراندنی لەناو دڵ و دەرووندا. ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە دەسەڵاتی هەرە گەورەی ئافرەت لەوەدایە کە لە گفتی خۆی دوا بکەوێ، یاخود لە پیاوەکە دووربکەوێتەوە. چونکە چاوێکەوتنی کوڕ و کچێک «کە لە یەککەوتنی»، یاخود گرفتاری یەکتر بووبن، لە سەرەتای دڵداریدا، یارمەتیی ئەوە دەدات کەموکووڕی و شوێنەکانی کزی و بێدەسەڵاتییان دەربکەوێ... کەچی دوورکەوتنەوەیان لەم سەرەتای خۆشەویستییەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەر کەسەیان پڕ بەدڵ ئاوات بخوازێت ئەویتری دەست بکەوێ... تەنانەت هەروەک فریشتەی ناو بەهەشتی دێتە پێش چاو!... (ستاندال)یش بەم هەنگاوەی دڵدارییە دەڵێ: «هەنگاوی بلوورین». چونکە بەلای ئەوەوە لە پارچە تەختەیەک دەکات کە تا ماوەیەک لەناو کانێکی خوێدا دابنرێ. تا بلوورە بریسکەدارەکانی خوێیەکە دایدەپۆشن و دەیخەنە شێوەی بەردە بەنرخەکانەوە، بەخۆیان و پرشنگەکانیانەوە...



## چاوپێکەوتنی دووەم

جا هەر کاتێ ئەم «هەنگاوی بلوورین»ە تەواو بوو، خۆشەویستەکە لەبەرچاوماندا دەبێتە یەکێکی ناسک و ناوازە کە زۆر لە ژوور ڕاستیی خۆیەوە دەوەستێ. لەم ڕووەوە (مارسێل بڕوست) کە وێژەوانێکی پێشینیانە دەڵێ: «هەر کەسێ لە ئێمە دەست بکات بەدڵداری، لە ڕاستیدا کەسێکی ڕاستەقینەی خۆش ناوێ. کەسێکی وای خۆش دەوێ کە نەبووە و، بەڵام لە مێشکی خۆیدا دروستی کردووە. ئەو جوانییەیش کە ئێمە بەلامانەوە وایە خۆشەویستەکەمان هەیەتی، لە ڕاستیدا سەرچاوەکەی چاوەکانی خۆمانن، نەک وێنە و شێوەی ئەو!»...

جا لەپاش ئەمەی ئەم هەنگاوی «دڵداریی بلوورین»ە لە دەمی دووریی خۆشەویستدا تەواو دەبێ، ئیتر وای لێ دێ کە بتوانرێ بیر لە چاوپێکەوتنێکی دووەم بکرێتەوە لەگەڵ دڵخوازدا ئیتر ئەو ترسەیش نامێنێ کە ئەم دووەم چاوپێکەوتنە زیان ببەخشێ بەخۆشەویستییە ساواکەیان... ئەمیش لەبەرئەوەیە، کە لەو دەمەدا تاسە و تەزووەکەمان ئەوە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی کە وێنەی ڕاستەقینەی خۆشەویستەکەمان لەبەرچاو بشارێتەوە و، وایشمان لێ بکات کە هیچ وێنەیەک نەبینین، ئەو وێنە «بلوورین»ە نەبێ کە پرشنگ دەدات لەناو ئەندێشەماندا، ئەو ئەندێشەیەی کە هەر خۆی ئەو وێنە بریسکەدارەی کێشاوە. هەروەها وایشمان لێ دەکات کە گفتوگۆ و قسەکانمان بەرگوێ نەکەوێت کە هۆشێکی پڕوپووچی ناشی پێشان دەدات. هەروەها هیچ خەوش و کەموکووڕییەکی خۆشەویستەکەمان نەیێتە بەرچاو... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە خۆشەویستیی ئەم هەنگاوی دووەمە لە دەروونی خۆمانەوە هەڵدەقوڵێ نەک لە دەرەوە، جا لەم دەمی دووەمەدا دڵداری، بەجۆرێکی تێکڕایی، هەر لە مەیێکی کامەرانی دەکات کە ڕوون و پاک و بێگەرد بێ. ئەوەندە هەیە، ئاگر بەگڕوبڵێسەکەیەوە نامێنێتەوە، هەتا داری نەکەیتە سەر. لێرەیشدا سووتەمەنیی خۆشەویستی بریتییە لە هیوا و تیژکردنی دڵداری، لە هەر جۆرێکدا بێ:- بەتیلایی چاو تەماشاکردن بێ، یان بەدەستگوشین، یاخود بەپێداهەڵدانی خۆشەویست...

## گومان گرفتاری زیندوو دەکاتەوە

جا ئەگەر ئەم کردەوە بزوێنەرانە کەوتنە برەوە و، بۆ یار ئاشکرا بوون، ئەوا لەباتی خۆشەویستیی یەکلایی، خۆشەویستیی بەرامبەری پەیدا دەبێ. ئەوەندە هەیە ئەگەر هاتوو دڵدارەکە لە ئەندازە بەدەر جێی خۆی لە دڵی یارەکەیدا خۆش کرد، دوور نییە کە خۆشەویستییەکەیان بەپێچەوانەی مەبەس دەربچێ، هەر بەجارێک لەناو بچێ!... چونکە لای زۆر کەس خۆرشتی دڵداری بریتییە لە گومانبردن و هەڵگەڕانەوە هەموو دەمی لە ناوەند ڕوو ساردی و گەرمیدا. زۆر جاریش وا ڕێک دەکەوێ، کە ئەم بارە فڕی نییە بەسەر تاسە و تەزووی ڕاستەقینەی دڵدارەکە... بەم ڕەنگە دڵدارەکە دوور نییە جووڵەیەکی یارەکەی خۆی بەسووککردنی خۆی بزانێ. کەچی دوورنییە جووڵەیە بەهۆی شەرمنی یاخود گیان سووکیی یارەکەوە ڕووی دابێ... بەرامبەر ئەم کردەوەیە، ڕەنگە سەرچڵێیی دڵدارەکە، کە هەر لە سەرچڵێیی باڵبازی نهێنی دەکات، بووبێتە هۆی لێکدانەوەی ئەو ئێش و ئازارە کە لە سەرئێشەوە پەیدا دەبێ، کە نیشانەی ڕوودانی کارەساتی ناخۆشە. بێجگە لەمانە گەلێک شتی پڕوپووچی تریش هەن، تێکڕا خۆشەویستەکان زۆربەی بڕیاری خۆیانی لەسەر دەدەن... کە تەماشا دەکەیت تیلایی چاو و، وشەکان شی دەکەنەوە. بۆ نیشانە و بزووتنەوەکان هۆ دەدۆزنەوە. بێجگە لەوە بەهەزار لادا بیریان دەڕوات، هەر بۆ ئەمەی هۆی ئەو ڕوو ساردییە بزانن کە لە یارەکانیانەوە ڕووی داوە. جا هەر چەند ئەو هۆیە بەلای خۆشەویستەکەوە شاراوە بمێنێتەوە – کە لە ڕاستییشدا نە هۆ هەیە و نە ڕوو ساردی – دڵدارەکە زۆرتر بیر لە یارەکەی خۆی دەکاتەوە خۆشەویستیی یارەکەیشی زۆرتر دەچێتە دڵ و هۆشەوە. چونکە هەر خۆشەویستییەک لە گلاراویی دڵەوە پەیدابێ، هەر لەو دڕکە دەکات کە هەرچەند مرۆڤەکە خۆی پێوە خەریک بکات و دەری بهێنێ ئەو زۆرتر بچێتە ناو لەشیەوە!... کەواتە هەڵگەڕانەوە، گڕ دەدا بەئاگری دڵداری... ئەو پیاوەیش کە خۆی دەخاتە بەرچنگی ئافرەتێکی چەواشەکار، هەر لەو پشیلەیە دەکات کە لەگەڵ گلۆڵەمووەیەکدا یاری دەکات، کە لێی دوور دەکەوێتەوە نزیکی دەخاتەوە لە خۆی، کە لێیشی نزیک دەبێتەوە دووری دەخاتەوە لە خۆی!... دواکەوتن بەدوای دووردا و، ڕاکردن لە دەست نزیک، خوویەکی سروشتییە لە مرۆڤدا. لەمەدا ئەویش هەر لە پشیلە دەکات!...

بەڵام وەک دەردەکەوێ، هەرکاتێ ئافرەت ئەم چەکەی لە ئەندازە بەدەر بەکارهێنا لەگەڵ دۆستێکیدا، زۆر جاری وا هەیە ئەنجامی خراپ دەردەچێ و بەمەبەسی خۆی ناگات.



چونکە لەجیاتیی ئەمەی گڕ و بڵێسە بەخۆشەویستییەیان بدات، خۆشەویستییەکەیان لەناو دەبات. (ڕیکامییە) کە خاتوونێکی بەناوبانگ بووە لە دڵداریدا، ئەمەی لێ ڕوودابوو لەگەڵ دۆستەکەیدا (بنیامین کۆنستان)، کە چیرۆک هەڵبەستێکی ناسراو بووە. ئەم دڵدارە بەسەزمانە لە چیرۆکە نەمرەکەی خۆیدا کە ناوی (ئەدۆلف)ە ئەم کارەساتەی بەدرێژی گێڕاوەتەوە، کە لە ڕاستیدا چیرۆکی دڵداری نووسەرەکە خۆیەتی!...

## ئافرەت هێز دەپەرسێ و سامان!

لێرەدا پرسێک دێتە مێشکەوە:

ئەگەر هاتوو پیاوێک حەزی لە ژنێک کرد، بەڵام ژنەکە حەزی لەو نەکرد، ئاخۆ هیچ هۆیەک هەیە دڵی ئەوی پێ نەرم بکرێ؟، وەرامدانەوە بەپێی شوێن و سەردەم دەگۆڕێ:

لە سەردەمە سەرەتاییەکانی کۆندا، پیاو چەکی هێزی لەشی بەکار دەهێنا. کابرا کچەکەی دەفڕاند و دووری دەخستەوە لە ماڵی باوکی. ئەوبێی!... دوورنییە ئەمەیش لەبەرئەوە بێ کە ئەو دڵدارە هەر ئەوی هەڵبژاردووە لەناو کچاندا. کچەکە هەست دەکات کە دۆستەکەی بەم هەڵبژاردنەی سەری بەرزکردۆتەوە. یاخود لەبەرئەوە بێ کە پیاوەکە، تازە بوو بەخاوەن و گەورەی، بەزۆری بازووی خۆی داگیری کرد و ملی پێ کەچ کرد!.

بەم ڕەنگە چەکی هێزی لەش ڕێگایەک بوو بۆ پیاو کە بیگەێنێ بەمەبەسی ڕاهێنانی یاخییەوە بەملکەچییەوە بۆ خۆی. بەڵام ئەمە لە سەردەمەکانی زۆر کۆندا بوو... بەڵام لە سەردەمەکانی دواییدا چەکی گەنج و سامان و هێزی گیانی هاتنە ناوەوە، وەک ناوبانگ و دەسەڵات... لە سەرگوزشتەیەکی یۆنانیدا «جۆپیتەری خودا دەبینین، بەهۆی ئەوەوە یارە خۆشەویستەکەی خۆی، «دانا»ی دەستگیر بووە، کە خۆی گۆڕیوە و بەرگێکی دەوڵەمەندانەی لەبەر کردووە و بەزێڕ یاریی کردووە!...

بەڵام خۆشەویستیی ئافرەتی بەدیلگیراو بۆ گەورەکەی خۆی، لەوانە نییە کە لە خۆبایی بوونی پیاوێکی ئازاد و سەربەرز دابمرکێنێتەوە. چونکە لە ڕاستیدا ئێمە وامان دەوێ کە ئافرەت «ئێمە هەڵبژێرێت»، نەک بەنابەدڵ «لەگەڵمان گوزەران بکات»!... داگیرکردنی ئازاد و سەربەست بێ. لەبەرئەوە کەم هەڵدەکەوێ، خونکار کەنیزەکەکانی خۆی بوێ. واتا ببێتە دڵداریان. چونکە ئەوانە لە بەندیخانەدان، هیچیان بەدەست نییە!...

کەچی پێچەوانەی تەواوی ئەمەیش هەر ڕاستە... چونکە ئەو ژنەی لە هاویندا، هەموو

ڕۆژێ دەچێ بۆ گوێ ئاو، بۆ مەلەکردن، کەم هەڵدەکەوێ بەخۆشەویستیی کەسێک گرفتار بکات، یاخود تاسەی پیاو بەتەواوی ببزوێنێ. ئەمەیش هەر لەبەرئەوەیە کە ژنەکە بەرەڵایە و هەموو کەس تەماشای دەکات کە ئەمەیش لە ئەندازە دەچێتە دەرەوە! بۆچ لەسەرگرتنی دڵداریدا هیچ خۆشییەک دەچێژرێ، کە پەردە لاببرێ و پەرژین هەڵبگیرێ و، هیچ ئابڕوویەکیش بەژنەکەوە نەمێنێ کە چەقی ڕێگای لێ بگرێ؟...

بەڵام کە ژنەکە بەگران دەست بکەوێ، دەبێتە ئامانجێک بۆ پیاوەکە، بەکوڵی دڵەوە ڕاوەدووی دەنێ. بۆ مێنە لاوێکی هەرزەکار کە دڵی دەچێ بەئافرەتێکی لاساییکەرەوەی وادا کە هەر لەسەر تەختی لاساییکردنەوەکە دیویەتی، هەر لەخۆیەوە کردەوە و ڕەوشتی وا یەجگار ناوازەی بۆ دروست دەکات، کە هەر چەند گوێی لە دەنگی بێ و چاوی لە ڕووی بێ، وا دێتە پێش چاو کە ئەو کردەوە و ڕەوشتانەی هەیە. کەچی لە ڕاستیدا هیچ کردەوە و ڕەوشتێکی لەوانەی نییە. کاتێ کە ئافرەتەکە دەبینێ لاساییی یەکێک لە چیرۆکەکانی (دیمۆسێە) یاخود (شکسپیر) دەکاتەوە، بەلایەوە وایە: ئەو کەسەی ئافرەتەکە لاساییی دەکاتەوە، هەرچی چاوبەست و دڵکێشکردنێکی هەبێ لەو ئافرەتەدا کۆبۆتەوە. کوڕەکە ناشی و نەشارەزا دەیێنێتەوە لە کەسایەتیی ڕاستەقینەی لە چرچولۆچەکانی دەموچاوی کە چراخانی بەزمگاکە دەیشارنەوە هەروەها هیچیش نازانێ لە بابەت دڵخراییی ئافرەتەکەوە، یاخود کەشوفش و لەخۆباییی بوونەکەی. ئەمەیش لەبەرئەوەیە کە هێشتا لەگەڵیدا نەژیاوە تا تێی بگات. لەم بابەتەوە، (بایرۆن) دەڵێ:

«ئەوە بۆ تۆ ئاسانترە کە بمریت لەپێناو ئەو ژنەدا کە خۆشت دەوێ، لەوەی کە لەگەڵیدا بژیت!».

هەروەها ئەو کچەیش کە گرفتاری ئەڤینی چیرۆکنووسێک دەبێ، هەرچی کردەوە گەورەکانی پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەی هەیە، لەویدا دەبینێ، بەڵام ئاگای لەوە نییە کە باداری جومگەکانی، لەشی لە کەڵک خستووە، کە ورگی تووشی نەخۆشیی خواردن ساز نەکردن بووە، لە بابەت گێژوویژی و تەمەڵیی ئەو چیرۆکنووسەیشەوە هیچ شتێک نازانێ، نەخوازەڵا سەرگەرمی و تووڕەییییەکەی.

بەکورتی هەرچەند مرۆڤ بەگران دەستگیربێ، ئاسانتر پەسندکردن و بەدڵداچوونی کەسانی تری دەست دەکەوێ.



## هونەری دڵداری

جا ئەگەر وابێ، بەپێی ئەو دەستوورانەی ناومانبردن، ئەمە باشە بۆ دڵدار، کە هەر حەز دەکات بەخۆشەویستراوی بمێنێتەوە خۆی بهێڵێتەوە بەنەناسراوی؟

کەس ناتوانێ ئەمە بڵێ. چونکە مرۆڤی گرفتار بەدڵداری زۆری پێچێ هەست بەئارەزوویەکی بەهێز دەکات لە دڵی خۆیدا، کە خۆیشی خۆش بویسترێ لەلایەن یارەکەیەوە کەواتە دڵدار بەهۆی چییەوە دەگاتە ئەو مەبەس و ئارەزووەی خۆی؟ هەتا سەردەمی کۆن بوو، ئافرەتە جادووگەرەکان هەندێ دەرمانی چاوبەستکردنیان دەدایە، کاری خۆی بەتەواوی دەکرد. هۆنراوەکانی کۆن کە لە بابەت سەردەمی «ئۆڤید» و «تیۆکریتس»ەوە دەدوێن، پەنجە بۆ ئەم دەرمانی جادووە دەکێشن. تەنانەت لەم چەرخەیشدا، لە ژوورە سووک و ڕیسواکانی هەندێ گەڕەکانی شارەکانی [پاریس] و [لەندەن] و [نیویۆرک]دا، هەندێ پیرێژنی گرژ و مۆن دەبینین، کە هیچ ڕۆژێک نییە بەسەدان جار ئەم پرسە پڕ لە سەرگێژی و گلاراوییە، لە دەم لاوەکانەوە نەبیەن: «چی بکەم تا خۆشی بوێم؟» جا لەم ڕووەوە، بەسەرهاتەکانی مرۆڤایەتیی دوورودرێژ هەندێ ڕێگا و هەڵسان و دانیشتن و، خۆنواندن و، فێڵی تایبەتیمان پیشان دەدەن، کە ئێمە بەهەموویان پێکەوە دەڵێین «هونەری دڵداری». هەندێکیان ئەمەندە ساکارن تەنانەت گیانلەبەرانیش بەشیان تێیاندا هەیە هەندێکیشیان گران و پێشکەوتووانەن، تەنیا مێشکی مرۆڤ دایهێناون و پێی لێ بردوون.

ئەمانە گرنگترین ڕێن بۆ [دڵداری]:

### یەکەم: خۆڕازاندنەوە

بەکارهێنانی ڕێگەی خۆڕازاندنەوە، لە هەموو ڕێگاکانی دڵکێشکردن زۆرتر بڵاوبۆتەوە. هەرچی سروشتە، لەم بابەتەوە، پێش ئێمە کەوتووە. تەماشای گوڵەکان بکە. بەهۆی ڕەنگاوڕەنگیی خۆیانەوە پەپوولە و مێش و مەگەز کێش دەکەم، بۆ ئەمەی لە کاتی خۆیدا تۆوی نێرومێ تێکەڵ بەیەک بێ. هەندێ پەپوولە و جڕوجانەوەری تریش هەن بەشەو خۆیان دادەگیرسێنن و ڕووناکی دەدەن، هەر بۆ ئەمەی لە ڕەگەزەکەی تر بگەێنین کە بۆ [دڵداری] ئامادەن!... ئافرەتیش هەروا دەکات. خۆی بەناوازەترین بەرگ و پۆشەیی و گەوهەرەکان دەڕازێنێتەوە بۆ ئەمەی دڵی پیاوی پێ کێش بکا، تا هەڵی بژێرێ بۆ هاوسەریی خۆی... کەواتە خۆ جوانکردن و خۆڕازاندنەوە لە ئافرەتدا ئارەزوویەکی سروشتییە!...

### دووەم: بەربەرەکانی لە سەرکەوتندا

ڕوو وەرگێڕانی ڕەگەزەکەی تر، بەم هۆیەشەوە دەکرێ کە کارێکی وا لە دڵدار بوەشێتەوە، کە کەسانی تر نەتوانن بیکەن دەبینی هەموو دڵدارێک بۆ ئەوە ڕەنج دەدات کە لە هونەرەکەی خۆیدا سەربکەوێ. ئەمەیش لەگەڵێک ڕێوە جێبەجێ دەبێ: هەندێ پەلەوەر هەن خۆیان فڕێ دەدەنە ناو زۆنگەکانەوە و تێیاندا نوقوم دەبن بۆ ئەمەی گیای ئاوی بۆ هاوڕێ مێچکەکانی خۆیان دەربهێنن. کاتێ کە لە [شاتۆبریان]یان پرسی: «بۆچ دەچی بۆ ڕۆژهەڵات؟». وام وەرامدانەوە، گوتی: «مەبەسم ئەوەیە ناو دەربکەم، تا کچان منیان بەدڵدا بچێ!...». کە گەڕایشەوە لە گەشتوگوزارەکەی، کە لەناو خاکەکەی ڕۆژهەڵاتدا کردبووی، هەندێ واتەی دڵداریی نەمری دەستکەوتبوو لە [مادام دی توای]ەوە!...

گەلێک چیرۆکیش کە دانراون هەر بۆ ئەوە بوو کە ئافرەتەکان تاسە و تەزووی دڵی خۆیانی تێدا ببینن، بەو مەبەسەی کە دڵیان ببزوێنرێ. بۆ وێنە چیرۆکی «مێخە زێڕینە» دەهێنینەوە کە لەلایەن نرخ دانەری بەناوبانگ [سانت بیف]ەوە دانراوە.

ئەگەر لەو هۆیانە بکۆڵینەوە کە نیازیان بەخشیوە بەدڵی هونەرمەندە بلیمەتەکانی ساز و ئاواز، کە ساز و ئاوازی ناوازە و تەڕ و تازە دانێن کە هەرگیز لەناو نەچن، لە هەموویاندا بەیەک ئەنجام دەگەین. ئەویش ئەوەتا کە ئەو ساز و ئاوازلێدەرانە، لە ڕاستیدا ویستوویانە، تاسە و تەزووی دڵی خۆیان بگۆڕنەوە سەر شێوەی ساز و ئاواز. هەروەها ویستوویشیانە ئارەزووە پەنگ خواردووەکانی خۆیان دەربڕن! دوایی: ئەو کەسەی یاریی [تەنس] دەکات و خۆی تێدا قاڵ دەکات، هەروەها ئەو ئۆتۆمۆبێل لێخوڕەی کە ئازایەتیی خۆی پێشان دەدات لە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبیلەکەیدا کە بەو تیژییە شێتانەوە لێی دەخوڕێ، لەگەڵ ئەو سەماکەرەی کە هونەرمەندی دەنوێنێ لە دەرخستنی ڕێکوپێکیی بەژن و باڵایدا... ئەوانە هەموویان بەدوای ئامانجێکدا دەگەڕێن: ئەوەیش ئەوەتا کە کچان کردەوە و کار و سەر و شێوەیان پەسند بکەن!...

### سێیەم: ناوبانگی ئەو کەسە لە دڵداریدا

ئەو پیاوەی ناوبانگی بەسوارچاکی دەرکردبێ، ئەویش یەکێک بێ، وەک [دۆن جوان]، کچان حەزی لێ دەکەن. ئەو پیاوە لە ڕاستیدا، دارێک بەدەستییەوە دەگرێ، کە سامناکترین هێزی تێدایە و، بەهۆی ئەویشەوە دەتوانێ کار بکاتە دڵی ئەو کچە داوێن پاکانەی کە بەخۆیان دەنازن واتا ئەوانەی کە زۆر جاری وا هەیە خۆیان دەدەن بەدەستەوە،



لە کاتی بزواندنی ئەو ئارەزووەیاندا کە دڵدارێکی بەناوبانگ بپچڕن بۆ خۆیان و، لەو ئافرەتەی داگیر بکەن کە بەربەرەکانێیان لەگەڵدا دەکات، یاخود دەستە خوشکیان!.

ئەم ئارەزووی سروشتییەیش کە لەناو ئافرەتاندا هەیە، ئارەزوویەکی گرێیاوییە. بەشی زۆری لە لەخۆبایی بوونەوە پەیدا دەبێ. هەندێکیشی لەبەر ڕێزنەگرتنی دڵتەڕیی ئافرەتە ناحەزەکەوەیە، لەگەڵ ئارەزووی بەهێزکردنی باوەڕ بەخۆکردندا لە ڕێگەی دەستکەوتنی سەرکەوتنێکی بەئەرک و ڕەنجەوە!...

دڵداری بەناوبانگی بەدڵدارییەوە دەرچوو و، هەڵدەبژێرێ. بەڵام کە ناوبانگی بەدڵدارییەوە دەرچوو و، بەناو گشت کەسدا بڵاوبووە و، ئەم بارە دەگۆڕێتەوە بارێکی ترەوە. ئیتر لەوە بەولاوە کچان ئەو هەڵدەبژێرن، ژنان خۆیانی تێ هەڵدەسوون.

### چوارەم: خۆ نواندن لە هێز و ساماندا

هەرچی ئافرەتە، هەموو دەم بەئاواتی ئەوەوەیە کە پیاو بیپارێزێ لە دوژمن و پشتیوانیی بکات. لەبەرئەوە ئەو پیاوە هەڵدەبژێرێ بۆ دڵداریی خۆی، کە لە هەموو پیاوێک باشتر بێ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە!.

جا هەرچەندێ ئافرەتەکە کز و بێدەسەڵات بێ، ئەوەندە زۆرتر ئارەزووی ئەو پیاوە دەکات کە لە توانایییدا هەبێ بەهۆی هێز و دەسەڵات، یان بلیمەتی، یاخود سامانی خۆیەوە بەو بپارێزێ و یارمەتییشی بداتێ.

### پێنجەم: چەکی دیاری و پێداهەڵدان

دیاری ناردنیش نرخێکی گەورەی هەیە لە دڵکێشکردنی خۆشەویستەکەدا. ئەم چەکەیش هەموو گیانلەبەرێک شارەزایەتی. هەندێ پەلەوەری گوێ دەریا هەن، هەروەها ئەسپیش، بەردە وردەی ڕەنگاوڕەنگی بریسکەدار، پێشکەش بەدڵخوازەکەی خۆیان دەکەن. چۆلەکەیش لاسکی گوڵی لاولاو و گەڵای دار دەبات بەدیاری بۆ چۆلەکە مێچکەکەی هاوڕێی، بۆ ئەمەی دایان بخات لەناو هێلانەکەی هەردووکیاندا کە پێکەوە تێیدا دەحەوێنەوە. لەبەرئەوە «چۆلەکە بەهەشتیلێ» و ئافرەت هەر لە یەک دەکەن، لەوەدا کە هەردووکیان، لەپاش دەستکەوتنی هاوسەریی خۆیان، بیر لە ڕازاندنەوەی هێلانەکەی خۆیان دەکەنەوە! جا لەبەرئەوە چاکزین دیاری کە دەزگیرانێک پێشکەشی دەزگیرانەکەی خۆی بکات، ئەوەیە کە بابەتێکی جوانی وای بداتێ کە خۆی یاخود ماڵەکەی پێ

برازێنێتەوە!... یاخود بەبۆنەی هەندێ جەژن یاخود بیرەوەریی خۆشەوە چەپکێ گوڵی پێشکەش بکات!.

پێدا هەڵدان بەیاریشدا، لەلایەن دڵدارەکەیەوە، یەکێکە لە شێوەکانی دیاری ناردن. زۆربەی هۆنراوە دڵدارییەکان بریتین لە پێشاندانی کردەوەی شیرین و جوانی و شەنگ و شۆخی و پێداهەڵدانی یار. بەزۆری، هەموو کەس پێداهەڵدانی پێ خۆشە. چونکە هەر کامێکیان بگریت – تەنانەت ئەو کەسانەیش کە زۆر بەخۆیان دەنازن – هەست بەکەموکورییەک دەکات لە خۆیدا، کە دەیەوێ پڕی بکاتەوە و تۆڵەی بۆ بکاتەوە بۆ وێنە ئافرەتی شەنگوشۆخ لە زیرەکیی خۆی دڵنیا نییە. ئافرەتی زیرەکیش پێویستی بەیەکێک هەیە پێ بڵێ جوانیت و، ئەوەیش بچەسپێنێتە دڵیەوە. بەم ڕەنگە هەر کەسێ ئەوەی پێ خۆشە شتی وا بدۆزێتەوە دڵنیای بکات لەوەی کە خاوەنی ئەو کردەوە و ڕەوشتە جوانانەیە کە خۆی بڕوای تەواوی نییە کە ئەوانەی هەبێ. جا لەبەرئەمەیە کە پێداهەڵدان، هەموو کەسێک پێی خۆشە، کارێکی گەورەیش لە دڵی دەکات. چ ژن بێ، چ پیاو لەمەدا یەکە. گەلێک ئافرەتی وا هەبوون، کە بێبەش بوون لە جوانی و لە دڵکێشکردن، کەچی بەدرێژاییی تەمەنیان پیاوان خۆشیان ویستوون، هەر لەبەرئەمەی کە توانیویانە باش بەو پیاوانەدا هەڵبدەن!... گەلێک پیاوی سەر و چاو ناشیرینیش هەبوون، کە ئافرەتان پەرستوویانن، هەر لەبەرئەمەی کە شارەزا بوون لە پێداهەڵدان بەجوانیی ئەو ئافرەتانەدا!... هەروەک دەردەکەوێ، هەموو کەسێک حەز لەوە دەکات کە کردەوە و ڕەوشتە شاراوەکانی کە هێشتا ناوبانگی پێوە دەرنەکردوون یاخود لێی دەرنەکەوتوون، پێیاندا هەڵبدرێ. هەرچی سەرکردەی لەشکرە، ئەوەندەی پێ خۆشە لە بابەت چاوەکانیەوە بروێی کە دڵکێش دەکەن و وەک ئاگر هەڵگیرساون، ئەوەندەی پێ خۆش نییە کە لە بابەت سەرکەوتنەکانیەوە لە جەنگدا پێیدا هەڵبدەیت!...

چیرۆکبێژێکی بەناوبانگیش کەم بەتەنگ ئەوەوە کە پەسندکردنی خۆت بەرامبەر نووسراو و چیرۆکەکانی پیشان بدەیت. کەچی کە لە بابەت زرنگانەوەی دەنگەخۆشەکەیەوە بدوێیت کە چ کارێک لە دڵ، دەمودەست گوێت لێ دەگرێ و، قسەکانت پەسند دەکات و، لە خۆشیاندا گەشکەدار دەبێ!...



**شەشەم: دڵڕاگرتن**

ئافرەت لە دڵکێشکردنی پیاودا دەستێکی هەیە. بۆ ئەمەی ئەمە ڕۆشن بکەینەوە، هەر ئەوەندەی بەسە کە چیرۆکی[مادام دی مانتنون] بگێڕینەوە، کە چۆن توانیویەتی دڵی [لویسی چواردەهەم]، خونکاری فەڕەنسە داگیر بکات، لە کاتێکی وایشدا کە هەر ڕەنجەڕۆییی لێ دەوەشایەوە!... ژنەکە لەودەمەدا لە تەمەنی هەرزەکاری تێپەڕی کردبوو.

تەنیا پەیوەندییەکیشی هەبوو بەخونکارەوە. ئەوەیش ئەوە بوو کە بووبووە دایەنی منداڵەکانی، کە لە دڵخوازە جوانەکەی بووبووی. کە ناوی [مادام دی مونتسبات] بوو. ئەم ژنەیش کارێکی گەورەی کردبوو لە دڵی خونکاردا، دەسەڵاتێکی زۆریشی بەسەریدا هەبوو. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا سەرکەوت کە دڵخوازە جوانەکەی خونکار هەر نەیدەوێرا بەبیریشیدا بێت!... سەرکەوت لەوەدا کە خونکار بخاتە سەر ئەوەی مارەیشی بکات!...

ئاخۆ ڕازی ئەم سەرکەوتنە سەیرەی چی بووبێ؟...

لەپێشدا لە شێوەیەکی وادا خۆی لە خونکار نزیک دەخستەوە کە دۆستی ئاشتییە و، دەیەوێ ناوەند خونکار و دڵخوازە شۆخوشەنگەکەی چاک بکاتەوە. دڵخوازەکەی خونکار سروشتێکی ئاگرینی هەبوو. ناشیبیانە لە هەموو کەسێک کە خونکار بیدیایە دڵی کرمی دەکرد. ئەمەیش بووبووە هۆی ئەوەی کە هەموو دەم ئاژاوە لە ناوەند هەردووکیاندا تازە ببێتەوە. خونکاریش کە دیی لە دایەنەکەدا، کە ناوبژییان دەکات و، ئاشتیمان دەکاتەوە، جۆرە ساکاری و بەسەزمانییەک هەیە، ئەو ئارەزووەی هەیبوو بۆ ژیانێکی بێدەنگ و سەنگ هەروەک هەموو پیاوێک هەیەتی، دامرکایەوە. بەواتایەکی تر ئەو ڕەوشت و خووە جوانەی دایەنەکە هەیبوو بەرامبەری، دڵی خۆش کرد و کاری تێکرد . بەمە [مادام دی مانتون]، جەنگی یەکەمی بردەوە! پاش ئەمەی [مادام دی مانتون] دڵنیابوو لەوەی کە جێگای خۆی کردۆتەوە لە دڵی خونکاردا خووی دایە ئەوەی کە هاوبەشیی پیاوەکەی خۆی بکات لە فرمانەکەیدا، کە زۆر بەتەنگیەوە بوو!... ژنەکە کاروباری هەڵسووڕاندنی خاکەکەیدا گوێی لەو پەیام و بڕیار و نووسینانە دەگرت کە پەیوەندییان بەفەرمانڕەواییەوە هەبوو و، بۆ خونکاریان دەخوێندنەوە. هەروەک شارەزایەکی وریا کە ئاگای لە هەموو شتێک بێت گفتوگۆی لەسەر دەکردن. تەنانەت دەسەڵاتی ژنەکە گەیشتە ئەو ئەندازەیە، کە کاربەدەستەکانی بانگ دەکردە جێگا تایبەتییەکەی خۆی لە کۆشکەکەدا، بۆ ئەمەی گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و ئاراستەیشیان بکات!. ژنەکە لەم ڕێگەیەوە، توانی

بەتەواوەتی دڵی خونکار داگیر بکات. ئەمەیش لەبەرئەوەبوو، کە ژنەکە بەسایەی زیرەکیی خۆیەوە پەیی بەوە دەبرد کە هەر پیاوێ پیاو بێ. لە هەموو شتێ زۆرتر بەتەنگ کار و فرمانەکەی خۆیەوە دەبێ. تەنانەت کار و فرمانەکەی پێش ئەو ژنەیش دەخات کە خۆشی دەوێ!. جا ئەگەر هاتو ژنەکە خەریکی ئەوە بوو لە کار و فرمانی بکات و، ڕووی وەربگێڕێ بۆ خۆی، ئەنجام بەوە دەگات، پیاوەکە کەنەفتی بکات و، بۆ ژنێکی تر بگەڕێت کە بزانێ ڕازی دەسەڵاتداری بەسەر پیاودا لەوە دایە کە بەتەنگ کار و فرمانەکەیەوە بێ!...

**حەوتەم: ساز و ئاواز، وێنە، چیرۆک**

ئەم سێ هونەرە، لە کۆڕی دڵداریدا دەستێکی باڵایان هەیە. زۆ جاری وا هەیە پیاو، ژنێک بەوە کێش دەکات بۆ لای خۆی کە چامەیەک لە هۆنراوەی [بۆدلێر]ی بۆ بخوێنێتەوە، بەهێواشی لەبەر ڕووناکییەکی سووردا. یاخود لە شوێنێکی کشوماتدا کە کەسی تێدا نەبێ، خۆی و ئەو ئافرەتە نەبێ، پارچەیەک لە ساز و ئاوازی [شۆپان]، یاخود [بیتهۆڤن]، یان [فاگنەر]ی بۆ لێ بدات!... لە ڕاڕەو و داڵان و هۆڵەکانی نوێنگای وێنەدا، گەلێک دڵداری دەستی پێکردووە!... ئەو گفتوگۆیەی کە دەپچڕێ لە ناوەند دوو دڵداردا، بەهۆی لە یەک تێنەگەیشتنێکی ناکاوەوە، گەلێک جار بەهۆی چیرۆکێکی ناوازەوە دووبارە دەست پێ دەکرێتەوە. بەم ڕەنگە، گەلێک جار، هونەر و خوێندەواریی دوولای دەبنەوە هۆی نزیکبوونەوەی ئەو دڵانەی کە سازاون لەگەڵ یەکتردا.

هەشتەم: هاوبەشی لە کاروباری زرنگکاری و ئاینیدا

هاوبەشی لە بیروباوەڕی زرنگکاری، یاخود ئاینی، یان نیشتمانیدا، یاخود هاوبەشی لە باوەڕکردن بەهەر نامەیەک بێ لە ژیاندا، هۆیەکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی خۆشەویستی. چونکە هەر کەسێ بەهێز و هەرەتەوە بڕوای بەبیرێک کردبێ و بەگەرمییەوە هۆگری بووبێ، بەگران ئەمەی بۆ دەچێتە سەر کە هەموو دەم بەدڵ کەسێکی تری خۆشبوێ، کە لەو بیرەیدا هیچ هاوبەشییەکی نەکات. بەپێچەوانەی ئەمە، ئەگەر بێتو هاوبەشی لە ناوەند دڵدار و یاردا بێتە بوون، بێ ئەمەی لە هیچ شتێ سڵ بکەن، ئیتر بەجارێک کامەرانی ڕوویان تێ دەکات. ئەمە لەناو ئەو دڵدارانەدا باوە کە هەموویان یەک پیشەیان هەیە. چونکە هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە کە دڵداری و فرمان پێکەوە کۆببنەوە لە ناوەند هەردوولایاندا.



## بەخێوکردنی دڵداری لەپاش پەیدابوونی

کە لە شوێنی مێبازییەوە گواستمانەوە بۆ شوێنی لە دایکبوونی دڵداری، ئەو فرمانەمان دێتە سەرشان کە ئەم کورپەیە بەخێو بکەن و پێی بگەیێنین، تا دەبێتە خاوەن هێز و گوڕی خۆی. ئەم فرمانەیش زۆر گرانە. چونکە ئەندازەی مردن لە دڵداریدا، لەم تافی ساواییەدا یەجگار گەورەیە. جا لەبەرئەوە، پێویستە زۆر بەتەنگ گەورەکردنی ئەو دڵدارییەوە بین، لەپاش هەنگاوی یەکەمی، کە لەودەمەدا هەردوو دڵدار دەوڵەمەندن لە بیرەوەری و گفتوگۆ و قسەی نەستەقدا کە بۆ یەکتریی دەگێڕنەوە، لە ناوەند دەست لە ملکردن و ماچەکانیاندا. جا ئەگەر هاتوو لافاوی گفتوگۆی خۆش نیشتەوە، دڵدارەکان لە کاتی بەیەکگەیشتنیاندا بێدەنگ و سەنگی و ماتی و سەرلێشواوی داگیریان دەکات. جا لێرە دایە کە دڵداریی ساوا تووشی تەنگوچەڵەمەی مردنێکی زوو دەبێ، بێتو ئەگەر خاوەنەکانی زووبەزوو چارەی نەکەن و دەرمانی هێزی نەدەنێ. لەوانە لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە دڵدارەکە بزانێ چۆن «خۆی تازە دەکاتەوە» دەبێ لە هەموو چاوپێکەوتنێکاندا گفتوگۆی خۆش و دڵبزوێن بهێنێتە ناوەوە، کە هەتا درێژەی پێ بدات بەپێزتری لێ بێ. جا لێرەدایە کە جیاوازیی ناوەند دڵدارێکی دڵکێشکەر و دڵدارێکی دڵکێش نەکەر دەردەکەوێ، لە گفتوگۆکەیدا. یەکێکی تریش لەو دەستوورانە ئەوەیە، کە بۆ ئەمەی گەشە بەدڵداری بدرێ، پێویستە یارەکە ڕێگای وا بۆ ئاسان بکرێ کە بتوانێ بێ پەروا هەڵبسێ و دابنیشێ لەگەڵ دڵدارەکەیدا لە کاتی تەنیاییاندا!. چونکە هیچ شتێک لەوە ناخۆشتر نییە بۆ مرۆڤ کە خۆی ناچار ببینێ لە بەردەم خۆشەویستەکەیدا ڕووکەشێکی دروستکراوی وا لە خۆی بدات کە سەر لە پیاو تێک بدا و، هانەی بدات بۆ دەربازبوون، یاخود بۆ خۆدۆزینەوە لەو، یان چاوتێکەوتنی، بەڵام بەڕوویەکی خەمبارەوە!... دوای ئەمەی هونەری ڕێکخستنی بەیەکگەیشتن دێ کە دەبێ لە جێگایەکی پەسند و ناوازەدا بێ... دڵداری شارەزا ئەو کەسەیە کە بزانێ خۆشەویستەکەی چ کاتێ شوێنی چۆڵوهۆڵی پێ خۆشە، چ کاتێکیش شوێنی بەزموڕەزمی پڕ لە دەنگەدەنگ پەسند دەکات!... کەی دەیەوێ بچێتە گەشت لەبەر تیشکی مانگەشەودا و چ کاتێکیش ئارەزووی بینینی چیرۆکێکی لاسالیی پێکەنینهێنەر، یاخود مەرگەساتێکی توندوتیژ دەکات!. ئافرەتیش لە پیاو باشتر لەم شتانە تێ دەکات. لەبەرئەوە پێویستە پیاو هەڵبژاردنی جێ بەزمەکان و جێی لاسایی کردنەوەکانی دەمی دڵدارییان بۆ ژن بەڕەڵڵا بکات.

چوارەم دەستووریش ئەوەیە: کە دڵدار زاڵ بێ بەسەر دەمارە مێشکییەکانی خۆیدا، لە کاتی تەنگوچەڵەمەکانی دڵداریدا. جا لێرەدا، وا باشە بۆ پیاو کە دڵنیا بێ لەم ڕاستییە کە ئافرەت زۆرتر خاوەنی هەست و تاسە و تەزووە. دەمەقاڵێ و قسەی خۆشی ئەمەندە کاری تێ ناکات، کە ڕووخۆشی و قسەی شیرین و ئارامگرتن و بێدەنگی کاری لێ دەکات. زۆربەی ژیانی خۆی بەدیلییەوە ڕادەبوێرێ لەژێر چنگی دەمارە مێشکییەکانیدا. جا لەبەرئەوە، شەپۆڵەکانی دەروونیشی هەر لە شەپۆلەکانی زرێ گەورەکان دەکات. جا لەبەرئەوە، پیاو یاخود مێردی تێگەیشتوو ئەو کەسەیە کە وریای دەمارە مێشکییەکانی خۆی دەبێ و، ڕێیان پێ نادات لە ئەندازەی خۆیان دەربچن. تەنانەت دەبێ وەک زرێوان بێ، کە ڕووی کەشتییەکەی دەکاتە گێژەڵووکە... پەردەی کەشتییەکە خاو دەکاتەوە و، بەهیوایەکەوە چاوەڕوانی دەکات، تا گێژەڵووکەکە دەبڕێتەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، خۆشەویستیی زریی هەر لە دڵدا دەمێنێ!... زریی هەر خۆش دەوێ!

## هونەری خۆپاراستن لە تووڕەیی یار

لێرەدا چەند دەستوورێک هەیە، لەم هومەرەدا، کە بەکەڵکی هەردوو ڕەگەزەکە دێ.

[یەکەمیان]: ئەوەیە کە بەتەنیا پێکەوە دەبن، ڕووخۆشی و قسە شیرینییەکی تەواو بۆ یەکتری پیشان بدەن لێرەیشدا هەروەک چاوپێکەوتنەکەی یەکەمیان وایە!...

[دووەمیان]: ئەوەیە کە گیانی بەزمخوازیی خۆیان لە هەموو شوێن و کاتێکدا دەربخەن. دەبێ لەو دەمەقاڵێیانەیشدا کە بەدڵشکاوییەوە دەیکەن بیرەوەریی پێشوو نەهێننەوە پێشەوە.

[سێیەمیشیان]: ئەوەیە کە دڵ کرمێ کردن لە یەکتری، بخەنە سنوورێکی یەجگار تەنگ و تەسکەوە. خۆیشیان بپارێزن لەوەی کە دڵ کرمێیی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەروەها خۆیشیان بپارێزن لەوەی کە لەگەڵ یەکترا ئاش و ماش بکەن، یاخود بایەخ بەیەکتر نەدەن.

[دەستووری چوارەم]یش: ئەوەیە کە ژن و مێردەکە ناوبەناو - بام بڵێین هەر ساڵە جارێک - چەند ڕۆژێک لە یەکتر جوێ بن. ئەمیش بۆ ئەوەیە کە دڵدارییان بژێتەوە و سەرلەنوێ، گڕی ئاگرەکەی بڵێسە بسێنێتەوە.

[دەستوری پێنجەم]یش: ئەوەیە کە هەر لەخۆیانەوە، ناوبەناو، نامە بۆ یەکتر بنێرن.



چونکە وشەی نووسراو، بەجۆرێکی تێکڕایی، لە وشەی گوتراو ناسکتر و شیرینترە. جا لەبەرئەوەیە کە ئەوە هەست و تاسە دەبزوێنێ و تازەیان دەکاتەوە.

دوایی، لەسەر مێردی تێگەیشتوو پێویستە، کە هەموو دەم لە پێشاندانی خۆشەویستیی خۆی نەکەوێ لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا. دەبێ خۆشەویستییەکەیشی لە شێوەیەکی پڕ هەست و تاسە و تەزوودابێ پێش ئەمەی ببێتە ژنی چیی لەگەڵ کردووە، دەبێ ئێستەیش هەروا لەگەڵیدا بجووڵێتەوە. ئەگینا لە گیانی خۆی وەڕس دەبێ و، پاشەجاریش ئارەزووی یەکێکی وا دەکات کە واژەی دڵداریی گەرموگوڕی لێ ببێی ئەو قسانەی کە لە سەرەتای دڵدارییدا پێوەی ڕاهاتبوو!. کەواتە ئۆباڵتان بەئەستۆی خۆتان. پاشەجار پەشیمان دەبنەوە!...

(ئەم بابەتە لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»دا بڵاوکراوەتەوە. ژ (١٠٠)ی کانوونی یەک ١٩٨٣ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی - بەغدا).

١٩٦٧/٣/٤

# هونەری ژیانی ژن و مێردی

نووسەری: ئەندرێ مۆڕوا

هونەری دڵداری بریتییە لەو هونەرەی کە ئارەزوویەکی سەرپێیی دەگۆڕێ و دەیکاتە تاسەیەکی بایەخدار... جا لەو کاتەدا کە مرۆڤەکە خەریکی بەکارهێنانی ئەم ئارەزووە دەبێ، یاسا یەخەی دەگرێ و پێی دەڵێ: (بوەستە لە جێی خۆت! تۆ هەتا بەپێی یاسای ئاینی پەیماننامەیەک نەبەستییت لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا کە بەدڵتدا چووە، تا پێوەی نەبەسترێیتەوە و، ژیانی خۆی و ئەو منداڵانەیش کە لە تۆ و ئەو ئافرەتە لە دایک دەبن، لە ئەستۆی تۆ بێ، ناتوانیت ئارەزووی سروشتی خۆت دامرکێنیتەوە!...).

جا ئەم پەیوەندییە، ڕەنگە بەگران هەڵبوەشێتەوە، ڕەنگیشە بەئاسان. ئەمەیش بەپێی جۆری سەردەم و ڕەوشت و خووی با و ئاینە جوێ جوێکان دەگۆڕێ. هەرچی موسڵمانە دەتوانێ سوێندێکی تایبەتی بخوات. واتا چەند وشەیەکی دیاریکراوی ساکار لە دەمی بێتە دەرەوە و، ژنەکەی خۆی بەرەڵڵا بکات... کەچی گاووری کاتۆلیک، ناتوانێ ژنەکەی ئازاد بکات، تا کڵێسا بڕیاری ئەوەی بۆ نەدات کە ژن و مێردییەکەیان هەڵبوەشێتەوە. ئەمەش کارێکە، زۆر کەم سەر دەگرێ، تەنانەت لە بەشی زۆریدا هەر سەر ناگرێ!...

جا لە ناوەند ئەم دوو ئاینە جیاوازەدا، گەلێک ئاین و تیرەی ئاین هەن، کە بڕیارەکانیان مام ناوەندین. لە هەندێ جێگای کەم و دیاردیکراودا، ڕێی بەرەڵڵاکردنی ژن دەدەن، کە بەستراون بەمەرجی تایبەتییەوە...

هەندێ جاریش ئاین پەیوەندی یاسایی مارەکردن بەهێز و هەڕەتەوە پشت دەگرێ. بەڵام یەکێک لە ژن و مێردەکە بەدزییەوە ئەو پەیوەندییە دەشکێنێ. بۆی هەیە نەهێڵێ هاوسەرەکەی بەو کەتنە بزانێ. بۆیشی هەیە هاوسەرەکەیشی بەکەتنەکە بزانێ و پەسندیشی بکات، یاخود چاوی لێ بپۆشێ!... هەندێ جاریش وەک لە ئەمەریکادا باوە - بەئاسانی ئەم پەیوەندییە ئاینییە دەپچڕێنێ. ئەویش بەهۆی چەند کارێکی ساکاری دیاردیکراوەوە پێک دێ، کە دەبێ لەپێشدا جێبەجێ بکرێن... سا ئایا بەرەڵڵاکردن بەئاسانی پێک بێ یان بەرهەڵستی گەورە و بەهێزی لە بەردەمدا بێ، هەرچی ژن مارەکردنە لە ڕێی خۆیەوە دەڕوات و، ڕۆیوە و، لەمەودوایشیش لە هەموو لایەکی جیهاندا دەڕوات. بەلای منیشەوە وایە کە ڕێگای ڕاست ئەمەیە. ئەمەیش لەمەودوا ڕوون



دەکەمەوە. بەڵام بام ئێستا بەدوژمنانی ژن مارەکردن ڕێ بدەین، بیروباوەڕی خۆیان لەم ڕووەوە دەرببڕن.

## دۆن جوان و ژنهێنان

یەکەم پلارێکی گرنگ و بەدڵ کە لە ژن مارەکردن گیراوە، ئەوەیە کە بوێژی ئینگلیز (شیللی) دەریبڕیوە کە دەڵێ: (ئەگەر بێتو دڵداری پێوەند بکرێ، ناژی، دەمرێ... لە ڕاستییشدا پاڵ پێوەنەرەکانی سۆز و تاسە، یاخود هۆیەکانیان، یان هاندەرکانیان، لە سروشتیاندا نییە کە دوای یاسایەک بکەون. کەوایە هیچ یاسایەکیش ناتوانێ زاڵ ببێ بەسەریاندا)... دوژمنانی ژن مارەکردنیش، ئەم پەیوەندییە ئاینییە کە دانراوە بۆ دڵداری و، بەسروشت پێچەوانەی ئەوە وای لێک دەدەنەوە کە: (بۆ ژنان هەر وا چاکترە، کە هەمووەدەم، بەدرێژایی تەمەنیان ئەو پیاوە لەخۆباییبوانە بکەن بەدیلی خۆیان. چونکە گرفتاری ئەڤینیان بوون!)... خۆ ئەمەیش دووبارەکردنەوەی پێ ناوێ، کە هەر کەسێ دوژمنی ژنهێنان بێ لە پیاوانە!...

(بەرناردشۆ)یش لە نووسراوەکەیدا کە ناوی (مرۆڤ و مرۆڤی هەرە پایە بەرز)ە، لەسەر زمانی پاڵەوانی چیرۆکەکەی خۆی تیز بەژنهێنان دەکات دەڵێ: (کاتێ کە لەسەر زەوی بووم و ئەم قسانەم دەدا بەگوێی ئافرەتەکاندا، کە کۆمەڵایەتی بەقسەی بەدخواوانی دادەنێ، خۆ هەر ئەم قسانەیش بوو کە ئەم ناوبانگەی بۆ پەیدا کردم لە جیهاندا، هەر ئەمانەیش بوو کە منیان کرد بەپاڵەوانێک لە پاڵەوانەکانی چیرۆکە هەڵبەستراوەکان، هەموو ئافرەتێکیان داخوازییەکانی منیان پەسند دەکرد و لەسەری ڕێدەکەوتن، بەمەرجێ ئەو داخوازییانە پێچەوانەی سەربەرزی نەبن! ئنجا کە لە ژنەکە دەپرسم مەبەسی چییە؟. وەرامم دەداتەوە دەڵێ: (ئەم شتانەم لێت دەوێ:

(یەکەم): بەتەنگ ئەوەوە بم کە هەمووەدەم ژنەکەم لەگەڵمدا بێ کە ڕاوێژی پێ بکەم. ئەوەیشی بۆ جێبەجێ بکەم کە هەتا لە ژیاندا بم قسەی لەگەڵدا بکەم، کە خۆیشم بدەمە بەر سزادان، ئەگەر بەدرێژایی تەمەنی خۆم گرفتاری ئەو هاودەمی و ڕاوێژکردن و گفتوگۆکردنە نەبووم!

(دووەم): هەر لەبەر دڵی ئەو، تا دەمێنم لە جیهاندا، هەرچی ژنی سەرزەوی هەیە پشتیان تێ بکەم!... منیش بەرپەچی ئەم مەرجانەم لەبەرئەوە دایەوە، کە زۆرداریبیان زۆر تێدایە و، پێچەوانەی گیانی مرۆڤایەتین!... لەبەرئەوەیش بەرپەچم دانەوە، کە هەر لە

بنچینەدا ناپەسندن و دوورن لە هۆشەوە! منیش ڕاستە و ڕاست پێم گوت:

(یەکەم): ئەگەر کەسایەتیی ئافرەتەکە و زیرەکییەکەی وەک کەسایەتی و زیرەکیی من نەبن، یاخود لە هینەکانی من باشتر نەبن، گفتوگۆکانی ژنەکە بارستایی هۆشی من دەهێنێتە خوارەوە.

ئامۆژگارییەکەیشی بەرێی خراپمدا دەبات و، تووشی هەڵەم دەکات. هاودەمییە هەموودەمییەکەیشی وام لێ دەکات کە لە گیانی خۆم وەڕس ببم... جا منێک کە ناتوانم هەست و تاسەی خۆم تا حەفتەیەک وەک خۆی بهێڵمەوە، ئەی چۆن دەتوانم ئەو هەست و تاسەیە تا دوایی ژیانم بۆ کەسێکی تر وەک خۆی بهێڵمەوە؟

(دووەم): ئەگەر من لەسەر ئەو بیرە بڕۆم کە تا دوایی ژیانم لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی تردا ئاشنایەتی پەیدا نەکەم، بێ گومان لە ڕێی ڕاست لادەدەم و ئاسۆی دڵ و هۆشیشم تەنگ دەبێتەوە خۆ ئەگەر بەقسەیشم نەکرد، تووشی ئەو بەدناوییەم دەکات، کە پێی دەڵێن (ناپاکی لە ژیانی ژن و مێردی)!. دوایی ئەو پێشنیازەی کە خستوومەتە بەردەم ئەم ئافرەت یاخود ئەو ئافرەتەوە، هیچ فرێکی بەسەر ئەمانەوە نییە. ئەوە هەر ئەنجامێکی سروشتییە کە لە ئارەزوویەکی سروشتی لەشەوە پەیدا دەبێ. یەجگار ساکاریشە. ئەویش ئەوەتا: کە پیاوێتی من ئارەزووی لەشی ئافرەتانەی ئەو دەکات!)...

ئەم بەرپەچدانەوەی یەکەمەیش بەکورتی ئەمەیە کە یاسای ژن مارەکردن ئارامگرتن و وەک خۆمانەوە بەسەر شتێکدا دەچەسپێنێ، کە خۆی لە خۆیدا ئارامگرتن و وەک خۆمانەوەی لێ ناوەشێتەوە... هەروەها لە شتێکی وایش (لە برەودابوون) داوا دەکات، کە لە توانایییدا نییە هەرگیز لە برەودا بێ و لەسەر یەک شێوە بڕوات... هەموو لایەکیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە خۆشەویستی ڕەگەز، ئارەزوویەکی سروشتییە، هەر لە برسێتی و تینوێتی دەکات... بەڵام لە برەودابوونی دڵداری، کارێکی ئارەزوویی نییە... جا کە هاتوو دڵداریی ڕەگەز پێویستی بەگۆڕان بوو، ئیتر ئەم یاسایەی بۆچییە کە لەسەر ئەوە بەندە پیاوێک بەڵێن بدات بەئافرەتێک کە هەتا دەمرێ خۆشی بوێ و دڵخوازی بێ؟!....



## ژن مارەکردن ئازایەتی کز دەکات

پلاری دووەمیش کە دەگیرێتە ژنهێنان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی کزبوونی ئازایەتی مرۆڤ و چالاکی هۆشی. (رومان رولون) لەم بابەتەوە دەڵێ: (پیاوی خاوەن ژن هەر نیوە پیاوێکە!...). (ڕوودیارد کەپلنگ)یش کە لە بابەت ژیانی (کابتن جادسی)یەوە دەدوێ، دەڵێ: (ئەم پیاوە ئەفسەرێک بوو. لە جەنگیشدا یەجگار ئازا بوو. بەڵام کە ژنی هێنا، بووە مێردێکی سەرکەوتوو و، ئەفسەرێکی ناتەواو و دواکەوتوو، ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە زۆر بەتەنگی ئەوەوە بوو نەکوژرێ، نەوەک ژن و کوڕەکەی بکەونە تەنگانەوە. لەبەرئەوە لە شەڕدا وەک پێشوو ئازایەتی نەدەنوواند!...

زرنگکارە گەورەکەی فەرەنسەیش، (بریان)، بڕوای وا بوو کە دەبێ پیاوی زرنگکار ژن نەهێنێ. سەیری کەچی دەڵێ: (بام لە ڕاستییەکان ورد ببینەوە و، ڕووبەڕوویشیان بووەستین... بەدرێژایی خەباتە سەختەکانم کە لە پێناو دوارۆژی خۆمدا دەمکرد، توانیم لەسەرخۆیی خۆم و ڕۆشنایی مێشکم بپارێزم. هۆی ئەمەیش ئەوە بوو کە لەپاش ڕۆژگارێکی پڕ ئەرک و ئازار دەمتوانی بەئارەزووی دڵی خۆم بحەسێمەوە و، سرەوت بەخۆم بدەم، لە ئێواراندا ئەو ژنە دڵ پڕ لە ئاواتە بەربەرەکانێکەرم نەبوو، کە هەموودەم سەرکەوتنی هاوڕێکانم بیر بخاتەوە و، ئەو توانج و پلارانەیشم بۆ بگێڕێتەوە کە تێم دەگیرێن!... هێز و هەڕەتی ئەو کەسانەم هەبوو کە بەتەنیا دەژین!... لە ڕاستیدا ژیانی ژن و مێردی، پیاو وا لێ دەکات کە زوو پەکی بکەوێ و لە کەڵک بکەوێ. کەشتیی ژیانی مرۆڤەکەیش تووشی گەلێک مەترسی و تەنگوچەڵەمە دەکات. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە پێوانەی پەردەی کەشتییەکەی گەورەتر لێ دەکات، کە ئەویش تووشی گەلێک گێژەڵووکەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ!...).

## ئایا ئاینەکان بێ ژنییان پێ چاکترە؟

کە ناحەزەکانی ژنهێنان لە چەسپاندنی ئەم بەرپەرچدانەوەی دووەمە دەبنەوە، دەچنە سەر بڕیاردانی قسەئارایی و بەڵگەکان... لەم ڕووەوە دەڵێن: (بۆچ کڵێسای کاتۆلیکی خۆیشی کە ژنهێنان بەباشتر دەزانێ لە ژن نەهێنان، پێی لەوە نەناوە کە بێ ژنی بۆ سەربەرزی و بەسامی پیاو پەسندترە، بۆیەکا ئەوەی بەسەر کەشیشەکان و پیاوە خوداناسەکانی خۆیدا سەپاندووە؟... ئەی هەموو جارێکیش بەبۆنەی شتێکەوە ئەم قسەیە دووبارە ناکاتەوە کە

ڕاستیپەرستی خاوەن ژن لە هەموو کەسێک زۆرتر بەر تیز و گاڵتە پێکردن دەکەوێ؟... چونکە ڕاستیپەرستەکە ئەگەر بشتوانێ خۆی ڕزگار بکات لە دەست کزی و بێ دەسەڵاتی خۆی، هەرگیز ئەوەی بۆ ناچێتە سەر کە ژنەکەی لە کزی خۆی ڕزگار بکات ژنیش هەموودەم، لەڕووی کاریگەری گیانییەوە لە مێردەکەی بەهێزترە بێجگە لەوە بارستایی هۆشیش لە ژیانی ژن و مێردیدا، بەجۆرێکی تێکڕایی دەچێتەوە سەر بارستایی ئەو کەسەیان کە لەویتر کزترە....

پلاری چوارەمیش کە دوژمنەکانی ژنهێنان دەیگرنە ژیانی ژن و مێردی ئەوەیە کە کاتێ کوڕ و کچێک دەبنە ژن و مێردی یەکتری، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەئارەزووی دڵی خۆیان لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە ژیانی پڕ تاسە و تەزوو و جەربەزەیی و، جادووی خۆناسینی هەمووده‌می بەکەسانی تازە لە ڕەگەزەکەی تر و، ئەو گەشانەوە و دڵ تازەبوونەوەی کە هەموودەمێ لە دڵداری تازەوە پەیدا دەبێ، واز لێ بهێنن... کاتێ کە وازیشتان لەو هەموو بابەتانە هێنا، ئیتر واز لە سەرچاوە گەورەکەی چالاکی دەروون و هەستیش دەهێنن. ئەمەیش واتای ئەوەیە کە بڕیار دەدەن بەسەر خۆیاندا: تا هەن بەماتی و گێژوویژی بمێننەوە، کە هێشتا زووە بۆ تەمەنی ئەوان بەم ڕەنگە دوایی بەژیانی خۆیان دەهێنن، کە هێشتا بەتەواوی دەستی پێ نەکردووە هەر ژیانێکیش لەسەر بنچینەی فرمان و لێپرسینەوە دامەزرا بێ، بێزاری و وەڕسبوونەکەی بەهیچ شتێک چارە ناکرێ... چونکە خۆشەویستی ناوەند ژن و مێردەکە زۆری پێ ناچێ، گرانی ئەرک و ئازاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ بۆژوێ دەکات و گەردی لێ دەنیشێنێ، ژن و مێردەکەیش وایان لێ دێ دەگەنە تەمەنێکی هەرە ڕیسوا و ناخۆش، بێ ئەمەی خۆشییان لە ژیانی لاوێتی چێشتبێ کە پڕە لە بەزموڕەزم و کامەرانی بەسایەی دڵداریی بەهێزەوە، کە هەر لە دەست ئەم دێ ئەو خۆشییانە پێک بهێنێ... بەڵام ژنهێنان ئەم دڵدارییە لەناو دەبات....

## لەسەرکردنەوەی پشتیوانەکانی ژنهێنان

ئەوانە بەڵگەی دەستی دوژمنەکانی ژنهێنان بوون، کە هەتا ئەندازەیەک زۆر بەهێزن... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا یاسای ژنهێنان کە هاودەمی گەلێک ئاژاوە و پشێوی و هەڵگەڕانەوەکانی ناو زرنگکاری و ئاین و ئابووری بووە لەو هەزاران ساڵانەی ڕابردووەدا نەژاکاوە، لەناو نەچووە، کز نەبووە، بەپێچەوانەوە هەتا هاتووە بەهێزتری لێهاتووە... جا بام خەریکی ئەوە بین لەو هۆیە قووڵە کۆمەڵایەتییانە تێبگەین کە برەویان بەو یاسایە داوە



و بنجیشیان پێ داکوتاوە... هەرچی مرۆڤە لە سروشتی خۆیدا خۆپەرستە. ئەمەیش بەتاوان دانانرێ. لە ڕاستیدا ئەگەر سروشتی مرۆڤ وا نەبێ، خۆی بۆ ناژیێنرێ و، بەسەر هۆیەکانی مەرگیشدا زاڵ نابێ... مرۆڤ لە کانگای لەشیدا ئارەزووی خۆپاراستنی هەیە، کە هەروەک (سپینۆزا) دەڵێ پاڵی پێوەدەنێ، خەبات بکات بۆ دەستکەوتنی دڵنیایی لە بێوەیی کە بەسەریدا نەبێ و بۆ پەیداکردنی خواردەمەنی و جێی سرەوت، تەنانەت ئەگەر لە براکانی خۆیشی بپچڕێ... جا ئەگەر مرۆڤ هەر ئەم ئارەزووەی هەبووایە، هەرگیز پێی نەدەکرا کۆمەڵایەتییەکی مرۆڤانە پێک بهێنێ و بیپارێزێ. خۆپەرستییەکەیان دەبوو بەهۆی ئەوەی ببنە دڕندە و یەکتری بخۆن... جا لەبەر ئەمەیە کە ئارەزووەکانی تریش پەیدابوون لە دڵی مرۆڤدا، کە لە هێز و هەڕەتدا هەر لە ئارەزووی خۆپاراستن دەکەن، ئەمانەیش بۆ ئەمە دانراون کە چالاکی و خەبات و بیری مرۆڤ خەریک بکەن بەخۆیانەوە... لەم ئارەزووانەیشدا، لە هەموویان گرنگتر، کە دەچنە جەنگەوە بەرامبەر ئارەزووی ڕەگەزی مرۆڤ پاراستن، دوو ئارەزوو هەیە: یەکێکیان ئارەزووی (ڕەگەزبازی)یە... ئەویتریشیان ئارەزووی (دایکێتی)یە... جا هەر لەبەرئەمەیشە کە گیانلەبەرە دڕندەکان دەبینین، لە کاتی دڵداری و دایکێتیدا، دڕندەییەکەی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و، دەست دەکەن بەلاواندنەوەی مێچکەکانیان و خوتوکەدانی بچکۆلەکانیان... بەم ڕەنگە، لە ڕێگەی دروستکردنی خێزانەوە، یاخود دروستکردنی شانە بچکۆلەکانی لەشی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤایەتی لەناو دەستەی مرۆڤدا، سەرکەوت بەسەر خۆپەرستیی سروشتیدا... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە لەناو خێزاندا، خۆبەختکردن دەبێتە کارێکی ئاسایی و سروشتی، کە شان بەشانی ئارەزووی ڕەگەزبازی و دایکێتی دەڕوات. ئەمەیش دەمانخاتەوە سەر بەڵگەی یەکەمی پشتیوانەکانی ژنهێنان. چونکە مرۆڤ چۆن پێی دەکرێ کولانەیەکی کۆمەڵایەتی هەموودەمی دروست بکات، لەسەر بنچینەی ڕەگەزبازی، کە ئەم ئارەزووە خۆی، دەم دەمی بێ و هەردەمە ڕوو بکاتە کەسێک؟... چۆن پیاو دەتوانێ ماڵێک دابمەزرێنێ، کە هەردەمە، بەئارەزووی خۆی ژنەکەی بگۆڕێ؟ هەروەها چۆن ئافرەتێکیش پێی دەکرێ خێزانێک دابمەزرێنێ کە بریتی بێ لە باوک و دایک و چەند منداڵێک، کە هەردەمە بەئارەزووی خۆی مێردەکەی خۆی بگۆڕێ؟...

جا لەبەرئەمە ژنهێنان داهاتووە. واتا ئەو پەیوەندییە دامەزرێنراوە لە ناوەند ژن و پیاودا، کە هەرگیز نەپچڕێ، کە ژنەکە بپارێزرێ لە پیاوانی تر، کە منداڵەکانی هەردووکیان بپارێزرێن لە کارەساتی ڕۆژگار.

## گرفتاری ئەڤین لە مێرد کامەرانتر نییە؟

جا لێرەدا (دۆن جوان) کە نوێنەری ئەو کەسانەیە کە ژنهێنانیان لا ناپەسندە، ڕاست دەبێتەوە و دەڵێ: (من بایەخ نادەم بەشانەی کۆمەڵایەتی، یاخود بەپاراستنی ڕەسەن. ژیان لای من بریتییە لە تازەکردنەوەیەکی هەمووددەمی ئارەزوو و خۆش ڕابواردن، بێ ئەمەی هیچ بەرهەڵستێک پەیدا ببێ؟؟) بەڵام ئەوە ڕاستە کە پیاو سەربەست بوو لە گۆڕینی دڵدارەکەیدا لە هەردەمێکدا بیەوێ، کامەران دەبێ؟... ئەی ئەوەیش ڕاستە کە هەردوو دڵدارەکە کە هێشتا یەکتریان مارە نەکردووە، ئەو خۆشییەی لە سەربەستیی دەبینن، لە خۆشی بینین، لە سەربەستی ژن و مێردی زۆرترە؟.

لە ڕاستیدا ئەو دڵدارییەی لە ناوەند کوڕ و کچێکی وا دایە کە هێشتا نەبوون بەژن و مێردی یەکتر، لە ژنهێنانەکە خۆی پێوەندی کەمتر نییە چونکە ئەو گیروگرفتانەی کە ژیانی ژن و مێردی تێکدەدەن و ناسازی دەکەن، وەک شەڕە دەم و، بەربەرەکانێکردن و وەڕسبوون و لەیەک نەچوونی چێژکەکان، لە هەموو پەیوەندییەکدا هەن کە لە ناوەند پیاو و ژندا بن. سا ئایا پەیوەندییەکە لەگەڵ ئایندا ڕێک بکەوێ، یاخود ڕێک نەکەوێ جیاوازی نییە... دڵداریی سەربەستیش، لە ڕاستیدا سەربەست نییە!... جا ئەگەر دەتەوێ وێنەیەک لە وەت بۆ بهێنمەوە، ئەوا چیرۆکی دڵداری ساز و ئاوازلێدەر (لیست) و (مادام داجوول) بخوێنەرەوە،... یاخود لە چیرۆکی (ئانا کارنینا)دا ئەو بەشە بخوێنەرەوە کە لە بابەت ڕەدووکەوتنی (ئانا)وە دەدوێ بەدوای (فیرۆنیسکی)دا. کە تەماشا دەکەیت (فیرۆنیسکی) بەدەست دڵ کرمێیی دڵخوازەکەیەوە و، ترسی ئەوەی کە دۆستەکەی لە دەست بچێ، زۆرتر دڵی تەنگ دەبێ لەو مێردەی کە بەدەست ژنەکەیەوە دەتلێتەوە!...

مارەکردن پەیوەندییەکە کەڵکی هەردوو لای تێدایە:

بەڵگەی دووەمی پشتیوانەکانی ژنهێنان ئەوەیە کە هیچ دڵدارییەک بێ تێکچوون و شەڕوشۆڕ نابێ، لە ناوەند هەردوو دڵداردا. ئەمەیش جار بەجارێ دەقەومێ... جا ئەگەر پەیوەندییەکی پیرۆز نەبێ لە ناوەند پیاو و ژنەکەدا کە هەردووکیان پێکەوە ببەستێتەوە، بێ گومان هەر ناکۆکی و شەڕوشۆڕێک ڕوو بدات لە ناویاندا، دوور نییە ببێتە هۆی جیابوونەوەیان. کە ئەمەیش ڕوویدا، بێ گومان پاشەجار لێی پەشیمان دەبنەوە. هەر بەو ڕەنگە پەیوەندیی ناوەند هەردوو خۆشەویستەکە، لە کاتی ڕوودانی کارەساتێکی وا دا کە بۆی خراپ بێ، تووشی پچڕاندن دەبێ. بۆ وێنە کە یەکێکیان نەخۆشییەکەی زۆری



خایاند، یاخود یەکێکیان گەیشتە دەمی پیری، یان هەندێ تەنگوچەڵەمەی تر، کەچی کە ژن و مێردی لە ئارادا بێ، بەپێچەوانەوە، ئەو پەیوەندییەی لە ناوەند ژن و مێردەکەدا هەیە، لەجیاتی ئەمەی کز ببێ و ببڕێتەوە، بەهێزتری لێ دێ... لە ڕاستیدا ژن و مێردیی تەنیا پەیوەندییەکە، کە هەتا بێت بەهێزتری لێ دێ!...

بەڵگەی سێیەمیش بۆ پشتگرتنی ژنهێنان ئەوەیە، کە ژیانی ژن و مێردی چاکترین پەیوەندییە کە ببێتە هۆی تێگەیشتنی هەردوو ڕەگەزەکە لە یەکتری. هەروەها گەشەیش دەدات بەهۆگری گیانیان لەگەڵ یەکتردا. چونکە مێردەکە بەبۆنەی ئەوەوە کە یەجگار شارەزای دڵ و دەروونی ژنەکەیەتی، دەتوانێ لە بێ ژن زۆرتر لە هەموو ئافرەتان تێبگات... هەر کەسێکیش لە ئافرەت تێگەیشتبێ، دەتوانێ لە ژیان باشتر تێبگات... هەرچی پیاوی بێ ژنیشە، گیاندارێکی ناکۆکە و دوورە لە گیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوونەوە... ئەو سەربەستییەیش کە هەیەتی، هەر لە ئاژاوە دەچێ!...

بێجگە لەوە کچە شوونەکردووەکان و کوڕە بێ ژنەکان، هەرچەند دەچن بەساڵدا زۆرتر بەخۆیانەوە خەریک دەبن. ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەنگەری هۆشیان لە دەست دەربچێ... چونکە بێ ژنی، بۆ بۆرەپیاو دەبێتە هۆی ئەوەی کە بارستایی هۆشی بێتە خوارەوە و سەریشی لێ تێک بچێ... لەمەدا هەر هونەرمەندەکان جیاوازن... بێجگە لەمە، بەو هەموو بەزموڕەزم و خۆشییەیشەوە کە لە کۆڕی ڕەگەزبازی سەربەستدا دەیچێژێ، سەد یەکی ئەو کامەرانییەی دەست ناکەوێ کە لە ژن و مێردییەکی سەرکەوتوودا، مێرد و باوک و گەورەی خێزانێک دەستی دەکەوێ... ئەمەیش لەوێ بووەستێ، پیاوی بێ ژن کە چوو بەساڵدا، هەست بەتەنایییەکی دڵتەنگانە دەکات، دەتۆقی لە مردن. ئەم بارەیش بەجۆرێکی تێکڕایی لە هەموو ژینێکی سەربەستانەی بێ زنجیردا ڕوو دەدات...

جا ئەگەر ژیانی ژن لەگەڵ مێردەکەیدا تاڵ و ناخۆش بێ، بێ گومان لەگەڵ دۆستەکەیدا تاڵتر و ناخۆشتر و پڕ گیروگرفتتر دەبێ!....

## نەهێشتنی ژن مارەکردن لە ڕووسیادا سەری نەگرت!

ڕەنگە تازەترین تاقیکردنەوە لەسەر ئەوە کە دڵداری ناپەسند و نارەوا بەچاکتر دابنرێ لە ژنهێنان، ئەو تاقیکردنەوەیە بێ کە ڕووسیای پاش شۆڕشی کۆمۆنیستەکان جێبەجێی کرد... کۆمەڵایەتی ڕووس، ویستی لە سەرەتادا، ژن مارەکردن لەناودا هەڵبگرێ، یاخود بیکات بەبابەتێکی ڕوواڵەت و بایەخی پێ نەدرێ... بەڵام هەرچەند ساڵێکی پێ چوو

هەموویان بەگشتی بەژن و پیاوەوە هاتنە سەر ئەو بارەی کە زۆرتر سەرگەردان بوون لە پێشوو، ئافرەتێکی ڕووسییش لە نامەیەکی خۆیدا کە بۆ خۆشەویستەکەی خۆی نارد بوو، ئەم واتایەی تێدا دەربڕی بوو: (من کامەرانییەکی وام دەوێ، هەرچەندێ کەمیش بێ، بەڵام تایبەتی بەخۆم بێ هەر بۆ خۆشم تەرخان کرا بێ. من کامەرانییەکی وام دەوێ کە ئاین پەسندی بکات!... من خەو بەشوێنێکی بێ دەنگوسەنگەوە دەبینم، کە بتوانم بەتەنیا لەگەڵ تۆدا تێیدا ڕاببوێرم... نازانم کۆمەڵایەتی ئەمە بۆچ تێناگات کە ئەم کارە پێویستییەکە بۆ مرۆڤ؟!...

## ژنهێنان لەسەر بنچینەی خۆشەویستی

ڕەنگە وا ڕێ بکەوێ کە ژنهێنان لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی ناوەند ژن و پیاوەوە پێک هاتبێ. بەڵام ئەمە هەمووده‌م سەرناگرێ... چونکە لە سەردەمەکانی پێشوودا لەناو زۆربەی نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ژنهێنان یان بەپێچەوانەی ئارەزووی لایەکیانەوە پێک دێ یاخود بەپێچەوانەی ئارەزووی هەردوو لایانەوە. ئەمەیش یان لەسەر ڕێککەوتنی هەردوو خێزانەکە پێک دێ، یان بەهۆی کەوتنە ناوەوەی هەندێ کەسانەوە. یاخود بەهۆی شتی ترەوە. کەچی زۆر لەم ژنهێنانە، کە لەسەر بنچینەی دڵداری دانەمەزراون، پڕ دەبێ لە کامەرانی و سەریش دەگرن. هەندێ جاری وایش ڕوو دەدات کە ئەم جۆرە ژنهێنانە پڕ کامەرانیتر دەبن لەو ژنهێنانانەی کە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی دامەزراون. ئەمەیش کارێکە بەئاسانی شی دەکرێتەوە و، لێکیش دەدرێتەوە. چونکە دڵداریی بەهێز و هەڕەت، ئاواتی ئەندێشەیی دەهێنێتە، کە لە ژیانی ڕووداودا بەهیچ کلۆجێ نایێتە دی.

دڵدارەکانیش کە ژن دەهێنن، زۆربەیان تووشی دڵشکاوی و ڕەنجەڕۆیی دێن. چونکە ئەوانە چاوەڕوانی کامەرانییەکی وان کە لە ژنهێناندا دەستیان بکەوێ، ژیان خۆی لە توانایییدا نییە بیبەخشێ.

لە ئەمەریکادا زۆربەی ژن مارەکردنەکان لە ئەنجامی خۆشەویستییەکی پێشووەوە پێک دێن... کەچی ژمارەی ژن بەرەڵڵاکردنیش لە ئەمەریکادا، ئەندازەکەی لە ئەندازەی زۆربەی خاکەکانی تر زۆرترە!. هەرچی کوڕی ئەم چەرخەیە، خەو بەژنێکی واوە دەبینێ، کە جوانییەکەی و خۆڕازاندنەوەکەی وەک ئەستێرە گەشەکانی ئافرەتانی سینەما وا بێ... بەڵام ئەو ئاگای لەو ڕاستییە گرنگە، یاخود ئەو ڕاستییە گرنگانە نییە، کە لەپاش ژنهێنان بۆی دەردەکەون... یەکێک لەو ڕاستییانە ئەوەیە کە جوانی ئەستێرەکانی سینەما، بەشی زۆری



لە ئەنجامی چاوڕاوکردنی وێنەکێشێکی شارەزا و هونەرمەندەوە پێکهاتووە بەشی ڕاستەقینەیشی کۆمەڵێکی بێ شومار لە شارەزایانی جوانی و سەرتاشەکان و، ئارایشدەرەکان و، ئەوانەی لەش دەسوونەوە کاری تێدا دەکات. ئەو جوانییەیش جوانییەکی ئاسایی و سروشتی نییە. جوانییەکی دەستکردە!... هەروەها کوڕی ئەم چەرخە، ئاگای لەوەیش نییە کە لە سەردەمی ژیانی ژن و مێردییدا چاوی بەژنەکەی خۆی دەکەوێ جلی ناوماڵی لەبەردایە و، قژەکانی بژ بوونەتەوە و، تووڕە و تڕۆیی لێ دەردەکەوێ... کچی ئەم چەرخەیش ئەوە نازانی: هەرچی پیاوانەی هەر لە خۆیاندا خۆپەرستن. کە دێنەوە ماڵێ، بەهۆی کار و فرمانە سەختەکانیانەوە، تەواو بێ هێز و وەڕس بوون، پەلەپیتکەیان لێ بدەیت دەتەقێن، ئەمەندە تووڕە و ئەمەندە توندوتیژیان لێهاتووە... کەواتە ئەنجام بەچی دەگات؟... ژن و مێردەکە دڵیان دەشکێ و هەست بەڕەنجەڕۆیی دەکەن... جا لەجیاتی ئەمەی بەخۆیان بڵێن: هیچ شتێک لەم جیهانەدا تەواو نییە، تەنانەت دڵدارییش، دەچن وا هەست بەخۆیان دەکەن، کە لە بارەی هەڵبژاردنەکەی خۆیاندا هەڵەیان کردووە. ڕەنگە (تەواوی) لە جوانی و لە کرداردا، لە ڕەوشت و خوودا، لە یارێکی تردا دەست بکەوێ کە بکرێ بەهاوسەر ئیتر دوای ئەوە خەریکی بەرەڵڵاکردنی یەکتر دەبن تا دەستیان دەکەوێ.

هەر کەسەیشیان بەجیا دەگەڕێ هاوسەرێکی تازە بدۆزێتەوە بۆ خۆی... دوای ئەوە کارەساتە ناخۆشەکە هەمیسان ڕوو دەداتەوە بەرەڵڵاکردنەکە دەست پێ دەکاتەوە... ژنهێنانێکی تر و بەرەڵڵاکردنێکی تریش پەیدا دەبنەوە... جا ئەمە بەم ڕەنگە درێژە دەسێنێ، تا پیری و بەسەرهاتی ژیان فێری ئەوەیان دەکات کە ڕابێن بەچاوپۆشین و لێبوردن و نەرمییەوە یاخود لەسەر (چارەکردنێکی مام ناوەندی) ڕێک بکەون، کە دەبوو هەر لە خۆشەویستییەکەی یەکەمجاریانەوە فێری ئەوانە ببوونایە و ئەوانەیان بکردایە!... ئەگەر زانکۆکان دادپەروەر بوونایە، دەبوو لێکۆڵینەوەی شێوەکانی (ڕێککەوتنەکانی ژن و مێرد)یان بخستایە ناو پێڕەوییەکەیانەوە... لێرەیشدا مەبەس ئەوەیە کە گەڕوگێچەڵی ناو ژن و مێرد بەوجۆرە ببڕێنرێتەوە کە هەریەکەیان بێتە ناوەڕاستی ڕێگاوە... بێجگە لەوە لێکۆڵینەوەی دەروونی مێردەکان و ژنەکانیشیان بخستایە ناو پێڕەوییەکەیانەوە چونکە ژن و مێردیی تەواو ئەوەیە کە لەسەر بنچینەی ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوە و چاوپۆشین دامەزرا بێ ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە دوو مرۆڤی وا نادۆزرێتەوە، یاخود بەگران دەدۆزرێتەوە، کە هەردووکیان لە سروشت و ڕەوشت و ئارەزوودا ڕێک بکەون. جا ئەگەر هەردووکیان خۆیان بەوەوە ڕانەهێنن کە تۆزێ لە خۆیان دابتاشن، کە هەندێ خۆیان بۆ یەکتری بەخت

بکەن، کە تا ئەندازەیەک نەرمی پیشـان بدەن و، لە قسـەی خۆیان بگەڕێنەوە، کە فێر بن چۆن شەڕوشۆڕ بەگەمە و پێکەنینەوە، بەرامبەری بکەن... ئیتر دەبێ: دەست لە ژیانی ژن و مێردی بشۆن!...

## گیروگرفتەکانی ڕەگەزبازی:

ئەوەندە هەیە، بابەتی تێکچوونی ڕەگەزبازی، لە هەموو بابەتی تێکچوونەکانی تر گرانتر چارەی دەکرێ... بێ گومان هەندێ جار ڕوو دەدات کە ئارەزووی ڕەگەزبازیی ژن و مێردەکە، بەتەواوی یەک بگرێ. بۆ وێنە: کە هەردووکیان خوێن گەرم بن... بەڵام بەزۆری ژنەکە خۆشی دەگەیێنێ بەمێردەکە، کەچی خۆی خۆشیی ڕەگەزبازییەکەی پێ ناگات... ئەوەی دڵی ژنەکە زۆرتر تەنگ دەکات ئەوەیە کە لەناو چیرۆک و هۆنراوەکاندا کە دەیانخوێنێتەوە، جیهانێکی پڕ خۆشی دڵکێشکەر دەبینێ کە ئافرەتانی تر تێیدا دەژین و پێوەی کامەران دەبن!... جا بۆ ئەمەی لە ڕووی ڕەگەزبازییەوە ژن و مێردەکە بەتەواوەتی ڕێک بکەون، پێویستە هەریەکەیان بەو شێوەیە خۆی ڕابهێنێ کە دڵی ئەویتر پێی شاد ببێ. ئەویش بەمە پێکدێ کە هەردوو لایان خۆیان ڕابهێنن بەئارامی شیرینەوە، بەدووبارەکردنەوەی تێکۆشانەوە، بەچاوپۆشییەوە، بەهەڵسەنگاندنێکی دروست و تەواوەوە... ئەم گیروگرفتەیش هەروەک تووشی ئەو ژن و مێردانە دێ کە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی یەکتریان مارە کردووە، هەروەها تووشی ئەو ژن و مێردانەش دێ کە لەبەر کەڵک و چاکەی خۆیان بوونەتە ژن و مێرد.

هەروەک سەرنج دەدرێ، ژنهێنان بۆ کەڵک دەستکەوتن، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە (١٩١٨)، بەرە بەرە هاتۆتە کزی و جێی خۆیشی بۆ ژنهێنانی سەر بەدڵداری بەجێهێشتووە. یاخود هەر هیچ نەبێ بۆ ئەو ژنهێنانەی بەرەڵڵا کردووە کە هەردوو لا پێیان خۆش بێ، نەک خێزانەکانی هەردوو لا!... بەم ڕەنگە پەسندکردنەکە لە یەکەم پلەیدا بۆ تیلایی چاوێکی دڵکێشکەر و دڵێکی ئەرباب، ڕێککەوتنێکە لە چێژکە و ئارەزووەکانی لەش و هۆشدا... کەچی لەوەپێش پایەی ناو کۆمەڵایەتی و، دەسەڵاتی کەسایەتی، یاخود پارەداری بوو، کە لەسەری ڕێک دەکەوتن بۆ ژن و مێردی!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا دڵکێشکردنی ڕەگەزی و هۆش، تەنانەت ئەگەر هەردوو لایشیان هەیان بێ، بەشی ئەوە ناکات کە ئەو ژن و مێردییەی پێ کامەران ببێ... سا ئەگەر ژن و مێردییەکە لە خۆشەویستییەوە پەیدا بوو بێ، یان لە کەڵک و چاکە دەستکەوتنەوە، مەرجی بنچینەیی



بۆ بەدیهێنانی بەختیاری ژن و مێردەکە ئەوەیە، کە هەردوو لایان، هەر لە سەرەتاوە بەدڵ و بەگیان بیانەوێ ژن و مێردەییەکەیان تا سەر بێ... بەڵام ئەگەر پیاوەکە، لە کاتی ژن مارەکردنەکەیدا لە دڵی خۆیدا بڵێ: (هەر کاتێ لە ژنەکەم وەڕس بووم، بەدزییەوە لەگەڵ ئافرەتانی تردا لنگبازی دەکەم!)... یاخود ئەگەر ژنەکە ئەمەی خستە دڵی خۆیەوە بڵێ: (هەر کاتێ مێردەکەم لە بەرچاو کەوت، بۆ بەرەڵڵایی خۆم تێدەکۆشم!)... ژن و مێردی ئەم جۆرە کەسانە سەر ناگرێ و تا سەریش نامێنێتەوە!...

کەواتە چاکترین ڕێگا بۆ ژن و مێردەکە کە بیگرن ئەوەیە، بەتەواوەتی بڕیاری دڵی خۆی بدات کە زاڵ ببێ بەسەر ئالۆشوخرۆشی خۆیدا و ئەم سوێندەیش بۆ خۆی بخوات: (من تا سەر خۆم دەبەستمەوە بەم هاوسەرەمەوە. هەر لە ئێستاکەیشەوە ئامانجی من ئەوە دەبێ کە ئەم هاوسەرە دڵخۆش و کامەران بکەم کە بەخۆشی خۆم هەڵمبژاردووە، نەک بگەڕێم بەدوای کەسێکی تردا کە خۆشی لێ بچێژم و پێوەی کامەران ببم!). جا ئەگەر ئەم سوێندە، بەدڵ خورا بێ و بەڕاستی، ئەوا هەر خۆی بەتەنیا بەسە بۆ ئەمەی ژن و مێردییەکی پڕ لە بەختیاری پێک بهێنێ...

## گیروگرفتەکانی ژیانی هاوبەشی

گیروگرفتەکانی ژیانی هاوبەشی زۆرن و پەل پەلن. هۆی هەرە گەورەیش ئەوەیە کە شێوەی بیرکردنەوە و ژیانی هەردوو ڕەگەزەکە لە یەکتری جوێ جوێن... هەرچەندە خەبات، لەم سەردەمەدا لە ئارادایە کە لە گرنگی ئەم جیاوازییە کەم بکرێتەوە. بۆ وێنە: پێڕەویی پێ خوێندنی کچان وەک پێڕەویی فێرکردنی کوڕانی لێ هاتووە. ئەو فرمانانەیش کە ئافرەتان جێ بەجێی دەکەن، هەر ئەو فرمانانەیە کە پیاوان دەیکەن. لە زۆر جێگایشدا مافی ئەندام هەڵبژاردن بۆ کۆڕی نەتەوە بەئافرەت بەخشراوە... هەرچەندە ئەمانە وان بەڵام نابێ پیاوان ئەوەیان لەبیر بچێ، کە ئافرەت لە هەموودەمێکدا هەر ئافرەتە کە ڕەگەزی مێیینە ڕەگەزێکی خاوەن تەزوو و تاسەن. ڕەگەزێکی گرۆزن. کە ڕەگەزی نێرینەیش ڕەگەزێکی چستوچالاکن... ڕەگەزێکی ئەربابن. هەروەها لە ناوەند لەش و هۆشی ئافرەتدا پەیوەندییەکی نزیکتر و بڕوا پێکراوتر هەیە لەو پەیوەندییەی کە لە ناوەند لەش و هۆشی پیاودا هەیە... هەرچی پیاوە بیر لە جیهانی دەرەوە دەکاتەوە...

هەرچی ژنە بیر لە فەرمانڕەواییەکەی ماڵی خۆیان و دڵداری و دایکێتی دەکاتەوە... هەرچی بیری پیاوە وەک فرکەی فڕۆکە تیژڕەوە... هەرچی بیری ئافرەتە وەک هەنگاوونانی

پێ بەڕێوە دەڕوات... پیاو یاسا و پێشبینی و بیروباوەڕ و قسەی ڕاستی پەرستانە دادەهێنێ... هەرچی ئافرەتیشە، لە ڕاستی نەبێ بیر لە هیچی تر ناکاتەوە هیچ بایەخێکیش نادات بەپێشبینییە ڕووتەکان، مەگەر حەز لە پیاوێکی وا بکات کە باوەڕی بەو بیروباوەڕانە بێ، یاخود لە دەست کەمتەرخەمی پیاوێکی وەها، لە گیانی خۆی وەڕس بوو بێ... چونکە ڕاستیپەرستی بەلای ژنەوە، جێی پرسەیەکی نهێنی دەگرێتەوە کە داینا بێ بۆ تاسە و تەزوویەکی وەها کە لە دەستی چوو بێ!... هەرچی پیاوە دڵسۆزی بۆ بیروباوەڕ دەنوێنێ هەرچی ژنیشە دڵسۆزی بۆ ئەو مرۆڤانە کە هەن، یاخود هەبوون... جا ئەگەر نرخی خواردەمەنی بەرز ببێتەوە، یاخود مەترسی هەڵگیرسانی جەنگێک پەیدا ببێ، بەهۆی ئەو ڕێگایەوە کە دەستەیەکی زرنگکاری دیاری کراو گرتوویەتی... هەرچی پیاوەکەیە دڵسۆزی دەنوێنێ بۆ دەستەکەی خۆی و لەسەریشی دەکاتەوە. هەرچی ژنەکەیشە هەرگیز کۆ لەوە ناکاتەوە کە واز لە دەستەکەی خۆی بهێنێ هەر بۆ ئەمەی کە بێوەیی و کامەرانی لە ماڵەکەی خۆیدا بپارێزێ!...

## کاتێ کە پیاو و ژن دڵداری دەکەن

ڕەنگە یەکێک لە پرسکەران بپرسێ: کە ژن و پیاو هەردوو لایان لە خوێندنگایەکدا بخوێنن و هەر یەک شتیش بخوێنن، ئیتر چۆن جیاوازییان دەبێ لە بیرکردنەوەدا ؟... بۆ وەرامی ئەم پرسە قسەی شاگردێکی کیژ دەهێنینەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە زانستگای پزیشکایەتیدا گوتبووی: (ئەگەر پزیشکێک سەرگەردان ببێ بەهۆی سەرنەگرتنی دڵدارییەکەیەوە گوێ ناداتێ، هەروەکو پێشوو دەست دەکاتەوە بەچاوپێکەوتنی نەخۆشەکانی و چارەکردنیان... بەڵام ئەگەر ئافرەتێکی وەک من، یاخود هەر ئافرەتێک، تووشی ڕەنجەڕۆیی، یاخود دڵشکاوی ببێ لە دڵدارییەکەیدا، لە جێگای خۆی نایێتە دەرەوە بەشەو و بەڕۆژ هەر دەگری!...). کەواتە ئافرەت تا لەناو هەست و تاسە و تەزوودا نەژی، هەست بەکامەرانی ناکات... ئافرەتێکی سەرکەوتوویش لە کار و فرمانەکەی خۆیدا کە بەهی پیاو دابنرێ، هەر بەهیوای ئەوەیە کە پیاوێک بێت و لەجیاتی ئەو، ئەو فرمانە بکات تا خۆی ببێتە یاریدەدەری. خۆزگە بۆ ئەوەیش دەخوازێ کە لەوانە بێ بۆ دڵداری بشێ!... جا ئافرەت کە ببنە یاریدەدەری پیاوان زۆر باشیان لێ دێ. بەڵام بەکەڵکی ئەوە نایەن کە ببنە کارگێڕی کار و فرمان، یاخود خاوەنی پرۆژە... چونکە ئافرەت هەر لە شتێکدا بەتەواوەتی قاڵ دەبێ کە دروستی بکات، ئەویش منداڵەکەیەتی!.



جا بەپێی ئەم جیاوازییانە کە لە ناوەند سروشتی ئافرەت و سروشتی پیاودا هەیە، پێویستە ژن و مێردەکە، هەردووکیان ڕووبەڕووی تێکچوونەکانی ناوەند خۆیان بوەستن و چارەیان بکەن. جا بۆ ئەمەی ناکۆکییە ناچارییەکانی ناوەند ئافرەت - کە بنچینەی سروشتەکەی خۆشەویستییە - و پیاو - کە بنچینەی سروشتەکەی جیهانی دەرەوەیە - چارە بکرێن، گەلێک ڕێگا هەیە دەتوانین لەسەریان بڕۆین... ڕێگا یاخود شێوەی یەکەمیان ئەوەیە کە پیاو دەسەڵاتێکی خۆپەرستانەی هەبێ بەسەر ماڵەکەی خۆیدا... هەرچی پیاوی کار و فرمان، یاخود هونەرمەندە، دەچێ بەگژ سەرکێشیی ژنەکەیدا. ئەویش لەمەدا مافی هەیە... دوورنییە ماڵەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ. (تۆلستۆی) لەم دوایی ژیانەیدا بۆیەکا ماڵی خۆی بەجێهێشت، کە ژنەکەی کارێکی وای نەدەکرد، دڵی ئاسوودە بێ و بتوانێ بەئاسانی بۆ ئامانجە بەرز و پیرۆزەکەی خۆی خەبات بکات... جا لە هەر شوێنێکدا پیاو ناچار ببێ یەکێک لە (خۆشەویستی) و (فرمان) هەڵببژێرێ، یان لایەنی یەکێک لە (خۆشەویستی) و (پێویستی سەرشان) بگرێ... ئێمە ئافرەتمان وا دێتە پێش چاو کە ئەوەندەی لە دەستی بێت خەبات دەکات بۆ ئەمەی هەردووکیانی دەست بکەوێ... بەڵام پیاو ئەودەمە بەپیاو دادەنرێ کە ئامانجی ژیانی هەموودەم بەسەر تاسە و تەزوویدا زاڵ ببێ... لەم بابەتەوە سەرگوروشتەبێژەکان لە چیرۆکەکانیاندا کە لەناو جەرگی ژیانەوە وەریانگرتوون گەلێک وێنەمان پێشکەش دەکەن... یەکێک لەوانە (کارمن)ە کە ژیانی ئەفسەرەکەی دۆستی و دواڕۆژی تێکدا... یەکێکی تر (مانون لیسکۆ)یە کە دڵدارەکەی خۆی کێشی کردە سەر تاوانکردنێکی بێ بڕانەوە! تەنانەت ئەگەر ژنیش لەوانە بوو کە بیەوێ بەسەر ژیانی مێردەکەیدا هەمووی، زاڵ ببێ و هەر بۆ خۆی بمێنێتەوە، پێویستە مێردەکەی مەترسی لێ بکات و خۆیشی لێ بپارێزێ... چونکە ئەگەر وا نەکات زۆری پێ ناچێ لەناوی دەبات... لە ڕاستیدا ئەگەر بێتو پیاوەکە وای لێ بێ هەموو هۆشی هەر لە لای ژنەکەی بێ، یاخود ژنەکەی و منداڵەکەی بێ و هەر خەمی ئەوانیش بخوات، لە پیاوەتی دەکەوێ. بەڕاستی ئەوەیش نیشانەیەکی مەترسییە کە پیاو وا هەست بەخۆی بکات کە لەناو کۆمەڵێ ئافرەتاندا نەبێ، کامەران نابێ... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە پیاوێکی تەواو پیاوەتی، حەز لە زۆرانبازی هۆش دەکات. لەمەدا ئەویش لە باو و باپیری خۆی دەکات، کە حەزیان لە شیربازی دەکرد!... زۆرانبازی هۆشیش لەناو کۆمەڵانی ژناندا سەر ناگرێ، تەنانەت لەناو کۆمەڵانی ژنان و پیاوانیشدا هەر سەر ناگرێ!....

## کاتێک بۆ فرمانکردن و کاتێکیش بۆ دڵداری:

لەگەڵ ئەمەیشدا ئافرەتیش دەبێ دەستی هەبێ و بەشی هەبێ لە ژیانی ژن و مێردی بەختیارانەدا... هەرچەندە پیاو ناچارە هەموو ڕۆژێک بچێتە دەرەوە و، بۆ چەند کاتێک فرمان لەگەڵ پیاوانی تردا بکات، بەڵام کە گەڕایەوە ماڵێ، پێویستە ژینێکی وا هەست پێ بکات، کە جیاواز بێ لەو ژینەی کە لەودیو ماڵەکەیەوە دیوبەتی... یاخود هەروەک (د. هـ. لۆرەنس) دەڵێ:

(پیاو ناتوانێ هەموو بیست و چوار کاتەکەی شەو و ڕۆژ فرمان بکات... تەنانەت (ناپلیۆن)یش کە کار و فرمانی تەواو دەبوو، ئەوەی پێ خۆش بوو بگەڕێتەوە ماڵێ و پێڵاوەکانی خۆی دابکەنێ و لەخوار پێی ژنەکەیەوە دابنیشێ و، بەجوانییەکەی مەست ببێ و خۆیشی بداتە دەست جیهانە تایبەتییەکەی ژنەکەی: کە دڵداری و سۆز و تەزوو بوو. لە ڕاستییشدا هەموو پیاوێک ئەوەی پێ خۆشە کە لە کاتی سرەوت و حەسانەوەدا خۆی بداتە دەست ژنەکەی و ئەو جیهانە تایبەتییەی کە ژنەکەی هەیەتی)...

هەرچی ئافرەتی تەواویشە لەوە بێزار نابێ کە مێردەکەی هۆگری کار و فرمانی خۆی ببێ و، خۆی تێدا بەخت بکات. یاخود لە خەباتدا بێ لە کۆڕی زرنگاری و هۆشمەندیدا... ئەمە ڕاستە کە ژنەکە لەوە دڵگیر دەبێ. بەڵام ناهێڵێ کەس بەو ئازارەی بزانێ. هانەی مێردەکەی خۆی دەدا کە هەر لەسەر ڕێی خۆی بڕوات... لە چیرۆکی کۆندا ئەمە هەیە: کە (ئەندرۆماک) لە کاتی کۆچکردنی (هیکتۆر)دا فرمێسکەکانی خۆی شاردەوە. چونکە ئەو ژنە، ئەوەی دەزانی کە دەبێ چ جۆرە یارمەتییەک پێشکەشی مێردەکەی خۆی بکات....

## ژنهێنانیش خۆ و بەختە!

لێرەدا ئەمە بەپێویست دەزانین بیڵێین، کە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کە ژن و پیاوەکە، پاش تەواوبوونی مارەکردنیان و جووت بوونیان، کە بوون بەژن و مێردی یەکتری، هەرگیز بەئاسانی ئەوەیان بۆ ناچێتە سەر کە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕێک بکەون بەدڵی خۆیان... جا قووڵی خۆشەویستیی ناوەندیان هەرچەندێ بێ، زیرەکییان هەرچەندێ زۆر بێ، ئەمە لە هەردووکیان هەر ڕوو دەدات، کە لە ڕۆژەکانی سەرەتایی ژن و مێردییاندا هەریەکەیان ئەویتریانی وەک نەناسراو دێتە پێش چاو!... ئەو چەند حەفتەیەی پاش مارەکردنیان ناو ناوە: (مانگە هەنگوینە). لە ڕاستییشدا لە چەند شەوەکەی سەرەتادا کە



ژن و مێردەکە مەستی دڵداری دەبن، هەموو گیروگرفتێکیان لەبیر دەچێتەوە. پیاوەکە واز لە هاوڕێکانی دێنێ و لێیان دوور دەکەوێتەوە. ژنەکەیش واز لەو بابەتانە دەهێنێ کە لەوەپێش خۆی پێوە خەریک دەکردن و دڵی پێیان خۆش دەبوو. بەڵام هەر ئەوەندە چەند حەفتەیەک یاخود چەند مانگێکیان بەو جۆرە ڕابوارد، دەبینین هەریەکە بەشێوەیەکی تر لە هاوسەرەکەی خۆی دەدوێ. وا دیارە لە تاسە و سۆزی بەهێز و هەڕەت تێریان خواردووە و وەڕسبوون، بۆیەکا ئارەزووی بابەتەکانی پێشووی خۆیان دەکەنەوە، کە بێ دەنگ و سەنگ بوون!...

جاری وایش هەیە، لەوە خراپتر تێک دەچن. ڕێک نەکەوتنەکەیان دەگۆڕڕێ و دەبێتە دوژمنایەتییەکی شارراوە... کە تەماشا دەکەیت هەردووکیان بەچاوێکی پڕ لە توانج و پلارەوە لە یەک مۆڕ دەبنەوە. هەریەکەیان خودا خودای ئەوەیەتی هەڵەیەک لەویتردا ببینێ و بیدا بەڕوویدا... کە چوونە ناو پێخەفەکەیشیانەوە زۆرتر لە دوو کەسی نەناسراوی بێ دەنگ دەکەن کە چاویان کرابێتەوە... پاشان ژنەکە، لەناکاو، دەداتە پڕمەی گریان. لە تاریکیدا فرمێسکەکانی دەڕژێنە خوارەوە. پیاوەکەیش گوێی لە گریان و زارییەتی، بەڵام دەنگ ناکات!... جا لەم جۆرە بارانەدا، پێویستە هەردوو لایان واز لە هەندێ خەوی کۆنی خۆیان بهێنن: پێویستە لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیاندا لە ناوەڕاستی ڕێگادا بگەنە یەک.

بام ژن و مێردەکە ئەوەیش بزانن، کە (تەواوی) کەس نایگاتێ. جا ئەگەر ئەوان بەهۆی شاکارێکی سەیر و سەر سوڕهێنەری دڵدارییەوە توانیبێتیان بگەنە ئەو (تەواوی)یە، بێ گومان ئەوەیان لە دەس نایەت کە تا سەر لە شێوەی خۆیدا ژنەکە وەک پەڕەی یاریی سەرپشک (یا نصیب) بکرێ و بەخۆیشی بڵێ: «کێ چوزانێ بەکامی خۆم ناگەم؟ دوورنییە بەم ژنهێنانەمەوە بەختیار بمێنمەوە».

بەڵام لەجیاتی ئەوە دەبێ وا بەخۆی بڵێ: «من ئەوە باش دەزانم کە تووشی هەندێ گرۆزی دەبم لە سروشتی هاوسەرەکەمدا. بەڵام پێویستە چاوی لێ بپۆشم و بشتوانم خانووی ماڵەکەمان بپارێزم لە ڕووخان. من لەمەدا هەر سەردەکەوم!».

لە ڕاستییشدا هەر پرۆژەیەک مرۆڤ دەستی بداتێ، پیاو ناتوانێ لەوە دڵنیا بێ کە هەر تێیدا سەردەکەوێ، بام نیاز و مەبەستیشی ڕاست و دروست بێ و، بەهەموو کوڵی دڵیشیەوە پێوەی خەریک ببێ. نەخوازەڵا ئەگەر پرۆژەکە فرێ بەکەسێکەوە پتر بێ. بەڵام ئەوەیش هەیە کە ئەگەر لە سەرەتای کارەوە مرۆڤ بڕوای نەکرد بەسەرکەوتنی خۆی، ئەوە هیچ قسەی پێ ناوێ کە لەو کارەدا سەرناکەوێ!...).

## ژن و مێردی سەرکەوتوو پێویستی بەتێکۆشانێکی هەموودەمی هەیە!

ژن و مێردییش وەک هەموو پرۆژەیەکی تر، هەر ئەوەندەی بەس نییە کە لە سەرەتادا سەر بکەوێ. پێویستە هەموودەم تێکۆشان لە ئارادا بێ کە ئەو سەرکەوتنە بەپارێزراوی بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر هاتوو ژن و مێردەکە بەخۆیان گوت: «ئێمە گرەوەکەمان بردەوە. بام تۆزێک سرەوت بەخۆمان بدەین!»... ئەوانە بەمە هەڵەیەکی گەورە دەکەن، دەربارەی بەختیاری هەردوو لایان چونکە ژیانی ژن و مێردی سەرکەوتوو، وەک خانوویەک وایە ئەگەر هەموو ڕۆژێک جێ ڕووخاوەکانی چاک نەکرێتەوە و تازە نەکرێتەوە، دەڕووخێ!... جا لەم جێگایەدا، تەماشاکردنێک بەتیلایی، یاخود زەردەخەنەیەک، جێی گلەیی و ڕۆشنکردنەوەی ناو دڵ دەگرێتەوە... بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا هیچ شتێکی وا نییە کە ئەگەر کەمتەرخەمی لەگەڵدا کرا بمێنێتەوە: نە خانوو، نە دۆستایەتی، نە خۆش ڕابواردن. بنمیچی خانووەکە دەڕووخێ بەسەر دانیشتوانی ناویدا، خۆشەویستی دەبێ بەهەڵم و لەناو دەچێ... هەر زەوییەک لەناو ژووردا ڕۆژگاری بەسەردا تێپەڕی پێویستی بەداڕشتنەوە هەیە... دوو لایی دەرگایش پێویستی بەچاککردنەوە هەیە... ناکۆکی ناوەند ئەم و ئەویش دەبێ لا ببرێ و خۆشەویستی بخرێتە جێگەی. ئەگینا دڵ و دەروون تەنگ دەکات!... ئەگەر (هەست)یش لەناو دەرووندا پەنگ بخواتەوە و بچێتە کانگایەوە، دەبێتە هۆی تێکچوون و ڕزاندنی دەروون. هەر ڕۆژێکیش لە کاتی دەمەقاڵێیەکدا، ئەو دوومەڵە تەقی، ژن و پیاوەکە هەردووکیان زارەترەک دەبن. چونکە بەئاشکرا ئەو وێنەیە دەبینین کە هەریەکەیان بۆ ئەویتری کێشاوە لەناو دەروونی خۆیدا!....

## لێبووردەیی ناچارییە!

هیچ ژن و مێردییەکیش بەختیاری تێدا پەیدا نابێ، تا هەردوو لا ڕێز لە چێژکە و ئارەزووی یەکتری نەگرن. چونکە هەر کەسێ بەهیوای ئەوە بێ کە دوو کەس لە هەموو بیروباوەڕ و ئارەزوویەکیاندا، یەک بن بەهەڵەدا دەچێ، چونکە ئەوە هەرگیز ناگونجێ بێجگە لەوە پەسندیش نییە... لە مانگە هەنگوینەدا هەموو ژن و مێردێک دەیەوێ خۆی وا چەواشە بکات کە لە هەموو سەرێکەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆیدا ڕێککەوتووە... کەچی لەپاش چەند ڕۆژێک هەموو کەسایەتییەکی بەهێز مافە سروشتییەکانی خۆی وەردەگرێتەوە... جا لێرەدا هەر کەسێ بیەوێ ژیانی ژن و مێردیی پڕ ببێ لە کامەرانی، دەبێ دۆستایەتی و خۆشەویستی لە ناوەند ژن و مێردەکەدا تێکەڵ بکات. لێرەیشدا دۆستایەتی واتای لێبووردەیی و چاوپۆشی لێ دەوەشێتەوە. چونکە ژن و مێردەکە پەی بەوە دەبەن کە هەردووکیان لە ڕووی تێگەیشتن و ڕەوشتەوە لە یەک جیاوازن. بەڵام بەخۆشیی دڵی خۆیان ئەو جیاوازی سروشتەیان پەسند دەکەن.

چونکە هەردووکیان بەهیوای ئەوە دەبن کە لەم هەلە کەڵک وەربگرن و گیانی خۆیانی پێ بگەیێنن. لە ڕاستیدا ژنێکی وریای شارەزای ڕاز هەڵگر، لە باریدا هەیە، کە بەهۆی بیری خۆیەوە یارمەتی مێردەکەی خۆی بدات.

جا لەناو ئەم دۆستایەتییانەی ناو مێشکەدا، تێکڕا خواستە سەرەتاییەکان دێنە کزی. یەکێک لەوانە خۆشەویستی ڕەگەزبازییە، کە لە سەرەتای ژن و مێردییاندا بایەخێکی گەورەی هەبوو. بۆ ژن و مێردێکیش کە بەتەواوەتی و بەڕاستی گیانیان وا یەکی گرتبێ، پیری نابێتە شتێکی نەنگەویست و پڕ مەترسی. چونکە خۆش ڕابواردنی ژن و مێردێک لە کاتی پیرییاندا لەو ترسە گەلێک باڵاترە کە لە نەمانی لاوێتییەوە لێیان دەنیشێ!...

**بەکورتی:** ژن و مێردییەکی سەرکەوتوو و ڕێکوپێک بەگران پێک دێ... لە ڕاستییشدا ژیانی دوو کەس پێکەوە بژین چۆن خۆش دەبێ و بێ گیروگرفت دەبێ؟، کە هەر کامێکیان بگریت هەموودەم لەوانە بێ تووشی سەرگەرمی و، تووڕە و تڕۆیی و، هەڵە و، نەخۆشی ببێ، کە ئەوانەیش دەبنە هۆی تێکچوونی ژیانی؟...

لە ڕاستیدا، ژن و مێردییەکی بێ ناکۆکی، هەرگیز پەیدا نابێ. ئەم نەبوونییەیش هەر لەو نەبوونییە دەکات کە بڵێین: نیشتمانێکمان دەوێ گیروگرفتی تووش نەبێ!... بەڵام کە هاتوو ژن و مێردەکە خۆیان ڕاهێنا بەوەوە کە ناکۆکییەکانی خۆیان بە ڕوویەکی خۆش و دڵێکی پاک و چاوپۆشییەکەوە چارە بکەن، هەر تەنگوچەڵەمەیەکیان تووش ببێ بەئاسانی چارە دەکرێ. هەر مەترسییەکیشی تێدا بێ چزووی تێدا نامێنێ...[1] کەواتە ژیانی ژن و مێردی ئەوە نییە کە دڵدارەکان دێتە پێش چاویان... سەرکەوتنی ئەو ژیانەیش هەر پێویستی بەجوانییەکی دڵکێشکەر نییە، هەروەها پێویستی بەبڕیاردانی ڕاست و ئارام و لێکدانەوەیش هەیە لەگەڵ زرنگیدا... جا هەرکاتێ ئەم مەرجانە پێک هاتن، هاوبەشییەکی ژیانی جوان پێک دێ، کە تا سەر بمێنێتەوە!... ئەم هاوبەشییەیش لەسەر چوار شت بەندە: (خۆشەویستی)، (دۆستایەتی)، (هەست تێرکردن)، (ڕێزی بەرامبەری).[2]

---

(١) ڕاستتر: هەر مەترسییەکیشی تێدابێ، چزووی پێوە نییە.

(٢) ئەم بابەتە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە ژ (٩٨) تەمموزی ١٩٨٣.

# هونەری کامەرانی

نووسینی: ئەندرێ مۆرۆا

ئەم نووسراوە

نووسەری فەرەنسەیی گەورە [ئەندرێ مۆرۆا] گەلێک نووسراوی نایاب و ناوازەی داناوە لە بابەت (هونەرەکانی ژیان)ەوە. ئەم نووسراوەیش کە ناوی ناوە (هونەری کامەرانی) یەکێکە لەوانە. لە گۆڤاری (الکتابی)دا کە لە قاهیرە دەردەچوو لەلایەن [حیلمی موراد]ەوە، ژمارە (١٣)ی مانگی نەورۆزی ١٩٥٣ کرابوو بەعەرەبی. منیش بەپێویستم زانی بیگۆڕمە سەر زمانی کوردی، تا خوێندەوارانی بەڕێزی کورد کەڵکی لێ وەربگرن.

(ئەندرێ مۆرۆا)، وەک بۆ خوێندەوارانی بەڕێز دەردەکەوێت، بەقووڵی چووەتە باسەکەوە و، بەجوانی هەموو لایەکی بابەتەکەی شی کردۆتەوە و، ڕۆشن کردۆتەوە. بێجگە لەوە خوێندەوارانیشی ئاراستە کردووە و، پیشانیشی داون کە چۆن لە سەرگەردانی خۆیان بپارێزن و، چۆنیش بگەنە کامەرانی. لە ڕاستیدا (کامەرانی) بەدەست خۆمانە. ئەگەر بەڕاستی بمانەوێ (کامەران) ببین، لە توانایی هەمووماندا هەیە پێی بگەین، بەمەرجێ لەسەر دەستووری خودایی بڕۆین بەڕێوە. ئەو دەستوورەیش بریتییە لەوەی «بڕوامان» بەخودا هەبێ و «چاکە» بکەین و، خۆشمان لە «خراپە» کردن بپارێزین.

داخەکەم زۆربەی مرۆڤ خەباتی تەواویان لە دەست نایەت کە هۆشیان زاڵ بکەن بەسەر دڵیاندا، لە سەردەمی ژیانیاندا. جا لەمەوە تووشی ئەندێشەی پڕوپووچ و ئاژاوەی ناو مێشک و ترس و لەرزی بێ جێ، دەبن کە ژیانیان پڕ دەکات لە تاڵی و ناخۆشی و سەرگەردانی. لە ڕاستیدا ئەوی بیەوێ (کامەرانی)ی دەست بکەوێ، دەبێ بڕیاری پۆڵایی و خەباتی ڕۆشنبیرانە و تێگەیشتووانە بەکاربهێنێ تا لە خاوەنی (دەروونێکی سەرگەردانی)یەوە خۆی بگۆڕێ و ببێتە خاوەنی (دەروونێکی کامەرانی). کردەوە و ڕەوشتی جوان و پاک و چاک کە سەرچاوەکەیان (خوداناسی)یە، لەگەڵ (خۆشبینی) و (کار و فرمانی بەکەڵک) و (خۆشەویستیی) و (خۆ دوورخستنەوە لە بیرەوەریی خراپ و ئەندێشەی ناهەموار و ترسی بێ جێ) چاکترین ڕێگان کە بمانگەیێنن بە (کامەرانی).



داخەکەم لە کۆمەڵایەتییەکەماندا، بەهۆی کارەساتی ناهەمواری هەزاران ساڵەی ڕۆژگاری خراپەوە، زۆر (نەخۆشیی دەروونی)مان تووش بووە. یەکێک لەوانە (ڕەشبینی)یە. هەست و تاسە و تەزووی بێ جێی خراپیش هەموو دەم بەسەر زارمانەوەیە، دڵی خۆمانیان پێ تەنگ دەکەین و، دڵی کەسانی تریشیان پێ تەنگ دەکەین. بۆیەکا تاک و تووکێکمانی لێ دەربکەیت، زۆربەمان هەست بەکامەرانی ناکەین. ئەمە ڕاستە (نەخۆشی) و (هەژاری) وا لە پیاو دەکەن، هەست بەسەرگەردانی بکات. بەڵام کارەساتی ڕۆژگار دەری خستووە کە پیاوانی ژیر و تێگەیشتووی وایش هەڵکوتوون کە توانیویانە بە (نەخۆشی) و (هەژاری)یشەوە (کامەرانی) لە خۆیان تێک نەدەن. بێجگە لەوە زاڵیش ببن بەسەر نەخۆشی و هەژارییەکەیاندا و بیانگۆڕنەوە بەتەندروستی و دەوڵەمەندی. یاخود هەر هیچ نەبێ نەهێڵن ئەو دوو دەردە کوشندانە کارێکی زۆر لە (کامەرانی)یەکەیان بکەن. (سۆکرات) ڕاستیی پەرستی یۆنانی و (سەلاحەدینی ئەیوبی)ی شاهەنشاهی کورد، دوو نموونەن لەو جۆرە کەسانە.

ئەوانەی خۆیان لە خۆپەرستی دوور دەخەنەوە و، هەوڵ دەدەن دڵی کەسانی تر خۆش بکەن، یان دڵی نەتەوە و خودا خۆش بکەن، پاداشیان لە خوداوە دەدرێتێ کە ئەویش «کامەرانی»یە. ئەوانەی هۆگری خۆپەرستیی دەبن و، خەریکی دڵشکاندن و زیان بەخشین دەبن بەکەسانی تر، یان بەنەتەوە، یان فەرمانی خودا دەشکێنن، سزایان لە خوداوە دەدرێتێ کە ئەویش «سەرگەردانی»یە.

ئیتر ئەمەندە و بۆ خوێندەوارانی بەڕێز نووسراوەکەی (ئەندرێ مۆرۆا) کە ناوی (هونەری کامەرانی)یە، پێشکەش دەکەم، بەهیوای ئەوەوە ڕێگایەکی ژین و شادی و کامەرانییان بۆ بکاتەوە.

شاکر فەتاح
(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)
(سلێمانی: ٥/٥/١٩٦٦)

## کامەرانی سەر ئاوە!

(فۆنتینل) گوتوویەتی: «کامەرانی بریتییە لە باری ئەو ژیانەی کە دەمانەوێ هەر تێیدا بمێنینەوە، ئەویش وەک خۆی بمێنێتەوە؛ نە گۆڕینی تێدا پەیدا ببێ نە بەجارێکیش بگۆڕێ... جا ئەگەر بێتو بگەینە ئەو باری ژیانەی کە لەشمان تێیدا بحەسێتەوە و دڵمان تێیدا بسرەوێ، بێگومان بەتەواوی کامەران دەبین. دیارە ئەوساکەیش پیاو هەر ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە بڵێ: خۆزگە هەموو شتێک هەروەک خۆی دەمایەوە... هەرگیز نەگۆڕایە!...».

بەڵام چ بارێک هەیە بێ گۆڕان بمێنێتەوە؟... ئەو کەرەستانەی کە ئەم کامەرانییە تەواوەیان لێ پێک دێ، هیچیان لەجێی خۆیان نامێننەوە، هیچمان وەک خۆیان نامێننەوە، هەموویان دەگۆڕێن! بۆ وێنە ئەگەر کامەرانییەکە لەوەوە پەیدا بووبوو کە کەسێک لە ئارادایە، هەر کاتێ مەرگ ئارەزووی کرد، ئەو کەسە دەباتەوە بۆ خۆی... خۆ ئەگەر کامەرانییەکەیش لە لێدانی پارچەیەک ساز و ئاوازەوە پەیدابووبێ بێگومان ساز و ئاوازەکەیش دوایی دێ... ئەگەر لە خوێندنەوەی نووسراوێکیشەوە پەیدا بووبێ، زۆرمان پێ ناچێ هەتا دوا پەڕەی دەخوێنینەوە.

بەم ڕەنگە ئێمە بەئاواتی ئەوەوەین کە لە بارێکدا بمێنینەوە و نەگۆڕێ. کەچی پەییش بەوە دەبەین کە مانەوەی ئەو بارە، لە وزەدا نییە!... تەنانەت ئەگەر ئەوەیشمان لە دەست بێت، کە ڕۆیشتنی کات بەربەست بکەین، لە تاوێکدا، ئەو کامەرانییەی کە هەر تاوێک لە تاوەکان بۆمانی هەڵدەگرێ لەناو ئەو کاتەدا، زۆری پێ ناچێ کە تەڕ و تازەییەکەی ڕۆیشت، بەهیچ کلۆجێک خۆی ناگرێ، کز دەبێ و لەناو دەچێ!...

## سەرگەردانیی بێ بنچینە سەختترە لە سەرگەردانیی ڕاستەقینە

یەکێ لە بەدبەختیمان ئەوەیە، کە لە ڕۆژی تەنگانەدا لە دایک بووین. لەگەڵ ئەمەیشدا نابێ دڵڕەقیی ڕۆژگار لە کامەرانیمان بێبەش بهێڵێتەوە، لە ڕاستیدا کامەرانی بەند نییە بەکارەساتی دەرەوە. ئەو لە بەرهەمی هێزی ویستنە. منیش وام دێتە پێش چاو کە تۆ لێم ڕاست ببیتەوە و بڵێی: «لە بەرهەمی هێزی ویستنە؟... ئەی ئەوە نییە هەناسە ساردی و نەخۆشی و زۆرلێکراوی و شەڕ، کارێکی وا دەکەن کە کامەرانی هەرگیز پێک نەیێ؟...» ئەمەیش دەگونجێ. بەڵام پێویستە دوو بابەتمان لەبیر نەچێ. یەکەمیان ئەوەیە: کە هەموو



کەس لە دەست وەی و زیانی بێ بنچینە زۆرتر لە ئازار دایە، تا لە دەست وەی و زیانی ڕاستەقینە... جارێکیان پزیشکێکی بەناوبانگ پێی گوتم: کە هەشت کەس لە هەموو دە کەسێکی نەخۆش، کە دێنە لای بۆ چاککردنەوە، هیچ نەخۆشییەکی لەشییان تێدا نییە، کەچی خۆیان وا چۆتە باوەڕیانەوە کە نەخۆشن!... هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە نەخۆشیی بێ بنچینە، بەچەشنی نەخۆشیی ڕاستەقینە ئازاری لێ پەیدا دەبێ، تەنانەت جاری وایش هەیە: زۆرتری لێ پەیدا دەبێ!.

سەربازێکی لاوی ئنگلیزیش بۆی گێڕامەوە، کە کاتی هوروژمی ئاسمانی تینی سەندبوو بەسەر لەشکری بەریتانیادا، لە کاتی کشانەوەکەیدا لە (دانکەرک)، لە ساڵی ١٩٤٠دا، سەربازەکە خۆی پەنا دابوو لەناو چاڵێکدا، لەناو لمەکەدا، چونکە هەستی بەخۆی کردبوو تا ئەندازەیەک لەوێدا بێ وەی دەمێنێتەوە. ئەوەندە هەبوو، وای بەدڵدا هاتبوو کە ڕادیۆ بچکۆڵەکەی خۆی بخاتە کار، کە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرتبوو... کەچی گوێی لێ بووبوو: دەنگ بڵاوکەرەوەکەی ئیستگەی ڕادیۆی بەریتانیا، لە بابەت ئەو تەنگوچەڵەمەیەوە دوابوو کە سەربازەکانی بەریتانیا هەر لەو جێگەیەدا کە لاوەکەی خۆی تێیدابوو، تێی کەوتبوون و ئازاریان دەدی... ئنجا لاوەکە گوتی: «کابرای ڕادیۆ، کە لەو تەنگوچەڵەمەیە دەدوا ترسی دەخستە دڵی پیاوەوە، هیچ هیوایەکیشی پێ نەدەهێشت. تەنانەت منیش زارەترەک بووم و ویستم لە جێگەی خۆم ڕابکەم... هیچ خۆیشم بۆ ڕانەگیرا، تا ڕادیۆکەم بێ دەنگ کرد و لەباری ڕاستەقینەی خۆمان تێگەیشتم بەپێی ئەو ڕووداوەی کە دەمدی لەبەر چاومدا!...».

جا ئەم چیرۆکە نموونەیەکی ناوازەیە بۆ ئەو شتانەی کە لە زۆربەی کەسان دەقەومێن. ئەو کەسانە لەو ترسانەوە ئازاریان پێ دەگات کە لە بنجوبناواندا هیچ نین. جا ئەو ئازارەیان لەو ئازارە زۆرترە کە لە کەینەوبەینەی ڕاستەقینەوە پێیان دەگات و هەڵیش دەگرن لێیان بترسێن!. ئەوانە زۆر جار شەوگاری درێژ بەبێ خەویی و دڵتەنگییەوە ڕادەبوێرن، هەر لە ترسی ئەوەی کە هەندێ کارەسات هەن، ڕەنگە بقەومێن، کەچی هێشتا نەقەومان، ڕەنگیشە هیچ دەمێ نەقەومێن!...

## کەسانی وایش هەن کە بەخەم و خەفەت نەبێ دانامرکێن

بابەتی دووەمیشیان ئەوەیە: کە بەدبەختی هەر چەندێ ڕاست بێ و لە ئارادا بێ، دەتوانرێ بەهۆی هێزی دروست کردن و کەسایەتییەوە بگۆڕێ و بکرێ بەهەل بۆ کامەرانی... بۆ وێنە: ئەگەر نەخۆشەکە نیازێکی بەهێزی هەبێ، دەتوانێ لە ئازارەکانی لەشی خۆی زۆر کەڵک وەربگرێ، چونکە ئێش و ئازارەکانی، ماوەی دەدەن کە فێری ئارام و خۆڕاگرتن ببێ... هەروەها لە جێگا کەوتنەکەیشیدا هەلی دەست دەکەوێ کە تێر بخوێنێتەوە و بیریش بکاتەوە... تەنانەت نزیکبوونەوەی مەرگیش لە توانایدا نییە کە پیاوی ئازای تەواو، لە کامەرانیی ناو دڵی خۆی بێ بەش بهێڵێتەوە. کاتێ کە (سۆکرات) لەناو بەندیخانەدا بوو، سەربەرزی و دڵخۆشییەکی زۆری پێشان دەدا. کەچی دەیشی زانی کە بەرەو مەرگ دەچێ. تەنانەت هەموو هاوڕێکانی خۆیشی هانە دەدا و ترسی لە دڵ دەردەکردن کە هاتبوون ترسی لە دەربکەن!... کەواتە کارەساتەکانی دەرەوە، لە بارياندا هەیە کە کامەرانی وا لێ بکەن بەگران دەست بکەوێ. بەڵام وای لێ ناکەن کە هەر دەست نەکەوێ!... بەڵام لە سەرێکی تریشەوە ئەوەیان لەباردا نییە کە وای لێ بکەن هەر دەست بکەوێ!... چونکە ئەو کەسەی کە هەر لەسەر ئەوە نووچ بگرێ، پیش بخواتەوە و خەفەت بەخۆی بدات، هەموو دەمێک خەم و خەفەتی وای تووش دەبێ، کە هەرگیز لەبن نەیەت!...

پیاوی ئاواتبازیش هەرگیز بەوە واز ناهێنێ کە دەستی کەوتووە. ئەگەر بهاتایە، (هیتلەر) لە ئەندازەی خۆیدا بوەستایە، لە کاتی خۆیدا، بێگومان کامەران دەبوو و دەیشی توانی کە سەرکەوتنەکانی خۆی بهێڵێتەوە و لە دەستیان نەدات... کەچی ئەوەی نەکرد!... گەلێک خودا پێداوی وایش هەن کە سامان و تەندروستیی و ژنی باش و منداڵانی جوانیان هەیە... کەچی نایانبینیت بسروێن و خۆشیی لە بەختی خۆیان ببینن!... ئەوانە لە ڕاستیدا زۆربەیان هەر بەو پەژارەیەوە دەمێننەوە کە سامانەکەیان لەلایەکەوە باش نەخراوەتە گەڕ، کە منداڵەکانیان ڕەنگە نەخۆش بکەون، یاخود دوور نییە نیشتمانەکەیان بەر هەڵمەتی بێگانە بکەوێ!... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە کەسانی وا هەن، بەهیچ کلۆجێک کامەران ناکرێن!... جا لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین کە کارەساتی دەرەوە پێیان ناکرێ کامەرانی بەرهەم بهێنن. چونکە لە ڕاستیدا کامەرانی بارێکە لە بارەکانی دەروونی!...



## کامەرانی پرشنگێکە لە کانگای دەروونمانەوە دێتە دەرەوە

جا لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان، کە لەناو ئەو کەرەستانەدا کە بەهۆی یەکبوونی ئەوانەوە (باری کامەرانی)مان پێکهاتووە، ئەو کەرەستانە جیا بکەینەوە کە گۆڕینیان نابێتە هۆی کەمکردنەوەی خۆش ڕابواردنمان، لەو کەرەستانەی کە بێ ئەوان کامەرانی پێک نایەت! ئەو کەسانەیش کە چیرۆکی (تۆلیستۆی)یان خوێندۆتەوە، واتا (ئاناکارنینا) ئەوەیان دێتەوە یاد کە چۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە ناوی «لیفن»ە، پاش ئەمەی کچەکەی دەزگیرانی خۆی دەست دەکەوێ، دەسووڕێتەوە بەناو کۆڵانەکاندا و هەر شتێک بەرچاوی دەکەوێ، جوانی دێتە پێش چاو... ڕەنگی ئاسمانی شینتر دێتە پێش چاو. دەنگی پەلەوەرانیشی خۆشتر دێتە بەرگوێ تەنانەت چاوتێبڕینی یاساوڵەکانیشی پڕ خۆشەویستی تر بەرچاو دەکەوێ! ئەوەندە هەیە ئەگەر «لیفن» لە شارێکی تریشدا بووایە، کامەرانییەکەی هەر لەو ئەندازەیەدا دەبوو، هیچ کەمی نەدەکرد!... چونکە هەر شارێک بوایە لەوانە بوو کە لە شێوەیەکی جوانتر لە جاران بێتە پێش چاوی.

دانیشتوانی شارەکەیشی شیرنتر و ناسکتر بێنە پێش چاو... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەو پاڵەوانە هەر شتێکی چاوپێکەوت، ڕووناکیی دەروونی، ئەو شتەی بۆ ڕۆشن دەکردەوە. ئەم چرای دەروونییەیش کە لەناو دەروونیدا خۆی شاردبووەوە، گیانی کامەرانییەکەی بووبوو!... وەنەبێ ئەو کارەسات و شتانەیش کە مرۆڤ بەباشیان دەزانێ ببنە هۆی کامەرانیی ئەو... لە ڕاستیدا کامەرانی لە «بارێکی ناو مێشکدا پەیدا دەبێ، کە ڕەنگێکی تایبەتی دەدات لە کارەسات و شتەکان... کەواتە ئێمە ئەوەمان لەسەرە کە ئاواتی ئەوە بخوازین ئەو «بار»ە وەک خۆی بمێنێتەوە، نەک کارەساتە خۆشەکان دووبارە ببنەوە!...

## هەژاری و نەخۆشی یەکەم هۆی سەرگەردانین

جا بۆ ئەمەی بگەینە ڕێگای کامەرانی، ڕەنگە ئەوە ئاسانتر بێ کە ئەو بەرهەڵستانە بژمێرین کە دێنە بەر ئەو ڕێگایە... کەواتە بام دەم ئاخنی گۆزەی جادووگەری بەرەڵڵا بکەین، کە هەموو سەرگەردانییەکانی مرۆڤایەتیی تێدا بەندکراوە، تا هەموویان بێنە دەرەوە و بزانین کامیان لە هەموویان زۆرتر بڵاوبوونەتەوە بەناو جیهاندا: هەرچی هەژاری و نەخۆشییە بریتین لە دوو هەورە چڵکنەی پیس و ناشیرین، کە لە پێش هەموو

سەرگەردانییەکاندا، لە دەم گۆزەکەوە دێنە دەرەوە و، لە ئاسماندا یەک دەگرن... ئەو دووانە لە هەموو هۆیەکانی سەرگەردانی نەنگەویستترن. جا ئەگەر بێتو ئەو دووانە زوو زوو بێنە ناوەوە، هۆیەکانی «چارەکردن»یان، کە کاریان باش تێ بکەن کەم دەبنەوە... ڕەنگە ئەوەیش ئاسان بێ، کە تۆیش وەک (ڕاستیی پەرستەکانی هەیوان)[١] گوتوویانە، بلێیت، ئەرک و ئازارچێشتن تەنیا بریتین لە وشەیەک «هەرچی ئەرک و ئازارچێشتنی کۆنیش هەیە، ڕابردووە و لە ئارادا نەماوە... ئەرک و ئازارچێشتنی ئەم دەمەیش کە تێیداین هەستی پێ ناکەین و نایبینین... ئەرک و ئازاری داوڕۆژیش هێشتا نەمان چێشتوون!»... ئەوەیش ئاسانە کە ئەمە بلێیت... بەڵام بەکاری هیچ نایەت... چونکە ئەم کەینەوبەینەیە لە ڕاستیدا، وا نییە، وەک (ڕاستیی پەرستەکانی هەیوان) دەیلێن چونکە مرۆڤ پێی ناکرێ هەنگاوەکانی تەمەنی خۆی لە یەکتر جوێ بکاتەوە. تەنانەت یادکردنەوەی ناخۆشییەکانی ڕابردوو، ئەرک و ئازاری ئێستاکێ وا لی دەکات کە هەتا هەن وەک بارێکی گران بێننەوە. ئەوەندە هەیە، مرۆڤی بەهێز دەتوانێ بێگومان بەرەنگاریی ئەرک و ئازار بکات و، ئارامی خۆیشی ڕابگرێ. (مۆنتێن) توانی لەبەر نەخۆشییەکی پڕ ئازاردا بەئازایەتییەکەوە بەرگە بگرێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر پیاو ژیر و تێگەیشتوویش بێ، بگرە بام پیاوێکی ئایینیی پیرۆز و بەرزیش بێ، چیبی لە دەست دێ بیکات، ئەگەر هەموو ژیانی پڕ بێ لە شیوەن و گریان و ناڵەناڵی یەک لەسەر یەک؟...

(دیۆجین) توانی بەهەژاری پێبکەنێ، چونکە لە جێگایەکی گەرمدا دەژیا و هێز و هەرەتیشی پێوە مابوو، لەگەڵ سەتڵە ئاوەکەیدا... بێجگە لەوە تەنیایش بوو، کەسی نەبوو، بەڵام ئاخۆ چیبی پێ دەکرا ئەگەر پیاوێکی پەککەوتە بووایە و، لە شارێکی سارد و سڕیشدا چوار منداڵی بەسەرەوە بووایە بەخێویان بکات، کە بەبێ پارە نەخۆرشتی بۆ ئەوانە دەست دەکەوت، نەسووتەمەنی؟...

بەڕاستی سەرگەردانی ئەو جۆرە کەسانە، سەرگەردانییەکی تەواوە، هەناسە ساردییەکی ڕاستەقینەیە. ئەمەیش کارێکی سووکە بەرامبەر برسی و تینووە سەرمابردەڵەکان، کە پیاو بەواتەی ڕاستیی پەرستەکان دڵیان بداتەوە. چونکە ئەو کەسانە لە پێش هەموو شتێکدا داماون لەسەر خۆرشت و خۆ گەرم کردنەوەدا!.

(١) راسی پەرستەکانی هەیوان: (فلاسفة الرواقيين).



## هەناسە ساردیی بابەتی هیچ و پووچ!

ئێمەیش نابێ ئەم جۆرە بارە هەرە خراپانەی نەخۆشی و هەژارییە، تێکەڵ بکەین بەو تەنگوچەڵەمە دەم دەمییانەی کە باریان کەمتر گرانە لەوانە و کەمتریش دەبنە بەرهەڵست لە سەرەڕێگای کامەرانیدا... (ڕاستیی پەرستەکانی هەیوان)یش ڕاستیان گوتووە کە خواستە سروشتییە پێویستەکانمان و، خواستە سروشتییە ناپێویستەکانمانیان جوێ کردۆتەوە لە یەکتر... هەرچی جۆری یەکەمیانە وەک خواردن و خواردنەوەیە. هەرچی جۆری دووەمیشیانە لەمەولا لێیان دەدوێین. چونکە هەژاریی ڕاستەقینە و نەخۆشیی ڕاستەقینەی وا هەن کە خاوەنەکانیان بەڕاستی هەڵدەگرن شیوەنیان بۆ بکرێ. ئەوەندە هەیە ئەوانەی لە هیچە خۆیان بەنەخۆش دادەنێن، لە ڕاستیدا لەوانەی کە بەڕاستی نەخۆشن هیچ جیاوازییەکیان نییە لە هەست و تاسەدا. چونکە مێشکەکانمان دەسەڵاتدارن بەسەر لەشەکانماندا، بەجۆرێکی وا کە هۆش ئەوە پەسند ناکات، جا لەبەرئەوەیە کە زۆربەی ئازارەکان بێ بنچینەن، بەخۆڕایی هەستیان پێ دەکەین!

جا هەروەک نەخۆشیی بێ بنچینە هەیە، هەژاریی بێ بنچینەیش هەیە!. جا ئەو ئەندازەیەی کە دەبێ ئەم جۆرە کارانەی پێ بپێورێ ئەوەیە: کە تۆ خانوویەکت هەبوو سێبەرت بۆ بکات و، خۆرشتێکت هەبوو بیخۆیت و، بەرگ و پۆشەنییەکیشت هەبوو لەبەریان بکەیت، لە ڕاستیدا وەک هەژار ڕیسوا بکەیت وایە، ئەگەر دەست بکەیت بەسکاڵای دەرد و هەناسە ساردیی خۆت، هەر لەبەرئەوەی کە تەنگوچەڵەمەیەک تووشی تۆیش بووە، وەک کەسانی تر و هەندێک لە دەستکەوتەکەی تۆی پێ کەم بۆتەوە!...

یەکێک لە نموونەکانی هەناسە ساردیی خۆڕاییی ئەوەیە کە هاوڕێیەکم بۆی گێڕامەوە، گوتی ڕۆژێک ئافرەتێک خۆی کوشت، هەر لەبەرئەوەی کە ناچار بووبوو بگوێزێتەوە بۆ ژوورێکی وا کە پارچەیەک لە کەلوپەلە ناوازەکانی جێگای تێدا نەبووبووەوە!!

## تۆ واز لە ڕابردوو و داوڕۆژ بهێنە مشووری ئێمڕۆ بخۆ!

لە دوای هەژاری و نەخۆشیشەوە، سەرنەکەوتن یاخود کار سەرنەگرتن دێتە پێشەوە، کە ببێتە هۆی هەناسە ساردی و سەرگەردانی... واتا سەرنەگرتنی ئاواتێک کە نەیێتە دی، یاخود هەڵوەشانەوەی دڵدارییەک کە بۆی بەپەرۆش بێ. چونکە هەرچەندە ڕەنگ دەڕێژین بۆ داوڕۆژی خۆمان، جاروبار کارەکەمان سەرناگرێ، لەبەرئەوە هیوامان لە دڵ دەبڕێ و

ڕەنجەڕۆ دەبین. لەلایەکەوە دەمانەوێ شیرین بین لەلای کەسانی تر، لەلایەکی تریشەوە بەکامی خۆمان ناگەین و بەربەرەکانێ ژیانمان لێ تێک دەدات و، شەو و ڕۆژیشمان لێ تاڵ دەکات!. جاری وایش هەیە خۆمان دەکوتین بۆ فرمانێک دەستمان بکەوێ، کەچی هەرچەند دەکەین دەستمان ناکەوێ و، ڕەنجیشمان بە با دەڕوات!... جا زۆربەی ئەم دڵشکاوییانە دوورن لە ڕاستییەوە واتا بێ بنچینەن. ئێمە هەر لەناو مێشکی خۆماندا دروستیان دەکەین. ئەگینا نین. جا پێویستە ئێمەیش لە خۆمان بپرسین: کاتێ کە ئاواتەکانمان بەئاسانی پێک نایەن، چی وامان لێ دەکات کە کامەرانیمان بار بکات و بەدڵتەنگییەوە بژێنینەوە؟. تۆ بڵێی لەبەرئەوە دڵتەنگ بین کە هەست بەئازارێکی لەشمان دەکەین؟... نەء!... هەرگیز ئەوە نییە. ئێمە لە ڕاستیدا بۆیەکا دڵشکاو دەبین چونکە شل و شێواوی و کەمتەرخەمیی خۆمان بیر دەکەوێتەوە، کە لەوەپێش بوون بەهۆی ئاوات نەگەیشتنمان، یاخود سەرنەگرتنی کارمان، یان سەرنەکەوتنمان. هەروەها لەوەیش بیردەکەینەوە کە ئاخۆ فرۆفێڵی دوژمنەکانمان لە دواڕۆژدا سەرکەوتنەکەمان لێ تێک دەدات یان نا؟!... کەچی لەجیاتیی ئەوەی تێ بکۆشین بەتەواوی لەباری ئێستاکەمان تێبگەین و، واز لە بیرکردنەوەی ئەوەیش بهێنین کە ئەگەر وامان نەکردایە لە ڕابردوودا بە چ ئەنجامێک دەگەیشتین، یاخود لە دواڕۆژدا ئەنجام چۆنی لێ دێ، بێگومان دەگەیشتین بەئەنجامێکی وا کە بەتەواوی دڵمان پێی بسرەوێ و پێیشی بکەوێتە خۆشییەوە. منیش هەر خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە ببینم: ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ژێر باری ئەرک و ئازارێکی بێ بنچینەوە، خەریکی ئەوە بن بابەتی ئارەزووەکانی خۆیان بەتەواوەتی تێبگەن و، لە ڕاستییش لانەدەن. بۆ وێنە: بام بڵێین تۆ دەتەوێ ببیت بەسەردار، یاخود بەکاربەدەست و نەتتوانی بەئاواتی خۆتبگەیت. ئایا لەوە چی پەیدا دەبێ کە تۆ ناچار نابیت، بەدرێژاییی ڕۆژ، هەر چاوت بەوانە بکەوێ کە ناتەوێ چارەیان ببینیت. هەروەها خەموخەفەتی سەدان کەینەوبەینەیشت نایەتە دڵەوە، کە دەستت ناپەرژێ بەباشی تەماشایان بکەیت و بەتەواوی چارەیان بکەیت!... بێجگە لەوانە بەرەنگاری یەخەگرتنی دوژمنەکانیشت نابێت، کە هەر بۆ ئەوە دەگەڕێن لە ژیانی تایبەتیی تۆدا، کەموکوورییەک بدۆزنەوە، تا بیکەن بەبیانوو بۆ بەدناوکردنت بە شتی وەهاوە کە هەرگیز لە دەست تۆ نەوەشاوەتەوە!... تەنانەت تۆ بەهۆی سەرنەگرتنی ئەم کارەتەوە، کە بوویت بەفەرماندار، یاخود بە کاربەدەست، پەنا دەبەیتە بەر ژیانێکی بێ دەنگ و سەنگی پڕ دڵنیایی و، دەیشتوانی خۆشی لە کاتی دەست پەرژانی خۆت ببینی و، خۆش ڕابوێری، دەتوانی هەر نووسراوێکت



پێ خۆش بێ دووبارە بیخوێنیتەوە. لەگەڵ هەر دۆستێکیشدا ئارەزوو بکەیت بەگفتوگۆی خۆشەوە ڕابوێریت. جا تۆ ئەمە بەسەرگەردانی و هەناسە ساردی دادەنێیت؟...

هەر ئەوەندە پیاو ئارەزوویەکی تەواوی هەبێ، هەرچییەکی بوێ دەستی دەکەوێ

بەم ڕەنگە ئەگەر هەموو کەسێک کارەساتی ژیانی خۆی بەمێشکێکی ڕۆشنترەوە لێ بکۆڵێتەوە، گەلێک جار وای بۆ دەردەکەوێ کە ئارەزووی ڕاستەقینەی نەبووە لەو شتانەدا کە دەستی نەکەوتوون!... لە ڕاستیدا جیاوازی زۆرە لە ناوەند ئەو ئارەزووانەدا کە دەریان دەخەین و، ئەو ئارەزووانەیشدا کە ڕاستن و لە کانگای دڵماندا جێی خۆیان گرتووە و، لە هەموو ئەندامەکانی لەشماندا گریان سەندووە و، لە شێوەی کردەوەیشدا خۆیان دەردەخەن نەک لە شێوەی قسەی سەرزاردا. جا ئەگەر مەبەستەکەمان لەوانە نەبێ کە هەرگیز جێبەجێکردنی سەرنەگرێ، یاخود یەجگار ناشیرین و ناپەسند بێ، هەر ئەوەندە نیازەکەمان بەهێز بێ و بەدڵ ئەو بابەتەمان بوێ سەربگرێ، لە زۆربەی جاردا پێمان دەکرێ بەئاسانی جێبەجێی بکەین و، بەئاواتی خۆیشمان بگەین. چونکە هەر کەسێ بەدڵ گەورەییی بوێ، لەوانەیە دەستی بکەوێ. هەر ئافرەتێکیش بەدڵ بیەوێ هاوڕێی دەست بکەوێ، هەڵدەگرێ دەستی بکەوێ. هەر ئافرەتێکیش بەدڵ ئارەزووی دڵکێش کردنی کەسانی تر بکات، بێگومان بۆی دەچێتە سەر. بەڵێ ئەمانە هەموویان بەهۆی نیازی تەواو و ئارەزووی ڕاستەقینەوە پێک دێن!. (ناپلیۆن) کە هێشتا لاوبوو، بەئاواتەوە بوو ببێتە خاوەن هێز و دەسەڵات. ئەو بەرهەڵستانەیش کە ڕێگایان لێ گرتبوو، بەگران بۆی لادەچوون. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، توانی ئەو بەرهەڵستە گەورانە لاببات و، بەڕێگای خۆیشیدا بڕوات، تا گەیشت بەئامانجی خۆی!.

پێ بەوەیش دانراوە، کە زۆرجاری وا هەیە، کارەساتی ڕۆژگار ئەمەندە ناهەموارن سەرکەوتن بۆ پیاو سەرناگرێ. چونکە ئەوە بۆ تۆ ئاسان نییە، کە هەرشتێکت بوێ، دەستت بکەوێ. یاخود جێ بەجیهان بگۆڕێت!. ئەوەندە هەیە کە گەلێک جار گیروگرفت لە دەست مرۆڤ خۆیەوە پەیدا دەبێ، چونکە ئەو خۆی وا دێتە پێش چاو کە ئارەزووی وایە بەئەنجامێکی دیاریکراو بگات، کەچی هێزێکی شاراوە لەکانگای دەروونیدا هەیە پاڵی بۆ لایەکی کەوە پێوەدەنێ!. گەلێک نووسەرانی وام دیوە، کە ئارەزووی خۆیان وا پیشان داوە، هەندێ نووسراو لە بابەت یاخود ئەو بابەتەوە دابنێن. بەڵام ئەو ژیانەی تێیدا دەژین ڕێیان نادات ئەو ئاواتانەیان بهێننە دی. بەڵام ئەوانەی ئەگەر لە کانگای دڵیانەوە ئارەزووی دانانی ئەو نووسراوانەیان بکردایە و، گەرموگوڕیش بوونایە لەسەر دانانیان،

دەیانتوانی ژیانی خۆیان بگۆڕن بەجۆرێکی وا کە بتوانن ئەو نووسراوانە دابنێن. ئەو ژیانەیش کە «بەلزاک» تێیدا دەژیا، یاخود بەواتایەکی وردتر ئەو نووسراوانە خۆیان کە داینابوون، چاکترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئەو پیاوێکی خاوەن خواستی بەهێز و خۆبەختکەر بووە لە پێناو فرمانەکانیدا.

## چاوبرسێتی پیاوکێش دەکات بۆ سەرگەردانی

ئەم قسەیەیش ڕاستە. چونکە پیاوی وا هەیە بڕیار دەدات ژنێکی دیاریکراو مارە بکات. مەبەستیشی لەوە ئەوەیە کە کەڵکێکی کۆمەڵایەتی، یاخود کار و فرمان، یان ئابووریی پێ بگات. کەچی لەوەیش تێدەگات کە ئەو ئافرەتە دەبێتە ژنێکی «دووەم بابەت»!. ئیتر هەر ئەوەندە دوو سێ مانگێکی پێ دەچێ، دەمودەست، دەست دەکات بەسکاڵاکردن و بۆڵەبۆڵ لە «بەخت و بەش»ی خۆی! کەچی لە ڕاستیدا، ئەو بەشە، خۆی بۆ خۆی هەڵبژاردووە!... ئەمەیش شارەزاییەکی زۆری پێ ناوێ، بۆ ئەمەی بۆمان دەربکەوێ کە خۆکوتانی چاوبرسییانە بۆ پارە پەیداکردن یاخود بۆ سەرکەوتن، لە زۆر جاردا پیاو بەرەو سەرگەردانی دەبات... دووریش نییە کە چاوبرسێتی یاخود ئارەزووی گەورەیی بمانکەن بەگژ کەسانی تردا. بەڵام لەمەیش خراپتر ئەوەیە کە بچین بەگژ خۆماندا. چونکە ئێمە ناگەین بەکامەرانی هەتا کردەوە و کارەکانی ڕۆژانەمان نەهێنینەوە پێش چاوی خۆمان و، بەراوردیشیان نەکەین لەگەڵ کار و فرمانەکانی ژیانی پێشوومان‌دا. ئنجا خۆیشمان بەخۆمان بڵێین: «ڕەنگە ئێمە بەژیرییەوە نەجووڵابینەوە، ڕەنگە هەڵەیشمان کردبێ. ئەوەندە هەیە هەرچمان لە دەست هاتووە لە شێوەیەکی هەرە باشدا کردوومانە و، لە ڕێگای ڕاستی خۆیشمان لامان نەداوە. ئێمەیش لە تواناییماندا هەیە کە جارێکی تریش ئەم قسەیە ئاشکرا بکەینەوە. تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕیشمان گۆڕا بێت بێ ئەمەی شەرم دامان بگرێ، بەئاشکرا بڵێین هەڵەکانمان هۆی بەهێزیان هەبووە کە ڕوویان داوە. وا دیارە لەسەر بنچینەی زانیارییەکی ناڕاست دامەزراون کە گوێمان لێ گرتوون. یاخود لە ئەنجامێکی هەڵەوە پەیدابوون کە لە بیرکردنەوەماندا ڕووی داوە».

ئەمەیش کاتێک سەردەگرێ، کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ڕێک بێ، بەجۆرێکی وا کە هەست بەئازادبوونی خۆی بکات لە دڵتەنگیی و گلاراوی. جا لەبەرئەوە پێویستە ئامانجێک بۆ خۆی دیاری بکات. هەروەها ئەوەیشی بەتەواوەتی بۆ دەربکەوێ کە ئارەزووی چی دەکات، جا ئەگەر خۆشەویشتیی بوێ پێویستە جۆری خۆشەویستنەکە دیاری بکات: مەبەسی



خۆشەویستیی خودایە، یان خۆشەویستیی ئافرەتێک یاخود خۆشەویستیی منداڵان، یان خۆشەویستیی نیشتمان، یاخود خۆشەویستیی کار و فرمان؟...

چونکە خۆشەویستییش جۆرە ڕزگاربوونێکی تێدایە، سەبارەت بەوەی کە ناچارمان دەکات بیر لە کەسانی تر بکەینەوە، نەک لە خۆمان. چونکە خۆشەویستیی «یەکێتیی ئامانج» لە ژیانماندا دەهێنێتە بەرهەم، کە ئەم یەکێتیی ئامانجەیش وامان لێ دەکات - کە لە کاتی خۆشەویستیماندا - ژیانمان تەرخان بکەین بۆ کامەرانی کردنی ئەو کەسەی خۆشمان دەوێ!.

ئا بەم ڕەنگە، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو قسەیە ڕاستە: کە کامەرانی لە ئەنجامی (ویستن) یاخود (خواست)ەوە پەیدا دەبێ. چونکە کامەرانی بریتییە لە بڕیارێک کە هەر بەئارەزووی خۆمان دەیدەین، بەو مەبەسەی کە ئەنجامێکی بدەین بەپەشیمانیی بێ کەڵک و فەڕ، بەئاواتە بێ شوێنەکان، بۆ ئەمەی بۆ شتێک بژین کە لە خۆمان گەورەتر بێ!.

جا هەر کاتێ ئەم جۆرە «سازبوونی دەروونی»یە، یاخود «ئارامی دەروونییە» پێکهات، ئیتر پێویست بەوە ناکات کە سەرکز و دەستە ئەژنۆ دابنیشن و خەفەت و ئازار بچێژین.

## ئەگەر دەتەوێ خۆتت لا پەسند بێ شارەزای خۆت بە!

ئەوەندە هەیە ڕێککەوتنی پیاو لەگەڵ خۆیدا، بەم جۆرە، لە ڕاستیدا کەم هەڵ دەکەوێ. چونکە لەناو پێستی هەموو کەسێکماندا دوو مرۆڤ هەیە: یەکێکیان ئەندامێکە لەناو کۆمەڵایەتیدا، یەکێکیشیان مرۆڤێکە دڵی پڕە لە هەست و تاسەی گڕ تێبەربوو!... یاخود بەواتایەکی تر: یەکێکیان مرۆڤێکی تێگەیشتووە و، یەکێکیشیان گیانلەبەرێکی دڕندەیە! ئەوی بەڕاستیی دڵتەنگ دەکات ئەوەیە کە زۆرجاری وا هەیە دەبینە نێچیری جڵەو شلکردن بۆ خۆمان و هەڵکردن لەگەڵ خۆماندا. لە ڕاستیدا بۆ پیاو زۆر گرانە کە بگاتە سازبوونێکی تەواو لەگەڵ دەروونی خۆیدا. چونکە زۆر لەو بیرانەی کە دێنە مێشکمانەوە، بەتەواوەتی جیاوازن لەو بیرانەی کە دەمانەوێ بێنە مێشکمانەوە. چەند جاری وا هەیە بەلامانەوە وایە، کە بەژیری قسە دەکەین. کەچی بەڕاستی خەریکی ئەوەین کە پشم و قینێکی کۆن زیندوو بکەینەوە، بەهۆی گلەییەکی نووچ لەسەر گیراوەوە، کە دەیکەین!... یاخود بەجارێک دوژمنایەتیی کۆمەڵێکی گەورە دەکەین، هەر لەبەرئەوەی کە «یەکێک» لەو کۆمەڵە زیانێکی گەورەی لێ داوین. جا لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە دڵی خۆماندا دەڵێین وایە، کەچی گەلێک جاری وایش هەیە پێ لە کەموکووڕیی خۆمان نانێین.

جا لەبەرئەوە هەرچەند دەکەین دڵمان بەخۆمان خۆش نابێ. بێجگە لەوە هەتا دێ دڵڕەقی و توندوتیژی دەنوێنین و، دوای شتی پڕوپووچیش دەکەوین. دوور نییە دەست بکەین بەشکاندنی دۆستەکانمان. چونکە پەی بەوە دەبەین، کە ئەوەندەی پێویست بێ، خۆمان چاک نین. جا لەبەرئەمەیە کە واتە ژیرانەکەی (سۆکرات) بەتەواوەتی نرخی دەردەکەوێ، کە فەرموویەتی: «خۆت بناسە»! کەواتە پیاوی زیرەک ئەگەر بیەوێ مەند و زرنگانە بژی، دەبێ لە پێش هەموو شتێکدا هەرچی هەست و تاسە و بیرەوەریی ناهەموار هەیە کە مێشکی دەشێوێنن، تێیان بگات. پاش ئەوە بەهەموو هێز و هەڕەتێکی خۆیشییەوە ئەوانە لە ڕەگوڕیشەوە دەربکێشێ و لە ئاسۆی ژیانی خۆیشی دووریان بخاتەوە.

## کارەسات هێنانە پێش چاو خراپترە لە کارەساتەکە خۆی کە ڕوو دەدات

یەکێک لەو هۆیانەی کە دڵی پیاو تەنگ دەکات و هەست بەسەرگەردانی دەکات ئەوەیە: کە مرۆڤ لە تەنگوچەڵەمە بترسێ!... لەگەڵ ئەمەیشدا هەندێ ترس هەیە، بەپەسەند دادەنرێ، پاکانەیشی بۆ دەکرێ، تەنانەت بەبابەتێکی پێویستیش دەژمێرێ. هەر پیاوێ گوێ نەداتە خۆپاراستن لە ئۆتۆمۆبیلێکی تیژڕەو، کە لێی بکەوێ، بێگومان تووشی مەرگ دێ، کە ئەویش لە ئەنجامی کورت بینیی خۆی و کەم بیرکردنەوەی خۆیەوە ڕوودەدات. هەر نەتەوەیەکیش لە دراوسێکانی خۆی مەترسی نەکات، کە بیانبینێ خۆیان پڕ چەک دەکەن و، دوژمنایەتیی خۆیانی بۆ دەنوێنن، بێگومان بەزوویی دەکەوێتە ژێر چنگیانەوە!... بەڵام هەر ترسێکیش لە ئەنجامی بیروباوەڕی پڕوپووچ و بێ بنچینەوە پەیدا بووبێ، بە کاری خاوەنەکەی خۆی نایەت. هەموویشمان کەسانی وا دەناسین کە لەبەر توندوتیژیی مەترسییە پڕوپووچەکانی خۆیان لە نەخۆشی، ژیانی خۆیان لەناو دەبەن!. هەر پیاوێکیش لەوە بترسێ کە سامانەکەی لەناودەچێ، ژیانی خۆی لەوەدا بەخت دەکات، کە خۆی دەپارێزێ لە تەنگوچەڵەمەکان، کە بەوە خۆی بەرەو سەرگەردانی دەبات. هەروەها خۆیشی لەو کامەرانییە. بێ بەش دەهێڵێتەوە، کە دەتوانێ تێیدا بژی. ئەمەیش هەر لە ترسی ئەو سەرگەردانییەی کە هەرگیز تووشی نایێ، کە ئەگەر تووشیشی بێ هەرگیز لەوەی خراپتر بەسەر نایێ، کە بەهۆی ئەو ترسەیەوە تووشی هاتووە!... هەر پیاوێکیش لە هەست و تاسەدا پەشۆکاو بێ، شتی بێ جێی لێ دەوەشێتەوە. ئەوەیش دەهێنێتە پێش چاوی خۆی کە لەسەر ئەو ئافرەتەی خۆشی دەوێ، تووشی گەڕ و گێچەڵێکی زۆر دێ لەگەڵ پیاوانی تردا. ئەنجامیشی بەوە دەگات کە بەهۆی تووڕە و تڕۆیی ناشیانەی



خۆیەوە، یاخود بەهۆی لە ئەندازە بەدەریی خۆیەوە لە ئابڕوو پاراستن و خۆ لادانەدا، خۆشەویستییەکەی خۆی لەناو دەبات و، ئەو سەرگەردانییەیش کە لێی دەترسێ بەسەر خۆیدا دەهێنێ!... ئەو ئازارە تیژەی بیر و هۆشەیش کە لە ترسەوە پەیدا دەبێ، لە پێش ڕوودانی کارەساتەکەدا. بەجۆرێکی تێکڕایی خراپترە لە کارەساتەکە خۆی کە ڕوو دەدات.

ئەمە ڕاستە کە نەخۆشی خراپ ناخۆشە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ناخۆشیی و خراپییەکەی لەوە کەمترە کە دیمەنی نەخۆشەکان دەیخاتە دڵمانەوە. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە تا لێهاتن و نیشانەکانی نەخۆشییەکە وا لە لەشی نەخۆشەکە دەکەن کە بگۆڕێ و لەشێکی تری لێ پەیدا بێ، کە ئەم لەشە تازەیەیش لە تێکچوونیدا بەنەخۆشییەکە و، لە هەست کردنیدا بەنەخۆشییەکە لە لەشە دروستەکە ناکات!...

زۆری وایشمان هەیە کە لە مردن دەترسێ. بەڵام ئەوەی بەبیرماندا دێ لە بابەت سامناکیی کاتی سەرەمەرگەوە، ڕەنگە هەر تووشیشمان نەیێ. چونکە دوورنییە کە لەناکاو بمرین!... هەروەها کارەساتی سروشتیی مردنیش، لە بارە ئاساییەکانیدا، نیشانەی وایان تێدایە کە بەلەشەوە دەردەکەون، کە یەجگار باری گرانی مردنەکە سووک دەکەن و لە هەست پێکردنی ئازاری مردنەکەیش کەم دەکەنەوە. وا منیش بەئاشکرا دێتەوە یادم کە کارەساتێک ڕووی لێ داوم و ئەوەندەیشی نەمابوو لە ناوم بەرێ. هەر لەو کاتەیشدا هۆشم بەخۆم نەما. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بیرەوەریی پاش ڕوودانی کارەساتەکەم پێ ناخۆش نەبوو!... پیاوێکیش دەناسم کە لەناو ئاودا نوقوم بوو و دەرهێنرایەوە. کەچی پێی گوتم مردنەکە لە کاتی نوقوم بوونەکەدا سەخت نەبوو!...

## بۆچ ژیانی خۆمان خراپتر لێ بکەین؟

لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو بیرانەی لە بابەت دواڕۆژەوە بەمێشکماندا تێدەپەڕن پڕوپووچن. چونکە ئێمە سەرگەردانییەکمان دێتە پێش چاو کە هێشتا نەقەوماوە. جا لەبەرئەوە لە ترسی ئەوەی کە تووشی سەرگەردانی بێین، لە سەرگەردانیدا دەژین. لە ترسی ئەوەی کە تووشی نەخۆشی بێین، نەخۆش دەکەوین. لە ترسی ئەوەی تووشی هەژاری بێین، لە هەژاریدا دەژین. کەچی ئەگەر بهاتایە بەچاوێکی بێ لایەنەوە سەیری ئەم کەینەوبەینەیەمان بکردایە بۆمان دەردەکەوت کە ژیانەکە خۆی لە باری ئێستایدا سەخت و گرانە. کەواتە ئیتر بۆچ خەم و پەژارەیشی بخەینە سەر لەسەر بنچینەیەکی هیچوپووچ و خۆڕاییی؟.

له چاو ئەندازەکانی چیرۆکی لاسایی «کاروانی ڕۆژگار»(*)دا، چاوئەندازەیەکم دێتەوە یاد، کە لەسەر سەربانی کەشتییەکدا ڕوویداوە. ژن و مێردێکی هەرزەکاریان پیشان دا، بەرێگاوە بوون بچنە (ئەمەریکا) بۆ ڕابواردنی مانگە هەنگوینەکەیان. هەردووکیان بەپێوە وەستابوون، ئانیشکیان دادابووە سەر پەرژینی کەشتییەکە. لەو کاتەیشدا گوێمان لە دەنگی ساز و ئاواز بوو بەرز دەبووەوە. پاش ئەوە ژن و مێردەکە دوورکەوتنەوە. ملوانکەیەکی خۆ ڕزگارکردنیان چاوپێکەوت، کە بەپەرژینەکەوە هەڵواسرا بوو. لێی نووسرابوو: «کەشتیی تیتانک»!...

ئێمەیش کە دەستەی سەیرکەران بووین، ئەو چاو ئەندازەمان ناخۆش هاتە پێش چاو، دڵمان پێی تەنگ بوو. چونکە ئەوەمان بیرکەوتەوە کە کەشتییەکەی «تیتانک» لەو گەشتەیەدا نوقوم بووبوو، کە یەکەم گەشت و دوامین گەشتی بووبوو. کەچ بەلای ژن و مێردە هەرزەکارەکەوە ئەو ئێوارەیە یەجگار جوان بوو. ئەوانیش ئەگەر ئەو شەوە بترسانایە لەوەی کە کارەساتێکی ناخۆشیان لێ ڕوو دەدات، بێگومان ئەو کاتە خۆشەیان لێ تاڵ دەبوو. هیچ کەڵکێکیشیان لەوە دەست نەدەکەوت. چونکە هیچ کەسێک ئەوەی بۆ ناچێتە سەر کە لەو تەمەنەی بۆی دانراوە، یەک هەناسەی بخاتە سەر!...

بەم ڕەنگە زۆر کەسانی وا هەن کە ژیان لە خۆیان تاڵ دەکەن، بەوەی کە سەرگەردانی دەهێننە پێش چاوی خۆیان. بەلایشیانەوە وایە کە دەقەومێن جا ئەگەر ئەوانە خاوەن دەروون بن، ئەوەیان بیر دەکەوێتەوە کە: «هەر ڕۆژە بەشی خۆی ناخۆشیی تێدایە، ئیتر لەوە بەولاوەیش هەڵناگرێ کە ناخۆشیی تری بخرێتە سەر!...».

## بۆڵەبۆڵ کردنی دەوڵەمەندەکان، دەبێتە هۆی سەرگەردانییان

وەڕسبوون لە هۆیەکانی سەرگەردانی زۆرتر بڵاوبۆتەوە بەناو دەوڵەمەندە تەمەڵەکاندا. کەچی ئەوانەی بەدەست نان پەیدا کردنەوە دەناڵێنن، هیچ هەست بەوەڕسبوون ناکەن. هەرچی پیاو و ژنە دەوڵەمەندەکانیشە بۆیەکا تووشی وەڕس بوون دێن، چونکە -بەوێنە- بۆ ئەمەی خۆش ڕابوێرن، لە بەزمگاکاندا هۆگری تەماشاکردنی چیرۆکە لاساییەکان دەبن. کەچی لە تواناییاندا هەیە ژینەکەی خۆیان پڕ بکەن لە خۆشی. چیرۆکە لاساییەکانیش لە باریاندا هەیە کە یارمەتیی ئەوانە بدەن لە کامەرانییدا، کە ژیانیان

(*) ئەم چیرۆکە هی (نویل کوارد)ە کە هونەرمەندێکی ئینگلیزە.



نرخێکی هەیە. [چونکە بەزمگاە توانایی باوداهێنان و شت دروستکردن لە دەروونیاندا زیندوو دەکاتەوە. بۆ وێنە پیاوی دڵدار خۆشی لە بینینی چیرۆکێکی لاسایی دڵداریی پێکەنین هێنەر دەبینێ. چونکە لە بابەت چەند چاو ئەندازێکی ژیانی خۆیەوە دەدوێ. پیاوی زرنگکاریش کە چاوی بەچیرۆکی لاسایی «ژۆل سزار» دەکەوێ، خەو بەگەورەیی هەردەم زیندووی خۆیەوە دەبینێ]. بەڵام ئەو کەسەی سەر لە بەزمگا زۆر بدات، زۆری پێ ناچێ لە تەماشاکردنەکەی وەڕس دەبێ، ئەگەر هەر بینینی ئەوەی لە دەست بێ و، لە پێشاندانی چیرۆکی ژیانی ڕووداودا بەشدار نەبێ. چونکە زوو بەزوو دەبێتە نێچیری ئاژاوەی بیروهۆشی خۆی و، پەژارە و خەمی خۆرایی. نەواز دەهێنێ لە پشکنین و لێوردبوونەوەی باری ژیانی خۆی، نەوازیش دەهێنێ لە پەشیمان بوونەوە لە ژیانی ڕابردووی خۆی کە ڕۆیشتووە و بەسەرچووە، نەوازیش دەهێنێ لە ترسولەرز لە دواڕۆژی نەزانراوی خۆی. بەکورتی هەرچی وێنەیەکی سەرگەردانیی سەر زەوی هەیە، دێنە پێش چاویەوە!.

جا سەیر ئەوەیە کە زۆر کەس خۆشییەکی تاڵ و ناخۆشانە لەوە دەچێژن کە خۆیان هەڵبکێشن بەوەوە کە ئەو جۆرە سەرگەردانییە ڕاست و درۆیانە بەهیچ کلۆجێک چارە ناکرێن. ئەوانە بەماندوێتییەکەی خۆیانەوە خۆشی دەبینن. هەر کەسێکیش بیەوێ یارمەتییان بدات ڕووی خۆیانی لێ گرژ دەکەن!... بێگومان ئازاری دڵیش لە سەرەتای قەومانی کارەساتە ناخۆشەکەدا بەدڵ دانەوە چارە ناکرێ، بەتایبەتی بۆ کەسێک لە سەرگەردانییەکی گەورەی بەسەرهاتبێ کە هەڵی نەگرتبێ تووشی بێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە هەرچی دۆستە هەر ئەوەندەی لە دەست دێ، کە خۆشەویستییەکی بێدەنگی پڕ لە ئارام پێشکەش بکات!... بەڵام بیانووی ئەو ژنانە چییە کە شین و شەپۆریان کردووە بەپیشە بۆ خۆیان و، بەهەموو دڵێکیشیانەوە دەیانەوێ ئەو خەموخەفەتانە بپارێزن و بهێڵنەوە، کە دەبوو بەرەڵڵا بکرانایە بۆ ڕۆژگار کە لەناویان ببەن!... پیاو لەوانەیە چاوپۆشێ لەو کەسانەی کە بۆ ڕابردوویەک دەگەڕێن، کە بەهیچ کلۆجێک گێڕانەوەی لە دەست نایەت، بەمەرجێ خەموخەفەتەکانیان هەر بۆ خۆیان بێ و، تەشەنە نەکەن بۆ کەسانی تر، کاریان لێ بکەن. بەڵام من هەرگیز ئەو کردەوەیەیان پەسند ناکەم کە بەهۆی بەندوباوکردنیانەوە بۆ هەناسەساردی، خەریکی ئەوە دەبن کە هەرزەکارەکانیش یاخود خاوەن مەردایەتییەکانیش تووشی ئەو دەردی هەناسەساردییەی خۆیان بکەن، کە بەهیوای ئەوەن لە ژیاندا دواڕۆژێکی پڕ لە کامەرانییان دەست بکەوێ، جا ئەم جۆرە ڕەوشتە

هەڵدەگرێ لەناوببرێ، بۆ ئەمەی کامەرانی و دڵخۆشیی کەسانی تر بۆژۆ نەکات!...

جارێکیان کچێکی هەرزەکارم دی، کەسێکیی تووشی مەرگەساتێکی یەجگار ناخۆشی کردبوو، چووبووە ناو کۆمەڵێک هاوڕێیانی گەش و ڕووخۆشی خۆیەوە، بێدەنگ و سەنگییەکەی و، زەردەخەنە ناچارییەکەی کە کەم دەیکرد، لەگەڵ ئەو سەرسامی و پەژارەییییەدا کە بۆی نەدەشارایەوە، ئەوانە هەموویان دڵ برینداریيەکەیان ئاشکرا دەکرد. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی وا پێشان دەدا، کە هیچی لێ نەقەوماوە. جا بەهۆی ئەو ڕەوشتانەیەوە ماوەی بەهاوڕێکانی خۆی دابوو، کە خۆشی لە بەزم و ڕەزمی خۆیان ببینن!

جا ئەگەر بیرەوەرییەکەی تۆیش ئەوەندە چست و چالاکیی تێدا نییە، کە یادی خۆشەویستە مردووەکانی خۆت لە شێوەیەکی سروشتی و بێ شیوەن و گریانی هەموو دەمیدا بکەیتەوە، وا دیارە کە لێوردبوونەوە و لەنگەرەکەی تێکچووە و نەماوە. چونکە هیچ شتێک لەوە ڕێزی زۆرتر تێدا نییە بۆ مردووە دۆستەکان، کە خۆشەویستیی خۆمان بەرامبەر زیندووەکان پێشان بدەین.

## لەش ماندووبوون لە هەموو دەرمانێک باشترە بۆ دڵتەنگی!

بەڵام دڵتەنگی و دەستە ئەژنۆ دانیشتن و سەرکزی چۆن چارە دەکرێن؟ ئایا بە چ هۆیەکەوە دەتوانین خۆمان بپارێزین لەو ئاژاوانەی ناو مێشکمان کە هەرگیز دانامرکێنەوە و، لە کۆڵیشمان نابنەوە، نە لە بێداری دا، نە لە خەودا؟... لە ڕاستیدا سروشت ماوەمان پێ دەدا، کە گەورەترین و ئاسانترین هۆی خۆپاراستن بەکاربهێنین بۆ ڕزگاربوون لە دەست دڵتەنگیی. هەر لە زریەوە هەتا دەگاتە شاخەکان و دارستانەکان، ئەوانە هەموویان بێگومان ئارامێک بەدڵمان دەدەن. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە ئەو شوێنە سروشتیانە گەورەیی و شەنگ و شۆخییەکی وایان هەیە لە چاو کزی و بێدەسەڵاتیی ئێمەدا، کە ئەو کارەمان تێ دەکەن. گەلێک جاری وایش هەیە، کە لە کاتی هەرە دڵتەنگیماندا بەوە دڵمان دەسروێ و ئارام بەگیانیشمان دەگات، کە بەسەر گازی پشتدا ڕابکشێین بەسەر چیمەنێکدا، لەبن سێبەری دارێکدا، تا ڕۆژگارێکی تەواو لەناو ئەو تەنیاییییەدا بۆسە بدەین!...

ئێمە هەرچەندێ لە دڵتەنگیدا بین گەلێک فرمانی کۆمەڵایەتی هەیە بەسەرشانمانەوە، کە ئەگەر بێتو ماوەیەک خۆمانیان لێ دووربخەینەوە هێزی بەرگەگرتنی خۆمان کز دەکەین و، لە ئارامی خۆیشمان کەم دەکەینەوە. جا لەمەوەیە کە گەشتکردن بەچارەکردنێکی باش



دادەنرێ بۆ ئازاری مێشک و ئازاری دڵ و دەروون. چونکە ئەگەر پیاو هەر لەو شوێنەدا مایەوە کە پڕێتی لە بیرەوەریی سەرگەردانیی خۆی، هەتا دێت دڵتەنگییەکەی تازە دەبێتەوە، هەتا دێت بیرەوەرییەکانی زۆرتریان لێ دێ، زۆتریش ئازاری دەدەن. ساز و ئاوازیش بریتییە لە جیهانێکی تر، کە خاوەن ئەرک و ئازاری دڵ دەتوانێ پەنای بۆ ببات. چونکە ساز و ئاواز بەتەواوەتی زاڵ دەبێ بەسەر گیاندا... هەندێ جاری وایش هەیە، هەر بەچەشنی لافاو بەردەبێتە مێشک و پاکی دەکاتەوە و، ئازارەکانیشی لێ فڕێ دەداتە دەرەوە. یاخود بام بڵێین ساز و ئاواز، ئازارەکانی ئێمە بانگ دەکاتە لای خۆی و، بەهەریەکەیشیان واتای ڕاستەقینەی خۆی دەداتێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەر واژەیەک ئازارەکانمان بیر بخاتەوە، بەرامبەر بە ئەو، واژەیەکی تریش هەیە، کە ئەو ئازارانەمان لێ سووک دەکات. جا ئەم واژە بەرامبەرە بێ دەنگانە، کە کێشمان دەکەن بۆ بڕیاری دوایی، هەموویان کارێکی وامان تێ دەکەن کە پڕە لە دڵدانەوە و دڵخۆشکردن و سەرخۆشی لێکردن.

## خوێندنەوە بەکار نایەت!

یەکێک لەو هەڵانەی کە باون ئەوەیە کە خۆ نوقوم کردن لەناو خوێندنەوەدا پەلوپۆ لە خەموخەفەت دەبڕێ. بەڵام بەلای منەوە ئەم باوەڕە هیچوپووچە. چونکە ئەوەتی هەم، نەمتوانیوە هیچ جارێک بەخوێندنەوە خەمی خۆم بڕەوێنمەوە. چونکە لەناو ئەو جۆرە خەموخەفەتانەدا، نەمتوانیوە هۆشی خۆم بخەمە سەر خوێندنەوەی نووسراوێک و بەتەواوەتی سەرنجی لێ بدەم!... چونکە هەرچی خوێندنەوەیە پێویستیی بەهۆشێکی وا هەیە کە بەوەوە نەبێ، بەهیچی ترەوە خەریک نەبێ. بڕوایشم وایە کە خوێندنەوە لە کاتی «چاکبوونەوەی بیر و هۆش»دا کارێکی گەورە و پەسند دەکات. هەرچی دڵتەنگییشە بەهیچ کلۆجێک لە کۆڵ نابێتەوە، بەوە نەبێ کە هۆی ئاشکراتر و ڕۆشنتر و دیاریکراوتر بەکاربهێنرێ. هەروەها ماوەی ئەوەیش نەبێ کە مێشکی بەلایەکی تردا بچێ: وەک نووسین، یاخود گێڕانی خەڕەکێکی خاوەن وردەکاری، یاخود گەڕان بەناو ڕێگا و کۆڵانی بەسامدا... هیچ شتێکیش لەم جۆرە بارانەدا، بۆ مرۆڤ بەکەڵک نایەت وەک خۆ ماندووکردن لە لەشدا، چونکە خەو دەهێنێ!... ئەوەندە هەیە پیاوی دڵتەنگ زۆری پێ ناچێ بەنووزەیەکەوە دەڵێ: «ئەمانە هیچیان بەکار نایەن... شێوەی چارەکردنەکانی تۆ کز و لاوازن، بەرنادەن. وا دیارە هیچ شتێکی وا دەست ناکەوێ کە بتوانێ بمخاتە سەر ئەوەی

هۆگربیم بەژیانەوە. هەروەها هیچ شتێکی وایش نییە کە ئەم خەموخەفەتەم لە بیر بباتەوە!.».

بەڵام تۆ ئەمەت چۆن زانی؟... بۆچ تۆ ئەم ڕێگایانەت بەکارهێناوە بۆ چاککردنەوەی خۆت؟... وا هەڵدەگرێ، هەر هیچ نەبێ تۆ ئەم ڕێگایانە بەکاربهێنە، ئەوساکە لە ئەنجامەکانی بدوێ!... چونکە ڕێگایانی وا هەن کە ڕاستەوڕاست مرۆڤ ناگەیێنن بەکامەرانی، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێگا بۆ ئەو کامەرانییە تەخت دەکەن.

ئامۆژگاریی منیش ئەوەیە کە لە بابەت ئەم کەینەوبەینەوە خۆت بپارێزیت لەوەی کە لە ئەندازە بەدەر لە ڕابردووی خۆت بکۆڵێتەوە!... لەم ئامۆژگارییەیش مەبەسم ئەوە نییە کە لێوردبوونەوە، خۆی کارێکی ژیرانە نییە. چونکە لە ڕاستیدا هەموو بیریارێکی گرنگ، دەبێ بیرکردنەوەیەکی وردی پێش بکەوێ. جا لەبەرئەوە ئەگەر ئامانجەکە ئاشکرا و دیاریکراو بێ، بیر لێکردنەوەی زۆر زیان نابەخشێ. بەڵام زیانی ڕاستەقینە لەوەدایە کە مرۆڤ بێ وەستان، هەر بیر لەوە بکاتەوە زیان یاخود ڕیسواکردن یان دڵشکاندنەکەی چۆن ڕووی داوە. یاخود بەکورتی لەو بابەتانەوە سەربهێنێ و سەر ببات کە بەهیچ کلۆجێک چارە ناکرێن!...

واتەیەکی ئینگلیزییش هەیە دەڵێ: «بۆ شیری ڕژاو مەگری!». هەروەها «دزرائیلی»یش ئامۆژگاریی مرۆڤ دەکات، کە زۆر لەسەر شت نەڕوات، یاخود ئەمەندە بەپرتوبۆڵە نەبێ، کە خۆی و ئەم و ئەو هەراسان بکات. ئەو واتەیەی (دیکارت)یش بەناوازە دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: «فێری ئەوە بووم کە بەربەستی ئارەزووەکانی خۆم بکەم، کە بەرەنگاریی یاسا بنچینەییەکانی هەموو دەمیی جیهانیش ئەکەم، باوەڕ بەوەش بهێنم کە ئەوەی بۆم نالوێ پێی بگەم، لە ڕاستیدا بەش بەخۆم کارێکی نەگونجاو بووە!...».

## تا بێ فرمان بیت کامەران نابیت!

پێویستە جارجارێکیش مێشک پاک بکرێتەوە. چونکە تا لە بیرچوونەوە بەکار نەهێنرێت، کامەرانی دەست ناکەوێت!... منیش هەرگیز پیاوێکی خاوەن کار و فرمانی ڕاستەقینەم نەدیوە، کە لە کاتی فرمان کردنەکەیدا هەستی بەدڵتەنگی و سەرگەردانی کردبێت، چونکە لە کاتی فرمان کردنەکەیدا خۆی لەبیر دەچێتەوە، ئەویش هەروەک منداڵێک وایە لە کاتی یاری کردندا.

جا لەبەرئەوە پیاوە زیرەکەکان فرمان بەپەناگایەک دادەنێن بۆ دەرباز بوون لە دەست



بیرکردنەوە. فرمانیش پەناگایەکی پەسند و ژیرانەیە. تەنانەت مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: «هەر کەسێ بیرکردنەوەی هەیە و فرمان کردنی نییە، تۆوی ئاژاوە و خراپی دەچێنێ!.».
لەبەرئەوە، هەر بیرکردنەوەیەک، مرۆڤ کێش نەکات بۆ سەر فرمان کردن، تەنگوچەڵەمەی لێ دەوەشێتەوە. هەر پیاوێکیش خاوەن کاربێ، لە هەموو کەس دوورترە لەوەی کە مێشکی خۆی خەریک بکات بە بابەتە پێچەوانەکانی جیهانەوە، بەگیروگرفتەکانی ژیانەوە. ئەو لە ڕاستیدا وەک دێنە پێشەوە ئەو بابەتانە وەردەگرێ. ئەوەندە هەیە فرمانی بەتەنیا بەکار نایەت. هەروەها پێویستیشە مرۆڤ خەمی ئەوەیش بخوات کە فرمانەکەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵایەتییەدا ڕێک بکەوێ، کە خۆیشی یەکێکە لەو... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە بەرەنگاری بوون و شەڕوشۆڕکردنی هەموو دەمی مرۆڤ لە کەڵک دەخات. فرمانەکەیش وا لێ دەکات کە بەسەختی جێبەجێ بکرێ. تەنانەت هەندێ جاریش هەر سەرنەگرێ. جا لەبەرئەوە پێوست وایە کە کۆمەڵێکی وا هەڵبژێریت بۆ خۆت، کە تێکۆشانەکانیان وەک تێکۆشانەکانی خۆت ئاراستە بووبن. هەروەها لە ناوەند ئەوانیشدا نرخ پێدان و خەمخۆرییەک ببینیت بەرامبەر بارەکانی کارگوزارییەکانت. جا ئەگەر تۆ لەوانە بیت لەگەڵ خێزانەکەی خۆتدا لە شەڕوشۆڕدا بیت، چونکە بەلای خۆتەوە وایە ئەوانە تێت ناگەن، دەمودەست بگەڕێ بەشوێن ئەو دۆستانەدا کە لە بیرکردنەوەدا نزیکت دەکەونەوە و، لەگەڵتدا دەڕۆن بەڕێوە، نەک ماوە بدەیت بەخۆت، کە کامەرانیی خۆت و کامەرانیی ئەوانیش تێک بدەیت کە لەم شەڕوشۆڕەدا بەرامبەرت وەستاون. جا ئەگەر خۆت خودا ناسیت، ئەوا لەگەڵ خوداناساندا بژی. خۆ ئەگەر لە شۆڕشگێڕانیشیت ئەوا لەناو ئەوانەدا بژی کە وەک خۆت شۆڕشگێڕن، ئەم کارەیش بەهیچ کلۆجێک بەربەستی ئەوەت لێ ناکات، کە هەر لە کۆششی خۆتدا بمێنێتەوە بۆ هێنانە سەر ڕێی ئەوانەی کە لەسەر ڕێگای تۆ نین و بەرپەچت دەدەنەوە، تەنانەت لەم کۆششەیشدا بۆت دەردەکەوێ، کە ئەوانەی هاوبیری تۆن، پشتت دەگرن!.

یەکێک لەو هەڵانەیش کە زۆر کەس باوەڕی پێ دەکەن ئەوەیە کە مرۆڤ پێویستە پەسندکردن و ڕێزگرتنی کەسانێکی یەجگار زۆری دەست بکەوێ، ئەگینا کامەران نابێ، کەچی ڕاستییەکەیشی ئەوەیە، کە ئەوەندە بەسە بۆ پیاو کە ئەو کۆمەڵەی لە ناویدا دەژی و لێوەی نزیکن، کە زۆری خۆش دەوێن، کار و کردەوەکانی پەسند بکەن. جا ئەم جۆرە پەسندکردنەیش ئەوەندەی نەماوە کە بڵێم بەشێکی پێویستە لە بەشە پێویستییەکانی کامەرانی.

## خۆشی لەمرۆت ببینە و دوارۆژی خۆیشت بدەرە دەست خودا

هیچ دڵی خۆت تەنگ مەکە بەو بیرە هیچوپووچانەوە کە لە بابەت کارەساتی ناخۆشی دوورەوە دێنە مێشکتەوە کە دڵنیا نیت لێیان بقەومێن. بەم بۆنەیەشەوە پیاوێکم بیرکەوتەوە کە چەند ڕۆژێک لەمەوپێش لە باخەکانی (توێلَری)دا چاوم پێکەوت. کابرا هەر بەتەنیا بەژێر دارەکاندا دەڕۆیشت و جیهانیشی لێ هاتبووەوەیەک. نە هەستی بەمنداڵە گەش و ڕووخۆشەکانی دەکرد، نە بەپرپشکی پلوسکە ئاوەکان کە بەئاسماندا بەرز دەبوونەوە، نە بەتیشکی ڕۆژەکەیش کەچی هەر بیری لەو سەرگەردانییە سامانییە، یاخود سەربازییانە دەکردەوە، کە بەلایەوە وابوو لە ماوەی دوو ساڵەکەی داهاتوودا دەقەومێن!. منیش پێم گوت: «تۆ شێتیت وا لە خۆت دەکەیت؟ کێ هەیە ئەوە بزانێ کە لە ساڵی داهاتوودا چی دەقەومێ؟... ئەمە ڕاستە کە ژیان سەخت بووە، کە پشووەکانی ئارامی دڵ و بێدەنگ و سەنگی کەم بوونەتەوە، بەڵام دوارۆژ هەرچۆنێک بێ، بێگومان بەو چەشنە نابێ، کە تۆ بەوجۆرە ڕەشبینییەی خۆتەوە هێناوتەتە پێش چاوی خۆت. کەواتە خۆشی لەمرۆت ببینە و، چاو لەو منداڵانەیش بکە کە بەگەشی و ڕووخۆشییەوە یاری دەکەن. یاخود بەواتایەکی تر: «چیت لەسەرە بیکە و، هەرچییش دەمێنێتەوە بیهێڵەرەوە بۆ خودا!...» ئەمەیش ڕاستە و ئاشکرایە کە دەبێ پیاو بۆ دوارۆژی خۆیشی خەریک بێ. ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە خەریکبوونە هەر دەبێ لەو ئەندازەیەدا بێ کە مرۆڤ پێی بکرێت کار لە کارەساتی ڕۆژگار بکات. ئەو پیاوەیش کە بۆ فرمان کردن دروستکراوە، نابێ خۆی بداتە دەست چارەنووس. ئەندازیاری خانوو دروستکردن، دەبێ بیر لە دوارۆژی ئەو خانووە بکاتەوە کە دروستی دەکات. کارگەریش دەبێ خەمی دوارۆژی خۆی بخوات کە پیربوو و پەکی کەوت دڵنیابێ لەوەی لە برسدا نامرێ. نوێنەری نەتەوەیش، پێویستە ئەنجامی ئەو لەنگەری پارە وەرگرتن و پارە بەختکردنە بخاتە پێش چاوی خۆی کە دەنگی خۆی بۆ دەدات، ئەوەندە هەیە پێویستە مرۆڤ هەرکاتێ لە بڕیاردان بووەوە، یاخود ڕێوشوێنی دانابۆ فرمانێک ئارام بەدڵی بگات، چونکە تا مرۆڤ دامابێ لەسەر هۆی زانین، نابێ بەخۆڕایی خۆی خەریک بکات بەوەوە کە بزانێ لە پێچوپەنای دوارۆژی نەزانراودا چی پەیدا دەبێ، یاخود چیی ڕوو دەدات!.

جا ئەگەر کامەرانی بۆ مرۆڤ پێکهات، گرنگترین فرمانی سەرشانی ئەوەیە کە ئەو کردەوە چاکانە و ئەو هۆیانەی کە کامەرانییەکەیان پێ پێکهاتووە پێیان پێدا نەنێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە زۆر کەسانی وا هەن، چ لە ژن، چ لە پیاو، کاتێ کە



سەردەکەون و بەکامی خۆیان دەگەن، لە کاتی سەرکەوتنەکەی خۆیاندا کردەوە جوانەکانی وەک: ژیری و لەسەرخۆیی و بەزەیی هاتنەوە و بەخشندەیییان لەبیر دەچێتەوە. کەچی هەر بەهۆی ئەو کردەوانەیشەوە بووە کە سەرکەوتوون و بەکامی خۆیان گەیشتوون، تەماشا دەکەیت: دەست دەکەن بەکەش و فش کردن و خۆهەڵکێشان و لە خۆبایی بوون و خۆنواندن و تووڕە و تڕۆیی. ئەمەندەیش لە خۆیان بایی دەبن و بەخۆیانەوە خەریک دەبن پێیان ناکرێ کار و فرمانی گەورە و پەسندی گشتیی جێبەجێ بکەن. لەبەرئەوە زووبەزوو گەوهەری خۆیان دەردەخەن و وایشیان لێ دێ کە هەڵنەگرن ئەو ناز و جیازەیان دەست بکەوێ. کەچی کە دەیشیانبینی سەریان سوڕدەمێنێ و سەرسام دەبن لەوەی کە بەختیان لە ڕووناکییەوە گەیشتۆتە تاریکی!... ئەو ڕەوشتی پێشینانەیش کە کاوڕ و گایان سەرپڕیوە بۆ خوداکانی خۆیان لە کاتی گەیشتنیاندا بەکامەرانی بەڕەوشتێکی تێگەیشتووانە دادەنرێ. بەڵام بەلای منەوە وایە، کە گەورەترین شێوەی خۆبەختکردن و ساکارترینیشی ئەوەیە کە مرۆڤ: بچووک خۆی بنوێنێ!.

## کامەرانی و خۆشەویستی!

ئەو ڕابەرییەیش کە دەیکەن بۆ گەیشتن بەکامەرانی خۆمان دامان نەهێناون. چونکە ئەو ئامۆژگارییانە زانراو و ناسراون. هەر لەو کاتەیشەوە کە ڕاستی پەرستەکان پەیدابوون لە جیهاندا، ئەو ئامۆژگارییانە دراون بەگوێی مرۆڤایەتیدا. چونکە ئەوانە باش بیریان کردۆتەوە، چاک وردبوونەتەوە. جا ئەو ڕاستیی پەرستانەی کە لە سەرەتادا پەیدابوون و وەک (هەیوانییەکان = الرواقیون) و (ئەپیکوورییەکان)، ئامۆژگارییان وا دەکرد: کە مرۆڤ مل بدات بەچارەنووسی خۆی، کە تا پێی دەکرێ لە ئارەزووەکانی خۆی کەم بکاتەوە، کە لەگەڵ دەروونی خۆیشیدا بەخۆشییەوە بژی. ئەمەیش ڕاستی پەرستیی پیاوە کۆنەکان بووە لەگەڵ زۆر کەس لە ڕاستی پەرستە تازەکان.

کەچی هەندێ ڕاستی پەرستانی تریش هەن وەک «نیتشە» دەڵێن: «ئەم ملدانە چییە کە بۆ چارەنووسێکی هیچ و پووچی خواروخێچ بکرێ؟ ئەم کامەرانییەیش چییە کە نە واتای تێدا ماوە و، نە نرخیشی هەیە؟... ئەم دوورە و پەرێزییەیش چییە کە لە ژیانێک بکرێ کە پڕ بێ لە تەنگوچەڵەمە؟... بۆچ ئەمەندە سەرکزی و ملکەچی بنوێنین؟ ئەوی پێشکەشمانی دەکەن هەر ئەمەندەیە؟... کەواتە نەء. ئێمە کامەرانیمان ناوێ. ڕاستییەکەی دلێری و فرمانمان دەوێ!».

بەڵام کە پیاو لە فرماندا بوو، چی هەیە تەگەرەی لێ بدات کە کامەرانیی بوێ؟ لە ڕاستیدا کامەرانی بریتی نییە لە سرەوتی ڕووت. هەروەها بریتییش نییە لە گەڕان بەدوای دڵخۆشیدا، یاخود بەدوای بێ فرمانیدا...

کام ڕاستی پەرست لە هەموویان ڕووگرژترە، ئەویش وەک هەموو کەسێکی تر بەدوای کامەرانیدا دەگرێ. ئەوەندە هەیە ئەویش لە ڕێگای خۆیەوە بۆی دەچێ. بۆ وێنە: لە ڕێگای چەند و چوون کردن و تێگەیشتنەوە کە بەکەرەستەی هەرە گەورەی کامەرانی دادەنرێ. چونکە چەند و چوون کردن ڕێگا تەخت دەکات بۆ کامەرانی، بەسایەی ئەوەوە کە هۆش لە خرۆشە بێ بەرەکانی خۆی ڕزگار دەکات. هەروەها دەمەقاڵیی بێ فەڕیش بێدەنگ دەکات لە ناوەند هەست و تاسە هەرە پڕوپووچەکاندا. جا ئەگەر ئەوە پێکهات کامەرانییش لە توانایيدا هەیە کە پێک بهێنرێت. بەڵام ئاخۆ ئەم کامەرانییە چۆن دەبێ؟... من باوەڕیم وایە، کە ئەم کامەرانییە بریتیی لە بابەتێکی تێکەڵ لە (خۆشەویستی) و (خۆنەنواندن). خۆشەویستییش زۆر شێوەی هەیە کە لەگەڵ یەکتردا زۆر جیاوازن. لەوێوە دەست پێ دەکات کە دوو مرۆڤ یەکتریان خۆش بوێ. لەوێیشدا دەبڕێتەوە کە مرۆڤ هەموو مرۆڤایەتیی خۆش بوێ. ئەمەیش ئەو خۆشەویستیەیە کە بوێژەکان بەجوانی پیشانیان داوە. جا هەر کەسێکیش چەند کاتێک، یان چەند ڕۆژێک، یاخود چەند ساڵێکی بەخۆشەویستییەوە ڕانەبواردبێ لەگەڵ کەسێکدا کە خۆشی ویستبێ، لە تواناییدا نییە کە لە واتای کامەرانی تێ بگات. چونکە پێی ناکرێ جۆرە شاهکارێکی ئەمەندە خاوەن تەمەن بهێنێتە پێش چاوی خۆی کەوا لە چاو ئەنداز و کارەساتە ئاساییەکان بکات، جوان و شەنگ و شۆخ دەربکەون و مرۆڤ چاوبەست بکەن!.».

بەڕاستیی «ستاندال»یش یەکێک بوو لەو کەسانەی بەتەواوەتی تێگەیشتبوو: کە لە ناوەند (کامەرانی) و (خۆشەویستی)دا تێگەیشتنێک هەیە لە یەکتری!... ئەمەیش بەوەدا دەرکەوت کە لە یەکێک لە چیرۆکەکانی خۆیدا لە کامەرانیی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەدوێ کە ناوی (فابریس)ە، کاتێ کە لە بەندیخانەی «بارم»دا بووە. (ستاندال) دەڵێ: «لاوەکە لەژێر مەترسیی مردندا بوو. بەڵام ئەم تەنگوچەڵەمەیە بۆ ئەو کەم بووبووەوە لەودەمەوە کە «کلیلیا»ی یاری جاربەجارێک کوتوپڕ سەری لێ دەدا و، بۆ ماوەیەکی کەم کەمیش لای دەمایەوە، کە بەهۆی ئەو سەرلێدانانەوە ڕۆژگاری بۆ ڕۆشن بووبووەوە و، شەوگاریشی بۆ پڕبووبوو لە خەو و ئاواتی پڕ کامەرانی!...».



## خۆشەویستی ئاسوودەیی دەدات بەدڵ!

هەندێ خۆشەویستییش هەیە، کە لە دەستکەوتنی کامەرانیدا هەر لە خۆشەویستیی ناوەند ژن و پیاو دەکەن، وەک: خۆشەویستیی دایک بەرامبەر منداڵەکەی، خۆشەویستیی هەڤاڵەکان بەرامبەر پێشەواکەیان، خۆشەویستیی هونەرمەند بەرامبەر کارەکەی خۆی، خۆشەویستیی خوداناسیش بەرامبەر خودای خۆی.

جا ئەو تاوەی بەتەواوەتی خۆمانمان لەبیر دەچێتەوە و لەگەڵ کەسێکی تردا تێکەڵ دەبین – کە بابەتێکی شاراوە پاڵمان پێوەدەنێ بۆ ئەوە و هۆشمان پەیی پێ نابات – ئەو تاوەیە کە دەگەینە کەناری کامەرانی. ئیتر ئەو تاوەی کە ئێمە لەناویدا دەتوێینەوە، ئەو کارەساتانەی کە فڕیان بەسەر ئەو کەسەی ترەوە نییە، بەلامانەوە هیچ نرخێکیان نامێنێ. جا ئەو ژنەی کامەران نییە، هەتا دێ هەر بۆ بەزمورەزم و خۆش ڕابواردن دەگەڕێ، کەچی ئەو ژنەی دڵداری لەگەڵ پیاوێکدا دەکات، بەڕاکشانی سەر زەوییش هەر دڵی خۆش دەبێ!.

ئەمەیش ڕاستە کە ئەگەر مرۆڤ خۆشەویستیی خۆی بەکەسانی کز و بێدەسەڵات بەخشی، زۆری پێناچێ تووشی دڵتەنگیی و سەرگەردانی دەبێ، دەکەوێتە ژێر چنگی هەست و تاسەی خۆیەوە. چونکە هەرکەسێ گرفتاری ژنێک بووبێ یاخود منداڵەکانی خۆی، یان نیشتمانەکەی خۆی یەجگار خۆش بوێ، لە ڕاستیدا خۆی دەخاتە ژێر باڵی بەختەوە. ئەو هەرچەندە وایش بنوێنێ کە لە تەندروستی دایە، بەڵام زۆری پێناچێ تووشی دڵشکاوی دێ. هەروەها هەرچەندە وایش بنوێنێ کە بەهێز و هەڕەتە، بەڵام لەدواییدا کز و لاواز دەبێ. هەر چەندێکیش وا بنوێنێ کە ئازایە و بەئارامە و، بەرامبەر سەختی بەرگە دەگرێ و، زوویش کۆڵ نادات، بەڵام دوایی ناچار دەبێ بپارێتەوە لە کەسانی تر کە بەزەییان پێیدا بێتەوە. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە دەکەوێتە ژێر چنگی بەختەوە، بەدڵێکی پڕ گلاراوییەوە چاو دەبڕێتە نەخۆشیی ئەو کەسانەی کە گرفتاری خۆشەویستییان بووە، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەمەندە ئازار بەدڵی بگات، لە ئازاری نەخۆشیی خۆی زۆرتربێ!. چونکە ئەو هەرچەندە هێز و هەڕەتەکانی لەشی لە جێی خۆیان دان و تەواون، بەڵام بەدڵ حەز دەکات دەستی یارمەتی درێژ بکات بۆ خۆشەویستە نەخۆشەکەی خۆی، کەچی هەرچەند دەکات یارمەتییەکانی کەڵکێک ناگرن. جا لەبەرئەوە پڕ بەدڵ ئاوات دەخوازێ کە خۆی نەخۆش بکەوێ و ئەو خۆشەویستە ناسک و نازدارە بەنرخانەی

نەخۆش نەکەون. کەچی نەخۆشییەکە، ئەمەندە زۆردار و ستەمکارە، بەئارەزووی خۆی نەبێ نێچیری خۆی هەڵنابژێرێ. ئەو هەر سەربەستیی خۆی دەوێ، بەکاری بهێنێ، نەک بەزەیی بەکەسدا بێتەوە. جا لەبەرئەوە زۆری پێناچێ، هاوڕێکەمان، ناچار دەبێ هەست بەخۆی بکات کە پیاوێکی ترسنۆک و ناپاکە و زۆرداری دەکات. هەمووی هەر لەبەرئەوەیش کە نەخۆش نەکەوتووە!... ئەم جۆرە ئازاری دەروونییەش لە هەموو ئازارەکانی تر کە تووشی مرۆڤ دێن سەختترە!...

جا بۆ ئەمەی مرۆڤ خۆی لەم جۆرە دڵشکاوی و ئازارانە بپارێزێ، ڕاستی پەرستە هەیوانییەکان ئامۆژگاری وا دەکەن کە مرۆڤ گەنجی خۆشەویستیی خۆی لە هیچ شوێنێکدا دانەنێ، تا لەوە دڵنیا نەبێ کە خۆشەویستییەکەی دەژی و بەرگە دەگرێ و، بەخۆشەویستییش بەرامبەری دەکرێ. جا لێرەوەیە کە کامەرانییەکی زیندووی پاکی هەموو دەمیی پەیدا دەبێ بۆ ئەو خوداناسە سەر ڕاستانەی کە خۆیان دەپارێزن لە گوناهـ، سەبارەت بەو خۆشەویستییەی کە هەیانە بەرامبەر خودا و پێغەمبەرەکانی.

## بەسەزمانەکان لە هەموو کەس کامەرانترن!...

یەکێک لەو بەرهەڵستە سامناکانەی دەکەونە سەرە ڕێگای کامەرانی ئەوەیە کە مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە کە مێشکی پڕبووە لە ئاین و پێشبینییە تازەکان کە پڕن لە پێچوپەنا، لەم چەرخەی ئێمەدا تووشی ڕاڕاییەک دێ لە کاتی ئەوەدا کە خەریک دەبێ هەست و تاسەکانی ناو دڵی خۆی شی بکاتەوە و بیانخاتەوە سەر بنجوبناوانی خۆیان و هۆی پەیدابوونیشیان بدۆزێتەوە. کەچی لەلایەکی تریشەوە گیانلەبەرەکان و مرۆڤە بەسەزمان و ساکارەکان لە ڕێگایەکی واوە کامەرانییان دەست دەکەوێ کە لەگەڵ سروشتدا زۆرتر دەڕوات بەڕێوە. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئارەزووەکانی دڵیان لە هی ئەوانی تر ساکارتر و ڕاسترە!. چونکە مرۆڤی نوێی پێشکەوتوو، واتا مرۆڤی شاری هەر لە تووتییەک دەکات کە بۆتە بەندەی چەنەبازییەکەی خۆی و لە پەنای ئەودا دەژی، کە هەرگیز وازناهێنێ لەوەی کە نیاز ببەخشێ بەخۆی، هەست بەرامبەر ئەو شتانەی کە دەیانبینێ کەچی لە ڕاستیدا هەست بەهیچ تاسەیەکی خۆشەویستی یاخود نەنگەویستی بەرامبەریان ناکات!... چەند ساڵێکیش لەمەوپێش ڕۆژنامەی (تایمز)ی ئینگلیزی لە ستوونێک لە ستوونەکانی خۆیدا ئەم پرسەی بڵاوکردەوە، کە لە خانەی سکاڵادا نووسرابوو: «ئاخۆ حەز دەکەیت ڕازی کامەرانی بزانیت؟» لەپاش ئەوە لە هەموو لایەکەوە



نامەی خوێندەوارانی بەسەردا داباری، لەوانەوە کە «بەدوای کامەرانیدا دەگەڕان». ڕۆژنامەکەیش بۆ هەریەکەیان نامەیەکی وەرام دایەوە کە ئەم چەند دێرەی (پێیر مەتتی)ی تێدا نووسرابوو کە لە نووسراوەکەیدا هەیە: « داوا بکەن دەتاندرێتێ.بخوازن دەستتان دەکەوێ. لە دەرگا بدەن بۆتان دەکرێتەوە. چونکە هەرکەسێ داوا بکات وەری دەگرێ، هەر کەسێ بخوازێ دەستی دەکەوێ هەر کەسێکیش لە دەرگا بدات بۆی دەکرێتەوە».

ئەمەیش لە ڕاستیدا ڕازی کامەرانییە، چونکە هەر کەسێ بەدوای خۆشەویستیدا بگەڕێ دەیدۆزێتەوە. هەر کەسێکیش بێ خۆپاراستن خۆی بەخت بکات لە پێناوی خۆشەویستیدا دۆستی دەست دەکەوێ. هیچ کەسێکیش کامەرانیی دەست ناکەوێ، ئەو کەسە نەبێ کە پڕبەدڵ ئارەزووی دەکات!...

کامەرانییش ئەگەر بێتو بیبەینەوە سەر بنجوبناوانی خۆی، هەر ئەوەتا کە ئەویش چەند جۆرە خەباتکردن و خەفەت خواردنێکە، کە ئەو دەرمانی چاوبەستنەیان بەناودا دەڕوات، کە هەرچی خۆشییەکی هەیە لە سایەی ئەوەوەیە، مەبەستیشم لەوە: (هیوا)یە!...

## کامەرانی بێ خۆشبینی پێک نایەت!

جا لەمانەوە هەمووی بۆمان دەردەکەوێ کە ژیانی کامەرانی و ژیانی سەرگەردانی لە ئارادا نییە. چونکە لە ڕاستیدا کەسایەتی یاخود بەواتایەکی تر «دەروونی کامەران» و «دەروونی سەرگەردان» هەیە. چونکە هەرچی ڕەشبینە کە هەستی بەسەرمایەک کرد دەڵێ: «ئاخ لە دەست سەرما. ئەوەندەی ماوە لە ناوم ببا»!. کەچی پیاوی خۆشبینیش دەڵێ: «کزەبای سارد چەند خۆشە» ئەم لەبەرئەوە کامەرانە کە هەست بەگەرمی دەکات. بۆیەکا هەست بەگەرمی دەکات کە کامەرانە!... هەروەها ئەگەر نەخۆشیش بکەوێ، هەر لە خۆشبینیی خۆیدا دەمێنێتەوە.

بیرم دێ مامۆستایەکی ڕاستی پەرستم هەبوو، جارێکیان تووشی نەخۆشیی زەردوویی بوو. من لە ژیانی خۆمدا لەو مامۆستایەم خۆشبینێکی ژیرتر نەدیوە. خۆ هەستیشی دەکرد بەنەخۆشییەکەی خۆی. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت: «من ئەوە دەزانم کە تووشی نەخۆشیی زەردوویی بووم... ئەمەیش وا هەڵدەگرێ کە دڵم پێی تەنگ ببێ، بەڵام تا خۆم ئارەزووی دڵتەنگیی نەکەم دڵتەنگ نابم!...». بەڵام لە بێ بەختیمانە کە هەموومان ڕاستی پەرست نین. خۆشبینییش بەندە بەچەند هۆیەکەوە: لە سەرووی هەموویانەوە بەندە بەدایک و باوکەوە. پاشان بەپەروەردەکردنەوە لە تافی منداڵیدا، چونکە هەر منداڵێک لە

باوک و دایکێک بووبێ کە ڕێک بن لەگەڵ یەکتردا و، بیگرنە خۆشەویستیی خۆیان، بەدرێژایی ژیانی خۆی بەو هەستەوە دەژی کە لە تافی منداڵیەوە پێوەی گەورە بووە. ئەو هەستەیش بەرامبەر جیهانێک دەکات کە پڕی بێ لە خۆشەویستی و گەرموگوڕیی هەست و تاسە و تێگەیشتن لە یەکتری. هەرچی خێزانە ناکۆکە پچڕپچڕەکانیشە کە لەناو یەکدا بوون بەبەش بەشەوە، منداڵەکانیان وا بەخێو دەکەن کە ڕەشبین بن لە ژیانیاندا. ژنی ناکۆکیش لەباریدا هەیە لە مێردەکەی خۆی پیاوێکی وا دروست بکات کە لە چاوێلکەیەکی ڕەشەوە تەماشای ژیان بکات!...

## چوار دەرمان بۆ کامەرانی!

ئەوەندە هەیە هەروەک لەمەوپێش گوتمان کامەرانی بریتییە لە کارێک کە بەدەست خۆمانە جێبەجێی بکەین. لەبەرئەوە لە توانابییماندا هەیە کە دەروونی خۆمان و کەسایەتی خۆمان سەرلەنوێ دابڕێژینەوە، تەنانەت لە پاش تافێکی منداڵیی پڕ هەناسەساردی و ژن هێنانێکی سەرنەگرتوویش.

لای منیش چوار دەرمان هەیە بێ ئەوەی بەتەواوەتی ئەو نەخۆشییە چاک بکاتەوە. هەر لەو بابەتانەیشەوە دەرم هێناون کە لەمەوپێش بەدرێژی لێیان دوواوم:-

(١) فرمان. یاخود هەروەک «شیللی» گوتوویەتی: «لەڕاستیدا کامەرانیی پیاوی هەناسەسارد لەناو (کار و فرمان) دایە.» چونکە بیرکردنەوەی بۆ سەرووپێ و بێبەر، کە پیاو ناخاتە سەر فرمانکردن، هەموو دەمێک بەرەو سەرگەردانی دەبات. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە دڵی مرۆڤەکە پڕ دەکات لە گومان و سەرلێشێواوی. کەچی کار و فرمان هەر کار و فرمانێک کە پێت بچێتە سەر ڕاستەوڕاست دەتبا بۆ کامەرانی.

لەم بابەتەیشەوە (بەرتراند ڕەسل) دەڵێ: «کاتێک کە گوێ دەگرم لە دەمەقاڵێی دۆستە زیرەکەکانم، پیاوە خوێندەوارەکان، هەر لە خۆمەوە ڕەشبینی دەمگرێ. کەچی کە لەگەڵ باخەوانێکی ساویلکەدا گفتوگۆ دەکەم هەست وا دەکەم کە ژیان هەڵدەگرێ بۆی بژین. لەبەرئەوە تەنانەت ئەو کار و فرمانانەیش کە بەرناگرن بۆمان، وەک هونەرەکان و یارییەکان، یەجگار بەکەڵکن. هەرچی هونەرە، ئەندێشەمان کێش دەکات بۆ ئەو ڕێگایانەی کە خۆشییان لێ وەردەگرین. گرەوکردنێکی یاریی (بریج)یش لە توانابییدا هەیە کە بیرکردنەوەکانمان لە دواڕۆژی نەزانراو لابدات، هەروەها لەو ڕابردووەیش بیرمان دووربخاتەوە کە بەهیچ کلۆجێک چارە ناکرێ!. کەواتە «شیللی» ڕاستی نەکردووە، کە



گوتوویەتی: «کامەرانیی دەروون لەناو کار دایە، بام ئەو کارە هەرچۆنێک بێ؟». پەیوەندییش لە ناوەند (کار) و (کامەرانی)دا بەڕادەیەکی وا بەهێزە کە پیاو ناچار دەکات، هیچ ڕۆژێک بێ کار و فرمانی تەواو نەمێنێتەوە. جا ئەگەر هاتوو لەو فرمانە لایدا کە هەموو ژیانی خۆی تێدا بەخت کردووە، بەبۆنەی گەیشتنیەوە بەتەمەنی پەککەوتەیی، پێویستە کارێکی تر بدۆزێتەوە بۆ خۆی، هەرچەندێ بچووکیش بێ... یاخود بەبابەتێکی دڵخوازی خۆیەوە خەریک بکات. یاخود دەست بکات بەخوێندنێکی تازە بابەت. واتا هەر دەبێ کارێک بدۆزێتەوە بۆ خۆی کە خۆی پێیەوە خەریک بکات. چونکە ئەمە تەنیا هەلێکە بۆ ئەو کە بتوانێ (لاوێنی)ی خۆی پێوە بپارێزێ!. یەکێک لە شاگردەکانی (سۆکرات) پێی گوت: «کە تۆ لە زینداندایت بۆچ فێری ساز و ئاواز دەبیت؟ خۆ ئەوەندەی نەماوە بگەیتە مەرگ». ئەویش وەرامی دایەوە، گوتی: «بۆ ئەمەی پێش مردنم زانیاریی خۆم پەرەپێ بدەم!.» سەیرکە ئەم وەرامە چەند جوانە!؟. چەند واتاکەیشی قووڵە!؟...

(٢) دڵت زۆر تەنگ نەبێ بەوەوە کە فڕی بەسەر تۆوە نییە. ڕەنگە تۆ بڵێی: «ئەوەی بەسەر «کووریا»دا دێ، یەجگار دڵم تەنگ دەکات». یاخود بڵێی: «بەڕاستیی «ئەندۆنیسیا» ئەمەندە شپرزە بووە، خەموخەفەت هەراسیان پێ هەڵگرتووم و، خەو و خۆراکیشم نەماوە!.». بەڵام تۆ نە کاربەدەستیت، نەئەندامی کۆڕی ئاسایشی نەتەوەکانی جیهانیشیت، کەواتە ئەوە چاکترە بۆ تۆ کە گەڕوگێچەڵی (کووریا) بۆ ئەوانە بەجێ بهێڵێت کە خاوەن پایە و دەسەڵاتن و، لە دەستیشیان دێ کە تێی بگەن و چارەیشی بکەن. لەم قسەیەیش وا تێنەگەیت کە دەبێ لە کەینوبەینەی جیهان ئاگادار نەبی. بەڵام تۆ ئەوەندەت بەسە کە لەو بابەتەوە شتێک بزانیت. هەرچی کار و فرمانی ڕاستەقینەی خۆیشتە ئەوەیە کە ببێتە هاونیشتمانێکی چاک و بەکەڵک لەناو ناوچەکەی خۆتدا. جا ئەگەر تۆ ئەم کارەی خۆت پێکهێنا و لە شێوەیەکی هەرە باشیشدا بردتەسەر هەروەها «ئەگەر هەموو هاونیشتمانێک ڕێبازی بەردەم ماڵەکەی خۆی پاککردەوە، هەموو شەقامەکە بەجارێک پاک دەکرێتەوە!.».

(٣) لەبیرت بێ، کە لەبیرت بچێتەوە!...

لە دەمی ئێستاتدا زۆرتر بژی تا دەمی ڕابردووت. چونکە زۆر کەسانی وا هەن، لە پیاو و لە ژن، کە ئەگەر بیرەوەریی سەرگەردانیی پێشوویان نەهاتایەوە مێشکەوە، بە (کامەرانی)یەوە دەژیان. گەلێک مێرد و ژن هەن کە ژیانی هەردوو لای خۆیان بەوە تاڵ

دەکەن، کە پشم و قینی کۆن دەهێننەوە یادی خۆیان و زیندووی دەکەنەوە، چ بەبۆنەی شتێکەوە بێ، چ بەهۆی بچووکترین گلەیییەوە بێ کە دەیکەن لە یەکتر. کەچی بۆ هەموو کەسێکیش وا هەڵدەگرێ کە پشم و قین لەبیر خۆی بباتەوە و، چاویش بپۆشێ لە گوناهی کەسانی تر. چونکە هەرکەسێ پشم و قین بنوێنێ بەرامبەر کەسانی تر، بێگومان هەموو کەسێکیش بەچاوی دوژمنایەتییەوە سەیری ئەو دەکەن. هەر کەسێکیش چاوپۆشین و لە گوناه خۆشبوونی نەبێ، بێگومان دوژمن لە خۆی کۆدەکاتەوە. پیاوی ژیریش ئەو کەسەیە کە لە سەردەمی ئیستای خۆیدا دەژی!

(٤): لە کارەساتی دوارۆژ زۆر پێش مەکەوە!...

تۆ ئەگەر «دووربین» بی، ئەمە شتێکی پەسندە، ئەوەندە هەیە لە ئەندازە دەرمەچۆ. بەتایبەتی لەبەرئەوەی تۆ ناتوانیت بزانیت بە هەموو شتێک کە لەمەودوا ڕوودەدات. (شکسپیر)یش ڕاستی کردووە کە گوتوویەتی: «هەرشتێک بەبیرماندا نەیەت بقەومێ، هەموو جارێ هەر ئەوە دەقەومێ!...». وە نەبێ ئێمەیش هەر لەوە ئاگادار نەبین کە لە دوارۆژدا پەیدا دەبێ، تەنانەت ئەگەر پێشبینییەکەیشمان ڕاست دەربچێ و ئەوی بەبیرماندا دەهات بقەومێ، قەوما، هەر ئەو بابەتانەی کە بەلامانەوە وا بوو دەقەومێن، دوورنییە کە کارێکی وامان لێ بکەن، گەلێک جیاواز بێ لەو کارتێکردنەی کە خۆمان بۆ خۆمان دیاری کردبوو!. کەسانی وایش هەن کە هەموو ژیانی خۆیان بەترس و لەرزەوە ڕادەبوێرن لە وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبیلێک، یاخود لە کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەک، کەچی ئەو کارەساتەی کە لێی دەترسان لێیان بقەومێ، لێیان دەقەومێ. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوساکە دەستیان ناپەرژێ هەست بەترس بکەن!... کارەساتەکە بەلای ئەو کەسانەوە سامناک دێتە پێش چاو، کەچی کە دەیش قەومێ، هەر چەند دەکەن هەست بەو ناخۆشی و تەنگانەیەناکەن!...

ڕەنگە ئێستا هەندێک لەوانە بڵێ: «بەگران مرۆڤ پێی دەکرێ (کامەرانی) لە کانگای دەروونی خۆیدا بدۆزێتەوە. هەرگیز بۆیشی ناچێتە سەر کە ئەو (کامەرانی)یە لەناو کارەساتی دەرەوەدا بدۆزێتەوە!...». ئەوەندە هەیە بام خەریک بین کامەرانی لەناو دەروونی خۆماندا بدۆزینەوە. چونکە بەسەرهاتی زۆرکەس لە پیاوە ژیر و تێگەیشتووەکان ئەوەیان ڕوون کردۆتەوە کە لە تواناییدا هەیە (کامەرانی) بەم جۆرە بدۆزێتەوە.

١٩٦٦/٥/٥

# هونەری ژیانی خێزانی

نووسینی: ئەندرێ مۆرِوا

ئەم نووسراوە

نووسراوی (هونەری ژیانی خێزانی)، لەلایەن نووسەری بەناوبانگی فەرەنسیی، (ئەندرێ مۆرِوا)وە، بەزمانی فەرەنسی دانرابوو. گۆڤاری (کتابی)، کە لە شاری قاهیرە دەردەچوو، لە خاکی میسردا و، خاوەنەکەی (حیلمی موراد) بوو، لە ژمارە (٩) هەمی مانگی (١١) هەمی ساڵی ١٩٥٢دا، بەکورتی و پوختی گۆڕیبوویە سەر زمانی عەرەبی. منیش لە ساڵی ١٩٦٦/٤/٢١دا گۆڕیمە سەر زمانی کوردی. (ئەندرێ مۆرِوا)ی شارەزا و پسپۆر، لە زانستەکانی (دەروونی) و (کۆمەڵایەتی ) و (پەروەردەکردن)دا، لە شێوەیەکی قووڵ و فراوان و، ڕاست و ڕەوان و، سووک و ئاساندا، لە بابەت (ژیانی خێزانی)ی نەتەوەی فەرەنسییەوە لێکۆڵینەوەی کردووە گیروگرفتەکانی ئەو ژیانە و، تەنگوچەڵەمەکانی و، هۆی ئەو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە و، چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانەی بەتەواوەتی دەرخستووە. ئەویش بۆ ئەمەی خێزانانی (کامەران) و (خۆش گوزەران) و (سەرکەوتوو)، لە خاکی فەرەنسەدا بێنە کایەوە، تا لەو خێزانانە نەتەوەیەکی (بەهێز) و (پێشکەوتوو) بۆ فەرەنسییەکان بێتە بەرهەم.

(نەتەوەی کورد)یش هەرچەندە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە (نەتەوەی فەرەنسە)، بەڵام لە ڕووی سروشتیی مرۆڤایەتییەوە، لە بنچینەدا وەک یەک وانە. چونکە وەک سەرنجم دا، نەتەوەی کوردیش ئەو جۆرە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە و، ئەو دەرد و نەخۆشییانەی هەیە کە (ئەندرێ مۆرِوا)، لە نەتەوەی فەڕانسەدا دەستنیشانی کردوون. لەبەرئەوە بەپێویستم زانی ئەم نووسراوە نایابە کە لە شاکارەکانی (ئەندرێ مۆرِوا) دەژمێرێ، پێشکەشی (نەتەوەی کوردی بەڕێز)ی بکەم، بەهیوای ئەوەی کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن. جا لە خودام دەوێ ئەم ئاواتەم پێک بێ.

شاکر فەتاح

(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

سلێمانی: ١٩٨٥



## خۆشەویستیی دوور لە مەبەس

ڕەنگە ڕاستترین قسە کە لە بابەت ژیانی خێزانییەوە کرابێ ئەوە بێ کە بوێژی خوداپێداو (پۆڵ ڤالێری) کردوویێتی، کە دەڵێ: «لەناو هەمموو خێزانێکدا جۆرە (وەڕسبوون)ێکی بێدەنگ و سەنگ هەیە، کە پاڵ دەنێ بەهەموو ئەندامێکی خێزانەکەوە ڕەو بکات لە ماڵ و بەئارەزووی خۆی بژی!... هەروەها لە ناوەند ئەندامەکانی هەموو خێزانێکیشدا هێزێکی چاولێکەریی سەیر هەیە کە نزیکیان دەخاتەوە لە یەکتری. ئەم هێزەیش لەو کاتەدا لە شێوەیەکی ڕاستەقینەدا دەردەکەوێ، کە هەموو ئەندامەکانی خێزانەکە لەمبەر و لەوبەری خوانی شێودا کۆدەبنەوە و، هەستیش بەخۆیان دەکەن کە ئازاد و سەربەستن و هەرکەسەیشیان بەئارەزووی خۆی دەجووڵێتەوە!».

ئەم قسەیەیش بۆیەکا بەدڵمە، کە نەژادیی و سەربەرزیی ژیانی خێزانی دەردەخات. هەروەها هۆی سەرگەردانی خێزانیش دەردەخات!... جا ئێمە، بەجۆرێکی تێکڕایی، لەناو هەموو خێزانێکدا ئەم دوو جۆرە هەستە پێچەوانەیە دەبینین: (وەڕسبوونی دەروون) و (پەیوەندیی گشت لایی). کێ هەیە لە ئێمە کە ئەم قسانەی (پۆڵ ڤالێری)، بیرەوەریی کۆبوونەوەیەک لە کۆبوونەوە خێزانییە جوانانەی نەخاتەوە یاد؟... ئەی کاممان لە ژیانی خۆماندا ڕۆژێکی وامان نەهاتۆتە بەردەم کە تووشی دڵشکاوییەکی وا بووبین، کە هیچ دەرەتانێکمان بۆ نەمابێتەوە کە پەنا بەرینەبەر ژیانێکی خێزانیی بێدەنگ و سەنگ لەناو لادێدا؟...

لە ڕاستیدا خۆشەویستیی خێزانی وەک گەنجێک وایە، نابێ بەڕەڵڵا بکرێ. چونکە هاوڕێکەت لەبەرئەوە تۆی خۆش دەوێ کە زیرەکیت. یارەکەیشت لەبەرئەوە تۆی خۆش دەوێ کە شۆخ و شەنگ و جوانیت... بەڵام خێزانەکەت هەر لەبەرئەوە خۆشی دەوێیت کە ئەندامێکیت لەو. خۆشەویستییەکەی ئەو دوورە لە هەموو هۆ و ئامانج و مەبەسێکەوە!... چونکە تۆ لەناو ئەودا لە دایکبوویت، لە گۆشت و خوێنی ئەویش دروست بوویت!...

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، ڕەنگە خێزانەکەت، لە هەموو کۆمەڵێکی تری سەر زەوی زۆرتر تووڕەت بکات، زۆرتریش قینت هەڵبسێنێ!... کێ هەیە لە ئێمە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە تافێکی لاوێنیی خۆیدا ئەمەی بەخۆی نەگوتبێ: «من لێرەدا هەناسەم توندبووە، خەریکم دەمرم. ئیتر لەمە بەولاوە ناتوانم لەگەڵ خێزانی خۆمدا گوزەران بکەم... نەئەوان لەمن تێ دەگەن، نەمنیش لەوان تێ دەگەم!».

کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کێ هەیە کە لەناو بێگانەدا بێ و کەمتەرخەمیی لەگەڵدا بنوێنن، یاخود بەچاوی سووک سەیری بکەن، هەست بەئارەزوویەکی بێ ئەندازەی دڵی خۆی نەکات بۆ گەڕانەوە بۆ ناو ئەو خێزانەی کە بەبیلبیلەی چاوی خۆی و جێی هیوای خۆی دەزانی؟

وێژەوانی بەناوبانگ (کاترین مانسفیلد) کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بووە، لە یادنامەکەی خۆیدا نووسیویە: کە بەپێویستی دەزانێ لە خێزانەکەی خۆی دووربکەوێتەوە چونکە تا لەناو ئەواندا بژی ناگات بەو پێگەیشتنەی کە خۆی دەیەوێ پێی بگات!... کەچی لە پاش ئەوەی کە لە خێزانەکەی خۆی دوورکەوتەوە و، لەناو کۆمەڵێک بێگانەدا نەخۆش کەوت، هەر لەناو ئەو یادنامەیەی خۆیدا نووسییەوە: کە پڕ بەدڵ یادی ڕۆژانی خۆی دەکاتەوە؛ کاتێ کە نەنکی دەهات بەلایەوە و پیاڵەیەک شیری گەرم و نانێکی بۆ دەهێنا و، بەدەنگە پڕ خۆشەویستییەکەیەوە پێی دەگوت: «ها کچە خۆشەویستەکەم بخۆ!». ئا بەم ڕەنگە (کاترین) کە کەوتە تەنگانەوە، هەستی بەخۆی کرد، کە هەر بەو هیوایەوە کە جارێکی تر خۆی لەناو ئەو خێزانەدا ببینێتەوە کە لەوەپێش خۆی لێ دوورخستبووەوە و ڕیسوای کردبوو، دڵی خۆی پڕکردبوو لە خۆشی و کامەرانییەکی وەها کە لە پێشیان دان نایەن!...

ڕاستییەکەیشی ئەوەیە: کە خێزانیش وەک ژن و مێردیی وایە. ئەمیش جۆرە یاسایەکی وایە کە گیروگرفتەکانی لە بایەخ و گرنگییە زۆرەکەیەوە پەیدابوون!... خێزانیش بریتی نییە لە یاسایەکی پێشبینییانە، کە یاسادانەر یاخود سەردارێک دروستی کردبی. ئەو لە ڕاستیدا ئەنجامێکی سروشتیی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی دابەش بوون بەدوو ڕەگەزەوە، کە منداڵ پێی ناکرێ خۆی بپارێزی، کە خۆشەویستیی دایک ئەو کەموکووڕیی منداڵە پڕ دەکاتەوە، کە خۆشەویستیی باوک لە هی دایک دەستکرد و ئەرکی زۆرتر تێدایە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتییشدا لەو تازەترە. لە ڕاستیدا بەشێکی بەرەو ڕووی دایکەکە -واتا ژنەکە- دەبێتەوە ئەوەندەی ئەو بەشەیە کە بەرەو ڕووی منداڵەکە دەبێتەوە!.

## کارتێکردنی ئارەزووی سروشتی لە پەیوەندییەکانی خێزان

جا هەرچییەکمان گوتووە لە بابەت پەیوەندییە تایبەتییەکانی ناوەند ژن و مێردەوە لە بابەت پەیوەندییەکانی ناو خێزانیشەوە هەروا دەردەچێ. بەواتایەکی تر ئەم پەیوەندییە خێزانییانە، هەموویان بەملا و بەولای هەستێکی زۆر سروشتیدا دەسووڕێنەوە، کە ئەویش «ئارەزووی دایکێتی»یە. تەنانەت ئەم ئارەزووی دایکێتییە لە زۆر جۆری



گیانلەبەرەکانیشدا هەیە!... چونکە ئەو هەستەی کە دایک هەیەتی بەرامبەر منداڵەکەی خۆی، هەستێکی پاک و جوانە. لەسەر ئەوە قسەی هەمووان یەکە... هەرچی دایکە بەلای منداڵەکەیەوە وەک پەرییەکی خاوێن وایە، کە بەهێزبێ و، هەموو دەمێکیش قسەی ڕاست دەربچێ، کە نەهێڵێ ئێش و ئازاری پێ بگات و، بیپارێزێ لە دەرد و سەرگەردانی کە کەرەستەی ژیان و خۆش ڕابواردن و خواردەمەنییشی بۆ ئامادە بکات...

بەکورتی منداڵەکە بەلایەوە وایە کە دایکەکەی پەناگا و شوێنی سرەوتی هەرە باڵایەتی، کە لە پەنای ئەودا گەرم دەبێتەوە و، دەحەسێتەوە و، سرەوت بەدڵی و ئارام بەدەروونی دەگات، کە هەست بەخۆشەویستی دەکات... لە سەرێکی تریشەوە منداڵەکە، بەلای دایکەکەیەوە، ئەو کەسەیە کە دەیپەرستێ، لەسەر ڕێدانی خودا و فەرمایشی ئاین!... خۆشەویستیی دایکیش بۆ کوڕەکەی و، خۆبەختکردنیشی لەپێناو پاراستنیدا، بەکردەوەیەکی چاکی وا دانانرێ کە چاکەی بدرێتەوە، یاخود سوپاسی بکرێ... چونکە ئەو خۆشەویستییە، لە ڕاستیدا جۆرێکە لە خۆپەرستی!... دایکەکە پڕ بەدڵ دەیەوێ خۆی بەخت بکات لە پێناو منداڵەکەیدا چونکە هەرچی منداڵەکەیە بەشێکە لە خۆی، لە گۆشت و خوێنی خۆی دروستکراوە... تەنانەت دڕندەکانیش فێری ئەوە بووبوون کە خۆشەویستی بنوێنن، پێش ئەمەی هیچ کۆمەڵایەتییەکی مرۆڤایەتی پەیدا بووبێ. ئەمەیش بەهۆی خۆشەویستیی ڕەگەزەوە پەیدا بووبوو لەگەڵ خۆشەویستیی دایکێتیدا!...

## خۆشەویستیی لەش و خۆشەویستیی دایکێتی

هەروەک خۆشەویستیی ڕەگەز بەندە بەئارەزووی لەش یاخود بەئارەزووی خۆپاراستنەوە. هەروەها خۆشەویستیی دایکانەیش، بەپێچەوانەی ئەوە بەندە بەخۆ بێبەشکردنەوە، بەخۆنەناسینەوە. ئەم خۆشەویستییەش بەپاکترین وێنەی خۆشەویستیی سروشتی دادەنرێ... تەنانەت خۆشەویستیی ئافرەتیش بەرامبەر بەپیاوەکەی خۆی، هەندێک لە خۆشەویستیی دایکانەی تێکەڵ دەبێ. هەروەک لە خۆشەویستیی (جۆرج ساند)ی وێژەوان دا دەردەکەوت بەرامبەر وێژەوان (ئەلفرێد دی مۆسێ)، یاخود بەرامبەر «شۆپان»ی ساز و ئاواز لێدەر... لەڕاستیدا خۆشەویستییەکەی ئەو بەرامبەر ئەو دووکەسە، بەشی دایکێتیی زۆرتر تێدابوو لە بەشی ئارەزووکردنی لەشیان!... وەنەبێ هەر «جۆرج ساند»ی ئافرەتیش هەروا بووبێ، چونکە لەپێش ئەودا «ژان ژاک ڕۆسۆ»یش «مادام دی ڤارین»ی کردبوو بەخۆشەویستی خۆی، کە بەتەمەن لە خۆی گەورەتر بوو، بۆیەکا پێی دەگوت: «دایە»!...

ئافرەتەکە هەرچەندە دالّداری ئەوبوو، بەڵام لە چاوی دایکێکەوە تەماشای دەکرد و، خۆشەویستیی بۆ دەنواند و بەتەنگیەوە دەبوو... ئەم چیرۆکە، هەروەها، لە ناوەند «بەلزاک»ی هەرزەکار و «مادام دی بێرنی»ی دلّدارەکەیدا ڕووی داوە... جا لەم وێنانە و هی تریشەوە دەردەکەوێ کە لە توانایيدا هەیە پەیوەندیی تاسەیی و ڕەگەزی لە ناوەند کوڕان و ئافرەتانی پێگەیشتوودا پەیدابێ کە لە تەمەندا لەوان گەورەتر بن. ئەم پەیوەندییانەیش ناوەڕۆکەکەیان بریتییە لە دلّدارییەکی بەهێز و هەڕەت لەلایەن کوڕەکانەوە. بەڵام لەلایەن ئافرەتەکانەوە بریتییە لە تێکەڵییەکی کز لە خۆشەویستیی ڕەگەزی و دایکێتی... جا ئەم جۆرە ئافرەتانە، کە لە تەمەندا گەورەن، هیچ کامێکیان خۆشەویستیی پێ ناچێتە سەر تا هەست بەوە نەکات کە کەسێکی لە خۆی کزتر «دەپارێزێ»، بەجۆرێکی وا کە قووڵترین ئارەزووی شاراوەی ببزوێنێ، کە ئەویش بریتییە لە ئارەزووی دایکێتی!... لە ڕاستیدا ئافرەتەکە ئەو کەسەی خۆش دەوێ و دلّداریی لەگەڵدا دەکات، کە لەسەر و شێوەیدا بەهێز و هەڕەتەوە دەربکەوێ بەڵام لە ڕاستییدا و لە دەرووندا، کز و داماوی یارمەتی بێ!... لە چیرۆکە ناسراوەکانی (برنادشۆ)یشدا: «چەک و پیاو» و «کاندیدا»، چەند وێنەیەکی تر هەن کە ئەم ڕاستییە کۆنە دەردەخەن.

## خۆشەویستیی دایک بەرامبەر منداڵەکەی دەبێ چۆن بێ؟!

خۆشەویستیی دایکیش بەرامبەر منداڵەکەی خۆی، یەکەم وێنەیە، کە منداڵ لە تەمەنی ساوایيی خۆیدا، خۆشەویستیی نموونەیی و خۆبەختکەری لێ فێر دەبێ!... جا ئەگەر منداڵەکە بەختی هەبوو، و خودا دایکێکی لەم ڕەنگەی دابوویە، هەرکە چاوی کردەوە، بابەتی وای دێتە بەرچاو، کە تێ بگات کەوتۆتە ناو جیهانێکی پڕ دلّسۆزییەوە، نەک جیهانێکی پڕ دوژمنایەتییەوە، بەجۆرێکی وا کە هەموو شێوەیەکی بەزەیی پێداهاتنەوە و، دۆستایەتی و خۆشەویستیی تێدا دەبینێ... هەروەها لەوەیش تێ دەگات، کە کەسانی وا هەن لەم جیهانەدا، کە هەڵدەگرن ڕاست و ڕەوان، بەتەواوەتی پشتیان پێ ببەسترێ... ئەوانە لەوانەن کە هەموو شتێک دەبەخشن، بەڵام لە تۆڵەی ئەو بەخشینانەدا هیچ شتێکیان ناوێ!... بەڕاستی ئەمە ژیانێکی زۆر ناوازە دەردەچێ کە منداڵ لە سەرەتای ژیانی خۆیەوە بکەوێتە ناوچەیەکی وەهاوە. چونکە ئەم ژینە لەباریدا هەیە کە منداڵەکە وا لێ بکات، هەتا لە ژیاندا بێ، بەرچاو فراوان و دڵگەش و خۆشبین بێ. کە لە چاویلکەیەکی جوانەوە سەیری جیهان بکات. کە هەموو دەم باوەڕیشی بەم جیهانە هەبێ،



کە بۆی دەبێتە سەرچاوەی کەڵک و چاکە و کامەرانی، تەنانەت ئەگەر تووشی خەموخەفەتیش بێ، یاخود سەرگەردانی و بەدبەختییش ڕووی تێ بکات... جا ئەم منداڵە پێچەوانەی ئەو منداڵە دەردەچێ کە دەکەوێتە ژێر چنگی دایکێکی بێ هۆش و کەللەبۆش و زۆردارەوە. ئەویش کە گەورە بوو پیاوێکی ڕەشبین و چێکلّدانە بچووک و، زوو وەڕس بوو، و دلّ پڕ لە گرێ دەردەچێ، کە کامەرانیی ژیانی لێ تێک دەدا و، ژینیشی لەناو دەبات!. کچانی وایش دەناسم کە لە تافی هەرزەکارییاندا هەموو دەم لە جەنگدا بوون لەگەڵ دایکەکانیاندا، کاتێکیش کە پێگەیشتن، بوون بەژنی مێردار و دایکی دلّتەنگ. پەلاماری کۆمەڵایەتییان دەدا. پڕ بەدلّ باوەڕیشیان وا دەکرد کە هەرچی ئافرەتێکی سەرزەمین هەیە دوژمنایەتییان لەگەڵدا دەکەن!...

لەلایەکی تریشەوە ئەو دایکەی کە ئالۆش و خرۆشی خۆی پاڵی پێوەدەنێ بۆ ئەمەی لە ڕێگای ڕاست لابدات، پێویستە کردەوە نەنگەکانی خۆی لەبەرچاوی منداڵەکانی خۆیدا نەکات، نەیشهێڵێ وای لێ تێ بگەن کە ئەو کردەوە چەوتانەی هەیە. چونکە ئەو منداڵانە کە هاتوو دەروونە خاوێنە تازەکەیان بەبینین یاخود بەپێ زانینی ئەو ڕەوشتە ناپەسندانە ئازاری پێگەیشت، ئەوەندە دلّ و دەروونیان ناسکن، پشم و قین و بێز لێ کردنەوە لەناخی دلّ و دەروونیاندا بنج بەست دەبن بەرامبەر دایکەکەیان، یاخود هەر هیچ نەبێ وایان لێ دێ کە ڕێز لەو دایکەیان ناگرن!... ئەمەیش دەبێ بەهۆی ئەوەی کە گەورەبوون و بوون بەباوک یاخود بەدایک، ئەوانیش لە تواناییياندا نامێنێ کە منداڵەکانی خۆیان لە شێوەیەکی تەواو و دروستدا خۆش بوێ!...

## خۆشەویستیی پیاو بۆ دایک دوور نییە کە بەباری خراپدا هەڵبگەڕێتەوە!

ئەوەندە هەیە، لەسەرێکی تریشەوە، ئەگەر دایکەکە زۆرتر لە ئەندازەی خۆی دلّسۆزی و خۆشەویستیی بنوێنێ بۆ منداڵەکەی خۆی، دوور نییە کە بەبارێکی خراپدا کار لە منداڵەکە بکات، واتا ئارەزوو و هەستی وای تێدا وریا بکاتەوە کە لەگەڵ تەمەنی ساوای منداڵەکەدا نەگونجێ!... بۆ وێنە لەگەڵ ئەو خۆشەویستییە پەسندەدا کە دەبێ هەیبێ بەرامبەر بەدایکەکەی خۆی و لەگەڵ ئەو ڕێزگرتنەیشدا کە دەبێ هەیبێ بەرامبەر بەدایکەکەی خۆی و، لەگەڵ ئەو ڕێزگرتنەیشدا کە دەبێ هەیبێ بۆ ئەو هەندێ هەست و تاسەی نەنگ و ناپەسند و سامناکیش بچێتە دلّیەوە بەرامبەر ئەو دایکەی... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا بەخۆی نەزانێ کە وای بەسەر هاتووە!...

(د. هـ. لۆڕنس) کە چیرۆک نووسێکی بەناوبانگی ئینگلیز بووە ئەم بارە ناهەموارەی زۆر بەناوازەیی پیشان داوە کە خۆیشی وەک ئەو کەسەی کە لە چیرۆکەکەیدا (کوڕان و دڵداران) نواندوویەتی، گرفتاری ئەو دەردە بووە. لە چیرۆکەکەیدا وای پیشان داوە کە کوڕێک دایکەکەی خۆشەویستییەکی یەجگار زۆری لەگەڵدا نواندووە، بەجۆرێکی وا کە ئەوەندە دایکەکەی خۆی بەدڵدا چووە، کە گەورە بووە نەیتوانیوە لە دایکەکەی خۆی بەولاوە حەز لە هیچ ئافرەتێکی تر بکات!...

بێگومان ئەو بارانەی لە سەرەوە دەرمانخستن، بەباری جیاواز و لە ئەندازەبەدەر[1] دەژمێرێن... بەڵام باری سروشتی ئەوەیە کە ژیانی خێزانی ماوەی ئەوەمان دەدات کە مەشقی خۆشەویستی بکەین!... جا هەر ئەمەیشە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەگەڕێینەوە ناو خێزانەکانمان، هەست بەکامەرانییەکی سەرسوڕهێنەر دەکەین، بام لە دڵیشدا قینمان لێیان بێ!... ئەوەندە هەیە ئەو واتایانەی کە لە بابەت خۆشەویستییەوە، لە تافی منداڵیمان دا، لەناو خێزانەکانماندا، فێریان دەبین، هەر ئەوانە نین کە دەبنە هۆی هانەدانمان بۆ گەڕانەوە بۆ لای خێزانەکانمان. بێجگە لەوانە خانووی خێزانەکەیشمان هانەمان دەدات بۆ گەڕانەوە بۆ ناو خێزانەکەمان. چونکە هەر لەوێدا کە خۆمان بەڕەڵڵا دەکەین و، چۆن ئارەزوو دەکەین وەها دەچوولێینەوە!...

## خۆشییەکی بێ ئەرکی ژیان

ڕەنگە یەکێکیش بپرسێ بڵێ: «بۆچ ئەم مەبەسە بەگران چنگ دەکەوێ؟ بۆچ لە هەر کوێیەکدا ئارەزوو بکەین، ناتوانین وەک خۆمان دەمانەوێ بجوولێینەوە؟... وەرامیش بۆ ئەم پرسە، بێگومان هەر ئەوەیە کە بڵێین نەء!... چونکە ئێمە لەناو کۆمەڵایەتیدا ڕوویەک پیشان دەدەین. پێڕەوییەکی تایبەتییشمان داناوە بۆ خۆمان لەسەری دەڕۆین، کەسایەتییەکی خۆیشمان هەیە دەینوێنین. کۆمەڵایەتی و پێویستیی کار و فرمانەکانیشمان هەندێ فرمانیان خستۆتە سەرشانمان پێویستە بەجێیان بهێنین... هەرچی ژیانی ناو خێزانێکیشە، کە ئەندامەکانی هۆگری یەکتر بن، ئەو فرمانانە و ئەو ڕووکەشە جوێ جوێیانەی کە ئەندامەکانی خێزانەکە ناچارن لە دەرەوەی ماڵدا جێبەجێیان بکەن، لەناو خێزانەکەدا بەتەواوەتی کەم دەبنەوە. چونکە ئەو ئەندامانە ئێواران لەناو ماڵێدا کۆدەبنەوە. باوکەکە لەناو تەختی دانیشتنەکەی خۆیدا سرەوت دەدا بەخۆی و دەست دەکات

(١) واتا: حاڵەتی شاز.



بەڕۆژنامە خوێندنەوە، یاخود خۆشی لە وەنەوزدانێک وەردەگرێ... دایکەکەیش خۆی بەدەرزی کاری و چنینەوە خەریک دەکات، یاخود لەگەڵ کچە گەورەکەی خۆیدا لە بابەت سێ چوار بابەتەوە گفتوگۆ دەکات، کە هەموو کەیبانوویەک پێیانەوە خەریکە... کەچی یەکێک لە کوڕەکان لەبەرخۆیەوە گۆرانییە پەسندەکەی خۆی بەچاککردنەوەی کەلوپەلی کارەباکەوە خەریک دەکات... سێهەم منداڵیشیان دەست دەکات بەکردنەوەی ڕادیۆ... جا ئەم کردەوانەیش هەموویان پێچەوانەی بێدەنگ و سەنگین... چونکە ڕادیۆ لێدانەکە سەر لە باوکەکە تێک دەدات و ناهێڵێ ڕۆژنامەکە باش بخوێنێتەوە، یاخود خەوەکەی لێ دەشێوێنێ، بێدەنگیی باوکەکەیش، دایکەکە وەڕس دەکات... مقۆمقۆی دایکە و کچەکەیش، دەمار مێشکی منداڵەکانی تر دەورووژێنێ ئەوانە هیچ کامێکیان زۆر لە خۆیان ناکەن هەست و تاسەی خۆیان دەرنەبڕن. چونکە کەم هەڵدەکەوێ کە شێوەی هەڵسان و دانیشتن لەناو ئەندامانی خیزانێکدا ڕابگیرێ!... بەم ڕەنگە لەوانە هەر کامێکیان بگریت پڕ بەدڵ باوەڕی وایە کە ئەوانی تر شێتن و، بەهیچ کلۆجێک گوزەرانیان لەگەڵدا ناکرێ... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا گوزەرانیان لەگەڵ دەکات و، ئەوەیش دەزانێ کە پێویستە لەوەیش دڵنیابێ، کە هەر کامێک لەوانە ،لەوانەیە کە بۆڵەبۆڵێکی وەک بۆڵەبۆڵەکەی خۆی بدا بەگوێیی دا، یاخود چاوپۆشینێکی وایان لێ بوەشێتەوە کە بەرپەچدانەوە و سەرکێشیی لەگەڵدا بێ!... جا ئەو جۆرە کەسانە، خۆشییەکی سەرخۆشانە لە ژیانی خێزانیدا نادۆزنەوە. بەڵام هەروەک لەمەوپێش گوتمان، دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان بجوولێنەوە و، ئەو سرەوتەیش کە دەیانەوێ، دەستیان بکەوێ و پێی کامەران بن. چونکە هەموویان ئەوە دەزانن کە لەناو کۆمەڵێکی وا دان، کە هەرکەسەیان بەوانی ترەوە ڕاهاتووە. خۆ ئەگەر پێویستیش بێ، لە گیروگرفت دا هاوبەشیی ئەوانی تر دەکات... جا ئەگەر یەکێک لەم لاسایی کەرەوانەی ناومان بردن، هاواری کرد لە دەست تاولەرزێکی ناکاو، بێگومان ئەوانی تر دەمودەست خەمی دەخۆن و بەنەخۆشییەکەی دڵتەنگ دەبن. بۆ وێنە: خوشکەکەی پێخەفی بۆ ئامادە دەکات تا تێیدا بنوێ. دایکەکەی بەدیاریەوە دەمێنێتەوە، خەمی نەخۆشییەکەی دەخوات، تا چاک دەبێتەوە. یەکێک لە براکانیشی بەهەڵەداوان خۆی دەگەیێنێتە لای دەرمان فرۆشێک، بۆ دەرمان کڕین. بەم جۆرە نەخۆشەکە بەتەنیا نامێنێتەوە، بەڵام ئەو پیاوەی بێ خێزان بێ و تاک بێ لە جیهاندا، لە سڕوساردیی تەنیاییدا دەست دەکات بەلەرزین... لەو شوێنانەیشدا کە پەیوەندییەکانی خێزانی ڕوویان کردۆتە کزی سا لەبەر هەر هۆیەک بێ - پیاوەکان هەست بەپێویستیی لە یەک

نزیکبوونەوە دەکەن. لە بیرکردنەوەی خۆیشیاندا دەچنە سەر بیروباوەڕی کۆمەڵ بەو مەبەسەی کە تۆڵەی ونبوونی ئەو کۆمەڵە بچکۆڵەیە بۆ خۆیان بکەنەوە، کە پێی دەڵێن: «خێزان» و ئەندامەکانیشی دڵیان پڕە لە خۆشەویستی و هەست و تاسەی گەرموگوڕ بەرامبەر یەکتر.

## شەڕوشۆڕی ناو خێزان!

ئەمەیش ئاشکرایە کە ژیانی خێزانی ڕەنگە بێ وەی نەبێ. بەوێنە: وەک ئەو ئارەزووی سەرکێشییەی کە لە مێشکی زۆر کەس لە هەرزەکاران دایە. چونکە خێزان هەروەک خۆشەویستیی تێدا دەڕوێ نەنگەویستییشی تێدا دەڕوێ. ئەم پشم و قینەیش زۆرجاری وا هەیە توندوتیژ دەبێ. چونکە پێچەوانەیی کەڵک و پێویستیی ئەندامەکانی خێزان پەرە بەوپشم و قینانە دەدات!. بێجگە لەوە ئەوەندەیش دڵ ڕاگرتن و کردەوەی شیرین لەناو ئەندامەکانی خێزانەکە دانابێ، کە هەندێ لەو توندوتیژیی شەڕوشۆڕەیان کەم بکاتەوە. من لەوەپێش ڕابواردنێکی شەویی خێزانێکم پیشان دا، کە هەموو ئەندامەکانی خۆشی لە سرەوت و حەسانەوەی تەواوی خۆیان ببینن، چ لە ڕووی هۆشەوە، چ لە ڕووی لەشەوە. هەروەها هەریەکەیشیان بێ پەروا بەئارەزووی خۆی ڕاببوێرێ. بەڵام ئەم جۆرە سەربەستییە بەرەڵڵایە بۆ کوێیان کێش دەکات؟... بێگومان ئەمیش وەک هەموو سەربەستییەکی بێ سنوور دەیانخاتە ناو ئەو جۆرە ئاژاوە و پشێوییەوە کە ژیان لە پیاو تاڵ دەکات، کە گوزەران سەخت دەکات... کە تەماشا دەکەیت تاک و تەرای خێزانەکە هەریەکەیان بەجۆرێک سکاڵا دەکات و، بۆڵەبۆڵ دەکات، ئەم سکاڵا و بۆڵەبۆڵ کردنەیشیان هەرگیز نابڕێتەوە. ئەمیان لە دەست بۆنی گوڵەکانی ئەویتر دەبۆڵێنێ. ئەویان لە دەست قاووقیژی براکەی هاوار دەکات!... یەکێکیان دەیەوێ لە بەرەبەیاندا دەنگەدەنگ نەکرێ، تا تێر بخەوێ. ئەویتریشیان دەیەوێ لە شەودا دەنگەدەنگ نەبێ، تا زوو خەوی لێ بکەوێ!. ئەمیان لە مقۆمقۆی سەر بابەتی ئاینی دڵی تەنگ دەبێ. ئەویتریشیان کە لە بابەت زرنگکارییەوە دەدوێن، ئەمەندە پیش دەخواتەوە، ددانی خۆی ڕیچ دەکاتەوە... مافی هەڵدانیش لە قسەدا هەموو دەم بۆ هەمووان دروستە بەکاربهێنرێ. بەڵام زۆرجاری وا هەیە کە لە شێوەیەکی تووڕە و تڕویی و دڕندەییدا بەکاردەهێنرێ، کە ئەنجام بەوە دەگات پەیوەندیی ناوەند ئەندامەکانی خێزانەکە بەتەواوەتی تێک بچێ!...



## بارستایی هۆشی خێزان

جا لەناو ئەم جۆرە خێزانەدا، هەموو ئەندامێکی لەسەر ئەو پێڕەوییە دەڕوات بەڕێوە، کە کزترین کەسایەتی و هۆش و پایەیان دایناوە... ئەمە هەر لەوە دەچێ کە چەند کەسێک پێکەوە بڕۆن بەڕێگادا، بەڵام بەگورجییەکی وا بڕۆن بەڕێگادا، کە ڕێک بکەوێ لەگەڵ ڕۆیشتنی سستترین کەسیاندا لە ڕۆیشتندا. دوور نییە کە خۆ هێنانە خوارەوەی ئەندامەکانی خێزان بۆ بارستایی کزترین و کەمترین کەسیان، بەڵگە بێ بۆ ئەوەی کە هەموویان گیان سووکن و خۆیان نایەتە پێش چاو، بەتەنگ دڵی یەکترەوەن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی بارستایی ژیانی هۆشیی خێزانەکە... بەڵگەیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەر ڕۆژێک میوانێکی ناوازە و پایەبڵند بانگ کرایە سەر نانخواردن لەسەر خوانی ئەو خێزانە، لەپڕ بارستاییی هۆشیی خێزانەکە بەرز دەبێتەوە!... کە تەماشا دەکەیت: ئەندامەکانی خێزانەکە، کە جاران بەبێ دەنگییەکەوە دادەنیشتن، یاخود قسەی پڕوپووچیان دەکرد، لەپڕ دەست دەکەن بەدەرخستنی زیرەکییەکی ئاشکرا و دیار و، دەربڕینی بیروباوەڕێکی بەنرخ!... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەمانە لە پێناو دڵ ڕاگرتنی خاوەن گفتوگۆ تازەکەیاندا کۆششێکی وا دەکەن، کە لەوەپێش لەناو خۆیاندا ئەو بایەخەیان – بەجۆرێکی تێگڕایی – بەگفتوگۆی خۆیان نەدەدا... جا لەبەرئەوە ئەمە یەجگار خراپە کە خێزان هەر بەخۆیەوە بنووسێ و، لە کۆبوونەوەکانی خۆی و کۆڕەکانی ناو خۆی بەولاوە، کەسێکی بێگانە نەخاتە ناو کۆبوونەوە و کۆڕەکانی خۆیەوە، تا لە گفتوگۆ و بیروباوەڕ دەربڕیندا هاوبەشییان بکات... لە ڕاستیدا لە هەموو شتێک پێویستتر بۆ خێزان ئەوەیە، کە گێژ و شەپۆلی بیروباوەڕی تازە لە هەموو دەمێکدا بێنە ناویەوە. هەروەک شەپۆلەکانی زرێ دێنە ناو کەندەڵانێکی گەورە و فراوانەوە کە کرابێتەوە بۆ پێشوازی کردنی ئەو ئاوانەی کە هەموو دەم تازە دەبنەوە...

## ئاین و وێژە و ساز و ئاواز

ئەمە مەرج نییە کە میوانە بێگانەکە بۆ خۆی بێتە ناو خێزانەکەوە، ئەوەندەی بەسە کە بیرەکانی و هونەرەکانی لەناو خێزانەکەدا ببیسترێن و ببینرێن... بەوێنە: وەک ئەو وێژەوانە گەورەیە و، ئەو ساز و ئاواز لێدەرە هونەرمەندە کە خێزانەکە گوێ لە نووسینەکانی، یاخود لە ساز و ئاوازەکانی دەگرێت لە شەوگارە ڕابواردنەکانی خۆیدا. هەروەها خوێندنەوەکانی ناو خێزانیش لە بابەت نووسراوانی ئاینییەوە کارێکی باش دەکەن لە چاوکردنەوەی

ئەندامانی خێزان و ڕۆشنکردنەوەی بیریاندا. گەلێک لە وێژەوانە ناوازەکانی ئینگلیزیش دانیان بەوەدا ناوە کە شێوەی نووسینە وێژەیییەکانیان، لە سایەی خوێندنەوەی هەموو دەمیی نووسراوە گەورەکانەوە، بۆ پێکهاتووە. جا ئەگەر لەناو ئافرەتانی ئینگیلتەرەی چەرخی ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لەو نووسەرانە ببینرێ کە نووسینەکانیان ناوازەیییەکی سروشتییان تێدا بێ، لە ڕاستیدا بەشی زۆری ئەم ناوازەیییە لە سایەی ئەم خوێندنەوە ئاینییانەوەیە کە هەر لە منداڵییانەوە پاراستوونیان لە قسەی پڕوپووچ و دەمەوەریی خێزانی. بێجگە لەوە ڕاشیان هێناون بەشێوە ناوازەکانی نووسینەوە. تەنانەت ئافرەتە وێژەوانە بەناوبانگەکانی فەڕەنسەیش کە لە چەرخی حەڤدەهەمدا ژیاون، وەک (مادام دی سیڤینییێ) و (مادام دی لافاییێت)، بەهیچ شتێک نەگەیشتوونەتە ئەو پایە وێژەیییە بەرزەی خۆیان، بەسایەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە (لاتینی)یەکانی سەردەمی منداڵییانەوە نەبێ.

یەکێک لەو تەنگوچەڵەمانەی کە پەرە دەدات بەپڕوپووچیی گفتوگۆی خێزانیی ڕووت ئەوەیە کە هەندێکیان وا ڕادێن کە قسەکانی خۆیان تەواو ناکەن. چونکە ئەوانە بەئاسانی لە یەکتر تێ دەگەن، بام قسەکە لە سەرەتایشیدا بێ. لەبەرئەوە بەپێویستی نازانن تەواوی بکەن. جا بۆ ئەمەی بەسەر ئەنجامی ئەم جۆرە خووە خراپەدا زاڵ ببن و، بارستاییی بیر و هۆشی خێزانەکە بەرز بکەنەوە پێویستە ئەندامەکانی خێزانەکە لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا ئاگاداری پەیدا بکەن لە شاکارە ناوازەکاندا، کە مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناون لە کۆڕی ئاین و وێژە و ساز و ئاواز و زرنگکاری و گەلێک بابەتی تردا...

## هیچ پێغەمبەرێک لەناو نیشتمانی خۆیدا ڕێزی لێ ناگیرێ!

هەڵەیەکی تریش هەیە کە لەلایەن هەندێ خێزانەوە دەربارەی هەندێ ئەندامی خۆی دەکرێ، ئەویش ئەوەتا کە بەچاوێکی پڕ تەرخەمەوە سەیری خۆیان و خواستەکانی دڵیان ناکرێ. ئەمەیش لە ڕووی ئەوەوە نییە کە دوژمنایەتییان لەگەڵدا بکەن، یاخود بەربەرەکانێیان لەگەڵدا بکەن. تەنیا هەر لەبەرئەوەیە کەوا ڕاهاتوون لە سووچێکی دیاریکراوەوە سەرنجیان لێ بدەن. بەوێنە: کچەکانی «بڕونتی» کە بۆ جیهان کەلەپوورێکی وێژەییی ناوازە و نەمریان بەجێ هێشتووە، [وەک چیرۆکەکانی: «بەرزاییەکانی ووذرینگ» و «جین ئێر» و گەلێکی تر]، باوکیان بەچاوی ئەوەوە سەیری نەدەکردن کە وێژەوان، یاخود خاوەنی نووسراوانن، وێژەکەی ئەوان بەلای ئەوەوە هەر بۆ «ڕابواردن»



دەستی دەدا!... هەروەها «تۆلستۆی»یش بەلای ژنەکەی و کوڕەکانییەوە، زۆرتر بەخاوەن خێزانێکی لە هەموو کەس بەدەر دادەنرا، تا وێژەوانێکی جیهانی. ئەگەر لە سەردەمی ژیانی (تۆلستۆی)دا لە ژنەکەیت بپرسیایە کە پایەی (کۆنت)ی هەبوو، تۆلستۆی چۆن پیاوێکە؟... بێگومان لە وەرام دانەوەدا، لە وێژە و هەڵکەوتوویییەکەی ئەو نەدەدوا... بەڵام سکاڵای لە دەست گرۆزی و ڕەوشتە جیاوازەکەی دەکرد، کە لەلایەکەوە بۆ ئەوە بانگی دەدا کە دەس و پێوەند و کارەکەر لەناو ماڵاندا ڕانەگیرێن، کەچی لەلایەکی تریشەوە لە درەنگە کات و ناکاودا داوای لە ژنەکەی خۆی دەکرد: شێوی پانزە میوان ئامادە بکات!...

لە ڕاستییشدا مرۆڤ لەناو ماڵی خۆیدا، خۆی پێ ناگیرێ، هەر دەیەوێ وەک هەیە خۆی بنوێنێ. واتا سەربەستیی خۆی بەتەواوەتی وەربگرێ. جا لەبەرئەوە کەس لەناو خێزان و ماڵی خۆیدا بەپیری پایەبڵند، یاخود بەپاڵەوان دانانرێ. پێشینانیش گوتوویانە: «هیچ پێغەمبەرێک لەناو نیشتمانی خۆیدا ڕێزی لێ ناگیرێ!»... جا لەمەوەیە کە زۆرجاری وا ڕوودەدات، پیاوی گەورە دەکەوێتە سەر ئەو باوەڕە، کە بۆ ئەمەی بتوانێ فرمانی سەرشانی خۆی بەتەواوەتی بەجێ بهێنێ، پێویستە لە ماڵی خۆی ڕەوبکات و، خۆی لە خێزانی خۆیشی دووربخاتەوە!... ئەمەیش بەتەواوەتی لە «تۆلستۆی» ڕووی دا. بۆیەکا خێزانی خۆی بەجێهێشت، تا وەک خوداناسێکی دوور لە بابەتی جیهانی گوزەران بکات. [جوجان]ی وێنەکێشیش گوێی لە ئاوازێکی دەروونی خۆی بوو پێی دەگوت: «باوک و دایکی خۆت بەجێ بهێڵە!.»... ئەویش ماڵی خۆی بەجێهێشت و کۆچی کرد بۆ دوڕگەی «تاهیتی» تا لەوێدا وەک خوداناسێک لە پەرستگای هونەردا، خوداپەرستیی خۆی بکات... بێگومان هەر کامێکمان بگریت، هەر هیچ نەبێ، جارێک لە ژیانی خۆیدا، تووشی گێچەڵێکی دەروونیی وابووە، کە لەو ماوەیەدا گوێی لە هاواری (کوڕی گومڕاە) بووە و هانەی داوە بۆ پچڕاندنی پێوەندی خێزانیی و گوزەران لەناو ژیانێکیشدا کە پڕی بێ لە سەربەستی و بەڕەڵڵایی...

بەڵام من باوەڕم وایە کە کەڵکی ئەم هەڵاتنە بەهیچ دەربچێ. چونکە ئەوە بریتییە لە ڕاکردنێک لە دەست پەیوەندییە خێزانییە «سروشتی»یەکان بۆ ناو پەیوەندییەکانی دەرەوە، کە «ناسروشتی»ن!...

هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ ئەوە دروست نەکراوە کە بەتەنیایی بژی. سا ئایا

لەبەرئەوە هەڕا بکات لە ماڵی خۆی کە بچێتە ناو تەنیاییی خوداناسەکانەوە، یاخود بچێتە ناو تەنیاییی ئەو ویژەوانانەوە کە بەسەرکزییەوە دادەنیشن، یان بچێتە ناو تەنیاییی ئەو شێت و هارانەوە وەک «نیتشە» کردی... تازە لەوەدا هیچ گومانێک نەماوە، کە تێگەیشتوویی تەواو و ڕاستەقینە، وەک «مارکس ئۆریلیۆس»ی مەند و زرنگ دەڵێ: «بەوە دەست ناکەوێت کە پیاو لە جیهان خۆی دووربخاتەوە و گۆشەگیری بکات!...

بەکورتی هەڕاکردن لەژیانی خێزانی ڕەنگە بەئاسانی بچێتەسەر، بەڵام هیچ دەمێک بەکار نایەت و بێ بەر دەدرچێت!... چاکتر لەوە، کاری گرانتر لەوە، کردەوەی مەردانەتر لەوە، ئەوەیە: کە پیاو تێ بکۆشێ بارستایی بیر و هۆشی خێزانەکەی خۆی بەرز بکاتەوە... لەگەڵ ئەمەیشدا ئێمە لە ڕاستیدا ناتوانین ئەوە لە بیر خۆمان ببەینەوە، کە لە ژیانی هەرزەکاراندا، ماوەیەکی وا هەیە، کە ئەو هەرزەکارانە، بەپێی سروشتی لاوێنیی خۆیان «پێوەند»ەکانی ژیانی خێزانی زۆرتر دەبینن، لە کەڵکە گەورەکانی... جا ئەم ماوەیەیە کە ئێمە پێی دەڵێین: «تەمەنی شپرزەیی»... جا بۆ ئەمەی ئەو «تەمەنی شپرزەیی»یە، بەجوانی و ڕاستیی پیشان بدەین، پێویستە لەسەرمان: لەو پەیوەندییانە وردببینەوە، کە لە ناوەند ئەو پشتە جوی جوییانەدا هەن کە ئەندامەکانی خێزانەکە لەوانەوە هاتوونەتە خوارەوە، بەمەرجێ لە چاوی ئەوانە خۆیشیانەوە سەیری ئەو پەیوەندییانە بکەین.

## نەکەن منداڵ بەنازداری فێر بکەن!

لەمەوپێش لە بابەت هەنگاوی یەکەمی ئەم پەیوەندییانەوە کە لە ناوەند ئەو پشتانەدا هەن گفتوگۆم کردووە. واتا: سەردەمی هەست و تاسەی سروشتیی بێ ئەندازە، کە لەلایەن دایکەوە پیشان دەدرێ بەرامبەر منداڵەکەی خۆی. هەروەها هۆگریی و باوەڕپێکردنێکی بێ ئەندازە، کە لەلایەن منداڵەکەوە پێشان دەدرێ بەرامبەر دایکەکەی خۆی. جا ئەم جۆرە هەست و تاسانە کە یەک بۆ یەکتری پیشانی دەدەن، سروشتین. هیچ گومانێک لەوەدا نییە بەڵام هەست و تاسەی ناسروشتی ئەوەتا کە دایکەکە لە ئەندازەی تێ بپەڕێنێ تا دەیگەیێنێتە ڕادەی «نازگرتن»ی منداڵەکەی و، ڕەوشت و خووتێکدانی بەجۆرێکی وا کە دەسەڵاتێکی تایبەتی بنوێنێ بەسەر دایکەکەی خۆیدا. بێجگە لەوە خۆیشی بەو جۆرە دەسەڵاتەوە هەڵبکێشێ، کە لە سایەی کزیی دایکەکەی خۆیەوە دەستی کەوتووە.

جا هیچ شتێکیش ئەوەندەی ئەم «نازداری فێرکردن»ە بۆ دواڕۆژی منداڵەکە پڕوەی و زیانبەخش نییە. لێرەدا پێویستە هەموو دایکێک ئەوە بزانێ کە دروستکردنی ڕەوشت و



خووی منداڵ لە ماوەی چەند مانگەکەی سەرەتای ژیانیدا دەست پێ دەکات: بەجۆرێکی وا کە هەتا ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵەکە تەواو دەبێ، ئەوە لە منداڵەکە دیاردی دەکات کە یاسا ڕادەگرێ یاخود لە یاسا هەڵدەگەڕێتەوە!... گەلێک جاریش ئەمەم لە کەسانی تر بیستووە، تەنانەت خۆیشم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەمەم گوتووە: کە «باوک و دایک ئەمەندە کار لە ڕەوشت و خووی منداڵەکانی خۆیان ناکەن. کە لە توانایشیاندا نییە ڕەوشت و خووی ئەو منداڵانە بگۆڕن کە پێوەی ڕاهاتوون یاخود ئەو کردەوانە بگۆڕن کە لە دایک و باوکیانەوە بۆیان بەجێماوە!.». بەڵام ئەم بیروباوەڕە بەتەواوەتی هەڵەیە. چونکە گەلێک جاری وا هەیە کە لە توانایی دایک و باوکدا هەیە، پێکەوە ڕەوشت و خووی منداڵەکە بگۆڕن، لە ڕێگای پەروەردەکردنێکەوەکە لە سەرەتای تەمەنیدا بکرێ. کەچی لەم تەمەنە ساواییەدا کەم دایک و باوک هەن، بایەخ بەپەروەردەکردنی منداڵ بدەن. چونکە منداڵ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، دەبێ فێری یاسا ڕاگرتن بکرێ، ئەگینا کە گەورە بوو، هەر دەبێ بەئێش و ئازارەوە تەمەنی خۆی بەسەر ببات!...

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە لە کۆمەڵایەتییشدا یاسایانی وا هەن، کە نەدەگۆڕێن نەدەیش گۆڕێنەوە بەیاسایانی تر. جا لەسەر هەموو کەسێکیش پێویستە کە بەناو ئەو یاسایانەدا ڕێگایەکی تایبەتی بۆ خۆی بکاتەوە، پاچ و خاکەنازیشی تێدا بخاتە کار. ئەمەیش کارێکی سەخت و گرانە، ئارامو بەرگەگرتنی پێ دەوێ، لەگەڵ ملکەچ کردندا بۆ ئەو کارەی کە ڕووی داوە.

هەرچی منداڵی نازداریشە، لەناو جیهانێکی ئەندێشەییەدا دەژی. ئەو هەتا ماوە لە ژیاندا، هەروا دەزانێ کە زەردەخەنەیەک، یاخود نیشانەیەکی تووڕەییی خۆی، بەسە بۆ ئەوەی کە هەرچییەکی دەوێ دەستی بکەوێ و بۆی بچێتە سەر. ئەو دەیەوێ هەموو کەسێ خۆشی بوێ. بەڵام خۆشویستنێکی وایش کە ئەو خۆبەختکردنەی تێدابێ، کە لە منداڵیی خۆیدا، باوک و دایکە بێدەسەڵاتەکانی خۆی بۆیان نواندووە. هەموویشمان لە ژیانی خۆماندا پیاوانی وامان تووش دێ، کە لە تافی منداڵییاندا بەنازداری فێرکراون. ئەوانەیش دوور نییە کە لە ژیانی خۆیاندا بگەنە پایەی هەرە بڵند، بەڵام زووبەزوو ئەو پایانە لە دەست خۆیان دەدەن، هەر لەبەرئەوەی کە کردەوەیەکی منداڵانەیان نواندووە!. هەر بەم جۆرە هەندێ ئافرەتیش هەن، کە تەنانەت لە تەمەنی شەست ساڵییشیاندا باوەڕیان وایە کە لە تواناییاندا هەیە هەموو شتێکیان دەست بکەوێ، لە ڕێگای (ڕووی خۆگرژکردن)ەوە!... چارەکردن، یاخود دەرمانی خۆپاراستن لەم ئەنجامە خراپانەیش ئەوەیە:

کە دایکەکە هەر لە سەرەتای مانگەکانی یەکەمی ژیانی منداڵەکەیەوە، کە ئامۆژگارییە بێدەنگەکانی ئەو بەدەم و چاو و دەست جووڵانەوە فێردەبێ، ئەوە فێری منداڵەکەی خۆی بکات کە لە ژیاندا چەند دەستوورێک هەن پێویستە لەسەریان بڕوات، پێویستە ڕایان بگرێ. هیچ کەتنێکیش لەو کەتنە گەورەتر نییە کە دایک یاخود باوک ئەمەندە منداڵەکەیان بەنازدارییەوە فێر بکەن، هەرچییەکی داواکرد، بام «نابەجێ و زۆردارانەیش بێ»، هەر بۆی جێبەجێ بکەن!... سا ئەمەیان لەبەرئەوە بێ کە لە دەست گریانی منداڵەکە ڕزگاریان ببێ، یاخود بۆ ئەوەی خۆشی لە ڕووخۆشی و پێکەنینەکەی ئەو ببینن... لە هەردوو باردا کەتن دەربارەی منداڵەکەیان دەکەن!...

## دەمارگیریی منداڵ!

تێکڕا لە هەموو منداڵێک نازدارتر لەلای باوک و دایکی خۆی منداڵی یەکەمە. چونکە باوک و دایکەکە، بۆ یەکەم جار، لە ژیانی خۆیاندا، خۆشی لە بینینی بزووتنەوە شیرینەکانی منداڵەکە و، ورتەورتەکانی و گۆڕان و گەشەکردنی قسەکانی دەبینن، ئەمەیش دەگات بەڕادەیەکی وەها، کە زۆری پێناچێ منداڵەکە هەموو کاتێک و هەموو سەرنجێکیان لێ داگیر دەکات و خەریکیان دەکات بەخۆیەوە. پێویستە گەورەکانیش وا نەزانن، کە منداڵە بچکۆڵەکە هەست بەو پڕتەرخەمی و تەنگەوەبوونەی دایک و باوکەکە خۆی ناکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە منداڵەکە زووبەزوو هەست بەجێگای ناوازەی خۆی دەکات لەناو خێزانەکەدا. جا ئەگەر لەپاشدا منداڵەکە برایەکی تازەی بۆ لە دایکبوو، و، بوو بەهاوبەشی خۆی لە خۆشەویستیی باوک و دایکەکەیدا، یاخود لە دڵی ئەواندا جێگای هەرە باشی بۆ خۆی گرت – بەبۆنەی ئەوەوە کە کز و بێدەسەڵاتە و پێویستیی بەخەمخۆری هەیە – منداڵە گەورەکە تەواو دڵی لە خۆی دەمێنێ و دڵی دەشکێ، بەجۆرێکی وا کە دوور نییە وای لێ بکات باوەڕی بەجیهانی خۆی نەمێنێ و، کارێکی وا خراپیش لە دڵ و دەروونی بکات کە ژیانی لێ تاڵ ببی و، بەئاسانییش لە دەست ئەو ئێش و ئازاری دڵ و دەروونە ڕزگاری نەبێ!... جا ئەو جۆرە تاسە و هەناسە لە کانگای دەروونی منداڵەکاندا بەجۆرێکی وا بنج بەست دەبن، کە بۆ دوارۆژ مەترسییان لێ بکرێ. دوور نییە کە بگەنە ڕادەیەکی وەها، منداڵە گەورەکە پڕ بەدڵ حەز بکات برا بچکۆڵەکەی بمرێ، تا ئەو جێگایەی لێی گرتووە دەستی بکەوێتەوە. هەندێ منداڵانی وایش هەن، بەتایبەتی هەرزەکارەکانیان کە بکەونە ناو کارەساتی وەهاوە، خەریک دەبن بەوەی سەرنجی باوک و



دایکەکانی خۆیان ڕابکێشن بۆ خۆیان، کە بێ بڕانەوە سکاڵا بکەن، یاخود خۆیان بکەن بەنەخۆش!... هەر بەو چەشنە: جۆرە ئافرەتێکیش هەن کە سەرنجی پیاوان بەوە ڕادەکێشن بۆ خۆیان، کە بایەخیان پێ بدەن، کە کارێکی وا دەکەن بەزەبییان پیایاندا بێتەوە و، دڵیان پێیان بسووتێ!... بەم ڕەنگە دایکەکە لەناکاو کوڕەکەی یەکەمی خۆی بەو جۆرە دێتە پێش چاو، کە هەرچەندە لەوە پێش ژیر و ڕەوشت شیرین بووە، بەڵام لەپڕ وا گۆڕاوە، بووەتە کەسێکی وا کە گوزەرانی لەگەڵدا ناکرێ. ئەمەندە هەڵسان و دانیشتنی «پڕوپووچانە» دەکات و، ئەمەندە گەوجانە دەجووڵێتەوە، دایکی لەگیانی خۆی وەڕس دەکات. کەچی کە خۆیشی هۆشی دێتەوە سەر خۆی، پەشیمان دەبێتەوە لە کردەوەی خۆی و، بێز لە ڕەوشت و خووی نەنگی خۆی دەکاتەوە!...

(ئەدلەر)یش کە زانایەکی دەروونیی گەورە بووە، ئەوەی بەتەواوەتی ڕۆشن کردۆتەوە، کە تا چ ئەندازەیەک زیان پەیدا دەبێ، لە بەدکاریی ئەو دایکانەی کە لە دەستیان نایەت پەیڕەویی دەروون خاوێنی و دادپەروەری بکەن لەگەڵ منداڵەکانیاندا. یەکەم ئەنجامی جوێ کردنەوەی منداڵەکان لە ڕەفتار لەگەڵ کردنیاندا ئەوەیە، کە براکان و خوشکەکان، یەک بەرامبەری یەک، پشم و قین لە دڵی خۆیاندا هەڵدەگرن. کەچی پێویست وابوو ببنە نموونەی دۆستایەتییەکی پاک و خاوێن، کە سروشت خۆی وای دەوێ. ڕەنگە چیرۆکی «برا دوژمنەکان»یش، لە هەموو ئەو چیرۆکە مەرگەساتانەی کە نووسراون تا ئێستا، دڵ زۆرتر بریندار بکات، سەبارەت بەوەی کە پشم و قین و نەنگەویستیی ناوەند چەند برایەکی، بەتەواوی پیان داوە... جا لە بەدبەختیی مرۆڤایەتی، ئەم مەرگەساتە هەموو ڕۆژێک لەناو خێزانەکاندا دووبارە دەبێتەوە. ئەمەیش لەوەوە ڕوودەدات کە دایکە ناشییە بێهۆشەکان، ئەمەندە دوای هەستی دڵی خۆیان دەکەون لە کردەوە و ڕەفتاردا، جیاوازی دەخەنە ناو منداڵەکانەوە، هەر منداڵێکیش تازە لە دایک دەبێ، بەنازداری پەروەردەی دەکەن!...

## کوڕی هەرە گەورە و کوڕی هەرە بچووک

وا دەردەکەوێ کە منداڵە هەرە گەورەکە بەدرێژاییی ژیانی خۆی لە شێوەیەکی وادا خۆی دەپارێزێ کە لە براکانی خۆی جوێ ببێتەوە. منداڵە هەرەبچووکەکەیش هەروا دەکات. منداڵە هەرە گەورەکە بەشێوەیەکی وا پەروەردە دەبێ، کە ئارەزووی ئەوە دەکات: باری ژیانی خۆی بپارێزێ، مەند و زرنگ بێ، دڵتەنگ بێ!. هەموو دەمێک بەپەرۆشەوەیە بۆ ئەوەی ڕابردووی دوور بگێڕێتەوە، ئاوات دەخوازێت بۆ ئەو ژیانەی کە لە ساواییدا

هەیبووە، کە لەو دەمەدا لە هەموو دەمێکی ژیانی خۆی خۆشتری ڕابواردووە!... کەچی بەپێچەوانەی ئەو، منداڵە هەرە بچووکەکە هەموو دەمێک چاو دەبڕێتە دواڕۆژی خۆی. ئاوات بۆ ئەو ڕۆژە دەخوازێ کە بتوانێ لە دەست برا هەرە گەورەکەی خۆی ڕزگاری ببێ و، لە ماڵ دەری بکات [بەبۆنەی ژنهێنانی ئەم یاخود بەهۆی کۆچکردنیەوە لە شارەکە]، هەر بۆ ئەمەی خۆی ببێ بەگەورەی ماڵ!... جا ئەوەندەی برا هەرە گەورەکە دڵی بەبیروباوەڕی خۆپاراستندا دەچێ (واتا خۆ نەگۆڕین)، ئەوەندەیش برا هەرە بچووکەکە دڵی بەبیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتندا دەچێ... هەرکەسێ سەرنج بدات لە گەشەکردنی مێشکی (شاتۆبریان)، بۆی دەردەکەوێ، کە هەر لەبەرئەوەی کە ئەو کوڕی هەرە بچووکی خێزانەکەی خۆی بووە، زۆرتر هۆگری بیروباوەڕە شۆڕشگێڕەکان بووە کە لە سەدەی هەژدە بڵاوبووبوونەوە، بەتایبەتی لە تافی کوڕێنییدا...

منداڵی هەرە بچووکیش، بەجۆرێکی تێکڕایی، زۆر نازدار دەبێ. بەتایبەتی کە تەمەنی ئەو و تەمەنی براکانی زۆر لە یەک دووربن. بەڵام ئەو بەکامەڕانییەوە دەژی. چونکە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو «نازوجیارانە»ی پێی بەخشراوە لێی ناسێنرێتەوە... ئەو لەلایەن باوک و دایکی و برا گەورەکانیشیەوە نازی دەکێشرێ، کە ئەمانیش وەک (باوک)ێک لەگەڵیدا دەجووڵێنەوە. بەجۆرێکی تێکڕایی هەموو دەم لە ژیانی خۆیدا سەردەکەوێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە، کە ئەو لەلایەکەوە (باوەڕکردنەکەی بەخۆی) دەبارێزێ... لەلایەکی تریشەوە هەر لەبەرئەوەی کە لەگەڵ برا گەورەکانی خۆیدا گوزەران دەکات، ئەویش لەسەر پێڕەویی ئەوان دەڕوات بەڕێوە، خەریکی ئەوەیش دەبێ کە لەو کارەساتانەی کە بەسەر ئەواندا دێن کەڵک وەربگرێ و، بشگاتە ئەوان... منداڵەکە زیرەک و زۆرزان و زمان لووس دەردەچێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەو لە هەموو براکانی خۆی بچووکترە، لەبەرئەوە ناچار دەبێ لەگەڵیاندا هەڵبکا و بسازێ و بەجوانی ڕێک بکەوێ!...

## ناکۆکیی ناوەند باوک و دایک

پێویستە باوک و دایک کە ناکۆکی یاخود دوژمنایەتییەک کەوتە ناویانەوە ماوەی ئەوە نەدەن کە منداڵەکانیان بەو ڕاستییە بزانن. چونکە ئەوان بەوە دڵتەنگ دەبن، دایک و باوکیشیان لەبەرچاویان سووک دەبن. ئەو منداڵانەیش کە هەر لە ساواییانەوە لەوە تێ دەگەن کە باوک و دایکیان قسەی زمانیان شتێکە و، کردەوە و کاریشیان شتێکی ترە بەجۆرێکی تێکڕایی بەسەرکێشییەوە گەورە دەبن. لە هەموو شتێک بۆڵەبۆڵ دەکەن، لە



هەموو شتێک هەڵدەگەڕێنەوە و، سەرکێشی دەکەن. هەر کچێکیش بەو جۆرە گەورە ببێ کە بەچاوی سووکەوە سەیری دایکی خۆی بکات، لەوە پاشیش هەر بەو چاوە سووکەوە سەیری هەموو ئافرەتانی جیهان دەکات. باوکێکیش کە زەبربەدەست و زۆرداربێ، تۆوی بێزکردنەوە لە ژیانی ژن و مێردی، لە دەروونی منداڵەکانی خۆیدا -بەتایبەتی کچەکانیدا- دەڕوێنێ، هەر لەبەرئەوەی کە بەجۆرە بەندەیەتییەکی دادەنێن!... کەچی وا هەڵدەگرێ، کە باوک، لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەندەی پێی دەکرێ و بۆی دەچێتەسەر کامەرانی بدات بەدڵی منداڵەکانی خۆی، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ ئەو دواڕۆژەدا ڕێک بکەوێ کە ئامادەیان دەکات بۆ ئەوان. جا ئەم ئامانجەیش، بەلای کەمەوە دەبێ لەبەر دوو هۆ بۆی تێ بکۆشرێ: یەکەمیان ئەوەیە کە ژیان خۆی کورتە. بیرەوەریی منداڵییش لە هەموو بیرەوەرییەکانی ژین بەنرخترە... دووەمیشیان ئەوەیە کە سەرگەردانی و هەناسە ساردیی ئەو منداڵییەی کە ژینی پڕبێ لە تاڵی، لەوانەیە کە هەتا ئەو کەسە لە ژیاندا بێ لە کۆڵی نەبنەوە!... لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ باوک لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا توند بێ. جڵەویان بۆ شل نەکات، هەرچییەکیان ئارەزوو کرد بیکەن. دەبێ هەر لە منداڵییشیانەوە ئەوەیان فێر بکات کە جیهان بەئاسانی داگیر ناکرێ!... ئەگینا کە گەورەبوون پەیتا پەیتا دڵیان دەشکێ، بەهۆی ئەوەوە کە ڕەنجەڕۆ دەبن. هەر منداڵێکیش دایکی بیپارێزێ لە هەموو تەنگوچەڵەمەیەکی ژیان، کاتێ تێکەڵ بوو بەهاوڕێکانی خوێندنگاکەی خۆی، یاخود جێی کار و فرمانەکەی خۆی، یان بەوانەی قسەڕەق و زۆرداربن، زووبەزوو لە گیانی خۆی وەڕس دەبێ!... تەنانەت هەرکەسێ وەک ئەوبێ، بەجۆرێکی وا گەورە دەبێ کە پێی نەکرێ زۆرانبازی لەگەڵ ژیاندا بکات. زوویش خۆی دەدات بەدەست سەرنەکەوتن و سەرنەگرتنی کارەوە. منیش بەلامەوە وایە: چاکترین ڕێگا بۆ ئەوەی منداڵ پێ بگەیێنرێ، لە تەمەنی ساواییەوە تا دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری و پێگەیشتن، کە بەکەمترین ئەرک و ئازارەوە بێ، ئەوەیە کە هەردوو فرمانەکەی سەرشان بەجێ بهێنرێ لەگەڵ یەکدا: فرمانی ئەوەی کە بەتەواوی دەستوورەکانی منداڵ پەروەردەکردن بەکاربهێنرێن. فرمانی ئەوەیش کە تا باوک و دایک پێیان بکرێ، کامەرانی بۆ منداڵەکانی خۆیان بهێننە بەرهەم.

## خۆشەویستیی دایک و خۆشەویستیی باوک

جا لێرەدا ڕەنگە یەکێک بپرسێ بڵێ: ئایا جیاوازی هەیە لە ناوەند خۆشەویستیی دایک و خۆشەویستیی باوکدا بەرامبەر منداڵەکانیان؟...

بەڵێ جیاوازی هەیە و، زۆریشە. هەروەها ئەمەیش بەپێی ڕەگەزی منداڵەکان دەگۆڕێ، کە کچ بن یان کوڕ!... ئێمە لە بابەت خۆشەویستیی دایکەوە بەرامبەر منداڵە شیرەخۆرەکەی خۆی دواین، بەڵام لە پاش بڕانەوەی تافی ساوایی منداڵ، کەینەوبەینەکە دەگۆڕێ. چونکە دوور نییە لە ناوەند دایکەکە و کوڕەکەیدا پەیوەندییەکی «هۆگری»ی پشت پێ بەستراوی وا پەیدابێ، کە لە هەموو ئاشنایەتییەکانی مرۆڤایەتی جوامێرانەتر و بەهێزتر بێ. جا لەپاش مردنی باوکەکە، ئەم ئاشنایەتییە پەرە دەسێنێ. چونکە ڕێز و خۆشەویستیی کوڕەکە بەرامبەر دایکەکەی خۆی بەهێزتریان لێ دێ. هەروەها ڕێز و خۆشەویستیی دایکەکەیش بەرامبەر کوڕەکەی خۆی بەهێزتریان لێ دێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە کوڕەکە بووەتە گەورەی تازەی خێزانەکە، یاخود دەبێتە گەورەی تازەی خێزانەکە!... جا ئەم جۆرە هەست و تاسە تێکەڵە ناوازەیە، لە هەموو شوێنێک زۆرتر لەناو لادێدا پەیدا دەبێ. چونکە لەوێدا دایکەکە، کێڵگەکە بەیارمەتیی کوڕەکەی و ژنی کوڕەکەیەوە دەخاتە گەڕ، کە هەرسێکیان یارمەتییەکی وای یەکتر دەدەن، کە بەربەرەکانێی دایکەکە لەگەڵ ژنی کوڕەکەیدا تێکی نادات. [کەچی ئەمە لەناو شارەکاندا بەپێچەوانەوە ڕوو دەدات، چونکە لەو شوێنانەدا وێنەی ئەو دایکە خۆپەرستە زۆرە، کە لە دەستی نایەت لە دەسەڵاتی خۆی کەم بکاتەوە بەسەر کوڕەکەی خۆیدا. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە دایکە ئەمەندە کوڕەکەی خۆی خۆش ناوێ، کە پەی بەوە ببات کە کامەرانیی کوڕەکەی، ئێستاکە جڵەوی بەدەست ئافرەتێکی ترەوەیە!. چیرۆکی (د. ﻫ. لۆرنس)یش کە ناوی «کوڕان و دڵداران»ە و، لەمەوپێش پەنجەمان بۆ کێشا هەر ئەو بەتەنیا نییە کە ئەم جۆرە خۆپەرستی و چەوتییە پێشان بدات لە خۆشەویستیی دایکدا بەرامبەر کوڕەکەی خۆی!...)

بەڵام هەست و تاسەی ناوەند دایک و کچەکەی، بابەتێکی ترە. جاری وا هەیە پەیوەندییەکەیان ئەمەندە بەهێزی لێ دێ کچەکە – لەپاش شووکردنیشی- بۆی ناکرێ ڕۆژێکی بەسەردا بڕوات و دایکەکەی خۆی نەبینێ!... کەچی هەندێ جاری وایش هەیە، بەربەرەکانێیەکی لە ئەندازەبەدەر و سەیر لە ناوەند هەردووکیاندا پەیدا دەبێ. ئەمەیش یان لەبەرئەوە ڕوو دەدات کە دایکەکە هێشتا لە هەڕەتی هەرزەکاری و جوانی دایە و چاو



بەکچەکەی خۆی هەڵدەهێنێ. یاخود لەبەرئەوەیە کە کچەکە باوەڕی بەخۆی نییە و پشت بەخۆی نابەستێ بۆیەکا بەربەرەکانێ لەگەڵ دایکە جوانەکەی خۆیدا دەکات. ئەمەیش ئاشکرایە  کە لەم جۆرە بارانەدا دەبێ دایکەکە هەست و تاسەی خۆی بشارێتەوە و دەری نەبڕێ. چونکە ئەو بەتەمەن لە کچەکەی خۆی گەورەترە!...

هەرچی خۆشەویستیی «باوک»یشە بەرامبەر کوڕ و کچەکانی خۆی بێگومان تاسە و هەستێکی وایە کە لە هی «دایک» کزترە. کەچی «بەلزاک» لە چیرۆکی «جوریوی باب»دا، هەست و تاسەی باوکێکی پیشان داوە، کە لە پێناو بەختیارکردنی هەردوو کچەکەی خۆیدا هەموو شتێکی بەختکردووە. بەڵام زاناکانی دەروون هەموویان بەلای ئەوەدا دەچن، کە ئەم جۆرە خۆشەویستییە بێ ئەندازەیە، کە لە باوکەوە بوەشێتەوە، بەبارێکی «نەخۆشی»ی لە وزە بەدەر دادەنرێ، کە هیچ پێوانەیەکی لەسەر ناکرێ. کەچی ئەوە بەلای ئەوانەوە هیچ سەرسوڕهێنەر نییە، کە دایک هەموو جۆرە خۆشەویستییەکی بێ ئەندازە بەرامبەر منداڵەکانی خۆی بنوێنێ. ئەوان ئەوە بەهەست و تاسەیەکی ئاسایی یاخود «سروشتی» دادەنێن.

هۆی ئەم جیاوازییەیش لە ناوەند هەست و تاسەی باوک و دایکدا بەرامبەر منداڵەکانیان، ئەوەیە کە باوکەکە کار و فرمانەکانی خەریکی دەکەن و بەزۆری لە ماڵ دووری دەخەنەوە. لەبەرئەوە دەستی ناپەرژێ خەمی منداڵەکانی خۆی بخوات و پێیانەوە خەریک ببێ، وەک دایکەکەیان. هەروها ئەوەیشی بۆ ناچێتە سەر کە پەیوەندیی خۆی و ئەوان پەرە پێ بدات. بێجگە لەوە هۆیەکی تریش هەیە کە ماوە بەباوک نادات، کە لە ئەندازە بەدەر نازی منداڵەکانی خۆی بکێشێ، هۆیەکەیش ئەوەیە کە ئەو دەیەوێ منداڵەکانی وا دەربچن کە هەموو تەواوبن و، ئەو کەموکووڕییەشیان تێدا نەبێ کە خۆی هەیەتی. یاخود تۆڵەی ئەو سەرنەکەوتنە بکاتەوە کە لە ژیانی خۆیدا تووشی هاتووە. جا لەبەر ئەمانەیە کە دەبینین بەتوندوتیژی لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا دەجووڵێتەوە. مەبەسیشی ئەوەیە کە منداڵەکانی هەموویان بەو جۆرە دەربچن کە ئاواتی بۆ دەخوازێت!... کاتێکیش کە باوکەکە ناچار دەبێ کار و فرمانەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێ بۆ کوڕەکەی خۆی، هەڵی بسووڕێنێ، پاش ئەوەیش کوڕەکەی، لە خۆی باشتر هەڵی دەسووڕێنێ، دوورنییە جۆرە بەربەرەکانێیەک لە ناوەند باوک و کوڕدا پەیدا ببێ، کە ئەمیش هەر لە بەربەرەکانێی دایکەکە و کچەکەی خۆی دەکات. هەروەها دوور نییە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە ناوەند باوکەکە و کچەکەیدا پەیدا ببێ، بەچەشنی ئەو پەیوەندییەی کە لەناو

دایکەکە و کوڕەکەیدا پەیدا بووبوو. جا لەم چەرخی تازەیەدا کچان وامان دێتە پێش چاو کە هەر لە «ئەنتیجۆن»ی پاڵەوانە ئافرەتەکەی چیرۆکە نەمرەکەی «سۆفۆکل» دەکەن. کچە هەرە بچووکەکەی (تۆلستۆی)ش هەر لەم جۆرە کچانە بوو. چونکە بەباوکی خۆیەوە یەجگار ڕاهاتبوو، لە ئەندازە بەدەر هۆگری بووبوو. گەلێک لە ڕاسپێڕاوان و زرنگکارانیش هەن، کە کچی خۆیان دەکەن بەڕازنووسی تایبەتیی خۆیان. زۆر کچانی وایش هەن کە چاو لە باوکی خۆیان دەکەن، لەسەر پێڕەویی ئەوان دەڕۆن بەڕێوە. هەروەها ڕەوشت و خووی ئەوانیش دەگرن. بۆ وێنە: «ئۆجێنی جراندی» دەهێنینەوە، کە ئافرەتە پاڵەوانەکەی ناو چیرۆکە بەناوبانگەکەی «بەلزاک»ە و، لە ڕەوشت و خووی چرووکی و، دەست قووچاوی و، بەدەسندە خواردندا، چۆتەوە سەر باوکی خۆی!...

## ئایا کوڕەکان لە بەسەرهاتی باوکەکانیان کەڵک وەردەگرن؟

کاتێ کوڕەکان گەورە دەبن و تووشی تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتی ژیان دەبن، باوکەکان هەڵە کۆنەکانی خۆیانیان بیر دەکەوێتەوە. جا هەروا بەساکاری، تێدەکۆشن کە کزەی جەرگەکانیان لە جێگای هەڵە و تاوان بپارێزن. هەروەها لەبەر بەسەرهاتی خۆیشیان کەڵکیان پێ ببەخشن. بەڵام ئەم جۆرە بەسەرهاتانە، کەم هەڵدەکەوێ، کە لە خاوەنەکانیان بەولاوە، کەسی تر کەڵکیان لێ وەربگرێ. ئەو ژیری و تێگەیشتووییەش کە لە تەمەنی پیریدا بەخاوەنەکانیان دەگات، بەهیچ کلۆجێک لاوەکان باوەڕی پێ ناهێنن!... کاتێکیش بەسەرهات کاری خۆی دەکات، کە ئازارێکی بەخاوەنەکەی خۆی گەیاندبێ. بێجگە لەوە ئازارەکەیش کاری خۆی لە لەش و هۆشی ئەو کردبێ!.

لەبەرئەوە ئەو زرنگکارەی کە ئێستاکە بووە بەپیاوێکی وا کە پێ لە ڕووداو بنێ و مافی خۆی بداتێ، کە ئەم هونەرمەندییەیشی لەوەوە دەست کەوتووە کە شەوگاری درێژی بەوە ڕۆژ کردۆتەوە، خەو لە خۆی ببڕێ و زۆرانبازی لەگەڵ ڕاستییەکاندا بکات، هەرچەند دەکات ئەو لاوەی بۆ ناخرێتە سەر بیروباوەڕی خۆی، کە ئەمەندە نموونەیی هەڵکەوتووە دەیەوێ هەرچی یاسای جیهان هەیە بیگۆڕێ، بێ ئەوەی ئەوەندەی تۆزێک پێوەی ماندووبێ!... ئەو بەسەرهاتە بەنرخانەمان، کە پێیانەوە دەنازین و، باوەڕ بەکەڵکیان دەکەین، بەلای کوڕەکانمانەوە وایە کە بریتین لە چەنەبازیی ئەو پیرانەی کە خەو لە پیاو دەخەن و لە گیانی خۆی وەڕسی دەکەن!... هەروەها ئەمەیش بەفیڕۆ دەڕوات و، لە ڕووی دەروون ناسییشەوە بە هیچ کلۆجێک جێبەجێ نابێ، کە کچێکی بیست ساڵانە بکەین



بەئافرەتێکی تێگەیشتوو و ژیر... یاخود هەروەک یەکێک لە ڕاستی پەرستەکان دەڵێ «لە ڕاستیدا ئامۆژگارییەکانی پیاوە پیر و پەککەوتەکان هەر لە تیشکی ڕۆژی زستان دەکەن، ڕۆشنایی دەدەن، بەڵام گەرمایی نابەخشن!...» جا لەمەوەیە کە دەبینین ئامۆژگاری کردنێکی لە ئەندازە بەدەر، منداڵان وا لێ دەکات: پێچەوانەی ئامۆژگارییەکان بجووڵێنەوە. چونکە ئەوان بەو ئامۆژگاری کردنە تێکدەچن، سەریان گەرم دەبێ، زۆرتر سەرکێشی دەکەن. گەورەکانیش بەم ئەنجامە ڕەنجەڕۆ دەبن. لەبەرئەوە هەردوولا دڵتەنگ دەبن و، دەکەونە سەرزەنشتکردنی یەکتری!... جا ئێمەیش کە دەستەی باوکانین، پێویستە لەسەرمان خۆمان ڕابهێنین بەسەرکێشییەکانی منداڵەکانەوە و بێ هۆشییە «پەسندەکانیانەوە» ، کە ناتوانین خۆمانیان لێ لابدەین. دەبێ بەسنگێکی فراوانیشەوە ڕووبەڕوویان بوەستین.

## بام خاوەن دەروون بین!

جا لە تافی هەرزەکاریی کوڕەکان یاخود کچەکاندا، پێویستە لەسەر باوک و دایکەکان کە ڕۆژانی هەرزەکاریی خۆیان بهێننەوە یاد، نابێ سکاڵایش لەوە بکەن کە هەندێ بیری وا هەیە بەمێشکی بچکۆلەکاندا دێ و، هەندێ هەست و تاسەی وایش هەن کە لە دڵیاندا دەبزوونەوە. چونکە ئەو جۆرە بابەتانە بەجۆرێکی تێکڕایی، تایبەتین بەتافی هەرزەکارییەوە، بەهیچ کلۆجێکیش نەبەربەست دەکرێن، نەدەیشتوانرێ خۆیان لێ لابدرێ!... ئەوەندە هەیە باوک و دایکەکان لەو تەمەنەدا، یەجگار گرانیان دێتە پێش چاو کە هەست و ئارەزووەکانی منداڵەکانی خۆیان، لەبیر خۆیان ببەنەوە. ئێمەیش هەموومان لە تەمەنی بیست ساڵاندا بەخۆمان دەڵێین: «ئەگەر بووم بەباوک ڕێ دەدەم بەمنداڵەکانم وا بکەن و وا بکەن. دەیشبم بەباوکێکی بێ هاوتای وا کە باوکم پێی نەکرا وا بێ لەگەڵ مندا!.» . کەچی کە دەیشگەینە تەمەنی پەنجا ساڵی، ئێمەیش وەک باوک و باپیرانی خۆمان لێ دێ. منداڵەکانیشمان کە گەورەبوون هەروەک ئێمەیان لێ دێ!...

بەم ڕەنگە ئەم هەموو گیروگرفتانە و، زۆرانبازییە ڕەنگاوڕەنگانە و پشم و قینانە «تەمەنی شپرزەیی» بەڕەنگی خۆیان ڕەنگ دەکەن. ئەمەیش گیروگرفتەکە زۆرتر لێ دەکات کە کوڕ یاخود کچەکە لەم تەمەنەدا هەندێ لە کۆڕی خێزانەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە، بۆ ناو کۆڕی هاوڕێکانی خۆی لە خوێندنگادا. لەوێیشدا دۆستایەتی و ئاشنایەتیی تازە و ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ ئەم و ئەودا پەیدا دەکات. ئەوساکە پەیوەندیی بەخێزانەکەیەوە

کەمێک سارد دەبێتەوە. هاودەم و دۆستە تازەکانیشی زۆرتر کاری لێ دەکەن. جا لەو کاتەدا بەرەو ئەوە دەچێ کە تا ئەندازەیەک لە باوک و دایکەکەی خۆی هەڵبگەڕێتەوە!. ئەوەندە هەیە پێویستە لەم ماوەیەدا کە پڕیەتی لە تەنگوچەڵەمە، باوک و دایکەکە هەر لەسەر خۆشەویستیی خۆیان بمێننەوە بەرامبەر کوڕ یاخود کچەکەی خۆیان. هەروەها خەمخۆریی کاروباریشی بکەن وەک پێشوو... جا هەروەک لەوەپێش گوتم: ژیانی خێزانی تاڵ و ناخۆشی لێ دێ و، پیاو لێی وەڕس دەبێ، ئەگەر خوێندنەوە خێزانییەکانی تێکەڵ نەبێ، لە نووسراوانی ئایینی وێژەدا، یاخود هونەرێک لە هونەرەکانی تێدا بەکارنەهێنرێ... لێرەیشدا ئەوەی دەخەمە سەر کە لە تافی هەرزەکاریدا یاخود لە تەمەنی شپرزەییدا، ئەمە دەبێتە کارێکی سروشتی کە ئامۆژگارییە وشکەکانی باوکەکان سەر لە منداڵە هەرزەکارە خاوەن خەو و ئاواتەکان تێک دەدەن، دەماریان دەورووژێنن... لەبەرئەوە ئەوانیش دەست دەکەن بەجنێودان بەخێزانەکانی خۆیان و بەیاسا و ڕەوشت و خووەکانیان... بەچاوێکی وایش سەیری خۆشەویستیی دەکەن کە بابەتێکی ناوازە و ڕازاوە و جوانە... ئەوان لەو تافەدا هەست بەپێویستییەک دەکەن بۆ دۆستایەتی و خۆشەویستی و دڵسۆزی... لە ژێرەوە ئاشنایەتیی شاراوە پەیدا دەکەن، پەیمان و بەڵێنیش لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. بەڵام کە دەبینن خۆشەویستەکانیان لە گفت و بەڵێنی خۆیان پەشیمان دەبنەوە و، لە پەیمانی خۆیان پاشگەز دەبنەوە و، لە دۆستایەتیی خۆیاندا ناپاکی دەکەن و، هەر ڕۆژەیش جۆرە هەست و تاسەیەک پێشان دەدەن، دڵیان دەشکێ و هەناسە ساردییان تووش دێ و، بەرەنجەڕۆییەکەوە دەستە ئەژنۆ دادەنیشن... بەم ڕەنگە ئاواتەکانیان نایەتەدی و، بەکامی خۆیان ناگەن. لەبەرئەوە و بەهۆی ئەوەیشەوە کە «نموونە باڵا»کانیان لەناو دەچن و، ناکۆکییەکی گەورە و فراوان دەکەوێتە ناوەند ئاواتە خۆشەکانیان و ڕاستییە سەختەکانی ژیانەوە، بەجارێک پرزەیان دەبڕێ و، جەرگیان دەسووتێ و تاڵی و ناخۆشیی ژیان دەچێژن!... لە ڕاستیدا ئەمە تافێکی پڕ تەنگوچەڵەمە و ئەرک و ئازارە لە ژیانی هەموو کەسێکدا... چونکە لاوەکانیش هەموویان بیروباوەڕی خۆیان هەیە. بەڵام ئازادن لە لێپرسینەوە. چاو لێ پۆشراون لە زۆرانبازیی ڕۆژانە لەگەڵ کەسان و کاروباری ژیاندا. نەخێزانێکیان هەیە بەخێوی بکەن. نەکار و فرمانێکیان هەیە بیبەن بەڕێوە. نەلێپرسینەوەیەکی گشتییشیان لێ دەکرێ بەرامبەر کۆمەڵایەتی... ئەوانە هۆگری ئەو بیروباوەڕ و پێشبینییە ئەندێشەییانەن کە بەتەواوەتی دوورن لە ڕاستییەوە... بەجۆرێکی وایش تەماشای ئافرەتان و کۆمەڵایەتی دەکەن کە لەگەڵ ڕووداو و ڕاستیدا بەتەواوەتی



پێچەوانەیە... جا لێرەوەیە کە سەرگەردانی و هەناسە ساردییان هەڵدەقوڵێ، کە ژیانی ئەو تەمەنەیان لێ تاڵ دەکات ئەوەندە هەیە کە لە تافی هەرزەکاری تێپەڕ دەکەن و ژن دەهێنن و منداڵیان لەو ژنانە دەبێ، لێپرسینەوەی خێزانی زۆرتر شارەزایان دەکات لە ژیان. بێجگە لەوە هێزێکی تازە و نیازێکی بەهێزیشی بەڕووی زیرەکییەکەی پێشوویانەوە دەردەکەوێ، کە پێشبینییانە و سامناک بوو... جا ئەو لاوانە، بەشینەیی و، وردە وردە لەناو خوێندنگای خێزانی و، کار و فرمان و، ژیانی گشتیدا، بەباری ڕاستیدا فێری ژیان دەبن... ئەوانیش دەبنە پیاوی ڕاستەقینە و دەتوانن یارمەتیی منداڵەکانی خۆیان بدەن، تا تافی هەرزەکاری بەبێ وەی، بەچاکییەوە ببەنەسەر. بەڵام لە پاش ئەوەی کە تووشی ئەوەی چەشنی ئەم بەسەرهات و گیروگرفتانە دێن!. جا لەبەر ئەمانە هەموویان، هەروا چاکترە کە هەرزەکارەکان بەشێکی گەورەی «تافی شپرزەیی»ی خۆیان لەناو ناوچەیەکی وادا ڕاببوێرن، کە دوور بێ لە ناوچەی خێزانەکەی خۆیان، بۆ ئەمەی جیهانی دەرەوەیان بۆ دەربکەوێ، لەگەڵ ئەو ئەرک و گیروگرفتانەدا کە لە جیهانی دەرەوەدا دەیبینن، خێزانەکانی خۆیان وا دێتە پێش چاو کە بوونەتە سایە و پەنایەک، کە گەڕانەوە ناوی، بەخۆشییەکەوە پێشوازی بکرێن و بشپارێزرێن!...

جا ئەگەر دەستکەوتنی ئەم هەلە بۆ کوڕە هەرزەکارەکانی خێزانەکە سەری نەگرت، پێویستی سەرشانی باوک و دایکەکە وایە، کە ڕۆژانی هەرزەکاریی خۆیانیان بیربکەوێتەوە و، نەرمی و چاوپۆشی بەکاربهێنن لە کاتی چەندوچوون کردن لەگەڵ منداڵەکانی خۆیاندا، لەسەر ئەو بێهۆشییانەی کە خۆیشیان لە تافی هەرزەکاریی خۆیاندا نواندوویانە!... هەندێ جاری وایش هەیە کە باوک و دایکەکە خۆیان پێ ناگیرێ ئەو جۆرە نەرمی و چاوپۆشییەیان لەگەڵدا بنوێنن. ئنجا ئەوساکە باپیرەکان لەجیاتیی ئەوان ئەو نەرمی و چاوپۆشییە لەگەڵ ئەو هەرزەکارانەدا دەنوێنن، چونکە هەرچی باپیرەکانە درێژیی تەمەنیان وای قاڵ کردوون، کە توندوتیژییان کەم ببێتەوە و، خوڕەوشتیان شیرینتریان لێ بێت. لەبەرئەوە کەمتر لێیان تووڕە دەبن، کەمتریش چەندوچوونیان لەگەڵدا دەکەن. جا لەبەرئەوەیش کە لە کوڕەکانی خۆیان شارەزاتر و تێگەیشتووتریان لێهاتووە، باشتریش لەوان لە کەینەوبەینەی ئەو هەرزەکارانە تێدەگەن و چارەی گیروگرفتەکانیان دەکەن!.

## دەبێ خۆشەویستی و توندیی پێکەوە بنوێنرێن!

بەکورتی «هونەری ژیانی خێزانی» هونەرێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی خێزان لە دەست تێکچوون و نەمان. چونکە ئێمە ئۆباڵی ئەوە بەئەستۆمانەوەیە کە ژیان بۆ منداڵەکانمان ئاسوودە و ئاسان بکەین. ئەمەیش کاتێک پێک دێ کە بزانین چۆن تافی منداڵییەکەیان بۆ رابگرین کە بەدروستی و کامەرانییەوە بژین. جا بۆ ئەمەی ئەم مەبەستەیان بۆ پێک بێ، پێویستە باوک و دایک لەسەر خۆشەویستیی منداڵەکانی خۆیان رێک بکەون و یەک بن. پێویستە هەموو دەم گەشی و رووخۆشی و دڵخۆشی و دڵسۆزیی خۆیان بۆ بنوێن. هەروەها ڕایشیان بهێنن بەیاسایەکی ڕاست و دروست و دامەزراوەوە. بێجگە لەوەیش لە شێوەیەکی یەکسانیدا لەگەڵ هەموویاندا بجوولێنەوە. هەر کاتێکیش ئەو تافە پڕ تەنگوچەڵەمەیە هاتە پێشەوە کە بەهیچ کلۆجێک خۆی لێ لانادرێ، واتا «تەمەنی شپرزەیی»ی هەرزەکار پێویستە دایک و باوکەکە یارمەتیی یەکتر بدەن لەوەدا کە لە ئەندازەیەکی بەجێ و تێگەیشتووانەدا ئامۆژگارییان بکەن. لە هەموو ئامۆژگارییەکیش باشتر و کاریگەرتر بۆ ئەو هەرزەکارانە ئەوەیە کە باوک و دایکەکە خۆیان بکەن بەنموونەیەکی باڵا بۆ ئەوان!.

دوایی بۆ ئەمەی بای ناوچەی ژیانی خێزانی تازە ببێتەوە، پێویستە رێگا بۆ شەپۆلی بایە پاکەکان بکرێتەوە، کە لە جیهانی دەرەوەوە بێتە ژوورەوە. ئەوەندە هەیە پێویستە ئەو بایە تا ئەندازەیەکی بەجێ بسازێنرێ لەگەڵ سروشتی خێزانەکەدا...

ئەمەیش پرسێکە، کە بەزۆر خۆی دەهێنێتە ناو مێشکی مرۆڤەوە: «ئایا خێزانیش یاسایەکی وایە کە بمێنێتەوە و لەناو نەچێ؟...». بەلای منەوە وایە، کە دەمێنێتەوە و لەناو ناچێ!... چونکە ئەمیش یاسایەکە وەک یاسای ژن و مێردی. ناتوانین لای ببەین و شتێکی تر بخەینە جێگای چونکە ئارەزووەکانی مرۆڤ پەروەردە دەکات و دەیانخاتە شێوەی پێویستییەکانی کۆمەڵایەتییەوە... هەرچەندە ئەوەیش باشترە کە مرۆڤ ساڵەکانی هەرزەکاریی خۆی، دوور لە خێزانەکەی خۆی بەسەر ببات، بەڵام لە پاش ئەوەی کە فێری ژیان دەبێ لەناو خوێندنگا ڕاستەقینەکەی خۆی داو، ڕایش دێ بەهەندێ جەربەزەییی واوە کە هەرگیز خۆی لێ لانادرێ بێگومان ئەوکاتەیش دێ کە بەدڵخۆشییەکەوە تێیدا بگەڕێتەوە ناو کۆڕی هەست و تاسە سروشتییەکانی خێزانیی خۆی... جا لە پاش ئەمەی کە چەند ڕۆژێکی پڕ تەنگوچەڵەمە، لەناو جیهانێکی دڵڕەقدا ڕادەبوێرێ، کە نەخەمی



دەخۆن، نەگوێی دەدەنێ، نەبەزەییبیان پێیدا دێتەوە، سا ئایا شاگردی خوێندنگا بێ، یاخود ڕاستی پەرست، کاربەدەست بێ یاخود سەرباز، یان هونەرمەند بێ، هەر ئەوەی پێ خۆشە کە جارێکی تریش وەک منداڵێک، یاخود باوکێک، یان باپیرێک، یاخود وەک پیاوێکی ئاسایی بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی خۆی و، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی خۆیدا نانی شێوان بخوات!...

**١٩٦٦/٤/٢١**

# هونەری خۆش ڕابواردن لە تەمەنی پیریدا

نووسینی: ئەندرێ مۆڕوا

ئەم نووسراوە

نووسراوی (هونەری خۆش ڕابواردن لە تەمەنی پیریدا) کە ئیمڕۆ پێشکەشی خوێندەوارە بەڕێزەکانی کوردی دەکەم، لەلایەن نووسەری گەورەی فەڕەنسەیی (ئەندرێ مۆڕوا)وە دانراوە، کە بەشاهکارێکی ئەو دادەنرێ. ئەم نووسراوە لە گۆڤاری (الکتابی)دا ژمارە (١٥)ی مانگی بەختەباران (مایس)ی ساڵی ١٩٥٣ کە لە (قاهیرە) چاپ کرابوو، لە لایەن (حیلمی موراد)ەوە، کرابوو بەعەرەبی. منیش بەچاکم زانی بۆ ڕۆشنبیرانی خۆمانی بکەم بەکوردی، تا کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن. (ئەندرێ مۆڕوا) لەم نووسراوە نایابەیدا لێکۆڵینەوەیەکی فراوان و قووڵی کردووە لە بابەت باری پیرییەوە کە تووشی هەموو مرۆڤێک دێ. چاکەکانی تەمەنی پیری و خراپەکانی بەتەواوەتی دەرخستووە. لەبەرئەوەی بەزەییی بەرەگەزی مرۆڤایەتییشدا هاتۆتەوە، ڕێگای پیشان داوین کە چۆن دەتوانین تا ئەندازەیەکی گەورە خۆمان لە سەرگەردانییەکانی (پیری) بپارێزین، یاخود هەر هیچ نەبێ لە ئێش و ئازاری کەم بکەینەوە، یاخود خۆمان وا ڕابهێنین کە کەمتر هەست بەئەرک و ئێش و ئازارەکانی بکەین. هەروەها ڕێگایشی پیشان داوین کە چۆن دەتوانین لە تەمەنی پیریماندا خۆش ڕابوێرین. لە ڕاستیدا چاکترین ڕێگا بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەرک و ئازاری پیری کەم بکەینەوە و، تا ئەندازەیەکی گەورەیش لەو تەمەنەدا خۆش ڕابوێرین، ئەوەیە کە (خودا) بناسین و لەسەر (یاسای خودایی) بڕۆین بەڕێوە.

کەواتە بام لە تەمەنی لاوێتیماندا لە یاسای پاراستنی تەندروستی نەچینە دەرەوە. هەروەها خۆیشمان پەروەردە بکەین و ڕابهێنین بەو کردەوە و ڕەوشت و خووەوە کە (خودا) بۆی داناوین پەیڕەویی بکەین. بۆ وێنە: خۆ دوورخستنەوە لە (خۆپەرستی) و (دەست قووچاوی) و (چاوبرسێتی) کەڵکێکی زۆری هەیە بۆ ئێمە لە تەمەنی پیریماندا. هەروەها خۆڕاهێنان بە(خۆشەویستی) و (فرمان کردنی بەئەندازە) و (نەرمونیانی) و (ڕووخۆشی)یەوە و، بایەخدان بە(خوێندنەوە) و (نووسین) و (ساز و ئاواز) و (باخچە بەخێوکردن) و دەستگرتنی (هەژاران) و (داماوان) و (لێ قەوماوان) بەنیازی دڵخۆش کردنی خودای پاکی بێ هاوتاوە لەگەڵ (خوداپەرستی)دا کە (مرۆڤایەتی) و



(نیشتمانپەروەری) و (گەلپەروەری)یش دەگرێتەوە. لەبارییاندا هەیە وا لە مرۆڤی پیر بکەن، چ ژن بێ یا پیاو، لەو تەمەنی پیرییەیدا خۆش ڕابوێرێ و هەست بەکامەرانیش بکات و، لە گەلێک ئەرک و ئازاری (لەش) و (هۆش) و (دڵ) و (دەروون)یش ڕزگاری ببێ، وەک (ورەبەردان) و (هەست بەتەنیایی و سووکی و ڕیسوایی کردن) و (تووڕە و تڕۆیی) و (وڕێنە) و (ڕیژگاوی) و (لە مردن ترسان).

بێجگە لەمە، دەبێ ئەوەیش بزانین کە (مردن) ڕێگایەکی ناوازە و نایابە، خودای خاوەن بەزەیی بۆی داناوین پێی دا بڕۆین، بۆ ئەمەی لە دەست ئەرک و ئازاری (پیری) و ناهەمواری ڕۆژگاری خراپ، ڕزگارمان ببێ. لەبەر ئەوە، ئەگەر لەسەر (یاسای خودایی) ڕۆیشتین بەڕێگادا، لە تافی لاوێتیماندا، لە هەموو ڕوویەکی ژیانمانەوە دەبێ دڵمان پڕ لە هیوابێ، کە لە تەمەنی پیریشماندا هەر بەدڵخۆشی و کامەرانییەوە ژین دەبەینە سەر.

ئیتر ئەمەندە و فەرموون نووسراوەکە بخوێننەوە تا کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح

(خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد)

سلێمانی: ١٩٦٦/٥/١٢

## ژیان منداڵ دەگەیێنێتە پیری

(بڕوست)، لە چیرۆکەکەی خۆیدا کە ناوی ناوە (سەردەمی گێڕراوە) لە شێوەیەکی زۆر ناوازەدا ئەو سەرسوڕمانەی پیشان داوە کە پێمانەوە دەردەکەوێ لەو کاتەدا کە هەندێ ژن یاخود پیاومان چاوپێ دەکەوێ، کە لە سەردەمی منداڵییاندا ناسیومانن، بەڵام سی چل ساڵێکە نەماندیوون. لەو بابەتەوە دەڵێ: «لەپێشەوە نەمزانی بۆچی وام لێ هات کە زوو بەزوو خاوەن ماڵەکە و میوانەکانیم نەناسییەوە. ئەوانە وا دەهاتنە پێش چاوم کە قژی دەستکردیان بەسەری خۆیانەوە نووساندووە و، سووراو و سپیاویان لە دەموچاوی خۆیان داوە، لەبەر ئەوە شێوەیان بەتەواوەتی گۆڕاوە. ئەی چۆن وانەبوو؟.

خاوەن ماڵەکە ڕیشێکی سپی بەردابووەوە. بەخشەخشیش دەڕۆیشت بەڕێوە. هەروەک قاچەکانی خۆی خستبێتە ناو پێڵاوی مز (قورقوشم)ەوە وابوو!... تەنانەت سمێڵەکەیشی ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو. دەتگوت بەفر کرێوەی لەسەر کردووە!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ئەو دۆستەم تێدا دی کە لە منداڵیدا ناسیبووم. ئەو ئەوساکە منداڵێ بوو لە تەمەنی خۆمدا بوو. بەڵام من وام دەهاتە پێش چاو کە ساڵانمان بەسەردا تێناپەڕێ. کاتێ کە لە هەندێکیانم بیست کە شێوەی ئەو دۆستەم لەگەڵ تەمەنیدا ڕێک دەکەوێ، سەرم لەوە سوڕما کە لە دەموچاویدا چرچ و لۆچی وا پەیدا بووبوون کە بەدەموچاوی پیاوی پیرەوە نەبێ نابینرێن!. ئیتر ئەوساکە زانیم کە دۆستەکەم بەڕاستیی پیربووە. ژیانیش لە ماوەی چەند ساڵێکدا منداڵ دەکات بەپیرا...».

## پڕیی هاوڕێکان لە کارتێکردنی ساڵ وریامان دەکاتەوە

لە ڕاستیدا پێشکەوتنمان لە تەمەندا، ئەمەندە سەرسوڕهێنەرە کە ئێمە زۆر جاری وا هەیە، نامانەوێ باوەڕ بەوە بکەین، کە ڕۆژگار دەتوانن کارێکی وامان تێ بکەن کە لە کەسانی تریان کردووە. کەچی هەرچەند لەگەڵ ئەوەیشدا کارمان تێ دەکەن، بەڵام خۆمان هەست بەدەموچاو و دڵی خۆمان ناکەین کە گۆڕراون، هەتا تەماشای ئەو جێگۆڕانانە نەکەین کە ڕۆژگار لە دەموچاو و دڵانی کەسانی تردا پێکیان هێناوە کە لە تەمەنی خۆماندان، چ لەناو پیاواندا، چ لە ناو ژناندا. ئەویش سەبارەت بەوەیە کە ئێمە لەپێش چاوی خۆماندا هەر بەلاوی دەمێنینەوە، ئاوات و ترس و لەرزی لاوێنیش هەر لەناو دڵماندا دەمێننەوە. کەچی هەست بەوە ناکەین کە لە چاو لاوانی بەرەی ئێستادا باری



زیانمان زۆر گۆڕاوە. تەنانەت، جاری وایش هەیە، هەندێ وشەی سەرپێ سەرسامان دەکەن. وەک ئەوەی کە نووسەرێکی پیر، گوێی لە نووسەرێکی لاو بێ بانگی بکات: «مامۆستای خۆم»، کەچی بەلای خۆیەوە وایە کە ئەو لە تەمەنی خۆیدایە و، لە هاوڕێکانی خۆیشیەتی.

ئەوەی لەمەیش زۆرتر دڵ دەشکێنێ ئەوەیە کە تۆ لە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا بی و سەرت سپی بووبێ، بەڵام دڵت وەک خۆی مابێتەوە، کەچی گوێیشت لە یەکێک بێ لەبابەت کچێکی هەرزەکارەوە قسە بکات بڵێ: «شێتە ئەگەر شوو بکات بەپیاوێکی سەر سپی، لە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵیدا»

## گێژەڵووکە کاری پایز دەردەخات! بەڵام ئاخۆ پیری کەی دەست پێ دەکات؟

گوێزانەوە لە لاوێنییەوە بۆ پیری زۆر بەسستی پێک دێ. تەنانەت کەسمان ئەوەندە هەست بەو گۆڕانە ناکەین کە پێمانەوە دیاردی دەدات! ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە پایز- پایزی ساڵ و پایزی تەمەنیش وەک یەک- هەندێ جار بەدزییەوە دێتە پێشەوە، خۆی لەپشت سەوزاییە کاڵەوەبووەکەی «هاوین»ەوە دەشارێتەوە، کە خەریکە بەرە و وشک بوون دەچێ: کەچی لەپڕ گێژەڵووکەیەکی توندوتیژ لە بەیانییەکی مانگی گەڵاڕێزان (تشرینی دووەم)دا هەڵدەکات، دەمودەست تارای زێڕین لە دەموچاوی زستان دەکاتەوە و پارچە پارچەی دەکات. کەچی ئەو گەڵای درەختانەی کە بەزیندوومان دەزانین، دەردەکەون مردوون، بەچەند تاوێک دەزووی درەختیی کزەوە نەبێ، بەدرەختەکەوە نەنووساون.

ئابەم ڕەنگە گێژەڵووکەکە، کەموکوڕی و ناشیرینییەکە دەردەخات. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی هۆی ئەو کەموکوڕیەیە، یاخود سەرچاوەی ئەو کەموکوڕییە نەبووە! نەخۆشیش بریتییە لەو گێژەڵووکەیەی کە لە دارستانی مرۆڤ هەڵدەکات و بەسەریدا دێ. چونکە پیاوەکە یاخود ژنەکە، ڕەنگە لە شێوەی هەرەتی هەرزەکاریدا دەربکەوێ، کەچی لە تەمەندا پیرە. ئێمەیش هەر ئەمەندەمان لە دەست دێ کە سەرمان سوڕمێنێ لە چستوچالاکی و، زیرەکی و وریایی و، زمان پاراویی ئەو. بەڵام هەر ئەوەندەی خۆشە تا نەخۆشییەکی کوتوپڕی تووش دێ. ئەوساکە بۆمان دەردەکەوێ کە گێژەڵووکەکە خۆی لێ داوە.

چونکە ئەو کارەساتەی کە بۆ لاو دەبێتە هۆی نەخۆشییەکی بچووکی وەک سەر ئێشە یاخود سەرمابوونێکی سووک، دوورنییە بۆ هاوڕێکەمان ببێتە هۆی نەخۆشییەکی گران

وەک دڵ وەستان یاخود سنگ توند بوون، کە لە چەند ڕۆژێکی کەمدا دەیبینینەوە دەموچاوی چرچ بووە پشتی کۆماوەتەوە چاوەکانیشی پڕشنگ نادەن. بەم ڕەنگە کە تووشی نەخۆشی دێ و لە ماوەی هەناسەیەکدا پیریمان دەردەکەوێ. ئیتر لەناکاو تێدەگەین کە لە دەمێکەوەیە لاوێنیی خۆمان بەجێهێشتووە و بووین بەپیر!...

## هێڵی سێبەر لە ناوەند چل ساڵی و پەنجا ساڵێدایە!

ڕەنگە تۆ بپرسیت: ئەم گێژەڵووکەی پایزە لە چ تافێکی تەمەنماندا هەڵدەکات؟

(کۆنراد) دەڵێ: «کە پیاو گەیشتە تەمەنی چل ساڵی، تەماشا دەکات هێڵێکی سێبەری بەسەردا تێدەپەڕێ. ئەویش لە ترسدا دەلەرزێ و لە دڵیدا دەچەقێ کە دەرگای جیهانی لاوێنی تا سەر لە ڕوویدا دادەخرێ!». ئێمەیش لەم سەردەمەی خۆماندا، ئەم هێڵەی بەبیرداهاتووە پاڵ پێوە دەنێین تا دەگاتە نزیک تەمەنی پەنجا ساڵی. بەڵام ناتوانین ئەو هێڵە نەهێڵین بێتە پێشەوە.

چونکە ئەو هەرچەندێ دوایش بکەوێ، هەر دەمێنێتەوە و لەناو ناچێ! ڕەنگە ئەوانەی بەسەر ئەو هێڵەدا تێدەپەڕن، بەوریایی و چستوچالاکییەوە بمێننەوە. ئەوەندەیش هەیە کە کاتێ لێی تێدەپەڕن تەزوویەک بەپشتیاندا دێ و، هەست بەلەرزێکی سووک دەکەن و، تۆزە هەناسە ساردییەکی سەر پێیشیان تووش دێ، هەر بەو چەشنەی کە (کۆنڕاد) دەڵێ.

بەتاسوقەوە لە (ستاندال) دەگێڕنەوە: کاتێ گەیشتووەتە تەمەنی پەنجا ساڵی لە شێوەیەکی ورد و بایەخ پێدراودا، ڕستەیەکی ئامادە کردووە، بەناوی ئەو ئافرەتانەوە کە خۆشیویستوون!. کاتێ (ستاندال) لە تەمەنی بیست ساڵیدا بووە، جەربەزەییی دڵداریی چەند جارێک هێناوەتە پێش چاوی خۆیەوە، چەند جارێکی تریش ئەوەی دووبارە کردۆتەوە لە جیهانی ڕاستەقینەدا. ئەمانەشی بەسایەی ئەو ژنانەی بەڕاستیی خۆشیویستوون، مەگەر هەر لەناو ئەو نووسراوانەدا بووبن کە داینابوون. چونکە بەپێنووسەکەی خۆی دروستی کردبوون.

کاتێکیش لە «هێڵی سێبەر» تێپەڕی کرد، لە خەفەتاندا دەستی کرد بەگریان بۆ ئەو کچە دڵدارانەی کە بەختی یار نەبوو پێیان بگات!.

هەر بەم ڕەنگەیش نووسەرێک کە بگاتە تەمەنی پەنجا ساڵی ئەو کارانەی جێبەجێی کردوون، دەیانهێنێتە پێش چاوی خۆی. جا لەو کاتەدا، هەست وا بەخۆی دەکات کە هەموو بیرێکی خۆی بەنووسین بۆ تەواو نەکراوە. هەروەها ئەو نووسراوانەیش کە دەری



هێناون یاخود چاپی کردوون، هەر بریتین لە چەند نووسراوێکی وا کە دەیویست دەریان بهێنێ. هەرچەند ئەوسالانەشی دێتە بەرچاو کە پێویستن بۆ دانانی ئەو نووسراوانە، سام دەیگرێ، ئینجا لە نیازەکەی خۆی خاو دەبێتەوە و، ورە بەردەدات. پاش ئەوەیش دڵی دەست دەکات بەگروپە گروپ و داخورپان، کە ئەمەیش ڕەووشی پیرانە!...

## لە هەموو شتێک ناخۆشتر لە پیریدا ورە بەردانە

ئەوەندە هەیە پیری هەر ئەوەندە نییە کە سەری مرۆڤ سپی ببێ و دەموچاوی چرچ و لۆچی تێبکەوێ و، هەست بکات بەوەی هەلی لە دەستچووە و تازە تەمەنی بەسەرچووە و، کاتی ئەوەیشی هاتووە کە بەزمگاهی ژیان بەجێ بهێڵێ بۆ بەرەی داهاتوو لەسەرێکی تریشەوە، کزبوونی لەش بەشی هەرە ناخۆشی پیری نییە. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر و بەدتر ئەوەیە کە ورە بەردەدات و گیانی سەرە و خوار دەکات و، دایشدەمێنێ هیچ ناکات!... کاتێ کە پیاو لە «هێڵی سێبەر» تێپەر دەکات، ئارەزووی فەرمانکردنی کەمتر دەبێتەوە لەوەی کە توانایی فەرمانکردنی کەم بێتەوە. جا ئایا لە پاش ژیانێکی پەنجا ساڵیی پڕ کارەسات و بەسەرهات و بەکامی دڵ نەگەیشتن، مرۆڤ دەتوانێ لەو سەرچڵییە زۆر و زەبەندەییەی خۆیدا بمێنێتەوە کە زاڵ دەبێ بەسەرلاوان دا؟ دەتوانێ لەو ئارەزووەی خۆیدا بمێنێتەوە کە بناسێ و بزانێ و تێبگات لە شت؟ دەتوانێ لەو هێز و دەسەڵاتەدا بمێننەوە کە لە کانگای دڵیەوە کەسانی تری خۆش بوێ و دڵداری بکات؟... ئایا دەتوانێ ئەو خۆشییە هۆشی و هەستییانە بچێژێ کە لە تافی کوڕێنیدا چێشتبوونی؟... کاتێ ئێمە لە تافی کوڕێنییەوە دەگوێزینەوە بۆ تافی پیاوەتی» خۆش ڕابواردنێک بەخۆش ڕابواردنێکی تر دەگۆڕینەوە. لێهاتووییەک بەلێهاتووییەکی تر دەگۆڕینەوە. بۆ وێنە: لە پشت ئەو هێڵە نادیارەوە کە دامانناوە لە مێشکی خۆماندا، جیهانێکی تر دەبینین کە پڕە لە پڕشنگی بێ دەنگ و سەنگیی ڕووناکی، کە بەهۆی ئەو ڕووناکییەوە هەموو کەس و هەموو شتێک بەڕاستی خۆیانەوە دێنە بەرچاومان. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە چاوەکانمان لە دەست ڕووناکی ئالۆش و خرۆش و ئارەزوو ڕزگاریان دەبێ. واتا لەو ڕووناکییە پڕ بریسک و هووڕانە ڕزگاریان دەبێ کە گەشکەداریان دەکردین و، چاوەکانمانیان وا لێ دەکرد، ڕێشکەوپێشکە بکەن و ڕاستییەکانی کاروبارەکان بەتەواوەتی نەبینن.

پیاوانی وایش هەن کە لە دوای تێپەڕکردنی «هێڵی سێبەر» و بینینی کاروبار، بەباری ڕاستیاندا دەڵێن: «بەڵام تازە کەڵکی چییە؟...».

ڕەنگە ئەم قسەیە لە هەموو قسەیەک سامناکتربێ کە لە دەمی پیاوەێکەوە بێتە دەرێ. چونکە هەتا دێ فراوانتری لێ دێ، زۆرتریش کون و قوژبنی ژیان دەگرێتەوە. چونکە لە پاش ئەمەی دەلێ: «خەباتکردن کەلکی چییە ؟...» ، خۆی وا دەبینێ کە ناچارە بلێ: «ئەی لە ماڵ دەرچوون کەلکی چییە ؟...» . ئینجا بلێ: «ئەی لە ژوور هاتنە دەرەوە کەلکی چییە ؟» .

ئینجا بلێ: «لە پێخەف دەرچوون کەلکی چییە ؟...» . تا دوایی وای لێ دێ بلێ: «ئەی ژیان کەلکی چییە ؟...» . ئینجا ئەوساکە دەرگاکانی مەرگیشی بۆ دەکرێتەوە!.

## تەمەن هەرچەندە درێژیش بێ پیری هەر بەپێویست دادەنرێ!

لە ڕاستیدا هەموو گیانلەبەرێک -بێجگە لەوانەی کە لەشیان بریتییە لە یەک کولانە (خُجَيْرَةْ)- لە ڕێیدا هەیە بگاتە پیری لە تەمەنێکی دیاردی کراوی ژیانی خۆیدا، کە بەپێی جۆر و تیرەی خۆی دەگۆڕێ. هەندێ پەپوولەی وا هەیە لە پاش دوو سات دەمرێ بەڵام پاش ئەمەی تێر و پڕ دڵداریی خۆی دەکات کەچی کیسەڵ و تووتی وا هەن دووسەد ساڵ دەژین!... جا دەبێ چ ڕازێک هەبێ لەم جیاوازییەی تەمەنەدا ؟... بۆچ دەبێ هەندێ ماسی سێ سەد ساڵ بژین، کەچی «بایرۆن» یاخود «مۆزار» لە سی ساڵ زۆرتر نەژین ؟.

لە ڕاستیدا ڕازی ئەوە هەر لای خودایە بینرانێ!... ڕەنگە ئەمە ڕاست بێ کە لەپێش سەد ساڵدا، تێکڕاییی تەمەنی مرۆڤ چل ساڵ بووبێ!... کە لەم چەرخەی ئێمەیشدا تێکڕاییی تەمەنەکە گەیشتۆتە شەست ساڵ. کە ئەگەر شەڕوشۆڕ و شۆڕشەکان پەکی پێشکەوتنی زانستی تەندروستی نەخەن، تێکڕایی تەمەنی ئاسایی مرۆڤ لە سەدەی داهاتوودا بگاتە سەد ساڵ!... ڕەنگە ئەمانە هەموو ڕاست بن. ئەوەندە هەیە ئەمە فری بەسەر بابەتی پیرییەوە نییە. چونکە درێژیی تەمەن ئەوە ناگەیێنێ کە لە دەست پیری ڕزگارمان دەبێ. تەمەن هەرچەندێ درێژبێ، پیری هەر دێتە کایەوە!...



## زۆرانبازیی ناوەند لاوێتی و پیری!

جا هەرچەند مرۆڤ نزیک بێ لە سروشت و لە ژیانی سەرەتاییییەوە، ئەوەندە زاڵ دەبێ بەسەر پیاوە پیرەکاندا. (کیپلینگ) لە نووسراوەکەی خۆیدا کە ناوی ناوە «نووسراوی دارستان» ، ئەمەی بۆ دەرخستووین کە چۆن گورگێکی بەساڵداچوو دەتوانێ بەڕێزگیراوییەوە لەناو هاوڕێکانی خۆیدا بمێنێتەوە. بەمەرجێ بتوانێ نێچیرەکەی خۆی بگرێ و بیکوژێ!. جا هەر ڕۆژێک وای لێ هات نەتوانێ ئەوە بکات، ئیتر هێز و دەسەڵاتی لەناو هاوڕێکانیشیدا نامێنێ. هەروەها نووسەرەکە خۆی ئەوەیشمان بۆ دەردەخات، کە گورگە هەرزەکارەکان، گورگە پیرەکە -ئەوەی ددانی نەماوە- لە دەست سەرگەردانی ڕزگار دەکەن، بەسایەی ئەوەوە کە لەناوی دەبەن!.

هۆزە ڕەوەندە سەرەتاییەکانیش، لەم بارەوە، لە گیانلەبەر دەکەن. لەناو دوورگەکانی زریەکانی باشووردا، هۆزە کە زۆر لە پیاوە پیرەکانی خۆی دەکات کە سەرکەون بەسەر درەختە بەرزەکانی گوێزی هینددا. پاش ئەوە هۆزەکە ئەو درەختانە ڕادەوەشێنێ. جا ئەگەر پیرەکان توانییان خۆیان بگرن و نەکەونە خوارەوە لە درەختەکان، مافیان هەیە بژین و بەزیندوویی بمێننەوە. بەڵام ئەگەر لە درەختەکان کەوتنە خوارەوە، زوو بەزوو هۆزەکەیان چاریان دەکات. واتا بڕیار لەسەر لەناوبردنیان دەدات!.

لە پێشەوە وا دەردەکەوێ کە ئەم ڕەوشتانە دڕندانە بن. کەچی لە ژیانی پێشکەوتووانەی خۆیشماندا ڕەوشتی وامان هەیە. چونکە وتاربێژی لەناو کۆمەڵانی گشتیدا، وانا گوتنەوە. لاسایی کردنەوەی چیرۆک لەناو بەزم گاهەکاندا، ئەمانە هەموو بریتین لەو جۆرە تاقیکردنەوانەی کە لە تاقیکردنەوەکانی خۆگرتن بەسەر داری گوێزەوە دەکەن، کە لە ئەنجامدا بیروباوەڕی گشتیی بڕیار دەدات بەسەر زرنگکار و، مامۆستای نووسراودانەر و، لاسایی کەرەوەدا!.

جا ئەگەر گوترا: «لە کارکەوتووە» ، ئەوە وەک بڕیاری کوشتنی ئەو کەسە وایە. چونکە پەککەوتنی لە کارکردن، یان دەبێتە هۆی هەژاریی ئەو، یاخود دەبێتە هۆی هەناسە ساردی و نەخۆش کەوتنی!.

جەنگیش بۆ سەرکردە وەک درەختی گوێزی هیند وایە. هەروەها کچە جوانەکانیش بۆ پیرە مێبازە داوێن پیسەکان، وەک تاقیکردنەوەیەک وایە بۆ ئەوەی بزانرێ هەرزەکاری یان تێدا ماوە، یاخود پیربوون و پەکیان کەوتووە!.

## هەندێ کۆمەڵایەتی لاوێنی بەگەورە دادەنێن، هەندێکیشیان پیری!

چونکە ژیان لەناو جووتیارەکاندا نزیکترە لە سروشتەوە، هێشتا هێزی لەش بەناوبژی کەر دادەنرێ بۆ ڕێکخستنی ئاشنایەتی ناوەند وەچەکانی ئەوان. هەروەها لەناو شارەکانیشدا لاوێنی بەشتێکی گەورە دادەنرێ لە کاتە کورتەکانی شۆڕشەکان و هەڵگەڕانەوە کوتوپڕییەکاندا. چونکە هەرچی لاوانن باشتر دەتوانن بەدەنگ هەراوە بچن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ جەنگ، لە پیرەکان!... چونکە لاوان هێزی ڕووت، بەتەواوەتی پیشان دەدەن، واتا نموونەی هێزی ڕووتن.

هەر ئەوانیش کە پشتی هێزی خاوەن بیروباوەڕەکان دەگرن -کە (هەتلەر) یەکێکە لەوان- لەوانەی کە ئامانجی بچووک پیشان دەدەن و موژدەی ئاواتی گەورە گەورەیش دەدەن. کەچی بەپێچەوانەی ئەوە، ئەو پێشکەوتووییە خانەدانانەی کە یەجگار کۆنن، بۆ ئەوە مل دەنێن کە بچنە ژێر دەسەڵاتی پیرەکانەوە. چونکە هەرچی شارەزایی و جیهان بینیوییە بەتواناییەکی گەورە و بەنرخ دادەنرێن لەناو ئەو خاکانەدا کە لە دەمێکی دوور و درێژەوە تووشی گۆڕان نەهاتوون. لە سەردەمی کۆندا چینییەکان ناز و جیازێکی پڕ خۆشەویستییان دەبەخشی بەپیرەکان. ئەوساکە وابوو کە: «نەدەبوو پیاوێکی سەرسپی لە ڕێگادا ببینی کەلوپەلی هەڵگرتبێ!...».

بەڵام لە چینی ئیمڕۆدا، ئەم هەستە ناسکە کز بووە و بەرەو نەمان دەچێ. پیرێتیش گیروگرفتێکی زۆر بەخۆیەوە دەهێنێ کە هەرگیز لە ژمارە نایەن.

لەگەڵ ئەمەیشدا من لام وایە چارەکردنیان لە توانایی دایە، بام گرانیش پێک بێ. ئەوەندە هەیە چارەکردنیان ئەوەی پێ دەوێ کە بەباوەڕ بەخۆکردنێکەوە ڕووبەڕوویان بوەستین. منیش لێرەدا خەریکی ئەوە دەبم کە وێنەیەکی تەواو و ڕاست و ڕەوان بۆ ڕووە خۆشەکانی پیری بکێشم. ئامۆژگاریی خوێندەوارەکانیشم دەکەم کە لێی زارەترەک نەبن!. لەمەدا منیش هەر لەو پزیشکە دەکەم کە نەخۆشییەکی سامناکی بەنەخۆشەکەی خۆیەوە دەبینێ، کە پێویشتیی بەپارێزگارییەکی دیاردی کراو هەیە. ئینجا ڕووبەڕوو پێی دەڵێ کە ئەنجامی کەمتەرخەمی دەربارەی خۆی بەچی دەگات. پاش ئەوەیش دەڵێ: «بەڵام ئەگەر تۆ ئامۆژگارییەکانی بەجێ بهێنیت و خۆت بپارێزیت، تووشی هیچ ئێش و ئازار و ناخۆشییەک نایەیت!...». لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەیە کە لەشی پیاوی بەساڵداچوو زۆرتر لە بزوێنەر (محَّرك)ی کۆن دەکات. دەتوانێ کار بکات، ئەگەر بێتو بایەخ بدرێ



بەچارەکردن و پشکنین و تاقیکردنەوە و چاککردنەوەی. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بزوێنەرەکە (وەک پێشووی خۆی) فرمان ناکات. لەبەر ئەوە نابێ زۆر ئەرکی بخرێتە سەر. هەروەها مرۆڤیش کە گەیشتە تەمەنی خۆی بەگران فرمانی پێ دەکرێ.

مەگەر ئەو کەسە زۆر جیاواز بێ لە کەسانی تر. وەک (ڤۆڵتر) کە لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا نووسراوی (کاندیر)ی دانا. وەک (فاگنەر) کە لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا «بارسیفال»ی دانا. لە (لاڕۆشفۆکۆ) دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: «پیری زۆر دارێکی وایە کە ڕێ نادات بەکەس خۆی فڕێ بداتە ناو خۆشڕابوواردنی هەرزەکارانەوە. هەر کەسێ قسەی بشکێنێ سزاکەی مردن دەبێ!».

## دڵداری لە پیریدا

یەکەم خۆش ڕابواردنێک کە پیریی لێ بێبەش هێڵراوەتەوە (دڵداری)یە. چونکە ئەوانەی گەورەتەمەنن، چ ژن بن، چ پیاو، گیان و هێز و هەڕەتیان هەر چۆنێک بێ، بەگران ئەوەیان بۆ دەچێتە سەر کە دڵدارییەکی هەرزەکارانە لە کانگای دڵی خۆیاندا زیندوو بکەنەوە. جا ئەگەر دڵدارییەکی بەرامبەریت دی لە ناوەند پیاوێکی پیر و کچێکی هەرزەکاردا، یاخود لە ناوەند ژنێکی سەرە و کوڕێکی لاودا، باوەڕت ببێ کە ئەو دڵدارییە بەزۆری بەسایەی ڕێزگرتن و بەدڵداچوون و خۆنەویستنەوە پێک هاتووە. لە چیرۆکەکانی (بەلزاک)یشدا وێنە زۆرە بۆ ئەو دڵدارییە (جوانەمەرگ)ەی کە پیرەکان تێی دەکەون.

دەبینیت یەکێک لەو گرفتاری دڵدارییانە، ئەوەندە هۆگری ئەم کچ و ئەو کچی جەربەزە و بزێو دەبێ، لەوانەی کە دەزانن چۆن هیوای شێتانە لەناو دڵیدا زیندوو بکەنەوە، خۆی بەجارێک سەرگەردان دەکات. کچەکان ئەمەندە سۆزانی و زۆرزانن، وا چەواشەی دەکەن کە بەهۆی پارەبەخشین و دیاری پێشکەش کردنەوە بابەتێکی وایان لێ دەکرێ، کە لە کاتی هەرزەکاریی خۆیدا، هەر بەسایەی کوڕێنی و دڵ کێش کردنی خۆیەوە، ئەوەی بۆ دەچووە سەر! (شاتۆبریان)یش کە یەجگار شارەزای ئەم جۆرە ئەرک و ئازارە بووە، نووسراوێکی ناوازەی بۆ بەجێهێشتووین کە ناوی «دڵداریی تافی پیری»یە، ئەم بارەی لە شێوەیەکی زۆر ناشیریندا پیشان داوە. دڵداریی تافی پیریی لە شێوەیەکی ڕاست و ڕۆشندا پیشان داوە. کابرای دڵدار هەرچەند پیر بووە بەڵام دڵی بڕوای نەداوە پێ لە پیریی خۆی بنێ. خۆشەویستیی پیرەکەی لە شێوەی گڕوکڵپەیەکی دڵداریی دوورودرێژی پڕ خەم و خەفەتدا دەرخستووە کە زاڵبووە بەسەر ئەو کابرایەدا. کابرا پێی ناخۆش بووە دڵی پیر

ببێ. لە ڕاستیدا دڵداری لە تافی پیریدا «سزا»یەکە بەر ئەوانە دەکەوێ کە هەموو ژیانی خۆیان بەدڵدارییەوە ڕابواردووە! بەڵام ئەو ژنانەی کە لە تافی کچێنی خۆیاندا دڵدارییان زۆر کردووە سزاکەیان ئەوەیە کە یەکێک لەو ژنانە گوێی لە لاوێک بێ چیی پێ دەڵێ لەو کاتەدا لە تافی پیریی خۆیدا دڵداری دەکات: «دەڵێن کە کچ بووە یەجگار جوان بووە!...».

بێجگە لەوە بارێکی پێچەوانەی تریش هەیە. ئەویش باری زۆر کەسە لەوانەی کە پێش ئەمەی بگەنە تەمەنی خۆیان دڵیان پیر دەبێ: سایان لەبەرئەوەی کە ئالۆش و خرۆشی لەشیان ئەوەندەیان لە دەست نایەت کە هەست و تاسەیان بخەنە گەڕ، واتا گڕی دڵداری لە دڵیان بەربدەن. یاخود لەبەر ئەوەی کە ئەمەندە خاوەن هۆش و پەی بەکەموکوڕیی ژیان دەبەن، ئالۆش و خرۆشیان کز دەبێ و هەست و تاسەیشیان سارد دەبێتەوە! دڵداریی تافی پیریش بەزۆری هەندێ خۆپەرستیی تێدایە، کە لای هەندێ پیر ئەمەندە زۆرە سەری پیاوی لێ سوڕدەمێنێ، لە چیرۆکی (ئەفیل) و (یونیس)یشدا ئەمەمان بەتەواوەتی بۆ دەردەکەوێ. کابرا هەموو ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا بڕاندەوە. کە دڵی چوو بەئافرەتەکەدا تەمەنی ئافرەتەکە بیست و حەوت ساڵ بوو. لە کۆڵ ئافرەتەکەیش نەبووەوە، تا ئافرەتەکە وازی لە مێردەکەی خۆی هێنا. کەچی نەیتوانی مارەی بکات.

چونکە خۆی ژن دار بوو! ئافرەتەکە خێزانەکەی خۆی و منداڵەکانی و هاوڕێکانی و سایە و پایەی خۆی بۆ دڵی ئەو بەجێهێشت. ژیانی خۆی بۆ خۆش ڕابواردنی ئەو و فەرمانی ئەو تەرخان کرد. لە دوای دڵدارییەکەیشان دۆستایەتییەکی دووروودرێژ هاتە کایەوە. تەنانەت کە پیاوەکە تەمەنیشی گەیشتە هەشتا ساڵی هەروەکو جاران هیچ ڕۆژێک نەبوو یەکتری نەبینن. کاتێ کە (یونیس) مەرگ بردیەوە بۆ خۆی، لەوانەی دەیانناسین کەسێک نەمایەوە کە بەزەیی بە«ئەفیل»دا نەیێتەوە. ئەوان وایان دەزانی کە ئەو سەرگەردانییە لەناوی دەبات. کەچی هیچ شتێکی وا ڕووی نەدا. بەپێچەوانەوە، دەمودەست خۆی گرت، پێی تێک نەچوو. ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو کە پیرییەکەی هەر ئەمەندەی لە دەست نەهاتبوو کە دڵدارییەکەی خاو بکاتەوە، سارد بکاتەوە، هەروەها ئەو هەستەیشی پێ نەهێشتبوو کە بەئازار بزانێ!. جا ئەم جۆرە خۆپەرستییە (سروشی)یە کەزاڵ دەبێ بەسەر پیرەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لاوەکان نەیانەوێ دۆستایەتییان لەگەڵدا بگرن. چونکە لاوەکان ئەو گەرموگوڕییە لە دڵی ئەواندا نابینن کە بەگران لەوانە دەوەشێتەوە.

هۆی ئەمەیش ئەوەیە پیرەکان لەبەر ئەوەی تەمەنیان زۆرە، تێگەیشتنێکی وایان بۆ پەیدا دەبێ کە لەسەر بنچینەی کارەسات و بەسەرهاتی پێشوویان دامەزراوە.



## دەست قووچاوی و ڕژدی گەلێک جۆرن

یەکێک لە بەدیی پیریش ئەوەیە کە خاوەنەکەی فێری دەست قووچاوی و ڕژدی دەبێ. ئەمەیش بەزۆری لەوەوە ڕوو دەدات کە پیاوی بەساڵدا چوو، پەی بەوە دەبات کە لە تەمەنی پیریدا، بەئاسانی گوزەرانی بۆ ناکرێ، نانی بۆ پەیداناکرێ. هەروەها کاری بەئەرک و ئازاریش لەناوی دەبات. جا لەبەر ئەوە چنگ دەگرێ بەسەر پارەکانی خۆیدا و، فێڵ دەکات لە شاردنەوەی پارەکانی خۆیدا، لەم کون و لەو قوژبندا، نەوەک کارەسات ڕووبدات و لەسەر پارەدا بمێنێ!. ئەوەندە هەیە ترسی داماوی لەسەر پارە. یەکەم هۆ نییە، بۆ دەست کێشانەوە لەپارە بەختکردن. تۆ کە چیرۆکە زیندووەکەی «ئۆجینی گرانە» ببینی کە لەلایەن «بەلزاک»ەوە دانراوە، ئەم ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێ: یاخود هەروەک نرخ زانی کۆن (لاوێر) دەڵێ: «ترسی دەستکورتی نییە کە پیرەکان وا لێ دەکات چنگ بەسەر پارەکانیاندا بگرن. چونکە هی وایان تێدایە ئەمەندە پارەی هەیە کە لە ژمارە نایەت. پاشان چۆن ئەوانە لەوە دەترسن خۆیان بێبەش بهێڵنەوە لە بەزموڕەزم و خۆشیی ژیان و خۆشگوزەرانی، کەچی هەر بەخۆشی خۆیان دوای ئارەزووی دەست قووچاوی خۆیان دەکەون و، خۆیشیان لەو خۆشییانە بێبەش دەهێڵنەوە!...».

لە ڕاستیدا دەست و قووچاوی و ڕژدی، کردەوەی خراپن، پیری خۆی دروستیان دەکات. دووریش نییە کە پیرەکان پارەداری بەهۆیەک بزانن بۆ ئەوەی کە ئارەزووی خۆیان دامرکێننەوە بەڕابواردن، بەشتێکەوە کە خۆیانی پێوە خەریک دەکەن!.

## کاتێ کە پیرەکان لاوێنی خۆیان لەبیر دەچێتەوە!

یەکێک لە دەردەکانی پیرییش ئەوەیە کە «هەڵەکانی مێشک» زۆرتریان لێ دێ. چونکە پیاوی پیر ناتوانێ پەی بەبیرە تازەکان ببات و تێیان بگات. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە ناتوانێ ئەو بیرانە بخاتە مێشکی خۆیەوە و، بیانکات بەپارچەیەک لە بیروباوەڕەکانی خۆی. جا لەبەر ئەوە هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕانە نووچ دەگرێ کە لە تافی پێگەیشتنیدا چوونەتە مێشکییەوە!. ئەمەندەیش لەخۆی بایی دەبێ، وا دەزانێ هەموو گیروگرفتێکی پێ چارە دەکرێ! کە بیروباوەڕێکیشی پیشان بدرێ، پێچەوانەی هی خۆی بێ، پێی تێکدەچێ! وا دەزانێ ئەمیش جۆرە ڕێزنەگرتنێکە. ئیتر هەموو دەم ئەمە دووبارە دەکاتەوە دەڵێ: «ئێمە لە کاتی خۆماندا، هەرگیز بەرەنگاری کەس نەدەبووین، کە لە خۆمان گەورەتر ببوایە!».

هەروەک ئەوەی لەبیرچووبێتەوە کە باپیری خۆیشی هەر ئەم قسانەی بەو دەگوت لە تافی منداڵییدا!». بەم ڕەنگە کابرای پیرە پەکی ئەوەی دەکەوێ کە لەگەڵ کارەسات و ڕۆژگاردا بڕوات بەڕێوە. چونکە توانایی ئەوەی نامێنێ کە خۆی کێش بکاتە سەر ئەوەی خۆی خەریک بکات بەکارەساتی ئەم لاو ئەولای خۆیەوە. ئیتر دەست دەکات بەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕابوردووی خۆی. ئەمەندەیان دووبارە دەکاتەوە، لاوەکانی بەردەمی لێی وەڕس دەبن. ئیتر ئەوانیش وایان لێ دێ خۆیانی لێ دوور دەخەنەوە.

بەرەڵڵایشی دەکەن بۆ بەردەستی تەنیایی، کە لە هەموو دەردێکی پیری ناخۆشترە!. کاتێکیش کە پیرەپیاو دەبینێ هاوڕێ و دۆستە هەرەکۆنەکانی و خزمە هاودەمەکانی کە پێیانەوە ڕاهاتبوو، یەک لەدوای یەک خۆیانی لێ دەشارنەوە و، کەسی وایشی دەست ناکەوێ کە جێی ئەوان بگرێتەوە «بیابانی تەمەن»ی پێ تەنگ دەبێ و دەست دەکات بەهانەدانی مردن کە سەری لێ بدات.

## پیری بەلای تۆلستۆیەوە

(تۆلستۆی)ش لە کێشانی وێنەی ئافرەتێکدا هونەری نوواندووە کە نەیزانیوە لەگەڵ بەساڵداچوویی خۆیدا بڕوات بەڕێوە و، بەپیر پیرێتییەوە بچێ. دەڵێ: «هێشتا لاشەی کوڕەکەی لەناو گۆڕەکەیدا ئارامی نەگرتبوو، لە پڕ مێردەکەیشی مرد. ئافرەتەکە وا هەستی بەخۆی کرد، کە لە ناکاو کەوتووەتە بارێکی واوە کە لە بیر جیهان چۆتەوە. وای لێ هات، بوو بەئافرەتێکی بێ مەبەس و بێ ئامانج. خواردن و خواردنەوە و نوستن و دانیشتنی هەبوو. بەڵام ژیانی پێوە دیار نەبوو. چونکە ژیان هیچ هەستێکی لە دڵیدا نەدەبزواند! لە ژیان هیچی نەدەویست سرەوت سرەوت نەبێ. سرەوتیشی بەهیچ شتێک دەست نەدەکەوت بەمردن نەبێ. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ناچار بوو بژی. ناچار بوو زیندوێتیی خۆیشی بەکاربهێنێ تا بەمەرگ دەگات. پاش ئەوە هەرچی لە منداڵە بچکۆلەکان و پیرە پەککەوتووەکانەوە ڕوودەدات، لەویشدا دەردەکەوت. ئەوەندە هەبوو لەمەدا بەئەندازەیەکی گەورەتر دەردەکەوت. ئیتر لە ژیانیدا ئامانجێکی دەرکەوتوو نەمابوو کە لە کەسانی تر جیای بکاتەوە. بەڵام وا دیاربوو کە خووی دابووە هەوەس و ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی. هەستی دەکرد بەخۆی ناچارە بخوات و بخواتەوە، کەمێک بنوێ، کەمێکیش بیر بکاتەوە و قسە بکات، هەندێ فرمێسکیش بڕێژی، تۆزێ فەرمانیش بکات، جارە ناجارێکیش تووڕە ببێ، لەگەڵ هەندێ کاری تریشدا... ئەمانەی هەر لەبەر ئەوە دەکرد کە ورگ و هۆش



و دەمارە مێشک و ماسولکەی هەبوو! بەڵام ئافرەتەکە ئەمانەی لەبەر ئەوە نەدەکرد کە لە دەرەوە هێزێک هەیە و پاڵی پێوە دەنێ بیانکات. وەک ئەوانە ئەوانەی نەدەکرد کە لە هەرەتی ژیاندان و ئەو ئامانجە پاڵی پێوە دەنان کە لە پێناوی گەیشتن بەودا هەموو هێز و توانایییەکی خۆیان بەخت بکەن، تەنانەت ئەگەر پەی بەوەیش ببەن.

ئەو هەر لەبەر ئەوە قسەی دەکرد کە هەستی بەپێویستییەکی سروشتیی دەکرد کە زمانی خۆی بخاتەکار و سییەکانی خۆیشی بجووڵێنێ... دەشگریا وەکو منداڵ. چونکە بەپێویستی دەزانی فرمێسک بەچاوەکانیدا بێنە خوارەوە و دەمارە مێشکییەکانی فرمێسکی بەو فرمێسکانە تەڕ بێن.

کەواتە ئامانج و مەبەس بۆ کەسانی تر کە خاوەنی هێز و توانایی خۆیان بوون، بەلای ئەوەوە هەر ئەوەندە بوون کە بووبوونە پەڵپ و بیانوویەک بۆ ئەو کردەوانەی. دانیشتووانی ماڵەکەیش پەییان پێ برد کە وەک لە تافی منداڵیدا بێ وایە. لەگەڵ ئەمەیشدا کەسیان ئەوەی نەدەدا بەڕوویدا، لەجیاتی ئەوە بەهەموو شێوەیەک دەیانویست دڵی ڕابگرن. کەچی ئەوەیشیان دەرنەدەخست کە پەی بەوە دەبەن، مەگەر جار بەجارێک کە ئەویش لە شێوەی چاوتروکاندنێکی بەرامبەریدا دەکرا. ئەم چاوتروکاندنانەیش واتایەکی تریان دەبەخشی.

مەبەسیان ئەوەبوو کە ئەو ئافرەتە پیرە بەشی خۆی ژیانی دیوە. ئەو کەسەیش کە لەبەر چاوی خۆیاندا دەیبینن، ئەو ئافرەتە نەماوە کە لەوەپێش دیویانە و هاودەمییان کردووە!. ئەوەندە هەیە، بەهەموو ڕەنگ، ئەو هەر بەجۆرێک ڕۆژی تەواو دەبێ. کەواتە دەبێ دڵیان بەوە خۆش بێ کە هەرچی بڵێ بەگوێی بکەن، کە لەپێناو ئەم ئافرەتە هەناسە ساردەیشدا خۆیان بێ سرەوت بکەن، کە ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشەویست بوو لایان. ئەویش وەک ئەوان پڕ بوو لە ژیان. کەچی ئێمڕۆیش وای لێ هاتووە، بووەتە مردوویەکی زیندوو. یاخود زیندوویەکی مردوو!».

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە پیری هێزمان لەبەر دەبڕێ. خۆشیی ژیانیشمان یەک لەدوای یەک لێ کەم دەکاتەوە. گیانمان دەگوشێ. لەشمان وشک دەکات. جەربەزەیی و دۆستایەتیش وا لێ دەکات کە بەگران دەستمان بکەون و بۆمان بچنەسەر. ژیانیش وا لێ دەکات کە وەک «پشوویەکی چاوەڕوانی»ی لێ بێ، بیرکردنەوە لە مردن، پڕی دەکات لە تاریک و نووتەکی!..

## خۆ ڕازاندنەوە بەفێڵی پیری شاردنەوە!

هونەری ژیانیش لە تەمەنی پیریدا بریتییە لە دوو بەش: بەرەنگاری کردنی ئەنجامە ناخۆشەکانی. تێکۆشینیش بۆ ئەمەی ژیان بەخۆشییەوە ببڕێتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ناهەمواربییەیشدا کە هەیەتی! مرۆڤیش لێرەدا دەپرسێ: بۆچ بەم هوروژمەیشەوە کە پیری لە لەشی ئێمەی دەکات، ئەم زۆرانبازییە و ئەم ئەنجامی کامەرانییە، بۆ ئێمە ئاسان دەچنە سەر؟... بۆچ پیرییش بریتی نییە لە گەشەکردنێکی سروشتی لەش، کە بەهیچ کلۆجێک ڕێی پێ ناگیرێ؟ بۆچ مرۆڤیش لە پایزی تەمەندا وەک ئەو درەختە نییە کە لە پایزی وەرز دایە، کە هەر خەریکی ئەوە دەبێت گەڵاکانی لێ نەبێتەوە و، بەلقەکانیانەوە بمێننەوە. کەچی گێژەڵووکەکانی پایز زۆریان پێ ناچێ، لە کاتی خۆیاندا هەڵ دەکەن و گەڵاکان هەڵ دەوەرێنن و، درەختەکەیش بێ بەرگ و نەوا دەهێڵنەوە، تا وەک پەیکەرێکی ڕەشی لێ دێ؟

ئەوەندە هەیە شارستانێتی و بەسەرهات، هەموو کەسێکیان فێری ئەوە کردووە کە چۆن «ڕووکەش»ی پیری بەرەنگاری بکەن، بام نەیشتوانن بەسەر پیرییەکە خۆیدا زاڵ ببن. (خۆڕازاندنەوە) و (خۆجوان کردن)یش بەشێکی گەورەن لەم بەرەنگاری کردنەدا. جا لەبەر ئەوە کە سەرنج دەدەیت، ئافرەتە پیرەکان زۆرتر خەمی بەرگ و پۆشەنیی خۆیان دەخۆن لە کچە هەرزەکارەکان. لە وزەبەدەریش متوموورروو، و گەوهەرە بریسکەدارەکان دەکەن بەخۆیاندا، بۆ ئەمەی سەرنجی کەسانی تر ڕابکێشن بۆ ئەوانە و، ڕوویشیان وەربگێڕن لەو کەم وکووڕییانەی کە لە لەشیاندا هەن!! بەم ڕەنگە دەبینین هەرچی دەبێتە هۆی گران جوێ کردنەوەی (لاوێنی) لە (پیری)، لە کردەوەی شارستانێتییە. چونکە سووراو و سپیاو و دەرمانی قژی سەر، کارێکی وا دەکەن کە کچە هەرزەکارەکان و داپیرەکانیان وەک یەکیان لێ بێ. هەروەها نەخۆشەکانیش لە شێوەی تەندروستەکاندا دەربکەون. کۆگاکانی بەرگ و پۆشەنی و شوێنەکانی لەش جوان کردنیش، ئەمەندە بابەتی تازە دادەهێنن و باو پیشان دەدەن، دەرگای هیوا لە ئافرەتە پیرەکان دەکەنەوە.

بێگومان تۆیش وات دێتە پێش چاو، کە هونەری هەڵبژاردنی جلوبەرگ لە دوای تەمەنێکی دیاردی کراو، ڕوو بۆ ئەوە دەکات کە کەموکوڕییەکانی لەش بشارنەوە. ئەمەیش جۆرێکە لە جۆرەکانی وێژە! ڕووپۆشیش بریتییە لە بابەتێکی داهێنراوی ناوازە، بۆ شێوەی دەموچاو گۆڕین و پەخش کردنی ئەندێشەی جوانی بەسەر ئافرەتە دەموچاو داپۆشراوەکەدا.



هەروەها هەموو جۆرە بابەتێکی خۆڕازاندنەوە و خۆ جوانکردنیش بریتین لە ڕووپۆش و پەردە و تارا بۆ شاردنەوەی ئەو ناشیرینییانەی کە لەسەر دەستی ڕۆژگاردا پەیدابوون خۆ دیارە کە ئەمەیش تا ئەندازەیەک بڕ دەکات.

## بەکارهێنانی زانست بۆ گێڕانەوەی لاوێنی!

بەڵام ئاخۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان زانست پێی دەکرێ پیری لە لەشمان دوور بخاتەوە کە بەم دەردەی نەبات؟... ئایا ئەوەی بۆ دەچێتەسەر کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سورکێکی لاوێنیمان بۆ دروست بکات، کە هەر کامێکمان خۆی بەئاوەکەی شوشت، لاوێنیی سەرلەنوێ بۆ تازە ببێتەوە؟... زۆر جاریش ئەمە گوتراوە کە تەمەنی مرۆڤ بەزانینی ڕۆژی لەدایکبوونیدا نازانرێ بەچۆنێتی دەمار و جومگەکانی لەشیدا دەزانرێ!... جا لەبەر ئەوە دوور نییە کە پیاوێکی پەنجا ساڵی، لە پیاوێکی حەفتا ساڵی زۆرتر پیر ببێ. کەواتە بەهیچ کلۆجێک مرۆڤ ناگێڕێتەوە بۆ تەمەنی لاوێتیی خۆی، بەتازەکردنەوەی کۆلانەکانی ناو لەشی نەبێ لەگەڵ گورج و گوڵ کردنەوەی ئەندامەکانی لە فەرمان بینیندا.

زاناکانی ژیانیش توانیویانە بۆ هەندێ لە گیانلەبەرە هەرە گەنگەکان ئەم تەمەن تازە کردنەوەیە پێک بهێنن. بەپێی ئەو بەسەرهاتانەی کە ڕوویان داوە، ڕەنگە ئەوە بەلامانەوە پەسند بێ کە بڵێین پیریی کولانەکانی ناو لەشمان لەوەوە پەیدا دەبێ کە ئەو بابەتانەی فڕێی دەدەنە دەرەوە کۆ دەبنەوە. کەواتە ئەگەر ئێمە ئەو بابەتە کۆبۆوانە فڕێ بدەینە دەرەوە لە لەش، واتا کولانەکان لەو چەوری و پیسییانەی کە تێیاندا کۆبۆتەوە پاک بکەینەوە، دەتوانین تەمەنی خۆمان درێژ بکەین. هەندێک ڕێگایش بەکارهێنراوە بۆ گێڕانەوەی گیانلەبەر بۆ هەرەتی هەرزەکاری، بەهۆی دەرمان دەرخواردانەوە بەهەندێک لە ئەندامەکان، یاخود بەهۆی ڕشتنی هەندێ هۆرمۆناتەوە لەناو خوێندا. کە سەرنج دراوە ئەو مشکانەی ئەم کارەیان لەگەڵدا کراوە، چوونەتەوە باری هەرزەکاری لە هێز و هەرەت و چستوچالاکی ڕەگەزبازیدا، کە تا ماوەی مانگێک درێژەی کێشاوە. توانیویشیانە ئەم جۆرە چارەکردنە تا چوار جار دووبارە بکەنەوە لەسەر گیانلەبەرێک، کە هەرچوار جارەکە هەر بەم ئەنجامە گەیشتوون، کە بەم هۆیەوە توانیویانە تەمەنی تێکڕایی مشکێک جار و نیوێک لە هی پێشووی درێژتر بکەنەوە. ئەوەندە هەیە هەرچەند ئەم چارەکردنە دووبارە دەبێتەوە ماوەکەیشی کورت تری لێ دێ.

تاقیکردنەوەکانی پزیشک (فۆڕ و نۆف)یش لە هەموو تاقیکردنەوە ناسراوەکان

بەناوبانگترە. بەڵام ئەو ئەنجامانەی کە لە تاقی کردنەوەی مرۆڤدا بۆی دەرکەوتن، وەک ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی بەرانەکان، ڕۆشن و ڕاست و ڕەوان نەبوون. ئەوەندە هەیە ئەگەر بزانین هەموو مرۆڤێک لەم چەرخەی ئێمەدا دەتوانێ تا تەمەنێکی هەشتاساڵیش بژی، بەمەرجێ ئاگای لە ژیانی خۆی بێ کە تاسەر لەسەر پێڕەوییەکی تەندروستانە دەڕوات بەڕێوە، ئەم جۆرە تێکۆشینانەمان هیچ و پووچ بۆ دەردەکەوێ. ئایا ئیتر لەمە بەولاوە دەمانەوێ بژین؟...

## مردن دایەنێکە خۆشەویستی و کار دروستیش لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە!

مرۆڤ کە گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی، شارەزای هەموو شتێک دەبێ:

(خۆشەویستی) و (نەمانی خۆشەویستی). ئاواتی گەورەیی و، ساردبوونەوەی ئاواتی گەورەیی، باوەڕییە سەرچڵەکان و ئەو ڕاستییانەی کە ڕاستیان دەکەنەوە. ترس لە مردنیش، خۆی، لەوانە نییە کە پیاو زارەترەک ببێ پێی. چونکە ژیان هەر لە فلیمێکی سینەما دەکات کە هەمیشە لە گەڕدابێ. ئەویش وەک ئەو فیلمە وایە کە لە هەندێ سینەماکاندا دەبینرێ، کە پێڕەوییەکە پەیتا پەیتا دووبارە دەبێتەوە، کە تەماشاکەرەکەیش هەرچەندێک ئارەزوو بکات، مافی هەیە لە جێگاکەی خۆیدا بمێنێتەوە. لە کۆڕی ڕووداویشدا ئەمە دەرکەوتووە، کە تەماشاکەرەکە زانی ئەو چاوئەندازانەی دیونی لەسەر پەردەی سینەماکە دووبارە دەبنەوە، زۆری پێ ناچێ سینەماکە بەجێ دەهێڵێ. ژیانیش هەر بەم جۆرەیە چونکە کارەساتەکان هەر سی ساڵە جارێک دووبارە دەبنەوە. لەبەر ئەوە پیاو لێیان وەڕس دەبێ!. لەبەرئەوە زۆری پێ ناچێ تەماشاکەرەکان، یەک لەدوای یەک ماڵەکە بەجێ دەهێڵێن!.

ڕۆژێکیان دەستەیەک لە نووسەران و دانەرەکانی ئینگلیز کۆبوونەوە بۆ ڕێزگرتنی «هـ. ج. وێڵز» کە گەیشتبووە تەمەنی حەفتا ساڵی. کاتێ کە خۆیشی هەستایە سەر پێ قسەیان بۆ بکات گوتی: «بەم بۆنەیەوە قسەی دایەنەکەی خۆمم بیردەکەوێتەوە کە لە کاتی منداڵیمدا پێی دەگوتم: «کاتی نوستنت هاتووە» لەگەڵ ئەو تەزووەدا کە دەهات بەلەشمدا. چونکە منداڵ کە کاتی نوستنی هات، خووی وایە دەست دەکات بەبیانوو گرتن و، بۆڵەبۆڵ کردن. کەچی لە کانگای دڵی خۆیشیدا هەست بەوە دەکات کە زۆری پێ ناچێ خەو دەیباتەوە. هەروەها پێویستیشی بەسرەوت و حەسانەوە زۆر هەیە...». پاش ئەوە «وێڵز» دەستی کردەوە بەقسەکردن گوتی:



«مردنیش دایەنێکە خۆشەویستی و کار دروستی لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە هەر کاتێ، کاتی خۆی هات، دەمودەست تێمان دەگەیێنێ کە کاتی نوستن هاتووە. ئێمەیش ڕەنگە بیانوو بگرین و بۆڵەبۆڵیش بکەین. بەڵام بەدڵنیاییەکەوە پەی بەوە دەبەین کە کاتی سرەوت هاتووە و ئێمەیش لە کانگای دڵمانەوە بۆی بەپەرۆشەوەین!».

## خەمخواردنی تەندروستی لە هەرزەکاریدا دەمانپارێزێ لە کزی لە تافی پیریدا

جا ئەگەر ئەوە بچێتە دڵمانەوە، بەبێ دڵناخۆشییەکی زۆر کە ماوەی ژیان تا ئەندازەیەکە، دەبێتە فەرمان لەسەر شانمان کە بەتەنگ پاراستنی تەندروستی خۆمان و بێ وەیی هۆشی خۆمانەوە بین تا دەگەینە ئەو پەڕی ژیان ئەمەیش کارێکی وایە کە بەتەواوەتی پێمان دەچێتە سەر. چونکە ئەمە پێویست نییە کە پیری بنووسێ بەو بارە ناخۆشانەوە کە لەمەوپێش ناومان بردن. چونکە گەلێک گیانلەبەری وا هەبووە کە بێ ئەمەی گۆڕانێکی تەواو بەسەر لەشی سروشتیدا هاتبێ، لە ژیانەوە پەڕیوەتەوە بۆ مردن. لەمەیشدا هیچ گومانێک نییە کە ئەو لەشەی خاوەنەکەی بەتەنگ پەروەردەکردن و مەشق پێ کردنیەوە بێ، هەتا دەمێکی دوورودرێژ نەرمونیای خۆی و گەشی و خۆشی خۆی دەپارێزی. کەواتە ڕازی ئەمە لەوەدایە کە مرۆڤ بەتەنگ خۆیەوە بێ و کەمتەرخەمی لەگەڵ لەش و هۆشی خۆیشیدا نەکات. چونکە مەشقکردن و پەروەردەکردن و ڕێکوپێکی لە ژیندا دەبنە پەیدابوونی ئەنجامی یەجگار نایاب و ناوازە کە هەر بەبیردا نایەن. گەلێک پیاوانی وا هەن کە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدان، کەچی لەگەڵ زۆرانبازی و تیرئەندازی و مەلەکردن و یاریی (تەنس)دا خەریکن!... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەوانە ئەمەندە خاوەن تێگەیشتن بوون، ئەو وەرزشەی پێیان خۆش بووە بیکەن، لە شێوەیەکی ڕێکوپێکدا هەتا دواهەناسەیان کردوویانە و، دەست بەرداری نەبوون. هەروەها لەبەر ئەوەیش نەیانکردووە کە ئارەزوویەکی دەمدەمی خۆیانی پێ بشکێنن. جا ئەگەر پیری دەستی بەهاتن کرد، ڕێگا پێگرتنی لە تواناییدا نییە. کەچی پیاو ئارەزووی ئەوە دەکات، پێ لەوە نەنێ کە پیری مافی زاڵبوونی هەیە بەسەر لەشیدا. لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم پێ لێنانە زۆر گران پێک دێ. جا لەم بابەتەیشەوە (مۆنتین) دەڵێ: «هیچ لەوە ئاسانتر نییە کە پیاو دەرد و نەخۆشییەکانی مرۆڤ درێژە پێ بدات. ئەمەیش بەو جۆرە پێک دێ کە لەو نەخۆشی و دەردانە بێ دەنگ بێ و ماوەی پەرەسەندنیان بدات. ئەوەندە هەیە من درێژبوونەوەی پیریم پێ خۆشترە لەوە کە لە پێش کاتی خۆیدا، بەهۆی دەرد و نەخۆشییەوە پیر ببم!...».

## دڵداریی پیران شورەیی تێدا نییە!

جا هەروەک پێویستە مرۆڤ زوو خۆی نەداتە دەست تێکچوونی لەشەوە، هەروەها لەسەریشی پێویستە کە بەرەنگاریی تێکچوونی هەستی خۆشی بکات. چونکە دڵیش وەک لەش وایە، پێویستی بەپەروەردەکردن و وەرزشکردنی خۆی هەیە. ئەمەیش شتێکی سروشتییە کە وریاکردنەوەی هەست و تاسە بەدەست مرۆڤەکە خۆی نییە. بەڵام ئەمە بۆچ لە مرۆڤ داوا بکرێ کە ئەو هەست و تاسانەی خۆشیی پێ دەگەیێنن، خۆی لێیان بێبەش بهێڵێتەوە، هەر لەبەر ئەو بیانووەی کە بەساڵداچووە؟... کە ئەو بتوانێ ئەو هەست و تاسانە پڕ بەدڵ بەکاربهێنێ بۆچ ئەوە نەکات؟... لە ڕاستیدا شوورەیی بۆ ئەو پیرانەیە کە پیریی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و، دەست دەکەن بەتووڕە و تڕۆیی و، کاری ناشیانە دەکەن. بەڵام بۆ وێنە ئەگەر پیرەمێردێک و پیرێژنێک دڵداری بکەن لەگەڵ یەکتردا، ئەگەر هەر کەسەیان لەوی تردا ئەو کردەوە و کارانە ببینێ کە هەموو دەمێک لە تافی هەرزەکاریی خۆیدا بەدڵیدا چوون، هیچ شوورەییەک لەمەدا نییە. چونکە بەزەیی پێدا هاتنەوە و دڵ ڕاگرتن و خۆشەویستی و بەدڵداچوون بۆ هەموو تەمەنێک دەشێن، فڕیان بەسەر درێژی و کورتی تەمەنەوە نییە. تەنانەت ئەمەیش زۆر ڕوو دەدات کە لە دوای هەست و تاسەی پڕ گڕ و کڵپەی هەرزەکاریەوە، کە بکوژێتەوە، خۆشەویستیەکی پاک و بێ گەردی بێ مەبەسی جوانی لەجێ دەربکەوێ. ئینجا لەگەڵ کزیی ئاڵۆشی لەشدا، هەموو سەرکێشییەکی هەست و تاسە ببێ بەهەڵم و بچێت بەئاسماندا.

هەروەها لەگەڵ کوژانەوەی هەرزەکاریشدا هەموو جۆرە بەربەرەکانێ و ڕقە بەریەکیش بکوژێتەوە. ئینجا لەگەڵ دامرکاندنەوەی هێزی لەشدا، تووڕە و تڕۆییش دامرکێنەوە. ئەوساکەیش لەسەر کەلاوەی هەرزەکاریی پڕ گێژەڵووکەی هەست و تاسە، تاسەیەکی دڵداریی مەند و لەسەرخۆ دامەزرێ لەناو ژن و پیاوێکی پیردا!...

ئەم دڵداریەیش هەر لەو ڕووبارە دەکات کە کاتێ لە سەرچاوەکەی خۆی دێتە دەرەوە، بەسەر کەڵەبەردە ناقۆڵاکاندا بەتەووژمەوە تێدەپەڕی و، هاژە هاژ دەکات. بەڵام هەرچەند لە ئاوڕێژەکەی خۆی نزیک دەبێتەوە کە بڕژێتە ناو زریەوە تا دێت ئاوەکەی ڕوونتر دەبێتەوە، بەمەندی و لەسەرخۆیی تریشەوە دەڕوات بەرێوە، تا وای لێ دێ وێنەی درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکە لەگەڵ ئەو ئەستێرانەیشدا کە ناو جەرگی ئاسمانیان بەشەو ڕازاندۆتەوە، لە ڕووی ئاوەکەیدا دەربکەون! لە دڵداریی پیرەکانیشدا



وەک دڵداریی لاوەکان، ڕاستی و گرفتاری هەیە. چونکە پاکی دۆستایەتی و گڕ و گڵپەی سۆزی ئەڤینی هەرزەکارانەی تێدا کۆ دەبێتەوە. (ڤیکتۆر هیگۆ) لە نووسینێکیدا دەڵێ: «کە چاوی کەوت بە(مادام ڕیکامێیە) و (شاتۆبریان)، وەک دوو دڵدار بەیەک دەگەیشتن. کەچی یەکێکیان کوێر و، ئەوەی تریشیان پەک کەوتە و، هەر دووکیشیان پیر بووبوون، ئاگر لە دڵی بەر بوو!...

«مسیۆ دی شاتۆ بریان» لە کاتی سێیەمی پاش نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێکدا هەڵدەگیرا و دەبرایە تەنشت پێخەفەکەی (مادام ڕیکامێیە)وە. بەڕاستی بەیەک گەیشتنەکەیان کاری لە دڵی پیاو دەکرد!... ئەو ئافرەتەی کە هەرچەندی دەکرد چاوی نەیدەبینی، دەستی خۆی درێژ دەکرد بۆ ئەو پیاوەی کە توانایی ئەوەی نەمابوو هەست بەهیچ بکات. دەستی یەکتریان دەگوشی!... ئای خودایە هەرخۆت دەزانیت چی دەکەیت! ئەو دووانە هەردووکیان نزیک بەمەرگ بووبوونەوە. کەچی هەردووکیشیان هەتا ئەو دەمە، خۆشەویستییەکی ناوازە، یەکتریان خۆش دەویست!».

«دزرائیلی»ش هەموو ئێوارانێک بەزۆر خۆی کێش دەکرد بۆ ناو کۆبوونەوەکان. هەموویشی هەر بۆ ئەوەبوو کە چاوێک بخشێنێ بە«لێدی براد فۆرد»دا... بێگومان ئەو ئافرەتە بووبووە هۆی پەیدابوونی هەندێ ئازار بۆ ئەو، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمەندە بۆی سووتابوو، هەرچەندی دەکرد لە دەست ئەو خۆشەویستییە ڕزگاری نەدەبوو!... بۆ ژنانیش وا هەڵدەگرێ کە پەری ڕووی خۆیان بۆ بزواندنی ئارەزووی مێردە پیرەکانی خۆیان بەکار بهێنن. ئەویش بۆ ئەمەی کە ڕۆژەکانی دوایی ئەو پیرانە پڕ بکەن لە هەست و تاسەی هەرزەکارانەی خۆش و بەجۆش. گەلێک ژیانی پڕ هەست و تاسەی وایش هەبوون کەوا دەزانرا هەتاسەر لەناوچوون و نەماون. کەچی کاتێک دەزانرا لەپڕ گڕ و کڵپە، یان بڵێسەیان دەسەند و سەری پیاویان دەهێنایە سەرسوڕمان!...

ئەوەندە هەیە ژیانی هەست و تاسە، هەر لە تەزووەکانی دڵداری پێک نایەت. چونکە خۆشەویستیی پیرەمێرد بەرامبەر کوڕەکانی خۆی و نەوەکانی خۆی جاری وا هەیە هەموو لایەکی هەست و تاسەکانی دەگرێتەوە. چونکە ئەو بەوە چاوی زۆر دەگەشێتەوە کە کوڕەکان و کچەکانی خۆی ببینێ ڕێگا دەکەنەوە بۆ ژیانی خۆیان. لە ڕاستیدا ئێمە ئەوساکە وامان لێ دێ: کە لە خۆش ڕابواردنیان خۆشی وەردەگرین، کە بەدڵتەنگیان ئازار بەدڵمان دەگات. کە ئەوان خۆشەویستی دەنوێنن، ئێمەیش دڵمان دەبزوێ بەو

خۆشەویستییە. هەرچەند خەباتیش دەکەن و زۆرانبازیش دەکەن، ئێمەیش هاوبەشیان دەکەین.

جا ئێمە چۆن دەبێ خۆمان وا بێتە پێش چاو کە لە ژیان دەرپەڕێنراوین، کاتێ کە ئەوان دەبینین هەر کاروبارەکەی خۆمان هەڵدەسووڕێنن لە ژیاندا؟... کە ئەوان لە کامەرانیدابن، چۆن دەبێ ئێمە لە هەناسەساردیدا بین؟... جا ئەگەر ژیان بەهۆی پیربی خۆمانەوە وای لێ هاتبێ کە نەتوانێ خۆشییە گەورەکانی خۆیمان پێ ببەخشێ ئایا هیچ خۆشییەک لەو خۆشییە گەورەتر هەیە کە دەروونی منداڵەکانی خۆمان پڕ لە کامەرانی بکەین؟...

باپیرەکانیش ڕەوشتیان وایە کە لەگەڵ نەوەکانیاندا باشتر ڕێک دەکەون تا کوڕەکانیان. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەر کاتێ پیرەمێرد وازی لە ژیانی پڕ چستوچالاکی هێنا، خۆش ڕابواردنی تافی منداڵیی بۆ دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەو ژیانەدا کە دووره لە لێ پرسینەوە جا لەبەرئەوە لە منداڵ نزیکتر دەبێتەوە تا لە گەورە، تەنانەت لە هێز و هەڕەتیشدا. چونکە ئەو لە ڕاستییدا ناتوانێ لەگەڵ کوڕەکەی خۆیدا هەرا بکات. بەڵام دەتوانێ بەپەلەقاژێ بەتەنشت نەوەکەی خۆیەوە هەنگاو بهاوێژێ. چونکە لە ڕاستیدا هەنگاوەکانی دوایشمان هەر بەچەشنی هەنگاوەکانی سەرەتایمان کار لە دڵمان دەکەن!...

## تێگەیشتوویی پیرەکان لاوەکان کێش دەکات بۆ خۆی!

هەروەها پێویست نییە پیرەمێرد ئازاری تەنیایی بچێژێ. مەگەر پیاوێکی وا بێ کە هەر خەمی خۆی بخوات، خەمی کەسی تر نەخوات.

یاخود دەس قووچاو بێت. یان سەهەندە و زەبر بەدەست بێ، هەر بیەوێ زۆر لە کەسانی تر بکات. یاخود هۆش سووک و ڕیژگاو بێ، مێشکی تێکچوو بێ. بەڵام ئەگەر هاتو چوو بەگژ کەموکوڕییەکانی پیریدا و، لە دڵی خۆیشیدا بڕیاری دا کە بەخشندە و گیان سووک و ملکەچ و نەرمونیان و خۆش ڕوو بێ بێگومان لاوەکان کێش دەکات بۆ لای خۆی و، ئەوانیش خۆیان دەکوتن بۆ لای ئەو تا خۆیان خۆشەویست بکەن. هەروەها بەپەرۆشی ئەوەیشەوە دەبن کە لە شارەزایی ئەو کەڵک وەربگرن ئەگەر ئەو گیروگرفتەیش کە خۆی پێوە خەریک دەکات زاڵ ببێ بەسەریدا وای لێ دێ کە بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ لاوەکان بگێڕێتەوە، بێ ئەمەی لە ئەندازەی گەرموگوڕی سروشتی لاوەکان تێپەڕ بکات، یاخود خۆی لێ بشارێتەوە. چونکە تاقی کردنەوەکان وامان بۆ دەردەخەن، کە هەموو دڵ گەرمی و خوێن گەرمییەک بریتی نییە لە بابەتێکی نەنگەویستی پڕوپووچ. ئەوەندە هەیە،



بەتەنشت خوێن گەرمییەکەمانەوە، پێویستیمان بەئارام گرتن هەیە لە سەرچاوەڕوانی کردنی ئەو ئەنجامانەی کە لە وشە زلە بۆشەکانەوە پەیدا نابن، بەڵام لەو کار و فەرمانانەوە پەیدا دەبن کە ڕەنجیان تێدا دراوە، لەگەڵ ئازایەتییەکی بێ ئەندازەدا کە نوێنراوە. لاوەکانیش بەپەرۆشەوە ئەم جۆرە وانایانە وەردەگرن بەمەرجێ لەو پیاوانەوە وەریان بگرن کە لێ هاتووبن و هەڵیش بگرن کە ببنە سەرچاوەی سرووش و زانست. منیش وا ڕاهاتووم کە هەموو ساڵێک لە ناوەڕاستی مانگی بەفرانبار (کانوونی یەکەم)دا گەشت بکەم بۆ لێواری بانەبەرزەکەی «لاتیربی»، بۆ ئەمەی سەر لە مانگێکی بچووک بدەم کە لە ماڵەکانی جووتیارەکانی سەردەمی ڕۆماییەکان دەکات، کە لەوێدا (مسیۆ گابریێل هانوتو) دەژی، کە ئێستایش لە لاوەکان گورجتر سەردەکەوێ بەسەر لاپاڵە سەختەکەی بانەکەدا. کە لە دڵتەڕی و پەی بەشت بردنیشدا کۆن و تازەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. جا لەو کاتەدا کە ئەم قسانەی بۆ دەکردم، زۆر شادمانم دەدی. گوتی: «وا هەندێ جۆری چارەکردنی کاروبارت پێشکەش دەکەم. هەرچەند پێویستیت بەپرسەکردن و دڵدانەوە بوو بەکاریان بهێنە. ئەم واتانە سووک و ساکارن، کاریگەریشن. گوێ بگرە ئەمەتان: «هەموو گیروگرفتێکیش دەتوانرێ چارەبکرێ. هیچ کەسێکیش نییە کە لە هەموو شتێک تێ بگات. ئەگەر هەموو کەسێکیش لەوە ئاگادار بووایە کە هەموو کەسێک چی بەیەکتر دەڵێن، کەس لە جیهاندا کەسی تری نەدەدواند!...» . جا ئەم قسەی دواییەی ئەمەندە تێگەیشتووانەیە، لە وانەیە کە زۆربەی بەند و باوە ناخۆشەکان لە بەدی و زیانەکانیان جوێ بکاتەوە!.

پاش ئەوە دۆستە پیرەکەم دەستی کردەوە بەئامۆژگارییەکانی خۆی. گوتی:

«بێجگە لەوە پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا ترست لە هیچ نەبێ. چونکە ئەو دوژمنەی ناچارت دەکات بکێشێیتە دواوە، ئەویش لەوتەدا لە تۆ دەترسێت!» . ئا بەم ڕەنگە خوێندنەوەی مێژوو لەگەڵ کارەساتی دوورودرێژی تەمەنی درێژیدا، پێکەوە ئەم پیاوە پیرەیان فێری ئەوە کردبوو کە باوەڕی بەخۆی بێ، کە مەند و زرنگ و لەسەرخۆ بێ. نەک هەناسە سارد و کەمتەرخەم بێ. منیش کە لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا دیم، تەماشام دەکرد ڕەنگرێژیی دوارۆژ دەکات. بیری لەوەیش دەکردەوە کە چەند گەشتێکی دوورودرێژ بکات. بێجگە لەوە ساختمانیش دروست بکات ئینجا دەست بکات بەکشتوکاڵیش! ئەو لەوەدا هەر لە (ماریشاڵ لیوتی)ی دەکرد، کە کاتێ لە ڕێکخستنی نوێنگای خاکە ئاوەدان کراوەکان (مستعمرات) بووەوە گوتی: «ئەی ئێستا چی بکەم؟» .

منیش کە پێم گوت: «فەرمانڕەوایی زۆری پێ ناچێ، کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە تا کەڵکی لێ وەربگرێ».

قیژاندی گوتی: «بەڵام کەی؟ من بەم زووانە تەمەنم دەگاتە هەشتا و یەک ساڵ. جا لەبەر ئەوە پێویستە هەتا زووە بمخەنە سەر ئەو کارە تازەیە». ئا ئەمەیە ڕەوشتی ڕاست و دروست. چونکە «پیری» بریتییە لە «هەست کردن» بەدرەنگی کات، بەهەل لە دەست دەرچوون بەدادانەوەی پەردە لەسەر کار و فەرمان، تا تەختی بەزمگاە بەجێ بهێڵرێ بۆ بەرەی تازە!. بێگومان ورەبەردان و سەردانەواندنی گیان، نەک تێکچوونی لەش و بڕست بڕان، بەلایەکی هەرە بەد و ناخۆشی (پیری) دادەنرێن. ئەوەندە هەیە لە تواناییماندا هەیە بەرەنگاریی ئەم ورەبەردان و سەردانەواندنی گیانەمان بکەین. تەنانەت ئەم بەرەنگاری کردنە پێویستیشە لەسەرمان بیکەین. جا ئەگەر بێتو مرۆڤ هۆی وا بدۆزێتەوە کە وای لێ بکات بەتەنگ ژیانی خۆیەوە بێ، پیری درەنگ دەگاتە سەری، بەسستی لێی دێتە پێشەوە. ڕەنگە وایش بێتە مێشکەوە، کە ژیانی بێ ئارام و، ورووژانی هەست و تاسە بەتوندوتیژی و، خەبات کردن و، خوێندن و، لێکۆڵینەوەی هەتا هەتایی، دەبنە هۆی تێکچوونی لەش و بڕست بڕان و پەککەوتنی مرۆڤ. کەچی ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەم باوەڕەیە.

چونکە (کلیمە نسۆ) و (گلادستۆن) هەردووکیان ئەمەندە زیندوویێتییەکی سەرسوڕهێنەریان تێدابوو، لە پاش تەمەنی هەشتا ساڵیش، هەریەکەیان توانی ببێ بەسەرەکی کاربەدەستانی خاکێکی گەورە و بەچنگ وەک (فەرەنسە) و (بەریتانیا)! چونکە لە ڕاستیدا «پیری» هەر بەخوویەکی خراپ دادەنرێ، کە پیاوێکی خاوەن کار و فەرمانی زۆر دەستی ناپەرژێ بەکاری بهێنێ و مەشقی لەسەر بکات!... بەڵام چۆن ئەمە بۆ پیاو دەلوێ کە هەموو دەم بتوانێ کارێکی وا بدۆزێتەوە بۆ خۆی، کە خۆی پێوە خەریک بکات؟! ئەی ئەوە نییە بەساڵداچووەکان، هەتا پیربن بەرەنج و کوێرەوەرییەکی زۆرەوە نەبێ، فەرمانیان دەست ناکەوێ؟... ئایا ئەمەیش بەکارێکی ژیرانە دادەنرێ، هەرچی کار و فەرمانی فەرمانڕەوایی و نەتەوەیی هەیە بۆ پیرەکان بەرەڵڵا بکرێ، چۆن ئارەزوو دەکەی بیانبەن بەڕێوە؟... لە ڕاستیدا پیرەکان لە زۆر جاردا سەرکردەیەکی سەرکەوتووانە، لەلاوەکان باشتر هەڵدەسووڕێنن. باشتر لەوان بەسەر ئەو سەرکردەیەتییەدا زاڵ دەبن. هەردوو لای جەنگاوەریش، لە ساڵی ١٩١٤دا، سەرکردەی لەشکرەکانیان دەخستە ژێر چنگی سەربازە بەساڵداچووەکانەوە.



زرنگکارەکانی کاروباری دەرەوە و، پزیشکەکانیش کە پیر دەبت، بەجۆرێکی تێکڕایی، لە زرینگکار و پزیشکە لاوەکان شارەزاتر و ژیرتر دەردەچن. ئەوانە ئاڵۆش و خرۆشی هەرزەکارانە لە خشتەیان نابات. جا لەبەر ئەوە دەتوانن بیروباوەڕ و بڕیارەکانی خۆیان بەوردی و لەسەرخۆوە بدەن. (شیشرۆن)یش هەر لە کۆنەوە گوتوویەتی: «هەرچی کارێکی گەورە هەیە بەسایەی هێزی لەش و گورج بزووتنەوەوە ڕاناپەڕێنرێ. لە ڕاستیدا بەهۆی ڕاوێژکردن و دەسەڵاتداری و تێگەیشتوویەکی پێگەیشتووانەوە پێک دەهێنرێن. ئەمانەیش لەو ناز و جیازە ناوازانەن کە بەر پیرەکان کەوتوون. نەک وەک بەبیریاندا دێ، پیرەکان لەسەر ئەو ناز و جیازانە دامابن!».

## ڕێگای پیرییەکی پڕ لە کامەرانی

دوو ڕێگا هەن کە پیری دەبەنە سەر تافێکی پڕ خۆشی و کامەرانی یەکەمیان ئەوەتا: مرۆڤ خۆی نەدات بەدەست پیرییەوە. ئەم ڕێگایەش ئەو کەسانە دەیگرن کە هەڕاکردن لە دەست پیرییان پێ باشترە بەهۆی خۆماندووکردن بەکار و فەرمانەوە. ئەمەیش هەر ئەو ئەنجامەیە کە (گوتە) پێی گەیشتووە، لە چیرۆکە هۆنراوەکەیدا کە لە بابەت پڕوپووچییەکەی (ڤاوست)ەوە دایناوە چونکە ئەم پیاوە پیرەی کە توانی خۆی بکاتەوە بەلاو، زۆری پێ نەچوو، دڵداری و ئاواتی گەورەیی فریویان دا. پاشان هەستی بەخۆی کرد، کە بەخۆڕایی خۆی ماندوو دەکات بۆ دەستکەوتنی کامەرانی، لە ڕێگای پەلاماردانی بەزموڕەزمی هەرزەکارانەوە هیچ شتێکیش لە گەرداوی ئەم ڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردییە ڕزگاری نەکرد، کار و فەرمان نەبێ!... ئەو هەرچەندە کوێرایی داهاتبوو، نزیکی مردنیش بوو بووەوە، بەڵام خۆی هاوێشتە ناو ئەو فەرمانەوە کە گۆمێکی پڕ لە زۆنگاوی بۆگەن وشک بکاتەوە و، بیشیکان بەزەوییەکی پڕ لەوەڕ بۆ چەراندنی مەڕومالات. ئا بەم ڕەنگە کابرای پیرە خۆشیی فرمان کردنی چێشت و، بەئازادییشەوە خۆی کامەران کرد، پێش ئەمەی بمرێ. کاتێ کە «میغستۆفلیس» یاخود (شەیتان)یش خۆی ئامادەکرد ئەو گیانە داگیر بکات کە (ڤاوست) پێی فرۆشتبوو، فریشتەکان هاتنە خوارەوە بۆ ئەمەی ئەم بەشە زیندووەی کە لەو پیاوە سەرگەردانە مابووەوە، هەڵیگرن و بیبەن بۆ ئاسمان. ئەم بەشەیش ئەو بەشە بوو کە هەرگیز باوەڕیی خۆی ون نەکردبوو بەوەی کە فەرمانیش کاری خۆی دەکات. جا لەبەر ئەم باوەڕییەی پاداشتی (ڤاوست) وا درایەوە، کە پەشیمان بوونەوەکەی بۆ پەسند بکرێ و، لە دەست سزایش ڕزگار بکرێ.

ڕێگای دووەمیش بۆ پیرییەکی سەرکەوتووانەی پڕ لە کامەرانی ئەوەیە کە مرۆڤ بەدڵ خۆشیی و بێ دەنگییەکەوە بچێ بەپیر گەشەکردنی تەمەنەوە. کە بەهۆی ئەوەوە کامەران دەبێ. چونکە پێ لەوە دەنێ کە تافی خەبات کردن و زۆرانبازی، لە خۆی بەسەرچووە. کە ئەویش بەشی خۆی خەباتی کردووە و ڕەنج و کوێرەوەریی تووش هاتووە، ئێستاکەیش کاتی ئەوە هاتووە کە لەسایەی مەرگەوە بکەوێتە سرەوت و حەسانەوەوە، جا لەبەرئەوە، ئیتر لەوە بەولاوە ئەوەی پێ ناوێ کە تاڵی ئەرک و ئازاری خەبات کردن و سەرکێشیی بەختی خۆی بچێژێ.

لە (سۆفۆکل) دەگێڕنەوە، کە لە کاتی پیرییدا لێی پرساوە:

«ئاخۆ ئێستایش ئارەزووی بەزم و ڕەزمی دڵداری دەکات یان نا ؟». ئەویش پێی گوتوون: «خوداکان لەوەم بپارێزن! من تازە خۆم لە دەست دڵداری ڕزگار کردووە. هەروەک خۆم لە دەست گەورەیەکی دڵڕەقی دڕندە ڕزگار کردبێ وایە!...». منیش گەلێک پیری وا دەناسم کە هەر لە شێتوێتی دڵداری خۆیان ڕزگار نەکردووە، هەروەها لە لێ پرسینەوەکانی دوارۆژیش باری خۆیان سووک کردووە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا چاویان بەهەرزەکارەکان هەڵ نەهێناوە. لە جیاتی ئەوە بەزەییان بەلاوەکاندا هاتۆتەوە کە زووبەزوو دەکەونە گێژاوی ئەو زریانەی ژیانەوە کە بەتوندوتیژی و هاژە هاژەوە گێڵ دەخۆن. جا وێنەی ئەم جۆرە پیرانە خۆشییەکی یەجگار دەچێژن لەو بابەتی خۆش ڕابواردنانەی کە بۆیان ماونەتەوە لە پاش ئەوەی کە بەخۆشی خۆیان لە هەندێک لەو خۆش ڕابواردنانە وازیان هێناوە. جا ئەم جۆرە پیرانە، پەی بەوەیش دەبەن کە ئامۆژگاری کردن کەڵکێک نابەخشێ. لەبەر ئەوە ئەمانە هەر ئەوەیان پێ باشترە کە هەر کەسە بەرەڵڵا بکەن بەژیانی خۆیەوە: چۆنی پێ خۆشە بژی و، ژیانی خۆشی ئاراستە بکات. جا لەبەر ئەمەیە کە ئێمە بەخۆشییەکەوە گوێ لە بیرەوەریی ئەو پیرانە دەگرین. چونکە بەتوانج و پلار سەرکوێرمان ناکەن. کاتێکیش کە گیروگرفت پەیدا دەبێ.

تەنگوچەڵەمەمان لێ ڕوو دەدات، پەنا دەبەینەوە بەر ئەوان تا لێیان بخوازین بگەڕێنەوە سەر تەختی پێشەوایی و سەرکردەیی خۆیان، کە هەر لەو کاتەیشدا دڵنیابن لەوەی کە ئەوانە هەرگیز ئەم هەلە بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان بەکارناهێنن. چونکە دەربەستی ئەوە نین کە ببنەوە بەخاوەن هێز و دەسەڵات.



## ڕێگای پیرییەکی پڕ لە سەرگەردانی!

ئەوەندە هەیە بەرامبەر بەهەردوو ڕێگاکەی کە بۆ پیرییەکی پڕ لە کامەرانیمان دەبەن، چەند ڕێگایەکیش هەن کە بۆ پیرییەکی پڕ لە سەرگەردانی و هەناسەساردیمان دەبەن. لە هەموو ڕێگاکانیش خراپتر ئەوەیە کە پیرەکە هەر خەریکی ئەوە بێ، بابەتی وای دەست بکەوێ، کە دەست کەوتنی هەرگیز سەرنەگرێ!. گەلێک پیاوانی خاوەن کار و فەرمانیش هەن، کە پیربوون واز لە هیچ بەشێکی هێز و دەسەڵاتی خۆیان ناهێنن. لە جیاتی ئەوە کوڕەکانی خۆیان دەکەن بەبەندە و دەیانچەوسێننەوە و، چنگیش دەگرن بەسەر ژیانیاندا. کەچی ئەگەر تێگەیشتوویی خۆیان بەکاربهێنایە و، ئەو کوڕانەی خۆیان بکردایە بەهاوکاری خۆیان لەوانە بوو، خۆشەویستیی ئەو کوڕانەیان کێش بکردایە بۆ خۆیان و، بەڕێزگرتنیشیان شادمان ببوونایە. هەروەها ئەمەیش زۆر دەبینین کە باوکەکان لە تافی پیرییاندا دەست قووچاو دەبن بەرامبەر کوڕەکانیان و، ناچاریشیان دەکەن ژیانێک بژین کە پڕ بێ لە بەند و کۆتە و دیلی. هەموویشی هەر بۆ ئەوەی خۆشی لە شتی وا بچێژن، کە ڕێگایان نییە لەو تافی پیریەیاندا خۆشی لێ وەربگرن!. هەروەها پیرانی وایش دەبینین کە ئاواتی گەورەییان لە پیریدا دەگۆڕێ و دەبێتە چاوبرسیتی، کە لە بڕانەوەی ژیانیاندا ژەهری بەربەرەکانێ و وەڕس بوونی لێ دەوەشێتەوە!... جا لەمەوە تێدەگەین کە هونەری ژیانی تافی پیری ئەو هونەرەیش دەگرێتەوە کە ڕێزگرتن و باوەڕ پێ کردنی ڕۆڵەکانی بەرەی تازە دەست بخات بۆ خۆی.

تاکو پیرەکەیان وا بێتە پێش چاو کە یارمەتی دەریانە، نەک بەرهەڵستێکە و کەوتۆتە بەر ڕێیان، کە ڕزگارکەریانە، نەک بەربەرەکانێیان لەگەڵدا دەکات!... کەواتە بام پیرەکان خۆیان لەم سێ بەدخوویییە بپارێزن: «خۆپەرستی» و «دەست قووچاوی» و «چاوبرسێتی»، یاخود بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ هەرزەکاراندا!...

## ژیانی بێ کار و فەرمانی و پڕکردنی لە خۆشی

ماوەتەوە سەر ئەوەی کە لە کار و فەرمان دەست بەردان بدوێین و سرەوت بەخۆدانەوە لە کاتی پیریدا. کەسانی وا هەن کە ژیانی بێ کار و فەرمانیان زۆر پێ گرانە و بۆیان ناچێتە سەر. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە لە کاتی خۆیدا خۆیان بۆ ئەم ژیانە ئامادە نەکردووە. بەڵام ئەو کەسانەی کە دەتوانن ئارەزووی خۆ ئاگادارکردن لە دڵی خۆیاندا بپارێزن، بەڕاستی

سەردەمی بێ کار و فەرمانیان لەوانەیە ببێتە خۆشترین کاتی ژیانیان. ئەوەندە هەیە نابێ ماوە بەوە بدەن کە دوای ئەو ئارەزووە بکەون کە بەیەکجاری لە ژیانی کار و فەرمان کردن خۆیان دووربخەنەوە. هەروەها پارێزگاریی ئەو ئارەزووەیش بکەن کە هەموو دەم فێری شت بن و لە شتیش تێ بگەن، کە خۆیشیان بەهەندێ کاروباری تایبەتی دیاردی کراوی خۆیانەوە خەریک بکەن لە گوندەکانی خۆیاندا، یاخود لە باخچەکانیاندا، یان لەناو خانووەکانی خۆیاندا، چونکە پیاوی ژیر ئەو کەسەیە کە هەموو کۆششێکی خۆی بخاتە سەر کاروباری تایبەتی خۆی، کە لەوە پێش ئەو کۆششەی لەگەڵ ژیانی خۆیدا تەرخان کردبوو، بۆ کاروباری گشتی. جا ئەو ئەم ژیانەی زۆر پێ ئاسان دەبێ، ئەگەر بێتو لەوەپێش خۆی وا ڕاهێنابێ کە دڵی بەهۆنراوە، یاخود بەتەماشاکردنی چاوئەندازانی سروشت کرابێتەوە، یان بەهەر شتێکەوە خەریک بووبێ. منیش هیچ تافێکی پیریم لەوە جوانتر نایەتە پێش چاو، کە پەنا بەرمە بەر جێگایەکی نزیک لە دەشت و لادێدا، کە لەوێدا نووسراوە هەرە خۆشەکان دووبارە بخوێنمەوە و، بگەڕێم بەدوای واتایانی تازەیشدا کە لە ناویاندا بیان دۆزمەوە. ئەمەیش لەسەر قسەی (مۆنتێن)ە کە دەڵێ: «پێویستە مێشک لە تافی پیریدا، زیندوێتیی خۆی بپارێزێ بام ئەویش هەروەک ئەو گژوگیایە ساوایانە بکات کە لەملا و لەولای سپیندار مردووەوە دەردێن». جا هەر وەک مردووەکان ئەو دۆستانەن کە خونکاری مەرگ(١) ناتوانێ لە چنگمانیان دەربهێنێ، هەروەها نووسەرە گەورەکانیش دۆستی هەموو دەمیمانن، هەروەک لە تافی لاوێنیماندا بەنووسینەکانیان چاوبەستیان کردووین و دڵیان کێش کردووین هەروەها لە تافی پیریشماندا دڵمان خۆش دەکەن و کامەرانمان دەکەن.

(١) خونکاری مەرگ: بەرامبەر (مَلَكُ الموت) دانراوە

هەروەها ساز و ئاوازیش دۆستێکی دڵسۆز و چاکەدەرەوە و بێ هاوتایە هەر کەسێ لە ئێمە دڵی لە سروشتی مرۆڤایەتی ڕەنجابێ و پشت بەمرۆڤایەتی نەبەستێ، ساز و ئاواز جیهانێکی تری پێشکەش دەکات کە سرەوتێکی بێ هاوتا و خۆش ڕابواردنێکی ناوازەی تێدا بدۆزێتەوە.



## پیریی بریتی نییە لە ئاگرستانێکی بێ هیوا!

(پاسکاڵ) دەڵێ: «ژیانی مرۆڤ پڕ دەبێ لە کامەرانی، ئەگەر بێتو لە دڵدارییەوە دەست پێ بکات و، بەئاواتی گەورەییش دوایی پێ بهێنێ!». بەلای منیشەوە وایە کە مرۆڤ ژیانەکەی پڕتر دەبێ لە کامەرانی، ئەگەر بێتو لە پاش بەدیهێنانی هەموو ئاواتێک بەبێ دەنگ و سەنگییەکی پڕ لە ئارام و دڵنیاییەوە دوایی بێت. چونکە مرۆڤ لە پاش تێپەڕکردنی لە (هێڵی سێبەر) بەدە ساڵێک یاخود بەبیست ساڵێک، زۆری پێ ناچێ لە (هێڵی ڕووناکی)یش تێپەڕ دەکات. جا لە پاش ئەمەی کە تووشی ئەو ئازارە دێت کە لە سەرەتای هوروژمەکانی پیریدا پەیدا دەبێ، سەبارەت بەوەی کە ئەو سەردەمەی بەسەردەمی خۆی دادەنا، بووە بەسەردەمی ڕابواردنی بەرەیەکی تازە، لە پڕ وای لێ دێ کە پەنا دەباتەبەر دڵنیاییەکی بێ دەنگ و سەنگ و، لەوەیشدا هەست بەکامەرانی دەکات کە بەوریاییەکی بێ لایەنگیرییەوە لە دوورەوە تەماشای بەزمگاهەکە بکات. شێوەی دڵخۆشی بەدەموچاویەوە دیار دەبێ، زەردەخەنەی سرەوت و شادمانیش لە چاوەکانیدا دەردەکەوێ.

بەم ڕەنگە، بۆمان دەردەکەوێ، کە پیری بریتیی نییە لە دۆزەخێک کە لەسەر دەرگاکەی نووسرابێ: «ئەی ئەو کەسەی دێیتە ناو ئەم جێگایەوە، واز لە هەموو هیوایەکت بهێنە!». تا ئێستا هەر هۆیەکی هەناسەساردی هەبوو کە پیاوی پیر هەستیی پێ دەکات دڵی داگیر دەکات، شیمان کردەوە. کە تەماشاشمان کردن، لە چارەکردنەوە دوور نین. جا هەر کاتێ گوتیان کزی و لاوازی بەدەم پیرییەوە پەیدادەبن، ئێمەیش دەڵێین: «کەینەوبەینە کە بەندە بەتەندروستی مرۆڤە کە خۆیەوە. گەلێک پیری وا هەن کە زۆر بەهێز و هەڕەتن. گەلێک هەرزەکاری وایش هەن کە کز و لاوازن و، وره بەردەدەن!. ئەمەیش ڕاستە کە پیری مرۆڤ لە زۆر بابەتی خۆشڕابواردن بێبەش دەهێڵێتەوە، بەلام ئەو خۆش ڕابواردنانەی کە بۆ پیاوی پیر دەمێننەوە وەک هەموو خۆش ڕابواردنێکی کورت تەمەن، دوو هێندە خۆشی دەگەیێنن بەدڵی. ڕەنگە ئەوەیش بگوترێ کە بۆ پیرەکان گرانە، بتوانن کار و فەرمانی وا بدۆزنەوە بۆ خۆیان کە پێوەی خەریک بن. بەلام ڕاستییەکەی وا دەرکەوتووە: ئەوان لە لاوەکان باشتر دەردەچن، لە کار و فەرمان کردن و پێشەوایی و فەرمانداریدا. یاخود ڕەنگە بڵێن پیرەکان دۆستیان دەست ناکەوێ. بەلام وەک دەردەکەوێ بەپێچەوانەی ئەو قسەیە، دۆستیان زۆر لێ کۆ دەبێتەوە، بێتو ئەگەر خۆیان دەربخەن کە هەڵدەگرن دۆستایەتییان لەگەڵدا بکرێ. ئیتر هەر «ترسی مردن» دەمێنێتەوە لە پیریدا ئەویش لە

توانایییدا هەیە کە بەسەریدا زاڵ ببین. ئەویش بەهۆی (خوداناسی) و (ڕاستی پەرستی)یەوە، کە لەمەولا لێیان دەدوێین.

## مردن دوو ڕاستی پەرستی هەیە بەڵام هەردووکیان سەروەتیان تێدایە![1]

بۆ ئەمەی ڕووبەڕووی مردن بوەستین دوو ڕێگا هەیە: ڕێگای «ئەپیکووری»یەکان کە بریتین لە و ڕاستی پەرستانەی کە باوەڕیان وایە «کامەرانی» لە ئارامی دڵدایە کە بەندە بە بەسەر ڕاستییەوە. جا ئەم ڕاستیی پەرستانە بەلایانەوە وایە کە «مردن» بەش بەخۆمان، کەینەوبەینەیەکی ئەمەندە گرنگ نییە کە پیاو دڵی خۆی پێوە خەریک بکات. چونکە چاکە و خراپە بریتین لە دوو بابەتی پەی بردن بەهۆی هەستەوە. بەلای ئەوانیشەوە وایە کە هیچ ژیانێک ترسی تێدا نابێ ئەگەر خاوەنەکەی پەی بەوە ببات کە لە پاش بڕانەوەی هیچ شتێک لە دوایەوە نایەت هەروەها «تا لە ژیندا بین مردن نییە، کە مردیشین نامێنینەوە!».

ڕێگای دووەمیش بۆ ڕووبەڕوو وەستان بەرامبەر مەرگ ئەوەیە کە ئایینەکانی ئاسمانی دایان ناوە. لە ڕاستیدا پیاوی خوداناس لە مردن ناترسێ. چونکە ئەو مردن هەر بەکۆچ کردنێک دادەنێ، کە گەیشتە جێی دیاردیکراو، چاوی بەوانە دەکەوێ کە لەوەپێش خۆشی ویستوون.

هەروەها چاکەیەکی وایشی دێتە ڕێ و پێی شادمان دەبێ کە تا ئەندازەیەکی هەرە گەورە لە هی ئەو ساڵانەی کە لە سەر زەویدا ڕایبواردوون زۆرتر دەبێ. جا چەند گەورەیە ئەو مردنەی کە کارگەرێکی خاوەن بەرهەم دەمرێ، هەتا دەمی سەرەمەرگی خۆی هەر بەکار و فەرمانی خۆیەوە خەریک دەبێ!. چەند پیاوی وایش هەیە کە تا لە ژیاندا بووە هەر بەنامەی خۆیەوە خەریک بووە، کە خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی تەرخان کردووە، کەچی لە دەمی سەرەمەرگیشدا هەر ئەو نامەی بەدەمدا هاتووە، کە بەهۆی ئەوەوە ئەو نامەیەی پێی سپێرراوە لە پاش مردنیشی هەر بەزیندوێتی ماوەتەوە و لەناو نەچووە!...

(هاملێت) لە چیرۆکی لاسایی کردنەوە نەمرەکەی (شکسپیر)دا لە خۆی دەپرسێ دەڵێ: «مەرگ هەر بریتییە لە ڕاکشانێک. بەڵام ئاخۆ لە وەنەوزی مردندا چ جۆرە خەوێک لەلایەن مرۆڤەکەوە دەبینرێ؟!».

(١) ڕاستی پەرستی: مامۆستا بەرامبەر (فەلسەفە) دایدەنێ.



جا دوور نییە کە هەتا ئێستاکەیش وەرامێک بۆ ئەم پرسە سامناکە، نەدۆزرابێتەوە. ئەوەندە هەیە ڕەنگە ئەمە بەکەڵکمان بێت کە بزانین زۆر کەس لە هەموو پێڕەوییەکانی ژیاندا، بەهەموو ئازایەتییەک و بێباکییەکەوە ئەم پرسەیان لە خۆیان کردووە، بێ ئەمەی بەنەشارەزایی پاش مردن زارەترەک بن!...

تەواو

١٩٦٦/٥/١٢

# ئايينى

# ژیانی محەمەد

نووسەری: محەمەد بەدرەدین خەلیل

ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە نایابە، (ژیانی محەمەد)، کە نووسەری بەناوبانگی میسر، محەمەد بەدرەدین خەلیل دایناوە، لە پوختەی گەلێک نووسراوانی گەورە گەورە، کە لەسەر محەمەد نووسراوون، پێکی هێناوە لە شێوەیەکی کورت و گەرموگوڕ و گرنگدا، ژیانی محەمەدمان بۆ دەرئەخات؛ کە هەروەک پێغەمبەرێکی گەورەبووە، مامۆستایەکی ڕۆشنبیر و، خاوەن خێزانێکی دڵ نەرم و شیرین ڕەفتار و، چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتی یەجگار پێشکەوتوویش بووە محەمەد توانی لە ماوەیەکی کەمدا شۆڕشێکی نیشتمانی و جیهانی بەرپا بکات و، نەتەوەکەی خۆی و بەشێکی گەورە لە مرۆڤایەتی بخاتە سەر ڕێگای پێشکەوتن و ئازادی و سەربەرزی و کامەرانی.

جا ئەم جیهانەیش کە ئێستا پڕە لە ئاژاوەی خۆپەرستی و پوولپەرستی، کە بەهۆی ئەوەوە هەرچی کەتن و کارەساتی نەنگ و ناشیرین هەیە لە ناوەند نەتەوەکاندا ڕوو ئەدات، وەک: (زۆرداری) و (هەژاری) و (نەخوێندەواری) و (دەردەداری)، هەمووی سەبارەت بەوەیە کە پشتمان کردۆتە (خواناسی) و ڕوومان کردۆتە (خوانەناسی)، (کوردەواری)یەکەی ئێمەیش کە کۆمەڵێکە لە (مرۆڤایەتی)، داخەکەم لە هەمووان زۆرتر تووشی ئەو دەردانە بووە. هەروەک لە سەرەتای ژیانیەوە (سەرگەردانی)، وەک کاڵا بڕرابێ بەباڵای وایە[1] ئەم بارە ناهەموارەیش کە ئێمەی تێ کەوتووین، خەباتێکی گەورەی مەردانەی ئەوێ بۆ ڕاستکردنەوەی، وەک خەباتە گەورەکەی محەمەد هەروەها ڕێگایەک و شێوەیەکی فرمانکردنی ناوازە و نایابیشی ئەوێ وەک ئایینەکەی محەمەد.

منیش کە ئەم نووسراوەم کردۆتە (کوردی)، مەبەسم ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییە نازەنینەی محەمەد و، ئەو ئایینە پاکە بڵندەی (ئیسلامەتی)یە، لەگەڵ ئەو خەباتە مەردانەیەی محەمەددا، لە شێوەیەکی ئاسان و ڕۆشندا، بۆ (خوێندەوارانی کورد) ڕۆشن بکەمەوە.

(١) یان: کاڵا بڕراوی بەباڵای...



تا هەتا زووە بگەڕێینەوە سەر ئەو ئایینە پاکەی خواییە و بەکاری بهێنین بۆ ئازادکردنی نەتەوەکەمان لەدەست (زۆرداری) و (پاشکەوتوویی).

(ئایینی ئیسلام) هەموو ڕوویەکی ژیانی گرتۆتەوە ئەوانەی بەپێویستی ئەزانن: ئایین لە فەرمانداری و زرنگ کاری (سیاست) و کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و بابەتانی تری ژین جیا بکەنەوە، نەک هەر بەهەڵەداچوون، لە گوێی گایشدا نوستوون.

چونکە لە ڕاستیدا مرۆڤایەتی، هەزار ڕەنگی خوانەناسی لە خۆی بدات و، لە هەزار ڕێگایشەوە خەبات بکات بۆ پێشکەوتن، لەم شەڕ و ئاژاوە و جوێن و خوێن و کەتن و ڕیسواییە ڕزگاری نابێ، تا نەگەڕێتەوە سەر (خواناسی)، بەمەرجێ خواناسییەکەیشی لە شێوەی ئیسلامەتی دابێ بەواتایەکی ڕۆشنتر کلیلی (پێشکەوتن)ی (مرۆڤ) هەر بەدەست (ئیسلامەتی)یەوەیە، نەک بەدەست (بت پەرستی) و (پارە پەرستییەوە).

جا بەم هیواو ئاواتەوە کە نەتەوەی نەژادی (کورد) ڕۆژێک لە ڕۆژان بکەوێتە سەربەرزی و کامەرانی و پێشکەوتنی ڕاستەقینەوە، بانگ ئەدەم بۆ گەڕانەوەمان بۆ (خواناسین)، بۆ ڕاستی و دروستی و دادپەروەری، بۆ خۆشەویستی و برایەتی و هۆگری، بۆ کرداری شیرین و ڕەوشتی بڵند واتا بۆ (ئیسلامەتی)، کە هەر ئەم ئایینەیە ببێتە ڕێگای ڕزگاریمان و سەرفرازیمان.

شاکر فتاح

سلێمانی: ١٩٦٥ دوانزەی مانگ

له ڕۆژی دووشەممەدا، دوانزەی مانگی (ربیع الأول) کە یەکێک بوو لە مانگەکانی عەرەب لە سەردەمی ناشیێتیان (الجاهلیة)دا، بەرامبەر ساڵی ٥٧١ی پاش لە دایک بوونی مەسیح - هەندێکیش ئەڵێن ساڵی ٥٧٠- محەمەد درودی خوای لەسەربێ لە دایک بووە... هەروەها لە دوانزەی مانگی (ربیع الأول)دا کە لە سیانزەمین ساڵی بانگی ئیسلامەتی دابوو- بەرامبەر ٦٢٢/٦/٢٨ی زاین- محەمەد بەکۆچ کردووییەوە گەیشتۆتە شاری مەدینە ئەویش وەک هەموو خاوەن نامە (رسالە)یەک، لەوە ترسابوو کە لەلایەن نەتەوەکەی خۆیەوە، نامەکەی لە دەست بچێ...

نەتەوەی هەموو هەڵکەوتوویەکی تێگەیشتوویش، لە دوای هەموانەوە دان بەهەڵکەوتوویی و تێگەیشتوویی ئەو کەسەدا ئەنێن!

هەروەها لە ڕۆژی دووشەممەیشدا، دوانزەی (ربیع الأول) کە لە ساڵی دەیەمی پاش کۆچ کردندابوو، بەرامبەر ٧ یاخود ٨ی مانگی خەرمانان (حوزەیران)، ساڵی ٦٣٢، محەمەد مرد... بەم ڕەنگە ١٢ی مانگی (ربیع الأول)، سێ هەنگاوی دیاریکرد، لە ژیانی ئەم پیاوە شۆڕشگێڕەدا، کە بانگی ڕائەهێشت بۆ شوێنکەوتنی فەرمانی خوایی و یاسای خوایی، هەروەها لە ژیانی ئەم پیاوە جەنگاوەرەدا کە بانگی ڕائەهێشت بۆ ئاسایش و ئاشتی!

جا لە ناوەند ئەم سێ هەنگاوانەدا، یاخود ئەم سێ مێژووەدا زۆر کارەسات و ژیان ڕوویان داوە...

## ١٢ی (ربیع الأول): لە دایک بوونی محەمەد

جوولەکەیەکی[(١)]، جێگای پەیدابوونی خۆی لەدەست چووبوو، لەگەڵ جێگای پەرەسەندنیدا... هێز و دەسەڵاتیشی پەرش و بڵاوبووبووەوە... لە ئەنجامی بەرەنگاری کردن و تێکۆشانی خۆیدا سەرکەوتبوو.

بەڵام سەرکەوتنەکەی لەو جۆرە سەرکەوتنانەبوو، کە ماوەی دابوو بەپارچە پارچەبوون و جیاوازی و پەڕەوازەیی... جۆرە تێکچوون و کەللە ڕەقی و خۆپەرستییەکی وا کەوتبووە ناویانەوە کە ئەوەندەی نەمابوو، لە ناوبچن...

جیهان هێزی ئایین و ڕووناکی باوەڕ و هۆی ئارامی دڵ و گیانی لە دەست چووبوو

(١)ڕاستتر: ئایینی جوولەکە



تووشی وشکانی و گڕوگەرمییەکی گیانی وایش بووبوو، کە ئەوەندەی نەمابوو تینوێتی بۆ ئایین و تێگەیشتوویی و ئارام، لە کەڵکی بخات...

لەبەر ئەوە لەوکاتەدا وا چاوەڕوان ئەکرا، کە سەرچاوەیەکی گیانی نوێ بۆ مرۆڤایەتی هەڵ بقوڵێ چونکە هەمووەدەم هەر وابووە، کە خوای میهرەبان و دڵپاک لە کاتی تەنگانەی تینوێتی گیانیدا، دەستی پیرۆزی بۆ مرۆڤایەتی درێژکردووە نەیهێشتووە تاسەر مرۆڤایەتی لە ئاگرستانی ئەو تینوێتییەدا بمێنێتەوە، لە بیابانی ئەو ڕێ لێ ون بوویيەدا بمێنێتەوە...

لە کۆنیشەوە هەروابووە کە سەرچاوەکانی ئایین لەو شوێنانەدا هەڵ قوڵیوون، کە لە هەموو شوێنێک وشکترو بێ ئاوتربوون بۆ گیانی مرۆڤایەتی...

نیوە دوورگەی عەرەبستانیش، جێگای هەڵبژێرراوی ئەم جارە بووە چونکە عەرەبستان لەوکاتەدا، گەیشتبووە ئەوپەڕی ناشیێتی و نەزانی و بت پەرستی... بەدخوویی ئەوەندە هێزی تیا سەندبوو، داوێن پیسی و نەخوێندەواری و مەی خۆری و قومار و دووبەرەکی، ئەوەندە پەرەی تیا سەندبوو، کردەوە و ڕەوشتی پاک بەجارێ لە ئارادا نەمابوو... جا لەم شوێنەدا و لەم کاتەدا، محەمەد لە دایک بووە لە ماڵێک لە دایک بووە کە لە ڕێزدارترین ماڵەکانی هۆزەکە ئەژمێررێن.

هۆزەکەیشی لە پێشکەوتووترین هۆزەکانی عەرەبستانی ئەوکاتە دائەنرێ... لەگەڵ ئەمەیشا لەماڵە دەوڵەمەندەکانی هۆزەکە نەبوو چونکە ماڵی عەبدولموتەلیب لە جیاتی دوڵەمەندی لە ساماندا، خوا دەوڵەمەندیی دابوویە لە دەروون و گیاندا... لەبەر ئەوە ئەوەی بۆ کوڕەکانی عەبدولموتەلیب بەجێ مابوو چاکتر بوو لە سامان، باشتر خۆی ئەپاراست لە سامان چونکە بەهۆی ئەوەوە پایەیان لەناو هۆزی (قوڕەیش)دا بەرزبووبووەوە[(*)]...

عەبدولموتەلیب لە دڵی خۆیدا بڕیاری وابوو، کە ئەگەر دە کوڕ لە کوڕەکانی خۆی بۆ

* پێویستە بزانین کە هۆزی قوڕەیش، لە بنچینەدا عەرەب نەبوون، بەڵام کە هاتوونەتە عەرەبستانەوە و تێکەڵبوون بەعەرەب زمانیان گۆڕراوە و بەعەرەب دانراون بەلای (إحسان نوری پاشا)وە، کە لە نووسراوە ناوازەکەیدا، (تأریخ ریشە و نژاد کورد) نووسیوویە بنەچەی ئەم (هۆزی قوڕەیش)ە، هێشتا لەناو جەرگی کوردستانی ژوورودااون، ناویان (کوڕەیش)ە و بەکوردی قسە ئەکەن! -وەرگێڕ- سەرنجێ بۆ ئەم پەراوێزەی وەرگێڕ:- کتێبی ناوبراو کاک حەمە کەریم عارف لە فارسیەوە گۆڕیوویە بۆ کوردی (مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد) نووسینی إحسان نوری پاشا- ١٩٩٨ لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

بمێنێتەوە و بژین، لە تۆڵەی ئەوەدا[١] یەکێک لەو کوڕانە لەناو (کەعبە)دا سەر ئەبڕێ... کە سەر پشکیان نا، بەر کوڕی هەرە پچکۆڵەی کەوت کە ناوی (عەبدوڵڵا) بوو قوڕەیش کە ئەوەی زانی دەستی کرد بەمقۆ مقۆ کردن چونکە (عەبدوڵڵا) لاوەکانی مەکەی ڕازاندبووەوە لەسەر ئەوە عەبدولموتەلیب ناچاربوو کە پرس بەزۆرزانێک[٢] بکات لە شارەکەدا ئەویش وای پێشنیاز کرد کە لە جیاتی (عەبدوڵڵا)ی کوڕی دە حوشتر سەر ببڕێ ئەوەیش بەم جۆرەبێ کە سەر پشک بنێتە سەر کوڕەکە و حوشترەکان لەناو ماڵی (کەعبە)دا ئەگەر سەرپشکەکە کەوتە سەر کوڕەکە، ژمارەی حوشترەکان زۆرتر لێ بکرێ و سەرپشکەکە دووبارە بکرێتەوە لەناوەند (عەبدوڵڵا) و حوشترەکاندا، تا لە ئەنجامدا سەرپشکەکە ئەکەوێتە سەر حوشترەکان تا خوا بەوە واز ئەهێنێ[٣]...

ئەوانیش لەسەر ئەو ڕێوشوێنە کە ئافرەتە زۆرزانەکە بۆی دانابوون، چەند جارێک سەرپشکەکەیان دووبارەکردەوە، تا کەوتە سەر حوشترەکان، کە ئەوکاتە ژمارەیان گەیشتبووە سەد سەر ئیتر لەوێدا، عەبدولموتەلیب مافی پێ درا کە خۆی لە بڕیارەکەی دڵی خۆی ڕزگار بکات واتا (عەبدوڵڵا)ی کوڕی سەر نەبڕێ و لەباتی ئەو سەد حوشتر سەرببڕێ و گۆشت و پێستەکانیان بەسەر هەژاراندا دابەش بکات.

بەڵام هەتا ئەوە تەواو نەبوو، قوڕەیش هەر لەگلاراوییدا مایەوە، نەحەسایەوە... ئافرەتەکانی قوڕەیش بەدزییەوە خۆیان ئەگەیاندە ناو (کەعبە)وە و دامێنی پەردەکانیان ئەگرت و ئەپاڕانەوە لە خوای خۆیان کە ئەو لاوە جوانە شەنگوشۆخەیان بۆ ڕزگار بکات...

لە ماڵی (وەهب)یشدا کە گەورەی (بنی زهرە) بوو ئافرەتێک هەبوو، ئەوەندەی نەمابوو لە داخانا جەرگی بتوێتەوە... چونکە عەبدوڵڵا کوڕی مامی بوو، زۆر نازی هەبوو لەلای، زۆری خۆش ئەویست بەڵام چونکە ئەو وەک پیاو و ژنەکانی تر ڕێی پێ نەئەدرا بچێتە کەعبەوە بۆ بینینی ئەو کارەساتە کە لەوێ ڕووی ئەدا بەسەر عەبدوڵڵای خۆشەویستیا، ئەوەندەی تر خەموخەفەت دڵی داگیر کردبوو...

جا لەوکاتەدا کە (ئامینە) کچی (وەهب) لەو گلاراوی و دڵ ناخۆشییەدا بوو ، لە پڕ کۆمەڵێک لە پیاوە ناسراوەکانی شارەکە، بەسەرۆکایەتی عەبدولموتەلیبەوە گەیشتنە ماڵی باوکی... (عەبدوڵڵا)یش لە تەنشتی ڕاستی باوکییەوە بوو!...

---

(١)بەڵکو ڕاستتر: لە سوپاسگوزاری ئەوەدا...

(٢) زۆرزانێک: بەرامبەر بە (عراف) دێت.

(٣) یان: تا خواوەند بەوە ڕازی دەبێ.



کچەکە، کە کوڕەکەی چاوپێکەوت ڕزگاری بووە لە دەست سەر بڕین، لە خۆشیاندا گەشکە داربوو ئەو دڵخۆشییە، لە پاشدا، وا دەرکەوت بۆ ئامینە، کە ئەویش جۆرە مزگێنییەکی گیانی بووە بەدەروونی گەیشتووە، پێش ئەو کارەساتە چاک و بەکەڵکەیش کەوتووە کە لە پاشدا ڕووی داوە...

چونکە ڕزگار بوونی (عەبدوڵڵا) لە دەست سەر بڕین کەڵکی (ئامینە) ی تیابوو چونکە باوکی (عەبدوڵڵا)، ویستی ئەو دڵتەنگی و گلاراوییەی کە تووشی ئەوانە بووبوو، بەدوو شادمانی تۆڵەی بکاتەوە... شادمانییەکیان ڕزگار بوونی (عەبدوڵڵا)بوو لە دەست سەربڕین شادمانییەکی تریشیان خوازبێنی کردنی گوڵی باخچەی قوڕەیش بوو، (آمنە) بۆ لاوی ڕزگارکراو، لاوی شەنگوشۆخی قوڕەیش (عەبدوڵڵا)!

(آمنە) یش، مافی هەبوو، وا بەو جۆرە گەشکە داربێ. وا بەوجۆرە دڵی پڕ لە خۆشی و کامەرانی بێ، کە لە توانای دڵیا نەبێ ئەو خۆشییە هەڵبگرێ!... چونکە (عەبدوڵڵا) لاوی شۆڕەسواری کچانی قوڕەیش بوو کە خەویان پێوە ئەدی.

تەنانەت هەموو ئافرەتانی قوڕەیش ئاواتیان بۆ ئەخواست کە ببێتە مێردیان... تەنانەت ئەویشیان گێڕایەوە کە (روقیە کچی نۆفل)، لە کاتی چوونی (عەبدوڵڵا)دا لەگەڵ باوکیا بۆ خوازبێنی کردنی (ئامینە)، ڕێگا بە (عەبدوڵڵا) ئەگرێ و ئەیوەستێنێ و پێی ئەڵێ:

(چەند حوشتریان لە پێناو ڕزگارکردنی تۆدا سەربڕیوە ئەوەندەت ئەدەمێ، بەو مەرجەی بهێڵیت کە هەر ئێستا خۆمت پێشکەش بکەم)!... بەڵام (عەبدوڵڵا) بەرپەرچی ئەداتەوە و ڕووی خۆی لێ وەرئەگێڕێ!...

لە ڕاستیدا (عەبدوڵڵا) لاوێکی جوان بووە، بەهێز و هەڕەت بووە، شەنگوشۆخێکی وایش بووە کە دڵی ئافرەتانی کێش کردووە!... بەڵام سەر گوزەشتەکان وا ئەڵێن کە هەر لەبەر جوانییەکەی نەبووە، ئەو ئافرەتانە گرفتاری دڵداریی (عەبدوڵڵا) بووبن و ڕەدووی کەوتبن و خۆیان پێشکەش کردبێ... وایان گێڕاوەتەوە کە (ڕوقیەی کچی نۆفل)، پاش گوێزانەوەی (ئامینە) بۆ (عەبدوڵڵا)، کە (عەبدوڵڵا)ی دیوە، ڕووی لێ وەرگێڕاوە... کە (عەبدوڵڵا) لێی پرسیوە بۆچ وا ئەکەیت؟... (روقیە) گوتوویەتی:

(ئەو ڕۆشناییەی دوێنێ لەناو چاوتابوو، تیایانەماوەتازە من کارم بەتۆ نەماوە!...).

هەروەها ئەوەیشیان گێڕاوەتەوە کە کاتێ (ئامینە) لە بەرەبەیاندا لەخەو هەڵساوە، لە شەوی بووک و زاوایەتییاندا، وا هەستی بەخۆی کردووە کە شتێک لەناو لەشیایە، وەک پڕشنگ بداو هەموو جیهان ڕۆشن بکاتەوە وایە... چرپەیەکیشی گوێ لێ بووە، مزگێنی

داوەتێ کە گەورەی نەتەوەکەی خۆی لەناو سکیایە!...

ئەوە ڕۆشنایی پێغەمبەرێتی بووە کە بەپێی ئەو سەرگوزەشتانەی گێڕاویانەتەوە، بەپشت لە نەوەی (ئیبراهیم) پێغەمبەردا هاتۆتە خوارەوە، تا گەیشتۆتە سەر نەوەی (قُصَيْ) کە چوارەمین باپیری (محەمەد پێغەمبەر) بووە لەوێشەوە پشت بەپشت هاتۆتە خوارەوە تا گەیشتۆتە (عەبدوڵڵا). (عەبدوڵڵا)یش لە شەوی زاوایەتیدا ئەو ڕۆشناییەی خستۆتە لەشی هاوسەرەکەی خۆیەوە!...

بەڵام کامەرانی (ئامینە) زۆری نەکێشا چونکە مێردەکەی بەهۆی کاروبارێکی بازرگانییەوە ڕووی کردە (شام) لەبەر ئەوە کەوتە خەموخەفەتی دوور کەوتنەوەی (عەبدوڵڵا) و گەرموگوڕیی ئاواتی زوو هاتنەوەیەوە تا بەشادمانییەوە لەگەڵیا بژی... لەبەر ئەوە تا هەستی نەکرد بەسک پڕبوونی خۆی، ئازاری دڵی کەم نەبووەوە... مەگەر بەویش دڵخۆشی خۆی بدایەوە، کە مێردە نازدارەکەی گەڕایەوە، بەخۆشی و کامەرانییەوە لەگەڵیا ڕائەبوێرێ!.

بەڵام مێردەکەی (ئامینە) گەڕانەوەی نەبوو!... چونکە، لەپاش گەڕانەوەی لە (شام)، هەر ئەوەندە گەیشتە شاری (مدینە)، نەخۆش کەوت ناچاربوون بردیانە ماڵی لالۆکانی کە لەوێدا مرد... ئەوکاتە محەمەد لەسکی دایکیا دوو مانگان بوو!...

محەمەدیش لە باوەشی بێ باوکی و هەژاریدا لە دایک بوو... تەنانەت (حلیمة السعدیە)ی دایەن، هەر لەبەر ئەوە محەمەدی وەرگرت لە دەست (ئامینە)ی دایکی کە شیری بداتێ و بەخێویشی بکات، کە ئەترسا لەوەی مەمکەکەی وشک ببێ، هەروەها بەزەیشی بەخۆیا ئەهاتەوە کە دایەنەکانی ناسیاوی توانج و پلاری تێ بگرن و بڵێن (حلیمە) منداڵی دەست نەکەوتووە بەخێوی بکات، بۆیەکا بێ منداڵ هاتۆتەوە گەڕەکەکەی خۆی...

سەیر ئەوەبوو، هەر ئەوەندە دەمی محەمەد لە مەمکی (حەلیمە) کەوت، مەمکەکەی پڕبوو لە شیر و وەک چوڕاوگە شیری پیا ئەهاتە خوارەوە!... هەر ئەوەندە منداڵەکەی گەیاندە ماڵی خۆیان لە هەموولایەکەوە چاکەی بەسەردا باری... ئەویش کە بەهۆی محەمەدەوە، ئەم هەموو چاکەو خۆشییەی دەستگیربووبوو کە دووساڵەکەی بەخێوکردنەکەیشی تەواوبوو، محەمەدی نەدایەوە بەدایکی هەتا پێنجەمین ساڵی تەمەنی... ئیتر لەوساوە عەبدولموتەلیبی باپیری بردیە لای خۆی و لەخۆی نزیک خستەوە، و پەروەردەکردنی محەمەدی گرتە ئەستۆی خۆی.



بەڵام محەمەد لەگەڵ هەتیویدا گفت و بەڵێنێکی هەبوو کە گەیشتە تەمەنی شەش ساڵی، دایکی لەگەڵ خۆیدا بردیە شاری مەدینە لەوێدا ئەو خانووەی پیشاندا کە باوکی تیا مردبوو.

ڕەنگە بیرکردنی جێ مردنی ئەم مێردە خۆشەویستەیش بووبێتە هۆی نیاز بەخشینێکی گیانی تر... ئەویش بانگێک بوو کە لە جیهانەکەی ترەوە ئەهات... هەر ئەوەندە (ئامینە) بیست و سێ میلێک لەشاری مەدینە دوورکەوتەوە، لە ڕێگای گەڕانەوەیدا مرد!...

محەمەد بەتەنیا هاتەوە عەبدولموتەلیبیش زۆرتر تەماشای ئەکرد لە جاران[1].

زۆرتر بەتەنگ پێ گەیشتن و دڵیەوەبوو... هەروەک ویستبێتی تۆڵەی لەدەست چوونی خۆشەویستی دایک و باوکی بۆ بکاتەوە وابوو... لەگەڵ ئەوەیشدا هەتیوی هەر بەدووی محەمەدەوە بوو، وازی لێ نەئەهێنا... هەر ئەوەندە بوو بەهەشت ساڵان، باپیریشی مرد!...

(ئەبوتالیب)ی مامی بردیە لای خۆی تا گەورەی بکات ئەوەندە نازی محەمەدی ئەکێشا، پێش منداڵەکانی خۆی ئەخست... ئەمە تۆزێک لە کڵۆڵی محەمەدیی کەم کردەوە...

## قەشە (بحیری) دوا ڕۆژی محەمەد ئەخوێنێتەوە

کە محەمەد گەیشتە تەمەنی دوانزە ساڵان، لەگەڵ مامیا بۆ بازرگانی چووە (شام) کە کاروانەکە گەیشتە شاری (بُصْرى) لە باشووری شامدا، لە ناوچەی (جۆلان)دا، قەشەیەکی گاور میوانداریی کردن، ناوی (بُحَيْرى) بوو (بحیری) یەکێک بوو لە زانا تێگەیشتووەکانی گاورەکان، کە لە ڕازی ئایینەکاندا زۆر شارەزا بوو... قەشەکە خوانی خستە بەردەمی میوانەکانی، زۆری لێ کردن کە کەس نەمێنێتەوە، هەموویان بێنە سەر خوانەکەی نان بخۆن لەبەر ئەوە (ئەبوتالیب)یش کوڕە بچکۆلەکەی برازای لەگەڵ خۆی بردە ئەوێ هەر ئەوەندە (بحیری) چاوی بەمحەمەد کەوت، تەماشای کرد و لێی ورد بووەوە ڕووی کردە مامی و لێی پرسی: (ئەم کوڕە، کوڕی تۆنییە وادیارە باوکیشی نەماوە) ئنجا کە ئەبوتالیب، پێی گوت قسەکەت ڕاستە (بحیری) گوتی: (ڕاست ئەکەیت کەواتە بیبەرەوە ناو شارەکەی خۆی وریابە جوولەکەکان دەستی لێ نەوەشێنن ئەگەر بێتو بزانن کێیە، لەناوی ئەبەن، ئەم کوڕە پایەی زۆر بڵند ئەبێتەوە ئەبێتە پیاوێکی یەجگار گەورە)!...

(١) لە جاران زیاتر چاوەدێری دەکرد.

بەم ڕەنگە (ئەبوتالیب) بۆ محەممەدی بێ باوک و دایک زۆر بەپەرۆشەوە بوو بەجۆرێکی تایبەتی خەمی پێگەیاندنی ئەخوارد... نەی ئەویست گەنگی و نەنگیی سەردەمی ناشێتی[1] عەرەب، تێکەڵ بەڕەوشت و خووی محەممەد ببێ!...

لەگەڵ ئەمەیشا، گەشتەکە، کاری خۆی لە دڵی محەممەددا کرد... جوانی و تێگەیشتوویی دەشت و بیابانەکەی بۆ دەرکەوت... ڕازەکانی ناو دەشتەکە بەرە بەرە دڵی محەممەدیان کێش ئەکرد... هەروەها لە گەلێک کەینەوبەینەی فورسەکان و ڕۆماییەکان ئاگاداربوو، کە لە بەر بەرەکانێی مەگووسایەتی فورسەکان و مەسیحایەتی ڕۆماییەکانەوە پەیدا ئەبوون...

محەممەد تا ئەهات تێگەیشتنی پەرەی ئەسەند... لە بازاڕەکانی (عکاظ) و دراوسێکانیەوە فێری زمان پاراویی عەرەب بوو بەپەرۆشێکەوە گوێی لە وتاربێژەکانی جوولەکەکان و گاورەکان ئەگرت، کە لە نووسراوەکانی (موسا) و (عیسا) وە ئەدوان... لەگەڵ ئەوەیشا کە نەخوێندەواربوو، تا ئەهات مێشکی ڕوون ئەبووەوە و ئەکەوتە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەوە...

جا لەبەر ئەوەی کە زۆر ئەمایەوە بەتەنیا، لە کاتی مەڕ لەوەڕاندندا تا ئەهات مێشکی چالاکی زۆرتر ئەنواند و تیژتر بیری ئەکردەوە...

محەممەد لە لایەکەوە هۆگری کردەوەی بڵند و مەردایەتی و سەر ڕاستی ئەبوو لەلایەکی تریشەوە هەر لەمناڵییەوە خۆی لە بت پەرستی و بەزمورەزمی هەرزەکارەکانی مەکە و خوێڕێتییەکانیان دوور ئەخستەوە جا ئەم دوو جۆرە کردەوەیەی، وای لێ کردبوو کە لە کردەوە و کاری نەنگ و ناپەسەند و گەنگ خۆی بپارێزێ لەبەر ئەوە لەلایەن هۆزەکەی خۆیەوە ناونرابوو (سەر ڕاست) واتا جێگای باوەڕبوو پشتی پێ ئەبەسترا، گەلەکەی هەموویان لە ڕاستی و دروستی دڵسۆزیی محەممەد دڵنیابوون!

## پێگەیشتنی محەممەد بەخەدیجە...

ئەوەندە هەبوو (ئەبوتالیب) کەم دەست بوو سامانی کەم بوو خێزانی زۆربوو کە قورەیش کاروانە بازرگانییەکانی خۆی ئامادەکرد و کاتی ڕۆیشتنیان هات بۆ شام، ئەبوتالیب وای بەباش زانی کە محەممەد لەگەڵ کاروانی ئافرەتێکی خزمی خۆیاندا بچێت بۆ شام ئافرەتەکە خاوەن کردەوەی بڵند و پایەی بەرز و سامان بوو لەناو قورەیشدا... پێیان ئەگوت: (خەدیجە کچی خوێلد)... لەوەپێش دووجار شووی کردبوو... هەردووجارەکەیش بووبووەوە

(١) سەردەمی ناشێتی: سەردەمی نەزانین (عصرالجاهلي).



بە بێوەژن... هەر سامانێکیشی هەبوو لە بازرگانیدا بەکاری ئەهێنا، تاوای لێهات بووە یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندەکانی مەکە (خەدیجە) کردەوە و ڕەوشتی محەممەدی بیستبووەوە.

کە (ئەبوتالیب)یش لەو بابەتەوە قسەی لەگەڵ کرد، یەکودووی لێ نەکرد، دەمودەست ڕێک کەوت لەگەڵیا کە ئەو کاری بازرگانی بە محەممەد بسپێرێ، لە تۆڵەی[1]

ئەوەیشدا چوار حوشتری بداتێ ئنجا بە (ئەبوتالیب)ی گوت: (تۆ ئەگەر ئەمەت بۆ یەکێکی بێگانە و نەناسیا و داوا بکردایە، بۆمان جێبەجێ ئەکردیت کەواتە چۆن بۆ محەممەدی جێبەجێ ناکەین، کە خزمانە و نازی هەیە لەلامان و یەکێکیشە لە هۆزەکەمان) پیاوەکەی (خەدیجە)یش کە ناوی (میسرە) بوو لەگەڵ کاروانەکەیدا هاتبوو ئەویش کە کردەوە و ڕەوشتە جوانەکانی محەممەدی دی، وەک داوێن پاکی و ڕووخۆشی و زمان شیرینی لەگەڵ خۆشەویستی و پشت بێ بەستنی هەمووواندا بۆ ئەو... دڵی پیاچوو کە گەڕایەوە لای خانمەکەی خۆی ئەو شتانەی هەموو بۆ گێڕایەوە...

(خەدیجە)یش خانمێکی وابوو کە جیهانی زۆر دیبوو، تەواو شارەزای ژیانیش بووبوو توانای ئەوەشی هەبوو کە پیاو بناسێ... ئەوەی هێنایەوە بیر خۆی کە زمان پاراویی محەممەد چۆن کارێکی لە دڵی کردووە، کە (میسرە) ی پیاوەکەی خۆی چی لە محەممەدەوە گێڕایەوە کە محەممەدیش بەخۆی و سەرو شێوەی پیاوانەیەوە چەند بەجوانی چەسپیوەتە دڵیەوە... لە ڕاستیدا محەممەد، قژە سەرێکی یەجگار ڕەشی هەبوو ناوچەوانێکی کراوە و دووچاوی گەورەی پێوەبوو برژانگەکانی درێژ و تاریکە ڕەنگ بوون.

سنگی پان بوو باڵایشی مام ناوەندی بوو، نەدرێژبوو، نەکورت، خانمی چل ساڵانە، کە ئەم هەموو کردەوە و ڕەوشت و شێوەیەی لە محەممەدی سەر ڕاستدا هێنایە پێش چاوی خۆی کە تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵی تێپەڕی نەئەکرد، پڕ بەدڵ ئاواتی ئەخواست کە محەممەدی بۆ بکردایە بەمێرد بۆ خۆی[2]، بۆ ئەمەی ئاگای لە سامانەکەی بێ و لەو تەنیاییەیش ڕزگاری بکات کەچی لەوەپێش زۆر کەسی لە خوازبێنی کەران بەرپەرچ دابووەوە و دەستی نابوو بەڕوویانەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە مەترسی ئەوەی لێ ئەکردن چاویان بڕیبێتە سامانەکەی...

(١) یان: لە بەرامبەر ئەوەیشدا...

(٢)... کە محەممەد ببوایەتە مێردی، کە مێردی بەمحەممەد بکردایە، کە شووی بەمحەممەد بکردایە.

(خەدیجە) قسەی دڵی خۆی بۆ ئافرەتێک کرد، کە ئەمیش چووەکن محەمەد بۆ ئەمەی بزانێ ئەو لەدڵیا چی هەیە دەربارەی (خەدیجە) کە ئافرەتەکە ئارەزووی محەمەدی بۆ دەرکەوت بۆ ئەو ژن و مێردییە، ڕاست و ڕەوان پێی گوت کە لە توانای دا هەیە (خەدیجە)ی بۆ بهێنێتە سەر ڕێ و شووی پێ بکات کە محەمەد ئەوەی گوێ لێ بوو، ژنەکەی دڵنیا کرد کە حەز بەو ژن و مێردییە ئەکات.

ئیتر محەمەد بوو بەمێردی (خەدیجە) تەمەنی خۆی بیست و پێنج ساڵ بوو تەمەنی ژنەکەیشی چڵ ساڵان بوو لەگەڵ ئەوەیشا کە تەمەنیان زۆر دووربوو لەیەکەوە، بەڵام ژن و مێردییەکەیان پڕبوو لە ڕێکی و کامەرانی.

بیست و نۆ ساڵیش درێژەی سەند، بێ ئەمەی محەمەد ڕۆژێک لە ڕۆژان بیر لەوە بکاتەوە - وەک لەسەردەمی ئەوا ئەیانکرد - کە ژنی بەسەر بهێنێ... ژن و مێردییەکەیشیان بەری زۆردا... دوو کوڕیان بوو هەردووکیان بەمناڵی مردن... چوار کچیشیان بوو... هەرچەند محەمەد بەمردنی کوڕەکانی یەجگار دڵشکاو و خەفەتبار بووبوو، بەڵام بەبوونی کچەکانی دڵی خۆی ئەدایەوە... کەچی لەو سەردەمەدا کچ ناشتن بەزیندوویی باوبوو لەناو قوڕەیشدا... هەروەها دڵیشی بە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب)یش زۆر ئەکرایەوە، کە هێشتا لە تەمەنی پێنج ساڵاندا بوو کە لەدەست (ئەبوتالیب)ی مامی وەرگرت و لە ماڵی خۆیدا وەک یەکێک لە مناڵەکانی خۆی بەخێوی کرد... محەمەد بۆیەکا (عەلی)ی لە مامی سەند کە هەندێ باری ئابووری سووک بکات بێجگە لەوە هەندێ چاکەیشی بداتەوە... دڵی محەمەد ئەوەندە پڕبوو لە خۆشەویستی، ئەمانە هەموویان ئەو خۆشەویستییەیان نەبڕاندەوە لە پڕ نۆکەرێکی ژنەکەیشی ئازاد کرد، کە ناوی (زەید کوڕی حارسە) بوو، ئەویشی کرد بەکوڕی خۆی!... بەم ژن هێنان و باوکایەتییەوە دەژیان خۆش بووبوو بۆ محەمەد... هیچ تێکی نەدا، مردنی هەردوو کوڕەکەی نەبێ... بێ گومان سامانەکەی (خەدیجە) ڕێگای بۆ کردبووەوە کە سرەوت و ئارام و ژیانێکی نەرمونیانی چنگ کەوێ هەروەها ئەو پایەیەیش کە هەیبوو لەناو دڵ و دەروونی قوڕەیشدا، بەهۆی کردەوە و ڕەوشتە جوانەکەی و کەس و کارە بەڕێزەکەیەوە، بەو سامانەی خەدیجە بڵندتر بووەوە... لەبەر ئەوە، جێگاکەی لەناو نەتەوەکەیدا بەرزتر بووەوە... تێگەیشتوویی و هوشیاری و قسە دروستی محەمەد، لە کاروباری کۆمەڵایەتی دا لەوساوە دەستی بەدەرکەوتن کرد... ئەوەبوو لەوە پێشیش، ئەو زرنگی و کارپەسەندییەی لە کاروباری کەسایەتیدا دەرکەوتبوو ڕەنگە کەینەوبەینەی دروست کردنەوەی ساختمانی (کەعبە)



چاکترین نموونەبێ بۆ ئەوە، چونگە بەڕێکەوت لافاو هەڵسابوو. دیوارەکانی (کەعبە)ی ڕووخاند بوو قوڕەیشییەکانیشی پرسیان بەخواکانی خۆیان کردبوو، لەپاش ئەوە ڕێک کەوتبوون لەسەر ئەوە کە بیانڕووخێنن دیوارەکانی ماڵی خوایان لەناو خۆیاندا دابەش کردبوو، کە هەر هۆزە لە چوار هۆزەکان ڕووخاندن و دروست کردنەوەی دیوارێک لەو دیوارانە بخاتە سەر ئەستۆی خۆی کاتێ کە لە دروست کردنەوە دا گەیشتنە سەر جێگای بەردە ڕەش (الحجر الأسود)ەکە هەر چوار هۆزەکە دەستیان کرد بە بەربەرەکانێ بۆ ئەمەی ئەو سەربەرزییەیان چنگ بکەوێ لە هەڵگرتنی ئەو بەردەدا زۆری نەمابوو کە شەڕ و کوشتار لە ناویاندا هەڵبگیرسێ بەڵام پیاوێکی تێگەیشتوویان تیابوو، بەوە چەواشەی کردن، لە شەڕ و کوشتار واز بهێنن کە هەرکاتێ یەکێک لە دەرگای (الصفا) وە هاتە ژوورەوە، ئەو کەسە بکەن بەناوبژیکەری خۆیان، تا ئەم تەنگوچەڵەمەیە لەسەر دەستی ئەودا ببڕێنرێتەوە... چارەنووس وای هێنا، کە یەکەم کەس لەو دەرگایەوە بێتە ژوورەوە محەمەد بێ، محەمەدی دەست پاک و کار دروست و سەر ڕاست، کە لە کەینەو بەینەکە تێگەیشت داوای کراسێکی کرد هێنایان بەردەکەی خستە ناوی هەرچمکەی دایە دەست سەرۆکی هۆزێک لەو چوار هۆزانە پاشان پێی گوتن هەریەکە دەستبداتە چمکێکی کراسەکە و بەردەکە هەڵبگرن.

هەڵیانگرت، هەتا گەیشتنە ئاستی جێگاکەی خۆی لە ساختمانەکەدا ئنجا محەمەد چووە پێشەوە و بەدەستی خۆی بەردەکەی لە کراسەکە هەڵگرت و خستیەوە جێگای خۆی... ئا بەم جۆرە، محەمەد، ئاژاوەکەی کوژاندەوە...

جا لەم ژیانە نەرمونیانەدا کە پڕی بوو لە دڵخۆشی و ئارام، محەمەد، ماوەیەکی فراوانتری دەست کەوت لە هی پێشوو کە دەست بکاتەوە بەبیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی قوڕەیش هەستی پێ کردبوو، کە جۆرە وەڕس بوون و پشێوییەک کەوتۆتە ناو بیر و مێشک و دەروونی نەتەوەوە.

هەندێکیشیان هاتبوونە سەرئەوەی کە دەست بکەن بەگەلە کۆمەکێ کردنێک بۆ سەر ئەو خوایانەی کە ئەیانپەرستن، کە هەر بریتی بوون لەو بەردانەی کە نەئەیانبیست، نە ئەیانبینی، نە کەڵکیان هەبوو، نەزیان!... هەروەها جوولەکەکان و گاورەکانیش، لەوە دڵنیابوون کەواز لە ڕوو وەرگێڕان و دەم بەستراویی خۆیان بهێنن، ڕاست و ڕەوان بەئاشکرا هەرچی لە دڵیاندا بوو، دەربارەی بتەکان دەریان ئەبڕی!... ئەو جێگە بەرزەی بتەکان هەیانبوو لە دڵی عەرەبەکانی شاری مەکەدا، دەستی کردبوو بەکزبوون و نەمان ئەوانە

زۆرتری، لەبەر هۆی زرنگکاری و ئابووری بوو کە ڕێزیان لەو بتانە ئەگرت چونکە بەهۆی ئەو بتانەوە بوو، کە هەندێ کەش لە هەموو ساڵێکا، عەرەبەکان لە مەکەدا کۆ ئەبوونەوە، بۆ چاوپێکەوتنی (کەعبە)، لە نیوە دوورگەی عەرەبستانیشدا مەکە جێگەیەکی ناسراوی گرنگی بۆ خۆی کردبووەوە!...

## هاتنە خوارەوەی سروش

محەمەد ئەمانەی هەموو ئەکرد بەبابەتێک و بیری لێ ئەکردەوە و لێی ورد ئەبووەوە... هەموو ساڵێک لە مانگی ڕۆژوودا ئەچووە ئەشکەوتێکەوە لە تەوقە سەری چیای (حراء)دا... هەر خۆی ئەمایەوە لەوێدا تێکەڵی نەئەکرد لەگەڵ کەسدا... خۆی خەریک ئەکرد بەلێ وردبوونەوە و بیرکردنەوەکانییەوە جۆرە پەرستنێکی گیانیشی هەڵ ئەسووڕاند... هەروەک (ئیبراهیم پێغەمبەر)، لەوەپێش کردی، محەمەدیش پەیی بەوە برد کە بتەکان ئەو خوا ڕاستەقینەیەنین کە هەڵبگرن بپەرسترێن... لەبەر ئەوە دەستی کرد بەگەڕان بەدوای ڕاستیدا لەناو کارەسات و ڕووداوەکانی سروشتدا... چاوی ئەگێڕا بەناو ئاسماندا، تەماشای دەشت و دەری ئەکرد هەر لەبیرکردنەوەدا بوو... ئیتر بەرە بەرە ڕاستی لەناو مێشکیا دەرکەوت... ئیتر چووە دڵیەوە لەپاش ئەمەی تەمەنی گەیشتە نزیکی چل ساڵان کە ئەبێ هێزێک هەبێ لەسەروو هەموو هێزەکانەوە و، لە پشت هەموو ڕووکەشێکی ژیان و کارەساتێکی ناو سروشتەوە...

هێزێک بێ بڵند و دەسەڵاتدار و بەچنگ، کە زاڵ بێ بەسەر، هەموو جیهاندا... محەمەد هەرچەند بیری لەم ڕازانە ئەکردەوە زۆرتر درێژەی ئەدا بەڕۆژوو گرتن و بەخۆ دوورخستنەوە لە کۆمەڵایەتی و، بەتەنیایی...

ڕۆژێک لە ڕۆژانی مانگی ڕۆژوو، لەوکاتەدا کە لەناو ئەشکەوتەکەدا بوو، فریشتەیەکی دی، لە ئاسمان هاتە خوارەوە... لاپەڕەیەکی بەدەستەوە بوو... بەمحەمەدی گوت (بیخوێنەرەوە!)... محەمەدیش پێی گوت: (نازانم بخوێنمەوە!...)... فریشتەکەیش دەستی نایە بینا قاقای، ئەوەندەی نەمابوو بیخنکێنێ پاشان دەستی لێ بەرەڵلا کرد جارێکی تریش پێی گوتەوە: (بیخوێنەرەوە!)...

محەمەدیش وەک جاری پێشوو وەرامی دایەوە... فریشتەکە ئەمجارەیش قوڕگی محەمەدی گوشییەوە، ئەوەندەی نەمابوو بخنکێ، پاشان بەرەڵلای کرد و پێی گوتەوە: (بیخوێنەرەوە!)



بەڵام لە محەمەدەوە هەر ئەو وەرامەی وەرگرتەوە... فریشتەکە بۆ جاری سێیەم دەستی نایەوە بینا قاقای محەمەد، پشان گەردنی بەرەڵلا کرد و پێی گوتەوە: (بیخوێنەرەوە!)... محەمەدیش بۆ ئەمەی خۆی لە دەست ئەو قوڕگ گوشینە ڕزگار بکات، پێی گوت: (چی بخوێنمەوە؟)... فریشتەکەیش گوتی:

(بەناوی ئەو خوایەوە بخوێنەرەوە کە دروست کەری جیهانە کە مرۆڤی دروست کردووە لە زەروویەک لەگەڵ ئەو خوا میهرەبانەتا بخوێنەرەوە کە بەهۆی پێنووسەوە شت فێری مرۆڤ ئەکات ئەو شتە فێری مرۆڤ ئەکات کە لەوە پێش نەی زانیوە.).

محەمەدیش خوێندیەوە ئیتر لەوساوە فریشتەکە ون بوو کە محەمەد لەپاش لە هۆش خۆچوونەکەی، هاتەوە سەرخۆی، هەستی کرد ئەو وشانە لە کانی دڵیا چەسپیوون... ترسێکی گەورەی لێ نیشت بەهەڵە داوان لە پێچوو پەناکانی شاخەکەوە دەرپەڕی، نەی ئەزانی ڕوو بۆ کوێ بکات.

کە سەرنجیدا ئەوا دەنگێک لە ئاسمانەوە دێت بانگی ئەکات ئەڵێ: (ئەی محەمەد! من (جبریل)م تۆ ڕاسپارەی خوایت) کاتێ کە وای لێهات لەترس ڕزگاری ببێ و خۆی پێ بگیرێ، زوو بەزوو گەڕایەوە کن خێزانەکەی لەوێدا هەرچییەکی دیبوو بۆ (خەدیجە)ی گێڕایەوە... (خەدیجە) دوودڵ نەمایەوە لە قسەکانی محەمەد... چونکە لەکانی دڵیەوە باوەڕی بەمحەمەد هەبوو، کە درۆ ناکات، هەروەها قسەی پڕوپووچیشی لێ ناوەشێتەوە... چونکە لە ڕاستیدا بۆ پێغەمبەرێتییەکی گرنگ دروست کراوە، کە ئەبێ نامەی خوایی بگەیێنێ بەمرۆڤایەتی، سەرەتای ئەم پێغەمبەرێتی یەیشی لەوەوە دیارە کە کردەوە و ڕەوشتێکی جوان و پەسەندی هەیە، کەسایەتییەکی بەهێز و هەڕەتی هەیە، باوەڕێکی وایشی هەیە بەڕاستی و دروستی، کە بێزی نایەت کڕنووش بۆ بتەکان بکێشێ!...

ئامۆزایەکیشی هەبوو، ناوی (وەرەقە کوڕی نۆفل) بوو لە ئاشنایانی (تەوڕات) و (ئینجیل)بوو. (خەدیجە) لەو پسمامەی خۆیەوە زانیبووی کە خوا یەکێک بۆ ئەم نەتەوەیە هەر ئەنێرێ تا لەدەست گومڕاهی ڕزگاری بکات...

لەبەر ئەوە، هەندێک پەتوویدا بەسەر محەمەددا، ترس و لەرزەکەی لێ کەم بووەوە... زۆری پێ نەچوو خەوی لێ کەوت خەدیجەیش دەمودەست ڕووی کردە ماڵی (وەرەقە) و هەموو قسەکانی محەمەدی بۆ گێڕایەوە (وەرەقە)یش بەجوانی گوێی لێ گرت، پاشان گوتی: (خوا لێی پیرۆزکات... خوا لێی پیرۆز کات... بەو خوایەی کە گیانی (وەرقە) بەدەست ئەوەوەیە، ئەگەر باوەڕم پێ ئەکەیت، خەدیجە، محەمەدیش وەک موسا، یاسا

گەورەکەی بۆ هاتۆتە خوارەوە لە خودا... وا دیارە ئەبێتە پێغەمبەری ئەم نەتەوەیە کەواتە پێی بلێ، نەترسێ، خۆی ڕابگرێ!)...

محەمەد پەیی بەوە برد کە فرمانێکی گەورەی هاتۆتە سەرشان. دووبارە گەڕایەوە ئەشکەوتەکە، تا مانگێ خوا پەرستی تەواو بکات پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ (کەعبە)... لەو کاتەدا کە بەلایدا ئەسووڕایەوە، (وەرەقە کوڕی نۆفل)ی پێ گەیشت... ئەویش چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە (وەرەقە) گوتی: ( بەو خودایەی کە گیانی منی بەدەستەوەیە، تۆ پێغەمبەری ئەم نەتەوەیەی!)... ئەوەشی تێگەیاند کە لەلایەن نەتەوەکەی خۆیەوە، زۆرداریی لێ ئەکرێ: بەدرۆی ئەخەنەوە، ئازاری ئەدەن، لە مەکە تەفر و تووناى ئەکەن، ئەشچن بەگژیا... هەمووی هەر لەبەر ئەوەی کە ئەم نامەگەورەیەیان پێ ئەگەێنێ!...

## (ئەبوبەکر) ئیسلام ئەبێ

محەمەد هەستی کرد بەخۆی: داماو و پەرێشانە، دوودڵە، نازانێ چی بکات بەڵام یەکەم کەسێک کە باوەڕی پێ کرد (خەدیجە)بوو.

خەدیجەیش دەستی کرد بەپشت گرتنی ئەیویست بیچەسپێنێتە دڵیەوە کە خوا لە گەڵیایەتی و پشتی ئەگرێ، ناهێڵێ ژێرکەوێ... پێشەوای موسوڵمانانی هیندستان، (مەولای محەمەد عەلی) لەم بابەتەوە ئەڵێ: (لە پێشدا محەمەد نەی ئەزانی کە ئەتوانێ ئەم فرمانە گەورەیە ببات بەرێوە بەڵام زۆری پێ نەچوو، کە دوو دڵیەکەی گۆڕراو بوو بەئاینێکی تەواو و دامەزرا و، باوەڕی هێنایەوەی کە لە ئەنجامیدا هەر ڕاستی و دروستی سەر ئەکەوێ ئنجا بەهێز و هەڕەتێکەوە دەستی دایە ئەو فرمانی هەرگیز لە ڕێی خۆی لای نەدا، بەرەنگارییە بەهێزەکەی قوڕەیشیش کۆڵی پێ نەدا!...)

لەپاش (خدیجە)، کەسوکاری محەمەد و خەدیجە، باوەڕیان بەڕاسپێرراویی محەمەد و ئاینی ئیسلامەتی هێنا... ئەو کاتە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) لە پەنای محەمەددا ئەژیا دەست بەجێ لەسەر دەستی محەمەددا ئیسلام بوو بەدوای ئەودا (زەید)یش، کە محەمەد کردبووی بەکوڕی خۆی، هاتە سەر ئاینی ئیسلامەتی... ئیسلامەتی هەر لەناو ماڵی محەمەددا مایەوە، تا ڕاسپێرراوی خوا، خۆشەویست ترین هاوڕێی خۆی بانگ کردە سەر ئاینی ئیسلامەتی ئەو کەسە: (ئەبوبەکر کوڕی ئەبوقحافە)بوو. (ئەبوبەکر)، بێ دوو دڵی نواندن، بێ ئەمەی یەکودووی لێ بکات، دەمودەست باوەڕی بەڕاسپێرراوی محەمەد هێنا و بوو بەئیسلام.



هەر کەسێکیشی بدۆزیایەوە لەناو گەلەکەی خۆیدا کە بەکەڵکی ئەوە بێت و پشتی پێ ببەسترێ، ئامۆژگاریی ئەکرد ئیسلام ببێ...

(سێر ولیەم موێر)، لە نووسراوەکەی خۆیدا کە ناوی ناوە (ژیانی محەمەد)، لەم ڕووەوە وا ئەدوێ: (لە هەموو شتێک زۆرتر کە ڕاستگۆیی محەمەد پیشان ئەدا، ئەوەیە، کە ئەوانەی لەسەرەتادا ئەبوون بەئیسلام هەر لەوانە نەبوون کە خاوەنی کردەوە و ڕەوشتی چاک بوون، بێجگە لەوە لە دۆستە دڵسۆزەکان و کەس و کارەکانی خۆیشی بوون لەوانە بوون کە ئاگادارییەکی تەواویان هەبوو لە ژیانی تایبەتی محەمەددا ئەگەر محەمەد لەو کەسانە بووایە کە دەمو زمانیان و ڕووکەشی ژیانیان لە دەرەوەی خانووەکانیان دا، پێچەوانەی کردەوە و کاریان بوایە لەناو خانووەکانی خۆیاندا، بۆ ئەو کەسانە دەرئەکەوت... ئەو ساکەیش ئەو کەسانە بە محەمەد باوەڕیان نەئەکرد!...)

قوڕەیش دەستی کرد بەگاڵتەکردن بەمحەمەد و ئەو چەند کەسەی کە دوای قسەی ئەو کەوتبوون خەریک بوو داوی بۆ ئەنانەوە بەڵام محەمەد، پاشگەز نەبووەوە لە قسەو کردەوەی خۆی هەروەها کزیشی پیشان نەدا بەرامبەر ئەوانە تەنانەت چووە دەریشەوە بۆ سەر چیای (الصفا) بانگی کردە قوڕەیشییەکان لێی نزیک ببنەوە ئنجا لێی پرسین: (ئەگەر من پێتان بلێم ئەسپێک لە دامێنی ئەم چیایەدایە، بڕوام پێ ئەکەن؟)

ئەوانیش، وەک کە سانێک کە شارەزای ڕەوشت و خوی محەمەد بن و بڕوا بەقسەی بکەن، پێیان گوت:

(بەڵێ!... تۆ لای ئێمە بەدناو نیت هەرگیز درۆیشمان لێ نەدیویت!...)... محەمەدیش گوتی:

(کەواتە گوێ بگرن پێتان بلێم: من وریاتان ئەکەمەوە لەوەی کە خۆتان تووشی ئازارێکی گەورە بکەن خوای گەورە فەرمانی پێ داوم کە هۆزە نزیکەکانم ئاگاداربکەم لە ئەنجامی خراپی خۆیان، تا لەم کردەوانەی ئێستایەیان لابدەن و خۆیان تووشی ئەو دەرد و ئازارە نەکەن... لەم جیهانەدا هیچ شتێک بەدەست من نییە نە ئەتوانم کەڵکتان پێ بگەێنم، نە ئەشتوانم لە ڕۆژی دواییدا ڕزگارتان بکەم، تا خۆتان دان بەوەدا نەنێن کە بلێن لە خوا بەولاوە هیچ خوایەکی تر نییە!...)... یەکەم کەسێک کە لەسەر ئەم قسەیەی لێی تووڕە بوو، مامی خۆی بوو کە ناوی (ئەبولەهەب) بوو بەڵام نە تووڕەییەکیەی ئەو، نەدوژمنایەتییەکەی قوڕەیش هیچیان بەربەستی بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتییان پێ نەکرا...

لەپێش هەموو کەسێکا، ئەوانە ئیسلام بوون، کە وازیان لە جیهان هێنابوو، کە لەلایەن

کۆمەڵایەتییەکەیانەوە خواناسییان لەگەڵ نەنوێنرابوو، وەک نۆکەر و بەندە و هەژارەکان ئەوانە بەلایانەوە شتێکی یەجگار گەورەبوو، کە کەسێک بێتە پێشەوە و بانگ بدات بۆ یەکسانی و سەربەستی و ئازادی کە ناوچەوان بەرزیی مرۆڤایەتی لە دەست مل کەچی و سەرشۆڕی ڕزگار بکات بۆ ئەو بتانەی کە لە بەردی ڕەق و تەق دروست کراوون کە نەهێڵێ هیچ دەسەڵاتێک بمێنێتەوە بەسەر مرۆڤدا، دەسەڵاتی ئەو دەروونە نەبێ کە لەبەردەم خوادا چەند و چوونی لەگەڵ بکات لەسەرکردەوە و کاری!... زووبەزوو چینی هەرە ژوورووی قورەیش، هەستی پێ کرد کە بانگ ڕاهێشتنەکەی محەمەد، ئەبێتە هۆی لەناوبردنی سایە و پایە و دەسەڵاتی لەبەر ئەوە دەستی کرد بەئازاردانی ڕاسپێرراوی خواو دواکەوتووەکانی(١)...

لە ئازاردانی بەندە و نۆکەرەکاندا ، یەجگار دڵڕەقیی ئەنواند... پاش ئەوە، دڵڕەقییەکە گەیشتە سەر ئەو ئیسلامانەی کە لە چینی ژوورووی قورەیشدا بوون... ئازارێکی زۆری ئەوانیش درا... محەمەد خۆیشی لەو ئازاردانانە بەشێکی زۆری بەرکەوت... تەنانەت ژنەکەی مامی خۆی، (ئەبولەهەب)، ئەچوو پیسایی فڕێ ئەدایە بەرماڵی پێغەمبەر.

(ئەبوجەهل)یش، ئەچوو منالّدانی بەرخی سەربڕاوی تێ ئەگرت، لەکاتی نوێژکردنیا... ئیتر لەوەدا نەمابوو، کە موسڵمانەکان بتوانن بەئاشکرا کۆببنەوە و نوێژ بکەن.

لەگەڵ ئەوەیشا محەمەد کۆڵی نەدا، هەر لەسەر بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام ئەڕۆیشت... ئنجا قورەیش دەستی کرد بە تەنگە تاوکردنی (ئەبوتالیب)ی مامی پێغەمبەر قورەیش ئەوەی ئەزانی کە خۆشەویستییەکی چۆن بەهێز هەیە لەناوەند ئەو و محەمەددا هەڕەشەی لەو و لە محەمەد کرد، کە ئەگەر محەمەد واز لەم کارە نەهێنێ، قورەیش ئەچێت بەگژیاندا، لە کۆڵیشیان نابێتەوە، تا لایەک لەو دوولایە لەناو ئەچێ!...

بەڵام محەمەد، بەپشت بەستنێکەوە بەخۆی، بەمامی گوت: (مامە، بەسەری خوا سوێند ئەخۆم، تەنانەت ئەوانە ئەگەر ڕۆژیش بخەنە لای دەستی ڕاستمەوە و مانگیش بخەنە لای دەستی چەپمەوە، بۆ ئەمەی واز لەم کارە بهێنم، وازی لێ ناهێنم، تا خوا خۆی ئەیگەێنێ بەئەنجام یاخود خۆم لەناو ئەچم.!)

مامە پیرەکەیشی، سەری سوڕما لەم خواناسینەی محەمەد، واقی وڕما لە هێز و هەڕەتی ئایینەکەی، هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ کە بەهەموو کوڵی دڵیەوە پشتی محەمەد بگرێ!...

(١) ڕاستتر: شوێنکەوتووەکانی.



## (نەجاشی) ئاوارەکان ئەگرێتە خۆی

قورەیشییەکان، بەئازاردانی موسڵمانەکان وازیان نەهێنا، دەستیان کرد بەکوشتنیشیان محەمەد لەم بارە زۆر دڵتەنگ بوو ناچاربوو موسڵمانەکانی هاوڕێی ئامۆژگاری بکات کە کۆچ بکەن، یانزە کەس، لە ژن و لە پیاو قسەکەی محەمەدیان بەجێ هێناو لە شاری مەکە دوورکەوتنەوە و ڕوویان کردە (حەبەشستان) ئەوکاتە ساڵی پێنجەمی ئاشکرا کردنی ئیسلامەتی بوو پەنایان بردە بەر خونکاری ئەوێ کە ناوی (نەجاشی) بوو قورەیشیش چەند کەسێکی نارد بەدوایاندا داوایان لە خونکار کرد ئەو ڕاکردووانەیان بداتەوە... بەڵام (نەجاشی) هەر ئەوەندە گوێی لە ناشێتی پەرستانی عەرەب بوو کە چەند لە داڕزین و سووکی و دواکەوتندابوون، کەچی بەپێچەوانەی ئەوانەوە قسەکانی محەمەد پڕبوون لە (ڕاستگۆیی و سەرڕاستی و پەیمان ڕاگرتن و فرمان بەجێ هێنان بەدڵسۆزییەوە و، خزمایەتی ڕاگرتن و، دراوسێیەتی پاراستن و، خۆ دوورخستنەوە لە کردەوەی نەنگ و ناپەسەند و خوێن ڕشتن)، هەروەها پڕبوون لە: (خۆ دوورخستنەوە: لە داوێن پیسی و، بەدخوویی و، لە قسەی درۆ هەڵبەستن و، لە خواردنی سامانی هەتیوان و، لە بەدناوکردنی ئافرەتانی داوێن پاک)... هەروەها پڕبوون لە فەرمان بە (پەرستنی خوا، بێ ئەمەی هاوتای بۆ پەیدا بکەن، بەنوێژکردن و ڕۆژووگرتن و خاوێن کردنەوەی سامان بە بەشینەوەی بەشێکی دیاردی کراوی بەسەر هەژاران و لێ قەوماواندا...)... هەر ئەوەندە (نەجاشی) گوێی لەم قسانە گرت ئارەزووی پیشاندا کە هەندێکی لە (قوڕئان) بۆ بخوێندرێتەوە.

(جەعفەر کوڕی ئەبوتالیب)یش هەندێکی لە بەشی (مەریەم) بۆ خوێندەوە ئەو کەشیشانەی لەوێ دابوون، هەروا سەریان سوڕما لە ڕاستیی قورئان تەماشایان کرد ئەوەی خوێندرایەوە هەر لەو بەشە ئەکات کە لە (ئینجیل)دا نووسراوە... (نەجاشی) بۆی دەرکەوت کە بانگ ڕاهێشتنەکەی محەمەد بۆ ئیسلامەتی، هەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵ قووڵاوە کە بانگ ڕاهێشتنەکەی مەسیحی لێ هەڵقووڵاوە.

لەبەر ئەوە، ئەوەی خستە سەر ئەستۆی خۆی کە ئاوارەکانی ئیسلام پشتیوانی بکات و لە نیشتمانەکەی خۆیشیدا میوانداریيەکی بەڕێزیان بکات...

بەم جۆرە، جیهان یەکەم یارمەتی ناوەند گاورەکان و ئیسلامەکانی دی!...

## موسوڵمان بوونی (عومەر)

فڕوفێڵەکانی قوڕەیش بەکەڵک نەهاتن زۆری پێ نەچوو دەستیان دایە چەکێکی تر بۆ لەناوبردنی محەمەد و ئایینەکەی... ئەویش چەکی چەواشەکردن بوو بەزەبری سامان بەخشین و پایەو سایە پێشکەش کردن... بەڵام باوەڕە بەهێزەکەی محەمەد ئەم چەکەیشی کۆڵ کرد و نوشتاندیەوە!...

قوڕەیشییەکان لەمە ڕقیان زۆر هەستا، تەنانەت گەیشتە ئەوەیش کە جارێکیان خەریک بوون محەمەد لەناو (کەعبە)دا بکوژن!... بەڵام دەست درێژی و توندوتیژییەکەیان بوون بەهۆی ئەوەی کە ئیسلامەکان پشتیوانانی تازەیان دەست بکەوێ لەوانەی کە خاوەن سایە و پایە و دەسەڵات بوون، لەناو قوڕەیش خۆیدا!...

یەکێک لەوانە (عمر کوڕی خەتاب) بوو کە هەروەک بەتوندی و تیژییەوە ئەچوو بەگژ ئیسلامدا، ئاوەهایش بەتوندی و تیژییەوە بوو بەیەکێک لە ئیسلامەکان!... (عومەر) زرنگکاریی ئیسلامەکانی ئەو دەمەی پێ خۆش نەبوو، کە هەر خۆیان لە دوژمنایەتیی قوڕەیش ئەپاراست ئەو زرنگکارییەی پێ گۆڕین و کردی بەزرنگکارییەکی بەجێ و کاریگەر و بەکەڵک، کە پڕبوو لە هەڵمەت بردن و ئیسلامەتی نواندنێکی بەئاشکرا!... سەیر ئەوەبوو کە قوڕەیشییەکان ئەمەیان لە عومەر و ئیسلامەکانی تر دی، زرنگکارییەکەی خۆیان گۆڕی و کردیان بەو جۆرە زرنگکارییە بێ کەڵکەی کە ئیسلامەکان لەوە پێش لە سەری ئەڕۆیشتن... لەناو خۆیاندا بڕیاریاندا کە خۆیان لە ئیسلامەکان دووربخەنەوە، بەمەرجێ (ئەوەی هاشم)، (نەوەی عەبدولموتەلیب)یشیان لەگەڵدابێ، کە محەمەد و هۆزەکەی محەمەدیشی ئەگرتەوە بڕیاریاندا نەژن لەوانە بهێنن، نە ژنیشیان بدەنێ نەشتیشیان لێ بکڕن، نەشتیشیان پێ بفرۆشن... ئەم بڕیارە هیچ کەڵکێکی نەبوو، بەڵکو زیانی لێ پەیدابوو چونکە بوو بەهۆی ئەوەی کە دەماری هۆزپەرستی[1] و بەربەرەکانی و هۆزایەتی ببزوێنێ و بورووژێنێ!...

لەبەر ئەوە نەوەکانی هاشم و موسڵمانەکان ناچاربوون خۆیان خستە ناو پێچوپەنای ناو شاخەکانەوە... کە قوڕەیشیش ئەوەیان لێ دین، جۆرە چوار لاگرتنێکی شارستانیانەیان لێ کردن[2] مەبەسیان ئەوەبوو بەبرسێتی بیانهێڵنەوە... بەڵام چوار لاگرتنەکەیان، زۆری پێ

(١) هۆزپەرستی: هۆزایەتی، تیرەگەرێتی، عەشایەری.

(٢) چوار لاگرتن: ئابلۆقە، لێرەدا مەبەست دابڕان (مقاطعە) یە.



نەچوو، درزی تێ بوو... لەو درزانەیشەوە خواردەمەنی ئەهات لەبەر ئەوە هەرسێ ساڵێکی پێ چوو، چوارلاگرتنەکە، ڕووخا و نەما!...

ئیسلامەکانیش لە بەندیخانەکەیانەوە گەڕانەوە (مکە)!...

لەپاش ئەم گەڕانەوەیە، بەچوار حەفتە، پێغەمبەر (ئەبوتالب)ی مامی لە دەست چوو، کە پشتگرێکی هەرە باش بوو بۆ ئەو بەرامبەر قوڕەیشییەکان!... ئەوەندەی پێ نەچوو (خەدیجە)یشی لە دەست چوو، کە محەمەد بەوە ژنێک و هاوکارێکی گرنگی لە دەست بووەوە، لەلایەکەوە پشتی ئەگرت و لەلایەکی تریشەوە خۆشیی ئەخستە دڵیەوە و دڵی بەهێز ئەکرد[1]!...

ئیتر محەمەد خۆی وا هاتە پێش چاو کە بەتەنیا ڕووبەڕووی قوڕەیشی هەڵمەت بەر وەستاوە... چونکە لەپاش ئەوە، قوڕەیش چووەوە سەرکردەوە توندوتیژەکەی جارانی خۆی لەگەڵ موسڵمانەکاندا... تەنانەت، کارگەیشتە ئەو ئەندازەیە، کە هەندێ لە خوێڕییەکانی قوڕەیش خۆڵیان کرد بەسەر جلوبەرگەکانی محەمەد دا!... تەنانەت محەمەد ناچاربوو مەکەی بەجێ هێشت و ڕووی کردە (تائف)، کە لە خوار مەکەوەیە پەنای بردە بەر هۆزی (ثقیف) بەڵام سەرۆکەکانی هۆزەکە، هەر بەوەندە وازیان لە محەمەد نەهێنا، کە خواستەکەی بەرپەرچ بدەنەوە بەندە و نۆکەر و پیاوە خوێڕییەکانی خۆیشیان ناردە سەر ڕێگای، لێی گردببنەوە و قاچەکانی بدەنە بەر بەرد تاوای لێهات پێیەکانی برینداربوون و خوێنیان لێ ئەهات محەمەد بەوە دڵی زۆر تەنگ بوو جیهان لەبەر چاویا تاریک بووبوو سەرێکی بەرزکردەوە و ڕووی کردە ئاسمان بانگی خاوەنی ئەو نامەیەی کرد، کە لە پێناویا، ئەم هەموو ڕەنجەیدا و، ئەم هەموو ئەرک و ئازارەشی هاتە بەر گوتی:-

(خوایە، من سکاڵای دەردی خۆم ئەهێنمە بەرتۆ هێزم کەم بووە و سەریشم لێ شێواوە نازانم چی بکەم چۆن خۆم ڕزگار بکەم دەسەڵاتیشم نییە بەسەر کەسدا تۆ بەزەیی هاتنەوەت لە هەمووکەس زۆرترە... تۆی گەورەی داماوو لێ قەوماوان... هەر تۆی خوای من... کەواتە پەنابەرمە بەرکێ!؟...)...

کە گەیشتەوە مەکە، دوژمنایەتی قوڕەیش زۆرتر تینی سەند بەرامبەری... ئەم جارە ڕووی کردە (یثرب)... لە (یثرب)یاخود مەدینەدا چەند کەسێک لە هۆزی (خەزرەج) ببوون بەئیسلام هۆی ئەوەیش ئەوە بوو کە هەندێ لە دراوسێ جوولەکەکانیان ئەوەیان

(١)یان: ورەی بەرز ئەکردەوە.

تێگەیاندبوون کە لە (تەورات)دا نووسراوە پێغەمبەرێکی عەرەب پەیدا ئەبێ ئنجا کە گەڕابوونەوە (مدینە) مژدەیان دابوونێ کە ئەو پێغەمبەری لە تەوراتدا ناوبراوە، پەیدابووە بێجگە لەوە براکانی خۆشیان کە لەناو شاری مەدینەدا بوون، بانگ کردبووە سەر ئەم ئایینە تازەیە، کە لە (مکە) لەسەر دەستی محەمەددا فێرکرابوون ئیتر زۆری پێ نەچووبوو، کە ئایینی ئیسلامەتی لەناو هۆزەکانی (ئەوس) و (خەزرەج)دا بڵاوبووبووەوە.

جا محەمەد فەرمانیدا بەهاوڕێکانی خۆی، بەدواکەوتووەکانی خۆی، کە کۆچ بکەن بۆ شاری مەدینە... ئەو کاتە ساڵی سیانزەیەمی ئیسلامەتی بوو بەڵام خۆی لەناو دوژمنەکانیدا مایەوە، کە تا ئەهات زۆرتر ئازاریان ئەدا، زۆرتر داویان بۆ ئەنایەوە... چاوەڕوانی ئەوەی ئەکرد کە خواریی بدات بچێ بۆ مەدینە... بەدووی ئەو دەنگ و پاشانەیشدا ئەگەڕا کە ئارامێک ببەخشن بەدڵی لەبابەت بێ وەیی ئەو موسوڵمانانەوە کە کۆچیان کردبوو بۆ مەدینە... تەنیا (ئەبوبکر) و (عەلی)ی لەگەڵدا مابووەوە!...

## ئەو کارە سەرسوڕهێنەرەی کە محەمەدی ڕزگار کرد!

کارگەیشتە ئەوەی کە دوژمنەکانی محەمەد، دوژمنایەتییەکەیان لە ئەندازە تێپەڕی ئیتر هەر بیریان لەوە ئەکردەوە کە کارێکی وا بدۆزنەوە، بەجارێک محەمەدی پێ لەناو ببەن و ڕزگاریشیان ببێ لە دەستی هات کۆمەڵەیەکیان بەست. گەلەکۆمەکێیان کرد لە محەمەد بڕیاریاندا، لە هەر هۆزە، لاوێکی بەهێز و هەڕەت هەڵ ببژێرێ ئنجا ئەو لاوانە، هەموویان پێکەوە هەڵبکوتنە سەر محەمەد و بیخەنە ناو خۆیانەوە.

پاشان هەموویان پێکەوە، لەیەک کاتدا، بەشیرەکانیان دەستی لێ بووەشێنن تا خوێنەکەی محەمەد بەخۆڕایی بڕوات[1]!... چونکە ئەو ساکە (نەوەی هاشم) لە توانایاندا نامێنێتەوە کە تۆڵە لەو هەموو هێزانە بکەنەوە!...

محەمەد توانی لەم ڕێ و شوێن دانانەیان تێ بگات ئەویش ڕێ و شوێنێکی بۆ خۆی دانا... هەر لەو شەوەدا کە فەرمانیدا بەموسڵمانەکان کۆچ بکەن بۆ مەدینە، بە(عەلی کوڕی ئەبوتالیب)ی گوت کە لەناو جێگاکەی ئەودا بخەوێ پاش ئەوە بەدزییەوە خۆی لە ماڵ دوورخستەوە کەچی ئەوانەی بۆ سەری ئەو ئەگەڕان بیپەڕێنن، چوارلای خانووە کەیان لێ گرتبوو ئەم چوار لای خانووگرتنە هەر لەوساکەوە دەستی پێ کردبوو کە بڕیاری کوشتنی محەمەدیان دابوو.

(١) لە ڕاستیدا: تا خوێنەکەی لەناویاندا ونببێ، چونکە...



ئەمەیش ڕەوشتێکی ئەوسای قوڕەیش بوو لەگەڵ ئەمەیشا محەمەد توانی لە دەستیان دەرباز ببێ!... چونکە توانی بەدزییەوە خۆی بگەیێنێتە ماڵی (ئەبوبەکر).

کە تەماشای کرد (ئەبوبەکر)یش خۆی ئامادەکردووە، چاوەڕوانیی ئەکات دوو حوشتریشی داناوە کە هەردووکیان سواریان بن و خۆیان دەرباز بکەن لە تاریکایی شەودا ڕوویان کردە (یەمەن) ئەو ڕێگایە بەبیری دوژمنەکانیاندا نەئەهات کە محەمەد و ئەبوبەکر بیگرنەبەر... کە گەیشتنە ئەشکەوتی (ثور)، خۆیان تیاماتدا و تا سێ ڕۆژیش تیا مانەوە (عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر) هەموو شەوێک سەری لێ ئەدان هەر دەنگوباسێکی ناو قوڕەیشی بزانیایە بۆی ئەگێڕانەوە شوانەکەی (ئەبوبەکر)یش گۆشت و ماستی بۆ ئەهێنان ئەوانە هەردووکیان بەپەرۆشەوەبوون کە شوێن پێی خۆیان ون بکەن لە هاتن و چوونیاندا...

جارێکیان دوژمنەکانیان، لەکاتی بەدوا گەڕانیاندا گەیشتنە بەردەم ئەشکەوتەکە (ئەبوبەکر) وای زانی کە دوژمنەکانیان جێگاکەی خۆی و محەمەدیان دۆزیووەتەوە بەڵام محەمەد، هەمووددەم دڵنیای ئەکرد لەوەی کە هیچیان لێ نایەت ئەیگوت: (تۆ لەچی ئەترسیت کە خوا لەگەڵ هەردووکمان دابێت؟!...)... (خەفەت مەخۆ! خوا لەگەڵماندایە!...)... خوایش پاداشتی بەندەی خۆی دایەوە لەسەر ئەو باوەڕپێکردنەی کە دوژمنەکانی (ئەبوبەکر و محەمەد) سەرنجیاندا، درەختێک لەبەر کونی ئەشکەوتەکەدا ڕووابوو، لقوپۆپەکانی بەری کونەیان گرتبوو هەتا نەبڕرانایە، ماوەنەبوو کەس پیا بچێتە ژوورەوە[1]...

جالجالۆکەیە بەری کونەکەی وا تەنیبوو، چووە دڵیانەوە کە ئەم تەنینە لە دەمێکی کۆنەوە نەبێ پێک نەهاتووە هەروەها دووکۆترە کێویلەیشیان دی لەبەردەم کونی ئەشکەوتەکەدا، بەدڵنیاییەکەوە هەڵنیشتبوون.

(١) لە هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەکدا باسی ئەم درەختە نەکراوە، تەنیا باس لە کۆتر و جالجالۆکەکەوە کراوە کە ئەم دووانەش بۆتە (تواتر سیری)و ئەگین نە لە قورئان و نە لە حەدیسی (صحیح)دا ئیشارەیان پێ نەدراوە، لێرەدا تەنیا تواناو هێزی مەزنی خوای گەورە بەشێوەیە لە شێوەکان ئەو دووانەی پاراست و ڕزگاری کردن.

(إلاّ تَنصُروهُ فَقَد نَصَرَهُ اللّهُ اذ أخرَجَهُ الذينَ كَفَروا ثاني آثنَين إذهُما في الغار إذ يَقولُ لصاحبه لاتَحزَن إنَّ اللّهَ مَعَنا فأنزَلَ اللّهُ سَكنَتَهُ عَلَيه و أيَّدَهُ بِجنودٍ لَم تَروَها وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَذينَ كَفَروا آلسُّفلى وكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ آلعُليا وَاللّهُ عَزيزٌ حَكيمٌ.)

التوبة– ٤٠

جا ئەم بابەتە ڕووکەشانە، هیچیان لە پێش هاتنی ئەوانەدا نەبووبوون، بێ گومان، بۆیەکا پەیداببوون چونکە خوا وای ویستبوو کەبن ئەمەیش کارێکی سەرسووڕهێنەری خوابوو[1]... لە توانای کەسدا نەبوو بیکات!...

بێجگە لەوە شاکارێکی خوایی تریش ڕوویدا یەکێک لەو پارە پەرستانەی کە بۆ سەری محەمەد ئەگەڕان بیپەڕێنن، تا پاداش لە قورەیش وەربگرن، زۆری پێ نەچوو هاتەوە سەر ئەشکەوتەکە توانی شوێن پێی محەمەد و (ئەبوبەکر) هەڵ بگرێ لەپاش دەربازبوونیان لە ئەشکەوتەکە بەغار کەوتە دوایان ئەوەندەی نەمابوو بیانگاتێ، ئەسپەکەی هەڵ ئەنگوت دووجار کەوتە خوارەوە... دووبارە ڕەگی پارە پەرستی جوولایەوە ئەمجارەیش دوایان کەوتەوە هەر ئەوەندەی ڕم هاوێژێکی مابوو بیانگاتێ، بۆ سێیەم جار ئەسپەکەی هەڵ ئەنگوتەوە.

ترس چووە دڵی کابرای سوارەوە پێی گوتن دڵنیابن لەوەی کە ئیتر دوایان ناکەوێ پاشەوپاش گەڕایەوە لە ڕێگا بەهەرکەسێ ئەگەیشت لەوانەی دوای ئەوان کەوتبوون ڕێگای لێ ون ئەکردن!...

پێغەمبەر و هاوڕێکەی گەیشتنە مەدینە... ئەوانەی بەپیریانەوە چووبوون، ڕووخۆشییان زۆر لەگەڵدا نوواندن[2].

بەوە ماندوێتییەکەیان کەم بووەوە... ڕۆژی گەیشتنیان بەر ٢٨ی مانگی خەرمانان (حوزەیران)کەوت لە ساڵی ٦٢٢ی زایینیدا... واتا:

## ١٢ی (ربيع الأول): ڕۆژی کۆچ کردن

لەم ڕۆژەدا، هەنگاوی دووەمی مێژووی ژیانی محەمەد و نامەکەی دەست پێ ئەکات... ئەم دەمە دەمی ڕێکوپێک خستن بوو ڕێک خستنی فەرمانڕەوایی ئیسلام لە ڕووی زرنگکاری (سیاسی) و ئابوورییەوە هەروەها ڕێک خستنی کۆمەڵایەتی موسڵمانەکان، پێغەمبەر دەستی کرد بە بەهێزکردنی برایەتی ناوەند موسڵمانەکان.

موسڵمانە کۆچ کردووەکان و موسوڵمانەکانی دانیشتووی شاری مەدینە کە پشتیوان (أنصار)یان پێ ئەگوتن...

---

(٢) کاری سەرسوڕهێنەر: موجیزە (معجزە).

(١) یان: پێشوازییەکی گەرمیان لێکردن.



محەمەد بۆ ئەوە یاسایەکی یارمەتی دانی وای دامەزراند لە ناویاندا، کە زۆرکەم نەبێ مێژوو هاوتای ئەوەی چاوپێ نەکەوتبوو... چونکە موسڵمانەکانی مەدینە کۆچ کردووەکانیان کردبوو بەهاوبەشی خۆیان لە نیشتماندا، لە خانوودا، لە ساماندا...

محەمەد هەروەک بەدامەزراندنی یارمەتی لە ناوەند موسڵمانەکانی مەکە و (مدینە)دا، لاپەڕەیەکی کۆمەڵایەتی کردەوە لە مێژووی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا، هەروەها لاپەڕەیەکی زرنگکاریشی کردەوە بەوەی کە پەیمانی سوێندخواری و دۆستایەتی و یارمەتی گرێدا لە ناوەند موسڵمانەکان و هۆزەکانی مەدینەدا، کەسێ هۆزیان لەناودابوو، جوولەکەبوون... ئەم پەیماننامەیە لەسەر چەند بنچینەیەکی وا دامەزرا، کە ئەهێنێ بەنموونەی زرنگ کارییەکی بەرز و بڵند دابنرێ:

١- سەربەستی لە بیروباوەڕدا... چونکە تیانووسرابوو: (لێ پرسراویی خوایی هەر یەکە)، (جوولەکە ئایینی خۆیان هەیە، ئەتوانن پێڕەویی بکەن موسڵمانەکانیش بەخۆیان ونۆکەرەکانیانەوە ئایینی خۆیان هەیە ئەتوانن پەیڕەوویی بکەن هەرکەسێکیش لەمانە خراپەی کرد سزای خۆی ئەدرێتێ.)

٢- ئەگەر لەلایەکی ترەوە زۆرداری لە یەکێک لە هەردوولای پەیماننامەکە کرا، یان لە هەردوولای کرا، پێویستە لەسەر هەردوولای پەیماننامەکە دەستی یارمەتی درێژ بکات بۆ لابردنی ئەو زۆردارییە پێویستە لەسەر هەردوو لایشیان کە یارمەتی یەکتر بدەن لە پاراستنی نیشتمانی هەردوولایاندا کە بریتییە لە مەدینە هیچ لایەکیشیان مافی ئەوەی نییە کە لەگەڵ دوژمندا ئاشت بێتەوە، تا پرس بەلایەکی تر نەکات...

ڕەنگە چاکترین قسە کە لەبابەت ئەم پەیماننامەیەوە کرابێ، کە محەمەد لە (١٣٥٠) ساڵ لەمەو پێشەوە دایناوە، قسەکانی پزیشک (محمد حسين هيكل)[1] بێت کە لە

---

(١) محەمەد حسێین هەیکەل -دکتۆر- (١٨٨٨ - ١٩٥٦) وەرگێڕ بە(پزیشک - طبیب) ناوی دەبات؛ بەڵام وادیارە نازناوو پلە زانستییەکەی بە (پزیشک گۆڕیوە)، سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووسێکی میسری بووە، لە سەرەتای چەرخی بیستدا قوتابی پلەی دوکتۆرا بووە لە پاریس و لە ١٩١٢ پاش تەواوکردنی گەڕاوەتەوە میسر، چەند جارێک کراوە بەوەزیری ئەوقافی میسری، نووسەرێکی بەتوانابووە، زیاتر ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی بەنووسینەکانیەوەن؛ بابەتەکانی لە گۆڤاری (المقتطف، السفور، الجريدة)دا بڵاوکردۆتەوە، بەیەکێک لە پیشەنگەکانی ڕۆمانی عەرەبی دەژمێررێ، لە ١٩١٤دا ڕۆمانی (زينب)ی بڵاوکردەوە، لە ١٩١٧دا باسێکی بەهێزی دەربارەی (القدريه والجبريه)دا نووسی، هەروا بابەتێکی بەناوی (الطلاق واثره في الحياة=

نووسراوەکەیدا (ژیانی محەمەد) نووسیوویەتی: (پەیماننامەکە، لە جیهانی ئەو ڕۆژەدا، دەرگایەکی تازەبوو کرایەوە لە ژیانی زرنگکاری و ژیانی شارستانێتی!.)...

بەڵام هەروەکو پێشەوا موسڵمانەکەی هیندستان (محەمەد عەلی) ئەڵێ، پەیماننامەکە ئەوەیشی دەرخست کە: (پێغەمبەر ئەندێشەی ئەوەی ئەکرد کە قوڕەیش بدات بەسەر مەدینەدا چونکە بۆی نەکرابوو لە مەکەدا محەمەد لەناو سات دوور نەبوو کەلەو سەرنەکەوتنەیدا ڕقی هەڵسابێ و بەقیناچووبن و بیەوێ هەڵبکوتێتە سەر مەدینە تا تۆڵەی خۆی بکاتەوە!)...

محەمەد لەمەدا، بیرەکەی تەواوبوو چونکە قوڕەیش بۆی دەست نەئەدا، ئیسلامەتی لەناو شارێکی وەک مەدینەدا پەرەبسێنێ و گەشە بکات، کە لە گرنگترین ئیستگەی کاروانەکان و بنکە بازرگانییەکانی سەرە ڕێگای (سوریە)[1] دا ئەنرا!...

## شەڕە سەرەتاییەکانی ئیسلامەتی

کە موسڵمانەکان لە شاری مەدینەدا جێگای خۆیان دامەزراند و ئارامیان گرت کارەساتی ئەو دەمە بەرە بەرە هێنایانە سەر ئەوەی کە لاپەڕەیەکی تر بکەنەوە لە مێژووی فەرمانڕەوایی ئیسلامەتیدا ئەو لاپەڕەیەش لاپەڕەی سەربازی بوو... لەپاش ئەوەی کە شەش مانگێکی بەسەرداچوو، موسڵمانەکان دەستیان کرد بەپەلاماردانی چەند کاروانێکی قوڕەیش کە لە ڕێگادابوون ئەچوون بۆ شام زۆربەی مێژووناسەکان وا ئەزانن کە موسڵمانەکان بوون شەڕیان دەست پێ کردووە بەو مەبەسەی کە تۆڵەی خۆیان لە قوڕەیش بکەنەوە و هەندێکیش لە نرخی ئەو کەلوپەلو سامانەیان دەست بکەوێتەوە کە ناچاربوون لە مەکەدا بەجێیان هێشتن بەهۆی کۆچکردنەکەیانەوە... بەڵام پزیشک (هەیکەل) بەلایەوە وایە، کە (مەبەس لەو پەلاماردانە ئەوەبووە کە قوڕەیش تێ بگەیێنن، کە کەڵک و چاکەی

= الأجتماعیه في مصر ووسائل تنظیمه)، دیسان کتێبێکی بەنرخ بەناوی (حیاه محەمەد) جگە لە چەند باسێک دەربارەی ئەدەب و زمانی فەرەنسی وەبابەتێک بەناوی (ئۆگست کۆمت و فەلسەفەکەی) پاش خۆی کتێبێکی بەناوی (الأیمان والمعرفە والفلسفە) وە لەلایەن پارێزەر (احمد محمد حسین هیکل)ەوە لە (دار المعارف)ی میسرەوە بەچاپ گەیەنرا لە ١٩٦٤دا.

(١) ئەو سەردەمە زاراوەی (سوریە)ی جوگرافی نەبووە، بەڵکو بەهەموو ئەو دەڤەرەی سەرو نیوەدوورگەی عەرەبی و ڕۆژئاوای عێراقیان دەوت (شام)، یا وڵاتی (غەساسینە)کان کە لەژێر سایەی ڕۆمەکاندابوون.



خۆی لەوەدایە لەگەڵ موسڵمانەکاندا ڕێک بکەوێ بەڵام ڕێک کەوتنێکی وایش بێ کە هەردوولا لەوەی و زیانی دوژمنایەتی و ڕقەبەری ڕزگار بکات، کە سەربەستی بۆ موسڵمانەکان بپارێزی لە بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیاندا، کە بۆ دانیشتوانی مەکەیش بازرگانێتییەکەیان بەبێ وەی و زیان بهێڵێتەوە)...

جا لەم پاکانەیەدا کە (هەیکەل) کردوێتی، دان پیانانێک هەست پێ ئەکرێ کە موسڵمانەکان بوون شەڕیان دامەزراندووە.

(واشینتون ئیر فینج)یش لە نووسراوەکەیدا: (ژیانی محەمەد) خەریکی ئەوە بووە کە ڕەنگێکی پشم و قینی کەسایەتی و هەوەس و ئارەزووی مرۆڤایەتی لەم کارەساتە بدات بەلای ئەوە وە وایە کە محەمەد ڕقی هەڵگرتبوو لە قووڕەیش، لەسەر ئەو ئازار و تەنگوچەڵەمەیەی کە لەسەر دەستی ئەواندا تووشی خۆی و هاوڕێکانی هاتبوون وەک هەموو مرۆڤێک ئەویش دەماری مرۆڤایەتی و هۆزایەتی بزووتبوو ئەیویست سەربەرزیی خۆی و کەس و کارەکانی بسێنێتە[1]وە. چونکە دەمێک بوو لە سووکی و ڕیسواییدا ئەژیا، بەهۆی ئەو بێ دەنگییەوە کە ئەینواند بەرامبەر دوژمنەکانی خۆی کە هیچ خراپەیەک نەما لێی نەکەن[2]!...

جا ئەم جۆرە هەستی مرۆڤایەتیانەبوو کە دڵی خستە سەر ئەوەی ئەو هێزەی کە لەبەر دەستیابوو بەکاری بهێنێ ئاراستەیشی بکات بۆ سەر دوژمن تا بەئاواتی هەرە بڵندی خۆی ئەگات.. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانەی کە مێژووی ژیانی محەمەدیان نووسیوەتەوە، بەلایانەوە وایە کە نووسراوەکەی (ئیر فینج)، لەبەر ئەو هەڵمەت و هەڵانەی تیایەتی، بەسەر چاوەیەکی کز دائەنرێ، یاخود هەر هیچ نەبێ بەنووسراوێکی دڵشکێن دائەنرێ!... بیروباوەڕی پێشەواکەی هیندستانیش (محەمەد عەلی) لەگەڵ هی ناو قورئاندا ڕێک ئەکەوێ زۆربەی نووسەران خاوەن لێکۆڵینەوەکانیش هەر لەسەر ئەو قسەیەن (محەمەد عەلی) لە نووسراوەکەی خۆیدا کە ناوی (محەمەد پێغەمبەر)ە، بەجوانی ئەمەی دەرخستووە ئەڵێ: (محەمەد بۆیەکا فەرمانیدا کوشتار بکرێ، تا کۆمەڵەی موسڵمانەکان ڕزگار بکات لە دەست نەمان و سەرگەردانی، بەهۆی دوژمنێکی بەهێزەوە کە بڕیاری دابوو ئیسلامەتی لە خاکی عەرەبستاندا نەهێڵێ و لە ڕەگ و ڕیشەوە دەری بکێشێ!)...

(١) بەڵکو: تۆڵەیان بسێنێتەوە.

(٢) ڕاستتر: هیچ خراپەیەک نەما بەرامبەری نەکەن.

(محەمەد، دڵی خۆی وابوو حەزی لە شەڕوشۆڕ نەئەکرد... هەتا تەمەنیشی نەگەیشتە پەنجاو پێنجساڵی، هیچ جارێک شەڕێکی ڕاستەقینەی هەڵ نەگیرساندبوو، تاشیری بۆ هەڵ بگرێ... بێجگە لەوە، ئاینی ئیسلام خۆیشی کە محەمەد ئەیویست بڵاوی بکاتەوە، ئاینی ئاشتی و ئاسایش بوو خەمی خواپەرستی و کەڵکی مرۆڤایەتی ئەخوارد، محەمەدیش لەلایەن خواوە وا راسپێررابوو کە مرۆڤایەتی بانگ بکاتە سەر ئاینی ئیسلامەتی، نامەی خواییان پێ بگەێنێ، نەک بەزۆر بەسەریاندا بچەسپێنێ خوافەرموویەتی لە قورئاندا: (ئاین بەزۆر ناچەسپێنرێ بەسەر کەسدا) بەڵام شەڕ لە چارەی محەمەد نووسرابوو بیکات هەر وەکو خوایش پێی فەرمووبوو، پێویست بوو لەسەری، لەسەر ئەو کۆمەڵە بەسەزمانە سەرگەردانە بکاتەوە کە لە دەست دوژمنێکی دڵڕەق ڕای کردبوو و ئاوارە بوو بوو، بۆ ئەمەی تاوانێکی بێ، هەموو ئازار و سزایەکی درابوو خوا لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: (ئەو موسڵمانانەی کە گوناهیان هەر ئەوە بووە: گوتوویانە گەورەی ئێمە خوایە، ئەوانەی کە بەناڕەوا ڕەویان پێ کردوون لە شاری خۆیان، ئەوانە بەسەزمانن و زۆر لێ کراوون بەڵام خوا لە توانایدا هەیە کە سەریان بخات بەسەر دوژمنەکانیاندا لەبەر ئەوە خوا ڕێی داوون بچن بەگژ ئەو زۆردارانەیاندا...).

لەدوای ئەوە جار لەسەر جار خوا بەپێغەمبەری فەرمووە شەڕی دوژمنانە هەڵنەگیرسێنێ خوا هەرگیز ڕێی نەداوە شیر هەڵگرێ بۆشەڕ، بۆ خۆپاراستن نەبێ... خوا ئەفەرمووێ: (لە پێناو خوادا، بچن بەگژ ئەو کەسانەدا کە شەڕتان لەگەڵ ئەکەن... نەکەن زۆردارییان لێ بکەن... چونکە خوا حەز لە زۆردار ناکات)... مەبەس لە شەڕ ئەوە نەبووە کە هیچ کەسێک بەزۆر ئیسلام بکرێ لەڕاستیدا هەر دوژمن بووە کە ویستوێتی بەزۆر ئیسلامەکان لە ئیسلامەتی پەشیمان بکاتەوە.

خوا فەرموویەتی: (دوژمنەکانتان ئەوەندەی لە دەستیان بێت شەڕتان لەگەڵ ئەکەن تا لە ئاینەکەی خۆتان پەشیمانتان بکەنەوە)... جا لەبەر ئەوەی ئاین بریتییە لە پەیوەندییەک لە ناوەند خوا و بەندەکانی خوادا، ناشێ کەس بەزۆر کەسێکی تر بخاتە سەر ئاینێکی دیاردی کراو یاخود کەس بەزۆر کەسێکی تر بگێڕێتەوە سەر ئاینێکی تر بەڵام قوڕەیش وای ئەویست بکات[1].

جا لەبەر ئەوە، هاتنە پێشەوەی محەمەد بۆ شەڕ، بریتی بوو لە خۆ بەخت کردنێک لە

(١) بەڵام قوڕەیش دەیویست وابکات.



پێناو بیروباوەڕێکی بەرز و پیرۆزدا کە ئەویش (سەربەستی مرۆڤ) بوو.

خوا فەرموویەتی لە قورئاندا: (بۆ ئەمە بچن بەگژیاندا، تا شەڕ و ئاژاوە نەقەومێن تا ئاین هەر بۆ خوا بمێنێتەوە ئەوانە کە وازیان هێنا لە خراپەی خۆیان، ئێوەیش وازیان لێ بهێنن.

چونکە دوژمنایەتی هەر ئەبێ لەگەڵ ئەوانەدا بکرێ کە زۆردارن) جا هەروەک پێغەمبەر لەسەری پێویست بوو کە شەڕ بوەستێنێ لەکاتی واز لێ هێنانی دوژمندا لەوو لە گومڕاهی، هەروەها پێویستیش بوو لەسەری کە شەڕبووەستێنێ، لەکاتی ئامادەبوونی دوژمندا بۆ ڕێک کەوتن و ئاشتی... (محەمەد عەلی) پاش ئەوە ئەڵێ: (جا لەناو ئەم جۆرە کارەساتانەدا و، بەپێی ئەم جۆرە مەرجانە، ڕێی محەمەد دراوە کە شەڕ بکات جا هەتا ئەوکاتە، کەسێک مەشقی پێ نەکرابوو لەسەر شەڕکردن محەمەدیش تا ئەوکاتە لەشکری پێکەوە نەنابوو...).

هەر لەو بابەتانەوە، مامۆستا (عەباس مەحموود عەقاد)یش[1] لە نووسراوەکەی خۆیدا: (هەڵکەوتوویی محەمەد) نووسیوویەتی، ئەڵێ: (لە سەرەتادا، ئیسلامەکان زۆردارییان لێ ئەکرا.

خۆی زۆرداریی لە کەس نە ئەکرد... شەڕەکانی پێغەمبەریش هەموویان شەڕی خۆپاراستن بوون، شەڕی هورووژم بردن نەبوون... مەگەر کاتێک هورووژمی بردبێ، کە بەتەواوەتی بۆیان دەرکەوتبێ، پەیمان تێک دراوە و دوژمن شەڕی ئەوێ، ئەمانیش بەناوی خۆپاراستنەوە لە سەرەتادا هورووژمیان بردبێ... پێغەمبەر لە هەموو شەڕەکانیا ڕەوشتی هەر وابووە چ لەگەڵ قوڕەیشدا، چ لەگەڵ جوولەکەکاندا، چ لەگەڵ ڕوومەکاندا)... لە جێگایەکی تریشدا ئەڵێ:

(هەرگیز ئیسلامەتی پەنای نەبردۆتە بەر شیر مەگەر لەوکاتانەدا ئەوەی کردبێ کە هەموو یاساکانی مرۆڤایەتی شیر بەکارهێنانیان بەچاک زانیبێ!...). ئەمەیش وەک ئەوەی کە فەرمانڕەواییەک شیربەکار بهێنێ بەرامبەر ئەوانەی کە لەسەر ڕێ و شوێنی ئەو ناڕۆن و

(١) عەباس مەحموود عەقاد (١٨٨٩– ١٩٦٤) شاعیر و ڕەخنەگرێکی نوێگەریی میسری بووە و لە کاری ڕۆژنامە نووسیدا جێگای دیارە، لە شاری ئەسوان هاتۆتە دنیاوە، لەگەڵ (مازنی)دا هێرشیان دەبردە سەر هەوادارانی شیعری کۆن، لە دیوانەکانی (دیوان شعر، وحی الأربعین، هدیە الکروان، عابرسبیل)، هەروا زنجیرەی (سیر أعلام الأسلام، عبقریە محمد، عبقریە عمر) جگە لە کتێبێک بەناوی (مذهب ذوی العاهات) کە مامۆستا شاکر فتاح گۆڕیوویە بۆ کوردی.

لێی هەڵ ئەگەڕێنەوە... یان وەک ئەو فرمانڕەواییەی کە هەندێک لە ڕۆڵەکانی ئەچن بەگژ هەندێکی تریاندا خاک گرتنەکانی ئیسلامیشی وا پیشان داوە کە:

(زوو دەستیان پێ نەکرد تا فەرمانڕەوایی ئیسلامیش بەتەواوەتی دانەمەزرا، ئەو خاک گرتنانە دەستیان پێ نەکرد ناشێ ئەویش بگوترێ کە ئیسلامەتی بۆیە ئەو خاکانەی ئەگرت تا دەربکەوێ... بێجگە لەوە ئەم خاک گرتنانە، ناچاری بوو چونکە ئەگەر نەگیرانایە فەرمانڕەوایی ئیسلام بێ وەی نەئەمایەوە!...)(*)...

## بلیمەتی محەمەد لە شەڕ و چاوپۆشیندا

هەرچەندە محەمەد، شارەزایی لە شەڕوشۆڕکردندا نەبوو، بەڵام لەسەرکردەیەتی و هونەری شەڕدا، بلیمەتی نوواند.

ڕێ و شوێنی وای پیشان ئەدا، لە شەڕکردندا، کە هەروەک (عەقاد) ڕاستی کردۆتەوە، لە ڕێ و شوێنی ئەو سەرکردانەی ئەکرد کە لەدوای خۆیەوە هاتوون، وەک (ناپلیۆن) هەرگیز بەڵگە لەوە گەورەترنابێ کە محەمەد لەشەڕدا بلیمەت بووە، کە هێزەکەی موسڵمانەکان بریتی بوو لە (٧٠٠) سەرباز، کەچی هێزەکەی قورەیش (٣٠٠٠) کەس بوو لە شەرکەرە هەرە بەهێزەکان ئەمە لە شەڕی ئوحوددا ڕوویدا لەپاش کوشتارێکی یەجگار پڕ تەنگوچەڵەمە، ئیسلامەکان خوانەناسەکانی قورەیشیان شکاند و گێڕانیانە پاشەوە جا بلیمەتی محەمەد لەم شەڕەدا، لەوەدا دەرکەوت، کە لە کاتێکدا لەشکرەکەی خۆی خەریک بوو لەناو جەرگی جەنگا بشکێ، ورەی بەرنەدا سنگی بردە پێشەوە و خۆی دایە بەر هوروژم بردنی دوژمن دەنگی بەرز کردەوە سەربازەکانی بانگ کردەوە لای خۆی گوتی: ئەی بەندەکانی خوا، وەرنە وەڵام، من ڕاسپێرراوی خوام)... ئنجا کە موسڵمانەکان چاویان پێکەوت هوروژمەکانی دوژمنەکان ڕووەو پێغەمبەر ئەڕۆیشت، بەناو ڕیزەکانی دوژمنەکاندا ڕێگایان بڕی و خۆیان گەیاندە پێغەمبەر، چوارلایان گرت بەم جۆرە ڕیزەکانی خۆیان خستە پاڵ یەک و بەتەوقەسەری ئەو گردەوە وەستان کە پێغەمبەر لەسەری وەستابوو ئنجا قورەیش ناجاربوو بشکێ و بکشێتەدواوە!...

(*) ئەم بەڵگەیەی مامۆستا عەقاد، یەجگار کزە، خۆی ناگرێت لەبەردەم هێز و هەڕەتی هۆشدا چونکە هیچ دەروونێکی پاک و دادپەروەر ئەوە پەسەند ناکات کە لەبەر خۆشی و کامەرانی فەرمانڕەواییەک، یاخود لەبەر بێ وەیی ئەو، خاکێکی تر داگیر بکرێ و دانیشتوەکانی بکرێن بەدیل!... (وەرگێڕ)



لێرەدا، لە کەسایەتیی محەمەددا، ڕووەکانی مرۆڤایەتی و بێوەیی و چاوپۆشی و گوناه بەخشین دەرئەکەوێ هەندێک لەدوا کەوتووەکانی خۆی ڕوویان لێ نا، کە لە خوا بپاڕێتەوە دوژمنیان بۆ لەناو ببات لەگەڵ ئەوەیشدا کە محەمەد لەوکاتەدا لەگەڵی لاوە بریندارکرابوو، هەردوو دەستی خۆی بڵندکردەوە و دەستی کرد بەپاڕانەوە لە خوا گوتی: (خوای گەورە نەتەوەکەم ببەخشە، خۆیشیان نازانن چی ئەکەن!...)...

لە ڕەوشتی محەمەددا نموونەی گەورەتریش هەیە... ئەو نموونانە لەوەدا دەرئەکەوتن کە ڕێزی لە بەندییەکان ئەگرت و چاودێریی ئەکردن، کزی و بێ دەسەڵاتییەکەیانی بەهەل نەئەزانی کە بەکاری بهێنێ بۆ ناچارکردنیان بە ئیسلامەتی... هەروەها لەوەدا دەرئەکەوتن کە گفتو پەیمانی خۆی ئەپاراست لەگەڵ دوژمندا تا دوژمنەکانی گفتوپەیمانی خۆیان نەشکاندایە لە شەڕ وەستاندندا ئەو دەستی نەئەکردەوە بەشەڕکردن!...

هەروەها لە دابەشکردنی بابەتی تاڵانیدا دەرئەکەوتن. هەرچەند شەڕ هەڵ ئەگیرساو ئەبڕایەوە کۆمەڵێکی تازە ئەهاتنەکن محەمەد، باوەڕیان پێ ئەهێنا و ئیسلام ئەبوون.

ئەمەیش بەڵگەیەکی گەورەبوو بۆ محەمەد و سەربازەکانی، کە لەکاتی شەڕوشۆڕدا، کردەوەی پەسەند و بڵندیان ئەنواند، بۆیەکا دڵی ئەوانەیان کێش ئەکرد بۆلای خۆیان...

## پێشەکی لە کوشتنی کیسرا ئاگاداریان ئەکات

ئەوەندە هەبوو، ئەو پشووانەی کە ئەکەوتنە ناوەند جەنگەکانەوە لاپەڕەیەکی تازەیان لە مێژووی فەرمانڕەوایی ئیسلامدا پیشان ئەدا: ئەویش لاپەڕەی پەیوەندیی دەرەوەبوو.

چونکە محەمەد، چەند کەسێکی ڕەوانەکرد بۆلای خونکارەکان و سەردارەکانی فەرمانڕەواییەکانی دروایسێی خۆی. بانگی ئەکردنە سەر ئیسلامەتی... (نەجاشی)ی خونکاری (حەبەشستان) موسڵمان بوو... (مقۆقس) خونکاری (میسر) دیاریی بۆ محەمەد نارد، بەناوی دۆستایەتی و شەڕ وەستاندنەوە... شاهەنشاهی ڕۆمایش، قسەکانی محەمەد کاری لە دڵی کردبوو بەڵام سەرکردە سوپاییەکانی دڵیان لە ئیسلامەتی ڕەش کرد[1]...

(١) لە ناوهێنانی ئەم پاشاو خونکارانەی دەوروبەری نیوەدوورگەی عەرەبییەدا دەتوانین بەم شێوەیە ناویان بهێنین کە لە (صحیح مسلم)دا دەستنیشانیان دەکات و دەڵێ:

(... قال المطر ر واين خالوية وآخرون من الأئمة كلاماً متداخلاً حاصله ان كل من ملك المسلمين =

بەڵام (کیسرا)، کە شای (فارس)بوو، نامەکەی پێغەمبەری دڕاند، سەردارەکەی خۆیشی کە لە (یمن)دا بوو، ناردیە سەر محەمەد، کە دەردەستی بکات و بیگرێ سەردارەکەیش لەشکرێکی ناردە سەر مەدینە پێغەمبەریش ڕووبەڕووی وەستاو پێی گوت: پێویست بە شەڕ ناکات، (کیسرا) مردووە!... سەربازەکان گەڕانەوە.

پاشان بۆیان دەرکەوت کە هەر لەو شەوەدا کە پێغەمبەر دیاردیی کردبوو، (کیسرا) بەدەستی کوڕەکەی خۆی کوژرابوو!... سەردارەکە هیچی بۆ نەمایەوە، ئەوە نەبێ، کە لەسەر دەستی پێغەمبەردا ئیسلام بوو ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کرد و لە فەرمانڕەوایی (فارس) هەڵگەڕایەوە، تا (یمن)ی لە چنگ هێنانە دەرەوە.

دوایی، خوارێکی خست، موسڵمانەکان مەکەیان گرت چوونە ناو (کەعبە)وە بتەکانیان شکاندن.

(عەباس) کە مامی پێغەمبەر بوو گێڕایەوە، گوتی: لەوکاتەدا کە لەشکری پێغەمبەر بەلای هەندێ دێهاتی نزیکی مەکەدا تێ ئەپەڕین، گەیشت بە(أبو سفیان کوڕی حارس کوڕی عبدولموتەلیب)، کە لە هەمووکەس دوژمنتربوو بەپێغەمبەر تەماشای کرد داماوە و پەشۆکاوە، ئەمەندە ئەترسێ لەسەرکەوتنەکانی موسڵمانەکان، نازانێ چی بکات!...

= يقال له أمير المؤمنين ومن ملك الحبشه النجاشى ومن ملك الروم قيصر ومن ملك الفرس كسرى ومن ملك الترك خاقان ومن ملك القبط فرعون ومن ملك مصر العزيز ومن ملك اليمن تبَّعُ...)- باب التكبيرى على الجنازة- ص(٢٣)

هەروا ئەو نەجاشیەی حەبەشە کە نامەکەی محەمەد (د.خ) پێگەیشت، ئەوە نەبوو کە چەند ساڵی لەوەبەر موسڵمانان کۆچیان کردە لای و پنایان بۆ برد، ئەو مەسیحی بوو وە ڕێزی موسوڵمانەکانی گرت، ئەمەی نامەکەی بۆ نارد ناوی (ئەسحەمە- أصحمە)ی نەجاشی بووە:

(وحدثنا ابوبكر بن أبي شيبة.... عن جابر بن عبدالله، أن رسول الله- ص- صلى على أصحمة النجاشي فكبر عليه أربعاً...) باب التكبير علىَ الجناره.

هەروا لەلایەکی تریشدا هەمان سەرچاوە دەڵێ:

(حدشنا يوسف بن حماد المعني... عن أنس ان نبي الله -ص- كتب الى كسرى والى قيصر والى النجاشي والى كل جبار يدعوهم الى الله تعالى وليس بالنجاشي الذي صلى عليه النبي- ص-)- باب كتب النبي الى ملوك الكفار يدعوهم الى الأسلام- ص (١١٢)

(بڕوانە: صحيح مسلم- بشرح النووي- ج (٧)ط (١) ١٩٢٩. وكذلك ج (١٢) ط (٢) ٩٧٢، نشر دار احياء التراث العربي- بيروت، لبنان باب التكبير علي الجنازة ص ٢٢، ٢٣و باب كتب النبي الي ملوك... ص ١١٢).



(عەباس)یش خۆی پێشکەش کرد، کە پشتی بگرێ و بیپارێزێ لەگەڵ خۆیدا بردیەلای پێغەمبەر هەرئەوەندە (عومەر کوڕی خەتاب) چاوی بە(ئەبوسفیان) کەوت لە پڕ گوتی: (ئەی ڕاسپێرراوی خوا ئەمە ئەبوسفیانە بێ ڕێک کەوتن و بێ گفت و پەیمان خوا خستویەتیە ژێر چنگمان ڕێم بدە بام کەللەی بپەڕێنم!)...

(عەباس)یش گوتی: (ئەی ڕاسپێرراوی خوا من پەنام داوە!.)... پێغەمبەریش فەرمووی بیهێڵنەوە تا بەیانی پاشان پێی گوت ئیسلام ببە (ئەبوسفیان)یش پێی گوت: (ئەی لەجێی دایک و باوکم! چەند ڕەوشت شیرین و دڵنەرمیت من ئەوە باش ئەزانم کە لە هەموو کەسێک گەورەتر خوایە و لەویش بەولاوە کەسی ترنییە).

محەمەد گوتی: (خوا نەتگری ئەبوسفیان هێشتا نەگەیشتوویتە ئەوەی کە بشزانی من ڕاسپێرراوی خوام؟!).

(ئەبو سفیان)یش گوتی: (ئەی لەجێی دایک و باوکم، چەند دڵ فراوانیت، چەند میهرەبانیت، چەند خزم دۆستیت بەڵام ئەمە، بەخوا سوێندت بۆ ئەخۆم، هێشتا لێی دڵنیانیم!...)

بۆچ محەمەد لەم قسەیە تووڕەبوو؟!...

– نەء.

بەڵام (عەباس) وازی لە (ئەبوسفیان) نەهێنا تا ئیسلام بوو ئنجا ئارەزووی (ئەبوسفیان) وابوو کە محەمەد لەبەر دڵی ئەو لەکەسوکارەکەی چاوبپۆشێ مەبەسیشی لەوە ئەوەبوو کە لەبەردەم قوڕەیشدا بەو چاوپۆشینەوە بنازێ ئنجا محەمەد گوتی:

(بام لە دانیشتوانی شاری مەکەوە ئاشکرابێت کە خۆیان لە قوڕەیشن: هەرکەسێ چووە ماڵی ئەبوسفیانەوە، دەستی لێ ناوەشێنرێ هەرکەسێ دەرگای ماڵی خۆی داخست هیچی لێ ناکرێ هەر کەسێکیش چووە ناو مزگەوتەوە کەس دەستی بۆ نابات!...).

جا دەروون فراوانیی محەمەد و چاوپۆشییەکەی لە گوناهی گوناهکاران ئا بەم جۆرەبوو!... کەچووە ناو (کەعبە)وە، دانیشتوانی شارەکەی کۆکردەوە و گوتی:

(ئەی گەلی قوڕەیش! چیتان دێتە بەرچاو لێتان بکەم؟!)...

گوتیان: (چاکە تۆ برایەکی ڕەوشت بڵندیت کوڕی برایەکی ڕەوشت بەرزیشیت!)...

محەمەد گوتی: (کەواتە بڕۆنەوە ماڵی خۆتان، ئێوە بەڕەڵڵان![١]...

(١) بەڵکو: ئێوە ئازادن، سەربەستن.

بەم جۆرە نەژادیی و مرۆڤایەتیی محەمەد دەرکەوت، لەکاتێکا کە بەسەرکەوتوویی بەرامبەر دوژمنێکی شکاوورپیسوا ڕاوەستابوو... چەندوچوونی ئەوەی لەگەڵدا نەکردن کە چ کردەوەیەکی بەدو خراپیان دەربارەی خۆی و هەڤاڵەکانی کردبوو!. هەموویانی بەخشی، ڕێزی لە هەموویان گرت، دڵی هەموویشیانی خۆش کرد!...

## ١٢ی (ربیع الأول): مردن

لە شەوی یەکەمی مانگی (ربیع الأول)ی ساڵی دەیەمی کۆچیدا، خەو لە محەمەد باری کرد ئەویش لە ماڵ دەربازبوو، چووە دەرەوە (أبو مویهبە)ی پیاویشی، کە هەستی بەوەکرد، دوای کەوت... لەو شەوە تاریک و نووتەکەدا دەستیان کرد بەڕۆیشتن، تا درەنگێک هەر نەوەستان، تا گۆڕستانێکیان بۆ دەرکەوت، پێیان ئەگوت (گۆڕستانی البقیع)، لە نزیک شاری مەدینەوە پێغەمبەر چووە ناو گۆڕستانەکەوە، بەدەنگێکی سامناکی مل کەچانەی قووڵەوە ئەیگوت: (خاوەن گۆڕەکان، خوالێتان خۆش بێ لێتان پیرۆزبێ ئەم جێگایە، هەر بەخۆشی تیابن ئەو بارەی ئێوەی تیان لە چاو ئەم بارەدا کە کەسانیتر تیان لەم جیهانەدا، گەلێک باشتر و خۆشترە شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی وەک تاریکایی شەوە زەنگ ڕووی تێ کردووین دوامینەکەی ئەگاتەوە سەر پێشینەکەی بەڵام دوامینەکەی لە پێشینەکەی گەلێک خراپترە!).

لەپاش ئەمەی بۆ پاڵ کەوتووەکانی ناو گۆڕستانەکە، لە خوا پاڕایەوە کە لە گوناهیان خۆش بێ، خۆی ئامادەکرد بگەڕێتەوە ماڵێ.

ئنجا بەپیاوەکەی خۆی گوت: (ئەی ئەبو مویهبە! هەرچی کلیلێکی گەنجینەکانی جیهان هەیە خستیانە بەر دەستم لەگەڵ ئەوەیشدا کە تا سەر تیا بمێنمەوە پاش ئەوە بەهەشتیشیان خستە بەردەستم گوتیان ئەوانەت ئەوێ باشە، گەیشتن بەخوایشت ئەوێ لەگەڵ بەهەشتدا هەرباشە)...

پیاوەکەیشی گوتی: (لەجێی دایک و باوکم! کەواتە کلیلەکانی گەنجینەکانی جیهان هەڵبگرە و تیابژی تا سەر، پاش ئەوەیش بچۆرە بەهەشتەوە.)...

محەمەدیش گوتی: (أبومویهبە! خوانەکات وابکەم... من ئەوەم هەڵبژارد کە بەخوای خۆم بگەم و بچمە بەهەشتیشەوە!)

کە بوو بە بەیانی، محەمەد، لەتاو ئازاری نەخۆشی هاواری کرد... ئازارەکەی تا ئەهات، زۆرتر ئەبوو چونکە بەزۆر خۆی کێش ئەکرد بۆ سەردان لە ژنەکانی... ئەمەیش ڕەوشتێکی



محەمەد بوو کە هەموو ڕۆژێک سەری لە هەموو ژنەکانی خۆی ئەدا... بەڵام کە ئازاری نەخۆشییەکەی لە ئەندازە دەرچوو، ژنەکانی خۆی لای خۆی کۆکردەوە.

ڕێ دانی لێ خواستن کە لە ماڵی (عائیشە)دا نەخۆشییەکەی تەواو بکات (عائشە) لە هەموو ژنەکانی، بەتەمەن، بچوکتربوو ئنجا کە نەخۆشییەکەی زەیفی لێ سەند و لە توانایدا نەما نوێژ بەموسڵمانەکان بکات، (ئەبوبەکر)ی لە جێی خۆی دانا.

## دراوسێتی خوای هەڵبژارد

لەبەرە بەیانی ڕۆژی دوانزەیەمی مانگی (ربیع الأول)دا، هەستێکی کرد بەسرەوت و لەش خۆشی دەمودەست چووە دەرەوە بۆ ناو موسڵمانەکان نوێژی بەیانییان پێ بکات لەو کاتەدا (ئەبوبەکر) لەوێ دابوو، لەجێی ئەو نوێژی پێ ئەکردن.

موسڵمانەکان، خەریک بوون نوێژەکەیان تێک بدەن (ئەبوبەکر)یش ویستی لە جێ نوێژەکەی پێغەمبەر خۆی بکێشێتەوە بەڵام محەمەد، دەستی تێوە ژەند، لانەچێ خۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشت نوێژی کرد بەدانیشتنەوە... پاش ئەوە گەڕایەوە ماڵێ... ئەم لە ماڵ دەرچوونەی پێغەمبەرە بەڕاپەڕینی پێش مردن دانراوە چونکە مردنی لێ نزیک بووبووەوە... لە کاتێکا سەری لە سەرڕانی (عائشە)بوو، کەوتە گیانەڵاوەوە لە خوا پاڕایەوە.

گوتی: (خوایە لەسەرە مەرگام یارمەتیم بدەیت)... زۆری پێ نەچوو (عائشە) گوێی لە محەمەد بوو، لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: (نەء! هەر هاوڕێی هەرە بڵندم ئەوێ، نەک بەهەشت...)...

(عائشە) تێگەیشت کە لە پێغەمبەریان پرسیوە کامیانت ئەوێ؟ لای خوا بچیت، یان بچیتە بەهەشتەوە؟ پێغەمبەریش هاوسێیەتی خوای هەڵبژاردووە ئەمانەیش دوا وشەی پێغەمبەربوون... موسوڵمانەکان، ئەوەندە ئەو کارەساتەیان پێ گران بوو، باوەڕیان نەئەکرد کە محەمەد مردبێ... تەنانەت (عومەر کوڕی خەتاب) چوو بەگژ ئەو کەسەدا کە گوتی پێغەمبەر مردووە!... بەڵام (ئەبوبەکر) چووە دەرەوە لای موسوڵمانەکان، پێی گوتن:

(مرۆڤەکان! هەر کەسێ محەمەد ئەپەرستێ، بام بزانێ کە محەمەد مردووە بەڵام ئەوی خوا ئەپەرستێ بام بزانێ کە خوا زیندووە، نامرێ، محەمەدیش پێغەمبەرێکە وەک پێغەمبەرانی پێش خۆی بۆچ ئەگەر مرد یان کوژرا، ئەبێ ئێوە هەڵبگەڕێنەوە... ئەوی هەڵبگەڕێتەوە، زیان بەخوا ناگەێنێ... بەڵام خوا پاداشی ئەوانە ئەداتەوە کە لەسەر ڕێی ئەو ئەڕۆن بەرێوە)...

## پێشەوا هیندییەکە نامەکەی محەمەد شی ئەکاتەوە

(محەمەد عەلی) ئەڵێ: (ڕازی سەرکەتنی پێغەمبەر، ئەو سەرکەوتنەی کە هەتا ئێستا وێنەی نەبینراوە، لەوەدا بووە کە ئایین و باوەڕییەکەی بەخوا زۆر بەهێزبووە... محەمەد لەکانی دڵیەوە باوەڕی بەوە هەبووە کە خوا ویستوویەتی مرۆڤایەتی بەرز بکاتەوە هەروەها ویستوێتی ڕەوشت و خووی تەواویش ببەخشێ بەهەموو جیهان، نەک تەنیا بەگەل و نەتەوەیەک جا هیچ هێزێکیش لە جیهاندا نییە کە بتوانێ تەگەرە لەم نیازەی خوا بدات)...

جا ئەم باوەڕی و ئایینە هەموودەم لە دڵی محەمەددا بووە هیچ تاوێک لێی جیانەبۆتەوە تەنانەت لە کاتە پڕ تەنگوچەڵەمەکانیشدا ئەم ئایینەی بەر نەداوە... تەنانەت ئەم باوەڕییە، بووبووە سەرچاوەی دڵنیایشی کە خوا یارمەتیی ئەدات لە ڕێگا پیشان داندا بەهەموو مرۆڤایەتی ناو جیهان، بۆ ئەمەی بگەنە پایەی چاکێتی و دروستی و تەواوی... ئایینەکەیشی لە دڵیەوە ئەڕژایە ناو دڵی ئەوانە کە باوەڕیان بەپێغەمبەرێتییەکەی هێنابوو.

دوای ئەوە (محەمەد عەلی) ئەڵێ:

(خوا لە نامەکەی محەمەددا، بریتییە لە ڕاستییەکی بنچینەیی وەها کە هەرچی ژیانێکی مرۆڤایەتی هەیە لە چوارلایدا کۆبۆتەوە جا لەبەر ئەوەیە کە موسڵمانەکان، هەموودەم، ڕووی تێ ئەکەن و لێیشی ئەپاڕێنەوە کە یارمەتییان بدات و ڕێیان پیشان بدات...

باوەڕ پێ کردنەکە، شێوەیەکی دیاردی کراوی گرتووە ئەو شێوەیەیش بریتییە لە (نوێژ) هەموو موسڵمانێک شەوو ڕۆژی پێنج جار نوێژ ئەکات... هۆگربوونی دەروونی مرۆڤیش (بەخوا وە زۆرتر لەوکاتانەدا دەرئەکەوێ کە مرۆڤەکە بکەوێتە ناو تەنگانەوە... کە زیانێکی تووش هات هاوار ئەهێنێ بۆ خوا... هەر بەمەندەیش تەواو نابێت تەنانەت مرۆڤ فەرمانی ئەوەیشی پێ دراوە، کە لە هەموو کاتێکدا نوێژ بکات و لێی بپاڕێتەوە چ لە خۆشیدا، چ لە تەنگانەدا... بەبۆنەی هەموو ڕووداو و کارەساتێکەوە یارمەتی لە خوای خۆی داوا بکات لەگەڵ پیشاندانی ڕێگەی ڕاستدا... خوا لە هەموو کاتێکا ئامادەیە کە گوێ لە پاڕانەوەکەی بگرێ و نیازە پاکەکانی بەجێ بهێنێ)



## لێ پرسینەوە، سزا، پاداش

لێ پرسینەوەی مرۆڤیش لە کردەوە و کارەکانی خۆی، پەیوەندیی بەخواناسی و ئایین و نوێژەوە هەیە... (هەرکەسێ کردەوەی چاکی نواند، بەکاری خۆی دێ، هەرکەسێ کردەوەی خراپی نواند، خۆی زیان ئەکات)... کە لێ پرسینەوەیش هەبوو سزادان و پاداش پێ دانیش پەیدا ئەبن... (هەر کەسێ ئەوەندەی تۆزێک چاکە بکات دێتەوە ڕێی هەرکەسێکیش ئەوەندەی تۆزێک خراپە بکات، هەر دێتەوە ڕێی!)...

یاسای لێ پرسینەوە لەسەر بنچینەی چاکەکردن و خراپەکردن، هەر بەسەر مرۆڤدا، بەتەنیا، نانوێنرێ هەروەها بەسەر گەلان و نەتەوەکانیشدا ئەنوێنرێ...

پاش ئەوە (محەمەد عەلی) ئەڵێ: (دەروونی مرۆڤایەتیش کە تاقیکردنەوەکانی گیانی خۆی ئەکات، لە ئەنجامدا ئەو باوەڕکردن بەخوایە بەهێز ئەکات... ئەم تاقیکردنەوەیە نزیکترین بەڵگەو باوەڕ پێکراوترین نیشانەیە کە خوا هەیە.

تاقیکردنەوەکە لەوەدا دەرئەکەوێ، کە خوای گەورە، لەبەر ئەو میهرەبانی و بەزەیی پیا هاتنەوە گەورەیەی کە هەیەتی، لەناو هەموو نەتەوەیەکدا، لە هەموو سەردەمێکدا، هەندێ پیاو هەڵ ئەبژێرێ بۆ خۆی، ئەیانکات بەڕاسپێرراو، بۆ ئەمەی ئەوانیش بیگەێنن بەکەسانی تر، بەنەتەوەکانیان، تا هەرچی مرۆڤایەتی هەیە ڕێی چاکە بگرن و خۆیان لە خراپە دووربخەنەوە.)... (هەروەها ئەو ڕاستییەیش کە بەهۆی پێغەمبەرەکانەوە بۆ مرۆڤایەتی دەرئەکەوێ، لەلایەن خواوە شتی وا ڕووئەدات کە پشتیوانی بکات و بیپارێزێ لە نەمان...

خوا هەرچەند پێغەمبەرێکی ناردبێ بۆ جیهان، لەهەر شوێنێکدا بووبێ، هەروامان هاتۆتە پێش چاو کە بەتەنیا وەستاوە بەرامبەر هەموو نەتەوەکە... نەتەوەکەیش هەر بەوەندە وازی نەهێناوە کە گوێ لە قسە ڕاستەکانی نەگرێ کە خوا خستوێتییە دڵیەوە هاتووە خەریکی ئەوەیش بووە کە پێغەمبەرەکە بەخۆی و بیروباوەڕە ڕاستەکانیشیەوە لەناو بەرێ!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشا، تا هاتووە بەرەنگاری کردنی نەتەوەکە کزبووە، هەرچەندێک بەهێزیش بووبێ، هەر بەرگەی پێغەمبەرەکەی نەگرتووە، لەناوچووە!).

## بیروباوەڕی یەکێتی مرۆڤایەتی

(محەمەد عەلی) دەست ئەکاتەوە بەلێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی نامەکەی محەمەد ئەوە پیشان ئەدات کە لە بیروباوەڕ و ئامۆژگارییەکانی محەمەدەوە کە دەربارەی یەکتایی خوا قسەی ئەکرد، گەورەترین کاری خۆی پێشکەش بە شارستانێتی مرۆڤایەتی ئەکرد.

ئەویش (یەکایەتی مرۆڤایەتی[1]) بوو... خاکی عەرەبستان لەناوەند هۆز و تیرەکاندا دابەش بووبوو هەر بەشەیان یاسای خۆی هەبوو زۆرجاری وایش هەبوو، کە شەڕوشۆڕیان لەناودا هەڵ ئەگیرسا، لەسەر بەربەرەکانێی هۆزایەتی و خۆپەرستی... بەڵام کە محەمەد هات، بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو دەنگە دەرهات کە مرۆڤایەتی، هەموویان (نەک بەتەنیا نەتەوەی عەرەب)، لە سەرەتادا وەک یەک نەتەوە خوا دروستی کردوون جا ئەم بانگە پیرۆزە، لە نامەکەی محەمەدەوە هاتبووە دەرەوە... ئەو مرۆڤانە، لە هەر کوێیەکدا بژین، زمان و ڕەنگیشیان هەرچۆنێک جوێ جوێ بێ، هەموویان هەر ئەچنەوە سەر یەک پشت، هەموویان ڕۆڵەی یەک خێزانن، کە لەژێر بنمیچێکدا ئەژین، کە ئەویش ئاسمانە... جا هەروەک مرۆڤایەتی، هەموویان، لەلایەن خواوە دروست کراوون، هەروەها ئەو یاسا و پێڕەوییەیش کە خوا بۆی داناوون، وەک یەک سەیری هەموویان ئەکات...

لە ڕاستیدا بیروباوەڕی (یەکایەتی مرۆڤایەتی) و (یەکسانی مرۆڤایەتی)، یارمەتی محەمەدیان دا، کە گەورەترین کاری کەڵک و چاکەی خۆی ڕاپەڕێنێ لەناو نەتەوەکەی خۆیدا.

ئەوەیش ئەوەبوو کە ئەو جیاوازییە بەهێزەی کەوتبووە ناو عەرەبەکانەوە، لەسەر بنچینەی ڕەگەز و ڕەنگ، محەمەد لەناویا نەهێشت!... بێجگە لەوە برایەتی ناوەند عەرەب و بێگانەکانیشی پێک هێنا... ئەو یەکسانییەیش کە لە ناوەند موسوڵمانەکانی هاوڕێی محەمەددا دامەزرابوو[2]، یەکەم پاچی مرۆڤایەتی بوو، بۆ ڕووخاندنی یاسای بەندەگەری (نظام الرقیق)[3]...

(١) هەر تەنیا (مرۆڤایەتی- الأنسانية) دەگرێتەوە.
(٢) هاوڕێیانی محەمەد (د.خ): مەبەستی سەحابەکانە (الصحابة).
(٣) واتا: سیستمی کۆیلایەتی.



چونکە گەورە و نۆکەرەکەی، شەوو ڕۆژی پێج جار، لەبەردەمی خوادا ئەوەستان، شانیان بەشانی یەکەوە بوو، لەکاتی نوێژکردندا...

نامەکەی محەمەد، هەر بەمەندەیش وازی نەئەهێنا... ئەیگوت:

لە گەورە و نۆکەرەکەی، هەر کامێکیان خواناستربێ، ئەوەیان لای خوا ڕێزی زۆرترە... نەک ئەوەیان کە پێستی لەوی تر سپی ترە!...

## سەربەرزی مرۆڤایەتی

یەکێک لەو بیروباوەڕانەیش کە محەمەد دای ئەمەزراند، بیروباوەڕی (سەربەرزیی مرۆڤایەتی)بوو... وتارەکانی محەمەد، ئەوەی ئەویست کە مرۆڤ لەوە دووربخرێتەوە، کە کڕنووش بۆ بت ببات... ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو، کە ئەو مرۆڤی بەچاکترین دەستکردی خوا دائەنا، بەبڵندترین یان، بەخۆشەویستترینیشیان لای خوا... بەم ڕەنگەبوو کە مرۆڤ دەستی دایە شارستانێتی: لە پێشدا بۆ هێزەکانی سروشت نۆکەر بوو بەڵام کە محەمەد پەیدا بوو، پایەی مرۆڤی بەرزکردەوە تا گەیاندیە پلەی گەورەیی بەڵام گەورەییەکی وەها کە خوا هەرچی هێزێکی ناو سروشت هەیە خستویتیە ژێر چنگیەوە!...

لەڕووی بابەتی گیانیشەوە، بیروباوەڕەکانی محەمەد، وایان بڕاندۆتەوە کە هەموو مرۆڤێک بەپاکی لەدایک ئەبێ، بەخاوێنی دێتە جیهانەوە... ئەو پاکی و خاوێنییەیش بەوە تێک ناچێ، کە منداڵەکە لە دایک و باوکێکی موسڵمان لە دایک ببێ یان لە باوک و دایکێکی ناموسڵمان، یان لەبت پەرستان.

جابیروباوەڕی پاکی و بێ گوناهی مرۆڤ لەکاتی لەدایک بوونیا، بووبووە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە ڕێ و شوێنێک بۆ خۆی دابنێ لە ژیانیا، پڕبێ لە چاکی، دووربێ لە هەڵەو گوناه، هەروەها خستبوویە سەر ئەوەی کە بەرەنگاریی گوناهباری بکات و ڕوویش بکاتە گیان بەرزی...

لە نامەکەی محەمەد دا، لەو شتەباشانەی کە باش دەرئەکەون، یەکێکیان ئەوەیە: کە مرۆڤ بەکەڵک بێ بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

بۆ وێنە: یاریدەدانی هەتیوو هەژار، هەرچەندە فرمانە بەسەرشانی هەموو موسوڵمانێکەوە، بەڵام پێویستە فرمانەکە دووربێ لە خۆنوواندن و ناز پێوەکردن و بیرخستنەوەی هەتیوو هەژارەکان کە چاکەیان لەگەڵدا کراوە چونکە خوا سامان نابەخشێ بەکەس بۆ ئەمەی کەڵەکەی بکات، یان بۆ ئەمەی هەر خۆی کەڵکی لێ وەربگرێ ئەبێ

خوازەڵۆک و بەش براویش لەو سامانەدا بەشیان هەبێ...

محەمەد هەر لە مناڵییەوە بەتەنگ ئەوەوە بووە کە یارمەتی کز و بەسەزمان و زۆرلێ کراو بدات. لە سەرەتای هەرزەکارییدا ئەندامێک بووە لە کۆمەڵی (سوێند خواریی چاکەکردن[1])دا، کە هەر بۆ ئەوە دامەزرابوو، مافی بێ دەست و لاتەکان و زۆر لێکراوەکان بپارێزێ و ماوەش نەدات زۆریان لێ بکرێ...

محەمەد ئەوەندە هاواری ئەکرد بۆ بەزەیی هاتنەوە بەهەژاراندا و، یارمەتیدانی کزوبێ چاران و، پشتیوانی کردنی زۆر لێ کراوان، ئەو یارمەتییانەی هەر بۆ مرۆڤ پیشان نەئەدا، بەشی گیانلەبەرانیشی لێ ئەدا...

## پەروەردەکردنی دەروون و بەرهەم هێنانی کەسایەتی

یەکێک لەو ئامانجە گرنگانەی محەمەد بۆی تێ ئەکۆشا، بەرهەم هێنانی کەسایەتی خۆی بوو... لە ڕاستیدا ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و سەر ڕاستی و ، پاک و خاوێنی دڵ و دەروون و بیرو لەش لە بنچینەکانی کەسایەتی محەمەد بوون... محەمەد بۆ ئەوەیش تێ ئەکۆشا کە کەسایەتی هەموو مرۆڤێک لەسەر ئەو بنچینانە دابمەزرێ...

بەتەنشت ئەم بنچینانەیشەوە، کردەوە و ڕەوشتی تریشی هەبوو: وەک خۆ دوورخستنەوە لە بابەتی جیهانی، وازهێنان بەبەشی خوایی، ئازایەتی، خۆڕاگرتن لە بەرامبەر ناخۆشیدا، ئارام گرتن لەسەر سەرگەردانی، لە ڕێ لانەدان، بەرەنگاری کردنی زۆرداری و، نەویستنی سووکی و زۆرلێکراوی، مل کەچی، پێش خستنی کەسانی تر لەخۆ...

ئەم بیروباوەڕانەی محەمەد لە بابەت پەروەردەکردنی دەروونی خۆی و گیانی خۆیەوە، زۆری پێ نەئەچوو بەشێوەیەکی بەرجەستە ئەخرانە کار، کە هەر لەو کاتەدا، ئەبوونە پەروەردەکردنێکی کۆمەڵایەتی و زرنگکارییش.

کە ئامانجیان ئەوەبوو کۆمەڵایەتییەکی چاک و بەکەڵک و ڕاست و دروست پێک بێت.

(١) واتا: (حلف الفضول).



## سامان لە یاسای ئابووریی محەمەددا

لەدوای دامەزراندنی باوەڕکردن بەخوا لە دەروونی مرۆڤایەتیدا لەپاش پێک هێنانی دۆستایەتی و برایەتی لە ناوەند مرۆڤایەتیدا لەسەر بنچینەیەکی خۆشەویستی و یەکسانی ڕاستەقینە، محەمەد ڕووی کردە دامەزراندنی یاسایەکی بەکەڵک بۆ کۆمەڵایەتی... سامانیش لەهەر یاسایەکی کۆمەڵایەتیدا بێ، بەکەرەستەیەکی گرنگ دائەنرێ... لە پێش هەموو شتێکا، بیروباوەڕەکانی محەمەد دەربارەی سامان، لەوە ئەدوێ، کە هەموو کەسێک مافی هەیە سامانی هەبێ تەنانەت ئەم سامانداریە بەپێویستییەکی ژیانی جیهانیش دائەنی لەبەر ئەوە لەسەر هەموو کەسێک پێویستە کە کار و فرمان بکات لەکردنی هیچ کار و فرمانێکیش بێز نەکاتەوە، بەمەرجێ ئەو کارە پیرۆز و ڕەوا بێت... لەگەڵ ئەمەیشا، نابێت سامان پیاو لە بەجێ هێنانی فرمانی خۆی بکات بەرامبەر بەخوا... ناشبێ سامان کەڵەکە بکرێ ئەبێ بخرێتە کار و بەرهەمی سپێ پەیدابکرێ ئەوانەیش کە هەژار و داماو و بەش بڕاو و پەک کەوتەن، ئەبێ لەو سامانە بەشیان بدرێ...

محەمەد لەم ڕووەوە، بیروباوەڕی گرنگی دامەزراندووە یەکێک لەوانە ئەوەیە کە (دەست کەوت بەپێی فرمان ئەبێ).

جا لەمەوەیە کە سامانەکان لەناو کۆمەڵێکدا جوێ جوێ یان لێ دێ و لە کەم و زۆریشدا لە یەک ناکەن... بێجگە لەوە ئافرەتیش وەک پیاو مافی هەیە سامان پێکەوە بنێ و بیخاتە کار و فرمانی پێ ڕاپەڕێنی... جا ئەگەر پیاو کار و فرمانی کرد، بەڵام ئەوەندەی دەست نەکەوت کە لە پێویستیی خۆی زۆرتربێ، یاخود کاروبار بەدڵی ئەو هەڵنەسووڕا و لە دەست کەوتا سەرنەکەوت، هەژاری نابێ بەشوورەیی دابنرێ... محەمەد خۆیشی پێشەوایەکی جیهانی و گیانی بوو.

لەگەڵ ئەوەیشا لە ماڵەکەیا هەرگیز ئەوەندە شت کۆنەئەبووەوە کە لە پێویستی خۆی زۆرتر بووبێ... لەمەیشەوە بیروباوەڕێکی تر پەیدا ئەبێ... ئەویش ئەوەیە کە سامان بنچینەی گەورەیی و پایەداری نییە لە کۆمەڵایەتیدا...

سامان بۆ ئەوە نییە کە کۆبکرێتەوە لەم بارەیەوە قورئان و قسەکانی پێغەمبەر پڕن لە بەدناوکردنی دەست قووچاو و پیاوی ڕژد و چرووک لە ڕاستیدا سامان بۆ ئەوە دانراوە کە ئامانجی گەورەتر و بەرزتری پێ پێک بێ: وەک بەرهەم پەیداکردن و کاروباری بەکەڵک هەڵسوڕاندن، یان یارمەتی دانی هەژار و داماو... هەروەها سامان بۆ ئەوە دانەنراوە کە

بەفیڕۆ بەخت بکرێ و لەشتی پڕووپووچدا ببڕێنرێتەوە، بۆ ئەمەی شانازیی پێوە بکرێ یان بەدەروون زیان ببەخشێ و لەناوی ببات... لەبەر ئەوە، چ لە قورئاندا، چ لە وتارەکانی پێغەمبەردا، دەست بڵاوی و پارە بەفیڕۆدان، بەکارێکی خراپ دانراون... هەر کاتێ مرۆڤ سامانەکەی خۆی خراپ بەکارهێنا، پێویستە سامانەکەی لەدەست دەر بهێنرێ و لەژێر سەرپەرشتی پیاوانی تێگەیشتوودا بەکاربهێنرێ، تا خاوەن سامانەکە خۆیشی و نەتەوەیش کەڵک لەو سامانە وەربگرن!... لەمەوە تێ ئەگەین کە سامان، خۆی بەهۆیەک دائەنرێ، نەک بەئامانج... جا بۆ ئەمەی ماوە نەدرێ بەکەس لە ڕێگە لابدا و سامان کەڵکە بکات، هەروەها بۆ ئەمەی کۆمەڵایەتی لەوەی و زیانی خۆپەرستیی سەرمایەداری ڕزگار بکرێ، ئیسلامەتی لە هەموو ئیسلامێکی ئەوێ چاکە بکات و دەستی یارمەتی درێژ بکات بۆ هەژاران و لێ قەوماوان و داماوان... بێجگە لەوە سامان پاک کردنەوە (زەکات)یشی کردووە بەفرمان لەسەرشانی موسڵمانەکان بۆ ئەمەی بەشی کۆمەڵایەتی لەو کەسانە وەربگیرێ کە بەخوا هیشتی خۆیان یارمەتی هەژاران و داماوان نادەن...

## ئەو سەرمایە دارییەی کە لە کەموکووڕییەکانی پاک کراوەتەوە

(محەمەد عەلی)، دەست ئەکاتەوە بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی ئەڵێ: (بەم ڕەنگە پێغەمبەر، خەریکی لابردنی کەموکووڕییەکانی سەرمایەداریی بوو، بێ ئەمەی سەرمایەکە، خۆی، لەناوببات... چونکە ئەو دەستی نەدا لە سامان داریی تایبەتی، لە بازرگانی و پیشەسازی و گەنجینەکانی تر... هەروەها مرۆڤیشی بەش بڕاو نەکرد لەبەرهەمی کاروتێکۆشانی خۆی... لەجیاتی ئەوە ماوەیدا بەهەموو کەسێک بەئارەزووی خۆی بەربەرەکانێ بکات لەگەڵ کەسانی تردا لە کار و فرمان و بیرکرنەوە و شت داهێناندا... محەمەد تێکۆشا، دادپەروەری بەئاوات بگەیێنێ لە دابەش کردنی سامانەکاندا... هێنان، داوای لەسەرمایەدارەکان (خاوەن سامانەکان)کرد کە بەشی ئەوانە بدەن کە لە خوار خۆیانەوەن لە هەژار و داماو و لێ قەوماوەکان... تا هەژارەکان بەو بەشە سامانەی کە لە دەوڵەمەندەکانی وەرئەگرن، بەناوی پاک کردنەوەی سامانەوە بتوانن کارێکی بەکەڵکی پێ هەڵبسووڕێنن، بۆ ئەمەی خۆیان و خێزانیان بە بەرهەمەکەیەوە گوزەران بکەن.). لەگەڵ ئەمەیشا (سامان پاک کردنەوە = زکاة)، بەتەنیا بەشی ئەوە ناکات کە دابەش کردنێکی ڕاستەقینەی سامانی پێ پێک بێت لەناو کۆمەڵایەتییدا... (یاسای وەرگرتنی لەپاش بەجێ ماو= قانون الوراثە)یش هۆیەکی ترە بۆ ئەم مەبەسە...



پێغەمبەر، بەهۆی دامەزراندنی ئەم یاسایەوە، کارێکی چاکی وای کرد کە لە گەلێک لاوە کەڵک ببەخشێ: لەلایەکەوە سامانە گەورەگەورەکان پارچە پارچە ئەکات لەلایەکی تریشەوە یەکسانییەک ئەخاتە ناونەوەی خاوەن سامانەکەوە بۆ وێنە: کوڕێکی پیاوە مردووەکە، ناتوانێ هەموو سامانەکە ببات بۆ خۆی بێجگە لەوە ئافرەتیش لەو کەلەپوورە دابەشی هەیە لەهەندێ کۆمەڵایەتی و هۆزدا، ئافرەت بێ بەش کرابوو لە سامانی لەپاش بەجێ ماوی باوکیدا... هەروەها بۆ ژنی پیاوە مردووەکە و باوک و دایکی مردووەکە و برا و خوشکەکانیشی هەریەکە بەشێک لەو کەلەپوورە دانراوە...

چونکە ئەوانەی خاوەن مافن لە کەلەپووردا کردوونی بەدووبەشەوە: منداڵەکان و باوک و دایک و ژن یاخود مێردی لەلایەکەوە داناوە... براکان و خوشکەکان و کەسوکاری مردووەکەیشی لەلایەکی ترەوە داناوە... ئەگەر تیپی یەکەم لە ئارادا نەبوون، لەپاش بەجێ ماوی مردووەکە بەسەر ئەوانەی لە تیپی دووەمدان دابەش ئەکرێ...

## پەیوەندیی کرێکار بەخاوەن کارەوە

یەکێک لەوکارە بەکەڵکانەی کە محەمەد بۆ مرۆڤایەتی پێک هێناوە، ئەوەیە کە هانەی موسڵمانەکانی داوە کاروفرمان بکەن کاروفرمانی بەشتێکی گەورە داناوە، نرخێکی بەرزی داوەتێ و جێگای پیرۆزیشی بۆ کردۆتەوە لەناو کۆمەڵایەتیدا خۆی کردبوو بەوێنە بۆ ئەم بیروباوەڕانەی تەنانەت مەڕەکانی خۆی بەدەستی خۆی ئەدۆشێ! کە مزگەوتەکەی شاری مەدینەیان دروست کرد محەمەد لەگەڵ کرێکارەکاندا فرمانی تیا ئەکرد هەروەها کە چاڵەکەی چوارلای شاری مەدینەیان هەڵکەند، بۆ ئەمەی بیپارێزن لەدەست قوڕەیشی دوژمن، محەمەدیش کرێکاریی لەگەڵ ئەکردن... لەگەڵ ئەوەیشا کە محەمەد پێشەوا و سەرکردەی لەشکربوو، هەرگیز لە فرمان کردن خۆی دوور نەئەخستەوە!...

محەمەد پەیوەندیی کرێکارو خاوەن کاری لەسەر بنچینەیەکی دادپەروەرانە دامەزراند هەردوولایانی، وەک یەک دانا، لە پەیمان گرێداندا، لە پەیمان ڕاگرتندا... ئەگەر وا ڕێک کەوت مزەکانی کرێکارەکە، نەدرا، پێویستە لەسەر خاوەن کار ئەو مزانەی بۆ کۆبکاتەوە و بیخاتە گەڕ، بەرهەمی لێ پێک بهێنێ، پاش ئەوە هەر دەست کەوتێکی لێ پەیدابوو، بیداتێ...[١]

(١) هەر لەم ڕووەوە حەدیسێکی پیغەمبەر- د.خ- هەیە کە دەفەرمووێ: (أعطوا الأجیر أجره قبل ان یجف عرقه.)

محەمەد، وای لێ ئەویستن کە بازرگانی نەگۆڕرێ و نەکرێ بەچەوساندنەوەی کەسانی تر و ڕووتاندنەوەیان؛ ئەبێ بەکـارێکی بەکـەڵکی گـشـتی دابنرێ، کـە بازرگـانەکـە بەهۆی ئەوکارەوە، شتێکی دەست کەوێ و پێی بژی!...

مـحـەمـەد، فـەرمـانڕەواییەکی دامەزراند ئەم فـرمـانڕەواییە لەسەر یاسـای دیمۆکراتی واتا (فـەرمـانداریی نەتەوە)، ئەڕۆیشت بـەڕێوە بەڵام بنچـینەی دیمۆکـراتیـیـەکـەی باوەڕکـردن بەخوابوو باوەڕکردن بەلێ پرسینەوەی خوابوو... لەم ڕووەوە فەرمانڕەواییەکە لایەکی گیانی هەبوو.

ڕاوێژکـردن، یاخـود یاسـای کـۆڕی نەتەوە (مـجلسی نیـابی)یش یەکـێکە لە پایەکـانی فەرمانڕەوایی ئیسلام...

هەرچەندە مـحـەمـەد بەپێویسـتی داناوە کە فـەرمـانڕەوا، هەستی خۆی بپـارێزێ و لەسەر خۆی بکاتەوە، بەڵام هاواری بۆ ئەوەیش کردووە کە لەگەڵ دوژمنی شکاودا دڵنەرمی بکات و چاوی لێ بپۆشێ و، لە گوناه بیبەخشێ و کردەوەی جوانیـشی لەگەڵدا بکات... ئەویش بەوە، خرۆشی تۆڵەسەندنەوەی لەناو بردووە.

## نەهێشتنی زۆرداریی بەشی زۆری نەتەوە

ئیسـلامەتی سـەرداری بەستۆتەوە لەوەی کە زۆر و زۆردارەکی بکات. سـەردار، لەسەر چاکە و خۆشیی نەتەوە، خوالێی ئەپرسێتەوە مـامـۆستـا (عـەباس مەحمـوود عـەقـاد) لەم ڕووەوە جـوان قـسـەی کـردووە لە نووسـراوەکـەیدا (هەڵـکەوتوویی مـحـەمـەد) ئەڵێ: (خۆشەویستی نەتەوە بەرامبەر سەردارەکەیان مەرجێک بوو لە مەرجەکانی فەرمانداری... ئەوەی بەسەر هەرە بچووکی نەتەوەکەیدا ئەینوواند[1]، بەسەر خۆیشـیا ئـەینواند خۆی لە هەموو کەس باشتری ئەزانی کە لە کاروفرماندا نیاز بایەخی هەیە[2].

ئەگـەر نیـاز باش نەبێ کـاروفـرمـانەکـەیش بەباش دانانرێ بەڵام ئەوەیشی ئەزانی کـە (ئەگەر سەردار باوەڕی بەنەتەوە نەبێ، زیانیان پێ ئەبەخشێ و تێکیان ئەدا)

لەبەر ئەوە هەمـوو کـەسـێکی بەرەو ڕووی دەروونی خـۆی و خـوای خـۆی ئەکـردەوە کاتێکیش چەندو چوونی لەگەڵ کەسانی تردا ئەکرد، کە چەندو چوون کەڵکی هەبوایە.)...

(١) نواندن: لێرەدا بەرامبەر (پراکتیزەکردن- التطبیق) دایناوە.

(٢) نیاز: بەمانا (النیة)- إنما الأعمال بالنیّات- لەم ڕوانگەیەوەیە.



بەلای مامۆستا -عـقـاد-ەوە وایە کە سـەربەستیی بیروباوەڕ، بەسایەی شۆڕشی فـەرەنسە و شۆڕشەکانی پاش ئەوەوە پەیدا نەبووە.

لە ڕاسـتـیـدا مـحـەمـەد، لەپێش چوارده سەدەوە، ئەو سەربەستییەی بۆ نەتەوەکەی خۆی دامـەزراندووە هەروەها فـەرمـوویەتی بەزەیی پیـاهاتـنەوە بخـەنە پێش دادپەروەریـیـەوە. پێغـەمبەر فـەرمـوویەتی: (کە خوای گەورە جیـهـانی دروست کـرد لـەسەر خۆی نووسی کە بەزەیی پیاهاتنەوەم زاڵ ئەبێ بەسەر تووڕەییمدا دوای ئەوە (عـقـاد) ئەڵێ: (پێـغـەمبەری سـەرۆک ئەوەی ئەزانی کـە سـەرۆکـایەتی بۆ کـەڵـکی هەمـووانە، نەک هەر بۆ ئەوانەیە کـە سـەرۆکـایەتیـیـەکـەیان پێ بـاشـە و بەرەنگاری کـەرەکـانی لێ بێ بەش بکرێ لەبەر ئەوە فەرمانی ئەدا بەنەتەوەکەی خۆی ئەیگوت: (لە هاواری زۆرلێ کراو خۆتان بپارێزن، ئەگەر خـوا نەناسـیـش بێ!. چونکە بەرهەڵـسـتی لـەبەر دانیـیـە[1] و ئەگـاتە خـوا)... پاش ئەوانە هەموویان، محەمەد زۆداریی بەشی زۆری نەتەوەیشی لەسەر بەشی کەمی[2] نەتەوە لابرد.

ئەمـیش ئەو کـەمـوکـوڕییـەیە کـە هاوبەش بوو لەتێکدانی ژیانی زرنگکاری و کـۆڕی نەتەوەماندا، لەپێش شۆڕشی دوایی میسردا، کەیاسای خونکاریی لابرا...)

## فەرمانداریی نەتەوە، هەڵبژاردن، مافی دەنگدان

بام بگەێینەوە لای (محـەمـەد عـەلی)... ئەم لە یاسای فـەرمـانڕەواییـیـەکەی مـحـەمـەد ئەدوێ لە بابەت ڕاوێژکـردن (شـوری) وە زۆر قـسـە ئەکـات ئەڵێ: هەرچەند مـحـەمـەد بیـویسـتـایە کـاروبارێکی گـرنگ هەڵبـسـووڕێنێ، ئەوانەی خـاوەن بیـروهۆش بوون، کـۆی ئەکـردنەوە لای خـۆی مـحـەمـەد بەسـایەی ئەو کـردەوەیەوە بنچـینەیەکی دامـەزراند بۆ پەیدابوونی (کـۆڕی نەتەوە) یاخـود (پارلەمـان- مـجلسی نیـابی)... ئەوانەی لەپاش محەمەدیشەوە هاتنەسەر فەرمانداری، هەروەک ئەویان کرد... کە بەوە دیموکراتێتی ئیسلام لە سێ بیروباوەڕدا خۆی پیشان ئەدات:

یەکەم دەسەڵات و گەورەیی یاسا.

دووەم: ڕاوێژکردن لەکاتی دانانی یاسایەکی تازەدا.

سێیەمیش: (هەڵبژاردنی سەرۆکی فەرمانڕەوایی)... بنچینەی هەڵبژاردنیش سەربەستی

(١) یان: چونکە هاوار و نزاکەی هیچ بەربەستێکی لە ڕێگادا نییە و زوو دەگاتە لای خوا.

(٢) ڕاستتر: زۆداریی کەمینە لەسەر زۆرینە یا زوربە.

و یەکسانییە. لەوێدا هیچ شتێک لە ئارادانەبوو، کە بەرهەڵستی ئەوە بکات، نۆکەرێکی پێست ڕەش ببێتە سەرۆک!... جا هەروەک سەرۆک، بەهەڵبژاردن نەبێ ناگاتە سەرتەخت، مافی هەیە لەسەر تەخت بیهێنێتە خوارەوە...

محەمەد هانەی موسڵمانەکانیشی ئەدا، کە هەمووەم سەربەست و ئازادبن لە قسەکردندا، کە لەبەردەم سەردار خۆیدا، هەر زۆرداریەکی کردووە بیخەنە ڕووی!... لەم ڕووەوە ئەیگوت: (چاکترین خۆبەخت کردن لەپێناوی خوادا ئەوەیە کە قسەی ڕاست و دروست بەرامبەر سەردارێکی زۆردار بکەیت!).

سەرمایەی فەرمانڕەوایی هی سەردارنییە چونکە ئەویش وەک هەموو ڕەنجبەر و فەرمانبەرێکی فەرمانڕەوایی وایە هەر مافی ئەوەی هەیە کە مانگانەکەی خۆی، لەو سامانە، وەربگرێ!...

سەرۆکی فەرمانڕەوایی، جیاوازیی نییە لە کەسانی تر هەموو کەسێک لە نەتەوە، ئەتوانێ لەبەردەم دادگادا چەند و چوونی لەگەڵدا بکات!...

## پایەی ئافرەت لە فەرمانڕەواییدا

ئەگەر محەمەد جێگای ئافرەتی دیاردیی نەکردایە لەناو فەرمانڕەواییدا، ئەو یاسایەی کە دایئابوو بۆ فەرمانڕەوایی ئیسلام ڕاست و دروست نەئەبوو، سەریشی نەئەگرت... چونکە لەپێش پەیدابوونی نامەی محەمەدیدا، ئافرەت بریتی بوو لە کەلوپەلێک، وەک کەلەپوور[1] لەم کەسەوە ئەمایەوە بۆ ئەوکەس!... ئافرەت بەشتێکی شوورەیی دائەنرا، باوک و دایک و کەس و کار بەوە خۆیان لێ ڕزگار ئەکرد، کە بەزیندوویی ئەیانخستە ناو چاڵەوە!... خۆ ئەگەر کچەکە لەو زیندە بەچاڵییەیش ڕزگاری ببوایە، ڕەوشت و خووی عەرەبەکانی ئەو سەردەمە ئەوەندە گەنگ و نەنگ بوو، ئەوەندە تێک چووبوو، لەژیانی خۆی هەر ئەوەندە تێ ئەگەیشت کە بریتییە لە خۆ ڕازاندنەوە و پیاو لە خشتەبردن ئەویش نەک هەر بۆ مێردەکەی خۆی بوو بەتەنیا، بەڵکو بۆ دڵخۆشکردنی هەموو پیاوێک بووا!...[1]

(١) یان: وەک میراتی.

(١) وک ئەوەی لە باشترین حاڵەتدا شووکردن بەگەلە (الزواج بالرهط)یان هەبوو، وەک مێردکردنی ژنە عەرەبەیێک بەکۆمەڵێ پیاو لە ئانێکدا، یان بەچور پێنج برا ژنێکیان دەهێنا!!



بەڵام محەمەد پەیی بەوەبردبوو کە هیچ کاتێک کۆمەڵایەتی ڕوو ناکاتە چاکی، تا ژن و پیاو پێکەوە کاری چاکی تیا نەکەن و لە کاروفرمانی بەکەڵکیشدا یارمەتی یەکتر نەدەن!...

جا لەم بیروباوەڕەیەوە بوو کە محەمەد، بەشێنەیی و لەسەرخۆ بەرەبەرە دەستی کرد بەجێ خۆش کردن بۆ ئافرەت لەناو کۆمەڵایەتی ئیسلامەتیدا لەوەدا محەمەد خۆی ئەپاراست لە بەرەنگاری کردنی کۆمەڵایەتی لەبەر ئەوە تا ئەندازەیەک دڵی نەتەوەی ڕائەگرت و یاساکانی کۆمەڵایەتی عەرەبی دەمو دەست و بەهێز و هەڕەت و توندییەوە نەئەشکاند... لەپێش هەموو شتێکا ئەوەی تێ گەیاندن کە ئافرەت هەر وەک پیاو، بەشیان هەیە لەوەدا کە دەستیان ئەکەوێ پاش ئەوە ئامۆژگاریی موسڵمانەکانی وا ئەکرد کە لەگەڵ ئافرەتدا بەنەرمی و شیرینییەوە ببزوونەوە، کە چاودێریشی بکەن و بیپارێزن...

هەر لەوکاتەدا، محەمەد، بەرەنگاریی خۆ ڕازاندنەوەی کرد بۆ هەمووان، واتا خۆ نووانەدن بەمەبەسی دڵکێش کردنی پیاوان... چوو بەگژ ئەو ڕەوشت و خووە ناپەسەندانەیشدا کە ئەو سەردەمە باوبوون لەناو عەرەبکاندا لە بابەت ئافرەت فریودان و پیاو کێش کردن و داوێن پیسییەوە... ئنجا کە ئەم بیروباوەڕ و یاسایانەی محەمەد جێگیربوون، دەستی کرد بەمافدان بەئافرەت لە کەلەپوور و لەپاش بەجێ ماودا[1]، لە سامان دارییدا، لە کڕین و فرۆتن و کاروبار و فرماندا...

بەم ڕەنگە محەمەد، تێ کۆشا، یەکسانی لە ناوەند پیاو و ئافرەتدا پێک بهێنێ، لەناو کۆمەڵایەتی موسڵمانەکاندا... لە کردەوە و ڕەوشتیشیان لەگەڵ ژنەکانی خۆیدا، هەر لەسەر ئەو بیروباوەڕانە ئەجووڵایەوە کە ئەبوون بەوانە (درس) بۆ موسڵمانەکانی تر...

محەمەد لەکاتێکی وادا ئەم ئەرکەی ئەکێشا بۆ ئافرەتانی موسڵمانان، کە ئافرەت لە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوادا هێشتا جێگایەکی بەڕێزی بۆ تەرخان نەکرا بوو، هێشتا هەر بەچاوێکی کەمتەرخەمانەوە سەیری ئەکرا!...

(١) لەپاش بەجێماو: میراتی (الأرث).

تا ئێستا، مێژووی ژیانی محەمەدمان پیشاندا لەگەڵ بنچینەکانی نامەکەی و هاوارەکانیدا بۆ ڕاستکردنەوەی کۆمەڵایەتی ئەمەیش بەو جۆرە بوو کە پێشەوای موسوڵمانەکانی هیندستان (مەولای محەممەد عەلی) شیی کردبووەوە و لێکۆڵینەوەی تیا کردبوو... ئێستاکەیش وای بەباش ئەزانین کە لە بابەت (محەمەدی مرۆڤ)ەوە بدوێ ین... واتا لەبابەت ژیانی تایبەتی پێغەمبرەوە قسە بکەین...

ئەوە دیارە کە ژن هێنان یەکەم خشتە لە ساختمانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا... محەمەدیش خۆی کردبووە وێنەیەک بۆ مێردێکی بێ هاوتا... (محەمەد عەلی) ئەڵێ: (محەمەد ئەوەندە بەپەرۆش بوو بۆ یارمەتی دانی ژنەکەی، هیچ لەوە کۆی نەئەکردەوە کە لە کار و فرمانی ناو ماڵیشدا یارمەتی بدات هەمووجارێ ئەچووە دەرەوە بۆ بازاڕ شتوومەکی بۆ ماڵی خۆیشیان و بۆ ماڵی دراوسێکانیشی ئەکڕی!...).

محەمەد هەر لەسەرەتاوە، ڕێگای پیشان داوە بۆ ژیانی ژن و مێردی واتا ژیانی پێش ژن هێنان کردوێتی بەفرمان بەسەر پیاوەوە کە ئافرەتێکی خوازبێنی کرد، هەموو کەموکووڕییەکی خۆی بۆ دەربخات.

تەنانەت ئەگەر کەموکووڕییەکەیش هەر ئەوەندەبێ، کە پیرێتی خۆی بەوە شاردبێتەوە کە سەر و ڕیش و سمێڵی خۆی ڕەنگ کردبێ!

جا هەروەک، بۆ ئەوە ڕێی داوە کە پیاوەکە دەزگیرانەکەی خۆی ببینێ، بۆ ئەمەی تەواو تێی بگات.

هەروەها ڕێی بەئافرەتیش داوە، کە بیروباوەڕی خۆی بەرامبەر خوازبێنی کەرەکەی خۆی دەربڕێ!... جا بەهۆی ئەوەوە، ژن و مێردییەکە، هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنچینەیەکی تەواو و دروست دائەمەزرێ.





زاناکانی دەروون و کۆمەڵایەتی ئەم چەرخە، بەئاشکرا هاوار ئەکەن کە ٩٠٪ی کەینەوبەینەی ژن بەڕەڵڵاکردنی ئەم سەردەمە[1]، سەبارەت بەهۆی ڕەگەزبازییەوەیە... سەیر ئەوەیە کە لەپێش(١٤٠٠) ساڵەوە محەمەد پەیی بەم ڕاستییە بردووە (عەقاد) لەم بابەتەوە ئەڵێ: (محەمەد ئەوەندە بەتەنگ هەست و تاسەی ژنەوە بووە، ئەوەندە ڕێزی لە شەرمنییەکەی ئافرەت گرتووە کە هەر لە نەژادەوە وایە، کردوێتی بەفرمانێک بەسەر پیاوەوە کە هەروەک ژنەکەی خۆیشی پێ ئەگەیێنێ، ئەویش خۆشی بەژنەکەی خۆی بگەیێنێ ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئافرەت شەرم ئەکات داوای ئەوە بکات لە مێردەکەی خۆی، کە مێردەکەی داوای لێ ئەکات!...) محەمەد گوتوویەتی: (هەرکەسێ لەئێوە لنگ بازیی لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا کرد، بام دۆستانە لەگەڵیا بکات. ئەگەر لەپێش ئەوەی ژنەکەی ئاوی بێتەوە، ئەو ئاوی هاتەوە بام پەلە لە ژنەکەی نەکات تا ئەویش ئاوی دێتەوە!) هەروەهات محەمەد فەرموویەتی بەتەنگ کزی و بێ دەسەڵاتی و کەموکووڕیی ژنەکانیانەوەبن، چاودێرییان بکەن...

هەروەها کردوێتی بەفرمان بەسەرشانی مێردەکەوە کە خۆی بۆ ژنەکەی خۆی جوان بکا و برازێنێتەوە خۆی لەوشێوەیەدا پیشان بدات کە ژنەکەی دڵی پێی ئەکرێتەوە.

لەم ڕووەوە پێغەمبەر خوا لێ خۆش بێ، فەرموویەتی:

(جل و بەرگەکانی خۆتان بشۆن و بەپاکی ڕایان بگرن تووکی سەرتان هەڵپاچن و ڕیشو سمێڵتان ڕێک بخەن دەمو دانی خۆتان بشۆن و پاکی بکەنەوە خۆتان برازێننەوە خۆتان پاک بکەنەوە. چونکە جوولەکەکان ئەمانەیان نەئەکرد، بۆیەکا ژنەکانیان داوێن پیسییان ئەکرد!...)...

هەر کاتێ بەتەنیا لای ژنەکانی بووایە، ڕوو خۆشیی ئەنواند و بەدەمیانەوە پێ ئەکەنی دڵنەرمی پیشان ئەدان تەنانەت ماوەی بەوەیش ئەدا کە ژنەکەی ڕقی هەڵبسێنێ و چەندوچوونی لەگەڵدا بکات!... کاتێ هەندێ کەس دەربارەی دەست بازیی (عائشە)ی ژنی پێغەمبەر لەگەڵ پیاوێکا ناوو ناتۆرەیان بڵاوکردەوە و بەدناویان کرد، خوا داوێن پاکیی (عائشە)ی لە پێغەمبەر گەیاند پێغەمبەر بە(عائشە)ی گوت: (عائشە! موژدەت لێ بێ،

(١) بەڕەڵڵاکردن: تەڵاقدان.

خوا بێ گوناهی تۆی دەرخست!)[1]... دایکی عائیشەیش، بەعائیشەی گوت هەستێت بچێتە بەردەستی پێغەمبەر، سوپاسی بکات و داوای بەخشینیشی لێ بکات.

بەڵام عائشە بەقسەی دایکی نەکرد گوتی : (بەخوا سوێند ئەخۆم ناچمە بەردەستی لێی بپاڕێمەوە و سوپاسی بکەم. سوپاسی کەسیش ناکەم، خوا نەبێ چونکە هەر ئەوە کە داوێن پاکی منی دەرخستووە!...)...

لەگەڵ ئەمەیشا محەمەد تووڕەنەبوو چونکە نازکێشانی وەها هەر ئەبێ ببێ لەناوەند مێرد و ژنەکەیدا!...

خۆ ئەگەر قینی لە ژنێکی خۆی هەڵبسایە، گلەیی لێ ئەکرد و ئامۆژگاریی ئەکرد پاش ئەوە لێی جیائەبووەوە ماوەی ئەو لێ جیابوونەوەیەیشی، کورت ئەبووەوە و درێژئەبووەوە بەپێی درەنگ و زوویی پەشیمانی ژنەکەی لەو هەڵە و گوناهانەی کە کردبوونی. لێرەدا مەبەس لە جیابوونەوە جیابوونەوەیە لە نوستن لەگەڵ ژنەکەیا. مەبەسی پێغەمبەریش لەوە ئەوەبوو، کە ژنەکەی خۆی لەو خۆش ڕابواردنی ناو جێگایە بێ بەش بهێڵێتەوە... تا دڵ و دەروونی ڕابچەنێ و لە گوناهی خۆی پەشیمان ببێتەوە و جارێکی تریش ئەو هەڵەو گوناهە دووبارە نەکاتەوە... بەڵێ ئەمە سزایەکی دەروونی بەهێز بوو، کە محەمەد دەربارەی ژنەکەی خۆی ئەیکرد!...

---

(١) ئەوەی ڕاستی بێت عائیشە دەست بازیی لەگەڵ هیچ پیاوێکدا نەکردبوو وەک نووسەر دەیڵێ، ئەم ڕووداوە لە نێوەندە شەرعی و فیقهییەکانی ئیسلامدا بە (روداوی- الأفک-) ناوبراوە: کە گوایە عائیشە لەگەڵ یەکێ لە سەحابەکاندا (صفوان بن المعطل السلمی) شەو لە دەشت ونبوون.
ئەم گومانە بێ بناغەیە خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی قورئاندا لێی دواوە و پاکی و خاوێنی خێزان و هاوسەرەکەی پێغەمبەریشی پیشاندا: (إن الذين يرمون المحصنات الغافلات المؤمنات لعنوا في الدنيا والآخرة ولهم عذاب عظيم. الخبيثات للخبيثين والخبيثون للخبيثات والطيبات للطيبين و الطيبون للطيبات أولئك مُبرَؤن مِمّا يقولون لهم مغفرة ورزق كريم.) (النور/٢٣،٢٦)
بۆ زیاتر بڕوانە: (محمد علي الصابوني- روائع البيان، تفسير آيات الأحكام- دار أحياء التراث العزيي، ج (٢) من ص ٩٩ إلي ١٢٥).



## داوێن پاکی محەمەد لە کاتی هەرزەکارییدا

ئەم لێ دووانە ئەمانخاتە سەر گێڕانەوەی بابەتی ژن زۆر هێنان ئەم بابەتە، لەلایەن هەندێ نووسەرانی ڕۆژئاواوە، زۆر قسەی لەسەر کراوە تەنانەت هەندێ دڵ ڕەشی وەک (ئیتر فینج واشنتن)یش کردوێتی بەبنێشتە خۆشەی بن دانی، بۆ ئەمەی محەمەدی پێ سووک بکات لەبەرچاو کەسانی تردا... (محەمەد عەلی) ئەڵێ:

(ژن زۆر هێنان، بەبەرچاوی جیهانی ئیمڕۆوە هەر چۆنێک بێ، کەینەوبەینەیەکی وایە کە لە ژیانی زۆرکەسدا ئەیبینین؛ لەناو پێغەمبەران و سەرۆکە ئایینییەکاندا (ئیبراهیم) و (یەعقوب) و (موسا) و (داود)، کە هەر چواریان پێغەمبەری خوابوون و لەو ساوە تا ئێستا هەر بەڕێزەوە ناوبراوون لەناو خواناساندا، هەریەکە لە ژنێک زۆرتری هێناوە لەگەڵ ئەوەیشا کەس بەو پێغەمبەرانەی نەگوتووە کە لەبەر ئاڵۆش دامرکاندنەوەی خۆیان ئەو ژنانەیان هێناوە تەنانەت ئەو ژیانە پاکەی بەسەریان بردووە، بەرپەرچی هەموو قسەیەکی پڕوپووچی وا ئەداتەوە.

ڕەنگە ئەمە بۆ ئێمە ئیمڕۆ گران بێ، کە هۆی ژن زۆر هێنانی ئەوانە بزانین بەڵام کە بێینە سەر ژیانی محەمەد، ئەتوانین لەو بابەتەوە بەدرێژی بدوێین ژیانی تایبەتی محەمەد دابەش بووبوو بەچوار بەشەوە هەتا تەمەنی بیست و پێنج ساڵی بێ ژن و ماڵ بوو لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیشەوە هەتا تەمەنی پەنجاو چوار ساڵی مێردی یەک ژن بوو، کە ئەویش (خەدیجە) خاتوون بوو... لە تەمەنی پەنجاو چوار ساڵیشەوە هەتا تەمەنی شەست ساڵی، چەند ژنێکی مارەکرد، بەڵام لە تەمەنی شەست ساڵی بەدواوە هیچ ژنێکی تری نەهێنا...

پاش ئەوە (محەمەد عەلی) ئەڵێ:

(گرنگترین سەردەمی ژیانی محەمەد، لەم ڕووەوە، سەردەمی هەرزەکارییەتی کە هەر لێرەدا ئەزانرێ ئاخۆ محەمەد، پیاوێکی مێ باز و ئاڵۆشیاوی بووە، یان نا... جا ئەگەر محەمەد لەو پیاوانە بووایە کە بەتەواوەتی زاڵن بەسەر ئاڵۆشی خۆیاندا لەم هەرەتی کوڕێنێتییەیاندا، هەرگیز بەداوێن پاکی ناو بانگی دەر نەئەکرد و ناویشی نەئەنرا (دەس پاک و داوێن پاک) خۆ ئەوەیش ئەزانین کە نیشتمانەکەی محەمەد، بەگەرمیان دائەنرێ، کە ئارەزووی ڕەگەزبازی لەوێدا، لەناو مرۆڤدا، زوو دەرئەکەوێ لەگەڵ ئەوەیشا کە سەردەمی کوڕێنی، بەسەردەمێکی وا دائەنرێ کە ئاڵۆش و خرۆش سەرکێشی ئەکەن لەپیاو وپاڵ بەپیاوەوە ئەنێن بۆ داوێن پیسی، کەچی دوژمنە هەرە خراپەکانی محەمەد،

نەیانتوانی هەڵەیەکی داوێن پیسی لە محەمەد بدۆزنەوە هەر کەسێکیش لە تافی کوڕێنی خۆیدا بتوانێ زاڵ بێ بەسەر ئاڵۆش و خرۆشی ڕەگەزبازیی خۆیدا، بڕوا ناکرێ کە کەوتەساڵەوە، جڵەو بۆ ئەو ئاڵۆش و خرۆشەی خۆی بەربدات نەخوازەڵڵا کە محەمەد لەوکاتەدا گەیشتبێتە پایەیەکی وەها بڵند لەناو نەتەوەدا کە پێویست بێ ببێتە نموونەی داوێن پاکی و بەسەر خۆدازاڵ بوون... ئەبێ ئەوەیشمان لەبیر نەچێ کە ئەو سەردەمە لە خاکی عەرەبستاندا، مێ بازی و ڕەگەزبازی بەشتێکی ناشیرین و شوورەیی دانەنراوون تەنانەت پیاوەکانیان بەگێڕانەوەی چیرۆکی مێبازیی خۆیانەوە نازیان کردووە!...[١]

## هۆی مارەکردنی (عائشە)

کە گەیشتینە سەردەمی دووەمی ژیانی محەمەد، خاتوو (خەدیجە)مان دێتە بەرچاو لەماڵی محەمەددا، کە تەمەنی پانزە ساڵ لە تەمەنی محەمەد گەورەتربوو کەچی لەگەڵ ئەوەیشا محەمەد بەدڵسۆزی و سەرڕاستی لەگەڵ (خەدیجە)ی ژنیا مایەوە تا مرد. واتا لە ژیانی خەدیجەدا ژنی تری نەهێنا کەچی ئەو کاتە ژن زۆر هێنان باویش بووە لەناو خاکی عەرەبستاندا ئنجا کە (خەدیجە) مرد، محەمەد (سودە) ناوێکی مارەکرد ئەمیش بێوەژنێکی خاوەن تەمەن بوو محەمەد بۆیەکا کردی بەژنی خۆی، تا پایەی بەرز بکاتەوە.

ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو، مێردەکەی لەو موسڵمانە خاوەن باوەڕە ڕاستەقینانە بوو کە کۆچیان کردبوو بۆ (حەبەشستان) جا (محەمەد عەلی) لەوەوە تێ ئەگات کە ژیانی محەمەد (لە بیست و پێنج ساڵییەوە تا پەنجاو چوار ساڵی و نموونەیەک بوو، محەمەد پیشانی موسڵمانەکانی ئەدا، کە ژیانی یەک ژنەی پێ باشتربووە لە ژیانی زۆر ژنە[٢].

ئنجا دێینە ناو سەردەمی سێیەمی ژیانی پێغەمبەرەوە لێرەدا (عائشە) ئەبینین، کە هەر ئەو ژنەی بووە، بەکچێنی، مارەی کردبێ (محەمەد عەلی) ئەڵێ: باوکی (عائشە)، (ئەبوبەکر)، خۆی، عائشەی پێشکەشی محەمەد کرد ئەوەیش سەبارەت بەوەبوو کە (ئەبوبەکر)، بەزەیی بەمحەمەددا ئەهاتەوە، وا دڵشکاو و خەمبارێ بەهۆی مردنی (خەدیجە)ی ژنی و (ئەبوتالیبی)ی مامیەوە.

عائشەی کچیش، ئافرەتێکی هەڵکەوتوو یەجگار زیرەک بوو.

---

(١) ڕاستتر: خۆیان هەڵکێشاوە.

(٢) ڕستەکە: ژیانی یەک ژنەی پێ باشتربووە لە ژیان لەتەک زیاتر لە ژنێکدا.



لەبەر ئەوە (ئەبوبەکر) و محەمەد هەردووکیان هاتنەسەر ئەو بیرەی کە (عائشە) چاکترین ژن دەرئەچێ کە بتوانێ کاروباری کەیبانوویەکی خاوەن نامەی وەک محەمەد ببات بەڕێوە، بەجۆرێکی وایش بێ کە بتوانێ پاڵ بەمحەمەدەوە بنێ بۆ ئەمەی ببێتە مامۆستایەکی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەوێ دا محەمەد، دیارییەکەی (ئەبوبەکر)ی وەرگرت بەڵام (عائشە) هێشتا پێ نەگەیشتبوو بەپێی قسەی ئەمو ئەو ئەوکاتە (عائشە) لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بووە محەمەدیش نەچووەتە باخەڵی، تا تەمەنی گەیشتۆتە یانزە ساڵی... لەگەڵ ئەمەیشدا (محەمەد عەلی) هەندێ بەڵگەی هێناوەتەوە، بەراوردێکی هاتنە خوارەوەی هەندێ بەندی ناو قورئانیشی کردووە، لەوانەوە دەری ئەخات کە محەمەد عائشەی لە تەمەنی نۆساڵی و دەساڵیدا خواستووە لە تەمەنی چواردە ساڵی و پانزەساڵیشدا چۆتە باخەڵی...

سا لە هەردوو قسەکە، ئەمیان ڕاست بێ، یان ئەویان، ئەوی بەلای ئێمەوە بایەخی هەبێ ئەوەیە کە عائشە لەکاتی شووکردنیا تەمەنی کەم بووە لەوەیشەوە پزیشک (محمد حسین هیکل) دەری ئەخات کە: (ئەوە بەهۆشی مرۆڤدا ناچێ، کە عائشە لەو تەمەنە بچووکەدا بووبێ و محەمەد حەزی لێ کردبێ)... وادیارە خۆشەویستی و دڵدارییان لەدوای مارەکردن پەیدابووە لەمەوە دەرئەکەوێ کە مارەکردنی عائشەیش، وەک مارەکردنی (حەفصە کچی عومەر کوڕی خەتاب) بووە پێغەمبەر لەوانە مەبەسی ئەوەبووە کە پەیوەندیی ناوەند خۆی و ئەو دوو برادۆستە بەهێزتر بکات، کە هەردووکیان وەک کار بەدەستی ئەو وابوون...

## هۆی ژن زۆر هێنانی پێغەمبەر بەزەیی پیا هاتنەوەبووە

(محەمەد عەلی) لەسەر قسەی خۆی ئەڕوات ئەڵێ: ئەو چەند شەڕەی کە لە ساڵی دووەمی کۆچکردنی پێغەمبەردا قەومان، ژمارەی پیاوان و خاوەن، خێزانانی کەم کردەوە... جا لەماوەی شەش ساڵەکەی ناو شەڕوشۆڕەکاندا، محەمەد ژنەکانی تری خۆی مارەکرد... لەوکاتەدا مێردی ئافرەتێکی تەمەن بچووکی هەرزەکار و جوان بوو لەبەر ئەوە ژن هێنانەکانی محەمەد لەبەر ئارەزووکردنی جوانی نەبوە باوەجوو ئەو هەر لە تافی کوڕێنییەوە، زاڵ بووبوو بەسەر ئاڵۆش و خرۆشی ڕەگەزبازیی خۆیدا ئەوەیش بەمێشکدا ناچێ کە محەمەد لەپاش تەمەنێکی پتر لە پەنجا ساڵی، لەپڕ وەرگەڕێ و ببێتە پیاوێکی ژن باز!... ئەو، لە ڕاستیدا، هۆی ژن هێنانەکانی ئەوەبووە، کە بەزەیی بەو ئافرەتانەدا

هاتۆتەوە، کە پیاوەکانیان لەدەست چووە و کەسیان بۆ نەماوەتەوە بەخێویان بکات چونکە زۆربەی ژنەکانی پێغەمبەر بێوەژن بوون کە مارەی کردوون!... (بوسویرث سمیث)یش ئەم بیروباوەڕە پەسەند ئەکات...

ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەیش هەر ڕاستیی ئەمە دەرئەخات... چونکە ژیان لە شاری مەدینەدا ئاسان و هەرزان نەبوو... خۆ بەتایبەتی بۆ محەمەد، یەجگار ناخۆش و ناهەمواربوو... چونکە نیوە دوورگەی عەرەبستان بەجارێک بەرامبەری وەستابوو، بەگژیا ئەچوو... جا لە ژیانێکی وادا، محەمەد، ئەچێ بەدوای بەزمورەزمی ژن هێناندا بگەڕێ؟!... بێجگە لەوە محەمەد ڕۆژانی خۆی بەگێرە و کێشە و ئەرک و ئازارەوە ڕائەبوارد... بەچارەکردنی گیروگرفتی ئەو کۆمەڵایەتییەوە خەریک مابوو کە پێشەوایی ئەکردن، خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ ئەو جەنگانەی کە پەیتا پەیتا لێی ئەقەومان... کە شەویش دائەهات، لەگەڵ ئەو هەموو ژنانەیشدا کە هەیبوو، دەستی نەئەکرد بەبەزمورەزمی ژن و مێردییی... تەنانەت بەڵگەی تەواویش هەیە بۆ ئەوەی کە نیوەی شەو یاخود لەسێ بەش دووبەشی شەوی بەخوا پەرستن و لە خوا پاڕانەوەوە ڕائەبوارد...

چونکە محەمەد هەر وابوو، لە هەموو سەردەمێکی ژیانیا هەر لەو دەمەوە کە هەتیو و هەژار بووە تا بووەتە پێشەوا و سەردارێکی وا کە بەرامبەر (کیسرا) و (هەرکولی) وەستاوە، هەر ئەو پیاوە گیانییە بووە کە هەمووەدەم خۆی لە بەزمورەزمی جیهانی و ژیانی دەوڵەمەندانە دوور خستۆتەوە و هەژارانەیش ژیانی بەسەر بردووە هەرچی ناومالێکی بووە، بریتی بووە لە ڕایەخێک کە لە گەڵای دارخورما دروست کراوە بەو هەمووڕەقی و ناخۆشییەیەوە لەگەڵ گۆزە ئاوێکدا... جا پیاوێک بەدوای مێبازی و دامرکاندنی ئالۆشی خۆیدا بگەڕێ، ئەم جۆرە کەلوپەلەی ئەبێ؟!

## مارەکردنی بێوەژن لەبەرچی بووە؟

(محەمەد عەلی) دەست ئەکاتەوە بەپیشاندانی ئەو هۆیانەی کە محەمەدیان خستۆتە سەر ژن هێنانی زۆر ئەڵێ: ئەو شەڕانەی کە لە ناوەند ئەو شەشساڵەدا هەڵگیرسان، بوون بەهۆی ئەوەی کە زۆر لە ئافرەتە موسوڵمانەکان مێردەکانیان لە دەست بچێ بەتەنشت پێویستی ژیانەوە، پێویستی دامرکاندنەوەی ئارەزووی ڕەگەزبازیش کاری خۆی ئەکرد. هەموو سەردارێکی تێگەیشتوو و چاکە خوازێکی کردەوە و ڕەوشت بڵندیش، لێی ئەوەشایەوە کە بیر لەو بێوەژنانە بکاتەوە ئاخۆ چییان بەسەردێ بەهۆی ئەو دوو



پێویستییەوە: (برسێتی) و (ڕەگەزبازی)، بێتو ئەگەر چارەیەکیان بۆ نەدۆزێتەوە؟!... خۆ ئەگەر ئەو چارەیە نەدۆزرایەوە، بێ گومان کۆمەڵایەتی ئەکەوێتە تێک چوون و داڕزاندنەوە!... جا لەبەر ئەوە بوو کە پێغەمبەر ژنانی لەوانە ئەهێنا.

مەبەسیشی لەو ژن هێنانانە ئەوەبوو، کە ڕێزێک لە بیرەوەریی خۆ بەکوشت دانی مێردەکانیان بگرێ، بۆ ئەمەی موسڵمانەکانی تریش تیژ بکاتە سەر خۆبەخت کردن لە پێناوی ئاینی ئیسلامەتیدا... هەروەها مەبەسیشی ئەوەبوو کە موسڵمانەکان تیژ بکاتە سەر ئەوەی چاو لە خۆی بکەن و ژن لەو بێوەژنانە بهێنن تا بیان پارێزن لە برسێتی و داوێن پیسی!...

چوارەم بەشی ژیانی محەمەد، گرتنی مەکەی تیا ڕوودا، لەگەڵ دامەزراندنی ئیسلامەتیدا بەتەواوی... جا ئەگەر محەمەد لەوانە بوایە کە ژنی زۆریان ئەهێنا بۆ دامرکاندنەوەی ئالۆشی ڕەگەزبازیی خۆیان، یاخود بۆ خۆش ڕابواردن و بەزمورەزم، ئەم سەردەمە لە هەموو سەردەمێک باشتر دەستی ئەدا بۆ ئەو... بەڵام ئەو لەم ماوەیەدا هیچ ژنێکی بۆ خۆی نەخواست!

پزیشک (هەیکەل) لەم ڕووەوە ئەمەیشی ئەخاتە سەر، کە ئەڵێ: ئەمە زۆر سەیرە کە (خەدیجە) چەند کوڕوکچێکی بۆ محەمەد دا بەدەستەوە تا محەمەد گەیشتە نزیک تەمەنی پەنجا ساڵی... هەروەها (ماریەی قبطی)یش کوڕێکی لە محەمەد بوو، ناوی (ئیبراهیم)بوو، لە تەمەنی شەست ساڵیی محەمەد دا... کەچی لەم دوو ژنەی بەولاوە هیچ ژنێکی تری منالّی نەبوو... لەگەڵ ئەمەیشا هیچ ژنێک لە ژنەکانی تری محەمەد، بەرهەڵستێکیان لەبەردەمدا نەبوو بۆ منالّ بوون هەروەها لەتوانایشیاندا بوو کە سکیان پڕبێ و منالّیشیان بێ...

جا لەم کارەساتانەوە پزیشک (هەیکەل) ئەوە تێ ئەگات کە ژن هێنانەکانی محەمەد بۆ مەبەسی بەزمورەزم و ڕابواردن نەبوون!...

## هەندێ هۆی بێ هاوتا کە پاکانە بۆ ژن زۆر هێنان ئەکات[1]

پەزیشـک (هەیکەل) لە لێکۆڵینەوەکـەیدا، بەتەواوی بۆی دەرئەکەوێ، کـە مـحـەمـەد، لەکـاتی ئاسـاییـدا، ئامـۆژگـاریی وا کـردووە کـە لە ژنێک زۆرتر مـارە نەکـرێ... لەگـەڵ ئەمەیشدا بەپێی کەینەوبەینەی بێ هاوتای ئەو ژیانەی کە کۆمەڵایەتی ئیسلامی تیابوو، لەو سەردەمەدا، رێی ئەوەی داوە کە هەتا چوار ژنیش بهێنرێ بەمەرجێ مێردەکە بتوانێ دادپەروەرانە لەگەڵیاندا بجوولێتەوە... ئەو کەینەوبەینە بێ هاوتایەیش لەکاتی جەنگدا روویان ئەدا... پاش ئەوە ئەڵێ:

(بۆ چ دانیشتوانی خاکەکانی ئەوروپا، لەم چەرخەدا، کەدوای شەڕی گەورە کەوتووە، ئەتوانن ئەوە بڵێن کە یاسای ژن هێنانێکی یەک ژنی لە ڕاستیدا بەکار ئەهێنرێ، بام لە رووی یاسای فەرمانڕەوایشەوە بەسەر زاری بەکارهێنرابێ ؟!...

ئاخۆ هۆی پشێویی ئابووری و کۆمەڵایەتی پاش شەڕی گەورەیش ناگەڕێتەوە سەرئەوەی کە یارمەتییەکی ڕەوا و پەسەند لەناوەند هەردوو ڕەگەزدا پەیدا نەبووە بەهۆی ژن و مێردی پێک هێنانەکـەو[2] ؟ کـە ئەگـەر ئەو یارمـەتی دانە لەناوەند هەردوو ڕەگـەزەکـاندا لە ئارادابووایە، باری ئابووری و کـۆمـەڵایەتی گـشـتی تا ئەندازەیەک لەنگەری خـۆی پێ ئەگیرایەوە ؟!.).

مامۆستا (عەقاد)یش ئەوە ئەخاتە سەر قسەکەی ئەو ئەڵێ: محەمەد کە ژنەکانی خۆی

(١) هەرچەند لەم بەشەدا نووسەر هەندێ هۆی دەستنیشان کردووە، بەڵام جۆرە تێکەڵی و ناڕێکیەکی تێدا دەبینین، (محمد علی الصابوونی) لە (تفسیر آیات الأحکام)ەکەیدا چوار هۆکاری سەرەکی و بەهێزی دیاریکردووە: (التعلیمیة، التشریعیة، الأجتماعیه ، السیاسیه) کە هەریەک لەمانەی بەدرێژی شی کردۆتەوە و لەسەریان دواوە (ل ٢١٨- ٣٢٧) هەروا ناوی هاوسەرەکانی محەمەدی (د.خ) بەپێی مێژووی بوون بەهاوسەریی، نووسیوە و لەسەر هەریەکەشیانی نووسیوە: (خەدیجە کچی خوەیلد، سوودە کچی زمعە، عایشەی کچی ئەبوبەکر، حەفسەی کچی عومەر، زەینەب کچی جەحشی ئەسدیە، زەینەب کچی خەزیمە، دایکی سەلمە - هیند کچی ئەبی ئومەییەی مەحزومی، دایکی حەبیبە- ڕەملە کچی ئەبی سفیان، مەیموونە کچی حاریسی هیلالی، جوێرییە کچی حاریس و سەفیە کچی حوییی ئەختەب) خوا لێیان خۆشبێ. (ل ٣٢٧- ٣٣٨).
بۆ زیاتر بڕوانە: محمد علی الصایونی- روائع البیان تفسیر آیات الأحکام... دار أحیا التراث العربي.

(٢) ڕاستتر: بەهۆی پێکهێنانی ژن و مێردیەکەوە، یان... خێزانەکەوە



هەڵ ئەبژارد، لەسـەر ئەو بنچـینەیە هەڵی ئەبژاردن، کـە ئەو ئافـرەتە دامـابوون لەسـەر داڵادانێکی بەرێزانە.

یاخود چاکەی گشتی وای پێ ئەویست کە خزمایەتی بگرێت لەگەڵ گەورەکانی عەرەب و دەسەڵاتدارەکانی عـەرەبستاندا، چ لەگەڵ ئەوانەدا کە دۆستی بوون، چ لەگەڵ ئەوانەدا کە دوژمنی بوون هیچ ژنێکی محەمەدیش نییە کە لەسەر ئەم دووبنچینەیە نەخوازرابێ.

تەنانەت (عائشە)یش کە کچ بوو و کچێکی شەنگوشۆخ و جوانیش بوو هەر لەسەر ئەم بنچینەیە هێنای!).

مـاوەتەوە شتـێکی تر: مـحـەمـەد، بۆچ بۆ خۆی، گـوێی نەئەدایە ژمارە لە ژن هێناندا و کەچی بەموسڵمانەکانی ئەگوت لە چوار ژن زۆرتر مەهێنن؟[1].

وەرامدانەوەی ئەم پرسە ئاسانە چونکە قـوڕئان ژمـارەی ژن هێنانی دیاردی نەکردبوو، تا محەمەد لە هەموو ژن هێنانەکانی خۆی بووبووەوە!.

ئێمەیش بۆیەکا ئەمـەندە درێژەمان بەم گفتوگۆیەدا، لەبابەت ژن هێنانەکانی محەمەدەوە، چونکە دوژمـنە زمـان درێژەکـانی مـحـەمـەد، هەمـوودەم لەم لایەوە، هوروژمـیـان ئەبردە سـەر ژیانی تایبەتی محەمەد، بۆ ئەمەی لەسایەو پایەی کەم بکەنەوە.

## محەمەد خاوەن خێزان

مـحـەمـەد، وێنەیەکی بڵندی خـاوەن خـێـزانەکـان بوو ئەوە بوو هەندێ لەمـەوپێش، لە هەندێک لە کـردەوەکـانی مـحـەمـەد دووایین لەگـەڵ ژنەکـانیـا لەگـەڵ دەس و پێـوەندیشـا، هەروەک ئەوان، نەرم و دڵ فراوان و چاو پۆش بوو (أنس کوڕی مالک) گێڕابوویەوە کە لە ماوەی ئەو دەساڵەدا کە نۆکەری ژێر دەستی محەمەد بوو، نەجارێک تووڕەیی لێ دیبوو، نە جارێک گلەیی، گوتبووی: جارێک محەمەد ناردبووی بۆ فرمانێک لەڕێگا گەیشتبوو بەچەند مناڵێک یارییان ئەکرد ئەویش بەسەیرکردنی خەریک بووبوو...

(١) خوای گەورە بۆ ئەمە دەفەرمووێ (یا أیها النبيّ إنا أحللنا لك ازواجك اللاتی آتیت أجورهن وما ملکت یمینك مما أفاء الله علیك وبنات عمك و بنات عماتك وبنات خالك وبنات خالاتك اللاتي هاجرن معك وامرأةً مؤمنة إن وهبت نفسها للنبي ان اراد النبّي ان یستنکحها خالصة لك من دون المؤمنین قد علمنا مافرضنا علیهم في ازواجهم وما ملکت أیمانهم لکي لایکون علیك حرج وکان الله غفوراً رحیماً. الأحزاب/ ٥٠

کاتێکی زانیبوو محەمەد بەدوایدا هاتبوو، لەپشتەوە کراسەکەی ڕاکێشا و پێ ئەکەنی بە(ئەنەس)ی پیاوی گوتبوو: (بۆ کوێم ناردوویت برۆ!...)... ئەو پایەیەی (ئەنەس کوڕی مالک) دەستی کەوت لەناو زاناکانی ئیسلامدا، وەک یەکێک لە چوار پێشەوای چوار ئاییینەکان[1]، بەڵگەیەکە بۆ ئەمەی کە ئاییینی ئیسلام جیاوازیی نەخستبووە ناو تاک و تەراکانی کۆمەڵایەتییەوە تەنانەت ماوەی بەنۆکەریش دابوو کە ببێتە زانا و پێشەوا!...

محەمەد ئەوەی ئەزانی کە ژیانی ناوماڵ، چونکە هەر لەسەر یەک ڕەوشت ئەڕوات بەڕێوە[2]، ئافرەتەکان وەڕس ئەکات لەبەر ئەوە ماوەی ئەدا بەژنەکانی کە لە ماڵێدا بەخۆشی و بەزمەوە، تا ئەندازەیەک، ڕاببوێرن... گاڵتەوگەپی لەگەڵدا ئەکردن، بەشیرینییەکەوە ئەیدواندن...

لەم بابەتەوە ئەگێڕنەوە، کە محەمەد ڕۆژێکیان بەپوورێکی خۆی گوتووە کە ناوی (صفیە) بووە: (هیچ پیرێژنێک ناچێتە بەهەشتەوە!.)... پوورەکەیشی لە داخانا ئەگری!... محەمەدیش دەمودەست بۆی ڕۆشن ئەکاتەوە، کە خوا بەڵێنی داوە بەوانەی ئەیانخاتە بەهەشتەوە، کە سەر لەنوێ تەمەنیان تازە ئەکاتەوە و ئەیانکاتەوە بەهەرزەکار!...

(عائشە)یش گێڕایەوە، کە ڕۆژێکیان خۆی و پێغەمبەر چوونەتە دەرەوە بەنیازی گەشتێک، ئەوساکە (عائشە) بچووک و لەش سووک بووە لە ڕۆیشتنا، محەمەد و ئەو دواکەوتن لە کاروانەکە... پاشان پێی گوت:

(وەرە من و تۆ گرەو بکەین، بزانین کامان پێش ئەکەوین)... عائشەیش پێشی کەوت... محەمەد لەوەدا بێ دەنگ بوو بۆ جارێکی تر کە چوونەوە دەرەوە، بۆ گەشتێکی تر، دیسانەوە محەمەد داوای گرەوی ڕاکردنی لە عائشە کردەوە... بەڵام عائشە لەو دەمەدا هەندێک قەڵەو بووبوو... ئەمجارە محەمەد پێشی کەوت... ئنجا محەمەد بەپێکەنینێکەوە بەعائشەی گوت: (ئەمجارەم بەو جارەت!.)...

(١) مەبەستی لەو چوار ئیمامەیە کە پێشەوایی هەر چوار مەزهەبەکەی ئیسلامیان کردووە و بناغەدانەریانن، بەپێی قۆناغی مێژووی سەرهەڵدانیان ئەمانەن:
١- ئیمامی حەنەفی (ابو حنفیە نعمان کوڕی سابت ٨٣- ١٥٠ک).
٢- ئیمامی مالیک (مالیک کوڕی ئەنەس ٩٣- ١٧٩ک).
٣- ئیمامی شافیعی (محەمەد کوڕی ئیدریسی شافعی ١٥٠- ٢٠٤ک).
٤- ئیمامی حەنبەل (ئەحمەد کوڕی حەنبەل ١٦٤- ٢٤١ک)
(٢) بەڵکو: لەسەر یەک ڕەوت (وتیرە) دەڕوات...



## مناڵەکانی محەمەد... چاکەکردنی لەگەڵ مرۆڤ و گیانلەبەردا

محەمەد باوکێکی دڵنەرم و دڵسۆز و خاوەن بەزەیی بوو لە خاتوو (خەدیجە) دوو کوڕ و چوار کچی بوو... هەردوو کوڕەکەی بەمناڵی مردن... بەمردنیان محەمەد زۆر دڵی شکا... خەمباری لێی جیا نەئەبووەوە... بەڵام کچەکانی خۆی چاودێری کرد و پێی گەیاندن... دانی بەشوو بەوپیاوانەی کە لە دانگی خۆیاندابوون... لەپێش مردنی خۆیدا، سیان لەکچەکانی مردن... لەپاش مردنی خۆی هەر (فاطمە) مایەوە، کە ئەویش ژنی (عەلی کوڕی أبو تالیب) و دایکی (حەسەن و حوسێن) بوو.

کە پێغەمبەر تەمەنی گەیشتە نزیک شەست ساڵی لە (ماریەی قبطی) کوڕێکی بوو، دڵی زۆر پێ خۆش بوو ناوی نا (ئیبراهیم)، بەناوی (ئیبراهیم) پێغەمبەرەوە... یەجگار هۆگری ئەو کوڕەی بوو تەنانەت کە ئەیدی، دڵی ئارامی بێ ئەگەیشت، دەروونی ئەکەوتە سەرەوتەوە.

بەڵام کوڕەکەی نەگەیشتە تەمەنی دووساڵی، گیانی بەخاک سپارد... محەمەد، بەمردنەکەی یەجگار دڵی شکا بەبێ دەنگی و ئارامەوە بۆی گریا هەندێ کەس لە موسڵمانەکان ویستیان خەمەکەی بڕەوێننەوە، ئەوەیان بیرخستەوە کە خۆیشی گوتوویەتی خەفەت مەدەن بەدڵی خۆتان گوتی: (من نەمگوتووە خەفەت مەخۆن.

گوتوومە شیوەن و گریان مەکەن و دەنگ بەرز مەکەنەوە ئەو خەفەتیش کە بەمنەوە دیارە هی ئەوەیە کە لە دڵما پێ شوێنی خۆشەویستی و بەزەیی پیاهاتنەوە ماوەتەوە هەرکەسێکیش بەزەیی پیا هاتنەوە لە دڵیا نەبێت، کەس بەزەیی پیا نایێتەوە!.).

یەکێک لەو کردەوانەیش کە دڵنەرمی و بەزەیی پیاهاتنەوەی پێغەمبەر دەرئەخات، ئەوەیە: جارێکیان (حسن)ی کچەزای کە کوڕی (فاتیمە) و (عەلی) بوو دێتە ئەو ژوورەوە کە پێغەمبەر نوێژی تیا ئەکات کە تەماشا ئەکات پێغەمبەر لە نوێژەکەدا نوشتاوەتەوە بەسەر زەویدا، سواری پشتی ئەبێ محەمەد بەئارەزوو درێژە ئەدا بەکڕنووش کێشانەکەی خۆی بۆ خوا.

کە هەندێ لە هاوڕێکانی ئەوەی لێ ئەپرسن، ئەڵێ: (کوڕەکەم سواری پشتم بووبوو منیش حەزم نەکرد زوو لە پشتمی بهێنمە خوارەوە!) پێغەمبەر هەرچەند گوێی لە گریانی مناڵێک بوایە نوێژەکەی خۆی کورت ئەکردەوە، بۆ ئەمەی بچێ بەهاواری مناڵەکەوە وژیری بکاتەوە.

بەڵام چاکەخوازییەکەی محەمەد، هەر لەمەندەدا نەوەستا. ئەو هەر بۆ مرۆڤایەتی چاک نەبوو گیانلەبەرانیشی ئەگرتەوە!.

خۆشی بەدەستی خۆی ئاوی ئەکردە ئامانێکەوە و ئەیدا بەپشیلە بیخواتەوە... ئامۆژگاریی موسڵمانەکانیشی ئەکرد، ئەیگوت: (هەر چەند سواری ئەم چوار پێیانە بوون، بەشی خۆیان بیانحەسێننەوە)

(کە گیانلەبەران بەکارئەهێنن، لە خوابترسن ئازاریان مەدەن، تا لە تەندروستیدا نەبن، سواریان مەبن، تا لەش خۆش نەبن، گۆشتیان مەخۆن...) واتا بەچاکی سواریان بن، بەچاکی بیانخۆن.

یەکێک لەو چیرۆکانەی بۆ موسڵمانەکانی ئەگێڕایەوە، ئەوەبوو: کە جارێکیان ئافرەتێکی داوێن پیس و سۆزانی، بەلای سەگێکدا ئەڕوات سەگەکە لەتاو تینوێتی ئەکەوێتە گیانەڵڵا.

سۆزانییەکەیش کەوای ئەبینێ، دەمودەست پێڵاوەکانی خۆی دائەکەنێ و بۆی پڕ ئەکات لە ئاوو ئەیداتێ بیخواتەوە خوا لەسەر ئەوە لە گوناهی ژنەداوێن پیسەکە خۆش ئەبێ!...

ئەوەیشی بۆ گێڕانەوە کە (ئافرەتێک خرایە دۆزەخەوە، هەر لەبەر ئەوەی کە پشیلەیەکی بەپەت بەستبووەوە نەخۆی خواردنی ئەدایێ بیخوات نەئەیشی هێشت پشیلەکە، شتومەکی ناو زەوی بخوات)...

جارێکیشیان کەڵە شێرێکی هەبوو، نەخۆش کەوت هەروەک بەمناڵێکی خۆی دەرمان بدات، بەو ڕەنگە دەرمانی بەویش ئەدا!...



## ژیانی دەروێشانەی پێغەمبەر

لە دواییدا ئەوە ئەڵێین، کە ئەم لاپەڕانە هەرچەند زۆرن، بەڵام لە ڕاستیدا هەر سووچێک لە ژیانی پێغەمبەر دەرئەخەن!... محەمەد ئەو پیاوەبوو: گەیشتە پلەی هەرە بەرزی پایەداری و گەورەیی، کەچی هیچ لەخۆی نەگۆڕی چونکە ئەو هۆگری بابەتی جیهانی نەبوو... بۆ سایە و مایە و پایەی جیهانی تێ نەئەکۆشا... هەموو جارێک بەهاوڕێکانی خۆی ئەگوت:

(من نە خونکارم، نەپیاوێکی زەبر بەدەستم لە ڕاستیدا من کوڕی ئافرەتێکی مەکەییم کە گۆشت و ئاوی ئەخوارد[1].

محەمەد هەر تەنیا کراسێکی لۆکەی هەبوو لبادەیەکیشی لەبەردابوو، چمکەکانی تەنگ و تەسک بوون بەبازووی کەوایەکیشی هەبوو، لەوانەی کە لە (عمان) چنرابوو... لبادەیەکی (یمانی)یشی هەبوو، لە هەندێ ڕۆژانی تایبەتیدا لەبەری ئەکرد... لە پێخەفێکیشدا ئەنوست کە دۆشەکەکەی، ناوی، پڕکرابوو لەپووش هەندێ جار لەسەر ڕایەخێکی پووشی خورما ئەنوست یان لەسەر باڵا پۆشەکەی خۆی ئەنوست بەنوشتاوەیی... جارێکیان (عائشە) ئەو باڵا پۆشەی بۆ چوارتوێ کردبوو، بەزەیی پیا ئەهاتەوە، نەک ئازاری لەشی بگات کە محەمەد چووە سەر پێخەفەکەی لە عائشەی پرسی:

(ئیمشەو پێخەفەکەم بۆچ وا ئەستووربووە؟!). کە عائشە پێی گوت لەبەرچی وای لێ کردووە، پێی گوت: (وەک خۆی لێ بکەرەوە) جاری وایش هەبوو، مانگێک بەسەر ئەچوو، کەچی لەیەک ماڵ لە ماڵەکانی محەمەد دا ئاگرێک نەئەکرایەوە، نانێکی پێ بکرێ، یاخود چێشتێکی پێ لێ بنرێ وائەگێڕرایەوە کە محەمەد و خێزانەکانی لەسەر دووشت ئەژیان: ئاو و خورما!... هەروەها گوتراوە: (هیچ جارێک نەبووە پێغەمبەر دوو ڕۆژ لەسەریەک لە نانی جۆتێری خواردبێ!.)

کە محەمەد کەوتە سەرەمەرگەوە و خەریک بوو گیان بدات، لە پڕ خەبەری بووەوە و لە ژنەکەی خۆی پرسی: حەوت دینارە زێڕەکەی هەمە، لە کوێیە؟ فەرمووی: هەر ئێستا بیبەشنەوە بەسەر هەژاراندا پاش ئەوە لەهۆش خۆی چووەوە کە ئەمجارە هاتەوە هۆش

(١) بۆ ئەمە خوای گەورە بەمحەمەد دەڵێ کە بەخەڵکەکە ڕابگەیەنێ: (قل إنها أنما بشر مثلكم يوحى إليَّ إنما إلهكم إلة واحد- كهف/١٠٩)

خۆی، دیسانەوە، لە بابەت حەوت دینارە زێڕەکەوە پرسی لە ژنەکەی کردەوە ئنجا کەزانی هێشتا دابەشی نەکردووە بەسەر هەژاراندا، فەرمانێکی بەهێز و هەڕەت تری پێدا، گوتی: (محەمەد کە گەیشت بەخوا و ئەم پارەیەی لەلامابووەوە ئاخۆ خوا چی پێ بڵێ؟!. هەر ئێستا بیان بەشەرەوە بەسەر هەژاراندا پێغەمبەر نابێ هیچی لەپاش بەجێ بمێنێ نابێ کەسیش کەلەپووری ئەوی پێ ببڕێ!)... پاش ئەوە تاوێک بێ دەنگ بوو ئنجا لەبەر خۆیەوە گوتی:

(خوایە بەهەژاری بم مرێنە بەدەوڵەمەندی مەم مرێنە، بشم خەرە ناو دەستەی هەژارانەوە!...).

تەواوبوو

١٧- ١١- ١٩٦٥

# مووسا

ئەو پێغەمبەرەی خودا قسەی لەگەڵدا کرد

نووسەری: دانالی

لەلایەن (ئیسماعیل کامل)ەوە کورت کراوەتەوە و،

لە گەلێک سەرچاوەی تریشەوە خراوەتە سەری

ئەم نووسراوە

[مووسا] ، کە لە بابەت چیرۆکی ژیانی «مووسا» پێغەمبەرەوە، خودا لێی خۆشبێ، دەدوێ، هی نووسەری گەورە و مێژوونووسی بەناوبانگ «دانالی»یە. لەلایەن مامۆستا (ئیسماعیل کامل)ی میسرییەوە، کە ئەویش نووسەرێکی شارەزایە، کورت کراوەتەوە، لە گەلێک سەرچاوەی تریشەوە خراوەتە سەری، نووسراوێکی زۆر بەکەڵک و نایابە. بۆیەکا پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی دەکەم، تا کەسایەتییەکی شۆخ و، شەنگ و، بەهێز و هەرەتی، نیشتمانپەروەر و، گەلپەروەر و، مرۆڤدۆستی وەک (مووسا) پێغەمبەریان بخەمە پێش چاو، کە خەبات و کردەوە پاک و بڵندەکانی لە پێناو دەستخستنەوەی مافەکانی نەتەوەکەی خۆی، جوولەکەکان دا و، ڕزگارکردنیان لە دەست (هەژاری) و (نەخوێندەواری) و (نەخۆشی) و (زۆرداری) کردی بەگژ «فیرعەونی میسر»دا و، لەژێر سەرپەرشتیی «خودا»دا، ئەو نەتەوە کلۆڵ و سەرگەردانەی ئازاد کرد و ئاراستەی ژیانێکی باشتر و پاکتر و بڵندتریشی کرد.

«مووسا» تا جوولەکەکانی ئازاد کرد، لە دەست زۆرداریی سەدان ساڵانی (فیرعەون)ەکانی میسر و ژێردەستەکانیان، ئەوپەڕی خەبات و، ئەوپەڕی خۆبەختکردنی نواند، کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا جوولەکەکان ئازارێکی زۆریان دا، چ بەقسە و، چ بەکردەوە، تەنانەت ئەمەندە سەرکێشییان کرد، لە گیانی خۆی وەڕسیان کرد. لەگەڵ ئەمەیشدا (مووسا) لەژێر چاودێریی خودادا، لەژێر ناوی «تەوراتـ»دا، دەستوورێکی وا ڕێکوپێک و جوان و پەسندی بۆ ژیانیان دامەزراند، کە هەتا ئێستاکەیش کە (٣٣٠٠) ساڵ پتری بەسەردا ڕۆیشتووە، کار لە ژیانیان دەکات و، دەیانپارێزێ و، پێشیان دەخات و، جێگایەکی بڵندیشیان لەناو شارستانێتیی جیهاندا بۆ دەکاتەوە.



پێویستە ئەوەیش بڵێین کە (مووسا) چونکە پەروەردەی دەستی خێزانی فیرعەون بوو، بەیەکێک لە چینی هەرە دەسەڵاتدار و هەرە دەوڵەمەندەکانی میسر دەژمێررا. بەڵام خواناسییە بەهێزەکەی، کە فێری (نیشتمانپەروەری) و (گەلپەروەری) و (مرۆڤدۆستی)ی کردبوو، پاڵی پێوەنا هەموو سایە و مایە و پایەیەکی خۆی و، هەموو هێز و دەسەڵاتێکی خۆی و، هەموو خۆش ڕابواردنێکی شاهانەی خۆی لە پێناو ئازادکردنی نەتەوەکەی خۆیدا بەخت بکات، ڕەنج و تەقەللا و، برسێتی و، ڕووتی و، هەژاری و، دەربەدەری و، کزی و نەبوونی و، ئەرک و، ئازار و، هەڕەشەی کوشتن و، ڕیسوایی لە پێناو (بیروباوەڕ)ەکەی خۆیدا تووش هات. بەڵام نە کۆڵی دا و نە ورەی بەردا. هەر لەسەر خەباتی خۆی ڕۆیشت، تا بەئامانجی خۆی گەیشت. واتا: گەلی جوولەکەی ڕزگار کرد لە دەست زۆر و ستەمی فیرعەون و، دەرگایەکی گەورەیشی لێ کردەوە بۆ دواڕۆژی، کە بەتەواوەتی ڕزگاری ببێ لە دەست (زۆرداری) و (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری)، هەروەها لە کۆڕی (شارستانێتی)یشدا بگاتە ئەوپەڕی پێشکەوتوویی و کامەرانی و سەربڵندی.

«مووسا» تا جیهان بمێنێ وەک نموونەیەکی خوداناس و مەرد و خەباتکار و نیشتمانپەروەر، لە یادی هەموو مرۆڤایەتیدا دەمێنێ و چاوی لێ دەکرێ. (جوولەکەکان) لە سەردەمی (مووسا)دا، زۆر ناشیی و بەدخوو بوون. دیلییەکی (٤٣٠) ساڵی بۆ فیرعەونەکانی میسر بەدەردێکی وای بردبوون، کە لە کەڵکی پیاوەتیی خستبوون. سەرنوشوستی و پارەپەرستی نیشانەی سروشتیان بوو، لەبەرئەوە گەلێک جاری واهەبوو، مووسایان ئەمەندە لە گیانی خۆی وەڕس دەکرد. لە خودا دەپاڕایەوە کە ڕزگاری بکات لە دەستیان. کەچی کە دەهاتەوە سەرخۆی دەستی دەکردەوە بەخەباتە بەرز و پیرۆزەکەی خۆی.

«مووسا» مرد، بەڵام هەتا جیهان هەیە، ناوی هەر بەزیندوێتی دەمێنێتەوە، چونکە نەتەوەیەکی زیندوو کردەوە، بەڵام بەجۆرێکی وەها کە لەپاش ماوەیەک لە دیلێتیی دەستی خۆیشیان ڕزگاریان بوو، واتا دەستیان دایە خوداناسی و بوون بەگەورەی خۆیان. ئیتر لەوساکەوە دەستیان کرد بەگەشەکردن و پێشکەوتن و دەسەڵات پەیداکردن، بەجۆرێکی وا کە لە شارستانێتیدا گەیشتنە پایەیەکی یەجگار بڵند. ئەوساکە نزیکەی ساڵی (١٩٠٠)ی زایین بوو، بەڵام کە لە دەستوورەکانی ناو «تەوراتـ»ەکەی «مووسا» لایان دایەوە، هەمیسان سەرئەنگرێ بوونەوە. کەوتنەوە ژێردەستی ئەم و ئەو، پەرت و بڵاوبوونەوە بەهەموو لایەکی جیهاندا. تا ئەم چەرخەیش هەر لەناو ئاوارەیی و، دەربەدەری و، سووکی و، ڕیسواییدا ژیان، بەڵام لەم سەدەیەدا، دووبارە ئەو ڕێگایەی (مووسا)

لەگەڵ باو و باپیرانیاندا پێیدا ڕۆیشتبوو، گرتیانەوە، خودایان ناسییەوە و ڕێگای چاکەیشیان گرتەوەبەر. یەکیان گرتەوە و، مەردانە خەباتیان کردەوە و، خۆیان لە دەست زۆر و ستەمی زۆربەی گەلان و، فەرمانڕەوایانی جیهان ڕزگار کردەوە، ئەمەیش هەر بۆ ئەمان دەستوور نییە: هەر نەتەوەیەک ڕێگای ڕاست نەگرێ سەرناکەوێ.

لە ڕاستیدا خەباتی جوولەکەکانی ئەم چەرخە، شایانی لێکۆڵینەوە و، لێوردبوونەوە و، سەرنجدان و، پێڕەوی کردنە بۆ هەموو نەتەوەیەکی دیل و ژێردەست و دواکەوتوو. بەڵێ وایە (زانست) و (ڕەوشت و خووی بڵند) و (خوداناسی)، پێکەوە، ڕێگایەکن بۆ هەموو نەتەوەیەک، بەکامی ڕەوای خۆی دەگەیێنن!... نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهان بەم ڕێگایەدا ڕۆییوون... ئەی ئێمەی (کوردەواری) بۆچ پێیدا نەڕۆین؟!.

شاکر فەتاح

سلێمانی: ١٩٦٥/١٠/٢١

خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد



## هەندێک دەڵێن مووسا هەر نەبووە!

هەندێ کەسی وا هەن دەڵێن مووسا هەر نەبووە. هەروەها هی وایش هەن دەڵێن «هۆمیرۆس» و «شکسپیر»یش هەر نەبوون، ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەو کەسانە ئەوەندە گەندە پیاون، ناتوانن لە کەسایەتیی ئەو جۆرە گەورە پیاوانە تێ بگەن، لەبەرئەوە وایان پێ خۆشترە کە بڵێن هەر نەبوون!.

«مارک توین»ی نووسەر، کە وەرامی ئەو جۆرە کەسانە دەداتەوە، بەتەوسێکەوە وا دەڵێ: «ئەگەر هەر دە ئامۆژگارییەکە، مووسا نەینووسیبێ؛ بێگومان ئەوی نووسیوێتی، کەسێکی ترە، کە هەر ناوی مووسایە!!.».

وتاربێژێکی قسە نەستەقیش جارێکیان گوتبووی: مووسا گەورەترین کەسێکی مێژوویییە کە هەرگیز نەژیاوە!! یەکێک لە گوێگرەکانیشی لێی هەڵدەسێتە سەرپێ، پێی دەڵێ: «گەورەم! وا دەردەکەوێ دەتەوێ بڵێی: مووسا گەورەترین کەسێکی «هەڵبەستراو»ە، بەڵام تا سەر ناوی بەزیندوویێتی دەمێنێتەوە!.».

خۆ ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی «زانیاری»یش نەبێ لەسەر نەبوونی مێژوویی مووسا کەسایەتییە زیندووەکەی مووسا بووەتە هۆی پەیدابوونی «نووسراوخانە»یەکی تەواو لە بەرهەمی مێشک و بیرە شت دروستکەرەکان... جا ئەم کەسایەتییە کاریگەرەیە لە پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا، کە دەمانەوێ زیندووی بکەینەوە لەناو مێشکاندا...

## ئەو خەوەی فیرعەونی دڵتەنگ کرد!

ئەو وێنەی مووسایە کە دێتە پێش چاوی خاوەن لێکۆڵینەوەی ئیمڕۆوە، بریتیی لە بەرێکی تێکەڵی چیرۆکەکانی ناو «تەوڕات» و، ئەفسانەی عیبڕانییەکان. ئەمانە هەموویان لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە مووسا منداڵێکی جوولەکە بووە. باوکیشی کە ناوی (عەمڕان) بووە کوڕی (قاهبت) کوڕی (لاوی) کوڕی (یەعقووب) کوڕی (ئیسحاق) کوڕی (ئیبراهیم) بووە، کە لە چینی بەرزی عیبڕانییەکان بوون. دایکیشی کە ناوی (یوکان) کچی (لاوی) بووە، (عەمڕان)ی برازای خۆی مارەی کردووە، سێ منداڵی لێ لە دایک بووە: (هاڕوون) و (مەریەم) و (مووسا). جا کە مووسا لە دایکبووە، دایکی شاردویێتییەوە، نەوەک میسرییەکان سەری ببڕن! چونکە لە پێش لە دایکبوونی مووسادا «فیرعەون» خەوێکی وای دی، ئەوەندەی تر ڕقی لە جوولەکەکان هەڵسا. لە خەویدا وای

چاوپێکەوت: ئاگرێک لە (بیت المقدس)ەوە بەربۆتەوە و بەرەو میسر دێت!... ئەویش هەرچی جادووگەر و پیاوانی ئاینیی ئەودەمە هەبوو، کۆی کردنەوە بۆ لێکدانەوەی ئەو خەوە، ئەوانیش وایان پێ گوت:

«لە شاری (بیت المقدس)ەوە پیاوێک دێ، میسرییەکان لەسەر دەستی ئەودا لەناو دەچن!...». فیرعەونیش دەمودەست فەرمانی دا هەرچی منداڵێکی نێرینە لەناو عیبرانییەکاندا لە دایکبوو سەری ببڕن. بەڵام دەست لە منداڵی مێینە نەدەدن... بەم ڕەنگە دەست کرا بەکوشتنی منالّە نێرینەکانی جوولەکەکان. ئەوەندەی نەمابوو قڕیان تێ بکەوێ. لەسەر ئەوە گەورەکانی میسر مقۆمقۆیان پێکەوت، چوونە سەر فیرعەون و پێیان گوت: «ئەو عیبرانییانە ئەوەندەیان لێ کوژراوە و، ژمارەیان کەم بۆتەوە، ئەوەندەی نەماوە کار و فرمانی ناو کێڵگەکان و پەرستاگاکان و، دروستکردنی ڕێگاکان، بکەوێتە سەرشانی میسرییەکان، ئەگەر بهاتیتایە وازت لە کوشتنی جوولەکەکان بهێنایە، ئەوانەی دەمانەوە دەیانتوانی ئەم کار و فرمانانە ڕابپەڕێنن». ئیتر لەوساکەوە فیرعەون فەرمانی دا منداڵە نێرینەکانی جوولەکەکان ساڵێک بکوژرێن و، ساڵێکیش نەکوژرێن... کە ئەو ساڵە داهات، واز لە کوشتنی منداڵە جوولەکەکان بهێنرێ، (هاڕوون) لە دایک بوو... بەڵام کە ئەو ساڵە داهات منداڵە جوولەکەکان بکوژرێ، [مووسا] لە دایک بوو!...

مووسا یاری بەڕیشی شا دەکات!

«خستمانە دڵی دایکی مووساوە کە بەمووسا شیر بدات و گەورەی بکات، ئەگەر ترسایش لەوەی بیکوژن، فڕێی بداتە زرێ وە. نەترسێ لەوەی تووشی خنکان بێت، یان بکوژرێت. بۆ ئەوە خەفەت نەخوات. ئێمە بۆ خۆتی دەنێرینەوە دەیشیکەین بەیەکیک لە پێغەمبەران». (قورئانی پیرۆز)

کە مووسا لای دایکی خۆی سێ مانگێک مایەوە دایکی ترسا لەوەی پێی بزانن و بێن سەری ببڕن، لەبەرئەوە بێشکەیەکی بۆ دروست کرد و بەقیروزفت کونبڕی کرد. پاشان شیری دایە و خستیە ناو بێشکەکەوە. ئنجا فڕێی دایە ناو ڕووباری (نیل)ەوە بەمەریەمی کچیشی گوت دوای براکەی خۆی بکەوێ. شەپۆلی نا ڕووبارەکە بەسووکییەکەوە، گەیشتە بێشکەکە و هەڵی گرت بۆ کەناری ڕووبارەکە کە پڕ بوو لە گژوگیا. خۆشبەختانە، لەو کاتەدا کچی فیرعەون هاتبووە ئەو ناوە، مەلە بکات. کەنیزەکەکانی ئەو بێشکەیەیان دۆزییەوە. ئیتر لەو ساوە کچە شا بەزەیی پێدا هاتەوە و فەرمانی دا نەیکوژن. پاشان



هەڵی گرت و بردیە لای دایکی. ئەمیش هەر سەیرێکی کرد و دڵی پێی داچوو. بەو هیوایەوە هێشتیەوە، کە بەکاری خۆی و فیرعەون بێت، هەردووکیان بیکەن بەکوڕی خۆیان، کە خونکار ویستی سەری ببڕێ، شاژن لێی پاڕایەوە سەری نەبڕێ. ئەویش لەبەر دڵی ژنەکەی خۆی وازی لێ هێنا، گوتی: «لەوە دەترسم ئەم منداڵە لە عیبرانییەکان بێ و، منیش لەسەر دەستی ئەودا لەناو بچم!...».

ژنی فیرعەون ناوی منداڵەکەی نا (مووشە) واتا: لە ئاو دەرهێنراو، لە ئاوی نیل. منداڵەکەی هەڵگرت و بردیە بەردەم مێردەکەی خۆی، پێی گوت: «وەری گرە، بام ببێتە ڕۆشناییەکی چاوی خۆم و خۆت!»، کە فیرعەون منداڵەکەی لێ وەرگرت، (مووسا) دەستی برد بۆ ڕیشە درێژەکەی، یاریی پێکرد!... فیرعەون لەتاودا تووڕەبوو، دەنگی هەڵبڕی گوتی: «سەری بڕن!!». بەڵام ژنەکەی لێی پاڕایەوە، سەری نەبڕن. گوتی: «ئەو منداڵە هۆشی بەخۆی نییە تا ئەوە لێک بداتەوە و نەیکات!.». ویستی بەڵگە بهێنێتەوە بۆ ڕاستیی قسەکەی خۆی. پارچە خشڵێکی لە یاقووت دروستکراوی خستە دەستێکی خۆیەوە، لە دەستەکەی تریشیدا بەردێکی دانا. پاشان گوتی: «ئەگەر منداڵەکە دەستی برد بۆ خشڵەکە، ئەوە دیارە هۆشیارە و بیر لە شت دەکاتەوە، بیکوژن، بەڵام ئەگەر دەستی برد بۆ بەردەکە، ئەوە دیارە منداڵێکی ساوایە و تێگەیشتنی نییە، مەیکوژن!...». خشڵەکە و بەردەکەیان خستە بەردەمی منداڵەکە، منداڵەکە دەستی بۆ بەردەکە برد و هەڵی گرت. لەبەرئەوە فیرعەونیش بەنابەدڵ وازی لە کوشتنی منداڵەکە هێنا!. بەڵام منداڵەکە بەهیچ دایەنێک دانەدەمرکا، «مەریەم»ی خوشکیشی کە هەر لە زووەوە بەدوایەوە بوو، تەماشای ئەو کەینەوبەینەیەی دەکرد، چاوی لەوە بوو. لە ماڵی فیرعەون هاتە پێشەوە و، پێی گوتن: «ئەگەر دەتانەوێ دایەنێکی عیبرانیتان بۆ بدۆزمەوە شیری بداتێ و بەخێوی بکات و پێی بگەیێنێ». ئەوانیش پێیان گوت: باشە. (مەریەم) چوو بەدوای دایکی «مووسا» و خۆیدا، بۆی هێنان، دەم و دەست منداڵەکە مەمکەکەی مژی و شیری لێ خوارد. ئیتر لەوساوە، ژنی فیرعەون شیر دەرخوارددان و پێگەیاندنی مووسای سپارد بەو... بەم ڕەنگە خودای گەورە مووسای گەیاندەوە ناو باوەشی دایکی خۆی، تا چاوی پێی ڕۆشن ببێتەوە و، لەوە بەولاوە خەفەتی بۆ نەخوات!.

کاتێ کە لە شیر بڕایەوە، دایکەکەی (مووسا)ی بردەوە بۆ ماڵی فیرعەون، ئیتر لەوساکەوە مووسا لەناو کۆشکی فیرعەوندا گەورە کرا، وەک یەکێک لە شازادان پەروەردە دەکرا!. پیاوانی ئاین فێری خوێندەوارییان کرد و پێیان گەیاند، هەروەها چ بەئاشکرا، چ

بەنهێنی، بیروباوەڕی خوداناسییان بردە مێشکییەوە. ئەوانە ئەو بیروباوەڕانەیان لە بۆرە پیاوان دەشاردەوە، بۆ ئەمەی بەبتپەرستییەوە خەریکیان بکەن و، بەهۆی پێ ڕاگەیاندنی فەرمانی خوداکانەوە، هەموو دەم، لەژێر باردا بیانهێڵنەوە!.

## سەرکردەیەتیی هەڵمەتێکی جەنگ دەکات...

زانستی خوداپەرستیش لە هەلیۆ پۆلیسدا دەخوێنێت!...

«کە گەورە بوو پێگەیشت، دەسەڵاتی بڕیاردان و زانستمان پێ بەخشی. هەر بەم ڕەنگەیش کە پاداشی پیاوچاکان دەدەینەوە». (قورئانی پیرۆز)

کە مووسا گەیشتە هەڕەتی کوڕێنی، کرا بەسەرکردەی هەڵمەتێکی جەنگ بۆ سەر حەبەشییەکان (ئیتۆبییەکان). لەو شەڕەدا سەرکەوت و گەڕایەوە. بەڵام ئەو دەڵڕەقی لەشەڕ دەبووەوە. حەزی لە زانست و هونەر دەکرد. لەبەرئەوە چووە زانستگای خوداپەرستییەوە، کە ئەوساکە لە شاری (هەلیۆ پۆلیس)[1]، واتا لە (شاری ڕۆژ) دابوو. ڕیشی خۆی تاشی و دەستی کرد بەهاوبەشی کردن لە زۆربەی ئەو یاری و وەرزشانە کە لە زانستگاکەدا دەکران. ئەو ناوچەیەی مووسا تێیدا پێ دەگەیی، ئەو شتانەی بۆ ئەو هەڵکەوتبوون، هەموویان، ئەویان بەرەو ئەوە دەبرد، کە ببێتە جێگا بڵندێکی گەورەی میسری. هەتا لە ژیان دایە بەو جۆرە بژی، کە مردیش لاشەکەی لە شێوەی لاشەی گەورە پیاواندا داوودەرمان بکرێ و بپارێزرێ!.

بەڵام مووسا پیاوێکی شۆڕشگێڕ بوو... جوولەکەیش بوو... لەبەرئەوە، ئەو ئەوەی پێ خۆشبوو، کە خۆی فڕێ بداتە ناو چینە نزمەکانەوە، کە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کرێکارە جوولەکانەدا بکات کە فیرعەون بێگاری پێ دەکردن بۆ دروستکردنی خشتی سوور و خشتی کاڵ. مووسا سەری لەوە سوڕدەما، کە ئەو بێگانانەیش بەشی خۆیان مێژوویەکیان هەبوو، شانازییان پێوە دەکرد، هەروەک میسرییەکانی سەرداریان بەمێژووی خۆیانەوە دەنازین، ئەوانە بەمووسایان دەگوت: باپیرێکیان هەبووە ناوی (ئیبراهیم) بووە. شاری کلدانییەکان، (ئوور)ی بەجێ هێشتووە، لە پێناو دەستکەوتنی ئازادیدا... تا دوایی ئەو ئازادییەی لە خاکێکی تردا دەستکەوتووەتەوە، کە کەوتۆتە ناوەند بیابان و زرێوە... ئەو

(١) هیلۆ بۆلیس: یۆنانییەکان ئەم ناوەیان لە گەلێ شار ناوە، لەوانە؛ (بەعلبەک) لە لوبنان و (عین الشمس) لە میصر، لێرەدا ئەمەی دواییانە.



خاکە خاکی (کەنعان)ی پێ دەڵێن... خاکێکی جوان و بەپیتە «شیر و هەنگوینی تێدا هەڵدەقوڵێ». ئیبراهیم و هۆزەکەی لەو خاکەدا ژیاون. پەرەیان سەندووە و، سامانی خۆیشیان بە ڕانەمەڕ و ئاژەڵ و کشتوکاڵ پەرەپێداوە، تا وایان لێهاتووە دەوڵەمەند بن... بەڵام جوولەکەکان لە هەموو دەمێکدا گەلێکی بێ ئارام بوون. هەروەک بۆ مووسایان دەگێڕایەوە، وا دیارە چارەنووسیان هەر ئەوە بوو: کە لەم خاکەوە کۆچ بکەن بۆ ئەو خاک و بەناو سەر زەویدا بسووڕێنەوە... بەڵام دوایی گەیشتوونەتە خاکی فیرعەون، کەوا بەسەرگەردانی و دیلییەوە دەژین!...

ئەو گەلی جوولەکەیە و مێژووەکەیان، دڵی مووسایان کێش کرد، مێشکی هەر بەوانەوە خەریک مابوو، تا دەهات زۆرتر دەچووە سەردانییان. لە سەرەتادا دۆست و هاوڕێکانی مووسا، کە لە خاوەن پایە بڵندەکانی میسر بوون، کە سەرنجیان دەدا لە کردەوەکانی مووسا لەگەڵ بەندەکانیاندا، خۆشییان پێ دەهات بەشتێکی سەیر و ناوازەیان دەژمارد کە بەو جۆرە لەگەڵیاندا دەکرایەوە و ڕووی دەدانێ. بەڵام زۆری پێنەچوو دەستیان کرد بەگلەیی لێ کردن. هەروەها فیرعەونیش ئامۆژگاریی کرد کە لەگەڵ ئەو بێگانە ناشییە «سامی»یانەدا ئەمەندە تێکەڵی نەکات!... بەڵام مووسا گوێی نەدایە سەرزەنشتکردنی فیرعەون و ئامۆژگاری کردنی هاوڕێکانی... ڕۆژێکیان چاوی لێ بوو، چەند کرێکارێکی عیبرانی خشتیان دەبڕی، یەکێک لە سەرکارەکانیان کە میسری بوو، بەدڵڕەقییەکی زۆرەوە لە کرێکارێکیانی دەدا. مووسا کە ئەوەی دی، خۆی پێ نەگیرا، لەپڕ هورووژمی بردە سەر کابرای زۆردار، شەپازللەیەکی لێدا کوشتی!... بەڵام مووسا لە کردەوەکەی خۆی پەشیمان بووەوە. تکای لە «خودای خۆی» کرد لە گوناهی خۆش ببێ و، هەرگیز ماوەیشی نەدات ببێتە پشتیوانی گوناهباران و کۆمەکیی پیاوخراپان بکات... ئیتر دەمودەست کوژراوەکەی لەناو خاکدا شاردەوە نەیهێشت کەس بەوەیش بزانێ ئەو جوولەکەیە نەبێت کە زۆری لێ کرابوو!...

## هەڕاکردن بۆ خاکی مەدیان

ڕۆژی دوایی مووسا جوولەکەکەی ئەو ڕۆژەی دییەوە، بەگژ میسرییەکی تردا دەچوو، دیسانەوە هاواری بۆ هێنایەوە کە یارمەتی بدات! مووسا تێگەیشت جوولەکەکە پیاوێکی سەر بەئاشووبە، حەز بەگەڕوگێچەڵ دەکات، قیژاندی بەسەریدا گوتی: «دیارە تۆ پیاوێکی خراپی!». جوولەکەکە وایزانی مووسا دەیەوێ پەلاماری بدات... دەستی کرد بەقیژاندن گوتی: «مووسا، دەتەوێ وەک دوێنێ یەکێکت کوشت، ئیمڕۆیش من بکوژیت؟ وا دیارە تۆ بۆ ئەوە دەگەڕێیت زۆر لەم و لەو بکەیت. ناتەوێ چاکە بکەیت». پاش ئەوە بەهەڵەداوان چوو بۆ ناو ئەم کۆمەڵ و ئەو کۆمەڵ، ئەوەی بڵاوکردەوە کە ئەوی سەرکارەکەی کوشت، لە ڕۆژی پێشوودا، کەس نەبوو مووسا نەبێ!. کە ئەم قسەیە گەیشتەوە بە فیرعەون فەرمانی دا مووسا بگرن... هەندێ لە میسرییەکانیش خۆیان کوتا بۆ ئەوەی مووسا سەرببڕن!... بەڵام یەکێک لە پیاو باشەکانی کەسوکاری فیرعەون، لەوپەڕی شارەوە خۆی دەرباز کرد، لە پێش هەردوولادا، بەڕێگایەکی کورتدا خۆی گەیاندە مووسا. لەوێ بەمووسای ڕاگەیاند، کە هەموو لایەک خەریکی گەلەکۆمەکێن، دەیانەوێ بیکوژن. پاشان ئامۆژگاریی کرد، خۆی دەرباز بکات لە دەستیان، دەمودەست میسر بەجێ بهێڵێ. مووسایش هەر ئەو کاتە میسری بەجێ هێشت. لە خۆی دەترسا بیکوژن دەیگوت: «خودایە! لە دەست نەتەوەی زۆردار ڕزگارم بکەیت.».

مووسا وای بەباش زانی کە بچێتە خاکی (مەدیان)، لە نزیک کەنداوی (عقبە)وە بەپێی پێخاووس، هەشت شەو و هەشت ڕۆژ ڕۆیشت، تا خۆی گەیاندە ئەوێ لە ڕێگا خۆرشتی پێ نەبوو، بەگەڵای دار گوزەرانی دەکرد... بەم ڕەنگە شازادەکەی میسر بووە شوانێک لەو دەشتە پان و فراوانەدا کە بیابان گرتبوویە باوەش. ئیتر لەوساوە دەستی کرد بەفێربوونێکی نوێ، پەڕاو و ئەفسانە پڕوپووچەکانی زانستگای واز لێ هێنا، کە لە بابەت تارماییی مردووان و پەروەردەکردنی لەشی مردووانەوە دەیخوێند! لە بابەتی ئەوانە، لە ڕاستیی ئاسمانەکان ورد دەبووەوە، لە شەوەزەنگە تاریکەکاندا، کە ئەستێرە گەشەکانی تێدا دەدین و کشانی ئەستێرەکانی چاو پێ دەکەوت! مووسا ئەمانەی دەخوێندەوە. بڕیاری دا ئەو خودایە بدۆزێتەوە کە تەنیایە و هەڵیش دەگرێ ڕێزی لێ بگیرێ و بەپیرۆز دابنرێ و بپەرسترێ. ئەو خودایەی کە لە بیاباندا چاوی پێ دەکەت بەناو گێژەلووکی لمدا تێپەڕی دەکرد، کە لە گرمەگرمی هەورە تریشقەدا گوێی لە دەنگی دەبوو، کە لە بەرەبەیاندا



ڕووبەڕووی دەبووەوە، لە کاتی ڕاپەڕینی ڕۆژدا لە خەو، کە ئاگری بەر دەدایە چوارلای بیابانەکە لە ئاسۆدا مووسا، خودا تازەکەی خۆی لە بیاباندا دۆزییەوە پەککو!... چ خودایەکی سامناک بوو!... خودایەک (عەرەب) بوو[*]، بەچنگ بوو، کە نەتەوەکە دەنووستن، ئەو پاسەوانیی دەکردن، خۆی سەرکردەیی دەکردن بۆ جەنگ دڵی نەدەسووتا بەدوژمنەکانیان، هەتا پێی دەکرا لێی دەکوشتن... بەڵام خودایەکی وایش بوو، لە زۆرداری بێدەنگ نەدەبوو، لە زیانداری دەستی هەڵنەدەگرت. یارمەتیی ئاوارەی دەدا، دەستی دەکێشا بەسەر هەتیواندا، بەزەیی بە بەشبڕاو و خوازەڵۆکدا دەهاتەوە... خودایەکی وابوو، کە کردەوەکانی وەک کردەوەکانی عەرەبە کۆچەرەکان وابوو. هەروەک مووسا سەیرێکی ئاوێنەی کردبێ و، لە وێنەی خۆیەوە خودای ناسیبێ وابوو... چونکە وێنەی ئەو خودایەی مووسا کێشابووی، لە وێنەی خۆی دەکرد، بەڵام گەورە کرابوو... چونکە پێغەمبەرێکی ئاینیی گەورە، وەک هونەرمەندێکی گەورە وایە، کەسایەتییەکەی خۆی تێکەڵ بەکەسایەتیی نموونەکەی دەستکردی خۆی دەکات.

## ئەو ژنەی بوو بەهاوسەری

مووسا چەند ساڵێک لەو دەشت و بیابانەدا مایەوە، حەزی بەتەنیایی و فراوانی و بێدەنگییەکەی دەکرد. ئەودەمە ماوەیەکی گەورەی هەبوو کە بەئارەزووی خۆی بیربکاتەوە. سروشتە دەروێشانەکەی، خۆرشتێکی نایابی وەردەگرت لەناو ئەو بێدەنگییە فراوانەدا کە لە ناو ئەو لم و ئاسمانە بێ پایانەدا دەستی دەکەوت. بەڵام لەو سروشتی مرۆڤایەتییە هەڵنەدەگەڕایەوە، کە دەیویست ژنێکی دەست بکەوێ و بیکاتە هاوسەری خۆی.

نووسراوەکانی خودا کە نێرراونەتە خوارێ بۆ پێغەمبەرەکان، لەم ڕووەوە چیرۆکی خۆش خۆش دەگێڕنەوە: مووسا سەرنجی دا لە (مەدیان)دا، چەند کۆمەڵەیەک ئاژاڵەکانی خۆیان ئاو دەدا. لەناو ئەو کەسانەدا دوو ئافرەت هەبوون، مەڕەکانی خۆیان لادەدا لە ئەستێرکەکە، لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوون کە شوانە خاوەن دەسەڵاتە بەزەبروزەنگەکان لە ئاودانی ئاژاڵەکانی خۆیان ببنەوە، ئنجا ئەوانیش مەڕەکانی خۆیان ئاو بدەن. کە پرسی کرد لە ئافرەتەکان بۆچ مەڕەکانیان ئاو نادەن، لەو ئاوە ڕوونە کە هێشتا لیڵ نەکراوە؟ گوتیان

(*) نووسەر خۆی دەڵێ مووسا جوولەکەیە و عیبرانییە، نازانم چۆن ئەم هەڵەیەی کردووە و عیبرانیی لێ بووە بەعەرەب!. بۆچ هەر عەرەبن کە هۆزی ڕەوەندیان بووبێ؟! یان هەموو نەتەوەیە لە پێشدا هۆی ڕەوەند بوون، کە جوولەکەکان خۆیشیان وابوون. (وەرگێڕ)

ئەگەر دەست بکەن بەئاودانی مەڕەکانیان، شوانە دەسەڵاتدارەکان بەربەستیان دەکەن، کەسێکی وایشیان نییە کە ئەو شوانە بەهێز و هەڕەتانە بوەستێنێ، تا مەڕەکانی خۆیان ئاو دەدەن. هەرچی باوکیانە پیربووە و پەکی کەوتووە. توانایی ئەوەی نەماوە نە مەڕ بلەوەڕێنێ، نە مەڕ ئاوبدات...مووسایش کە ئەوەی بیست، دڵی بەئافرەتەکان سووتا، دەماری مەردایەتیی بزووت، دەستی یارمەتیی بۆ درێژکردن. دەمودەست چووە سەر بیرەکە کەڵەبەردێکی زل و گران زۆربەی ئاوەکەی بەربەست کردبوو – ژمارەیەکی زۆریش لە دانیشتوانی شارەکە لەسەر ئەو بەردە کۆببووبوونەوە، بەڵکو لای ببەن و ئاوەکە بەڕەڵڵا بکەن – مووسا بەتەنیا ئەو کەڵەبەردەی هەڵکەند و تلۆری کردەوە، کە شوانەکان ئەو هێز و هەڕەتە بێ هاوتایەیان لە مووسا دی، بەهێواشی کشانە دواوە و بەرەنگاری دوو ئافرەتەکە نەبوون، مەڕەکانیان ئاو بدەن. ئافرەتەکانیش مەڕەکانیان بەتەواوەتی لەو ئاوە پاکە ئاودا، کە جاران لە پاش ئاوی لیخن و لیڵ نەبوایە، مەڕەکانیان بۆ ئاو نەدەدرا!...

کە ئافرەتەکان گەڕانەوە لای باوکیان، کابرا سەری سوڕما لە زوو گەڕانەوەیان، چونکە لەوەپێش تا درەنگێ نەیاندەتوانی بێنەوە کە لێی پرسین: چۆنە وا ئیمڕۆ زوو هاتوونەتەوە؟ چیرۆکی مووسایان بۆ گێڕایەوە، کە کابرایەکی میسری هاتۆتە کۆمەکییان و، بەگورجی ئاوی مەڕەکانی خۆیان داوە، بۆیەکا وا زوو هاتوونەتەوە... (شێخ شوعەیب) ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو. کچێک لە کچەکانی خۆی ناردە شوێن مووسا. لە شوێنێکی نزیک بیرەکەوە دۆزییەوە. بەشەرمێکەوە پێی گوت: «باوکم بانگت دەکات، بۆ ئەوەی پاداشی ئەو چاکەیەت بداتەوە، کە مەڕەکانت بۆ ئاوداین». مووسایش نەپارەی لە گیرفاندا بوو، نەخواردەمەنییشی پێ بوو. هەرچەندە سەری بڵند بوو و ڕێزی لە خۆی زۆر دەگرت، بەڵام ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو، کە خودا دەرگایەکی گەورەی لێ کردەوە بۆ ئەوەی لەو برسێتییە دوورودرێژە ڕزگاری ببێ. دوای ئافرەتەکەی کەوت و ڕۆی. کە بایەکە هەڵی کرد دوو سمتی ئافرەتەکەی دەرخست، مووسا خۆی خستە پێش ئافرەتەکەوە، پێی گوت: «ئێمە سەیری پشتی ئافرەت ناکەین حەزدەکەم تۆ لە دوامەوە بڕۆیت، جا ئەگەر لە ڕۆیشتندا هەڵەم کرد، تۆ ڕێگاکەن پێشان بدە». کە مووسا گەیشتە کن باوکی کچەکان، (شەعیب) بەرەوپیری هات و، بەگەرمێکەوە خۆش هاتن و چاک و چۆنیی لەگەڵدا کرد. پاشان لە مووسای پرسی: چۆنە وا گەیشتوویتە ئێرە؟ مووساش سەرگوروشتەی خۆی بەدرێژی بۆ گێڕایەوە: کە فیرعەون لە میسردا چی لە عیبرانییەکان دەکات، خۆیشی چۆن میسرییەکی کوشت، بێ ئەمەی حەز بەکوشتنی بکات، لەسەر ئەوەی کە کرێکارێکی جوولەکەی ئازار



دەدا، کە چۆن میسرییەکانیش بەدوایدا دەگەڕێن بیکوژن، کە چۆن ئەویش هەڕای کردۆتە (مەدیان) بۆ ئەمەی لە دەست ئەوانە ڕزگاری ببێ. شێخەکەیش دڵی مووسای دایەوە و پێی گوت: «مەترسە، لە دەست گەلی زۆردار ڕزگارت بووە». یەکێک لە کچەکانیش مووسای بۆ باوکی وا پێشان دا، کە پیاوێکی بەهێز و هەڕەتە و جێگای پشت پێ بەستنیشە. ئەویش لە کچەکەی خۆی پرسی: «ئەوا هێزەکەیم بەوەدا بۆ دەرکەوت کە ئەو کەڵەبەردەی لە سەردەمی بیرەکە هەڵکەندووە. ئەی لە بابەت سەرڕاستییەکەی و پاکییەکەوە چیت دیوە؟» کچەکەیش گوتی: «من لە پێشیەوە دەڕۆیشتم، ئەو نەیویست ناپاکیم لەگەڵدا بکات، پێی گوتم لە پشتیەوە بڕۆم!». شوعەیبیش کە ئەوەی بیست، زۆرتر دڵی بەمووسادا چوو، زۆریش بەزەییی پێداهاتەوە، لەبەرئەوە، ڕووی لێنا کە ببێتە شوانی بۆ ماوەی هەشت نۆ دەساڵێک بەمەرجێ لە تۆڵەی ئەوەدا کچەکەی خۆی لێ مارە بکات!.

## ژن دەهێنێ و کوڕێکیشی لێی دەبێ

پیاوە پیرەکە بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا. «صفورة»ی کچی لە مووسا مارە کرد، کوڕێکی بوو ناوی نا «جرشووم»، واتا لە دایکبووی ئاوارە. ڕۆژێکیان مووسا مەڕەکانی دەلەوەڕاند، ژنەکەیشی لەگەڵ بوو، ڕێگای لێ ون بوو. شەوەکەی سارد بوو، ویستی ئاگرێک بکاتەوە، بەڵام بەردەستێکەی[1] ئاگرەکەی هەڵنەگیرساند. لەو کاتەدا ئاگرێکی لە دوورەوە بەرچاو کەوت. بەخێزانەکەی خۆی گوت: «ئێوە لێرە بمێننەوە. من چاوم لە ئاگرێکە دەسووتێ. دەچم بۆ ئەوێ، بەڵکو پزیسکێکی لێ بهێنم، یاخود بەهۆی ئاگرەکەوە ڕێگایەک بدۆزمە. کێ لەوێ بوو لێیان دەپرسم بەڵکو ڕێگاکەم پیشان بدەن». مووسا هەر ڕۆیشت بەدەم ئاگرەکەوە، تا لە (مەدیان) دوورکەوتەوە و گەیشتە «سینا» لەناکاو مووسا درەختێکی دی ئاگری تێبەربووبوو. نەئاگرەکە دەکوژایەوە، نەدەرەختەکەیش دەسووتا!. لەوکاتەدا کە ئەو لەو پەشۆکاوییە دابوو، لەناو جەرگی ئاگرەکەوە دەنگێکی بیست، بانگی دەکرد، مووسا داچڵەکی!... بەڵام دەنگەکە قسەی لەگەڵ کرد، گوتی: «ئەی مووسا! من خودای تۆم، پێڵاوەکانت دابکەنە، چونکە تۆ لە دۆڵی پیرۆز دایت». مووسایش پێڵاوەکانی خۆی داکەند، دەنگەکە دەستی پێکردەوە: «وا من تۆم هەڵبژاردووە، گوێ بگرە چ نیازێکت پێ دەبەخشم. خودا منم. کەسی تر خودا نییە. بم پەرستە. نوێژ بکە بۆ ئەمەی

(١) بەردەستێ: بەردە ئەستێ: ئەو بەردەی بە بەیەکادانی ئاگری پێ دەکرێتەوە.

منت بیر بکەوێتەوە، ئەوددمە هاتووە کە هەرکەسە بەپێی کردەوەی خۆی پاداشی بدرێتەوە، یاخود سزا بدرێ، ئەوەندەی نەماوە ئەوددمە بشارمەوە. تۆ لەوە دڵت نەڕەنجێ و دەست بەردار نەبیت، کە کەسانی وات تووش ببێت بڕوا بەم قسەیە نەکەن و دوای ئارەزووی خۆیان بکەون. ئەگینا خراپت بەسەر دێ».

«تەوڕات»یش چیرۆکەکە بەم جۆرە تەواو دەکات:

«مووسایش دەموچاوی خۆی داپۆشی، چونکە نەیدەوێرا تەماشای خودا بکات. خودا فەرمووی: «کە چاوم کەوت بەسەرگەردانی و دیلیی نەتەوەکەم و هاوار و فەریادیانم هاتە بەرگوێ، هاتمەوە خوارەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بکەم، دەی ئێستاکە خۆت ئامادە بکە بتنێرم بۆ کن فیرعەون تا نەتەوەکەم، نەوەی ئیسرائیل، لە میسر ڕزگار بکەیت». مووسایش گوتی : «من کێم هەتا بتوانم بچمە لای فیرعەون و نەتەوەی ئیسرائیل لە میسر بهێنمە دەرەوە؟!». خودایش فەرمووی : «من لەگەڵتدا دەبم». مووسا گوتی: «وا من دەچم بۆ لای نەوەی ئیسرائیل، پێیان دەڵێم: خودای باو و پیرتان منی ناردووە بۆ لای ئێوە. جا ئەگەر گوتیان: خودا ناوی چییە؟ چییان پێ بڵێم؟».

خودایش فەرمووی: «وا بڵێ بەنەوەی ئیسرائیل: خودای باو و باپیرتانە، خودای ئیبراهیم، خودای ئیسحاق، خودای یەعقووب، منی ناردۆتە لای ئێوە».

مووسایش گوتی: «ئاخر ئەوانە باوەڕ بەمن ناکەن. پێم دەڵێن خودا خۆی دەرنەختستووە بۆ تۆ...». خودایش پێی گوت: «ئەوە چییە لە دەستتدا؟». مووسا گوتی: «گالۆکە». خودا گوتی: «فڕێی بدەرە سەر زەوی». کە مووسا گالۆکەکەی خۆی فڕێ دایە سەر زەوی، گۆڕراو بوو بەمار. مووسا ترسا لێی و ڕایکرد... پاشان خودا پێی گوت: «دووبارە بۆ ئەمەی بڕوات پێ بکەن، دەستت بخەرە گیرفانتەوە». مووسایش دەستی خستە گیرفانەکەیەوە و، دەریهێنایە دەرەوە، کە تەماشای کرد دەستی وەک بەفر سپی دەچێتەوە!... پاشان پێی گوت: «دەستت بخەرەوە گیرفانت». ئەویش دەستی خستەوە گیرفانی و دەریهێنایەوە، کە تەماشای کرد، وەک خۆی لێهاتەوە!!.».

بەم دوو بەڵگەیەوە، خودا فەرمووی بەمووسا کە بچێتە کن فیرعەون و هەڤاڵەکانی بەردەستی، کە لە خودانەناسەکان بوون، بەڵام مووسا دەترسا بچێتەوە میسر، چونکە سەرکارێکی کرێکارەکانی لێ کوشتبوون.

لەبەرئەوە لە خودا پاڕایەوە کە (هاڕوون)ی برایشی لەگەڵدا بنێرێ بۆ کن فیرعەون،



چونکە ئەو زمانی لە مووسا پاراوتر بوو، قسەکانیشی بەهێزتر بوون. خودایش پێی گوت: «بەهۆی براکەتەوە دەست و بازووت توند دەکەینەوە. دەسەڵاتیشتان پێ دەبەخشین. بەهۆی ئەو شاکارانەوە کە پێمان بەخشیون ناتوانن ئازارتان بدەن. ئێوە و پیاوەکانتان سەردەکەون بەسەریاندا».

هەروەها خودای گەورە پێی فەرموو: ئەگەر لە فیرعەون زارەترەک بوویت، دەستەکانت بخەرە بن باخەڵتەوە. ئەوساکە خودا هێز و ئارام بەدڵت دەدا و، ئامادەیش دەبیت بەرگەی بگریت!...

## گەڕانەوە بۆ میسر!

ئیتر مووسا گەڕایەوە کن ژنەکەی، پاشان پێکەوە ڕۆیشتن تا گەیشتنەوە میسر. لە ماڵی خۆیاندا دابەزین. ئنجا کە بە (هاڕوون)ی برای گوت، ئەویش هاوبەشە لەم نامەکارییەی ئاسمانییەدا، ئەویش دەبێ یارمەتی بدات لە پێگەیاندنی نامەکەدا بە فیرعەون و ژێر دەستەکانی؛ هاڕوون بۆ فەرمانەکەی خودا ملکەچیی نواند، بەڵام دایکیان تکای لێ کردن کە نەچنە کن فیرعەون نەوەک بیانکوژێ، بەڵام ئەوان گوێیان نەدایە قسەی دایکیان، چوونە کن فیرعەون و نامەکەی خودای پێ ڕاگەیاند، کە باوەڕ بەخودا بکات، بەخاوەنی هەموو جیهان. نەتەوەی ئیسرائیلیش بەرەڵڵا بکات و لەگەڵیاندا بیان نێرێ، تا دەست بکەن بەپەرستنی خودای تاک و تەنیا و زەبر بەدەست... فیرعەونیش کە ئەمەی لە مووسا بیست سەری سوڕما لە سپڵەیی. ڕۆژەکانی کۆنی خۆی بیرخستەوە، پێی گوت: «ئەی ئێمە نەبووین تۆمان لەناو خۆماندا گەورە کرد و، گەلێک ساڵیش لەناوماندا مایتەوە؟ ئەی تۆی نەبوویت کە ئەو کردەوەیەت نواند، تۆ لە خودانەناسەکانیت!.».

مووسایش گوتی: «من بووم ئەو کردەوەیە ڕووی لێدام. من لەوەدا گومڕا بووم، بەڵام لێتان ترسام بۆیەکا ڕۆیشتم. دوای ئەوە خودای خۆم، دەستوورێکی دایە دەستم کە لە سەری بڕۆم. منیشی کردووە بەڕاسپێراوی خۆی». فیرعەونیش گوتی: «مووسا! خودای ئێوە کێیە؟». گوتی: «خودای ئێمە ئەو خودایەیە کە هەموو شتێکی دروست کردووە و، ڕێگای ڕاستیشی پێشان داوە بۆ ژیانێکی پاک و بەرز و پیرۆز». فیرعەونیش بەوانەی گوت کە لەوێ دانیشتبوون: «خۆ گوێتان لێیە ئەم کابرایە دەڵێ خودایەکی تر هەیە بێجگە لەمن؟!. ئەم ڕاسپێراوەی بۆ ئێوە نێرراوە بەڕاستیی شێتە!!.». مووسایش گوتی: خودای

ئێوه ئەو خودایەیە کە لە سەرەتاوە باو و باپیرانی ئێوەی دروست کردووە. پاشان ئێوەیشی لە باوکەکانتان دروست کردووه»...

ئنجا کە مووسا درێژەی دا بەبانگ ڕاهێشتنەکەی خۆی لەگەڵ فیرعەون دا کە باوەڕ بهێنێ بەخودا، بەتایبەتی لەناو کۆمەڵەیەکی گەورەی کەسوکار و هۆزەکەیدا، بەو مەبەسەی کە لە سامی ئەو کەم بکاتەوە، فیرعەون ئەم «خودایە تازە»یەی خستە پشتگوێ. پاشان ڕووی کردە دانیشتوانی هۆزەکەی خۆی و پێی گوتن: «وا خەریک دەبم هۆیەکی وا بدۆزمەوە کە بچم بەئاسماندا، بۆ ئەمەی ناوەندی خۆم و خودای مووسا بپڕێنمەوە!!» ڕەنگە ئەو لە قسەکەی مووسا وا تێگەیشتبێ کە گوتی: «خودای زەوی و ئاسمان»ە، کە خودا لە ئاسمان دایە، چونکە ئەوی گەورە بێ و بتوانێ بەرزببێتەوە، نایەتە خوارەوە، پاشان فەرمانی دا خشتی سوور دروست بکەن و باڵاخانەیەکی وای بۆ ساز بکەن، کە پێیدا سەر بکەوێ و بگاتە ئاسمان، تا لەوێ خودای مووسا ببینێ، کە بەلای ئەوەوە هەر نییە!!...

فیرعەون پیاوێکی ناشی و نەزان نەبوو، بەڵام ئەو دەیویست نەتەوەکەی خۆی چەواشە بکات، تا ئەوە بەبیریاندا نەیەت کە لە توانایییدا نییە بچێ بەگژ هەموو خودایەکدا، تەنانەت ئەگەر لە ئاسمانیشدا بێ!!. دروستکردنی باڵاخانەکەی خستە سەر ئەستۆی (هامان)ی کاربەدەستی. لە ئەفسانەکاندا وا دەردەکەوێ کە «هامان» تا توانی باڵاخانەیەکی بەرزی بۆ دروست کرد. پاشان فیرعەون سەرکەوتە سەرەوەی. لەوێدا تیرێکی گرتە ئاسمان، تیرەکە گەڕایەوە لای خۆی خوێنی پێوەبوو. ئنجا پێی گوتن: «وا بەچاوی خۆتان دیتان خودایەکەی مووسام کوشت!!».

## بەندەکانی فیرعەون هان دەدا سەرکێشی بکەن!

پاشان مووسا خۆی گەیاندە بەندەکانی فیرعەون، هانەی دەدان سەرکێشی بکەن و، لە زۆردارەکانی خۆیان هەڵبگەڕێنەوە، بەم ڕەنگە شازادەکەی میسر و شوانەکەی ناو بیابان، گۆڕرا و خۆی کردە سەرکردەیەکی جوولەکە. خۆی ئامادە دەکرد بۆ سەرکردەیەتیی شۆڕشێک لە شۆڕشە هەرە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی .

ئەفسانەکان دەڵێن، فیرعەون بانگی کردە لای خۆی و بەکەشوفش و لووت بەرزییەکەوە لێی پرسی: «تۆ بە چ هێزێکتەوە دەنازیت، کە لێم دەپاڕێیتەوە، بەندە جوولەکەکانی خۆم ئازاد بکەم؟». ئەویش وەرامی دایەوە گوتی: «من بەدەسەڵاتی خوداوە دەنازم»... گوتی:



«ئەم خودایەی تۆ کێیە و، لە کەیەکەوە دەستی کردووە بەفەرمانداری؟ کامەتان ئەو شارانەی تاڵانی کردوون و، لە کوێن ئەو نەتەوانەی شکاندوونی؟!».

«خودای من لە پێش دروستبوونی هەموو جیهاندا هەبووە... کە جیهانیش لەناوچوو، ئەو هەر دەمێنێتەوە... بۆ هەر کوێیەک بچێ بەزەیی هاتنەوەی خۆی بڵاو دەکاتەوە... دڵ پێ سووتان، پشتێنەکەیەتی. خۆشەویستی شا کڵاوەکەیەتی، بەڵام ئەگەر چوو بۆ ئەوەی دادپەروەری بڵاو بکاتەوە و تەختی زۆرداری برووخێنێ، تیرەکەی ئاگر دەبێ و، ڕمەکەی گڕی ئاگر دەبێ هەورەکان قەڵغانەکەی دەبن و، هەورە تریشقەکانیش شیرەکەی دەبن!!».

بەڵام فیرعەون گوێی خۆی کەڕ کرد، نەیدەویست دەنگی خودا یاخود پاڕانەوەی گەلەکەی خۆی ببیەت، هەر قسەکەی خۆی دووبارە دەکردەوە: «تەنیا هێزێکی بڵند هەیە لە هەموو ئاسمانەکان و زەویدا... ئەو هێزە بڵندە گەورەیەیش کەس نییە من نەبم!!». جا بۆ ئەمەی قسەی خۆی لەبەردەم خودادا بیاتە سەر، فرمانی دا هەموو کرێکارێک دوو ئەوەندەی جاران خشت ببڕێ، کەچی کایشی لێ برین کە پێویست بوو بۆ سوورکردنەوەی خشتەکان. واتای ئەوەیش ئەوە بوو، کە گەلێک کاتی تر هاتە سەر ئەو ماندووبوونەی لەوەپێش تووشیان دەهات. پێویست بوو گەلێک کات لەوەدا بەخت بکەن تا پووش بدۆزنەوە. گەلێک کاتی تریش لەوەدا بەخت بکەن کە بەرهەمی خشتەکان زۆرتر لێ بکەن... کە ئێوارەیش داهات خشتەکانی کرێکارەکانیان دەژمارد. هەر کامێکیان خشتێکی ناتەواو بوایە، لەجیاتیی ئەو خشتە منداڵەکەیان لە باوەشی دایکی دەردەهێنا و دەیانخستە جێگای!!. بەم ڕەنگە زۆریان لە دروستکەرانی کۆشک و شاران ئەکرد، کە منداڵەکانی خۆیان لەناو دیوارەکاندا بنێژن بەزیندوێتی، لەجیاتیی خشتە ناتەواوەکان!!.

## چاوبەستکەرەکان بەرەنگاریی چاوبەستی مووسا دەکەن!

کە فیرعەون تێگەیشت هەرچییەکی کرد مووسای بۆ نەخرایە سەربار، کە خودای ڕاستەقینە خۆیەتی، بە مووسای گوت کردەوەیەک بنوێنێ، ڕاستیی قسەکانی خۆی و براکەی دەربخات، مووسایش داردەستەکەی خۆی فڕێ دایە سەر زەوی داردەست بوو بەمار. دانیشتوان لە ترسا ڕایان کرد. فیرعەونیش ترسی لێ نیشت زۆری نەمابوو بتۆقێ، پاشان مووسا دەستی خستە ناو گیرفانی کراسەکەیەوە و دەریهێنایەوە، دەستەکەی وەک بەفری لێهات، سپی دەچووەوە، پاشان وەک پێشووی خۆی لێ کردەوە!!. کەسوکارەکانی فیرعەونیش پێیان گوت: «واز لە مووسا و براکەی بهێنە، تا لە شارەکان چاوبەستکەرە

هونەرمەندەکان کۆدەکەیتەوە، بەڵکو یەکێک لەوانە چاوبەستێکی وەک چاوبەستەکەی ئەو بکات!». ئەوساکە چاوبەستکەری لە میسردا بایەخی زۆر پێ دەدرا. خونکار و سەردارەکان بەپەرۆشەوە بوون بۆی. ئەوی چاوبەستکردنی باش بزانیایە پاداشیان دەدایەوە. کۆمەڵێکی گەورەیان لەو چاوبەستکەرانە هێنا. شانازییان دەکرد بەپیشەکەی خۆیانەوە. پشت ئەستوور بوون بەچاوبەستکردنەکەی خۆیانەوە، داوای مز و پاداشیان دەکرد لە فیرعەون، لە بریتیی یارییەکانیان. فیرعەونیش بەڵێنی پێدان کە بەخشیشی گەورەیان بداتێ، چاوبەستکەرەکان ڕوویان کردە مووسا و لێیان پرسی: «دەیەوێ ئەوان لەپێشدا چاوبەستەکەی خۆیان بنوێنن، یاخود خۆی لەپێشدا چاوبەستەکەی خۆی پێشان دەدا؟» ئەو ڕۆژە ڕۆژی چاکەدانەوەی (نیل ) بوو. لەبەرئەوە کۆمەڵێکی یەجگار گەورە لە سەیرکەران کۆبووبوونەوە، جەژنی هەرە گەورەیان بوو. مووساش پێی گوتن: «ئێوە چاوبەستی خۆتان بنوێنن». ئەوانیش داردەست و گوریسەکانی خۆیان فڕێ دایە ئەو ناوەوە. جێگاکە بەو هەموو گەورەییەوە، پڕبوو لە مار و ئەژدەها. هەر کەسێ لەوێدا بوو، تەنانەت مووسا خۆیشی، لەبەر هێزی چاوبەستەکان وای دەهاتە بەرچاو کە ئەو مار و ئەژدەهایانە دەجووڵێنەوە و دەڕۆن!!. فیرعەوەن و کەسوکارەکانی و سەربازەکانی دڵیان خۆش بوو. چووە دڵیشیانەوە کە مووسا ئەوەی لە دەست نایەت لەو چاوبەستە، چاوبەستێکی گەورەتر بنوێنێ. چونکە هەرچییەکی بەدەستەوە بوو، هەر داردەستەکەی بوو، خۆ ئەگەر بشبێتە مار، هەر مارێکی لێ دەردەچێ، بەڵام لەوێ بەهەزاران مار، هۆڵەکەیان داگیر کردبوو مووسا ترسی لێ نیشت. خەریک بوو ورە بەربدات، دوودڵ مابووەوە لە کردەوەکەی خۆی. بەڵام خودا فەرمووی داردەستەکەت فڕێ بدە، کە فڕێی دابوو بەمارێکی بێ ئامان، دەستی کرد بەڕۆیشتن و گرتن و قووتدانی مارەکانی چاوبەستکەرەکان. ئیتر چاوبەستی چاوبەستکەرەکان هەڵوەشایەوە. چاوبەستکەرەکان پەییان بەوە برد کە ئەگەر کاری مووسا چاوبەست بووایە ئەوەی لە دەست نەدەهات. وادیارە هێزێکی خوداییە وا ئەوەی لە دەست دێ، لەبەرئەوە هەموویان خۆیان بەزەویدا و سەریان نوشتاندەوە بۆ خودا. باوەڕیشیان هێنا بەخودای مووسا و هارون. ئەوەیان پێ باشتر بوو لە پاداشی هەرە گەورەی فیرعەون. سزای هەرە گەورەی فیرعەونیان بەهیچ دەهاتە پێش چاو!.

فیرعەون ویستی سەرنەکەوتنەکەی خۆی و ئابڕووچوونەکەی خۆی کە بەدەست چاوبەستکەرەکانەوە پێکهاتبوون، بشارێتەوە، لەبەرئەوە مووسای تاوانبار کرد بەوە، کە



خۆی گەورەی ئەو چاوبەستکەرانەیە، هەر خۆیشی ئەو چاوبەستانەی فێرکردوون. بۆیەکا لەوانە، هەموویان بەهێزتر دەرچووە. پاش ئەوە دەستی کرد بەهەڕەشەکردن لە چاوبەستکەرەکان، پێی گوتن: «پێش ئەوەی من ڕێگاتان بدەم، ئێوە چوون باوەڕتان پێ هێنا؟!.». گوتی: «پێش ئەمەی پرس بەمن بکەن، باوەڕتان بەمووسا هێنا، وا دیارە مووسا مامۆستای ئێوەیە، هەر ئەویشە کە ئەم چاوبەستانەی فێری ئێوە کردووە. چاوتان لێ دەبێ چۆن دەست و پێتان دەپەڕێنم، چۆن هەڵتان دەواسم بەدارخورمادا. جا ئەوساکە تێ دەگەن کاممان بەزەبر و زەتگترین و کامیشمان بەرگەگرترین»... گوتیان: «ئێمە تۆ بەباشتر نازانین لەو کەسەی دروستی کردووین... چونکە هەموو شتێکمان بەئاشکرا بۆ دەرکەوت. چیت لە دەست دێ، بیکە. تۆ ئەوپەڕی ئەوەی لە دەستت بێ، ئەم ژیانە نەنگەمان لێ دەسێنێتەوە... تازە ئێمە بڕوامان کردووە بەخودای خۆمان. خودا لە گوناهمان خۆش دەبێ لەو چاوبەستانەی بەزۆری تۆ کردوومانن. خودا لە تۆ چاکترە، لە تۆیش زۆرتر دەمێنێتەوە!.».

## زۆردارییەکانی فیرعەون و دەست وەشاندنەکانی مووسا

فیرعەون فەرمانی دا وا لە چاوبەستکەرەکان بکەن! ئەوانیش هەڵیانواسین بەقەدی دارخورماکانەوە. دەس و پێیشیان پەڕاندن!... فیرعەون وازی لە خودانەناسینی خۆی نەهێنا، هەر لەسەر کەللەڕەقیی خۆی مایەوە!...

کەسوکارەکانیشی هەر خەریکی ئەوەبوون دڵی ڕەش بکەن لە مووسا و جوولەکەکان. توانجیان تێ دەگرت و گلەییان لێ دەکرد کە مووسا و نەتەوەکەی مووسای بەرەڵڵا کردووە، ئاژاوە بنێنەوە لە خاکی میسردا، کەس بێگار نەکات. فیرعەونیش بەڵێنی دانێ کە هەڤاڵەکانی مووسا بکوژێ و ژنەکانیشیان ئابڕوو ببات!. هەرچەند ئیسرائیلییەکان هاواریان دەهێنا بۆ مووسا کە ئازاریان دەدەن، مووسا بەسەریاندا دەهات کە بەرامبەر ئەو ئازارانە خۆیان ڕابگرن، ڕوویش بکەنە خودا کە ئارامیان پێ ببەخشێ، تا خۆی دەروویەکیان لێ دەکاتەوە، بەڵام ئەو قسانە فرمێسکی چاویانی وشک نەدەکردەوە. پێیان گوت: «پێش ئەمەی تۆ بێیت، ئازاریان دەداین، پاش هاتنی تۆیش هەر ئازارمان دەدەن!.». مووسایش گوتی: «بۆ خودا چییە دوژمنتان لەناوبەرێ و بشتانکات بەگەورەی ئەم زەمینە»... ئیتر مووسا هەر خەریکی ئەوە بوو دڵیان پڕ بکات لە هیوا کە دوژمنەکەیان سەر ئەنگرێ دەبێ، کە خودا لەم تەنگانەیە ڕزگاریان دەکات و دەکەونە خۆشی و

کامەرانییەوە... مووسا هەر لەسەر قسەی خۆی دەڕۆیشت، بەفیرعەونی دەگوت و دەگوتەوە کە باوەڕ بهێنێ بەخودا و، ئیسرائیلییەکان بەرەڵڵا بکات، بەڵام فیرعەون هەر لە کەللەڕەقیی خۆی وازی نەدەهێنا، تا دەهات شێتگیرتر دەبوو لەسەر خودانەناسینی خۆی، زۆر و ستەمی لە ئەندازە تێپەڕاند. هیچ ئازار و ڕیسواییەک نەما کە بەسەر ئیسرائیلییەکانیدا نەهێنێ بەڵام ئارامگرتن لە ووزەدا نەما. مووسا بەهەموو بەڵگەکانیەوە نەیتوانی دڵی فیرعەون نەرم بکات. بەیارمەتیی خوداوە ئەو هەموو کارە پڕ هونەرانەی دەنواند لەبەردەم فیرعەوندا... کەچی هیچ کاری لێ نەدەکرد!... لەبەرئەوە خودا بەمووسا و هاڕوونی ڕاگەیاند، کە پێویستە دە جار دەست لە خاکی میسر بوەشێنن. لەپێشدا ئەم دەستەیان لێ بوەشێنن. وەک (تەوڕات) دەڵێ: «مووسا داردەستەکەی خۆی بەرزکردەوە و دای لە ئاوی ڕووبارەکە، لەبەردەم فیرعەون و بەندەکانیدا. ئاوەکە هەمووی گۆڕراو بوو بەخوێن. هەرچیی ماسییەکی تێدابوو مرد. ئاوەکە بۆگەنی کرد ئیتر میسرییەکان لەو ئاوەیان پێ نەدەخورایەوە. خوێن لە هەموو زەوییەکی ناو میسردا پەیدابوو.».

ئنجا کە فیرعەون دەستی دایە سەرکێشی و بەقسەی مووسای نەکرد، بەندەکان بەرەڵڵا بکات، خودای گەورە ئەم هەرەشەیەی بۆ نارد، کە مووسا ئەم دەستەی لێ بوەشێنێ بەڵکو چاوی فیرعەون بترسێ و بێتە سەر ڕێ:

«هەموو خاکەکەت پڕ دەکەم لە بۆق، ڕووبارەکە هەڵدەسێ و بۆق فڕێ دەداتە سەر زەوی، بۆقەکان هەڵدەگەڕێن بەدیوارا، تا دێنە ناو خانووەکەتەوە، ناو پێخەفەکەتەوە، ناو ژووری نوستنەکەتەوە، ناو خانووی بەندەکانتەوە، ناو نەتەوەکەتەوە.».

ئنجا کە دڵی فیرعەون ڕەق بوو و گوێی لە هەڕەشەکانی خودا خەفاند، خودای گەورە فەرمانی دا بەمووسا و هاڕوون، یەک لە دوای یەک ئەم دەستانە لە خاکی فیرعەون بوەشێنن:

* هاڕوون داردەستەکەی خۆی مالّی بەگڵی زەویدا، مێشوولە بەربوونە مرۆڤ و گیانلەبەران. هەموو خاکی میسر پڕبوو لە مێشوولە.
* وا من مێش دەنێرمە سەرخۆت و بەندەکانت و نەتەوە و خانووەکانت هەرچی خاکی میسرە و ناو خانووەکانیانە پڕ دەبن لە مێش.
* وا خودا دەست دەوەشێنێ لە مەڕ و مالآت ئاژاڵەکانت. هەرچییەک هەیە لەناو کێڵگەکاندا لە ئەسپ و ماین و کەر و حوشتر، لە گا و مانگا و مەڕ و بزن تووشی



دەردێکی گران دێن. ئەو ساڵە هەموو ئاژاڵەکانی میسرییەکان قڕیان تێکەوت، نەمان.

* مووسا و هاڕوون هەردوو چنگی خۆیان پڕکرد لە خۆڵەمێشی ناو ئاگردان، لەبەردەم فیرعەوندا وەستان. مووسا خۆڵەمێشەکەی کرد بەئاسماندا، هەموو لەشی مرۆڤ و گیانلەبەرانی میسر دەستیان کرد بەبلۆق کردن و زیپکە دەردان.
* مووسا داردەستەکەی خۆی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان، دەمودەست خودای گەورە هەورە تریشقە و تەرزەی ڕەوانە کرد بۆ سەر زەوی، ئاگر بەربووەوە، تەرزەکەیش دای لەسەر و پۆتەڵآکی هەموو ئەوانەی لە کێڵگەکاندا بوون، لە مرۆڤ و لە گیانلەبەر و لە گیا. هەرچیی دار و درەختێکیش هەبوو، شکانەوە.
* مووسا داردەستەکەی خۆی دا لە خاکی میسر. خودای گەورە ڕەشەبای ناردە سەر میسرییەکان. شەو و ڕۆژێکی خایاند. بۆ بەیانی کوللە بەربوونە خاکی میسر. کوللە ئەمەندە زۆربوو بەری ڕۆژی گرت، کردیە تاریکیی. ڕووی زەویی داپۆشی. نەگەڵآی دار و درەخت، نەبەرەکانیان، کە لە دەست تەرزە ڕزگاریان بووبوو، نەگژوگیا، هیچیان نەما، کوللە هەمووی خواردن.
* ئنجا مووسا دەستی کێشا بۆ ئاسمان، تا سێ شەو و سێ ڕۆژ تاریکیی میسری داگیرکرد، کەس برای خۆی نەدەبینی، کەس لە جێی خۆی نەیتوانی ببزوێتەوە.
* وا ڕێکەوت لە نیوەشەودا خودا دەستی وەشاند لە هەموو منداڵێکی ساوا لە خاکی میسردا. هەر لە منداڵی فیرعەونەوە، کە لەسەر تەختی شاهی دانیشتبوون هەتا دەگاتە منداڵی بەندییەکی بەندیخانە، هەتا دەگاتە بێچووی گیانلەبەران و دڕندەکان، هەموویان مردن، کە فیرعەون و بەندەکانی و، میسرییەکان بەشەو لە خەو ڕاپەڕین و، بەوەیان زانی، کردیانە شین و گریان، چونکە هیچ ماڵێک نەمابووەوە مردوویەکی تێدا نەمردبێ.

ئنجا لە ترسی ئەم دەست وەشاندنە توندوتیژانە میسرییەکان پەنایان بردەبەر مووسا، لێی پاڕانەوە گوتیان: «ئەی مووسا، لای خودا بۆمان بپاڕێرەوە، وەک لێت دەوەشێتەوە شتی وا بکەیت، ئەگەر توانیت ئەم دەردانە لەسەر ئێمە لاببەیت، باوەڕیشت پێ دەکەین و، نەتەوەی ئیسرائیلیشت بۆ بەرەڵڵا دەکەین، لەگەڵتدا بڕۆن». فیرعەون بەشەو ناردی بەشوێن مووسا و هاڕووندا. پێی گوتن: «هەڵسن بەخۆتان و نەتەوەی ئیسرائیلەوە بڕۆن، لە میسر بچنە دەرەوە، مەڕ و بزن و گا و مانگاکانیشتان لەگەڵ خۆتاندا ببەن. لەسەر

ئەوە، هەرچی لە نەتەوەی ئیسرائیل بوو، هەویرەکانیان هێشتا هەڵنەهاتبوون، خستیاننە ناو کراسەکانیانەوە لێیاندا ڕۆیشتن. هەندێ کەلوپەلی زێڕ و زیو و جلوبەرگیان لە میسرییەکان خواست، دایاننێ، شتەکانیان خستە ناو توورەکەوە و، دایان بەسەر شانیاندا و ڕۆیشتن، نەتەوەی ئیسرائیل بێجگە لە منداڵ ژمارەیان دەگەیشتە شەش سەد هەزار کەس. هەموویان باریان کرد، مەڕ و ماڵات و ئاژەڵێکی یەجگار زۆریشیان لەگەڵ خۆیاندا برد. تا ئەو ڕۆژە ئیسرائیلییەکان چوارسەد و سی ساڵ لە میسردا مابوونەوە.

ئەمە چیرۆکی ناو (تەوڕات) و (تەلموود) بوو لە بابەت دەست وەشاندنەکانی مووساوە، بەڵام نووسیارە زاناکان وێنەیەکی ڕاستەقینەتر و ڕووداوترمان پێشان دەدەن. ئەو دەرد و نەخۆشییانەی لە سەرەوە ناوبران، دەدەنە پات ئەو جوولەکە بەندییانەی کە خزابوونە ناو ئەو گەڕەکە هەژارە پیسانەوە مووسا خۆیشی زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو، کە ئەو نەخۆشییانەی لە خاکی فیرعەونەکاندا دادەکەتن بیداتە پاڵ ئەوان، تەنانەت کە ئەوانە لە میسر چوونە دەرەوە، چ فیرعەون، چ میسرییەکان، هەموویان پێیان خۆشبوو، کە ڕزگاریان بوو لە دەستیان!

بەڵام هەر ئەوەندە جوولەکەکان لە میسر دوورکەوتنەوە، فیرعەون لە بیرەکەی خۆی پەشیمان بووەوە، چونکە هەستی پێ کرد، هۆی پێشکەوتنی خاکەکەی خۆی ئەو جوولەکانە بوون. لەبەرئەوە لەشکرێکی کۆکردەوە و، دوایان کەوت، تا لەسەر کەناری زرێی سوور پێیان گەیشت... کە سەربازەکانی فیرعەون نزیکیان بوونەوە، نەتەوەی ئیسرائیل پەشۆکان و شڵەژان، تۆقین و زارەترەک بوون. لەپڕ دەنگێکی گەورە هات، دەنگی دایەوە، گلەیی و توانج تێگرتنی تێدا بوو. بێباکی و هاوار و فەریادیشی هەر تێدابوو. دەنگەکە دەنگی «یەشووع کوڕی نوون» بوو، کە لە نەتەوەی مووسا بوو، گوتی: «ئەی ئەو کەسەی لەگەڵ خودادا قسە دەکەیت، لە کوێیە چارە کرد نەکەت؟ وا هەموو تەنگ و چەڵەمەیەکی ڕۆژگارمان لی کۆبۆتەوە. رزێ لە پێشمانەوەیە، دوژمن لە پشتمانەوەیە، لە دەست مردن ڕزگارمان نابێ!.». مووسایش گوتی: «فەرمانم وا پێدراوە کە بچمە سەر زرێ، هەر لە ئێستاوە بیر لەوە دەکەمەوە، کەچی پێویستە بیکەم».



## ڕاوەدوونانێکی مێژوویی لەناو زرێی سووردا!

لە بابەت ڕاوەدوونانی نەتەوەی ئیسرائیلەوە، لەلایەن لەشکری فیرعەونەوە کە لەو ڕۆژەدا ڕووی داوە، (تەوڕات) دەڵێ:

«فیرعەون گالیسکەکەی خۆی ئامادەکرد، گەلی فیرعەونیش شەش سەد گالیسکەی هەڵبژاردەیان بەکارهێنا، میسرییەکان دوای جوولەکان کەوتن و پێیان گەیشتن، کە فیرعەون لێیان نزیکبووەوە، ئیسرائیلییەکان چاویان هەڵبڕی، سەیریان کرد میسرییەکان لە پشتیانەوەن. بەجارێک زارەترەک بوون، هاواریان بردەبەر خودا. بەمووسایشیان گوت: «بۆچ لە میسردا گۆڕ دەست نەدەکەوت، وا ئێمەت هێنایە ئەم دەشت و بیابانە، لێرەدا لەناو بچین؟ هەر ئەوە چاکتر بوو، کە بۆ میسرییەکان فرمانمان بکردایە، نەک لەم چۆڵ و هۆڵەدا بمرین...». مووسایش بەگەلەکەی خۆی گوت: «مەترسن. هەر ئێوە بێدەنگ بن، خودا لەجیاتیی ئێوە شەڕ دەکات»...

کە مووسا ئەوەی گوت کزەبایەکی فێنکی هیوا لە دەروونی جوولەکەکانی دا، بەڵام چرای هیواکەیان جاروبار ڕەشەبای هەناسە ساردی و ڕەنجەڕۆیی، دەیکوژاندەوە. دوایی خۆیان دایە دەست چارەنووسی خودا... هەر ئەودەمە خودا خستیە دڵی مووساوە کە داردەستەکەی بماڵێ بەزرێکەدا، ئەویش لێیی دا تاریکاییان دەمودەست لێ لاچوو، بۆ هەر دوانزە بەشەکەی جوولەکەکان دوانزە ڕێگا لە زرێکەدا کرانەوە. خودا ڕۆژ و بای بۆ ناردن، زەوییەکە کزر بووەوە، ڕێگاکان کرانەوە... جوولەکەکان بەدڵنیاییەکەوە ڕۆیشتن بەناو ڕێگاکاندا تا گەیشتنە کەناری ئاسایش و ئارام. لە هەردوولای هەموو ڕێگاکانەوە ئاو وەکو شاخێکی گەورە هەڵسابوو، بۆ پاراستنیان، تا لە پەڕینەوە بوونەوە!.

جوولەکەکان چاویان بڕیبووە ئەوبەر ئاوەکە. فیرعەونو سەربازەکانیان دی خۆیان ئامادە دەکەن بەو ڕێگایانەدا بپەڕێنەوە ئەمبەر کە ئیسرائیلییەکان پێیدا پەڕیبوونەوە، بۆ ئەمەی بیانگەنێ و شلکوتی مەرگیان بکەن... جوولەکەکان خەمباری دایگرتن، ئەوەندەی نەمابوو لە گلاراویدا بتوقێن. هەموویان چاویان بڕییە مووسا. مووسا خەریکبوو داردەستەکەیبماڵێ بەزرێکەدا، بۆ ئەمەی زرێکە وەک خۆی لێ بێتەوە و، لە دەست فیرعەون و سەربازەکانی ڕزگاریان بکات، بەڵام خودا خستیە دڵیەوە کە واز لە زرێکە بهێنێ، داردەستی لێ نەدات، بام وەک خۆی بمێنێتەوە، نەوەک شتێکی لێ بگۆڕێ، چونکە خودا نەیدەویست زرێکە بکەوێتە ناوەند جوولەکەکان و فیرعەون و سەربازەکانیەوە

نەوەک ئەمان بەبێ وەی بگەڕێنەوە میسر، ناو خاکی خۆیانەوە، چونکە خودا لەوەپێش بڕیاری دابوو کە ئەوانە لەناو ئاودا بخنکێن. کە فیرعەون و سەربازەکانی سەرنجیان دا، تەماشایان کرد، ڕێگاکانی ناو زرێکە وشک و تەختن، ئامادەن بۆ پەڕینەوە، بەسەریاندا بۆ ئەوبەر، تا بگەنە جوولەکەکان، لە خۆشیاندا بایان تێکەوت و، لە خۆیان بایی بوون. فیرعەون بەسەربازەکانی خۆی گوت: «سەیرکەن زرێکە چۆن کرایەوە بەقسەی من و بەدڵی من، بۆ ئەمەی بگەمە ئەو گوناهبارە سەرکێشانە!.». پاش ئەوە بەخۆی و پیاوەکانییەوە چوونە ناو ڕێگاکانی ناو زرێکەوە، بۆ ئەمەی بگەنە جوولەکەکان. بەڵام تا گەیشتنە ناوەڕاستی زرێکە، ئاوەکە کشا بەسەریاندا و خنکاندنی! هەر لەو کاتەوە کە فیرعەون لە خنکاندندا بوو، هاواری کردە خودا و گوتی: «وا باوەڕم کرد کە لە خودای نەتەوەی ئیسرائیل بەولاوە هیچ خودایەکی تر نییە»...

وایش دەردەکەوێ کە فیرعەون بەو قسانە دەیویست خۆی لە خنکاندن دووبخاتەوە، بەڵام بڕوای پێی نەبوو. ئەو وای دەزانی کە بەوە مووسا و خودای مووسا چەواشە دەکات... «پەشیمان بوونەوە بەوە نالێن کە یەکێک خراپەی کرد، تا نەگاتە سەرەمەرگ، نەڵێ پەشیمان بوومەوە و، وازم لە کردەوەی خراپ هێنا».

## خودایە دوژمنمان پێ خۆش نەکەیت!

شەپۆلەکانی زرێکە دایان بەسەریەکدا، دەنگێکی یەجگار گەورەیان لێ پەیدا بوو... زۆری پێنەچوو لاشەی فیرعەون[1] کەوتە سەر کەنار!. کە ئەوەیان دی، مووسا و نەتەوەکەی دەستیان کرد بەگۆرانیی سوپاس و نواندنی گەورەیی خودا، کە دوژمنە میسرییەکانی بۆ لەناوبردن... «تەوڕات» دەڵێ:

«مەریەمی پێغەمبەر کە خوشکی هاڕوون بوو، دەفێکی گرت بەدەستەوە و، لەگەڵ هەموو ئافرەتەکاندا کە لە دوایەوە دەڕۆیشتن چووە دەرەوە، ئەوانە هەموو بەدەف لێدانەوە سەمایان دەکرد. مەریەم پێی گوتن: «گۆرانی بلێین بۆ خودا، گەورەیی دەرکەوت. ماین و سوارەکەی سەرپشتی، هەردووکی فڕێ دایە ناو ئاوەکەوە». بەڵام هەروەک ئەفسانەکانی عیبرانییەکان دەیگێڕنەوە، خودا لەسەر ئەو شادمانییەی، مووسای سەرزەنست کرد. پێی کوت: «چۆن تۆ گۆرانی دەڵێیت کە منداڵەکانم خەریکن گیان دەدەن؟!... بەڵام لەبەرئەوەی

(١) زۆربەی سەرچاوەکانی مێژوو ئەم فیرعەون بە «منفتاح»ی کوڕی «ڕامسیس» دادەنێن. (وەرگێڕ)



کە تۆ ئازاری دوژمنەکانی خۆت بەخۆشییەکەوە وەرگرت، لەجیاتیی ناخۆشی، دواڕۆژت بەناخۆشی بۆ تۆمار کرا!».

سەرگوروشتەکەیش هەر لەسەر ئەوە دەڕوات، دەڵێ: «ساز و ئاوازی نەوەکانی مووسایش کەوا خەمبارییان تێدایە، بەهۆی ئەو کارەساتەوەیە کە لەسەرەوە پێشانمان دا!. هەرچەندە چاکەی خودا لەگەڵ نەتەوەی ئیسرائیلدا یەجگار گەورە و فراوان و بەنرخ بوو، بەڵام بتپەرستی، هێشتا لە دڵی دەستەیەکیاندا مابووەوە. کاتێ کە بەلای گەلێکدا تێپەڕین، بتپەرستییان دەکرد ئەوانیش لە مووسایان خواست کە خوایەکی وەک خودای ئەو گەلەیان بۆ دابمەزرێنێ!!. مووسایش هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ، کە سەرزەنشتیان بکات و، بیریشیان بخاتەوە کە ئەو خودایەی بەو شێوە سەیر و هونەرمەندانەیە لە دەست سەرگەردانی ڕزگاری کردوون، شایانی ئەوەیە هەموو کەس بی پەرستێ، یەکێک لە پەرستنی ئەو گورێز دەکات کە ناشی و نەزان بێ و، گومڕاهیی بەرچاوی گرتبێ!.

نەتەوەی مووسا پەڕینەوە بۆ نیوەدوورگەی «سینیا». هەتاوەکەی یەجگار گەرم بوو. وەک ئاگر پیاوی دەبرژاند، نەخانوویان تێدا دی، تێیدا بحەسێنەوە نەدرەختیان تێدا دۆزییەوە، لەبن سێبەریدا دابنیشن... پەنایان بردەبەر مووسا کە چارەیەکیان بکات... ئەویش لە خودا پاڕایەوە خودایش هەورێکی بۆ ناردن کردی بەسێبەری... ئەوەندەی نەمابوو خواردەمەنییەکەیان تەواو ببێ... خودا بەبادا (گەزۆ) و (شەلاقە)ی بۆ ڕەوانەکردن... کە لە زرێکە پەڕینەوە بۆ کەناری ڕۆژهەڵاتی، ئاویان نەدۆزییەوە، خۆیان و ئاژاڵەکانیان لێی بخۆنەوە. خودا فەرمووی بەمووسا: داردەستەکەی بمالێ بەبەردێکدا... کە مووسا ئەوەی کرد، دوانزە سەرچاوە لەو بەردە هەڵقولا. هە رتیپە سەرچاوە ئاوێکی بەرکەوت – (ڕەنگە ئەو کانییانە بووبن کە ئیمڕۆ بەکانییەکانی مووسا بەناوبانگن، لە نزیک سوێسەوە) –. پاشان جوولەکەکان وەڕس بوون لە خواردنی ئەو خۆرشتانە، کە هەر یەک دوو جۆرێک بوون و نەدەگۆڕران... لە مووسایان خواست کە لە خودا بپاڕێتەوە پاقلە و، ئاروو و، سیر و، نیسک و، پیازیان بۆ بڕوێنێ لە زەوییەکەدا... مووسایش ئەم جۆرە خواستە پڕوپووچانەیانی زۆر پێ ناخۆش بوو... دای بەدەمیاندا، پێی گوتن: «ئێوە لە تواناییتاندا هەیە لەوانە باشترتان دەست بکەوێ، ئەگەر بگەڕێنەوە میسر!.».

هەرچەندێکی کرد جوولەکەکانی بۆ نەخرایە سەر ئەوەی کە مەردانە بگەڕێنەوە میسر و، بچن بەگژ دوژمنیاندا و بەسەریاندا سەربکەون!.

## گۆشەگیریی مووسا و هاتنەخوارەوەی یاسا!

ئیسرائیلییەکان لەپاش ئەمەی دامەزران، پێویستییان بەیاسایەک بوو لەسەری بڕۆن و، پەنای بەرنەبەر. مووسایش پاڕایەوە لە خودا نووسراوێکی بۆ بنێرێتە خوارەوە، کە ڕێگایان پێشان بدات و، لە کاتی تێکچوونیاندا مافداری و بێ مافییان بۆ لەیەک جیابکاتەوە و ناوبژییان بکات، مەبەسیان ئەوە بوو: نەکەونە ئاژاوە و پشێوییەوە و، سەریان لێ تێک نەچێ... خودایش فەرمووی: خۆی پاک بشوا و سی ڕۆژ لەسەریەک بەڕۆژوو بێت. پاشان بچێتە (طووری سینا)، تا لەوێ قسەی لەگەڵدا بکات و، فەرموودەکانی خۆی پێ بڵێ، تا بیانکاتە نووسراوێک و ببێتە پەناگایەک بۆ گەلەکەی... مووسایش لە گەلەکەی خۆی حەفتا پیاوی هەڵبژارد، پاشان لەسەر بەڵێنەکەی خۆی، چوو بۆ لای خودا... بەڵام لە ڕێگادا بەپەلە دەڕۆیشت. پێش ئەوانە کەوت و سەرکەوتە سەر شاخەکە... لە پاش سی ڕۆژ کە لە هەموویدا بەڕۆژوو بوو گەیشتە جێگاکە... بەڵام حەفتا کەسەکە هێشتا نەگەیشتبوونە ئەوێ... مووسا کە هاتبوو، هاروونی برای لە جێی خۆی دانابوو، تا هەتا دەگەڕێتەوە لای، کاروباری ئیسرائیلییەکان هەڵبسوڕێنێ کە سی ڕۆژەکەی ڕۆژووەکەی خۆی تەواوکرد، ڕووی کردە خودا و پێی گوت: «ڕێم بدە، بتبینم، یان خۆت دەربخە تەماشات بکەم!»... خودایش فەرمووی: «تۆ ناتوانیت من ببینی، سەیرێکی شاخەکە بکە، ئەگەر توانی لەجێی خۆی بمێنێتەوە، تۆیش دەتوانیت من ببینیت!.».

خودای گەورەیش خۆی دەرخست بۆ شاخەکە، شاخ هاڕەی کرد و ڕووخا و بەجارێک نوقمی زەوی بوو... کە مووسا ئەوەی چاوپێکەوت، لە خودا پاڕایەوە کە لەو خواستەی بیبەخشێ، کە داوای بینینی خودای کردبوو. لە هۆش خۆی چوو و، کەوت بەدەمدا. هەروەک هەورە تریشقە لێی دابێ وای لێهات، کە هۆشیشی هاتەوە بەرخۆی گەڕایەوە لە کردەوەی خۆی، باوەڕیشی بەوە هێنا کە ئەوەی لە خودا داوای کردووە، لە وزەیدا نییە بەرگەی بینینی بگرێ... خودایش پێی گوت: کە ئەوی هەڵبژاردووە بینێرێتە کن نەتەوەکەی خۆی، بۆ ئەمەی نامەکانی خودایان پێ ڕابگەیێنێ... ئەو نامانەیش بریتیین لە بەشەکانی «تەوڕات». هەروەها ڕاستەوڕاست قسەی لەگەڵدا بکات، نەک بەهۆی فریشتەوە. خودایش هەرچییەک پێویست بووبێ بەنەتەوەی ئیسرائیل، لە پێشاندانی ئەو کردەوە و بیروباوەڕانەی کە پەسندن و ناپەسندن، کە جوانن و ناشیرینن، لەسەر چەند تەختەیەک بۆی نووسینەوە، بۆ ئەمەی نەتەوەکەی مووسا لە ژیانیاندا لەسەریان بڕۆن بەڕێوە.



## ئەو دە ئامۆژگارییەی بەمووسا دران

«بەپێی تەوڕات»

* بەرامبەر من هیچ خودایەکی تر مەپەرستە، هیچ پەیکەر و وێنەیەک دروست مەکە بۆ ئەو شتانەی لە ئاسمان و زەوی و ئاوی ژێر زەویدان. ئەوانە مەپەرستە، خۆیشت بۆ ئەوانە مەنوشتێنەرەوە، چونکە خودای تۆ منم. من خودایەکی ئەوەندە خەمخوارم، گوناهی باوکەکان لە دەروون و کردەوەی نەوەکانیاندا دەدۆزمەوە، تا دەگاتە بەرەی سێیەم و چوارەم، چاکەیش لەگەڵ هەزاراندا دەکەم، منیان خۆش دەوێ و ئامۆژگارییەکانم دەپارێزن.
* بەدرۆ ناوی خودای خۆت مەهێنە و، سوێند بەسەری مەخۆ، چونکە خودا لەو کەسە خۆش نابێ کە بەخۆڕایی ناوی دەبات.
* ڕۆژی خودات لەبیرنەچێ، تا ڕێزی لێ بگریت و، بەپیرۆزی ڕای بگریت، شەش ڕۆژ بۆ کار و فرمانت دابنێ. ڕۆژی حەوتەمیش بۆ خودای خۆت. لەو ڕۆژەدا نەخۆت، نە کوڕ و کچەکانت، نە بەندە و کەنیزەکەکەت، نە گیانلەبەرەکانت نە میوانەکانت هیچ مەکەن، چونکە لەو شەش ڕۆژەدا ئاسمان و زەوی و زرێ و هەموو ناوەڕۆکی ئەوانەی دروست کردووە، بەڵام لە ڕۆژی حەوتەمدا پشووی بەخۆی داوە. لەبەرئەوە خودا ئەو ڕۆژەی بەپیرۆز و بەڕێز داناوە.
* ڕێز لە باوک و دایکی خۆت بگرە، بۆ ئەمەی ئەو ڕۆژانەی خودا پێی بەخشیویت لەسەر زەویدا بژیت و بەخۆشییەوە ڕایان ببوێرێت.
* کەس مەکوژە.
* داوێن پیسی مەکە.
* هیچ شتێک مەدزە.
* لەسەر خزمی[١] خۆت قسەی درۆ مەگێڕەرەوە.
* چاو مەبڕە خانووی خزمەکەت.
* چاو مەبڕە ژنی خزمەکەت، یاخود بەندە و کەنیزەک و گا و کەر و کەلوپەلەکانی.

---

(١) لام وایە لێرەدا مەبەس لە وشەی خزم بێجگە لە کەسوکار، دراوسێ و کەسانی نزیکیش و کەسانی تریش دەگرێتەوە. (وەرگێڕ)

## پەرستنی گوێرەکە!

نەتەوەی ئیسرائیل چاوەڕوانیی مووسایان دەکرد، کە لە پاش سی ڕۆژەکە بگەڕێتەوە لایان، چونکە خۆی بەڵێنی وا پێ دابوون، بەڵام ئەو زۆرتری پێ چوو، لەبەرئەوە گوتیان مووسا بەڵێنی وا پێ دابوون، بەڵام ئەو زۆرتری پێ چوو، لەبەرئەوە گوتیان مووسا بەڵێنی خۆی شکاندووە و، لە پەیمانی خۆی لای داوە، بۆیەکا لەو سەرگەردانییەدا بەرەڵڵای کردوون. لەو کاتەدا پیاوێک هەبوو ناوی (سامیری) بوو. دەماری خراپی لە دڵیدا بزووتەوە، ئەمەی بەهەل زانی، پێی گوتن: «پێویستە لەسەرتان خودایەک بۆ خۆتان دابنێن بیپەرستن، تازە مووسا لەوانە نییە بگەڕێتەوە لاتان، چونکە ئەو بۆیەکا چووەتە دەرەوە، خودا بدۆزێتەوە، بەڵام لە ڕێگا ون بووە، جا ئەمەیە هۆی نەهاتنەوە و، پەیمان شکاندنەکەی»...

(سامیری) پشت ئەستوور بوو لەوەی کە نەتەوەی ئیسرائیل ناشی و نەزان بوون، لە ئاینیشدا کزبوون، ئەوانە ئەوەندە شارەزای ئاینەکەی خۆیان نەبووبوون کە بتوانن بیروبارەڕەکانیان بپارێزن لە ڕێگە لادان بێجگە لەوە چونکە لە میسریشدا ژیابوون، چاویان ڕاهاتبوو بە پەرستنی گوێرەکە (ئەپیس)ەوە لەلایەن میسرییەکانەوە، لەبەرئەوە (سامیری) ئەو ناشێتییەی ئەو جوولەکانەی بەهەل زانی، هێنای هەندێ خشڵی لە ئافرەتە جوولەکەکان کۆکردەوە و، فڕێی دایە ناو چاڵێکەوە کە بەتایبەتی بۆ ئەوەی هەڵکەندبوو، کە ئاگریان تێبەر بدا تا دەتوێنەوە. ئنجا کە ئەوە تەواو بوو، هێنای گوێرەکەیەکی لێ دروست کردن، گوێرەکەکەی وا دروست کردبوو: دەیبۆڕاند!... پاشان پێی گوتن: «ئەمەتا خودای ئێوە و مووسا!.». چەند کەسێک نەبێ لەسەر ئاینی مووسا مانەوە، هەموویان گۆڕران.

(هاروون)یش لەوە ترسا ببێتە ئاژاوە و تێکچوون و دووبەرەکی، بەڵام هەر چەندێکی کرد ئەو لە ئاین وەرگەڕاوانەی بۆ نەهێنرایەوە سەربار، تا واز لە پەرستنی گوێرەکەکە بهێنن، پێیان گوت: «ئێمە واز لە پەرستنی ئەم گوێرەکەیە ناهێنین، تا مووسا دەگەڕێتەوە لامان!.». خودایش مووسای ئاگادار فەرموو کە نەتەوەکەی لە ئاین وەرگەڕاون، هەر (سامیری)یشە کە ڕێگای لێ ون کردوون، ئیتر مووسا گەڕایەوە کن جوولەکەکانی نەتەوەی خۆی، بەڵام بەتووڕەیی و دڵشاوییەکەوە... لەو کاتەدا کە ئەو بەتوندی و تیژییەوە سەرزەنشتی دەکردن، تەختە نووسراوەکانی خودای، لە دەست کەوتە خوارەوە شکان!...



ئیسرائیلییەکانیش لە هەڵەی خۆیان پەشیمان بوونەوە... لە خودای خۆیان پاڕانەوە کە لە گوناهیان خۆشبێ... مایەوە سەر (سامیری)، خاوەنی ئەو ئاژاوەیە، کە نایەوە لەناو جوولەکەکاندا... خودا ئەویشی لە جیهاندا سزادا... فەرمانی دا بەئیسرائیلییەکان، نە تێکەڵیی لەگەڵدا بکەن، نە لێیشی نزیک ببنەوە... هەروەک خۆیان لە گەرێک دووربخەنەوە، ئاوایش خۆیان لەو دووربخەنەوە!.

## تا چل ساڵ ڕێگایان لێ تێک نەچێ!

خودا خستیە دڵی مووساوە کە ئیسرائیلییەکان کێش بکات بۆ زەویی پیرۆز، ئەم زەوییە ئەو زەوییە بوو کە خودا بەڵێنی دابوو بە (ئیبراهیمی دۆستی)، کە بیبەخشێ بەنەوە باشەکانی و ئەوانەی ئاینی ئەو دەپارێزن، بەڵام نەوەی ئیسرائیل، چونکە ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لەژێر زۆر و ستەمی فیرعەونەکاندا چەوسابوونەوە و، ڕاهاتبوون بەو زۆردارییەوە کە لێیان دەکرا، سروشتیان نوشوستی هێنابوو، فێری ملکەچی و سەرشۆڕی بووبوون بۆ زۆرداری، لەبەرئەوە سووکی و ڕیسواییان بەشتێکی گرنگ نەدەهاتە پێش چاو. هەر ئەوەندە گوێیان لە وشەی هەڵمەتدان بوو بۆ سەر (ئەریحا) کە (هیتییەکان) و (کەنعانییەکان)ی لێ دەربکەن و، بیکەن بەنیشتمانی خۆیان، بۆ دەستکەوتنی بەروبوومەکانی، ترسولەرز چووە دڵیانەوە و، بەڕیسواییەکەوە بەمووسایان گوت: «نەتەوەیەکی بەچنگ لەوێدا هەیە، تا ئەوان نەچنە دەرەوە، ئێمە ناچینە ناو ئەو شارەوە، هەر کاتێ ئەوان چوونە دەرەوە، ئێمە دەچینە ناویەوە!.». هەروەک ویستبێتیان ئەو نەتەوەیەیش بەکار و کردەوەی خودایانە دەربپەڕێنرێن وابوو... مووسایش لەوە پێش چەند دیدەوانێکی ناردبووە ئەوێ کە بەدزییەوە بزانن خاکەکەیان چۆنە و، کردەوە و کاروباری دانیشتووەکانیشی چۆنن... کە سەرنجیان دا، ئەوانە لەش و باڵایەکی یەجگار زەلامیان هەبوو، پیاویان دەترساند... کە گەڕانەوە، ئیسرائیلییەکانیان لەو بابەتانە ئاگادار کرد... جوولەکەکانیش ئەوەندەی تر شپرزەبوون... هەر لە دوورەوە مەرگی خۆیان هێنایە پێش چاوی خۆیان. ئنجا کە مووسا فەرمانی پێدان بپەڕێنەوە، سەرکێشییان کرد، گوتیان: «مووسا!. تا ئەو نەتەوەیە لەوێ بن، ئێمە ناچینە ناویەوە، تۆ خۆت و خودای خۆت بچنە ئەوێ، کوشتاریان لێ بکەن. ئێمە لێرە دەمێنینەوە، ناجووڵێین!»...

مووسا کە ئەوەی لێ بیستن ئاوڕێکی دایەوە بەمەلاو بەولای خۆیدا. هەرچەندی کرد کەسێکی نەدۆزییەوە پشتی پێ ببەستێ و، هیوای یارمەتیی لێ بکات، تەنیا

(هاڕوون)ی برای نەبێ... ئیتر هیچی پێ نەما ئەوە نەبێ ڕووی کردە خودا و پێی گوت: «خودایە من کەسم بەدەستەوە نەماوە، خۆم و براکەم نەبێ، کەواتە ئێمە و ئەم نەتەوە خودانەناسە بەدخووە، لە یەکتر جیا بکەرەوە!»... خودایش خستیە دڵی مووساوە، کە وازیان لێ بهێنێ لەو چۆڵ و بیابانەدا ڕێگایان لێ تێک بچێ. بۆ ئەمەی تا چل ساڵی خشت هەر بێن و بچن بەناو پێچوپەناکانیدا و، سەریان لێ بشێوێ... تاوایان لێ دێ، گەورەکانیان لەناو دەچن و، سەردارەکانیشیان مەرگ دەیانباتەوە. ئنجا لەپاش ئەوانەوە، بەرەیەکی خورت و بەچنگ و سەربەرزی دێنە کایەوە، ئەوساکە جوولەکەکان دەگەڕێنەوە سەر هەڵمەتبردن و خۆبەختکردنی خۆیان لە پێناو ئاینی خوداییدا...

## زمانی مانگا پیاوکوژ دەردەخات! .

یەکێک لە پیاوە ناسراوەکانی نەوەی ئیسرائیل پیرێکی دەوڵەمەند بوو... خودا هەموو بابەتێکی خۆش گوزەرانیی پێ بەخشی بوو. سامانێکی زۆریشی دابوویێ. تەنیا کوڕێکی هەبوو، لەپاش مردنی خۆی، ئەو هەموو سامانە بۆ ئەو کوڕە دەمایەوە. ئامۆزاکەی چاوی بڕیبووە ئەو کەلەپوورەی. کوشتی. کەچی داوای خوێنەکەی لە کەسانی تر دەکرد. ئەوانیش کەسیان دەست نەکەوت داڵلایان بدات، مووسا نەبێ کە کەینەوبەینەکەی خۆیان و ئەو کوڕەیان خستە بەردەستی تا بڕیارێکی لەسەر بدات.

مووسایش بۆ ئەوە پرسی بەخودا کرد، پاشان مووسا فەرمانی دا مانگایەک سەرببڕن. ئینجا بەزمانەکەی لە کوڕە کوژراوەکە بدەن، تا زیندوو ببێتەوە و، ڕاستیی لەو کەسە بڵێ کە ئەوی کوشتووە!... نەتەوەکەیش وایانزانی مووسا تیزیان پێ دەکات و پێیان پێدەکەنێ، بەڵام مووسا ئەو گومانەی لە دڵ دەرکردن. ڕەنگ و شێوەی ئەو مانگایەی دەیویست پێشانی دان... ئەوانیش گەڕان بۆی، بیدۆزنەوە. دوایی ئەو مانگایەیان لای منداڵێکی بێ باوک و هەتیو دۆزییەوە. نرخێکی زۆریان پێدا و لێیان کڕی... پاش ئەوەی سەرلێشێواوی و دوودڵی و درێژەپێدانێکی زۆریان پێشان دا، مانگاکەیان سەربڕی. لە دوای سەربڕینی، مووسا زمانەکەی دەرهێنا و کوتای بەکوڕە کوژراوەکەدا، کوڕەکە زیندووبووەوە و ناوی ئەو کەسەی هێنا کە کەشتبووی... لەگەڵ ئەوەیشدا نەوەی ئیسرائیل دڵیان هەر نەرم نەبوو!...



## سامانی قاڕوون

لەناو نەتەوەی مووسا و هۆزە نزیکەکەیدا پیاوێک هەبوو، (قاڕوون)یان پێ دەگوت. خودا گوزەرانێکی باش و سامانێکی زۆری پێ بەخشی بوو. هەموو هۆیەکی کامەرانیی بۆ کۆبووبووەوە. ژیانێکی وا دەژیان لەناو نەتەوەکەی خۆیدا کە پڕبوو لە دەست بڵاوی و خۆش ڕابواردن و کەش و فش. جلوبەرگی ناوازەی دەپۆشی. لەناو کۆشک و باڵاخانانداا دەژیا. دەس و پێوەندێکی زۆریشی لە خۆی کۆکردبووەوە، بەهۆی سامانەوە جوانی و ڕازاوەییی ژیانی جیهانیی دەچێشت... لەپڕ لە خۆی بایی بوو و دەستی کرد بەزۆرداری و خۆ نواندن... مرۆڤانی تری وا دەهاتە پێش چاو، کە لەو گڵە دروست نەکراون، کە خۆی لێی دروستکراوە... کە خودا هەر بۆ ئەوەی دروست کردوون کە ببنە ژێردەستی ئەو... جا هەش بەسەر ئەو کەسەی لە (قاڕوون) هەڵبگەڕایەوە، یاخود لە یارمەتیدانی ئەو خۆی بکێشایەوە، یان ئاواتی ئەوی بەجێ هێنایە!. نەتەوەکە (قاڕوون)یان وا دەهاتە پێش چاو کە تایەت زۆرتر شوولی لێ هەڵدەکێشێ و زۆرداری و بەدکرداری دەکات. هیچ خەمێکی نییە ئەوە نەبێ زۆرتر پارە کۆبکاتەوە و کەسانی تریش بەبرسێتی بهێڵێتەوە!... ڕقیان لێی هەڵسا، تێکۆشان دەماری مەردایەتیی ببزوێنن تا چاکە و پیاوەتی لەگەڵ نەتەوەکەی خۆیدا بکات و، فرمێسکی هەناسە ساردان وشک بکاتەوە... بەڵام ئەو بەرپەرچی دانەوە، گوتی: «من پێویستیم بەئامۆژگاریی ئێوە نییە. چونکە من لە ئێوە ژیرترم، لە ئێوەش باشتر لە شت تێ دەگەم. ئەم سامانەیش کە هەمە، هی ئەوەیە کە لە ئێوە مافدارترم بمبێ. لە ئێوەش زۆرتر هەڵدەگرم بۆم کۆببێتەوە!.».

مووسایش بەتوندوتیژی و زۆرە ملێیەکەوە پێی گوت: «پێویستە لە سامانەکەی بەشی پاکبوونەوە (زەکات)کەی بدات. هەروەها لێیشی دابەش بکات بەسەر هەژاران و داماواندا، چونکە خوازەڵۆک بڕاو، بەشیان هەیە لەو سامانەدا.». بەڵام ئەو گوێ نەدایە فەرمانی مووسا، گاڵتەی پێ کرد، بەدناوی کرد، بەتوندوتیژی و تیز پێ کردنێکەوە وەرامی دایەوە گوتی: «تا پێمان کرا دڵمان ڕاگرتیت و، بارمان کێشایت. ئاینێکی تازەت بۆ هێنایینە پێشەوە، لەبەر تۆ پێڕەویمان کرد، هەرچییەکیشت پێ گوتین بەگوێمان کردیت، کەچی تۆیش چاوت بڕیوەتە سامانەکەمان و ئازایەتییشمان بەسەردا دەنوێنیت. جا هیچ نەماوە ئەوە نەبێ کە سامانەکەمان لێ داگیر بکەیت و، کەلوپەلەکانمان تاڵان بکەیت؟!. تۆ بەم کردەوەیەتدا دەرتخست کە پیاوێکی درۆزنیت. هەرچییەکیشت لە نەتەوە دەشاردەوە، وا بۆی دەرکەوتن. لە ڕاستیدا تۆ چاوبەستکەرێکی درۆزنیت!!».

(قارِوون) تێکۆشا بەزەبری پارە نەتەوە لە مووسا بکێشێتەوە و، وەریان بگێڕێ و، ئاین و باوەڕیان تێک بدات. ناردی بەشوێن ئافرەتێکی سۆزانیدا، کە مووسا لەبەر داوێن پیسی و بەدخوویی تەفروتونای کردبوو. پێی گوت: «ئەگەر ئەوی پێت دەڵێم بەجێی بهێنیت، مارەت دەکەم و، لە دەست ئەم هەژاری و ئاوارەییە ڕزگارت دەکەم!».

ئافرەتەکەیش پرسی: «چیت لێم دەوێت؟». قارِوون گوتی: «کە ئیسرائیلییەکان هاتنە لام و لێرە کۆبوونەوە، تۆیش وەرە ئێرە و بڵێ: مووسا بۆیەکا منی دەربەدەر کرد، داوای داوێن پیسی لێکردم کە لەگەڵیدا بکەم، بەڵام من بەقسەم نەکرد!.». ڕۆژی دوایی، کە هەندێک لە ناسراوەکانی نەوەی ئیسرائیل لای قارِوون کۆبوونەوە، ئافرەتەکەیش هاتە ناویانەوە و گوتی: «ئەی نەوەی ئیسرائیل! پیاوچاکان شتی وا لە پیاوخراپانەوە دەبینن... ئاگادارتان دەکەم کە قارِوون دوێنێ ناردی بەشوێنمدا، وای پێ گوتم و وای هانەدان کە پێتان بڵێم. فەرمانی پێدام درۆ هەڵ ببەستم بۆ پێغەمبەری خودا کە مووسایە. قارِوون درۆ دەکات. لە ڕاستیدا مووسا بۆیەکا منی تەفروتوونا کرد، کە بەدخوو و داوێن پیس بووم. منیش لەوەوە وازم لە کردەوەی خراپی خۆم هێنا و، لەسەر دەستی ئەودا پەشیمان بوومەوە!.».

کە قارِوون ئەوەی لە ئافرەتەکە بیست، لە کردەوەکەی خۆی پەشیمانیی نواند، چونکە نەوەی ئیسرائیل سەرزەنشتیان کرد. مووسایش کە پێی گەیشتەوە قارِوون ویستوویەتی بەو جۆرە بەدناوی بکات، قینی هەڵسا و تووڕە بوو. لە خودا پاڕایەوە تۆڵەی لێ بکاتەوە. پاشان نەتەوەکەی خۆی کۆکردەوە و پێی گوتن: «ئەی نەوەی ئیسرائیل!... خودا هەروەک منی بۆ فیرعەون ڕەوانە کردووە، ئاوەهایش منی بۆ قارِوون ڕەوانە کردووە! هەر کامێکتان دۆستی ئەون لەگەڵیدا بمێننەوە، هەر کامێکیشتان لەگەڵ مندا دەبن خۆتانی لێ دووربخەنەوە!...».

نەتەوەکەیش هەموو خۆیان لە قارِوون دوورخستەوە، مووسا لە خودا پاڕایەوە کە پێی بنوێنێ. خودایش قارِوونی بەخۆی و کۆشکەکەیەوە نوقمی ناو زەوی کرد ئەمە بوو بەپەندێک بۆ نەتەوەی مووسا و بێ دەسەڵاتەکانی هاوڕێیی... «ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان بەخودا هێناوە، ئێوەیش وەک ئەو کەسانە مەبن کە ئازاری دڵی مووسایان دا. هەرچییەکیان بەمووسا گوت، خودا بەدرۆی خستنەوە. چونکە مووسا ڕووسووری لای خودا بوو.».



## دیسانەوە لە مووسا هەڵدەگەڕێتەوە!

بەڵام گیانی مووسا هێشتا لە تەنگوچەڵەمە ڕزگاری نەبووبوو. چونکە ئەو ڕەگەزەی لە پێناو ڕزگاربوونیدا خۆی بۆ بەخت کردبوو، هەر جارە ناجارێک سەرکێشیی دەست پێ دەکرد و، لە ڕزگارکەوەکەی خۆی هەڵدەگەڕایەوە!. هەروەک گوتوویانە، هیچ پێغەمبەرێک لەناو نەتەوەی خۆیدا بایەخی پێ نادرێ!. بەم ڕەنگە، لە کاتێکدا کە مووسا چاوی بڕیبووە ئەو ڕۆژەی بگاتە (زەویی بەڵێن لەسەر دراو)[1]، نەتەوەکەیشی هەر ئاوڕی بۆ پشتەوە دەدایەوە، بەکوڵی دڵیەوە ئاواتی بۆ بەروبوومی میسر دەخواست!... نەتەوەی ئیسرائیل ئەوەیان پێ خۆشتر بوو کە ئاسایشیان ببێ، نەک لە خەباتدابن. تەنانەت بێ دەسەڵاتی و دیلییشیان هەر بەباش دەزانی، بەمەرجێ ئاسایشیان لێ تێک نەچێ!. هێشتاکو چێژکەیان لە خەباتی سەربەرزانە وەرنەگرتبوو دڵنیا نەبوون لەوەی کە لە ئەنجامی خەباتەکەیاندا سەردەکەون و ئازادییان دەست دەکەوێت!. هەروا بڵێیت باشترە کە حەزیان لەو ئازادییە نەدەکرد کە بەئەرک و ئازار و شەڕوشۆڕەوە دەستیان بکەوێ!... بەڵام مووسا خۆی دەیگوت: «ئەوانە هەڵیان نەدەگرت ئازادییان دەست بکەوێ!». واتا ئازادییان لێ نەدەوەشایەوە!... بەم ڕەنگە دەستیان کرد بە گەلەکۆمەکێ کردن لەو کەسەی ئازادی دەکردن!... لەپێشدا سەرکێشییەکەیان هەر بریتی بوو لە بۆڵەبۆڵێکی ڕووت! توانج و پلاریان دەگرت لە هەڵسان و دانیشتنی مووسا!. ئەگەر زوو هەڵبسایە لە خەو دەیانگوت: «بۆیەکا وا زوو لە خەو هەڵدەسێ کە بەشی هەرە باشی گەزۆکە بۆ خۆی بەرێ!.». ئەگەر درەنگ هەڵبسایە لە خەو، لەژێر لێوەوە دەیانگوت: «ئەوەندەی گەزۆ خواردووە نەخۆش کەوتووە، بۆیەکا درەنگ لە خەو هەڵدەسێ!». ئەگەر بچوایە بەلای گەردن کەچیی و تەنیاییەوە، بێزارییان پێشان دەدا لە دەست لووتبەرزی و لە خۆبایی بوونی، لە دەست بێزنەهاتنی کە تێکەڵییان لەگەڵدا بکات... خۆ ئەگەر زۆریش تێکەڵیان ببوایە و لێی بپرسینایەوە دەیانگوت: «بەزۆر خۆی فرێ دەداتە ناویانەوە، تا چەپڵەی زۆرتر بۆ لێ بدەن!»...

پاشان لە توانج و پلار تێگرتنیەوە، کەوتنە بەدناوکردنیەوە. وایان بەدناو دەکرد: کە چینێک دەکات بەگژ چینێکی تردا، واتا گەندە پیاوەکان دەکات بەگژ پیاوە جوامێرەکاندا!. هەژارەکانیش دەکات بەگژ دەوڵەمەندەکاندا!... تا دەهات توندوتیژتر

(١) زەوی بەڵێن لەسەر دراو: (أرض الميعاد). وڵاتی ئیسرائیلی ئێستە.

قسەیان لێ دەکرد. پێیان دەگوت: «تۆ کە پێشەوای ئێمەیت، ناپاکیت لەگەڵ کردین!. خۆش گوزەرانیی میسرت لە دەست دەرهێناین، بەروبوومەکانیت لە دەست داین، بەدرۆ (زەویی بەڵێن لەسەر دراو)ت دا بەگوێچکەماندا کە پێی شاد دەبین... بەڵام هەرگیز ئەوە سەرناگرێ کە بیبینین!. چونکە ئەو زەوییە مەگەر هەر لە مێشکی خۆتدا بێت!.».

پاش ئەوە هەڕەشەیان لێ کرد: «ئەگەر نەیانگێڕێتەوە میسر دەیکوژن!.». بەڵام مووسا لە شێوەیەکی ئازایانە و چاوپۆشیدا ڕووبەڕووی دوژمنەکان دەوەستا!. هەر هەڕەشەیەکیان لێ دەکرد بەئارامەوە وەرامی دەدانەوە. هەر دوژمنایەتییەکیان لەگەڵدا دەکرد چاوی لێ دەپۆشین!. بەڵام لەو کاتە تەنیاییە تاڵانەدا، دەگەڕا بۆ چاوپۆشییەک لە دڵیدا، هەرچەندی دەکرد نەیدەدۆزییەوە!.

... «ئەوانە هەڵناگرن (زەویی بەڵێن لەسەر دراو)یان دەست بکەوێ... نە ئەم سەردەمە، نەسەردەمی نەوەکانیشیان!.».

هەروەک سەرگوروشتەکانی جوولەکەکان دەڵێن، خودا هەستی کرد بەو بیروباوەڕە نهێنییانەی مووسا... لەبەرئەوە قینی هەڵسا!...

### مردنی مووسا لە پێش چوونیدا بۆ زەویی بەڵێن لەسەر دراو

بەرەی کۆن لەناو ئەو دەشت و بیابانەدا لەناوچوون. بەرەیەکی تازە پەیدابوون کە ئامادەبوون بچنە ناو (زەویی بەڵێن لەسەر دراو)ەوە. بەڵام ئەم زەوییە لە مووسا خۆی، بەربەست کرابوو!. خودا پێی فەرموو: «ئەو کاتە هاتووە کە لە جیهان جیاببێتەوە!». بەڵام مووسا دەپاڕایەوە لە خودا و دەلالایەوە، دەیگوت: «هەر ئەوەندە بمهێڵەرەوە لە جیهاندا تا نەتەوەکەی خۆم دەگەیێنمە (زەویی کەنعان)، ئیتر ئەوساکە ئامادە دەبم بۆ مردن».

– نابێ دەبێ هەر بڕۆیت!

مووسا هەر دەپاڕایەوە لە خودا: «ئەگەر ناتەوێ وەک سەرکردە و پێشەوایەک بچمە ناو (زەویی کەنعان)ەوە، بهێڵە بام وەک یەکێکی هەرە بچووک بچمە ناویەوە!».

– نابێ دەبێ هەر بمریت!.

– کەواتە هەر هیچ نەبێ، بام بەمردوویی بچمە ناویەوە! بهێڵە بام ئێسکەکانم لە (زەویی بەڵێن)دا سرەوتیان تێ بکەوێ!.

– نابێ تۆ بچیتە ناو (زەویی بەڵێن)ەوە نەبەزیندوویی، نەبەمردوویی. تۆ هەڵەت زۆر کردووە!.



– ئایا دەربارەی خودا هیچ گوناهێکم کردووە؟ کەی کردوومە؟

– نەء تۆ دەربارەی خودا هیچت نەکردووە، بەڵام دەربارەی مرۆڤی برات هەڵەت کردووە. تۆ لەوەدا دوودڵ بوویت لەوەی کە مرۆڤایەتی لە بنەڕەتدا حەز لە ڕووناکی دەکات. ئەمە ڕاستە مرۆڤ ترسنۆکە، دڕندەیە، چاو هەڵهێنەرە، بەئالۆش و خرۆشە، درۆزنە، ناپاکە، پیاوکوژە. بەڵام ئەی خۆت چیت؟. تۆیش مرۆڤ نیت؟. جا ئەگەر لە ئامۆژگاری و پەندەکانی من تێ بگەیشتیتایە، بۆچ لەوە دەکەوتیتە دوودڵییەوە، کە نەتەوەکەیشت ڕۆژێک لە ڕۆژان تێی دەگەن؟

– بەڵام ئەوانە درەنگ لە شت تێ دەگەن!.

– کاتیان زۆر بەدەستەوە هەیە فێریان بن. پیاو پێویستە بەئارام بێ. چونکە من خودای بەزەیی هاتنەوەم، لەگەڵیاندا بەئارامم!.

جا هەروەک سەرگوروشتەکە دەیگێڕێتەوە: کە مووسا ئەم قسانەی لە خودا بیست، سەری بۆ چارەنووسی خۆی دانەواند، گیانی دا بەدەستەوە... ئەوساکە زانی، کە (زەویی بەڵێن) هەر (زەویی کەنعان) نییە. هەر زەوییەک (دادپەروەری) و (بەزەیی پێداهاتنەوە) و (خۆشەویستی)ی تێدا فەرمانڕەوا بێ ئەوە (زەویی بەڵێن لەسەر دراو)ە.

«خودا بەشیرینییەکەوە مووسای لەسەر زەویدا حەساندەوە... گیانی لە لێویەوە هێنایە دەرەوە... مووسا مرد... بەڵام کە مرد لای خودا خۆشەویست بوو».

# رابعەی عدوی

ئەو ئافرەتەی لە گوناهی خۆی پەشیمان بووەوە و، گرفتاری دڵداریی خودا
بوو و وشەی دڵدارییشی خستە ناو زمانی دەروێشانەوە

نووسەری: کامل محەممەد کامل
وەرگێڕانی لە ساڵی: ١٩٨٧

ئەم نووسراوە

(رابعەی عدوی) لە ساڵی ١٠٥ی کۆچیدا، لە شاری (بصرە)دا، لە خێزانێکی هەژاری ئێرانیی[١] سەر بەماڵە دەوڵەمەندێکی عەرەب لەدایکبووە. تا گەورە بووە و گەیشتۆتە هەرەتی هەرزەکاری ژیانێکی پڕ لە هەژاریی و مەینەتی و سووکی و بێکەسی بەخۆی و خێزانەکەیەوە دیوە باوکی زوو مردووە پاش ئەو دایکیشی مردووە ماڵە دەوڵەمەندەکە، لەتاو گرانی و دەستکورتی و هەرسێ خوشکەکەی لە ماڵەکەی دەرپەڕاندوون پاشان کە لە بازاڕدا فرۆشراون، (رابعە) بەر دەوڵەمەنێکی چاوبرسیی کەوتووە کە کڕیوێتی بەشەش درهەم هەر ئەوەیش بووە بەهۆی ئەوەی کە لە خوشکەکانی خۆی جیای کردۆتەوە... کابرا کردبووی بەکارەکەر بەخۆی و خێزانەکەیەوە دەیانچەوساندەوە، بەچاوێکی سووکیشەوە سەیریان دەکرد!

(رابعە) لەو چەند ساڵەی تەمەنیدا، ئەمەندە خەموخەفەت چوو بووە دڵیەوە دڵی لە مرۆڤایەتی ڕەش بوو بوو هیچ کەسێکی بۆ نەمابووە وە پەنای بۆ ببات (خودا) نەبێ! ... نە کەسی مابوو پشتیوانیی بکات و، نە خزم و دۆست و یاریشی هەبوو دڵیان پێ خۆش بکات! بەرۆژ کارەکەریی دەکرد و، بەشەویش لەناو ژوورەکەی خۆیدا، تەنیایی کرد بوو بە(یار)ی خۆی و پەرستنی خودایشی کرد بوو بە(کار)ی خۆی! پاڕانەوەکانی لە خودا ئەمەندە بەسۆز بوو، خودای گەورە دڵی پێی سووتا، دڵی خاوەن ماڵەکەی بۆ نەرم کرد و (رابعە)ی بەشیرینییەکەوە (ئازاد) کرد!

پەککو لەم خۆشییە! ئەمە ئاواتی هەرە گەورەی (رابعە) بوو!

(١) بەڵکو: فارسی.



(رابعە) لەسەرێکی ترەوە، ئەوەندەی شۆخ و شەنگ بوو، ئەوەندەیش زیرەک و خوێندەوار و، خوداناس و، هونەرمەند بوو لە هۆنراوە دانان و، گۆرانی گوتن و ساز و ئاواز لێدان و سەما و هەڵپەڕکێدا لە دڵتەڕیدا، دەست ڕەنگینییەکی تەواوی هەبوو بەڵام کاتێ کە بەڕەڵڵا بوو[١] نەیزانی ئازادییەکەی خۆی باش بەکاربهێنێ گۆرانی و ساز و ئاوازی کرد بەپیشە بۆ خۆی، کەبەوە خۆی خستە تەنگ و چەڵەمەوە! هەم لەبەر جوانییە ناوازەکەی و، هەم لەبەر هونەر و دەست ڕەنگینییەکەی دەوڵەمەندانی جەنگ و، دەسەڵاتدارانی بەپەنگی ئەو سەردەمەی (بصرە) ئاوێتەی بوون و تێی ئاڵانان پێیان خلیسکاند لە کۆڕەکانی بەزموڕەزم و ئاهەنگ و زەماوەند دا، کە لەناو پیاواندا بوون، بەمەی و نەی و خواردنەوە وە، گەلێک شەوگاری رۆژ کردەوە، کە بەوە، ئابڕووی خۆی تکاند!

بەڵام (رابعە) چونکە لە نەژاد دا چاک و پاک و خوداناس هەڵکەوتبوو، لە پاش ماوەیەک چەواشەکاریی ئەو ژیانە ناپوختەیەی بۆ دەرکەوت.

زۆری پێ نەچوو، دڵی لێی هەڵ ئەنگوت هۆشی هاتەوە بەرخۆی و گەڕایشەوە سەر سروشتە خاوێنەکەی خۆی لە هەموو گۆبەند و بەزمێک و لە هەموو بابەتێکی دڵداریی ناڕەوای جیهانی وازی هێنا لە پەنایەکدا بەژیانێکی دەروێشانەی ساکارانە، بەڵام خودا ناسانەوە سەری خۆی کز کرد و گوزەرانی کرد هەتا مرد هەر خەریکی خودا پەرستی و زانست و هۆنراوە و دەروێشایەتی (تصوف) بوو دوایی بووە سەرچاوەیەک بۆ پرسیاری (خودا ناسان) و، سەرکردەیەکی سامدار و پایەدار و گرنگیش بۆ دەروێشان.

(رابعە) بەم ڕەنگە ژیا، تا لەپاش تەمەنێکی هەشتا ساڵی بەرز و پیرۆز لە ساڵی ١٨٥ی کۆچیدا، کۆچی دوایی کرد و، لە بارەگای خودا دا بەکامی خۆی گەیشت ئەوەی لەژیانی ئەم ئافرەتە نازەنینە گەورەیەدا جێگای پەند وەرگرتنە [بۆ خوشکە بەڕێزە کوردەکانمان]، ئەوەتا کە لە بارێکی هەرە نزمەوە، (رابعە) توانی خۆی بگەیێنێتە بارێکی هەرە بڵند ئەمەیشی بەسایەی هیچەوە دەست نەکەوت، بەسایەی (خودا ناسیی)یەکەوە نەبێ بەڵێ، (رابعە) بەهۆی (خودا ناسیی)یەکەیەوە بوو، کە هەموو گیان و سامان و ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو، توانی لە هەموو موسوڵمانێکی سەردەمی خۆی، خۆی پتر بڵند بکاتەوە، لە (کۆڕی خۆشەویستی خودا)دا. هەروەها لە هەموو کەسێکیش پتر خۆی نزیک بخاتەوە لە خودا. (رابعە) تاما شووی نەکرد! دەستی نا بەڕووی گەلێک

(١) ڕاستتر: کە ئازاد بوو

دڵخوازانی گەورە و دەوڵەمەند و دەسەڵات دارانەوە ئەویش هەر لەبەر ئەمەی هەرچی (خۆشەویستی)یەکی هەیە، هەر بۆ خودای گەورەی تەرخان بکات و، ماوەیش بەخۆی نەدا کە تاوێک خودای لە بیر بچێتەوە!

(رابعە) چونکە ڕێگای ڕاستی گرت، توانی، لەناو ئەو کۆمەڵایەتییە ڕزیوەدا و لە ژێر سێبەری ئەو فەرمانڕەواییە زۆر دارە، کەمتەرخەمە، بێ فەڕەدا، خۆی بپارێزێ و سەریش بەرز بکاتەوە.

(رابعە) تاما نموونەیەکی پایە بڵندیی و، کردەوەی جوان و، خوداناسییەکی بێ هاوتا بوو ئەوە هەر ئەو بوو، کە (خۆشەویستیی خودا)ی هۆنییەوە بەهۆنراوە و، کردی بەگۆرانی و هاویشتییە ناو پاڕانەوەکانی دەروێشەکانەوە هەر ئەویش بوو کە بێ باکانە ئەم قسەیەی کرد کە تا ئەو ساکە کەس لەناو ئیسلامەتیدا قسەی وای نەکرد بوو واتا نە زانیبووی بیکات و نە وێرابوویشی بیکات ئەویش ئەمە بوو کە: (نەلەترسی ئاگری دۆزەخەکەی، خودا دەپەرستێ و، نە لەبەر پاداشتی بەهەشتەکەیشی دەیپەرستێ تەنیا لەبەر خۆشەویستییەکەی دەیپەرستێ) (رابعە) دەیویست زوو بمرێ، تا زووتر بەدیداری خودا شادمان ببێ، بەکورتی: خودای لەبەر خودا خۆی خۆش دەویست، نەک لەبەر خۆی.

منیش (ئەم نووسراوە) بۆ ئەو (خوشکە خوێندەوارە کوردان)ە پێشکەش دەکەم، کە لە تەنگانەدان و، نە ڕۆژگار یاریانە و، نە کەسوکار. نە کۆمەڵایەتی بەتەنگیانەوەیە و نە کاربەدەستان. بۆ ئەمەی (رابعە) بکەن بەنموونەیەک بۆ خۆیان و چاو لە کردەوە بڵندەکانی پاش ڕاچەنین و ڕاپەڕینەکەی بکەن واتا (خودا ناسیی) بکەن بەچەکێک بۆ خۆیان و، خۆیانی پێ بپارێزن لە دەست گورگ و چەقەڵی کۆمەڵایەتیی بەڵێ وایە (خودا ناسیی) تەنیا ڕێگایەکە، نەک هەر مرۆڤ لە سووکی و، ڕیسوایی و، کزیی و، بێ دەسەڵاتی و، هەژاریی و، نابووتی، ڕزگار دەکات، بگرە هەموو نەتەوەیەکیش لە دەست (دیلیی) و پەنگی (هەژاریی) و (نەخۆشیی) و (نەخوێندەواریی) ڕزگار دەکات کەواتە بۆ ئەمەی (پێشکەوین): ئەم (ڕێگای خودا ناسین)ە بۆ چ نەگرین؟!

شاکر فەتاح

سلێمانی: ٤-١-١٩٦٦

«خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد»



## لە پاش نیوە شەوێک...

بەشی زۆری شەو ڕۆیشتبوو خاوەن ماڵیش شتێکی وای بەسەرهاتبوو کە تا ئەو دەمە خەو نەچوو بووە چاویەوە کابرا هەر لەناو پێخەفەکەیدا ئەم دیو و ئەو دیوی دەکرد وەڕس بوو بوو لە دەست خەو لێ نەکەوتن هەر بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە خەوی لێ بکەوێتەوە بەڵام خەولێ خەوزە بوونەکەی بەچاوەکانی ڕاهاتبوو ئەویش بەوە ئەوەندە تەنگەتاو بوو بوو لە ناچاریدا لە جێگاکەی هاتە دەرەوە... لەو کاتەدا کە بەناو خانووەکەی خۆیدا هات و چۆی دەکرد، لە تاو گلاراویی خەو لێ نەکەوتن، بۆ ئەمەی تۆزێک هەوای باڵی خۆی بدات و دڵی بکرێتەوە، لە پشت یەکێک لە دەرگاکانەوە گوێی لە چرپەیەک بوو دڵی لێی کرمی بوو وەستا... ئەو ژوورەیش کە لەبەر دەرگاکەیدا وەستا، ئەو ژوورە بوو کە بۆ کەنیزەکەکەی خۆی تەرخان کرد بوو، بۆ (رابعە).

سەری لێی سوڕما زۆر شتی خراپ بەدڵیدا دەهات چونکە ئەم کەنیزە کە ئافرەتێکی سەرکز بوو، هەموو دەم حەزی لە بێ دەنگ و سەنگی و تەنیایی دەکرد.

بەڵام لەو جوانانەیش بوو کە بەشۆخ و شەنگیی و هەرەتی هەرزەکاریی خۆیەوە دڵی پیاوی کێش دەکرد، تیری دڵداریی لە دڵی پیاوان دەدا، هۆشی لە دڵداران دەسەند، خۆیشی ئەوەندە لەلا خۆشەویست دەکردن، کە خۆی بگەیێنێتە پایەی هەرە بڵند لای پیاوە گەورەکان!. کابرا لە دڵی خۆیدا دەیگوت: تۆبڵێی(رابعە) دۆستێکی بۆ خۆی دۆزیبێتەوە و بەفێڵ هێنابێتیە ناو ماڵەکەوە و، دەستی کردبێ بەقسەبازیی و دڵداریی لە گەڵیدا؟!.

خاوەن ماڵەکە بەهێواشی لە دەرگای ژوورەکە نزیک بووەوە و، لە کونی دەرگاکەوە سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد. کە تەماشای کرد ئەوا (رابعە) نوشتاوەتەوە نوێژ دەکات و دەپاڕێتەوە لە خودا... پاشان گوێی خۆی نووساند بەدەرگاکەوە، بزانێ چی دەڵێ گوێی لە (رابعە) بوو بەدەنگێکی پڕ لە ئاگری دەروونەوە دەپاڕایەوە لە خودا دەیگوت: «خودای گەورە! تۆ خۆت دەزانیت کە بەدڵ دەمەوێ بتپەرستم و لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆم کە تۆ داتناوە... کە چاوم بڕیوەتە دەرگانەکەی تۆ و دەمەوێ ڕووناکی چاوەکانم بۆ دەروازەکەی تۆ بەخت بکەم... ئەگەر جڵەوی خۆم بەدەست خۆمەوە بووایە، هیچ تاوێک لە کارەکەریی کردن بۆ تۆ دەست بەردار نەدەبووم. کەچی تۆیش وا منت خستۆتە ژێر چنگی ئەو نۆکەرە دڵڕەقە زۆردارەی خۆتەوە!.».

پیاوەکەیش لەم پاڕانەوەیە واقی وڕما... چونکە (رابعە) لە قسەکانی دوایی مەبەستی

ئەو بوو! کەنیزەکە کەیش سکاڵای خۆی دەبردە بەر گەورەیەکی لەو بەهێزتر و، بەدەسەڵات تر بەسەر خۆیدا!... ئەگەر بهاتایە ئەو پیاوە لە کاتێکی تردا گوێی لەو قسانە بووایە، لەوانە بوو تووڕە ببێ و بچێ بەگژ (رابعە)دا. بەڵام لەو کاتی بەرەبەیانەدا، کە بێ دەنگیی هەموو لایەکی داگیر کردبوو، و پاکییەکی گیانی بەجیهان بەخشیبوو، خاوەن ماڵەکە هەستی پێ کرد: تەزوویەک بەلەشیدا دێت شێوەی قسەکانی کەنیزەکە کە کاری لە پەڕەی دڵی کرد بوو شێوەی گفتوگۆی کەنیزەکە کە لەگەڵ خودا دا، هەر چەند بەئەسپایی بوو هەرچەند بەچرپە بوو، بەڵام ئاشکرا و دیار قسەکانی دەکرد لە کانی دڵیەوە دەهاتنە دەرەوە پڕبوون لە دڵسۆزی و ڕاستی و دروستی سامێکیان دەخستە دڵی خاوەن ماڵەکەوە لە قسەکانی کەنیزەکە کەوە کە بەرامبەر خودا دەیکرد، هێز و دەسەڵاتی خودای بیردەکەوتەوە، کە گەورەی هەموو گەورەیەکە. لە پڕ دڵی داخورپا ئەوەندەی پێ نەچوو دڵ و دەروونی کەوتنە سەر ئەوەی کە کارێکی دروست و باشی وا بکات کە دڵی خودای پێ خۆش بکات، بەڵکو ئەمە خودایە، یەزدانی پاک لە گوناهی خۆش ببێ و، لەو خودا لەبیرچوونەوەیەی ئەو چاو بپۆشێ!.

## گەورەکەی خۆی ئەوی بەشەش درهەم کڕیبوو

دڵی (رابعە) لە خۆشیاندا لێی دەدا... کەواتە خودا نزاکەی گیرا کردبوو... خۆشەویستییەکەیشی بەرامبەر خۆی پەسەند کردبوو بۆیە کا ئازادییەکەیشی پێ بەخشیبووەوە، کە هەموو تەمەنی خۆی هەر لە پەرستنی خودا دا بەخت بکات!. تاهەمیشە هەر لەسەر ڕێگای خودایی بڕوات بەڕێوە خودا هەر بەمەندەیش بەخشندەیی وازی نەهێنا کارێکی وایشی کرد کە خاوەنەکەی کە هەموو هەست و نەستێکی بەدەست ئەوە وە بوو، کە دەیتوانی هەرچییەکی بوێ لێی بکات، ئیمڕۆ و دوا ڕۆژی ئەو بەئارەزووی خۆی هەڵبسووڕێنێ ئەو خاوەنە وای لێ هاتبوو پێی دەگوت: «ئەگەر دەمێنیتەوە خۆم و خێزانەکەم و دەس و پێوەندەکانم لەبەر دەستتدا دەبین و فەرمانت بۆ دەکەین». دیارە ئەمەیش بەخششێکی پیاوانە و مەردانە بوو بەڵام ئایا (رابعە) پێی دڵخۆش دەبوو؟!.

(رابعە) تا چەند تاوێک بیری پرش و بڵاو دەبووە وە، بەهەموو لایەکدا... ژیانی خۆی دەهاتەوە بەرچاو کە بریتی بووە لە ژیانی ئافرەتێکی بچووک و سووک!. (رابعە) لە شاری «بصرە»دا لە دایک بوو بوو، لەخێزانێکی هەژار کەسەر بەخانەدانی «عتیک» بوو. ئەو خانەدانەیش تیرەیەک بوون لە «بنی قیس». باوک و دایکەکەی (رابعە) لە هەژاریی و



ژیانێکی سەخت و ناخۆش دا گوزەرانیان دەکرد تەنانەت ئەوەندە دەست کورت بوون کە (رابعە) لە دایک بوو، پارچە پەلاسێکیان نەبوو پێی بپێچنەوە!. بەم ڕەنگە (رابعە) چاوی لە هەژاریی و پەرێشانیدا کردەوە بەڵام چارەنووس بەوەیش وازی لێ نەهێنا ویستی دەردێکی تریشی بۆ بخاتە سەر ئەو دەردەی، ئەو دەردەیش سووکی و بێ دەسەڵاتی بوو... (رابعە) کە باوکی مرد هێشتا منداڵ بوو زۆریشی پێ نەچوو، گرانی داهات (بصرە)یشی گرتەوە.

هەر بەروبوومێکی تێدا بوو لەناوی برد تەنانەت دەوڵەمەندەکانیش بەگران خواردەمەنییان دەست دەکەوت و، کەوتبوونە تەنگانەوە... ئنجا دەبێ هەژارەکان چییان بەسەرهاتبێ؟! خانەدانەکان ناچار بوون، بەندەکان و نۆکەرەکانیان بەرەڵڵا بکەن، بۆ ئەمەی باری خۆیان سووک بکەن. (رابعە)و هەرسێ خوشکەکەیشی لەو خانووە چوونە دەرەوە سەریان پێوەنا ڕۆیشتن نەیاندەزانی ڕوو بۆ کوێ بکەن!. تا ڕۆژگار دەردێکی تریشی تووش کرد.

(رابعە)ی لە خوشکەکانی جیا کردەوە و خستیە چنگ پیاوێکی چاوبرسی یەوە کە بەشەش درهەم کڕیی!. ئەو کەسەی (رابعە)یشی کڕیی، هەر ئەم خاوەن ماڵە بوو، کە ئیمڕۆ گەردنی ئازاد کرد و، بەڵێنی پێ دا بەخۆی و خێزانی و کەسوکاریەوە لەبەر دەستیدا بێ!.

بۆچ شت لەمە سەیرتر هەبوو؟!...

ئەو ژیانەی لەو ماڵە دا ڕایبوارد بوو، هێنایەوە پێش چاوی خۆی کە چەند دەیانچەوساندەوە و، چەندیش بەچاوی سووکەوە سەیریان دەکرد تا وای لێ هاتبوو، خۆیشی لەبەر چاو کەوتبوو ژیان بەلایەوە بێ نرخ بوو بوو.

ڕقی لە مرۆڤایەتی دەبووە وە حەزی لە چارەیان نەدەکرد نەیشی دەویست توخنیان بکەوێ!... مرۆڤیش سروشتی وایە کە سووکی و ڕیسوایی دیی بەخۆیەوە، دڵی تەنگ دەبێ کە هەستی بەکزیی و بێ دەسەڵاتی خۆیشی کرد بەرامبەر ئەو زۆرداریيەی لێی دەکرێ، وەڕس دەبێ و، دەکەوێتە تەنگانەوە، جیهانی لێ دێتەوە یەک کە زۆر دڵیشی لە کەسانی تر کرمێ بوو، و بەهیوای پیاوەتی و چاکەیان نەما خۆی بەبێگانە دەزانێ لەناویاندا و، خۆی لێیان دوور دەخاتەوە... کە مرۆڤ گەیشتە ئەم ئەندازەیە، ئیتر بەدوای هێزێکی تردا دەگەڕێ پەنای بۆ ببات... بۆ هێزێکی وا دەگەڕێ کە لە هێزی مرۆڤ گەورەتر بێ دەسەڵاتیشی بەسەر مرۆڤدا، لەخۆیان بەسەر خۆیاندا، زۆرتر بێ!. ئا بەم ڕەنگە مرۆڤی

کز و بێ دەسەڵات، داماو و وەڕس بوو لە گیانی خۆی، زۆری پێ ناچێ، دەروونی خۆی بڵند دەکاتەوە.

لە جیهانی پوول پەرستییەوە دەگوێزێتەوە بۆ جیهانێکی گیانی، کە لەوێدا دڵی دادەمرکێتەوە، ئارام بەگیانی دەگات و، تەم و خەمیشی لێ دەڕەوێتەوە!...

## دەنگێکی ئاسمانی بەڵێنی پاداش دانەوەی دەداتێ!...

(رابعە) کارەساتی ڕۆژێک لە ڕۆژە پڕ بەندەیەتییەکەی خۆی هاتەوە پێش چاو، کە لەماڵی ئەو خاوەن ماڵەدا دیبووی: (رابعە) ڕۆژێک دەچێتە دەرەوە، کارێکی خۆی جێبەجێ بکات کەچی چاوی بەپیاوێک دەکەوێ، چاوی تێ بڕیوە، هەر سەیری دەکات... (رابعە)یش وەک بەرخێک لەبەردەم گورگێکی دڕندەدا چۆن دەترسێ و، لێی زارەترەک دەبێ، ئەویش بەو جۆرە لە کابراکە دەترسێ و دەسڵەمێتەوە... لە چاوەکانی پیاوەکەدا هەست بەئارەزوو و نیازێکی خراپ و دڕندانە دەکات. (رابعە) دوایی ناچار دەبێ خۆی پەنا دەدات، لە جێگایەکدا، خۆی تێدا بشارێتەوە.

ئنجا کە دڵنیا دەبێ لەوەی، لە دەست ئەو کابرایە ڕزگاری بووە، دەست دەکات بەکوڵی گریان و، لەپەو ڕوو خۆی دەدات بەزەویدا... بەدڵێکی شکاو و ڕەنجەڕۆ وە، بەدەروونێکی بریندار و ئازاردراوەوە، کە هەست بەسووکی و کزی و تەنیایی خۆی دەکات، ڕوو دەکاتە خودا و، ئەو هێزە گەورەیە بانگ دەکات کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو مرۆڤێکدا هەیە، هاواری بۆ دەبات و لێی دەپاڕێتەوە، دەڵێ: «خودای گەورە!. من ئاوارە و بێچارەم بێ باوک و دایک ماومەتەوە بەبێوەندی بەندیی بەستراومەتەوە.

بەڵام خەمی گەورەم هەر ئەوەیە کە بزانم: تۆ گلەییت لێم هەیە، یان دڵت بەمن خۆش دێ؟!».

ئەو کەسەی ئەم چیرۆکە لە بابەت (رابعە)وە دەگێڕێتەوە دەڵێ: «کە (رابعە) ئەوەی گوت بوو، دەنگێک هاتبوە بەرگوێی، دڵی دابووە وە و پێی گوتبوو: «دڵت تەنگ نەبێ! چونکە لە ڕۆژی چەندوچوون کردندا، ئەوانەی لە ئاسماندا لە خودا وە نزیکن، ئەوەندە پایەی تۆ لەلای خودا بەرز دەبینن، چاوت پێ هەڵدەهێنن و، ئاواتیش دەخوازن بگەنە پایەی تۆ!...».

سا ئایا ئەمە ڕاست بێ کە (رابعە) ئەم دەنگەی لە ئاسمانەوە گوێ لێ بووە، یاخود دەروونی وروژاوە و خۆی وا هاتۆتە پێش چاو، کە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ خودا دا کردووە،



ئەوەی ڕاستییەکەی دەرکەوتووە، ئەوەیە کە ئەو پاڕانەوەیەی و، ئەو وەرامەی وەری گرتۆتەوە، ئارامی بەدڵی داوە و، هیوایشی پێ بەخشیوە بۆ دوا ڕۆژێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی پاش ئەوە چۆتەوە ماڵی خاوەنەکەی لە ڕۆژدا کاروفەرمانی ناو ماڵەکەی بۆ کردووە و ملکەچی بۆ نوواندووە هەر دڵڕەقی و زۆرداریییەکیشی لێ دیبێ بەدڵێکی پڕ لە ئارامەوە وەری گرتووە و دەنگی نەکردووە، بەو هیوایەوە کە زوو بەزوو لە دەستی ڕزگاری دەبێ... بەڵام کەشەو داهاتووە، (رابعە) چووەتە ژوورەکەی خۆیەوە، خەوی لە خۆی بڕیوە و، هەموو کاتێکی خۆی بەپەرستنی یەزدانی پاکەوە، بەخت کردووە نوێژی کردووە و، ناوی خودای هێناوە و، سوپاسی خودای بەجێ هێناوە و، لێیشی پاڕاوەتەوە کە زوو بەزوو لە دەست ئەو سەرگەردانییە ڕزگاری بکات... (رابعە) هەروای کردووە، تا ئەوشەوە کە گەورەکەی بەکەینە و بەینەکەی زانیوە و، کە ڕۆژیش بۆتەوە گەردنی ئازاد کردووە و سەربەستی داوەتێ کە یان لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە و، ببێتە خانمی خۆی و، هەموو خێزان و دەس و پێوەندەکەی، یاخود بەئارەزووی خۆی هەر کوێ یەک دەچێ بچێ!...

تۆ بڵێی (رابعە) مابوو بێتەوە لەو ماڵەدا؟.

ئەگەر لەوێدا بمایەوە هەرچی یەکی دەبینی لەناو ماڵەکەدا، ئەوەی بیر دەخستەوە کە کارەکەر و بەندەی مرۆڤێک بووە لەناو مرۆڤەکاندا.

چەوسانەوە و چەرمەسەریی و سەرگەردانیی خۆی بیردەکەوتەوە، کە لەناو ئەو ماڵەدا بەسەریدا هاتبوون خۆ ئەویش ئاواتی بۆ ئەوە دەخواست کە ڕۆژێک بێت و، ڕزگاری ببێت لە دەست ئەو بەندیخانەیە، تا خۆی تەرخان بکات بۆ پەرستنی خودا... تا خۆی بکێشێتەوە لە جیهان و لە هەموو کەسێک، بۆ ئەمەی هەر لەگەڵ خودا دا بمێنێتەوە... کەواتە ناچارە دەبێ لەو ماڵەدا نەمێنێتەوە!...

## بەڵام دەروونی مرۆڤ زۆر کزە!؟

بەم ڕەنگە (رابعە) ئەو ماڵەی بەجێ هێشت و ملی نا بەرێگاوە... ئامانجێکی دانەنابوو بۆی بچێ، مەگەر هەر ئەوە کە ڕووی خودای خۆی ببینێ بەڵام پێویستی ژیان لە کۆڵی نەدەبوە وە، تا بمایە لە ژیاندا دەبوو، خەمی خواردن و پۆشین و سرەوت بخوات کەواتە چۆن بژیی؟...

ئەوە شتێکی سروشتی بوو، کە دەبوو کارێکی وا بدۆزێتەوە بۆ خۆی کە لەگەڵ دڵ و ئارەزووی خۆیدا بگونجێ... (رابعە) خۆی لە بنچینەدا کچێکی دڵناسک بوو سروشتێکی

بوێژانەی هەبوو دڵی بەبابەتی گیانیدا دەچوو بۆ ئەوەیش هەڵکەوتبوو کە کاروفەرمانی جوان و ناسک بکات... لەبەر ئەوە دڵی چوو بەلای پیشەیەکی وا دا کە هونەرمەندیی تێدا بنوێنێ و ئارام بەدڵ و گیانی بگات... ئەوەیشی بۆ دەلوا... چونکە (رابعە) لە بنچینەدا لە فارسەکان بووە فارسەکانی ئەو سەردەمەیش وا ڕاهاتبوون تا گەورە دەبوون فێری دووزەلە لێدان و هونەرەکانی بەزموڕەزم دەبوون و، بەتەواوەتیش تێیاندا شارەزا دەبوون!... بەڵام پێویستی ژیان (رابعە)ی لە ئامانجەکەی یەکەمی دوور خستەوە نەخوازەڵا کە ئازادبوونەکەیشی هەر خۆی لە خۆیدا، بەشۆڕشێکی گەورە دادەنرا لە ژیانیدا ئازادیی و سەربەستیش جۆرە ژیانێک بوو بۆ ئەو کە هێشتا شارەزای نەبوو بوو، کە هێشا تاقی نەکردبووە وە... هەروەها جوانییە دڵکێشکەرەکەیشی لەوانەبوو کە ڕێگایەکی فراوان و تەختی بۆ بکاتەوە لە جیهانی هونەرەکاندا کاتێ کە کەوتیشە ناو ئەم ڕێگایەوە، سەری لێ تێکچوو و ڕێگاکەی یەکەمی خۆی ونکرد لەبەر تیشک و پرشنگی ئەو ژیانە تازەیەشیدا چاوی دەستی کرد بەرێشکە و پێشکەکردن و، ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی لەبەرچاودا نەما!... ئەم جۆرە سەرلێشێوانە، ئەم جۆرە هەڵئەنگوتنە، لە ڕاستیدا بۆ ئەو بەشتێکی زۆر دانانرێ چونکە ئەم جۆرە کارەساتە لە ژیانی زۆر لە پیاوانی دەروێشایەتی و خاوەن گیانی خەباتکاردا دەبینرێ! بۆ وێنە ئێمە ئەم نموونەیە لە ژیانی خاتوو «تیریزا»دا دەبینین، کە ئافرەتێکی ئایینی بەرز و پیرۆز بوو لە سەدەی شانزەهەمدا دەژیا... چونکە ئەو هەر ئەوەندە لە کڵێساکەی یەکەم پەنای ژیانی خۆی، دەرباز بوو کاروباری جیهانی و خۆش ڕابواردنی ژیان ڕاپێچیان کردەوە بۆ لای خۆیان و، لە خودا پەرستی دووریان خستەوە تا لە ساڵی ١٥٥٥دا خودا یارمەتیدا و، بۆ جاری دووەم هاتەوە سەر ڕێگای خودایی ئەمەش سەبارەت بەوەیە کە دەروون هەر لە بنچینەوە بەدوای خۆش ڕابواردن و ئالۆش دامرکاندنەوەدا دەگەڕێ جا کە مرۆڤ لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەوە و، گەڕایەوە بۆ سەر ڕێگای خودایی، ئەو ئارەزوو و ئالۆشانە لە ژێرەوە دەکەونە بزووتنەوە و هانە هانەی دەدەن بۆ گەڕانەوە بۆ سەر خۆش ڕابواردن و ئالۆش دامرکاندنەوەکەی جارانی... ئەو ئارەزوو و ئالۆشانە کە وەس دەبن لە دەست بەربەستکردنی ڕێگای دامرکاندنەوەیان، بێ دەنگ و سەنگ نامێننەوە... هەموو دەم ئاژاوە دەنێنەوە... هەمووده‌م دڵ و دەروونی مرۆڤەکە دەووروووژێنن بۆ سەر خۆش ڕابواردن و دامرکاندنەوەی خۆیان... لەبەر ئەوە زۆری پێ ناچێ، مرۆڤە پەشیمان بووەکە دووبارە دەگەڕێتەوە سەر بەزموڕەزمی خۆی، لە جاران زۆرتری دەکات.



تاوای لێ دێ وەڕس دەبێ و، دڵی لێی تێکەڵ دێ... ئەویش لەوە دا هەر لە زگ دەکات، کە چەوریی و شیرینی زۆری تێکرا فڕێی دەداتەوە دەرێ! ئنجا کە گەیشتە ئەو ڕادەیە، ئالۆش و خرۆشەکەی، خوتوکە و ئارەزووەکەی دادەمرکێنەوە و، مات و بێ دەنگ دەبن و، لە گەڕ دەکەون.

ئەوساکە گیانی مرۆڤەکە وریا دەبێتەوە و، ڕادەپەڕێ لە خەو. ئەو گیانە ئارەزووی بڵند بوونەوە دەکات بیروباوەڕە بەرزیی خوازەکانیشی دەست دەکەن بەبزووتنەوە و چستوچالاکی مرۆڤە کە ڕقی هەڵدەستێ لە لەشەکەی خۆی کە تووشی ئەو ڕیسواییانەی کردووە.

بۆ ئەمەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەتەووژمەوە تێدە کۆشێ و خەبات دەکات لە پێناو ڕاستی و دروستی و ماف پەرستیدا... ئینجا لەمەوەیە کە دەروێشایەتی پەیدا دەبێ!...

## دڵی پاکە... بەڵام ڕێگا ون دەکات!

بەم ڕەنگە (رابعەی عدوی) لەو سەردەمەدا کە دەستی کردبوو بەنەی لێدان و گۆرانی گوتن، ناچاربوو کە تێکەڵ بەپیاوان ببێت!... بێگومان هەست و تاسە و تەزووە بەهێز و هەڕەتەکانی، کە تووشی بەزموڕەزمەکانی کۆمەڵایەتییەکە دەبوون و، ڕێز و خۆشەویستی چەواشەکاریان تێدا دەدی، لە ڕێگای خۆیان لایان دەدا (رابعە) بەهۆی ئەو جۆرە ژیانەوە کە تێدا دەژیا، گەلێک جار گرفتاری دڵداریی دەبوو... پەیدابوونی ئەو دڵدارییانەیش شتێکی ئاسایی بوو چونکە کچێکی هەرزەکاری جوان و شۆخوشەنگی وەک (رابعە) کە بکەوێتە ناو کۆڕەکانی بەزموڕەزم و خواردن و خواردنەوە و ڕابواردنەوە لەناو پیاواندا، بێگومان خۆشەویستی و دڵداریی لێ دەوەشێتەوە!... لەبەر ئەوە (رابعە) شەوگاری بەوە ڕۆژ دەکردەوە، کە بەبەزموڕەزم و خواردن و خواردنەوەوە، بەنەی و مەی و گۆرانییەوە، هەتا بەیانی لەناو پیاواندا ڕایدەبوارد!...

بەڵام (رابعە) لە بنچینەدا، گیان بڵند بوو تۆ بڵێی بەو ژیانە سرەوت بەگیانی کەوتبێ؟!...

بێگومان (رابعە) جار بەجارێک هۆشی دەهاتەوە بەرخۆی بێزیشی دەکردەوە لەو ژیانەی خۆی کە پڕبوو لە ئالۆش و خرۆش و ئارەزووەکانی لەش... بەڵام هەر چەندی دەکرد توانایی ئەوەی نەبوو کە لە گێژاوی ئەو ژیانە خۆی دەرباز بکات بۆ ئەمەی نەخنێ!... بەواتایەکی تر، سەری لێ شێوا بوو، ڕێگای لێ ون بوو بوو، نەیدەزانی چی بکات!...

دڵی بۆ ئەوە دروست کرابوو کە بەدڵدارییەوە خەریک ببێ بەڵام لەبەر نەشارەزای، ڕێگای لێ ون بوو بوو لەو خۆشەویستییەیش لایدا. کە ئاواتی بۆ دەخواست، کەوتە ناو خۆشەویستییەکی ترەوە کە ئالۆش و خرۆش و ئارەزووەکانی لەش بۆ ژۆیان کردبوو لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمەندە چەواشەکردن و چاو و ڕاوی تێدابوو (رابعە)ی کێش دەکرد و لە خشتەیشی دەبرد!...

داخەکەم هەر چەندێکمان کرد سەرچاوەیەکی وامان دەست نەکەوت کە بەدوور و درێژی و ئاشکرایی ئەوەمان بۆ دەربخات کە چی بەدەروونی (رابعە)دا هاتووە، لەو سەردەمەی ژیانیدا، لە بابەت چەندوچوون کردنی گیانی و ئارەزووەکانی لەشیەوە یاخود لەو کاتەدا کە بیروباوەڕەکانی گیانی و چەواشە کردنەکانی جیهانی لەناو مێشکیدا بەرەنگاری یەکتر دەبوون (رابعە) چ جۆرە هەستێکی کردووە و، دوایی ئەو جەنگانە و ئەو هەستانەیش بەچ ئەنجامێک گەیشتوون؟!.

## بانگ کردنی خودا بۆ پیر ئۆ گوستین!

ڕەنگە لە تۆڵەی ئەم کەموکوڕی یەدا کەلێرە دا هەیە، لە ژیانی پیر (ئۆگوستین)دا ئەو زانیاری یانەمان دەست بکەوێ... ئەم پیرە لەسەدەی چوارەمی زایینیدا لەدایک بووە ئەمیش چەشنی (رابعە) تووشی ئەو تەنگ و چەڵەمەیە هاتبوو... ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە دەروونی پڕ لە ئاوات و بزێو، لەوە زۆرتر نازانێ کەیان بەم لادا بڕوات، یاخود بەولادا بەڵام پەی بەڕێگای ناوونجی نابات!... جا پیر «ئۆگوستسن»[(١)] لە نووسراوە بەناوبانگەکەی خۆیدا، کە ناوی «پێ لێ نان»ە، ئەوە دەگێڕێتەوە: کە لە تافی هەرزەکارییدا چیی کردووە و، چیی بەسەردا هاتووە، کە چۆن سەرکێشیی کردووە، تا خودا و ڕەخسان ڕۆژێک لە ڕۆژان نووسراوی «هور تنسووس» دەدۆزێتەوە، کە لەلایەن پیاوێکی تێگەیشتووی هەرە بەناوبانگەوە کە «شیشیرۆن»ە دانرابوو (ئۆگوستین) کە ئەو نووسراوە

(١) ئۆگستینس augustins ٣٥٤-٤٣٠ قەشەیەکی هیپۆنی بوو، لە گەنجیدا دوای هەواوهەوەسی خۆی کەوتبوو، هەتا پەیڕەویی ڕێبازی (مانی)یشی دەکرد، دوایی بەتەقەللای (مۆنیکا)ی دایکی و (قدیس ئەمبرۆسیوس) کە گەورەترین قەشەی کلێسای ڕۆژاوا بوو، هێنایانەوە سەر ڕاستە ڕێگای خوا پەرستی جا بووە وتاربێژ و لاهوتی و فەیلەسوف و نووسەر... کەوتە بەربەرەکانی بیدعەکانی دۆناتی و پیلاجی هەوڵی هاوسەنگی و ڕێکخستنی نێوان باوەڕو ئەقڵی دەدا، نووسینەکانی زۆرن، گرنگەکانیان: (دان پیانانەکان، شاری خوا، لە نیعمەتدا).



دەخوێنێتەوە، ئیتر لە خۆشەویستیی خۆی واز دەهێنێ و هۆگری خۆشەویستیی ژیریی و تێگەیشتوویی دەبێت زۆری پێ ناچێ ژیرییەکەیشی دەیداتە دەست نووسراوانی تیرە ئایینیەکان، کە دەست دەکات بەخوێندنەوەی یەک بەیەکیان بۆ ئەمەی ڕاستی بدۆزێتەوە، زۆری پێ ناچێ ڕێی لێ ون دەبێ و پێی هەڵدەخلیسکێتە ناو ئایینی گومان بردنەوە... ئیتر لەوێوە دەست دەکات بەگومان بردن بەهەموو بیروباوەڕێک، بەهەموو دەستوورێک، بەهەموو نرخ و ئەندازەیەک، کە لەپێش هەموویاندا گومان دەباتە سەر «ڕاستیی خودا»!...

ئەمەیش هەڵئەنگوتنێک بوو کە لە ژیانی پیر «ئۆگوستین»دا ڕووی دەدا بەڵام زۆری پێ نەچوو، چاوی بەپیر «ئەمبرواز» کەوت، کە ئەوساکە پیاوێکی گەورەی ئایینی بوو لە شاری «میلانۆ»دا.

پیر «ئەمبرواز» توانی کار لە دڵی پیر «ئۆگوستین» بکات و، وایشی لێ بکات کە «نووسراوی پیرۆز» بخوێنێتەوە و باش لێیی بکۆڵێتەوە.

زۆری پێ نەچوو پیر «ئۆگوستین» هۆگری خوێندنەوەی نامەکانی پیر «بۆلس» بوو واتاکانی ئەو نامانە بەرە بەرە کاریان لە دڵ و دەروونی کرد... ڕۆژێکیان لەو کاتەدا، کە لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانی خۆیدا لە باخچەیەکدا دانیشتبوو، دەروونی پڕبوو بوو لە هەست و ئارەزوویەکی پڕ لە ئاژاوە و، بەرەنگارییکردن لەگەڵ یەکتردا، ئەمەندەیش دڵی تەنگ بوو بوو، فرمێسک خوڕ خوڕ بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە.

لەپڕ لە خۆیەوە ڕاست بووە وە و دەستی کرد بەقسەکردن، گوتی: «ئەم ئیمڕۆ و سبەینێیە تاکەی بکەم؟!... بۆ چ هەر لە ئێستاوە ئەم کارە ڕانەپەڕێنم، تا ئیتر لەم ژیانەی ئێستایەم لا بدەم و بکەومە ژینێکی پڕ ئاسایشترەوە؟!»... هەر لەوکاتەدا کوڕێک لە تەنیشتیەوە بوو، گۆرانییەکی دەگوت... لەو وشانەی کە هەموو جارێک دووبارەی دەکردنەوە ئەم وشانە بوون: «وەری بگرە و بخوێنەرەوە»... (ئۆگوستین) وای هاتمە پێش چاو کە ئەم دەنگە لە خوداوە دێ... دەستی برد «نووسراوی پیرۆز»ی هەڵگرت و کردیەوە بخوێنێتەوە دەمودەست چاوی کەوتە سەر قسەی پیر (بۆلس)، کە فەرموویەتی: «ئێستاکە ئەو کاتەیە کە لە خەو خەبەر ببینەوە... شەوگار بەسەر چووە و، ڕۆژیش نزیک بۆتەوە... بام واز لە کاری ناو تاریکی بهێنین و، چەکی ڕووناکی بپۆشین» ئیتر لەو ساکەوە دەروونی «ئۆگوستین» ئارامی پێ گەیشتەوە لەگەڵ ئەوەیشدا «ئۆگوستین» هەموو دەم هەستی بەوە دەکرد کە خودا ناسینەکەی خۆی درەنگ بۆی پێکهاتبوو هەموو دەم دەیگوت: «تا درەنگی پێ نەچوو، خودای گەورە، بۆم نەکرا بتناسم»!.

## خودا خۆشەویستێتی، هیوایەتی، جێی ئارامیەتی!

(رابعە)یش کە پەشیمان بووە وە لە کردەوەکانی خۆی و، لەسەر دەستی خودا دا گەڕایەوە، هەر بەم جۆرەی بەسەرهات لەلای ڕۆژئاوای شاری (بصرە)وە کۆڵێتێکی کرد بەخانوو بۆ خۆی و، خۆیشی دوورخستەوە لە قرەقڕ و دەنگە دەنگی ژیان کەلوپەلی ناو ئەم ماڵەیشی هەر بریتی بوو لە گۆزە ئاوێک و ڕایەخێکی بەرگن کە بۆ نوێژکردنیش و نوستنیش بەکاری دەهێنا سنووقێکی لە نەی دروست کراویشی تێدا دانابوو بەڵام جلوبەرگی تێدا دانەنابوو چونکە هەر ئەوەندە جلوبەرگی بۆ خۆی هێشتبووە وە کە لەشی خۆی پێ بشارێتەوە لەناو ئەو سنووقەدا کە لە نەیی فارسی[١] دروست کرابوو هیچی دانە نابوو، بەرگی مردنی خۆی نەبێ!... مەبەستیشی لەوە ئەوە بوو کە هەموو دەم مردنی خۆی بیر بکەوێتەوە!.

بەم ڕەنگە (رابعەی عدوی) گەڕایەوە بۆ سەر ڕێگای خودایی، گەڕایەوە لای خودا... وازی لە گەندەکاریی مرۆڤانە هێنا... بەجۆرێکی وایش گەڕایەوە لای خودا، هەروەک زمانی لە تینوێتییدا شکابێ بۆ ئاو، بەوجۆرە پەلاماری خۆشەویستیی خودای دەدا و دەیخستە ناو دڵی خۆیەوە... خۆی لە پێناو ئەو خۆشەویستییە پیرۆزەدا بەخت دەکرد... (رابعە) بوو بووە نموونەیەکی سەیر لە خوداپەرستیی و خۆشەویستییەکەیدا... چونکە ئەو لەسەردەمێکی وادا دەژیا کە خوداپەرست هەر لەبەر ئەوە خودای دەپەرست تا بەهەشتی دەست بکەوێ، یاخود لە ئاگری دۆزەخ خۆی بپارێزێ... کەچی (رابعە) کە دەپاڕایەوە لە خۆشەویستەکەی خۆی، واتا لە خودا، بەم جۆرە گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرد:

خودای گەورە!. ئەگەر من لەترسی ئاگری دۆزەخ بتپەرستم، هەر بەو ئاگرە بمسووتێنە!. ئەگەر بۆ هاتنە ناو بەهەشتیش بتپەرستم، منی لێ بێبەش بهێڵەرەوە!... بەڵام ئەگەر هەر لەبەر خۆشەویستیی خۆت دەتپەرستم خودای گەورە بێبەشم مەکە لەو جوانییەت کە هەر هەتبووە!.».

لەبابەت دڵداریی خۆیشییەوە لەگەڵ خودا دا، جار بەجارێک هۆنراوەی دەهۆنی یەوە... دەیگوت:

«ئێستا کە خۆشەویستییەکەی تۆ بووەتە ئاواتی دڵم و کامەرانی دەروونم... چاوەکانمی پێ دەگەشێنەوە، دڵیشی پێ دەبووژێتەوە.

(١) نەی: قامیش.



تۆ هەر ئەوەندە کردەوەکانی منت لاپەسەند بێت، ئەی ئاواتی دڵم و بینایی چاوم، من کامەرانی ڕووم تێدەکات!...».

(رابعە) کە تافی هەرزەکاریی خۆی بیردەکەوتەوە، تافی ڕێ لێ ون بوونەکەی، خۆی نوقمی پەشێمانی دەکردوو، دەستی دەکردەوە بەپاڕانەوە لە «خۆشەویستە هەرە بڵندەکەی»، دەیگوت:

«ئەی خۆشەویستی دڵ! لە تۆبە ولاوە کەسی ترم نییە پەنای بۆ ببەم... وا ئیمڕۆکە من گوناهبارێکم و هاتوومەتە بەر دەمت، بەزەییت پێمدا بێتەوە...

ئەی هیوا و سرەوت و کامەرانیم!... تۆ لەوە دڵنیابە، کە دڵم لە تۆ بەولاوە کەسی تری خۆش نەویستووە!.».

## رابعە خۆی ئازار دەدات تا خۆی لە خودا نزیک بخاتەوە!

ئەوەندەی پیاو لە ڕەوشت و ژیانی ئەم ئافرەتە دڵدارە سەری سوڕ دەمێنێ، لە هی کەسی تر ئەوەندە سەری سوڕ نامێنێ لە ڕاستیدا (رابعە) دڵدارێکی خودا پەرست بوو خودا وای بۆ دانابوو کە ناوەکەی بەتیشکێکی گیانی بنووسرێتەوە لە مێژووی دڵداریی و دەروێشایەتی و وێژەدا!...

چونکە ئەو هەر دوو جۆرە خۆشەویستییەکەی تاقی کردبووە وە: خۆشەویستی ئالۆشاویی و خۆشەویستی گیانی... لە ناوەند ئەو دوو دڵداری یەدا دەهات و دەچوو... بەڵام لە دواییدا، خۆشەویستی گیانی هەڵبژارد... ئیتر شەیدای خۆشەویستی خودا بوو خۆی لەپێناو ئەو خۆشەویستییەیدا لەناو دەبرد. بەڵام تا ئەندازەیەکی وەها کە خۆیشی لە بیر دەچووە وە خواست و ئارەزووی خۆیشی دەخستە لاوە و لای لێ نەدەکردەوە...

وایان دەگێڕایەوە کە پیاوێک پێی گوتبوو:

«من گوناه و سەرکێشییەکی یەجگار زۆرم کردووە ئەگەر بگەڕێمەوە لە کردەوەکانی خۆم، خودا لێم خۆش دەبێ؟!.».

(رابعە)یش وا وەرامی دا بووە وە گوتبووی:

«ئەء... بەڵام... ئەگەر ئەولێت خۆش ببوایە، تۆ پەشیمان دەبوویتەوە لە کردەوە و کاری خۆت!...».

ئا بەم ڕەنگە (رابعە)مان وا دێتە پێش چاو کەجڵەوی خۆی لە دەستی خۆیدا نامێنێت...

خۆی دەداتە دەست خودا، چی لێ دەکات، لێی بکات.

لەو پێناوەدا هەرچی یەک بێت بەسەریدا، لەژیانیدا، پێی خۆش دێ.

چونکە باوەڕی هەیە بەخودا و، لێیش دڵنیایە، کە لە چاکە بەولاوە، هیچی تری لێ ناوە شێتەوە... (رابعە) وەک کەسانی تر دەستی نەکردووە بەڕاستی پەرستی نوواندن لە بابەت کاروباری دادپەروەرانەی خوداوە، یان لە بابەت سەربەستی خواست و ئارەزووی مرۆڤەوە... تەنانەت پەشیمان بوونەوەکەیشی لە کردەوە خراپەکانی خۆی، لەسایەی خودا وە دەزانی، هەر خودا، نەک لەسایەی خۆیەوە!. (رابعە) بەجۆرێکی وایش هۆگری پەشیمان بوونەوە و خوداس پەرستی بوو بوو، پەلە پەلی بوو، دەیویست زوو خۆی لە گوناه بشواتەوە، زوو تۆڵەی خۆیشی بکاتەوە بەرامبەر ئەو کاتانەی کە بەگوناهبارییەوە ڕاپبوارد بوون و، دڵ ڕاگرتنی خودای لە دەست چوو بوو لەبەر ئەوە خووی دایە ئازاردانی لەشی خۆی، تا هەر پەیوەندییەک هەبوو بێ لە ناوەند لەشی مرۆڤدا بپچڕێ بەدڵ چاوەڕوانی مردنی دەکرد مردنی بەرزگاربوونێکی تاکانە دادەنا لەدەست ئەو باری نەنگی و گەنگییەی کە تێی کەوتبوو!. ئنجا دەستی کرد بەپاڕانەوە لە خودا کە بیبەخشێ... خەموخەفەت دڵی داگیرکرد بوو خەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد، کە ئەو گوناهانەی کردبوو... هەروەها خەفەتی بۆ ئەوەیش دەخوارد کە گوناهەکانی ئەوەندە زۆر بوون، ئەوەندە گەورە بوون هیچ پاڕانەوەیەک چارەی نە دەکردن هیچ پاڕانەوەیەکی وایشی پێ نەدەکرا کە بشێ پێشکەشی بارەگای خودایی بکرێ لەوەدا هەموو جارێ دەیگوت: «پاڕانەوەکەی ئێمە، خۆی پێویستی بەپاڕانەوە هەیە کە پەسەند بکرێ!.» (رابعە) شەوگاری بەنوێژکردن و خوداپەرستێ و لە خودا پاڕانەوە دەبردە سەر بەڕۆژیش، لە رووی سوپاسەوە بۆ خودا، بەڕۆژوو دەبوو خوداپەرستییەکەی (رابعە) لەگەڵ هەست و تاسە بەهێز و بەرزەکانیدا و، پەرۆشییەکەیدا، بۆ گەیشتن بەخۆشەویستە هەرە بڵندەکەی، کە خودا بوو، تێکەڵ دەبوو!...

کە شەو دادەهات و دەبوو بەهەوارگەی دۆست و دڵداران، (رابعە)یش بەتەنیا دەمایەوە لەگەڵ خودادا دەستی دەکرد بەنوێژکردن دەپاڕایەوە لە خودا، دەیگوت: «خودای گەورە!. شەو داهاتووە و ئەستێرەکان لە ئاسماندا دەچریسکێنەوە هەموو کەس دەستی کردووە بەنووسین.

خونکارەکانیش دەرگاکانی خۆیان داخستووە هەموو دۆستێکیش چۆتە لای دڵداری خۆی... منیش وا لەبەردەم تۆ دام!.».



(رابعە) تا بەرەبەیان هەر نوێژی دەکرد و دەپاڕایەوە لە خودا... پاشان دوایی بەپاڕانەوەکانی خۆی بەم جۆرە دەهێنا:

«خودای گەورە!. وا شەو بەسەرچوو... ڕۆژیش هەڵهات... خۆزگە بمزانیایە، ئەم شەو ڕابواردنانەی منت پێ خۆش بووە یان نا؟...

تا ئەگەر پێت خۆش بووبێ، پێی کامەران بم ئەگەر پێیشت خۆش نەبووبێ، دڵی خۆم بدەمەوە!... بەگەورەیی خۆت سوێند دەخۆم: تا بمژێینی و یارمەتیم بدەیت، کردەوە و ڕەوشتم هەروا دەبێ... دیسانەوە بەگەورەیی خۆت سوێند دەخۆم ئەگەر لە دەرگانە کەیشت دەرم بکەیت، بەجێی ناهێڵم لە خۆشەویستییشم بەرامبەر تۆ هیچ کەم نا بێتەوە!...».

## رابعە نەخۆش دەکەوێ... بەڵام دەرمانی دەردی لەبینینی خودا بەولاوە هیچی ترنییە!

چاوت لێی بێ، دڵدارییەکی چەند بەهێز و هەڕەت و شەنگ و شۆخی هەیە!.

(رابعە)وا بەڵێن دەدات بەخودا، کە ئەگەر خودا ئەویشی خۆش نەوێ و بەرپەرچی دڵدارییەکەیشی بداتەوە، ئەو دەست بەرداری خۆشەویستی خۆی نابێ بەرامبەر بەخودا، خودای هەر خۆش دەوێ!.

(رابعە) هەر لە دڵدارێکی، تیر لە جەرگ دراوی دەکرد، شێت و شەیدا بوو بوو بۆ خۆشەویستەکەی خۆی... ئەو باکی ئەوەی نەبوو کە دڵدارەکەی خۆشەویستی لەگەڵدا بنوێنێ یان نەنوێنێ ئەو هەر دەربەستی خۆشەویستی خۆی بوو هەر لەسەر خۆشەویستی خۆی دەڕۆیشت!. هیچ مەبەستێکی بەدڵدارەکەی نەبوو هەر لەبەر خۆی خۆشی دەویست کاتێ کە لە بابەت ڕاستی خوداناسییەکەیەوە پرسی لێ کرا، وەرامێکی بڵندی دایەوە.

گوێ بگرە چی گوتووە:

من خودام بۆیەکا نەپەرستووە، کە لە ئاگرەکەی ترسابم هەروەها لەبەر دەستکەوتنی بەهەشتەکەیشی نەم پەرستووە چونکە ئەگەر وا بکەم، لە کرێ گرتەیەکی خراپ دەکەم من خودام هەر لەبەر ئەوە پەرستووە کە خۆیم خۆش دەوێ و، کە حەزیش بەچاوپێکەوتنی دەکەم!.».

جا ئەم جۆرە خودا پەرستی و دەروێشایەتی یە، ئەو ساکە، بەباوێکی تازە دادەنرا لە ئیسلامەتیدا کەس هێشتا ئەوەی پیشان نەدابوو (رابعە) نەبێ!. دوورنیە چاکترین قسەکە دەربارەی ئەم ڕێگا تازەیەی (رابعە) کرابێ لەدەروێشایەتیدا، ئەوەبێ «شێخ مصطفی عبدالرزاق»ی خودا لێ خۆشبوو کردوێتی:

«لەو کاتەدا دەروێشایەتی (تصوف)، تا سەردەمی (رابعە)یش بەساوا و ساکار دادەنرا قسەکردن دەربارەی خۆشەویستی دەروێشایەتی بەئاسانی و دڵنیاییەوە نەدەکرا ڕەنگە (رابعەی عدوی)، یەکەم کەسێک بوو بێ، کە لە باخچەی دەروێشایەتیدا دەنگی بەرزکردبێتەوە و، ئاوازی دڵداریی بەهۆنراوە و بەپەخشان بەدەمدا هاتبێ!.».

پاش ئەوە زانای گەورە، خەم و دڵتەنگی (رابعە) کە لە هۆنراوە دڵدارییەکانیدا پیشانیان دەدا، وەها لێک دەداتەوە:

«ئەم خەم و پەژارە بەهێزەیش کە لە ناو دەروونی خاتوو (رابعە)دا گڕی سەندبوو، هەر ئەوەی پیشان دەدا کە لە کانگای دڵیدا خۆشەویستییەکی قووڵ هەبوو چونکە خاتوو (رابعە) یەکەم کەسێکە کە دەستووری خۆشەویستی و دڵتەنگی لە چوار چێوەی دەروێشایەتی ئیسلامەتیدا دامەزراندووە هەر خاتوو (رابعە)یشە کە لە نووسراوە بەجێ ماوەکانیدا، گیانێکی ڕاستەقینەی پیشان داوە لە دەربڕینی خۆشەویستی و دڵتەنگی یەکەیدا لەپاش ئەویش، هەر وێژەیەکی دەروێشایەتی، چ لە هۆنراوەدا بووبێ، چ لە پەخشاندا، کە لەم دوو بابەتەوە: خۆشەویستی و دڵتەنگی، دووابێ، لە ڕاستیدا لەسایەی هەست دەربڕینی خاتوو (رابعە)وە پەیدابووە چونکە هەر خاتوو (رابعە) بوو کە بوو بووە پێشەوای دڵداران و خەمباران لە ئیسلامەتیدا!.».

جارێکیان لێ یان پرسی: ڕازی ئەو خەمی هەموو دەمی یەت چیە؟... ڕازی ئەو هەموو گریان و شینەت چیە کە هەرگیز نابڕێتەوە؟!.

(رابعە)یش وەرامی وا دانەوە: «داخەکەم ئەو دەردەی من هەمە، لە دەست پزیشک نایەت چارەی بکات ئەم دەردەی منە، هەر دەرمانێکی هەیە ئەویش بینینی خودایە هیچ شتێکیش یارمەتیم نادات کە بەرگەی ئەم نەخۆشییە بگرم، ئەو هیوایە نەبێ، کە لە ڕۆژی دوایین دا، بەم ئاواتەی خۆم بگەم!».

ئەم قسەیەی (رابعە)یش زۆر لە قسەی «پیرئۆگوستین» دەکات کە دەڵێ: «من مەرگم بۆیەکا دەوێ کە نامرم و ڕووی تۆ ببینم!.».

ئەمە چۆن خۆ لەناو بردنێکە، چۆن خۆ بەخت کردنێکە!؟... ئەم خودا ناسە گاوورە، بەدڵ ئارەزووی مردنی دەکرد، هەر بۆ ئەمەی بەئاواتی خۆی بگات و، ڕووی خودا ببینێ... چونکە تا لە ژیاندا بوو نەیتوانی ئەو ڕووە ببینێ!.

جا ئەگەر دەمانەوێ لە واتای خۆشەویستی تێ بگەین، بەلای (رابعەی عدوی)یەوە، بام لەگەڵ خۆیدا ئەم هۆنراوە بەناوبانگە بخوێنینەوە، کە خۆشەویستی خۆی تێدا پیشان دەدات بەرامبەر خودا:

«من لە دوو سەرەوە تۆم خۆش دەوێ: خۆشەویستییەکیان کەڵکی خۆمی تێدایە... خۆشەویستییەکیشیان هەر بۆ خۆتە چونکە تۆ هەڵ دەگریت هەموو کەس خۆشی بوێیت بەهۆی خۆشەویستییەکەمەوە هەر بەناوهێنانی تۆوە خەریکم، کەسی ترم بیرناکەوێتەوە بەهۆی خۆشەویستییەکەی تریشمەوە، بەهیوای ئەوەم پەردە لەسەر خۆت لابدەیت و بتوانم بتبینم...

ئەو دوو خۆشەویستییە، هیچ هونەرێکی منیان تێدا نییە لەبەر ئەوە من شایستەی سوپاسیم هونەر هونەری تۆیە و، هەر خۆیشتی کە شایستەی سوپاسی من بیت!...».

(رابعە) لێرەدا خۆشەویستی دەکات بەدوو ڕەنگەوە بەیەکەمیان دەڵێ خۆشەویستی کەڵک بەخش مەبەسیشی لەم جۆرە خۆشەویستییە ئەوەیە، کە خودای بۆیەکا خۆش دەوێ: ڕێگای ڕاستی پیشان داوە لە ژیاندا هەروەها ئەوەیشی پێ بەخشیوە کە دڵی بەناوبردنی خوداوە هەر خودا، خەریک کردووە...

جۆرە خۆشەویستییەکەی تریش ئەوەیە، کە خودای هەر لەبەر کەسایەتی خۆی خۆش دەوێ، هیچ مەبەستێکی تری پێی نییە...

(رابعە) بەهۆی ئەم بیروباوەڕانەیەوە، ژیانی گیانی لەناو ئیسلامەتیدا بەرزکردۆتەوە بلّندتری کردۆتەوە لەو دەروێشایەتییەی کە بەندبوو بە(ترسی سزادان) و (هیوای پاداش وەرگرتن)ەوە کۆڕێکی تازەیشی بۆ خودا پەرستەکان ئامادەکردووە کە دەروێشایەتی تێدا بنوێنن کە بنچینەکەی لەسەر (خۆشەویستی خودا) دامەزراوە، بێ ئەمەی مرۆڤ چاوی لە پاداشێکەوە بێ، مەگەر هەر ئەو پاداشەی کە خودای چاو پێ بکەوێ و، خۆشی لە بینینی ڕووی ئەو ببینێ... بێگومان ئەم خۆشەویستیەیش پەسەندترین نموونەی خۆشەویستییە، بەرزترین و پیرۆزترین کردەوەی خۆ بەخت کردنە...

(رابعە) کە ڕوو دەکاتە خۆشەویستە بێ هاوتاکەی دەڵێ:

«ئەی ڕۆشنایی یەکەی دڵم!... ئەی ئاواتەکەی دڵم!. ئەی جێگای باوەڕم!. ئەی هاودەم و پێخۆرەکەم!... ئەی ئارەزووی دڵەکەم!. تۆی گیانی دڵم و تۆی هیوای دوا ڕۆژم!. تۆی هاو دەمیم دەکەیت و، ئارەزووی بینینی ڕووی تۆیشە پێخۆرەکەم!.».

## دەروێشەکان دوای قسەی سەرکردەی خۆشەویستی خودایی دەکەون!

ئامانجی هەرە گەورەی (رابعە)یش لەم دڵداری یە، ئەوە بوو کە چاوی بەڕووی خودا بکەوێ و، سەرنج لە جوانییە تاسەرەکەی بدات...[1] لام وایە هەموو کەس لەو باوەڕەدایە کە (رابعە)یش لە زۆربەی دەرویشەکانی سەردەمی خۆی و، پێش سەردەمی خۆی و، پاش سەردەمی خۆی دەکرد، لەوەدا کە دەروێشی بەلای ئەوە وە، بەواتایەکی هەرە ساکار دادەنرا، کە بریتی بوو: لە خۆ دوور خستنەوەیەک لە بابەتی ژیانی جیهانی و، لە وازهێنانێک لە بەزم و خۆشی ژیان و، لە تێکەڵ نەبوون بەجیهان پەرستان، بەو مەبەسەی کە مرۆڤ هەر بەپەرستنی خوداوە خەریک بێ، کە بنچینەکەی خۆشەویستی خودایە و ئارەزووی چاوپێکەوتنێتی بەڵام (رابعە) لەوەدا جیاواز بوو لە دەروێشەکانی پێش خۆی، کە لە هەموویان سەربەست ترو ئازاتر خۆی دەنواند لە پێش هەموویشیاندا دەستی کرد بە بەکارهێنانی وشەی «دڵداری» بەئاشکرا بەرەو ڕووی خودای پاکی بێ هاوتا ئەوە بوو لەو شێوە ناسک و ناوازەیەدا، چ بەهۆنراوە، چ بەپەخشان، گفتوگۆی لەگەڵ خودا دا دەکرد...

بەم ڕەنگە (رابعە) لە مێژووی ژیانی گیانی ئیسلامەتیدا دەرگایەکی تازەی کردەوە، کە زۆری پێ نەچوو، دەروێشەکان و خودا ناسەکان، کە لە سەردەمی ئەودا دەژیان، لەوەوە فێری بەکارهێنانی وشەی ئاشکرای «دڵداری» بوون لە گفتوگۆکردندا لەگەڵ خودادا، کە چاویان لەو دەکرد لە ئازایەتیدا، کە هەروەک دڵدارێکی تیر لەجەرگ دراو، قسەکانیان بەرەو ڕووی خودا بکەن!...

زۆری پێ نەچوو وشەی «خۆشەویستی» و هەڤاڵەکانی وشەی «خۆشەویستی» و لێ دروست کراوەکانی وشەی «خۆشەویستی» لەلایەن دەروێشەکانی سەردەمی پاش مردنی سەرکردەی «خۆشەوستی خودا» وە بەکار دەهێنران و بوون بەباو لە ناویاندا!...

ئەو ڕێگایەیش کە (رابعە) گرتبووی لە دەروێشایەتییەکەیدا، سەخت بوو، دوور و درێژ بوو، پڕبوو لە گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمە مرۆڤ هەر پێیدا دەڕۆیشت و نەدەگەیشتە دوایی!. چونکە ئەوی بیەوێ بەخودا بگات و بیبینێ، پێویستە لەسەری خوو بداتە پاککردنەوەی گیانی خۆی و، قاڵ کردنی هۆشی خۆی و، لە ناوبردنی ئاڵۆش و خرۆشی ناو لەشیشی... پاش ئەوە پشت بکاتە جیهان و، لە پەیوەندییەکانی لەشیش ڕوو وەربگێڕێ

(١) تاسەرەکەی: هەمیشەییەکەی، بەردەوامەکەی: (أبدي. سرمدي).



ئنجا خوو بداتە مەشق کردن بەگیان و دەروون و هۆش، تا لەدەست گیان لەبەریی و دڕندەیی خۆی ڕزگاری ببێ و، تەنیا گیانێکی پاکی بێ گەردی بۆ بمێنێتەوە بەواتایەکی تر، دەبێ ئەوکەسەی گرفتاری جوانی کردەوە و، ڕەوشت و، گەورەیی و، هێز و، دەسەڵاتی خودا بێ، خۆی بەجۆرێکی وا پاک بکاتەوە و قاڵ بکات و دامرکێنێتەوە، دەبێ خۆی بخاتە شێوەیەکی گیانی ڕاستەقینەی واوە، کە هەر لە خودای گەورە، خۆی بکات!...

(رابعەی عدوی)یش سەری نا بەم ڕیگا سەختەوە گوێی نەدایە تەنگ و چەڵەمە و ئەرک و ئازار بەزەیی بەخۆیدا نەهاتەوە ئەوەندە نوێژی کرد، وشک هەڵهات ئەوەندەیش ڕۆژووی گرت، ڕەنگی پێستی لەشی ڕەش هەڵگەڕا... بەڵام ئەوەندەی لەشی کزبوو بوو، ئەوەندە گیانی گەشابووە وە، کە بەو هۆیەیشەوە، بەرچاوی ڕۆشن بوو بووە وە و، دڵیشی ڕووناکی خودایی تێکەوت بوو.

زۆری پێ نەچوو (رابعە)، خۆی بەتەواوەتی لەبیر چووەوە و، خۆی تواندەوە لە پێناو خۆشەویستە هەرە بەرز و پیرۆزەکەیدا واتا هەموو ژیانی خۆی هەر بۆ ئەو خۆشەویستەی خۆی تەرخان کرد جا چونکە لە دەست ئارەزووەکانی لەشی ڕزگاری بوو بوو، نەهەستی بەئەرک و ئازار دەکرد، نە هەستی بەماندوێتی دەکرد هەر پەیوەندییەکی هەبوو بەجیهانی دەرەوە پچڕا و نەما هەستیشی هەر نەدەکرد بەجیهانی دەرەوە جیهانی هەموو لەبیر چووە وە و، هەموو هەست و هۆشێکی خۆیشی تەرخان کرد بۆ خودا!...

(رابعە) لەو ڕێگا بڕینەدا گەیشتە ئێستگەیەکی وەها کەهیچ ئاگایەکی لە جیهانی هەست نەما بوو هەروەک لە ئاسمانێکی گیانی پڕ لەڕووناکیدا مەلە بکات، وای لێ هاتبوو کاتێکی زانی لەشە لەناوچووەکەی سەر زەوی خۆی لێ بوو بوو بەبێگانە، نەدەیناسییەوە و نە خۆیشی دەکرد بەخاوەنی!...

لەشەکەی (رابعە) وەک لاشەیەکی مردووی لێ هاتبوو هەروەک هی (رابعە)یش نەبووبێ وابوو! تەنانەت جارێکیان ئەمەندە نوقمی نوێژکردن بوو بوو، لە کاتی سەردانەواندنیدا بۆ سەر زەوی، تەڵە نەیێک چوو بووە چاویەوە، هەستی بەخۆی نەکردبوو، دەردی بهێنێتە دەرەوە، تا لە نوێژەکەی بوو بووە وە!...[1]

(١) ئەم قۆناغە لە تەسەوفدا پلەی هەرە بەرزە کە بە(الفناء في الله) ناو دەبرێت.

## بەهەشتییەکان بەسەزمانن!

کە گیانی (رابعە) پاک بووە وە، گەشی گیانەکەی پرشنگی دایە سەر بیرکردنەوە و سەرنج لێدانەکانی لە لێکۆڵینەوەی ئایین و بڕیاردەرکردنی تازە لە بابەت ئایینەوە، ڕێگایەکی وای گرت، کە کەس لەوە پێش نەیگرتبوو.

ئەو بارەی (رابعە) هەندێ لە خاوەن لێکۆڵینەوەکانی خستبووە سەر ئەوەی کە تاوانباری بکەن بەبێ باکی لە خودا، بەهەڵکوتانە سەر خودا!.

ئەمەیش پێش بینییەکی وایە، کە پێویستی بەبەرپەرچ دانەوە نییە چونکە ئیسلامەتی ئاینێکی چاو پۆش کار و، سنگ فراوانە و، پڕ لێکۆڵینەوە و دەربڕینی بیروباوەڕە... هەروەها (رابعە)یش کە شێت و شەیدای کەسایەتی خودا بوو بوو، هەر لەبەر خۆی خۆشی دەویست، نەک لەبەر کەڵک و چاکەی (رابعە) خۆی. لەوانەیش نەبوو کە بوێرێتە گەورەی خۆی و بیەوێ تووڕەی بکات!...

ئەوەی لە هەموو شتێک زۆرتر، کۆنە پەرستەکانی لێ وروژاندبوو، لێکدانەوەی بەندێکی قورئان بوو کە دەفەرمووێ: «إنَّ أصحاب الجنةَّ اليوم في شغلٍ فاكهون»...[1] لەو سەردەمەدا قورئان لێکدەرەوەکان[2] ئەو بەندەیان وا لێک دەدایەوە، کە فەرمانی ئەوانەی خودا بەهەشتی پێداون ئەوەیە، کە ئەو پاداشانە کۆبکەنەوە کەخودا لە ڕۆژی دواییندا پێی بەخشیون واتای وشەی (فاکهون)یش ئەوەیە کە ئەو کچەپەری یانەی خودا بەخشیونی بەبەندە دڵسۆزەکانی خۆی لە بەهەشتدا، لەلایەن ئەو بەهەشتی یانەوە «کون بکرێن»!. ئەم لێکدانەوەی قورئانەیش هەستمان پێ دەکات کە ئەو کەسانەی لێکیان دەدایەوە، هەر بابەتی جیهانی کاری تێکردبوون وا دیارە ئەو قورئان لێکدەرە وانە، ئەوەیان لەبیر چوو بووە وە کە بەندەکانی قورئان هەندێ جار بەشتی هەست پێکراو، مەبەستەکانی خودا دەر دەبڕن بەڵام ئەم بیروباوەڕ دەربڕینە، تەنیا بۆ تێگەیاندنی موسوڵمانەکانە، نەک بۆ شتی تر.

وا ڕێک کەوت، ڕۆژێکیان (رابعە) گوێی لە یەکێک بوو ئەم بەندی قورئانەی دەخوێندەوە (رابعە)یش دەم و دەست ئەو لێکدانەوە بەرجەستەیەی ئەو قورئان

---

(١) یاسین/ ٥٥

(٢) واتا: المفسرون، ئەوانەی تەفسیری قورئان دەکەن.



لێکدەرەوانەی بیرکەوتەوە، کە بەلای ئەوە وە نابەجێ بوون لە پڕگیانە پەسەند و بڵندەکەی گڕی گرت و وروژا.

لە ناکاو ئەو چێژکە ناسکەی هەیبوو، ئازاری پێ گەیشت ئەویش بەتەوس و توانجێکی توندو تیژەوە گوتی: «بەهەشتی یەکان، بەسەزمانانە مەگەر خۆیان و ژنەکانیان هەر خەریکی کون بوون و کون کردن بن!.» .

مەبەسی (رابعە)یش لەم تیز پێ کردنەی ئەوە بوو، کە هەڵەی قورئان لێکدەرەوەکان ئاشکرا بکات بۆ هەموان کە چۆن بەتوێکڵی وشەکانەوە نووساون و، تەماشای کاکڵیان ناکەن هەروەک بەهەشتی یەکان هیچیان دەست نەکەوێت خۆیانی پێوە خەریک بکەن، ئەوەنەبێ کە لنگ بازی بکەن!...

بەڵام کۆنە پەرستەکان و کورت بینەکان ئەوەیان لەسەر (رابعە) تۆمارکرد.

دیسانەوە بەندی قورئانەکەیان وا لێک دایەوە، کە مەبەسی خودا ئەوەیە بەهەشتییەکان خۆیان بەلینگبازی یەوە لەگەڵ کچاندا خەریک دەکەن! تیز پێ کردنەوەکەی (رابعە)یش پیشاندانی کەم و کوڕیی قورئان دەگرێتەوە لەلایەن رابعەوە نەک لێکدانەوەی هەڵەکەی قورئان لێک دەرەوەکان!.[1]

---

(١) (إن أصحب الجنة اليوم في شُغُلٍ فكِهُونَ- يس/ ٥٥):
(شغل: شأن يشغلهم عماسواهم، فاكهون: ناعمون بطيب العيش، مرورون، متلذذون)
لە ڕۆژی قیامەتدا، بەهەشتیەکان (خاوەن باوەڕە ڕاستەکان) سەرقاڵن بەخۆشی و شادی و چێژی ئەو سەرەنجامە گەورە و مەزنەوە، جا دەبێ بزانین کە ئەو خۆشی و شادیە هەموو جۆرێک دەگرێتەوە کە خوای گەورە بەخاوێنی دەیبەخشێتە ئەو خاوەن باوەڕە ڕاستانەی بەهەشتین. خۆ ژیان و پێکەوە بوون لەگەڵ ژنەکانیان یان پەریەکانی بەهەشت، دیارە بەشێکە لەو چێژ و خۆشیە پاک و بێگەردەی خوا دەیبەخشێ (ژنەکانی دنیایان یا حۆریەکانی بەهەشت) چونکە کە دواتر دەفەرموێ: (هم وأزواجهم في ظِللٍ علي الأرائكِ متكِؤنَ- يس/ ٥٦) دیارە ژنەکانی دنیایانە (ئەگەر) ئەوانیش بەهەشتی بن، خۆ ئەگەر نا، ئەوا حۆری بەهەشت هەیە. گرنگ ئەوەیە ئەو تەنیا خاڵەی لەم باسەدا هاتوە، وانیە و مەبەست نییە.

## سەرداری بصرە دەیەوێ مارەی بکات بەڵام رابعە شووی پێ ناکات!

هەندێک لە مێژوونووسەکان بەهەڵەداچوون کە گوتوویانە: (رابعە) شووی کردووە... ئەوانەی لە ڕاستیدا سەریان لێ تێکچووە لەجیاتی مێژووی ژیانی ئەو، مێژووی ژیانی (رابعە) ناوێکی تریان نووسوەتەوە، کە لە دانیشتووانی شام بووە... بەڵام (رابعەی عدوی)ی دانیشتووی (بصرە)، کە ئێمە لێی دەدوێین ، بەلایەوە وابوو کە ژیانی ژن و مێردی گەورەترین هەڵەیە کە خوداناسێکی دڵسۆز تێی بکەوێ، کە هەر بەتەنیا خودای خۆش بوێ و ژیانی خۆیشی بۆ پەرستنی ئەو تەرخان کرد بێ! لەگەڵ ئەوەیشدا کە (رابعە) خۆی بەکچی هێشتبووە وە و،[1] هەر بیری لە شووکردنیش نەدەکردەوە، کەچی چەند کەسێک هەر پەیدابوون، کە گوێ نەدەنە ڕەوشت و بڕیاری ئەو، دەستیان کرد بەخواستنی... ئەوانەی خوازبێنی یان دەکرد، پیاوی دەروێشیان تێدابوو پیاوی جیهانییشیان تێدابوو... یەکێک لەوانەش (عبدالواحد کوڕی زید) بوو کە یەکێک بوو لە پێرە دەروێشە پایە بڵندەکانی... کە دەستی کرد بەخوازبینی کردنی، (رابعە) چەند ڕۆژێک خۆی لێ دوورخستەوە، تا چەند برایەکی تکایان لێ کرد ڕێی بدات ببینێ ئەویش ڕێی دا، چووە ژوورەوە لای دەم و دەست (رابعە) پێی گوت: «ئەی کابرای خاوەن ئاڵۆش، خاوەن ئاڵۆشێکی وەک خۆت بخوازە! بۆ تۆ چ ئاڵۆشێکت بەمنەوە دیوە، تا خوازبێنیم بکەیت؟!.».

سەرداری (بصرە)یش کە ناوی «محەمەد کوڕی سلێمان هاشمی» بوو بەو هەموو پایە و سایەیەوە کە هەیبوو، ویستی خوازبێنی بکات، سەد هەزار درهەمیشی دانا بۆ شیربایی پێی گوت: «دەرامەتێکی مانگی دە هەزار درهەمیشم هەیە، بەرەو ڕووی تۆی دەکەمەوە».

(رابعە)یش بۆی نووسییەوە گوتی: «ئەگەر خۆیشت بکەیت بەنۆکەر و بەندەی من و، هەموو سامانەکەیشم بدەیتێ، لە تۆڵەی ئەوەدا کە هەناسەیەک خودام لەبیربەریتەوە، ئەوەم پێ خۆش نایەت!.».

(١) ئەمە غافڵگیریەکە نووسەر تووشی بووە، ئەگینا لە دوای ئازادکردنەکەی لە کۆیلایەتیەکەی (وەک نووسەر دەڵێ) دەستی دایە بەزم و ڕەزم و کۆڕی ڕابواردن و خواردنەوە و گۆرانی... تا دوایی هۆشی هێنایەوە و گەڕایەوە، دیارە لەو قۆناغەدا دەبێ بەکچی نەمابێتەوە.



بەپێی سەر گوروشتەیەکی تریش، سەردارەکە، پیاوە گەورەکانی (بصرە)ی هەموو ناردەکنی بۆ ڕێک خستنی ئەو خوازبێنییە، کەچی (رابعە) لە وەرامدا بۆی نووسییەوە:

«لەپاش ئەوە، هەرچی خۆ دوورخستنەوەیە لە بابەتی جیهانی، سەرەوتی لەشی تێدایە ئارەزووکردنی بابەتی جیهانییش، خەم و تەم بۆ مرۆڤ پەیدا دەکات کەواتە زوو بەزوو کەلوپەلەکانت بفرۆشە بەخودا و، خۆیشت ئامادە بکە بۆ ڕۆژی دوایین خۆیشت ببیت بەسەر پەریشتیاری خۆت چاکترە لەوەی کەسانی تر تەماشای کاروبارت بکەن نەوەک کەلەپوورەکەت دابەش بکەن لە ناوخۆیاندا تا لە جیهان دایت بەڕۆژووبە، مردنیش بکە بەڕۆژوو شکاندنەکەت هەرچی یەکو منیشم، ئەگەر خودا بەچەندان ئەوەندەی تۆ سامانت هەیە بمداتێ، پێم خۆش نییە هەناسەیەک خودا لەبیر خۆم ببەمەوە!... ئیتر خۆشی تۆ!.».

لەپاش ئەمەوە ئەم هۆنراوانەیشی گوتبوو:

«براکانم! سەرەوتی من لەوە دایە کە بەتەنیا بمێنمەوە... تا هەموو دەم لەبەردەم خۆشەویستی خۆمدا بم... لە خۆشەویستی ئەو بەولاوە، هیچی تر نادۆزمەوە کە خۆمی پێوە خەریک بکەم... خۆشەویستییەکەیشم بۆ ئەو، لە تەنیاییەکەمدا دیارە، کەبە خەم و خەفەتەوە دەتلێمەوە...

ئەی خۆشی دڵ و ژیانی هەموو دەمیم... من بەسایەی تۆوە هاتوومەتە جیهانەوە و، بەهۆی تۆیشەوە دڵم دەکەوێتە خۆشی یەوە...

من وازم لە هەموو کەس هێناوە هەر بەو هیوایەوە کە بەتۆ بگەم، کە ئەوەیش ئاواتی هەرە بەرزمە!».

## دەروێشی لە ناوەند ئیسلامەتی و مەسیحێتیدا

(رابعە) دەربارەی شووکردن وای کرد کە دیمان؛ ئەمەیش بیروباوەڕێکی سەیر و نەناسراو بوو لە ئیسلامەتیدا، کە پێغەمبەرەکەی بە(عبدللە کوڕی عمر و کوڕی عاص)ی گوتووە:

«پێیان گوتووم بەڕۆژ بەڕۆژوو دەبیت و، بەشەویش نانوویت، هەر خەریکی پەرستنی خودایت!.». (عبدللە)یش کەپێی گوت ڕاست دەکەن (محەمەد پێغەمبەر) خودا لێی خۆش بێت، پێی فەرموو: «وامەکە!... بەڕۆژوویش بەو، بێ ڕۆژوویش بە... هوشیاریش بەرەوە بۆ نوێژ و بشنوو چونکە تۆ مافی لەشی خۆت بەسەرەوەیە مافی چاوت بەسەرەوەیە مافی ژنت بەسەرەوەیە مافی میوانت بەسەرەوەیە تۆ هەر ئەوەندە مانگی سێ ڕۆژ بەڕۆژوو

بیت بەستە چونکە خودا هەموو چاکەیەک بە دە ئەوەندە چاکە دەداتەوە ئەوەیش ڕۆژووی هەموو ساڵەکانت بۆ دەگرێتەوە».

تەنانەت (محەممەد) خۆیشی نموونەیەک بوو بۆ ئەمەی کە پیاوی ئایین مافی هەیە ژن بهێنێ و، بۆ جیهانی خۆیشی تێبکۆشێ، بێ ئەمەی واز لە خودا پەرستی و تێکۆشان بۆ ڕۆژی دواییی خۆی بهێنێ ئەوەندە هەیە خۆ خەریک کردن بەدەروێشایەتی یەوە تا دەگاتە ئەندازەی ژن نەهێنان، یاخود شوونەکردن، باو بوو لەسەردەمی (رابعە)دا... تەنانەت لە دەمی «حسن البصری»یەوە دەگێڕنەوە، کە ئەو دەمەپێشەوای دەروێشایەتی بووە، گوتوویەتی: «ئەگەر خودا بیەوێ بەندەیەکی خۆی بحەسێنێتەوە و چاکەی لەگەڵدا بکات، نە ژنی دەداتێ پێوەی خەریک بێنێ و نە منداڵ»!...

هەروەها یەکێک لە پێشەواکانی دەروێشایەتی ئەو سەردەمیش، کەناوی [مالک کوڕی دینار] بوو، گوتبووی: «کەس ناگاتە پایەی موسوڵمانە ڕاستەکان کە ببێتە جێی باوەڕ تا ژنەکەی خۆی وا بەڕەڵڵانەکات کە هەر لە بێوە ژن بچێت!»...

ڕەنگە لەو سەردەمەدا گیانی هەموو کەسێک بەوچەشنە بووبێ، چ لەناو دەروێشەکاندا، چ لەناو خودا ناسەکاندا ڕەنگە لەناو هەموو خاوەن ئایینەکانیشدا هەر وا بوو بێ! چونکە ئەوانەی ئاگاداری مێژووی ئەوروپان لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، ئەوەیان بیردەکەوێتەوە، کە پیاوە ئایینیەکانی مەسیحی بەلایانەوە وابوو کە ژیانی ژن و مێردی، هەر تەنیا بریتییە لە هۆیەک بۆ ئەوەی شێوەیەکی ئایینی بدرێ بە(گوناهباری خۆشەویستی ژن و پیاو!.)» ئەوانەی ئەوەندە توند و تیژ بوون لەسەر ئەو بیروباوەڕانەیان، وایان دەزانی ژن و مێرد ئەگەر بچنە باخەڵی یەکترەوە و، لنگبازی لەگەڵ یەکتردا بکەن، تەنیا بۆ مەبەسی خۆش ڕابواردن، «نەک بۆ منداڵ دروست کردن» گوناهبار دەبن!... بەلای ئەوانەوە وابوو بەهێزترین کارەسات کە پیاو دەیهێنێ بەسەر خۆیدا، بۆ ئەمەی لە خودا نزیک ببێتەوە، ئەوەیە کە ژن و مێردەکە، هەردووکیان، پێ بنێن بەئارەزووی خۆیاندا و، خۆیان بەش بڕاو بکەن لە لنگبازی!».



## پێ گەیشتن لەپاش چاوەڕوانی یەکی دوورودرێژ

لەگەڵ ئەمەشیدا، لە ژیانی (رابعە) خۆیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئاگای لەم ڕەوشتە توند و تیژەی دەروێشایەتییە نەبووە... شوونەکردنەکەیشی لەبەر هۆیەکی تر بووە، کە لە سەرچاوەی دڵ و دەروونی خۆیەوە هەڵقوولاوە... (رابعە) تاوای لێ نەهات کە خودای هەر لەبەر خۆی خۆش بوێ، نەک لەبەر ترس و چاکەکەی، نەکەوتە ناو گێژاوی دەروێشایەتی و خوداناسییەوە... (رابعە) لە ئەندازە بەدەر دڵی چوو بوو بەخودا دا... خودای ئەوەندە خۆش دەویست، خۆی هەر لە پێناوی ئەودا بەخت دەکرد.

لەو بەولاوە کەسی تری بەدڵدا نەدەهات و، بەمێشکدا نەدەهات!.

(رابعە) تا ما خۆی تەرخان کرد بۆ خودا هەر خەریکی خودا پەرستن و نوێژکردن بوو خۆی بێبەش هێشتەوە لە جیهان و مرۆڤایەتی، تا تەمەنی گەیشتە هەشتا ساڵ!... لەو تەمەنەدا (رابعە) ئەمەندە ئازاری دڵ و لەشی خۆی دابوو، وشک هەڵاتبوو، هەر ئەوەندەی چنگێکی مابوو، لەشی وەک کۆڵەووژی لێ هاتبوو هەر چەند ئێسکێک و پێستێکی بۆ مابووەوە کە داپۆشیبوون!...

لە ساڵی ١٨٥ی کۆچیدا خۆشەویستەکەی کە خودا بوو بانگی کردە تەنشت خۆیەوە...

لە پاش مردنی (رابعە) چیرۆک زۆر گێڕرایەوە، لەبابەت بینینیەوە لەلایەن چەند پیاو و ژنێکی چاکەوە، لە خەودا کە لە بەهەشتدا لە جێگای هەرە باشدا ژیاوە...

ئەم چیرۆکانە ئەوساکە وەک ڕاست بن، باوەڕیان پێ دەکرا سا ئایا زانستی ئەم سەردەمە، ڕێی ئەوەمان دەدات بەو چیرۆکانە باوەڕ بکەین، یان ڕێمان نادات، ئەوەی بەڕاستی بۆمان دەرکەوتووە ئەوەیە کە (رابعە) لە خۆشەویستییەکەیدا بەرامبەر بەخودا، ڕاستی کردووە و، بەڕاستییش خۆشی ویستووە خۆشەویستییەکەیشی بۆ هیچ مەبەستێک نەبووە: نە بۆ (پاداش)، نە بۆ (خۆ پاراستن لە ئازار دان)... کە بەوە گەیشتۆتە پایەیەکی هەرە سەیر و بێ هاوتا و، هەرە پیرۆز لەدڵداریدا، کە مێژوو لەوە پێش بەخۆیەوە نەدیبوو!...

(رابعە) دڵدارێکی وابوو، کە خۆشەویستیەکەی خۆی ئەمەندە بڵندکردەوە نەیویست بەهیچ مرۆڤێکی ببەخشێ... هەر بۆ خودای هێشتەوە، کە بەرزتر و پیرۆزترین کەسە لە زەمین و ئاسماندا!...

١٩٦٦/١/٧

# ژیانی مەسیح

گەورەترین چیرۆک کە تا ئێستا گوتراوە

نووسەری: ڤۆڵتۆن ئۆرسلەر

ئەم نووسراوە، (ژیانی مەسیح)، کورت کراوەی نووسراوی ئەونووسەرە بەناوبانگەیە کە ناوی (ڤۆڵتۆن ئۆرسلەر)ە. (ڤۆڵتۆن ئۆرسلەر)، بەم نووسراوە نایابەی، نەک هەرمێشکی خوێندەوارانی (ئەمەریکا)ی ڕۆشن کردەوە، مێشکی خوێندەوارانی جیهانیشی ڕۆشن کردەوە. (ڤۆڵتۆن ئۆرسلەر)، خاوەنی گەلێک نووسراوانی تری گرنگ و بڵند و ناوازەیە، کە هەروەک پڕبەپڕی چێشکەی خوێندەوارانن، هەروەها بارستایی خوێندەوارییشیان بڵند ئەکەنەوە. (ڤۆڵتۆن) لە ساڵی ١٩٣٥دا دوو گەشتی دوورودرێژی کردووە بۆ خاکی (فەلەستین) هەر لەو ساڵەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن و نووسینی ئەم نووسراوە بووە کە ئیمڕۆ لەبەردەست خوێندەوارانی بەڕێزی (کورد)دایە. ئەوەتا ئەم نووسراوەی، لە ساڵی ١٩٤٩دا، تەواو کردووە. چواردە ساڵی خشتی پێ چووە. ئەو ساکە ژمارەی لاپەڕەکانی گەیشتبووە چوار سەد لاپەڕە ناویشی نابوو: (گەورەترین چیرۆک کە تا ئێستا گوتراوە)!... لە ڕاستیدا نووسراوەکە تازەترین نووسراو و بەکەڵکترین نووسراوە کە لەم بابەتەوە نووسرابێ... لە ڕۆژی چاپکردنیەوە تا ساڵی ١٩٥٥، کە ئەم نووسراوە، لەلایەن پسپۆڕێکی تایبەتیی خۆیەوە کورت کرابووەوە و، گۆڕرابووە سەر زمانی (عەرەبی)، لەلایەن گۆڤاری (کتابی)یەوە، (٥٥) جار چاپ کرابووەوە!... نزیکەی سێ ملیۆن دانەیشی لێ فرۆشرابوو، هەرچی پەسندکردنی نووسراوەکەیشە، لەلایەن خوێندەوارانەوە، ئەوە هەر باس ناکرێ کە تا چ ئەندازەیەک بووە.

جا منیش بەهیوای ئەوەوە کە کەسایەتییەکی شەنگ و شۆخ و کارامە و بەنرخی جیهانی، بەخوێندەوارانی کورد بناسێنم، ئەم نووسراوە نایابەم لەژێر ناوی: (ژیانی مەسیح)دا پێشکەش کرد هیوادارم بەخوا کە خوێندەوارە بەڕێزەکانمان کەڵکێکی زۆری لێ وەربگرن و، چاو لە کەسایەتییە ناوازە و گەورە و گرنگەکەی (مەسیح) پێغەمبەر بکەن، کە هەتا جیهان مابێ کۆمەڵی (مرۆڤایەتی)، بەتایبەتی (کوردەواری)، لەسەر یاریدەدانی گیانی ئەم جۆرە کەسانەدا ئەمێنن و لە یاریدەدانیشیان هەرگیز تێرنابن.

***



(عیسا)، هەروەک لەسەر و چاو و بەژن و باڵادا جوان و شەنگوشۆخ بوو، لە دڵی پاک و کردەوەی چاک و ئامانجی پیرۆزیشدا هەروەها جوان و شەنگوشۆخ بوو (عیسا): بەرەنگاریی زۆرداری هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواریی زۆرکرد لە ناو گەلەکەی خۆیدا کاربەدەستان و دەوڵەمەندان و پیاوە ئاینیی (مالووم)ەکان و بەدکردارەکانی گەلی (جوولەکە)یش بەرەنگارییان زۆرکرد!... (عیسا)، خوای خۆش ئەویست. دەستووری خوایی خۆش ئەویست تێ ئەکۆشا بەدڵ بۆ ژینێکی گشتی بێ ئازار و بێ هاواری پڕ لە کامەرانی و، دوور لە خۆپەرستی و دوژمنایەتی، لە ناو نەتەوەکەی خۆیدا هەرچەندە دوژمنەکانی ئازاریاندا، بەڵام (عیسا)، تا گیانی پاکیشی بەخاک سپارد[(١)]

، بەرامبەر دوژمنەکانی، دڵی گەردێکی نەگرت هەموو دەم: داوای ئاشتی و خۆشەویستیی ئەکرد لە ناو گەلدا.

هەموو دەم: ئامۆژگاریی گەلەکەی خۆی ئەکرد، ئەیگوت: (لەگەڵ دوژمنتاندا، دۆستایەتی بکەن. دوژمنەکانتان خۆش بوێ!)... مێژوونووسان گوتیان:

(لە تەمەنی سی ساڵیدا، عیسا: بەداردا کرا.) بەڵام لە ڕاستیدا، عیسا بەداردا نەکرا دوژمنی عیسا بوو بەداردا کرا دوژمنەکانی عیسا سەریان لێ تێک چوو، لە بریتیی عیسا، شاگردێکی ناپاکی عیسایان گرت و کردیان بەداردا، وایان زانی عیسایە.[(٢)]

کەچی عیسا، خۆی دەرباز کردبوو!... ئەو شاگردە، خۆی، بەهەڵە لەلایەن سەربازەکانەوە گیرابوو و بەداردا کرابوو!... عیسا هەڵات و خۆی نەدا بەدەستەوە بەڵام دوژمنەکانی و هەمووکەس وایان زانی کە عیسا بووە بە داردا کراوە!...

بەڵام کە جیهان چاوی کردەوە و لە ڕاستی تێ گەیشت، جێگای هەرە بەرز و پیرۆزی لە دڵی خۆیدا بۆ عیسا پێغەمبەر کردەوە.

(عیسا)، تا، ما، نموونەیەکی خواپەرستی و خۆشەویستی و کرداری چاک و بڵندبوو هێزێکی گیانی گەورەیشی هەبوو. کۆڵی پێ نەئەدرا و هەرگیز نەئەبەزێنرا.

---

(١) عیسا بەخاک نەسپێررا... وەرگێڕ کەمێکی دی خۆی ڕاستی دەکاتەوە.

(١): لێرەدا ناچاربووم بەرپەرچی خاوەن نووسراوی بەڕێز (ڤۆڵتۆن ئۆرسلەر) بدەمەوە، چونکە لە (قورئانی پیرۆز)دا ئەفەرمووێ: (دماقتلوه وماصلبوه و لكن شُبّه لَهُمْ) واتا نە(مەسیح)یان کوشتووە و نەکردوویشیانە بەداردا تا بەئازارەوە بمرێ یەکێکی تریان بەو زانیوە و کردوویانە بەداردا و ئازاریان داوە تامردووە –وەرگێڕ–

(عیسا)، هەرچەندە لە ژینیا بەسەر دوژمنەکانیا سەر نەکەوت، بەڵام لەدوای مردنی ئەو، ئایینەکەی بەرەبەرە گەشەی کرد و پەرەی سەند و سەرکەوت، تاڕادەیەکی وەها کە ژمارەی عیساییەکانی گەیاندە نزیکەی شەش سەد ملیۆن کەس!...

درووود بۆ گیانی پاکی (مەسیح) پێغەمبەری مەزن، کە هەتا هەین، ژیانەکەی خۆی وەک گەوهەرێکی شەوچرا، ڕێگای ژینمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە و، وەک مامۆستایەکی پەروەردە و فێرکردنیش ئاراستەی (خواپەرستی) و (مرۆڤ دۆستی) و (خۆشەویستی) و (ئارامی گیانی)مان ئەکات.

سلێمانی: شاکر فتاح

ساڵی ١٩٦٥

(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)



## لە دایک بوونی منالێک

### ١

### یوسفی دارتاش

دانیشتوانی شاری (ناسرە)(١) ئەیانگوت (یوسف)، هەر لە (یوسف کوڕی یەعقوب) ئەکات، کە لەپێش خۆیەوە بووە و پیاوێکی گەورەبووە و، لە کوڕە هەرە خۆشەویستەکانی (یەعقوب)یش بووە لە ڕاستیشدا، (یوسفی دارتاشی ناسرە)، خاوەنی ڕیشێکی ڕەنگ زێرین بوو، پیاوێکی مەندی، دەنگ نەرمی لەسەرخۆ بوو.

لەشێوەدا، زۆرتر، لە شاگردێکی خوێندنگای ئەکرد، نەک وەستایەکی خاوەن پیشەی وەک دارتاشی... یوسف دارتاش بەهەتیووی گەورەبووبوو مامەکەی گەورەی کردبوو هەر ئەویش پیشەی دارتاشیی فێرکردبوو ئەیتوانی دەستی خۆی بەکاربهێنێ لە روستکردنی کورسییەک، یاخود دەرگایەک، یان هەوجارێکدا... لە دوکانەکەیدا پاک و خاوێنی دیاربوو لەبنەوە تەختێکی نووستنی بۆ خۆی دانابوو بەتەنشت ئەویشەوە ئاگردانێکی دامەزراندبوو، جا کە شەو دائەهات، تادرەنگە شەوێک(٢) لەبەر تیشکی چرایەکی کزدا نووسراوە ئایینییەکانی ئەخوێندەوە، کە لەمەولەوی ئەخواستن. دانیشتوانی شارەکە بەپیاوێکی ئەندێشە بازیان دائەنا(٣) چونکە خۆی ئەپاراست لەوەی تووشی قومارکردن بێ لەگەڵ ڕێبوارەکاندا یاخود لەگەڵ ئافرەتە سۆزانییەکانی ناو مەیخانەکاندا ڕاببوێرێ. ئەو وەک کەسوکار و هۆزەکەی خۆی نەئەکرد، کە دڵیان ئارەزووی هەرشتێکی بکردایە، پەروایان لە هیچ نەبوو، ئەیانکرد.

(ناسرە)یش، شوێنەکەی وا هەڵکەوتبوو، کەوتبووە ناوەند ئەوروپا و ئاسیاوە، بووبووە ناوچەیەکی بازرگانی کە هەموو جۆرە کەلوپەلێکی تیا ئەکڕرا و ئەفرۆشرا: وەک بەهارات و داو و دەرمانی چێشت و پۆشەنی ئاوریشم، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەهاتن، وەک

---

(١) ناسیرە (الناصیرە): شارێکی فەلەستینە لە دەڤەری (جەلیل)، حەفتا و پێنج هەزار کەسێکی تێدا دەژی، نزرگەی (مریەمی کچ- عذراء-)ە، هەر بەناوی ئەم شارەوەیە مەسیح و شوێن کەوتووانی ناودەبرێن بە (النصاری- ناسریەکان).

(٢) یان: تا درەنگانێک، تا شەوگارێکی درەنگ.

(٣) پیاوێک یاکەسێکی گۆشەگیر و خەیاڵاوی (إنطوائی).

دەستکردەکانی ڕۆژئاوا و کوتاڵ کەلوپەلەکانی ئەسکەندەرییە و دیمەشقیش، کە بەلێشاو ئەڕژانە ئەویوە...

ئێوارەیەکیان، بازرگانێکی دۆستی یوسف، هاتە دوکانەکەی ناوی (سامۆئیل)بوو. لەبابەت ئەو ژیانە تەنیاییەوە کە یوسف تیا ئەژیا، کە دووربوو لە دڵداری و مێبازییەوە، توانجی تێ گرت!... دوای ئەوە لەبابەت زرنگکاری (سیاست) و ئایینەوە گفتوگۆیان کرد میوانەکە بەداخێکەوە گوتی: (لەدەست ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەرەکان و کارگێڕی دادگاکانمان وەڕس بووین لە ڕاستیدا ئێمە بەندەین و بۆ کەڵکی (ڕۆما) ئەچەوسێینەوە ئاخ خۆزگە ڕزگارمان ئەبوو!...). (یوسف)یش، تێی گەیاند کە بەئەسپایی قسە بکات نەوەک قسە دز (جاسوس)ەکانی فەرمانڕەوایی گوێیان لێی بێ، چونکە ڕۆماییەکان نەتەوەیان بەتەواوەتی خستبووە ژێر چنگی خۆیانەوە سەد ساڵێک بوو فەرمان دارییەکی بەزەبرووزەنگیان ئەکرد لەو ناوەدا جا هەرچەند هاونیشتمانەکانی ئەو خاکە، دەماری مەردایەتی ئەیگرتن و جاروبارێک ئاگری شۆڕشیان هەڵ ئەگیرساند بۆ ئازادکردنی خۆیان، شۆڕشەکانیان بەوە دواییان ئەهات کە بەهەزاران لێیان بکوژرێ[1] و ئەوانی تریش سەرگەردان بکرێن... جا هەر ئەو نەتەوەیەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان گەیشتبووە ئەوپەڕی گەورەیی؛ کە خاوەنی سەربەرزیی (یەسووع)[2] و هێزی (داوود)[3] و تێگەیشتوویی

(١) ڕاستتر:کە بەهەزارانیانی لێ بکوژرێ.

(٢) یەسووعی مەسیح: بەبڕوای مەسیحیەکان دووەمی سیانە پیرۆزەکەیە، لە (بیت لحم) لە دایک بووە، لە (٤. پ. ز) لە ڕۆژانی حوکمی ئۆگستس قەیسەر. لە (ناسرە) ژیاوە تا سی ساڵی تیاماوەتەوە؛ بۆیا ناودەبرێ بە(ناصری)... ئیتر دەستی کردە موژدەدان و پیشاندانی موجیزە، لە چوار مێخەیاندا و کوشتیان، لەسەردەمی والی ڕۆمانی (بیلاتس بنتی)، بەڵام پاش سێ ڕۆژ هەستایەوە و موجیزەکانی خۆی تەواوکرد لە ئینجیلدا باسی ژیان و بەسەرهاتەکانی دەکرێ، بەڵام لە قورئاندا بە(عیسا) ناو دەبرێ.

(٣) داوود: (دەوروبەری ١٠١٠– ٩٧ پ. ز) دووەم مەلیکی جوولەکەکان بوو باوکی (سلێمانی حەکیمە)ەوە یەکێکە لە باوانەکانی مەسیح، پێغەمبەر بووە، (جلیاتی پاڵەوان)ی کوشت و بەمە ناوی دەرکردووە، (شائوول)ی لەدوای خۆی کردە مەلیک، مەملەکەتی یەهوذای دامەزراند و ئورشەلیمیشی کردە پایتەختی، لەگەڵ ئەو هەموو دادپەروەریی و خۆپاراستنەی لە خراپە، بەڵام یەکێ لە سەرلەشکرەکانی خۆی، (ئۆریان)ی دا بەکوشت تا (بتشایع)ی ژنی مارە بکات!! دوایی پەشیمان بۆوە لەو تاوانەی. (سیفری مەزامیر) دەدرێتە پاڵ ئەم، هێز و توانای جەستەیی لە ڕادە بەدەر بووە، لە قورئاندا ناوی هاتووە و باسی دەکات.



(سلیمان)[٤] و گەورەییەکەی بوو؛ وای لێ هاتبوو، بووبووە بەندە و دیلێکی کز و بێچارە و مل کەچی (ئۆگۆست سزار)[٥] سەرانەی ئەدایێ!...

... جا کە ئەو میوانە (یوسف)ی هاندا بێتە ژێر ئاڵای شۆڕشگێرەکانەوە، بۆ ئەمەی بەرەنگاریی فەرماندارییی ڕۆماییەکان بکەن، (یوسف) پڕ بەدڵ هەستی خۆی پیشاندا بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی خۆی لە دەست زۆرداریی داگیرکەرەکان بەڵام نەک لە ڕێگای سەرکێشی و خوێن ڕشتنەوە- بەڵکو بەچاوەڕوانی کردنی لە دایک بوونی (مەسیا= مەسیح)وە کە بەپێی واتەی (تەورات) ئەبێ پەیدابێ و (نەتەوەکەی خۆیشی ڕزگار بکات لە دەست زۆرداری و بیگەیێنێتە ئاسایش و ئاشتییەوە).

بەڵام (سامۆئینل) کە وەڕس بووبوو لە دەست نووسراوانی ئایینی و لێک دانەوەی ڕۆژانی دوایی، بەدڵێکی شکاوەوە ڕووی کردە (یوسف)و پێی گوت: (وا هیرۆدسی خونکار، ئەوەندە دەستی داوەتە بەدکاری، بەئارەزووی خۆی بێ تاوانەکانی ئەکوژێ، کەچی تۆیش هێشتا هەر لەسەر بەزمی خۆت ئەڕۆیت هەر ئەوە بەڵێن و چارەنووسی دوارۆژانەمان ئەدەیت بەگوێدا، کە ئەمە سەدان ساڵە ئەدرێن بەگوێماندا!؟ وا دیارە نیازت هەیە نەمریت تا (مەسیا)ی چاوەڕوان کراو ئەبینیت بەچاوی خۆت، تاکو بیکەیت بەدۆستی خۆت!؟...).

(یوسف)یش بەگیان سووکییەکەوە پێی گوت:

(بۆچ من کێم، کە دارتاشێکی بچووکم، ببمە هاوڕێی مەسیا؟ من هەر ئاواتەخوازی ئەوەم کە بژیم و ژیانێکی بێ دەنگ و سەنگی پڕ ئاسایش بەسەر ببەم لەگەڵ ئەمەیشا ئەوەندەی نەماوە (مەسیا) پەیدابێ چونکە فەرمانڕەوایی چاوی بڕیوەتە هەموو منالێک کە لەنەوەی (داوود)بێ نەوەک ئەو (مەسیا)یە دەربچێ کە چاوەڕوانیی ئەکرێ!)

(٤) سولەیمانی حەکیم: مەلیکی ئیسرائیلیەکان بووە، لە دەوروبەری ٩٧٠– ٩٣٥ پ. ز، کوڕی داوودە لە (بتشایع)ی ژنی کە بەناڕەوایی داگیری کرد و مارەی کرد و باسکرا، لە ڕۆژانی حوکمیدا وڵات گەیشتە ئەوپەڕی سەروەریی، هەیکەلی ئورشەلیمی بنیاتنا، بەژیری و حیکمەتەوە ناوی دەرکردبوو، ئەمیش لە قورئاندا ناوی هاتووەو باس دەکرێ.

(٥) ئۆگستیس (کایۆس یۆلیۆسی ئوکفاقیاتس) ٦٣ پ. ز– ١٤ز، قەیسەر هەڵی گرتبۆوە و کردبوویە کوڕی خۆی، ڕژێمی ئیمپراتۆری دامەزراند و تاکڕەوانە حوکمی دەکرد؛ ئەمەش دوای ئەوەی لە (ئەکسیۆم)دا سەرکەوت ئاشتی بەرپاکرد و هانی ئەدیبانی دەدا، لەسەردەمی ئەمدا مەسیح هاتە دنیاوە.

– ئای یوسف چەندە بەسەزمانیت!... هەتا ئەمێنیت هەر لە خەم و پەژارەی خۆتا ئەژیت!... هەتا هەیت دوور ئەبیت لە ڕووداوە وە!... ئارەزووی خۆتە، هەر بەتەنیایی بمێنەرەوە!...

– ئیتر لەمە بەولاوە، تەنیا نامێنمەوە... چونکە کچێکی وام دۆزیوەتەوە کە بۆ هاوسەری خۆم دەست بدات... کچەکە، لە تەمەندا بچووکە... بەڵام لە کچانی تر ناکات!...

زۆری پێ نەچوو، ئەو کچەی یوسف لێی ئەدوا، بە بەردووکانەکەیدا تێپەڕی گۆزەڵەیەک ئاوی بەدەستەوە بوو...

کە (سامۆئیل) جوانیی کچەکەی بۆ دەرکەوت و سەروشێوە نەژادەکەی چاوپێکەوت، لە یوسفی پرسی:

– تۆ لەوە دڵنیایت کە شووت پێ ئەکات و بەڵێنەکەی خۆی ئەباتە سەر؟

– من هێشتا ئەو قسەیەم لەگەڵ نەکردووە...

– هاوڕێی خۆم، کوڕە هەرزەکارەکانی (ناسرە)، چاویان تیژە، هەر لە دوورەوە هەستیان پێ کردووە... زۆری پێناچێ لێی کۆئەبنەوە... جا ئەگەر، هەر شەرم بکەیت و ئەم هەلەی دەستت کەوتووە، بەکاری نەهێنیت، ئەوا بەنیازی خۆت ناگەیت؟... ئەزانیت باوک و دایکی کێن؟

– هێشتا ئەوەم بۆ دەرنەکەوتووە هەر ئەوەندە ئەزانم کە لەم چەندانەدا لە (ئۆرشەلیم)ەوە هاتوونەتە (ناسرە) و لەم شارەدا ئارامیان گرتووە.

– ئەی ناوی کچەکە نازانیت؟

– ناوی (مەریەم)ە.



## پەژارەی پێش دەزگیرانی!

هەر لەو شەوەدا کە (یوسف) بڕیاریدا، لەگەڵ دایک و باوکی (مەریەم)دا، کە (یەواقیم) و (حەننە) بوون،[١] لە بابەت ژن هێنانەکەیەوە گفتوگۆ بکات، خۆی پاک پاک شۆشت و، ڕیشی ڕێک خست و، سەری خۆی داهێنا ئنجا لە شیرینیەکانی (دیمەشق)یش دیاریەکی گرت بەدەستەوە، پاشان ڕووی کردە خانووی خێزانی (مەریەم) کە هەمووی نزیکی میلێک دوور بوو لەوێوە... لەوکاتەدا کچێکی پووری (مەریەم)یش کە ناوی (ئەلیسابات) بوو، بووبوو بەمیوانی ئەو خێزانە ئەم لە (مەریەم) چلساڵێک گەورەتر بوو کاتێ کە گەورە کچ بووە، شووی کردووە بەپیاوێکی ئایینی کەناوی (زەکەریا)بووە.

بەڵام هیچ مناڵی لێی نەبووە هەردووکیان کە لە گوندی (عەین کارم)دا دائەنیشتن، ساڵی جارێک دووجار، ئەهاتە لای پووری سەری لێ ئەدا...

ئنجا کە یوسف گەیشتە خانووەکەیان، (یەواقیم) بەپیریەوە چوو. خۆشی و چلۆنی لەگەڵدا کرد و داینیشاند لەلای خۆیەوە.

پاشان چووە ژوورەوە، ژنەکەیشی لە هاتنی یوسف ئاگاداری کرد، (مەریەم) و (ئەلیسابات)یش لە ژوورەکە چونە دەرەوە (حەننە)ی ژنی (یەواقیم)یش ڕاستەوڕاست بەمێردەکەی خۆی گوت، کە لەوساوە هەستی بەدڵخوازیی (یوسف) کردووە بەرامبەر (مەریەم)ی کچی، ترسێکی سەیری لێ نیشتووە کە هۆیەکەی نازانێ چیە!

هەروەک هەستی کردبێ بەوەی کە لەدوا ڕۆژدا (مەریەم) تووشی ئەرک و ئازار و سەرگەردانییەکی زۆر ئەبێ بەهۆی (یوسف)ی مێردیەوە وابوو ئەمیش یەکێک بوو لە ڕەوشتەکانی خێزانی (حەننە)، کە جاروبار هەستی ڕووداوی پاشە ڕۆژیان ئەکرد[٢]!... پاش ئەوە (حەننە) گوتی: (لەگەڵ ئەمەیشا بەپێویستی ئەزانم، کە گوێ نەدەمە ئەم ترس

(١) مەریەم: کچە پاکیزەکەی ناسیرە بووە، باوکی (یواکیم) و دایکیشی (حەننە) لە بنەچەی یەهوزای خانەوادەی (داوود) پێغەمبەرە، هەر لە ناسیرە جوبرائیلی مزستادە خۆی پیشاندا و مژدەی سک پڕبوونێکی خاوێنی دایە کە (مەسیح) ڕۆحی بەرجەستەکراوی دەبێ، دوایی بەرۆح و جەستەیەوە چووە ئاسمان، مەسیحیەکان سەدان کڵێسایان بۆ پیرۆزکردن و بەرز ڕاگرتنی بنیاتناوە، هونەرمەندەکانیشیان هەزاران بەرهەم و داهێنانیان بەپەیکەر و وێنە و تابلۆی بەرهەمهێناوە... لە یادەوەریەکانی: (٨) کانوونی یەک سک پڕبوونی خاوێنی، (١٥) ئاب چوونی بۆ ئاسمان.

(٢) یان: پێشبینی ڕووداوەکانی دەکرد.

و لەرزی ناو دڵەم چونکە بەئاواتەوەم مەریەمیش وەک من و تۆ، خۆشی لە دڵداری و کامەرانی ببینێ... کەواتە یوسف بانگ کە بێتە ژوورەوە).

(یوسف)یش هاتە ژوورەوە کە (حەننە) چاوی بەڕوخساری کەوت، ئارامێکی وا بەدڵی گەیشت، کە هەر خەموپەژارەیەک لە دڵیا هەبوو، ڕەوییەوە... سێ کوچکە هەرسێکیان دانیشتن و دەستیان کرد بەگفتوگۆکردنێکی ئاسایی: وەک ئاووباو، خەرمان و بەرهەم و، گرانیی باجەکانی فەرمانڕەوایی... پاشان (یوسف) خوازبێنی (مەریەم)ی لێ کردن گوتی: ئەوەندە (مەریەم)ی بەدڵاچووە و حەزی لێ کردووە، کە هەر لەو ڕۆژەوەی کە خێزانەکەیان گەیشتوونەتە (ناسرە) تا ئیمڕۆ، بێ وچان سەرنجی لێ ئەدا و چاوی تێ ئەبڕێ مەگەر ئەو ڕۆژانە نەیدیبێ کە نەخۆش کەوتبێ و نەهاتبێتە دەرێ بۆ ئاو هێنان بۆ ماڵەوە لەبیرەکە...

لەو کاتەدا دایکی کچەکە گوێی لە پێکەنینێکی بەئەسپایی بوو.

تێگەیشت کە پێکەنینی مەریەم بوو، کە لەگەڵ (ئەلیسابات)دا چووبوونە سەربان گوێیان لێ ئەگرتن!... دایکی کچەکە لە دڵی خۆیدا پێ ئەکەنێ چونکە ئەوەی بیرئەکەوتەوە کە ئەویش لە ڕۆژی خوازبێنی خۆیدا، لە ماڵی باوکی خۆیدا هەروای کردبووە!...

لە دواییدا بانگی کچەکەی کرد مەریەمیش هاتە ژوورەوە کراسێکی شینی لەبەر دابوو بەقاچە ڕووتەکانیەوە بەرامبەریوسف وەستا... ئیتر هەر ئەوەندە بوو، باوکی دەستی گرت و خستیە ناو دەستی یوسفەوە، ئاشکرای کرد کە هەر دووکیان بوون بەدەزگیرانی یەکتریی، هەروەها پیرۆزبایشی لێ کردن!...

## پێغەمبەرێکی نەناسراو!

هەندێ کاروبار هاتە پێشەوە، کە هەموویانی ناچارکرد بچن بۆ شاری (ئۆرشەلیم) چونکە پشک یان نایە سەر (زەکەریا) کە بۆ چەند ڕۆژێک بچێتە ناو پەرستگاکەی ئەو شارەوە تا لەوێ فرمانی ئایینی خۆی بەجێ بهێنێ.

خێزانەکەیش بە(یوسف)یان گوت کە بچێ بۆ ئەوێ لەگەڵیاندا ئەو کۆچە سێ ڕۆژەی ئەویست بەسواری گوێ درێژ تا بگەنە ئەوێ (حەننە) و (مەریەم)یش هەریەکە سواری کەرێک بوون، کە (یەواقیم) و (یوسف)یش جڵەوەکانیان، رائەکێشان. لەو گەشتەدا (یوسف) چوو بەدڵی باوک و دایکی (مەریەم)دا. هەستیان وا ئەکرد کە (یوسف) کوڕێکی خۆیانە!...

ئنجا کە گەیشتنە (ئورشەلیم) و (مەریەم) چاوی بەگەورەیی و شەنگوشۆخی شارەکە



کەوت، بەگوێی (یوسف) یا چرپاند گوتی: (چەند شارێکی گەورەیە!.) بەڵام کە پەرستگاکەیان چاوپێکەوت، شارەکەیان زۆرتر بەدڵاچوو چونکە ڕاڕەوە فراوانەکانی و هۆڵە گەورەکانی و پایە و ستوونە بەردە مەڕمەڕەکانی کە یەجگار بڵندبوون لەگەڵ بنمیچەکەیا کە لە تەختەی داری ئورزی لوبنان دروست کرابوو، بەلایانەوە یەجگار جوان و شەنگ و شۆخ و ڕازاوە بوون!... پەرستگاکە لە هەر پێنج دەرگاکەیەوە خواناسانی تێ ڕژابوو ژمارەیان لە هەزاران تێپەڕی کردبوو!... بەڵام کۆڕی دەرەوەی پەرستگاکە پڕبووبوو لە دوکاندار و پارە گۆڕەرەوە کۆترو مەڕوماڵات و مۆمیان تیا ئەفرۆشت... بازاڕەکەی گەرم بوو، پڕبوو بوو لە قاووقیژ و هاتوچۆوە دەنگە دەنگ... (یوسف) لەوکاتەدا گەورەیی ڕابردووی (پەرستگای داوود)ی بیرکەوتەوە کە هەر لەو شوێنەدا دروستی کردبوو پاش ئەوە (پەرستگا گەورەکەی سلێمان)ی بیرکەوتەوە کە لەسەر کەلاوەکەی ئەو پەرستگایە دروستی کردبوو.

ئەوە بوو، مایەوە تا چوار سەد ساڵی خشت، تا لەلایەن (نەبۆ خەد نەسر)[1]ی خونکاری ئاشوورییەکانەوە ڕووخێنرا!...

(یوسف) لە پێش دەمی پەرستگاکەدا پیاوێکی کورتە بنەی ڕیش پڕی، چاوشینی، چاومەیبیوی دی، تەمەنی لە چڵ ساڵان تێپەڕی کردبوو... گوێی لە دەنگێک بوو بانگی ئەکرد. کە ئاووڕی دایەوە (سامۆئیل)ی دۆستە بازرگانەکەی بوو خۆشی و چلۆنیی لەگەڵدا کرد و پێی گوت: (ئەم پیاوە ناوی «حەنانیا»یە گەورەی هەموو پیاوە ئایینیەکانی ئێرەیە کەم دێتە ناو کۆبوونەوە ئایینیەکانەوە ژیانێکی وا ئەژیی کە زۆر دوورە لە خوا پەرستی و ڕەوشت دروستییەوە لەگەڵ (هیرۆدس)دا گەلە کۆمەکێ لە نەتەوە ئەکەن خۆیشی و پیاوەکانیشی لە ڕێگای ناپاکی و چەواشەکردن و بازرگانی ناو پەرستگاکەوە دەوڵەمەندبوون!).

کاری ئایینی دەستی پێ کرد... (زەکەریا)، لە شێوەیەکی مەند و بەسامدا، نوێژکەرەکانی کێش کرد بۆ نوێژێکی بێ دەنگ و سەنگ لەناو ئەو هەزاران کەسانەدا کە لەوێدا نوێژیان ئەکرد، کەس نەبوو بزانێ چی بەدڵی (زەکەریا) دا دێ لە کاتی نوێژکردندا، (ئەلیسابات)ی ژنی نەبێ... ئەو ئەیزانی ئاواتە دوورودرێژەکەی چیە کە هەموو دەمێک لە

(١) نەبوو خەز نەسر، یان: نەبووکەد ناسری دووەم، ٦٠٥- ٥٦٢ پ.ز، مەلیکی بابل بووە، لە ٥٨٦ پ.زدا ئورشەلیمی کاولکرد و جوولەکەکانی بەدیل گرت و سەدان هەزاری ڕاپێچ کردن بۆ بابل و میسۆپۆتامیان.

نوێژدا دووبارەی ئەکردەوە، لە خوا ئەپاڕایەوە کە کوڕێکی پێ ببەخشێ!

کە نوێژە بێ دەنگەکە بڕایەوە، (زەکەریا)، بوخوردانە زیوینەکەی بەرزکردەوە بەسەر سەری هەمووان‌دا لە دوورەوە ئەیگێڕا پاشان پەردەی پەرستگاکەی لابرد و چووە ناو (جێگای هەرە پیرۆز)ەوە کە لەوێدا هەموو دەم پیاوە ئاینییەکان لە خوا ئەپاڕێنەوە و ئەیپەرستن... بەڵام ئەمجارە زۆری پێ چوو خێزانەکەی دڵیان داخورپا... دوایی زەکەریا دەرکەوت بەڵام ڕەنگی وا زەرد هەڵگەڕابوو هەمووکەس لەوێدا پەیی پێ برد کە (کارەسات)ێکی سامناکی لێ ڕوودابوو (حەنانیا)یش بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە ئەو و باوەشی پیاکرد، نەوەک بکەوێ لەوێدا (زەکەریا) پەنجەی کێشا بۆ دەمی مەبەسی ئەوەبوو زمانی شکاوە و، قسەی پێ ناکرێ. (حەنانیا)یش ناچاربوو، فرمانە ئاینییەکەی دوایی پێ هێنا!... پاش ئەوە خێزانی زەکەریا لەگەڵ زەکەریادا چوونەوە بۆ گوندەکەی خۆیان کە زەکەریا تێگەیشت ترس و دڵە گوڕپێ کەوتۆتە دڵی خێزانەکەیەوە، پەڕە قاقەز و پێنووسێکی لێ داوا کردن.

دەستی کرد بەنووسین بەم جۆرە:

(فریشتەیەک پەیدابوو قسەی کرد لەگەڵما!... هەر ئەوەندە پێم نایە «جێگا هەرە پیرۆز»ەکەوە، فریشتەیەک لەبەر دەمما وەستا باڵەکانی کردبووەوە منیش ترسم لێ نیشت بەڵام فریشتەکە دەستی کرد بەدڵدانەوەم، گوتی: زەکەریا لە هیچ مەترسە ئاواتەکەت کەوتە بەرگوێی خواو بڕیاری لەسەردا کە بۆت بێتەدی (ئەلیسابات)ی ژنت کوڕێکی ئەبێ، «ناوی ئەنێی «یوحەننا» پیاوێکی پاک و خواناس و گەورە دەرئەچێ لەناو گەلەکەی خۆیدا زۆرکەس لە خوانەناسە سەرکێشەکان ئەگێڕێتەوە سەر خواناسی!...» منیش بەفریشتەکەم گوت: «بەڵام منیش و ژنەکەیشم هەردووکمان پیرین!؟...» ئەویش بەقسەکەم دڵتەنگ بوو، گوتی:

«من جبرائیلم ئەو فریشتەیەم کە لەبەردەمی خوادا ئەوەستم من نێرراوم کە ئەم موژدەیەت بدەمێ... جا چونکە تۆ بەقسەکەم بڕوا ناکەیت، زمانت ئەشکێ وقسەت پێ ناکرێ، تا ئەو ڕۆژەی قسەکەم دێتە دی!»[1] کە ئەوەی گوت ئیتر من زمانم شکاو لە

(١) لەم ڕووەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: (یازکریا إنا نبشرك بغلام آسمة یحی لم نجعل له من قبُل سمیاً* قال رب أنی یکون لی غلام وکانت آمرأتي عاقراً وقد بلغت من الکبر عتیاً. مریم- ٧، ٨) هەروا گەڕانەوە بۆ سورەتی (مریم) لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی، جوانترین خستنە ڕوویەکە بۆ ئەم باسە، لەگەڵ هەندێ وردە جیاوازیدا.



قسەکردن پەکم کەوت... لەبەرئەوە باوەڕم بەقسەی فریشتەکە هێنا، کە ڕۆژی هاتنەدیی ئاواتەکەم نزیک بۆتەوە!...)

(ئەلیسابات)یش ترسا لەوەی کە مێردەکەی تووشی شێتییەک بووبێ!... بەڵام (حەننە) گوتی:

(نەء. ئەمە موژدەی هاتنی پێغەمبەرێکیشی بەدەمەوەیە!... چونکە خێزانی ئێمە توانای ئەوەیان هەیە کە دوارۆژ بخوێننەوە!)

لە ڕاستیشدا وا دەرچوو چونکە چەند مانگێکی پێنەچوو کە ڕۆژێک لە پڕ پیاوێکی ڕاسپێرراو گەیشتە (حەننە)، نامەیەکی لە (ئەلیسابات)ەوە بۆ هێنابوو، ئەمەی تیا نووسیبوو: (خۆشەویستەکەم، دەستی خوات لەسەربێ... خوای گەورە نزاکەمانی گیرا کرد قسەی فریشتەکە ڕاست دەرچوو. وا من بەم پیرییەمەوە سکم پڕبووە!)...

## شەوێکی بێ خەوبینین!

کە یوسف لە فرمانی ڕۆژانەی خۆی بووەوە، چووە بەردەمی تاقێکەوە لەناو دوکانەکەی خۆیدا، وەستا لەناو ئەو تاقەدا ئامانێکی کاشیی دانابوو هەر لەوساوەکە (مەریەم)ی دیبوو، هەرچی دەست کەوتبوو لەناو ئەو کاشییەدا کۆی کردبووەوە!... کە پارەی ناوکاشییەکەی کردە مستیەوە و ژماردی، دڵی خۆش بوو و دەموچاوی گەشایەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:

(ئەمە بەشی ئەوە ئەکات، کە بەم زووانە، موژدەی تەواوکردنی ژن هێنانەکەم بداتێ!)...

گەرمایی بەهاری ئەو ڕۆژە، گڕی خۆشەویستی بەدڵی سەندبوو بەهەڵەداوان ڕووی کردە ماڵی دەزگیرانەکەی ڕێگاکەی کە بەناو چەند گردێکدا ئەڕۆیشت ئەملاو ئەولاکەی سەوزەگیایەکی ڕەنگین دایپۆشیبوو، کە پڕی بوو لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و گەش و جوان...

کە نزیک خانووی مەریەم بووەوە، چاوی بەمەریەم کەوت چرایەکی بەدەستەوە بوو، دانەویبووەوە خورما و هەنجیری وشکی کۆئەکردەوە کە مەریەم خشپەی پێی یوسفی هاتە بەرگوێ و ئاوڕی دایەوە، بەدەست تاسەی دڵی خۆی تێگەیاند... لەپاش شێو خواردن، هەردوو دەزگیران دەمێکی درێژیان پێکەوە ڕابوارد، ڕێ و شوێنیان بۆ دوا ڕۆژی خۆیان دائەنا دڵی هەردووکیان پڕبووبوو لە کامەرانی و ئایین و نیازی بەهێز... مەریەم وای پێشنیاز کرد کە ژن و مێردییەکەیان پاش سێ مانگی تر تەواو بکرێ... چونکە ماوەیەکی پێ ئەویست تا بەرگو پۆشەنییەکانی خۆی تەواو بکات لە بڕانەوەی ڕابواردنی ئەو

شەوەیاندا، یوسف، مەریەمی بەخواسپارد، بەمەرجێ بەیانەکی زوو کەچوو بۆ گۆزە پڕکردن لە ئاو چاوی پێی بکەوێتەوە... پاش ئەوە، یوسف گەڕایەوە بۆ جێگاکەی خۆی لەوکاتەدا هەستی وا ئەکرد کە کامەرانترین پیاوە لە شاری (ناسرە)دا...!

ئیتر هەر ئەوەندە چووە ناو پێخەفەکەیەوە، خەو چاوەکانی داگرت[1] ئەویش وەک هەموو پیاوێک کە لەو بارەدابێ خەوی ئەدی: خەوی ئەدی بەمەریەمەوە کراسە شنەکەی بەدەم باوە ئەشەکایەوە... چاوە مەستەکانی مەریەمی ئەهاتە پێش چاو!... بەڵام خەوەکانی ئەو وەک خەوی ئەو پێغەمبەرانەی پێش خۆی نەبوون، ڕاست و ڕەوان دوارۆژ پیشان بدەن. ئەو کارەساتەی نەهاتەپێش چاو، کە خەریک بوو لەوشەوەدا ڕووەو جیهان ئەڕۆیشت! هەروەها، نە(هیرۆدس)و[2] نە نەتەوەیش، نە(ئۆگۆست سزار)یش لە کۆشکەکەی خۆیدا، ئەوەیان بەبیردا ئەهات، کە جیهان خەریکە بەرەو لایەکی تازە بڕوات!... کەس نەبوو، ئەوە بەدڵیابێت کە هەڵگەڕانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە پەیدابووندایە و لەو شەوە تاریک و نووتەکەدا ڕێگەی خۆی گرتووە...

هێشتا بەرەبەیان بوو، کە یوسف لە پڕ گوێی لە چەند لێدانێکی دەرگای دوکانەکەی بوو، لە جێگا هاتە دەرەوە و چوو بەدەم دەنگەکەوە کە دەرگای کردەوە، (یەواقیم)ی خەزوری بەشڵەژاوییەکەوە وەستابوو دەستی خستە سەر شانی و پێی گوت: (کوڕم ئارامت بێ... تێک مەچۆ؛ مەریەم خۆی شاردۆتەوە!)

مەریەم تۆ بەرز و پیرۆزیت...

مەریەم لە (ناسرە) دەربازبوو! بەڵێ ئەم مەریەمەی کە خاوەنی چاوە شینەکان و قژە ڕەشەکان بوو، کە دەزگیرانی یوسف بوو، کە بەهەموو دڵیەوە، بەهەموو گیانیەوە خۆشی ئەویست، هەڵات و چوو!... چونکە هەر ئەوەندە یوسفی دەزگیرانی ڕەوانەکرد، پاش تاوێک، کارەساتێکی گرنگی وا ڕووی لێ ئەدا، کە بەجارێک ژیانی پێ وەرگێڕا...

(١) یان: خەو بردیەوە، چاوی چووە خەو، خەوی لێ کەوت.

(٢) هیرۆدس: چوار پاشای جوولەکەکان بەم ناوەوە، بوون، ئەوەی ئێمە مەبەستمان بێ؛ هیرۆدسی گەورە: (٧٢- ٤ پ.ز) لە عەسقەلان لە دایکبووە، هیرۆدس (٤٠- ٤ پ.ز) دەستی هێنا بەهەیکەلی ئورشەلیمدا و ڕازاندیەوە، هەیکەلی سامیرەشی بنیاتنا، زۆری حەز لە ئاوەدانی بووە، ئەمبوو فەرمانیدا بەسەربڕینی منالانی (بیت لحم). هیرۆدس ئەنتیباس (٢٠ پ.ز- ٣٩ز) کوڕی هیرۆدسی گەورەیە، فەرمانیدا بەسەربڕینی یوحەننای مەعمەدان، مەسیحیشی دادگایی کرد... ئەم دووانە لەم کتێبەدا مەبەستن.



مەریەم، شڵەژا و تێک چوو، چەند کاتێک مایەوە بەبێ دەنگی، هەر چەندی ئەکرد، زمانی گۆی نەئەکرد قسە بکات!...

کارەساتەکەی یەجگار گرنگ و بەسام بوو، لە ناکاو لێی قەوما.

هەرگیز بەبیریدا نەئەهات کەشتی وای لێ ڕوو بدات!...

هەر ئەوەندە، ئەوشەوە باوک و دایکی چوونە سەریان، مەریەم سەرما تەنگە تاوی کرد ناچاربوو بچێتە بەر هەیوانێکی ناو خانووەکەوە، بۆ ئەمەی گەرمی بێتەوە... لەوێدا، پیاوێکی نەناسیاوی چاوپێکەوت پرشنگی ڕووناکی؛ چوارلای گرتبوو.

لەوشەوە تاریکەدا مەریەم زارەترەک بوو، لە جێگای خۆیدا چەقا!... لەوکاتەدا پیاوە نەناسیاوەکە خۆشی و چلۆنییەکی لەگەڵ کرد!... بەدەنگێکی وا کە مەریەم لەو دەنگەی ناسکتر هەرگیز نەبیستبوو بەمەریەمی گوت: (ئەی ئەو کەسەی کە خوا ئەتخاتە خۆشییەوە، دروودی خوات لەسەربێ موژدە بێ خوا لەگەڵ تۆیە تۆ ئەبیتە ئافرەتێکی بەرز و پیرۆز لە ناو ئافرەتاندا!.). مەریەمیش چاوەکانی داخست، بەڵام هەندێک دڵنیایی پێ گەیشت گوێی هەڵ خست بۆ پیاوە نەناسیاوەکە موژدەکەی خۆی تەواو بکات. گوتی: (خوا دیارییەکی گەورەت پێ ئەدات، سکت پڕ ئەبێ. کوڕێکیشت ئەبێ، ناوی ئەنێیت (یەسووع)... بۆت ئەبێتە پیاوێکی گەورە و بەسەربەرزی و کردەوەی بڵندەوە ناو دەرئەکات... تەختی داوودی ئەکەوێتە ژێر چنگەوە... هێز و دەسەڵاتیشی هەرگیز لەناو ناچێت!) مەریەم هەستی پێ کرد، پێویستیی بەدڵنیاییەک هەیە...

بەگومانێکەوە ئەو پرسەی لێ کرد، کە(زەکەریا) لەسەری سزا درا بەپەککەوتنی زمانی... گوتی: (من لەگەڵ هیچ پیاوێکدا کاری ژن و مێردیم نەکردووە شتی وا چۆن ڕوو ئەدات؟!)... دەنگی پیاوە نەناسیاوەکە پڕبوو لە شیرینی و خۆشەویستی، هەتا لێی نزیک نەبووەوە نەیزانی کە ئەو پیاوە فریشتەیەکە و، ورشەی باڵەکانی دێ...

بەمەریەمی گوت: (گیانی پیرۆز دێتە ناو لەشتەوە. هێزی خوا ئەبێتە نیگاهبانت. لەبەرئەوە ئەو منالە پیرۆزەی لەتۆ لە دایک ئەبێ[1] ناوی ئەنرێ کوڕی خوا!...)[2] مەریەم

(١) ڕاستتر: لەتۆ دەبێ، دەتبێ.

(٢) هەر لەم بارەیەشەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: (واذکر في الکتاب مریم إذ آنتبذت من أهلها مکاناً شرقیاً* فاتخذت من دونهم حجاباً فأرسلنا إلیها روحنا فتمثل لها بشراً سویاً* قالت إني أعوذ بالرحمن منك إن کنتَ تقیاً* قال إنما أنا رسولُ ربكِ لأهب لكِ غلاماً زکیاً* قالت أنی یکونُ لي غلام ولم یمسسني بشر ولم أكُ بغیاً. مریم- ١٦، ٢٠)

کرژبوو! بۆ کچێکی (ناسره)یی ساویلکەی وەک مەریەم، ئەمە یەجگار زۆربوو کە تێی بگات، کە بچێتە دڵیەوە! جا کە فریشتەکە پێی گوت، (ئەلیسابات)ی خزمی ئەمە شەش مـانگە سکی پڕبووە، ڕاستی قسـەکەی ئەوی بۆ دەرکەوت مـەریەمیش گـوتی: (من کارەکەری خوام... خوا بکا قسەکەت بێتە دی)... ئیتر هەرئەوەندە بوو فریشتەکە لەبەر چاونەما! مەریەمیش بەپەلە خۆی فڕێدایە ناو جێگاکەیەوە... لەسەر ئەژنۆ، بەچۆکدا هات و چاوەکـانی نووقـاند... بەهەنسکی گـریانەوە دەسـتی کـرد بەپاڕانەوە لە خـوا... پڕ بەدڵ ئەیویست خۆی فڕێ بداتە باوەشی دایکیەوە و ئەم ڕازە گرنگەی بۆ دەربخات... بەڵام هەر چەندی کرد لە توانایدا نەبوو ئەوە بکات چونکە ئەوان مەریەمیان هەر بەکچێکی ساوا دائەنا! دوورنەبوو بڕوایان وابێ کـە مـەریەم وڕێنە ئەکـات و لە چیـرۆکـەکـەی زەکـەریاوە تووشی ئەوبیروباوەڕە بووبێت!...

ئەوشەوە تا بەیانی خەو لەچاوی نەکەوت لەپاش دوکاتی تەواو، کە لەو خەمو پەژارەیەدا مـایەوە، نامـەیەکی نووسی بۆ دایکی... پاش ئەو، لە توورەکـەیەکـدا هەندێ لە جلوبەرگەکانی خۆی و، هەندێ خواردەمەنیی داناو ڕەوی کرد لە ماڵ!... لە هەموو جیهاندا کەسێکی نەدۆزییەوە پەنای بۆ ببات و دڵی پێی بکرێتەوە، ئافرەتێک نەبێ، کە ئەویش (ئەلیسابات)ی کچی پووری بوو دەمودەست ڕووی کردەلای ئەو!...

## تەنگ و چەڵمە کەوتە ناوەند هەردوو دەزگیرانەوە!

مەریەم هەر ڕۆیشت، هەر ڕۆیشت، هەتا گەیشت بەکاروانێک کاروانەکە بانگی کرد کە لەگەڵیا بڕوات گوێ درێژێکیشی دایێ، سواری بوو... مەریەم هەندێ جار بیری لە باوکو دایکی خۆی ئەکردەوە هەندێ جاریش بیری لە یوسفی دەزگیرانی ئەکردەوە... ئاخۆ کە چاوی پێیکەوتەوە چیی پێ بڵێ؟... چۆن ڕاستیی ئەم شتانەی پێ بڵێ؟...

بەڵکو کە چاوی بە (ئەلیسـابات) کـەوت، ئامـۆژگـارییـەکی بکات و چارەیەکی بۆ ئەم شتانە بۆ بدۆزێتەوە!... چوارەم ڕۆژ مەریەم گەیشتە ماڵی (زەکەریا)... (ئەلیسابات)یش چوو بەپیریەوە، دەستی کردە ملی چاکوچلۆنی لەگەڵ کرد و خۆش هاتنی لێ کرد ئەویش هەر ئەو واژانەی دا بەگوێی مەریەمدا، کە فریشتەکە بەمەریەمی گوتبوو... پێی گوت: (ئەی ئەوکەسەی کە خوا ئەتخاتە خۆشییەوە... تۆ ئەبیتە ئافرەتێکی بەرز و پیرۆز لەناو ئافرەتاندا...!...).

پاش ئەوە پێیەکانی مەریەمی شوشت و خواردەمەنیشی خستە بەردەمی...



ڕۆژی منداڵ بوونی (ئەلیسـابات) هات... خـوا کـوڕێکی دایە، ناوی نا (یوحـەننای مەعمەدان)... ئیتر زمانی (زەکەریا)یش بەڕەڵڵابوو... دەستی کردەوە بەقسەکردن!

مەریەم گـەڕایەوە (ناسرە) چوو بۆلای یوسف، بۆ دوکانەکـەی، بۆ ئەمـەی کەینەوبەینەی خۆی تێ بگەیێنێ...

یوسف کەدی وا لاواز بووە و زەردیش هەڵگەڕاوە دڵی تەنگ بوو... بەڵام کە هۆی ئەوەی زانی چییە، ئەوەندەی تر دڵی تەنگ بوو چونکە مەریەم تێی گەیاند سکی پڕە!...

– هێشتا من و تۆ داوێنمان لە یەکتری نەکەوتووە. ئەمە چۆن پەیدابوو؟!

– هیچ پیـاوێک داوێنی لە داوێنم نەکەوتووە، بەڵام من بەگیـانی خواوە سکم پڕبووە... ئەو فریشتەیەیش کە ئەمەی پێ گوتم، هەر ئەو فریشتەیە بوو کە لەوەپێیش (زەکەریا)ی دیبوو!...

– ئەی فریشتەکە بۆچی نەهاتەلای من، لەوە ئاگادارم بکات؟

ئەی من دەزگـیـرانی تۆنیم؟ تۆ باوک و دایکی خـۆت لەم کـەینەوبەینەیە ئاگـادار کردووە؟...

– نەء هێشتا ئاگادارم نەکردوون وام بەباشترزانی کە لە پێش هەموو کەسێکا تۆ ئاگادار بکەم!

– من خەفەتبارو دڵ شکاوم... پێویستە وچانێکم بدەیتێ بیری لێ بکەمەوە... بیخەرە بەیانی!...

پاش ئەوە مەریەم ماڵ ئاوایی لە یوسف کرد و گەڕایەوە... ئەو یوسفی وا بەجێ هێشت، کە بەجارێ هەستی بەسەرگەردانی و هەناسە ساردیی خۆی ئەکرد!. لەداخا خۆیدا بەسەر پێخەفەکەیدا لەتاو ئازاری دڵ و گیانی گینگڵەی ئەدا... هیچی لەدەست نەهات ئەوە نەبێ کە دەستی کرد بەگریان... تا ماوەیەکی درێژ فرمێسکی وشک نەئەبووەوە دوایی خەوی لێ کەوت!.

ئەویش لە خەویا فریشتەیەکی دی، هەرخەم و ئازارێکی هەبوو لە دڵیا، هەر ترس و پەژارەیەکی چووبووە مێشکەوە، لە بابەت مەریەمی دەزگیرانیەوە بەهۆیەوە بڕانەوە و نەمان!...

چونکە هەرچی ڕووی دابوو، بریتی بوو لە هاتنەدی، دوارۆژ خوێندنەوەکەی کۆن کە گوتبووی: ( وا کچی بوخچە نەکراوە، سکی پڕبووە و منداڵی ئەبێ!)... ئیتر لەوساکەوە

یوسف گیانی ئارامی پێ گەیشتەوە و، دڵیشی دامرکایەوە... جا کە بەیانی لەخەو هەستا، بڕیاری دابوو مەریەم بکات بەژنی خۆی!...

## فەرمانێک لە ڕۆماوە!

ئاهەنگی ژن و مێردییەکەیان[1] یەجگار ساکار بوو یوسف زۆر بەتەنگ دڵی ژنە بچکۆلەکەیەوە بوو یەجگار خۆشی ئەویست یەجگار ئەیلاواندەوە و بەکاری ئەهات... مەریەمیش پڕبەدڵ، خەمی کاروباری یوسف و کاروباری ماڵەکەی ئەخوارد... لە پێش دەم کۆمەڵایەتیدا[2] خۆیان وا ئەنواند کە ژن و مێردی تەواون... بەڵام لە ڕاستیدا، لە جیاتی پەیوەندیی لەش، خۆشی و کامەرانییان لە پێک گەیشتنی گیانیان، و سازبوونی دەروونیان وەر ئەگرت!...

هەر لەو دەمەدا، (هیرۆدس) ئەیویست باجی سەرنەتەوە زۆر بکات لەبەرئەوە فەرمانیدا کە ژمارە سەرێکی گشتی بکەن[3] بەهۆی ئەوەیشەوە یوسف و مەریەم و باوک و دایکی مەریەم ناچاربوون بچنە (بیت لحم) بۆ ئەمەی ناوی خۆیان لە تۆماری هۆزەکەیدا بنووسن... ڕێگا کە نزیکەی (٧٥) میلێک درێژبوو... پڕبووبوو لەو هاتوچۆکەرانەی کە بۆ ئەو مەبەسە ئەچوونە ئەوێ... ماندوویی خۆیان بەوە ئەحەساندەوە، کە شەو دائەهات خێوەتیان هەڵ ئەدا لە دەشتەکەدا و دەستیان ئەکرد بەساز و ئاواز لێدان و گۆرانی گوتن...

هەرئەوەندە خێزانەکە گەیشتە (بیت لەحم) و لەژێر درەختێکا حەسایەوە مەریەم دەستی کرد بەدەست گلۆفتنەوەی خۆی؛ لە تاو ئازار ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو... وادیاربوو خەریکی مناڵ بوون بوو!... یوسف هەرچەندی کرد، نەخانێکی دەست کەوت، نەمیوانخانەیەک، تا جێگا نووستنێک بۆ مەریەم ئامادە بکات! چونکە هەموو میوانخانەکان پڕبووبوون لە ڕێبوار و هاتوچۆکەران دوایی ژنی خاوەن میوانخانەکەی دوامین، ڕێگای مەریەمیدا کە لە گەوورەی مانگاکاندا دابەزرێ... مەریەمیش بەسوپاسێکەوە پێی گوت: (ئەم جێگایەم زۆر پێ خۆشە چونکە گەرمە زۆرجاری وابووە کە لەناو چەپەردا نووستووم لەگەڵ مەڕدا!).

(١) شایی یەکەیان، زەماوەندەکەیان.

(٢) لەبەرچاوی خەڵکیدا...

(٣) سەر ژمێرێکی گشتی بکەن.



مەریەم بڕستی بڕابوو، پەکی کەوتبوو بەپشتدا خۆی دابەسەر نوێنەکەدا، ڕاکشا دایکەکەی بەپەرۆشەوە فرمانی بۆ ئەکرد بەڵام (یەواقیم) خۆی دابووە لاوە.

یوسفیش بەناو جێگاکەدا هەر ئەهاتوو ئەچوو، تەواو دڵتەنگ بووبوو... دوایی لەدەنگ و قیژەی مناڵێک ڕاچەنی!... هەر ئەوکاتەی چاوی بەمناڵەکە کەوت، هەستی پێ کرد، کە ئەو مناڵە مناڵێکی (ئاسایی) نیە، لە مناڵانی تر ناکات!... ئەو مناڵە دەموچاو سوورەی پێست تەنکە ناسکە، بۆ ئەوە نەهاتۆتە جیهانەوە، کەشت بپچڕێ، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووە کە هەموو شتێک ببەخشێ!...

## سێ شوانەکە!

مەریەم چاوی چووە خەو (یەسووع)ی مناڵیش لەناو ئەو سنووقەدا نووست کە بۆ ئالیکی کەر و گا دانرابوو.

بەڵام باوکەکەی، کە کردی بەکوڕی خۆی، ناو سنووقەکەی بۆ نەرمونۆڵ کرد، بەهۆی ئەو پووش و کا پاکانەوە کەتیا دانا... لەوکاتەدا کە بێ دەنگ و سەنگی هەموولایەکی داگیر کردبوو، لە پشت دەرگاکەوە دەنگە دەنگێک هات سێ شوان هاتبوونە ئەوێ، بۆ ئەو مناڵە ئەگەڕان، بیدۆزنەوە دەستیان کرد بەگێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆیان، ئەیانگوت:

(لە شەوا پاسەوانی مەڕەکانی خۆمان ئەکرد، لە پڕ لەناو جەرگی ئاسماندا ڕووناکی یەک پەیدابوو و پڕشنگیدا... ئێمەیش ترسمان لێ نیشت، ئەوەندەی نەما بتۆقێین... کە سەیرمان کرد ئەوا فریشتەیەک لێمان هاتۆتە پێشەوە پێمان ئەڵێ: (مەترسن وامن موژدەتان ئەدەمێ کە خۆشییەکتان لێ ڕووئەدا هەموو نەتەوە ئەگرێتەوە).

ئیمڕۆ لە شاری داوودا، ڕزگارکەرێکتان لە دایک بووە ناوی (مەسیحەکەی خوا)یە ئەمەیش نیشانەکەیەتی: (مناڵێکی پێچراوەیە لە ناو گەوورێکدا پاڵ خراوە!) لە پڕ، کۆمەڵێکی گەورە لە سەربازانی ئاسمانی لەگەڵ فریشتەکەدا پەیدابوون، سوپاسی خوایان ئەکرد و گەورەیی ئەویان پیشان ئەدا ئەیانگوت: (گەورەیی بۆ ئەو خوایەیە کە لە ئاسماندایە درووودی خوا بۆ سەر زەمین بێ. خوا هەموو لایەک دڵشاد بکات.).

یوسف لە تاو ئازاری دڵی خۆی دەستەکانی خۆی ئەگلۆفتەوە دوایی دەرگای گەوورەکەی کردەوە شوانەکان هاتنە ژوورەوە کڕنووشی نەوازشیان بۆ مناڵە ساواکە کێشا[1]

(١) بەڵکو: بۆ کۆرپەکە برد.

(هیـرۆدس)، پەیتـا، پەیتـا ئەم دەنگو باسـانەی بەر گـوێ ئەکـەوتەوە: وەک پەککەوتنی زمانی زەکەریاو سک پڕبوونی ژنە پیرەکەی و سک پڕبوونی کچەکەی (ناسرە)کە کەس لەگەڵیا نەنوستووە! هەروەها کۆمەڵە گەورەکەی فریشـتـەکەیش، کە هەرسێ شوانەکەی کێش کردبوو بۆ جێگای مناڵەکە!... تەنانەت قسە دزەکانی خونکاریش، پێیان گوت سێ پیاوی ئاسمان ناسیان دیوە پێیان ئەگوتن ژیرە پیاو[1] یاخود (مەگووس). هەندێکیش پێیـان ئەگوتن خونکارن و خۆیان دەرناخەن- بەناو ئەوخاکەدا ئەهاتن و ئەچوون، بەدووی مناڵێکی تازە لە دایک بووی گـەورەدا ئەگـەڕان ئەیانگوت ئەسـتـێـرەی ئەو مناڵـە لە ڕۆژهەڵاتی دووردا بۆیان دەرکـەوتووە، کـە ئەوەی پیـشـان داون، ئەو مناڵە ئەبێـتـە خونکارێکی زۆر گەورە... ئەوانیش لە جێگایەکی دوورەوە هاتوون وشترێکیشیان پێیە، بارکراوە لە دیاری: لە زێڕ و لە بخوور و لە بۆنی خۆش!

بۆ ئەمەی پێشکەشی ئەو مناڵەی بکەن بەناوی نوواندنی بچووکی خـۆیان و ڕێزگرتن و دڵسۆزیی خۆیانەوە... (هیرۆدس)یش سەری لێ شێوا... ناردی بەشوێن ئەو پیاوە ژیرانەدا کە (مەگووس= مەجوس)ەکان بوون کە لەوانەوە تێگەیشت قسەکانی بۆیان گێڕاوەتەوە ڕاستن، پەنای بردە بەر فڕوفێڵێکی نامەردانە؛ پێی گوتن کە هەر کاتێ شوێنی مناڵەکەیان دۆزییەوە، ئاگاداری بکەن و پیشـانی بدەن، تا ئەویش بچـێـتـە سـەردانی و بچـووکی و پەرستنی خۆی بۆ بنوێنێ!... بەڵام پیاوە ژیرەکان کە گەیشتنە (بیت لەحم) و مناڵەکەیان دۆزییەوە، کە کڕنووشی نەوازشیان بۆ کێشاو دیارییەکانیان پێشکەش کرد، خوا خستیە دڵیانەوە، کە گەڕانەوە بۆ جێگای خـۆیان، لە ڕێگایەکی ترەوە بگەڕێنەوە تا (هیـرۆدس) شارەزای شوێنی مناڵەکە نەبێ!...

## ڕاکردن بۆ میسر!

یوسف کە ئەو شـەوە نوست، لەخەوا، فـریشـتـەکـەی ئەو جـارەی پێشـووەی دیبـەوە کـە ئامۆژگاریی ئەکرد مەریەم مارە بکات!... فریشتەکە ئەمجارە پێی گوت: (مناڵەکە هەڵگرە و هەمووتان دەرباز بن بۆ میسر، چونکە هیرۆدس نیازی وایە مناڵەکە بکوژێ!)...

یوسفیش بەوە یەجگار دڵتەنگ بوو... چونکە لەباریا نەبوو پارەی ئەو کۆچ کردنە ئامادە بکات... لە پڕخەزووری هاتە ژوورەوە، دیارییەکانی پیاوە ژیرەکانی گرتبوو بەدەستەوە کە

(١) ژیرە پیاو: حەکیم.



بریـتی بوون لە زێڕ و بابەتانی تر... کـە ئەوەیان دی، هەمـوولایەکـیـان کـڕنووشـیـانی بۆ خواکێشاو سوپاسی گەورەیی و دڵسۆزی و سازکردنی کارەکەیان کرد!.

کە هیرۆدس، چەواشەکردنی مەگووسەکانی بیستەوە، ڕقی لێیان هەڵسا لەوکاتەدا کە پێـشی ئەخـواردەوە بەدەست ئەو بیـرەیەوە کـە مناڵێک پاش چەند سـاڵێک تەخـتی شایەتیەکەی لێ داگیر ئەکات، بیرێکی بەدوو سامناک بەبیریاهات: ناردی بەشوێن هەموو سەرکردەکانیا ئەوەندە ڕقی هەڵسابوو، لەشی نیشتبووە سەر ئاو، فەرمانی پێدان چەند تیـپـێکی سـەرباز بنێـرن بۆ شـاری (بیت لەحم) هەر چی مـاڵێکی تیـایە بگەڕێن هەر مناڵێکی سـاوای نێـرینەی تازە لە دایک بوویان دۆزییـەوە سـەری ببـڕن!... بەم ڕەنگە لە مناڵە نێرینەکانی شارەکە کەس ڕزگاری نەبوو لە دەست کوشتن (یەسووع)ی ساوا نەبێ، کە لەو کاتەدا لەگەڵ دایک و باوکی خۆیابوو، بیابانی سینایان تێپەڕ ئەکرد.

سواری کەرێک بووبوون، ئەچوون بۆ میسر!...

## مناڵێکی (ناسره)یی لە گوێ ئاوی نیلدا

### ٢

(خێزانی پیرۆز)، لە ڕێگای (مطریە)وە چوونە میسرەوە ئێستایش لەوێدا درەختێکی کۆن ماوە، پێی ئەڵێن (درەختی کچی شوونەکردو) وەک ئەیگێڕنەوە کە بەوێدا تێپەڕ بوون لەبن سێبەری ئەو درەختەدا حەساونەتەوە پاشان بەلای کێلەکانی (هەلیۆپۆلیس)یشدا تێپەڕین، کە لەوەدوا گوێزرانەوە بۆ کۆڕەکانی ڕۆما و پاریس و ئەستەمبۆڵ و نیویورک، دوایی خێزانەکە لە پارچە زەوییەکی تەنشت (ئەهرامی جیزە)[1]دا گیرسایەوە، لەوێ لەخانوویەکی هەژارانەدا هەرسێکیان حەسانەوە... پیاوە نهێنییەکانی (هیرۆدس) تا میسر و هەلیۆپۆلیسیش دوایان کەوتبوون ئەوەندە هەبوو جێگاکەیان نەدۆزیبوونەوە!

(مەسیح) و دایک و باوکی نزیکەی دووساڵ لەوێدا مانەوە تا بۆ جاری سێهەمیش فریشتەکە چووەوە خەوی (یوسف) خۆی پیشان دایەوە ئەمجارە وای پێ گوت:

(مناڵەکەت هەڵگرە و بڕۆرەوە بۆ ناسرە چونکە ئەو کەسەی بۆ (یەسووع) ئەگەڕا بیکوژێت، مرد!)...

یوسفیش دەمودەست خۆی و کەلوپەلەکانی خۆی کۆکردەوە هەرسێکیان بەبیابانەکەدا گەڕانەوە بۆجێی خۆیان، لە ڕێگادا، بەهۆی هاتوچۆ کەرەکانەوە،[2] چیرۆکی لەناوچونی (هیرۆدس)یان زانی: کە چۆن کوڕەکەی خۆی، لەسەر سەربڕینی ئەو مناڵە بێ گوناهانە لێی هەڵگەڕاوەتەوە و باوکی خۆی دەرمان خوارکردووە، باوکیشی چۆن جەزرەبەی بەکۆڕەکەی خۆی گەیاندووە و کوشتویێتی!...

پاشان خونکار چۆن تووشی ئازار و دەردی ناو ڕیخۆڵەکانی بووە، کەوای هەست کردووە ئاگرێکەو بەربۆتە ناو سک و هەناوی!. بۆنی دەمیشی، چۆن یەجگار ناخۆش بووە!.

هەرچەندە، لە سەد پزیشکیش زۆرتر خەریکی چاککردنەوەی بوون، بەڵام هیچیان خونکاریان بۆ چاک نەکراوەتەوە... ئیتر هێواش هێواش تا هاتووە بەرەو لەش تێکچوون چووە.

(١) جیزە: شارێکی میصرەو ئێستا وا لە دەوروبەری قاهیرەدا، لەبەری ڕۆژئاوای نیل، بەناوبانگەو هەرەمانەی کە لێیەتی و هەروا پەیکەری (ئەبی لهول).

(٢) بەهۆی ڕێبوارەکانەوە.



ئەو ژیانە پڕ بەزموڕەزمو داوێن پیسی و شێتو وێتییەیش کە تیا ژیاوە ئەوەندەی تر لەشی تێک داوە هەر ئەمەندە بەسە کە بڵێین: (هیرۆدس)، کە لە تەمەنی شەست ساڵان دابوو نۆ ژنی هەبوو، بێجگە لە ژمارەیەکی یەجگار زۆریش لە دۆست و یار کە دەست بازی و داوێن پیسی لەگەڵدا ئەکردن!... هیرۆدس دوایی مرد کوڕەکەی دووەمینی چووە جێگای، ئەمیش هەرچەندە وەک هیرۆدسی باوکی جەربەزە و زۆردار و نەگریس بووە، بەڵام لە خراپەدا نەئەگەیشتە ئەو!...

## ساڵەکانی ساوایی[1]

یوسف لە ناصرەدا خێزانەکەی خۆی دامەزراند خۆی و مەریەم. بەکوڵی دڵەوە عیسایان پەروەردە ئەکرد ئەیانویست لە چاکترین شێوەدا پێ بگات تێ ئەکۆشان، خۆیشیان بۆی ببن بەچاکترین نموونە هەر لە مناڵییەوە مەسیحیان فێری دەستووری ئایینی ئەکرد، لە یاساکانیان شارەزا ئەکرد.

مەسیح هەر لە مناڵییەوە، زیرەکی و وریایی و مێشک ڕوونیی دەرکەوت زۆرتر حەزی بەتەنیایی ئەکرد.

دەمێکی دوورودرێژی بەبیرکردنەوەوە ڕائەبوارد کە ئێمە پێی ئەڵێین (خەوی ئاگاداری) کە مەسیح لەبەر دەرگاکەی خۆیاندا دائەنیشت، چاوی ئەبڕیە ئاسمان، یاخود ئەچووە سەر چیمەنی کێڵگەکە، بەگازی پشتا ڕائەکشا گوێی لە سروەی بایەکە ئەگرت هەروەک بایەکە قسە بەزمانێکی وا بکات، کە کەس تێی نەگات خۆی نەبێ وابوو.!

تەنانەت ئەتوانین بڵێین، لە هەموو هەستەکانیا، هێز و توانایەکی لە ئەندازە بەدەری هەبوو، کە هەر لەسەردەمی (ئادەم)ەوە تا ئەوساکە لە هیچ مناڵێکی تر ئەوجۆرە هێز و هەڕەت و توانا و دروستییە نەبینرابوو!... دایک و باوکی عیسا، عیسایان خستە خوێندنگای (شامای)ەوە لەوێدا لەسەر زەویی جێ کۆبوونەوەکە، دائەنیشت و فێری فەرمانی ئایینی و مێژووی پێغەمبەرەکان ئەبوو لەوێدا عیسا، زیرەکی و تێگەیشتن و خۆ دوورخستنەوەیەکی وای نوواند لە کردەوەی گەنگ و نەنگ، لەگەڵ دڵ فراوانییەکی وەهادا کە بەزەیی بەهەموو کەسێکی داماو و لێ قەوماودا ئەهاتەوە، کە هەموولایەکی بەچاوی

(٢) لە ڕاستیدا ئەم دەستەواژەیە ڕێک بەرامبەر (سنوات الطفولە)ی عەرەبییەکەیە کە دەبوو مامۆستا بیگۆڕیبا بە(ساڵانی مناڵی، سەردەمی مناڵی...)، چونکە (ساوایی) قۆناغی یەکەمی مرۆڤەکە لەدایک دەبێ تا لە شیر دەبڕێتەوە.

خۆشەویستییەوە سەیر ئەکرد... کە یوسفی وا لێ کرد بەمەریەم بڵێ: (وام بۆ دەرئەکەوێ ئەم منالە لەوانەنیە کە لە شارێکی بێ سەروپێی وەک ناسرەدا بمێنێتەوە!...)

ئەگەر ئەوەی لێ دەربکەین کە خێزانی یوسف، بەووشکییەکەوە کاروفرمانە ئایینییەکان و پێویستییەکانی جێبەجێ ئەکرد، ئەتوانین بڵێین (یەسووع) لە ناوچەو کاتێکی ئاساییدا گەورە ئەبوو وەک هەموو منالێکی تر، ژیانێکی خۆشی منالانەی رائەبوارد: ئەویش حەزی لە راکردن و لە یاریکردن ئەکرد بەڵام حەزی لەبەربەرەکانێ نەئەکرد!...

حەزی بەوەرزش کردن ئەکرد بەڵام بەوە دڵی خۆش نەئەبوو کە بەسەر بەرامبەرەکەی خۆیدا سەربکەوێ!... ئەوەندە هەڤاڵەکانی مەسیح رقیان لە خوێندن و خوێندنگا ئەبووەوە، ئەوەندە مەسیح هۆگری خوێندن و خوێندنگا ئەبوو زیرەکییەکی بێ ئەندازەیشی لەوێدا ئەنواند بەجۆرێکی وا شارەزای وانە (درس)کانی خۆی بووبوو، هەر پرسێکی لێ بکرایە لە بابەت بەشێک لە بەشەکانی (تەورات)ەوە، بەگورجی و ئاسانی و هونەرمەندییەوە وەرامی ئەدایەوە!...

منالەکە بەجۆرێکی وا ژیری و مێشک روونیی پیشان ئەدا، کە لە ئەندازەی تەمەنی ئەو ئەوە چاوەڕوان نەئەکرا!...

## بەرەنگاری کردنی دووڕوویی

هەر لەوساوە کە مەسیح لە کەموکووڕیی ژیانی ئایینی گەلەکەی خۆی تێگەیشت، وەک شیرەتە درێژە وەرس کارەکان و، نوێژە لەبەرکراوە دووبارە کراوەکان، کە هەر لەدەم ئەهاتنە دەرەوە، نەک لە دڵەوە، کەسایەتی و رەوشت و رێ و شوێنی کاری دەرکەوت!... تەنانەت منالەکە، توانی لە پشت پەردەی کاروفرمانی ئایینییەوە کە پیاویان چەواشە ئەکرد، راستییەکی پێچەوانەی ئەو رووکەشانە دەربخات، کە دڵی زۆرپێی شکا ئەویش ئەوەبوو کە رووکەشی ئایینەکەیان بەتەواوەتی بەجێ ئەهێنا ئامۆژگارییەکانیان بەزمان دووبارە ئەکردەوە بەڵام رەگی ئایینەکە نەگەیشتبووە ناخی دەروونیانەوە هەروەها خواناسینەکەیش لەگەڵ خۆپاراستندا لە گوناه، لە کردەوە و رەوشتی ئەو کەسانەدا دەرنەئەکەوتن!.

کوڕەکە، مەسیح، ئەوەندە دووربینێکی بێ هاوتا بوو، لەو تەمەنەدا، بەتەنگ ئەو بابەتانەیشەوە بوو، کە لەژیانی خێزانی بەدەربوون؛ وەک: گوند، شار، نەتەوە، هەموو جیهان... بەلای ئەوەوە وابوو کە (جیهان ئەبێ یەک نیشتمان بێ، هەر خێزانێکی گەورەیش لە ناویا بژی، کە ئەویش مرۆڤایەتییە)!...



ئارەزووی دڵی مەسیح بۆ ئاشتی و چاوپۆشین لەوەدا دەرکەوت کە هەر لە منالییەوە، نەی ئەتوانی لەگەڵ منالەکانی شارەکەدا، یاری پڕ دوژمنایەتییەکان یاخود (شۆڕشگێڕییەکان) بکات وەک ئەو یاریانەی کە هەڵگەڕانەوەیان پیشان ئەدا بەرامبەر زۆرداریی فەرماندارە ڕۆماییەکان و داگیرکردنە ناشییەکەیان!... کە لە شاری (صفورە)دا شۆڕشێکی نەتەوەیی هەڵگیرسا بۆ بەرەنگاری کردنی هێزە داگیرکەرەکان، ئەم هێزانە بەگورجی شۆڕشەکەیان کوژاندەوە... پاشان بەوە تۆڵەی خۆیان کردەوە لە شۆڕشگێڕەکان کە شارەکەیان سووتاندن، سەرکردەکەیان سەربڕین، دووهەزار کەسیشیان لە پیاوەکانی بەداردا هەڵواسی پاش مردن لاشەکانیان سووتاندن ئەوانەی مابوویشنەوە وەک بەندە لە بازاڕدا ئەفرۆشران... دیمەنی ئەو دووهەزار کەسەی کە بەداردا کرابوون، لە ناو ئەو دەشتەدا، ئەو دووکەڵەیش کە لە سووتاندنی ئەو لاشانەوە هەڵ ئەستا، هەڵامەتی تووشی لووتی دانیشتوانی ناسرە کردبوو... جا بیرەوەریی ئەم دیمەنانە ئەوەندە کاری لە دڵی (یەسووع)ی کوڕ کردبوو، ئەوەندە ئازاری بەدەروونی گەیاندبوو، هەر لەو ساکەوە، بیروباوەڕەکانی دروست کردبوو و هێنابوونیە کایەوە!...

## ئایین ناووکە نەک توێکڵ!

دانیشتوانی (ناسرە)یش دووبەش بوون: بەشێکیان بڕوایان وابوو کە ڕزگاربوون لە بەندەیی لە ڕێگای شۆڕش و شەڕوشۆڕەوە نەبێ پێک نایەت سەرکردەی ئەم بەشەیش سامۆئیلی بازرگان بوو، کە هاوڕێیەکی یوسف بوو... لەم دواییەدا ناوی خۆی گۆڕیبوو کردبووی بە (باراباس)، بۆ ئەمەی لەوەپاش سەرکردەیی لەشکری شۆڕش بکات.

بەشەکەی تریشیان: بڕوایان وابوو کە ڕزگاربوون لە بەندەیی لە ڕێگای یارمەتی دانێکی ئاشتییانەوە پێک دێ، کە (تەورات) بەڵێنی دابوو بێتە دی یەکێک لەوانە، دەرکەوتنی ئەو مەسیحە بوو کەوا چاوەڕوان ئەکرا بێتە کایەوە و نەتەوە ڕزگار بکات لە دەست زۆرداری، یەکێک لە ئەندامانی ئەم بەشەیش (یوسف)ی مێردی (مەریەم) بوو.

یەسووعیش لە خوێندنگادا گوێی لەمو لەو ئەگرت، کە ئەیانگوت بەم زووانە مەسیحێک پەیدا ئەبێ، ئەچێ بەگژ فەرمانڕەواییدا بۆ ئەمەی نەتەوە ڕزگار بکات... ئەیانگوت ئەو مەسیحە لە (بێت لەحم)دا لە دایک ئەبێ لەنەوەی (داوود)یش دەرئەچێ لە (جەلیل)یشدا ئەژی کە ناوچەیەکە شاری (ناسرە)ی لە ناودایە... ئەوکاتە ئەستێرەیەک لە ناو ئاسماندا دەرئەکەوێ، مۆژدەی لە دایک بوونی ئەو ئەدات...

یوسف و مەریەیش، یەسووعیان لەوە ئاگادار کردبوو کە شوانەکان و مەگووسەکان، لە ڕۆژی لە دایک بوونی ئەودا هاتبوونە ماڵەوە لە شاری (بێت لەحم)دا، ڕێزگرتن و دڵسۆزیی خۆیان بۆ نواندبوو بەکڕنووش بردنەوە... بەڵام مەسیح شتی وای ئەزانی، کە دانیشتوانی شارەکەی پەییان پێ نەبردبوو: ئەو ئەوەی ئەزانی کە مەسیح نایەت بە(شەڕکردن) نەتەوە ئازاد بکات!... کە مەسیح گەیشتە تەمەنی دوانزە ساڵان، بۆ یەکەم جار لەگەڵ دایک و باوکیا چوو بۆ (ئورشەلیم)، بۆ بینینی پەیکەرەکەی، لە جەژنی (پەسح= فصح)دا.[*] لەوێدا پارە گۆڕەرەوەکان[۱] و کۆتر فرۆشەکانی دی، پەیکەرگاکەیان کردبوو بەبازاڕێک، کەلوپەلی خۆیانیان تیا ئەفرۆشت! هەروەها لەو هەزاران کەسانەیش ورد ئەبووەوە کە لە هەموو لایەکەوە هاتبوونە ئەوێ، بۆ ئەمەی کوشتییەکان[۲] سووتەمەنییەکانی خۆیان پێشکەشی پەیکەرگاکە بکەن بەتەنشت بەجێ هێنانی ئەو نوێژ و پاڕانەوە و کاروفرمانە ئایینیانەوە کە هەر بریتی بوون لە بابەتێکی ڕووکەش و ڕواڵەتی و هیچ فڕێکیان بەسەر دڵەوە نەبوو!...

کوڕەکەیش دانیشت و کەوتە مقۆمقۆکردن لەگەڵ ڕیش سپی و سەرۆکە ئایینیەکاندا، لە بابەت ڕاستییەکانی ئایینەوە پرس و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا ئەکردن... هەروەها ئەوەیشی بۆ دەر ئەخستن کە پێویستە خەمی ناوەڕۆکی ئایین بخورێ واتا هی کاکڵی ژیانی گیانی، نەک توێکڵەکەی... ئەوانە هەموویان سەرسام مابوون لە تێگەیشتنی مەسیح، هەرچەندیان ئەکرد وەرامی ڕاست و دروستی وایان پێ نەئەدرایەوە، کە ئەو دڵی ئاو بخواتەوە!...

## پشووی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵگرتنی نامەی خوایی

یەسووع هەژدە ساڵی خشت لە ناسرەدا ژیا... مێژوویش لە بابەت ژیانی ئەو ساڵانەیەوە، شتێکی زۆرکەم نەبێ، بۆمانی ناگێڕێتەوە یەکێک لەو بابەتانە ئەوەیە، کە لەو ماوەیەدا، یوسفی باوکی و یەواقیمی باپیری و، حەننەی نەنکی لە دەست چوون... ئەویش دەستی دایە دارتاشی، وەک یوسفی باوکی... تانانێک پەیدا بکات بۆ خۆی و دایکی ئەو دەمە بەتەنیاییەوە ئەژیا، لە ناو کۆمەڵایەتییەکی پڕقاووقیژدا ئەوەیشی ئەزانی کە ئەو ڕۆژە

(*) ئەم جەژنە جەژنی پەڕینەوەی جوولەکەکانە لە ئاوی (نیل) و ئازادبوونیان لە دەست فیرعەونی میسر- وەرگێڕ-.

(۱) پارە گۆڕەرەوەکان سەڕافەکان (صراف).

(۲) کوشتیی: قوربانی، (الضحیە).



نزیک بۆتەوە واز لە پیشەی دارتاشییەکەی خۆی بهێنێ و لە دایکی خۆیشی دووربکەوێتەوە، تاماوەی ژیانی خۆی لە پێناو ڕێگا پیشاندانی گومڕاهان و دڵنیاکردنی ترساواندا بەخت بکات چونکە لە خۆی بەولاوە کەسێکی ترنیە کە بتوانێ ژیانی ئەوانە تازە بکاتەوە و هیوایان بخاتە دڵەوە، نە لەم جیهانەدا، نە لە جیهانی داهاتوودا!

مەسیح تا ماوەیەکی زۆر لە پەنای دایکیا مایەوە ئەوەیشی ئەزانی کە ئەبێ بێتە کۆڕی بەرەنگاری کردنی چینی پیاوە ئایینییە دەوڵەمەندەکانەوە، خاوەن سایە و پایە و دەسەڵاتەکان؛ ئەوانەی کە ئایینیان کردبوو بەهۆیەک بۆ جێبەجێ کردنی مەبەس و ئارەزووی خۆیان!... هەرچەند بیری لە بەدخوویی و کردەوە نەنگیی کۆمەڵایەتییەکەی[۱] ئەکردەوە زۆرتر هەستی بەوە ئەکرد کە مرۆڤایەتی پێویستی بەبوون و کاروکردەوەی ئەو هەیە. بۆچ نەی ئەبینی، نەتەوەکەی ڕێزی لەو فەرمانداره داوێن پیسەی خۆی ئەگرت، (هیرۆدس)، کە براژنی خۆی لە براکەی خۆی داگیرکردبوو و کردبووی بەژنی خۆی؟!... بەڵام ئەو ئەوەی ئەویست کە نیشتمانێکی وا دابمەزرێنێ کە خۆشەویستی و خۆ بەخت کردن و خواناسی و چاکە خوازیی تیا فەرمانڕەوابێ، ئەیویست خاکێکی وابێ، کە لەسەر بنچینەی کوشتار و خوێن ڕشتن دانەمەزرێ نەتەوەکەیشی، ئازادی و سەربەخۆییان لە ڕێگەی کوشتن و بڕینەوە دەست نەکەوێ بەڵام لەو ڕێگایەوە ئازادیی تەواویان دەست بکەوێ، کە لە ئەنجامی ڕاستی پەرستی و ڕێزگرتنی مافەوە پەیدا ببێ خۆشەویستی خوای کردبوو بەئامانجێک، کە خۆشەویستی مرۆڤیش بۆ مرۆڤی برای هەر لەو سەرچاوەیەوە پەیدا ئەبێ... بەم ڕەنگە مەسیح، کە بەدڵی خۆی ئەچووە سەر ئەو گردانەی کە ئەیانڕوانی بەسەر شارەکەدا و دائەنیشت مێشکی بەم نامەیەوە خەریک ئەبوو، کە لە کانگای دڵیەوە، هەستی پێ ئەکرد بەرەو ڕووی ئەو کراوەتەوە کە بیگەیێنێ بەجێگای خۆی وا ئێستا پێ گەیشتووە و گەیشتۆتە هەڕەتی پیاوەتی قژە سەرێکی ڕەنگ زێڕینی تاریکی هەیە کە شۆڕبووەتەوە بەسەر سەریا تا گەیشتۆتە سەر شانەکانی، چاوەکانیشی لە چاوە گەشە ڕەنگ تاریکەکانی دایکی ئەکەن، ماسولکەکانی لەشیشی توند و پتەویان لێ هاتووە، بەهۆی کاروفرمانەوە ڕوویشی لە ڕووی زۆربەی پیاوان سپی تر و زەرد باوترە...

(۱) بەڵکو: کۆمەڵەکەی.

## هەنگاوی خۆ ئامادەکردن

## ٣

## دەنگێکی گەورە لە بیاباندا

لە ناکاو، بێ ئەمەش کەس چاوەڕوانی بێ، لە ناسرە دا دەنگێک بڵاوبووەوە، کە پیاوێکی سەرگەرم و کەللەڕەق پەیدابووە، ناوی (یوحەننا)یە، ئەگەڕێ بەناو ئەو ناوچانەدا، ئەڵێ بەم زووانە (مەسیحی چاوەڕوان کراو) کە تەوڕات گوتویێتی ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیدا ئەبێ، بۆ هەمووان دەرئەکەوێ. مەریەمیش بەمەسیحی کوڕی گوت، ئەم پیاوە خزمێتی، چونکە ئەو کوڕی (ئەلیسابات)ی کچی پووری و (زەکەریا)یە چەند جارێک لەگەڵ باوک و دایکیا هاتۆتە ناسرە بەڵام لەپاش مردنی باوک و دایکی لەم ناوەدا نەماو، ون بوو.

لە نزیک زرێی مردوو (البحرالميت)ەوە، لە چۆڵ و بیاباندا ئەژیا خواردنی بریتی بوو لە کوللە و هەنگوینە کێوی. بەرگو پۆشەنیشی بریتی بوو لە پارچە بەرگێکی تووکی حوشتر، کە بەروپشتی خۆی پێ ئەشاردەوە موژدەیشی وا ئەدا بەنەتەوە، ئەیگوت:

(من بەئاو ئەتانشۆمەوە[١] بەڵام لەپاش من یەکێکی تر دێتە پێشەوە کە لەمن بەهێزترە، کە من ڕایەم ناکەوێ، پەتی پێڵاوەکانیشی بکەمەوە ئەو بەگیانی پیرۆز پاکتان ئەکاتەوە... کەواتە بگەڕێنەوە لە کردەوەی خراپی خۆتان باوەڕبهێنن بەخوا چونکە خودانی ئاسمانان نزیک بۆتەوە!).

کە یەسووع ئەمەی لە دایکی بیست، چووەکن (یوحەننا) پاکی بکاتەوە ئەویش ئاوی بەسەرداکرد... بەڵام لەپێشدا تاوێک وەستاو پێی گوت: (پێویست وابوو من بێم لای تۆ پاکم بکەیتەوە!) جا لەوکاتەدا کە یوحەننا، ئاوی ئەکرد بەسەر مەسیحدا گیانی خوایی لەشێوەی کۆترێکی سپیدا هاتەخوارەوە، لای نیشتەوە گەلێک کەسیش گوێیان لە دەنگێک بوو لە ئاسمانەوە ئەهات، بانگی ئەدا ئەیگوت: (ئا ئەوە کوڕە خۆشەویستەکەی منە، کە دڵم پێی خۆش بووە گوێی بدەنێ!)

(١) هەر لەبەر ئەم شوشتنە بوو ناوزەدکراوە بە(يوحنا المعمدان). (تعمید) بەمانای شوشتن و پاکردنەوەی ڕۆح لە گوناه و تاوانەکان.



لەپاش ئەوە دەمودەست مەسیح چووە دەشت. بەتاکی تەنیا مایەوە خەریکما لەگەڵ دەروونی خۆیدا، خۆی بۆ ئەوە ئامادە ئەکرد هەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو فەرمانە هاتۆتە جیهانەوە. لەوێدا چل ڕۆژ بەرۆژوو بوو. کە لەڕولاوازی سەری تێکرد؛ تاقی کردنەوە گەورەکەی لێ ڕوودا: شەیتان کێشی کرد بۆ سەر چیایەکی بڵند، لەوێوە گەورەیی جیهانی پیشاندا، ویستی چەواشەی مەسیح بکات، پێی گوت: بەمەرجێ کرنووشی پەرستنم بۆ بکێشێت، کە هەر ئەو فەرمانەیشت لێ داوا ئەکەم ئەتوانم هەموو کڵاوەی زەویت پێ ببەخشم، هەرچی نەتەوەیەک هەیە لە جیهاندا، بەسەرکردەکان و شاهەکانیانەوە ملکەچیت بۆ بکەن و ئەکەونە ژێر چنگتەوە، لە سایە و پایە و گەورەییشدا، لە (دارا) و (ئەسکەندەر) و (هیرۆدس) گەورەترت لێ دێ!

شەیتان ئەیگوت: (من لەلای خواوە هاتووم)... بۆ ئەمەی زۆرتر چەواشەی بکات، لەگەڵ قسەکانی خۆیدا قسەکانی خوایشی ئەگێڕایەوە کە لە تەوڕاتدا نووسرابوون...! بەڵام شەیتان هەرچەند تێکۆشا و ڕەنج و تەقەللای لەگەڵدا، مەسیح چەواشە نەبوو، بەقسەکانی ئەو دەستخەڕۆ نەبوو.

دوای قسەی شەیتان نەوکەت!... ئەویش هەر بەقسەکانی خوا شەیتانی بەرپەرچ دایەوە گوتی: لە تەوڕاتدا وا نووسراوە (هەر خوای خۆت بپەرستە، بۆ ئەو بەولاوە بۆ کەسی تریش کڕنووشی پەرستن مەکێشە!)...

شەیتانیش پێی گوت: (ئەگەر ڕاستە تۆ کوڕی خوایت دەبفەرموو بەم بەردانە بێن بەنان!...)... مەسیحیش پێی گوت: (لە تەوڕاتدا نووسراوە: پیاو هەر بەنان ناژی، هەر قسەیەک لەدەمی خوا بێتە دەری ئەیژێنێ!...)...

دووبارە شەیتان خەریک بووەوە لەگەڵیا، پێی گوت:

(لە تەوقە سەری ئەم شاخەوە خۆت فڕێ بدەرە خوارەوە، بۆ ئەمەی دەری بخەیت کە تۆ لە ئاسمانەوە هاتوویت ئەی لە تەوڕاتدا نەنووسراوە کە خوا بەفریشتەکانی خۆی فەرمووە تۆ لەسەر باڵەکانی خۆیان هەڵ بگرن، تا لەبەردەکان نەکەویت؟!)

مەسیحیش پێی گوت: ئەوەیشی تیانووسراوە کە (خوای خۆت تاقی مەکەرەوە)! (شەیتان، بڕۆ، لەکۆڵم بەرەوە!.)...

ئیتر شەیتان لێی جیابووەوە... بەڵام ئەوە هەر بۆ ماوەیەک بوو!...

## سەرسوڕهێنەری یەکەم!

ڕۆژی دوایی مەسیح ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە (یوحەننای مەعمەدان) موژدەی هاتنی پێغەمبەری خوای ئەدا... کە (یوحەننا) چاوی بەمەسیح کەوت گوتی: (وا بەرخی خواهات بۆ ئەمەی گوناهی جیهان بسڕێتەوە!)... مەبەسی ئەوەبوو کە مەسیح نیازی وایە خۆی بەخت بکات لە پێناو چاکەی مرۆڤایەتیدا... ئەو لە جیاتی خۆ بەختکردن، ناوی ئەو بەرخەی هێنا کە هەموو ساڵێک لە جەژنی گەورەدا سەرئەبڕێ... مەسیح و یوحەننا، گەلێک جاری تر چاویان بەیەکتری کەوتەوە و گفتوگۆیشیان لە بابەت کاروباری ئایینی و جیهانییەوە کرد...

لە چاو پێکەوتنەکەی دوامینیاندا، دووکەسی تر لەگەڵ یوحەننادا وەستابوون، گلەییان لە هەژاریی خۆیان ئەکرد یەکێکیان ناوی (ئەندراوس)[1] بوو، ئەوی تریشیان ناوی (یوحەننا) بوو کە گوێیان لە مەسیح بوو، لە ژیانی پڕ خۆشەویستی و خۆ بەخت کردن و چاکەکردن لەگەڵ کەسانی تردا، ئەدوا، هەر دووکیان بڕیاریاندا ببنە شاگردی ئەو بۆ هەرشوێنێکیش بچێ دوای بکەوون... بەڵام مەسیح پێی گوتن ئەوەندە پەلە مەکەن، پێویست وایە ئارام بگرن بەخۆتان تا ئارەزووی ڕاستەقینەی خۆتان بۆ دەرئەکەوێ چونکە بنچینەی وانە و ئامۆژگارییەکانم خۆبەخت کردنێکە کە بەئارەزووی مرۆڤ خۆی بێت.

ئەویش لەپاش باوەڕکردن بەخوا و، نەمانی هەموو گومان و دوودڵی یەک لە دڵ و دەروونەدا...

لەکاتی گفتوگۆدا خزمایەتییەکی نزیکی ناوەند مەسیح و یوحەننا دەرکەوت چونکە دایکی یوحەننا، خوشکە گەورەی دایکی مەریەم بوو!... هەردوو شاگردەکە، دوای مامۆستاکەی خۆیان کەوتن تا (ناسرە) پاش ئەوە برایەکی (ئەندراوس)یش هاتە ناویانەوە، ناوی (سەمعان)[2] بوو، یەکێکی تریشیان پێوەنیشت (فیلیبس)[3]یان پێی ئەگوت ئەمە پیاوێکی ڕاوکەربوو پاشان بووە مەی گێڕێک بۆ سەربازە ڕۆماییەکان بەڵام لە

(١) ئەندراوس: (قدیس)ێکە، یەکێکە لە نێرراوەکانی مەسیح و برای (پترۆس)ە، لە چوار مێخەدرا و ئاوا کوشتیان.

(٢) سیمعان با شیمعون: کوڕی یەعقووبە و باپیری یەکێکە لە دووانزە ئیسباتە ئیسرائیلیەکان.

(٣) فیلیپس: (قدیس)ە، یەکێکە لە حەوت مۆم هەڵگرەکانی سەرەتای مەسیحێتی، لە چەرخی یەکی زاینیدا ژیاوە، مژدەدەری (سامیرە)بووە.



وزەیا نەما لەگەڵیاندا بمێنێتەوە، لەبەر بێ فەڕی و سەرسەرێتییان!... ئنجا کە ئەمانە هەموو گەیشتنە ماڵی مەسیح، مەریەم خەریکی خۆڕێک خستن بوو بچێتە ئاهەنگێکی ژن هێنان لە (قانا الجلیل)[1]دا. مەریەم بەوانیشی گوت کە لەگەڵیا بچن ئنجا هەر شەشیان چوونە جێ ئاهەنگەکە کەنزیکی پێنج میلێک لێیانەوە دووربوو کە گەیشتنە ئەوێ، دەنگە دەنگ و تێکەڵ و پێکەڵێیەکیان دی چونکە مەی نەمابوو، بخورێتەوە هەندێ لە میوانەکان بۆڵە بۆڵیان ئەکرد مەریەمیش کە شارەزای هێز و دەسەڵاتی عیسا بووبوو، چاوێکی لێ تروکاند.

مەسیحیش فەرمووی، گۆزەکانیان پڕ کەن لە ئاو ئەوەندەی پێ نەچوو هەندێکیان دەنگیان لێوەهات گوتیان: (چەند سەیرە ئەمە! خۆ ئاوەکە سوور هەڵگەڕاوە و بووە بەمەی!)... جا کاتێ کە سەرۆکی مەی گێڕەکان، لەم مەیەی چێشت، گوتی ئەمە چل ساڵە، مەی فرۆشی ئەکات، هێشتا مەیی وا خۆشی نەچێشتووە!...

## ئافرەتێکی سامیری!

ڕۆژی دوایی یەسووع و دایکی و شاگردەکانی ڕوویان کردە شاری (کفر ناحوم)[2] سەریان لە هەندێ کەسوکار و دۆست و یاردا کە مەسیح ئەوەی بۆ دەرکەوت، شارەکە ناوچەیەکی بازرگانیی بێ هاوتایە و، لە چەقی ڕێگاکانی شام و بەندەرەکانی سەر زریی سپیی ناوەڕاستی میسردایە، دەمودەست پەیی بەوە برد کە چاکترین شارە بۆ ئەوەی تێکەڵ بەنەتەوەبێ و بیروباوەڕەکانی خۆی تیا بڵاوبکاتەوە...

لەسەرەتادا، کاتێکی دوورودرێژی بەسەر ئەبرد بۆ ئەمەی بیروباوەڕ و ئامۆژگارییەکانی خۆی فێری شاگردەکانی بکات... پاش ئەوە واهاتە پێشەوە کە خۆی و کۆمەڵەکەی هەموویان بگوێزنەوە بۆ شاری (ئەریحا)... چونکە ئەوگیروگرفتەی (یوحەننا مەعمەدان) بۆ خۆی هێنابووە کایەوە، بەهۆی ئەو هوروژمە ئاشکرایانەیەوە کە لەناو بازاڕەکان و کۆبوونەوەکاندا ئەیکردنە سەر (هیرۆدس)ی خونکار و (هیرۆدیا)ی ژنی، کە ئەیگوت ژنەکەی لە براکەی خۆی داگیرکردووە و کردوێتی بەژنی خۆی، بەعیسا و کۆمەڵەکەی گەیشتنەوە!...

(١) قانا: گوندێکە لە جەلیل، بەناوبانگە بە(شاییەکەی قانا)وە، هەروا بەیەکەم عەجباتی مەسیح کە لەم گوندەدا ئاوی کرد بەشەڕاب.

(٢) کۆنە شارۆچکەیەکی فەلەستینە، وا لە ژووروی دەریاچەی (طبریە)وە.

هەرچەندە نەتەوە هۆگری (یوحەننا) بووبوو، خونکاریش دوودڵ مابوو لە جەزرەبە پێگەیاندنی، بەڵام شاژن ئەوەندە سەری کردە سەر خونکار، تا فەرمانی پێ دەرنەکرد بۆ گرتنی (یوحەننا) لە کۆڵی نەبووەوە کەوای لێهات، مەسیح و کۆمەڵەکەی، ئەوەیان بەباش نەزانی، لەوە زۆرتر ڕووە و (ئەریحا) بڕۆن لەبەرئەوە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە جێی خۆیان بەڵام مەسیح ڕێگایەکی تری گرتەبەر، کە ئەبوو بەشاری (سامیرە)دا بڕۆیشتنایە. لەوەدا کۆمەڵەکەی سەریان سوڕما!...

ئەو بیرەی مەسیحیان زۆر بەلاوە ناخۆش بوو!... چونکە هەموو کەسێکی مەند و پەسند کە لە دانیشتوانی (جەلیل) بوایە و ڕێزی لە خۆی بگرتایە، خۆی لەو ناوچەیە ئەپاراست، پیایا نەئەڕۆیشت هەروەک ئاوەدانییەکی گرۆێکان[1] بێ بەلایانەوە وابوو!... گیانی دوژمنایەتیش ئەوەندە کاری لە دڵی دانیشتوانی (جەلیل) کردبوو، بەرامبەر دانیشتوانی (سامیرە)، چاو تێبڕینێکی ساکاری بێ گوناهانەی سامیرییەک لە جەلیلییەک ئەبووە هۆی ئەوەی کە بەسووک تەماشاکردنێک دابنرێ و ئاگری شەڕیش هەڵ بگیرسێنێ لە ناوەند هەردوو ناوچەکەدا!...

جا بۆ ئەم ناوچە نەنگەویستە کەنەفت کراوە کە نزیکەی پەنجا میلێک کەوتۆتە باکوری (ئورشەلیم)ەوە، مەسیح شاگردەکانی خۆی برد بەڕێوە... بەوەیش وازی نەهێنا، بردنیە ناوەوە بۆ پارچەزەوییەکی مێژوویی کە کەوتۆتە ئەوپەڕی شارەکەوە، پێیان ئەگوت (بیری یەعقوب) چونکە وا ئەگێڕنەوە کە ئەم بیرە هی (یەعقوب پێغەمبەر) بووە، بەدیاری بەخشیویەتی بە(یوسف پێغەمبەر)ی کوڕی تەنانەت ئەوەیش ئەڵێن کە گوایە گۆڕی (یوسف) لە ناو ئەو بیرەدایە!... ئەوکاتەی شاگردەکانی چوون خواردەمەنی بکڕن، مەسیح لە گوێ بیرەکە دانیشت، بیری ئەکردەوە لە خۆی... لەوکاتەدا ئافرەتێکی سامیرەیی هاتە سەربیرەکە سەتڵەکەی پڕ بکات لە ئاو مەسیحیش پێی گوت (هەندێ ئاووم بدەرێ بیخۆمەوە)... ئافرەتەکەیش، سەری ئەوەندە سوڕمابوو لەو خواستەی عیسا، کە زمانی بەتەواوەتی گۆی نەئەکرد وەرامی بداتەوە، پێی گوت: (تۆ چۆن ئاو لەمن داوائەکەیت؟! تۆیەک جەلیلی و منێکیش سامیرەیی؟!)

---

(١) ئاوەدانییەک کە خەڵکەکەی تووشی نەخۆشی گەڕیی -جزام- بووبن، گرۆێ = گەڕیی، لە سەروی ڕۆژئاوای سلێمانییەوە (گردەگرۆێ) هەیە، شوێنی دورخستنەوەی ئەو نەخۆشخان لە ئەهلی ناو شار؛ سەردەمی بابانەکان.



مەسیحیش ئاوڕێکی لێ دایەوە و سەرنجێکی لێدا، بیری لەوپشم و قینە گەورەیە ئەکردەوە کە لەناوەند ئەو هەردوو شارە دابنجی داکوتابوو بیری لەو گیانی دوژمنایەتییە ئەکردەوە کە هەر لە منالییەوە لەناو کەساندا چاوی پێکەوتبوو، کە لەلایەن فەرمانڕەوایانیشەوە ئاگرەکەی خۆش ئەکرا!...

پاشان ڕووی کردە ئافرەتەکە پێی گوت: (تۆ ئەگەر بتزانیایە قسە لەگەڵ کێ ئەکەیت، خۆت داوای ئاوت لێ ئەکرد، ئەویش ئاوێکی زیندووی ئەدایتێ، هەرکەسێ لێی بخواردایەوە هەرگیز تینووی نەئەبوو!...).

ئافرەتەکەیش بەپێکەنینێکی دوودڵیانەوە پێی گوت:

– کەواتە گەورەم لەو ئاوەم هەندێ بدەرێ، تا هەرگیز تینوونەبم!)

– بچۆ مێردەکەت بانگ بکە...

ئافرەتەکە سەری دانەواند و گوتی:

– من مێردم نییە.

– نەء وانیە تۆ پێنج مێردت هەبووە بەڵام ئەو پیاوەی ئێستا لەگەڵتایە، مێردت نیە!...

ئافرەتەکەیش شڵەژا و واقی وڕما پاشان گوتی:

– گەورەم! وا دەرئەکەوێ تۆ پێغەمبەربی!

ئافرەتەکە سەتڵەکەی خۆی لەبیرچوو بەهەڵەداوان ڕایکردەوە ناو شار بۆ ئەمەی بەدانیشتوانی شارەکە بڵێ، پێغەمبەرێکی وا هاتۆتە ناو شارەکەیانەوە!...

دانیشتوانی سامیرەیش دەمودەست خۆیان گەیاندە ئەوێ بیبینن زۆریان لێ کرد کە چەند ڕۆژێک لەناویاندا بمێنێتەوە ئەویش بێ دڵیی نەکردن وانەیەکی وایشی فێرکردن کە هێشتا مرۆڤایەتی پێوەی ڕانەهاتبوو لە بابەت برایەتی مرۆڤەوە لەگەڵ مرۆڤدا قسەی بۆ کردن گوتی: مرۆڤ هەموو برای یەکترن، چونکە هەموو ڕۆڵەی خوان!...

هەروەها لەبابەت دوایی هاتنی سەردەمی پشم و قین و ڕق و تووڕەیی و خوێن ڕشتنەوە قسەی بۆ کردن... کە چاوپۆشین، باشترین چارەیە بۆ بەربەرەکانێی ئایینی، کە خۆشەویستیش، دەرمانێکی کاریگەرە بۆ برینی دەروونی... ئەم وانەی (چاوپۆشین)ە یەکەم وانابوو کە مەسیح دای بەگوێی کۆمەڵاندا!...

## سەرسوڕهێنەری چاک کردنەوەی نەخۆش!

لەپاش چەند ڕۆژێک، لەبەیانییەکی بەهاردا، کە کزەبایەکی خۆش و فێنک هەڵیکردبوو، مەسیح و هەر پێنج شاگردەکانی لە سامیرەوە گەڕانەوە جەلیل کاتێ گەیشتنە ناسرە، دانیشتن هەندێک بحەسێنەوە کۆمەڵێک هەژارو خوازەڵۆکیان لێ کۆبووەوە...

لە پڕ یەکێک لە پیاوە ڕیش سپییەکانی ناوچەکە، کە خاوەن سامان و دەسەڵات بوو لەوناوەدا، دڕیدا بەکۆمەڵەکە نیشانێک بەسەرسنگیەوە ئەبریسکایەوە؛ بەبەردە بەنرخەکان ڕازێنرابووەوە... لەترسا هەموویان کشانە دواوە... کەچی پیاوەکە بەمل کەچی و دڵشکاوییەکەوە لە مەسیح نزیک بووەوە، فرمێسک ئەڕژایە خوارەوە بەسەر ڕوومەتە زەرد هەڵگەڕاوەکانیا پێی گوت: (ئەی دارتاشەکەی ناسرە! دەنگوباسی کردەوە بێ هاوتاکانتم بەرگوێ کەوتۆتەوە لەبەرئەوە، پاش هەناسە ساردییەکی زۆر، سەرلەنوێ هیوا لە دڵما بووژایەوە کوڕەکەی خۆم لە شاری (کفر ناحوم)دا بەجێ هێشتووە خەریکە گیان ئەدا... گەورەی خۆم ناکەیت دەستێکی بۆ درێژ بفەرموویت بەڵکو ئەمە خوایە چاک ببێتەوە!)...

پیاوەکە ئەوەی گوت و دەستی کرد بەگریان... مەسیحیش بەدەنگێکی نەرمو لەسەرخۆوە پێی گوت: (بگەڕێرەوە بەرێی خۆتا کوڕەکەت چاک بۆتەوە!...)... پیاوەکەیش باوەڕی بەقسەکەی مەسیح هێنا بەهەڵەداوان گەڕایەوە شارەکەی خۆی... ڕۆژی دوایی، پیاوەکانی لەڕێگا خۆیان گەیاندێ، موژدەی بدەنێ، کە کوڕەکەی چاک بۆتەوە!...

ئنجا کە لێی پرسین چ کاتێک تایەکە بەری داوە، و پێیان گوت، بۆی دەرکەوت هەر ئەوکاتە بووە کە مەسیحی چاوپێکەوتووە!...

ئەم دەنگوباسانە بەدێهاتەکانی دراوسێدا بڵاوبوونەوە لەبەرئەوە کۆمەڵانێکی زۆر دوای مەسیح کەوتن ئەویش لەپێش ئەمەی ئامۆژگارییان بکات، پێی ئەگوتن: (لە کردەوەی خراپی خۆتان بگەڕێنەوە باوەڕ بەخوا بکەن)

ژمارەیەکی زۆر لە گوێ گران، باوەڕیان پێ هێنا... ڕۆژێکیان لاوێک خۆی کوتایەلای، گیانێکی بەدی کەوتبووە لەشەوە[١] کەسایەتییەکەی کردبوو بەدوولایی. خۆی لەبەر پێی مەسیحدا بەزەویدا و هاواری بۆهێنا، گوتی:

(١) واتا: دەستیان لێ وەشاندبوو، یان ڕستەکە بەم مانایە بووە: (دخل روح شريره جسله)... شێت ببوو، تێکچووبوو، بەپێی ئێستا توشی (شیزۆ فرینیا)بووە.



(ئێمە چیمانە بەسەر تۆوە. ئەی یەسووعی ناسرەیی تۆ هاتویت لەناومان ببەیت؟!)... مەسیحیش لەگیانە پیسەکەی کوڕەکە تووڕەبوو، تێشی خوڕی کە لەلەشی بچێتە دەرێ... گیانەکە لە لەشی چووە دەرەوە... کوڕەکە دەمودەست چاک بووەوە!...

خەسووی شاگردێکی، کە ناوی (سمعان یاخود پەترۆس) بوو گرانەتایەکی خراپی گرت. ئەوەدەمە، دەرمانی دەردی وایان بەوە ئەکرد، کە خۆڵەمێشی کاژەڵەی سەری گورگێکیان ئەدایێ لەپاش سووتاندنی یاخود سەلکە مشک، یان چاوی گیانلەبەرێک، یان مێشکی کوندەپەپوو، یان جەرگی بۆقێکیان ئەدایی!... قسەیەکی پێشینیان ئەیگوت:

(ئەگەر هەڵامەتت تووش بوو، یاخود سەرمات بوو، لووتی مایین ماچ بکە، خۆ ئەگەر خرێی ددانیشت هاتە ژان، ئەوا بۆقێکی کوڵاو لەناو خوێندا بخەرە سەری!...)

خەسووەکەی پەترۆسیش، ئەو دەرمانانەی هەموو تاقیکردبووەوە بەڵام تائەهات دەردەکەی کاریگەرتر ئەبوو... ئەوەندەی نەمابوو بمرێ... پەترۆسیش لە مەسیح تکای کرد، کە دەستێکی بەسەردا بهێنێ...

مەسیحیش بێ دڵیی نەکرد، خواستەکەی ئەوی بەجێ هێنا... ئافرەتەکە دەمودەست چاک بووەوە و هەڵسایە سەر پێ و دەستی کرد بەفرمان کردن بۆ ئەوان!... ئەم دەنگە بڵاوبووەوە... کۆمەڵێکی گەورە لە نەخۆشان و هەژاران لە مەسیح کۆبوونەوە...

## یەکەم تێکچوونی مەسیح لەگەڵ سەرۆکەکانی جوولەکەکاندا!

لەپاش ئەمەی مەسیح گەڕا بەگەلێک ناوچەدا، دوایی گەڕایەوە (کفر ناحوم) پیاوە ئاینییەکانی جوولەکەیش لە (ئورشەلیم)دا، چەند کەسێکیان بەدزییەوە ناردبوو، شوێنی بکەون، لێی جیانەبنەوە، بەڵکو هەڵەیەک بکات و بەبۆنەی ئەو هەڵەیەوە، هوروژم ببەنە سەری!...

بەڵام ئەوەندەی نەمابوو کە بەهەناسە ساردی بگەڕێنەوە، لەپڕ کارەساتێک قەوما، هیوای لەدڵدا تازە کردنەوە.

مەسیح چووبووە ناو خانوویەکەوە بۆ ئەمەی ئامۆژگاریی ئەو کۆمەڵانە بکات کە لەوێدا کۆبووبوونەوە لەپڕ دەنگە دەنگێک پەیدابوو خێزانێک هاتە پێشەوە، گەورەکەی خۆی بەپێخەفەکەیەوە هێنابووە لای مەسیح کە لە نەخۆشی شەلی چاکی بکاتەوە جا لەبەر ئەمەی، کۆمەڵەکە یەجگار چڕوپڕبوو، بۆیان نەکرا کابرا بەتەختی نوستنەکەیەوە بەناو ئەو

کەسانەدا بهێنن ناچاربوون بردیانە سەر سەربانی خانووەکە پاشان لەوێوە بەگوریس دایان هێشتە خوارەوە، کە کەوتە ناو هۆلی سەرنەگیراوی خانووەکەوە مەسیحیش سەیرێکی نەخۆشەکەی کرد و پێی گوت:

(چاو لەگوناهەکانت پۆشرا)... سەرۆکەکانی جوولەکەش ئەم واژەیەیان بەهەلزانی، بۆ ئەمەی هوروژمی خۆیان ببەنە سەر مەسیح ئیتر لەورۆژەوە دەستیان کرد بەبۆڵەبۆڵ کردن لەناو خۆیاندا، ئەیانگوت: (کێ هەیە بتوانێ دەسەڵاتی خوا، لەگوناه لێ خۆش بووندا بەخۆی بدات؟!. ئەمەتا خوانەناسین!. سزاکەی مردنە!)... مەسیحیش هەستی پێ کرد، چی بەمێشکیاندا دێ پێی گوتن: (لەم دووقسەیە کامیان ئاسانترە: کەبڵێیت: (چاو لەگوناهەکانت پۆشراوە)... یاخود بڵێیت: (هەستە تەختی نووستنەکەت هەڵ بگرە و برۆ!؟...)...

بەڵام بۆ ئەمەی ئێوە تێبگەن کە کوڕی مرۆڤ، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە چاو لە گوناه بپۆشێ، وابەم پیاوە شەلە ئەڵێم: (هەستە تەختەکەت هەڵ بگرە و برۆ!).

دەمودەست نەخۆشەکە، چاک بووەوە هەستایە سەرپێ و تەختەکەی خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت!...

لە هەمووڵایەکەوە دەنگی پەسندکردنی ئەم شاکارە و سەرسوڕمان لەم کردەوە بێ هاوتایە بەرز بووەوە.

هەموویان گەورەیی خوایان بەزمان ستایش کرد، بەڵام پیاوەنهێنییەکانی پیاوە ئاینییەکان، لەگەڵ (فەریسی)یەکاندا کە بریتی بوون لە جوولەکە کەللەڕەقەکان، کە هەر ئەنووسان بەشێوەی دەرەوەی ئاینەوە، گوێیان ئەدایە ڕووکەش و توێکڵ، نەک ناوەڕۆک و کاکڵ، ئەوانە سەرلەنوێ خۆیان دایەوە پەنا و دەستیان کردەوە بەگەلە کۆمەکێیەکی تازە لە مەسیح!...

ڕۆژێکیان مەسیح بەلای پارە کۆکەرەوەیەکدا تێپەڕی[1] کە ناوی (لیفی)بوو نەتەوەکەی حەزی لێ نەئەکرد بەچاوی سووک تەماشای ئەکرد چونکە لە باج سەندنەکەیدا زۆرداریی ئەکرد لە نەتەوەکەی خۆی، بۆ کەڵکی فەرمانڕەواییەکی بێگانەی وەک ڕۆما!... مەسیحیش پێی گوت دوامکەوە.

کابراش فرمانەکەی خۆی دایە دەست یەکێکی تر و دوای مەسیح کەوت ئەویشی کرد

(١) ئەوکاربەدەستەی باج و خەراجی دەوڵەت گرد دەکاتەوە.



بەشاگردێکی تر لەگەڵ پێنج شاگردەکانی تر ناویشی گۆڕی، کردی بە (مەتتی)... پاشان بەقسەیشی کرد و بوو بەمیوانی کە چووە ماڵی (مەتتی) پڕبوو لەو گوناهبارانەی کە لە دانگی خۆی دابوون، بێجگە لەوانە سووخۆر و سەرخۆش و قومارچیشی تیابوو!... ئنجا کە فەریسییەکی هەڵەگۆ، هەڵی دایە و لەیەکێک لە شاگردەکانی مەسیحی پرسی: (بۆچی مامۆستاکەتان لەگەڵ گوناهباران و پارە بازاندا دائەنیشێ و نان ئەخوات؟!).

مەسیح گوێی لەوەبوو، پێی گوت: (ئەوانەی لەش دروست پێویستیان بەپزیشک نییە نەخۆشەکان پێویستییان بپەزیشک هەیە من بۆ ئەوە نەهاتووم کە بێ گوناهان بخەمە سەر ڕێی ڕاست من بۆ ئەوە هاتوم کە گوناهباران لە کردەوەی خراپ بگێڕمەوە!).

جارێکی تریش فەریسییەکان بۆڵەبۆڵیان دەست پێ کردەوە گوتیان مەسیح و شاگردەکانی لە ڕۆژی شەممەدا، بەناو کشتوکاڵدا گەڕاون و گوڵەگەنمیان لێ کردۆتەوە و خواردویشیانە ئەم کردەوەیش پێچەوانەی فەرموودەی تەوراتە کە ئەڵێ: (لەڕۆژی شەمموواندا نەفرمان بکە، نە دروێنە!...)... مەسیحیش گوتی: ئەی ئەوەتان نەخوێندۆتەوە، کە پێغەمبەر داوود و شاگردەکانی برسییان بووە و چون نانی پیاوە ئاینییەکانیان خواردووە، کە ئەو نانە لە نەتەوە بەربەست کراوە؟ مرۆڤ بۆ شەممە دروست کراوە، یان شەممە بۆ مرۆڤ؟ کوڕی مرۆڤ، گەورەی ڕۆژی شەممەیشە!)...

پاش ئەوە مەسیح لە ڕۆژێکی شەممەدا چووە ناو جێ کۆبوونەوەکانی جوولەکەکانەوە نەخۆشێکی دەست وشک هەڵاتوو هاتە بەردەمی، تکای لێ کرد چاکی بکاتەوە.

ئەویش پێی گوت: (دەستت ڕابکێشە!...)... نەخۆشەکەیش دەستی خۆی ڕاکێشا... کە تەماشای کرد وەک دەستە چاکەکەی تری لێ هاتەوە!... فەریسییەکان دووبارە دەستیان کردەوە بەزمان درێژییەکەی خۆیان مەسیحیش پێی گوتن: (لەڕۆژی شەممەدا، کاری چاک بکرێ باشترە، یان کاری خراپ؟ ئەگەر کەری یەکێکیان بکەوێتە چاڵێکەوە لە ڕۆژی شەممەدا، ئاخۆ دەری ناهێنێتەوە لە چاڵەکەدا؟!.)

## هەوەسی ئافرەتێک و دوایی پیاو چاکێک!

(یوحەننای مەعمەدان) هێشتا لە زینداندا بووە، کە کردەوە شاهکارەکانی مەسیحی ئەبیستەوە لەگەڵ ئەوەیشا، هێشتا لەوە دڵنیا نەبووبوو، کە ئەم مەسیحە ئەو (مەسیح)ەیە کە پێغەمبەرەکانی تەورات گوتوویانە پەیدا ئەبێ؛ یان ئەو مەسیحەیە کە خۆی موژدەیدا بەجوولەکەکان کە دەرئەکەوێ لە زیندانەکەیەوە دووکەسی نارده کن مەسیح کە لێی بپرسن:

(ئاخۆ تۆ ئەو مەسیحەیت کە ناوی لە تەوراتدا هاتووە یان هێشتا ئەو نەهاتووە، پێویستە چاوەڕوانی بکەین؟)

مەسیحیش هەردووکیانی برد لەگەڵ خۆیدا، کە بەچاوی خۆیان شاکار و کردەوە بێ هاوتاکانی ببینن پاشان هەردووکیانی ناردەوە کن (یوحەننا) تا ئەوەی دیویانە بۆی بگێڕنەوە: (کوێرەکان چاویان چاک ئەبێتەوە، شەلەکان دەست ئەکەن بەڕێیشتن، گرۆێکان لەشیان چاک ئەبێتەوە، کەڕەکان گوێیان لە دەنگ ئەبێتەوە، مردووەکان هەڵ ئەسنە سەرپێ، هەژار و بەسەزمانەکانیش دڵ خۆش ئەبن)... کە هەردوو پیاوەکان گەڕانەوە کن (یوحەننا) و ئەو کردەوانەیان بۆ گێڕایەوە، باوەڕی هێنا کە ئەم مەسیحە، هەر ئەو مەسیحەیە کە لە تەوراتدا ناوی هاتووە و تا ئەوسایە چاوەڕوانی کراوە.

چەند مانگێک بوو (یوحەننا) لە بەندیخانەدا هێڵرا بووەوە. پشتیوانەکانیشی لەوە دڵنیابوون کە هیچی بەسەر نایەت.

بەڵام لە ڕاستیدا (هیرۆدیا)، بۆ هەلێک ئەگەڕا کە بیکوژێ. ئەگینا تا ئەوساکە، هێشتا نەیتوانی بوو هیرۆدسی مێردی بخاتە سەر ئەوەی کە (یوحەننا) بکوژێ ئەم هیرۆدسە، ئەو هیرۆدسەی مێردی دووەمی نەبوو، کە منالآنی ئەکوشت ئەم لە شۆڕشی نەتەوە ئەترسا، بۆیەکا خۆشەویستە پەرستراوەکەی- یوحەننا-ی نەئەکوشت!...

بەڵام واڕێک کەوت، کە خونکار شەوێکیان ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا، بەبۆنەی جەژنی لەدایک بوونی خۆیەوە!.

کە بانگ کراوەکان سەرخۆش بوون و لەنگەریان تێک چوو، پەردەلادرا، (سالۆمی) هاتە ژوورەوە ئەم (سالۆمی)یە کچی (هیرۆدیا)بوو، لە مێردەکەی یەکەمی کە ناوی (فیلیبس)بوو کە برای (هیرۆدس)بوو (سالۆمی) کراسێکی تەنکی لەبەرکردبوو، جوانییەکانی لەشە ڕێکوپێکە نەرمو شلەکەی دەرئەخست دەستی کرد بەسەماکردن... هەرچی لەوێدا بوو، بەوسەماکردنەی ئەو سەرمەست بوو لەسەروو هەموویانەوە خونکاربوو



کە ئەو سەمایە گەشکەداری کردبوو خونکار، سالۆمیی لەسەر ڕانەکانی خۆی دانا و بەڵێنیشی دایە، کە هەرچی داوا بکات بیداتێ، تەنانەت تا نیوەی خاکەکانی ژێردەستیشی.

کچە زۆرزانەکەیش، کە دایکی باشی فێرکردبوو چی داوا بکات لە خونکار لە پێش سەماکردنیا، بەخونکاری گوت: سەر یوحەننای مەعمەدان-م ئەوێ لەسەر دەفرێک دابنرێ!... خونکاریش نەیتوانی لە بەڵێنی خۆی بگەڕێتەوە کەللە پەڕێنێکی نارد، سەری (یوحەننا)ی بڕی و لەسەر ئامانێکی زێڕین دایناو هێنایە بەردەمیان! (سالۆمی)یش کەللەکەی بەئامانەکەوە هەڵگرت و خستیە بەرپێی دایکی!...

## ساڵی یەکەم

## ئامۆژگاریی سەر چیا

کە عیسا هەستی کرد بەگەلە کۆمەکێ سەرۆکەکانی جوولەکەکان، کە بۆ لەناوبردنی ئەو تێ ئەکۆشان؛ یەکەم بڕیاری ئەوەبوو، کە چەند شاگردێکی هەڵبژارد، بۆ ئەمەی لەپاش مردنی خۆی، ئەو نامەی خواییە کەپێی سپێررابوو بیگەێنێتە جێ، چی پێویست بوو، تەواوی بکەن... لە هەڵبژاردنەکەیدا، زۆرتر بەتەنگ ئەوەوە بوو، کە لەوانەبن لە گەلێک جێگاوە هاتبن.

لەسەرەتاوە ئەم حەوت کەسەبوون: (پەترۆس) و، (ئەندراوس)ی برای. (یووحەننا زبدی) و، (یەعقوب)ی برای، (مەتتی) و، (فیلیپس) و، (بەرثیلماوس).

پاش ئەوە ئەمانیشی هەڵبژارد: (یەعقوبی بچووک)، کە ئەوەبوو لەوەپاش لە تەوقەسەری پەیکەرەکەوە فڕێ درایە خوارێ، کە زانییان بەوە نەمرد، بەردبارانیان کرد تا گیانی تیا نەما!... ئەم سەرگەردانییەیشی لەسەرئەوە بەسەرهات کە هۆگری مەسیح بوو!... پاش ئەو (یەهوذا)ی برای هەڵبژارد کە لەپاش شەست ساڵ، لە (ئەرمەنستان)دا، تیرباران کراو کوژرا، لەسەر ئەوەی کە خوای ئەپەرست و بڕوای بەمەسیح پێغەمبەر هەبوو! ئەم (یەهوذا)یە، یەهوذای ئەسخەر بوونی نییە[1] جیایە.

(١) یەهوزای ئیسخریوتی: یەکێکە لە دووانزە قوتابییەکەی مەسیح، مامۆستاکەی خۆی بەسی پارچە زیو فرۆشت، جا بووە ڕەمزی خیانەت و سپڵەیی، لە پەشیمانیدا خۆی خنکاند، لەناو ڕەشە خەڵکەکەدا بە(یوزاس) ناودەبرێ.

ئنجا (سەمعان)ی هەڵبژارد، کە لە خاکی عەجەمدا کرا بەداردا کەچی تەمەنی گەیشتبووە (١٢٩) ساڵ!...

ئنجا (تۆمای دوودڵ)ی هەڵبژارد، کە لە هیندستاندا ڕمێکیان لێ داو کوشتیان!...

دوایی (یەهوذای ئەسخەریوتی)ی هەڵبژارد، کە لەپاش ئەوەی ناپاکییەکەی کرد لەگەڵ مەسیحدا، بەدەستی خۆی، خۆی کوشت!...

مەسیح ویستی بیروباوەڕەکانی خۆی بخاتە مێشکی شاگردەکانیەوە ڕۆژێکیان لەگەڵ هەموویاندا چووە ناو کەشتییەکی ڕاوەوە لەپاش چەند کاتێک لە شوێنێکی بێ دەنگدا گیرسایەوە شوێنەکە لە کۆمەڵەو دەنگەدەنگی نەتەوەوە، دووربوو هەموویان سەرکەوتنە سەرەوە، لەسەربانێک دانیشتن شاگردەکانی لەشێوەیەکی نیوە کەمەرییدا لەملاو لەولایەوە دانیشتن[2] لەوێدا ئامۆژگارییە بەناوبانگە نەمرەکەی خۆ کردن، کە بەبنچینەیەک دائەنرێ بۆ ئایینی مەسیحی، یاخود ڕاستی پەرستییەکی بڵندی بێهاوتا بۆ ڕەوشت و کرداری مرۆڤایەتی... ئەمە لە ئامۆژگارییەکاندا گوترابوو:

(بۆ لەناوچوون، دەرگا چەند گەورەیە، ڕێگا چەند فراوانە!...

(بۆ ژیانی تاسەریش، دەرگا چەند تەنگە، ڕێگا چەند باریکە!... ئەوانەی گیان سووک و بەسەرزمانن، دواڕۆژیان چاکە. چونکە ئاسمان ئەبێتە جێگایان ئەوانەی مل کەچیشن، خـۆرش بەختن، چونکە زەمین بۆ ئەوان ئەمێنێتەوە خۆشی لەوانەی دڵشکاو و هەناسەساردن چونکە لەوە پاش دڵیان خۆش ئەبێ خۆشی لەوانەی برسین و تینوون بۆ چاکەکردن، چونکە تێر ئەبن خۆشی لەوانەی بەزەییان دێتەوە بەکەسانی تردا، چونکە چاکەیان ئەدرێتەوە خۆشی لەوانەی دڵچاکن و خۆیان ئەپارێزن لەگوناه چونکە خوایان چاوپێ ئەکەوێ خۆشی لەوانەی ئاشتی ئەهێننەوە بەرهەم. چونکە بەکوڕانی خوا ناوئەبرێن خۆشی لەوانەی لە پێناوی چاکەکردندا تەفروتوونا ئەکرێن خۆشیتان لێ بێ، ئەگەر لە پێناوی مندا، توانج و پلاریان تێ گرتن و، دەریان کردن، یاخود بەدرۆ بەدناویان کردن... دڵتان خۆش بێ، شادمان بن، چونکە لە ئاسماندا، پاداشتی گەورە گەورە وەرئەگرن هەرگیز خراپە بەخراپە بەرامبەری مەکەن ئەگەر یەکێک شەپازللەیەکی لەلاجانی ڕاستتدا، لاجانگی چەپیشتی بۆ وەربگێڕە بام لێی بدات ئەگەر یەکێک بۆ ماوەی میلێک ڕێگا، بێگاری پێ کردبیت، تۆ تا دوو میل بێگاری بۆ بکە.)...

(٢) نیوە کەمەرەیی: نیوە بازنەیی.



بەم ڕەنگە مەسیح ئامۆژگارییە کۆنەکەی هەڵوەشاندەوە کە ئەڵێ: لەباتی چاو، چاو، لەباتی، دانیش دان هەڵبکەنە!.

مەسیح دەستی کردەوە بەتەواوکردنی دە ئامۆژگارییەکەی موسا گوتی:

(ئامۆژگارییەکە ئەڵێ: کەس مەکوژە.

بەڵام من ئەڵێم: هەرکەسێ حەز لەبرای خۆی نەکات، ئەبێتە پیاو کوژێک، دەروونێک ئەکوژێ.

ئامۆژگارییەکە ئەڵێ: داوێن پیسی مەکە.

بەڵام من ئەڵێم: هەرکەسێ سەیری ئافرەتێکی کرد و ئارەزووی داوێن پیسیی لە گەڵیا کرد، بێگومان لە ناو دڵی خۆیا داوێن پیسی لەگەڵدا کردووە!...

جا ئەگەر چاوت بەهەڵەیدا بردبێت، هەڵیکۆڵە!... خۆ ئەگەر دەست و پێیشت هەڵەیان پێ کردبیت، ئەوا بیان بڕە!

بۆتۆ واچاکترە، کە یەکێک لە ئەندامەکانت لەناوبچێ، نەک هەموو لەشت لە ئاگرستانی دۆزەخدا بمێنێتەوە.

ئێوە بیستوتانە کە گوتراوە: پیاو ئەبێ خزمی خۆی خۆش بوێ، دوژمنی خۆیشی نەوێ.

بەڵام من پێتان ئەڵێم: دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێ. لەجنێو پێ دەرەکانی خۆتان پیرۆزبایی بکەن هەر کەسێ خۆشی ناوێن، چاکەی لەگەڵدا بکەن هەرکەسێکیش خراپەی لەگەڵدا کردن، بۆی بپاڕێنەوە لە خوا چاکەی لەگەڵدا بکات... چونکە ئەگەر ئێوە ئەوانەتان خۆش بوێ کە ئێوەیان خۆش ئەوێ، هیچ پاداشتێکی تیانییە.

ئەی گوناهبارانیش هەروا ناکەن؟!.).

لەپاش ئەمەی مەسیح، تا بانگی شێوان، بەم جۆرە گفتوگۆی لەگەڵ شاگردەکانی خۆیدا کرد ئامۆژگارییەکەی سەرچیای بەم جۆرە نوێژکردنە بڕاندەوە کە بەنموونەیەکی بێ هاوتای پاڕانەوە دائەنرێ لە خوا، گوتی:

(ئەگەر نوێژتان کرد بەخۆڕایی قسەکانتان دووبارە مەکەنەوە. چونکە پێش داواکردنی ئێوە خوای باوکتان، ئەزانێ چی لەدڵتاندایە و پێویستیتان بەچی هەیە بەڵام نوێژەکانتان وا بکەن: (ئەی باوکی ناو ئاسمانانمان، ناوت هەر بەرز و پیرۆزبێ گەورەیی خۆت بنوێنە ئارەزوو و فەرمانی خۆت دەربخە بەزەوییش وەک ئاسمان ڕەوا بفەرموو بەشی ئیمرۆمان نانمان پێ ببەخشە هەروەک ئێمە لەوانە خۆش ئەبین کە گوناه دەربارەمان ئەکەن، تۆیش لە

گوناهی ئێمە خۆش ببە مەهێڵە بکەوینە تەنگوچەڵەمەی تاقیکردنەوەوە بەڵام لە دەست پیاو خراپ ڕزگارمان بکە چونکە هەرچی سامان و هێز و گەورەیی هەیە، تاسەر، لە دەست خۆتایە خوا بکا ئەم تکایانەمان بێنە دی.)... چونکە ئەگەر ئێوە (چاو لە گوناه و هەڵەکانی کەسانی تر بپۆشن، باوکەکەی ئاسمانیشتان بەوجۆرە چاو لە گوناه و هەڵەکانی ئێوە ئەپۆشێ خۆ ئەگەر چاویشتان نەپۆشی لەگوناه و هەڵەکانی ئەو کەسانە، باوکیشتان چاو لە گوناه و هەڵەکانی ئێوە ناپۆشێ!...).

## ئەو ئافرەتە گوناهبارەی کە پەشیمان بووەوە لە کردەوەی خراپی خۆی!

ڕۆژێکیان مەسیح بانگ کرایە سەر شێو خواردن لە ماڵی یەکێک لە فەریسییە دەوڵەمەندەکان، خاوەن ماڵ ناوی (سەمعان) بوو لەپاش ئەمەی لە بابەت دەغڵودان و هیوای زۆریی بەروبوومی ئەوساڵەوە گفتوگۆیان کرد، دەربارەی باجەکان دووان کە تا ئەهاتن گرانتریان لێ ئەهات، ئینجا قسەیان لە بابەت بەند و باوی سەر شەڕوشۆڕی ناو ڕۆژ ئاواوە کرد کە تازە بڵێسەی ئاگرەکەی هەڵگیرسابوو... لەوکاتەدا ئافرەتێکی سەرو پرچ درێژی ڕەنگ زێرین سەری کرد بەژووردا، کراسێکی ئاوریشمی ناوازەی لەبەردابوو خاوەن ماڵ ناسییەوە چونکە لەوەپێش، بەبۆنەی شتێکەوە، هەردووکیان بەیەکەوە بووبوون، کەسی تریان لەگەڵدا نەبووبوو!...

بەڵام ئافرەتەکە، ئیمشەو خۆی وا پیشاندا، کە ئەو پیاوە خانە خوێیە ناناسێتەوە نەبایەخیدا بەسامانەکەی، نەبایەخیشیدا بەدەسەڵات و سایە و پایەکەی.

هەروەها، ئەوەیشی لەبیر خۆی بردەوە کە پیشەیەکی نەنگی هەیە، کە لە ڕووەکەشا دڵ کێش ئەکات، بەڵام لە ڕاستیدا هیچوپووچە ئنجا لە بریتی ئەوەی ڕوو بکاتە خاوەن ماڵەکە، کە دەوڵەمەندێکی بێ هاوتای ئەو ناوەبوو.

ڕووی کردە ئەو دارتاشە لاتە کە(یەسووع)یان پێ ئەگوت؛ ئافرەتەکە دانەوییەوە، پرشووشەیەک لە گوڵاوی نرخ گرانی بەسەر پێیەکانی مەسیحدا ڕشت.

پاش ئەوە پێیەکانی مەسیحی بەقژی سەری خۆی وشک کردەوە ئنجا دەستی کرد بەماچکردنی پێیەکانی، کە لەوکاتەدا فرمێسکیش لە چاوەکانیەوە ئەڕژایە سەر گۆناکانی!... فەریسییەکەیش بەپشم و قینێکەوە لەبەر خۆیەوە گوتی: (ئەگەر ئەم پیاوە پێغەمبەر بوایە پیشەی ڕاستەقینەی ئەم ئافرەتەی ئەزانی!)



وەک مەسیح ناو مێشکی کابرای خوێندبێتەوە، لای لێ کردەوە و بەدەنگێکی نەرمەوە پێی گوت:

(سەمعان، هەندێ قسەم هەیە پێتی ئەڵێم؛ پیاوێک هەبووە دەستیاوی داوە بەدووکەس، بەیەکێکیان پێنج سەد دیناری داوە، بەوی تریشیان پەنجا دینار جا لەبەرئەمەی کەسیان پارەیان نەبوو، دەستیاوەکەی بدەنەوە، کابراکە خۆی هەردووکیانی لەدانەوەی دەستیاوەکە بەخشی کامیان خاوەن دەستیاوەکەی زۆرتر خۆش ئەویست؟)

– دیارە ئەو کەسەیان زۆرتری خۆش ئەویست کەدەستیاوەکەی گەورەتربوو[١]

– تۆ ڕاست ئەکەیت چاوت لەم ئافرەتەیە چی ئەکات؟

تۆ ئاوت بۆ نەهێنام قاچەکانمی پێ بشۆم (ئەوساکە وا ڕاهاتبوون)[٢] بەڵام ئافرەتەکە، هەر بەوە وازی نەهێنا کە بەفرمێسکەکانی چاوی پێیەکانی شتمەوە، بەقژەکانی سەریشی وشکی کردنەوە شووشەیەک ئاوی گوڵاوی نرخ گرانیشی ڕژاند بەسەریاندا تۆ هیچ ماچێکی منت نەکرد بەڵام ئافرەتەکە لەوساوە کە هاتۆتە ژوورێ تا ئێستاکە هەر قاچەکانم ماچ ئەکات بۆیە من لە گوناهە زۆرەکانی خۆش ئەبم، چونکە خۆشەویستیی زۆر پیشان داوە!)... پاش ئەوە ڕووی کردە ئافرەتەکە و پێی گوت: (هەرچی گوناهێکت هەیە چاوی لێ پۆشرا!...)... ئنجا بێ ئەمەی گوێ بداتە ڕق هەڵسانی خانە خوێکەی، مەسیح سەری شووشە گوڵاوەکەی داخستەوە و دایەوە دەست ئافرەتەکە، پێیشی گوت:

(بڕۆ خوات لەگەڵ بێ باوەڕ پێ هێنانەکەت بەخوا[٣] لە سزای ئەو گوناهانەی پێشووتی ڕزگار کردیت) ئنجا چووە دەرەوە...

(١) یان: زۆرتر بوو.

(٢) وا باوبوو.

(٣) باوەڕ هێنانەکەت...

## چیرۆکی کوڕی ون بوو

مەسیح ناوبانگی بەوە دەرکردبوو، کە قسەی نەستەق و واتەی پێشینانی ئەدا بەگوێی گوێگراندا. هەرچەند کارەساتێک ڕووی ئەدا، یەکێک لەوقسانەی ئەخوێندەوەوە و بەتەواوەتی لێکی ئەدایەوە، تا دانیشتوان بەتەواوی تێی بگەن یەکێک لەو قسانە (چیرۆکی کوڕی ون بوو)بوو کوڕەکە زۆری لە باوکی کرد، هەرچی بەرئەکەوت لە کەلەپوورەکەی[٣] لێی سەند کەچی هێشتا باوکیشی نەمردبوو، پاشان بەهەڵەداوان ڕووی کردە شارێکی دوور، تا باوکی ئاگای لە کردەوە و کاری نەبێ لەوشارەدا هەرچی پارەیەکی پێ بوو، بۆ ئافرەتێکی یاری خۆی بەختی کرد.

ئافرەتەکە لەژێرەوە لەگەڵ چەند کەسێکی مەی خۆر و قومارچیدا ڕێک کەوتبوو، پوول و پارەیان بەدەست کوڕەوە نەهێشت!... ئنجا کە گیرفانی کوڕەکەی مالییەوە و هیچی تیانەهێشتەوە، کوڕەکەی بەڕەڵڵا کرد و خۆی تێ نەگەیاند کوڕەکە یەجگار پەرێشان بووبوو دوایی ناچاربوو ببێتە شوانی بەراز لەگەڵ ئەوەیشا بەئاواتەوە بوو، کە لەو دانەوێڵەیەی بەرازەکان ئەیخۆن، دەستی بکەوێ و ئاهی سکی خۆی پێ بشکێنێ بەڵام ئەوەیشی دەست نەئەکەوت! ئنجا کە شپرزەیی بەتەواوەتی سەری تێ کرد و ڕەنجەڕۆ بوو، بڕیاریدا بگەڕێتەوە لای باوکی.

پەشیمان ببێتەوە لەکردەوەی خراپی خۆی و، داوای بەخشینی گوناهەکانی لێ بکات!... تکایشی لێ بکات: بەڵکو وەک یەکێک لە پیاوەکانی خۆی دای بمەزرێنێ!...

بەڵام باوکەکەی، هەر ئەوەندە لە دوورەوە چاوی پێکەوت، بەزەیی پیا هاتەوە و چوو بەپیریەوە دەستی کردە ملی و ئەملا و ئەولای ماچ کرد دەستێ جلوبەرگی تازەی کردە بەری و بەپیاوەکانیشی گوت گوێرەکە قەڵەوەکەی بۆ سەر ببڕن، گوتی: (بام دڵمان خۆش بێ و دەست بکەین بەشادمانی چونکە ئەم کوڕەمان کەمردبوو ژیایەوە، ئەم کوڕەیشمان کە ون بووبوو دۆزرایەوە!)...

پاش ئەمە مەسیح گوتی: (هەر بەم جۆرە، خوای گەورەیش کە باوکی ئاسمانیتانە، پڕ بەدڵ ئارەزوو ئەکات کوڕەکانی کە بریتین لە مرۆڤی سەر زەمین لە کردەوەی خراپی خۆیان بگەڕێنەوە و، بەپەشیمانیەکەوە بگەڕێنەوە لای خۆی...).

(٢) لە میراتیەکەی، بەشەکەی.



## خزمی تۆ کێیە؟!

پشتیوان (محامی)ێک جارێکیان لێی پرسی: (گەورەی خۆم کام ئامۆژگاری لە هەموویان گرنگ ترە؟)... لە ڕاستیدا پرسەکە، مەسیحی تەنگەتاوکرد، وەرامەکەی گران بوو... چونکە ئامۆژگارییەکان ژمارەیان ئەگەیشتە (٢٤٨) دانە، کە ڕەنگە هەموویان لە یەک بارستایی دابووبن... بەڵام مەسیح وای وەرامی کابرا دایەوە: (خوای خۆتت خۆش بوێ، بەهەموو دڵێکتەوە، لە هەموو دەرونێکتەوە، بەهەموو هۆشێکتەوە، بەهەموو توانایەکتەوە خزمی خۆیشت وەک خۆت خۆش بوێ)... پشتیوانەکەیش لێی پرسی: (خزمی من کێیە؟)... لەسەر ڕەوشتی خۆی، مەسیحیش وێنەیەکی بۆ هێنایەوە، گوتی:

(پیاوێک لە (ئورشەلیم)ەوە ئەڕۆیشت بۆ (ئەریحا)، ڕێگاکە مەترسیی ئەوەی لێ ئەکرا کە پڕبێ لە تەنگوچەڵەمەی دزو ڕێ گر ژنەکەیشی ئامۆژگاریی کرد، خۆی بگرێ تایەکێکی دەست ئەکەوێ لەگەڵیا بڕوا بەڕێدا لەوێدا، کوڕێکی بچووکی هەبوو هەڵی دایە و گوتی: باوکی هاوڕێیەکی هەیە، ئەیەوێ بەو ڕێیدا بڕوات ئەویش (سامیری)بوو... هەر ئەوەندە باوکی کوڕەکە بەوەی زانی، لە کوڕەکەی خۆی ڕاپەڕی و وەک یەکێک دووپشک پێوەی دابێ بەسەریا قیژاند، گوتی:

(چۆن تۆ ئەبیتە هاوڕێی کوڕی سامیرییەکی پیس!؟.

ئەی ئەوە نازانیت کە سامیرییەکان ژن و ژن خوازییان هەیە لەگەڵ عەجەمەکاندا، کە ئەمە چەند سەد ساڵێکە بەسەر داگیرکردنی ئەواندا تێپەڕیوە؟...

حەز ئەکەم بزانیت کە ئەم کردەوەیەت کار لە کاروفرمان و بازرگانی و ناوبانگیشم ئەکات!...)

(کابرا، پێشنیازی کوڕە بچکۆڵەکەی خۆی خستە پشت گوێ بەتەنیا ڕۆیشت بەڕێگادا لە ڕێگادا دزەکان هوروژمیان بردە سەری هەرچی پێ بوو لە سامان و بەرگ و پۆشەنی لێیان سەند برینداریشیان کرد لە بارێکی گیانەڵاوییشدا بەجێیان هێشت!... پیاوێکی ئایینی بەلایدا تێپەڕی چاوی پێیکەوت، بەڵام ڕووی لێ وەرگێڕا و ملی ڕێگای خۆی گرت و ڕۆیشت... پاش ئەوە پیاوێکیش لە هۆزەکەی خۆی بەلایدا تێپەڕی، خۆی تێ نەگەیاندو ڕۆیشت بەرێی خۆیەوە...

دوایی (سامیری)یەک بەلایدا تێپەڕی ئەم بەزەیی پیاهاتەوە، وەستا و برینەکانی شوشت و ڕۆنی لێدا پاشان سواری چوارپێکەی خۆی کرد و بردی لەگەڵ خۆیدا، تا

گەیاندیە میوانخانەیەک لە خاوەن میوانخانەکەیش تکای کرد کە ئاگای لێی بێ و بەتەنگیەوە بێ تا چاک ئەبێتەوە پاشان و پێشەکی دوو لیرەی دایە، تا لەوە پاش چی لەسەر مابوو بیداتێ...).

کە مەسیح قسەکەی تەواوکرد، ڕووی کردە پشتیوانەکە و گوێ گرەکان، لێی پرسین: ئەوانە کامیان خزمی کابرای ڕێبوار بوون؟)... پشتیوانەکەیش گوتی:

(ئەوکەسەی بەزەیی پیاهاتەوە و بەکەڵکی هات!.)

مەسیحیش پێی گوت: (کەواتە تۆیش برۆ وابکە!...) شاکارەکانی مەسیح، یەک لەدوای یەک دەرکەوتن.

هەریەکە بەبۆنەی کارەساتێکەوە دەرئەکەوتن مەسیح و شاگردەکانیشی لەناو کەشتییەکی بچکۆڵەدابوون. ئەوەندەی نەمابوو کەشتییەکە نوقوم ببێ مەسیحیش لە گێژەڵووکەکە تووڕەبوو و تێی خوڕی[1] دەمودەست وەستایەوە... لەوێدا پێی گوتن: (کەم باوەڕەکان، ئایینەکەتان بۆ کوێ چووە؟!...).

جارێکی تریش ئەچووە (کفر ناحوم) لەناو ئەو کۆمەڵانەدا کەدوای ئەو کەتبوون، ئافرەتێکی نەخۆش هەبوو، بەدەیان ساڵ بوو بەونەخۆشییەوە مابووەوە، پزیشکەکەکان بۆیان چاک نەکرابووەوە نەخۆشییەکەی خوێن بەربوون بوو.

ئافرەتەکە خۆی گەیاندە لای مەسیح پەنجەیەکی دا لە داوێنی کراسەکەی دەمودەست خوێنەکەی وەستایەوە مەسیحیش هەستی وا بەخۆی کرد، کە هێزێک لە لەشی چووەدەرەوە پرسی: ( کێ بوو لێم کەوت؟) ئافرەتەکەیش خۆی خستە بەر پێی، دانی بەوەدانا کە پەنجەی لە کراسەکەی کەوتووە.

مەسیحیش پێی گوت: (ئایینەکەت چاکی کردیتەوە برۆ خوات لەگەڵ بێ)...

هەر لەو ڕێگایە دابوو، پیاوێک لە سەرۆکەکانی کۆمەڵی جوولەکان، کە ناوی (یابرس) بوو، بەهەڵەداوان ڕای کردە لای مەسیح تکای لێ کرد کە لەگەڵیا بڕواتە ماڵی خۆیان، بەڵکو کچە نەخۆشەکەی بۆ چاک بکاتەوە.

لەوکاتەدا، پیاوێک کە نێررابووە لای ئاگاداری بکات لە مردنی کچەکەی، گەیشت و پێی گوت: (مامۆستامان ماندووم مەکە، کچەکەت مرد!)... باوکی کچەکە ئەوەندەی

(١) تێی خوڕی: بەتوڕەییەوە داوای لێکرد.



نەمابوو لە داخانا بکەوێ و لەهۆش خۆی بچێ بەڵام مەسیح دڵی دایەوە و لەگەڵیا چوو... کە چووەناو ماڵی کابراوە، ئافرەتەکان شیوەنیان ئەکرد مەسیحیش لێی پرسین: (بۆچی ئەگرین؟ کچەکە نەمردووە ماوە بەڵام نوستووە!...). ئەوانیش گاڵتەیان پێهات، پێکەنین بەقسەکەی بەڵام مەسیح دەستی دایە دەستی کچەکە و پێی گوت: (کچێ هەستە!). کچەکە دەمودەست ڕاست بووەوە و هەستایە سەرپێ!.

## ساڵی دووەم

## کولێرەکان و ماسییەکان

شاژن (هیرۆدیا)، ئەوەی خستبووە مێشکی خونکاری مێردیەوە، کە ئەگەر (هیرۆدس)، خۆی، (یوحەننای مەعمەدان) بکوژێ، بەجارێک ڕزگاری ئەبێ لەدەست ئەو دڵ کرمێیەی کە (یوحەننا) مێشکی ئەوی پێ ژەهراوی کردووە، لە بابەت داگیرکردنی (هیرۆدیا)وە لە مێردەکەی یەکەمی کە برای خۆی بوو هەروەها ئەوەیشی خستبووە دڵی مێردەکەیەوە، کە ئەگەر (یوحەننا) بمرێ، ئیتر نەتەوە بێدەنگ ئەبێ و، واز لە توانج و پلاریش ئەهێنێ کە لە شاژنی بگرێ، کە شووەکەی نەنگ و ناپەسندە لە خونکاری ئێستا کە هیرۆدسە!.

بەڵام لە دوولاوە، (هیرۆدیا)، بەهەڵەدا چووبوو چونکە مردنی (یوحەننا)، قسەکانی یوحەننا و چاوترساندنەکانی یووحەننای لەبیر خونکار و شاژن نەکردە دەرەوە هەروەها مەسیحیش کە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی ئایینە تازەکەی گرتبووە ئەستۆی خۆی، لە شێوەیەکی دروست و بێ هاوتادا، لە ناو هەموو خاکی جوولەکاندا ئەو فرمانەی بەجێ هێنابوو. لە ڕاستیدا (یووحەننا) بوو کە ئەم نامەی خواییەی ناوبرد و ئاشکرای کرد بەڵام ئەو هەر ئەوەندەی کرد کە ڕێگای بۆ مەسیح کردەوە بەڵام ئەوەی مەسیح کردی دەربارەی ئایینە تازەکە، شتێکی وابوو کە هەرگیز نەبینرابوو، هەرگیز بەبیری کەسیشدا نەئەهات کە بەو جۆرەی ببات بەڕێوە!... بەم ڕەنگە لە دوای کوشتنی (یووحەننا)، ناوبانگی مەسیح پەنجا ئەوەندە بڵاوبووەوە!...

بیروباوەڕەکانی مەسیح و ئامۆژگارییەکانیشی، بەهەمووولایەکدا بڵاوبوونەوە بەتایبەتی لەپاش ئەوەی کە خوای گەورە دەسەڵاتی ڕەوا فەرمووبوو بەشاگردەکانیشی، کە ئەوانیش وەک مەسیح، بتوانن نەخۆش چاک بکەنەوە و شاکاریی بێ هاوتا بنوێنن مەسیحیش ڕووی کردە ئاسمان و بەسوپاسێکەوە نوێژی کرد بۆ خوای خۆی.

پاش ئەوە گوتی: (ئەی ئەو کەسانەی ماندوون و بارتان گرانە، هەمووتان وەرنە لام، تا بتانخەمە سرەوتەوە)...

(هیرۆدس)، بەهۆی پیاوە قسە دزەکانیەوە، ئەم کارەساتانەی بەر گوێ ئەکەوتەوە پیاوەکانی تێیان گەیاند، کە ئایینی مەسیحی بەناو (٢٠٤) شار و دێهاتدا بڵاوبۆتەوە!... کە خونکار ئەوەی بیست، مەسیح، توانیوێتی بەپێنج کولێرە و دوو ماسی، پێنج هەزار کەس تێر بکات، کە ئەو خواردەمەنییانە لای کوڕێک بوون کە لەلای خونکار بوو فرمانی بۆ ئەبینن بێجگە لەوە لەپاش تێرخواردنی ئەو پێنج هەزار کەسەیش هێشتا بەشی دوانزە سەبەتەی تر نان مابوو!... یەجگار دڵتەنگ بوو... خونکار نەی ئەتوانی بەرپەرچی ئەم کارەبێ هاوتایە بداتەوە چونکە پێنج هەزار کەس ئاگای لەوەبووبوو...!.

پاشان بەهیرۆدس یان گوت کە کۆمەڵێک لە شۆڕشگێڕان دامەزراوە، بۆ ڕزگارکردنی خاکی جوولەکەکان لە دەست فەرمانداریی ڕۆماییەکان سەرۆکەکەیان ناوی (باراباس)ە ئەمانە ئەیانەوێ بەزۆر بەئامانجی خۆیان بگەن لەناو خۆیشیاندا گەلە کۆمەکێ یان کردووە، کە (مەسیح) بفرێنین و بەزۆر بیخەنە جێگای (هیرۆدس)... کاتێ کە دەستیان دایە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەیان، مەسیح بەرپەرچی بیرەکەی دانەوە و خۆی لێ شاردنەوە، چووە ناو شاخەکانەوە!... لەگەڵ ئەمەیشا (هیرۆدس) هەر ئەترسا لە مەسیح ئەترسا لەوەی کە مەسیح زۆر خۆی پێ نەگیرێ لە بەرامبەر هانەدان و بزواندن و چەواشەکردنی ئەو شۆڕشگێڕانەدا نەوەک ڕۆژێک بێت، لە قسەی خۆی پاشگەز بێتەوە و بچێتە سەر قسەی ئەوان و تەختی شاهی لە دەستی ئەو دەر بهێنێ!...

جا لێرەوە بوو، کە دەس و پێوەندەکانی خونکار، ئامۆژگاری (هیرۆدس)یان ئەکرد، کە مەترسییەکە، لە پێش گەورە بوونیا، لە ڕەگوڕیشەوە دەربهێنرێ ئەوەیش بەوجۆرە پێک ئەهات کە لە زووترین کاتدا مەسیح لەناو ببات!...

جارێکیان هیرۆدس، کەوتبووە ترس و لەرزێکی تەواوەوە، نیازی وابوو ڕوو بەڕوو لەگەڵ مەسیحدا دابنیشێ بەڵام ژنەکەی لەوە ئەترسا کە مێردەکەی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کەسایەتییە بەهێزەکەی ئەم پێغەمبەرە تازەیەوە زۆری لەگەڵا خەریک بوو تا ئەو بیرەی لە مێشک هێنایە دەرەوە!...

خونکار فەرمانیدا بەباڵبازەکان: مەسیح و شاگردەکانی تەنگەتاو بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە دوای ئەکەون لە ترسا هەندێک لەدوا کەوتووەکان خۆیان لێ کێشایەوە هەروەها



هەندێکی تریش بەبیانووی گرانی بەجێ هێنانی بەندەکانی ئاینەکەوە کە گوایا پڕن لە توندوتیژیی و وشکی وازیان لێ هێنا!... فەریسییەکانیش کە بریتی بوون لە جوولەکە وشک و کەللە ڕەقەکان، ئەمەیان بەهەلزانی، تاتوانیان تەنگوچەڵەمەیان بۆ مەسیح دروست کرد و داویان بۆ نایەوە، بۆ ئەمەی شپرزەی بکەن جارێکیان لە ڕووی گوێگرەکانیا لێیان پرسی: (بۆچی تۆ خۆت و شاگردەکانت خواردەمەنی ناپەسند ئەخۆن؟ کە ئەیخۆن بۆچ بەدەستی پاکەوە نایخۆن؟). ئەویش دەمودەست وەرامی دانەوە گوتی: (ئێوە قسەی پێغەمبەر ئەشعیاء[1] تان لەسەر جووت ئەبێ[2]، کە ئەڵێ: (ئەم نەتەوەیە هەر بەدەم من ئەپەرستێ بەڵام دڵی دوورە لەمنەوە!)... ئەی ئێوە ئەوە نازانن کە ئەوەی ئەچێتە ناودەمەوە، پیاو پیس ناکات. بەڵام ئەوەی لەدەم دێتە دەرەوە پیسی ئەکات!...)

مەبەسی مەسیح لەم قسەیە ئەوە ئەبێ، کە قسەی سەرزاری پیاو پیس ئەکات!...

## خۆ دەرخستن

مەسیح گواستیەوە بۆ بەرەو ژوور، بۆ (صیدون)؛ ئەم شارە بەندەرێک بوو کەوتبووە سەر کەناری زرێی سپیی ناوەڕاست لە شارە هەرە کۆنەکانی جیهان ئەژمێررا. بەلای خۆیەوە وابوو، کە گەیشتە ئەوێ، ئەتوانێ چەند ڕۆژێک بەئاسوودەیی ڕاببوێرێ و ببووژێتەوە چونکە لەوێ کەس نایناسێ!. بەڵام زۆری پێ نەچوو، بەهاتنی مەسیحیان زانی.

بەزانینی هاتنەکەی، پشووەکەی بڕایەوە!... چونکە لە هەموو لایەکەوە، پۆل پۆل، نەخۆش و دەردەدارەکان خۆیان ئەگەیاندە لای چاکیان بکاتەوە ئافرەتێکی فینیقی هاتە لای، ئەپاڕایەوە کە کچەکەی چاک بکاتەوە، گیانێکی پیس چوو بووە ناو لەشیەوە... کە دوورنیە تووشی جۆرە (فێ)یەک بووبێ بەڵام مەسیح ویستی پلەی ئایینی ئافرەتەکە تاقی بکاتەوە، قسەیەکی سووکی پێ گوت تا تووڕەی بکات پێی گوت: (ئەوە جوان نییە نان لەدەم کوڕان بسێنرێتەوە و دەرخواردی سەگان بدرێ!)... ئافرەتەکەیش، بێ ئەمەی ئایینەکەی کزببێ، وەرامی دایەوە گوتی:

(١) ئەشعیا (سەدەی ٨ پ.ز): یەکێکە لە چوار پێغەمبەرە گەورەکانی ئیسرائیلیەکان، دژایەتی لەگەڵ مەلیک (ئاحاز)ی ئیسرائیلی دەکرد، پێشبینی لە دایکبوونی مەسیحی کرد.

(٢) یان: بەسەرا دەچەسپێ.

(گەورەی خۆم، سەگانیش هەر لەو پاش ماوەی نان خواردنە ئەخۆن کە لەپاش خاوەنەکانیان ئەمێنێتەوە!) مەسیح سەری سوڕما لە هێزی باوەڕ و ئاییینی ئافرەتەکە دەست بەجێ کچەکەی بۆ چاک کردەوە!... پاش ئەوە گەڕایەوە (جەلیل)، پیاوێکی کەڕوکوێری لەوێشدا چاک کردەوە!...

ڕۆژی دوایی، شاکارە بێ هاوتاکەی نان دەرخواردانەکەی خۆی دووبارە کردەوە چوار هەزار کەسی بەحەوت کولێرە و چەند ماسییەک تێرکرد!... مەسیح بۆ شاگردەکانی خۆیی ئاشکرای کرد؛ کە بەم زووانە ئەچێ بۆ (ئورشەلیم) لەوێدا دوژمنەکانی ئازاری ئەدەن، تا ئەیسپێرن بەمەرگ!... لەپاش چەند ڕۆژێک لەگەڵ شاگردەکانیا: (پترۆس) و (یووحەننا) و (یەعقوب)، گەیشتنە سەر شاخێکی نزیک لەوێدا بەچۆک داهات، دەستی کرد بەنوێژکردن لە پڕ شاگردەکانی هەستیان پێ کرد، کە کارەساتێکی ناهەمواری لێ ڕوو ئەدات چونکە دەموچاوی مەسیح گۆڕرا جلوبەرگەکانیشی سپی هەڵگەڕان وەک بەفر.

(پەترۆس) گوتی: (مەسیح لەشێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا دەرکەوت!...)... پاش ئەوە لەم لاو لەولایەوە دوو تارمایی دەرکەوتن، قسەیان لەگەڵ مەسیح ئەکرد.

شاگردەکان پەییان بەوە نەبرد کە چۆن زانیان ئەو دوو تارماییە: (مووسا) پێغەمبەر و (ئیلیا)[1] پێغەمبەرن بینینی چاو ئەندازەکە هەمووی، لە توانای کەسدا نەبوو، تەنانەت ئەوانەی ئەیانبینی، چاویان قوڕس بوو و خەو ڕژابووە چاویانەوە، نووستن...

کاتێ کە ئەم خۆ دەرخستنەی عیسایە تەواوبوو ئەوانیش لەخەو ڕاپەڕین، (پەترۆس) گوتی: (بام سێ کەپر دروست بکەین، سێبەرتان بۆ بکەن یەکێک بۆ تۆ و یەکێک بۆ مووسا و یەکێکیش بۆ ئیلیا!...).

لەو کاتەدا هەورێک پەیدابوو سێبەری بۆ هەموویان کرد گوێیشیان لە دەنگێک بوو گوتی: (ئا ئەوە کوڕە خۆشەویستەکەمە گوێی لێ بگرن)... شاگردەکانی ئەوەندە ترسان کەوتن بەڕوودا سەر زەوی[1] نەیشیان توانی ڕاست ببنەوە تا مەسیح دەستی بەسەرداکێشان کە ئاووڕیان دایەوە، لە مەسیح بەولاوە کەسی تریان نەدی!...

---

(١) ئیلیا (دەوروبەری ٨٨٠- ٨٥٠ پ.ز): ئەمیش لە پێغەمبەرانی ئیسرائیلییەکانە، دژی بتپەرستی وەستایەوە؛ بۆیە (ئیزابل)ی ژنی (ئاحاب)یش ئازارو ئەشکەنجەی دەدا، فرمانیدا بەکوشتنی پیاوە ئاییینیەکانی ناو پەرستگای (باعال)، دوایی بەعەرەبانەیەکی ئاگرینەوە هەڵکێشرایەوە بەرەو ئاسمان (ئەلیشاع)ی قوتابی خۆی جێگاکەی گرتەوە.

(٢) بەڕوودا کەوتنە سەر زەوی، لە پەو ڕووکەوتنە...



## نموونەیەکی مل کەچی

مەسیح دەستی کرد بەتێگەیاندنی شاگردەکانی، کەمردنێکی زۆر خراپ ئەمرێ، لەسەر دەستی ئەوانەیشدا ئەمری کە هیوای پێیان بوو لایەنی ڕاستی و دروستی بگرن. پاش ئەوە پێی گوتن کە خەو بینینی خۆدەرخستنەکەی خۆی بەکەس نەڵێن، تا خۆی لەناو مردووواندا ڕاست ئەبێتەوە. ئەوکاتە لە مەبەسەکەی مەسیح تێ نەگەیشتن.

وای زانی کە ڕاست بووەوە لە گۆڕ، خاکێک بۆخۆی پێکەوە ئەنێ لەسەر زەویدا خۆیشیان لەو خاکەدا پایەی بڵند بڵندیان بەر ئەکەوی دەستیان کرد بەبەربەرەکانێ لەسەر ئەو پایانە. کێیان ئەبێ بەسەرۆک و کێیشیان ئەبێ بەژێر دەستی!. کە مەسیحیش زانی چی بەناو دڵیاندا دێ پێی گوتن: (هەر کامێکتان ئەیەوێ ببێ بەیەکەم کەس). (بام ببێ بەدوامین کەس بام کاری بەکەڵک بۆ هەمووان بکات!)

پاش ئەوە منالێکی گرت بەدەستیەوە و لە ناوەڕاستی هەموویاندا داینا ئنجا گوتی: (ئەگەر خۆتان نەکەنەوە بەمناڵ، هەرگیز ناچنە بەهەشتی ئاسمانانەوە هەر کەسێ بەناوی منەوە منالێکی وا بەخێو بکات، وەک کاری بۆ من کردبێ وایە هەرکەسێ کاری بۆ منیش کردبێ، وەک کاری بۆ ئەوکەسە کردبێ کە منی کردووە بەڕاسپێرراوی خۆی وایە).

## سێیەم ساڵ

## ئافرەتە سەماکەرەکانی پەیکەرەگا!

هەرچەندە پیاوەنهێنییەکانی سەرۆکەکانی جوولەکە نەیانتوانی مەسیح تووشی داوی خۆیان بکەن، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە خەریکی تێوەگلاندنی بوون... بەڵام ڕەنجەڕۆ و وەڕس نەبوون... تەنگوچەڵەمەی ڕاستەقینە بۆ مەسیح و شاگردەکانی، لەوکاتەوە دەستی پێ کرد کە جەژنە بەناوبانگەکەی (کەپرەشینە) نزیک بووەوە... دەربارەی ئەم جەژنە ئەیانگوت: (هەرکەسێ ئەم جەژنەی نەدیبێ، گەورەیی ئۆرشەلیمی نەدیوە!)... هەر سیانزە کەسەکە، دەستیان کرد بەگەشتە سامناکەکەیان بەرەو پایتەخت بۆ هەر جێگایەک ئەچوون، دوژمنەکانیان و پیاوەکانی سەرۆکەکانی جوولەکە بەدوایانەوەبوون تەنانەت (سامیرە)ییش کە جاران بەرەو پیریان ئەچوون و میوانداریان ئەکردن، ئەمجارە بەساردێکەوە بەرەو ڕوویان چوون کە (یوحەننا) و (یەعقوب) ئەمەیان لێ دین، ڕقیان لێ هەڵسان و داوایان لە مەسیح کرد ئاگرێک لە ئاسمانەوە داباریێنێ بەسەر دانیشتوانی شارەکەدا

بیانسووتێنیَ!... بەڵام مەسیح بەداخێکەوە سەری خۆی ڕاوەشاند و گوتی: (ئێوە هەتاکەی بەناشێتی ئەمێننەوە و نازانن کە من بۆ کوشتنی مرۆڤ نەهاتوومەتە جیهانەوە، بۆ ڕزگارکردنیان هاتووم؟!).

ئامۆژگارییەکان و وانەکانی عیسا کە ئەیدان بەگوێی هەمواندا، دوژمنەکانی خۆی هێنابووە سەرسوڕمان جاروبار لە خۆیان ئەپرسی ئەیانگوت: (ئەو ئەم تێگەیشتنەی لە کوێ دەست کەوتووە، کە هێشتا ئەوەندەی نەخوێندووە کە پێی بڵێین زانا؟!.)

کە دەستەو کۆمەڵەی عیسا لە پایتەخت نزیک بوونەوە، شاگردەکانی لە پێش خۆیدا چوونە ئەوێ (ئورشەلیم) پڕبووبوو لە هاتووچۆکەر و ڕێبوار کە لە هەمووولایەکەوە ڕوویان تێ کردبوو، بۆ ئەمەی بەبۆنەی جەژنە گەورەکەی خۆیانەوە ئاهەنگ بکەن.

ئاهەنگەکەیان لەناو خێوەتدا ئەگێڕا، کە بەکرێیان ئەگرتن.

لە ئاهەنگەکەدا بیرەوەریی باو و باپیرە کۆچەرەکانی خۆیان ئەهێنایەوە یادی خۆیان، کە لە شوێنی وادا ئەژیان کە لە پێستی بزن دروست ئەکران... پەیکەرگاکە لەو شەوەدا بووبووە چراخان و بەجوانی ڕازابووەوە کۆڕەکەی پێش دەمی پڕبووبوو لەوانەی کە شا پلێتەیان بەدەستەوە گرتبوو، گریان لێوە ئەهات، لەو ئافرەتە سەماکەرانەی دەف و چەقەنەیان بەدەستەوە بوو لێیان ئەدان، هەروەها لەو ساز و ئاواز لێ دەرانەی کە کەلوپەلی سازەکەیان تەلداربوون... لەپاش ئەمەی ئەو شەوەیان ڕابوارد لە نزیک پەیکەرگاکەوە، ڕۆژهەڵهات و نەتەوەیش دوای پیاوە ئایینییەکانی خۆی کەوت بۆ ئەستێرکەکەی (سولەیمان).

ئەوانە ئاویان لە ئەستێرکەکە دەرئەهێنا و ئەیانکردە جامێکی واوە کە لەزێڕی پوختە دروست کرابوو، پاشان ئاوەکەیان ئەپرژاند بەسەر ئەو جێگایەدا کە مەڕیان تیا سەرئەبڕی لە پەیکەرگاکەدا...

هەر کەسێک لە ئێوە بێ گوناهە بام بەردی تێ بگرێ!

بەڵام مەسیح ئەوشەوەی لەسەرچیای زەیتون ڕابوارد، کە کەوتبووە ڕۆژهەڵاتی پایتەختەکەوە کەچی دوژمنەکانی پرس و ڕاوێژیان بەیەکتر ئەکرد لەناو پەیکەرگاکەدا، بۆ ئەمەی بیخەنە داوێکەوە و بیکوژن بەڵام بەشێوەیەکی وایش لە ناوی ببەن کە دواکەوتووەکانی مەسیح، کە ئەودەمە لە دەیان هەزاران تێپەڕیان کردبوو، قینیان هەڵ نەستێ و نەووروژێن!... کە داوەکەیان بۆ مەسیح نایەوە، ئەبوو لە ڕۆژی دواییدا ئاواتەکەی خۆیان ببەنە سەر کە ئەوکاتە هات دەست پێ بکەن، مەسیح لەناو



پەیکەرگاکەدا دانیشتبوو، ئامۆژگاریی ئەو کەسانەی ئەکرد کە لێی کۆبوونەوە، فێری بەندەکانی ئایینەکەی ئەکردن.

لە پڕ چەند کەسێک هاتنە بەر دەمی، ئافرەتێکیان بەدەستەوەبوو، ڕاپێچیان کرد بوو لەگەڵ خۆیاندا.

پێیان گوت: (کە هاتن بەسەر ئەم ژنەدا داوێن پیسیی ئەکرد، ئایینی مووسایش ئەڵێ بەردە بارانی بکەن، ئەی تۆ چی ئەفەرموویت؟!).

لە ڕاستیدا فێڵەکەیان، زۆر زانایانە بوو چونکە ئەوان لەوە دڵنیابوون کە (ڕۆڵەکەی ناسرە)، خاوەنی ڕەوشتی چاوپۆشی و بەزەیی پیاهاتنەوە، لەوانەنیە کە فەرمانبدات ئافرەتەکە بەردباران بکەن... ئەگەر هاتوو پێی گوتن گوێ مەدەنە فەرمانی ئایینی موسا و بەردبارانی مەکەن، بەتاوانبار دائەنرێ، چونکە بەربەستی جێبەجێکردنی فەرمانی تەوڕات ئەکات ئەوساکەیش، بەکوشتنی نەبێ سزا نادرێ!...

... بەڵێ داوەکەیان یەجگار ورد و توند وتۆڵ بوو!...

بەڵام مەسیح چاوێکی بەهەموویاندا خشاند[١] پاشان دانەوییەوە و بەپەنجە دەستی کرد بەنووسین لەناو خۆڵەکەدا... ئنجا سەری بەرزکردەوە و بەخاوەن سکاڵاکانی گوت: (هەر کامێکتان گوناهی نەکردووە بام بەردێکی تێ بگرێ!)... پاشان دانەوەییەوە دەستی کردەوە بەنووسین لەسەر گڵەکە!... هەر کامێکیان ئەهاتە پێشەوە و خوێن گەرمانە ئەیویست فەرمانەکەی تەوڕات جێبەجێ بکات، سەیری ئەوەی ئەکرد کە مەسیح لەسەر زەوییەکە بۆی نووسیووە، کە گوناهەکانی خۆی لەسەر خۆڵەکە ئەخوێندەوە ئەگەڕایە پاشەوە و سەری دائەخست و لەبەرد هاویشتن سارد ئەبووەوە!...

بەم ڕەنگە هەرکەسێ لەوێدابوو، بەپیروجوانەوە، یەک لە دواییەک کشانە دواوە ئنجا کە مەسیح لە ژماردنی گوناهەکانی ئەو کەسانە بووەوە، سەری هەڵبڕی، کە تەماشای کرد کەس لەوێ نەماوەتەوە، ئافرەتە داوێن پیسەکە نەبێ!...

ئەویش بەچاوێکی پڕ خۆشەویستی و بەزەیی و پیاهاتنەوەوە تەماشایەکی ئافرەتەکەی کرد بێ ئەمەی بەچاوی سووک سەیری بکات، بەڕوویەوە پێکەنی ژنەکە گەشکەدار بووبوو لەو ڕەوشتە چاوپۆشییەی مەسیح، سەری لێ سوڕما بوو... پاشان لە ئافرەتەکەی پرسی:

(١) چاوێکی بەهەموویاندا گێڕا.

(کوان ئەوانەی ئەیانویست بەردبارانت بکەن؟ ئاخۆ کەسیان بەردیان پیانەماڵیت؟!.)...

ژنەکەیش گوتی:

– (نەء گەورەم کەس بەردی پیانەماڵیم).

مەسیحیش گوتی:

(منیش بەردت پیا ناماڵم... بڕۆ بەڕێی خۆتەوە. بەڵام جارێکی تر گوناهی وا نەکەیت!).

ئافرەتەکەیش وەک هەورە تریشقەی بەرکەوتبێ، گەشکەداربووبوو، سەری سوڕمابوو، نەی ئەزانی ئەو قسانە چۆن لێک بداتەوە!... پاشان گەڕایەوە ماڵی خۆی!...

## شاکاری کوێر چاککردنەوە

چیرۆکی ئەو ئافرەتە داوێن پیسە، کاری کردە دڵی هەموو دانیشتوانی شاری (ئورشەلیم) چ ئەوانەی لە ماڵەکانی خۆیاندابوون، چ لە کۆمەڵەکاندا، چ لەناو ئەندامەکانی کۆڕی ژوورووی پەیکەرگاکە خۆیدا، کەسێک نەمایەوە ئەم کردەوەیەی مەسیحی بەدڵا نەچێت و پەسندیشی نەکات.

بەڵام ئەم کردەوەیە، گڕی بەردایە دڵی دوژمنەکانی مەسیح بەوەی پێشوو وازیان نەهێنا دەستیان کردەوە بەداو نانەوەیەکی تازە!... بەڵام ئەوانە زۆرچاوەڕوانیان نەکرد!... ڕۆژێکیان مەسیح لە کۆڵانێکدا بەپیاوێکی کوێر گەیشت شاگردەکانیشی بەوەیان ئەزانی کە ئەو کابرایە هەر لە مناڵییەوە بەکوێری لە دایک بووە لە مەسیحیان پرسی:

(مامۆستا گیان! گوناه گوناهی ئەم پیاوە خۆیەتی یان گوناهی باوک و دایکێتی، کەوا بەکوێری لە دایک بووە؟!)

ئەویش دەمودەست وەرامی دانەوە گوتی:

(نەخۆی، نەباوک و دایکی، لەمەدا گوناهێکیان نییە ئەو بۆیەکا وا لە دایک بووە، کە کاری گەورەی خوای تیا دەربکەوێ!)... پاشان تفێکی کردە سەر خۆڵەکە و تۆزە قوڕێکی لێ شێلا دای لە چاوەکانی کوێرەکە پێی گوت: (بڕۆ لە ئەستێرکەکەی سولەیمان دەموچاوت بشۆ) لەپاش تاوێک کوێرەکە گەڕایەوە لای مەسیح، لە خۆشیاندا هەڵ ئەپەڕی... چونکە چاوەکانی ئەیانبینی!...

فەریسییەکان و دوژمنەکانی مەسیح، لەداخانا شەقیان بردبوو هیچیان بۆ نەمابووەوە



پێی بڵێین ئەوە نەبێ کە: (لە ڕۆژی شەممەدا نەخۆشی چاک کردۆتەوە کە بەوکردەوەیەی بەندەکانی ئایینی مووسای شکاندووە!)... کاتێ کە هۆشیان هاتەوە بەرخۆیان و لەدەست ئەو دڵشکاوی و ڕەنجەڕۆییە تۆزێک حەسانەوە ئەو قسەیەیان بڵاوکردەوە، کە کابرا بەدرۆ ئەیگوت چاوم کوێرە!... بەڵام باوک و دایکی کابراکە هەموویانیان بەدرۆ خستەوە، چونکە خۆیشیان دانیان پیانا کە کوڕەکەیان هەر لە مناڵییەوە بەکوێری لە دایک بووە.

لە کابراکە خۆیشیان پرسی: (چۆن تۆ بڕوا ئەکەیت کە گوناهبارێکی وەک مەسیح بتوانێ چاوت چاک بکاتەوە؟)

کابرایش گوتی: (من ئەوە نازانم کە مەسیح گوناهبار بووبێ، یان گوناهبار نەبووبێ، من هەر ئەوەندە ئەزانم کە من کوێربووم، بەڵام وا ئێستا چاوم ئەبینێ!).

## دوو جۆری ئافرەت!

خێزانێک هەبوو لە شاری (بێت عەنیا)[1]دا کە لە دۆستەکانی مەسیح بوو خێزانەکە بریتی بوو لە لاوێک کە ناوی (ئەلیعازر) بوو لەگەڵ دوو خوشکیا کە ناویان (مەرثا) و (مەریەم) بوو. ئەویش هەرچەند بەوشارەدا تێ بپەڕیایە، سەرێکی لەو خێزانە ئەدا ئەوانیش میوانداریەکی جوانیان ئەکرد و گوێیشیان لە وتار و ئامۆژگارییەکانی ئەگرت بەتایبەتی (مەریەم) لە خوار مەسیحەوە دائەنیشت و بەدڵ گوێی ئەدایە قسەکانی بەڵام (مەرثا)ی خوشکی وانەبوو ئەو وەک زۆربەی ئافرەتە جوولەکەکان، هەر خەمی کاروباری ناو ماڵی هەبوو ئەوەندە گوێی نەئەدایە کاروباری بیروگیان. ڕۆژێکیان (مەرثا) هاتە لای مەسیح بەدڵشکاوییەکەوە، سکاڵای کرد لە دەست (مەریەم)ی خوشکی، کە خۆی هیچ فرمانێک ناکات و ماڵەکە بەسەر ئەوەوە بەجێ ئەهێڵێ!... مەسیحیش بەنەرمییەکەوە پێی گوت: (هەرچی تۆی، خووت داوەتە زۆرشت بەڵام (مەریەم)، ئەو بەشە باشەی هەڵ بژاردووە، کە هەتا سەر لێی ناسەندرێتە!).

مەسیح بەوقسەیە، دەرگایەکی بۆ (مەریەم) کردەوە کە لەوێوە بچێتە ناو کۆڕی بیر و هۆشەوە؛ کە تا ئەوساکە تەرخان کرابوو بۆ پیاوان (مەریەم) بوو بەتۆوی ئافرەتی باو، کە ئیمرۆکە لەگەڵ پیاودا شان بەشانی یەکتر ئەوەستن!...

---

(١) بیت عەنیا، یان: (عازریە)؛ گوندێکە لە فەلەستین، لە ڕۆژهەڵاتی قودسەوە، دەیدەنە پاڵ ئەو (عازەر)ەی کە حەزرەتی مەسیح بەمردوویی زیندووی کردەوە.

دوای ئەوە شاکارەکانی مەسیح پەیتا پەیتا ڕوویاندا... مەسیح دەستی کرد بەچاککردنەوەی چاوی کوێران، بەچاککردنەوەی لەشی گرِوێیان، هەر نەخۆشێک نەخۆشیی کاریگەری پێوە بوایە و کەس بۆی چاک نەکرایەتەوە ئەو چاکی ئەکردەوە!... دوژمنەکانی دامابوون، نەیان ئەزانی چۆنی تووش بکەن!...

یەکێک لە دەوڵەمەندەکانیان، بیری لەوە کردەوە، مەسیح بانگ کاتە لای خۆی نان و خوانێکی ناوازەی پێشکەش بکات بەڵکو بتوانێ ڕێگای پێ بگۆڕێ و بیهێنێتە ناو ڕیزی خۆیانەوە کە مەسیح هەستی کرد، لە ناو دەروونی کابرادا چی هەیە، بڕیاریدا، وانەیەکی باشی تێ بگەیێنێ.

بێ ئەمەی دەستەکانی بشوات، دانیشتە سەرخوانەکە نان بخوات کە کابرا ڕووی خۆی گرژکرد، مەسیح پێی گوت: (فەریسییەکان! ئێوە هەر دیوی دەرەوەی جامەکە پاک ئەکەنەوە کەچی هەناوی خۆتان بەدڵ پیسییەوە ئەهێڵنەوە... ئێوە کاری ڕواڵەت ئەکەن... ئێوە وەک ئەو گۆڕانە وان کە لە دەرەوە (سپییکاری کراون... کەچی لەناودا پڕن لە ئێسکوپروسکی ڕزیوو گەنیو و بۆگەن!)...

## دەوڵەمەندەکان و چوونە بەهەشت!

مەسیح بەوەی زانی کە زۆری نەماوە لە جیهاندا بمێنێتەوە... هەستی بەوەیش کرد کە پێویستە لەسەری شاگردەکانی خۆی وا فێری ئایینەکەی خۆی بکات، کە بتوانن لەپاش مردنی خۆی، نامەی خواییەکەی ئەو بگەیێنن بەجێی خۆی.

بەندەکانی ئایینەکەی خۆی بۆ ڕۆشن کردنەوە، لە بابەت گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتییەوە، وەک ژن هێنان و بێ ژن و بێ مێردی و بەڕەڵڵاکردن. یەکێکیان لێی پرسیی، گوتی: (ئەو کەسەی مەبەسی ئەوەبێ خوای خۆی دڵ خۆش بکات، کامیان بکات باشترە، ژن بهێنێ یان بەبێ ژن بمێنێتەوە؟)

ئەویش وەرامی دایەوە گوتی:

(هەر کەسێ بەئارەزووی خۆی هات و خۆی ڕزگارکرد لە پەیوەندیی خێزانی و گەڕوگێچەڵەکانی، بەو مەبەسەی خۆی تەرخان بکات بۆ فرمانی خوای خۆی... لای خوا خۆشەویست تر ئەبێ...) هەندێک ئافرەتیش منداڵەکانی خۆیان بەباوەشەوە گرتبوو، هێنابوویانە لای مەسیح پیرۆزباییان لێ بکات و دەست بەسەریاندا بهێنێ.



کە شاگردەکانی خەریک بوون بەربەستیان بکەن لە هاتن مەسیح تێی خوڕین گوتی: (بهێڵن بام منداڵەکان بێننەلام بەربەستیان مەکەن لە هاتن چونکە بارەگای ئاسمانی بۆ ئەو جۆرە کەسانە تەرخان کراوە)...

پاشان لەوە دووا، بۆ کۆمەڵەکان، کە خوا چەند خەمی مرۆڤ ئەخوات گوتی: (تەنانەت ئەو چۆلەکەیەیش کە بەبێچوویەک ئەفرۆشرێ، لە بیری خوا ناچێتە دەرەوە...

تەنانەت تووکی سەریشتان لای ئەو ژمێرراوە... هەموو کەسێک هەرچەندێ کەم بێ لای خوا نرخی ناوازە و بێ هاوتای خۆی هەیە)...

پاشان خەفەت خواردنی خۆی بۆ گێڕانەوە لە بابەت دڵ ڕەقی دەوڵەمەندەکانەوە دەربارەی هەژارەکان.

لاوێکی دەوڵەمەندیش پێی گوت: (چی بکەم باشە بۆ ئەوەی ژیانی تا سەرم دەست بکەوێ؟).

مەسیحیش پێی گوت: (ئامۆژگارییەکانی خوا لەبەر بکە) لاوەکەیش گوتی: (هەر لە منالیمەوە هەمووم لەبەرکردوون!)... مەسیحیش بەڕوویەکی خۆشەوە سەیری کرد و پێی گوت: (بڕۆ هەرچییەکت هەیە بیفرۆشە و نرخەکەی دابەش بکە بەسەر هەژاراندا. پاش ئەوە دوام بکەوە)... کوڕەکەیش بەدڵێکی شکاو و خەمبارەوە کشایە دواوە و ڕۆیشتەوە کوڕەکە لە دەوڵەمەندەکان بوو لەوێدا مەسیح واژە بەناوبانگەکەی خۆی فەرموو، گوتی: (چوونی حوشترێک بەکونی دەرزییەکا ئاسانترە لەوەی کە دەوڵەمەندێک بچێتە بەهەشتەوە!)...

مەسیح مەبەسی لە وشەی (کونی دەرزی)، کونی دەرزیی ڕاستەقینە نەبوو مەبەسی لەو درزە تەنگەبوو کە لە دیوارە گەورەکانی شارەکەدا پەیدا ئەبوو، لە کاتی دەرگا کردنەوەی ئێوارانداا، کاتێ کە تەنگوچەڵەمەیەکی پەلەپەل ڕووی بدایە و پێویستی بەکردنەوەی دەرگاکە بکردایە چونکە درزی دەرگاکە ئەوەندە تەنگ بوو مەگەر حوشترەکە هەرچی بارێکی پێوەیە لێی بکرایەوە و بەکۆششێکی زۆرەوە پاڵی پێوە بنرایە، ئنجا ئەچووە ئەو دیو دەرگاکەوە!...

پاش ئەوە وانەیەکی تریشی فێرکردن لە بابەت چاو پۆشی و گوناه بەخشینی کەسانی ترەوە یەکێکیان لێی پرسی: (ئەبێ ڕۆژی چەندجار چاو لە گوناهی براکەم بپۆشم؟ ڕۆژی حەوت جار؟)... کەمەسیحیش فەرمووی: (نەء. حەفتا جار ئەوەندەی حەوت جار!)...

## مردوو زیندوو ئەکاتەوە!

لە (مەریەم) و (مەرثا)یشەوە نامەیەک هات بۆ مەسیح کە (ئەلیعازر)ی برایان کەوتووە لە جێگادا نەخۆشە مەسیح (ئەلیعازر)ی برایانی خۆش ئەویست لەگەڵ ئەمەیشا، خۆی خایاند، درەنگ چوو بۆلای مەبەسی لەو درەنگ چوونەش ئەوەبوو کە باوەڕیی شاگردەکانی خۆی بەهێزتر بکات لەپاش دوو ڕۆژ پێی گوتن: (ئەلیعازری خۆشەویستمان مردووە بەڵام من ئەچم لە خەو ڕای ئەپەڕێنم)... کە گەیشتە ماڵی خێزانەکە، (مەرثا) بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە لای مەسیح ماڵەکەی بەجێ هێشت لە شیوەن و گریاندا بەزمانێکی پڕ گلەییەوە بەمەسیحی گوت: (گەورەم، ئەگەر تۆ لێرە بوویتایە، براکەم نەئەمرد!) ئەویش وەرامی دایەوە گوتی: (براکەت ڕاست ئەبێتەوە)... ئەویش گوتی: (منیش ئەوە ئەزانم کە لە ڕۆژی ڕاست بوونەوەدا[1] ئەویش وەک هەموو کەسێک ڕاست ئەبێتەوە)... بەڵام مەسیح وەرامی دایەوە گوتی: (منم ڕۆژی ڕاست بوونەوە منم ژیان ئەگەر تۆ باوەڕت بەخوا ببێ، گەورەیی خوات چاوپێ ئەکەوێ!)... پاش ئەوە (مەریەم)یش هات بەلایەوە و لەبەر پێیدا خۆی نوشتاندەوە ئەویش دەستی کرد بەگلەیی و شین و گریان مەسیح لێی پرسی: (لە کوێتان داناوە؟).

کە (مەریەم) گۆڕی براکەی خۆی پیشاندا، مەسیحیش دەستی کرد بەگریان... پاشان گوتی بەردی سەر گۆڕەکەی لابەن کە بەردەکەیان لابرد، سەیرێکی ئاسمانی کرد و لە خوا پاڕایەوە، گوتی: (ئەی باوکی هەموان، بۆ ئەمەی ئەم نەتەوەیە باوەڕ بەوە بکات، کە تۆ منت بۆ ئەوان ڕەوانە فەرمووە، تکات لێ ئەکەم بەئاواتی خۆم بگەیێنە)... بەسەر ئەوەدا پشوویەکی بێ دەنگوسەنگی سامناک ڕۆیشت، ئنجا مەسیح بەدەنگێکی یەجگار بڵندەوە قیژاندی گوتی: (ئەلیعازر هەستە بێرە دەرەوە!)... زۆری پێ نەچوو، مردووەکە بزووتەوە پاشان ڕاستبووەوە و هەستایە سەرپێ مردوو پۆشەکەی هێشتا لەبەردابوو!... مەسیحیش گوتی: (مردوو پۆشەکەی لێ بکەنەوە، بام بڕواتەوە ماڵەوە!.)...

ئەوەیش ئاسانە کە زیندووکردنەوەی (ئەلیعازر) بهێنرێتە پێش چاو، کە چ کارێکی کردبووە دڵی نەتەوەوە لەپاش ئەمەی کە لەپشت لاشەکەیەوە ڕۆیشتبوون تا بەخاکیان سپاردبوو!... ئەم کارەساتە گەلێک ئەنجامی زرنگ کاریی گرنگ و بەسامی لێوە چاوەڕوان ئەکرا!...

(١) ڕۆژی زیندوو بوونەوە (یوم القیامة)یە کە لێرەدا هاتووە.



ئەگینا چ ڕێزوسامێک بۆ سەرۆکەکان و پیاوە ئایینیەکان و سەردارە کاربەدەستەکان ئەمایەوە، کە هەرچی نەتەوە هەیە، هەمووی هۆگری مەسیح ببێ؟!...

بێجگە لەوە، بیروباوەڕەکانی مەسیح کاریان ئەکردە سەر ڕەوشت و خووە ئایینیەکانیان کە پارەیەکی زۆریان پێ کۆئەکردەوە جا ئەگەر بێتو دەسەڵات و هێزی ئەوان کەم ببێتەوە، فەرمانڕەوایی ڕومایش ڕوویان لێ وەرئەگێڕێ و لەگەڵ مەسیحدا ئاشنایەتی پەیدا ئەکات و کاروباری نەتەوەکە بەهۆی ئەوەوە هەڵ ئەسووڕێنێ، کەوای لێ دێ هەر ئەو بەنوێنەری نەتەوە بزانێ!... کەواتە سەر سوڕمانی پێ ناوێ کە بزانین، خەو لە چاوەکانی (قیافا)[1]دا نەمابوو، کە زاوای سەرۆکی پیاوە ئایینیەکانی جوولەکەکان بوو لە ئەنجامی ئەم خەموپەژارەیەیدا، (قیافا) تووشی نەخۆشییەکی ڕیخۆڵە بووبوو هەرچەند نانی ئەخوارد، ئەو ژانەی پێ ئەگەیشت!...

دوایی لەپاش ڕاوێژێکی دوورودرێژ، قیافا بڕیاریدا لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیا کە (چاکتر ئەوەیە یەکێک بمرێ لە نەتەوە، نەک نەتەوەکە هەمووی!).

بەڵام لەوکاتەدا، مەسیح خەریکی ئەوەبوو، کە لە شاگردەکانی خۆی بگەیەنێ، کە ئەو ڕۆژە نزیک بۆتەوە، بکەوێتە ژێر چنگ سەرۆکەکان و پیاوە ئایینیەکانەوە، کە ئەمانەیش هەتا پێیان ئەکرێ ئازاری ئەدەن تا گیانی لەبەر ئەبڕن...

بەڵام لە ڕۆژی سێیەمدا لە گۆڕدێتە دەرەوە!...

## پەشیمان بوونەوەی (زەکا)ی دەیەک کۆکەرەوە

ڕۆژی جەژنە گەورەکە هات. ئەو جەژنەی کە هەموو نەتەوەکە ڕوویان ئەکردە (ئورشەلیم)، بۆ سەردان لە پەیکەرگاه و پێشکەش کردنی (بەرخ)ی جەژن، بەبۆنەی بیرەوەریی دەربازبوونی نەوەی ئیسرائیلەوە لە خاکی (میسر) و ڕزگاربوونیان لە دیلی و بەندەیی مەسیح و شاگردەکانیشی خۆیان ئامادەکرد بچنە (ئورشەلیم) بۆ ڕابواردنی ڕۆژەکانی جەژن لە پەیکەرگاکەیدا، بەچەشنی هەزاران کەسانی تر کە بۆ ئەو مەبەسە هاتبوونە ئەوێ بەڵام شاگردەکانی پەیبیان بەوە نەبرد کە مەسیح مەبەسی لەم چوونە چییە و ئەنجامی ئەم سەر لێدانە بەچی ئەگات، کەچی مەسیح ئەوەیشی بیرخستبوونەوە کە ئازاری ئەدرێ...

(١) قیافا: سەرۆکی پیاوە ئایینیەکانی جوولەکەکان بوو کە فەرمانی مردنی بەسەر حەزرەتی مەسیحدا دا.

جا لەو کاتەدا کە کۆمەڵەکەیان بەناو شاری (ئەریحا)دا تێ ئەپەڕێ، پیاوێک هەبوو، ناوی (زەکا) بوو، ئەیویست مەسیح ببینێ بەڵام ئەوەندە کورتە بنەبوو، کۆمەڵەکانیش ئەوەندە بەچڕی و پڕی لەوێدا کۆبووبوونەوە، هەرچەندی ئەکرد نەی ئەتوانی چاوی بەمەسیح بکەوێ دوایی ناچاربوو هەڵگەڕا بەدرەختێکدا (زەکا) سەرۆکی دەیەک وەرگرەکان بوو، کە دەیەکی هەموو شتێکیان وەرئەگرت بەخواردەمەنی و کشتوکاڵیشەوە، بۆ کەڵکی فەرمانڕەوایی ڕۆما جا لەبەر ئەوەی (زەکا) ئەم فرمانەی پێ سپێررابوو، نەتەوە حەزیان لێ نەئەکرد، بەچاوی سووکیشەوە سەیریان ئەکرد لەبەرئەوە ئەوانەی لەوێدا کۆبووبوونەوە، سەریان یەجگار سوڕما لەوەی کە مەسیح لەبن درەختەکەوە تێپەڕی گفتوگۆی لەگەڵ (زەکا)دا کرد مەسیح تێی خوڕی: (زەکا! تا زووە بێرە خوارەوە چونکە پێویستە ئیمڕۆ لە ماڵی تۆدا بمێنمەوە!...)... پەکوو لەو خۆشییەی کە کەوتە دڵی زەکاوەوە!... چونکە زەکای نەنگەویست و کەنەفت کراو، بەم قسەو کردەوەیەی مەسیحە، سەربەرزییەکی گەورەی دەست کەوت... فەریسییەکانیش هەتا بڵێیت بەمە قینیان هەڵساو پیشیان خواردەوە چونکە ئەوەیان زۆر پێ ناخۆش بوو کە مەسیح بچێتە ماڵی یەکێکی واوە کە بە(گوناهبار)یان ئەزانی!...

بەڵام چوونە ماڵەکەی (زەکا) لەلایەن مەسیحەوە، کارێکی گەورەی کردە دڵ و دەروونی خاوەن ماڵەکەوە چونکە لە بڕانەوەی سەرلێ دانەکەدا، زەکا هەستایە سەر پێ و گوتی: (خوای گەورە، تۆ ئاگات لێ بێ، ئەوا نیوەی سامانەکەم ئەبەخشم بەهەژاران خۆ ئەگەر بەدگۆییم لە یەکێکیش کردبێ، ئەوا چوار ئەوەندەی دەستیاوەکە ئەدەمەوە!)

مەسیح لە کاتی گەشتەکەیا بۆ (ئورشەلیم)، بەلای گوندی (بێت عەنیا)دا تێ پەڕی لە ماڵی پیاوێکا حەسایەوە نان بخوات، ناوی (سەمعان) بوو (مەریەم)ی خوشکی (ئەلیعازر)یش هاتە پێشەوە، لەبەر پێی مەسیحدا دانیشت (ئەلیعازر) خۆیشی لە تەنیشت مەسیحەوە دانیشتبوو مەریەمیش شووشەیەکی پڕ لە گوڵاوی نرخ گرانی کردەوە و ڕشتی بەسەر پێیەکانی مەسیحدا پاشان بەپرچە درێژە ڕەشە شۆڕبووەکەی قاچەکانی مەسیحی سڕی...

فەریسییەکان بەچاوێکی پڕ لە پشم و قینەوە سەیرێکی یەکتریان کرد بەتایبەتی (یەهووذا)یش کە شاگردێکی مەسیح بوو و کرابوو بەپاسەوان و سەرکاریی سنووقی هەژاران، کە ئەویش دزێک بوو بۆ خۆی، وەک ئەوان سەیرکردنە پڕپشم و قینەی کرد پاشان لەناو خۆیاندا ئەمەیان گوت: (ئەم دەست بڵاوی و پارە بەفیڕۆ بەختکردنەوەی بۆ چییە؟



ئەی ئەوە چاکتر نەبوو، شووشە گوڵاوەکە بفرۆشرێ و نرخەکەی لە سنووقی هەژاراندا دابنرێ؟)

بەڵام مەسیح، هەستی پێ کردن، بیر لەچی ئەکەنەوە پێی گوتن: (ئێوە بۆچی ئەم ئافرەتە تەنگەتاو ئەکەن؟... ئەو بۆیەکا ئەوەی کرد کە ئامادەم بکات بۆ ناشتن لە گۆڕدا... منیش پێتان ئەڵێم کە هەتا (ئینجیل) لەناودا بمێنێتەوە، یادی کردەوەی ئەم ئافرەتەی تیا ئەکرێتەوە!...).

## بارەگای زیندوو لە یەک شەممەی لقی دارخورمادا

ڕۆژی دوایی مەسیح دەستی کردەوە بەڕۆیشتن بۆ ئورشەلیم ئەو ڕۆژە، ڕۆژی یەک شەممەی پێش جەژنی گەورەبوو مەسیح شاگردەکانی خۆی هەر لەگەڵدابوو ڕێگا کە پڕبوو بوو لەوانەی کە بۆ بینینی ئورشەلیم و پەیکەر گاکەی هاتبوون هەریەکەیان لقی دارخورمایەکی بەدەستەوە بوو بەڵام ئەوەی کە بۆ شاگردەکانی مەسیح دەرئەکەوت ئەوەبوو کە ئەوە گەشتێکە بۆ سەرلێدانی پەیکەرگاهی ئورشەلیم دانراوە، تا بەبۆنەی جەژنی هەرە گەورەیانەوە ئاهەنگ بکەن ئەمیش ئەنجامەکەی بەوە گەیشت کە ناوبنرێ (گەورەترین سەرکەوتن لە مێژووی هەموو جیهاندا)... هەر ئەوەندە کاروانەکە گەیشتە (چیای زەیتون) کە نزیک بەپایتەخت بوو، هەر کەسێ لەوێدابوو، هەموو نەتەوەکە، لەملاو لەولای مەسیح کۆبوونەوە هەریەکەیان چڵەدار خورمایەکی بەدەستەوە گرتبوو، بۆ مەسیحیان ڕائەوەشاند، پێیان ئەگوت: (ئەی ئەو کەسە بەرز و پیرۆزەی کە بەناوی خواوە هاتوویتە ناومانەوە، ئامۆژگارییەکانتمان پێ بفەرموو)... پاشان دەستیان کرد بەڕاخستنی جلوبەرگەکانیان لە ناو ڕێگەکەدا... ئەو سەر گوروشتانەی کە لە بابەت گەورەیی و ڕازاوەیی بارەگای (چار= قیصر)ی ڕۆماوە ئەیگێڕنەوە، لە کاتی تێ پەڕبوونیا بەژێر کەوانەکانی سەرکەوتنیا لە ناو پایتەختەکەی خۆیدا، هەرگیزا و هەرگیز ئەوەیان لە باردانیە کە گەورەیی و ڕازاوەیی و شۆخ و شەنگیی بارەگاکەی مەسیح پیشان بدەن، کە هەمووی لە ناکاو، کوتوپڕ لە تاوێکدا دروست بوو و دامەزرا!... لەپاش ئەمەی مەسیح یەکێک بوو لە هەزاران خواناسان کە بۆ سەرلێدانی پەیکەرگای ئورشەلیم ئەچوو، لە پڕ بوو بەسەرۆکی ئاهەنگەکە. هەرچی نەتەوە هەبوو، چاوی بڕیبووە ئەو!...

کە کۆمەڵەکە، بەخۆیان و بارەگایانەوە گەیشتنە کۆڕی بەردەمی پەیکەرگاکە، هەرچی مناڵ هەیە لە مەسیح کۆبوونەوەو بەدەنگێکی بەرزەوە پێیان گوت:

(ئەی مەردی پیرۆز، ئەی نەوەی داوود پێغەمبەر، بفەرموو ئامۆژگاریمان بکە!)... بەڵام سەرۆکەکان و پیاوە ئایینیەکان، ئەوەندەی نەمابوو لە داخانا شەق ببەن لەبەرئەوە بڕیاریاندا ئەندازەیەک بۆ ئەمە دابنێن!... لەو کاتەدا کە پەیکەرگاکە پڕبوو لە هاوبیروباوەڕانی مەسیح، بێجگە لەوان، ژمارەیەکی زۆریش لەبێگانەکان هاتبوونە ئەوێ، هەر بۆ ئەمەی چاویان بەم پێغەمبەرە سەیرە بکەوێ!...

دوژمنەکانی مەسیح ویستیان تووشی داوێکی بکەن!...

لێیان پرسی: (ئایا ئێمە باج بدەین بەچار؟)...

پرسەکە، تەڵەیەکی تیا دانرابوو بۆ مەسیح، ئەگەر مەسیح بیگوتایە: (باج مەدەن بەچار)، شاهەنشاهی ڕۆما، لە کوشتن کەمتری لێ نە ئەکرد چونکە سزای هانەدانی نەتەوە بۆ سەرکێشی لە فەرمانڕەوایی کوشتن نەبێ هیچی ترنییە!... خۆ ئەگەر بیشی گوتایە: (باج بدەن بەچار)، ئەوا هۆگری و خۆشەویستیی نەتەوەی لە دەست ئەچوو چونکە ئەو بۆیەکا خۆشەویست بوو لای گەل، کە دوژمنی زۆرداری و دوو ڕوویی بوو!...

مەسیح دەمودەست لە مەبەسی خاوەن پرسەکان تێ گەیشت، ئنجا گوتی: (پارچەیەک دراووم پیشان بدەن... ئەم وێنەیەی تیایەتی هی کێیە؟)... گوتیان: وێنەی چارە... ئەویش گوتی: (کەواتە، هەرمافێک چار هەیەتی بیدەنێ هەر مافێکیش خوا هەیەتی بیدەن بەخوا!)...

ڕۆژی دوایی کە بەر ڕۆژی پێنج شەممەی ٣٠/٤/٧ زانین ئەکەوت، مەسیح دەستی کردەوە بە وتاردان لە بابەت ئایینە تازەکەی خۆیەوە... جێگای وتاردانەکەی پەیکەرگاکەبوو... (حەنانیا)ی سەرۆکی پیاوە ئایینیەکانی جوولەکەکانیش، لە پەنجەرەی ژوورەکەی خۆیەوە، گوێی لە دەنگە دەنگ و بزووتنەوەی نەتەوە بوو، کە لە دەرەوە ئەهات هەروەها گوێی لە دەنگی هاتنی هەزاران کەس بوو کە بۆ گوێ گرتن لە قسەی ئەم پێغەمبەرە تازەیە هاتبوونە ئەوێ لە پڕ (قیافا)ی زاوای هاتە ژوورەوە و دەستی کرد بەگفتوگۆکردن لەگەڵیا، لە بابەت ئەو تەنگوچەڵەمەیەوە کە بوونی مەسیح بۆی پەیداکردبوون کە مەسیح چەند بۆتە جێگای مەترسی بۆ سایە و پایە و سامانی خۆیان و کۆمەڵە و دەستەیان کە مەسیح چۆن بیری هەژارەکان ڕۆشن ئەکاتەوە لە بابەت ئەو جیاوازییە گەورەیەی کە هەیە لە ناوەند خۆیان و دەوڵەمەندەکاندا هەروەها کردەوە گەورە و بڵندەکانی مەسیحیش چۆن بوونەتە هۆی هۆگریی نەتەوە بەخۆیەوە!... نەتەوە تا یەت لە



مەسیح کۆئەبێتەوە... هێزی مەسیح و دەسەڵاتی مەسیح، تادێت پەرە ئەسێنن لەناو نەتەوەدا!... لەوێدا (حەنانیا) هەڵی دایێ گوتی: (کە کار گەیشتە ئەم ئەندازەیە، پێویستە ئەم پیاوە بکوژرێ ئەبێ زوویش بکوژرێ نەوەک نەتەوە وریا بێتەوە و لە داخانا پڕکێشی بکات و شۆڕش بنێتەوە!...

جا لەبەرئەمەی کە بڕیاری کوشتنەکەی مەسیح، ئەبێ لەلایەن سەردار (بیلاطسی بەنطی)[1]یەوە پەسند بکرێ، وامن جێبەجێ کردن و ڕێک خستنی ئەوە بۆ تێگەیشتوویی و هونەرمەندیی خۆت بەجێ ئەهێڵم!)...

(قیافا)یش پێی گوت: (چارەی ئەم کارەم دۆزیووەتەوە خۆم لەگەڵ شاگردێکی مەسیحدا ڕێک خستووە، کە ناوی (یەهوذای ئەسخەر یووطی)یە. ئەم پیاوە بەڵێنی داومێ کە باڵبازەکان لە جێگای مەسیح و لە مەسیح خۆی ئاگادار بکات نەوەک لە کاتی گرتنیا سەریان لێ تێک بچێ و لە ناو ئەو کۆمەڵە گەورەیەدا (بەهەڵە کەسێکی تر بگرن!...)...

پاش ئەوە (قیافا)، (یەهوذا)ی بانگ کردە لای (حەنانیا)[2]کە ببینێ یەهوذایش، دووبارە بەڵێنی پێ دانەوە و ئەوەیشی گرتەوە ئەستۆی خۆی کە مەسیح بداتە دەست باڵبازەکان بەڵام بەمەرجێ پەیمانی بدەنێ کە مەسیح ئازار نەدەن.

هەر ئەوەندەی لێ بکەن کە لەژێر چاودێریی یاساوڵەکاندا دایبنێن!...

بێجگە لەوە (یەهوذا)، دانی نا بەدڵ چاکی و کردەوە پاکی مەسیحدا هەروەها ئەوەیشی دەربڕی، کە باوەڕی بەهەموو کردەوە و کارێکی مەسیح هەیە... بەڵام کە لێیان پرسی: ئەی هۆی ناپاکیت چییە لەگەڵ مەسیحدا؟!. گوتی: لەم دواییەدا لە بابەت ئاسمانەوە و بارەگای خواییەوە قسەی سەیر سەیری ئەکرد!... کە ئەم چاوپێکەوتنە تەواوبوو، (حەنانیا) سی پارچە دراوی زیوی بەخشی بە (یەهوذا) لە پاداشتی ناپاکییەکەیدا. یەهووذایش، لەپاش کەمێک بەرپەرچ دانەوە، بەخشیشەکەی لێ وەرگرت!...

(١) پیلاتس بەنتی: فەرمانداری ڕۆمانی جوولەکەکان بووە (٢٦- ٣٦ز)، مەسیحی دا بەدەستەوە تا بیکوژن، دواییش خۆی لەوتاوانە گێل کرد و خوێنەکەی لە ئۆباڵی خۆی داماڵی.

(٢) حەننان: سەرۆکی پیاوە ئایینیەکانی جوولەکەکان بوو (٦- ١٥ز) و خەزوری (قیافا)یە، بەر لەوەی مەسیح دادگایی کرێ هێنایانە بەردەم ئەم.

## شێوی خوایی... دوایی

کە ئێوارە داهات، مەسیح لەگەڵ شاگردەکانی خۆیدا دانیشت شێویان لەگەڵ بخوات ئەوانە کەسیان بەبیریاندا نەئەهات کە ئەم شێوە، دوامین شێوە کە لەگەڵ مامۆستاکەیاندا ئەیخۆن دەستیان کرد بە مقۆمقۆ لە ناو خۆیاندا: ئاخۆ کامیان لە هەموویان گەورەتر دەرئەچێ!... مەسیحیش نەیهێشت ئەم هەلە لەدەست بدات ویستی دوامین وانەیان فێر بکات لەبابەت خۆکەم پیشاندانەوە[1] پەشتەماڵێکی لە خۆیەوە پێچاو ئاوی کردە ناو لەگەنێکەوە پاشان دەستی کرد بەپێشتنی شاگردەکانی خۆی ئنجا پێی گوتن: (ئێوە بانگم ئەکەن مامۆستا و گەورە جا کە من مامۆستا و گەورەی ئێوەبم و پێتان بشۆم، ئەی ئەبێ ئێوە چەند پێی یەکتر بشۆن؟!)...

شاگردەکان سەیریان کرد (یەهوذای ئەسخەر یووطی)، سەر ڕاستی سنوقی هەژاران، پەشۆکاوە خۆشی جەژنەکەی پێوە دیارنییە!... کە دەستیان کرد بەشێوخواردن، مەسیح پێی گوتن: (یەکێک لە ئێوەیە، کە من ئەدا بەدەست دوژمنەکانمەوە!)...

ئەوانیش بەسەرسوڕمانێکەوە سەیری یەکتریان کرد.

پاشان (یوحەننا) لێی پرسی: (کاممان ئەوەمان لەدەست دێ، گەورەم؟)... ئەویش فەرمووی: (ئەوکەسەی پاروویەکی لە چێشتەکە بۆ هەڵ ئەکێشم و ئەیدەمێ!)... پاشان پاروویەکی لە چێشتەکە هەڵکێشاو دایە دەست (یەهوذا)!...

پاشان گوتی: (حەزم ئەکرد، ئازاریان نەدامایە تا نانی جەژنیشم لەگەڵ ئێوەدا ئەخوارد!...)...

پاش ئەوە نانێکی گرت بەدەستەوە و شکاندی، پاشان سوپاسی خوای بەجێ هێنا ئنجا گوتی: (وەرگرن، بیخۆن ئەمە ئەو لەشەمە کە لە پێناوی ئێوەدا بەختی ئەکەم هەرچەند، نانتان خوارد و یادی منیشتان کردەوە، وا بکەن)... پاش ئەوە پڕ جامێک مەیی ترێی هەڵگرت بەدەستەوە پێشکەشی شاگردەکانی خۆی کرد گوتی: (ئەمە لەناو خۆتاندا دابەش بکەن چونکە ئەم جامە بریتییە لەسەردەمی نوێ من لە پێناوی ئێوەدا خوێنی خۆم ئەکەمە کاسەوە هەرچەند بەناوی منەوە مەی تان خواردەوە، وەها بکەن)...

ئەوانیش هەموو دەستیان کرد بەخواردن و خواردنەوە... تەنیا یەهوذا نەبێ کە خۆی لێ دەربازکردن و دوورکەوتەوە!

---

(١) خۆکەم پیشاندان: (تواضع) یان (خاکی).



## پەیکەرگایان کردبوو بەبازاڕی سووخۆر و کۆتر فرۆش!

هەروەک ئەو قسانە لە جیاتی ماڵ ئاوایی کردن و جیابوونەوە بووبێ لە ناوەند مەسیح و خۆشەویستەکانی ئەم جیهانەیدا وابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا پڕبوو لە ئامۆژگاری بۆ ئەوانەی لە دوای خۆیشییەوە ئەهاتن لە باوەڕکەران بەنامەکەی و ئەوانەیش کە سەر بە ئەو بوون... لەو بابەتانەی کە ئەو شەوە بەشاگردەکانی خۆی گوت ئەمەبوو: (ئەمە ئامۆژگاریی منە بۆ ئێوە: هەروەک من ئێوەم خۆش ویستووە، ئێوەیش یەکتریتان خۆش بوێ چونکە لە کۆڕی خۆشەویستیدا، هیچ شتێک ناگاتە ئەوەی کە پیاو خۆی بەخت بکات بۆ ئەوانەی خۆشی ئەوێن جا ئەگەر ئەم ئامۆژگارییەی منتان بەجێ هێنا، ئەوا منیش بەدۆست و خۆشەویستتان ئەزانم)...

(پەترۆس)یش پێی گوت: (گەورەی خۆم، من ئامادەم لەگەڵتابم تەنانەت ئەگەر بزانم بشم گرن یاخود بشم کوژن، واز ناهێنم هەر لەگەڵتا ئەبم!)...

مەسیحیش گوتی: (پەترۆس! وا من پێت ئەڵێم، هەتا کەڵەشێری بەیانیان ئەخوێنێ، تو سێ جار ئەڵێیت من مەسیح ناناسم!)... تا ماوەیەکی تریش هەر ئامۆژگاریی ئەکردن و فێری بیروباوەڕەکانی خۆی ئەکردن پاشان لەگەڵ هەموویاندا چووە دەرەوە، ناو باخچەیەک، کەپێیان ئەگوت (جیثمانی) ئا لەو کاتەدا، گەلەکۆمەکێکەرەکان، کە بە دزییەوە داویان بۆ مەسیح ئەنایەوە تێی کەوێ، واتا (حەنانیا) و (قیافا)، هەردووکیان هەستیان بەوەکرد کە پێویستە تا زووە بەدکارییەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن... ئەگینا چست و چالاکی مەسیح و کارگوزارییەکەی و کاریگەریی بیروباوەڕەکانی، لەوانەن کە دوا ڕۆژی چینە ئەریستۆگراتییەکەیان پڕ لە تەنگوچەڵەمە و کارەساتی سامناک بکەن!...

لەبەرئەوە (حەنانیا) سواری گالیسکەکەی خۆی بوو شاپڵێتە هەڵگرەکان لە پێشیەوە ئەڕۆیشتن... هەندێک لە پیاوەکانیشی لە پشتیەوە ئەڕۆیشتن... ڕۆیشت و ڕووی کردە کۆشکی (بیلاطسی بەنطی)... کەچی لە دڵا هیچ حەزی لێ نەئەکرد، لەبەرئەوەی کە ئەو نوێنەری هێزی ڕۆمابوو، کە فەرمانڕەوایی بەسەر خاکی جوولەکەدا ئەکرد... هەروەها لەبەرئەوەی کە ئەویش حەزی لە جوولەکە نەئەکرد... کاتێ گەیشتە کۆشکەکە، دەرگایان بۆ کردەوە ئەویش چووە ژوورەوە نیوکاتێکی پێ چوو بەگەشی و ڕوو خۆشییەکەوە هاتەوە دەرەوە... لە (بیلاطس) ئەوەی دەست کەوتبوو، کە هەر کاتێ بڕیار نامەی کوشتنی مەسیح هاتە بەردەم پەسندی ئەکات!...

که (حەنانیا) گەیشتەوە ماڵێ، کۆمەڵێک کرێکاری دڕ و بەدخووی دی، (قیافا)ی زاوای بۆ ئەوە کۆی کردبوونەوە لەوێدا کە هەرکاتێ ئارەزووی کرد، بیان کات بەگژ ئەو کەسەدا کە خۆی ئەیەوێ ئازاری بدات بەتەنشت ئەوانەیشەوە هەندێ لە پیاوە ئایینییەکان کۆبوونەوە، (قیافا) بەدناوی کردبوون بەوەوە کە لە فرمانی خۆیاندا کەم تەرخەمییان کردووە.

ئەگینا مەسیح ڕایەی نەئەکەوت بێ پەروا بێتە ناو پەیکەرگاکەوە و مێزەکانی دراو فرۆشەکان هەڵگێڕێنێتەوە و، کۆتر فرۆشەکان و مەڕ فرۆشەکانیش لە پەیکەرگاکە دەر بکات.

ئەو قسەیەیش بکات، بڵێ: (خانووەکەی من، بۆ نوێژ دانراوە و پەرستگای پێ ئەڵێن، کەچی ئێوە کرووتانە بەئەشکەوتی دزان!.)...

بێجگە لەو دوو کۆمەڵەیە، (قیافا) تیپێکی چەکداری ڕۆمانیشی ئامادەکردبوو، بۆ ئەمەی لە پێش ئەو کاروانە ڕێکخراوەوە بڕۆن خۆی گەیاندبووە ئەندامەکانی کۆڕی سەرۆکەکانیش بۆ ئەمەی مێشکیان ئامادە بکات بۆ ئەو کارەساتانەی کە چاوەڕوان ئەکران ڕوو بدەن!... زۆری پێ نەچوو، (یەهوذای ئەسخەر یوطی) گەیشتە جێ، بۆ ئەمەی کۆمەڵی گەلەکۆمەکێ کەرەکان بگەێنێتە ئەو جێگایەی مەسیحی لێیە... ئنجا (حەنانیا) لە زاواکەی خۆی پرسی: (کەواتە تۆ ئامادەیت ئەم فرمانە ببەیت بەڕێوە؟)... (قیافا)یش وەرامی دایەوە، گوتی: (بەڵێ ئامادەم، هەر ئێستا دەست پێ ئەکەم!)...

## ناپاکیی یەهوذا!

شەوبوو. کات لە نۆ تێپەڕی کردبوو تاریکە شەوێکی تەوابوو (یەهوذا) لەوکاتەدا دەستی کرد بەناپاکییە گەورەکەی خۆی ئەو کۆمەڵانەی هەموو گەیاندە سەر ئەو جێگایەی کە مەسیح نوێژی تیا ئەکرد واتا باخچەی (جثیمانی)، لەسەر چیای زەیتوون!... سەربازە ڕۆماییەکانیش بەبۆڵەبۆڵێکەوە لە یەکتریان ئەپرسی: (ئەو هەموو کۆڵانە و ئەم هەموو چەکانە ئەبێ بۆ گرتنی یەکێک کۆبکرێنەوە؟) کە گەیشتنە جێگاکە، (یەهوذا) لە ناو تاریکاییەکەدا چاوی ئەگێڕا بۆ مەسیح، بیدۆزێتەوە. دوایی دۆزییەوە نوشتابووەوە.

نوێژی ئەکرد ئەیگوت: (ئەی باوکی هەمووان، ئەگەر ئارەزوو ئەکەیت، ئەم جامی ژەهرەم لێ دووربخەرەوە... بەڵام بام لەسەر ئارەزووی توبێ، نەک لەسەر ئارەزووی من!) کاتێ کە لەنوێژبووەوە، چووەوە لای شاگردەکانی کە سەیری کرد نوستوون و خرپەی خەویان دێ



ئەویش هەڵیساندن لە خەو، بۆ ئەمەی نوێژ بکەن... لەوکاتەدا (یەهوذا) لێی هاتە پێشەوە و ماچێکی کرد ئەمەیش نیشانەیەک بوو، دانرابوو لە ناوەند ئەو و ئەو کۆمەڵەدا کەکێشی کردبوون بۆ ئەوێ، بۆ ئەمەی دەست نیشانەی ئەو کەسە بکات کە ئەیانەوێ بیگرن!.

که یەهووذا ئەوەی کرد، سەربازەکان، دەمودەست هاتنە سەر عیسا و گرتیان و خستیانە پێش خۆیان... بەڵام شاگردەکان ترسان و هەرایان کرد!... تەنانەت یەکێکیان کراسەکەی خۆی بەجێ هێشت بۆ ئەو سەربازەی ویستی بیگرێ و هەڕای کرد!...

مەسیحیش لەناو کاروانێکی ناحەزدا کێش کرا تا گەیاندرایە کن (حەنانیا)، کە چاوەڕوانی ئەکرد!... کە (حەنانیا) مەسیحی دی، سەری سوڕما لە مەندی و بەسامیی ئەو، ئەوەیشی زۆر بەدڵاچوو کە لە چاوە گەورە گەشەکانی مەسیحدا، پاکی و هێمنییەکی وای ئەدی، کە نیشانەی پاکی و بێ باکی و ئارامی دەروونی بوون!...

سەرۆکی پیاوە ئایینییەکانی، (حەنانیا)، دەستی کرد بەئاڕاستەکردنی تاوان و گوناه بەرامبەر مەسیح گوتی (هاوتای بۆ خوا پەیدا کردووە!...). پاشان داوای کرد لەبەردەم دادگادا چەندوچوونی لەگەڵدا بکرێ!...

لەوکاتەدا دەنگێکی دڵشکاوانە لە دەمی (یەهوذای ئەسخەر یووطی)یەوە دەرپەڕی، یەخەی (حەنانیا)ی گرت و پێی گوت: (ئێوە بەهاوتا پەیداکردن بۆ خوا، مەسیح بەدناو ئەکەن؟! ئەی بەڵێنیتان نەدا بەمن کە...؟)... بەڵام پێش ئەمەی (یەهوذا) قسەی خۆی تەواو بکات، سەربازێک پەلاماری دەمی داو گرتی، نەیهێشت ورتە لەدەمی بێتە دەرەوە!... لەوکاتەدا مەسیح بەدەستی بەستراوەوە کێش کرایە جێگایەک کە لە ماڵی گەورەی هەموو پیاوە ئایینیەکاندا بوو کە بەتایبەتی بۆ مەبەسی چەند و چوون لەگەڵاکردنی ئەو لەبەردەم دادگادا ئامادەکرابوو.

شەوەکەی یەجگار تاریک و نووتەک بوو ڕێگاکان کەسیان پیا نەئەهات، مەگەر ئەو کەسانەی کە بەپارە بەکرێ گیرابوون تا مەسیح بەدرۆ بەدناو بکەن!...

(پەترۆس)یش لە دوورەوە دوای کۆمەڵەکە کەوت.

ئنجا کە لەملاو لەولای ئاگرەکەوە دانیشتن، لە ماڵی گەورەی پیاوە ئاینییەکاندا چاوەڕوانی ئەوە بوون یەک بەیەک بانگیان بکەن تا دەربارەی مەسیح قسە بکەن. (پەترۆس)یش چووە ناویانەوە دانیشت کەنیزەکێک چاوی بە (پەترۆس) کەوت، ناسییەوە گوتی: (ئەم پیاوەیش لەگەڵ مەسیحدا بوو!...)... (پەترۆس) بەدرۆی خستەوە

گوتی وانیە من لەگەڵ مەسیحدا نەبووم!... تەنانەت بەرپەرچی ئەوەیشی دایەوە کە مەسیح ئەناسێ!...

بەدناو کــردنەکــە دووبارەکــرایەوە بەرپەرچ دانەوەکــانی (پەترۆس)یش سێ جــار دووبارەکرانەوە دوای ئەوە کەلەشێری بەیانی خوێندی... (پەترۆس) قسەکەی پێشووی مەسیحی بیرکەوتەوە، کە هاتە دی!... خۆی پێ نەگیرا لەوێ، لە ماڵەکە هاتە دەرەوە و دەستی کرد بەکوڵی گریان!...

## چەند و چوون کردن!

ئەو هۆڵەی کە بۆ چەند و چوون کردن دانرابوو لەگەڵ مەسیحدا، لەبەردەم دادگادا، پڕبووبوو لە کۆمەڵانی سەیرکەران بەدەیان چرای نەوتی تیا دانرابوو، کە ڕووناکیان کردبووەوە ناوبژیکەرەکان کە ژمارەیان خۆی ئەدا لە حەفتا کەس، دەستیان کرد بە دانیشتن لەسەر پشتیی نەخشێنراو، لە شێوەیەکی کەوانەییدا دانیشتن.

هەموویان سەری خۆیان ڕائەوەشاند و دەستی خۆیان ئەبزواند. سەریان سوڕمابوو لەو بانگکردنە ناکاوە لەونیوە شەوەدا. بۆ ئەمەی ئەو بەندییە بخەنە ژێر چەندوچوونی دادگاکەوە!. هەر لەو کاتەیشدا، ژمارەیەک لە ناوبژیکەرانی هەرزەکار لە نزیک ئەو ناوبژیکەرانەوە دانیشتبوون، بۆ ئەمەی هەر ناوبژیکەرێک لەو ناوبژیکەرە پیرانە، لە کاتی چەندوچوون کردنی دادگادا نەخۆش کەوت، یان لە پەلوپۆکەوت، یان مرد، یەکێک لەو لاوانە بچێتە جێگای، نەوەک کاری دادگاکە بوەستێ ئەو ناوبژیکەرانە، ئاییینی موسایان لەبەربوو. بۆ هیچ کەسێک ملیان نەئەدا، بۆ کەللە ڕەقی خۆیان و بۆ ترسی لەدەست چوونی سایەوپایەی خۆیان نەبێ!... ئەوانە لە زانستەکانی پزیشکایەتی و کیمیا و ئاسماناسی و چاوبەست کاری و زمانەکانی ڕۆمانی و یۆنانی و میسری و شتی تریشدا شارەزابوون!...

(حەنانیا)یش لە شێوەیەکی سامناکدا هاتە ژوورەوە لەسەر پشتی یەک، لەسەروو هەموویانەوە دانیشت لەو کاتەدا (قیافا) بانگی کرد: (یەسووعی ناسرەیی بێتە پێشەوە!)... مەسیحیش نزیک بووەوە، تا گەیشتە ناوەند دووستوون لە ستوونەکانی ناو هۆڵەکەدا لەوکاتەدا ئەوانیش یەک بەیەک هاتنە پێشەوە و بەدرۆ، ئەوەی فێریان کرابوو دەربارەی مەسیح گوتیان هەموویان دەریان بڕی کە گوێیان لە مەسیح بووە هاوتای بۆ خوا پەیدا کردووە!... یاخود گوتوویەتی: پەیکەرگاکە ئەڕووخێنێ و لە سێ ڕۆژیشدا سەرلەنوێ دروستی ئەکاتەوە!... یان گوتوویەتی کە خۆی کوڕی خوایە... هتد.



یەکێک لەو ئاگالێبوانەیش کە ناوی (نیقۆدیموس)[1] بوو، ڕاست بووەوە و گوتی: (لە مێژوودا جاری وابووە کە خوا لە شێوەی مرۆڤدا خۆی نوواندووە... ئێستایش هیچ شتێک لە ئارادانیە، کە بەربەستی ئەوە بکات، کە ئەو وێنەیە دووبارە ببێتەوە... پاش ئەوە گوتی: ناشێ چەند و چوون لەگەڵ ئەم تاوانبارە دابکرێ، تا چەند کەسێکی بۆ پەیدا نەکرێ، کە لەسەری بکاتەوە ئنجا دوایی قسەکانی خۆی بەوە هێنا کەوا چاکترە بەلای خۆیەوە، مەسیح بەڕەڵڵا بکرێ. گوتی: بەسیەتی شەونخوونی من پیرم، پیرییەتییەکەم ناچارم ئەکات کە هەرئێستا بچمەوە ناو جێگاکەی خۆم و بنووم!)...

## پەسندی ئەکەین... پەسندی ئەکەین!

ئەگەر ئەوانەی لەوێ دابوون، ڕاوێژیان پێ بکرایە، ئەبوو دەمودەست، لەسەر قسەی ئەم کابرایە، مەسیح بەڕەڵڵا بکرایە بەلام زۆری پێ نەچوو (قیافا) ڕاست بووەوە و، لە جلوبەرگە ناوازەکانیا خۆی نوواند، بەکەش و فشێکەوە قیڕاندی بەسەر ناوبژیکەرەکاندا، ئەیویست کاریان تێ بکات مەسیحی بەدناو کرد بەخواناسییەوە کە گوتوویەتی: (خوا باوکێتی)... پاش ئەوە ڕووی کردە نوسیارە بچکۆڵەکان کە بۆ ئەم مەبەسە داینابوون لەوێ لێی پرسین: (ئەگەر ئێوە ناوبژیکەر بوونایە چ بڕیارێکتان ئەدا بەسەر ئەم تاوانبارەدا؟)... ئەوانیش هەموو بەیەک دەنگ گوتیان: (مەسیح تاوانبارە هەڵ ئەگرێ بکوژرێ!)... بەم ڕەنگە، (قیافا)ی فروفێڵباز و زۆرزان، ناوبژیکەرەکانی تێگەیاند، کە ئەبێ لە بڕیارەکەیاندا چ مەبەستێک پێک بهێنن!... لە پڕ (یەهوذای ئەسخەر یوطی) ڕاست بووەوە و قیژاندی بەسەریاندا گوتی: (خوا هەڵناگرێ ئەم پیاوە بەگوناهبار دابنرێ من ئاگام لێیە بێ گوناهە ئێوە بەڵێنتان بەجۆرێکی تر بەمندا کەچی ئێستا خراپەی دەربارە ئەکەن ها بگرن ئەوە دراوە زیوەکانتان!)... ئەوەی گوت و توورەکەکەی بەدراوە زیوەکانی ناویەوە فڕێ دایە سەر زەوی هەرچییەکی تیابوو ڕژایە خوارەوە و بڵاوبووەوە بەو ناوەدا تا گەیشتە بەرپێی (حەنانیا)... پاش ئەوە بەخەموخەفەت و داخێکی زۆرەوە سەیرێکی مەسیحی کرد و ڕێگای بۆ خۆی کردەوە بەناو ئەو هەموو کەسانەدا کە لەوێدا کۆبووبوونەوە دەربازبوو و خۆی گەیاندە کێڵگەیەکی نزیکەوە، کە لەوێدا خۆی هەڵواسی بەلقەدارێکەوە خۆی خنکاند!...

(١) لە ئەندامانی مەحفەلی جوولەکەکان بووە و سەرۆکاری ناشتنی مەسیحی کرد.

بەڵام (قیافا) لە بڕانەوەی چەند و چوونەکەیا کە لەگەڵ مەسیحدا کردی، گەیشتە ئەوەی کە گوناهەکە بچەسپێنێ بەسەر مەسیحدا و بڵێ (مەسیح گوناهبارە).

ناوبژیکەرەکانیش قسەکەی ئەویان بڕیاردا!...[1] لە کاتەکانی دەمی بەرەبەیانی ڕۆژی هەینیدا کە ٢٧ مانگی گوڵان (ئەپڕیل) بوو (بیلاطسی بەنطی) کە سەردارێکی ڕۆمایی بوو، لە کۆشکەکەی خۆیدا ئەنجامی بڕیاری دادگاکەی چاوەڕوان ئەکرد گلەیی لەبەختی خۆی ئەکرد کە کەوتبووە ناو ئەو بەشە چۆڵ و بیابانەی ناو خاکی شاهەنشاهیی ڕۆماوە کە لەوێدا هەر ئەوەی دەست کەوتووە کە پەیوەندەیی ناوەند خۆی و (حەنانیا) و (قیافا) بەناخۆشی بمێنێتەوە.

ئەترسا لەوەی کە ئەگەر بەرەنگاریی بکردنایە؛ هەردووکیان، شۆڕش یاخود پشێوییەکیان لەو خاکەدابنایەوە و بەدەرکردنیان بدایە!...

لە پڕ گوێیان لە دەنگەدەنگێک بوو ئەوەندەی پێ نەچوو (حەنانیا) و (قیانا) هاتنە ژوورەوە مەسیحیش لە دوایانەوە هات لەسەرو شێوەیەوە وا دەرئەکەوت کە لە ڕێگادا یەجگار ئازاریان داوە بەکرێ گیراوەکان لە ڕێ چاویان بەستووەوە، شەپازللەیان لێ ئەدا و بەتیز پێکردنێکەوە لێیان ئەپرسی: (پێمان بڵێ کێ لێی داوی؟!)...

(بیلاطس) لە میوانەکانی پرسی: چ تاوانێک دراوەتە پاڵ مەسیح؟... ئەوانیش هەردووکیان گوتیان: مەسیح ئاژاوە ئەنێتەوە باج نادات بەچار، ئەیشڵێ من خونکارم، من کوڕی خوام!... لەوکاتەدا (بیلاطس) نامەیەکی بۆ هات لە ژنەکەیەوە کە بۆی نووسیبوو: (نەکەیت ئەم بێ گوناهە تووشی ئازاردان بکەیت لەخەودا چاوم پێکەوتووە کە هیچ تاوانێکی نیە!)... (بیلاطس) لەم خەوانەی ژنەکەی سەری زۆر سوڕمابوو کە دەربارەی مەسیح ئەیبینی کە وای لێ هاتووە، بەپێچەوانەی سروشتی خۆی، دەس و پەنجە ئەخاتە کاروفرمانی فەرمانڕەوایی ئەوەوە!...

بانگی کرد، تاوانبارەکەی بهێننە بەردەم کە مەسیح هات و بیلاطس تەماشای کرد، چاوە بەسەزمانەکانی مەسیح کە پڕبوون لە تیشکی پاکی و بێ گوناهی و هێمنی کاری لە دڵی کرد. ئنجا لە خۆی پرسی: (ئەبێ من ئەم گیانە بکوژم، یان ڕزگاری بکەم؟!.)... پاشان لە مەسیحی پرسی: (ئایا ڕاستە تۆ خونکاری جوولەکەیت؟)... ئەویش وەرامی دایەوە گوتی: (تۆ وا ئەڵێیت بەڵام خاکی من لەناو زەویدا نییە لەناو گیاندایە!...).

(١) ڕاستتر: قسەکەی ئەویان پەسند کرد.



(بیلاطس) باوەڕی هێنا کە مەسیح بێ تاوانە هەروەها چاک و پاکە لەبەرئەوە لە دڵیدا بڕیاریدا بەرەڵڵای بکات بەتایبەتی لەبەرئەوەی کەوای ئەهاتە پێش چاو کە مەسیح ئەمرێ، پێش ئەمەی بەداردا بکرێ چونکە لە توانایدا نامێنێ کە بەرگەی ئەو ئازاردانانە بگرێ کە لەپێش بەدار هەڵواسیندا لێی ئەکرێ، وەک لێدانی، پاشان دارکاریی کردنی بەقەمچییەک کە سەرەکەی بزماری پێوە بوو بۆ پێست بریندارکردنی تا چل جار!. لەوێدا، سەردار، عیسای برد لەگەڵ خۆیدا بۆ بەرهەیوانی کۆشکەکەی کە لەوێدا (حەنانیا) و (قیافا) و نەتەوە وەستابوون چاوەڕوانی ئەکرد...

ئەوانەی کۆبووبوونەوە لەوێدا، کە چاویان کەوت بە(یەسووع) دەستیان کرد بەقاووقیژ و دەنگە دەنگ، وەک دڕندەکان پێی پێ ئەکەنین و تیزیان پێ ئەکرد!... بەڵام کە (بیلاطس) دەرکەوت، بێ دەنگ بوون، ورتەیان لێوە نەهات. ئەویش ڕاستوڕەوان پێی گوتن: لەسەر تاوانبارکراو، هیچ شتێکی وام نەدۆزیوەتەوە، کە هەڵبگرێ لەسەری بکوژرێ چونکە ئەو بەدەمی خۆی ئەڵێت خاکەکەی ئەو لە زەمین دانیە، لە ناو گیاندایە لەبەرئەوە ئەوتاوانەی کە دراوەتە پاڵی لە بابەت خونکاریی خۆیەوە، بەڕاست دەرنەچوو... پاش ئەوە (بیلاطس) دوایی بەقسەکەی خۆی وا هێنا؛ کە واچاکترە بەلایەوە کەینەوبەینەکەی تاوانبار کراو، بخاتە بەردەم خونکار (هیرۆدس)، تا لەسەر دەستی ئەودا ببڕێتەوە چونکە مەسیح لەناوچەی (جەلیل)دایە کە (هیرۆدس) خۆی فەرمانداریی بەسەردا ئەکات خۆ مەسیح سەر بەناوچەی (ئورشەلیم)نیە کە (بیلاطس) فەرمانداریی ئەکات... بۆڵەبۆڵکردنی (حەنانیا) و (قیافا) و پیاوە بەکرێ گیراوەکانیان، هەرچەندە لە ئەندازە تێپەڕی، بەڵام (بیلاطس) لەقسەی خۆی پاشگەز نەبووەوە!

## بیکە بەداردا... بیکە بەداردا!

هیرۆدس لەناو یار و کەنیزەکەکانی دۆستیان دانیشتبوو، ئەوەندەی خواردبوو و خواردبووەوە مەست بووبوو!...

کە مەسیحیان بردە بەردەمی، دەستی کرد بەگاڵتە پێکردنی داوای لێ کرد کە شاکارێکی خۆی لەبەر چاویا بنوێنێ!... پاش ئەوە تیزی پێ کردەوە، بەمل کەچی و ڕێزگرتنێکەوە لەبەردەمی مەسیحدا وەستا و گوتی: (کەواتە بۆ خونکاری جوولەکەیت؟ خونکارەکەم خوا خۆشت کا! بۆچ وا بێ دەنگ وەستاویت سەیری چاوم ئەکەیت؟ تۆیش هەروەک (یوحەننای مەعمەدان)ی خزمت وایت کە کەللەم پەڕاند و، (سالۆمی)

بەکەللەکەیەوە کە لەسەر سینییەک دانرابوو، سەمای کرد!... بەڵام من جارێکی تر ئەوە ناکەمەوە، کەللەی تۆ ناپەڕێنم ئەوەندەم کردووە و بەس!... خۆ ئەگەر کردنی ئەوە هەر پێویست بێ، بام (بیلاطس) ئەوە بکات چونکە ئەو گوناهانەی ئەم پیاوە کردوێتی، لەناوچەی (ئورشەلیم)دا ڕوویان داوە، کە لەژێر فەرمانداریی (بیلاطس) خۆی دایە.

سەربازەکان بیبەنەوە ئەوێ لەگەڵ خۆتاندا من وام زانی مەسیح جادووگەرێکە و بەچاو بەستەکانی تۆزێک دڵم خۆش ئەکات!...).

بەندییەکە هاتە دەرەوە و دەرگا داخرایەوە... بەڵام (هیرۆدس) هەر بەدڵ پەشێوی مایەوە... ئەمیش هەروەک بیلاطسی لێ هات!...

تاوانبارکراوەکە برایەوە بەردەم (بیلاطس) ئەو دەمە لەلای ژنەکەیەوە دانیشتبوو، کە هەڕەشەی لێ کردبوو: ئەگەر بێتو مەسیح ئازار بدات، خۆی لێ جیا ئەکاتەوە!...

سەردار، تا ئەهات ئەپەشۆکا، نەی ئەزانی چی بکات!... ئایا دەروونی خۆی و ژنەکەی تەخت بکات، یان دەروونی سەرۆکەکانی پیاوە ئایینییەکان، کە فەرمانداریەکەی ئەو بەبێ یارمەتیی ئەوان پێک نایەت!... (حەنانیا) و (قیافا)یش بەهاتوچۆی ئەم جێگا و ئەو جێگاوە، کە بەدوای بەندییەکەوە بوون، ئەمەندە ماندووبووبوون، بڕستیان بڕابوو، قاچەکانیان ئاوسابوون، ڕەنگیشیان زەرد هەڵگەڕابوو (بیلاطس)یش گوتی: (بەلای منەوە وایە کە ئەوەی لەم پیاوە ڕووی داوە، ئەوە هەڵناگرێ کە لەسەری بکوژرێ. کەینەوبەینەکەیم بەووردی پشکنیوە ولێم کۆڵیوەتەوە وا هیرۆدسیش، دووبارە تاوانبارکراوەکەی بۆ ناردوومەتەوە، بیروباوەڕی ئەویش لەم بابەتەوە هەروەک هی منە... کەواتە بام بەرەڵڵای بکەم و دوایی بەم کەینەوبەینەیە بهێنم!) بەڵام لەوێدا پیاوە ئایینییەکان و، پیاوە بەکرێ گیراوەکانیان وروژان و کردیانە دەنگە دەنگ و هاوارکردن، گوتیان (بەداریا بکە!... بەداریا بکە!...).

ئەوساکە باو وابوو، کە لە ڕۆژی جەژنی گەورەدا، بەبۆنەی لە گوناه چاو پۆشینەوە، یەکێک لە بەندییەکان بەرەڵڵا بکرێ (بیلاطس)یش جارێکی تر تێکۆشا، کە مەسیح لەدەست مردن ڕزگار بکات پێشنیازی کرد کە مەسیح ئەوبەندییە بێت کە بەم بۆنەیەوە بەرەڵڵا بکرێت بەڵام پێویست بوو لەسەری، کە لە پێشدا پرس بەنەتەوە بکات.

ئەویش پرسی بەوانەکرد کە لەوێدا کۆبووبوونەوە، ئایا مەسیح بەرەڵڵا بکات، یاخود بەندییەکی تر کە ناوی (باراباس) بوو... بەڵام ئەوانە هەموو بەیەک دەنگ گوتیان: (باراباس) مان بۆ بەرەڵڵا بکە!...)... دووبارە لێی پرسینەوە:



(ئەی مەسیح؟)... هەموویان دەنگیان بڵندکردەوە گوتیان: (ئەو بکە بەداردا!... ئەو بکە بەداردا!...)... کۆمەڵەکە خۆیان گەیاندە مەسیح و کەمەرەیەک[1] دڕکیان لەسەر دانا و جلەکانیان لەبەر داکەند ئنجا دەستیان کرد بەدارکاریی کردنی، تا لەشی بریندارببوو و خوێنی لێ ڕژایە خوارەوە بەڵام مەسیح هاواری نەئەکرد، نقەی لێوە نەهات!...

کە (بیلاطس) هاتە ناو ژووری نوستنەکەی خۆیەوە، ژنەکەی خۆی دی لە ناو جێگاکەدا خەمبار و دڵشکاوبوو کە نوشتایەوە بۆی ماچی بکات، بەنەنگەویستییەکەوە دەسی نا بەسنگیەوە، دووری خستەوە لەخۆی!... ئەویش ڕاست بووەوە دەستی کرد بەسوێند خواردنێکی پڕ بەدڵ: (وا جارێکی تریش خەریک ئەبم بۆ مەسیح بەڵکو ڕزگاری بکەم!...)... دووبارە گەڕایەوە لای ئەوانەی لەوێدا کۆبووبوونەوە، پێشنیازی کردەوە کە مەسیح بەربدرێ.

بەڵام ئەوانیش سەرلەنوێ هاواریان کردەوە و قیژاندیانەوە بەجۆرێکی وا کە گوێی پیاوی کەڕ ئەکرد، ئەیانگوت: (بیکە بەداردا!... بیکە بەداردا!...)... ئیتر لەوێدا (بیلاطس) داوای ئاوی کرد و دەستی خۆی شوشت، گوتی: (من نامەوێ خوێنی ئەم مرۆڤە بڕێژم... ئەگەر ئێوە خوێنی ئەڕێژن خۆتان بیکەن بەداردا!...)...

بەڵام (حەنانیا) و (قیافا) لە کۆڵی نەبوونەوە، پێیان گوت ئەو بەمە واز لە بەجێ هێنانی فرمانی خۆی ئەهێنێ!...

ئەویش گوتی: (من چۆن خونکاری ئێوە ئەکەم بەداردا؟...) ئەوانیش قیژاندیان گوتیان: (ئێمە کەس خونکارمان نییە چار نەبێ بیکە بەداردا... بیکە بەداردا... ئۆباڵی خوێنی مەسیح بەئەستۆی خۆمان و کوڕەکانمان بێ!...).

ئەم وشانە بیلاطسی پەشۆکاند بەناچاری مەسیحی دا بەدەستیان بۆ ئەمەی خۆیان بیکەن بەداردا!... ئەوانیش مەسیحیان دایە پێش خۆیان و بردیانە جێگای بەداردا کردنی لەسەربانێک کە پێیان ئەگوت: (جلجثە)...

هەر لەوکاتەدا (باراباس) بەرەڵڵاکرا... ئەویش لەگەڵ کەسوکار و پیاوەکانی خۆیدا هەنگاوی گەورە گەورەی ئەناو بەئارامەوە ئەڕۆیشتە دەرەوە... کەس ئەو ئافرەتە کراس شینەی نەدی، کە لەپەنای دیوارێکدا دانیشتبوو شیوەن و گریانی ئەکرد، کە ئەوەندەی نەمابوو سوێی بێتەوە...

(١) کەمەرە: بازنەیەک دڕک (إكيل الشوك).

ئەو ئافرەتە (مەریەم) بوو، کە دایکی یەسووع بوو!... (باراباس)یش، دۆستە کۆنەکەی (یوسف)ی مێردی (مەریەم)بوو... ئەو دۆستە، لەو ڕۆژەدا (سامۆئیل)یان پێ ئەکەوت!...

## کاروانێکی خەفەتبار!

لەپاش ئەمەی مەسیح لە ژووری پاسەوانەکاندا، لە سەربازگای (کۆشکی ئەنتۆنیا)دا دارکاری کرا، کێشیان کرد بۆ پەیژەیەکی پان، لەبەر ڕۆشناییەکی کزی بەرەبەیاندا بەپلیکانەکانیا هاتە خوارەوە، بێ ئەمەی کەس پێی بزانێ...

لە خوار پەیژەکەوە ئەو چەلیپایەی بۆی ئامادەکرابوو کە پیایا هەڵبواسن چاوەڕوانی ئەکرد کە بەکۆڵی خۆی هەڵی بگرێ تا ئەگاتە شوێنی خۆی. دارەکە لە تەختەیەکی گران دروست کرابوو بەقەتران هەنوورابوو، یەکێکیان فەرمانی پێدا دارە چەپ و ڕاستەکە[1] هەڵبگرێ و بیبا بۆ جێی خۆی، نەوەستێ لەڕێگادا تەنانەت بۆ پشوودانیش!... هەر لەو کاروانەدا دووکەسی تریشی لە دزەکان لەگەڵدابوو، هەردووکیان هەر بەسزاکەی ئەو سزا درابوون ئەوانیش هەریەکەیان دارە ڕاست و چەپەکەی خۆی پێ هەڵگیرابوو!...[2] لە ڕێگادا مەسیح هەڵ ئەنگوت بارەکەی یەجگارگران بوو لەبەرکزی و ئازاری لەشی خۆی، خۆی پێ نەگیرا کەوت بەسەر زەویدا تەنانەت پاسەوانەکان و کرێکارە بەکرێ گیراوەکانیش لەوە ئەترسان کە ئەگەر لەوە زۆرتر ئازاری بدەن، هەر لەو ڕێگایەدا گیان بدات بەدەستەوە جا ئەوکاتە ئەو هەڵەیان لەدەست ئەچێ کە بەداکوتراوییەوە بیبینن بەسەر دارەوە ئاهونالە بکات!... لەبەرئەوە یەکێک لە ڕێبوارەکانیان هێنا کە بەبێکار یارمەتی بدات لە هەڵگرتنی ئەو دارە ڕاست و چەپە قورسەدا!...

کاتێ کە کاروانەکە بە بەرماڵی کچێکا تێپەڕی، کەناوی (فیرۆنیکا)[3] بوو، کچەکە

---

(١) وەک سەرنج دەدەین بۆ وشەی (صلیب) کە مامۆستا ویستوویە بیکاتە کوردی، لێرەدا و لەوەبەریش زیاتر لە ناوێکی لە کوردیدا بۆ داناوە: (چەلیپا، داری چەپ و ڕاست...) جگە لەمە (چوار مێخە، خاچ... هتد)یشی هەر بۆ بەکاردێ، مەسەلەکەش ئەوەیە کە لەلای ئێمەی کورد ئەمجۆرە کوشتنە یا هەڵواسینە نەبووە، بۆیە زاراوە بەرامبەرەکەمان نییە، چاکتر بوو ئەگەر هەر وشەکەی بە(سەلیب) دابنایە، وەک چۆن دەڵێین (سەلیبیەکان).

(٢) یان: پێ درابوو بەکۆڵیا.

(٣) ڤیرۆ نیکا: ژنە جوولەکەیەک بووە، وای لێدەگێڕنەوە گوایە بە دەستە سڕەکەی خۆی دەموچاوی مەسیحی سڕیوەتەوە، لەو حەلەی بەرەو هەڵواسینیان دەبرد.



چاوی بەو چاو ئەندازە پڕ ئازارە کەوت، ڕێگای خۆی بڕی بەناو ئەو کۆمەڵە کەسانەدا و دەستی کرد بەگریان، پاشان دەستی کرد بەسڕینی تنۆکە خۆهـ (عرق)ەکان کە لە ناوچەوانی مەسیحەوە ئەهاتنە دەرەوە... بڕیاری بەداراکردنی مەسیح لەناوشارەکەدا بڵاوبووبووەوە.

گەلێک ئافرەت لەو بەرەبەیانەدا لە ماڵی خۆیان هاتنە دەرەوە هیچ گوێیان نەدایە ئەو هەتیو و مەتیوە خوێڕییانەی کە ئەو کاروانە ناحەزەیان لێ پێک هاتبوو زۆری پێ نەچوو بەسەدان ژنان و کچان و بێوەژنان لێیان کۆبوونەوە، دەستیان کرد بەشیوەن و گریان بۆ کلۆڵیی مەسیح...

مەسیح کە چاوی بەوانە کەوت، هێزکەوتە دڵیەوە، ئاوڕێکی لێ دانەوە و پێی گوتن: (ئەی ئافرەتانی شاری ئورشەلیم! بۆ من مەگرین بۆ خۆتان و منداڵەکانتان بگرین چونکە ڕۆژێکی وا بەسەر شارەکەتاندا دێ، کە بەدانیشتووەکانی بگوترێ: خۆشی لەو کەسەی کە هەر منداڵی نەبووە، خۆشی لەو سکەی منداڵی لێ نەهاتۆتە خوارەوە، خۆشی لەو مەمکەی کەشیری نەداوە بەکەس!)...

## کاتەکانی دوایی...

مەسیح گەیشتە (جلجثە)، واتا (جێگای کەللەسەر). هەردوو دزەکەیش لەدوایەوە بوون، چەلیپاکانی خۆیان بەکۆڵەوەبوو ئەوانەی لەوناوەدا کۆبووبوونەوە، لە شێوەیەکی دڕندانەدا دەستیان کرد بەشادمانی نواندن چونکە بەلای ئەوانەوە کردنی سێ کەس بەداردا جێگای دڵخۆشی و ڕابواردن بوو!...

کاتێ کە کرێکارەکان لە هەڵکەندنی ئەو چاڵانە بوونەوە، کە بۆ داچەقاندنی دارە ڕاست و چەپەکان لەناویاندا ئامادە ئەکران نیوەڕۆ نزیک بووبووەوە... هەر سێ بەندییەکە: (جستاس) و (دیماس) و (یەسووع)، بەتەنشت دارەکانی خۆیانەوە وەستابوون... لەو سەردەمی بەهارەدا و لەو کاتی نیوەڕۆیەدا کە شتی وا ڕووی نەئەدا چەند پەڵەهەورێکی چڵکنە لەناو جەرگی ئاسمانەکەدا دەرکەوتن ئەگەر کۆمەڵەکان بەسەرنجدان لە هەڵگری چەکوش و بزمارەکانەوە خەریک نەبوونایە و، بەتەماشاکردنی ڕم هەڵگرەکانەوە ڕایان نەبواردایە کە ئەیانکرد بەلەشی بڕیار بەسەرداوەکاندا، بۆ ئەمەی پاڵیان بخەن بەسەر دارە ڕاست و چەپەکانیاندا، ئەبوو لە پەیدا بوونی ئەو هەورە تاریکانە سەریان سوڕمایە.

ئنجا نۆرەی مەسیح هات پاڵیان خستە سەر چەلیپاکەی خۆی هەندێکیان دەستیان خستە سەر دەست و پێیەکانی تا لە جێی خۆیان نەجوولێن ئەوانی تریش دەستیان کرد

بەبزمار داکوتان بەسەرپێیەکانیدا تا لە دارەکە چەسپ بێن... کە لەم فرمانەیان بوونەوە، دارە ڕاست و چەپەکەیان بەرزکردەوە... مەسیح بەسەر دارەکانەوە چەسپ کرابوو.

بنکی دارەکەیان خستە ناو چاڵەکەی خۆیەوە... زۆری نەمابوو دەست و پێی مەسیحی بەداردا هەڵواسراو پارچە پارچە بێ... کە ئەوەکرا، ئارەزووی (حەنانیا) و (قیافا) بەتەواوەتی هاتە جێ!...

بەڵام شتێک ڕوویدا، ئەو خۆشییەی لە هەردووکیان تێکدا چونکە (بیلاطس) کە سەردارێکی ڕۆمایی نەژاد بوو، وای بەباش زانی کە بەهۆی گاڵتەپێکردن بەو دوو گوناهبارەوە، تیز بەهەموو جوولەکەکانی دوژمنی بکات لەبەرئەوە فەرمانیدا کە لە ژوور سەری مەسیحەوە بەدارە ڕاست و چەپەکەیەوە تەختەیەک چەسپ بکەن ئەمەیشی لەسەر بنووسن:

(ئەمەتا خونکاری جوولەکەکان!.)... (قیافا) بەم سووکییە کە (بیلاطس) هێنانی بەسەر ڕەگەزی جوولەکەدا، خوێنی هاتە جۆش و لە قینا گرژبوو هەرچەندە (حەنانیا)ی خەزووری لەگەڵی خەریک بوو کە بگەڕێتەوە ماڵەوە، گوێی نەدایە، لەناو کەژاوەیەکدا خۆی گەیاندە کۆشکی (بیلاطس) لەوێ گەلێک خەریک بوو لەگەڵ سەرداردا، کە فەرمان بدات ئەو تەختەیە هەڵبگیرێ، یاخود هەر هیچ نەبێ بەشێوەیەکی باشتر بنووسرێ وەک: (ئەمە ئەو کەسەیە کە ئەیگوت من خونکاری جوولەکەم !...)... بەڵام (بیلاطس) بەرپەرچی دایەوە، گوتی: (ئەوی نووسراوە، نووسراوە و براوەتەوە!...)... پاشان (قیافا)ی بەجێ هێشت و چووە کن ژنەکەی خۆی، پێی گوت: (من وا هەست ئەکەم تاوانبارم لەمەدا... وادیارە من پێغەمبەرێکم کوشتووە!...)... ژنەکەشی پێی گوت: (نەء هەروابزانە کە خوایەکت کوشتووە!)...

لەسەروو چەلیپاکەوە مەسیح سەیرێکی ئەو کەسانەی کرد کە بۆ گاڵتەپێکردنی کۆبووبوونەوە پاشان ڕووی کردە ئاسمان و گوتی: (باوکی بەرێزم! لێیان خۆش بە، چونکە ئەوانە خۆیشیان نازانن چی ئەکەن!...)... لام وایە ئەو بارەی کە زمانی ئەوی تێدابوو، وای هەڵ ئەگرت کە بڵێ: (خوایە لە هەموویان خۆش بە خۆشەویستەکان و دۆستەکانم لە کوێن؟... (پەترۆس)، ئەی تۆ لە کوێی؟... ئەی ڕاوکەری سەر ڕاست، ئاخۆ چەند بۆ من خەفەت بخۆیت؟... ئەی (یووحەننا) تۆ لە کوێیت، کە سەرت ئەخستە سەر سنگم؟... ئەوانی تر کوان؟... (یەهووذا) لە کوێیە؟... ئەو لەداخی ئەوەی کە ئەوەی بەسەر گەورەی



خۆی داهێنا، بەخەموخەفەتەوە تلایەوە و خۆی دایە پەناوە تا گیانی دەرچوو!... ئەوانە هەموویان، لە ترسی گیانی خۆیان هەڵهاتن... بەڵام باکم لەوەنیە چونکە ڕۆژێک دێ کە باوەڕ و ئایینی ئەوانە ئەوەندە بەهێزببێ کە ترس و لەرز سەریان لێ تێک نەدا!...)

پاشان مەسیح گوتی: (من تینوومە) یاساوڵەکانیش جۆرە ئاوێکیان دایێ کە تێکەڵ بوو لە سرکە و شتی تاڵ!... بەڵام ئەو نەی خواردەوە... یاساوڵەکان جلوبەرگەکانی مەسیحیان لە ناو خۆیاندا دابەش کرد... کە هاتە سەر ئەوەی باڵا پۆشەکەی دابەش بکەن، کە بەدەست چنرابوو، نەک بەمەکۆک، سەر پوشکیان نا بۆ ئەو کەسەی بەری بکەوێ!... کە مەسیح سەرنجی لە خوارەوەدا، خۆی بەتەنیا نەدی چونکە لە نزیک دارەکەیەوە، سێ ئافرەت وەستابوون: (مەریەم)ی دایکی و خوشکەکەی دایکی و (مەریەمی مەجدەلی)[1] لە تەنشت دایکیشیەوە (یووحەننا)ی شاگردە خۆشەویستەکەی وەستابوو... (کەواتە یووحەننا لەبەر ئەمە بوو دواکەوتی دایکیشم لەگەڵ خۆتا بهێنیت؟...)... مەسیح سەیرێکی دایکە هەناسە ساردەکەی خۆی کرد... گوتی: (ئەی ئافرەت، ئا ئەوە کوڕی تۆیە!...)... پاشان بە (یووحەننا)یشی گوت: (ئەویشە دایکی تۆیە)... ئیتر لەو ڕۆژەوە (یووحەننا)، (مەریەم)ی دایکی مەسیحی بردە ناو خێزانەکەی خۆیەوە.

یاساوڵەکان و سەیرکەرەکان کە سەیری عیسایان ئەکرد بەو بێ دەنگ و سەنگی و پاکی و بەسەزمانییەوە، ئازار ئەکێشێ، دڵیان بۆی نەرم بوو، بەزەییان پیا ئەهاتەوە سالە لەبەر بەسەر و شێوە و دڵ فراوانی و چاوپۆشییەکەی بووبێ، یان لەبەر ژیانی ڕابردووی کە پڕبوو لە کەڵک و چاکە بۆ هەژاران و داماو و لێ قەوماوان، یاخود لەبەرگریان وشینی ئەو ئافرەتانە بووبێ کە لەو جێگایەدا کۆبووبوونەوە لەو... چاو ئەندازەکەی مەسیح کارێکی تەواوی لە دڵی ئەوانە کردبوو... کاتێ کە پیاوە ئایینیەکانی جوولەکە هەستیان بەوەکرد کە کۆمەڵەکانی نەتەوە، خەریکن بۆ کلۆڵیی مەسیح دڵتەنگ بێن و دڵیان پێی بسووتێ، ئەوانیش یاریدەدەرەکانی خۆیان هێنایە ئەوێ، کە ئەیانگوت بەدەم گاڵتەپێ کردنیەوە:

(کەسانی تری ڕزگار کرد... کەچی خۆی پێ ڕزگار نەکرا... ئەگەر ڕاست ئەکات، ئەو

(١) مەریەمی مەجدەلی: ئەو ژنە داوێن پیسەبوو کە هات لای یەسووع و بەشووشە عەترەکە قاچەکانی شوشت و دوایی بەپرچی بۆی وشک کردەوە... تۆبەی کرد و بووە خواپەرستێک و پاکیزەیەکی مەسیح (بڕوانە: ئەو ئافرەتە گوناهبارەی پەشیمان بووەوە... هەر لەم کتێبەدا) هەروا کتێبی (مەریەمی مەجدەلی) وەرگێڕراوی مامۆستا خۆی.

مەسیحە، بام خۆی ڕزگار بکات!... ئەگەر خونکاری جوولەکەیشە، بام لە چەلیپاکەی خۆی بێتە خوارەوە، تا باوەڕی پێ بکەین!...)

یەکێک لە دوو دزەکەیش کە ناوی (جستاس) بوو، قیژاندی گوتی: (ئەگەر مەسیح تۆیت، ئێمەیش و خۆیشت ڕزگار بکە!...)... بەڵام دزەکەی تریان سەر زەنشتی کرد پێی گوت: (نابێ تۆ لە خوا بترسیت؟... هەرچی ئێمەین هەڵ ئەگرین وامان لێ بکرێ، چونکە دزیمان کردووە بەڵام ئەم پیاوە بێ تاوانە، هیچ گوناهێکی نەکردووە تا ئەوە هەڵبگرێ کەوای لێ بکرێ!...)... پاش ئەوە ڕووی کردە مەسیح کە بەسەر دارەکەی تەنشتییەوە هەڵواسرابوو، پێی گوت: (هەر کاتێ هاتمە ناو خاکی تۆوە، لەبیرت نەچمەوە، گەورەم!...)... یەسووعیش وەرامی دایەوە پێی گوت: (ئیمڕۆ لە بەهەشتا پێکەوە ئەبین).

## واتەکانی تەورات دێنەدی

تا ئەهات پەڵە هەورەکان تاریک تر ئەبوون لە پڕ وەک شەوە زەنگی لێ هات تاریکی جیهانی داگیرکرد هەورەتریشقە و بارانی ڕەهێڵە دەستیان پێ کرد تاوای لێهات ترس و لەرز کەوتە دڵی ئەوانەیشەوە کە لە هەموو کەس دڵ ڕەق تر و درندەتر بوون ئەوانەی لەوێ دابوون ترسیان لێ نیشت هەستیان وا ئەکرد، کە کارەساتێکی بێ هاوتا ڕوو ئەدات و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جێی خۆی ئەگرێ لە نزیک کاتی سێیەمدا، مەسیح بۆ جاری چوارەم قسەی کرد، گوتی: (ئەی خوا، بۆچ بەرەڵڵات کردم!...)...

(قیافا)یش دەستی کرد بەگاڵتە پێکردنی، گوتی: (ناوی خۆی ناوە خواو کەچی لە خوا ئەپاڕێتەوە ڕزگاری بکات!)... بەڵام (نانیا) هۆشی هێنایەوە بەرخۆی، بەچرپە پێی گوت: (تۆ هەروەک ناشی و نەزانە گێژوویژەکان قسە ئەکەیت ئەی نازانیت کە ئەم واژەیە لە تەوراتدا نووسراوە؟ لە مەزموری بیست و دووهەمی مەزمورەکانی داوود دایە؟!.)...

ئیتر (حەنانیا) نەیتوانی بێنێتەوە... (قیافا) هەرچەندی کرد، نەیتوانی بیهێڵێتەوە لەوێ... دەمودەست گەڕایەوە... مەسیح، بەڕووی دایکی و خۆشەویستەکانیەوە، زەردەخەنەیەکی پڕ خۆشەویستی و دڵسۆزیی کرد یاساوڵەکان پارچە هەورێکی لە سرکە هەڵکێشراویان خستە سەردەمی گوتی: (تەواوبوو)... ئیتر ئەوساکە (قیافا)یش وای هاتەپێش چاو کە ئەم پیاوەی بەداردا کراوە، هەر ئەو مەسیحەبێ کە لە تەوراتدا ناوی براوە دێتە جیهانەوە چونکە هەرچی نیشانەیەک لە تەورات دا ناو براوە، لەم پیاوەدا هاتەدی بەڵێ، بیر زۆرتر بەلای ئەوەدا ئەچێ، کە ئەم پیاوە هەر ئەو مەسیحەبێ کە لە



تەوراتدا، چاوەڕوانی ئەکرێ، بۆ ئەمەی بێتە جیهانەوە و خۆی بەخت بکات لە پێناوی گوناهبارانداو بۆ ڕزگارکردنی ئەوان هەموو جۆرە ئازارێکی مردن بچێژێ!...

پاش ئەوە بۆ جاری دوایی مەسیح قسەی کردەوە بەدەنگێکی زۆر کزەوە گوتی: (ئەی باوکی هەموان! واگیانم ئەدەمە دەست تۆ) پاش ئەوە سەری نوشتاندەوە و گیانی پاکی بەخوا سپارد... ئەو کاتە، کاتی چوارەمی ڕۆژی هەینی پڕ لە خەم بوو کەبەر ٧ی مانگی گوڵانی ساڵی ٣٠پاش زایین ئەکەوێ... لەوکاتەدا یەکێک لە یاساوڵەکان نووکە ڕمێکی کرد بەپەراسووی مەسیحدا بۆ ئەمەی بزانێ هێزی لە چ ئەندازەیەک دایە دەمودەست خوێن و ئاو لە لەشی مەسیح ڕژانە خوارەوە!...

ئەو کارەساتانەی لەو دەمەدا ڕوویان داوە کەگیانی مەسیح چۆتەوە لای خوای خۆی، دەم بەدەم گێڕاویانەتەوە تا ئیمڕۆ وەک گوتوویانە لەوکاتەدا: ئەو دیوارەی لە ناو پەیکەرگای جوولەکەکاندا بووە و کەوتبووە ناوەند (جێگای مەڕ سەربڕین) و (جێگا هەرە پیرۆزەکەوە) قڵیشا بووەوە... گێژە لووکەیەکی زۆر هەڵی کردبوو...

زۆر لە کەڵەبەردەکان ورد و خاش بووبوون گەلێک گۆڕ کرابوونەوە... دۆستەکانی مەسیحیش دەستیان کردبوو بەسنگ کوتانی خۆیان و ئەگریان ئەو ئەفسەرە ڕۆماییەش کە فەرمانی دەرکردبوو مەسیح بگرن و بیکەن بەداردا، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشابوو لەبەر خۆیەوە گوتبووی: (بەڕاستی ئەمە ڕۆڵەی خوا بوو!)...

## ڕاست بوونەوەی مەسیح...

(حەنانیا)ی پیرەمێرد لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتبوو، باوەشێنی خۆی ئەکرد لەبەر دەمیشیا مێزێک دانرابوو، چرایەکیش لەسەر ئەو مێزە دانرابوو هەندێ لە قژە سپییەکانی سەریشی بەسەر ناوچەوانیا شۆڕ بووبووەوە تا گەیشتبووە سەرچاوی چەپی... لە تەنشت پەنجەرەکەیشەوە، (قیافا)ی زاوای، لەسەرتەختێک دانیشتبوو، ئەیگوت: (ئێمە کە مەسیحمان کرد بەداردا، وامان ئەزانی لە ناومان بردووە بەڵام ئەوانەی باوەڕیان پێ هێنابوو، لەپاش مردنی مەسیح ژمارەیان بەچەندان ئەوەندەی لێ هاتووە هەر لەم هەفتەیەدا سێ هەزار کەس باوەڕیان پێ هێناوە...!

(حەنانیا): سێ هەزاری چی؟ بڵێ پێنج هەزار کەس!... هەموویشیان لە کانی دڵیانەوە باوەڕیان پێ هێناوە.

(قیافا): هەڵگیرساندنی شۆڕش و سامناکی شۆڕش لە دوای مردنی مەسیح زۆرتر هەرەتی سەند!

(حەنانیا): تۆ لەوە دڵنیایت کە مردووە؟

(قیافا): ئەی تۆ بەچاوی خۆت نەتدی مرد!

(حەنانیا): نەء نەمدی چونکە من هەتا دوایی نەمامەوە ئاخۆ ئێستایش لاشەکەی لە ناو گۆڕدایە؟

(قیافا): ئەء...

(حەنانیا): چۆن ئەڵێی نەء؟

(قیافا): شاگردە زۆر زانەکانی دزیویانە!...

(حەنانیا): چۆن ئەتوانن بیدزن؟... خۆ (بیلاطس) فەرمانیدا پاسەوانییەکی یەجگار بەهێزی بکەن!... کێ هەیە بوێرێ ئەو دزییە بکات؟!

(قیافا): خۆزگە ئەمزانی ئەوە چۆن ڕووی داوە!...

(حەنانیا): قیافا گوێت لەمن بێ چیت پێ ئەڵێم ئەوانە لاشەکەیان بۆ نەدزراوە ئەو هەلەیشیان بۆ هەل نەکەوتووە کە لاشەکەی ئەو بدزن لاشەکە خۆی شاردۆتەوە. کەچی تۆ ئەڵێیت ئەوانە دزیویانە!؟...

(قیافا) (بەبۆڵە بۆڵێکەوە): قسەکانی تۆ وایە، وەک یەکێک بیت سەر بەمەسیح، یاخود یەکێک بیت لەوانەی کە باوەڕیان پێ هێناوە!...

(حەنانیا): من هەر ئەوەندەم لە باردایە کە پێ لە ڕاستی و ڕووداو بنێم... چونکە یاساوڵەکان هەر ئەو قسەیە دووبارە ئەکەنەوە کە فریشتەیەکیان دیووە، دەموچاوی پڕشنگی داوە و لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە ئەوانیش لە ترسانا تۆقیون و کەوتوون بەسەر زەویدا هۆشیان بەخۆیان نەماوە!... پاش ئەوە (مەریەمی مەجدەلی) هاتۆتە ناو باخچەکەوە، بەوتاریکیە، گەلێ: بۆنی خۆش و داوودەرمانی تری پێ بووە، بۆ ئەمەی لاشەکەی مەسیحی پێ دەرمان بکات تا وەک خۆی بمێنێتەوە و نەڕزێ و بۆگەن نەکات ئەویش کە گۆڕەکەی مەسیحی دیوە کراوەتەوە و هیچی تیا نەماوە، ترساوە و، زەندەقی چووە و، بەهەڵەداوان هەرای کردووە بۆ ناو شار، بۆ کن سەرکردە تازەکەیان کە ناوی (پەترۆس)ە، پێشی گووتوە کە لاشەی مەسیحی گەورەی دزراوە!... لەپاش چەند تاوێک دایکی مەسیح و پووریشی، هەردووکیان هاتوونەتە ناو باخچەکەوە، کە چوونەتە سەر



گۆڕەکە، سەریان سوڕماوە لەوەی کە تەلەبەردەکەی سەری لابراوە و، لە ناو گۆڕەکەیشا، لەجێ سەری مردووەکەدا، فریشتەیەکیان دیوە، بەرگی سپی لەبەر دابووە، پێی گوتوون: (ئێوە ئەگەر بۆ یەسووعی ناسرەیی ئەگەڕێن کە بەداردا کرابوو، بچن بەشاگردەکانی بڵێن کە بەرێگاوەیە ئەچیت بۆ (جەلیل) هەروەک خۆی لەوەپێش پێی گوتوون، لەو جێگەیەدا چاوتان پێی ئەکەوێ!)

(قیافا): ئەمانە قسەی پڕوپووچن!

(حەنانیا): (لەسەر قسەی خۆی ئەڕوات): کە هەردوو ئافرەتەکە ئەوەیان بە (پەترۆس) و (یووحەننا) گووتووە، باوەڕیان پێ نەکردوون... ئەوانیش چوونەتە سەر گۆڕەکەی مەسیح لەوێدا لە مردوو پۆشەکان بەولاوە هیچی تریان نەدیوە واتا لاشەکەیان لەوێدا بەرچاو نەکەوتووە!... ئەوانیش، چەشنی من و تۆ، لە پێشدا باوەڕیان بەم کەینەوبەینەیە نەکردووە.

(قیافا): ئاخۆ ئەم قسانەی تۆ ئەکەیت، کاتمان لە دەست نادات؟

(حەنانیا): بام وابێ گوێ بگرە پاشماوەی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە مەسیح، لێرەدا لە ئورشەلیمدا خۆی دەرخستبوو بۆ شاگردەکانی کەچی ئەوان لە ماڵێکدا کۆبووبوونەوە کە دەرگاکانی داخرابوون!...

ئەوانیش لەوە داچڵەکیبوون، باوەڕیان بەوە نەکردبوو کە ڕاست بێ... کەچی مەسیح خۆی پێی گوتبوون: (بۆچ وا ئەپەشۆکێن؟... من مەسیحم... ئەوەیش شوێنی بزمارەکانە لە دەستەکان و پێیەکانمدا، دەستی لێ دەن!.)

ئنجا شوێنی بزمارەکانی پیشان دابوون پاش ئەوە نانیشی لەگەڵدا خواردبوون پیرۆزبایشی لێ کردبوون... لەپاش تاوێک یەکێک لە شاگردەکان کە ناوی (تۆما)یە ئەگەڕێتەوە. ئەویش دوودڵ ئەبێ لەو کارە، بڕوای پێ ناکات!...

(قیافا): ئەو یەکەم مەسیحییەک بووە کە تۆزێک هۆشی هەبووە!...

(حەنانیا): ئنجا کە مەسیح دەستی گرتووە و خستۆتییە سەر جێگای بزمارەکانی ناو لەشی و جێگای نووکی ئەو نێزەیەی کە دابوویان لە کەلەکەی، بۆ ئەمەی لە مردنی دڵنیابن... دەنگی بەرزکردبووەوە و بەشەرمەزارییەکەوە گوتبووی: (تۆ گەورەمی و خوامی). لەوکاتەدا مەسیحیش بەوی گوتبوو: (تۆما، تۆ کاتێک باوەڕت پێ هێنام کە چاوت بەهەموو شتێک کەوت... بەڵام خۆشی لەوانەی کەبێ ئەمەی ئەم شتانە ببینن باوەڕیان پێ هێناووم!...)

(قیافا): ئەم قسانە دوورن لە هۆشەوە!... دوورن لە هۆشەوە!...

... بەم ڕەنگە هەردوو پیاوە ئایینییەکان کەوتبوونە دەمەقاڵێ و مقۆمقۆوە، نەک هەر لەو کۆبوونەوەیاندا، بەڵکو لە چەند کۆبوونەوەیەکی تریشیاندا... پاش ئەوە گەلێک کارەساتی ناخۆش ناخۆشیش ڕووی لێ دان... مەسیح هەمیسانەوە لەکن گۆمی (تەبەریە)وە خۆی دەرخستبوو بۆ شاگردەکانی خۆی هەروەها بۆ هەندێ کەسی تریش خۆی دەرخستبوو لەسەر شاخێک لە (جەلیل)دا... پاشان هەرچی ئەوانەی سەر بەخۆی بوون، لەسەر شاخی (زەیتوون)، بۆ دوامین جار کۆی کردبوونەوە... لەپاش ئەمەی هەندێک ئامۆژگاریی کردبوون و ڕێگای پیشان دابوون، پێی گوتبوون:

(وا ئەمبینن من هەمووتان لەگەڵتان دام، تاجیهان ئەبڕێتەوە، لێتان جیانابمەوە!...)...

مەبەسی مەسیح ئەوەبووە کە بەگیان هەر لەگەڵیاندا ئەبێ و لێیان جیانابێتەوە تا جیهان ئەبڕێتەوە... مەبەسی ئەوە نەبووە کە بەلەش هەر لەگەڵیاندا ئەبێ...

پاش ئەوە، لێیان جیابووەوە و چوو بەئاسماندا، هەتا وای لێهات لە چاو ون بووکەوتە ناو هەورەکانەوە!...

جا لەوشەوە گەرموخۆشەدا، (حەنانیا) و (قیافا)، هەردووکیان دانیشتبوون، بیرەوەریی ئەو پیاوەیان ئەهێنایەوە پێش چاوی خۆیان کە فەرمانی کوشتنیاندا کەچی هێشتا لە کۆڵیان نەبووبووەوە و ژیانی لێ تێک ئەدان.

پاش ئەوە (حەنانیا) گوتی:

(بیستومە دەستت خستۆتەکار، یەکێک لە دەروێشەکانی مەسیحت گرتووە، کە ناوی (ئیستیفانۆس)ە. فەرمانیشت داوە، داویانەتە بەر بەرد تا مردووە... ئەو پیاوە یەکەم کوژراوێکی بێ گوناهی مەسیحی بووە!...).

(قیافا): بەڵام هەربەوە واز ناهێنم!...

(حەنانیا): ئەی (قیافا) ئەمەت بەبیردا نەهاتووە کەمردنی پیاوێکی وەک ئەم پیاوە، هەموو بیروباوەڕەکانت بەرپەرچ ئەداتەوە؟... بۆچ تۆ وا ئەزانیت کە پیاوێک گیانی خۆی بەخت ئەکات لە پێناو بابەتێکی داهاتووی هیچ‌وپووچدا، لە بابەت لە شێکەوە کە مەسیحیەکان ئەڵێن زیندووبووەتەوە، ئێمەیش ئەڵێین لە گۆڕەکەی دزراوە؟!... نەء هەرگیز وانییە.

لە ڕاستیدا ئەم پیاوەی کە خۆی داوە بەکوشت، پیاوێکی خاوەن ئایینی بەهێز بووە



ئەویش ئەبێ یەکێک لەوانە بووبێ کە مەسیحیان دیوە، لەپاش زیندووبوونەوەی، هەروەها لەو کەسانە بووبێ کە مەسیح جێگابزمارەکانی پیشان داون لە دەستەکان و پێیەکانیدا!...

ها ئەوانەیش مەسیحییەکانن، کە لەناو شەقامەکانی ئورشەلیم دان و بەدەمی خۆیان ئەڵێن مەسیحیان دیوە خۆ ئەوەیش ئەزانن کە لەسەر ئەو قسانەیان چییان بەسەردێ وەک ئازاردان و تەنگەتاوکردن و برسێتی و سەرگەردانی! ئەوانە باکی ئەوەیان نییە بژین یاخود بمرن چونکە لای ئەوانە مردن و ژین وەک یەکە!... تا مەسیحیش زیندوو نەبووبووەوە وایان لێ نەهاتبوو!...

(قیافا): چیرۆکی زیندووبوونەوەی مەسیح بریتییە لە بەزمو پێکەنین!...

(حەنانیا): باشە تۆ لەسەر کردەوە و کاری خۆت بڕۆ بەڵام ئەوەندە بزانە کە ئەم ئایینە چووەتە ناخی دڵ و دەروونەوە و ڕەگیشی داکوتاوە. خوایش نەبێ کەس نازانێ کە تا چ ئەندازەیەک پەرە ئەسێنێ... دوورنییە کە ئێمەیش بەلای مێژووەوە بەگوناهبار دابنرێین تەنانەت ڕەنگە خۆیشمان و ئەو کەسانەیش کە لە گەڵماندان لەگەڵ هەموو نەتەوەی ئیسرائیل دا، لەپێش چاو جیهاندا بەتاوانبار دابنرێین ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە ئێمە لەوە ئەترساین پێ لە ڕاستی و دروستی بنێین و دان بەماف دابنێین.

لە ڕاستیدا، ئەی (قیافا)، ئێمە (ڕاستی و دوروستی و ماف)مان کوشت!... بەڵام وا ڕاستی و دروستی و ماف، جارێکی تر زیندوو بوونەتەوە!...

ئێستایش من ماندوێتی پیریم پێوە دیارەو هەستی پێ ئەکەم خەو دای گرتووم کەواتە (قیافا) شەو باش. ئەوەی گوتوو چوو بۆ ژووری نوستنەکەی خۆی!...

# بوودا

نووسینی: ئەحمەد ئەلشنتناوی

ئەم نووسراوە

ئیمرۆ نووسراوێکی چاک و بەکەڵک و سەرسوڕهێنەر لە بابەت (بوودا) و (ئایینی بوودا)وە پێشکەشی (خوێندەوارانی کورد) دەکەم. هیوادارم کەڵک و خۆشی لێ وەربگرن.
(بوودا) ڕۆڵەی سەدەی شەشەمی پێش زایینە. شازادانە ژیاوە. کەچی لەپڕ وازی لە ژن و ماڵ و بەزمورەزم و سایە و پایە و مایە هێناوە و، دەستی داوەتە دۆزینەوەی هۆی (ئەرک و ئازاری ژیان) و (ڕێگای ڕزگاری لەو ئەرک و ئازارە) و (گەیشتن بەئامانجی کامەرانی). پاش ئەوە دەستی کردووە بە(ڕۆشنکردنەوە)ی مێشکی هاونیشتمانەکانی خۆی، بۆ ئەمەی ئەو (ڕێگا)یە بگرن و لە دەست (زۆرداری) و (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری) ڕزگاریان بێ و بەکامەرانی و سەربەرزییەوە بژین.

سەیر ئەوەیە (بوودا) نە بەخۆی گوتووە پێغەمبەر و، نە بەخۆی گوتووە خودا. کەچی لە پاش خۆی، زۆربەی پەیڕەوەکانی، کردوویانە بەپێغەمبەر و پاشان بەخودا و پەرستوویانە!

ئامۆژگارییەکانیشیان وەک ئایینێکی ئاسمانی داناوە. لە ڕاستیدا (بوودا) کە تەمەنی گەیشتە سی ساڵی لاوێکی تێگەیشتوو و ڕاستی پەرست و زانا و هونەرمەندێکی بلیمەتی لێ دەرچوو بوو پشتیوانی هەژار و داما و لێ قەوماوانی دەکرد و لەسەری دەکردنەوە.

بۆ (دادپەروەری) خەباتی دەکرد. (شێوەیەکی پەسندی بۆ ژیان دامەزراند) و (ڕێگایشی بۆ ئەو ژیانە پەسندە نیشاندا). کەچی لە پاشدا، ئەوە بووە ئایینێکی وەها کە هەر لە (هیندستان)ەوە گرتیەوە هەتا گەیشتە (تیبەت) و (چین) و (ژاپۆنیا) و (سیلان) و (سیام) و (بورما). بگرە لەناو (ئەوروپا) و (ئەمەریکا)یشدا بڵاوبووەوە و، ڕەگی داکوتا. ئێستاکە پتر لە (١٠٠٠) هەزار ملیۆن کەس، یاخود سێ یەکی دانیشتووانی جیهان لە پەیڕەوانی ئەم ئایینەن.

ئایینەکەی (بوودا) بایەخ دەدات بەپەروەردەکردنی (مرۆڤ)، لەسەر بنچینەی (زانستی دەروون) و (شێوەی ڕەوشت و خوو) و (هونەر) و (ڕاستی پەرستی). بەرەنگاری ئەو (ئالۆش) و (خرۆش)ەی دڵیش دەکات، کە مرۆڤ دەخاتە سەر (چاوچنۆکی) و



(چاوچلێسی) و (بەدخوویی). بۆ گەیشتن بەئامانجی ڕزگاربوونیش لە (ئەرک و ئازاری دەروون) و هەست کردن بە(کامەرانی باڵا)، ئەم ڕێگایەی پێشان داوە، کە کردوێتی بەهەشت کەرتەوە: (بیروباوەڕی ڕاست)، (ئامانجی ڕاست)، (وتەی ڕاست)، (کردەوەی ڕاست)، (ژیانی ڕاست)، (تێکۆشانی ڕاست)، (بیرەوەریی ڕاست) و (لێ وردبوونەوەی ڕاست). ئامۆژگارییەکانیشی بریتین لەمانە: «خراپە مەکە»، «فێربە چۆن چاکە دەکەیت» و «دڵیشت پاک ڕابگرە».

(ئایینی بوودایی)، بایەخ بە(هۆش) و (گیان) و (دڵ) و (دەروون) زۆر دەدات. کەچی بەتەنگ سایە و پایە و مایە و دەسەڵاتداریی ناو جیهانەوە نییە. ژیانێکی (هەژارانە)ی وایش بەرهەم دەهێنێ، کە (دەوڵەمەندانە) بێ لە (کردەوەی چاک) و (ڕەوشت و خووی جوان) و (ناوبانگی باش)دا. هەرچەندە (ئایینی بوودایی) خودایەکی دانەناوە بۆ خۆی ڕووی تێ بکات و لێی بپاڕێتەوە، بەڵام پەرپەرچی بوونی (خودا) و (گیان)یش ناداتەوە.

وشەی تایبەتیی خۆی بۆ داناون. ئەوەندە هەیە دوژمنەکانی (ئایینی بوودایی) دەڵێن: «ڕەشبینە. لە نرخی (لەشی مرۆڤ) و نرخی (ژیان) کەم دەکاتەوە. هەروەها بایەخێکی ئەو تۆیش نادات بە(ڕەگەزی ئافرەت) و (پەیوەندییەکانی ناو خێزان)».

(ئایینی بوودایی) هەرچەندە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە تەنگەتاو کراوە، بەڵام لە (ژاپۆنیا) و (ئەمریکا) و (ئەوروپا) و گەلێک شوێنانی تردا، (ڕۆشنبیران) دەیبەن بەڕێوە و، گەشەی پێ دەکەن و پەرەی پێ دەسێنن. (ئایینی بوودایی)، (دڵ) و (هۆش)، هەردووکیان کێش دەکات بۆ خۆی. خەمی ڕووداوی ژیان دەخوات. چاوی مرۆڤ دەکاتەوە و تێیشی دەگەیێنێ کە کلیلی ژیانێکی دوور لە (ئەرک و ئازار) و پڕ لە (کامەرانی باڵا) بەدەست خۆیەوەیە. هەر خۆیشی گەورەی خۆیەتی.

هەر چۆنێکیش بیەوێ دەتوانێ پاشەڕۆژی خۆی وا دابڕێژێ کە بەئامانجی خۆی بگات.

کەواتە ئەم نووسراوە، (بوودا)، لە باریدا هەیە ڕۆشنبیرییەکی تەواو ببەخشێ بە(خوێندەوارانی کورد). بۆیەکا منیش پێشکەشم کردوون کە کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن.

شاکر فەتاح
سلێمانی: ٤/١٠/١٩٦٧
(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

## له دایکبوونی بوودا

خونکار (سودهدانا) کە سەرداری هۆزی «ساکیە» بوو لە هیندستاندا، لە سەدەی شەشەمی پێش زایینیدا بڕیاری دا هاوسەرێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ. چوو: (مایا)ی هەڵبژارد، کە جوانترین کچی ناو هۆزەکەی بوو.

ئێوارەیەکیان لە هاویندا ئەم شاژنە تازە بووکە لە ژووری نوستنەکەی خۆیدا پاڵی دابووەوە، لەسەر پێخەفەکەی خۆی. لەپڕ خەوی لێ کەوت و. لەخەودا وای هاتەپێش چاو کە چوار خونکار هاتنە لای و، خۆی و تەختی نوستنەکەی و هەموو کەلوپەلێکی ناو ژووری نوستنەکەیان هەڵگرت و چوون بۆ سەر شاخەکانی (هیمالایا). لەوێدا لەژێر درەختێکی گەورەی سێبەرداردا خۆی و تەختی نوستنەکەیان دانا. دوای ئەوە چوار شاژن هاتنەلای و بردیانە ناو سەرشۆرکێکەوە. کاتێ کە لە خۆشتن بووەوە، جوانترین جلوبەرگیان لەبەر کرد و، خۆشترین بۆنیان لێ دا. دوای ئەوە بردیانە ناو پێخەفێکی پیرۆزەوە کە لەناو خانوویەکی زێڕیندابوو، لەسەر چیایەکی زیوین. فیلێکیش لە شاخێکی زێڕینەوە. هاتە خوارەوە بۆ سەر ئەم شاخە زیوینە. بەسەری لووتیەوە چڵێکی لە داری (بەشنین) گرتبوو. هاتە ناو خانووەکەوە سێ جار بەم لاو بەولاو تەختی نوستنەکەدا سووڕایەوە. دوای ئەوە خۆی دا لە تەنشتی ڕاستی شاژن و چووە ناو منداڵانییەوە!... کاتێ کە شابانوو خەبەری بووەوە، خەوەکەی بۆ مێردەکەی خۆی گێڕایەوە خونکاریش شەست و چوار پیاوی تێگەیشتووی لە پیاوە ژیرەکانی هۆزەکە بانگ کردە لای خۆی و، ڕێزێکی زۆری لێ گرتن و، بەخشندەییەکی زۆریشی لەگەڵدا کردن. دوای ئەوە پێی گوتن ئەم خەوەی بۆ لێک بدەنەوە. ئەوانیش پێیان گوت:

«ئەی خونکاری دڵخۆش و کامەران. خەمی هیچت نەبێ.

شاژن کوڕی دەبێ، نەک کچ. ئەم کوڕەیش ئەگەر لە ماڵێدا مایەوە، دەبێتە خونکاری ئەم نیشتمانە. ئەگەر لە ماڵیش دەربازبوو و دایە چۆڵەوانی، دەبێتە (بوودا)، واتا دەبێتە پیاوێکی وا کە پەردەی نەخوێندەواری و نەزانی لە ڕووی ئەم جیهانە لابدات».

نووسراوە کۆنەکانی بوودایییەکانیش وا دەگێڕنەوە: کە لە خاکی (سودەهدانا)دا، ئەو دەمە بوومەلەرزەیەکی گەورە ڕووی داوە، هەموو زەویی لەراندۆتەوە. هەروەها هەندێ کارەساتی سەیر و سەرسوڕهێنەریش ڕوویان داوە، وەک چاکبوونەوەی چاوی کوێر و گوێی کەڕ و زمانی لاڵ. ئاگریش لە ناو هەموو ماڵەکاندا کوژاوەتەوە.



لەو کاتەدا کە شاژن (مایا) نۆ مانگەکەی سکی تەواو کردبوو، بەناو باخێکی کۆشکەکەدا دەگەڕا، لەپڕ کاتی منداڵ بوونی هات. ئەویش چووە بن دارێکی گەورەی سێبەردارەوە و دانیشت دەس و پێوەندەکان پەردەیەکی تایبەتییان گێڕا و شاژنیان شاردەوە لە چاوی ئەم و ئەو. کاتێ کە شابانوو ویستی هەڵبسێ، خەریک بوو دەستی بەلقێکی بەرزی دارەکەوە بگرێ. لقی دارەکەیش دەمودەست خۆی چەماندەوە تا نزیکی دەسی شاژن بووەوە. کاتێ ڕاست بووەوە منداڵەکەی لێ کەوتە خوارەوە. چوار (بوڕاهما) کە هەر یەکە سووچێکی ئەو داوەیانگرتبوو کە لە تان و پۆی تەلی زێڕ دروست کرابوو، منداڵەکەیان بەوداوە قۆستەوە.

هەرچەندە منداڵەکە بەلەشی پاکەوە لەدایک بووبوو، نە خوێن، نە هیچ شتێکی تری پێوە نەبوو، بەڵام دوو کانی لە خۆیانەوە هەڵقوولان. یەکێکیان ئاوەکەی سارد بوو. ئەویتریشیان ئاوەکەی گەرم بوو. (بوڕاهما)کان دەستیان کرد بەشتنی منداڵەکە و دایکی.

دوای ئەوە منداڵەکەیان دایە دەست چوار خونکار، کە سیپالێکیان لەبەر کرد، لە پێستی ئاسک دروست کرابوو. باش ئەوە منداڵەکەیان خستەسەر پشتییەکی ئاوریشم و یەکێکیش لە دەس و پێوەندەکان هەڵیگرت.

بەپێی سەرگورشتەی بوودایییەکان منداڵەکە ڕاست بۆتەوە و هەستاوەتە سەر پێ. خوداکان و مرۆڤەکانیش هەموویان کڕنووشیان بۆ کێشاوە. دوای ئەوە منداڵەکە چاوی گێڕاوە بەهەموو لایەکدا، تا بزانێ کەس لە جیهاندا هەیە لە خۆی بکات؟... کە تەماشای کردووە کەس نییە لە خۆی بکات، حەوت هەنگاوی بەرەو دەستە چەپ هاویشتووە جا لەوکاتەدا کە (مەهابوراهما) چەترێکی سپی بەدەستەوە گرتبوو سێبەری بۆ منداڵەکە دەکرد و، (سومایا)یش باوەشێنێکی بەدەستەوە گرتبوو، باوەشێنی منداڵەکەی دەکرد و، لە دوایشیانەوە کۆمەڵێک گرتبوو، باوەشێنی منداڵەکەی دەکرد و، لە دوایشیانەوە کۆمەڵێک لە دروست کراوە پیر و بەرزەکان دەڕۆیشتن، بابەت، نیشانەی خونکاریی ئەو منداڵەیان بەدەستەوە بوو، لەپاش هەنگاوی حەوتەم، (بوودا) وەستاو بەدەنگێکی بەرزەوە، وەک شێر نەڕاندی گوتی: «منم گەورەی ئەم جیهانە!».

هەروەها سەرگروشتەکان وا دەگێڕنەوە، کە هەر لەو ڕۆژەدا (بوودا) لە دایک بووبوو، ئەو ژنەیش لە دایک بوو بوو کە لەوەدوا بوو بەژنی. هەروەها فیلەکەی و ئەسپەکەی گالیسکەوانەکەیشی لە دایک بووبوون. ئەو درەختە کە (بوودا) لەبن سێبەری ئەودا

(ڕازەکانی ژیان)ی بۆ دەرکەوت هەر لەو ڕۆژەدا ڕووابوو!...خوداناسی بەناوبانگ (ئاسیا)یش کە لەو ڕۆژەدا چووبووە سەربانی پەرستگاکەی خۆی بەسەر شاخەکانی (هیمالایا)وە، لەناو جەرگی ئاسماندا ئاهەنگێکی چاوپێکەوتبوو، کە لە لایەن فریشتەکانەوە گێڕابوو، زانیبووی کە بەبۆنەی لەدایکبوونی (بوودا)وە کرابوو، کە لە ناوەند هۆزەکانی (ساکیە)دا لە دایک بووبوو.

جا ئەم خوداناسە دەروێشە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندبووەماڵی (سودەهدانا) تا ئەم منداڵە گەورەیەی چاو پێ بکەوێ. کاتێ گەیشتبووە بەردەم خونکار، خونکار لێی پرسیبوو: بۆچی هاتوویت؟... ئەویش پێی گوتبوو: «ئەی شا!... تۆ منداڵێکت بووە. منیش دەمەوێ بیبینم. منیش بۆیەکا هاتوومە لات کە بیبینم» خونکاریش وەرامی دابووەوە، گوتبووی: «ئەی ژیری تێگەیشتوو! منداڵەکە نوستووە. کەمێک خۆت بگرە، تا لە خەو هەڵدەستێت». خوداناسەکەیش گوتبووی: «ئەی شا! ئەم جۆرە ئافەریدە کراوە گەورە گەورانە زۆر نانوون. هەر خۆیشیان لەو سروشتەدان کە هەرگیز نەخەون!». زۆری پێ نەچوو «سودەهدانا» منداڵەکەی خستە باوەشی خۆیەوە و هەڵیگرت و بردی، پێشانی پیاوە دەروێشە تێگەیشتووەکەی دا. دەروێشە ژیرەکەیش کە منداڵەکەی دی چاوی گەشایەوە و شادمانی کەوتە ناو ناوچەوانیەوە. دوای ئەوە پەنجەی کێشا بۆ ئەوانەی کە لەوێ بوون و تێی گەیاندن کە منداڵەکە هەر سی و دوو نیشانەکەی پێوەیە کە پیاوی گەورەیان پێ جیا دەکرێتەوە لە پیاوی بچووک، وەک پەنجەی درێژ و پاژنەی دەرپەڕیوو مەچەکی دەرکەوتوو. هەروەها چل ددانی سپیش لە دەمیدایە، ڕازاندوویانەتەوە، لەگەڵ زمانێکی گەورەدا!... ئەوەندە هەبوو دەروێشەکە، (ئاسیا)، لە پاش تاوێک دەستی کرد بەگریان. کە خونکار لێی پرسی بۆ چ دەگریت؟... گوتی ئەم منداڵە دەگاتە پلەی هەرەبەرزی ڕۆشنبیری.

ڕێگای ڕاستی و و دروستیش پێشانی جیهان دەدات. منیش بۆ یەکا دەگریم چونکە ئەوەند بەبەرمەوە نەماوە تا بژیم و ببم بەیەکێک لە شاگردانی ئەم «بوودا» گەورەیە، ببم بەیەکێک لە پشتیوانانی.

منداڵەکە هێشتا ساوا بوو، کەچی نیشانەی زیرەکی و بلیمەتی پێوە دیاربوو. وایش بڕیاردرا کە لەسەر ڕەوشتی باوی ئەو سەردەمە بیخەنە بەر خوێندن لە یەکێک لە پەرستگاکاندا.



پووریشی لەگەڵیدا چوو. چونکە لە دوای مردنی دایکی شووی بەباوکی کردبوو و جێی ئەوی گرتبووەوە.

منداڵەکەیش بەدەنگێکی نەرمەوە لێی پرسیبوو: بۆ کوێی دەبات؟... کە پوورەکەیشی پێی گوتبوو بۆ کوێ دەچن، منداڵەکە سێ تاکە هۆنراوەی بۆ خوێندبووەوە. تێیشی گەیاندبوو کە لە هیچ پەرستگایەک لە پەرستگاکاندا خودایەکی وای تێدا نییە کە بگاتە ئەو. دوای ئەوە گوتبووی: منیش بۆ دەسەڵاتی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ملکەچ دەکەم و دێم لەگەڵتدا بۆ پەرستگاکە[1]. جا هەر ئەوەندەی خۆش بوو تا منداڵەکە گەیشتە پەرستگاکە. دەمودەست بتەکان کەوتنە خوارەوە، بەر پێی.

دوای ئەوە منداڵەکە چووە خوێندنگا. فێری (ئەلفوبێ) ببێ. بەساویلکەییەکەوە لە منداڵەکانی هاوڕێی پرسی: دەبێ کام (ئەلفوبێ) فێر بی؟... گوتی: من هەموو (ئەلفوبێ)یەکان دەزانم. هەروا بەبێ پەروا (٦٤) ئەلفوبێی بۆ خوێندنەوە، کە یەکێک لەوانە «ئەلفوبێی چینی» بوو!... جا ئەمە، هێشتا منداڵ بوو، (بوودا)، کە ئەم هەموو شاکارانەی لێ ڕوودا، کە لە وزەی کەسدا نەبوو، ئەوانەی لەدەست بێ. ئەی چووە تەمەنەوە دەبێ چەند شاکاری لە وزە بەدەری لە دەست هاتبێ؟... سەر گوروشتە و چیرۆکەکان ئەمانەمان بۆ دەگێڕنەوە...

## بوودای ڕاستەقینە

زاناکان دەستیان کرد بەپشکنینی نووسراوە کۆنەکان و بەراووردکردن لە ناوەند نووسراوە جۆوێ جۆیکاندا. هەروەها بەتەرازووی نرخ دانانێکی دروست و تەواویش، بەهەڵسەنگاندنێکی پاک و بێ لایەنیش، ئەو سەرگوروشتە و کارەساتە سەرسوڕهێنەرانەیشیان کێشا و هەڵسەنگاند کە نووسراوەکان پڕ بوون لەوانە. دوایی کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەم پیاوە تێگەیشتووە گەورەیەیان بۆ دەرکەوت. کە تەماشایان کرد (بوودا) پیاوێکی دڵ کێشکەرە، زوو بەدڵی مرۆڤدا دەچێ. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کەسایەتییەکی ساکار و کاریگەری هەیە. هەروەها هۆشێکی بەزەبر و زەنگ و خواستێکی توند و بەهێزی پۆڵاییشی هەیە کە سەر ئەنگرێ ناکرێ. ئەمیش وەک هەموو کەسایەتییەکی جیهانی کە لەناو مێژوودا دەرکەوتوون، کردەوە و کاری پێچەوانەی هەیە.

(١) واتە: هەر لەبەر عورف و عادەتی کۆمەڵایەتی دێم.

جاری وا هەیە کردەوەی وەهای لێ دەوەشێتەوە کە تۆ لە ڕێزەی دەروێشە خاوەن خەو و ئاواتەکانیان دادەنێیت. جاری وایش هەیە لە قسەکانیەوە، بۆت دەردەکەوێت کە (بوودا) ڕاستی پەرستێکی وەهایە کە لە پەیڕەوانی ئایینی کەرەستەخوازی (المذهب المادی) بژمێررێ. (بوودا) بەهەندێ کردەوەی ناسراویدا دەردەکەوێت کە ئەویش وەک ئافرەت دڵناسک بووبێ. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەوشتە ڕاستی پەرستانەکەی بەشێکی تەواوی بەندە بەهۆشێکی بەهێزەوە.

ئەو لێکۆڵینەوە زۆرانەی کە زاناکان کردوویانە، لە پاش بەراووردکردنیان لە ناوەند نووسراوە بوودابیەکاندا کە لەم دواییەدا لە زمانی (پالی)یەوە وەرگێڕ ڕابوون و، لەو سەرچاوانەدا کە بەزمانی (سانسکریتی) نووسرابوونەوە، بۆمان دەردەخەن کە ئەم پیاوە لە کۆشکی خونکاری (ساکیە)دا لەدایک بووە، کە بەشێکە لە گەورەهۆزی (جوتاما). زمانی «پالی»یش ئەو زمانە هیندییەیە کە (بوودا) خۆی قسەی پێ دەکرد. گەورەهۆزی «جوتاما»یش لەو شوێنەدا بڵاوبووەوە کە چەند میلێک لەلای دەستەچەپی (بەنارس)ی ئێستەوە دوورە. جا لەبەر ئەوە هەندێ جار بە(بوودا)یان گوتووە: (ساکیامونی)، واتا پیاوە تێگەیشتووەکەی هۆزەکەی «ساکیە». جا لەپاش ئەمەی ڕازەکانی ژیانی بۆ دەرکەوت، بەناوی «جوتاما»وە ناوبانگی دەرکرد. پێیان دەگوت: «جوتاما بوودا» واتا (ڕۆشنبیری جوتاما).

وا دەردەکەوێ ناوە ڕاستەقینەکەی «سەدهارتا» بێ. واتای ئەمەیش ئەمەیە: «ئەو پیاوەی گەیشتووەتە ئامانجی خۆی».

لە بابەت منداڵی (بوودا)وە زانیارییەکی کەممان هەیە. ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین کە لەناو ڕووکەشی نیاز و جیازدا گەورەبووە. لە ژیانێکی خۆشگوزەرانی و کامەرانیدا ژیاوە.

لەناو هەندێ نووسراوانی ئایینیی (بوودایی)دا لەسەر زمانی (بوودا) ئەمە هاتووە:

«ئەی دەروێشان! من لەناو ناز و جیازدا گەورە بووم. لەوپەڕی خۆشیدا ژیاوم. لەناو کۆشکی باوکمدا گەلێک ئەستێرک هەڵکەندرابوون، کە بەگژوگیای (بەشنین) داپۆشرابوون.

یەکێک لەو ئەستێرکانە بەبەشنینی شین داپۆشرابوو. یەکێکیشیان بەبەشنینی سوور. ئەویتریشیان بەبەشنینی سپی. ئەم ئەستێرکانە هەموویان بۆ خۆشیی دڵی من هەڵکەندرابوون. منیش لە تەختەی (سەندەل) بەولاوە کە بەرهەمێکی شاری (بەنارس) بوو بەکارم نەدەهێنا. جلوبەرگەکانیشم لەو سیپاڵانە دروست کران کە بەرهەمی ئەو



شارەبوون. هەروەها سیپاڵەکانی کراسەکان و کورتەکەکان و فەرەنجییەکانیشم هەر بەرهەمی شاری (بەنارس) بوون. هەمووودەم چەترێکی سپیشم بەسەرەوە ڕادەگیرا، نەوەک سەرما، یاخود تینی هەتاو، یان تەپوتۆز، یان پووش و پەڵاش، یاخود ئاورنگ لە لەشم بکەون و ئازارم بدەن. من ئەو چاڵە ساکە سێ کۆشکم بۆ تەرخان کرابوو. یەکێکیان بۆ کەشی زستان دانرابوو. یەکیشیان بۆ کەشی هاوین دانرابوو. یەکیشیان بۆ کەشی پڕ لە باران. لەناو کۆشکی کەشی باراندا چوار مانگی خشتم ڕادەبوارد. کارەکەر و کەنیزەک لێم کۆ دەبوونەوە. تا ئەم چوار مانگە بەسەر دەچوون لە کۆشک نەدەچوومە دەرەوە».

هەندێک سەرگوروشتە و چیرۆکی تریش هەن، لەگەڵ ئەم ژیانە نەرمونیانە خۆشەیشدا کە (بوودا) ڕاییواردووە هێز و توانایی لەشی ئەومان بۆ دەگێڕنەوە. یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئەو تیرەی لە کەوانی (بوودا) دەردەچوو، تا دە میل دەڕۆیشت، جارێکیان (بوودا) فیلێکی فڕێ دایە ناو ئەو گەورەیەوە کە چوار لای شارەکەی گرتبووەوە.

هەر ئەوەندە (بوودا) گەیشتە تەمەنی شانزە ساڵی، باوکی ئەم سێ کۆشکەی بۆ دروست کرد. دوای ئەوە چاوەڕوانی کچێکی وای کرد کە بە کەڵکی ئەوە بێت ببێ بەژنی ئەم کوڕە نازدارەی. بەڵام خونکار و سەردارەکانی دراوسێی ئەوەیان پێ خۆش نەبوو کە کچی خۆیان بەم کوڕە خاوەن بەزموڕەزم و خۆشگوزەرانییە بدەن، چونکە لەوە دەترسان کە ئەم ژیانە پڕ ئاهەنگ و زەماوەندە کردەوە و ڕەوشتی تێدا نەبێ و کەڵکی ئەوەی پێوە نەما بێ کە ژیانێکی ژن و مێردی خۆش ڕاببوێرێ. ئێمەیش ئەوە بەتەواوەتی نازانین کە ئایا (بوودا) لە تەمەنی شانزە ساڵی، یاخود نۆزدە ساڵی، یان بیست ساڵیدا ژنی هێناوە. چونکە سەرگوروشتەکان لەوەدا یەک ناگرنەوە. بەڵام ئەوەی لەو سەرگوروشتە زۆرانەوە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە (بودا) تەمەنی منداڵی تەمەنی کوڕێنی لەناو ئەو کۆشکانەی باوکیدا بەسەر دەبرد. ژیانێکی فەرماندارانەی پڕ ناز و جیازی تێدا ڕادەبواردن. هیچ فەرمانێکی نەدەکرد. لەو دەمەدا دەشتەکانی ناو خاکی هیندستان بەپیت بوون، پڕ بوون لە پاوان. فەرماندارە هیندییەکانیش کە لە هۆزە ئارییە کۆنەکە کەوتبوونەوە، تا ئەندازەیەکی گەورە سامان و سایەیان هەبوو کۆشکی گەورە گەورە و جوانیان بۆ خۆیان دروست دەکرد. لەناو ئەو کۆشکانەیشدا بەبەزم و ڕەزمەوە ڕایان دەبوارد. گوێیان لە دەنگی خۆش دەگرت و، هەر چۆنێ ئارەزوویان بکردایە، وایان دەکرد و، هەموو جۆرە یاری و گرەوێکیشیان دەکرد.

سەرگوروشتەکان وا دەڵێن: کە باوکی (بوودا) ماوەی ئەوەی نەدەدا کوڕەکەی چاوی

بەهیچ شێوەیەکی هەژاری و هەناسەساردی و ئێش و ئازار بکەوێ لەو دیو کۆشکەکەیەوە، کە یەجگار زۆر بوون.

هەرچی (بوودا) بوو بەجۆرێکی وا دەژیا لەم کۆشکانەدا، کە ئاگاداری ئەوە نەبوو لەناو جیهاندا (هەژاری) و (سەرگەردانی) و (ئازار) و (مردن) هەیە. باوکی (بوودا) ڕەوشتی وابوو، هەرچەند (بوودا) بیویستایە بچیتە دەرەوە بۆ گەڕان، چەند پیاوێکی خۆی لەپێشەوە دەنارده دەرێ تا ڕێگاکە پاک بکەنەوە لە هەموو دیمەنێکی پیس و ناشیرین، تا (بوودا) چاوی هەر بەشتی جوان و دڵخۆشکەر بکەوێ.

وا ڕێککەوت شاکوڕ، ڕۆژێکیان سواری گالیسکەکەی بوو و لە دەرگاکانی کۆشک گوزەری کرد. ئەو دەمە لە تەمەنی سی ساڵیدابوو. لە پڕ چاوی کەوت بەپیاوێکی پیری پەککەوتەی داماو، کە لە پەلوپۆ کەوتبوو، کەڵکی ژیانیشی پێوەنەمابوو.

شاکوڕ پەنجەی بۆ درێژ کرد و لە گالیسکەوانەکەی خۆی پرسی: ئەم پیاوە چ کارەیە؟...

(تیشنا)ی گالیسکەوانیش وەرامی دایەوە گوتی: ئەم جیهانە پڕە لە کلۆڵ و هەژار. ئەگەر ژمارەی ئەوانە یەکێک کەم بکات، یان یەکێک زۆر بکات، بایەخی نییە.

شا کوڕی لاویش کە ئەوەی بیست و دی، دڵی زۆر تەنگ بوو.

بەڵام هیچی نەگوت. دوای ئەوە گەڕایەوە کۆشک و لەگەڵ ژنەکەی و باوکی و دایکی خۆیدا ژیا و تێکۆشا کە بەکامەرانی بژی. لە پاش ماوەیەکی کەم شاکوڕ جارێکی تریش لە کۆشکە کە چووە دەرەوە.

تووشی پیاوێک بوو بەئێش و ئازاری نەخۆشییەکەیەوە دەتلایەوە.

ڕووی کردە گالیسکەوانەکەی و لێی پرسی: هۆی ئێش و ئازاری ئەو پیاوە چییە؟...

گالیسکەوان (تیشنا)یش وەرامی دایەوە گوتی جیهان پڕە لە نەخۆش. ئێمەیش هیچمان لە دەست نایەت بیکەین، تا ئەم دەردە لە خۆمان دووربخەینەوە. پێویست بەوەیش ناکات کە زۆر خۆمانی پێوە خەریک بکەین. کە شاکوڕی لاو ئەوەی بیست یەجگار دڵی تەنگ بوو. بەڵام گەڕایەوە ناو خزم و کەسوکارەکەی خۆی. پاش ئەوە بەچەند هەفتەیەک، شەوێکیان «سەدهارتا» بانگی کرد گالیسکەکەی بۆ ئامادەبکەن تا بچێتە سەر ڕووبارەکە بۆ خۆشتن و مەلەکردن. کە چوون بەڕێگادا لە پڕ ئەسپەکان سڵەمینەوە. لاشەیەکی مردوویان دی، بۆگەنی کردبوو، دیمەنی ناشیرین بووبوو، فڕێ درابووە ناو چاڵێکەوە لە تەنشت ڕێگاکەوە.

شاکوڕی لاو کە ئەوەی دی داچڵەکی. چونکە لەوە پێش ماوەی ئەوەی نەدرابوو کە ئەم



جۆرە شتانە ببینێ. بەڵام (تیشنا) پێی گوت: نابێ گوێ بدەیتە ئەم جۆرە بابەتە پڕوپووچانە. چونکە جیهان پڕە لە مردوو. هەروەها یاسای ژیانیش وای بڕیارداوە کە هەموو شتێک دوایی بێت و نەمێنێ. لە جیهاندا هیچ شتێک تا سەر نامێنێتەوە. گۆڕ چاوەڕوانی هەموو کەسێکە[1]. کەسیش لە مردن ڕزگاری نابێ. کاتێ کە (سەدهارتا) گەڕایەوە کۆشکەکەی خۆی، بووبووە ئێوارە. بەساز و ئاوازەوە دانیشتوانی ئەو ناوەیش ئەمەیان پێ خۆش بووبوو. چونکە پێیان زانیبوو کە جێنشینێکی شایان بۆ هاتۆتە جیهانەوە. ئەوانیش بەبۆنەی ئەم ڕووداوە خۆشەوە دەستیان کرد بەتەپڵ لێدان بەڵام (سەدهارتا) لە شاییەکەیاندا هاوبەشیی نەکردن. چونکە ژیانی بەتەواوەتی بۆ دەرکەوتبوو.

تێگەیشتبوو کە ژیانی مرۆڤ پڕە لە ئێش و ئازار. دیمەنی مردن و ئێش و ئازاریش وەک خەوێکی ناخۆش، تەنگەتاوی کرد. جا ئەم دیمەنانە بوو کە پاڵیان نا بە(بوودا)وە کۆشکەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ و بچێتە ناو ئەم جیهانە پان و فراوانەوە، تا (نامە)کەی خۆی لەناو هەمواندا بڵاوبکاتەوە. بەڵام بێجگە لەمە، گەلێ هۆی تریش هەبوون کە نهێنی بوون و، تەنانەت شازادە خۆیشی نەیدەزانین، پاڵیان پێوەدەنا ماڵ و منداڵی خۆی بەجێ بهێڵێ.

لە تەمەنێکی دیاری کراودا، ئارەزوویەکی بەهێز دەچێتە دڵی هەموو لاوێکەوە، بۆ ئەوەی لە خێزانەکەی خۆی جیا ببێتەوە و، بچێتە ناو ئەم جیهانە پان و فراوانەوە و بەئارەزووی خۆی پێیدا بسووڕێتەوە، تا شارەزای ئەو شتە سەیرانە و ئەو ئافەریدە کراوانە ببێ کە لە ناویدایە. (بوودا)یش لەو دەمەدا تەمەنی گەیشتبووە ڕادەی خۆی. بەڵام ئەو هەر لە منداڵییەوە نیشانەی زیرەکی و بلیمەتی پێوە دیار بوو.

تەمەنی سی ساڵیش ئەو تەمەنە بوو کە (زەردەشت) لەپێش (بوودا)دا بەسەد ساڵ هاتبووە کۆڕەوە بۆ (ڕێگاپێشدان) بە(مرۆڤ).

(مەسیح)یش هەر لەتەمەنی سی ساڵەدا بوو کە ئایینەکەی خۆی لە هەموان ئاشکر کرد. بەڵام ڕەنگە ئەمە لە هەمووی سەیر تر بێ: کە (بوودا) خاوو خێزانەکەی خۆی

(١) غافڵگیرییەک لێرەدایە، کەمێ پێشتر دەڵێ: (شەوێکیان سەدهارتا بانگی کرد کە گالیسکەکەی بۆ ئامادە بکەن تا بچێتە سەر ڕوبارەکە بۆ خۆشتن...) دەبوو نووسەر ئاگاداری (کات)ەکە بووایە لە باسەکەیدا.

بەجێهێشت، بەر ئەو هەفتەیە کەوت کە ژنەکەی (ڕهۆلا)ی کوڕی لێ کەوتبووە خوارەوە. ئەو دەمە دە ساڵی خشت بوو، ئەم ژن و مێردە پێکەوە بەکامەرانییەوە دەژیان. ئایا (بوودا) چۆن ئەمەی لێ وەشایەوە؟!

لای زانایانی کۆمەڵایەتی ئاشکرا بووە، کە پیاو لە پێش منداڵ بوونی ژنەکەیدا بەچەند ڕۆژێک، یاخود دەمودەست لە پاش منداڵ بوونەکەی، ئارەزوویەکی سەرسوڕهێنەر دێتە دڵییەوە، کە پاڵی پێوەدەنێ ماڵەکەی و ژن و منداڵەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ. ئەم کردەوەیەیش وەنەبێ هەر تایبەتی بێ بۆ چەند کەسێک. لەناو هەموو چینێکدا هەیە و دەبینرێ. جا بۆ ئەمەی لە ڕاستیی ئەم قسەیە دڵنیابین، هەر تەماشای کەینەوبەینەکانی ژن بەرەڵڵاکردن و هۆی بەرەڵڵاکردنەکان بکەین بەسمانە.

لەناو هەندێک هۆزی سەرەتاییدا بووە بەباو: هەرچەند ژنەکە بکەوێتە باری منداڵبوونەوە، مێردەکەی بەزۆر دەخەنە ژوورێکەوە لەناو زنجەکەی خۆیدا، ناهێڵن بچێتە دەرەوە. ئەمەیش وامان لێ دەکات کە بڵێین هۆزە سەرەتاییەکانیش پەیبیان بەم ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە گرنگە بردووە.

هۆی دووەمیش ئەمە بوو: کاتێ کە (بوودا) سەری کرد بەژووری ژنەکەیدا و خۆی و منداڵەکەی دی بەبەر ڕۆشنایی لالاکەوە، کە بەرۆنێکی بۆن خۆش دەسووتا... کە هەردووکیانی دی لەناو کۆمەڵەی گوڵەباخ و یاسەمیندا نوقوم بووبوون...

دەمودەست هەستی پێ کرد کە ئەو منداڵە ڕۆژێک دێ لەناو کۆشکەکەیدا دەیبەستێتەوە، کە ناتوانێ لێی جیابێتەوە. ئەویش پێش ئەمەی پێوەندەکە بکرێتە قاچییەوە، ویستی خۆی لێ ڕزگار بکات.

مانگ لەو شەوەدا هەڵهاتبوو، تریفەی دەهات. (سەدهارتا)یش لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە گەلێک شت. وایشی هاتە پێش چاو کە هەتا چارەیەک نەدۆزێتەوە بۆ کەینەوبەینەی هەبوون (وجود)، کامەرانی ڕووی تێ ناکاتەوە. وایش بڕیاری دا کە خۆی دوور بخاتەوە لەو هەموو ئەو کەسانەی کە خۆشی دەوێن، تا بتوانێ بەشێنەیی بۆ ئەو چارەکردنە بگەڕێ. بەهێواشی چووە ئەو ژوورەوە کە ژنەکەی و منداڵەکەی تێدا نوستبوون. دوای ئەوە بانگی کردە پیاوە دڵسۆزەکەی خۆی، (تیشنا)، پێی گوت: دوای کەوێ. ئینجا هەردووکیان بەو تاریکەشەوە دەرچوونە دەرەوە. یەکێکیان بۆ ئارامی دڵی خۆی دەگەڕا. یەکیشیان کاری بۆ گەورەکەی خۆی دەکرد کە خۆشی دەویست و بەدڵسۆزی و سەرڕاستییشەوە فەرمانی بۆ دەکرد.



## شازادەی خوازەڵوک

(سەدهارتا) بەدرێژایی ئەو شەوە بەخۆی و ئەسپەکەیەوە ڕۆیشتن و بەرێکادا. (تیشنا)ی پیاویشی لە دوایەوە بوو کلکی ئەسپەکەی گرتبوو بەدەستەوە. کە بەیانی گزنگی دا یەکەم کاری ئەوەبوو کە بەدەمی شیرەکەی تووکی سەری خۆی بڕی[1] و جلوبەرگە شاهانەکەی خۆی داکەند و، ئەسپەکە و قژە سەرەکەی خۆیشی بە(تیشنا)ی پیاویدا ناردەوە بۆ خێزانەکەی خۆی. دوای ئەوە بەرگێکی ڕەنگ زەردی لەبەر کرد، کە لەوەپاش بوو بەنیشانەی (بوودایی)یەکان. ئیتر لەو ساکەوە (بوودا) بوو بەدەروێشێکی گەڕۆک. لە سامانی جیهانی هیچی بۆ نەمابووەوە، جامێک و گوێزانێک و دەرزییەک و پشتێنێک و ئاودانێک نەبێ کە ئاوی تێدا هەڵدەگرت.

(سەدهارتا) ڕووی کردە ڕۆژهەڵات. لە پاش کۆچێکی دووردرێژ کە بەناو زۆر خاکدا گەڕا، تووشی دوو پیاوی ژیری ئەو سەردەمە هات. بەڵام هیچ کامێکیان یارمەتی تەواویان نەدا، تا ڕاستیی باڵا تێ بگات. (سەدهارتا) زۆر بەڕۆژوو دەبوو. لەشی خۆی لە زۆر شت بێبەش دەهێڵایەوە. مەبەسیشی لەمە ئەوەبوو کە لەشی خۆی بخاتە ژێر چنگی بڵندەکەیەوە. کەسانی تریش (بوودا)یان وا دەهاتە پێش چاو کە دەروێشێکی خوداناسی پاک و بێ گوناهە و خۆی لە خۆشیی ژیان زۆر بێبەش دەکات. لەو ماوەیەشدا چەند کەسێک بووبوون بەپەیڕەوی و دوای کەوتبوون.

بەڵام هەر پێنج کەس بوون. جا لەپاش خۆئازاردان و خۆماندووکردن و مەشقکردنێکی زۆر بەلەشی خۆی، (سەدهارتا) ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەو جۆرە ژینە نایگەیێنێتە زانینی ڕاستی و فێری تێبینی و وریایشی ناکات. کەواتە دەبێ ڕێگایەکی تر هەبێ بیگەیێنێتە ئەو ئامانجەی کە ئاواتی بۆ دەخوازێ و، پەردەیش لە ڕووی هۆش و دەروونی لابدات. لەبەرئەوە وازی لەو جۆرە مەشقە پڕ ئەرک و ئازارانە هێنا و کە دەیویست بەهۆی ئەوانەوە لەش ملکەچ بکات و، ئاڵۆشەکانی لەشیش دامرکێتەوە. ئیتر (بوودا) ئەو ڕێگایەی گرت کە ناوی نا: (ڕێگای ناوونجی). مەبەسیشی لەوە (خۆڕاگرتن) بوو. واتا دەروونی خۆی لە خراپە دوور بخاتەوە. کە گفتوگۆیشی دەکرد، لەو ساڵانە دەدوا، کە بەئازاردانی لەشی خۆی و بێچارە کردنیەوە ڕایدەبوارد دەیگوت: «ئەو ساڵانەم بەوەوە ڕابوارد کە بابەتێک دروست بکەم!...»

(1) یان: ... قژی سەری خۆی تاشی.

بەڵام هەر ئەوەندە (بوودا) بەشی خۆی چێشتی برنج و ماستی خوارد، هەر پێنج شاگردەکەی لێی جیابوونەوە، ئەوانە کە (بوودا)یان دی لە پاش ئەو هەموو مەشق و ماندووبوونە کە بەلەشی خۆی دەکرد بای دایەوە سەر نانخواردن، بەئارەزووی خۆی، لێی سڵەمینەوە و، لێییشی کەوتنە ترسەوە. ڕەنگە (بوودا) لەبەر ئەوەی هەر پێنج شاگردەکەی لێی جیابوونەوە و دڵیان شکاند، هەروەها لەبەرئەوەی بەهۆی نان و چێشت خواردنەکەیەوە، بووژایەوە و تینی سەندەوە، یاخود لەبەر هەردوو هۆیەکە بووبێ، نیازێکی تازە هاتبێتە دڵیەوە و، بڕیارێکی پۆڵاییی دابێ. کە بەهەموو هێز و هەڕەتێکی خۆیەوە خەبات بکات بۆ ئەوەی ڕازی ئازاری دڵی مرۆڤ و هۆی سەرگەردانییان لە ژیاندا بدۆزێتەوە. (بوودا) لەژێر سێبەری دار هەنجیرێکدا چوار مەشقی دانیشتبوو. لە پڕ بەدڵیدا هات: هەر لە جێی خۆیدا بەو جۆرە بمێنێتەوە و نەڕوات تا ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ. لەبەرخۆیەوە گوتی: «بام پێستم وشک ببێتەوە و ماسولکەکانم پووچ ببنەوە، بام ئێسکەکانیشم بەئارەزووی خۆیان کز ببن، بەڵام ئەگەر گۆشتی لەشیشم وشک هەڵ بێ و، خوێن لە دەمارەکانمدا بووەستێ، من لەم شوێنەی خۆم نابزووێم تا ڕاستیم بۆ دەردەکەوێ و، لە ڕازەکانی ژیانیش تێ دەگەم!...».

(بوودا) بەپێی هەندێک سەرگوروشتە، چوار هەفتە، بەپێی قسەی هەندێکیش حەوت هەفتە، لەو شوێنەدا و، لەوبارەدا مایەوە، نەبزووت هەتا شەوێک لە شەوان بەئامانجی خۆی گەیشت و ئاواتیشی هاتەدی.

## مردنی بوودا

(بوودا)ما، تا تەمەنی گەیشتە هەشتا ساڵی. چونکە لە ساڵی (٨٤٠)ی پێش زاییندا چووەوە لای خودای خۆی. کە مرد لە گوندێکی بچووکی بێ ناونیشاندا مرد. پێنج سەد کەسێک لە شاگردان و دەروێشانیشی بەلاوە بوو. (بوودا) لە کەشی باراندا نەخۆشیی تووش هات. نەخۆشییەکەی تەواو تەنگەتاوی کردبوو.

بەڵام ئەو دانی بەخۆیدا دەگرت و وریای خۆی دەبوو، کە نەکەوێ تا بتوانێ لە هەموو شاگردان و پەیڕەوانی خۆی ماڵ ئاوایی بکات ئینجا ماڵئاواییش لە ژیان بکات. هەندێک لە پەیڕەوەکانی داوایان لێ کرد: چەند ئامۆژگارییەکیان بۆ بەجێ بهێڵێ، تا لە دوای خۆی (تیرەی بوودایی) پەیڕەویی بکەن و، ڕێگای خۆیانی پێ ڕۆشن بکەنەوە. بەڵام (بوودا) وا وەرامی دانەوە، گوتی:



«من بۆ بڵاوکردنەوەی (ڕاستی)، و (دروستی)، بانگم دا بەهەموو لایەکدا. لەگەڵ ئەوەیشدا (باوەڕیی دەرکەوتوو) و (باوەڕیی شاراوە)م لەیەکتر جوێ نەکردەوە. هەرچی (بوودا)یە ئەو دەستە قووچاوەی نییە کە مامۆستاکان هەیانە و، هەندێ شتی تێدا دەهێڵنەوە و ئاشکرای ناکەن. من هەرچەند دەکەم، لەمە تێ ناگەم: بۆچ هەندێک لە مامۆستاکان هەندێک زانیاریی تایبەتی دەربارەی شتێک دەهێڵنەوە لای خۆیان و ئاشکرای ناکەن. کەچی شتەکەیش پەیوەندیی بە(یاسای باوەڕەکە) خۆیەوە هەیە؟!.

ئینجا گوتی: «خۆتان بکەن بەچرایەک، دەروونی خۆتانی پێ ڕووناک بکەنەوە. لە دەروونی خۆیشتان بەولاوە، پەنا مەبەنە بەر هیچ پشتیوانێکی تر. بنووسێن بە(ڕاستی) و (دروستی)یەوە و، بیکەن بەچرای خۆتان. کەس بەتەنشت دەروونی خۆتانەوە دامەنێن، بیکەن بەپەناگا و پشتیوانی خۆتان».

(بوودا) لە گیانەڵادا بوو. بەڵام پێش ئەوەی بمرێ، شاگردەکان و دەروێشەکانی خۆی بانگ کردە لای خۆی. لێی پرسین: «کەسی وایان تێدا هەیە، هەست بەگومانێک بکات لە (بوودا) و بیروباوەڕەکانی (بوودا)؟...». هیچیان لەسەر ئەوە وەرامیان نەدایەوە. ئینجا ڕووی تێ کردن، گوتی: «گوێ بگرن براکان! من ئامۆژگاریتان وا دەکەم: کە ئاگاتان لە خۆتان بێ و، بەدڵیش خەبات بکەن کە دەروونتان لە ئاژاوە و خراپە دوور بخەنەوە. چونکە ئاژاوە و خراپە لە کانگای هەموو شتێکدا هەن».

ئەم واتەیە دوا واتەی (بوودا) بوو. کە (بوودا) مرد لاشەکەیان سووتاند. ئێسکەکانیان هەڵگرت و وەک شتێکی لە پاش بەجێ ماوی پیرۆز پاراستیان. لەسەر هەر پارچەیەک لەم پارچە ئێسکانە، خانوویەکی پیرۆزیان دروست کرد بۆ پەرستکاری. ئەو خانووانە ڕۆژبەڕۆژ گەشەیان کرد، تا بوونە پەرستگایەکی یەجگار گەورە لەناو پەرستگاکانی (بوودایییەکان)دا.

لە سەرەتای کاردا ئێسکەکانی (بوودا) بەشتێکی بەرز و پیرۆز دادەنران و، ڕێزیان لێ دەگیرا. کەچی لە دواییدا دەستیان کرد بەپەرستنیان. هەروەها دەستیان کرد بەدروست کردنی پەرستگا بۆ ئەو کەسەی کە هەرگیز داوای پەرستنی نەکردووە لە کەس بۆ خودایەک لەخوداکان. ئا بەم ڕەنگە بوو، کە خودا نەناسێک کرا بەخودا!...

## بیروباوەڕی بوودا

(بوودا) بیروباوەڕی نووسراوەی ئایینیی (پالی)یش کە ئەم بیروباوەڕانەی، هەموو تێدایە، تا ماوەیەکی دوورودرێژ بەسەر مردنی (بوودا)دا تێنەپەڕی، نەنووسرایەوە. ئێمەیش ناتوانین ئەوە بڵێین کە تا چ ئەندازەیەک ئەم یاسایە قسەکانی (بوودا) و ئامۆژگارییەکانی (بوودا)ی تێدایە. سەیر ئەوەیە کە (بوودا) لە شێوەیەکی پڕ پێچ و پەنا و دوور لە تێگەیشتنەوە ئامۆژگارییەکانی خۆی دەربڕیوە، کە ئەمە لە پیاوێکی وەک ئەو کە خاوەنی نامەیەکی جیهانییە، چاوەڕوان نەدەکرا. چونکە دەبووایە وتارەکانی بەزمانێکی ئاسان و ڕەوان بدایە بەگوێی گوێگراندا کە هەموویان تێی بگەن. (مووسا) و (عیسا) و (محەمەد)، کە هەرسێکیان خاوەنی ئایینی ئاسمانی بوون، وایان کردووە. هەموو کەس لە قسەیان تێگەییوە.

بەڵام ئەم سەرسوڕمانە لە ئارادا نامێنێ، ئەگەر ئەوە بزانین کە (بوودا) لە سەردەمێکی وادا ژیاوە کە پڕ بووە لە دەمەقاڵێ و مقۆمقۆی ئایینیی قووڵ. هەروەها زۆر لە قسەکانی (بوودا)یش کە ڕووکەشێکی دەم پاراویی ڕاستی پەرستانەیان پێوەیە، لەو سەردەمەدا، گوێگران بەشتێکی ئاساییان دادەنا. بێجگە لەوە (بوودا) خۆیشی لە کانگای دڵی خۆیدا هەستی بەوە نەدەکرد، کە خۆی خاوەنی نامەیەکی ئایینییە، یاخود دامەزرێنەری ئایینێکی تازەیە. ئەو هەر ئەوەندە بوو، پیاوێکی خاوەن بیر و ڕۆشنبیر بوو. دەیویست ڕازەکانی ژیان بۆ خۆی بدۆزێتەوە. هەروەها، ڕێگایەکی وایش بدۆزێتەوە کە خۆی لە دەست ئەرک و ئازاری جیهان ڕزگار بکات. کاتێکیش کە هەستی بەخۆی کرد ئەو ئەو ڕێگایەی دۆزیبوەتەوە ویستی کەسانی تریش لە (ڕاستی خوازان) و (شاگردانی زانست و زانیاری) لەو ڕێگایە شارەزا بکات. بەڵام هەرچۆنێک بێ دەتوانین بڵێین: (یاسای پالی) بنچینەکانی بیروباوەڕەکانی (بوودا)مان بۆ دەردەخات. بەڵام ئەو بیروباوەڕ و قسانە هی سەردەمی (بوودا)، خۆی، نین.

ئێمە لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە دەڵێین کە بیروباوەڕەکانی (بوودا)، خۆیان، بۆ ژیانی ڕۆژانە بەکارهاتوون. دوور بوون لە پێشبینی (نظرية) و ئەندێشە (خەیاڵ)ی ڕاستی پەرستانەی پشت ژیانەوە. چونکە ئامانجی تاکانەی بیروباوەڕەکانی (بوودا) هەر ئەوە بووە کە دەروون (نفس) لە ئەرک و ئازاری ژیان ڕزگار بکات، لە لاپەڕەیەکی کۆندا ئەم واژەیە لە دەم ئەوەوە دەگێڕنەوە، کە گوتوویەتی:



«هەر وەک ئاوی دەریای گەورە کە هەر یەک چێژکەی هەیە و ئەویش سوێرە. هەروەها ئەم بیروباوەڕەیش هەر یەک چێژکەی هەیە کە ئەویش چێژکەی ڕزگاری و ئازادبوونە».

هەرچی (بوودا) بووە بەهەموو کوڵی دڵییەوە تێدەکۆشا و ڕەنجی دەدا کە شاگردەکانی خۆی لەم ئارەزووە سەرکێشە دوور بخاتەوە کە پاڵی پێوە دەنان لە بابەت (ئەودیوی سروشتەوە) پرسیار بکەن. چونکە ئەو جۆرە کەینەوبەینانە مرۆڤ ناگەیێننە ئەو ڕزگاربوون و ئازادی یەی کە دەیەوێ دەستی بکەوێ. ئەم جۆرە کەینەوبەینانە لەو سەردەمەدا هەموو خاوەن بیر و ڕاستی پەرستەکانی بەخۆیەوە خەریک کردبوو. بۆ وێنە. ئەم پرسانە دەکران: «ئاخۆ جیهان کۆنە یان تازەیە؟... دەروون هەر دەمێنێ یاخود نامێنێ؟... ئایا ئەو کەسەی لەم جیهانەدا ڕزگاریی دەست کەوتبێ، لە پاش مردنیش زیندوو دەکرێتەوە؟... جارێکیان بەڕێکەوت دەروێشێک ئەم پرسیارانەی لە (بوودا) کرد ویستی وەرامی بداتەوە. بەڵام (بوودا) دەروێشەکەی سەرزەنشت کرد و پێی گوت: «ئەم جۆرە پرسانە وەک دەشتێکی کاکی بەکاکی یاخود جەنگەڵستانێکی چڕوپڕ وان، یان لە زنجیرێک دەکەن... مرۆڤ لە دەست ئاڵۆش و خرۆشەکانی خۆی ڕزگار ناکەن. لە جیاتی ئەوە تێکڕا، مرۆڤ تووشی هەناسەساردی و سەرگەردانی و شپرزەیی دەکەن». ئینجا کە لێیان پرسی: «ئاخۆ، بوودا، خۆی، پێشبینی تایبەتی بۆ خۆی هەیە؟»، بوودایش گوتی:

«بوودا هیچ پێشبینییەکی تایبەتیی بۆ خۆی دانەناوە. تەنیا ڕاستییەکیش کە هەیە و بوودا دەیزانێ، ئەوەیە کە مرۆڤ ئەنجامی بەوە دەگات کە لەناو دەچێ. جا کە مرۆڤ ئەوەی زانی، پێویستە لەسەری خۆی ئازاد بکات لەوەی کە خۆی بەهیچ شتێکەوە ببەستێتەوە. هەر کاتێ ئەوەیشی بۆ چووەسەر، دەگاتە ڕادەی (نەرڤانا) واتا (کامەرانی)، کە هیچ کامەرانییەک لەوە گەورەتر نییە».

هەروەها سەرگوروشتەکان وا دەگێڕنەوە: کە یەکێک لە فەرماندارەکان کە ئەویش بووبووە یەکێک لە بوودابییەکان، لەسەر ئەوەی کە بوودا وەرامی ئەو پرسیارە ڕاستی پەرستییانەی نەدەدایەوە، کە ئەو دەمە مێشکی هەموو خاوەن بیرەکانیان پێوە خەریک مابوو، بەدڵێکی خەمبارەوە چووە کن (بوودا) و لێی پرسی: «ئاخۆ وەرامی ئەم جۆرە پرسیارانەی لا هەیە یان نا؟...»

بوودایش وەرامی دایەوە، گوتی: «بۆچ من وام لە تۆ داواکردووە کە ببیتە بوودایی بەو مەرجەی کە ئەم جۆرە کەینەوبەینانەت بۆ لێک بدەمەوە؟». فەرماندارەکەیش پێی لێ نا کە بەو مەرجە نەبۆتە بوودایی. دوای ئەوە بوودا پێی گوت:

«تۆ ئەگەر لەبەر ئەوە بوویت بەیەکێک لە بوودایییەکان کە وەرامی «ئەم پرسیارانەت بدرێتەوە، بێگومان هەر لەو پیاوە گەوجە دەکەیت کە لەبەر پڕوپووچی خۆی، ناهێڵێ نەشتەرکارەکە تیرە ژەهراوییەکە لە لەشی دەربهێنێ، تا ناوی ئەو کەسەی پێ نەڵێ کە تیرەکەی تێگرتووە، تا ئەوەیشی تێنەگەیێنێ کە ئەو تیرە و ئەو کەوانەیە لە چ ڕەنگێکن؟... ژیانی ئایینی لەسەر بنچینەی ئەوە دانەمەزراوە کە لەم جۆرە باوەڕانە بکۆڵرێتەوە کە لە بارەی (مانەوەی جیهان) یاخود (زیندووکردنەوەی دەروون لە پاش مردن)ەوە دەدوێ. چونکە ئەم جۆرە بابەتانە مرۆڤ ناگەیێننە باری ڕزگاریی دەروون و، سرەوتی دەروون و، گەیشتنی دەروون بەباری (نەرڤانا).

ئا بەم جۆرە (بوودا) بۆ هەمووانی ئاشکرا کرد کە ئەو بەتەنگ پێشبینییەکان و بابەتە هۆشکارییەکانەوە نییە. بەڵام تێدەکۆشێ: کە لە ڕێگای کار و فەرمانەوە دەروونەکان چاک بکاتەوە لەو نەخۆشییانەی کە تووشیان دێن و، دەبنە هۆی ئازار و هەناسەساردی و سەرگەردانییان. هەرچی بوودایە لە پێشەوە نەخۆشییەکە دەدۆزێتەوە. جێگای نەخۆشییەکەیش پێشان دەدات. دەدۆزێتەوە. دوای ئەوە ئەو ڕێگایەیش دیاری دەکات کە دەبێتە هۆی سەرگرتنی چاککردنەوەکە. جا لەبەرئەوە (بوودا) چوار جۆرە ڕاستی داناوە کە لەگەڵ ئەم هەنگاوانەی سەرەوەدا دەسازێن:

ڕاستیی یەکەم: بریتییە لە «ئازار و هاوار». (بوودا) دەڵێ: «لەدایکبوون ئازاری تێدایە. لەش تێکچوون ئازاری تێدایە. نەخۆشی ئازاری پێوەیە. مردن بەدەم ئازارەوە جێبەجێ دەبێ. ئەو شتانەی ڕقمان لێیان دەبێتەوە ئازاریان تێدایە.

لە دەست نەکەوتنی ئەو شتانەیشدا کە حەز دەکەین دەستمان بکەون ئازارمان پێ دەگات. بەکورتی هەموو پەیوەندییەکمان بەهەبوون (وجود)ەوە ئازاری تێدایە.

ئەمانەن نیشانەی ئەو نەخۆشییانەی تووشی دەروون دەبن و، ژیانی مرۆڤیش سەرتاپا دەگۆڕنە سەر هەناسەساردی و سەرگەردانی». (بوودا) بۆ ئەمەی نەنگی ئەم جیهانە دەربخات دەڵێ:

«پێویستە لەسەر مرۆڤ ئاگای لە لەشی خۆی بێ، هەر لە تەپڵی سەریەوە هەتا دەگاتە کەڵ ئەموستی پێی. پێویستە لەوەیش وردبیێتەوە کە ئەم لەشە چەند پیسی و چەند برینی پێوەیە. هەر کاتێ مرۆڤ لەناو گۆڕێکدا چاوی بەلاشەی پیاوێک کەوت و، سەیری کرد ئاوساوە و، ڕەنگیشی ڕەش هەڵگەڕاوە و، پڕیش بووە لە بۆنی گەند و ناخۆش، بام ئەوسا لەشەکەی خۆی لەگەڵ ئەو لاشە بۆگەنە ناشیرینەدا بەراورد بکات!... لە ڕاستیدا ئەمەتا



سروشتی لەش و گەوهەرەکەی. هەروەها ئەمەتا ئەنجامی مرۆڤ دواڕۆژەکەی، کە هەرگیز لە دەستی ڕزگاری نابێ».

بەلای (بوودا)یشەوە وایە کە ئەم (ڕاستی یەکەم)ە پێویستیی بەبەڵگە نییە. چونکە هەموو خاوەن تێگەیشتن و تێبینییەک ئەوە بەتەواوەتی تێ دەگات. هەندێک کەس بە(بوودا) یان دەگوت ڕەشبینە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەتا کە (بوودا) دەیەوێ ڕێگایەک بۆ مرۆڤ دیاری بکات، کە بەهۆی ئەو ڕێگایەوە لەو هەناسەساردی و سەرگەردانی و ئازارەی تێیدایە ڕزگاری ببێ.

ڕاستی دووەم: «هۆی ئازار و هاوار»ە. دوای ئەوە (بوودا) بۆ هۆی ئەم هەناسەساردی و سەرگەردانییە دەگەڕێ، بیدۆزێتەوە. دەڵێ:

«هۆی ئەمە ئەوەیە کە ئاڵۆشێکی بەچنگمان هەیە بۆ خۆشڕابواردن. یەجگار هۆگری هەبوونیشین. زۆریش بۆ کامەرانی و خۆشگوزەرانی بەپەرۆشین».

ڕاستی سێیەم: «وەستاندنی ئازار و هاوار». بەلای (بوودا)وە وایە کە وەستاندنی ئازار و هاوار بەوە پێکدێ کە ئەم ئاڵۆش و ئارەزووە بەتەواوەتی بەربەست بکرێ. ئەم بەربەستکردنەیش لە بنچینەدا بریتییە لە نەمانی هەموو ئاڵۆش و خرۆشێک و وازهێنان لە هەموو ئارەزوویەک. تەنانەت لەناوبردنیشیان. ئێمە ئەوساکە دەگەینە باری (نەرڤانا)، کە بارێکی وایە، هەرچی ئێش و ئازارێک هەیە تێیدا نامێنێ.

ئەمەیش یەکێکە لە گۆرانییەکانی بوودایییەکان کە بەشادمانیی ڕزگاربوونەوە لە هەموو ئاڵۆش و ئارەزوویەک دەدرێ بەگوێماندا:

«کەواتە بام بەئازادبوون لە دەست چاوچلێسی، لەناو چاوچلێسەکاندا، بەکامەرانییەوە بژین. بام لەناو هۆزی چاوچنۆکدا بەئازادییەوە بژین و دووربین لە چاوچنۆکییەوە».

«هەر چەندە هیچمان نابێ، بەڵام بام بەکامەرانییەوە بژین. چونکە ئەوساکە هەر لە خودا پرشنگدارەکان دەکەین کە خۆراکیان بریتییە لە کامەرانی».

«سەرکەوتن دەبێتە هۆی دوژمنایەتی و پشم و قین. چونکە ئەوی شکاوە دڵی خۆش نابێ.».

«ئەو کەسەی لە سەرکەوتن و شکان خۆی دەپارێزی، دڵخۆشە بەبەشی خۆی، کامەرانە».

«هیچ ئاگرێک لە ئاگری ئاڵۆش و خرۆش بەتینتر نییە. هیچ تیرێکیش وەک تیری پشم و قین سەر ناکات».

«هیچ ئازارێکیش ناگاتە ئازاری ئەم لەشە. هیچ کامەرانییەکیش ناگاتە سرەوت و بێ دەنگی».

«برسێتی لە هەموو نەخۆشییەک کاریگەرترە. ئازاری لەشیش لە هەموو ئازارێک گەورەترە. جا هەر کاتێ مرۆڤ ئەوەی بەتەواوەتی زانی، بێگومان دەگاتە باری (نەرڤانا) کە بریتییە لە (کامەرانی بالا)».

ڕاستییی چوارەم: «ڕێگای بەربەست کردنی ئازار و هاوارە». ئەو ڕێگایەی دەمانگەیێنێتەسەر بەربەست کردنی ئازار و هاوار دەبێت بەهەشت بەشەوە. بەشەکانیش ئەمانەن: (باوەڕی تەواو)، (نیازی تەواو)، (قسەی تەواو)، (کردەوەی تەواو)، (هۆی ژیانی تەواو)، (واتای تەواو)، (بیرەوەریی تەواو)، (لێ وردبوونەوەی تەواو).

(بوودا)یش بەم ڕێگایەی خۆی دەڵێ: «ڕێگای ناوەڕاست». واتا: ئەو ڕێگایەی کەوتۆتە ناوەند دوو شتی پێچەوانەوە. بۆ وێنە: (بوودا) ئامۆژگاریی وایە کە مرۆڤ خۆی لە ئالۆش و خرۆشەکان و بەزمورەزمەکان بپارێزێ. کەچی هەر لەو کاتەیشدا ئەوەی پێ خۆش نییە کە مرۆڤ خۆی بەش بڕاو بکات لە هەموو خۆشییەکی ژیان. لە ڕاستیدا بەشی زۆری هێزی بیروباوەڕەکانی (بوودا) لەوەدایە: ئەو وێنەی ڕەوشت و خووەی کە هەڵبژاردووە، وێنەیەکی بەرز و پیرۆزە و، لەگەڵ ڕووداویشدا ڕێک دەکەوێ و دەسازێ. (بوودا) نامەکەی خۆی بڵاودەکاتەوە و مۆژدەی ڕزگاریش دەدات بەو کەسانەی کە پەیڕەویی بیروباوەڕەکانی دەکەن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا پەنجە ناکێشێ بۆ هیچ هێزێکی بالا، یاخود هیچ فەرمانێکی سەرشان کە پێویست بێ بکرێ.

## تیرەی بوودایی

لە ڕاستیدا، (بوودا)، دامەزرێنەری ئایینێک نەبووە. بەڵام خاوەنی ڕێگا و شێوەیەکی ژیان بووە کە بەهۆی ئەوەوە، دەروون لە دەست ئێش و ئازاری خۆی ڕزگاری بووە. ئەم ڕێگایەیش بۆ ئەو کەسانە، هەموو، کراوەتەوە، کە لە هەموو پەیوەندییەکی ئایینی دەستبەردار بوون. ئەم ڕێگایەیش بەدوو هەنگاو دەچنە ناوی.

(یەکەمیان) هەنگاوی مەشق کردنە. ئەمەیش ئەو دەمەیە کە شاگردەکە پێیدا دەڕوات، تا دەبێتە کەشیشێکی بوودایی. شاگردەکە لەم دەمەدا سەر و ڕیشی خۆی دەتاشێ.

بەرگی زەردیش دەپۆشێ، کە نیشانەیەکی بوودایییە. بۆ هەموو لایە ئاشکرا دەکات کە پەنای بردۆتە بەر (بوودا) و (بیروباوەڕەکانی بوودا) و (ڕێگاکەی بوودا).



دووەم هەنگاویشیان ئەمەیە: کە لە بەردەمی کۆمەڵی تیرەی بووداییدا نەبێ سەرناگرێ. ناهێڵن شاگردەکە بگاتە ئەم هەنگاوە، تا لەوە دڵنیا نەبن کە دوورە لەو نەخۆشیانەوە کە پەکی ئەندامێتیی دەخەن، لەناو تیرەی بوودایدا. هەر کاتێ شاگردەکە گەیشتە ئەم هەنگاوی دووەمە دەست دەکات بەجێبەجێکردنی مەرجەکانی تیرە کەو بیروباوەڕەکانی، کە گرنگەکانیان ئەمانەن: «دەبێ خۆی لە ڕەگەزبازی دوور بخاتەوە. هەروەها نابێ دزی بکات. نابێ خووبداتە خواردنەوەی مەی، یاخود لەو کاتانەدا کە قەدەغە کراوە چێشت بخوات. پێویستە خۆی لە سەماکردن و گۆرانی گوتن و بینینی بەزمورەزم دوور بخاتەوە. نابێ لەشی خۆی جوان بکات. نابێ بۆنی خۆش لە خۆی بدات. نابێ پێخەف یاخود تەختێکی دانیشتنی بەرز، یاخود پان بۆ خۆی بەکاربهێنێ. نابێ لە کەسیش پارە وەربگرێ».

بەکورتی هەرچی ببێ بەیەکێک لە تیرەی بوودایی. دەبێ ببێ بەهەژارێکی تەواو. چونکە کەشیش پێویستە لە ماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوە و ڕوو بکاتە ئەو شوێنەی کە نە پەناگای ئەوی تێدایە و نە خانووی ئەو. چونکە سامانداری بریتییە لە پێوەند و دیلی. کەشیشەکانی تیرەی بوودایی لەناو پەرستگاکاندا دەژین، دوورن لە گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی ژیان و بەزم و خۆشی و جوانی ژیانەوە. ڕێ دراوە بەئافرەتەکانیش کە بێنەسەر ڕەوشتی ئەم تیرەیە. ئەوانیش دەبن بەکەشیش.

هەروەک کەشیشە پیاوەکان ئەوانیش پابەندی یاساو ملکەچی دەبن لەناو تیرەکەدا.

لەناو ئایینی بووداییدا ئەو نوێژ و پاڕانەوانە نییە کە لەناو ئایینەکانی تردا دەیانبینین هەرچی بوودایییە ڕوو ناکاتە هیچ خودایەک لە هیچ هێزێکی نەبینراویش ناپاڕێتەوە یاریدەی بدات و لە کار و فەرمانەکەیدا سەری بخات. هەمووی هەر ئەوەندەیە کە هەر مانگی دوو جار کەشیشەکانی ناوچەکە لەناو خۆیاندا کۆ دەبنەوە بۆ ڕۆژووگرتن.

جارێکیان لە سەرەتای مانگی تازەدا کە دەردەچێ. جارێکیشیان ناوەڕاستی مانگدا، کە مانگ دەبێتە چواردە شەو. لە هەموو ناوچەیەکدا ئەمە دەکرێ. کام کەشیشیان بەتەمەن لە هەموویان گەورەتر بێ و، لە ڕێڕەوی تێرەکەدا کۆنتربێ، ئەوەیان هەندێک لە نووسراوە وێژەیییەکانی بوودایییەکان دەخوێنێتەوە. ئەو نووسراوانەیش ئەمەندە لایان پیرۆزن لە کەشیشەکان بەولاوە نابێ کەس گوێیان لێ بگرێ. پیاوە لە خوداترس (راهب)ە کە لە براکانی دەپرسێ: «ئایا کەسیان لە دەستووری بوودایی لایان داوە یان نا؟».

جا ئەگەر یەکێکیان لەو ڕێگا ئایینییانە لای دابێ و، گوناهی کردبێ دەم و دەست لە فەرمانە (لەخوداترسی)یەکەی لادەبرێ و جوێ دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر هەمووان بەبێ دەنگی مانەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لەخوداترسانە، هەموویان پاک و بێ گوناهن.

لە خوداترسەکان مانگی دوو ڕۆژی تریش بەڕۆژوو دەبن. واتا مانگ دەکەن بەچوار هەفتەوە و، لە هەموو هەفتەیەکیشدا ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبن. هەروەها هەموو ساڵێکیش لە بڕانەوەی کەشی باراندا ڕۆژێک بەڕۆژوو دەبن. ئەوانە بەبۆنەی ئەم ڕۆژووەیانەوە ئاهەنگێکی گشتی دەکەن. هەرچی لە خوداترسانی تیرەی بوودایییەکان هەیە تێیدا کۆ دەبنەوە. بەبۆنەی ئاهەنگەکەیشەوە ناوبژیی ئەو لە خوداترسانە دەکەن کە لەگەڵ یەکتردا تێکچوون. هەروەها لەوەیش دڵنیا دەبن کە ئەو لەخوداترسانە لە ئایینەکەی خۆیان لایان نەداوە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەیشدا، هەمووی، ناکۆکی و شەڕوشۆڕ لەناو لەخوداترسەکانی تیرەی بوودایییدا هەرگیز تەواو نابێ و نابڕێتەوە.

## بوودایی لەپاش بوودا

وا دەگێڕنەوە کە (بوودا) لەپێش مردنیدا، سەرپەرشتی کردنی کاروباری تیرەکەی بەیەکێک لە دەروێشە دڵسۆزە خۆشەویستەکانی خۆی سپاردبوو، کە ناوی (کاسابا) بوو.

هەروەها ئەمیش لە پێش مردنی خۆیدا یەکێکی هەڵبژاردبوو کە سەروەکاری کاروباری تیرەکە ببێ. وا دەردەکەوێ ئەو سەرۆکە گیانییانە دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەر تاک و تەرایانی تیرەکەدا نەبووە. بەپێی هەندێک سەرگوروشتە، یەکێک لە خوداترسەکان بەمردنی (بوودا) دڵخۆش دەبێ. چونکە هەروەک ئەو گوتوویەتی: «دەتوانن هەرچی ئارەزوو بکەن بیکەن»...

لەبەر ئەوە کە (بوودا) مرد، دەمودەست (کاسابا) پێنج سەد کەس لە خوداترسەکانی هەڵبژارد و لە ماوەی کەشی باراندا کۆی کردنەوە، بۆ ئەمەی بیروباوەڕەکانی (بوودا) بخوێندرێنەوە و تەماشای دەستوورەکانی تیرەکە و یاساکانیشی بکەن. مەبەسیشی لەمە ئەوەبوو هەموویان شارەزای ئەو دەستوور و یاسا و بیروباوەڕانە بن و، پەیڕەوییان بکەن و بەبست لێیان جیا نەبنەوە.

ئەم کۆبوونەوەیە: ناکۆکی ناوەند لەخوداترسەکانی پێ نەبڕایەوە. هەریەکە بیروباوەڕی تایبەتیی خۆی هەبوو، کە لەگەڵ هی ئەوی تردا جوێ بوو. تەنانەت بەشێکی زۆریان لەم کۆبوونەوەیەدا داوای ئەوەیان کرد کە (لەخوداترسەکان) لە هەندێ پێوەندی دەستی



(بوودا) ڕزگاریان ببێ. لە پاش ئەوە بەسەد ساڵ، ئایینی بوودایی خونکارێکی فریاکەوت. لە سەرێکەوە ئایینەکەی ڕاست کردەوە. لە سەرێکی تریشەوە لەسەر ئایینەکەی کردەوە. هەموو ڕێگایەکی گرتەبەر. (ئەزۆکا) لە کانگای دڵیەوە دەیویست (هیندستان)، کە نیشتمانی (بوودایی) بوو، بیکات بەفەرمانڕەواییەکی وا کە هەموودەم (دادپەروەری) و (چاکەخوازی)ی لێ بوەشێتەوە. دانانی یاسای ئایینی بوودایییەکانیش هەر لەو سەردەمەدا بەنووسراوەیی جێبەجێ بوو.

دوای ئەوە ئایینی بوودایی لە خاکەکانی (بۆڕما) و (سیام) و (تیبەت)یشدا بڵاوبووەوە. ئەم ئایینە لە (چین) و (ژاپۆنیا)دا گەیشتە ئەوپەڕی هێزی خۆی. ئێساکەیش مەگەر هەر لەناو فەرمانڕەوایی مەغوولییەکاندا مابێ، ئەگینا لە هیچ کوێیەکدا نەماوە، ئەوەندەیشی نەماوە کە بڵێم لە هیندسانیشدا نەماوە.

پەیڕەوەکانی بوودایش بوون بەدوو بەشەوە: (بەشی یەکەمیان) کە بەشی هەرە زۆریانە، بەرە بەرە لە ڕەوشتە چاولێکراوەکانی ڕاستەقینەی بوودا دوورکەوتوونەتەوە. ئەم بەشە ئێستاکە (بوودا) دەپەرستن و بە(خودا)ی دادەنێن.

هەرچی (بەشی دووەم)یشە: بەشی هەرەکەمیانە. ئەمانە بەو چاوە سەیری (بوودا) دەکەن کە پیاوێکی خاوەن شێوە و ڕێگایەکی تایبەتییە لە ژیاندا. جا لەبەرئەوە خۆیان لە دەمەقاڵێ و مقۆمقۆی بێ هوودەی ئایینی دەپارێزن، کە هەرگیز ئەوەیان لێ ناوەشێتەوە کە دەروون لە نەخۆشییەکانی ڕزگار بکەن. ئەمانەیش لە خاکەکانی ئاسیای باشووریدا بڵاوبوونەتەوە وەک (بورما) و (سیام).

## نووسراوە ئایینییەکانی بوودایی

ئەو نووسراوە ئایینییانەی کە یاساکەی بوودایان تێدا نووسراوەتەوە بریتین لە سێ کۆمەڵە. بەناوی (سێ سەبەتەکە)وە ناوبانگیان دەرکردووە. سەبەتەیش بریتییە لەو ئامانەی کە لەم دەستەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو دەست و هەندێ شتیشی تێدا دانراوە، وەک ئەو سەبەتەیەی کە ساختمان دروست کەرەکان، یاخود گۆڕ هەڵکەنەکان بەکاری دەهێنن، کە پڕە لە کەرەستەی جوێ جوێ و لەمدەستەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەودەست. جا لەبەر ئەوە نووسراوە ئایینییەکانی بوودایش بەناوی سەبەتەوە ناونراون کە لەم مامۆستاوە دەکەونە دەست ئەو مامۆستا و پڕیشن لە بیروباوەڕەکانی تیرەی بوودایییەکان.

کۆمەڵە نووسراوی یەکەمیان پێی دەڵێن: «سەبەتەی یاسا» یاخود «ڕێباز». ئەو

دەستوور و یاسایانەیان تێدا نووسراوەتەوە کە لە خوداترسەکان لە ژیانی خۆیاندا لەسەریان دەڕۆن، یاخود پەیڕەوییان دەکەن.

کۆمەڵە نووسراوی دووەمیشیان پێی دەڵێن: «سەبەتەی ئامۆژگاری» ئەمانەیش بیروباوەڕ و ئامۆژگارییە ڕەسەنەکانی بوودایان تێدا نووسراوەتەوە، کە لەسەر یاسایەکی تایبەتی ڕیز کراون.

کۆمەڵە نووسراوی سێیەمیشیان پێی دەڵێن: «سەبەتەی باوەڕ» ئەمانەیش کەینەوبەینەی ڕاستی پەرستیانەی جۆ جۆییان تێدایە. ئەم کۆمەڵەیە بەجۆرێکی تێکڕایی لەبەردەست هەموو کەسێکی بوودایی دایە.

## بوودایی و ڕۆژهەڵاتییەکان

ئایینی بوودایی کارێکی گەورەی کردبووە سەر دەروونی ڕۆژهەڵاتییەکان. بوودا هوروژمی دەبردەسەر ئەو بیروباوەڕە پڕوپووچانەی کە لە سەردەمی خۆیدا بەناو ڕۆژهەڵاتییەکاندا بڵاوبوونەوە. هەرە گرنگی ئەو بیروباوەڕە پڕوپووچانە (پەرستنی گیان) بوو. واتا هەموو ئافەریدەکراوێک گیانێکی هەیە، مرۆڤ بێ، گیانلەبەر بێ، یاخود گژوگیا، دەردەکەوێ بوودا پیاوێکی قسەزانی دەم پاراو بووە، کە ئامۆژگاریی کردووە و کاری کردۆتە دڵی گوێگرەکانی. (بوودا)، خووی وا گرتبوو کە ئامۆژگارییەکانی خۆی بەهۆی چیرۆک و ناسکەقسەوە ڕۆشن دەکردەوە. بۆ وێنە ئەمەیان دەگێڕینەوە:

«ڕۆژێکیان ژنێک هاتە لای. کوڕە ساواکەی خۆی بەباوەشەوە بوو. بەڵام مردبوو. داوای لە (بوودا) کرد دەرمانێکی وای بداتێ کە منداڵەکەی بۆ زیندوو بکاتەوە. بوودایش پێی گوت:

«تۆ زۆر چاکت کرد هاتیتە لام، داوای دەرمان بۆ ئەم منداڵە مردووە دەکەیت. کەواتە پێویستە بچیتە شار و بگەڕێیت بەناویدا، ماڵ بەماڵ لە دەرگا بدەیت و تۆوی تۆڵەکە لەو ماڵە بسێنیت کە کەسیان لێ نەمردووە». ئەم ژنەیش زۆری لەسەر نەڕۆشت. چونکە تێگەیشت (بوودا) دەڵێ چی. ئیتر چوو بۆ گۆڕستانەکە تا منداڵەکەی بنێژێت. دەستی «منداڵەکەی خستە ناودەستەکانی خۆیەوە و گوتی» :

«کوڕە بچکۆلەکەی خۆم! من وام دەزانی کە مردن هەر بۆ تۆ هاتووە. بەڵام وا بۆم دەرکەوت کە مردن ئەنجامی هەموو کەسێکە».



دوای ئەوە هۆگری (بوودا) بوو و، بوویش بەیەکێک لە شاگردەکانی بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕەکانی (بوودا) بەناو مرۆڤدا هۆگریی مرۆڤیش بەو بیروباوەڕانەوە، بەسایەی گیانە دیموکراتییەکەی (بوودا) و بەزەیی هاتنەوەکەی بەهەژاران و داماواندا پێکهاتووە. (بوودا) خەمخۆریی ئەوانەی دەکرد.

پشتیوانی دەکردن و، لەسەر ئەوانیش هوروژمی دەبردەسەر دەوڵەمەندەکان و خاوەن سایە و پایەکان. جا هەروەک لەوەپێش گوتمان (بوودا) لە خێزانێکی خانەدان لە دایک بووبوو. ڕۆڵەی ماڵێکی وایش بوو کە خونکاران و سەردارانیان لێ هەڵکەوتبوو، کە خاوەنی سایە و پایە و سامان بوون. بەڵام ئەو دەروونێکی وای هەبوو، کە بێزی لەم جۆرە گەورەیییە دەکردەوە، کە تاسەر بۆ کەس نامێنێ.

لەبەر ئەوە هۆگری ژیانێکی هەژارانە و دەروێشانە بوو. پشتی کردە ژیانی دەوڵەمەندانەی پڕ بەزموڕەزم و نەرمونیان. (بوودا) هوروژمی دەبردەسەر ئەو دەوڵەمەندانەی هەژارانیان دەچەوساندەوە و ئازار دەدا. ئەمەیش دیارە کە هەژار و بێ دەسەڵاتەکان لێی کۆ دەبوونەوە و پشتیشیان دەگرت. ئەوانە زۆربەی کۆمەڵایەتین[1] لە هەموو نەتەوەیەکدا. هەر ئەو جۆرە کەسانەیش بوون کە لە (مەسیح) و (محەمەد) کۆدەبوونەوە و پشتیان دەگرتن.

لەگەڵ ئەوەیشدا (بوودا) چاوی لەو هەژارە بێ دەسەڵاتانە نەدەپۆشی کە لە ڕێی ڕاست لایان دەدا. ئەوانیشی بەتوندی سەرزەنشت دەکرد. (بوودا) ڕەوشتی پاک و، کردەوەی چاک و، ناوبانگی باشی لە ژوور سامان و پایەوە دادەنا. هەروەها لە ژوور هەموو کاروبارێکی ڕووالەتیی ئایینیشەوە دایدەنان. چونکە (ئایین)، بەلای (بوودا)وە بریتییە لە (کردەوە) و (کار)، نەک ئەو کاروبارە ڕووکەشانەی کە پیاوانی ئایین دایانهێناون. ئەوەی کە مرۆڤی زۆرتر ڕادەکێشا بۆ لای ئایینە تازەکەی (بوودا)، ئەوەبوو، کە ئەو گیانێکی تازەی دەخستەناو کاروبارە ئایینییەکانی ئەوساکەوە، کە بەهۆی ئەوەوە ئەو کاروبارە ئایینییان لە وشک هەڵاتوویی ڕزگاریان دەبوو و دەکەوتنە جووڵانەوەوە. هەروەها بەڕەوشت و خووەکان و بەچاولێکەرییە باوەکانی ئەو دەمەیش واتایەکی کردەوەیی تازەی بەخشی، کە تا ئەوساکە ئەوانە هەر بریتی بوون لەو کارانەی کە واتایان تێدا نەبوو!.

(١) ڕاستتر: کۆمەڵن...

## بیروباوەڕەکانی بوودا و بیری نوێ

لەگەڵ ئەو هەموو قسانەیشدا کە کردمان، لە بیروباوەڕەکانی (بوودا)دا بابەتی وا هەن کە لەگەڵ بیری نوێدا ناگونجێن.

چونکە هەروەک لەوەپێش گوتمان، ئەوانە لە نرخی ژیانی مرۆڤایەتی کەم دەکەنەوە. (لەشی مرۆڤ) بەچاوێکی سووکەوە سەیر دەکەن. ئەو لە گفتوگۆکانی خۆیدا پەنجەی وا دەکێشێ: «ئا ئەم لەشە کە نۆ کونی تێدایە. ئەم لەشە پیس و پۆخڵە. ئەم گۆڕستانە کە هەر بۆ ئێسک و پروسکی مردووان تەرخان کراوە...». (بوودا)، بەچاوێکی سووک و کەمتەرخەمییەوە سەیری پەیوەندی و ئاشنایەتییەکانی ناو خێزانی دەکرد. بێجگە لەوە بەچاوێکی وایشەوە سەیری ئافرەتی دەکرد کە لە پیاو بەکەمتری دادەنا لە پلەی ڕێزگرتندا. ئەمەیش پێچەوانەی تەماشاکردنی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە. بەتایبەتی دانیشتوانی (ئەوروپا) و (ئەمریکا)، کە ڕیزێکی تەواو لە (ئافرەت) دەگرن.

وا ڕێککەوت، جارێکیان، پوورەکەی، کە لەپاش مردنی دایکی ئەو بەخێوی کردبوو، ویستی لەبەردەم شاگردەکان و دەروێشەکانیدا ماچی بکات. بەڵام (بوودا) سێ جار بەرپەرچی پوورەکەی خۆی دایەوە، نەیهێشت ماچی بکات. دوایی لەپاش میچ[1] لەسەر گرتنێکی زۆر، بەنا بەدڵ ڕێی پوورەکەی دا کە ئەویش ببێتە یەکێک لە بوودایییەکان، بەڵام بەمەرجێ کە لە هەندێ پایەی کەم بایەخی ناو تیرە بەرزتر نەبێتەوە. ئینجا بەبۆنەی ئەوەوە گوتی: «ئێستاکە هەست بەوە دەکەم کە ئەم یاسا ئایینییە زۆر ناژی. هەروەک ماڵێک کە ژنی تێدا زۆر بوو و، پیاوی تێدا کەم بوو، بۆ دز ئاسان دەبێ خۆی فڕێ بداتە ناویەوە، هەروەها باوەڕییەکانیش وانە. هەر ئافرەتێک هاتە ناو کۆڕی تیرەیەک لە تیرەئایینییەکانەوە ئیتر لەوە دڵنیابە کە ئەو ئایینە زوو تێکدەچێ!...».

لەو کاتەدا کە (بوودا) لە سەرەمەرگدا بوو، شاگردێکی خۆشەویستی هەبوو، ناوی (ئەناندا) بوو. لێی پرسی:

– «ئەی گەورەم! بەرامبەر ئافرەت چی بکەین؟»

– «ئەناندا! سەیریان مەکەن!».

بەڵام ئەناندا لەو تێگەیشتبوو کە ئەوە لە توانایی دا نییە. دەمودەست لێی پرسی:

(١) میچ: پێداگرتن، جەختکردن، (إلحاح).



– «ئەی ئەگەر چاومان پێکەوتن چی بکەین؟».

– «ئەناندا! گفتوگۆیان لەگەڵدا مەکەن!».

بەڵام شاگردەکەی بەخۆی دەنازی، جارێکی تریش لێی پرسییەوە:

– «ئەی ئەگەر یەکێک لەو ئافرەتانە قسەی لەگەڵ کردین چی بکەین؟».

– « ئەناندا! خۆتی تێ مەگیێنە، دڵ مەدەرە قسەی!».

لەگەڵ ئەمەیشدا پێویستە پێ لەوە بنێین کە زۆربەی بیروباوەڕەکانی بوودا ئامۆژگارییەکانی، لە ناوچەکەی خۆیەوە هەڵقوڵابوون، بەڵام ئەوەی بەبیری مرۆڤایەتی بەخشیوە، نە لە ژمارە دێت، نە دەشارێتەوە.

ئەو هەر ئەوەندەی بەسە کە شانازیی پێوە بکات، هەموو لایەکی فێری ئەوە کردووە کە چۆن (ئاشتی) و (ئاسایش) و (سرەوت) لە ڕێگای بەربەست کردنی (ئالۆش) و (خرۆش) و (چاوچنۆکی)یەکەیانەوە دەست خۆیان بخەن.

## ئیمڕۆی بوودایی

هەر کەسێ لە پاش شەڕی جیهانیی دووەم لە کاروباری بووداییەکان وردببێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە بیروباوەڕەکانی ئایینیی بوودایی، (چین)ی لێ دەربچێ، لە هیچ فەرمانڕەواییەکی بوودایییدا تووشی کزی و نەمان نەبووە. تەنانەت لەناو هەندێک فەرمانڕەوایییەکەدایە. چونکە هیچ بەڵگە و نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە ئەوەندە هەیە یەکێتی پەیڕەوانی ئەم ئایینە هێشتا هەر لەناو فەرمانڕەوایییەکەدایە. چونکە هیچ بەڵگە و نیشانەیەک بۆ ئەوە نییە کە یاسا، یاخود کۆمەڵەیەکی بوودایی جیهانی هاتبێتە کایەوە، کە بتوانێ کار لە زرنگکاری (سیاسەت)ی جیهان یاخود لە یاساکانی جیهان بکات. لەگەڵ ئەمەیشدا تەنگەتاوکردنی بوودایییەکان لە لایەن (کۆمونیست)ەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی دووردا، لەوانەیە بێتە هۆی پەیدابوونی ئەم هێزە جیهانییە لەناو بوودایییەکاندا. ئەمەیش ئاسان نییە کە بوودایی بخرێتە ژێر چنگی یاسای فەرمانڕەواییییەکانەوە، یاخود هەر یاسایەکی ترەوە. چونکە بوودایی هەر لەو چوارچێوەیەدا کار دەکات کە هانی تاکەی مرۆڤ بدات، پاڵیشی پێوە بنێت بۆ پێشەوە، تا دەیگەیێنێتە پلەی (ڕۆشنبیری) و (خوێندەواری). هەرچی ئایینی بوودایییە بەدوای هێز و دەسەڵاتی جیهانی و سایە و پایەدا ناگەڕێ.

تەنانەت ئەو بوودایییانەیش کە لە کاروباری زرنگکاریدا هاوبەشی دەکەن، لەبەرچاو تاک و تەرایانی تیرەکەدا وا دەنوێنن، کە لە نرخی ئەو کراسی بوودایییە کەم دەکەنەوە کە لە بەریاندایە.

هەرچی ئایینی بوودایییە، سەرۆکێکی بالای نییە کە وەک (پەتر یارک)، یاخود (پاپا)ی گاورەکان بێ. (تیبەت)ی لێ دەربچێ[1]، لە هیچ شوێنێکدا پەرستگای ئایینی بوودایی دەسەلاتی جیهانیی نییە. کە وای لێ هات یارمەتیدانی فەرمانڕەواییانەی ناو تاک و تەرایانی ئەم تیرەیە، هەر بریتییە لەوەی کە بیروباوەڕەکانی سەر بەئایینی بوودایی و ئامۆژگارییەکانی بەیەکتر بگۆڕنەوە و، چاکترین ڕێگایش بدۆزنەوە بۆ بلاوکردنەوەی ئەم ئایینە. بەلام ئەم بارە ڕێ لەوە ناگرێ کە هێزی گیانیی ئەم ئایینە ڕۆژ بەڕۆژ کار زۆرتر بکات لە جیهانی ئەم سەردەمەدا.

جا ئەگەر ئیمڕۆ تەماشایەکی ئەو فەرمانڕەوایییانە بکەین کە ئەم ئایینە لەناو خاکەکانیدا بلاو دەبێتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە (ژاپۆنیا) سەر دەستەی هەموویانە. لەم ڕۆژانەدا جوولەیەکی گەورەی بووژاندنەوەی ئەم ئایینە لەوێدا هەیە. کەچی ئەمریکاییەکانیش هەر خەریکی ئەوەن کە ژاپۆنیاییەکان بخەنە سەر ئایینی مەسیحی. وایان تێدەگەیێنن کە ئایینی مەسیحی لە هەموو ئایینێک چاکتر یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ پەرەپێدانی کامەرانی و خۆشگوزەرانی.

هەرچی خاکی (چین)ە، بەو هەموو فراوانییەیشەوە کە هەیەتی، ئایینی بوودایییش بەچەشنی هەموو ئایینەکانی تر خەریکە، لەناویدا، بەرەو نەمان دەچێ، هەرچەندە ئاینی (کۆنفۆچیۆسی) لەناو خاکی چیندا کارێکی تەواوی کردووە، بەلام بەرەی تازەی چین، بایەخ بەزرنگکاریی ڕۆژئاوا و وێنە شاکارەکانی ڕۆژئاوا دەدەن.

ئەگەر ڕوو بکەینە خاکی (کەمبۆدیا)یش کە بریتییە لە بەشی باشووری ڕۆژهەلاتی نیوە دوورگەی ئاسیا و، هەموو جۆرە ڕەگەز و ئایینێکیشی تێدا کۆبۆتەوە، هەرچەند دەکەین ناتوانین بیرێکی ئاشکرا و دیار لە بابەت ئایینی بوودایی ئەو ناوچەیەوە دەرببڕین.

چونکە بەهۆی شەڕوشۆڕی ناوخۆوە کە لەم خاکەدا هەیە، هەرچی ئایینێک هەیە بەرەو نەمان دەچێ. کەچی لەگەلّ ئەوەیشدا، لە سەرێکی ترەوە، ژمارەی کۆمەلانی بوودایی لەو

(١) لە چین (دەلایلاما) سەرۆک و پێشەوایانە و ئێستا لەو ولاتە دەربەدەرە و ئاینەکە شێوەیە لە بزاڤێکی سیاسی ڕزگاری وەرگرتووە بۆ نەتەوەی تیبت.



خاکەدا تا دێت پەرە دەسێنێ. لەمەیشدا هیچ گومان نییە کە دانیشتوانی (کەمبۆدیا) پێویستییەکی گیانییان بەو کۆمەلانە هەیە، بۆ یەکا تا دێن پتریان لێ دێ.

هەرچی خاکی (سیام)یشە، هەر ئەو فەرمانڕەوایییەیە، کە پیاوانی ئایینیی بوودایی لە ناویدا خەریکی تێکەلێن بەبیروباوەڕی تازەوە. زمان بووبووە بەرهەلّست لە ڕێگای ئەم تێکەلّ بوونەدا.

بەلام بوودایییەکانی ئەو ناوە دەستیان کرد بەفێربوونی زمانی ئینگلیزی. هەروەها زۆربەی ئەو نووسراوانەی لە بابەت ئایینی بوودایییەوە نووسرابوونەوە ئیمڕۆکە، لە زمانی (سیامی)یەوە دەگۆڕێن و دەخرینە سەر زمانی ئینگلیزی. لە ئینگلیزییشەوە دەگۆڕێن دەخرێنە سەر زمانی (سیام)ی.

گەورەکانی تیرەکە هەفتە بەهەفتە لە ڕادیۆدا وتار بلاودەکەنەوە لە بابەت ئایینی بوودایی و بیروباوەڕە کانییەوە. بێجگە لەوە (یەکێتی بوودایی لە سیام دا)، کە لە ژێر چاودێریی خونکاری سیام خۆی دایە، تا دێت هێز و دەسەلاتی زۆرتر دەبێ.

بەلام لە خاکی (بۆڕما)دا، چونکە شەڕی ناوخۆ هەیە، باری ئایینیی بوودایی پێچ و پەنای تێ کەوتووە، ڕوون و ئاشکرا نییە.

ئەوەندە هەیە مەترسی لە (کۆمۆنیستی) مرۆڤی لەوێد وا لێ کردووە کە هۆگری شێوەی بوودایی بن، لە ژیانیاندا!... هەتا ئێستایش (بۆرما) سەردەستەی ئەو فەرمانڕەوایییە بوودایییانەیە، لەو ڕووەوە، کە ئەم ئایینی بوودایییە هۆی هەرە گەورە و کاریگەرە لە ژیانی بوودایییەکاندا.

لە دوورگەی (سیلان)یشدا باری ئایینیی بوودایی هەر لەو بارە دەکات کە لە (بورما) دایە. کەچی لەگەلّ ئەوەیشدا ژمارەیەکی زۆر لە پیاوە بەناوبانگەکانی دوورگەکە چوونەتە سەر ئایینی مەسیحی. هەرچی مەسیحییەکانن لە مێژەوە خەریکن لەو دوورگەیەدا خوێندنگایانی یاسایی دامەزرێنن. دانیشتوانی دوورگەکەیش ناچار مندالّەکانی خۆیان بنێرنە بەر خوێندن لەو خوێندنگایانەدا، تا لە فێربوون و قالّبوون لە ڕەوشتی باشدا بەشی خۆیان وەربگرن. ئەوەندە هەیە لە کانگای دلّیانەوە بەلای بوودایدا دادەتاشن. هەروەها دلّیان بەلای (هیندۆسی)یشدا دەچێ، هەر لەپاش ڕزگاربوونی (سیلان) لە دەست دەستبەسەریی بێگانە، کارگوزاریی بوودایی لەناویدا پەرەی سەند. سەرلەنوێ ئەو پرۆژانە دەرکەوتنەوە کە بەتایبەتی بۆ بلاوکردنەوەی خوێندەواریی بوودایی دانراون، بۆ ناو ئەم

خاکە، لەگەڵ دروست کردنەوەی شوێنەوار و ساختمانەکانی بوودایی دا. بەکورتی تیرەی بوودایی ناو (سیلان) پایەیەکی بڵندیان هەیە.

هەروەها ئایینی بووداییش بەتەواوەتی کەوتۆتە سەر ڕێگای ڕاپەڕین و پێشکەوتن. ئەمەیش بەوەدا دەردەکەوێ، کە جووڵەی بوودایی ئەوێ، ئەمەندە بەتەووژمە، توانیویێتی بۆ هەموو لایەکی جیهانی بوودایی کۆمەڵەی ڕاسپێراوان بنێرێ، تا لەو شوێنانەدا دەست بکەن بەبڵاوکردنەوەی ئایینی بوودایی و، بیروباوەڕەکانی خۆیان لە بابەت ئایینی بووداییەوە.

بەڵام (هیندستان) لە سەدەی یانزەیەمی پاش زایینەوە لە کۆڕی فەرمانڕەواییە بووداییەکان چۆتە دەرەوە. ئەوەندە هەیە ئەو (کۆمەڵی بوودایی)یەی لە ساڵی ١٨٩١دا لە (سیلان)دا دامەزراوە، هەر لەوساکەوە، پەیتا پەیتا تاکو ئێستا لە هەموو خاکی (هیندستان)دا لەکاردایە. بەتەنگ کاروباری ئەو بووداییانەوەیە کە دێنە هیندستانەوە بۆ سەرلێدانی شوێنە پیرۆزەکانی بوودایی. هەروەها خەریکی بڵاوکردنەوەی ئایینی بووداییە لەناوەدا.

خەریکی دامەزراندنی خوێندنگا و نووسراوخانە و پەرستگایانی بووداییە، کە ئەم کار گوزارییانەیان بۆتە جێی ڕێز گرتنی هیندۆسەکان و پەسندکردنیان.

## بوودایی لە ڕۆژئاوادا

هیچ کەسێک ئەوە نازانێ کەی ئایینی بوودایی لەناو ڕۆژئاوادا دەرکەوتووە. چەند کەسێک لە زانایانی ڕۆژئاوا نووسراوە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی گۆڕیوەتە سەر زمانە ئەوروپاییە زیندووەکان. هەندێک لەو نووسراوانە لە بابەت ئایینی بووداییەوە بوو. جا ناساوی ئەوروپا و ئەمریکا لەگەڵ ئایینی بووداییدا لە سایەی ئەو زانایانەوە پێکهاتووە. تا بڕانەوەی سەدەی نۆزدەیەمیش، لە چەند کەسێک لە زانایانی ڕۆژئاوا بەولاوە کە کەس بایەخی بەئایینی بوودایی نەدەدا.

بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئەم بارە گۆڕا. چونکە لە ساڵی ١٩٠٦دا یەکێک لەو ئینگلیزانەی چووبووە سەر ئایینی بوودایی، لە باخەکانی (هایدپارک)دا، بەئاشکرا، لە بابەت ئایینی بووداییەوە وتاری دەدا. زۆریشی پێ نەچوو کە ئەو پیاوە خۆی و ئینگلیزێکی بوودایی تر، (کۆمەڵی بوودایی ئینگلیز)یان دامەزراند. ئەم کۆمەڵە لەناو دوورگەکانی (بەریتانیا) و (ئێرلاندە)یشدا دەستیان کرد بەکارکردن. گۆڤارێکیشی



دەرکرد، ناوی نا: (گۆڤاری بوودایی). کردی بەزمانی خۆی و، بیروباوەڕەکانی بوودایی خۆیانی تێدا دەردەبڕی. لە ساڵی ١٩٢٥دا چەند ڕاسپێراوێک کە لە (کۆمەڵی بوودایی گشتی سیلان)ەوە نێرابوون، گەیشتنە (لەندەن)، تا لقێکی کۆمەڵەکە لەو شارەدا بکەنەوە. ئەم کۆمەڵە لەلایەن (کۆمەڵی بوودایی ئینگلیز)ەوە یارمەتی یەکتریان دا، لە بڵاوکردنەوەی ئایینی بوودایدا، لە ئینگلتەرەدا. ئێستاکەیش هەر لەکاردان.

لە ساڵی ١٩٢٩دا خانمێکی (پاریس)ی کە ناوی (کۆنستانت لونسبری) بوو کۆمەڵێکی لە شاری (پاریس)دا دامەزراند، ناوی نا (کۆمەڵی دۆستانی بوودایی). چەند کەسێکی ناودار لە ئەندامانی کۆمەڵانی جوێ جوێی فەرەنسە چوونە ناو کۆمەڵەکەوە. هەندێکیان لە زانکۆی (سۆربۆن) دابوون. ئەمە بەپێچەوانەی ئەوەبوو کە لە خاکی ئینگلیزدا ڕووی دا. چونکە پاڵپشتی هەردوو کۆمەڵە بووداییەکەی ناو خاکی ئینگلیز لە ئەندامانی چینی ناوەڕاست بوون.

(کۆمەڵی دۆستانی بوودایی) لە (پاریس)دا پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەکۆمەڵە بووداییەکانی (سیلان) و (هیندی چینی)یەوە هەروەها لق و پۆپیشی لێ بۆتەوە بەناو گەلێک جێگای ئەوروپادا.

هەر سێ مانگە جارێک گۆڤارەکەیان دەردەچێت، لەژێر ناوی (بیری بوودایی)دا. ڕەنگە (مادام ئەلیکساندرا داڤیدنیل)، بەناوبانگترین بوودایی بێ، لە ڕۆژی ئیمڕۆدا، لە فەرەنسەدا. ئەم خانمە گەلێک نووسراوی لەسەر ئایینی بوودایی ناو (تیبەت) نووسیوەتەوە و چاپ کردووە. لەم ڕووەوە ناوبانگێکی جیهانی وەرگرتووە. لە ناوەند هەردوو شەڕە گەورەکەی جیهانیدا، ئایینی بوودایی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆری تێدا کرا.

پزیشک (پۆل دالکە)، لە نزیک شاری (بەرلین)ەوە پەرستگایەکی دروست کرد، کە ئەمە یەکەم پەرستگای بوودایی بوو لە خاکەکانی ڕۆژئاوادا. ئیتر هەر ئەوەندە جەنگی دووەمی جیهانی دوایی هات، گەلێک کۆمەڵ و دەستەی بوودایی لەناو خاکەکانی ئەڵمانی زماندا پەیدابوون. خەباتێکی زۆریش کرا بۆ پەیدابوونی یارمەتی لەناوەند ئەم کۆمەڵ و دەستانەدا.

هەروەها کۆمەڵانی بوودایی تریش پەیدابوون لە خاکەکانی (هۆڵەندە) و (بەلچیکا) و (فەنلەندە) و (سوێد) و (سویسرە)دا.

دوور نییە ئەم کۆمەڵی بوودایییانە لەسەر کەلاوەکانی دەستکردی جەنگی دوایی بنجیان دا کوتابێ. چونکە سروشتی ئایینیی بوودایی وایە ڕووبەڕووی گیروگرفتەکانی خراپە و ئێش و ئازار ڕادەوەستێت، کە تووشی مرۆڤایەتی دێن. ئینجا خەریکی چارەکردنیان دەبێ. ئەو هۆی ئێش و ئازارەکان دەدۆزێتەوە و، دەستیشیان بۆ دەکێشێ.

هۆی ڕاستەوخۆی ئەو ئێش و ئازارانەیش بەلای ئایینی بووداوە بریتییە لە ئارەزوو و ئاڵۆشی گەورەیی. ئینجا خەریکی ئەوەیش دەبێ کە ئەم ئاڵۆش و ئارەزووانە، لە بنەڕەت تێک بدات.

(ئایینی بوودایی) لەناو خاکی ئەمریکای یەکگرتوویشدا بەگەرموگوڕییەکەوە پێشوازی کرا. ئێستاکە لە سەد کۆمەڵی بوودایی پتر هەیە. تێکۆشانیش ئیمڕۆ لە ئارادایە کە نووسینگە (مکتب)یەکی گشتی بۆ (یەکێتیی بوودایی ئەمریکا) پێک بهێنرێ، بۆ ئەمەی کارگوزاری و تێکۆشانی ئەم هەموو کۆمەڵە بوودایییانە یەک بخرێن و بەهێز بکرێن. پێش ئەمەی ئەم بەشە تەواو بکەین ئێمە ئەوە دەگێڕینەوە: کە لە ساڵی ١٩٤٥دا (کۆمەڵی بوودایی ئینگلیز) لە ئینگیلتەرەدا، هەستی کرد بەداماوی لەسەر دانانی سیپارەیەکی بچکۆلەی وەها کە بەکورتی هەموو دەستوورەکانی ئایینی بوودایی و بیروباوەڕەکانی تێدا بنووسرێتەوە، بەمەرجێ لە سێ بەڕە و نیوی گەورە، زۆرتر نەگرێتەوە. ئەم سیپارەیە دانرا.

دوانزە دەستووری بوودایی تێدا نووسرابووەوە. کۆمەڵەکە ئەم سیپارە کورت کراوەیەی نارد بۆ بنکە بوودایییەکان، لەناو هەموو فەرمانڕەوایییە بوودایییەکاندا. لە پاش لێ وردبوونەوە، (ژاپۆنیا) پەسندی کرد. دوای ئەویش (سیام) و (چین) و (بورما) و (سیلان)یش پەسندیان کرد. نێرراوانی بوودای (تیبەت)یش هەروەها پەسندیان کرد. وا لە خوارەوە سیپارە پوختەکراوەکە پێشان دەدەین، کە دەستوورەکانی ئایینیی بوودایی تێدایە:

١- ڕزگاربوونی دەروونی هەموو کەسێک فەرمانی سەرشانی ڕاستەوخۆی ئەو کەسەیە. ئەگەر تیرێکی ژەهردار کەسێکی پێکاو برینداری کرد، پێویستە لەسەر ئەو کەسە، دەرکێشانی ئەو تیرە لە لەشی خۆی دوا نەخات بەبیانووی ئەوەوە کە چاوەڕوانی ئەوە بکات لە بابەت ئەو کەسەی پێکاوێتی بەو تیرە و، درێژیی تیرەکە و، چۆنێتیی دروستکردنی ئەوە تیرەوە، زانیاری دەست بکەوێ. هەرکەسێ لەسەر ڕێگای ئایینیی بوودایی بڕوات بەڕێوە، بەشێنەیی هەموو جۆرە کەینەوبەینەیەکی ئایینەکە تێ دەگات.



واتا ئاگاداریی خۆی لە ئایینەکە فروانتر لێ دەکات. کەواتە هەر لە ئێستاکەوە بەرەوڕووی ژیان بوەستە و، ژیان هەرچۆنێکە وەری بگرە و، هەموو دەمێکیش لە ڕێگای تاقیکردنەوەی ڕاستەوخۆی خۆتەوە لە شت تێ بگە.

٢- ڕاستی یەکەمی هەبوون (وجود) بریتییە لە یاسای گۆڕان و بڕانەوە. هەرچی شتێک هەیە لە جیهاندا، هەر لە مشکەکوێرەوە تا دەگاتە کێو و کەژ، هەر لە بیرێک لە بیرانەوە تا دەگاتە شاهەنشاهی یەک لە شاهەنشاهییەکان، هەر لە ڕێگای (هەبوون) خۆیەوە دەڕوات.

واتا: (گەشەکردن) و (تێکچوون) و (مردن). هەر ژیانیشە، بەتەنیا کە درێژە بەخۆی دەدا و نابڕێتەوە. ژیان هەموو دەمێک، خەریکی ئەوەیە کە لە شێوەی نوێ نوێدا خۆی بنوێنێ.

ژیان بریتییە لە پردێک. کەواتە لەسەر ئەم پردە هیچ خانوویەک دروست مەکە. ژیان بریتییە لە کردەوەیەک لە کردەوەکانی هەڵقوولان و ڕۆیشتنە خوارەوە. جا هەر کەسێ هۆگری وێنەیەک بێ لە وێنەکان، بام وێنەکە یەجگار جوانیش بێ، بێگومان ئازاری پێ دەگات. چونکە بەرەنگاریی ئەم هەڵقوولان و ڕۆیشتنە خوارەوەیە دەکات.

٣- یاسای گۆڕان، هەروەها بەسەر دەروونیشدا بەکاردەهێنرێ. هیچ کەسێک نییە بیروباوەڕێکی وای ببێ و نەگۆڕێ. هەر دەستبەرداریی تەواوە کە بەتەنیا بریتییە لە ڕاستییەکی دواهاتووی وا کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نایەت.

هەموو وێنەیەکی ژیانیش، بەمرۆڤ خۆیەوە، بریتییە لە ڕووکەشێکی ئەم ڕاستییە. هیچ مرۆڤێکیش نییە کە بووبێتە خاوەنی ئەم ژیانەی کە چۆتە ناو لەشیەوە. ئەویش لەمەدا هەروەک چرای کارەبا وایە. ئەو گێژ و شەپۆلی کارەبایەی ڕووناکییەکە لە چراکەدا دروست دەکات هی چراکە نییە.

٤- هەرچی جیهانیشە بریتییە لە ڕووکەشێکی ئەم یاسایە. بۆ پەیدابوونی هەموو شتێکیش هۆ هەیە. دەروونی مرۆڤ و سروشتی مرۆڤیش، بریتییە لە هەموو بیر و کردەوەکانی پێشووی خۆی. (کردەوە) و (پێچەوانەی کردەوە)یشن کە کار لە هەموو (هەبوون) دەکەن. مرۆڤیش هەر خۆیەتی کە کاروباری خۆی و ڕۆژگاری خۆی و هەست و بزووتیشی بەرامبەر ئەو کاروبار و ڕۆژگارانە، دادەهێنێ و دروست دەکات. هەروەها مرۆڤ هەر خۆیەتی کە کاروبار و ڕۆژگاری دوارۆژی خۆیشی دادەهێنێ و دروست دەکات، لەگەڵ ئەنجامی دوایی خۆیدا.

مرۆڤێش لە توانایدا هەیە کە بەهۆی بیری دروست و کردەوەی تەواوی خۆیەوە، بەرەبەرە سروشتی شاراوەی خۆی دەربخا.

ئەم کارەیش زۆر دەم دەکێشێ. ژیان لە پاش ژیانی سەر زەوی دەگرێتەوە. بەڵام لە ئەنجامی کاردا هیچ وێنەیەک لە وێنەکانی ژیان نامێنێتەوە کە نەگاتە ڕۆشنبیری و خوێندەواری.

٥- ژیان یەک پارچەیە دابەش ناکرێ. لەگەڵ ئەمەیشدا شێوەکانی ژیان کە هەموو دەم لە گۆڕاندان، لە ژمارە نایەن. ژیان دەستی نەمانیشی هەیە. هەرچەندە ئەنجامی هەموو شێوەکانی ژیان بەمردن دەگات، بەڵام لە ڕاستیدا مردن لە ئارادا نییە. بەزەیی پێداهاتنەوەیش لە پەی بردن بەیەکێتیی ژیان و تێگەیشتنی ئەو یەکێتییەوە پەیدادەبێ. (بەزەیی پێداهاتنەوە)یشیان وا ناو بردووە کە بریتییە لە (یاسای یاسایان). لە ڕاستیدا کردەوەی (بەزەیی پێداهاتنەوە) بریتییە لە (سازبوونێکی تاسەر).

هەر کەسێ لەم (سازبوون)ە خۆی لابدات، تووشی ئازار و دەردی سەری دەبێ. بێجگە لەوە لە ڕۆشنبیری و خوێندەواریش دوادە کەوێ.

**٦-** جا لەبەرئەمەی (ژیان) یەکێکە، پێویستە کەڵک و چاکەی کەسێک هەروەکو کەڵک و چاکەی هەمووان تەماشا بکرێ. مرۆڤیش ئەوەندە تێ نەگەیشتووە، وا دەزانێ: دەتوانێ بۆ کەڵک و چاکەی خۆی تێ بکۆشێ و لە تێکۆشینەکەیشیدا سەربکەوێ. جا ئەم جۆرە خەباتی (خۆپەرستانە)یە کە لە شێوەیەکی هەڵەدا ئاراستەکراو، لە ئەنجامدا خاوەنەکەی خۆی تووشی ئەرک و ئازار دەکات. مرۆڤیش بەسایەی دەردی سەرییەکەی خۆیەوە فێری ئەوە دەبێ کە چۆن لە هۆی ئەم ئازار و ئەرکە کەم بکاتەوە. لە ئەنجامیشدا لە هۆی ئەم ئازار و ئەرکە ڕزگاری دەبێ.

(بوودا)یش چوار ڕاستی بەرز و پیرۆزی فێر کردووین:

أ- لە هەموو شوێنێکدا ئەرک و ئازار هەیە.

ب- ئەرک و ئازار هۆی هەیە. ئەویش بریتییە لەوەی کە ئارەزوو خراپ ئاراستە بکرێ.

ج- ئەرک و ئازار چارەی هەیە. ئەویش بریتییە لەوەی کە لە هۆی ئەرک و ئازارەکە ڕزگار ببین.

د- ئەو ڕێگایەی ئەرک و ئازار لە بنەڕەت تێک دەدات، بریتییە لە هەشت هەنگاو.



٧- ڕێگاکەی لەمەوپێش ناومان هێنا لەم هەنگاوانە دروست بووە: (بیروباوەڕی ڕاست)، (ئامانجی ڕاست)، (وتەی ڕاست)، (کردەوەی ڕاست)، (ژیانی ڕاست)، (تێکۆشانی ڕاست)، (بیرەوەری ڕاست)، (لێ وردبوونەوەی ڕاست). ئەم هەنگاوانە دەمانگەیێنن بەڕۆشنبیرییەکی تەواو. جا لەبەرئەمەی (ئایینی بوودایی) بریتییە لە (ڕێگایەکی ژیان)، نەک هەر (پێشبینی)یەک، ڕۆیشتن بەناو ئەم ڕێگایەدا، پێویستییەکی تەواوە بۆ ڕزگارکردنی دەروون لە دەست ئێش و ئازار. ئامۆژگارییەکانی (بوودا) بریتین لەمە: «خراپە مەکە. فێربە چۆن چاکە دەکەیت. دڵیشت پاک بکەرەوە».

٨- ڕاستی شتێکی وایە کە ناتوانرێ بەتەواوەتی پێشان بدرێ.

ئەمەیش کە دەڵێن خودایەک هەیە و چەند کردەوەیەکی دیاری کراوی هەیە، ڕاستییەکی تەواو نییە، ئەوەندە هەیە (بوودا) کە مرۆڤێکە و هەبووە، بووە بەکەسێکی وەها کە بەتەواوەتی بیری ڕۆشن بۆتەوە. گەیشتن بەڕادەی «نەرڤانا»یش، لەوانەیە کە لە ژیانی ناو ئەم جیهانەدا دەست بکەوێ. هەموو کەسێک و هەموو وێنەیەکی ژیانی تر، ئەوەیان لە باردا هەیە کە خۆیان بخەنە باری (بیرڕۆشنی)یەوە. ئەگەر بێتو هەنگاوەکانی پێشوویش بنرێن، ئەو ڕۆشنبیرییە لە خۆیەوە دێتەدی.

٩- ڕێگای ناوەڕاست دەکەوێتە ناوەند (ڕۆشنبیریی بەزۆر) و (ڕۆشنبیریی کردەوە)وە. جا ئەم ڕێگایە لە (ئارەزوو)وە دەست پێ دەکات و، لە باری (دڵنیایی) و (ئاسایش)دا تەواو دەبێ. ئەمەیش ڕێگایەکی ناوەڕاستە کەوتووەتە ناو بابەتانی پێچەوانەی یەکترەوە. ئەوی بەناویدا بڕوات خۆی لەم پەڕ و لەوپەڕی لادەدات. بەڵام (بوودا) کە بەناو ڕێگایەدا ڕۆیشت، بەری نەدا تا گەیشتە ئەوپەڕی. تەنیا شتێکیش کە (ئایینی بوودایی) دەیەوێ باوەڕی پێ بهێنرێ، ئەوەیە کە هات و (بوودای) ڕێبەر و ئامۆژگاریکار لەم ڕێگایەوە ڕۆیشت، ئێمەیش پێویستە بەناویدا بڕۆین. هەروەها پێویستە لەسەر هەموو کەسێکیش کە بەناو ئەم ڕێگایەدا بڕوات، نەک هەر چاکەکانیان پێیدا بڕۆن. ئەمەیش پێویستە: کە هەر لەو کاتەدا (دڵ) و (هۆش) ڕوو بۆ پێشەوە بکەن.

١٠- ئایینی بوودایی زۆر بەتەنگ لێ ورد بوونەوە و نووچ گرتنی دەروونەوەیە. ئەمەیش کە ماوەیەکی پێ چوو دەبێتە هۆی گەشەکردنی دەسەڵاتی گیانی. چونکە ژیانی دەروونییش هەروەک ژیانی ئاسایی، کە هەر چوار لامانی گرتووە، گرنگ و بایەخدارە.

له ڕاستیدا دانی چەند پشوویەکی سرەوت و دڵنیایی بەدەروونی کارگوزار، پێویستییەکی ژیانی لەنگەردارە. هەرچی (بوودایی)یە پێویستە لەسەری لە هەموو کاتێکدا وریا بێ، ئاگای لە خۆی بێ، بێ باک و ئازا بێ، خۆیشی لابدات لەوەی کە هۆشی یاخود دڵی دەربەست ڕووکەشە ڕێبوارەکانی ژیان ببێ.

جا ئەم وریایی و ئاگا لەخۆبوونە کە بەرامبەر کارەساتی ژیان دەیکات، کە خۆیشی پەی بەوە دەبات کە هەموویان (دەستکردی خۆی)ن، لەوەدا یارمەتی دەدەن کە دڵ خرۆشانەکانی بەرامبەر ئەم کارەساتانەی ڕۆژگارە، بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە و لەژێر چاودێریی خۆیدا بکەونەگەڕ.

١١- (بوودا) گوتوویەتی: «بەهەموو کوڵی دڵتەوە دەروونی خۆت ڕزگار بکە لە دەست ئەرک و ئازار». ئایینی بوودایی بۆ (ڕاستی) و (دروستی) هیچ پشتیوانێک ناناسێ، دەروونی کەسەکە، خۆی و هۆشی نەبێ. هەموو کەسێک ئەنجامی کردەوەی خۆی دێتەوە ڕێی. مرۆڤ لەو کاتەدا پەی بەوە دەبات کە دەست دەکات بەیاریدەدانی هاوڕێکانی خۆی، لە خۆڕزگارکردندا.

(نوێژکردن) بۆ (بوودا)، یاخود (پاڕانەوە) لەو، یان لە خودایەکی تر ڕێ لەوە ناباتە بەست کە هەموو ئەنجامێک دوای هۆی خۆی بکەوێ. کەشیشە بوودایییەکان مامۆستای مرۆڤن، دەبنە نموونە بۆ مرۆڤ. ئەوانە بەهیچ کلۆجێک و لە هیچ شێوەیەکدا خۆیان ناخەنە ناوەند (ڕاستی) و (مرۆڤ)ەوە. دەبێ لەگەڵ هەموو (ئایینەکان) و (ڕاستی پەرستییەکان)دا چاوپۆشییەکی تەواو بکرێ.

چونکە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە دەست بخاتە کاری دراوسێکەی خۆیەوە، کە تەگەرە لە گەشتی دراوسێکەی خۆی بدات، کە بەرە و ئامانجی خۆی دەڕوات.

١٢- (ئایینی بوودایی)، ئایینێکی وا نییە کە پێی بگوترێ (ڕەشبین). یاخود لەوانە بێ کە پشت دەکەنە ڕاستییەکانی ژیان و، لە دەستیان دەرباز دەبن. هەروەها ئایینێکی وایش نییە کە بڵێ (خودا) نییە، یاخود (گیان) لە ئارادا نییە. ئەوەندە هەیە دەربارەی ئەم وشانە واتای تایبەتی خۆی هەیە. (بوودایی) بەپێچەوانەی ئەوە بریتییە لە (شێوەیەکی بیر کردنەوە). بریتییە لە ئایینێک لە ئایینەکان. بریتییە لە (زانستێکی گیانی) و (شێوەیەکی پەسند لە ژیاندا). کردەوەیشی وایە کە ئایینێکی کارامەیە و بەکاری ژیان دێت. هەروەها ئاگاداری هەموو شتێکیشە. جا بەم ئایینەیە



کە زۆرتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە تا ئێستا پێویستییەکانی گیانی نزیکەی سێ یەکی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتیی ئامادە کردووە. ڕۆژئاواییەکان لەبەرئەوە ئایینی بووداییان بەدڵدا چووە کە هیچ باوەڕییەکی بڕیار لەسەردراوی تێدا نییە.

(ئایینی بوودایی)، (دڵ) و (هۆش)، هەردووکیان پێکەوە، کێش دەکات بۆ خۆی. فەرمانیش دەدات کە مرۆڤ پشت بەخۆی ببەستێ، کە مرۆڤ چاوپۆشی لە هەموو بیروباوەڕ و ئایینەکانی تر بکات. (ئایینی بوودایی) بریتییە لە (زانست)و (ئایین) و (ڕاستی پەرستی). بریتییە لە (زانستی دەروون) و (شێوەی ڕەوشت و خوو) و (هونەر). ئەم ئایینە چاوی (مرۆڤ) دەکاتەوە و تێیشی دەگەیێنێ کە خۆی دروستکاری ژیانی ئێستایەتی.

کە خۆیشی ڕەنگی دواڕۆژ و چارەنووسی خۆی دەڕێژێ و، بڕیاریشیان لەسەر دەدات.

# کونفۆچیۆس

لێرەدا چیرۆکی (ژیان) و (ڕاستیی پەرستی)ی ژیر و تێگەیشتووی هەرە گەورەی (چین)، واتا (کۆنفۆچیۆس) دەخوێنیتەوە.

هەنری تۆماس نووسیویەتی

ئەم نووسراوە

مێژوونووسان سەدەی شەشەمی پێش زایین بە(سەدەی پێغەمبەران و تێگەیشتووان) دادەنێن. چونکە لە جیهانی ناسراوی ئەو سەردەمەدا گەلێک پێغەمبەر و پیاوانی ژیر و تێگەیشتوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا پەیدابوون وەک: (کۆنفۆچیۆس) لە (چین)دا و، (بوودا) لە (هیندستان)دا و، (زەردەشت) لە (کوردستان)دا و، (حزقیال) لە (بابل)دا و، (سۆلۆن) لە (یۆنانستان)دا. ئەمانە هەریەکەیان لە خاکەکەی خۆیدا، بەشێوەیەک، خەباتی دەکرد: بۆ ئەمەی ڕێگای ژیانێکی باشتر و پاکتر و پێشکەوتووتر پێشانی نەتەوەکەی خۆی بدات.

ئەوەیش مژدەیەک بوو بۆ مرۆڤایەتی کە لە پێشکەوتنی ڕاستەقینە نزیک دەبووەوە. (کۆنفۆچیۆس) بایەخێکی زۆری دەدا بە(دادپەروەری)، چ لە کۆڕی زرنگکاری دا، چ لە کۆڕی کۆمەڵایەتیدا. (ڕاستی پەرستی)یەکەی خۆی بەکاردەهێنا بۆ ڕۆشن کردنەوەی واتای «دادپەروەری» هەموودەم بەدوای خوێندەواریدا دەگەڕا. هەموودەم خوێندەواریشی بڵاودەکردەوە. پیاوێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند بوو. پیاوێکی زانا و ڕاستی پەرست و وێژەوان بوو، پیاوێکی خوداناس و نیشتمانپەروەر بوو. پیاوێکی گەلپەروەر و مرۆڤ دۆست بوو. پیاوێکی خەباتکار و، وریا و کارامە بوو. هەموودەم لەکاردا بوو: خۆی فێر دەکرد و، پەروەردە دەکرد.

هەروەها نەتەوەکەیشی بەقسە شیرینەکانی و، ئامۆژگاریە نایابەکانی و، کردەوە و ڕەفتارە جوانەکانی، فێر دەکرد و، پەروەردە دەکرد. کە زانی نیشتمانەکەی لە وێران بووندایە، بەهۆی جەنگ و بەدکاریی زۆربەی شازادە و فەرمانداەرکان و کاربەدەستەکانیانەوە، کە هەر لە بەزمورەزم و گزی و فزی و دزیی خۆیان دەگەڕان و خەمێکی نەتەوە بەسەزمانەکەی خۆیان نەدەخوارد، کە دەینالآند لەژێر چنگی یاسای



«زەمینداری»دا... خەباتی کرد و هاتە کایەوە، بۆ ئەمەی نموونەیەکی بەرز و پیرۆزی فەرمانداریێکی دادپەروەری ڕاستەقینە، بەکردەوە و کارەکانی خۆی پیشانی نەتەوەکەی خۆی بدات و، زۆرداری لەناو ببات.

جا (کۆنفۆچیۆس)[١] کە لەلایەن شازادەی (لۆ)وە کرا بەفەرمانداری شاری (چونگتوو)، هەرچی ژیری و تێگەیشتووی و ڕاستی پەرستی و خوداناسیەکی خۆی هەبوو، لە فەرمانداریەکەی خۆیدا بەختی کرد.

خۆشبەختانە، تا ئەندازەیەکی زۆر گەورە تێیدا سەرکەوت و، ناوبانگی چاکیشی تێدا دەرکرد. لە هەموو خاکی (لۆ) نەتەوە دڵی پێیدا چوو.

خۆشەویستی و ڕێزی خۆی بەرامبەری پێشان دا. شازادەی خاکی (لۆ)یش تا دەهات خۆشتری دەویست و پایەی بەرزتر دەکردەوە، تا دوایی کردی بە(سەرۆکی کاربەدەستان) لە هەموو خاکی (لۆ)دا.

بەڵام (کۆنفۆچیۆس)ی بەسەزمان ئەم سەرکەوتن و کامەرانییەی تا سەر بۆ نەمایەوە. چونکە (شازادە)کانی تر کە لە خاکەکانی دراوسێی خاکی (لۆ)دا فەرمانداریان دەکرد، چاویان پێ هەڵهێنا و لەگەڵیدا کەوتنە ڕقەبەرییەوە. ئەوان لەوە ترسیان پەیدا کردبوو کە (کۆنفۆچیۆس) ئەمەندە گەورە ببێ و، خاکی (لۆ)یش ئەمەندە ئاوەدان و پێشکەوتووی لێ دەربچێ، کە خاکەکانی خۆیان لەبەرچاوی (شاهەنشاە و بۆ هەمووان ئاشکرا ببێ). جا بۆ ئەمەی تووشی ئەو سووکی و ڕیسوایی و سەرگەردانییە نەبن، لە دوارۆژدا، داویان بۆ نایەوە!... هەشتا ئافرەتی جوانی سەماکەریان بۆ (شازادەی لۆ) بەدیاری نارد!...

ڕەوشتیان لێ تێک دا و، کارێکی وایان کرد کە (کۆنفۆچیۆس) بەناچاری لێی جیابووەوە!... چونکە ئەوەندەی پێ نەچوو، کە (کۆنفۆچیۆس) بۆی دەرکەوت (شازادەکەی لۆ) لە کۆڕی مێبازی و بەزمورەزمدا بەجارێک تێکچووە، لە ساڵێک زۆرتر ئارامی نەگرت، کە کاروباری فەرمانداریەکە بەو جۆرە بەئاڵۆزاوی و دواکەوتوویەوە ببینێتەوە، لە تەختی (کاربەدەستی) وازی هێناوە بەڕەنجەڕۆیی و هەناسە ساردییەوە نیشتمانە نازدارەکەی خۆی بەجێهێشت.

(١) کۆنفۆشیۆس، دەوروبەری ٥٥١-٤٧٩ پ. ز: فەیلەسوفێکی چینی بوو، ڕێبازی کۆنفۆشیانی دامەزراند؛ کە بریتییە لە ڕێبازێکی فەلسەفی و ئەدەبی وا باوەڕ بەبوونی خوا ناهێنێ، بانگەشە دەکات بۆ ژیانێکی خانەوادەیی و کۆمەڵایەتی نموونەیی.

ئیتر لەوساکەوە ئاوارە و بێچارە دەسووڕایەوە. تا سیانزە ساڵی خشت لە ئازار و هاواردا مایەوە. تا (شازادەی لۆ) نەمرد، نەگەڕایەوە.

بەڵام ئەمجارە هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کرد، تەنیا، بۆ فێربوون و فێرکردن و، پەروەردەکردنی خۆی و نەتەوە و، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری بەناو نیشتمانە گەورەکەی خۆی، (چین)دا، تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها کە لە هەموو جیهاندا وەک پێغەمبەرێک، یاخود وەک تێگەیشتوویەکی گەورە و ڕاستیی پەرستێکی کارامە و دۆستی (نەتەوە) و (نیشتمان) و (جیهان) ناوی دەرکرد. (کۆنفۆچیۆس) لە خەباتەکەیدا کە بۆ ڕاست کردنەوەی کاروباری (زرنگکاری) و (کۆمەڵایەتی) دەیکرد، بۆیەکا بایەخێکی زۆری دەدا بەخوداناسیی و ڕەوشت و خووی پاک و کرداری بڵند، بۆ ئەمەی (داد) ببێتە بنچینەی (فەرمانداری). تەنانەت خەوی بەجیهانێکی پاکی بێ گەردی ئاوەدان و ئازاد و پێشکەوتوویشەوە دەدی، کە لەژێر ئاڵای یەک (کۆمار)دا هەموو مرۆڤی (جیهان) بحەسێتەوە. واتا: نە جەنگ بمێنێ لەناو گەلاندا و نە پەنگ نە خوێن بمێنێ و نە جوێن.

لە جیاتی ئەوانە جیهان پڕ ببێ لە (دادپەروەری) و (خۆشەویستی) و (کامەرانی) و (پێشکەوتوویی) و، مرۆڤی جیهانیش هەموو برایانە پێکەوە تێیدا بژین.

جا ئەم نووسراوە نایابە، (کۆنفۆچیۆس)، کە مێژوونووسی بەناوبانگ (هەنری تۆماس) دایناوە، شایستەی ئەوەیە کە لەم (ڕۆژ)ەماندا پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم. چونکە لە شێوەیەکی بەرجەستە و تەڕوتازەدا، ئەو بیروباوەڕە بەنرخانەی پێغەمبەری (چین)، کۆنفۆچیۆس، کە لە بابەت (فەرمانداری) و (دادپەروەری) و (ڕەوشت و خووی جوان) و (کرداری بڵند)ەوە دەربیرڕیون پێشان دەدات. لە ڕاستیدا (کوردەواری)یەکەمان داماوی ئەم جۆرە بیروباوەڕانەیە، کە هەتا لە جیهان دابێ، دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێ.

بەڵێ وایە. ئێمە پێویستیمان بەدوو شت هەیە: بە(خوداناسیی) و بە(خوێندەواری) جا ئاواتەخوازم لە خودا کە ئەو دوو شتەمان بۆ پێک بهێنێ، تا لەسەر بنچینەی (دادپەروەری) ژیانێکی پاکتر و چاکتر و ئازادتر ڕابووێرین.

شاکر فەتاح

سلێمانی: ٥-٣-١٩٦٧

«خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد»



## خاوەنی دوو گوێی گەورە!

«شولیانگ هە» هەتا ما بەخەم و خەفەتەوە تلایەوە. بەڵام لەبەر ئەوە خەمبار نەبوو، کە هەروەک سەربازێکی بچووکی نەناسراو مایەوە، کە هەتا ما نەیتوانی خۆی بگەیێنێتە پایەیەکی وەها کە لەگەڵ جێگای باووباپیر و خانەدانی خۆیدا ڕێک بکەوێ... لەبەر ئەوە خەمبار بوو کە تا ئەوساکە کوڕێکی نەبووبوو، کە لە پاش مردنی خۆی نوێژی بۆ بکات. چونکە چینییەکان باوەڕیان وا بوو کە پیاو لە ژیانەکەی تردا خۆشیی لە سرەوت نابینێ، تا کوڕێکی دروستی لە پاش بەجێ نەمێنێ و لە دوای مردنی نوێژی بۆ بکات. واتا بۆی بپاڕێتەوە لە خودا!... لە تەمەنی حەفتاساڵیدا پەژارەکەی «شولیانگ»تینی سەند و بوو بەداخێکی دەروونی یەجگار ناسۆر. ئەمەیش سەبارەت بەوەبوو کە هەستی بەخۆی کردبوو، لە مردن نزیک بۆتەوە. کەچی ژنەکەی لە کچ بەو لاوە هیچی تری بۆ بەجێ نەهێشتووە!... ئەمە ڕاستە کە کوڕێکیشی هەیە. بەڵام ئەم کوڕەی لە ژنەکەی نییە. لە ژنەکەی یارێتی(١). لەبەر ئەوە بەزۆڵ دادەنرێ!... بێجگە لەوە کوڕەکەی هەر لە منداڵییەوە لنگەکانی(٢) لە کەڵک کەوتوون، نابزوێن...

بەم ڕەنگە لەم تەمەنە پیرییەیدا کە خۆی دابوو لە حەفتا ساڵ، شولیانک، ناچار ما ژنێکی تریشی هێنا، کە تەمەنی لە حەڤدە ساڵان تێپەڕی نەدەکرد!... زوو بەزوو کچەکە سکی لێی پڕ بوو. منداڵەکە لە سکیدا گەورە بوو، تا گەیشتە دەمی لە دایک بوون.

کە تەماشایان کرد کوڕ دەرچوو!... ئا بەم ڕەنگە ئاواتی چەند ساڵەی ئەو سەربازە پیرە هاتە دی. کە کوڕەکەی دی هەردوو گوێچکەکانی گەورەن، سەری سوڕما و لە خۆشیاندا گەشکەدار بوو... چونکە گوێچکەی گەورە بەلای چینییەکانەوە وا بوو، کە مژدەی تێگەیشتوویی خاوەنەکەی بەدواوەیە... لەبەرئەوە کابرای سەرباز کوڕەکەی خۆی ناونا: (کونگی تێگەیشتوو)، یاخود (ونگ- فو- تسیە)، واتا: (کۆنفۆچیۆس)!... لە ڕاستیدا «کۆنفۆچیۆس» هەر لە منداڵییەوە دیاربوو لە مرۆڤێکی بۆرەپیاوی نەدەکرد. هەروەها لە ئەرک و ئازاری ژیانیشدا بەشی ئەو لە بەشی کەسانی تر جیاواز بوو. هەر ئەوەندە تەمەنی گەیشتە سێ ساڵان، باوکەکەی لە دەستچوو. ئیتر هەر ئەوەندە تۆزێک گەورەبوو، بەخێوکردنی دایکەکەی خۆی خستەسەر ئەستۆی خۆی... کاتێ تەمەنی گەیشتە حەڤدە

(١) یان ڕاستتر: لە ژنە دۆستەکەیەتی...

(٢) لنگەکانی: قاچەکانی، لاقەکانی

ساڵان سنگی بردە پێشەوە و داوای جێگایەکی کرد لە فەرمانڕەواییدا. ئەوانیش کردیان بەیاساوڵێک و لەسەر کۆگای دانەوێڵەی نەتەوە دایاننا.

(کۆنفۆچیۆس) توانی لە مانگانەکانی خۆی ئەمەندە کۆ بکاتەوە، کە لە تەمەنی نۆزدە ساڵاندا ژنێکی پێ هێنا!... جا لەم ڕووەوە شتێکی خۆش دەگێڕنەوە. دەڵێن: «کە کۆنفۆچیۆس ژنەکەی خۆی گواستەوە، سەرداری جێگاکە دوو ماسیی گەورەی نایابی بۆ نارد، بەدیاری.

مەبەسی لەم دیارییەیش ئەوەبوو کە ئەم فەرمانبەرە لاوە ئافەرین بکات... (کۆنفۆچیۆس)یش ئەم کردەوە پەسندەی سەردارەی زۆر پێ خۆش بوو. سەری پێی بەرز بووەوە. جا ئەم هەستی دڵی خۆیەی لەوەدا دەربڕی کە لە پاش ساڵێک کوڕێکی بوو. ناوی نا: (بوو یوو) واتا (ماسیی جوان)!...

(کونگی تێگەیشتوو) لە فەرمانەکەیدا کارگوزار بوو. سەرکەوتوو بوو. بەڵام بەو فەرمانە دڵی دانەدەمرکا. چونکە لە سروشتی خۆیدا، پیاوێکی خاوەن بیر بوو، نەک پیاوێکی خاوەن فەرمانێکی نەگۆڕاو... لەبەرئەوە پڕ بەدڵ لەوە دەکرد کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێ بەمامۆستایەک و بەکەسانی تر بخوێنێ... (کونگ) ئەو هەلەی دەستکەوت. بەڵام پەژارەی بەدواوە بوو. چونکە دایکی مرد. بەوە باری سەرشانی، لە ڕووی ژیاندنیەوە، سووک بوو... لە تەنشت گۆڕەکەی دایکییەوە، زنجێک هەبوو، پەنای بردە ئەوێ... لە وێدا سێ ساڵ مایەوە. بەپێی ڕەوشتی چینییەکان ئەو سێ ساڵەی بەلێ وردبوونەوە و، بیرکردنەوە و ڕابوارد. دوای ئەوە لەو تەنیاییە هاتە دەرەوە. دەستی ژنەکەی و کوڕەکەی خۆی گرت و ڕووی کردە ناو ئاواییەکان و بەدوای چەند شاگردێکدا دەگەڕا، کە بیروباوەڕەکانی خۆییان تێبگەیێنێ... هەموو دەمێک دەیگوت: «من ئێستا کە لە باکور و لە باشووردا دەژیم. هەروەها لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوایشدا دەژیم». بەڵام لە ڕاستیدا جێگاکەی لەناو کەللەی دابوو، لەناو مێشکیدا بوو، لەناو بیرەکانیدا بوو!...



## کەلەپوورێکی تێگەیشتن

لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، خاکی چین بەسەر چەند سەردارێکی زەویداردا دابەش بووبوو. ئەمانە وا ڕاهاتبوون، کە بەڕووالەت خۆیان بۆ خونکاری چین دەنوشتاندەوە، کەچی هەریەکەیشیان لە پشتەوە لە هاوڕێکەی خۆی دەستی دەوەشاند!... ئەوانەی کاروباری نەتەوەیشیان لەژێر دەستدا بوو، هەموو پیاوی چاوچنۆک پارەپەرست و بەدکارە زۆرزانەکان بوون. ئەوەندە هەبوو، بەسەر خاکی چیندا، سەردەمێکی وا تێپەڕی کردبوو، کە تا چەند هەزار ساڵێک درێژەی سەندبوو لە مێژوودا. جا لەم سەردەمەدا، ئەوانەی جێگای گەورەیان بەرکەوتبوو لەناو فەرمانڕەواییدا، پیاوی ژیر و تێگەیشتوو بوون، نەک پیاوی ئاژاوە و دڕندەیی!... بەڵام کاتێک کە کڵاو پەرستان و دەسەڵاتخوازان بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان، بەرەڵڵابوون و هاتنەکایەوە، پیاوە ژیر و تێگەیشتووەکان سەری خۆیان کز کرد و، دڵی خۆیان بەوە دەدایەوە کە لە (کردەوە و ڕەوشتی جوان و شیرین)ی پێشوویان دەکۆڵییەوە، کە لەوەپێش نووسرابوونەوە. (کۆنفۆچیۆس)یش یەکێک بوو لەوانەی تەماشای تۆمارەکانی کۆنیان دەکرد... نەخوازەڵا کە باپیرەکانی خۆیشی لە ماوەی هەزار ساڵێکدا کەلەپوورێکی گەورەیان لە تێگەیشتوویی (حیکمەت) بۆ بەجێ هێشتبوو. جا لەو کاتانەدا کە (کۆنفۆچیۆس) بۆ زانیارییەکی زۆرتر دەگەڕا، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕێی کەوتە ناو کۆشکی شاهانەی سەرداری (چۆ)وە... لەوێدا تکای کرد ڕێی بدەن چاوی بەڕاستیی پەرستی بەناوبانگ بکەوێ کە ناوی (لاوتزیە) بوو. ئەم ڕاستی پەرستە خەریکی نووسراوخانەکەی شاە بوو، ڕێکی دەخست... لە ناوەند (کۆنفۆچیۆس) و (لاوتزیە)[1]دا وتوویژ دەست پێ کرا. کۆنفۆچیۆس شارەزاییەکی وەهای پیشان دا کە ڕاستی پەرستە پیرەکەی خستە سەرسوڕمانەوە بەزەردەخەنەیەکەوە گوێی لێ دەگرت. لە دواییدا پێ گوت: «ئەم بابەتانەی لێیان دەدوێیت هەموو کۆنن. ئەو کەسانەیش کە قسەیان لەسەر دەکەیت هەموو مردوون. منیش وام بیستووە کە ئەو بازرگانەی بابەتە هەرە چاک و بەنرخەکانی خۆی لە ژێر زەویدا بهێڵێتەوە، لەو کەسە چاکتر ڕانابوێرێ کە هەژار و داماوە!...».

لاوەکە گەڕایەوە. دامابوو. هەر بیری لە قسەکانی (لاوتزیە) دەکردەوە. جا لەو کاتەدا

(١) لاوتسو Lao- Tseu چەرخی ٥ یا ٦پ. ز: فەیلەسوفێکی چینی بوو، (کتێبی ڕێگا و خاوێنی) داناوە، لەلای دەروێشانی ڕێبازی (تاویە)، ڕێوشوێنەکانی لاوتسو بۆتە بنچینە بۆ ئاینی (بوزی).

که شاگردەکانی لە خۆی کۆ دەکردەوە و، خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی بیرەکانی خۆی بگەیێنێتە پلەی پێگەیشتوویی، واتای قسەکانی (لاوتزیە)ی وردە وردە بۆ دەردەکەوت. چونکە ئەو خاکەی خۆی لێی لە دایک بووبوو، تێیدا گەورە بووبوو، خاکی (لۆ)، تووشی گەلێک جەنگی ناوخۆ بووبوو. سەردار (کاو)ی هاوڕێی هەموو دەمیی دڵسۆزیشی ناچار بووبوو، خۆی دەرباز بکات لە سنوور بچێتە خاکی (چی)ی دراوسێ وە... (کۆنفۆچیۆس)یش پەیی بەوە برد، کە ئەگەر سەردار (کاو) خۆی و پشتیوانەکانی بکەونە دەست دوژمن چیان بەسەردێ، هێنای لە شاگردەکانی خۆی چەند کەسێکی وریا و زیرەک و کارامەی هەڵبژارد و، دەمودەست کەوتنە دوای سەردار... جا لەو کاتەدا کە لەناو چۆڵ و بیابانێکدا بوو، بەسەر چیایەکدا سەردەکەوت، ئافرەتێکی دی، هەڵ تووتابوو، بەلای گۆڕێکی تازە دروست کراوەوە[1]، شینوزاریی دەکرد، (کۆنفۆچیۆس)یش لێ پرسی: بۆچی وا دەکات؟... ژنە کۆستکەوتووەکە بەم جۆرە وەرامی دایەوە، گوتی: «هەر لەم جێگەیەدا پڵنگێک باوکی مێردەکەم و، مێردەکەم خۆی و، کوڕەکەیشمی خواردووە!...» مامۆستایش لێی پرسیی:

«ئەی بۆچی نەچوویتە شوێنێکی واوە کە ئاوەدان بێ؟»... ژنەکەیش وەرامی دایەوە گوتی: «چونکە لێرەدا فەرمانڕەواییەکی زۆرداری تێدا نییە!». ئیتر هەر ئەوەندە (کۆنفۆچیۆس) گەیشتە سەردارگاهی (چی)، چووە بارەگای سەردار و خۆی پێشکەش کرد، کە هەر کارێکی ببێ بۆی جێبەجێ بکات... هەموو مەبەستێکیشی لەمە ئەوەبوو کە (فەرمانڕەوایی زۆردار) لەناو ببات!... لەم دواییەدا بەتەواوەتی تێگەیشت کە (لاوتزیە) مەبەسی لەو قسانەی خۆی چی بووە. تێگەیشت کە (زانیاری)یش هەروەک (سامان) وایە، پێویستە لە گەنجینەدا نەهێڵرێتەوە... پێویستە بخرێتە بەردەست ئەم و ئەو، تا بگاتە کانگای دەروونی مرۆڤایەتییەوە... جا لەبەر ئەوە، ئەو زانایەی کە خۆی تەرخان کردووە بۆ وانە گوتنەوە و وانە وەرگرتن، پێویستە لە کاتی پشێوییە گەورەکانی ناو کۆمەڵایەتیدا، واز لەو خوێندن و پێ خوێندنەی بهێنێ و، ببێتە پیاوی زرنگکاری و فەرمانداری.

(١) راستتر: بەلای گۆڕێکی تازەوە.



## فەرمانداری چاک دەبێ چۆن بێ؟

لە سەرەتای کاردا فەرمانداری (چی) ئەمەی پێ خۆش بوو کە ڕاستی پەرستێکی وەک (کۆنفۆچیۆس) بخاتە ناو هاودەمانی خۆیەوە. ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ کۆنفۆچیۆس دا دەیکرد لە بابەت گیروگرفتەکانی فەرمانداریییەوە، خۆشییەکی زۆری بەدڵی دەگەیاند. لە ڕاوێژەکانی کۆنفۆچیۆس، کە بەلایەوە پەسند بوون، سەری زۆر سوڕ دەما، دڵی زۆر کامەران دەبوو. ڕۆژێکیان لە کۆنفۆچیۆسی پرسی سەر و بنی فەرمانڕەوایی چاکی بۆ دیاری بکات ئەویش وەرامی دایەوە، گوتی:

«فەرمانڕەوایی ئەوساکە بەفەرمانڕەوایی باش دادەنرێ، کە سەردار سەردار بێ و، کاربەدەست کاربەدەست بێ و، باوک باوک بێ و، کوڕیش کوڕ بێ»... سەرداریش سەری خۆی بزواند کە قسەکەی ئەو تەواوە.

ئینجا گوتی: «قسەکەم باش دێتەپێش چاو، بەڵام تێی نەگەیشتم!...».

(کۆنفۆچیۆس)یش دەمودەست بیروباوەڕی خۆی لە بابەت فەرمانڕەوایی چاکەوە پێشان دا. هەندێک لەو قسانە ئەمەیە: «پیاوی فەرماندار، پێویستە لەسەری دەست بکات بەڕێکخستنی ڕەوشتی تایبەتی خۆی لەگەڵ کردەوە و خووەکانیدا... جا بۆ ئەمەی فەرماندار بتوانێ ڕەوشت و کردەوە و خووی خۆی ڕێک بخات و بسازێنی پێویستە لەسەری بەرامبەر هەر کەسێ پەیوەندی پێوەی هەبێ، فەرمانی سەرشانی خۆی، بەرامبەر ئەو کەسانە بەجێ بهێنێ کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، پێویستە لەسەری پەی بەسروشت و یاسای کۆمەڵایەتی مرۆڤ ببات، بۆ ئەمەی لە سروشت و یاسای کۆمەڵایەتی مرۆڤیش تێ بگات، پێویستە لەسەری کە لە یاساکانی خودایی شارەزا ببێ...».

ئینجا لە دوای ئەوە دەڵێ: «ئەو فەرمانانەیش کە لەسەر بنچینەی پەیمانە گشتییەکان دادەمەزرێن پێنجن. ئەو کردەوانەیش کە پێویستە لە مرۆڤدا هەبن بۆ ئەمەی بتوانێ ئەم فەرمانانە جێبەجێ بکات سیانن. فەرمانەکانیش بریتین لەوانەی لە ناوەند فەرماندار و ژێردەستەکانیدا، لە ناوەند باوک و کوڕدا، لە ناوەند ژن و مێرددا، لە ناوەند براگەورە و برا بچووکدا، لە ناوەند برادۆستەکاندا پەیدا دەبن ئەمانە ئەو پێنج فەرمانانەن کە هەموو کەسێک لە ئەستۆیدایە بیانکات... (تێگەیشتوویی) و (بەزەیی هاتنەوە) و (ئازایەتی)یش ئەو سێ کردەوانەیش، لەلایەن کەسانەوە، بەگرنگ دانانرێ. چونکە بایەخ بەئەنجام دەدرێ. چونکە هەندێ کەسی وا هەن کە هەر لە دایک بوون ئەم سێ کردەوەیەیان

لە لا ئاشکرایە. هەندێکی وایشیان هەیە لە ئەنجامی بەسەرهاتێکی سەختەوە فێری ئەم سێ کردەوەیە دەبێ. ئەوەندە هەیە ئەگەر مرۆڤ لە بابەت ئەم سێ کردەوەیەوە زۆری زانی، لە ئەنجامدا خراپ دەردەچێ. چونکە هەندێکی وا هەن ئەم کردەوانە لە خۆیانەوە بەئاسانی بەکاردەهێنن.

هەندێکی وایش هەن ئەوە بەکەڵک دەزانن کە بەکاریان بهێنن. هەندێکی تریش هەن بەئەرک و زۆر لە خۆکردنەوە نەبێ ئەو کردەوانەیان بۆ بەکارناهێنرێ. ئەوەندە هەیە لە هەموو بارێکدا ئەگەر ئەنجامەکە هاتەدی، وەک یەک دەردەچێ!».

پاش ئەوە (کۆنفۆچیۆس) دەڵێ: «لە ڕاستیدا خۆشەویستی بەرامبەر زانیاری، هەڤاڵی تێگەیشتووییە. وریاییەکی تەواو و وردیش کە دەربارەی ڕەوشت بکرێ، بەچەشنی بەزەیی هاتنەوە وایە. هەست کردنیش بەئابڕووچوون، لەگەڵ شەرم کردندا هاوڕێی ئازایەتین... جا هەر کاتێ مرۆڤ لە سروشت و کەڵکی ئەم سێ کردەوەیە تێگەیشت، دەتوانێ ڕەوشتی خۆی و خووەکانی خۆی لەگەڵ یەکدا بسازێنێ هەر کاتێکیش پیاو زانی چۆن ڕەوشتی تایبەتی خۆی و خووەکانی خۆی لەگەڵ یەکتردا ڕیک بخات، دەتوانێ پەی بەوەیش بەرێ کە چۆن فەرمانداریی بەسەر کەسانی تردا دەکات... هەر کاتێکیش مرۆڤ زانی چۆن فەرمانداری بەسەر کەسانی تردا بکات، ئەوەیش دەزانێ چۆن فەرمانداری بەسەر نەتەوەکان و شاهەنشاهێتییەکاندا بکات!.

«هەر کەسێکیش بانگ کرا بۆ فەرمانداری کردن بەسەر نەتەوەکان و شاهەنشاهێتییەکاندا، پێویستە لە سەری ئەم نۆ بەندە گەورانە تەماشا بکات:

١- پێویستە لەسەری بەڕەوشتی تایبەتی خۆی گەشە بکات.

٢- پێویستە چاکە بکات لەگەڵ ئەوانەدا کە هەڵدەگرن چاکەیان لەگەڵدا بکات. هەروەها ڕێزیشیان لێ بگرێ.

٣- پێویستە دڵچاکی خۆی بنوێنێ و، فەرمانی خۆیشی بەرامبەر کەسوکاری خۆی بەجێ بهێنێ.

٤- دەبێ بەرامبەر کاربەدەستە گەورەکانی فەرمانڕەواییەکەی خۆی ڕێز پیشان بدات.

٥- دەبێ ئاگاداری کەڵک و چاکەی خاوەن پایەکانی فەرمانڕەواییەکەی خۆی بێ و، بەیەک چاویش تەماشایان بکات.

٦- دەبێ خۆی وا بنوێنێ کە باوکی هەموو نەتەوەکەیە.



٧- پێویستە هەموو هونەرە بەکەڵکەکان و پیشە باشەکان بهێنێتەکایەوە، ناو خاکەکەی خۆی.

٨- پێویستە بەرامبەر بێگانەکان کە دێنە ناو خاکەکەیەوە گەش و ڕووخۆش و یاریدە دەربێ.

٩- پێویستە بەتەنگ چاکەی سەردارەکانی ناو شاهەنشاهێتیەکەیەوە بێ».

## ڕۆشن کردنەوەی نۆ ئامۆژگارییەکە

ئینجا (کۆنفۆچیۆس) ئەوە ڕۆشن دەکاتەوە، کە سەردار بەهۆی گەشەکردن بەڕەوشتی تایبەتی خۆیەوە، ڕێزگرتنی یاسای خوو دادەمەزرێنێ. کە هات و ڕێزی لەوانەیش گرت کە هەڵدەگرن ڕیزیان لێ بگیرێ، خۆی لە فرۆفێڵ و زۆرزانی پیاوانی فەرمانڕەوایی دەپارێزێ، ماوەی چەواشە کردن و چاوڕاوکردنیان نادات.

کە هات و یارمەتی کەسوکارەکانی خۆیشی دا و نازیشی گرتن، ئیتر لەوە ڕزگاری دەبێ کە ئەندامەکانی خێزانەکەی لێی هەڵبگەڕێنەوە و بەرامبەری بوەستن... هەر کاتێ ڕێزی لە کاربەدەستە گەورەکانی خۆیشی گرت، خۆی لە هەڵە و چەوتی دەپارێزێ...

کە هاتوو لە کەڵک و چاکەی خاوەن پایەکانی ناو فەرمانڕەوایی شارەزابوو، گیانی دڵسۆزی لەناو گەورەکانی نەتەوەدا بەهێز دەکات... کاتێ کە خوێشی کرد بەباوکی هەموو نەتەوەکەی خۆی، نەتەوەکەی دەخاتە سەر ئەوەی بەکەڵکی فەرمانڕەوایی بێن... کە هاتوو پشتی هونەر و پیشەسازییە باشەکانیشی گرت و پەرەی پێ دان، سامانی خاکەکەی لە خۆیەوە پەرەدەسێنێ...

هەر کاتێ چاکەیشی نوواند بەرامبەر بێگانە و ئاوارەکان کە دێنە ناو خاکەکەیەوە لە هەموو لایەکی جیهانەوە ڕوودەکەنە خاکەکەی...

کە هاتوو بەتەنگ کەڵک و چاکەی سەردارەکانی شاهەنشاهێتێیەکەیشیەوە بوو، جیهان لە خۆیەوە ڕێز لە هێز و دەسەڵاتەکەی دەگرێ... ئەوەیش دیاربوو کە فەرمانداری (چی)، ڕاستی پەرستییەکەی (کۆنفۆچیۆس) کاری لێ کردبوو. تەنانەت ئەوەندە دڵی بە(کۆنفۆجیۆس)دا چوو بوو، بیری لەوە دەکردەوە کە بیکات بەسەرداری یەکێک لە ناوچەکانی خۆی... لەبەرئەوە بەپیاوە زرنگکارەکانی خۆیدا ڕایگەیاند، کە نیازی هەیە (کۆنفۆچیۆس) بکات بەکاربەدەستی ناوچەی (لین- چیو)... فەرماندار کە ئەوەی پێ گوتن زرنگکارەکان ڕاچەنین و سڵەمینەوە!...

وەک هەورە تریشقەیەک لێی دابن بەو جۆرەیان لێ هات. هەموویان سەریان لەوە سوڕدەما کە فەرمانداریی ناوچەیەک بدرێتە دەست ڕاستیی پەرستێکی وەها!... چونکە ئەمە لەوانەیە کە (چین) بەرەو نەمان ببات و، سەرئەنگرێی بکات!...

ئینجا لەپاش ئەمەی چەند جارێک بۆ فەرماندار کڕنووشی نەوازشیان کێشا و، دەستەکانی خۆیان گلۆفتەوە، گەورەی کاربەدەستەکان لە فەرماندار پاڕایەوە کە واز لەم بیرە پڕ تەنگ و چەڵەمەیە بهێنێ...

پاشان پێی گوت: «گەورەی خۆم! ئەم زانایانە بۆ کاروبار هەڵسوڕاندن دەست نادەن. توانایی ئەوەیشیان نییە کە لە نەتەوە تێ بگەن. ئەوانە لووت بەرزن. لە خۆیان بایی بوون. بەبیروباوەڕەکانی خۆیان دەنازن. ئەوانە خراپەیان زۆر لێ دەوەشێتەوە... زیان بەخشن!...».

فەرماندار یاخود شازادەیش شانەکانی خۆی ڕاوەشاند و، لەگەڵ ئەو زرنگکارانەیشدا قسەی خۆی جووت کرد کە: «بەکارهێنانی ڕاستی پەرستی لە کۆڕەکانی فەرماداریدا بۆی هەیە، لە ئاژاوەنانەوە ئەنجامی خراپتر بێ!...».

دوای ئەوە (کۆنفۆچیۆس)ی تێگەیاند، کە بوونی ئەو لە کۆشکی شاهانیدا لەگەڵ سروشتی ڕاستی پەرستیدا ناسازێ...

(کۆنفۆچیۆس)یش پیاوێکی زرنگ و ژیر بوو، لە قسەکەی فەرماندار تێگەیشت مەبەسی چییە... دەستبەجێ خاکی (چی)ی بەجێهێشت و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی... ئەوساکە خاکەکەی خۆی، لە ڕووی زرنگکارییەوە دامەزرابووەوە... بۆ ئەو دەلوا تێیدا بژیی وەک جاران. چونکە کاروباری گشتی کەوتبووە چنگ دۆستەکانی خۆی.

ئەوانە هەر ئەوەندە زانییان، (کۆنفۆچیۆس) لە کۆشکی شاهانەی خاکی (چی)دا بەو جۆرە ڕێزی لێ گیراوە، دەست بەجێ فەرمانداریی شاری (چنگتو)یان پێشکەش کرد... لە ڕاستیدا ئەمانە ئەگەر بەهۆی ئەوەیشەوە نەبووبێ کە ویستبێتیان ڕێزی لێ بگرن و نازی بکێشن، بەهۆی بەرەبەرەکانێ و چاوپێ هەڵهێنانەوە بووە، بەرامبەر فەرمانداری (چی)، کە ئەو چاکەیەیان لەگەڵ کۆنفۆچیۆس دادەکرد...

لەڕاستیدا ئەم کارە، لەو کارە نایاب و ناوازانە بوو کە کەم هەڵدەکەوێ، دڵی مرۆڤ لە مێژوودا بۆی خرۆشابێ... لە خاکی ڕۆژئاوادا (سۆلۆن)، (پێڕەویی پیرۆزی ئازادی)ی بەخشیی بەنەتەوەی پابەند کراوی (یۆنان). لە هیندستانیشدا شازادە (بوودا)ی کارامە و



دەست ڕەنگین، چاوەکانی دانیشتوانی نیشتمانەکەی خۆی کردەوە بۆ بینینی (ئایینێکی تازە)... لە شاری (بابل)یشدا پێغەمبەر (حەزقیال) ڕاست بووەوە، بۆ ئەمەی پەرستنی چینە فەرمانداره‌کان لەناو ببات... لە (چین)یشدا «کونگی تێگەیشتوو»ی خۆمان، خۆشبەختانە شارێکی درایە دەست، کە فەرمانڕەواییەکی پاکی دڵسۆزی تێدا دابمەزرێنێ و تاقیشی بکاتەوە...

لەو کاتەدا وا دەرکەوت خێزانی مرۆڤ، دوایی، هاتبووەوە هۆش خۆی و، تا ماوەیەکیش لە هەڵە و شڵەژاویی دڕندانەی ناشیتی و نەزانی، خۆی ڕزگارکردبوو تەکانی دەدا بۆ پێشەوە تا پێی بگات...

## نەتەوە ئاگادار دەکات لە خواردەمەنی و پۆشەنی و یاساکانی تێپەڕبوون!

بەشی هەرە گەورەی ئەو فەرمانانەی کە فەرمانداری نوێی (چونگتو) هەڵیدەسووڕاند لەوانەن کە ڕۆڵەکانی ئەم چەرخە تازەیە سەریان سوڕ بمێنێ لێیان و پڕ بەدڵ حەزیان پێ بکەن... یەکێک لەو کاروبارانەی کە کۆنفۆچیۆس هەڵی دەسووڕاند ئەوە بوو کە «ڕەوشت و خوو، کردەوەی نەتەوەکەی خۆی ڕێک دەخست و دەیسازاندن بەیەکەوە»...

هەموو جۆرە خواردەمەنییەکی پێشانی هەمووان دا، کە هەر کەسە بەپێی تەمەنی خۆی، چی بخوات... هەروەها ئەو بەرگ و پۆشەنییانەیشی بۆ دیاری کردن کە بەبۆنەی کۆبوونەوەی تایبەتی و کۆبوونەوەی گشتییەوە لەبەریان بکەن... بێجگەلەوە ئەوەیشی پێشان دان کە دەبێ لە کاتی بەیەک گەیشتندا چۆن خۆیان بنوشتێننەوە و چەند جاریش خۆیان بنوشتێننەوە، بەناوی (خۆشی و چلۆنی) لەگەڵ یەک کردنەوە... ئەوەیشی بۆ دیاردی کردن کە لە کاتی ڕۆیشتندا دەبێ پیاوان لە دەستە ڕاستی شەقامەکەوە بڕۆن و، ژنانیش لە دەستە چەپی شەقەماکەوە بڕۆن... ئەستووریی تەختەی مردوو ناشتنی بۆ دیاردی کردن، لەگەڵ درێژایی و پانایی گۆڕەکەدا کە تێیدا دەینێژن... یاسای «نەویستن و ڕوو لێ وەرگەڕان»یشی بۆ دانان، کە بەپێی ئەو یاسایە: «هەر شتێ کەوتبێتە سەرزەوی نابێ هەڵبگیرێت!»...

(کۆنفۆچیۆس) توانی ئەم هەموو یاسایانە فێری نەتەوەکەی بکات و پێیانەوە ڕابێن... تەنانەت کە شازادە کردی بەکاربەدەستی (تاوان) لەناو ئەو ناوچەیەدا (تاوان) ڕووی نەدەدا... هەروەک جادووکەرێک کاری تێ کرد بێ وابوو. هەرچی ناپاکی و نا ڕاستی و بەدخوویی بوو لەناودا نەما... دڵسۆزی و خوداناسی ڕاستەقینە کەوتە ناو دەروونی هەموو

پیاوێکەوە... داوێنپاکی و ڕووخۆشی و شیرین خوویش بوونە بابەتی جوانی ئافرەتەکان و ڕازاندنەوەیان... لەبەر ئەوە نەتەوە ڕێزێکی گەورەی لە (کۆنفۆچیۆس) دەگرت. پڕ بەدڵ خۆشی دەویست. ناویشی وەک گۆرانی کەوتبووە سەر زمانی ڕۆڵەکانی... کە شازادە ئەمانەی لە (کۆنفۆچیۆس) دی، دڵی زۆرتر پێداچوو. پتر کردەوەکانی پەسندکرد. دوایی کردی بە«سەرۆکی کاربەدەستان»... بەڵام ئەستێرەی کۆنفۆچیۆس لێرەوە کەوتە تاریکییەوە. چونکە چاو پێهەڵهێنانی شازادەکانی خاکەکانی دراوسێ خاکی (لۆ) گەیشتبووە ئەندازەیەک ئەوەندە نەمابوو جەرگیان بخوات. چاویان بەرایی نەدەدا کۆنفۆچیۆس وەک چاکەخوازێکی سەرکەوتوو ببینن.

ئەوانە لەوە دەترسان کە هێز و توانایی (کۆنفۆچیۆس) ئەمەندە گەورە بێ و ئەمەندە سەرداریێتییەکەی سەر بگرێ لە دەستکەوتنی دڵی نەتەوەدا، خاکی (لۆ) لە هەموو خاکەکانی تری دراوسێی پێشتر بکەوی. ئیتر ئەوساکە دانیشتوانی ئەو خاکە دراوسێیانەیش ڕەو بکەن بۆ ناو خاکەکەی ئەو و کەموکوڕی خۆیشیان بۆ (شانشاه) دەربکەوێ!...

## جادووی تێگەیشتوویی کاری لێ دەکات یان جادووی سەماکەران؟!

ترس و لەرز ئەو هەموو شازادانەی کردبوو بەیەک. ئەوانە هەر خەریکی ئەوە بوون داو بنێتەوە بۆ فەرمانداریی (لۆ) و سەرەکی کاربەدەستەکانی تا لە یەکیان جیابکەنەوە... ئەوانە وا دەهات بەبیریاندا، کە شازادە، جادووی ڕاستی پەرست و سەرەک کاربەدەستەکەی کاری لێ کردووە. جادوویش بەهیچ هەڵناوەشێتەوە، بەجادوویەک نەبێ کە لەو کاریگەرتربێ... جا لەبەر ئەوە هێنایان هەشتا ئافرەتی سەماکەری جوانیان هەڵبژارد و ناردیان بەدیاردی بۆ براگەورەی خۆیان، شازادەی (لۆ)، کە دڵی خۆش بکەن!... شازادە کە چێشکەی ئەم بەزمەی کرد، دڵی زۆر پێ خۆش بوو.

هەر ئەوەندە جوانی کەوتە ناو کۆشکی شاهانەیەوە و گەشاندیەوە، تێگەیشتوویی فڕێدایە ناو چەقی ڕێگاو!... کاروباری فەرمانداریییەکەی دواکەوت و پەکی کەوت... ساڵێکیشی بەسەردا تێپەڕی. کەچی (کۆنفۆچیۆس) هەر چاوەڕوانی ئەوەبوو کە شازادەی گەورەی، واز لە بەزموڕەزمی خۆی بهێنێ و بێتەوە هۆش خۆی! بەڵام ڕەنجی بەبا چوو... ئەویش کە زانی ئاواتی نایێتەدیی، دووبارە نیشتمانەکەی خۆی بەجێهێشتەوە. بەڵام بەدڵێکی بەهێز و نیازێکی تەواوەوە، کە هەر لە ڕاستی پەرستەکان، ئەوە، دەوەشایەوە.



## سپڵەیی و بەردەباران کردن

[کۆنفۆچیۆس] تا سیانزە ساڵیش هەر ئەم شار و ئەو شاری دەکرد ئاوارە و بێچارە، گێژوویژ، بەچۆڵ و بیابان و دەشت و دەردا دەسووڕایەوە، لەگەڵ چەند شاگردێکی دڵسۆزی خۆیدا، کە چاکەی ئەویان لەبیر نەچووبووەوە زۆر جاری وا هەبوو شاگردەکان بەزەییان بەمامۆستاکەیاندا دەهاتەوە، دڵیان پێی دەسووتا، بۆی دەکەوتنە پەژارەوە... ڕۆژێکیان پیاوێکی تووش بوو. بەزەیی پیایاندا دەهاتەوە. بەناوی دڵدانەوەوە پێی گوتن: «دۆستەکان! لەبەرچی ئەوەندە دڵتان بەمامۆستاکەی خۆتان دەسووتێ؟... لەبەر ئەو ئەرک و ئازارەی تووشی هاتووە؟... جیهان زۆر ژیاوە و، بیروباوەڕی ڕاستیی و دروستی و مافپەرستیشی تێدا نەبووە!! ئێستاکەیش کە مامۆستاکەی ئێوە هاتووە و، ئەو بیروباوەڕانە دەدات بەگوێی هەموو کەسێکدا، بۆ ئەمەی لەسەریان بڕۆن، واتاکەی ئەوەیە کە ئاسمان «هەڵیبژاردووە، کە بەچەشنی زەنگێک بێ و، نامەی خودای بەزرنگانەوەکەی خۆیەوە بڵاو بکاتەوە...» . بەڵام کەس گوێی نەگرت لە بانگی کۆنفۆچیۆس کەچی زمانیشیان گەزێک دەردە کێشا بۆ ئەمەی توانج و پلاری تێ بگرن... لەبەرئەوە ڕاستی پەرستی ئاوارە و بەسەزمان، لەسەر پۆپەی چیاکان و لەناو جەنگەڵستانەکاندا نەبێ، لە خۆی دڵنیا نەدەبوو، ئارام بەگیانی نەدەگەیشت، سرەوت نەدەکەوتە دڵیەوە... هەرچەند قسەی بۆ کەسانی تر دەکرد، تیزیان پێ دەکرد و بەردەبارانیان دەکرد!... کاتێکیش گەیشتە ناوچەی (ویی)، فەرماندارەکەی ئەوێ حەزی کرد بە(کۆنفۆچیۆس) ڕابوێرێ و بیداتە بەر کلکان. وای پێ خۆش بوو کە لەگەڵ یارێکی هەرە خۆشەویستی خۆیدا بچێت بۆ گەشت. خۆی و یارەکەی سواری گالیسکەیەک بوون. (کۆنفۆچیۆس)یشی بەزۆر سواری گالیسکەیەکی تر کرد، کە لە دوایانەوە بڕوات... هەر کەسێکیش چاوی پێیان دەکەوت، دەیقیژاند، دەیگوت: «سەیرکەن! خاوەن کردەوەی چاک چۆن بەدوای ئالۆش و خرۆشی خۆیدا دەگەڕێ!» .

لە ناوچەیەکی تریشدا، فەرمانداڕەکە فەرمانی دا: ئەو درەختەی کۆنفۆچیۆس لە بنیدا وانە دەڵێتەوە، لە ڕەگوڕیشەوە دەری بکێشن!.

دوایی گوتی: «وا بکەن درەختەکە بەسەر ئەم کابرا سەرچڵەی هەڵەشەیەدا بکەوێ، بام ئەمەندە دەست نەخاتە کاروباری کەسانی ترەوە، بێ ئەمەی ئەو کاروبارانە فرێکیان بەسەر خۆیەوە هەبێ. لێی گەڕێن بام درەختەکە بکەوێ بەسەریدا و گیانی لە لەشی جیا بکاتەوە!...» .

کاتێ ڕاستیی پەرستەکە گەیشتە خاکی (چیانگ)، دەرگەوانی دەروازەی خاکەکە ماوەی نەدا بچێتە ژوورەوە. یەکێک لە شاگردەکانی (کۆنفۆچیۆس)یش لە یاساولەکەی خوڕیی: «تۆ نازانیت ئەم پیاوە کێیە؟». دەرگەوانەکەیش وەرامی دایەوە گوتی: «من هەر ئەوەندەی لێ دەزانم کە هەر لە سەگێکی خوێڕیی ڕێ لێ ونبوو دەکات!»...

لە ڕاستیدا (کۆنفۆچیۆس) لەو ڕۆژانەدا سەر و ڕیشێکی نا ڕێکوپێک و دیمەنێکی چڵکن و پڵنگی هەبوو... ئەوەندە هەبوو، گیانی بەئارام بوو، دڵیشی لە سرەوتدا بوو، هەستیشی بەناخۆشیی نەدەکرد... لەم ڕووەوە (کۆنفۆچیۆس) دەنووسێ:

«کۆنفۆچیۆس ئەمەندە بەتەنگ دەستکەوتنی زانیارییەوەیە، خۆراکی خۆی لەبیر دەچێتەوە. لە خۆشی دەستکەوتنی زانست پەژارەی خۆیشی لەبیر نامێنێ. بەئاستەم هەستیش بەوە دەکات کە پیریی لێی هاتۆتە پێشەوە». (کۆنفۆچیۆس) ئەمەندە بەپەرۆش بوو، یارمەتی کەسانی تر بدات نەیدەپەرژا خەمێکی خۆی بخوات.

جارێکیان دەروێشێکی پێگەیشت، دەستی کرد بەتوانج و پلار تێگرتنی. هەر لەسەر ئەوەی کە دەسووڕێتەوە بەناو کۆڵاناندا و دەپاڕێتەوە لە کەسانی تر کە گوێ لە ئامۆژگارییەکان بگرن...

دەروێشەکە پێی گوت: «بۆ تۆ وا جوانتر نییە کە لە سەر ڕێگای ئەو کەسانە بڕۆیت کە بەیەجگاریی جیهانیان بەرەڵڵا کردووە و، گوریزیان لە دەستی کردووە، بێ ئەمەی خۆیان تووشی ڕیسواکردن و شەپازللە لێ دان بکەن؟!»...

(کۆنفۆچیۆس)یش وەرامێکی وای دایەوە کە دەمکوتی کرد. پێی گوت: «من ناتوانم تێکەڵ بەدڕندە ببم و، هاودەمی ئەوانە بکەم... ئەی ئەگەر تێکەڵ بەمرۆڤی ئازار دراو نەبم، تێکەڵ بەکێ ببم؟!».

## خراپە بەچاکە بەرامبەریی بکەین یان بەداد؟

بەم ڕەنگە (کۆنفۆچیۆس) تێکەڵ بەنەوەی ئادەم دەبوو. بەسایەی قسە ژیرەکانیشیەوە ئازاری دەروون و دڵیانی لادەبرد. دەرمانی دەردی دەکردن و، برینەکانیشیانی سارێژ دەکرد. زۆر لەوانەی قسەی بۆ دەکردن، لە ڕووکەش و ڕووالەتی جیهانی وەڕس بووبوون. بەهەموو کوڵی دڵیشیانەوە دەیانویست لە واتای هەرە قووڵی قسەکانی کۆنفۆچیۆس تێبگەن... ئەوانە، کە لە بابەت مردنەوە پرسیاریان لێ دەکرد، بەسەرزەنشت کردنێکی سووکەوە پێی دەگوتن: «من هێشتا لە ژیان تێ نەگەیشتووم. لە مردن چۆن تێ دەگەم؟!».



دوای ئەوە وەک باوکێکی گەش و ڕووخۆش لەگەڵ منداڵەکەیدا پێی دەگوتن: «ئێمە هێشتا فێری ئەوە نەبووین چۆن کەڵک بەکەسانی تر بگەیێنین.

کەواتە بۆچ خۆمان خەریک بکەین بەکاروبارێکەوە، کە لە ژوور سروشتەوەیە؟!.»...

ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو کە کۆنفۆچیۆس پیاوێکی کارامە بوو، بەرامبەر ژیان. تەماشای پێویستیی ڕووداوی دەکرد. وەک ڕاستی پەرستەکانی تر نەبوو، خۆی بەپێشبینیخەر و ئاواتەوە خەریک بکات. چی لە بەردەستدا بووایە خۆی بەوەوە خەریک دەکرد. چی پێویست بووایە بیکات ئەوەی دەکرد. یەکێک لە شاگردە تازەکانی لە بابەت (خراپە)وە پرسیاری لێ کرد: «ئاخۆ بە(چاکە) بەرامبەری بکەین باشتر نییە؟» (کۆنفۆچیۆس)یش پێی گوت: «کەواتە (چاکە) بەچی بەرامبەری دەکرێ؟... (خراپە) بە(خراپە) بەرامبەری مەکە. (خراپە) بە(چاکە)یش بەرامبەری مەکە.

(خراپە) بە(داد) بەرامبەری بکە!»...

(کونگی ژیر و تێگەیشتوو) ڕاستی پەرستییەکەی خۆی کە دەربارەی ڕەوشت و خوو، گوتبووی، بەکورتی لە واژەیەکدا دەریخستبوو. وا ڕێکەوت کە لە پاش پێنج سەد ساڵ ئەو واژەیە بکرێتە ڕاستی پەرستییەکی بەکەڵک کە پێی دەڵێن: «دەستووورە زێڕینە» ئەم دەستوورەیش بریتییە لەمە: «لە بابەت ڕەوشتی مرۆڤەوە هەر یەک ئایینم هەیە... ئەویش بریتییە لە گۆڕینەوە و بەرامبەری کردنی یەکتری... ئەو کارەی (پێت خۆش) نییە لەگەڵ خۆتیدا بکەن، تۆیش لەگەڵ کەسانی تردا مەیکە!...».

(کۆنفۆچیۆس) شێوەیەکی بیرکردنەوەی وای نەبوو، لەسەری بڕوات، کە زنجیرەبن بۆ یەکتری... ئەو ئەوەی پێ خۆش بوو، کە بەپێی هەڵکەوت و ڕێکەوت تۆوی قسەی ژیرانە بچێنێ... لەم ڕووەوە دەیگوت: «ئەگەر ڕەگوڕیشەی ئەم تۆوانە، بگەیشتایە کانگای دڵی مرۆڤەوە، بێگومان دەڕوا و، گەشەی دەکرد و، گوڵەکەیشی دەگەشایەوە.

ئەوساکەیش ژیانێکی لێ پەیدا دەبوو کە ڕێکوپێک بێ و پڕ بێ لە شادمانی». بەڵام (کۆنفۆچیۆس) تۆوی فڕێ نەدەدایە ناو دڵی خونکارەکانەوە. تا پێی بکرایە دڕکی تێ فڕێ دەدان، تا بریندار تریان بکات!. (کۆنفۆچیۆس) پیاوی خۆی دەناسیی. ئەوانەی بۆ ئەوەی گوێیان لێ دەگرت تیزی پێ بکەن و بیدەنە بەرکلکان، دەیزانی چۆن تیماریان بکات! تا پێی بکرایە دەرزیی بەدڵدا دەکرن!...

ڕۆژێکیان یەکێک لە فەرمانداراکان لە شێوەیەکی تیز پێ کردن و بێ شەرمیدا لێی پرسیی، گوتی: «ئەو سێ کەرەستەیەی بەپێویستی دەزانێت بۆ فەرمانڕەواییەکی تەواو

کامانەن؟...». (کۆنفۆچیۆس)یش گوتی: «خۆرشتێکی تەواو و، لەشکرێکی تەواو و، نەتەوەیەکی دڵنیا لە فەرمانڕەواییەکان خۆی»... فەرماندداریش گوتی: «ئەی ئەگەر هاتو ئەم سێ کەرەستەیە پێکەوە پەیدانەبوون. لە کامیان دەتوانین واز بهێنین؟».

یەکەم لە لەشکر... دووەم لە خۆرشت... بەڵام من هەرگیز ئەو ئامۆژگارییە ناکەم کە دەست لە دڵنیایی و باوەڕکردنی نەتەوە بەفەرمانڕەواییەکەی خۆی هەڵ بگیرێ... چونکە بێ پشت بەستن بەنەتەوە هیچ فەرمانڕەواییەک دانامەزرێ!. فەرماندارێکی تریش لە (کۆنفۆچیۆس)ی پرسیی: «ئەی بۆ پیاوی فەرماندار وا باشتر نییە کە ئازایەتی لە ژوور هەموویانەوە دابنێ؟...». (کۆنفۆچیۆس)یش گوتی: «نەء. پێویستە سەر ڕاستیی لە سەروو هەموویانەوە دابنێ. چونکە ئەو خاوەن پایە گەورەیەی ئازا بێ و سەر ڕاست نەبێ، زیانێکی گەورە لە فەرمانڕەوایی دەدات... خۆبۆرە پیاویش کە ئازابێ و سەرڕاست نەبێ، دەبیتە ڕێ گر!...».

## بۆ مرۆڤی بێ هاوتا چوار بیروباوەڕ دانراوە

(کۆنفۆچیۆس) نە باوەڕی بە بەهەشت هەبوو، نە بەدۆزەخ. بەڵام باوەڕێکی تەواوی هەبوو بەمرۆڤایەتی و بەهێز و توانایی مرۆڤ. لەم ڕووەوە دەیگوت: «پیاوی وا گران دەست دەکەوێ، کە سێ ساڵ لەسەر یەک قسەی دروست و ژیرانەی خوێندبێ و، نەبووبێ بەپیاوێکی چاک و بەکەڵک»... جا لەبەر ئەوە ئاواتەخوازی ئەوەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەرەیەکی خاوەن ڕەوشت و خووی بڵند بێنە سەر تەخت و فەرمانداریی نیشتمانەکەی بکەن... (کۆنفۆچیۆس) دەیگوت: «ئەگەر فەرمانداریی ڕەگەزی مرۆڤ سەد ساڵێک بەچاکی برۆیشتایە، لە جیهاندا هیچ توندوتیژی یەک نەدەما». پڕ بەدڵ هیوای بەفەرمانڕەواییەکی دادپەروەر بوو، کە پەیدا ببێ. هیوای بەمرۆڤێکی بێ وێنە هەبوو، کە بێتە کایەوە و، ئەم جۆرە فەرمانڕەواییە دابمەزرێنێ، تا ببێتە نموونەیەک بۆ ئەو بەرەو پشتانەی لە دوارۆژدا پەیدادەبن... لەبەر ئەوە دەیگوت: «مرۆڤی بێ هاوتا، بەجۆرێکی وا کار دەکات، کە کاروکردەوەکانی ببنە پێڕەوییەکی گشتیی بۆ هەموو پشتێک. هەروەها لە شێوەیەکی وایشدا دەجووڵێتەوە، کە ڕەوشتەکەی دەبێتە یاسایەکی گشتی بۆ هەموو بەرەیەک کە لەوە دوابێن[1]. بەڕەنگێکی وایش گفتوگۆ دەکات، کە وشەکانی دەبنە ڕابەرێکی گشتیی بۆ هەموو پشتێک».

(١) واتە: بۆ هەموو نەوەیەکی داهاتوو (ئایندە).



ئەم پیاوە کردەوە و ڕەوشت بڵندەیش کە هەموو دەم سەلار و سەنگین و سەرکەوتووە لە کارەکانی خۆیدا، بۆ چوار بیروباوەڕ تێ دەکۆشێ، کە لە سەروو هەموو بابەتێکی ترەوە دایناون:

(چوونە بنج و بناوانی زانستەوە تا بەتەواوەتی تێی دەگات).

(ڕەوشتی جوان)، (دەست پاکی و سەر ڕاستی)، (دڵسۆزی)... ئینجا (کۆنفۆچیۆس) تێگەیشتن و ژیربییەکەی خۆی و ئەو کردەوە چاکانەی کە لە هەموو کەسێک دەخوازێ ڕەوشتیان پێ بکات، دەخاتە شێوەی یەکێک لەو کردەوانەوە کە مرۆڤی بڵند و پیرۆز دەیکات دەڵێ: «ئەم پیاوە بەرز و پیرۆزە، ئەوەندەی پەیوەندیی بەبەکارهێنانی چاوەکانییەوە هەیە، هەموو ئاواتێکی ئەوەیە کە بەجوانی ببینێ؛ خوا خوای ئەوەیشێتی کە دەموچاوی وا بنوێنێ کە بەزەیی بەکەسانی تردا دێتەوە، لە بابەت گەڕانیشەوە بەتەنگ ئەوەوەیە کە سەلار و سەنگینانە بڕوات بەڕێوە... لە گفتوگۆیشدا هەتا پێی دەکرێ تێ دەکۆشێ کە ڕاستگۆیانە و بێ پێچ و پەنا قسە بکات... لە فەرمان کردنیشدا بەتەنگ ئەوەوە دەبێ کە سەرڕاست و دڵسۆز بێ...

هەرچەند گومان بێتە مێشکییەوە دوودڵیش بمێنێتەوە لە شتێک لەم و لەو پرس دەکات... ئەوەندەی پەیوەندی بەسروشتیشەوە هەیە، بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەگەر تووڕە بوو، لەو تووڕەبوونەوە چ جۆرە ئازارێک پەیدا دەبێ لە دڵی کەسانی تردا، لە دڵی خۆیشیدا... هەرچەند ئارەزووی دەستکەوتنی شتێکیشی هەبێ، یان هەڵسووڕاندنی کارێکی گەورەی هەبێ، هەر بیر لەوە دەکاتەوە کە کردەوە و ڕەوشتی چاکیان هەیە. ڕەنجیش دەدات کە لە سەرنەکەوتن و سەرکەوتنەکانیان تێ بگات. چونکە «خۆشەویستی و ژیری بریتین لە دڵی پیاوی بێ هاوتاو هۆش». لە کاتە هەرە ناخۆشەکانی بیرکردنەوە و لێ وردبوونەوەکانیدا، (کۆنفۆچیۆس) بەکوڵێکی دڵەوە دەیگوت: «من زۆر بەتەنگ ئەوەنیم کە کەسانی تر لە من تێ نەگەن. لە ڕاستیدا بەشی هەرە گەورەی خەمخۆری خۆم بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە تێیان ناگەم!...».

تێ گەیشتووییە بێ هاوتاکەی (کۆنفۆجیۆس)، لە ژوور هۆش و تێگەیشتنی زەبروزەنگ توێنەرەکان و ناشییە زۆردارەکانەوە بوو... بەڵام ئەو شاگردانەی لەگەڵیدا دەژیان و هاودەردی بوون، بام ئەندازەی نرخی قسەکانیشیان نەزانیبێ، نرخی ئەویان دەزانی... چونکە «بیروباوەڕ لەوانە نین ئاسۆی فراوانتر لێ بکەن. لە ڕاستیدا هەر مرۆڤە کە ماوە و ئەندازەی بیروباوەڕ فراوان دەکات».

## کردەوەی هەموو کەسێک دەبێتە بنچینەی کۆمەڵایەتییەکەی

شاگردەکان (کۆنفۆچیۆس) یان بەمامۆستایەک دانەدەنا. بەپێغەمبەرێکیان دادەنا... (کۆنفۆچیۆس) هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەدەهات کە بەزانیارییە فراوانەکەی خۆی گەشکەداریان بکات. ئەو هەر ئەوەندەی دەویست کە لە رووی خۆشەویستییەکی بێ ئەندازەوە رێگایان پێشان بدات... هەمووەدەم ئەمەی دەگوت: «پیاوانی وا هەن کە لە واتا شاراوەکانی ناو ئایین و راستی پەرستی دەکۆڵنەوە، لە ژیانی خۆیشیاندا، لەسەر پێڕەوییەکی تایبەتی نەبێ نارۆن. مەبەسیشیان لەمە ئەوەیە «کە لە پاش مردنیان ناوەکانیان بەناوبانگەوە بمێنێتەوە!... هەرچی منم هەرگیز ئەمە ناکەم!...» .

(کۆنفۆچیۆس) بریتی بوو لە «پیاوێکی فەرمانڕەوایی» کە بەدوای (فەرمانڕەوایی)یەکی راستەقینەدا دەگەڕا... (کۆنفۆچیۆس) پیاوێ بوو، ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو کە رەوشت و خوو و کردەوەی تاک و تەراکانی گەل دەبنە بنچینەی (کۆمەڵایەتی). ئەگەر رەوشت خووی هەموو کەسێک چاک بێ، کۆمەڵایەتییەکەیش بەهێز و توانا و پێشکەوتوو دەبێ. ئەگەر کردەوەی هەموو کەسێک خراپ بێ، کۆمەڵایەتییەکەیش کز و بێ هێز و دواکەوتوو دەبێ... هەروەها ئەوەیشی بۆ دەرکەوتبوو کە: «هەر کەسێک بیەوێ نیشتمانەکەی خۆی لە دەست کاوول بوون رزگار بکات، لە دەست وەی و زیانی جەنگی ناوخۆ بیپارێزێ، سا شاهەنشاه بێ یاخود گەدا، پێویستە لەسەری چاودێریی کەسایەتی خۆی بکات: واتا دروستی بکات، گەشەی پێ بکات، پەروەردەی بکات، تا وای لێ دێ دەبێتە بنچینەیەکی وەها کە هەموو شتێکی لەسەر دابمەزرێت» .

هەروەها ئەوەیشی بۆ دەرکەوت کە لە رێگای خێزانەوە نەبێ، رزگاربوون لە دەست پشێوی و ئاژاوە سەر ناگرێ. چونکە «دەبێ، کۆمەڵایەتی، «پەیدابوون و رێکوپێک خستنی خۆی لە دامەزراویی یاسا لەناو خێزاندا، بۆ پێک بێ»... یاسایش دەبێ لەسەر بنچینەیەکی وا بسەپێنرێ بەسەر کەسانی تردا، کە دڵسۆزی و رێزگرتن بەرامبەری بێ و، لە هەردوو لاوە پێشان بدرێ. دەبێ شاهەنشاهیش وەک باوکێکی نەتەوە بجووڵێتەوە. پێویستە خۆی بکات بەرابەرێکی دڵسۆز بۆ رۆڵەکانی خۆی کە هەموو کەسێک دەگرێتەوە لەناو گەلدا... رۆڵەکانی نەتەوەیش، پێویستە لەسەریان رێز لە شاهەنشاهەکەیان بگرن. هەر فەرمانێکیشی دا، جێبەجێی بکەن... چونکە: «هەر کاتێ با هەڵی کرد، پێویستە



گیاکان خۆیانی بۆ بنوشتێننەوە» پێویستە هەموو کەسێک، لە ناکۆکیی ناو خێزان، بێزاریی خۆی دەرببڕێ. دەبێ ناکۆکی بەلایانەوە وا بێ، هەروەک مرۆڤێک برای خۆی بکوژێ وابێ. جا هەروەک پێویستە کوڕەکان رێز لە باوکەکانی خۆیان بگرن و، هەرچییەکیشیان گوت بەقسەیان بکەن -کە دەبێ ناوەندی نەتەوە و فەرمانداریش هەر وا بێ- هەروەها پێویستیشە کوڕەکان پەی بەفەرمانی سەرشانی خۆیان ببەن و هەست بەو فەرمانەیش بکەن، لەو کاتانەدا، کە باوکەکە خواستێکی نارەوایان لێ داوا بکات... چونکە پەی بردن بەکردەوەی پێویست، رەوشت و خوویەکی باڵاترە لە دڵسۆزیی «خزمایەتی!»... کەواتە ئەگەر شاهنشاهیش بێ لێکدانەوە و لە شێوەیەکی نارەوا و نابەجێ دا کاربەدەستەکانی خۆی هەڵبژارد، پێویستە لەسەر نەتەوە بەرەنگاریی بکات... دیسانەوە ئەگەر هاتوو شاهەنشا لە فەرمانی خۆی لایدا و، وەک سەرۆکی خێزانێک یان سەرۆکی نەتەوەیەک رەفتاری نەکرد، ناز و جیاز و دەسەڵاتی خۆی بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆی بەکار هێنا، نەتەوە مافی هەیە و لەسەریشی پێویستە بەرەنگاریی بکات...» .

دوای ئەوە (کۆنفۆچیۆس) دەڵێ: «مافی سەرکێشی و راست بوونەوە لە کردەوەی (خراپ) و (زۆرداری)، لە سەرچاوەیەکی بەرز و پیرۆزەوە هەڵ قوڵاوە.»...

ئەمە ئەو فەرمانڕەواییە بوو کە (کۆنفۆچیۆس) ئاواتی بۆ دەخواست و خەوی پێوە دەبینی... ئاخۆ دەبێ کەی ئەو فەرمانڕەواییە بخرێتە سەر رێگای خۆش گوزەرانی و هێز و هەرەتەوە؟...

(کۆنفۆچیۆس) وەرامی ئەم پرسە وا دەداتەوە، دەڵێ: «ئەو کاتە ئەمە پێک دێ، کە ئەندامەکانی ئەو فەرمانڕەواییە، لە شێوەیەکی خۆشەویستانە و سازاودا لەگەڵ یەک، تێ بکۆشن بۆ تێگەیشتنێکی «گشتی لە مەبەس و ئارەزووی یەکتر و لەگەڵ یەکتریشدا رێک بکەون» .

## دەستووری فەرمانڕەوایی بەختیار

(کۆنفۆچیۆس) دەست دەکاتەوە بەقسەکردن، دەڵێ: «ئەو فەرمانڕەواییەی بەختیار بێ، هەر خەریکی ئەوە دەبێ کە یەکێتی ناوخۆیی بەتەواوەتی دابمەزرێنێ و، سەربەخۆی خۆی بپارێزێ.

هەرچەندێکیشی پێ بکرێ، خۆی لە شەڕوشۆڕی دەرەوە دوور بخاتەوە و، نەچێ بەگژ فەرمانڕەواییە بێگانەکاندا. هەروەها سنوورێکیش دابنێ بۆ خۆش گوزەرانی و بەزموڕەزمی

ناو کۆشکی شاهانە و یاریدەدەرەکانی خونکارەکەی. دەبێ بەتەنگ ئەوەیشەوە بێ کە گەنج و سامان، دادپەروەرانە دابەش بکات بەناو کەسانی ناو نەتەوەدا... هەتا پێی بکرێ لە سزادانی خۆی کەم بکاتەوە. هەتا بتوانێ خوێندەواری بەناو نەتەوەدا بڵاو بکاتەوە... پێویستە هەموو کەسێک فێری شێوەی ڕەوشت و هەڵسان و دانیشتن و ساز و ئاواز بکات. چونکە هەرچی (ساز و ئاواز)ە وەک (چاکەکردن) وایە... ساز و ئاوازی ناوازەیش پیاو دەخاتە سەر (سەرڕاستی) و (کاردروستی)...، (کۆنفۆچیۆس) خۆیشی دووزەلەی باش لێ دەدا...

هەروەها ڕاستی پەرستەکەمان دڵێ: «فەرمانڕەوایی بەختیار تا پێی بکرێ خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەو (ڕۆژەی بیروباوەڕە گەورەکە دێتەدی) و، هۆگری و دۆستایەتی و ڕێکی و کۆکی، هەموو دانیشتوانی سەرزەمین، دەگرێتەوە... ئەوساکە هەموو سەرزەمین (یەک کۆمار)ی دەبێ... دانیشتوانی هەموو لایەکیشی بەڕاستی و دۆستایەتی و دڵسۆزییەکی ڕاستەقینەوە تێکەڵ بەیەکتری دەبن. بەهەموویشیان ئاسایشێکی گشتی بڵاو دەکەنەوە... ئیتر ئەوساکە هەر خزمەکانی خۆیان بەخزم نازانن، هەموو کەسێک بەخزمەتی خۆیان دەزانن. هەروەها هەر کوڕەکانی خۆیشیان بەکوڕی خۆیان دانانێن، کوڕانی کەسانی تریش بەکوڕی خۆیان دادەنێن... هەر پیاوە مافی خۆی دەردێنێ. هەر ئافرەتەیش کەسایەتی خۆی دەبێ... خۆپەرستی دەپلیشێنرێتەوە. ئیتر جارێکی تر بەو ناوەدا نایێتەوە. ئیتر ماوەیش بۆ دز و فڕوفێڵباز و ناپاکان نامێنێتەوە کە لەسەر زەویدا بەد خوویی بنوێنن. جا ئەم بارەیە کە من پێی دەڵێم: (کۆکیی هەرەگەورە)یان (سازبوونی هەرە مەزن)!...».

کاتێ لە (کۆنفۆچیۆس)یان پرسی: «تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕۆژی ئەم کۆمارە جیهانی گەورەیە هەڵ بێ؟»... (کۆنفۆچیۆس) هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو و زەردەخەنەیەکی کرد. دووزەلەکەیشی بەرزکردەوە بۆ لای دەمی. ئینجا هۆی ئەوەیشی تێگەیاندن کە بۆچ ناچاری ئەم کۆچ و ڕەوانە بووە بەسەر زەویدا. گوتی: «هەر کاتێ تووشی پیاوێکی وا هاتن ئەوەندەی حەز لە جوانی دەکات، ئەوەندەیش حەز لە ڕەوشت و خووی چاک و کردەوەی بڵند بکات، ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆتان دەبینن!».



## زیندوو کردنەوەی یادی کۆنفۆچیۆس لە پاش سپڵەیی لەگەڵدا کردنی!

کە (کۆنفۆچیۆس) گەیشتە تەمەنی شەست و نۆ ساڵی، گەڕایەوە شوێنی خۆی، لە خاکی (لۆ)دا. شازادەی (لۆ) ئەمەندە خووی دابووە ژیانی بەزم و خۆش ڕابواردن، پەتۆی نەبردبوو، لە دەمێکەوە مردبوو. بەم ڕەنگە سەردەمی ئاوارەیی (کۆنفۆچیۆس) دوایی هات و بەشارەکەی خۆی شادبووەوە. نەتەوەیش هێشتا ئەو سەرەک کاربەدەستە چاکەخوازەی خۆی لەبیر نەچووبووەوە. پۆل پۆل هاتنە سەردانی. داوای ڕاوێژ و ئامۆژگارییان لێ دەکرد. بەڵام (کۆنفۆچیۆس) بەپەرۆشەوە حەزی لەوە دەکرد، کە واز لە جیهانداری بهێنێ و بەتەنیایی بژی. هەستی بەخۆی کردبوو کە لە مەرگ نزیک بۆتەوە. بەهەموو کوڵی دڵی خۆیەوە، خۆی هاوێشتە سەر (کاروباری وێژەیی) و (کۆکردنەوەی هۆنراوە کۆنەکانی چین). خووی دایە ڕاست کردنەوەی ئەو (ساز و ئاوازانە)ی کە لە ئاهەنگە گشتییەکاندا لێ دەدران. هەروەها تۆمارێکیشی دانا بۆ ئەو کردەوە گەورانە کە لە مێژووی نیشتمانەکەی خۆیدا ڕوویان داوە.

بەڵام تا دەهات مەرگەکەی نزیکتر دەبووەوە. دوایی کە ڕاستی پەرست کۆنفۆچیۆس گیانی پاکی بەخاک سپارد، شاگردەکانی یەجگار گەورەیان کرد و ڕێزیان لێ گرت. هەرچی لەدەم هاتبووە دەرەوە لەناو نووسراواندا تۆماریان کرد. چیرۆکی ئەندێشەییان لە بابەت کردەوەکانییەوە دادەهێنا. هەر کردەوەیەک گەورە و بەرز و پیرۆز بووبێ دەیاندایە پاڵ ئەو... ئەوەندە لە پاش مردنی ناوبانگی دەرکرد، ئەو کەمتەرخەمیەی لە سەردەمی ژیانیدا دەربارەی کرابوو نەدەهاتە بەرچاو... کە تەماشات دەکرد شاهەنشاهەکان و فەرماندارەکان وێنەی (کۆنفۆچیۆس)یان لەناو نیشتمانەکەیاندا زیندوو دەکردەوە.

واتەکانی (کۆنفۆچیۆس)یان لەسەر بەرد هەڵدەکەند. پەرستگاهانیان بەناوی ئەوەوە دروست دەکرد. فەرمانیان دەدا: بۆ ڕێز گرتنی ناوی ئەو، ساڵی چوار جار مەڕ سەرببڕێ و گۆشتەکەی ببەشرێتەوە بەسەر هەژاراندا... هێشتا چەند پشتێکی بەسەردانەچووبوو، ئەم پاش ناوەیان پێ بەخشی: «کۆنفۆچیۆسی هەرە پیرۆز»... بەڵام ئەوانە ئەمەندە هۆگری پەرستنی کۆنفۆچیۆس بووبوون، هەموویان، یاخود بەشی زۆریان ئەوەیان لەبیر چووبووەوە، کە لە کاتی سەرەمەرگیدا ئەمەی لێ خواستبوون: «نامەوێ لە پاش خۆم، هیچ پاش ناوێکم پێ ببەخشرێ، یاخود پێمدا هەڵبدرێ. من هەر ئەوەندەم بەسە کە پێم بگوترێ: (شاگردێکی) وا بوو، کە لە (خوێندەواری) تێری نەدەخوارد. (مامۆستایەکی) وایش بوو، کە لە (وانەگوتنەوە) ماندوو نەدەبوو... من هەرئەوەندەم بەسە... ئیتر هیچی ترم ناوێ!...».

## چەند بەشێک لە قسە ژیرەکانی کۆنفۆچیۆس

«وا بجوولێرەوە لەگەڵ کەسانی تردا کە خۆت دەتەوێ لەگەڵتدا بجوولێنەوە»

ڕاستی لە سروشتی مرۆڤایەتی جوێ ناکرێتەوە. جا ئەگەر شتێک لە سروشتی مرۆڤایەتی جوێ بووەوە و، ئەو شتەت بەڕاست زانی، لە ڕاستیدا ئەو شتە بەڕاست دانانرێ.

هەر کاتێ مرۆڤ بیروباوەڕەکانی (وریای)ی و (دەروون) و (بەرامبەری کردن)ی بەکارهێنا، ئەوساکە لە یاسای ڕەوشت و خووی پەسند خۆی نزیک دەخاتەوە... کەواتە ئەوەی پێت ناخۆشە لەگەڵتیدا بکەن، خۆیشت ئەو شتە لەگەڵ کەسدا مەکە...

لە ژیانی ڕەوشت و خووی مرۆڤدا چوار بابەت هەیە، هەتا ژیام بۆم نەلوا هیچیان بەجێ بهێنم:

یەکەم: ئەوەبوو لەگەڵ باوکمدا وا بجوولێمەوە کە ئەو وا لەگەڵم بجوولێتەوە... ئەمەیشم بۆ نەچووەسەر.

دووەم: ئەوەبوو لەگەڵ فەرمانداره‌کەی خۆمدا وا بجوولێمەوە، کە خۆم دەمویست کاربەدەستەکەی ژێردەستم لەگەڵمدا بجوولێتەوە... ئەمەیشم بۆ نەچووەسەر...

سێیەم: لەگەڵ برا گەورەکانمدا وا بجوولێمەوە، کە خۆم دەمویست برا بچکۆڵەکانم لەگەڵمدا بجوولێنەوە... لەمەیشدا ماوەم نەبوو سەر بکەوم...

چوارەم: لەگەڵ دۆستەکانیشمدا وا بجوولێمەوە کە خۆم دەمویست لەگەڵمدا بجوولێنەوە. دەمویست دەستپێشکەری بکەم لەو جوولانەوەدا. ئەمەیشم هەر بۆ نەکرا...

ژیانی ڕەوشت و خووی مرۆڤیش هەر لە کۆچێکی دوورودرێژ دەکات کە پێویستە پیاو لە نزیکترین ئێستگەوە دەست پێ بکات... هەروەک پیاو سەر بکەوێ بۆ جێگایەکی تەلان وایە. دەبێ لە پلیکانەی هەرە خوارەوە دەست پێ بکات...



## بەپێی باری ژیانت هەڵبسووڕێ

پیاوی خاوەن ڕەوشت و خووی باش ئەوەندەی بەرەی خۆی پێ ڕادەکێشێ. هەرچییەکی کرد لە سنووری باری ژیانی خۆی ناچێتە دەرەوە. چاویش نابڕێتە شتێک کە لە دەسەڵاتیدا نەبێ دەستی بکەوێ، یاخود بۆ ئەو نەشێ چاوی تێ ببڕێ، لە ئەندازەی خۆی دەرناچێ. ئەگەر لەوانەبوو کە خاوەن سامان و جێگای بەرز بێ، بەجۆرێکی وا دەژی کە لەگەڵ ئەو سامان و جێگەیەدا بگونجێ و بشێ.

ئەگەر لەبارێکی وایشدا بوو کە هەژاری و بێچارەیی پێوە دیار بێ، بەجۆرێکی وا دەژی کە پێویست بێ لەناو ئەو باری هەژاری و بێچارەییەدا بژی...

ئەگەر کەوتە ناو خاکێکی دواکەوتووەوە، بەجۆرێکی وا دەژی کە پێویست بێ لە خاکێکی دواکەوتوودا بژی... خۆ ئەگەر کەوتە ناو تەنگوچەڵەمەیشەوە، بەجۆرێکی وا دەجوولێتەوە و ڕەفتار دەکات، کە پیاوێک لەم جۆرە بارانەدا بجوولێتەوە و ڕەفتار بکات... بەکورتی پیاوی خاوەن ڕەوشت و کرداری باش، بچێتە هەر کارێکەوە، بچێتە هەر بارێکەوە، دەتوانێ زاڵ ببێ بەسەرخۆیدا و چی جوان و پەسند بێ ئەوە بکات. کە کەوتە جێگای بەرزەوە، لەگەڵ ژێردەستەکانی خۆیدا لووتبەرزی نانوێنێ. کە کەوتە ژێردەست پایە بلندێکیشەوە، پشی پشی بۆ ناکات و دووڕوویی بۆ نانوێنێ و، کلکەلەقێی بۆ ناکات... خۆی بەدەستی خۆی ڕەوشتی خۆی دەخاتە شێوەیەکی ڕێک و پێک و دروستەوە. هیچ لە کەس ناخوازێ. لەبەرئەوە لە هیچ شتێک سکاڵا ناکات... نە لە خودا بۆڵەبۆڵ دەکات، نە گلەیییش لە کەسانی تر دەکات...

کاتێ کە خودا ژیان دەبەخشێ بەو کەسانەی، یاخود بەو گیانلەبەر و دارودرەختانەی دروستیان دەکات، بۆ هەر یەکێکیان، بەپێی هێز و توانایی و کردەوەی خۆی، بەخشندەیی دەنوێنێ... ئەو درەختەی زیندوو، و، شەنگ و شۆخ بێ، گەشەی پێ دەکات، یارمەتی دەدات... ئەو درەختەیش لە شکانەوەدا بێ و خەریک بێ بکەوێ، لە ڕەگوڕیشەوە دەری دەهێنێ و لە ناوی دەبات... هەروەها ئەمەیش ڕاستە کە هەر کەسێ کردەوە و ڕەوشت و خووی گەورە و بەرز و پەسندی هەبێ، خودا پشتی دەگرێ و، بەخشندەییەکی وایشی لەگەڵ دەکات کە دەیگەیێنێ بەتەختی فەرمانداری...

## ڕەوشت و خووی باش یاسایەکە لەژێر چنگی دەرناچین!

هەر بەخشندەییەک لە خوداوە بێت، پێی دەڵێن: «سروشتێکی مرۆڤایەتییە». بەبەجێهێنانی بەندەکانی سروشتی مرۆڤایەتیش دەڵێن: «یاسای ڕەوشت و خوو»، یاخود «پێڕەویی وێژەیی». بەفێرکردن و بڵاوکردنەوەی (پێڕەویی وێژەیی)یش دەڵێن: «خوێندەواری».

(پێڕەویی وێژەیی)یش یاسایەکە، ناتوانین هەناسەیەک لە ژێر چنگی دەربچین... هەتا لە ژیاندا بین یاسایە فەرمانڕەوا دەبێ بەسەرماندا... کەواتە هەر یاسایەک بتوانین خۆمانی لە دەست ڕزگار بکەین، بە(پێڕەویی وێژەیی)، یاخود بە(یاسای ڕەوشت و خوو) دانانرێ. لەبەر ئەوە پیاوی خاوەن- ڕەوشت و خووی باش، یاخود پیاوی پێشکەوتوو، یان پیاوی بێ هاوتا، بە وریایەکەوە بەتەنگ ئەوەوەیە کە چاوەکانی نایبینێ، هەروەها لەوەیش دەترسێ و دادەچڵەکێ کە گوێچکەکانی نایبیستن... هەر شتێکیش بەچاو نەبینرێ لێی ئاشکرا و دیارتر نییە. هەر شتێکیش بەچاو و بەدەم و گوێچگە و بەپێست و بەلووت هەستی پێ نەکرێ، لێی ڕۆشنتر نیە... جا لەبەر ئەمەیە کە پیاوی خاوەن ڕەوشت و خووی باش بەوریاییەکەوە بەتەنگ بیروباوەڕە نهێنییە شاراوەکانییەوەیە.

## کەمەتا کلیلی گەورەی هەستیمان؟

ژیانی پیاوی خاوەن ڕەوشت و خووی باش، نموونەیەکە بۆ «یاسای وێژەیی»ی هەمووان بەپێچەوانەی ئەوە ژیانی پیاوی گەند و ڕیسوا، پێچەوانەی (یاسای وێژەیی)ی هەمووانە دەستکەوتنی کلیلی گەورەی هەستیی ڕەوشت و خوویشمان، یاخود وێژەییمان، کە دەمانبەستێتەوە بەیاسای گشتیی هەمووانەوە، لە هەموو سەرکەوتنێکی مرۆڤ بالاترە کە دەستی دەکەوێ... کەم ئەوەیش هەڵدەکەوێ کە مرۆڤ تا ماوەیەکی دوور و درێژ، ئەوەی بۆ ڕێک بکەوێ...

من ئێستاکە لەوە تێدەگەم، کە ژیانی پڕ لە ڕەوشت و خووی باش بۆچ بەکار ناهێنرێ... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە پیاوی ژیر و تێگەیشتوو (پێڕەویی وێژەیی)ی وا دێتە پێش چاو کە لە ئەندازەی خۆی گەورەترە... هەرچی پیاوی گەوج و ناشییشە، (پێڕەویی وێژەیی) وەک خۆی هەیە تێی ناگات. واتا ڕاستییەکەی نازانێ... من ئێستاکە دەزانم بۆچ بەتەواوەتی لە «پێڕەویی وێژەیی» تێ ناگەین... ئەوانەی خاوەنی سروشتێکی نەژاد و



جوامێرن دەیانەوێ زۆر لە ژوور سروشتی ڕەوشت و خووی ئاسایی خۆیانەوە بژین... ئەوانەی دڵڕەش و بەدخوویشن، تا ئەندازەیەکی تەواو، لە بارستاییەکی بڵندا ناژین... واتا لە بارستایی ڕاستەقینەی سروشتی ئاسایی ڕەوشت و خووی خۆیاندا ناژین... بۆ وێنە... کەس نییە نەخوا و نەخواتەوە. بەڵام کەم کەس هەیە لە چێشکەی خواردن و خواردنەوە تێ بگات!... هەموو کەسێک دەڵێ: من ژیرم!

لە هەر کەسێک بپرسیت دەڵێ: «من ژیرم»... بەڵام کەم هەڵ دەکەوێ ڕێگا بزانێ و لە کەلێنێکەوە خۆی دەرباز بکات، لەو داوەی بۆیان ناوەتەوە، یاخود لەو تەڵەیەی بۆیان داناوە، یان لەو چاڵەی بۆیان دیاردی کردووە[1] تێی بکەوێ. هەموو کەسێک دەڵێ: «من ژیرم»... بەڵام کاتێ کە کلیلی گەورەی هەستی ڕەوشت و خووی باشی خۆی دەدۆزێتەوە، کاتێ کە پەی دەبات بەلەنگەری خۆی واتا دەروونی ڕاستەقینەی ئاسایی خۆی بۆ دەردەکەوێ، هەرچەند دەکات پێی ناکرێ بۆ تاکە مانگێکیش ئەو کلیلە، ئەو لەنگەرە، ئەو دەروونە بپارێزێ... دوور نییە یەکێک بتوانێ یاسا بەسەر خاکێکدا بسەپێنێ، یان واز لە ناوونیشان و سایە و سامان و پایەی فەرمانڕەوایی بهێنێ، یاخود بەپێی ڕووتەوە بەسەر شیر و تیردا بڕوات. کەچی لەگەڵ هەستیی ڕەوشت و خووی خۆی بدۆزێتەوە...

(پێڕەویی ڕەوشت و خوو)، لە هەموو شوێنێکدا هەیە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا ڕازێکی نهێنییە و شاراوەتەوە! دوورنییە ئەو زیرەکییەی هەندێ پیاوان و ژنانی ئاسایی هەیانە، کەمێک پەی بەو یاسا شاراوەیە ببات... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا شتی وا دەمێنێتەوە، کە نەک مرۆڤی ئاسایی، مرۆڤی هەرە ژیر و هەرە پیرۆزیش پەی پێ نابات!...

## هۆش پەی بەشتی وا دەبات کە لە جیهان گەورەترە

مرۆڤ هەموو دەمێ بەجیهان وازناهێنێ. لەوە گەورەتری دەوێ، کە خۆی پێوە خەریک بکات. هەرچەندە لە جیهان گەورەتر دەست ناکەوێ، کە ئاسمانەکان و زەوی و ئەستێرەکان هەموویان دەگرێتەوە، بەڵام هۆشی پیاوی ڕەوشت و خوو لە تواناییدا هەیە کە لە جیهان گەورەتریش تێ بگات...

لە «نووسراوی گۆرانییەکان» دا نووسراوە[2]: «باز هەڵدەفڕێ بەسەر ئاسماندا. ماسیش خۆی نوقوم دەکات لەناو ئاودا بۆ بنی بنەوە»... ئەمەیش وا دەگەیێنێ هیچ جێگایەک نییە

(١) ڕاستتر: بۆیان هەڵکەندووە.

(٢) راستتر: لە نووسراوی (سروودەکاندا).

«پێرەویی ڕەوشت و خوو»ی تێدا نەبێ، تا ئەو پەڕی ئاسمان و، بنی هەرە قووڵی دەریایش دەگرێتەوە. خاوەنی ڕەوشت و خوویش بۆی دەردەکەوێ، کە (یاسای ڕەوشت و خوو) لە وێوە دەست پێ دەکات کە پەیوەندی لە ناوەند پیاو و ژندا پەیدا دەبێ، بەڵام تا دەگاتە ئەوپەڕی زەمین و ئاسمان تینی دەڕوات و دەسەڵاتیشی پڕ دەکات...

(هێزە گیانی)یەکان، لە هەموو شوێنێکی زەوی و ئاسماندا چست و چالاکی یان دیارە!... ئای چەند گورج و گۆڵن! ئەم هێزە گیانییانە بەچاو نابینرێن، بەئەندامەکانی تریش هەست ناکرێن. کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا خۆیان تێکەڵ بەهەموو شتێک دەکەن. لە دەست کارامەیی ئەوانیش هیچ ڕزگاری یەک نییە!... لە ڕاستیدا هەر ئەم هێزانەن کە لە هەموو شوێنێکدا مرۆڤ دەخەنە سەر ئەوەی بەڕۆژوو بێ و، خۆی پاک بکاتەوە و، لە جلوبەرگێکی سەلار و سەنگینیشدا دەست بکات بەپێشکەشکردنی کوشتی[1] و پەرستکاریی ئایینی... جا ئێمەیش هەروەک هەست بەهەڵقوڵانی ئاو دەکەین، ئاوەهایش هەست بەبوونی هێزە نەبینراوەکان دەکەین. جاری وا هەیە لە سەروو خۆمانەوە هەست بەو هێزانە دەکەین. جاری وایش هەیە لەم لاو لای خۆمانەوە هەستیان پێ دەکەین...

## کاروباری پەرستن و ڕێزگرتنی باپیران

لە یاسای پێشکەوتندا کە لە ئاهەنگەکانی ناو پەرستگادا چاودێری دەکرێ، واتا لە پەرستگاکانی باووباپیراندا، هەموویان لەسەر ئەم ڕێگایە دەڕۆن، کە ئەندامەکانی خێزان بەپێی گرنگییان لەناو خێزاندا یەک لەدوای یەکەوە ڕیز دەکرێن. دوای ئەوانە بایەخ دەدەن بەوانەی خاوەن ناوونیشانن... ئەمانەیش بەپێی جێگایان یەک لەدوای یەکەوە ڕیز دەکرێن. واتا دان دەنرێ بەو دەستوورەدا کە لە کۆمەڵایەتیدا جیاوازی هەیە لە پلەی پایەدا... دوای ئەوە، نۆرەی ئەو پەرستکارییانە دێ، کە بەبۆنەی ئەوەوە دەکرێ کە دان دەنرێ بەجیاوازیدا لە پلەی ڕەوشت و خوودا... لە کاتی میوانداررییە گشتییەکانیشدا کە نان و چێشتیان تێدا پێشکەش دەکرێ ئەو کەسانەی پایە بچووکن، پێش پایە گەورەکان دەخرێن. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە نەوازش بەرامبەر چینە نزمەکان پێشان بدرێ... دوایی خوانێکی تایبەتیش پێشکەش بەپیاوە پیرەکان دەکرێ. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە دان بەوە دابنرێ کە بەپێی تەمەن بانگکراوەکان پاش و پێش دەخرێن... کوشتی پێشکەشکردنیش بۆ ئاسمان و زەوی بریتییە لە پەرستنی خودا... ئەم پەرستکارییەیش کە لە پەرستگاکانی باپیراندا دەکرێ،

(١) کوشتی بەمانای (قوربانی) دێت.



ڕێزگرتنێکە بۆ باووباپیران... ئەگەر مرۆڤ لەوە تێبگەیشتایە کە واتای کوشتی پێشکەش کردن بۆ ئاسمان و زەوی چییە، هەروەها ئەگەر لەوەیش تێبگەیشتایە کە واتای نوێژکردن و پاڕانەوە لە خودا و، ڕێزگرتنی باووباپیران لە وەرزەکانی هاوین و پاییزدا چییە، ئەوەی بەتەواوەتی بۆ ئاسان دەبوو، کە بەپەنجەی خۆی هەموو کاروبارێکی فەرمانداری بەسەر نەتەوەکەیدا هەڵبسووڕێنێ.

## تێکۆشین بۆ ئامانجێک دەبێتە ڕێگا بۆ سرەوتی گیان

بیروباوەڕەکانی پەروەردەکردن و فێرکردنی باڵا لەوەدا دەردەکەوێ کە کەسایەتی مرۆڤ و ڕەوشت و خووی بپارێزێ. کە ژینێکی نوێ بۆ هەمووان ئامادە بکرێ کە (دروستی) و (تەواوی)یش بهێڵرێتەوە وەک خۆی... هیچ کەسێکیش ئامانجێکی دیاری کراوی نابێ لە ژیاندا، تا نەزانێ ئامانجی ئەو (دروستی) و (تەواوی)یە چییە کە پێویستە لە ناویدا بژی... هیچ مرۆڤێکیش بەئاسایش و دڵنیاییەوە ناتوانێ بحەسێتەوە، تا ئارامی دڵی بۆ پێک دێ... هیچ کەسێکیش ناتوانێ دەست بکات بەبیرکردنەوە و لێوردبوونەوە، تا سرەوتێکی پڕ لە دڵنیایی دەست دەکەوێ. هیچ پیاوێکیش ناتوانێ (زانیاری) دەست خۆی بخات تا فێردەبێ چۆن (بیر) بکاتەوە...... لە پەیدابوونی هەموو شتێکدا (بنچینە)یەک هەیە، کە ساختمانی بەسەرەوە دروست کراوە... لە ڕەوتی کارەساتیشدا، (سەرەتا) هەیە و (ئەنجام)... جا لەبەر ئەوە سەرەتای (ژیری) و (تێگەیشتوویی) لەوەوە دەست پێ دەکات کە بەڕیزکردنی ڕاستەقینەی (شتومەک) و (یاسای لێ هاتوو بۆ شتومەک) ئاشنابین...

## خۆشەویستی کەموکوڕی دەشارێتەوە نەنگەویستی کردەوەی چاک دەشارێتەوە!

ڕێکوپێکیی ژیانی خێزانی بەندە بەپشتگرتنی ژیانی تایبەتی مرۆڤەوە... چونکە بەجۆرێکی تێکڕایی، هیچ کەسێک توانایی ئەوەی نامێنێ کە بڕیاری ژیرانە و تەواو بدات بەسەر ئەو کەسانەدا: کە خۆشی دەوێن، کە خۆشی ناوێن، یاخود بەچاوی سووکەوە سەیریان دەکات، کە لێیان دەترسێت، کە بەزەیی پێیاندا دێتەوە، کە ڕێزیان لێ دەگرێ، یاخود پێیانەوە دەنازێ... جا لەبەرئەوە کەم کەسمان لە ژیاندا چاوی پێ دەکەوێ، کە بتوانن خەوش و کەموکوری ئەوانە ببینن کە خۆشیان دەوێن، یاخود چاکە و کەڵکی ئەوانە ببینن کە خۆشیان ناوێن... ئەو پەندی پێشینانەیش هەر لەبەر ئەمە دانراوە کە دەڵێ:

«کەس هەست بەهەڵەی منداڵی خۆی ناکات... یاخود هەڵەی منداڵی خۆی نایەتە پێش چاو... هەروەها هەست بەگەشەکردنی نەبینراوی برنجیش ناکات لە کێڵگەکەیدا...» .
ئەوانەی ئاواتەخوازی ئەوەن کە ژیانی نەتەوەیی خۆیان بخەنە شێوەیەکی ڕێکوپێکەوە، پێویستە ژیانی خێزانیی خۆیان ڕیکوپێک بخەن... چونکە ئەوانەی ئەندامانی خێزانەکەی خۆیان پێی فێر نەکرێ و، پێ پەروەردە نەکرێ، کەسانی تریشیان لە خێزانەکەی خۆیان بەدەر، پێ فێر ناکرێ و، پێ پەروەردە ناکرێ... هەر کەسێکیش توانی لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا بەرێکوپێکی و خۆشییەوە بژی، هەڵ دەگرێ بکرێ بەنموونەیەک.

بۆ نەتەوەکەی خۆی... پاراستنی ئاسایشی جیهانیش بەندە بەرێکوپێک خستنی ژیانی نەتەوەییەوە... هەر کاتێ خاوەن دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی فێری ئەوە بوون ڕێز لە گەورەکانی ناو نەتەوە بگرن، هەموو کەسێک لەناو نەتەوەدا فێری ملکەچی و ڕێزگرتن دەبێ... هەر کاتێ خاوەن دەسەڵاتەکان فێری ئەوەبوون بۆ بچووک و بێ دەسەڵاتەکان چاکە و خۆشەویستی پێشکەش بکەن، هیچ کەسێک لەناو نەتەوەدا، لێیان ڕاست نابێتەوە، پێچەوانەی ئەوانیش ناجوولێنەوە... کەواتە پێویستە گەورەی نەتەوە بیروباوەڕێکی هەبێ، کە بەکەڵکی نەتەوە بێت، بیکات بەئەندازەیەک بۆ خۆی، تا لەسەر ئەو ئەندازەیە ڕەوشتی خۆی ڕێکوپێک بخات...

## ڕەوشتی سەردار دەبێتە بنچینەی خۆشەویستی نەتەوە بۆ خۆی

ئەوانەی خاوەن هێز و دەسەڵاتن، نابێ کەم تەرخەمی بنوێنن. نابێ کەموکوڕی پیشان بدەن. چونکە هەر کاتێ هەڵەیەکیان کرد، جیهان هەمووی کەنەفتیان دەکات. ئەو فەرماندارانەیش کە دەتوانن نەتەوە بکەن بەپشتیوانی خۆیان، دەتوانن فەرمانداریی خۆیان بەسەر نیشتمانەکەیاندا بپارێزن. بەڵام ئەوانەی نەتەوە پشتیان لێ هەڵ دەکات، دەسەڵاتیان بەسەر خاکەکەیاندا نامێنێ... کەواتە بۆ شازادە یاخود فەرمانداروا هەڵدەگرێ، کە لەپێش هەموو شتێکدا ڕەوشت و خووی خۆی و کەسایەتی خۆی بپارێزێ و گەشەیان پێ بکات.

ئەگەر ئەو خاوەن ڕەوشت و خووی باش بێ و، کەسایەتی بەهێز بێ، هەموو کەسێک لەگەڵی دەبێ... کە هەموو لایەکیشی لەگەڵدا بوو دەسەڵاتی بەسەر نیشتمانەکەیدا دەڕوات... کە دەسەڵاتیشی بەسەر خاکەکەی خۆیدا پەیداکرد، سامانی بۆ کۆ دەبێتەوە... کە گەنج و سامانیشی بۆ کۆبووەوە دەتوانێ کردەوە و کاری گەورە و بڵند بنوێنێ... بەم ڕەنگە



کردەوە و ڕەوشت و خوی باش دەبێتە بنچینەی هەموو شتێک... لێرەدا دەستوورێک هەیە بۆ پارە کۆکردنەوە. ئەویش ئەوەتا: (سامان بەرهەمهێنەر) زۆر بێ و، (پارە بەفیڕۆدەر) کەم بێ... جا ئەگەر نەتەوە لە سامان دەستکەوتندا گورج و گۆڵ بێ و، لە پارەبەخت کردندا سست بێ، سامان هەموو دەمێ کۆدەبێتەوە... پیاوی تەواویش ئەوەتا: بەهۆی سامانەکەیەوە، کەسایەتی خۆی گەورە بکات، خۆی بەهێز و بەتین بکات، دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات... بەڵام پیاوی نا تەواو ئەوەی هەڵناگرێ پێی بڵێن پیاو، دەچێ کەسایەتییەکەی خۆی دەنێتە پێناو پارە کۆکردنەوە و، گەشەکردن بەسامانەکەیەوە!...
ئەمەیش هەرگیز ڕووی نەداوە، کە فەرماندارێک هەڵکەوتبێ و، چاکەخواز بووبێ و، حەزی بەچاکەکردن کردبێ و، نەتەوەکەی ژێر دەستیشی نەیتوانی بێ حەز لە (سەر ڕاستی) و (کار دروستی) بکات... هەروەها هەرگیز ئەمەیش ڕووی نەداوە کە نەتەوەیەک (سەر ڕاستی) و (کاردروستیی)ی خۆشویستبێ و کاروباری ئەو فەرمانڕەواییە هەڵ نەسووڕابێ و سەری نەگرتبێ!...

لە ٥-٣-١٩٦٧دا تەواوبوو

# شێخ محەمەد عەبدە

ئەو شۆڕشگێڕەی ئالای سەربەستی هەڵکرد لە کۆڕی ئایین و کۆمەڵایەتی و خوێندەواریی و زرنگکارییدا

نووسینی: د. عوسمان ئەمین

ئەم نووسراوە

شێخ محەمەد عەبدە لە ساڵی ١٨٤٩دا لە گوندێکی میسردا کە ناوی (محلة نصر)ە لە دایکبووە. لە ساڵی ١٩٠٥دا چۆتەوە لای خودای خۆی.

بەڵام بەژیانە (٥٧) ساڵییەکەی خۆی[١]، تۆوی بووژانەوە و ڕاپەڕینی گیانی خوداناسیی و نیشتمانپەروەریی لە خاکی میسر و لە گەلێک خاکانی ئیسلامدا چاند. ئەو، ئەو گیانە پاکە بەهێز و هەڕەتەی چاکەخوازیی و پێشکەوتنەی لە مامۆستا گەورەکەیەوە (جمال الدینی ئەفغانی) وەرگرتبوو، کە لەپاشدا بوو بەهاوڕێ و هاوبەشی لە خەباتی (ئیسلامەتی) و (نیشتمانپەروەریی)دا، دژی داگیرکەرانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

هەندێک لە نووسەرانی بێگانە (شێخ محەمەد عەبدە)یان بەتورک داناوە، هەندێکیش بەعەرەب. بەڵام لە چەند ڕۆشنبیر و زانایەکی کوردم بیستووە کە لە بنەچەدا کورد بووە، ڕەوشتە پاک و بێگەرد و بێ باکەکەیشی هانمان دەدات بۆ ئەوەی کە ئەم قسەیەیان بەڕاستتر بزانین، تا بەڵگەی ڕۆشنتری بۆ دەدۆزرێتەوە، کە ڕاستییەکەی باشتر دەربخات، ئەمەیش شتێکی دوور نییە و سەیر نییە. چونکە لە ڕاستیدا وریابوونەوە و ڕاپەڕین و پێشکەوتنی میسریەکان، لەم دوو چەرخەی دواییەدا، لەسەر دەستی چوار کەسی گەورەدا پێکهات: (جمال الدینی ئەفغانی) و (محەمەد عەبدە) و (قاسم ئەمین) و (ئەحمەد شوقی)، کە هەر چواریان، وەک لە زانایانم بیستووە، لە بنەچەدا (کورد) بوون.

ئەمەیش شانازییەکە بۆ (گەلی کورد) کە مرۆڤ دۆست بوون. لە هەر کوێیەک بوو بن، بێ جیاوازیی ڕەنگ و ڕەگەز و ئایین، بەکاری (مرۆڤایەتی)ی ئەو شوێنە هاتوون. کاشکی (نەتەوەکانی تریش) لەمەدا چاویان لە (کورد) بکردایە، ئەوساکە بەو چاکە دانەوانە، پەیوەندیی کورد و ئەو نەتەوانە باشتر و بەهێزتر دەبوو، ئەمیش یەکێکە لە ئامانجەکانی

(١) بەڵکو (٥٦) ساڵ.



(ئیسلامەتی)، کە فەرمان بە(خۆشەویستیی) و (یارمەتی) و (برایەتی)ی هەموو ئیسلامەکان دەدات.

(شێخ محەمەد عەبدە) نیشتمانپەروەریی و نەتەوەپەروەریی و مرۆڤ دۆستییەکەی خۆی لە خوداناسییەکەیەوە وەرگرتبوو، زانا و وێژەوانێکی سەربەست و ئازا و بەچنگ بوو، شۆڕشگێڕانە دەینووسی و دەیگوت و دەبزووتەوە. دەچوو بەگژ هەموو زۆردارییەک و هەموو خراپییەکدا باکی لە کەس نەبوو دڵ خۆشکردنی خودا و نەتەوەی دەویست. سەروسامانی خۆی لەپێناو بیروباوەڕە بەرز و پیرۆزەکەیدا دادەنا، کە ئەویش ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی و هەموو خاکە ئیسلامەکان بوو لە دەست (زۆرداریی) و (هەژاریی) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواریی). لەبەر ئەوە پڕی دایە زۆر و ستەمی هەموو لایەک: وەک فەرمانڕەواییەکانی (تورکی عوسمانی) و میسر و (ئینگلیز). وەک دەوڵەمەندە بێ کەڵکە کەمتەرخەمە ترسنۆکەکانی میسر و، فەرمانبەرە دز و ناپاکەکان و مەلا و شێخە بێ گیانەکانی و، بەشەکانی تری نەتەوەکەی، کە لە ناشێتیی و بەدخۆیی و کەمتەرخەمیدا داڕزیبوون و، خوداناسیی و مەردایەتییان لەبیر چوو بووەوە. بێجگە لەوە (شێخ محەمەد عەبدە) دەیویست سەرلەنوێ ئیسلامەتییەکی پاک و بێگەرد و تێگەیشتووانە دابمەزرێنێتەوە، کە سەر بەزانست و هونەر و پیشەسازیی بێ و، چاکەخواز و نازدار و خۆشەویست بێ بۆ هەموو ئیسلامەکان و مرۆڤایەتی تا خاکەکانی ئیسلام تا سەر لە سەرگەردانی و هەژاریی و کزی ڕزگار ببن.

(شێخ محەمەد عەبدە) لە ڕاستیدا بەیەکێک لە پێشەوا گەورەکانی ئیسلام دادەنرێ، توانی تا ئەندازەیەکی گەورە نەتەوەکانی ئیسلام ئاراستە بکات بۆ ژیانێکی پاکتر و چاکتر و خۆشتر، کە پڕ بێ لە چاکە و دادپەروەریی، دەستی دایە گەلێک فرمانی گەورە گەورە لە کۆڕی ئایین و زرنگکاریی و کۆمەڵایەتی و خوێندەوارییدا، تا ئەندازەیەکی گەورەیش تێیاندا سەرکەوت. (شێخ محەمەد عەبدە) باوەڕی وا بوو کە ئیسلامەتی و زانست یەکن و لە یەکتر جیا نابنەوە، هەروەها زرنگکارییش نابێ هیچ دەمێک لە ئایین جیا ببێتەوە. بەواتایەکی تر یاسای هەرە پێشکەوتوو کە شایستە بێ مرۆڤ لەسەری بڕوات بەڕێوە لە فەرمانداریدا، هیچ یاسایەک نییە (ئیسلامەتی) نەبێت. چونکە ئەم ئایینە گەیشتۆتە پۆپەی هەرە تەواوی خۆی و، بەبێ پەیڕەوی کردنی ئەم ئایینەیش هیچ گیروگرفتێکی ئیسلام و مرۆڤ چارە ناکرێ. تەنانەت بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانڕەواییەکی جیهانیش هەر ئەم ئایینەیە کە دەرەقەتی چارەکردنی هەموو گیروگرفتێکی ئادەمیزاد ببێ.

منیش لەم سەردەمەدا کە دەبینم خوداناسیی خراوەتە لاوە و، ڕەوشت و خووی پاک و بڵندیش ئەفەرۆز کراوە و، دادپەروەریی لە ئارادا نەماوە و هەموو کەس دەناڵێنێ لە دەست (زۆرداریی) و (نەخوێندەواریی) و (نەخۆشی) و (هەژاریی)، لە کانگای دڵمەوە ئەم نووسراوە بەنرخە، (شێخ محەمەد عەبدە) پێشکەشی خوێندەوارانی کورد دەکەم، ئاشکرا و دیاریش پشتی دەگرم و بیروباوەڕی خۆیشیم دەردەبڕم: کە بۆ چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانمان هیچ ڕێگایەک نییە بیگرین، (خوداناسیی) و (خوێندەواریی) نەبێ، کە لە شێوەی (ئایینی ئیسلام)دا گەیشتۆتە پۆپەی هەرە تەواوی خۆی و، هەموو یاسایەکی چاکەخوازیی تری تێدا دەتوێتەوە...

بەڵێ، هەر ئەم ئایینەیە کە شایستە بێ یاسای فەرمانڕەوایی لەسەر دامەزرێنرێ، تا بگەین بەئاواتە بەرزەکانی کوردەواریمان، وەک: (ئازادی) و (کامەرانی) و (سەربەرزیی) و (پێشکەوتوویی).

بەڵێ وایە: ئەو ژیانە بێ وەی و پڕ لە دادپەروەریی و خۆشییەی کە ئاوات و ئامانجمانە، ئەگەر بمانەوێ پێی بگەین، پێویستە لەسەر بنچینەی (ئیسلامەتی) و (خوێندەواریی) خەباتی بۆ بکەین، کە هەموو ئایین و یاسایەکی چاکی تێدا دەتوێتەوە.

شاکر فەتاح

(خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد)

سلێمانی - ١٩٦٦/١/٤



## ئەو پیرەی قسەی بەفەرەنسی دەکرد!

کەسایەتیی (شێخ محەمەد عەبدە) جوێ بوو لە کەسایەتیی پیرەکانی تر، کە دوورەوپەرێز وەستا بوون و خۆیان لە کۆمەڵایەتی شاردبووەوە. تەنانەت زۆر کەسیش هەڵیان دەدایێ و پێیان دەگوت: (ئەم پیاوە پیرە چییە قسە بەفەرەنسی دەکات و، بەناو خاکی فەرەنگەکاندا هاتوچۆ دەکات و، نووسراوەکانی ئەوان دەگۆڕێتە سەر زمانی عەرەبی و، بەدەم ڕاستیی پەرستەکانیانەوە قسە دەگێڕێتەوە؟!. لەگەڵ زاناکانیاندا گفتوگۆ دەکات و، شتی وایشی لە دەم دێتە دەرەوە، کە کەس لەوەپێش نەیگوتووە؟! لە کۆمەڵە چاکەخوازەکانیشدا هاوبەشیی دەکات و، پیتاکیش بۆ هەژاران و داماوان کۆ دەکاتەوە؟!. ئەگەر ئەم پیاوە خۆی بەپیاوی خودا دادەنێ، بام ژیانی خۆی لە ناوەند ماڵ و مزگەوتەکەی خۆیدا بەخت بکات. خۆ ئەگەر خۆیشی بەپیاوی جیهانی دادەنێ، ئێمە وامان دێتە پێش چاو، کە هەر خۆی، بەتەنیا، لە هەموو کەس زۆرتر خۆی ماندوو دەکات!...).

ڕۆژهەڵاتناسێکی گەورەی ئەمەریکاییش لە بابەت (شێخ محەمەد عەبدە)وە دەڵێ: (محەمەد عەبدە جووتیارێکی دڵسۆز بوو، بەڕاستی فرمانی دەکرد. لە خاکە خانەدانەکەی میسردا لە دایکبوو بوو. پاش ئەوە بووە بڕیارکار و پێشەوای موسوڵمانەکان ئێمە لە دڵسۆزییەکەیدا بەرامبەر خاکی میسر و بانگەوازە نیشتمانییەکانیدا، بابەتێکی تێکەڵاوی سەیر دەبینین، کە لە سێ شت پێکهاتووە: دڵسۆزی بەرامبەر ڕابردوویەکی گەورە، دەستگرتن بەباوەڕی ئایینەوە، پشتگرتنی نیشتمانپەروەری جووتیار!).

## ژیانێکی پڕ کردەوە

ژیانی (محەمەد عەبدە)یش هەروەک کەسایەتییەکەی وابوو. بەپیت بوو، پڕ بوو لە کردەوە و کاری بڵند. ئەوەیش لەبەر ئەوە وابوو کە بەدڵ و هۆش و دەستی خۆی دروستی کرد بوو. ئەو لەوەدا هەر لە هونەرمەندێکی وەستا و شارەزای دەکرد کە دەستکردێکی ناوازەی دروست کرد بێ!. کاروبارەکانی زۆربوون، ڕەنگاوڕەنگ بوون. چونکە هەر لە تافی کوڕێنییەوە تا تافی پیری، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە بیرکردنەوە و کاروبار هەڵسووڕاندن کۆڵی نەدا بوو، دەیخوێندەوە و فێر دەبوو. ڕۆژنامەی (الوقائع المصرية)ی دەردەهێنا و تێیدا دەنووسی. ئاگری شۆڕشەکەی (عرابي)ی خۆش دەکرد، بیروباوەڕەکانی خۆی لە گۆڤاری (العروة الوثقي)دا بڵاو دەکردەوە. لە دادگاکاندا بڕیاری دەردەکرد، لە زانکۆی (ازهر)دا بەشاگردەکانی دەخوێند.

لە کەینەوبەینەی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا واتەی دەردەهێنا و بڕیاری لەسەر دەدا، لە کۆبوونەوەکانی کۆڕی ڕاوێژکردنی یاسادا هاوبەشی دەکرد. هەروەها لە کۆبوونەوەکانی کۆڕی باڵای سامانی تەرخان کراو (ئەوقاف)یشدا هاوبەشی دەکرد. سەرپەرشتی کاروباری (کۆمەڵی چاکەی ئیسلامەتی)ی دەکرد. پڕۆژەیشی دادەنا بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی زانکۆی (ازهر) و دادگا ئاینییەکان. نووسراوانی ئاینی دادەنا. وتارانی ڕاستی پەرستییانەی بڵاو دەکردەوە. قورئانی پیرۆزی لێک دەدایەوە و، واتاکانی ڕۆشن دەکردەوە. لەسەر ئیسلامەتی دەکردەوە و بەرپەرچی توانج هاوێژەکانیشی دەدایەوە کە توانج و پلاریان لە ئیسلامەتی دەگرت، نامەکاری لەگەڵ زاناکانی ئیسلامدا دەکرد. دۆستایەتی لەگەڵ پیاوە باشەکانی ڕۆژئاوادا دەگرت. خۆیشی دەکوتا و ماندوو دەکرد لەپێناو چاکەکردندا، لەپێناو دەستگیرۆیی داماو و هەژاراندا، لە گیرفانی خۆیشی پارەی بۆ بەخت دەکردن.

## ئەو ڕۆژهەڵاتییەی کە ڕۆژئاواییەکان ڕێزیان لێ دەگرت!

(محەمەد عەبدە) پیاوێکی هۆشیار و ئاگادار بوو، لەبیر نواندندا سەربەست، لە تەماشاکردنی کاروباردا چاو فراوان بوو. بەگرنگترین بەرهەمی ڕۆژئاواییە ڕۆشنبیرەکان ئاشنا بوو. خوێندەوارییەکەی خۆیشی بەوە تەواو کرد کە چەند گەشتێکی کرد بەناو ئەمریکا و ئەوروپادا.

(محەمەد عەبدە) گەلێک دۆستی پەیدا کرد بوو لەناو ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕۆژئاواییەکاندا نامەکاریشی لەگەڵ هەندێک لە ڕۆشنبیرانی ئەوروپادا هەبوو، وەک: (گۆستاف لۆبۆن) و (هەربەرت سپەنسەر) و (تۆلستۆی) لەگەڵ (وێلفرێد بلەنت)یشدا دۆستایەتییەکی دڵسۆزانەی گرتبوو، ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانیاییش (ئەدوارد براون)، (شێخ محەمەد عەبدە)ی زۆر بەدڵدا چوو بوو، تەنانەت بۆ ئەوەیش هاتە میسر کە (محەمەد عەبدە) لەکاتی لێکدانەوەی قورئاندا ببینێ، لە زانکۆی (ازهر)دا!... لە ڕەوشت و کردەوەکانیدا ئەمانە دیاربوون: چاکەدانەوە، ئازایەتی، دەروون نەژادی، چاکەخوازی... کە (عرابي) لە شۆڕشەکەیدا شکا (شێخ محەمەد عەبدە)یان بەوە تاوانبار کرد کە بڕیاری دابوو (خدێوی مصر) بکوژرێ، لەسەر ئەوەی کە لە قسەی گشتی نەتەوە چوو بووە دەرەوە، خستیانە بەندیخانەوە تا لێی دەپرسنەوە لەوێدا ژیانێکی سەخت و ناهەمواری ڕابوارد، بەهۆی لێ هەڵگەڕانەوەی هەندێک لە هاوڕێکانییەوە، لەکاتی چەندوچوون



کردنی دادگاهدا. لەوەوە دڵی پڕ بوو لە پشم و قین بەرامبەر بەداگیرکەری ئینگلیز.

هەروەها (شێخ محەمەد عەبدە) سەربەست و سەرڕاست و دەروون ئازاد بوو، زۆر بەتەنگ ڕێز و سەربەرزی خۆیەوە بوو... ژیانەکەی پڕ بوو لە کار و کردەوەی ئازایەتی و نیشتمانپەروەری... جارێکیان وا ڕێک کەوت کە (خدێو عباسی دووەم) بەدەم فەرمانێکیدا بە(شێخی ازهر)[1] کە دەستێ جلوبەرگی ڕێزگیری یەکەم پلە[2] ڕەوانە بکات بۆ شێخێک کە لە زانا گەورەکان نەدەژمێررا، بەڵام پێش نوێژێکی تایبەتی (خدێو) خۆی بوو. (شێخی ازهر)یش ئەم فەرمانی خدێوەی جێبەجێ نەکرد، چونکە لەگەڵ بڕیاری کۆڕی کاروبار هەڵسووڕاندنی (ازهر) خۆیدا ڕێک نەدەکەوت. (خدێو) لەوە دڵی شکا ئنجا کە کاتی ئەوە هات (خدێو) دەست بکات بەسەر بەرزکردنەوەی زاناکانی (ازهر) (خدێو) بەهەلی زانی ئەوە بداتەوە بەچاوی (شێخی ازهر)دا، بەسەرزەنشت کردنێکەوە پێی گوت: (من پێم نەگوتیت دەستێ جلوبەرگ بۆ ئەو زانایە ئامادە بکەیت؟!). گەورەکەی (ازهر)یش زمانی تێکچوو، لە ترسدا نەیدەزانی چی وەرام بداتەوە، بەڵام (شێخ محەمەد عەبدە) مەردانە هاتە پێشەوە و لەجیاتی گەورەی (ازهر) وەرامی خدێوی دایەوە، وەرامەکەی وەرامی پیاوێکی ئازا و مافپەرست بوو، کە سەر بۆ هیچ کەسێک دانانەوێنێ، پێی گوت: (ئەو بڕیارەی کە کۆڕی کاروبار هەڵسووڕاندنی زانکۆی (ازهر) داوێتی، لەم بابەتەوە، بریتییە لە بەجێ هێنانی فەرمانی خدێو خۆی، چونکە ئەو بڕیارە بەپێی ئەو یاسایە دراوە کە خدێو خۆی پەسندی کردووە، جا ئەگەر گەورەی خۆمان دەیەوێ جلوبەرگی ڕێزگیری زانستی بەپێی فەرموودەی خۆی دابەش بکرێ، ئەوا پێویستە لەسەری کە یاسایەکی تازەیش بۆ ئەوە دەربکات، کە یاسای ئێستا هەڵوەشێنێتەوە!) کە خدێو ئەمەی لە (محەمەد عەبدە) بیست لە داخاندا دەموچاوی سوور هەڵگەڕا. ئیتر دەمودەست هەستایە سەرپێ، تا ئەوانەی لەوێ بوون بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان!...

(١) واتە: فەرمانێکی سەرزارەکی (شفهی)دا بە...

(٢) دەستێ جلی زۆر باش بەمەبەستی ڕێزلێنان.

## خوداپەرستییەکی نهێنی و چاکەکردنێکی شارراوە!

(محەمەد عەبدە) موسوڵمانێکی تەواو بوو بەڕاستییەوە ئیسلامەتی دەکرد، خوداناسی و لە خوداترسییەکی تەواو لە کانگای دڵیدا جێی بووبووەوە. باوەڕکردنەکەیشی بەخودا و ئیسلامەتی ئەمەندە بەهێز بوو بوو، ئەمەندە لە دڵ و دەروونیدا بنجی داکوتا بوو، وای لێهاتبوو کە کاروباری ئایینی بهاتایە پێشەوە، خۆی لە هەموو خۆپیشاندان و خۆهەڵکێشانێک دوور دەخستەوە تەنانەت وای لێ هاتبوو هەندێ لەوانەی کە بەڕووکەش و ڕواڵەت چەواشە دەبن، (محەمەد عەبدە)یان وا دەهاتە پێش چاو کە پیاوێکی کەمتەرخەم بوو لە بەجێ هێنانی فرمانە ئایینییەکانی خۆیدا... بوێژی نیل (حافظ ابراهیم)یش یەکێک بوو لەوانەی کە لە باوەڕی مامۆستای پێشەوا دوودڵ بوو بوون، بەڵام کە لە گەشتەکەیدا بۆ لای زرێوە، لەگەڵیدا چوو لە خۆیەوە تێگەیشت کە بەهەڵەدا چوو بوو. دوایی ناچار بوو لە یەکێک لە چامەکانی خۆیدا پەنجەی بۆ ئەو بابەتە درێژ کرد و دانی نا بەخوداناسی و لە خوداترسی (شێخ محەمەد عەبدە)دا.

هەروەها پێشەوا پڕ بەدڵ حەزی بەچاکەکردن دەکرد کە لە (میت غمر)دا ئاگر بەر بووەوە، (شێخ محەمەد عەبدە) دەمودەست دەستی کرد بەگەڕان بەناو شارەکانی میسردا، پیتاکی کۆ دەکردەوە بۆ لێ قەوماوانی ئەو ئاگرە هەروەها ئەوەیش بۆ هەمووان دەرکەوت کە هەر مووچەیەکی وەردەگرت لە دەسگای سامان تەرخانکردن (ئەوقاف) هەمووی دەبەشییەوە بەسەر هەژار و لێ قەوماواندا تا پێیشی دەکرا خۆی دەشاردەوە لەوانەی کە چاکەی لەگەڵ دەکردن... ئەوەیش سەبارەت بەوە بوو کە (چاکەخوازی) کردەوەی هەرە بڵندی بوو... (برایەتی گشتی)یش کە بوو بووە هۆی مێشک ڕوونکردنەوەی پیاوە گەورەکانی (دەروێشایەتی: تصوف)، بوو بووە چرایەکی ڕووناکیش بۆ (شێخ محەمەد عەبدە) ڕێگای بۆ ڕۆشن دەکردەوە... ئەمەیش لە سایەی (جمال الدینی ئەفغانی)یەوە دەست (شێخ محەمەد عەبدە) کەوتبوو، کە بتوانێ لە شێوەیەکی زۆر بێ هاوتادا، دەروێشایەتییەک کە هەموو کارێکی شارراوەیە و لەناو دەروونا پێکدێ، لەگەڵ پێویستییەکی تەواودا بۆ فرمان کردن بۆ کارگوزاری هەردووکیان یەک بخا و بەیەکیشیانەوە بنووسێنێ!...



## ئەو شێخەی لە بەندیخانەی ناشێتی ئەوی هێنایە دەرەوە![1]

(شێخ محەمەد عەبدە) لە ساڵی ١٨٤٩دا لە دایکبووە، ناوی گوندەکەی (محلة نصر) بووە، باوک و دایکیشی لە ساماندا مام ناوەندی بوون پێش ئەمەی بخرێتە بەر خوێندن لە مزگەوتدا لە ماڵی باوکیدا فێری خوێندنەوە و نووسین کراوە، ئنجا کە تەمەنی لە دە ساڵان تێپەڕی کردووە و قورئانیشی تەواو کردووە چووەتە مزگەوتی (أحمدي) لە (طنطا)، بۆ ئەمەی خوێندنەوەی قورئان بەتەواوەتی فێر ببێ و، دەستووری زمانی عەرەبیش بخوێنێ بەڵام پێڕەویی مزگەوتی (أحمدي) ئەمەندە سەخت و گران بوو ئەوەندەی نەما بوو کوڕەکە لێی وەڕس ببێ و پشتی لێ هەڵبکا و دەست بکات بەکشتوکاڵ کردن بەڵام باش بوو تووشی یەکێک لە لالۆکانی باوکی هات کە ناوی (شێخ دەرویش) بوو، ئەو توانی سەرکێشییەکەی لێ دوور بخاتەوە و ڕایبهێنێ بەخوێندنەوە، هەروەها ئاڕاستەیشی بکات بۆ واتا پیرۆز و بەرزەکان و، کامەرانییە گیانییەکان، لە ڕاستیدا ئەو لالۆی باوکەی، پیاوێکی سروشت دەروێشی دڵچاک بوو، بۆیەکا حەزی بەو چاکەکردنە دەکرد لەگەڵ (شێخ محەمەد عەبدە)دا... پاش ئەوە بەچەند ساڵێک (شێخ محەمەد عەبدە) لەو کارە دووا کە (شێخ دەرویش)ی لالۆی باوکی کردبووی لە دڵ و دەروونیدا گوتی: (... هەرچی تەم و خەمێکم لە دڵدا کۆ بووبووەوە هەمووی ڕەوییەوە هەر تەنیا یەک خەمم مابوو کە ئەویش ئەوە بوو ببم بەپیاوێکی خاوەن زانستی تەواو، خاوەن ڕەوشت و خووی بەرز و پیرۆزی تەواو، کەسیشم نەدۆزییەوە بۆ ئەو ڕێگەیەم ببات کە خۆم بۆ دەکوتا، ئەو پیاوە پیرە نەبێ کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە بەندیخانەی ناشێتی و نەزانییەوە دەریهێنامە دەرەوە بۆ ناو دەشتی فراوانی زانیاری...).

کارەساتی هەرە گەورەیش کە بەسەر (محەمەد عەبدە)دا هات، لە تافی کوڕێنییدا ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٨٦٦دا چووە بەر خوێندن لە زانکۆی (ازهر)دا، کە ئەودەمە بەگرنگترین بنکەی خوێندەواری دادەنرا لەناو ئیسلامەتیدا هەرچەندە سێ ساڵ لەوێدا مایەوە، بەڵام کەڵکێکی ئەوتۆی لە خوێندنەکانی ئەوێ دەست نەکەوت زۆری پێ نەچوو وازی لە خوێندنەکانی (ازهر) هێنا و ڕووی کردە خوێندنی زانستە تازەکان.

(١) لە ڕاستیدا ئەم ناونیشانە گەلێ قەبەترە لە ناوەڕۆکی باسەکە.

## دەبێتە شاگردی جمال الدینی ئەفغانی

لەو سەردەمەدا تووشی تەنگوچەڵەمەیەکی دەروونی هات وای لێ کرد واز لە خوێندن بهێنێ و، خۆیشی دوور بخاتەوە لە هەمووان، خوو بداتە دەروێشی و خۆڕاهێنان بەئەرک و ئازاراوە، بەڵام (شێخ دەرویش) ئەم جارەیش فریای کەوتەوە و، لەو تەنگوچەڵەمەیەیش ڕزگاری کرد.

خۆشبەختانە ناسیاوی لەگەڵ (سید جمال الدینی ئەفغانی)دا پەیدا کرد، کە ئەوددەمە بەلای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەسەرکردەی ئازادی و زرنگکاریی دادەنرا، جا بەسایەی ئەو ڕێگا گیانییەوە کە مامۆستاکەی (جمال الدینی ئەفغانی) پیشانی دەدا، (شێخ محەمەد عەبدە) توانی تا سەر خۆی لە ڕێگای (دەروێشی و تەنیایی و خۆ دوورخستنەوە لە جیهان) لابدا و، ڕوو بکاتە ژیانی پڕ لە کارگوزاری لەگەڵ خوێندنی زانستە جۆراوجۆرەکاندا، وەک: ڕاستی پەرستی و، ژمێرکاری و، زمان پاراوی و، کردەوە و ڕەوشت و، زرنگکاریی و، ئەو بابەتانەی لە زانکۆی (ازهر)دا هەر ناوونیشانیشیان نەبوو... بەم ڕەنگە کوڕە (ازهر)ی دەرویش سروشت، (شێخ محەمەد عەبدە) بیری وەرگەڕا بۆ لایەکی تر... ئەویش بەسایەی بیروباوەڕەکانی مامۆستا ئەفغانییەکەیەوە پێکهات، (محەمەد عەبدە)ی شاگرد تینووی خوێندن و زانیاریی و ڕاستیی بوو، ئاواتی بۆ سەردەمێکی پڕ چاکە و دادپەروەری دەخواست، ئەوەیشی لەبیر نەچوو کە لە نەخشەی نووسراوەکانیدا: (نامەی دەرامەت) کە لە ساڵی ١٨٧٤دا دەریهێنا، خۆشەویستی پڕ بەدڵی خۆی بەرامبەر مامۆستاکەی خۆی دەربڕێ....

لە هەموو شتێک گرنگتر کە لە مامۆستاکەیەوە فێر بوو بوو، ئەوە بوو کە ئارەزووی ئازادی و سەربەستی دەکرد، لەگەڵ وریابوونەوەی نەتەوەدا، لەبەر ئەوە دەستی کرد بەڕووکردنە ئاسۆیەکی دوور، خوی دایە پەیوەندییە زرنگکارییەکانی ناوەند ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بیریشی لەوە دەکردەوە کە بۆ ئەمەی ساختمانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زرنگکاری لەناو ئیسلامەتیدا سەرلەنوێ دروست بکاتەوە، دەبێ چی بکات!...



## محەمەد عەبدەی زانا و ڕۆژنامەنووس!:

لە ساڵی ١٨٧٧دا (محەمەد عەبدە) خۆی خستە پێشەوە بۆ تاقیکردنەوەی جیهانی لە (ازهر)دا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە ناوەکەی گومان برا، نامەی دان پێدانانی دەرچوونی خۆی وەرگرت، پاش ئەوە دەستی کرد بەپێ خوێندن لە (ازهر)دا، لە بابەت زانستەکانی (قسەکردن) و (زمان پاراوی) و (ڕەوشت و خوو)ەوە وانای دەگوتەوە بەشاگردەکان، بەڵام واناکانی (شێخ محەمەد عەبدە) پێڕەوییەکی تازەیان هەبوو، ژمارەیەکی زۆر گەورە شاگردی لە خۆی کۆکردەوە، جا لەم چەند ساڵەی ژیانەیدا وەک دەردەکەوێ هاتە ناو لقێکی (کۆمەڵی ماسۆنی)یەوە کە ناوی (ئەستێرەی ڕۆژهەڵات) بوو، ئەم لقە دوای کۆمەڵی هەرە گەورەی (ماسۆنی) دەکەوت کە لە (بەریتانیا)دا دامەزرا بوو، ئەوانەی شارەزای ڕاز و نهێنی زرنگکاری بوون لقەکە تیژی دەکردنە سەر ئەوەی کە بیروباوەڕی خۆیان بەیەکتر بلێن هەروەها پەیوەندییەکی یارمەتیدان و پشت گرتنیشی دەخستە ناوەندیانەوە، ئەم لقە بوو بەتۆوی (دەستەی نیشتمانی: الحزب الوطني)، کە لەوە دوا پایەیەکی گەورە و بەرزی دەستکەوت.

لە ساڵی ١٨٧٩یشدا (محەمەد عەبدە) بوو بەمامۆستای مێژوو لە خوێندنگای (دار العلوم)دا، هەروەها بوویش بەمامۆستای وێژە لە (خوێندنگای زمانەکان)دا کەچی لە (ازهر)یشدا واناکانی خۆی هەر دەگوتەوە!... لەو سەردەمەدا (محەمەد عەبدە) خووی دایە ڕۆژنامەگەری، کە لەوەپێش مامۆستاکەی (جمال الدینی ئەفغانی) لە لای شیرینی کرد بوو، لە سەرەتای فەرمانداری (خدێو تۆفیق)دا (محەمەد عەبدە) کرا بەسەرنووسەرێک لە ڕۆژنامەی فەرمانڕەواییدا، بەڵام زۆری پێ نەچوو پیاوە ئایینییە (ازهر)ییەکە بوو بەسەرنووسەری ڕۆژنامەکە ئیتر لەوساکەوە ڕۆژنامەکە گۆڕرا و کەوتە بارێکی تازەوە هەر لەوێوە (محەمەد عەبدە) ئامانجی دەرکەوت کە دەیویست لە کۆڕی ئایین و کردەوە و ڕەوشتدا پێشکەوتن و ڕاستکردنەوەیەک پێک بهێنێ و دابمەزرێنێ، ئەو لەناو ڕۆژنامەکەدا هەم چاکەخواز بوو، هەم مامۆستا بوو تێدەکۆشا بۆ بەرزکردنەوەی بارستایی نەتەوەکەی، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوشت و خودی، بۆ وریاکردنەوە و ڕاپەڕاندنی لە کۆڕی کۆمەڵایەتیدا، لە شێوەیەکی شێنەیی و لەسەرخۆدا. (شێخ محەمەد عەبدە) باوەڕی وابوو کە وریاکردنەوەی نەتەوە سەرناگرێ، تا سەرکردەکان ڕێگەی پەروەردەکردن و پێ خوێندن نەگرن لەگەڵ نەتەوەدا، ئەو نەیدەویست ڕێگەی چاولێکەری ڕۆژئاواییەکان بگیرێ بێ

ئەمەی تەواو لە پێشکەوتنەکەیان تێبگەن و، پەی بەڕازی سەرکەوتنەکەیان ببەن هەروەها نەیشی دەویست ڕێگەی هۆگربوون بەڕووکەشی پێشکەوتنی کەرەستەی (مادی)یەوە بگیرێ و، کەچی لە پێشکەوتنی گیانی ڕاستەقینەی نەتەوە دوور بخرێتەوە!.

## شێخ محەمەد عەبدە و شۆڕشی عرابی

پاش ئەوە هەڵگەڕانەوەی ساڵی ١٨٧٩ ڕووی دا، کە کاربەدەستی (وزارة)ی (نۆبار) و کاربەدەستییە ئەوروپاییەکانی تر سەر ئەنگرێ بوون هۆی ئەوەیش ئەوە بوو کە لەشکری میسر بەسەرکردەیی (عرابي) یەوە هەڵگەڕانەوە لە ئەفسەرە تورک و چەرکەسەکانیان... (محەمەد عەبدە) لە سەرەتای کاردا لایەنگیری (عرابي) نەبوو. چونکە ئەوی بەخاوەن بیروباوەڕێکی سەربازانە دادەنا... ئەوەی (محەمەد عەبدە) دەیویست ئەوە بوو کە یاسایەکی فەرمانداری دابمەزرێ، شان بەشانی ڕاستکرنەوەیەکی پێشکەوتووانەی کاروباری ناوەوە. ئەوەیش بەهۆی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و پەروەردەکردنی کردەوە و ڕەوشت و زرنگکاری ڕاستەقینەوە جێبەجێ بکرێ، بەڵام بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ دەستوورێکی سەربەست و ئازاددا بگونجێ، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کارەسات و گۆڕرانییەوە، (شێخ محەمەد عەبدە) هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە کە زوو بەزوو خۆی بگەیێنێتە شۆڕشگێڕەکانی سەر بە(عرابي) و کۆمەکییان بکات؛ کە ئەوەندەی پێ نەچوو بووە یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو کەسانەی کە کاروباری فەرمانڕەواییە نیشتمانییەکەیان دەبرد بەڕێوە جا لەو سەردەمەدا کە کاربەدەستی (بارودی) هاتە پێشەوە و، ئینگلیزەکان هەڵیانکوتایە سەر (اسکندریە) و، لەشکری ئینگلیز و میسر بەگژیەکدا چوون... لەو سەردەمەی ژیانی شۆڕشەی میسردا، (شێخ محەمەد عەبدە) بەهەموو کوڵی دڵییەوە خەباتی دەکرد لەپێناو سەربەستی نەتەوەی میسر و سەربەخۆیی میسردا، چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوەدا.



## خەباتێک لە فەرەنسە و ئینگلتەرەدا!

لەپاش کوژانەوەی شۆڕشی (عرابي)، (محەمەد عەبدە)یان تاوانبار کرد بەگەلە کۆمەکێ کردن لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشدا. لەسەر ئەوە بڕیار درا و خستیانە بەندیخانەوە بۆ ماوەی سێ ساڵیش لە میسر دووریان خستەوە.

ئەویش (سوریە)ی کرد بەجێ ئاوارەیی خۆی، لە ساڵی ١٨٨٣دا چووە ئەوێ بەڵام زۆر لەوێ نەمایەوە چونکە (جمال الدینی ئەفغانی)ی مامۆستای ناردی بەشوێنیدا کە بگاتە لای بۆ (پاریس) ئەویش چوو. لە ساڵی ١٨٨٤دا بۆ یەکەم جار پێی نایە خاکی فەڕەنسەوە لەوێدا لەگەڵ مامۆستاکەیدا دەستیان کرد بەفرمان کردن، کۆمەڵێکیان دامەزراند لەگەڵ گۆڤارێکدا ناویان نا (العروة الوثقي) واتا قوڵفەی توند ئامانجیان ئەوە بوو هەموو لایەک بانگ بکەن بۆ گەلە کۆمەکێی ئیسلامەتی بۆ پاراستنی ڕۆژهەڵات، بۆ بەرەنگاری کردنی زەبر بەدەستی بێگانە و، سەرکێشی ناوخۆیی، هەروەها بۆ ڕزگارکردنی میسر لە دەست داگیرکەری بەریتانیا، بەجۆرێکی تایبەتی، (العروە)یش یەکەم گۆڤارێکی عەرەبی بوو کە تا ئەودەمە لە ئەوروپادا دەرچووبێ. ژووری نووسینەکەیشی بوو بووە یانەیەک بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتییەکان، چ ئەوانەی لەوێدا دەژیان، چ ئەوانەی هاتوچۆی فەڕەنسەیان دەکرد لەوێدا ئەمانەت چاو پێدەکەوت: (جمال الدین)، (محەمەد عەبدە)، ڕۆژنامەنووسی شۆڕشگێڕ (یعقوب صنوع)، (میرزا باقر)ی فارسیش کە ڕەوشت و خوویەکی سەیر و جیاوازی هەبوو!...

وا دەردەکەوێ کە (محەمەد عەبدە) لەم جارەیدا نەیتوانی بەژیانی ناو (پاریس)ەوە ڕابێ. یاخود فێری زمانی فەڕەنسری ببێ، چونکە هەموو ڕۆژەکەی خۆی بەوەوە بەخت دەکرد کە لەگەڵ گۆڤارەکەدا خەریک ببێ لە ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەولاوە کەسی تری چاو پێ نەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەیشدا توانی لە سەرەتای هاوینی ١٨٨٤دا سەرێک لە ئینگلتەرەدا بدات، لەوێ (ویلفرێد بلەنت)ی دۆستی پێشوازی کرد لە چاوپێکەوتنی هەندێک لە پیاوەگەورەکانی زرنگکاریی و ئەندامەکانی کۆڕی نەتەوەی بەریتانیادا یارمەتیی (شێخ محەمەد عەبدە)ی دا. هەروەها لەوەیشدا کۆمەکی کرد کە دەنگی بگەیێنێتە خوێندەواران و تێگەیشتووانی بەریتانیا، لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە.

بەڵام گۆڤاری (العروة الوثقي) زۆر نەژیا. چونکە ئینگلیزەکان نەیاندەهێشت بەناو خاکی عەرەبدا بڵاو ببێتەوە.

## کۆمەڵێکی نهێنی بۆ نزیک خستنەوەی ئایینەکان لە یەکتری!

(محەممەد عەبدە) ناچار بوو لە ساڵی ١٨٨٥دا پاریس بەجێ بهێڵێ و بچێ بۆ بێروت، ئەوەدەمە بێروت بەبنکەی خوێندەواریی عەرەب دادەنرا لەوێدا لە خوێندنگای (سلطانية)دا واناگوتنەوەی پێ سپێررا، لەوێدا وانا بەناوبانگەکانی خۆی گوتەوە لە بابەت زانستی زمان پاراوییەوە... ئەو وانایانە بوونە بنچینەی ئەو نووسراوانەی کە بەناوی (نامەی یەکێتی خودا)وە نووسییەوە، لە بێروتدا هەر هەلێکی بۆ هەڵبکەوتایە بەکاری دەهێنا، بۆ ئەمەی هۆی دواکەوتنی ڕۆژهەڵاتییەکان پیشانی هەمووان بدات داوای لێ دەکردن کە لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی سەر بەمرۆڤایەتیدا بکەن. کە بەتەنگ بیروباوەڕەکانی ڕەوشت و خوو و پەروەردەکردنی ئایینییەوە بن... بەڵام خەباتەکەی هەر لە کۆڕی فێرکردندا نەبوو... کۆمەڵێکی ئایینی نهێنیشی دامەزراند، کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوە بوو: هەر سێ ئایینە گەورەکە، (ئیسلامەتی) و (مەسیحێتی) و (موسایی) نزیک بخاتەوە لە یەکتری. قەشە (اسحاق تایلەر) کە سەرپەرشتیاری کلێساکانی گاورە ئینگلیزەکان بوو، هاتە ناو کۆمەڵەکەیانەوە ئەم قەشەیە چەند وتارێکی لە ڕۆژنامەکانی (لەندەن)دا بڵاو کردەوە، بەگیانێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە لە ئیسلامەتی دەدوا...

وا دەردەکەوێ کە خەباتی (محەممەد عەبدە) لەم کۆمەڵەدا، لە تورکیادا لە ڕووی زرنگکارییەوە، وا لێک دەدرایەوە کە پێچەوانەی کەڵک و چاکەی (جێنشینی عثمانی)[1] بێ، ئەم کارە کارێکی وای کرد لە (خونکار عبدالحمید) کە تێبکۆشێ فەرمانڕەوایی بەریتانیا لە (شێخ محەممەد عەبدە) خۆش ببێ و، بڵێ بێروت بەجێ بهێڵێ!...[2]

(١) جێنشین: خەلیفە.

(٢) وەک دەردەکەوێ هەر ئەم ڕووکارگرتن –توجه– انەی شێخ بووە کە ئەم و جەمالەدین و کەسانێکی دی، سەر بەماسۆنییەت بوون.



## هەمووەدەم بۆ دەروون ئازادی و سەربەستی بیر و، ژین تازەکردنەوە تێدەکۆشا!

(محەممەد عەبدە) لە ساڵی ١٨٨٨دا گەڕایەوە میسر، لەوێ کرا بەدادگەر لە دادگا ئایینیەکاندا پاش ئەوە کرا بەڕاوێژکار لە دادگای تێ هەڵچوونەوە (محكمة الاستئناف)دا لەو دوو فرمانەدا سەربەخۆیی بیری خۆی دەرخست هەر بڕیارێکیشی دەربکردایە، ئامانجی ئەوە بوو: نەتەوە پەروەردە بکا و ڕابهێنێ بەدادپەروەرییەوە، تا دەروونی وریا بکاتەوە بۆ جوێکردنەوەی چاکە لە خراپە و پاراستنی مافی خۆی، کە ناوەند خێزانەکان چاک بکاتەوە و ئاژاوەیان لەناودا نەهێڵێ.

پاش ئەوە کرا بەئەندامێک لە کۆڕی کاروبار هەڵسووڕاندنی زانکۆی (ازهر)دا بەهەموو کوڵی دڵییەوە تێدەکۆشا بۆ بەرزکردنەوەی بارستایی خوێندەواری و ژیان و کردەوە و ڕەوشت لە زانکۆکەدا. جا بۆ ئەمەی بگات بەو مەبەسەی خۆی، پڕۆژە چاکەخوازییە بەناوبانگەکەی خۆی دانا، کە ئەوەندە تەگەرەی لێ درا و، بەرهەڵست خرایە بەردەمی، هەرچەندێکی کرد بۆی جێبەجێ نەکرا و، نەبرایە سەر. زۆری پێ نەچوو کرا بەبڕیاردەر یاخود واتەبێژ (مفتي) لە خاکی میسردا ئەو کاتە ساڵی ١٨٩٩ بوو. (شێخ محەممەد عەبدە) سامێک و شۆخوشەنگییەکی بەو پایەیە بەخشی، ئەو هەر بەوەندە وازی نەدەهێنا کە بڕیاردەر بکات، یاخود واتە بدات لەو کەینوبەینانەدا کە دەخرانە بەردەمی، بێجگە لەوە دەسەڵات و فرمانی ئەو پایە گەورەیەیشی پەرەپێدا و فراوانتر کرد، هەر لەو سەردەمەیشدا وانای دەگوتەوە لە بابەت لێکدانەوەی قورئانەوە، تەماشای هەر وشەیەکیت دەکرد پڕ بوو لە گیانێکی باو و بانگ کردنێک بۆ خۆ ئازادکردن، بۆ ژین تازەکردنەوە.

واتە بەناوبانگەکانی (محەممەد عەبدە) کە دەریهێنان بۆ ئەمەی کاریان پێ بکرێ سیان بوون، لە واتەی یەکەمیاندا: ڕێی موسوڵمانەکان دەدات کە پارەی خۆیان کۆ بکەنەوە، هەروەها سوود و دەستکەوتیشی لێ وەربگرن.

لە واتەی دووەمیاندا: ڕێی موسوڵمانەکان دەدات کە لە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانە بخۆن کە بەدەستی خاوەن ئایینەکانی تر کوژرا بن....

سێهەم واتەیشیان: ڕێی موسوڵمانەکان دەدات کە جلوبەرگی جێگاکانی تر لەبەر بکەن!...

جا ئەم واتانە بوونە هۆی پەیدابوونی گەلێک دەمەقاڵێ و مقۆ مقۆ. پیرەئایینییە کۆنەپەرستەکانیشیان ورووژاند و وەڕس کرد، بەهۆی ئەو واتانەیشەوە (شێخ محەممەد

عەبدە) تووشی گەلێک ناووناتۆرە هات و بەدناویش کرا، بەڵام ئەو توانج و پلارانە زۆرجار لەبەر دڵسۆزیی بۆ ئایینەکە نەبوو!... ئەوەندە هەیە واتەکانی (شێخ محەمەد عەبدە) هەموویان ئارەزووی چاو لێ پۆشین و سنگ فراوانییان تێدا دیار بوو، سەربەخۆیی (محەمەد عەبدە)یان لە بیروباوەڕدا پێشان دەدا. دووربوون لە شتی چاولێکەرییەوە گیانی ئیسلامەتی و پێویستی ژیانی ئەم چەرخەیشیان پێکەوە دەسازاند.

لە ١٨٩٩/٦/٢٥دا (محەمەد عەبدە) کرا بەئەندامێک لە (کۆڕی ڕاوێژکاریی یاسا)دا. ئەویش لەسەر ئەو ڕێگایە ڕۆیشت کە بیروباوەڕی گشتی میسر پەروەردە بکات، کە نەتەوەیش ڕابهێنێ بەلێکۆڵینەوەی وردەوە، بەخۆ دوورخستنەوەوە لە کەینوبەینەی خۆیی و کەڵکی تایبەتیی، بەتێکۆشین بۆ دەستکەوتنی کەڵک و چاکەی نیشتمانیی گەورە گەورە.

(شێخ محەمەد عەبدە) بەهۆی ئەو (کۆمەڵی کەڵک و چاکەی ئیسلامەتیی)یەوە کە خۆی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرە کۆنەکانی خەباتی دەکرد بۆ پێکهێنانی ڕاستکردنەوەیەکی باری ڕەوشت و خوو و کۆمەڵایەتی، گیانی پشت بەخۆبەستنی لەناو موسوڵمانەکاندا زیندوو دەکردەوە و هانەی دەدان بۆ کۆمەکی و یارمەتیدانی یەکتری تیژیشی دەکردنە سەر دەستگرتنی هەژاران. ئەوەیش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی خوێندەوارییەوە لەناویاندا، لە ڕێگەی ڕۆشنکردنەوەی بیر و هۆش و مێشکیاندا.

دەنگی (شێخ محەمەد عەبدە) یەکەم دەنگ بوو کە لە میسری تازەدا بەرز بووەوە و، بانگی دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، تا چینەکان بەخۆشییەوە پێکەوە دابمەزرێن و ئاژاوەیان نەکەوێتە ناوەوە... دامەزراندنی خوێندنگای (دادگەریی ئایینی)یش بەسایەی (شێخ محەمەد عەبدە)وە پێکهات... هەروەها دەستپێکردنی ڕاستکردنەوەی کاروباری دادگای ئایینییش بەهونەری ئەوەوە پێکهات، (شێخ محەمەد عەبدە)یش بوو کە (کۆمەڵی زیندووکردنەوەی نووسراوە عەرەبییە کۆنەکان)ی دامەزراند.



## تێکچوونی پێشەوا و کاربەدەستێکی فەڕەنسزی!

وا ڕێک کەوت لە ساڵی ١٩٠٠دا کاربەدەستی دەرەوەی فەرەنسە (جیبریل هانوتو) وتارێکی لە ڕۆژنامەی (ژوڕنال)ی پاریسیدا بڵاو کردبووەوە، کە ناوی: (ئێمە و موسوڵمانەکان و کەینەوبەینەی ئیسلامەتی) بوو، ئنجا کە وتارەکە خرایە سەر زمانی عەرەبی، لە ڕۆژنامەی (المؤید)دا، دەستبەجێ مامۆستای پێشەوا بەرپەچی دایەوە، لەوەدا کە گوتبووی: لە بابەت سروشتی خودا و، چارەنووس و، سەربەستیی کردەوەوە، جیاوازییەکەی هەیە لە ناوەند ئایینی ئیسلام و گاووردا، هەروەها لەوەیشدا بەرپەچی دایەوە، کە گوتبووی سامییەکان و ئارییەکان پێچەوانەی یەکترن. لەدوایی وتارەکەیشیدا گلەیی لە (جیبریل هانوتو) کرد بوو، کە ویستبووی بەهۆی زانیارییە مێژووییەکانیەوە کار بکاتە دڵی فەڕەنسزەکان کە زۆربەیان لە ڕاستیی ئیسلامەتی تێنەگەیشتبوون!.

پێشەوا ئەم وەرامدانەوەیەی ناوبانگی دەرکرد هەروەها وەرامێکی تریشی ناوبانگی دەرکرد، کە بەرپەچی (فرح انطوان)ی دابووەوە کە لە وتارەکەیدا کە لە بابەت ڕاستی پەرست (ابن رشد)ەوە نووسیبووی، گوتبووی: (ئایینی مەسیحی لە ئایینی ئیسلامی سنگی فراوانترە، لە بەرەو ڕووی زانایان و ڕاستیی پەرستاندا)!...

## بانگی دا بۆ دامەزراندنی زانکۆی میسر:

(محەمەد عەبدە) هەر لە ساڵی (١٩٠٥)ەوە دەستی کرد بەبانگ ڕاهێشتن بۆ دامەزراندنی زانکۆیەکی شارستانی بەتەنشت زانکۆی (ازهر)ەوە هەر بەبیرکردنەوە وازی نەهێنا، پرۆژەی زانکۆی میسری خستە گەڕ، (ئەحمەد المنشاوی پاشا)ی خستە سەر ئەوەی کە پارچە زەوییەک لە دێیەک لە دێیەکانی نزیک شاری (قاهرە) تەرخان بکات بۆ ساختمانی زانکۆکەکە. بەڵام مردنی (ئەحمەد المنشاوی) تەگەرەی لە پرۆژەکە دا کە لە ١٩٠٥/٧/١١دا (شێخ محەمەد عەبدە) گیانی پاکی بەخاک سپارد لە تافی چست و چالاکی خۆیدا بوو... ئەو مردنە بووە شینێکی گشتیی بۆ هەموو خاکە موسوڵمانەکان... لەسەر گۆڕەکەیشی ئەمە نووسرا: (ژیانی «محەمەد عەبدە» پەنجا و حەوت ساڵ بوو، بەشێکی لە فێربووندا بەخت کرد بەشی ناوەڕاستی لە فێرکردندا بەخت کرد بەشی دواییشی لە بەرزکردنەوەی ئایینی ئیسلام و کەڵکی موسوڵمانناندا بەخت کرد).

## محەمەد عەبدە و زرنگکاریی

ئەو چەرخەی (محەمەد عەبدە)ی تێدا دەژیا، چەرخێکی پڕ لە کارەسات بوو چەرخێکی دەمار بزوێن بوو (شێخ محەمەد عەبدە)یش پەیتا پەیتا بیروباوەڕی خۆی دەنواند لە بابەت گیروگرفتە گەورەکانی ئەو سەردەمەوە، چ لە بابەت زرنگکارییەوە، چ لە بابەت کۆمەڵایەتییەوە... ئەو لە سەرەتاوە پشتیوانیی یاسای دیموکراتیی خاوەن کۆڕی نەتەوەی دەکرد، بەڵام کارەساتانی زرنگکاریی، ئەوەندە لە میسردا ڕوویان دا، مامۆستای پێشەوایان ناچار کرد، کە لەو بابەتەوە بیروباوەڕی خۆی بگۆڕێ چونکە بەدکرداریی فەرمانڕەواییەکان و، ناشێتیی نەتەوە و، ئاژاوەی بیر و هۆش و، پەستیی کردەوە و ڕەوشتی گشتی، کە لەپاش داگیرکردنی ئینگلیزەکانەوە پەیدا بوو بوو، لەگەڵ ڕووخانی زرنگکاریی (جمال الدینی ئەفغانی) کە بۆ ئازادکردنی نەتەوە ئیسلامەکانی دانا بوو لە دەست داگیرکەرەکان... ئەم کارەساتانە هەموویان کاریان کردە سەر دڵ و دەروونی نیشتمانپەروەری خاوەن هۆش وایان لێ کرد کە لە ئاسۆیەکی دوورەوە نموونەیەکی تر ببینێ بۆ فەرمانداریی کە لە یاسای دیموکراتی باشتر بەکاری خاکی (میسر) بێت، زووتریش ئەنجام بدات بەدەستەوە بۆ هاتنە دی ئاواتەکانی خۆی لە بابەت ڕاستکردنەوە و چارەکردنی کاروبارەکانەوە. ئیتر لەوساکەوە بیروباوەڕی پێشەوا، وردە وردە بەلای ئەوەدا دەچوو کە میسر پێویستیی بەیاسایەکی تایبەتی هەیە کە وەک جۆرە فەرمانداریییەکی دەسەڵات بەرەڵڵا وا بێت... لەم بابەتەیشەوە قسەیەکی بەناوبانگی هەیە کە فەرموویەتی: (بەسەرداریێکی دادپەروەری دەسەڵات بەرەڵڵا نەبێت، ڕۆژهەڵات بەکەس وریا ناکرێتەوە و پێش ناکەوێ!).

بەلای (شێخ محەمەد عەبدە)وە وابوو، کە ڕاستکردنەوەی کردەوە و ڕەوشت، دەبێ پێش ڕاستکردنەوەی کاروباری زرنگکاریی بکەوێ تەنانەت ئەگەر کردەوە و ڕەوشت ڕاست کرایەوە ئیتر پێویست بەڕاستکردنەوەی کاروباری زرنگکاریی ناکات... چونکە ئەوساکە کاروباری زرنگکاریی لە خۆیەوە ڕاست دەبێتەوە... ئەو ڕێگایەیش کە بۆ ڕاستکردنەوەی کاروباری زرنگکاریی داینا بوو، پەروەردەکردن بوو واتا ئامادەکردنی بەرەیەکی تازە بوو، کە لە توانایدا هەبێ ئەو فرمانە بەجێ بهێنێ کە دەخرێتە سەرشانی، کە ئەویش زیندووکردنەوەی گیان بوو لەناو کۆمەڵایەتی میسردا... ئەوەندە هەیە بەلای (شێخ محەمەد عەبدە)وە وابوو کە ئەو وریاکردنەوەی نەتەوەیە بەهیچ شتێک سەرناگرێ، بەوە نەبێ کە



فەرمانداریێکی بەچنگی سەر ڕاستی، دادپەروەری، ئازای، زانای، کارگوزاری، ڕۆشنبیر، کاری گشتی بکەوێتە دەست و هەڵی بسووڕێنێ[١].

(شێخ محەمەد عەبدە) بڕوای وابوو کە دەبێ دەسگای فەرمانڕەوایی بەتەواوەتی پاک بکرێتەوە لەو فەرمانبەرە کاربەدەستانەی کە دەروون کزن کە زرنگکارییان کردووە بەپیشەیەک بۆ خۆیان بەمەبەسی خۆ ژیاندن، کە ساردوسڕ و سەرشۆڕن، کە کلکەلەقێ و مێچکە مێچکە دەکەن بۆ خاوەن دەسەڵاتان کە هەر قسە دەکەن و کردەوەیان دیار نییە... بۆ ئەمەی ڕێگا بدرێ بەوانەی خاوەن کاروکردەوەی مەردانەن، خاوەن هۆش و هونەرمەندن، خاوەن دەروونی زیندوون، بێنە سەر کاروباری گشتی و نەتەوە بەجوانی و پێشکەوتوویی ببەن بەڕێوە، بەلای (شێخ محەمەد عەبدە)وە وابوو کە نواندنی نەتەوە لە کۆڕی نەتەوەدا بەو چەشنەی کە لە خاکەکانی ڕۆژئاوادا باوە، بەکاری هیچ نایەت، تا نەتەوە هەمووی پێکەوە قسەی خۆی نەکات بەیەک و، بۆ یەک ئامانج تێنەکۆشێ، تا هەموو هاونیشتمانەکان خۆیان بەخت نەکەن لە پێناوی کەڵکی گشتیدا، لەبەر ئەوە تا نەتەوە بەپارچە پارچەیی بمێنێتەوە و، هەر کەسە خەریکی بەزمی خۆی بێ... تا دەستە زرنگکارییەکانی لە کردەوەکانیاندا خەریکی خۆپەرستیی بن و، هەر بۆ کەڵکی خۆیان خەریک بن... تا تاکەکانی بەرە جوێ جوێکان دوور بن لە وریایی و ئاگادارییەوە دەربارەی نەتەوە و نیشتمان، دوور بن لە گیانی نیشتمانپەروەرییەوە... تا ئەم باری نەتەوەیە بەم ڕەنگە بێ کە هەیە نواندنی نەتەوە لە کۆڕی نەتەوەدا بەکاری هیچ نایەت، هەر بریتی دەبێ لە شتێکی پڕوپووچ، لە قسەیەکی بێ سەر و پێ!....

## ڕاستیپەرستیی محەمەد عەبدە لە بابەت کۆمەڵایەتی و ئایینەوە

(شێخ محەمەد عەبدە) کە بنج و بناوانی کۆمەڵایەتی و سروشتی کۆمەڵایەتی لێک دەدایەوە، سێ بیروباوەڕی بنچینەیی تێدا دیاردی دەکرد:

(یەکەم): ئەو ئارەزووی کۆبوونەوەیەی کە (ئەرەستوو) لە نووسراوەکەی خۆیدا (زرنگکاریی) لێی دوواوە، ئەمیش ئەو ئارەزووەیە کە پاڵ بەهەموانەوە دەنێ بۆ کۆبوونەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی لەمەدا (شێخ محەمەد عەبدە)یش لەگەڵ (ئەرەستوو)دا ڕێک دەکەوێ: کە فەرمانڕەوایی هەر بەهۆی ئەوەوە پەیدا نەبووە کە ئەم نەتەوە چاوی لەو

(١) لێرەدا بەئاشکرا تارمایی ڕاوبۆچوونەکانی (ئەفلاتون و فارابی) بەفیکرەکانی عەبدەوە دیارە کە لە (کۆماری ئەفلاتون) و (المدینة الفاضلة)ی دووەمدا خستوویانەتە ڕوو.

نەتەوە کرد بێ و دوای باوی داهێنراو کەوتبێ؛ بەڵکو بەهۆی ئەوەیشەوە پەیدا بووە کە فەرمانڕەوایی لە کانگای سروشتی مرۆڤایەتیدا ڕەگی داکوتاوە.

(دووەم): بەراوردکردنی کۆمەڵ لەگەڵ لەشێکی زیندوودا ئەم بەراووردکردنەیش باوە لەناو نووسراوە ڕاستی پەرستییەکانی کۆندا.

(سێیەم): ئایین هەر لە خۆیەوە لە سروشتی ئادەمیزاددا هەیە و بنجی داکوتاوە ئەم ئایینەیش پێویستە ببێ، تا کردەوە و ڕەوشتی پاک بمێنێتەوە و هەر لە ئارادا بێ، تا کۆمەڵایەتییش لە دەرد و ئازاری ڕۆژگار بپارێزرێ.

مامۆستای پێشەوا لەسەر بنچینەیەکی جۆرە ڕاستی پەرستییەکی مێژوویی ئیسلامەتی هێناوەتە پێش چاوی خۆی، پێشبینییەکەی ئەو، ئەو ڕێگا دوورودرێژە سەختەمان پێشان دەدات کە مرۆڤایەتی گرتویێتیە بەر لە باوەڕەکانی خۆیدا، تا دوایی گەیشتۆتە ئایینێکی دروست و تەواو کە ئەویش (ئایینی ئیسلام)ە، بەلای (شێخ محەمەد عەبدە)ەوە وایە کە کۆمەڵەی مرۆڤ بەسایەی ئەو کارەسات و تاقیکردنەوانەی پێشوویەوە لەم دواییەدا گەیشتۆتە تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی خۆی بۆیەکا ئایینێکی وا دەرکەوتووە کە گفتوگۆ لەگەڵ هۆشدا دەکات و هۆشیش دەکات بەهاوبەش لەگەڵ هەست و تاسەدا، بۆ ئەمەی ڕێگا پێشانی مرۆڤ بدەن بۆ کامەرانیی ئەمە جیهان و ئەوە جیهانی، ئەو ئایینە توانی هۆش و سروشت لەگەڵ یەکتردا یەک بخات و بسازێنێ کە هەر لەبەر ئەمە بووە ناویان ناوە (ئایینی سروشتی) یان (ئایینی سەرەتایی).

ئیسلامەتییش تا دوا ئەندازە بەئایینێکی سەر بەهۆش دادەنرێ، بەلای مامۆستای ڕاستیپەرستیشەوە وایە، کە لەبەر ئەوەیە (ئایینی ئیسلام) توانیویێتی مێشک لە بەندیخانەی چاولێکەری ڕزگار بکات، جووڵەی ڕاستکردنەوەی ئایینیش کە (شێخ محەمەد عەبدە) لە جیهانی ئیسلامەتیدا، ناوبانگی پێ دەرکرد بوو لەناو مێشکی مامۆستای چاکەخوازدا، هەر بریتی بوو لە هۆیەک کە بۆ ئامانجێک دەچوو... ئەو ئامانجەیش بریتی بوو لە: (ڕاستکردنەوەی کردەوە و ڕەوشت)!.



## مافی ڕۆشنبیری سەربەست ئاشکرا دەکات!

هەر لەو ڕۆژەوە (محەمەد عەبدە) لە (ازهر)دا دەستی کرد بەخوێندن و، مامۆستاکەی (جمال الدینی ئەفغانی) کاری لە دڵ و هۆشی کرد، خووی دایە خوێندنەوەی ڕاستی پەرستیی هۆش و، خوێندنەوەی ڕاستی پەرستیی ئیسلامەتی کۆن کە (زانستی قسە)ی پێ دەڵێن، واتا (زانستی قسەی خودا)... دڵی دایە ڕاستی پەرستیی (ابن سینا) و ڕاستی پەرستیی دەروێشایەتی ناو ئیسلامەتی. (محەمەد عەبدە) بەلای هاوچەرخەکانی خۆیەوە بەڕاستی پەرستێکی ڕاستەقینە دادەنرا، واتا بەتێگەیشتوویەک لە تێگەیشتووەکانی ئیسلام دادەنرا... (ویلفرێد بلەنت)یش کە لە هەموو ئەوروپاییەکانی تر زۆرتر شارەزای (شێخ محەمەد عەبدە) بوو، ناوی (محەمەد عەبدە)ی نابوو: (ڕاستی پەرستی گەورەی نیشتمانپەروەر).

یەکەم هەنگاوی (محەمەد عەبدە)ی ڕاستی پەرست ئەوە بوو: دەروونی وریا دەکردەوە، دڵی دەبزواند ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو کە خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمەی نیشتمانەکەی کورتبین و دەم دەمیی بوون، لە بیروباوەڕەکانیاندا حەزیان لە هەڵسەنگاندن و نرخ دانان نەدەکرد دەربارەی هیچ بابەتێک. مقۆ مقۆ و دەمەقاڵییەکانیشیان بێ بەر بوون، لەبەر ئەوە بێزاری خۆی نواند دەربارەی ئەو بارەی ئەوان تێیدا بوون هەروەها مافی (ڕۆشنبیری دەروون ئازاد)یشی ئاشکرا کرد. هەرچەند قسەی بکردایە، یاخود نووسراوی دەربکردایە وازی لە هوروژم هێنان نەدەهێنا بۆ سەر (چاولێکەری)، واتا چوونە سەر بیروباوەڕی کەسانی تر، بێ لێکدانەوە، بێ چەند و چوون کردن لەگەڵ خاوەنەکانیاندا تا بەڵگە بهێننەوە بۆ ڕاستیی قسەکانیان جا هەر لەبەر ئەمە بوو کە هەموو دەم دەیانبینی بۆ ئەوە تێدەکۆشا کە بیروباوەڕی (بیروباوەڕ دەربڕین) بخاتە مێشکی خوێندەوارەکانەوە، واتا زانا ئایینییەکان. لەوەدا تا ئەو ئەندازەیەیش هەستی خۆی دەربڕی کە ئەگەر لێکۆڵینەوە نەکرێ و، سەرنجی قووڵ لە کاروباری ئایینی نەدرێ وەک نە (باوەڕی) هەبێ و نە (ئایین) هەبێ وایە لەگەڵ ئەوەیشدا (شێخ محەمەد عەبدە) پڕ بەدڵ دڵنیا بوو کە ئەگەر ئایین و زانست باش تێبگەیێنرێن بەهیچ کلۆجێک ناکۆکی و شەڕوشۆڕ ناکەوێتە ناوەندییانەوە لە ڕاستیدا (محەمەد عەبدە) لەوەدا لەگەڵ کەسانی تری ناوچەکەی خۆیدا نەدەگونجا واتا بەدڵی ئەوان نەدەجووڵایەوە چونکە ئەوساکە ئەوانە بەلای ئەوەدا دەچوون کە هۆش جیاوازە لە ئایین، بیروباوەڕی زۆربەی کەسانی ئەو سەردەمە ئەوە بوو کە ڕاستی پەرستی کۆڕی خۆی هەیە،

ئایینیش کۆڕی خۆی هەیە، ئەگەر بێتو سنووری ناوەند هەردوو لایان تێکبدەین هیچ کەڵکێک دەست هیچ لایەکیان ناکەوێ!... بەلای (شێخ محەمەد عەبدە)یشەوە وا بوو کە ڕاستی پەرستی ئەوەیە: داوای ڕاستی و دروستی و چاکە بکرێت، چ لە باوەڕی و ئایینداء چ لە کردەوە و فرمان کردندا. (قسەکردن)یش ئەو زانستەیە کە هۆیەک بۆ دەروونی مرۆڤایەتی پەیدا دەکات بۆ ئەمەی بگات بەماف و، بەڕاستی و دروستی و، بەباوەڕ. (محەمەد عەبدە) دەریدەبڕی کە: (ئەو کەسە کەڵک لە زانستی قسە وەردەگرێ کە خاوەن بیر بێ، چونکە زانستی قسە خۆیشی زانستی بیرکردنەوەیە، هەر بیرێکیش بەسترا بێ بەخووەکانەوە و، بوو بێتە بەندەی چاولێکەری بەبیرێکی مردوو دادەنرێت، نە جێگە و ڕێگەی هەیە، نە ژیان!).

## محەمەد عەبدەی نرخ دانەر

پێشەوایەتی بیرکردنەوە لە میسردا، لە سەرەتای ئەم چەرخەدا هەر بۆ مامۆستا (محەمەد عەبدە) مایەوە دەستی دابووە تازەکردنەوەی ئایین، ڕاستکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتی، مامۆستا (محەمەد عەبدە) لە ڕاستیدا پیاوی زانست و کار بوو، پیاوی جیهان و ئایین بوو... چونکە دەستی کرد بوو بەهوروژم بردن بۆ سەر ئەو ڕەوشت و خووانەی کە پێچەوانەی ڕاستی و دروستی بوون، ئەو لەوەدا پەرروای لە کەس نەبوو هوروژمی دەبردە سەر ئەو ڕەوشت و خووە خراپانەی کە لەناو بۆرەپیاواندا باو بوون، هەروەها هوروژمیشی دەبردە سەر ئەو ڕەوشت و خووە خراپانەی کە لەناو زاناکانی ئەو چەرخەدا باو بوون، لە ڕووی هۆشیشەوە (محەمەد عەبدە) بەتوندی هوروژمی دەبردە سەر ئەوانەی کە بەزانستەوە خەریک بوون، زۆر جاری وا هەبوو داخی لە دەست ناشێتی و هۆش کەمییان دەخوارد و، سەرزەنشتی دەکردن هەروەها هوروژمیشی دەبردە سەر ئەوانەی کە بەئایینەوە خەریک بوون گلەیی لەوەیان دەکرد کە زۆر سنگ تەنگ بوون و، خۆیان دەنووساند بەڕووکەش یاخود شێوەی بەندەکانی ئایینەکەوە، نەک بەگیان و ناوەڕۆکی ئایینەکەوە کەمتەرخەمیی موسوڵمانەکان بەرامبەر ئایینی ئیسلامی دەخستە سەر ئەستۆی ئەوان، گلەیی لە زاناکان ئەوە بوو، کە گیانی نرخ دانان و هەڵسەنگاندنیان تێدا نەبوو، کە گیانی سەرنج دان و تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیان تێدا نەبوو کە مێشکی زۆربەیان شتی پڕوپووچ و نابەجێ کاریان تێکرد بوون.

ئەو توانج و پلارەی کە مامۆستای پێشەوا گرتبوویە خوێندەواری ناو زانکۆی (ئەزهەر)



ناوبانگی دەرکرد و پێی زانرا، کەموکووڕییەکانی وا دەرخستبوو کە لەبارەی شێوە و بابەت، یان شێوەی فێرکردن و کەرەستەوە، ناتەواوە. چونکە زاناکان ساڵانی دوورودرێژیان بەوەوە بەسەر دەبرد کە پەراوێزیان بۆ لێکدانەوەی بەندێک لە بەندەکانی نووسراوێکی کۆن دەنووسییەوە. واژەکان و پەیوەندی وشەکانیان کە لێک دەدایەوە یەجگار درێژەیان پێ دەدا... (محەمەد عەبدە) حەزی لەم جۆرە خوێندەواریی ناو خوێندنگایە نەدەکرد، کە مێشکی قاڵ دەکرد بەڵام کەسایەتی بەهێز نەدەکرد، کە زاناکانی دەخستە دەمەقاڵێ و مقۆمقۆوە، بێ ئەمەی بەرهەمێکی لێ پەیدا ببێ، کە زاناکانی دەخستە سەر قسەکردن، بەڵام کاریان بەقسەکانی خۆیان نەدەکرد!... لە ڕووی ڕەوشت و خوویشەوە بەلای مامۆستای پێشەواوە وا بوو، کە کزی موسوڵمانەکان و بێ دەسەڵاتییان بوو بووە هۆی ئەوەی کە بێ کەڵک و کار بمێننەوە و ناتەواویش بن لە تێگەیشتنی بەشە بنچینەییەکانی ڕەوشت و خووی ئیسلامەتیدا کە موسوڵمانەکانیش خوداناسییان لەبیر چۆتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئیسلامەتییان بەڕووکەشییەوە وەرگرتووە، گیان و واتای ئیسلامەتییان خستۆتە پشت گوێوە!... کەموکووڕی ئیسلامەکانیشی بەم ڕەنگە دەردەخست کە هەرچەند دەکات کردەوەیەکی وایان لێ نابینێ، کە ئەوە دەربخات کە دەستیان خستۆتە دەستی یەکترەوە و، پێکەوە دەگەڕێن بەدوای ڕاستی و دروستی و ماف و چاکەدا... کە موسوڵمانەکان باوەڕیان بەخۆیان نەماوە و، پشت بەخۆیان نابەستن، کە هیچ هیوایەکیشیان لە دڵدا نەماوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نیشتمانەکەیان وریا ببێتەوە و گەورەیی خۆی دەست بکەوێتەوە... کە بەهۆی ئەم جۆرە دەروونە نەخۆشەیانەوە سەرگەردانییەکی زۆر گەورەیان بەسەردا هاتووە لە ڕەوشت و خوودا و، ڕەگی مەردایەتییشیان لە لەشدا نەماوە، هەموویان کز و بێ چارە و دوودڵیان لێ هاتووە، ئەو کارەی دەیشیکەن نارێکوپێک و ناپوختە دەردەچێ... ئەم دەرد و سەرگەردانییانەیش لە خێزانەوە دەست پێ دەکەن، تا دەگەنە لەشی نەتەوەوە، هەموو چینێک و هەموو دەسگایەکی فەرمانڕەواییشیان گرتۆتەوە!...

## ڕاکردن لە سەربازێتی ناشێتییە بەئایین!

لە ڕووی ئایینیشەوە (محەمەد عەبدە) ئەو توانجەی تێ دەگرتن، کە موسوڵمانەکان بیروباوەڕی ئایینەکەی خۆیان گۆڕیوە، بێزاری خۆی لەوە دەردەبڕی کە زاناکان زۆر بەتەنگ ڕووکەش و شێوەی ئایینەکەوەن زۆر پێیەوە نووساون، یەجگار خۆیان پێیەوە خەریک کردووە.

جا ئەم خووەی کە گرتوویانە گەیشتۆتە ئەندازەی نەخۆشیی چونکە لە کۆڕی خوداپەرستیدا وەک دەستنوێژ شتن و ڕۆژووگرتن لێ وردبوونەوەیەکی یەجگار دەکەن هەروەها توانجی ئەوەی لە زانا ئایینییەکان دەگرت کە زانیارییە ئایینیەکەی خۆیان بۆ ڕووتاندنەوەی موسوڵمانەکان بەکار دەهێنا، دەربارەی باوەڕ و ئایینی بۆرە پیاوانیش (محەمەد عەبدە) دەیگوت: ئەوانە هەر قسە لە دەمیان دێتە دەرەوە لە ئایینەکە هیچ تێنەگەیشتوون، بەلای نەتەوەوە هەموو شتێک دەگەڕێتەوە سەر ئەو بیروباوەڕەی کە هیچ شتێک بەدەست مرۆڤ نییە، هەرچییەکیش دەکات خودا پێی دەکات، دەسەڵاتی نییە نەیکات، جا لەبەر ئەوە ئەگەرهاتوو فەرمانەکانی خودای بەجێ نەهێنا، یاخود گوناهباری کرد نابێ لێی بگیرێ چونکە هیچ شتێکی بەدەست نییە! مامۆستای پێشەوا توندترین توانج و پلاری دەگرتە ئەو باوە داهاتووە نەنگانەی لە سەردەمی خۆیدا لەناو موسوڵمانەکاندا بڵاو بووبوونەوە... کاتێ کە لە شاری (بێروت)دا بوو و بەئاوارەیی چووبووە ئەوێ نووسی: (کزی باوەڕکردن بەخودا و ناشێتی بەئایینی ئیسلام هەموو موسوڵمانەکانی گرتۆتەوە بەهەموو چینێکیانەوە مەگەر ئەوانە نەبن کە خودا پاراستوونی، ئەوانەیش زۆر کەمن، جا لەبەر ئەوەیە کە لە فرمانی سەربازێتی دەرباز دەبن، هەموو فڕوفێڵێکیش دەکەن هەر بۆ ئەمەی لێی ڕزگار بن کەچی سەربازێتی لەناو فرمانە ئایینییەکانی سەرشانیاندا لە فرمانە هەرە گرنگەکانیانە وا دەردەکەوێ موسوڵمانەکان دەست قووچاون بەرامبەر فەرمانڕەوایی بەرامبەر کەڵک و چاکەی گشتی، کە بۆ ئەو بابەتانە پارەیان لێ داوا دەکرێ ڕژدی دەنوێنن کەچی هەرچی بۆ ئاڵۆش و خرۆشی خۆیان پێویست بێ بەختی دەکەن موسوڵمانەکان لەمەدا لە نەتەوەکانی تر ناکەن)!...



## واتای فەرمانڕەوایی بەلای سەردار و ژێردەستەوە

بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، (محەمەد عەبدە) گلەیی لە خاوەن هۆشەکانی سەردەمی خۆی دەکرد چونکە ئەوانە کە خوێندەواربوون لە هەموو کەس زۆرتر شارەزای کەموکووڕیی کۆمەڵەکەی خۆیان بوون، کەچی نەهاتبوونە کایەوە، خەباتێک بکەن بۆ ڕاستکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی خۆیان بانگیشی ڕادەهێشت بۆ دەوڵەمەندەکان کە هاوبەشیی بکەن لە پرۆژە گشتییەکاندا. (میسر)ییەکانیشی هان دەدا کە لە هەموو کاروبارێکی ژیانیاندا کۆمەکی یەکتر بکەن.

(محەمەد عەبدە) بۆی دەرکەوتبوو کە موسوڵمانەکان باش لە واتای ملکەچی بۆ فەرمانڕەوایی تێنەگەیشتبوون، هەر کاروبارێکیان هەبووایە دەیانخستە سەر ئەستۆی فەرمانڕەوایی... بڕوایشیان وا بوو کە هیچ لەسەریان پێویست نییە یارمەتی فەرمانڕەوایی بدەن لەو کاروبارانەدا بەلایشیانەوە وابوو کە هەر بەدانی باجەکان بەفەرمانڕەوایی هیچ فرمانێکی تریان بەسەرشانەوە نامێنێ، وێنەی فەرمانڕەواییش لەپێش چاوی فەرماندارەکاندا، لە وێنەی پێش چاوی ژێردەستەکان باشتر نەبوو، چونکە ئەوانیش هەر ئەوەندە لە فەرمانداری تێگەیشتبوون کە نەتەوە بچەوسێنەوە بۆ کەڵک و ئارەزووی خۆیان کە نەتەوە بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە و سووکیان بکەن کە سامان کۆبکەنەوە و، کە پارە لەم و لەو بچڕن تا لەپێناو دامرکاندنەوەی ئاڵۆش و خرۆشی خۆیاندا بەختیان بکەن، نە تەماشایەکی دادپەروەرییان دەکرد، نە بەندەکانی یاسایان ڕادەگرت، تا کارێکی وایان کرد کردەوە و ڕەوشتی نەتەوەیان بەجارێک تێک دا. چونکە نەتەوەیان ناچار دەکرد فێری درۆزنی و دووڕوویی و چەواشەکردن بن... خۆیشیان خراپترین نموونەی ڕەوشت و کردەوە بوون کە نەتەوە چاویان لێ بکات!...

بەم ڕەنگە بوو، خەبات کردنی (محەمەد عەبدە) لەپێناو ڕاستکردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتیی نەتەوەی میسردا کە یەجگار ئاشکرا و دیار بوو. (شێخ محەمەد عەبدە) بەتەواوەتی بەوە باوەڕی هێنا بوو کە پێشکەوتنی ڕاستەقینەی نەتەوە بریتییە لە پێشکەوتنی زانست و، پەروەردەکردن و، کردەوە و ڕەوشت. کە ئەم پێشکەوتنەیش دانامەزرێ و نایشمێنێتەوە تا بەشێنەیی و لەسەرخۆ بۆ پێشەوە نەڕوات... ئێمەیش لەمەوە تێدەگەین کە بۆچ (محەمەد عەبدە) وازی لەو شێوە شۆڕشگێڕییە توندوتیژە هێنا بوو، کە (جمال الدینی ئەفغانی)ی مامۆستای بانگی بۆ ڕادەهێشت.

## سەربەستی ئارەزوو بەلای محەمەد عەبدەوە:

(محەمەد عەبدە) بەجۆرێکی هەموو دەمێ پشتیوانی (سەربەستی ئارەزوو)ی دەکرد... ڕاست بووەوە و بەرپەچی ئەوانەی دایەوە کە دەیانگوت: (ئێمە ناتوانین چارەنووسی خۆمان بگۆڕین، کەواتە خەبات کردن بەکار نایەت، خودا لە ڕۆژی خۆیدا ئەم شتانەی لە چارە نووسیوین کە بەسەرمان بێن، لەبەر ئەوە چاکتر ئەوەیە کە هەرچی کاروبارێکی خۆمان هەیە بیدەینە دەست خودا ئیتر پێویست بەوە ناکات خۆمان بەخۆڕایی ماندوو بکەین).

مامۆستای پێشەوایش دەیگوت: (خودای گەورە فەرمانی نەداوە بەئێمە کە بەبیانووی پشت بەستن بەوەوە کار و فرمانی خۆمان بخەینە پشتگوێ، ئەم قسەیە لێی پڕوپووچتر نییە!... هیچ نەتەوەیەکیش ئەمە ناکەن بەبیانوو، ئەو نەتەوانە نەبن کە نە ئایینیان هەیە، نە ڕەوشت و کردەوەی باش!...). پاش ئەوە (شێخ محەمەد عەبدە) دەستی کردەوە بەسووربوون لەسەر سەربەستیی ئارەزوو و هوروژم بردنە سەر بیری ناچاری، دەیگوت: (بەشێک لە کردەوە و کارەکانمان بەرەو ڕووی ئارەزووی خۆمان دەبێتەوە، ئەوەیش پێی دەڵێین دەستکەوت، کە بەهۆی ئەوەوە یان پاداشت وەردەگرین لە خودا، یاخود سزا دەدرێین).

وەک دەردەکەوێ (محەمەد عەبدە) لە تافی کوڕێنییدا چاوبەست کرا بوو بەهۆی دەروێشی (تصوف)یەوە... بەڵام زۆری پێنەچوو هاتە ناو کۆڕی کارگوزارییەوە و دەستی کرد بەخەبات و تێکۆشان بۆ پێشخستنی نەتەوەکەی!... جا هەرچەند هەستی تینی دەسەند کە بارێکی گەورەی لەسەرشانە بەرامبەر وریاکردنەوەی نەتەوەکەی و پێشخستنی نیشتمانەکەی زۆرتر ڕووی لە دەروێشی وەردەگێڕا تا دوایی وای لێهات بەربەرەکانێ لەگەڵ دەروێشییدا بکات و، بەرپەچی هەموو شێوە و ئارەزوویەکی دەروێشییش بداتەوە... بەهەموو کوڵی دڵییەوە تێدەکۆشا بۆ ئەمەی ڕاستیی پەرستییەکی ئیسلامەتی بەهێز دابمەزرێنێ، کە بانگ بدات بۆ بیروباوەڕی سەربەستی و ئازادی، کە کردەوە و ڕەوشتی ئارامگرتن و تێکۆشان و خەباتکردن و کار و فرمانکردن زیندوو بکاتەوە، تا بەهۆی ئەوانەوە موسوڵمانەکانی سەر زەمین لە خەوی بێ هۆشی و شل و شێواوی و بێ کارەیی خەبەر بکاتەوە.



## چاکە و خراپەی ناو ژیان

هەروەها (محەمەد عەبدە) لە بابەت (جوانی)یشەوە دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە لەپێشدا لەو (جوانی)یە دەدوا کە بەشتی هەست پێ کراوەوە دیارە پاش ئەوە لەو جوانییە دەدوا کە بەشتی ناو هۆشەوە دیارە بەم ڕەنگە دەستی کرد بەبەراوردکردنێک لە جوانیدا لە گەلێک کۆڕی هونەر و زانست و کردەوە و ڕەوشتدا بەلای (محەمەد عەبدە)وە واتای یەکەمی جوانی، (دروستی) و (تەواوی)یە، واتای (ناشیرینی)یش کەموکوڕییە لەمەدا کاروباری کردەوە و ڕەوشت و، کاروباری هۆش وەک یەکن، واتای دووەمی جوانییش بریتییە لە پەیوەندی (سازبوون) و (لەگەڵ ڕێککەوتن). سا ئەو سازبوون و ڕێککەوتنە لەگەڵ سروشتی خۆماندا بێ، یان لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا بێ کە هۆش بۆیان دەچێ جیاوازیی نییە، هەرچی سازبوونە لەگەڵ سروشتماندا ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پێمان خۆشن، هەرچی سازبوونیشە لەگەڵ ئەو ئامانجانەدا کە هۆش بۆیان دەچێ ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بەواتایەکی گشتی سوودیان هەیە و بەکەڵکن واتای سێیەمیش بۆ جوانی و ناشیرینی ئەوەیە کە (پێدا هەڵدراو) و (داشۆری کراو) دەگرێتەوە.

(محەمەد عەبدە) دەڵێ: هەموو مرۆڤێک ئەم جوێکردنەوەیە لە دەروونی خۆیدا دەبینێ چونکە مرۆڤ بەهۆی ئەو هۆش و هەست پێ کردنەوە کە خودا داوێتێ لە توانایدا هەیە جوان لە ناشیرین جوێ بکاتەوە لە هەموو واتاکانیدا بێ ئەمەی چاوەڕوانی ئەوە بێت کە ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتی یاخود یاسای خودایی بڕیاریان لەسەر بدەن!...

کەواتە جوێکردنەوەی چاکە لە خراپە بەلای (محەمەد عەبدە)وە کارێکە لە کارەکانی هۆش پێویستی بەیارمەتی باوەڕ نییە هەروەها بەلای (شێخ محەمەد عەبدە)وە وایە کە هۆش تا ئەندازەیەکی یەجگار گەورە دەتوانێ ڕێگا پێشانی مرۆڤ بدات بۆ کردەوە و ڕەوشتی جوان. (محەمەد عەبدە)یش بۆیەکا لەپێشبینییەکەی خۆیدا کە لە بابەت (چاکە)وە پێشانی دەدات زۆر بەتەنگ ئەوەوەیە کە کاری گرنگی (هۆش) دەربخات چونکە بڕوای وایە کە بارێکی وا لە کۆڕی کردەوە و ڕەوشت و کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی گەورە گەورەی لێ پەیدا دەبێ، هۆشی مرۆڤیش زۆرتر بەلای ئەوەدا دەچێ کە (شێخ محەمەد عەبدە)ی چاکەخوازی میسر مەبەسی لەم خەبات و تێکۆشانەی ئەوە بووە کە ئەویش بەشی خۆی بیروباوەڕی (بیروباوەڕ دەربڕین) زیندوو بکاتەوە و پشتیوانی بکات لە کۆڕی ڕاوێژ و بیر نواندندا، لە سەربەستی لێکۆڵینەوەدا تا خاکەکانی ئیسلام لێی کەڵکەوەر ببن.

## چوار خوێندنگای بیر و چاکەخوازی

بێگومان (محەمەد عەبدە) بوو کە بیرکردنەوەی (میسر)یەکانی خستە سەر شێوەی یەکێتی و سازبوون لەگەڵ یەکتردا کە ڕایهێنا بەوردی و دیاردیکراوییەوە. (شێخ محەمەد عەبدە)یش بوو کە توانی بەهۆی نووسینەکانی و کەسایەتییە گەورە و بەهێزەکەی خۆیەوە ببێتە سەرچاوەی بیر لێ وەرگرتن بۆ پیاوانی زرنگکاریی و کۆمەڵایەتی و ئایین و ڕاستی پەرستی لە (میسر)دا.

کەواتە بەسایەی (محەمەد عەبدە)وە چوار خوێندنگای گرنگ لە (میسر)دا دامەزرا: (کۆمەڵایەتی) و (زرنگکاریی) و (ئایینی) و (ڕاستیپەرستی)، کە بێینە سەر لێدوانی خوێندنگای کۆمەڵایەتییەکەی:

مامۆستای پێشەوا لە هەموو کەس بەپەرۆشتر بوو بۆ خستنە بەر خوێندنی کچە موسوڵمانەکان بەلای ئەوەوە وا بوو کە ئیسلامەتی بەڕاستی یەکسانی مافی ژن و پیاوی دەوێ، کە ژن بەسەرهێنانی ناوێ جا ئەگەر هەندێک لە موسوڵمانەکان خراپ لەگەڵ ئافرەتدا بجووڵێنەوە یاخود کەمتەرخەمی لەگەڵدا بنوێنن ئەوە سەبارەت بەوەیە کە لە یاسای ئایینی ئیسلامەتی شارەزا نین، یاخود شارەزان و ئەو یاسایە لەبەر بەدخوویی خۆیان بەکار ناهێنن، جا ئەگەر (شێخ محەمەد عەبدە)یش بۆی نەلوا بێت ئەو چاککردنەوەی کاروباری کۆمەڵایەتییەی کە ئاواتی بۆ دەخواست بیباتە سەر، خۆ (قاسم ئەمین)ی شاگردی و هاوڕێی، ئەو کارەی خستە سەرشانی خۆی و بەهەموو کۆڵێکی دڵییەوە خەباتی بۆ کرد و بۆی تێکۆشا کە سەر بگرێ.

ئەو خوێندنگا زرنگکارییەیش کە سەر بەمامۆستای پێشەوا بوو (کرۆمەر) لە بڕیارنامەکەی خۆیدا کە لە ساڵی ١٩٠٦دا بڵاوی کردەوە لێ دووا بوو، گوتبووی: «ئەوانەی سەر بە(محەمەد عەبدە)ن نیشتمانپەروەرییان لەوانە کەمتر نییە کە سەر بەخوێندنگایەکی وەهان کە لەگەڵ خوێندنگای ئەواندا جیاوازە لە بابەت پێشبینی و پێڕەوی فرمانکردنەوە ئامانجی ئەوانە ڕاستکردنەوەی یاساکانی ئیسلامەتییە، بێ ئەمەی دەست بدرێ لە بنچینەی باوەڕی ئیسلامەتییەکە خۆی، ئەوانە نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەن واتا بەهەموو کوڵی دڵیانەوە خەبات دەکەن بۆ چاکە بەخشین بەبرا ئایینییەکان و هاونیشتمانەکانی خۆیان هەروەها بۆ ئەوەیش ڕەنج دەدەن کە نیشتمانەکەیان بکەن بەهاوبەش لە پێشخستنی شارستانێتی ئەوروپادا، بەلای منیشەوە



وایە کە هیوای گەورە بەپشتیوانانی ئەم خوێندنگایە دەکرێ بۆ گەشەکردن بەنەتەوایەتی میسرییەکان».

لە ڕاستیدا پێشبینییەکەی (کرۆمەر) هاتە دی، ئەویش ئەو کاتە بوو کە (سەعد زەغلول) بووە سەرۆکی ئەم خوێندنگایە، کە یەکێک بوو لە شاگردە هەرە کۆنەکانی (شێخ محەمەد عەبدە).

هەرچییەکو خوێندنگای ئایینییەکەی بوو، (شێخ ئەحمەدی زەواهیری) لە شاگردە هەرە دەرکەوتووەکانی بوو، ئەمیش یەکێک بوو لە سێ شاگردە گەورەکانی مامۆستای پێشەوا، کە لە نیوەی سەدەی بیستەمدا گەورەیی زانکۆی (ئەزهەر)یان درایە، دوو شاگردەکەی تریشی ئەمانە بوون: (محەمەد مستەفا ئەلمەراغی) و (مستەفا عەبدولڕەزاق).

هەر چییە خوێندنگای ڕاستیپەرستییش بوو ناوی هەرە بەناوبانگ لە ناویدا ناوی (مستەفا عەبدولڕەزاق) بوو کە یەکێک بوو لە شاگردە هەرە دڵسۆزەکانی (شێخ محەمەد عەبدە) لە هەموویشیان زۆرتر لەوەوە نزیک بوو لە گیان و هۆشدا، لەبەر ئەوە بەهەموو کوڵی دڵییەوە خەباتی دەکرد چ بەزمان، چ بەپێنووس، چ لە ژیانی کارگوزارییدا لەپێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی چاکەخوازیدا و، بڵاوکردنەوەی سەربەستی بیر و ئازادی دەروونداو، هەر بەو چەشنەیش کە مامۆستای پێشەوا دەستی پێ کرد بوو!.

## یەکەم ئاراستەی کاری بزووتنەوەی خۆ تازەکردنەوە بوو لە جیهانی ئیسلامەتیدا

خاکەکانی تری ئیسلامیش بەهۆی بیروباوەڕەکانی مامۆستای پێشەواوە کاریان تێکرا... (سوریە) کەوتە پێش هەموویانەوە... چونکە (شێخ محەمەد عەبدە) لەودەمەدا کە ئاوارە کرا بوو لە شاری (بیروت)دا دادەنیشت، توانی ژمارەیەک دۆست و دەروێش بۆ خۆی پەیدا بکات هەندێک لەوانە ئەمانە بوون:

(شکیب ارسلان)، (رشید رضا)، (کورد عەلی)... لە تورکیاشدا (محەمەد عاکف)، بوێژی بەناوبانگی موسوڵمانەکان هەندێک لە نووسراوەکانی (شێخ محەمەد عەبدە)ی گۆڕییە سەر زمانی تورکی وایش بڕوا دەکرێ کە هەندێک پەیوەندی توند و قایم هەبوو بێ لە ناوەند بیروباوەڕەکانی چاکەخوازی میسر و بیروباوەڕەکانی چاکەخوازەکانی تورکیای تازەدا....

هەروەها هەندێ پێشەوایانیش پەیدا بوون لە ئەفریکای ژوورو و ئێراندا، لەسەر بیروباوەڕەکانی (محەمەد عەبدە) دەڕۆیشتن بەڕێوە تەنانەت بیروباوەڕەکانی (محەمەد

عەبدە) گەیشتنە هیندستانیش لەوێدا نووسراوی (رسالە التوحید) کە هی (محەمەد عەبدە) بوو گۆڕڕایە سەر زمانی (ئۆردی)... ئەو بیروباوەڕانە، هەروەها گەیشتنە (ئەندەنووسیا)یش لەوێیشدا نەتەوە چوون بەدەنگ (محەمەد عەبدە)وە دەستیان کرد بەدامەزراندنی خوێندنگای ئیسلامی هەروەها (لێکدانەوەی قورئان) کە هی (محەمەد عەبدە) بوو خرایە سەر زمانی (مالایۆ)... بەهۆی ئەمانەوە (شێخ محەمەد عەبدە) بەیەکەم ئاڕاستەکاری بزووتنەوەکانی خۆ تازەکردنەوە دادەنرێ لە جیهانی ئیسلامەتیدا....

## ئەو محەمەد عەلییەی مصری کوشت!...:

مێژوونووس کە بیەوێ ژیانی ئەم سەرکردە گەورەیەی مرۆڤایەتییە تەواو بکات هەرگیز لەمە چاکتری دەست ناکەوێت کە بیروباوەڕی (شێخ محەمەد عەبدە) لە بابەت (محەمەد عەلی)یەوە بنووسێتەوە کە سەری گەورەی خێزانی خونکارێتی پێشووی میسر بوو، (محەمەد عەبدە) لەم بابەتەوە گوتوویەتی:

(محەمەد عەلی) چی کرد؟!... ئەو نەیتوانی میسر زیندوو بکاتەوە بەڵام توانی بیکوژێ!... زۆربەی هێزی لەشکری میسری لەگەڵدا بوو... خۆیشی لە خۆیدا خاوەن فڕوفێڵ بوو... لەبەر ئەوە توانی بەهۆی لەشکر و ئەو کەسانەوە کە لە دەستە زرنگکارییەکانەوە دڵکێشی دەکردن، کەللەی هەموو دوژمنێکی خۆی بپەڕێنێ... پاش ئەوە بەهۆی سوپاکەیەوە و بەهۆی دەستەیەکی زرنگکاری ترەوە چوو بەگژ ئەو دەستەیەدا کە یارمەتی دابوو بەرامبەر دوژمنە لەناوچووەکەی تا ئەویشی لەناوبرد! دیسانەوە هەر وای کردەوە لەگەڵ ئەمیشدا و، لەگەڵ هی تریشدا تا هەموو دەستە زرنگکارییە گەورەکانی پلیشاندەوە!... ئنجا کە لەوانە بووەوە دەستی کرد بەلەناوبردنی گەورەکانی خێزانە خانەدانەکان کەسیشی لەناو ئەواندا نەهێشتەوە کە بڵێ من پیاوم!...

(... محەمەد عەلی دەستی کرد بەبڵندکردنەوەی پایەی پیاوە خوێڕی و ناکەسبەچەکان، کردنی بەگەورەی شار و گوندەکان تا وای لێهات پیاوانی سەربەرز سەریان شۆڕ بووەوە و، پیاوانی بەدخو و ناڕەسەنیش بەرز بوونەوە و، بوون بەخاوەن هێز و دەسەڵات و گەورەیی، ئیتر لەناو خاکی میسردا کەسێک نەمایەوە ئەوانە نەبن کە بوون بەچەکی دەستی (محەمەد عەلی) هەر چۆنێکی حەز بکردایە بەکاری دەهێنان، یان پارەی پێ کۆدەکردنەوە، یاخود سەربازی پێ کۆدەکردنەوە.

(لەپاش ئەمەی مێژووی (محەمەد عەلی)مان بەڕاستی خستە بەرچاو، بڕوا ناکەم



کەسێک هەبێ لەوە دوودڵ بمێنێتەوە کە (محەمەد عەلی) پیاوێکی بازرگان بووە، خاوەن کشتوکاڵ بووە، سەربازێکی ئازا و سەردارێکی بەزەبر و زەنگی هونەرمەندیش بووە... بەڵام بۆ میسر پیاو شکێنێک و، بۆ ژیانی ڕاستەقینەی میسریش پیاوکوژێک بووە!...)[1].

---

(١) دیارە ئەمە ڕای تایبەتی محەمەد عەبدەیە، کە وەک قوتابییەکی گوێڕایەڵی جەمالەدینی ئەوغانی سەر بەخەلافەتی عوسمانی بیریان دەکردەوە و فیکرەی جامیعەی ئیسلامی لە مێشکیدا بوون، هەروا وەک نەتەوەییەکی عەرەبی ئیسلامی بیری دەکردەوە، جا بەو پێودانگانەش هەرچی بەرپەرچی ئەو دوو جۆرە بۆچوونەبێ لای ئەوان پەسند نەبووە.
محەمەد عەلی، یەکەم وەک ئەفسەرێکی غەیرە عەرەب (بەڵام موسڵمان) توانی سەروەریی میسر بگرێتەوە دەست و دەرگەکانی وڵاتەکە لە ڕووی شارستانییەتی ئەوروپادا بخاتە سەر پشت.
دووەم، ئاشکراکردنی سەربەخۆیی میسر و دابڕانی لە ئەستانە. ئەمانە دوو هۆکاری هەرە گرنگبوون کە تەوژمی ئیسلامی تونڕەو (کە لە - ئەوغانی و عەبدە و ڕەشید ڕەزا-وە بنەمای داڕێژرا و بناغەی دانرا) بەتوندی دژایەتی محەمەد عەلی و دواتر نەوەکانی ئەو بکەن.
هەرچۆنێبێ، ئەمەش راوبۆچوونی ئەوبوو، بەڵام لەلای میسرییەکان شوێن و جێگای محەمەد عەلی لە ورياکردنەوە و بەرەوپێشەوەچوونی گەلی میسریدا دیارە و لەبەرچاوە. نووسین و کتێب زۆر هەن لەمبارەیەوە. زۆر جار ساڵانە یادی دەکرێتەوە و چاپەمەنی ئەو وڵاتە فەرامۆشی نەکردون. بۆ زیاتر بڕوانە: گۆڤاری (الهلال) - ژمارەی تایبەت لەسەر سەد ساڵەی مردنی (برایم پاشا)ی کوڕی محەمەد عەلی پاشا، ژمارە (٢٣) ج (١١) بەرگی (٥٦) نۆڤامبری ١٩٤٨ قاهیرە.

# ئایینی بەهائی

نووسەری: سەلمان حەلیم
وەرگێڕانی لەساڵی: ١٩٦٦

## پێشکەش کردن

بۆ ئەوانەی کە خەبات ئەکەن لە پێناو یەکێتی مرۆڤایەتیدا و خۆیان بەخت ئەکەن و هەڵ ئەگیرسێنن[١] تا ڕۆشنایی ببەخشن بەکەسانی تر. بۆ هەموو کەسێک کە بەکەڵکی مرۆڤایەتی دێت و چاکەیان بەرامبەر ئەنوێنێ، ئەم نامەیە پێشکەش ئەکەین.

## پێشەکی

ئەو سروش (وحی)ەی کە (بهاءالله)ی خاوەن پایە بڵاوی کردەوە، باوەڕ پێ کەرەکانی بڕوایان وایە کە لە بنچینەدا لە لایەن یەزدانی پاکەوە بۆی ڕەوانە کرابێ. بڕوایان وایە کە ئەو سروشە هەمەوولایەکی گرتۆتەوە لە تەماشاکردنێکی پان و فراوانیشەوە پەیدابووە بڕوایان وایە کە ئەو سروشە لە شێوەیەکی زانستیدا داڕێژرابێ لە بیروباوەڕیشدا سەر بە مرۆڤایەتی بێ، هەروەها تین و تەوژمیشی هەست بزوێنەربێ، بە جۆرێکی وەها کە کار لە دڵ و هۆش بکات.

ئەو نامەی خواییەیش کە دامەزرێنەری ئایینەکەیان هێناوێتیە کایەوە، وایان دێتە پێش چاو کە ئەوە دەرئەخات و بڵاوئەکاتەوە کەسروشی خوایی هەموودەم لە ئارادایە، هەموو دەمێکیش لە گۆڕران و گەشەکردندایە هەروەها وایشیان دێتە پێش چاو کە دامەزرێنەرەکانی ئاییینەکانی پێشوو لەگەڵ ئەوەیشدا کە لە بیروباوەڕەکانیاندا جیاوازن لە هەندێ ڕووەوە، بەڵام ئەو پیاوە گەورانە، هەموویان، لە ژێر سێبەری خێوەتێکدا ئەژین و گوزەران ئەکەن لە ناو جەرگی ئاسمانێکیشدا ئەفڕن لەسەر تەختێکیش دائەنیشن هەریەک قسەیش لەدەمیان دێتە دەرەوە هەروەها تەنیا یەک باوەڕ و بیریش ئاشکرا ئەکەن هەروەها وایشیان دێتە پێش چاو کە ئاییینی پایە بڵند، (بهاءالله)، ئاییینێکی وەهایە کە لە خوی خۆیدا تێکەڵ بەبیروباوەڕی یەکێتی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بووە.

(١) ڕاستتر: هەڵ ئەگیرسێن، یان: دەسوتێن وەک مۆم...



ئەم ئاییینەیش هەر لە بابەت ئەو بیروباوەڕەوە ئەدوێ کە کەینەوبەینەی گۆڕان و گەشەکردنی مرۆڤایەتی بەتەواوەتی لە بڕانەوەدایە بێجگە لەوە ئاییینەکە هەر لەسەرئەوە سووڕە کە ئەم بەشی دواییەی گۆڕان و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە مەزنە وە نەبێ هەر بەتەنیا پێویست بێ بۆ هەمووان، بەڵکو چارنیە هەر ئەبێ وا ڕوو بدات بێجگە لەوە، ڕۆژ بەڕۆژ، ئەم بڕانەوەی گۆڕان و گەشەکردنی مرۆڤایەتییە لێمان نزیک ئەبێتەوە لە دەسەڵاتی خواییش بەولاوە کەس دامەزراندنی ئەم کارەی بۆ ناچێتە سەر ئەمەیش بەم جۆرە پێک دێ کە لە لایەن خوای گەورەوە نامەیەکی دیاردیی کراو دابنرێ و بسپێررێ بەپیاوێکی گەورەی خواناس و هونەرمەند کە بڵاوی بکاتەوە، بەناو ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا.

## ئاییینی بەهائی چۆن دامەزراوە؟

لەسەرەتاوە لاوێک پەیدا بوو لە دانیشتوانی شاری شیراز بوو ناوی (علی محمد)بوو پاش ئەوە بەناوی (باب)ەوە ناوبانگی دەرکرد ئەم لاوە جووتە نامەکەی خۆی، لە ساڵی ١٨٤٤/٥/٢٣دا ئاوا ئاشکرا کرد لە لایەکەوە ئەیگوت من شێوەیەکی سەر بەخۆم لە شێوەکانی خوا لە لایەکی تریشەوە موژدەی ئەدا کە پیاوێکی گەورەو پایە بڵندی لە خۆی مەزنتر پەیدا ئەبێ.

سەردەمێکی تازە ئەهێنێتە کۆڕەوە، لە بابەت ئایین و شارستانێتییەوە کە هەرگیز، لەوە پێش، لە مێژووی ئاییینیی مرۆڤایەتیدا هاوتای نەبووە.[١] جا لە ئەنجامی پەرەسەندن و

(١) دەربارەی ئاشکراکردنی بیروباوەڕەکە، لە کتێبی (بهاءالله و دەوری نوێ)دا هاتووە کە: باب گەیشتە بیست و پێنج ساڵ فەرمانی ئیلاهی بەجێ هێنا و بانگی دا کە خودا مەقامی بابیەتی پێ بەخشیوە... هەوەڵ جار ئیزهاری ئەمری خۆی لای مەلا حوسێن ناوێک عالمێکی گەورەی بوشەهری کردووە، تەئریخی ئەم حادیسەیە بەچەشنێکی راست لە کتێبێکی بابدا کە ناوی -بیان-ە نووسراوە کە لە سەعات دووچارەکی شەوی ٢٣ی مایسی ١٨٤٤ی میلادییە و قوعی بووە... ئەوەڵ هەژدە موریدی باب بە -حروفی حەی- ناونران. باب بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی هاتن وە دەرکەوتنی، ئەمانەی لە پێشەوە بەهەموو لایەکی ئێران و تورکستان نارد وە لەم وەختەدا خۆیشی تەشریفی بردە مەککە لە ١٨٤٤دا و لەبەرچاوی حەجاجێکی زۆر کە لە وڵاتانی جوێ جوێی دیاری ئیسلامەوە هاتبوون دەعوەتی خۆی ئیعلان کرد. وە تەنیا بەهاتنەوەی بۆ بوشەهر لە ڕووی بابیەتیەوە وەلوەلە و هەیەجانێکی عەزیم ڕوویدا.

وەلێ باب بەئیدیعای -مەهدی-یەتیشەوە نەوەستا. لەقەبی -نقطەی اولی-ی دایە پاڵ خۆی کە =

بڵاوبوونەوەی بانگ ڕاهێشتنەکەی (باب)دا، کە دەمودەست کاری لە هەموو چینێکی نەتەوە ئەکرد، بەدەوڵەمەند و هەژار و، خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە و دڵی کێش ئەکردن بۆ ئەم ئایینە نوێیە کار بەدەستانی ئێران بەهەموو هێز و هەرەتێکیانەوە دەستیان دایە کوژاندنەوەی ئەم بزووتنەوەیە هەرچی زەبروزەنگ و کارێکی نا پەسند هەیە دەربارەیان کرد ئیتر هەر خانووبوو تالآن ئەکراو، هەر خێزان بوو سەرگەردان ئەکراو، هەر ئافرەت بوو ئەخرایە بەندیخانەوە لە ئەنجامی ئەم هوروژمە دڕندانەیەشدا ژمارە سەرێکی یەجگار گەورە لە خواناسان کوژران، لە شارەکانی (تاران و فارس و مازندەران) و گەلێ شوێنی تردا. کەللەی هەندێ پەڕێنران و، هەندێکی تریش بەسێدارەدا کران و خنکێنران هەندێکیشیان درانە بەرگوللە تۆپ، یاخود پارچە پارچەکران.

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بەرەنگاریی کردنە گەورەیەیشدا کە دەربارەی (باب)ییەکان کرا، بانگ ڕاهێشتنەکەی (باب) و وانا (درس)ەکانی، هەتا ئەهات بڵاو ئەبوونەوە بەناو نەتەوەدا و پەرەیان ئەسەند تەنانەت ئەو زەبروزەنگ و زۆر و ستەمەی کە دەربارەی ئەوان ئەنوێنرا، بووە هۆی ئەوەی کە خواناسە بابییەکان زۆرتر شێر گییربن لەسەر ئایینەکەی خۆیان.

ئەوەندە هەبوو، ئەو هەموو ئازاردانە دڕندانەیەی کە لە لایەن هێزە ئایینی و شارستانییەکانەوە ئەبرانە سەری، لە نیشتمانەکەی خۆیدا، فەرمانڕەوایی ئێرانی خستە سەر ئەوەی کە زوو بەزوو بیگرێ و بیخاتە بەندیخانەوە پاشان دوریش بخاتەوە بۆ شاخەکانی (ئازر بایجان)، کە لەو ناوەدا، لە دژ (کەلات)ی (ماهکوه) و (چهریق)دا خرایە زیندانەوە ئنجا لە مانگی حەوتەمی ساڵی (١٨٥٠)دا (باب) کوژرا و لە ناوبرا بەم ڕەنگە (باب)بووە نێچیری کورت بینی و تێ نەگەیشتوویی و دڕندەیی ئەوانەی کە خەریکی ئازاردانی بوون ئەو کاتەی (باب)بە و دەردەبرا، تەمەنی (٣١) ساڵان بوو

= ئەمە لەقەبێ بوو موسڵمانەکان بەحەزرەتی موحەممەد - ص. ع - و یا -نقطەی محمدی-یان شایستە دیبوو... هەروەک لە زەمانی پێشوودا خەڵک عیسا و موسایان بەساحیر و کافر دابووە قەڵەم؛ شیعەکانیش بابیان بەم چەشنە دایە قەڵەم وە عەلاوەی ئەم ئیدیعایە باب ڕۆژنامەیەکی تازەی بەنەزەری ساڵی شەمسییەوە دروست کرد. هەوەڵ ساڵی دەعوەتی خۆی بەسەرەتای تەئریخی دەوری نوێ قەبوڵ کرد. (ل ٢١-٢٤).

(بڕوانە: ج، ئی، ئیسیلمنت: بهاءالله و دەوری نوێ - مترجمی: م. جودت بەغدا، چاپخانەی معارف ١٩٣٣ - کە بەسوپاسێکی زۆرەوە کاک صدیق صالح ئەم سەرچاوەیەی بۆ ئامادە کردم».



(باب)یان بردە کۆڕێکی جەنگەوە لە شاری (تەوریز)دا، لەگەڵ یەکێک لە هەڤاڵەکانی کە نووچی لەسەر ئەوە گرتبوو، ئەویش لەگەڵ (باب)دا خۆی بدات بەکوشت و لە مەرگا هاوبەشی بێ دووکات لە پێش نیوەڕۆدا هەر لەو کاتەدا کە (باب)یان گەیاندە جێگای کوشتنەکەی فەرموودەیەکی وای کرد کە ئەم واتایەی ئەگەیاند:

(کەس لە توانایدانیە ئێستاکە دوایی بەژیانی من بهێنێ ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە من هێشتا نامەکەی خوایم بەتەواوەتی، بەجێی خۆی نەگەیاندووە!) دوای ئەوە هەردووکیان بەگوریس هەڵ واسین تیپێک لە سەربازە ئەرمەنییەکانیشیان ئامادەکرد و فەرمانیان پێدان کە هەردووکیان گوللەباران بکەن بەڵام کاتێک دووکەڵی فیشەکەکان لەبەر چاولاچوو، لاوەکە، واتا (باب)یان دیی، زیندووە لە جێی خۆیدا و گوولەکان کاریان لێ نەکردووە هەر ئەوەندەیان بۆ چووەتە سەر کە گوریسەکانیان پچڕانەوە!... گەڕان بۆ (باب) نەیاندۆزیەوە واتا لە جێی خۆی نەمابوو لە پاش پشکنینێکی زۆر بۆیان دۆزرایەوە کە سەرنجیاندا ئەوا لە ژوورەکەی خۆیدا دانیشتووە ئەوە تۆمار ئەکات کە لەدەم خۆی هاتبووە دەرەوە، کە گوتبووی: (من هێشتا نامەکەی خواییم بەتەواوەتی نەگەیاندوە بەجێی خۆی!) هەندێ لە پێش نیوەڕۆدا جارێکی تریش هەردووکیان کردنەوە بەداردا بەڵام تیپە ئەرمەنییەکە ئەم جارە ملی نەدا بۆ تفەنگ تێ گرتنیان لەبەرئەوە چوون تیپێکی تریان لە سەربازەکان ئامادە کرد بەڵام ئەمجارە (باب) و (هاوڕێ)کەی بەکوشت چوون هەرچی ئەندامی لەشیان هەبوو پارچە پارچە بوو بوو، تەنیا دەمو چاویان نەبێ، هەروەک خۆیان مابوونەوە هیچیان لێ نەهاتبوو دوای ئەوەیش دەست کرا بەکوشتنی ئەوانەی سەر بە(باب)بوون کوشتنەکانیان هەر بەچەشنی کوشتنی (باب) و هاوڕێکەی، دڵ ڕەقانە و دڕندانە جێبەجێ کران لەو کاتەدا، هەندێک لە نووسەرەکانی ڕۆژئاوا لە ئێراندا بوون کە چاویان بەو زۆروستەم و کەتنە نەنگانە ئەکەوت، یەجگار بەزەییان بەوکلۆڵانەدا ئەهاتەوە لە لایەکی تریشەوە سەریان لە مەزنی و پیرۆزیی و مەردایەتیی (باب) و ئەو کەسانە زۆر سوڕئەما ئەوانیش لە تاو دڵتەنگیی خۆیان ئەو کارەساتە ناسۆر و سامناکانەیان لە یادنامەکان و نووسراوەکانی خۆیاندا تۆمار کرد.[١]

(١) لە کتێبی (بهاءالله و دوری نوێ)دا هاتووە: «ڕۆژی دوایی بابییەکان لە نیوەشەودا جەنازەکانیان هەڵگرت. وە لەپاش چەند ساڵێک کە لە ئێراندا لە مەخزەنێکی سڕیدا شارانەوە بەڕەنجێکی زۆر و لەناو مشکلاتێکی گەورەدا هێنرانە فەلەستین و لەو ئەرزە موقەدەسەدا لەسەر شانێکی پڕ لە تافەتی چیای کەرمەل کە - بهاءالله - دوای چەن ساڵێکی عومری تیا ڕابواردبوو تیا نێژران». ل: ٢٦

## ئاخۆ ئایینی بەهائی چییە؟

ئایینی بەهائی بریتییە لە بزووتنەوەیەک، ئامانجی دامەزرادنی ئاینێکی ڕاست و دروستە لەگەڵ ئاسایشێکی جیهانیدا لە ناو مرۆڤیەتیدا لە سەرەتادا لە ناو خاکی ئێراندا دەرکەوتووە. ئەو کاتە بەر ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمی زایین کەوتووە هەتا ئێستایش، ئەم ئایینە هەر لە بڵاوبوونەوە دایە بەڵام لە شێوەیەکی وا گورج و گۆڵانەدا کە پیاو سەری لێی سوڕ ئەمێنێ ئەم بڵاوبوونەوەی ئایینی بەهائییەیش وەنەبێ، هەر لە ناو نیشتمانەکەی خۆیدا بووبێ بێجگەلەوە هەموو خاکەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایشی گرتۆتەوە هەروەها خاوەن پایە (عبدالبهاء) لەم بابەتەوە وا ئەنوسێ:

(ئایینی بەهائی بریتی نییە لە جۆرەکارێکی ئایینی هەرگیز نایشبێ وابێ ئەو لە ڕاستیدا بریتییە لە هێزی گیانیی ئەم چەرخەی کە ئێمەی تیا ئەژین بریتییە لە بابەتێکی وەهایش کە هەتا ئێستا مێشکی مرۆڤایەتی لەمەندە بڵندتری نەبڕیوە.

(ئایینی بەهائی لە ڕاستیدا بریتییە لە پوختە کراو و بژارکراوی هەموو ئایینەکان لە ڕاستیدا چ موسوڵمانەکان و گاورەکان و جوولەکەکان، چ بودایییەکان و زەردەشتییەکان و (ثیوسوفییەکان، چ ماسۆنەکان و دەروێشەکان - متصوفە)، ئەمانە، هەموویان بەرزتر و پیرۆزتر و گەشترین بیروباوەڕەکان و بەندە ئایینییەکانی خۆیان لەم کارە گرنگ و بایەخدارە گەورەیەدا بەئاشکرا دێتە پێش چاو هەروەها ئەوانیش کە لەسەر ئایینی (بەش کاری)ن(*) لەگەڵ ڕاستیی پەرست (فەیلەسوف)ەکاندا، لە ناوەڕۆکی ئەم ئایینی(بەهائی)یە ناوازەیەدا چارەکردن و هەڵهێنانی پێش بینی (نظریە) و گیروگرفتەکانیان ئەدۆزنەوە).

لەو بابەتانەیش کە خاوەن پایە (شوقی افندیی ربانی) گوتوویەتی ئەمەتا:

(ئایینی بەهائی، هیچ ئایینێک لە ئایینەکانی پێشوو هەڵناوەشێنێتەوە دووریشە لەوەوە کە بۆ ئەوە تێ بکۆشێ: پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکانی خوا، کە لەمەوپێش پەیدابوون، سووک بکات لەبەر چاوی کەسانی تر یاخود خەبات بکا بۆ ئەوەی فەرمودەیەک لە فەرموودەکان و بیروباوەڕێک لە بیروباوەڕەکانیان وەربگێڕێتە سەر باری

(*) بەش کاریی= اشتراکیە= سوسیالیستی- وەرگێڕ(۱)

*(۱)ماموستا لە نووسینەکانیدا هەر بۆ ئەمە (هاوبەشی)شی بەکارهێناوە.*



چەوتی و ڕاستییان ون بکات، کە هەرگیز لە ناوناچن هەروەها ئایینی بەهائی بەهیچ کلۆجێک بەرپەرچی ئەو گیانە ناداتەوە (کە بانگ ڕاهێشتنەکانی ئەو پێغەمبەرانەی گرتۆتەوە خۆ هەرگیز خۆیشی خەریک ناکات بەوەوە کە ئەو کەسانەی دڵسۆزن بۆ ئەو پێغەمبەرانە ولایەنیان ئەگرن و مل ئەدەن بۆ بەجێ هێنانی فەرمانی ئەوان، لە خشتە بەرێ و لەو پێغەمبەرانە یان هەڵبگێڕێتەوە...

(لە ڕاستیدا ئایینی بەهائی لەو کردەوانەوە زۆر دوورە ئەوی ئەم ئایینە بۆی تێ ئەکۆشێ بەڕاستی و، کردوێتیە ئامانجی ئاشکرا و دیاری خۆی ئەوەیە کەوا لە هەموو خاوەن باوەڕێکی ئەو ئایینانە بکات کە بەتەواوەتی لە ئایینەکەی خۆی باشتر و تەواوتر تێ بگات هەروەها تا ئەندازەیەکی گەورەیش لە مەبەس و ئامانجی ئایینەکەی خۆی ئاگادار بێ. (ئایینی بەهائی ئەوە ناڵێ کە هەر لە توانای خۆی دایەو هەر لە خۆیشی ئەوەشێتەوە کە ڕاستییەکانی ئایینەکان بەتەواوەتی دەربخات و بیخاتە ڕوو هەروەها لەوەیدا کەللەڕەقی نانوێنێ کە بانگ ڕاهێشتنەکەی خۆی بچەسپێنێتە دڵەوە و دەری بخات کە ڕاستە لە ڕاستیدا بیروباوەڕەکان و فەرموودەکانی ئایینی بەهائی بەدووی یەک بابەتی بنچینەیی گرنگدا ئەسووڕێنەوە ئەویش ئەوەتا کە ڕاستییەکانی ئایینەکان نووساون بەیەکترەوە هەرگیز لە یەکتر جوێ نابنەوە هەروەها (سروش - وحی)ی خواییش، هەرگیز وەستانی نییە هەموو دەم لە کاردایە، هەر لە ئارادایە لە پچڕانەوە دوورە هەروەها ڕاست و ڕەوان، بێ پەروا، ئەوەیش ئاشکرا ئەکات کە هەرچی ئایینێکی ناسراو هەیە، هەموویان، لە یەک سەرچاوەی پیرۆز و بەرزەوە هەڵقووڵاون، هەموویشیان لە فرمانەکانی خۆیاندا ئاوێتەی یەکتربوون و یەکیان گرتووە هەروەها هەموویشیان هەر لەسەر ڕێگای خۆیان ئەڕۆن بۆ ئەو ئامانجەی کە بۆ خۆیان داناوە، پێی بگەن لەسەرووی ئەوانە هەموویشیەوە ئەم ئایینانە گەلێک پێویستن بۆ مرۆڤایەتی)...

## (بهاءالله)ی بڵند پایە

دامەزرێنەری ئەم ئایینە، خاوەن پایە، (بهاءالله)یە. ئەم پیاوە گەورەیە ئەوکەسەیە (باب)ی بەڕێز موژدەیدا بەهەمووان کە دەرئەکەوێ و پەیدا ئەبێ. ناوەکەی (میرزا حسین علی)یە کە لەوەپاش ناویان لێ نا: (بهاءالله) (میرزا حسین علی) کوڕی هەرەگەورەی (میرزا عباسی نوری)بووە کە ئەوسەردەمە کاربەدەست (وزیر)بووە لە فەرمانڕەوایی ئێراندا خێزانەکەی خاوەن سامان و خاوەن ناوونیشان بوون.

بەگەورەیی ناویان دەرکردوە زۆر لە ئەندامانی ئەم خێزانە فرمانی گەورە گەورەیان دراوەتە دەست، لە فەرمانڕەوایی ئێراندا، چ لەوانەی ئاشنایەتییان بەژیانی شارستانێتییەوە بووە چ لەوانەی ئاشنایەتییان بەفرمانی جەنگەوە بووە. (میرزاحسین علی) لە شاری (تاران) لە دایک بووە لە ناوەند بەرەبەیان و ڕۆژهەڵاتنی ڕۆژی ١٢/١١/١٨١٧ی زاینیدا، کە بەر ڕۆژی دووەمی مانگی (محرم)ی ساڵی ١٢٣٣ی کۆچی ئەکەوێ. (بهاءالله) لە خوێندنگا نەیخوێندووە بەڵام لە سەرەتای خوێندەوارییدا، لە ناو ماڵدا فێرکراوە هەرچەندە ئەم خوێندنەی (بهاءالله) یەکەم و سادەبووە، بەڵام هەر لە منالّییەوە، زرنگی و نەژادیی پێوە دیاربووە ئەم بارەیش سەری گەلێک کەسی هێنابووە سەر سوڕمان (بهاءالله) هێشتا هەرزەکاربوو، کەچی لە پاش مردنی باوکی، بەوتەمەنە پچوکەی خۆیەوە توانیوێتی کاروباری برا و خوشکە پچکۆلەکانی خۆی هەڵ بسووڕێنێ ئەو هەموو زەوی و خانووبەرە گەورە و فراوانانەی ماڵی باوکیشی بخاتە گەڕ و کەڵکیان بهێنێ ناوبانگیشی وا دەرکردبوو کە یەکێکە لە هەرە باوەڕکارە بەناوبانگەکانی بابییەکان کە هۆگری ئایینەکەی خۆی بووە و، خاوەن توانایشە، کردەوەوکاری گەورەی لە دەست دێ لەوانیش نییە کە لەو ڕێگایەی گرتۆێتی لا بدات بەهەموو کوڵی دڵیەوە چنگی پیا گرتووە و ئایینەکەی خۆی ئەپارێزێ نەپەروای لە کەس هەیە و، نە لە هیچ کارەساتێکیش ئەسڵەمێتەوە لەبەرئەوە دووجار تووشی گرتن و بەندیخانە هات[١] پاش ئەوە بەخۆی و خێزانەکەیەوە دوور خرایەوە بۆ (بغداد)، لەگەڵ چەند خاوەن باوەڕێکی تردا کۆچەکەیان

(١) دەربارەی شاڵاوبردنە سەر بابیەکان و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنیان، لە کتێبی (بهاءالله و دوری نوێ)دا هاتووە: «لە ١٦ی ئاغستۆسی ١٨٥٢دا، شەو لە سەعات دووی عەرەبیدا وەقعەیەکی وا کە دواییەکی تر سبەخشی بۆ بابیان لێ بوەشێتەوە ڕوویدا. صادق ناوێکی بابی لاو بەتەئسیری بینینی حادیسەی ئیعدامی پیرە خۆشەویستەکەی عەقڵی تێک چووبوو، بەئاواتی حەق سەندن هاتبووە سەر ڕێی شاه و دەمانچەیەکی پێوە نابوو. بەمەشدا دیارە کە عەقڵی تێک چووبوو، چونکە لەجیاتی گوللە، دەمانچەکەی بەساچمە پڕ کردبوو. چەند دانەیەکی ساچمەکان بەر شاه کەوتبوو، وەلێ تەئسیرێکی ئەوتۆی لێ نەکردبوو، لاوی بابی بۆ ئەوەی شاه لەسەر ئەسپەکەی بێنێتە خوارێ هەرچەند رایکێشابوو بەڵام لەلایەن ئەفرادی مەعییەنی شاهییەوە دەستبەجێ گیرابوو و کوژرابوو.
لە ڕووی ئەم حادیسەیەوە هەموو بابیان کەوتنە ژێر باری توهمەت و مەسئولیەتێکی ناڕەواوە، لە هەموو لایەکەوە کوشتارێکی دڕندانەی دەهشەت ئاوڕیان دەرحەق کرا، لە طەهرانا هەشت کەس لەسەر ئامدانی بابیان خرانە بەندیخانەوە. یەکێ لەمانە - بهاءالله - بوو. ئەو لە ئەسەرێکیدا =



کەوتبووە ناوەڕاستی زستانەوە کە بەوهۆیەوە تووشی سەرماوسۆڵەیەکی سەخت و ناهەموار و گیروگرفتێکی زۆربوون کە گەیشتنە (بغداد) تەواو شپرزە و سەر گەردان بووبوون ساڵێک لەدوای گەیشتنی بە بەغداد لەبەر چاو ون بوو بەتاکی تەنیا ڕێگای چۆڵەوانیی گرتەبەر لە ناوچەی (سلێمانی)دا لە ناو ئەشکەوتەکانی شاخەکانی خاکی (سلێمانی)دا ئاوارەییەکی بێ کەس و تەنیایی بۆ خۆی هەڵبژارد لەو شوێنانەدا هەر بەتاکی تەنیا مایەوە و گوزەرانی ئەکرد (بهاءالله) لەو سەردەمەدا کە بەم جۆرە ڕای بواردووە، بەم ڕەنگە ئەدوێ، ئەفەرمووێ: (شەوانی وا هەبوو، بێ شێو سەرم ئەنایەوە هیچم دەست نە ئەکەوت بیخۆم ڕۆژانی وایش هەبوو نە ئەپەرژام تاوێک بسرەوم و حەسانەوەم تیا نە ئەچێشت کەچی لەگەڵ ئەم هەموو تەنگو چەڵەمە و سەرگەردانی و کلۆڵی یەیشدا کە تووشم ئەهاتن، بەخوای گەورە سوێند ئەخۆم، کە گیانی من لە ناو مشتی ئەودایە لەوپەڕی خۆشی و شادمانیدا بووم!) چونکە دوورەپەرێز بووم لە هەموو کەسێک خۆم لە هیچ نەئەگەیاند نە لە خراپەیان نە لە چاکەیان نە لە خۆشییان، نەلە ناخۆشییان لەپاش کۆچ کردنەکەی بۆ (سلێمانی) بەدووساڵ، گەڕایەوە (بغداد)[١] ئەمجارە لە جاری پێشوو زۆرتر ناوبانگی بڵاوبووەوە لە دوور و نزیکەوە، لە هەموو لایەکەوە گەلێک کەس ئەهاتن بۆ (بغداد) تەنیا لەبەر چاوپێکەوتنی (بهاءالله) و گوێ گرتن لە ئامۆژگارییەکان و بیروباوەڕەکانی چونکە لە هەموولایەکی جیهاندا، گەلێک کەس بەتەنگ بینینی ئەوو زانینی وانەکانی ئەوەوە بوون.[٢]

=دەرحەق بەم حادیسەیە دەنوسێ: قەسەم بەخودا هیچ دەخلێکمان بەسەر ئەم کارە نەفرەت ئاوەڕەوە نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا کە بێ گوناهیمان لەبەرچاوی مەحکەمە وەک ڕۆژ بەتەواوی دەرکەوتبوو، دیسان گیراین و لە - نیاویران -ەوە کە مقەڕی سەڵتەنەتی شاهبوو بەسەری قوتینی و پێ خاوسی و زنجیری بەندی براینە زیندانی طەهران...». ل: ٣٣-٣٤
(١) دەربارەی خەڵوەتەکەی -بهاءالله- کتێبی بهاءالله و دوری نوێ دەڵێ: «بهاءالله بەتەخمین لەپاش هاتنە بەغداد بەساڵێ دەستێ کراسی و دەرپێی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و چوو بۆ ناو چیاکانی سلێمانی». ل: ٧ بەڵام جەنابی د. عزەدین مستەفا لە گەرمەی ڕۆژانی شەڕی (ئازادی عێراق)دا ڕۆژێک دەربارەی ئەم مەسەلەیە گفتوگۆمان کرد، پێی ڕاگەیاندم کە بهاءالله بەرلەوەی بڕوات بۆ ئەشکەوتەکانی جاسەنە لە ناوچەی سورداشی ڕۆژئاوای سلێمانی، ماوەیەک وەک سۆفی لە خانەقای حاجی مەلا عەلی لە سلێمانیدا ماوەتەوە و کە بیروبۆچوونەکانی بۆ ئیمامی خانەقاکە ئاشکرا کردووە، ئیدی جێی نەبۆتەوە و بەپەنهانی دەرچووە و چۆتە ئەو ناوچە شاخاویە.
(٢) ڕاستتر: فەرمایشتەکانی یا ڕێنماییەکانی ئەوەوە بوون.

لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ لە زانا ئایینییەکان دەستیان کرد بە بەربەرەکانی کردنی داویشیان بۆ نایەوە تا تووشی سەرگەردانییەکی بکەن گەلەکۆمەکیشیان لێ کرد تا ئازاری بدەن لە پشت ئەم زانا ئایینییانەیشەوە شاه بەندەر (کۆنسوڵ)ی ئێران لە (بغداد)دا کنەی ئەکرد و یارمەتیی ئەدان و پشتیوانیی ئەکردن شاه بەندەر دەستی کرد بەنووسینی گەلێک نامەی پڕ لە درۆ و هەڵبەستراو ئەیناردن بۆ شاهی ئێران داوای ئەوەی ئەکرد لە شاه، کە لە فەرمانڕەوایی (عثمانی) بخوازێت (بها ءالله) لە بەغداد دووربخاتەوە.

جا فەرمانڕەوایی (عثمان)یش ناچار ما، لەسەر خواستی فەرمانڕەوایی ئێران، فەرمان دەر بکات بۆ بانگکردنی (بها ءالله) بۆ (ئەستەمۆڵ) چەند ڕۆژێک پێش کۆچکردنەکەی (بها ءالله) بۆ ئەستەمۆڵ، خاوەن پایەی ناوبراو باخچەی (نجیب پاشا)ی هەڵبژارد بۆ خۆی، کە تا دوانزە ڕۆژ لە دەری شاری بەغداد گوزەرانی تیاکرد ئەم باخچەیە ئێستا خەستەخانەیە، بەناوی (المستشفى الجمهوری)یەوە (بها ءالله) لە ناو ئەو باخچەیەدا خۆی ئامادەکرد بۆ کۆچێکی سەخت و دوورودرێژ لە ڕۆژی یەکەمی هاتنیا بۆ ناو ئەم باخچەیە، واتا لە ١٨٦٣/٤/٢١، کە بەرساڵی نۆزدەهەمی پاش بانگ ڕاهێشتنەکەی (باب) ئەکەوت (بها ءالله)ی پایە گەورە موژدەی بەگەلێک لە باوەڕکارەکانی ئایینی بەهائیدا، کە ئەو کەسەی (باب) بەڵێنی دابوو پەیدا ئەبێ و، بەم جۆرەیش ناوی هێنابوو کە خوا ئەیخاتە ڕوو بۆ پێ ناسینی بەهەمووان، کەس نییە (بها ءالله) خۆی نەبێ هەر (بها ءالله) خۆیشیەتی کە هەموو پێغەمبەرەکانی پێشوو بەڵێنیان داوە پەیدا ئەبێ و خۆی دەرئەخات[١] جا ئەو باخچەیەی کە (بها ءالله) ئەم ڕازەی تیا ئاشکرا کرد و ئەم موژدەیەی بەو کەسانەدا کە سەر بەئایینی بەهائی بوون، پاش ئەو ڕۆژە بەناوی (باخچەی بەهەشت)ەوە ناوی دەرکرد، لای بەهائییەکان.

جا بەو بۆنەیەوە کە (بها ءالله) لەو دوانزە ڕۆژەدا شادمانی و هێز و هەرەتی دەروونی و گەورەیی خۆی تیانوواند، هەروەها بۆ ئەمەی بیرەوەریی ئاشکراکردنی بانگ ڕاهێشتنەکەی ئەو هەرگیز بەزیندوێتی بمێنێتەوە، لەوساوە تا ئێستا بەهائییەکان هەموو ساڵێک لەو دوانزە ڕۆژەدا ئەیکەن بەجەژن و شادمانی و، ئاهەنگیشی بۆ ئەگێڕن ناویشیان ناوە (جەژنی بەهەشت).

(١) لە هەرسێ ئایینە ئاسمانیەکەی جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا هاتووە کە حەزرەتی (عیسا) خوا دەینێرێتەوە و ئیدی باس لە کەسی ترەوە نەکراوە لای شیعەکانیش (مهدی) المنتظر چاوەڕوان دەکرێ.



کە ڕۆژی دوانزەهەم هات (بها ءالله)ی نازدار و گەورەجێ، لە لایەن کۆمەڵێکی یەجگار گەورەوە، بەرێز و خۆشەویستییەکی یەجگاری زۆرەوە بەرێ کرا ئەو کەسانە، هەموویان لەوانە بوون، کە ڕەووشت و کردەوە جوانەکانی (بها ءالله) و زانایییە تەواوەکەی ئەویان بەدڵاچووبوو هەر یەکەیشیان لە چین و ڕەگەزێکی جیاواز بوو.

لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا کە (بها ءالله) لە کۆچ دابوو، تا گەیشتە ئەستەمۆڵ، چ خۆی، چ ئەوانەی کە دوای کەوتبوون، گیروگرفت و تەنگو چەڵەمەیەکی زۆریان هاتە بەر؛ وەک: سەختیی ڕێگا و گۆڕانی ئاو و با کە زۆر کاریان لێ کرد و ئازاریان پێ گەیاندن کاتێکیش کە گەیشتە ئەستەمۆڵ، هەموویانیان لە خانوویەکی پچووکدا دانا، کە هەر لە بەندیخانەیەکی تەنگ و تاریکی ئەکرد دوای ئەویش گوێزایاننەوە جێگایەکی تر، تا چوار مانگێک تیامانەوە، هەتا جارێکی تریش دووریان خستنەوە بۆ (ئەدرنە)[١] بەڵام کۆچی ئەم جارەیان لە کۆچی پێشوویان سەختتر بوو چونکە بەفرێکی ئەستوور ئەباری و، ئەوانیش نە نانی تەواویان پێ بوو، نە پۆشەنیی تەواویشیان پێ بوو لەبەرئەوە تووشی ئێش و ئازارێکی زۆرتربوون، لە هی کۆچی پێشوو، جا لە شاری (ئەدرنە)دا، لە ناو ئەو تەنگ و چەڵەمە و ناخۆشی و نا هەمواربییەدا، کە لە وزە بەدەربوو، (بها ءالله) دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئایینی بەهائی گەلێک کەسی بەخۆیەوە نووساند بانگ ڕاهێشتنەکەیشی، بۆ ئاینەکەی خۆی، ڕاست و ڕەوان ئاشکرا ئەکرد زۆربەی بەهائییەکان ئەو بیروباوەڕ و فەرموودانەیان پڕ بەدڵ پەسند ئەکرد.

ئیتر لەو ڕۆژەیشەوە ناویان نرا (بەهائییەکان) جا ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی کە دوژمنەکانی (بها ءالله) ئاگری پشم و قین لە دڵیا بەربێ ئیتر ئەوانیش دەستیان کرد بەدوژمنایەتییەکی توندوتیژ، بەرامبەری لە ژێرەوە داویان بۆ ئەنایەوە، تا تووشی دەردی سەربی بکەن ئیتر دوای ئەو ماوەیەی کە تیامانەوە، لە ئەدرنەدا، فەرمانڕەوایی (عثمانی) فەرمانیدا بەدوورخستنەوەی خۆی و هاوڕێکانی بۆ شاری (عکا)، کە لە ڕۆژی ١٨٦٨/٨/٣١دا گەیشتنە ئەوێ[٢]. (بها ءالله) بیست و چوار ساڵی خشت لە

(١) ئەدیرنە: شارێکی تورکییە لەسەر ڕووباری (ماریتا) نێزیک بەسنوری یۆنان، ٧٥٫٠٠٠ هەزار کەسێکی تیادایە، لە ١٣٦٢- ١٤٥٣ پایتەختی عوسمانیەکان بووە، گەلێ پاشماوە و کەلاوەی بیزەنتی و ئیسلامەکانی تێدا ماوەتەوە، کە بەناوبانگترینیان مزگەوتی (سەلیمییە)یە.

(٢) دەربارەی سەفەرەکەی بها ءالله لە بەغداوە بۆ ئەستەنبوڵ، لە کتێبی بها ءالله و دەوری نوێ دا، وا هاتووە: «ڕێگای ئەستانبوڵ سێ چوار مانگی خایاند، ئەم قافڵە نەفی کراوە کە بها ءالله و دوانزە=

بەندیخانەی ئەم شارەدا مایەوە، تا مرد و کۆچی دوایی کرد بۆ لای خوای خۆی ئەو ساکە ساڵی ١٨٩٢بوو.

(بهاءالله) لەو ماوانەدا کە دەربەدەر کرابوو، بەتایبەتی کە لەشارەکانی (ئەدرنە) و (عەکا)دا بوو[١]، دەستوورەکانی ئایینەکەی خۆی دارِشت و دامەزراند ئنجا فرمانەکانی سەرشانی بەهائییەکانیشی دەستووردا نزیکەی سەد بەرگ نووسراوانیشی نووسییەوە ئەو دەستوورانە و ئەو فرمانانەی لەگەڵ بنچینەکانی ئایینەکە و باوەڕ و بیرەکانیدا، تیا ڕوون کردبوونەوە تا هەموو کەسێک بەئاسانی تێیان بگات پاش ئەوە ئایینەکەی خۆی، کە بە بەرنامەیەکی خوایی دا ئەنا، لە هەموو شایەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و، هەموو

= نەفس ئەفرادی عائیلەی و حەفتا و پێنج کەسی دۆستانی بوون گەلێ ئەزیەت و مەشەققەتی رێگای چێشت... پاش چوار مانگی کە دیسان رۆیشتن بوو بەتوشیانەوە، ئەم جارە بۆ -ئەدرنە- وەلێ ئەمجارە کە هەرچەند رۆژێکی خایاند لە هەموو ئەوانیتر بەئەزیەت و مەشەققەتتر بوو... لە ئەدرنە چوار ساڵ و نیو دانیشتن. بهاءالله لێرەدا دیسان دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئیدیعای خۆی و گەلێ پەیڕەوانی لە دەوری خۆی کۆ کردەوە... لە ئیعتیباری ئەو حەلەوە بابیەتی کشایە ناو تەئریخەوە و بەهائیەتی دامەزرا، تەنیا ئەقەلیەتێکی کەم تابیعی میرزا یەحیای زڕبرای بهاءاللەدا دەستیان دایە یەک. بۆ نەمان و نابودی بهاءالله تێکۆشان. ئەمانە -ئەزەلی-یان پێ دەڵێن. لە ئەنجامدا گەلێ عائیلەی گەورە ڕوویدا، نیهایەت حکوومەت عوسمانی (بەهائییەکان و ئەزەلییەکان)ی لە ئەدرنە نەفی کرد، بهاءالله و بەهائییەکان بۆ شاری عەکا کە لە فەلەستینە و میرزا یەحیا و هەمپاکانیشی بۆ جزیرەی قوبرس نێران، بە نەزەر - مۆبیل -ی تەئریخ ناسەوە بهاءالله و تابیعانی لە ئاغستۆسی ساڵی ١٨٦٨دا گەیشتنە عەککا). ل: ٤١-٤٢

(١) بەهاءالله خۆی باسی شاری عەکا دەکات لە بهاءالله و دەوری نوێدا دەڵێ: «دەڵێن لەم بەندیخانە دورەشەوە نەقڵی بەندیخانەی عەکامان دەکەن. وەک لێی دەگێڕنەوە عەکا شارێکی هەرە ناخۆشی دونیایە، بەچەشم ئەنداز هەرە ناشرینیەتی، ئاو و هەوایەکی ناسازی هەیە، وڵاتێکی زۆر پیس و بۆگەنە، ئاشیانێکی کوندەپەپووە کە لە هەوایەکی لە زریکە و چریکەی شوم زیاتر هیچ نایێتە بەر گوێی ئینسان». ل: ٤٣

«لە پاش تەحەممولی ڕەنج و سەفەری دەریا حەزرەتی بەهائوڵڵا و پەیڕەوانی کە هەشتا و چوار کەسی ژن و پیاو و منداڵ بوون گەیشتنە عەکا. لە قشڵەی عەسکەریدا حەپسکران ئەم بەندێتییە بەشیدەتە چوار ساڵی خایاند، لە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی ترا قەدەغە کرابوون، ئەنجام تەزیقات کەم بووەوە، لەبەر سەفەربەریک کە حکوومەت ئیعلانی کردبوو، ئەوان گوێزرانەوە خانوویەکی سەربەخۆ، دەست و پێوەندەکانیش لە شارا دامەزراند، ئەو تەقیداتەی کە بەپێی فەرمانی هەمایۆنی لازم بوو بکرێ بەرە بەرە کەمبووەوە و نیهایەت نەما و بەجارێ دوایی هات». ل: ٤٥-٤٦.



موسوڵمان و گاورەکان گەیاند[١] نامەکاریپشی لەگەڵ (پاپا) و (جێ نشینی پێغەمبەری موسوڵمانەکان)دا کرد لەگەڵ خونکار و سەرەک کۆمارەکانی ئەمەریکادا کرد لەگەڵ کۆمەڵی بەرزی پیاوە ئایینییەکانی گاورەکاندا و، لەگەڵ پیاوانی ئایینیی هەموو جۆرە نەتەوەکان و ئایینەکانی تردا کرد... لە ناو هەر نامەیەک لەو نامانەدا کە ئەیناردن بۆ ئەو پیاوە گەورانە نامەکە و ئایینەکەی خۆی ئاشکرا ئەکرد هەموویشیانی ئەترساند: کە ئەگەر بێتو نەیێنە سەر ڕێی ئەوو، بەدەم بانگەکەی ئەوەوە نەیێن، یاخود بەرپەرچی بانگ ڕاهێشتنەکەی ئەو بدەنەوە، پاشە جار ئۆ باڵی هەر سەرگەردانی یەک کە بەسەریاندابێ، بەئەستۆی خۆیان ئەبێ. گەلێک جاریش هەڕەشەی لێ ئەکردن، کە لە خۆبایی بوون و سەرکێشییەکەیان، ئەبێتە هۆی سەر ئەنگرێ بوونیان!...

## عبدالبهاء

بەڵام ئەو کەسەی ئایینی بەهائی لەهەموان ئەگەیاند و پەرەی پێ ئەسەند، کوڕی هەرەگەورەی (بهاءالله)بوو، کە ناوی (عبدالبهاء)بوو ئەم پیاوە گەورەیە، لە لایەن باوکیەوە ناونووس کرا، کە لە پاش خۆی، جێی ئەو پڕ بکاتەوە هەروەها ئەو بەڵێن و پەیمانەیش کە (بهاءالله) داوێتی بەخوا و خۆی، جێبەجێی بکات تا بەهائییەکانی هەموویان لێی کۆببنەوە و ڕووی تێ بکەن و لە ئامۆژگاریی و واناکانی ئەو، کە لەگەڵ ئایینی بەهائیدا ئەبێ یەک بگرن، کەڵک وەربگرن. لە ڕاستیدا (عبدالبهاء) هەموودەم لە پشت باوکیەوە بوو، یارمەتیی ئەدا هاوکار و هاوئازادی بوو ئەویش لە ناو ئەو بەندیخانەیەدا مایەوە تا ساڵی ١٩٠٨ ئەمە ئەو کاتە بوو کە لە ناو فەرمانڕەوایی تورکدا هەڵگەڕانەوە (إنقلاب)ێک پەیدابوو[٢]، کە لە دوای ئەوە فەرمان درا هەرچی بەندییەکی

(١) یەکێک لەو فەرمانڕەوایانەی کە بڕوای بەم ڕێبازە هێناو دەڵێن بووە بەهائی، (ناصرالدین شا)ی ئێران بووە (١٨٣١- ١٨٩٦)کە لە بنەماڵەی قاجاریەکانە و لە ١٨٤٨دا حوکمی ئێرانیان گرتە دەست، لە ڕۆژانی حوکمی ناصرالدین دا (بەهائی) وەک ڕێبازێکی ئایینی برەوی سەند و لە ئێراندا بڵاوبۆوە، بەپیلانێکی (جەمالەدینی ئەفغانی) لە لایەن (میرزا ڕەزای کرمانی)یەوە درایە بەر خەنجەر و کوژرا، بۆ زیاتر بڕوانە کتێبە وەرگێڕراوەکەی شاکر فەتاح بەناوی (جەمالەدینی ئەفغانی) لە نووسینی (قدری قلعچی).

(٢) حزبی (ئیتحاد و تەرەقی) دوای وەلاخستنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦- ١٩٠٣) و دانانی سوڵتان محەمەدی پێنجەم بەماوەیەک و لە ڕۆژی هەینی ٢٤ تەمموزی ١٩٠٨دا =

زرنگ کاریی (سیاسی) و ئایینی هەبوو، بەڕەڵڵا کران ئەم فەرمانە هەموو خاکی (عثمانی)ی گرتەوە ئەمیش لە پاش بەڕەڵڵابوونەکەی، فەلەستینی کرد بەنیشتمانێک بۆ خۆی ئنجا بۆ ناو خاکەکانی میسر و ئەورووپا و ئەمەریکا چەند گەشتێکی کرد، بەمەبەسی موژدەدان و بڵاوکردنەوە و فێرکردنی ئایینی بەهائی لە ناو هەموو جیهاندا کارەکەی (عبدالبهاء) زۆر گەورە و فراوان بوو بیروباوەڕەکانی بەهائی ڕۆشن ئەکردەوە بۆ هەمووان، تێی ئەگەیاندن هەروەها خۆیشی و هەڤاڵەکانیشی دەستیان ئەکرد بە پەیڕەوی کردنی ئەو بیروباوەڕانە.

بەڵێ: ئەم پیاوە گەورەیە لە ناو جەرگی خاکەکانی ئەورووپا و ئەمەریکادا، لە ناوەڕاستی جیهانی خاوەن شارستانێتی و پێشکەوتوویدا، وتاری بۆ ڕاستی پەرستەکان و زانا و وێژەوانەکان ئەدا بەهەموو هێز و هەرەتێکی خۆیشییەوە دەنگی بەرز ئەکردەوە و هاواری بۆ ئەهێنان، لە ناو کلێساکان و پەرستگاکان و یانەکانیاندا پێیی ئەگوتن: (لێم کۆبینەوە، بتانخەمە سەر ڕێی ڕاست و شەقامی ڕزگار بونتان پێ نیشان بدەم ئێستاکە ئەو کاتە هاتووە کە هەمووتان بێنە ناو (کۆڕی پیرۆز)ەوە.

پێویستە دڵتان پاک بکەنەوە پەردەی ناشیتی و نەزانی و شێرگیریی و چاو لێ کەریی و بیرەوەریی پروپووچ لەسەر چاوی خۆتان لابدەن تا هەست بکەن بەشەپۆلەکانی کزەبا فێنکەکەی خوایی، کە بەبۆن خۆشییەکەی خۆیەوە بۆ هەموو لایەک شنە ئەکات ئێوەیش هەمووتان وەرنە لام، بام پێکەوە تێبکۆشین: بۆ لابردنی ناکۆکی و لە یەک تێ نەگەیشتن، لە ناوخۆماندا بۆ بەرزکردنەوەی ئالای ئاشتی و بێ وەیی گشتی لە ناو هەموو جیهاندا، وەرن بام ڕێک کەوتن و ئاشتبوونەوەیەکی هەرە گەورە و بەهێزی وەها پێک بهێنین کە ئیتر لە ناو مرۆڤایەتیدا خوێن نەڕژێتەوە، هەروەها سەرگەردانی و ماڵ وێرانییش تووشی هیچ لایەکمان نەبێتەوە).

(عبدالبهاء) ئەو کۆمەڵانەی کە وتاری بۆ ئەدان، بەوە چاوی ئەترساندن، کە ئەگەر بێتو مرۆڤەواریی[1] لە ڕێگای خۆیان لابدەن و خووبدەنە بابەتی خۆپەرستانەی جیهانی، بێ

=ئینقیلابێکی سپییان ئەنجامدا بەبێ خوێن ڕشتن تا ماوەیە سەربەستی و ئازادیەک لە سەرانسەری وڵاتی عوسمانیدا بەرقەرار بوو، بەڵام ئەمانەیش وەک هەموو دەسەڵاتێکی داگیرکەری بەرچاو تەنگ وردە وردە گەڕانەوە سەر هەمان شێوازی توندوتیژی و تورکچێتی و پشگوێ خستنی مافی نەتەوەکانی ژێردەستیان و زیاد لەمە هەوڵدان بۆ بەتورککردنیان.

(١)بەڵکو: مرۆڤایەتی.



گومان لە دواڕۆژدا تووشی سەرگەردانی و ماڵ کاوول بوون ئەبن هەروەها ئەوەیشی بۆ دەرئەخستن کە زۆرداریی و ستەمکاریی، بەئەندازەیەکی یەجگارسامناک بڵاوبوونەتەوە بەناو هەموولای جیهاندا.

کە لە خاکەکانی ئەورووپایش ئەدوا، ئەیگوت: هەر لە شاخێکی ئاگرین ئەکات، کە هەر پزیشکێکی بەسە بۆ ئەمەی ئاگرەکەی کلێپەی بکات و هەڵ بچێ بەئاسماندا.

ڕاستییەکەیشی قسەی ئەو دەرچوو چونکە هەر ئەوەندە لەو خاکانەوە گەڕایەوە هەوارگەکەی خۆی، لە شاخی (کەرمل)[1] لە شاری (حەیفا)دا، ئەوەندەی پێ نەچوو سەرگەردانییە گەورەکەی شەڕی جیهانیی یەکەم لە مرۆڤەواریی قەوما و ئاگری ئەوشەڕە بەربووە گیان و سامانی هەمووان.

(عبدالبهاء) لە ماوەی چوار ساڵەکەی ئەم جەنگە سامناکەدا خۆی خەریک کرد بەچاودێری کردن و لاواندنەوەی هەژارەکان و خۆڕشت پێ دانیانەوە، کە بریتی بوون لەو کەسانەی کە بەهۆی ئەم جەنگەوە کەسیان بۆ نەمابووەوە بیان ژێینێ لەبەرهەمی دانەوێڵەی کێڵگە تایبەتییەکانی خۆی، دابەش ئەکرد بەسەر ئەو کلۆڵ و هەژارانەدا.

لە ساڵی ١٩١٨دا چەک فڕێ دان و جەنگ وەستاندن دەست پێ کرا. جەنگی یەکەمی جیهانیش دوایی هات پەیماننامەی ئاشتییش لە کۆبوونەوە گرنگ و گەورەکەی (ڤەرسای)دا لە ناوەند فەرمانڕەواییەکانی جیهاندا گرێ درا لەوکاتەدا (عبدالبهاء) کە سەرنجی لە کاروکردەوەی ئەو فەرمانڕەواییانە ئەدا، لەم پەیمانی ئاشتییەیان دڵ خۆش نەبوو، وای پێ ئەگوت کە: ئەمیش جۆرە ڕێگایەکە بۆ ئەوە کراوەتەوە کە فەرمانڕەواییە بەچنگەکان، فەرمانڕەواییە کز و بێ دەسەڵاتەکان، یاخود نەتەوە بەهێزەکان، نەتەوە لاوازەکان بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە و بیان چەوسێننەوە ئەم بارەیش ئەنجامی زۆر خراپی لێ ئەوەشێتەوە چونکە بەهۆی ئەم جۆرەکارەوە تۆوی شەڕێکی خوێنینی تر هەر لە ئێستاوە ئەچێنرێ بۆ دواڕۆژ، کە لەم شەڕەی ئێستایە گەلێک سامناکتر و دڕندانەتر دەرئەچێ.

(عبدالبهاء) بەدەمی خۆی ئەمەی فەرمووە:

(ئەو دەرد و نەخۆشییانەی کە جیهانی ئیمڕۆ لە دەستیان ئەناڵێنێ، ئەو ساکە پەرە ئەسێنێ ئەو تاریکاییەیش کە ئیمڕۆ مرۆڤەواریی تێ کەوتووە، تاریک تری لێ دێ بۆ

(١) کەرمەل: شاخێکە لە فەلەستین بەسەر شاری (حەیفا)دا دەڕوانێ، لە ڕووی دەریاوە بەرزیەکەی ٥٤٦م دەبێ، کلێسایەکی کۆنی دییانەکانی تێدایە کە مێژووەکەی دەچێتەوە بۆ سەدەی سێیی زایینی.

وێنە نەتەوەکانی (بالکان)، لە شلەژاویی و پەشوکاوییدا هەروەک خۆیان ئەمێننەوە گیروگرفت و تەنگو چەڵەمەیشیان تادێت زۆرتری لێ دێ هەموو فەرمانڕەواییە شکاوەکانیش کە جەنگیان دۆڕاندووە، لە دڵە گوڕێ و بێ ئارامیدا ئەمێننەوە.

دواییش وایان لێ دێ، بەهەر نرخێکیان لەسەر بکەوێ شەڕ هەڵ بگیرسێننەوە بۆ ئەمەی تۆڵەی خۆیان بسێننەوە) ئەم قسەیەیش کە (عبدالبهاء) کردبووی، دوایی بەڕاست گەڕا ئەوەبوو شەڕی جیهانیی دووەم قەوما، کە لە شەڕی جیهانیی یەکەم، گەلێک زۆرتر جیهانی ویران و مرۆڤایەتیشی سەرگەردان کرد.

لە کاتی یەک و نیوی پاش نیوەشەوی، شەوی دووشەممەی ١٩٢١/١١/٢٨ی زاییندا، پایە بڵند (عبدالبهاء) چوو بەدەنگ خوای گەورەی خۆیەوە ئەو ژیانە گەورەیەی بەجێ هێشت کە پڕی کردبوو لە کردەوە زیندووەکان و شاکارە باشەکانی خۆی بەڵێ (عبدالبهاء) ئەو ژیانەی بەجێ هێشت کە هەروەک بۆ خوێندەواران دەرئەکەوێ پڕبوو لە شاکارە بڵندەکان، کە چاکە و پیاوەتی و بەخشندەیی و مەردایەتی و تێکۆشان بۆ کەڵکی مرۆڤایەتی و یەک خستنیان بۆ ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و ئاشتیی (عبدالبهاء) پیشان ئەدات.

## شوقی أفندیی ربانی

کاتێ کە ئامۆژگارینامەی سەرە مەرگی (عبدالبهاء)یان کردەوە و خوێندەوە[1]، بۆیان دەرکەوت کە پایە بڵند (شوقی أفندیی ربانی)ی لە جێی خۆی داناوە تا لە پاش مردنی خۆی، ئەو کاروباری هەموو بەهائییەکانی جیهان هەڵ بسووڕێنێ.

ئەم پیاوە نەوەی خۆی بوو ڕۆشنایی چاوەکانی بوو لە درەختی گەورەی خێزانی بەهائییەکانیشدا بەلقی هەرە ناوازەی دانابوو.

ئەمەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ چونکە (شوقی أفندی) لەلایەن باوانیەوە، نەژاد و جوامێر بوو لە لایەن کاروکردەوەی ئەوانیشەوە کە گەیاندبوونیە ئەو پایە بڵندیانە، هەر جێگای گەورەبوو واتا لە هەر دوولاوە بنچینەیەکی پاک و پیرۆزی هەبوو؛ ئەو لە لایەکەوە هۆگر و هاوکاری (عبدالبهاء)ی باپیری بوو لە لایەکی تریشەوە بەهۆی باوکیەوە ئەگەیشتەوە سەر (باب)ی مەزن لە ڕاستیدا (شوقی أفندی) ئەستێرە گەشەیەک بوو لە

(١) واتا: وەسێتنامەکەی.



ئاسمانی بەهائییەکاندا مانگێکی چواردە شەویش بوو کە هەر لە ناو ئەو ئاسمانەدا پرشنگی ئەدا و هەموولایەکیشی ڕووناک ئەکردەوە (شوقی أفندی) لە باوەشی باپیری خۆیدا، (عبدالبهاء)ی پاک و پیرۆزدا گەورەبووبوو لە گیانە پیرۆز و بەرزەکەی ئەویشی چێشتبوو و گەشەیشی پێ کردبوو.

هەر لەویشەوە بیروباوەڕە بڵندەکانی بەهائی وەرگرتبوو بۆ یەکا ڕەوشت و کردەوە جوانەکانی باپیرە مەزنەکەی خۆی، کاریان لە دڵ و دەروونی کردبوو ڕەوشت و کردەوەکانیشی چووبوونەوە سەر کردەوە و ڕەوشتەکانی ئەو، کە زۆر پەسند و ناوازەبوون لەبەرئەوە ئەم پایە گەورەیە کە پایەیەکی گیانیی بەرز و پیرۆز بوو، هەر لەو ئەوەشایەوە کە لە دوای باپیری خۆی دەستی کەوێ ئەویش هەر بۆ ئەمەی کە کۆشش و خەبات بخرێتەوە گەڕ، بەمەبەسی ئەوەی کە هەرچی (عبدالبهاء)ی باپیری مەزنی دایناوە و ڕۆشنی کردۆتەوە بۆ هەمووان تەواو بکرێ و بەئەنجامی خۆی بگات.

(شوقی أفندی) لە زانستگا (کلیە)ی بێروتدا زانستەکانی خۆی خوێندوە لە زانستکۆ (جامعە)ی ئۆکسفۆردی ئینگلتەرەیشدا وانا (درس)ە بەرزەکانی خۆی تەواوکردووە.

لەوێدا پێ گەیشتووە لە خوێندنەکەیدا سەرکەوتووە تا لە دواییدا گەیشتوەتە ئەندازەیەکی وەها کە لە خوێندەواریدا گەورەیی و، لە ڕەوشت و خوویدا داوێن پاکیی کۆکردبووەوە[1]. ئەمەیش سەرسوڕمانی پێ ناوێ چونکە ئەم پیاوە لە نەوەی (عبدالبهاء)بوو، کە گەیشتبووە پۆپەی هەرە بەرزی گیانی و، لە خواناسی و ڕەوشتی پاکیشدا پایەی هەرە گەورەی دەست کەوتبوو بێجگە لەوە هەموو ژیانی خۆیشی تەرخان

(١) لە کتێبی بهاءالله و دەوری نوێدا هاتووە کە: «عبدالبها کچەزای هەرە گەورەی خۆی کە - شوقی افندی-یە بەخەلیفەی شریعەتی موهیمی خودایی تەعین کرد. شوقی افندی هەرە گەورە نەوەی - ضائیە خانم-ی کچی عبدالبهایە؛ باوکی کە میرزا هادی خزمی -باب-ە، هەرچەندە لە نەوەی ڕاستەوڕاستی باب نییە، چونکە کوڕە تاقانەی باب لە منداڵیدا مرد. شوقی افندی وەختێ باپیرەی چووە ئاسمان عومری لە بیست و پێنجساڵیدا بوو، ئەوحەلە لە هونەرخانە -دار الفنون-ی بالیول ئۆکسفۆردا ئەیخوێند. عبدالبها لە وەسێتیا دەربارەی تەعینی بەم چەشنە دوا: ئەی یارانی میهرەبان، لەپاش مردنی ئەم ڕەنجیدەیە ئەبێ لقوپۆپی درەختی مبارک و دەستانی شەریعەتی خودایی و خۆشەویستانی جەمالی ئەبها ڕوو بکەنە لقی کە لە دوو درەختی موبارەکەوە پەیدا بووە کە شوقی افندییە... ئەی یارانی خودا ئەبێ خەلیفەی شەریعەتی خودایی لە حاڵ ژیانیا جێ نشینی خۆی دیاری بکا، تا لەپاش چوونە ئاسمانی، ناتەبایی پەیدا نەبێ.

کردبوو، کە لە کەڵک و چاکەی مرۆڤایەتیدا بەختی ئەکرد جا بەهۆی ئەوەوە کە بیروباوەڕەکانی، کردەوە و ڕەوشتی چاک و خۆشەویستیی بڵاوئەکردەوە بەناویاندا و، کاریشی لە دەروونیان ئەکرد، گەلێک بەرهەمی باش باشی دەست ئەکەوت کە ئەم کوڕە، واتا (شوقی أفندی)، یەکێک بوو لەو بەرهەمە ناوازانە سا هەر لەبەر ئەوەبوو کە ئەم پیاوە گەورەیە، لە جێی باپیری پایە بڵندی خۆی دانیشت لە هەموو لایەکەوە گیانی بەهائییەکان شادمان بوو ئارام و ئاسایشیش بەدڵیان گەیشت.

جا لەو ماوەیەدا کە (٣٦) ساڵی خشتی خایاند و کاروباری بەهائییەکان ئەو هەڵی ئەسووڕاند، بەسایەی خەمخۆریی و هونەرمەندیی ئەوەوە و، ئامۆژگارییە نایابەکانیەوە، چەند هەزار کۆڕ (محفل)ێکی گیانی لە هەر پێنج پارچە خاکە مەزنەکانی سەر زەمیندا دامەزرا[1]، کە هەر شوێنە لەوانی تر جوێ بوو هەر بۆ وێنە لە (ئێران)دا نزیکەی هەزار کۆڕی گیانی (محفل روحانی) لە ناو شار و دێهاتەکاندا دامەزرێنرا هەروەها لەم شوێنانەیشدا ئەم کۆڕە گیانییانە دامەزرێنران؛ وەک: ئەمەریکای ژووروو و ئەمەریکای خواروو، کەنەدە، ئوستralیا، ئەلاسکا، ئەڵمانیا، فەرەنسە، سویسرە، ئیتالیا، لەگەڵ هەموو خاکەکانی ئیسکاندیناڤیا: وەک سوید و نەرویج و دانیمارک و نیوزیلەندە هەروەها لە خاکەکانی نەمسە و باڵکان و هوڵەندە و بەلجیکا و لوکسەمبورگ و ئینگیلتەرە و پورتوگال و ئیسپانیا و تورکیا و سوریە و لوبنان و ئەردەن و عێراق و بەحرەین و ئەحساء و مەسقەت و یەمەن و قەتەریدا، لەگەڵ ئەفغانستان و پاکستان و هیندستان و بۆرما و چین و فەرمۆزا و ئەندەنوسیا و هەموو دوورگەکانی ئەم لاو ئەولایشیدا، هەروەها لە میسر و لبیا و مەراکش و ئیتوبیا (حەبەشستان) و گوێ ئاوی زێر (ساحل الذهب) و ناوەڕاستی ئەفەریکا و خوارووی ئەفەریکایشدا دامەزرێنران.

گاورەکان بەهەموو تیرەیەکیانەوە، موسوڵمانەکان بەلکی (شیعە) و (سنە)یانەوە، هەروەها جوولەکەکان و هیندۆکییەکان و سیک و زەردەشتی و بووداییەکانیش بەکوڵی دڵیانەوە چونە سەر ئەم ئایینە، بێجگە لەوە هەموویشیان چوونە سەر ئەو باوەڕی ئایینی بەهائییە کە ئەڵێ: خوای هەموو ئاینێک یەکە و، هەموو ئایینەکانی پێشوویش لە بنچینەدا هەریەکن و یەکتر ئەگرنەوە.

هەروەها کەسایەتیی خۆیشیان بێ پەروا لە ناو گیان و شێوەی دەزگا گەشەکردووەکانی

(١) واتا: هەر پێنج کیشوەرەکە، قارەکان.



ئەم ئاینەدا نوواندەوە، گشت دەزگاکانی ئەم ئاینەیش وەک ئەندامەکانی لەش کاری یەکتر تەواو ئەکەن، لە چوارچێوەی یەکێتیی کۆمەڵێکی یەک گرتوودا...

## بیروباوەڕەکانی ئایینی بەهائی

بیبیروباوەڕەکانی (بهاءالله) یەجگار زۆرن لەبەرئەوە لە وزەدا نییە کە هەموو بابەتێکی لێرەدا پێشان بدەین هەر ئەوەندەمان لە دەست دێ کە بەکورتی لێیان بدوێین:

١- بنچینەی هەموو ئایینەکان یەکە:

بەهائییەکان بەپێی ئامۆژگاریی فەرموودەکانی (بهاءالله) کە هەر ئەوە دامەزرێنەری ئاینەکەیانە، باوەڕیان بەوە هەیە کەلەمەو پێش هەر پێغەمبەرێک پەیدابووە و، هەر ئاینێکی خواییش بەهۆی ئەوانەوە بڵاوکراوەتەوە، هەموویان ڕاست و دروست و تەواون یەکێک لە بنچینەکانی ئەم باوەڕەیشیان ئەوەیە کە هیچ دەستوورێکی ئایینی (شریعة) تا سەر وەک خۆی نامێنێتەوە، ئەگۆڕێ هەر کەسێکیش بڵێ ئەو دەستووری ئایینییە وەک خۆی ئەمێنێتەوە، قسەکەی دوورە لە ڕاستییەوە چونکە لە هیچ نووسراوێکی ئایینیدا کە خوا ڕەوانەی فەرمووەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکانی شتی وای تیانیە کە پشتیوانی ئەو قسەیە بێت[1] هەروەها باوەڕیش وا ئەکەن کە بنچینەی هەموو ئایینەکان یەکە لەسەر هەموو بەهائییەکیش پێویستە کە ڕێز لە هەموو ئایینەکانی تر بگرێ و بە بابەتێکی بەرز و

(١)دیارە دەبێ لە لای خوێنەری هێژا ئەوە ڕاستیەکی چەسپاوبێ کە ئەم خاڵەی لە بابەت یەکێک لە بنچینەکانی باوەڕەکەیانەوە بەو مانایە دێت گوایە: هیچ دەستورێکی ئایینی- شریعە- تا سەر وەک خۆی نامێنێتەوە و دەگۆڕێ، وە لە هیچ نووسراوێکی ئایینیدا کە خوا ڕەوانەی کردۆتە خوارەوە بۆ پێغەمبەرەکانی شتێ نییە کە پێچەوانەی ئەمەبێ ئەمە زۆر دوورە لە ڕاستیەوە و، ئەوەندەی پەیوەندی بەئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە بێ بەڵگە زۆرە، چ لە قورئان و چ لە حەدیسەکانی پێغەمبەر (د.خ)، خۆ ئەگەر، بکەوینە بەرپەرچدانەوەی ئەو بۆ چوونە، زۆری دەوێ، بەڵام ئێمە تەنیا بەم چەند ئایەتەی ناو قورئان- وەک نموونە- چەوتی و نادروستی بۆ چوونەکە دەخەینە ڕوو:

-(إن الدین عندالله الأسلام وما اختلف الذین أوتوا الکتاب إلامن بعد ماجاءهم العلم بغیاً بینهم ومن یکفر بآیات الله فإن الله سریع الحساب. آل عمران- ١٩)

-(ومن یبتغ غیر الأسلام دیناً فلن یقبل منه وهو في الآخرة من الخاسرین. آل عمران- ٨٥)

-(الیوم أکملت لکم دینکم و أتممت علیکم نعمتي ورضیت لکم الأسلام دینا. المائدة- ٣)

- (إنا نحن نزلنا الذکر و إناله لحافِظون. الحجر- ٩)

پیرۆزیان دابنێ ئەبێ وایشیان دابنێ کە هەریەکەیان بریتییە لە پارچەیەک لە زنجیرەی سروش (وحی)ەکانی خوایی کە هەر دەم لە ئارادایە و نابڕێتەوە، بۆ ئەمەی ڕێگای ڕاست پیشانی مرۆڤایەتی بدات بۆ ژیانێکی پڕ لە کامەرانیی.

٢- ڕێک کەوتنی ئایین و زانست:

شارستانێتیی بابەتی جیهانی، هەرچەندە بەیەکێک لە هۆیەکانی پێشکەوتنی جیهانی مرۆڤایەتی دائەنرێ، بەڵام کامەرانیی مرۆڤی لێ نایەتە بەرهەم، تا شارستانێتیی خواییشی نەخرێتە سەر؛ هەرسەرنجێک لەم کەشتییە زرێ دارانە بدەن! لە توانایاندا هەیە کە شارێکی تەواو لە ماوەی کاتێک کەمتردا وێران و کاوول بکەن!... ئەمەتا بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی شارستانێتیی جیهانی هەروەها تۆپە گەورەکان و شەستتیرەکان و بۆمبای ژێر زەوی و کەشتییەکانی ژێر ئاو و بۆمباکانی ژێر دەریا و ئۆتۆمۆبێلە زرێ دارەکان، لەگەڵ فڕۆکە دوکەڵ هاوێژەکان و ئاگر هاوێژەکانیش هەر لەم جۆرە بەرهەمانەی شارستانێتیی جیهانین، کە هەموویان بۆ وێران کردن و کاوول کردن و لە ناو بردنی شار و مرۆڤ بەکار ئەهێنرێن دوامینی ئەم بابەتە کاوول کەرانیش بۆمبای گەرد (ذرە)ە، کە نە خانووبەرە و زەوی و کشتوکاڵ بەپێوە ئەهێڵێ، نە لەش و گیانی مرۆڤ بەزیندوێتی ئەهێڵێتەوە هەموویان بەهەناسەیەک ئاگر تێ بەرئەدا و لەناو ئەبات.

جا ئەم کەلوپەلانە کە لەوێران کردن بەولاوە هیچیان لێ ناوەشێتەوە، هەموویان لەبەرهەمە خراپەکانی شارستانێتیی ژیانی جیهانین، یاخود ژیانی پوول پەرستین بەڵام ئەگەر بهاتایە شارستانێتیی گیانی یاخود خوا پەرستانەیش، شان بەشانی شارستانێتیی پوول پەرستانە لە ژیانماندا ببوایە و بەکاربهێنرایە و بکرایەتە دەستوور، هەرگیز ئەم جۆرە کەلوپەلی ئاگر بارانانە پەیدا نەئەبوون و بەکار نەئەهێنران لە جیاتی ئەوانە، هەرچی هێزێکی مرۆڤایەتی هەیە تەرخان ئەکران بۆ داهێنانی ئەو کەلوپەلانەی کە بەکەڵکی مرۆڤایەتی ئەهاتن. تەرخان ئەکران بۆ دۆزینەوەی ئەو شتە شارراوانەی کە مرۆڤایەتی کەڵکیان لێ وەربگرێ، چونکە شارستانێتیی سامان باز[1]، هەر لە شووشە ئەکات!... بەڵام شارستانێتیی خوایی[2] هەر لە چرا ئەکات خۆ ئەمەیش دیارە کە شووشەی چرا، تا چراکە لە ئارادا نەبێ، ڕۆشنایی نا بەخشێ هەروەها شارستانێتیی پوول پەرست، هەر لە

(١) مەبەستی: (الحضارة المادية)

(٢) مەبەستی: (الحضارة الروحية).



لەش و لارێک ئەکات کە هەرچەندە ناسک و جوان و شەنگ و شۆخ بێ، بەڵام کە گیانی تیا نەبوو، بە مردوو دائەنرێ کەچی شارستانێتی خوایی هەروەک گیان وایە، لەشەکەیش بەو گیانەوە بە زیندوو دائەنرێ و، ئەتوانێ بژی ئەگەر بێتو ئەو گیانەی تیانەبێ، لەشەکە ئەبێتە لاشەیەکی وەها کە هیچ نرخێکی نەبێ!...

کەواتە مرۆڤایەتی داماوە لەسەر گیانی بەرز و پیرۆز کە بچێتە لەشیەوە ئەگینا مرۆڤ، کە ئەم گیانەی تیانەبێ، جیهانی لێ تەنگ و تاریک ئەبێ ولێی ئەبێتە شەوە زەنگ ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە جیهانی سروشت بریتییە لە جیهانێکی گیان لەبەران جا هەتاکو مرۆڤ، جارێکی تر، لە جیهانی سروشت لە دایک نەبێتەوە، واتا لەباری دڕندەیی خۆی ڕزگار نەکات بێ گومان هەروەک دڕندەیەک ئەمێنێتەوە، جا ئەوەی ئەم دڕندەیە ئەکات بەمرۆڤی ڕاستەقینە، لە خواناسی و ئایینی خوایی بەولاوە هیچی تر نییە.

٣- پێ خوێندنی بەزۆر:

پێویستە هەموو مناڵێک چەند زانستێکی پێ بخوێندرێ جا ئەگەر باوک و دایکەکان توانیان پارەی خوێندنەکە بخەنە سەرشانی خۆیان، ئەوا باشە ئەگینا لەسەر کۆمەڵایەتییە کە لەسەر ئەرکی خۆی بەو مناڵانە بخوێنێ پێویستە ئەو کەسەیش کە کەم تەرخەمی ئەنوێنێ لە پێگەیاندنی مناڵەکەیا بخرێتە ژێر لێ پرسینەوە وە ئەبێ چەند و چوونی لەگەڵا بکرێ.

پێویستە لەسەر گوناه و تاوانەکەی سزا بدرێ چونکە کەم تەرخەمی نواندن لە پێگەیاندن و پێ خوێندنی مناڵدا لەو تاوانانەیە کە هەرگیز نابێ چاوی لێ بپۆشرێ، لە ڕاستیشدا مردن باشترە بۆ ئەو مناڵەی کە بەبێ خوێندن بمێنێتەوە چونکە لە ئەنجامدا ئەبێتە بارێک بەسەر خۆی و بەسەر نەتەوەکەیەوە.

هەروەها پێویستە لە هەموو هەنگاوێکی پێ خوێندندا کوڕ و کچ وەک یەک تەماشابکرێن پێویستە هەندێ جار پێ خوێندنی کچ پێش کوڕ بخرێ چونکە کچانن کە ئەبن بەدایکان و ئەبن بەمامۆستایانی دواڕۆژ.

٤- یەکسانیی پیاوان و ئافرەتان:

مرۆڤایەتی دوو باڵی هەیە: یەکێکیان پیاوانە یەکێکیشیان ژنان، جا هەر وەک پەلەوەر، چۆن ئەگەر باڵەکانی وەک یەک نەبن، ناتوانێ بفڕێ هەروەها ئەگەر باڵێک لە باڵەکانی کزولاوازببێ لە فڕین ئەکەوێ هەر بەوچەشنەیش ئەگەر ئافرەتان و پیاوان وەک

یەک پێیان نەخوێندرێ و وەک یەک پێ نەگەیێنرێن و ڕا نەهێنرێن بەرەوشت و خووی پاک و پیرۆزەوە، مرۆڤایەتی ئەو سەرکەوتنەی دەست ناکەوێت لە ژیاندا کە لەسەری داماوە و لێی ئەوە شێتەوە و پێی ئەشێ.

**٥- جیهانی مرۆڤایەتی بریتییە لە یەک لا:**

لە ڕاستیدا لە ناو هەموو فەرمودە و ئامۆژگارییەکانی (بهاءالله)دا، لە ناو هەموو بیروباوەڕەکانیدا، کە گرنگ بێ و ناوبانگی دەرکردبێ، لەم چەرخەدا، ئەوەیە کە (یەکێتیی جیهانی مرۆڤایەتی)ی ئاشکرا کرد لە هەمووان.

(بهاءالله)یش لە کاتێکدا ئەم بیروباوەڕەی ئاشکرا کرد، کە مرۆڤایەتی لە ناو گێژاوی گەلێک لایەنگیریی ئایینی و نەتەوایەتی و نیشتمانیدا خولی ئەخوارد و خەریک بوو نوقم ببێ کە ئەو جۆرە لایەنگیریی (تعصب)[1] و مێشک وشکییە بووبووە هۆی ئەوەی بەربەستی ئەم جۆرە ڕۆشناییە ببێ. (بهاءالله)یش بۆ یەکا ئەم چرایەی داگیرساند بۆ جیهان کە تاریکیی دوژمنایەتی و ناکۆکیی ناو مرۆڤایەتی لاببات.

نیشانەکانی سەردەمەکانی پێشوویش وا ئەگەیێنن کە ئێمە لە بەرەبەیانی سەردەمێکی نوێ داین، لە مێژووی ڕەگەزی مرۆڤایەتیدا کە ئەشێ ناوبنرێ (سەردەمی یەکێتیی مرۆڤایەتی)، (بهاءالله)یش لە یەکێک لە نامەکانی خۆیدا لەگەڵ دانیشتوانی سەر زەمیندا بەم جۆرە گفتوگۆ ئەکات:

(وا خێوەتی یەکێتیی مرۆڤایەتی هەڵ دراوە ئیتر لە مەولا، پێی ناوێ بەچاوی بێگانە سەیری یەکتری بکەن چونکە ئێوە هەمووتان بەری یەک دارن، یاخود گەڵای یەک چڵن).

**٦- ئایین هۆی هۆگربوونی یەکتر و خۆشەویستیی یەکترە:**

پێویستە ئایین ببێتە هۆی هۆگربوونی یەکتر و پێک هێنانی خۆشەویستی لە ناو هەموو مرۆڤایەتیدا جا ئەگەر ئایینێک پێچەوانەی ئەمە، ببێتە هۆی ئەرک و ئازار و دوژمنایەتی ئەوا بەکەڵکی هیچ نایەت هەر کەسێکیش خوای خۆش بوێ، پێویستە ئەوی خوا دروستی کردوە، وەک مرۆڤایەتی، خۆشی بوێ هەروەها پێویستیشە بەکاری براکانی سەر زەمینی خۆی بێت و کەڵک بەگشتیان ببەخشێ، بێ ئەمەی تەماشای نیشتمان و ڕەگەز و نەتەوایەتی و ئایینی جوێ جوێیان بکات لە ڕاستیشدا مەبەسی خوا لە ڕەوانەکردنی

(١) یان: دەمار گیریی



پێغەمبەرەکانی خۆی بۆ ناو مرۆڤایەتی، هەروەها ناردنە خوارەوەی نووسراوە پیرۆزەکانیش، لە ئاسمانەوە، بۆ ئەو پێغەمبەرانە، هەر بۆ ئەوە بووە کە (یاسای خۆشەویستی) لە ناو مرۆڤایەتیدا بڵاو بکاتەوە و بیچەسپێنێتە دڵیانەوە بەهائییەکانیش، پێویستە لەسەریان: هەموو دانیشتوانی جیهانیان خۆش بوێ هەموو سەرزەمینیان خۆش بوێ هەروەها پێویستە لەسەریان خەبات بکەن بۆ ئەمەی بەکەڵکیان بێن خەریکی تێکۆشینیش بن بۆ پێک هێنانی ئاسایشی گشتی لە ناو هەموو جیهاندا بۆ بەرهەم هێنانی برایەتیی گشتی لە ناو هەموو مرۆڤەکاندا.

**٧- گەڕان بەدوای ڕاستیدا:**

(بهاءالله) بە بەهائییەکانی خۆی ئەفەرموێ: کە بڕیارتاندا بەسەرلایەکدا لە ڕاستی و دروستی و دادپەروەریی لانەدەن بەواتایەکی تر، ئەبێ مرۆڤ خۆی دوور بخاتەوە لە بیری ناڕاست و ناڕەوا و چاولێکەریی هەروەها خۆیشی دووربخاتەوە لەوە کە بێ ئەمەی سەرنج بدات و لێی ورد بێتەوە و بیری لێ بکاتەوە، هەر لە خۆیەوە دوای بیروباوەڕی کەسانی تر نەکەوێ.

نەوەک تووشی هەڵە ببێت و ڕاستیی لە پووچ و تاریکیی لە ڕووناکی بۆ جیانەکرێتەوە چونکە پێویستە هەموو مرۆڤێک خۆی ڕاستی بۆ خۆی بدۆزێتەوە هەروەها هەر چییەکیشی گوێ لێ ئەبێ، بەگوێی خۆی ببیبێ، نەک بەگوێی کەسانی تر.

گشت پێغەمبەرەکانیش ئەوەیان لە مرۆڤایەتی خواستووە کە چاویان بکەنەوە، نەک بیقووچێنن دوای هۆشیش بکەون، نەک بیکوژێننەوە هیچ کامێکیشیان لە دەست هەور و هەڵمی بیرەوەریی پڕوپووچ ڕزگاریان نابێ و کۆتە و زنجیری چاولێکەریی کوێرانە ناپچڕێنن، هەروەها کەسیشیان ڕاستیی ئایینە تازەکەیان بۆ دەرناکەوێ، تا بەدروستی لێ وردبوونەوە نەکەن و بەئازادیی و سەربەستییەوە بیری لێ نەکەنەوە ئەگینا باوەڕ پێکردنێکی چاولێکەریانە هیچ کەڵکێکی لێ پەیدا نابێ.

جا هەر وەک دەستووری ( دۆزینەوەی ڕاستی) کراوە بەبنچینەیەکی دروست و گەورە بۆ دامەزراندنی کۆشکی شارستانێتی مرۆڤەواریی و پێشکەوتنی زانست و هونەر و زانیاریی جیهانی، لە کۆڕی بابەتی جیهانیدا، هەروەها ئەبێ ئەو دەستوورەیش بکرێ بەبنچینە بۆ ژیانی گیانیی مرۆڤ و سەرکەوتنی بەسەر پەیژەی پێشکەوتنی گیانیدا.

٨- ئاشتیی جیهانی:

ئەوەندەی نەماوە بڵێم کە بیروباوەڕەکانی بەهائییەکان گشتیان، هەر بۆ ئامانجێک تێ ئەکۆشن کە بێتە دیی؛ ئەویش دامەزراندنی ئاشتیی گشتییە لەسەر زەویدا، لەگەڵ پێک هێنانی یەکێتیی مرۆڤدا.

(بهاء الله)یش بەئاشکرا ئەمە ئەڵێ: کە مەبەستی خوا لە ناردنی ئەو بۆ ناو نەوەی ئادەم هەر ئەوەیە کە ئەو قسانەی پێغەمبەرەکان لەوە پێش کردوویانە لە بابەت (هاتنی سەردەمێکی ئاشتی و دۆستایەتی و خۆشەویستییەوە لە ناو گشت مرۆڤانی سەر زەمیندا) بیانهێنمەدیی لەم ڕووەوە ئەفەرموێ:-

(جا لەم چەرخە گەورەیەدا کە لە هاتندایە مرۆڤایەتی بەجارێک ئەگۆڕێ بەرگی جوانی و ئاشتی و ئاسایش لە بەرئەکات هەرچی ناکۆکی و بەربەرەکانییەکیش لە ناویاندا هەیە نامێنێ ئیتر لە جیاتی شەڕ و کوشتار کۆکی و ڕێکی و ئاشتی و دۆستایەتی و یەکێتی لە ناویاندا پەیدا ئەبن ئیتر لە ناوەند خاوەن ئایینەکان و نەتەوە و شارە جوێ جوێکاندا گیانی خۆشەویستی و دۆستایەتی پەیدا ئەبێ یارمەتیدان و یەکێتی دائەمەزرێ دوایی شەڕ و کوشتار بەجارێک نامێنێ و ئالای ئاشتی و ئاسایشی گشتییش لە هەموو شوێنێکا هەڵ ئەکرێ درەختی ژیانیش ئەمەندە گەورە ئەبێ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ژێر سێبەرەکەیدا ئەحەسێنەوە هەروەها خۆشەویستییەکی تەواویش لە ناوەند نەتەوە دوژمنەکاندا، لە ناوەند هەژار و دەوڵەمەنددا، لە ناوەند بە چنگ و کزەکاندا پەیدا ئەبێ ئەوانە کە لەوە پێش بەچەشنی گورگ و بەرخ لەگەڵ یەکتردا ئەجووڵانەوە، وایان لێ دێ هەر کار و کردەوەیەک، ئەنوێنن لەگەڵ یەکتریدا، خۆشەویستی و برایەتی و دادپەروەریی و دەروون پاکیی پێوە دیار ئەبێ زانست ئەمەندە گەشە ئەکات و پەرە ئەسێنێ، هەموو لایەکی سەرزەمین ئەگرێتەوە.

ڕاستیی ڕازی دەستکردەکانی خوا دەرئەخرێ تەنانەت خوا خۆیشی لە جاران باشتر ئەناسرێ)

٩- لابردنی لایەنگیرییەکان، هەموویان:

لە هەر بابەتێکدا لایەنگیریی پەیدا ببێ، چ لە کۆڕی ئاییندا، چ لە کۆڕی ڕەگەزایەتیدا، چ کۆڕی زرنگکاریی ئابووریی و نیشتمانیدا، ئەنجامەکەی بەوە ئەگات کە هەستیی مرۆڤایەتی لە کەڵک بکەوێ و لە ناو بچێ هەرچی بیروباوەڕی بەهائییەکانیشە بۆ ئەوە



تێ ئەکۆشێ کە لە هیچ کۆڕێکا ئەم لایەنگیرییە لە لایەن مرۆڤایەتییەوە نەخرێتە کار چونکە هەر سەرگەردانییەک بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتووە، هەر دەرد و ئازارێکی تووش بووە لە ئەنجامی لایەنگیرییەوە بووە[1] جا هەتا ئەم جۆرە لایەنگیرییانە بەتەواوەتی لە ناو نەبرێن، لە ناو هەموو جیهاندا، نە کەس دڵنیا ئەبێ لەدوا ڕۆژی خۆی، نە ئاشتی و ئاسایشیش جێگیر ئەبن پێویستە هەموو کەسێک لە شێوەی خۆشەویستی و دادپەروەریی و برایەتیدا لەگەڵ کەسانی تردا بجووڵێتەوە پێویستە بەوەیش باوەڕ بکەن، کە مرۆڤ بریتییە لە یەک خێزان بەهەموویان یەکێتییەکیان هەیە هیچ کەسێکیش بەخۆڕایی سەروو کەسی تر ناخرێ.

هەموو مرۆڤێک مافیان وەک یەکە بەرزبوونەوەی پایەی مرۆڤیش تەنیا بەپێی خواناسی و کردەوەی چاک و کەڵک و فەریەتی، بۆ هەموو مرۆڤەکان جا ئەگەر لایەن گیرییەکە بەهۆی ئایینەوە هاتبێتە کایەوە، ئەبێ ئێمە ئەوە بزانین، کە ئایین ئەگەر نەبێتە هۆی هاودەمی و خۆشەویستی و پێکەوە نووسان، هیچ کەڵکێکی نابێ بۆ مرۆڤ.

خۆ ئەگەر لایەنگیرییەکیش بۆ نەتەوایەتی بێ، ئەوا ئەبێ ئەوە بزانین کە هەموو مرۆڤەواریی بریتییە لە یەک نەتەوە، نەتەوەکان وەک لقەکانی درەخت وان تاک و تەراکانی مرۆڤیش هەر لە گەڵا و گوڵ و بەری دارەکان ئەکەن.

قسە هەزارە و دووانی بەکارە: هەموومان هەرچەند ڕۆژێک بەسەر کڵاوەی ئەم زەمینەوە ئەژین دوایی ئەبێ بمرین و بچینە ژێر گڵەوە کە تاسەر ئەبێ بە گۆڕمان ئایا بۆ ئێمە شوورەیی نییە کە هەر لەبەر ئەو گۆڕە هەتا هەتاییە هەڵ کوتینە سەر یەکتر و دەست بکەین بە ئازاردان و زۆرداریی و کوشتاری یەکتری؟!...

بەڵێ بەخوا شوورەییە!...

چونکە خوای گەورە ئەو کارانەمان پەسند ناکات و لێمان تووڕە ئەبێ و سزامان پێ ئەگەیێنێ هەروەها هیچ مرۆڤێکی زرنگ و ژیریش ئەو کارانە پەسند ناکات و، بەدڵ ڕقی لێیان ئەبێتەوە!...

١٠- پێویستە جیهان هەمووی بەیەک زمان قسە بکات:

بۆ ئەمەی نەتەوەکانی جیهان، کە هەریەکەیان زمانێکی هەیە، یاخود شێوەی زمانێکی هەیە، بەباشی لە یەکتری تێ بگەن و ئەو ناکۆکییانەی بەهۆی جیاوازیی ئەو زمانانەوە لە

(١) لایەنگیری: توندڕەوی لە بیر و بۆچووندا (التعصب).

ناویاندا پەیدا بوون، لە ناودا نەمێنن، ئایینی بەهائی هاوار ئەباتە بەر مرۆڤ بەگشتی کە هۆیەکی تر بدۆزنەوە بۆ لە یەکتری تێگەیشتن ئەویش بەم جۆرە: کە هەمووولایەکی جیهان، لە ناو خۆیاندا ڕێک بکەون و لەسەر زمانێک بڕیار بدەن، کە ئیتر لەوە بەدواوە هەموو مرۆڤی سەر زەمین بەو زمانە قسە بکەن سا ئەو زمانەیش یەکێک ئەبێ لە زمانەکانی جیهان کە ئێستا قسەی پێ ئەکەن یاخود زمانێک دائەهێنرێ و دەمودەست ئەخرێتە کار کە لە هەمووولایەکی جیهاندا، هەموو جۆرە تیرە و هۆز و نەتەوەیەک بەو زمانە گفتوگۆ بکەن، بەو زمانە لە یەکتری تێ بگەن جا لەم سەردەمەدا کە هەموو نەتەوە دوورەکان لە یەکتر، نزیک بوونەتەوە، کە کڕین و فرۆشتنێکی زۆروزەبەندەی بابەتی بازرگانییش لە ئارادایە لە ناویاندا، هەروەها گۆڕینەوەی کەلوپەلی ئابووریش لە ناوەندیاندا کەوتۆتە گەڕ، هەروەها هەندێکیان پەیوەندیی خوێندەواریی و زرنگکاریی و بازرگانییان بەیەکەوە هەیە، کە ئەگەر کەڵک و چاکەیان بۆ هەردوولا نەبوایە، ئەو پەیوەندییانە ڕوویان نەئەدا و، پەیدا نە ئەبوون، لەم سەردەمەدا، بێ گومان بوونی ئەم زمانە پێویستە، کە هەموو مرۆڤەواریی، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا گفتوگۆی پێ بکەن و لە یەکتر تێ بگەن لە ڕاستیشدا هەموو نەتەوەیەک هەر پێویستی بە دوو جۆرە زمان هەیە:

زمانەکەی خۆی.

زمانێکی جیهانی. کە بەکارئەهێنرێ لە ناو هەموو مرۆڤەواریدا، بۆ تێگەیشتن لە یەکتری. مرۆڤیش کە لە زمانی مرۆڤەکەی برای خۆی شارەزا نەبوو، کە هەر چەندی کرد، نەیتوانی لە مەبەسی براکەی خۆی تێ بگات، ئەنجام بەوە ئەگات کە هەموو جیهان ڕاپێچ ئەبێ، بۆ هەموو جۆرە سەرگەردانی و ماڵوێرانییەک جا بۆ چارەکردنی ئەم کارەساتە سامناکانەش کە ماوە نەدرێ بقەومێن، هەر ڕێگایەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە بڕیار لەسەر دانانی زمانێکی جیهانی بدرێ و لە لایەن گشت فەرمانڕەواییەکانی جیهانەوە بڵاوبکرێتەوە بەجۆرێکی وەهایش کە کەس نەمێنێتەوە ئەو زمانە جیهانییەی فێر نەکرێ.

١١- چارەکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان:

بیروباوەڕی بەهائی بانگ ئەکات بۆ ئەوەی کە ژیانی ئابووریی جیهان بخرێتە شێوەیەکی ڕێکوپێکەوە و ئەم خواروخێچی و نا پوختەییەی ئێستا تیایەتی ڕاست بکرێتەوە ئەمەیش بەجۆرێکی وا بکرێ کە کامەرانیی و ئارام و گوزەرانێکی خۆش بۆ هەمووان بێتە بەرهەم تاماوە نەدرێ، لە ناو جیهاندا شەڕوشۆڕ هەڵ بگیرسێت؛ بەهۆی تێک چوونی لەنگەری



ئابووریی جیهانەوە لە لایەکەوە، بەهۆی تێک چوونی باری فەرمانڕەواییەکانیش لە لایەکی ترەوە، کە لە ڕاستیدا هەر لەو هۆیە پەیدا ئەبێ.

لەم بابەتەوە (عبدالبهاء) ئەفەرمووێ:

(بارەکانی گشتیی جیهان ئەبێ بەجۆرێکی وا ڕێک بخرێن کە هەژاریی لە ناو جیهاندا نەهێڵێ ئەبێ هەموو کەسێک، ئەوەندەی لە توانادا بێ، بەشی خۆی لە خۆش گوزەرانی دەست بکەوێ ئیتر نابێ کەسانی وا ببینین کە سامانەکەیان لە ئەندازە بەدەربێ و، کەچی کەسانی وایش ببینین لە تاو کلۆڵی و هەژاریی و هەناسە ساردیی خۆیان خەریکی مردن بن چونکە ئەم جۆرە بارانە کە ڕوویان داوە، لە هەمووولایەکی جیهاندا، بەکەموکووڕیی و نەنگی دائەنرێن بۆ کۆمەڵایەتییەک کە بیەوێ بەرە و چاکتر و ژیانێکی پڕ کامەرانیی تر گەشە بکات و بەرز ببێتەوە جا ئەم بارانە پێویستە چارە بکرێن و ڕاست بکرێتەوە.

ئەوەندە هەیە پێویستە لە کاتی چارەکردن و ڕاستکردنەوەی ئەم بارە خراپانەدا، ئاگامان لە خۆمان بێ هەڵە نەکەین چونکە ڕاستکردنەوە و چارەکردنی ئەم بارە ناهەموارانە بەوە پێک نایەن کە هەموو کەس وەک یەک ڕابگرین، ئەمەندەی یەکتری مافیان بدرێتێ چونکە یەکسانی لەم جۆرە بارانەدا قسەیەکی پڕوپووچە هەرگیز سەر ناگرێ، پێک بێ، خۆ ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژانیش ئەو یەکسانییە پێک هات، زۆری پێ ناچێ لە ناو ئەچێ چونکە جیاوازیی لە ناو مرۆڤایەتیدا بە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و سروشتی دائەنرێ خوای گەورەیش هەر لەسەر ئەم یاسایە مرۆڤی دروست کردووە هەروەها پێویستە مرۆڤەکان لە پایەدا پلە، پلە بن، کە هەندێکی بەرز و هەندێکیشی لە خوار ئەوەوە بێ ئەگینا یاسا بەڕێوە ناڕوات ڕێکوپێکی جێ گیر نابێ یەکێک لە کارە گرنگەکانیش ئەوەیە کە پلەی هەژاریی و پلەی دەوڵەمەندیی سنووریان بۆ دابنرێ).

لەو یاسا گرنگە بنچینەییانەیش کە ئاینی بەهائی دایناوە بۆ چارەکردنی ئەم گیروگرفتە کە گەیشتوەتە ڕادەیەکی وەها خەریکە ئاسایش و دڵنیایی جیهان تێک بدات، لەم چەرخی گەردە دا[1] و، جەنگیش لە هەمووولایەکی جیهاندا هەڵ بگیرسێنێ ئەمانەن:

١- پێویستە هەموو کەسێک کاروفرمان بکات و پیشەیەک هەڵ بژێرێ بۆ خۆی، گوزەرانی پێ بکات بەڵام ئەوانەی کە پیر و پەک کەوتەن لەم فرمانە بەخشراون بێجگە لەوە پێویستە بێ کارەیی و تەمەڵی و خوازەڵۆکی لە هەر ڕەنگێکدا بێن ماوەیان پێ نەدرێ

(١) چەرخی گەرد: سەردەمی ئەتۆم (عصر الذرة).

ڕوو بدەن، یاخود پەیدا ببن. هەروەها پێویستە پیشەسازیی و هونەرەکان و کار و پیشەکان بەتەنشت زانستە پێش بینی (علومی نظری)یەکانەوە لەگەڵ وێژە و هونەرەکانی تر فێرببن.

ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە لە کۆمەڵایەتیی مرۆڤەوارییدا کەسانی بێ کاروفرمان پەیدا نەبن و لە ئەرکی کەسانی تر بخۆن.

(بهاءالله) لەم بابەتەوە ئەفەرمووێ:

«خوا لە هەموو کەس زۆرتر ڕقی لەو کەسە ئەبێتەوە کە بێ فرمان دائەنیشێ و کەچی دەستیش پان ئەکاتەوە لەمو لەو کە پارەیەکی بدەنێ».

٢- سوود وەرگرتن لە پارە (فائض)[١]: ئایینی بەهائی ماوە ئەدا بەوەرگرتنی سوود لە پارە، لە کاروباری کڕین و فرۆتندا ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە ژیانی ئابووریی جیهان، لەم چەرخەدا، گەشەی کردووە و گۆڕاوە ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی تریشەوە (بهاءالله) ئەفەرمووێ: «کەم وا هەڵ ئەکەوێ کە مرۆڤی وا پەیدا ببێ بەکاری هاوڕەگەز و هاونیشتمانەکانی خۆی بێت، بەکەڵکی براکانی خۆی بێت، لە دانی دەستیاو (قرض)ێکی چاکدا جا لەبەرئەوە بۆ ئەمەی بەهائییەکان بکەونە ئاسوودەییەوە، بڕیارماندا سوودیش لە پارە وەرگرتن، هەر بەچەشنی کاروبارەکانی تری ناو بازاڕ بەربەست نەکرێ ئەوەندە هەیە نابێ سوودەکە لە سنووری دادپەروەریی و دەروون چاکی بچێتە دەرەوە» (بهاءالله) کاری دیاردیی کردنی سنووری ئەم سوودەی بەجێ هێشت بۆ (خانووی هەرە گەورەی دادپەروەریی).

٣- کرێکار نابێ بە بەندە.

(بهاءالله) بەندە گەریی، واتا کردنی کەسانی تر بە بەندە بەربەست ئەکات ئەوەیشی پێشان داوە کە ئەم بەربەست کردنە، هەروەک بە بەندەکردنی کەسێک لە لایەن کەسێکی ترەوە کارێکی زۆردارانە و ناپەسندە و نابێ هیچ بەهائییەک خۆی توخنی ئەوە بخات، هەروەها بەندەیەتی پیشەسازیی ناو کارخانەکانیش نابێ بکرێ جا بەپێی بیروباوەڕەکانی بەهائییەکان کرێکار هەر مافی ئەوەی نییە کە مزی خۆی بدرێتێ، ئەبێ هاوبەشیش بێ لەو کارەدا کە پێکەوە ئەیکەن بەواتایەکی تر کرێکار بێجگە لە ڕۆژانەکەی ئەبێ بەشێکی

(١) بەزمانی خەڵکی و لە مامەڵەکردندا (سوو)ی پێ دەوترێ کە (الربا)یەو خوا لە قورئاندا حەرامی کردووە.



دیاردیی کراویش لە سوودی کارخانەکە وەربگرێ هەروەک هاوبەشی خاوەن کارخانەکەبێ وایە مەبەسیش لەمە ئەوەیە: کرێکار پڕ بەدڵ فرمانەکەی خۆی بکات، بۆ کەڵکی کارگەکە، بێجگە لەوە هەرچی هۆیەکی ناکۆکی و تێک چوونیش هەیە نەقەومێ کرێکارانیش واز لەمان گرتنە خراپەکانی خۆیان بهێنن کە لە زیان بەولاوە هیچ شتێکی لێ پەیدا نابێ، چ بۆ خاوەن کارخانە، چ بۆ کرێکاران خۆیان.

٤- کەینەوبەینەی خاوەن زەوی و جووتیار:

لە پێش چاو خاوەن دەستووری بەهائییدا، گیروگرفتی ئابووریی بەچارەکراو دانانرێ، هەتا گیروگرفتی جووتیار و خاوەن زەوی چارەنەکرێ لە ڕاستیشدا جووتیار یەکەم گۆشەی کۆمەلایەتی پێک ئەهێنێ جا لەبەرئەوە هەروا هەڵ ئەگرێ کە لە پێش هەموو کۆمەڵێکی تردا چارەی گیروگرفتی ئەم بکرێ جا بەپێی ئەم بەندە، ئایینی بەهائی پێشنیازی وەهایە کە لە هەموو گوندێکدا کۆمەڵێک پێک بهێنرێ، کە ئەندامەکانی لەو کەسانە هەڵ ببژێرێن، کە بەزرنگ و ژیر و کارگوزار ناسراون گوندەکە بخرێتە ژێر چنگی ئەو کۆمەڵەوە تا کاروباری هەڵ بسووڕێنێ هەروەها لە هەموو دێیەکیشدا کۆگایەکی گشتی دابمەزرێنرێ، کارگێڕێکی بەسەرەوەبێ، کاروباری بەڕێوە ببات جا هەر کاتێ دروێنە دەست پێ کرا، ئەبێ بەسەر پەرشتیی ئەو کۆمەڵەوە چەند کۆمەڵەیەکی دیاردیی کراو لەو بەرهەمانە، هەموویان، کۆبکرێتەوە و ببرێتە ناو ئەو کۆگایەوە تا کارگێڕی کۆگاکە دەست بەدابەش کردنی بکات بەم جۆرەی کە لە خوارەوە نووسراوە:

أ- ئەو پارەیەی پێویستە بۆ کاروبار هەڵسووڕاندنی کۆگاکە هەروەها ئەو پارەیەی پێویستە بۆ پاراستنی تەندروستیی گشتی لە ناو گوندەکەدا.

ب- دانی دەیەک بەفەرمانڕەوایی لەگەڵ سەرانەی[١] گیان لەبەراندا.

ج- بەشی هەڵسووڕاندنی کاروباری هەتیوەکانی ناو گوند.

د- بەشی هەڵسووڕاندنی کاروبار و ژیاندنی پیروپەککەوتەکان.

هـ- بەشی کاروبار هەڵسووڕاندنی خوێندنگای ناو گوند.

و- بەشی تەواوکردنی ژیانێکی پێویست بۆ هەژارانی گوندەکە ئەگەر هەبوون.

(١) سەرانە: (ضريبة)

بێجگە لە مانە ئایینی بەهائی یاسای داناوە لە بارەی گەلێک بابەتی ترەوە، وەک دابەش کردنی سامانی مردوو بەسەر خاوەن بەشەکاندا لەگەڵ باج دانان لەسەر ئەو کەلەپوورانە[1] ئەمانە و گەلێک بابەتانی تر، (بهاءالله) یاسای بۆ دەرکردوون کە ئەم گیروگرفتی ئابوورییەی ئیمڕۆ جیهانی داگیرکردووە و، ئاڵۆزاندوە، بەجوانی و ئاسانی چارە بکرێ تاکو مرۆڤایەتی بچێتە بارێکی ئابووریی باشترەوە و ژیانێکی خۆشترەوە.

١٢- دادگای فەرمانڕەوایان:

ئایینی بەهائی بۆ ئاسایی گشتی تێ ئەکۆشێ بۆ دامەزراندنی دادگاییێکی سەر بەگشت فەرمانڕەواییەکان خەبات ئەکات هەروەها ئەو یاسایەیش ڕۆشن ئەکاتەوە بۆ جیهان کە لەسەر بنچینەی ئەوان ئاشتییەکی تا سەر و هەموو دەمی بۆ هەموو مرۆڤەواریی پێک دێ.

جا لە سەدساڵ پتر لە مەو پێشەوە (بهاءالله) لە نووسراوە هەرە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی: کە پێویستە فەرمانڕەواییەکان ئاشتییەکی گشتی دامەزرێنن بۆ هەموو نەتەوەکانیشی هاوار هێناوە کە کۆمەڵێکی ناوبژیکەری فەرمانڕەوایان دامەزرێنن بۆ ئەمەی کەینە و بەینەی سنوور و زەویداریی و سەربەرزی نەتەوایەتیی پێ چارە بکەن و بیبڕێننەوە بێجگە لەوە هەر کاروبارێکی گرنگیش ڕوویدا لە ناو نەتەوەکاندا کە پەیوەندیی بەژیانەوە هەبێ ناوبژییان بکەن و گیروگرفتەکانیان چارە بکەن و ناکۆکییەکانیان بکوژێننەوە.

جا هەرکاتێ دادگاییێکی وا مەزن دامەزرێنرا کە ئەم کەینەوبەینە و گیروگرفتانە لەسەر دەستیا ببڕێنەوە، ئەبێ هێز و دەسەڵاتێکی وای پێ ببەخشرێ کە هیچ نەتەوەیەک نەوێرێت بڕیارەکەی بشکێنێ ئەم دادگایە ئەو کەینەوبەینە و ناکۆکییانە ئەبڕێنێتەوە کە لە ناوەند دوو نەتەوەدا ئەقەومێن جا ئەگەر هاتوو نەتەوەیەک سەر کێشیی نوواند بەرامبەر بڕیارەکەی، پێویستە فەرمانڕەواییەکانی تر، هەموویان بچن بەگژیا، تا ناچاری ئەکەن مل دانەوێنێ بۆ بڕیاری ئەو دادگایە دوای دامەزراندنی دادگاییێک بۆ فەرمانڕەواییەکانی هەموو جیهان، کەینەوبەینەی چەک فڕێ دان دێتە پێشەوە، یاخود سنوور دانانێک بۆ ژمارەی چەکی کوشندە جا بەپێی ئایینی بەهائی پێویستە هەموو فەرمانڕەواییەکانی جیهان لەسەر ئەوە ڕێک بکەون کە تەنیا ئەمەندە چەکی کوشندە بۆ فەرمانڕەواییەک دابنرێ، کە هەر بەشی پاراستنی یاساو ئاسایشی ناو خاکەکەی خۆی بکات

(١) یان ڕاستتر: ئەو میراتیانە.



(بهاءالله)یش کە نامەکاریی کردووە لەگەڵ خونکار و گەورەکانی جیهاندا، مەترسیی خستونەتە بەر، کە لە ئەنجامی بەربەرەکانی لە چەک زۆرکردن و بەهێزکردنیاندا، ڕەگەزی مرۆڤەواریی لە ناو ئەچێ کە ئەوی بەوجۆرە پێک دێ کە لە گەنجینەی فەرمانڕەوایی، بەشی هەرە زۆری بۆ ئامادەکردنی چەکی کوشندە و کەلوپەلی جەنگ بەخت بکرێ ئەم بۆشاییەیش بەوە پڕئەکاتەوە کە باری نەتەوە گران ئەکات، بەزۆرکردنی باج و پارەکۆکردنەوە لە نەتەوە لەم ڕووەیشەوە (بهاءالله) ئەفەرمووێ:

(پێویستە هەموو فەرمانڕەواییەکانی جیهان لەسەر ئەوە قسەیان بکەن بەیەک کە هەر چەکێکیان هەیە بەجارێک فڕێی بدەن ئەگینا ئەگەر هەندێکیان چەک فڕێ بدەن و، هەندێکیان فڕێی نەدەن، ئەم کارە سەر ناگرێ (ئەمەیش پێویستییەکی مرۆڤایەتییە کە هەموو فەرمانڕەواییەکانی جیهان، بەجارێک، لەسەر ئەم کارە گرنگە ڕێک بکەون تابتوانن، هەموویان ئەم چەکە کوشندانە فڕێ بدەن، کە لە کوشتاری مرۆڤ بەولاوە هیچی تریان لێ ناوەشێتەوە.

(بەڵام ئەگەر هاتوو نەتەوەیەک ئەو بەشەی بۆ جەنگ و کەشتییەکانی جەنگ تەرخان کردووە، لە گەنجینەکەی خۆی، فرەتری لێ کرد، بێ گومان نەتەوەکانی تریش ناچار ئەبن، دەست بکەن بەو بەربەرەکانێ نەنگ و ناپەسندە، بۆ پاراستنی هەستی و پێویستیی سروشتیان، کە زۆر دوورە، قسەکەیان، لە ڕاستییەوە!.).

## ژیانی بەهائییەک بەلای (بهاءالله) وە

(بۆ ئەمەی ببیتە بەهائی، پێویستە جیهانت خۆش بوێ مرۆڤایەتیشت خۆش بوێ پێویستە خەبات بکەیت بۆ چاکەی ئەوان، بۆ ئاشتیی گشتی، بۆ برایەتی گشتی).

کاتێک کە لە (بها ءالله) پرسرا بەهائی ئەبێ چۆن بێ، ئەو بەم جۆرە وەرامی دایەوە:

(لە ڕاستیدا بەهائی بریتییە لەو خاوەن گیانە ئازادەی کە بەهەموو کوڵی دڵیەوە تێ ئەکۆشێ بۆ سرەوتی جیهانی و بۆ ئاسایش و ئاشتی گشتی، لە ناو ئەم مرۆڤەوارییە کڵۆڵ و سەرگەردانەدا کە بەئازارەوە ئەتلێتەوە هەروەها نابێ بەهائی خەباتی خۆی بوەستێنێ، نابێ وەڕسیش ببێ لەم خەباتەی کە ئەیکات).

لە شوێنێکی تریشدا ئەفەرمووێ:

(بەهائی ئەو کەسەیە، هەرچی کردەوە و ڕەوشتی بڵند هەیە تیا کۆبووبێتەوە).

کەواتە (بها ءالله) وای لە بە هائییەکان ئەوێ، کە چاکترین کردەوە و بڵندترین ڕەوشتیان هەبێ، تا تیا ئەگەنە ئەوپەڕی بەرزیی لە ناو کەسانی تردا ئەیەوێ: چ لە ڕەوشت و کردەوەیاندا، چ لە فرمانی ڕۆژانەیاندا، ڕێگای هەرە ناوازە بگرن لە ژیانیاندا.

کەواتە بام یەکەم پلەی بڵند بۆ نەوەمان ئەوەبێ کە پەروەردەکەری گەورەمان چیی فەرموە جێبەجێی بکەین و خۆمان بەو ڕەووشت و کردەوە بەرزانەوە بڕازێنینەوە. پێویستە بەهائی دڵسۆزبێ بۆ ئایینەکەی خۆی بەڕاستی بیگرێ چونکە ئەو هەموو دەم پێویستی بەوە هەیە کە بەهۆی هۆشەوە بگات بەهۆشی (بها ءالله) تاکو ژیانی بەهائی تەواوی دەست بکەوێ ئەمەیش بەوە پێک دێ کە دڵسۆزییەکی ڕاستەقینەی هەبێ، بۆجێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئایینەکەی خۆی، لەژیانیا جا لەبەرئەوە ملکەچ کردنێکی بیر بۆ ئایینی بەهائی، ئەو کەسە ناکات بە بەهائی.

چونکە ئایینی ڕاستەقینە هیچ دەمێک چاولێکەریی تیا نەبووە جا ئەگەر بێتو ئەو کەسە تەنیا بەڕوواڵەت و چاولێکەریی ئایینەکەی خۆی بگرێ، بێ گومان ناگاتە ئەو ژیانەی، کە پێویستە بی بێ چونکە هەروەکو (مەسیح) فەرموویەتی:

(ڕێگای ژیان تەنگەبەرە کەم کەس ئەتوانێ بیدۆزێتەوە)

پێویستە هەموو بەهائییەک باوەڕ بەوەیش بکات کە جوانیی خوایی لە ناو چوار چێوەی لەشی (بها ءالله)دا دەر ئەکەوێ، کە ئەمیش مرۆڤێکە لە مرۆڤان ئەگینا باوەڕەکەی



بەئایینی بەهائی، هەر بەناو ئەبێ، نەک بەڕاستی جا لەبەر ئەمەیە کە هەموو پێغەمبەرەکان فەرمانیان بۆ مرۆڤ دەرکردووە، کە هەموو دەم مێشکی خۆیان بخەنە کار، بۆ ئەمەی لە ڕاستی ئایین تێ بگەن و لە ڕاستی ئایینەکەی خۆیشیان دڵنیابن ئەگینا هەر بەوەندە پێک نایەت کوێرانە دەست بدەنە جێبەجێ کردنی ئایینەکە لە ژیانیاندا یاخود بڵێن ئێمە لەسەر ئەو ئایینەین!...

لە ڕاستیدا بەهائی ئەبێ وابی، بەهیچ باوەڕ نەکات، تا ئەتوانێ بگاتە ڕاستی ئەو شتە و هۆشی دروست پەسندی ئەکات جا بۆ ئەمەی بە بەهائی دابنرێیت، پێویستە خوات خۆش بوێ ئەمەیش بەوە پێک دێ کە هەموو کەسێکت لە جیهاندا خۆش بوێ بەهائی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی تەواوی هەبێ.

کە بەدڵێکی پاکی بێ گەردەوە هەموو کەسێکی خۆش بوێ کە قینی لە کەس نەبێ کە کەسیش سووک نەکات چونکە ئەو دەموچاوی خۆشەویست لە هەموو ڕوویەکدا ئەبینێ.

هەروەها دەست کردی خوا لە هەموو شوێنێکا ئەبینێ کەواتە سنوور دامەنێ بۆ خۆشەویستییەکەت بەیەک هەستی پاکیشەوە لەگەڵ هەموو جۆرە ڕەگەز و نەتەوەیەک بجووڵێرەوە لەم بارەوە بها ءالله ئەفەرمووێ:

(خۆش بەختە ئەو کەسەی کە برای خۆی لە خۆی چاکتر تەماشا ئەکات ئەگەر وابێ، ئەوا یەکێک ئەبێت لە بەهائییەکان).

پاڕانەوە لە خوا واتای ئەوەیە کە لەو بەولاوە واز لە هەموو شتێکی بهێنێت واتا واز لە هەموو هەوەس و ئارەزوو و ئالۆشەکانی دڵی خۆی بهێنێت، کە خراپ بۆ شتانی تر کێشی ئەکەن چونکە ڕێگای ڕاستی بۆ دەوڵەمەندی و هەژاری، بۆ تەندروستی و نەخۆشی، بۆ ناو باخچە و زیندان، وەک یەک ئەچێ بەهائی ڕاستەقینەیش ئەو کەسەیە کە دڵ بە بەشی خۆی لە ژیان و لە جیهاندا ئەکات مەبەسیش لەم قسانە ئەوەنیە کە ئەبێ بەهائی گوێ نەداتە ئەو کەسانەی، یاخود ئەو شتانەی کە لە ناویاندا ئەژی چونکە ئەوە، ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەبێ دوورکەوێتەوە لە هەموو کەس و، نەنگ و ناپەسند بپارێزێ نەک بەچاوی سووکەوە سەیری ئەو شتانە بکات کە خوا دروستی کردن چونکە بەهائی دوورە لەوەوە کە پیاوێکی وشک و بێکارەبێ یاخود پیاوێک بێ و واز بهێنێ لە خۆشی ژیان یان هیچ هەست و تاسەیەک لە دڵیا نەمێنێ بەهائی خۆشییەکی گەورە ئەکەوێتە دڵیەوە کە خۆی لەسەر ڕێگای ڕاست ببینێ، کە کار و فرمانێکی زۆری لە ژێر چنگدابێ، بێ ئەمەی موویەک

لابدات لەو ڕێگا ڕاستە، بۆ ئەمەی خۆشی لەو کردەوانە پێ بگات کە خوا حەزیان پێ ناکات.

لە ڕاستیدا بەهائی ڕاستەقینە بێجگە لەوەی کە باوەڕی بەئایینی (بها ءالله) هەیە لە فەرمودەکانیشی ئامۆژگاری و ڕێ بەریی ئەدۆزێتەوە، لە هەموو کاتێکی ژینیا، لە هەموو کاروبارێکیان ئەو، کە هەندێک لە فەرموودەکانی (بها ءالله) ڕۆشن ئەکاتەوە بۆ کەسانی تر خۆشییەکی زۆر بەدڵی ئەگات، کە لەوانەیە ببێتە هۆی کامەرانی لە ژیانیا جا بەم هۆیەوە ئەتوانێ لە هێزی گیان پشتیوانێکی دەست کەوێ کەواتە لەسەر هەموو بەهائییەک پێویستە کە کەسانی تریش بخاتە سەر ئارەزووی ئایینی بەهائی پێویستە دڵیان کێش بکات بۆ ئایینەکە، ئەو، لەمەدا، هەر لە شوانێکی چاک ئەکات کە دڵی ڕانەمەڕەکەی خۆی، بەساز و ئاواز خۆش بکات نەک وەک ئەو شوانەبێ، کە بەزەبری دار ڕانەمەڕەکەی ببات بەڕێوە بەم جۆرە (بها ءالله) گفتوگۆ لەگەڵ گشت مرۆڤدا ئەکات:

(ئەی ئەو کەسەی لە گڵ دروست کراویت!

تێ گەیشتوانی خواناسان کاتێک دەم ئەکەنەوە، قسە بکەن، کە کەسانی تر گوێیان لێ بگرن ئەوانیش وەک مەی گێڕەکان وان، تا داوای مەییان لێ نەکرێ، مەی پێشکەش ناکەن!)...

لە بەهائی وا ئەخوازرێ کە لە هەڵەی کەسانی تر چاو پۆشی بکات تەنیا تەماشای ڕەوشتە چاکەکانیان بکات هەروەها پێویستە لە سەری بگەڕێ بەدووی هەڵەی خۆیدا لە کردەوە و ڕەوشتە چاکەکانی خۆی چاو بپۆشێ.

بەهائی ئەو کەسەیە کە دڵسۆزی خوا بێ کە بەدووی ڕاستیدا بگەڕێ کە خوای خۆش بوێ تەنیا، خۆیشی بۆ خوا تەرخان بکات هەر کەسێک فەرموودەکانی خوای بەجێ هێنا و خۆی بەخت کرد لەپێناو خوادا، خۆی ماندوو کرد و تێکۆشا لە بڵاوکردنەوەی فەرموودەکانی خوادا، بەناو کەسانی تردا؛ هەروەها هەر کەسێک خۆی کرد بەخاوەن دڵ و دەروونی پاک و کردەوە و ڕەوشتی چاک هەر کەسێک هەڵەو کردەوە نەنگەکانی کەسانی تری شاردەوە و ئاشکرای نەکرد، هەر کەسێک ڕاستگۆ و سەر ڕاست بێ، هەر کەسێک خۆی باش ناسی... بێ گومان ئەو کەسە باوەڕی بەئایینی بەهائی هەیە و، فەرموودەکانی (بها ءالله)یش جێبەجێ ئەکات.



## دەربارەی ئایینی بەهائی چی گوتراوە

ئایینی بەهائی، بەناو هەمەوولایەکی جیهاندا بڵاوبووەوە نووسراوەکانی ئایینی بەهائی بە دەیان لە زمانە ناسراوەکانی جیهان نووسرانەوە ئامۆژگاریی و فەرمووده و ڕاوێژەکانی کە بۆ ڕاست کردنەوەیەکی ئاسانی کاروباری مرۆڤ داناوە، لە هەمەوولایەک ئاشکرابوو لەبەرئەوە زۆر لە زانا و گەورە پیاوان و ڕاستی پەرستەکان، بیروباوەڕی خۆیان،دەربارەی ئەم ئایینە دەربڕی، شان بەشانی نووسەرەکان. وا لەمەو دوا هەندێ لەو بیروباوەڕانە پێشان ئەدەین:

شاهژنی خاکی ڕۆمانیا کە ناوی (ماری)[1] بوو، بەم جۆرە لێی دواوە:

(ئایینی بەهائی هەر لە سنگێکی فراوان ئەکات، کە لە ناو خۆیاندا فەرموودەی ئەوانەی کۆکردبێتەوە، کە بەدوای وشەکانی هیواو ئاواتی ڕزگارییدا گەڕاون (بها ءالله)، هەموو پێغەمبەرەکانی پێش خۆی ڕێز لێ ئەگرێ بۆ ئەوەیش ناگەڕێ کە ئایینەکانی تر تێک بدات ماوەیشی داوە هەموو دەرگاکان بکرێنەوە لە ڕاستیدا ئایینی بەهائی (ئارام ئەبەخشێ بە دەروون هیوا ئەخاتە دڵەوە بۆ ئەوانەی کە بەدوای ئارامی گیان و دڵی پڕ لە ئاسایشدا ئەگەڕێن، بەندەکانی ئەم ئایینە، هەروەک سەرچاوەیەکی ئاو وان، کە لە بیابانێکی وشک و برنگدا بدۆزرێتەوە، کە دەمێکی دووروودرێژ لەو بیابانەدا ون بووبن.

(ئەوەی (بها ءالله) و (عبدالبها)ی کوڕی بەئێمەیان بەخشیوە بەڕاستی، نامەیەکی سەرسوڕهێنەرە ئەم دوو کەسە ئەم ئایینەیان بەزۆری زۆردارەکی دامەزراندووە چونکە هەردووکیان لەوە ئاگاداربوون کە تۆ وی ڕاستی تا سەر، کە لە ناویا شارراوەتەوە، هەر ئەبێ بڕوێ و سەر دەربهێنێ و گەشەیش بکات... هەروەک ئایینی بەهائی بریتی بێ لە نامەکەی مەسیحی گەورە و، بە وشەکانی ئەویش، سەر لەنوێ، گوترابێتەوە وایە ئەوەندە هەیە ئایینی بەهائی باشتر ڕێک ئەکەوێ لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، کە تا ئەگاتەوە ساڵی یەکەمی سەردەمی ئایینی مەسیحی، هەزار و سەدان ساڵ دوورن لەیەکەوە.

(١) ڕۆمانیا لە دوو ولایەتی (ئەفلاک، بەگدان) پێک هاتبوو کە لەژێر دەستی عوسمانیەکاندا بوون و دوو شازادەی یۆنانیش بەڕێوەیان دەبرد، ڕووسیا زوو زوو دەستی لە کاروباریانەوە وەردەدا و هانی دەدان لە دژی سوڵتانی عوسمانی، لە ١٨٦٢ هەردووکیان یەکیان گرت و وڵاتەکەیان ناونا (ڕۆمانیا) لە ١٨٦٦ ڕۆمانیا شازادەیەکی ئەڵمانیا دانا بەسەرۆکی خۆیان و لە ١٨٨١ ناوبرا بە(مەلیک کارلی یەکەم)، ئەمە لە ١٩١٤دا کۆچی دوایی کرد (مارل) ژنی مەلیک کارل بووە.

(جا هەر کاتێ ناوی (بهاءالله) یاخود (عبدالبهاء) سەرنجی ئێوەی ڕاکێشا، ڕوو لەواناکانی ئایینی بەهائی وەر مەگێڕن لە جیاتی ئەوە بگەڕێن بەدوای نووسراوەکانی ئەو دوو پیاوەدا ڕێگایش بدەن بەخۆتان، کە وشە پڕشنگ دەرەکانی ئەو دووکەسە، کە پڕن لە ئاسایش و خۆشەویستی و ئامۆژگاریی، بچنە ناخی دڵتانەوە...

چونکە خۆیشم هەروەهام کرد کە ئەو وشانە ئێستا کە لە کانگای دڵما جێ گیربوون...)...

***

لیۆ تۆ لستۆی[1]یش ئەمەی نووسیوە: «بیروباوەڕەکانی بابییەکان دوارۆژێکی گەورەیان بەدەمەوە هەیە... لەبەرئەوە من لە کانگای دڵمەوە حەز بەسەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە ئەکەم چونکە ئەو، هەرچی باش و بەکەڵکە ئەوە فێری مرۆڤ ئەکات وەک: بیروباوەڕەکانی برایەتی و یەکسانی و خۆ دوورخستنەوە لە ژیانی پوول پەرستانە، لە پێناو دڵ ڕاگرتنی خوادا... (هەرچ ئایینی بابییەکانە، کاتێ کە پەیدا بوو لە ئایینی ئیسلامەوە هەڵقوولا بەڵام بەهۆی بیروباوەڕەکانی (بهاءالله)وە وردە، وردە گۆڕرا و گەشەی کرد. تا وای لێ هات، چووە شێوەی هەرە بڵند و هەرەقاڵ بووی بیروباوەڕە ئایینییەکانەوە».

***

ئەمەیش ئامۆژگاری خوالێ خۆشبوو (مازاریک)[2]ە کە سەرۆک کۆماری فەرمانڕەوایی چیکۆسلۆڤاکیا بوو: (ئەم بیروباوەڕانە ببە بۆ پیاوە زرنگ کارەکان، بۆ زانستکۆ و زانستگاکان، بۆ خوێندنگاکانی تریش.

هەروەها دەربارەیشیان وتار بنووسە چونکە ئەوانەی ئەتوانن ئاشتی گشتی دابمەزرێنن، هەر ئەوانەن کە بەمرۆڤ دائەنرێن).

***

(١)لیۆن تۆلستوی (١٨٢٠- ١٩١٠) نووسەرێکی گەورەی ڕووس بووە، دەیویست لە ڕێی دادپەروەری و خۆشەویستی و دوورکەوتنەوە لە توند و تیژییەوە باری کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی چاک کات لە نووسینەکانیدا ڕەخنەی لە خراپەکاریەکان دەگرت و خوونەریتی کۆمەڵایەتی دەخستە ڕوو، بەناوبانگترین بەرهەمی: شەڕ و ئاشتی، ئانا کارینینا.

(٢) تۆماس مازاریک (١٨٥٠- ١٩٣٧) یەکەم سەرۆکی کۆماری چیکوسلۆواک بووە، لە ١٩١٨- ١٩٣٥.



سەرۆک کۆمار (ئەدوار بینیش)یش لە بابەت ئایینی بەهائییەوە ئەمە ئەڵێ:

(بیروباوەڕی بەهائییەکان، یارمەتیدەرێکی بەهێزن بۆ سەرکەوتنی (گیان) و (مرۆڤایەتی)، بەتەواویی لە ڕاستیدا ئایینی بەهائی، لەم ڕۆژانەدا، بووەتە هێزێک لە هێزە هەرە گەورەکانی ڕەوشت و خوو و کۆمەڵایەتی لە ناو هەموو جیهاندا جا هەر چەند، لەم ڕۆژانەدا، تەنگ و چەڵەمەی وێژەیی و زرنگکاریی ڕوو ئەدەن لە جیهاندا، یاخود ئەوانەی هەن توندوتیژتریان لێ دێ، من خۆم وادێتە پێش چاو، کە زۆرتر هۆگری ئەم بیروباوەڕەی خۆم ئەبم.

ئیمڕۆ بۆ ئێمە وا هەڵ ئەگرێ کە تێ بکۆشین بەشی هەرە گەورەی یارمەتیدان و سازبوونی فەرمانڕەوایانەمان دەست کەوێ منیش وام بۆ دەرئەکەوێ، بەم بۆنەیەوە، کە جوولانەوەیەکی وەک هی بەهائییەکان، کە خەریکە ڕێگایەک تەخت ئەکات بۆ دامەزراندنی دەزگایەک بۆ ئاشتی جیهان، بوەتە پێویستییەکی گرنگ).

***

(ث. ک. شی)یش لە نووسراوەکەی خۆیدا کە ناوی (ڕێک خستنی پەیوەندیی ناوەند ڕەگەزەکان و ئایینەکان)ە پڕ بەدڵ ئەڵێ:

(ئەگەر ددان بەوەدا بنێین کە لەم سەردەمەی دواییەدا پێغەمبەرێک هەڵکەوتووە، نابێ ڕووبکەینە کەس (بهاءالله) نەبێ چونکە کردەوە و ڕەوشت و سروشتی مرۆڤ خۆیان ئەبنە بڕیاردەری دوایی بەسەر خاوەنەکانیانەوە (بهاءالله) یەکێک بوو لە چینە هەرە بڵندەکان... واتا، مەگەر هەر لە دەستەی پێغەمبەرەکاندا پیاوی وا هەڵکەوتبێ...).

***

(ڤیکونت ساموئیل)یش کە (کەرمەل)ی یە دەنگی خۆی وا ئاشکرا ئەکات:

(لە ڕاستیدا لە تواناماندا هەیە، کە بابەتە یەکێتییە گشتییەکانی ناو هەموو ئایینەکان دەربهێنین و کۆیان بکەینەوە جا ئایینی بەهائییش، مەبەسی لە پەیدابوونی خۆی، هەر ئەمەبووە لە ڕاستیدا ئایینی بەهائی یەکێکە لەو بزووتنەوە سەرسوڕهێنەرانەی کە لەم سەردەمانەی دواییەدا، لە جیهانی ڕۆژهەڵاتدا پەیدابوون).

***

(نورمان نبتوتش)یش وای ئەگێڕێتەوە:

(ئێمە ناتوانین، ئێستا، خاکی (فەلەستین) بەجێگای هەر سێ ئایینەکە دابنێین چونکە

لە ڕاستیدا بووەتە خاکی چوار ئایین چونکە ئایینی بەهائی کە بنکەی گیانی و جێگا پیرۆزەکانی لە شارەکانی (حەیفا) و (عەکا)دا دامەزراون، ئێستاکە گەیشتووەتە ڕادەیەکی وا لە چاکی و بەکەڵکیدا بۆ گشت، کە هەڵ ئەگرێ بەئایینێکی جیهانی دابنرێ هەر ئەوەندە هێزی ئەم ئایینە گەیشتە خاکەکەمان، دەمودەست بووە یارمەتی دەرێکی باش بۆ لەیەک تێ گەیشتن و ڕێک کەوتنی گشت ئایین و نەتەوەکانی)...

***

خوالێ خۆشبوو (شێخ محمد عبده[1])یش لە ڕۆژنامەی )(الأهرام)دا کە ئەوساکە لە شاری (أسکەندریە)دا دەرئەهێنرا، وتارێکی درێژی لە بابەت دەرکەوتنی (باب)ەوە نوسیبوو، ئەمە هەندێکێتی: (ئەو (باب)ەی کەوا ئەزانێ (مەهدی)ی چاوەڕوان کرا و خۆیەتی، کە لە بڕانەوەی ژیانی سەر زەمیندا دەرئەکەوێ، هاوڕێکانیشی بەلایانەوە وایە کە ئاینەکەیان کامەرانی تا سەری[1] بەدەمەوەیە ئەمەندەیش شتی باش و بەکەڵکی تیایە، لە هیچ ئاینێکی تردا ئەوانە نابینرێن بەڵام (باب) لە پاش دەرکەوتنی لە (شیراز)دا دوور خرایەوە بۆ (إصفهان) لە ئیسپەهانیەوە دوورخرایەوە بۆ (تەورێز) لەوێیشدا بڕیاری کوشتنیان بەسەردادا پاشان کردیان بەداردا جا لەبەرئەمەی (باب) بەخوێن ئەچێتەوە سەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێ)، لەبەر ڕێزگرتن لە بنەماڵەی پێغەمبەر نەیانویست بیکوژن بەشیر لە باتی ئەوە کردیان بەداردا و گوللە بارانیان کرد کە یەکەم گوللەی ئاراستەکرا، گوللەکە لەو گوریسە کەوت کە (باب)یان پێوە هەڵواسیبوو گوریسەکە پچڕا.

(باب)یش بێ وەی دەرباز بوو کە کۆمەڵەکەی ئەوەیان بەچاوی خۆیان دیی، زۆرتر باوەڕیان پێ هێنا ئەمەیان بەشاکارێکی پیرۆز دانا کە لە توانای کەسدا نەبوو بیکات.

بەڵام (باب) بۆ جاری دووەم هەڵواسرایەوە ئەم جارە گوللەکان کاریان لێ کرد و کوشتیان

(١) شێخ محمد عبده (١٨٤٩– ١٩٠٥) زانایەکی ئایینی و سیاسەتمەدارێکی میصری بووە، تێدەکۆشا بۆ بەرپاکردنی چاکسازی و تازەگەری لە بوارەکانی باری ژیانی کۆمەڵگەی میصریدا ڕۆژنامەی (الوقائع المصرية)ی دەردەکرد، دژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان بوو؛ جا دووریان خستەوە بۆ (پاریس) و لێرە لەگەڵ (جمال الدین ئەفغانی)دا ڕۆژنامەی (العروە الوثقیٚ)یان دەردەکرد، دوایی هاتە لوبنان و بووە مامۆستا و دەشی نووسی، لە ١٨٩٩ کرایە (موفتی میصر). لە بەرهەمەکانی: (رسالة التوحيد، شرح مقامات البدیع الهمدانی، شرح نهج البلاغة و تفسير القرأن) جگە لە کۆمەڵێکی زۆر لە وتار و نووسینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی.

(١) کامەرانی تاسەر: (السعادة الأبدية).



لاشەکەیشیان نارد بۆ دەرەوەی شار کوڕە گەورەکەی (باب)یش کە ناوی (عباس أفندی)یە لەوە بەناوبانگترە کە ناوی هونەرمەندی بهێنرێ یان پەنجە بکێشرێ بۆ کردەوە جوامێرییەکانی چونکە ئەو لە ناو گەورە پیاوانی خاکەکەدا و کار بەدەستاندا باش ناسراوە ئێمەیش کە چاومان پێ کەوت، وامان بۆ دەرکەوت کە پیاوێکی خاوەن نەژادییە نیازێکی پاکی هەیە و دڵێکی چاک زمان پاراوە بەسامە زۆرمەندە و، زرنگانەیش ئەجووڵێتەوە خاوەن ڕەوشت و خوویەکی یەجگار جوانە تا بڵێی سەر بڵند و ڕوو خۆشیشە.

لە بابەت بەهائییەکانیشەوە هەروا زانراوە کە خاوەنی ڕەوشت و خووی بڵندونان بدەیی و کردەوەی جوان و شیرین هیچ کەسێکیش ئەم قسەیە بەرپەرچ ناداتەوە مەگەر ئەوانە نەبێ، کە خۆیان بەزل ئەزانن و لووت بەرزیی ئەنوێنن).

***

دوایی بام ئەم بڕیارەیش بخوێنینەوە، کە لە لایەن کەسێکی ناوازەوە دەرچووە، کە ئەویش خوا لێ خۆش بوو، مامۆستا (بنیامین جووت)ە کارگێڕی زانستگای (بالیول):

(دوورنیە کە ئایینی بەهائی بگۆڕێ و گەشە بکات و ببێتە ئەو ئایینەی کە مرۆڤایەتی ئاواتی بۆ خواستووە تا ئێستا).

***

(لویس کامبل)یش کە مامۆستایەک بووە و یەکێک بووە لە شاگردە هەرە بەناوبانگەکانی (بالیول)، ئەم قسەیەی مامۆستای خۆی بەتەواوەتی ڕۆشن کردۆتەوە:

(ئەم بزووتنەوەی بەهائییە، لە ڕاستیدا گەورەترین ڕۆشناییە کە بەسەر ئاسۆکانی ئەم جیهانەدا پەخشان بووە لە پاش هەڵ هاتنی ڕۆژی (مەسیح)ەوە تا ئیمڕۆ، هەر ئەم ڕووناکییە هەڵهاتووە لەبەرئەوە پێویستە لە سەرتان چاوتان لێی بێ، وریایش بن، ماوە نەدەن، کە خۆتان لێ بشارێتەوە و لێتان ئاوابێ لە ڕاستیدا ئایینی بەهائی هەرە گەورە و هەرە نزیک ئایینە کە دانیشتوانی سەر زەمینی ئەم سەردەمە، بەگران، بەتەواوەتی تێی بگەن مەگەر لەدوا ڕۆژی مرۆڤەوارییدا گرنگی و نرخی ئەم ئایینە، بەتەواوەتی دەربکەوێ)

## لایەنگیریی فەرمانڕەوایی و خۆ دوور خستنەوەیش لە کاروباری زرنگکاریی

پایە بڵند (بهاءالله) فەرمانی داوە بەهاو ئایینەکانی خۆی، کە لە هەر کوێیەک بن، لایەنگیری ئەو فەرمانڕەواییە بن، کە لە ژێر سێبەریا ئەژین سا ئەو فەرمانڕەواییە هەر فەرمانێ دەر بکات و، هەر یاسایەک دابمەزرێنێ، پێویستە پڕ بەدڵ ملیان بۆ کەچ بکەن و جێبەجێیان بکەن بێجگە لەوە بەکردەوەی ڕاست و دروست و دەست پاکییەکی تەواوەوە پشتیوانی ئەو فەرمانڕواییە بکەن و کەڵکیشی پێ ببەخشن هەر پێویستییەکی کارگێڕانە، یاخود نیشتمانییش کەوتە سەرشانیان، پێویستە زۆر بەجوانی و شیرینی و تەواوییەوە جێبەجێیە بکەن بەهائییەکان پێویستە، هەموو، هاونیشتمانی دڵسۆز و ملکەچی بێ وەی بن، بۆ فەرمانڕەواییەکانی خۆیان، کە لە ژێر سێبەریاندا ئەژین پێویستە بەهەموو دڵپاکی و سەر ڕاستییەکیشەوە بەکەڵکی هاونیشتمانەکانی خۆیان بێن.

هەروەها (بهاءالله) ئەوەیشی لێ بەربەست کردوون، کە خۆیان تێکەڵ بەکاروباری زرنگکاریی (سیاسی) بکەن یاخود بچنە سەر هیچ کاروفرمانێکی فەرمانڕەواییان پایەی زرنگکاریی دەست خۆیان بخەن.

هەروەها ئەوەیشی لێ بەربەست کردون کە تێکەڵ بە دەستە زرنگکارییەکان بن[1] یاخود لایەنگیریی ئەم دەستە (حزب) و ئەو بزووتنەوەی نهێنی بکەن چ بەزمان بێ چ بەدەست.

(بهاءالله) بڕیاریشی دەرکردووە کە هەر بەهائییەک لەم ڕێگا بێ لایەنگیرییە لای داو، لە ڕێگای خۆپاراستن بەولاوە لە زرنگکاریی، ڕێگایەکی تری گرت، ئەو کەسە خۆی تووشی شکاندنی فەرمانەکانی ئایینی و پێویستییەکانی دەروونی ئەکات لە چاندنەکەیشی هیچ ناچێنێتەوە، بەری خراپ نەبێ (بهاءالله) لە بەهائییەکانی بەربەست کردووە کە چەکی کوشندە هەڵگرن و، چەکی کوشندەیان ببێ چونکە هەر لەو دەمەدا بوو کە ئامۆژگاریی خونکار و سەرۆکەکانی جیهانی ئەکرد، کە چەک فڕێ بدەن و ئاسایشی گشتی لەسەر ئەو بنچینەیە دابمەزرێنن، کە دان ئەنێ بەبوون و بەمافی ڕەگەزی مرۆڤدا هەروەها لەو کاتەیشدا بوو کە ئامۆژگاریی ئەوانەی ئەکرد: واز لەو خۆپەرستییە نا پەسندانە بهێنن، کە ئەبنە هۆی ناکۆکی ناو نەتەوەکان و ئەیان کەن بەگژیەکدا بێجگە لەوە خەریکی ئەوەیش

(١) دەستە زرنگ کاریەکان: پارتە سیاسیەکان.



بن کە هەر ناکۆکییەک لە باوباپیرانەوە ماوەتەوە، لەگەڵ هەموو پشم و قین و دوژمنایەتییەکی کۆندا، هەموویان لە ڕەگ و ڕیشەوە دەر بکێشن و ماوە نەدەن، تاوێک لە ناو دڵیاندا بمێنێتەوە.

جا لەبەرئەوە بەهاوئایینەکانی خۆی فەرمووە: کە لە کانی دڵیانەوە هەموو کەسێکیان خۆش بوێ ئامانجیشیان ئەوەبێ، کە بۆ کەڵک و چاکەی ڕەگەزی مرۆڤ تێ بکۆشن هەر لەبەرئەوە کە مرۆڤایەتی، یەکێتییەکی وەهایە، کە هەموو جۆرە نەتەوە و ڕەگەز و تیرە و ڕەنگێک، هەموو خاوەن ئایین و باوەڕێک، لە هەموو دەم ئامادەبن کە لە پێناو ئەم ئامانجە ڕۆشن و پیرۆزەدا خۆیان بەخت بکەن.

(بهاءالله) ئەمەیشی دا بەگوێیاندا:

(کوشتنتان لە ڕێگای دڵ ڕاگرتنی ئەوەدا، چاکترە لەوەی کە ئێوە کەسانی تر بکوژن!)... هەروەها ئەوەیشی لە بەهائییەکان بەربەستکرد، کە خەریکی شەڕوشۆڕ و دەمە قاڵی و تێک بەردانی یەکتربن هەر کردەوە و کارێکیش کە ببێتە هۆی تێکدانی خۆشەویستی لە ناو مرۆڤەواریدا نابێ بیکەن.

(بهاءالله) ئەمەیشی فێری بەهائییەکان کرد کە خواناسینی ئیمڕۆ لە وشەو واژە و پیتدا دەر ناکەوێ کردەوە و کاری چاک و کەڵک بەخشینی تەواو بەجیهانی مرۆڤایەتی خواناسین دەرئەخات. لە جێگایەکی تریشدا ئەفەرمووێ:

(سەرەتای خوا ناسین ئەوەتا کە قسەکەم بکرێ، کردەوە زۆر پیشان بدرێ جا هەر کەسێک قسەکانی لە کردارەکانی زۆرتر بوون، پێویستە ئەوە بزانن کە نەبوونی ئەو کەسە، لە بوونی چاکترە لە ناو چونیشی لە مانەوەی چاکترە!...)

(کارگێڕیی بەهائییەکان)، فرمانی ئامۆژگاری کردنی بەهائییەکان و ڕێ پێشاندانیان، هەروەها لابردنی ئەو بەهائییانەی کە پێچەوانەی دەستوورەکانی ئایینی بەهائی ئەجوولێنەوە... کارگێڕییەکە ئەم کارانەی خستۆتە سەر ئەستۆی کۆمەگیانییەکان (المحافل الروحانیه) و کۆمەڵە نەتەوەییەکان (المحافل الملیه)، کە بەپێی ژماردنی دوایی ژمارەیان گەیشتووەتە (٢٥٠٠) کۆمەڵە، کە بەناو هەموولایەکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە لە بابەت ئەوانەیشەوە کە فەرمانی ئایینەکە ئەشکێنن، سەرکردەی بەهائییەکان، بەم جۆرە ڕێگای پێشان داوە، کە دەربارەیان بکرێ:

(ئەو کەسانەی کە توخنی کاری ناپەسند ئەکەون، وەک خواردنەوەی مەی و کێشانی

بەنگ، یاخود بڕیار و فەرمانی ئاشکرا و دیاری فەرمانڕەواییەکانی خۆیان ئەشکێنن، یاخود پێچەوانەی بڕیارەکان و یاسا بنچینەییەکانی (کۆمەڵە گیانییەکان)ی خۆیان ئەجووڵێنەوە...

(کۆمەڵە گیانییەکان)ی خۆجێ مافیان هەیە: لە پێش هەموو شتێکا هۆی ئەو تاوانبارانە بهێننەوە بەرخۆیان، ئنجا ئامۆژگارییان بکەن بۆ گەڕانەوە لە خراپە و، بۆ گرتنی ڕێگای چاک.

پاش ئەوە هەڕەشەیشیان لێ بکەن کە ئەگەر جارێکی تر ئەو کردەوە نا پەسندانەیان لێ وەشایەوە، (کۆمەڵی گیانی) ناچارئەبێ بڕیار دەربکات بۆ دەرکردنیان لە کۆمەڵی گشتیی بەهائیییەکان.

پاش ئەوە ئەگەر هاتوو لە ئەنجامی پرسیارێکی تەواو و لێ ورد بوونەوەیەکی دروستدا، دەرکەون بۆ کۆمەڵە گیانییەکە، کە ئەو کەسانە هێشتا هەر لەسەر چەوتی و سەرکێشی و بەدخوویی خۆیان ئەڕۆن، نە پەشیمان بوونەتەوە لە کردەوە نەنگەکانی خۆیان و نەهوشیار کردنەوەیان بۆ فرمانەکانی سەرشانی خۆیان کەڵکێکی بووە، ئەوساکە لەسەر (کۆمەڵە گیانی)یەکە پێویستە جوێ بوونەوەی ئەو کەسانە، لە هەوارگەی بەهائییەکان ئاشکرا بکات.

***

«ئەی نەوەی مرۆڤ!

ئەگەر بۆ هونەر ئەگەڕێیت، هەرچی بەکەڵکی خۆت دێ وازی لێ بهێنە و، دەست بدە ئەو کارانەی کە کەسانی تر کەڵکیان لێ وەرئەگرن.

ئەگەر بۆ دادپەروەرییش ئەگەڕێیت: هەرچی بۆ خۆتی هەڵ ئەبژێریت، بۆ کەسانی تریشی هەڵ ببژێرە.

جاری وایش هەیە، لە خۆ بایی بوون و سەرکێشی پیاو ئەگەێنێتە جێگای هەرە نەنگ و ڕیسوایی».

لە فەرموودەکانی بهاءالله



## پاڕانەوەی عبدالبهاء لە بەردەم خوادا

(خوایە! خوایە!

شەوە زەنگ هەمووڵایەکی داگیرکردوە هەوری ئەستووری ئاودامانیش هەموو ئاسۆیەکی گرتۆتەوە.

دانیشتوانی سەرزەمینیش خۆیان فڕێ داوەتە ناو گێژاوی بیروباوەڕی پڕوپووچەوە. بە ناوەڕاستی زۆرداریی و دوژمنایەتییشدا تاریکایی دا هاتووە منیش هەر ئەو پڕشنگی ئاگرە نێڵە نێڵەم دێتە پێش چاوا کە لە ناو چاڵە گەورە و قووڵەکەدا کڵپەی سەندووە.

هیچیشم نایەتە بەرگوێ دەنگی ئەو هەورە تریشقانە نەبێ کە دەنگ ئەدەنەوە بەهەر چوارلادا و لەو کەلوپەلی جەنگە ئاگرینە کڵپەدارانە دێتە دەرەوە، کە لە زۆرداریی و دڵ ڕەقی بەولاوە هیچی تریان لێ ناوەشێتەوە.

هەموو ناوچەیەکیش لە دڵی خۆیدا ئەمە ئەڵێ:

(من کە هیچم بەدەستەوە نەما، لە هێز و لە دەسەڵات، ئیتر سامانی جیهانی بەمن چی؟!.)

ئەی خوای خۆم!

(ئەو چرایانەی کە دانرابوون بۆ ڕێ پێشاندانی مرۆڤ، هەموویان کوژاونەتەوە... بەڵام ئاگری زۆر لە بڵێسە سەندندایە...

پشم و قین و دوژمنایەتیش بڵاوبوونەتەوە بەهەمووڵایەکدا دڵ ڕەقی و ڕقەبەرییش هەمووڵایەکی سەر زەویی گرتۆتەوە جا لەدەستە زۆر لێکراوەکەی تۆ بەولاوە هیچ کەسێکی تر نابینم کە بەهەموو هێز و هەڕەتێکی خۆیەوە بانگ بدا و هاوار بەرێتە بەرهەموان کە: بینە دڵسۆزی یەکتری، کە چاکەی یەکتر بدەنەوە، کە بەخشندەیی بنوێنن، کە ڕێگای ڕاست بگرن لە ژیانیاندا، کە هۆگری یەکتربن و لەگەڵ یەکتردا ڕێک بکەون، کە ڕوو بکەنە ڕۆشنایی ئاسۆکان، کە خۆشەویستی بەرامبەری یەکتری بنوێنن و بەری سەرکەوتنی لێ بخۆن، کە هەموو دەم لە ئاشتی دابن و دروست بژین، کە چەکە کوشندەکانیان فڕێ بدەن، کە ببن بەیەک و بەری سەرکەوتنی لێ دەست بخەن، کە دەستی یارمەتی بۆ یەکتری درێژ بکەن لە پێناو کاری پەسند و بەکەڵکی گشتی و تایبەتیدا جا ئەم دەستە زۆرلێکراوە، ئەندامەکانی لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئەم هاوار بانگانەدا کە لە سەرەوە ناو بران، لە هەر

شوێنێکابن بە هەموو دڵخۆشی و شادمانییەکەوە سەروگیانی خۆیان بەخت ئەکەن بۆ کەڵکی گشت مرۆڤ.

خوای گەورە!

هەر وەک خۆت چاوت لێیانە: بەگریانی مرۆڤانی تر، گریانیان دێ بەدڵ ناخۆشی و خەفەتباریی کەسانی تر دڵیان ئازاری پێ ئەگات بەزەییان بەهەموو کەسێکا دێتەوە. هەر دەوڵەمەندێکیش تووشی سەرگەردانی بێ، خەفەتی بۆ ئەخۆن.

خوای گەورە!

هێز و هەرەت ببەخشە بەباڵی سەرکەوتنیان، تا بفرن و بگەنە ئەوپەڕی سەرکەوتنی خۆیان پشتیان باشتر بگرە، تا باشتر بتوانن بەکەڵکی ئافەریدە کراوانی دەستی خۆت بێن.

هەروەها زۆرتر هانیان بدە بۆ ئەمەی زۆرتر دەرگانە پیرۆزەکەی تۆ بپەرستن.

هەر تۆی کە بەخشندەی هەرتۆی کە بەزەییت بەهەموو کەسێکدا بێتەوە لە تۆیش بەولاوە هیچ خوایەکی میهرەبان و دڵ پڕ لە خۆشەویستی نییە بەرانبەر هەمووان، کە هەر لە سەرەتای ژیانەو، هەروا بویت تا ئیمڕۆ)

## خوا هەر ئەوە

(خوای گەورە!

ئەی ڕێ پێشاندەر بە نەتەوەکانی جیهان، بۆ گەیشتن بەبن سێبەری ناوە هەرە گەورەکەت.

ئەی هەڵگری ئالای ڕووناکی سەرەتای ژیان لەسەر نوچکەی سەر زەمین.

ئەی دامەزرێنەری شوێن هەواری یەکێتی مرۆڤەواری لە نوچکەی توانای مرۆڤدا.

(هەر تۆی کە هەموو دەم هەموولایەکت بانگ کردوە کە بێنە ژێر سێبەری ئەم خێوەتانەوە لەوێ دڵیان بنوسێ بەیەکەوە و پێکەوە ڕابێن لەوێدا دەست بکەن بەنوواندنی خۆشەویستی بۆ یەکتری و دڵی یەکتریش بۆ خۆیان کێش بکەن.

ئنجا بەخۆشی و شادمانییەوە پێکەوە ڕابیوێرن و لە دڵێکی ڕاست و پڕ جۆش و خرۆشەوە خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر بنوێنن.

(خوایە! ڕێگامان بۆ تەخت بکە ڕێمان بۆ ئاسان بکە.



(بفەرموو پشتیوانیشمان بە لەگەڵ هەمووواندا، لە گرتنی ئەم ڕێگایەدا

(خوایە! خوایە!

زرێی ناکۆکی و دووبەرەکی ئاوەکەی ورووژاوە و لە شەپۆلداندایە لەو خاکەدا ڕەشەبای کەللەڕەقی و مل نەدان، بەتوندیی هەڵی کردووە دانیشتوانی ئەو خاکانە بەهۆی دەستە (حزب)ەکانیانەوە پارچە پارچە بوون و، لە ناو خۆیاندا تێک چوون ئاگری شۆڕش و هەڵگەڕانەوە لە فەرمانڕەواییان، لە هەموو لایەکدا هەڵی کردووە زەوی دەستی کردووە بەلەرینەوە تەپ و تۆز چووە بەگژ ئاسماندا و بڵاوبۆتەوە بەناو هەموو خاکێکا.

(خوایە!

بەزەییت بێتەوە بەو منالانەدا کە هێشتا شیرە خۆرەن بەو پیروپەککەوتانەدا بێتەوە کەملیان کەچ کردووە بۆ کارەساتی ڕۆژگار.

تەنانەت بەگیان لەبەرانیشدا بەزەییت بێتەوە.

خاکەکەمان لە دەست ناکۆکی و دووبەرەکی ڕزگار بفەرموو.

ئارام و ئاسایش و دڵنیایی بەدانیشتوانی خاکەکە ڕەوا بفەرموو.

(خوایە! فەرمانڕەواییش بخەرە سەر ئەو بارەی کە ببێتە (کەلاتێکی بەهێز و هەرەت بۆ پاراستنمان...

تاکو نیشانەکانی خۆشەویستی و چاکە دانەوە، سەرکەون و دەرکەون... تا خۆش ڕابواردن و هۆگرییش خۆیان پێشان بدەن... تا لە ناو دەستە زرنگ کارەکاندا ناکۆکی نەمێنی و خۆیی بچێتە جێگای ئەم هەڵگەڕانەوە (إنقلاب)یەش، هەر لە ڕەگوڕیشەوە لە بن دەر بکێشرێ).

«هەر تۆی بەخشندە و میهرەبان.

هەرتۆی گەورە

هەر تۆیشی خاوەنی بەزەیی پیاهاتنەوە و دڵ پێ سووتان».

(عەبدولبەهاء)

تەواوبوو

**١٠- ١١- ١٩٦٦**

# تەندروستی

# له خاكی ڕووته‌كاندا

نووسه‌ری: ڕۆجیه سالاردین

ئه‌م نووسراوه

نووسراوی (له خاكی ڕووته‌كاندا)، كه هی ڕۆژنامه‌گه‌ر و نووسه‌ری به‌ناوبانگی فه‌ڕه‌نسری، (روجیه سالاردین) و، نووسراوێكی ته‌ڕوتازه و نایابه شایسته‌ی ئه‌وه‌یه كه هه‌موو خوێنده‌وارێكی كورد بیخوێنێته‌وه چونكه بایه‌خێكی زۆر ئه‌دات به‌ته‌ندروستیی، ژیانێكی سروشتی و، په‌روه‌رده‌كردنی له‌ش و دڵ و ده‌روونی مرۆڤ و، ڕاهێنانی به‌كرده‌وه‌ی پاك و چاك و بڵنده‌وه بێجگه له‌وه ڕووداوێكی ژیانی ڕووتانه‌ی هه‌ندێ له ئه‌ڵمانه‌كانیش پێشان ئه‌دات، كه باوه‌ڕیان وایه ڕووتی و ژیانی ڕووتانه، كه پڕه له (وه‌رزش) و (خۆدانه به‌ر بای پاك و ئاوی سازگار و تیشكی ڕۆژ) و (خۆرشتی سروشتی) و (كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كی پڕ له خۆشه‌ویستی و یاریده‌دان) و (داوێن پاكی)، له‌وانه‌یه كه مرۆڤ له نه‌خۆشییه‌كانی له‌ش و دڵ و ده‌روونی ڕزگار بكات و، هێز و هه‌ڕه‌ت و ته‌ن دروستی كامه‌رانی و ناوچه‌وان به‌رزی و ڕه‌وشت و خووی بڵندیشی بۆ پێك بهێنێ.

(ڕووتی)یش ئایینێكه له‌پاش شه‌ڕی یه‌كه‌می جیهان له ئه‌ڵمانیادا سه‌ری ده‌رهێناوه پاش ئه‌وه له‌ناو خاكه‌كانی تری جیهاندا بڵاوبۆته‌وه ته‌نانه‌ت ئێستا یانه و كۆمه‌ڵانی ڕووتی له‌ناو (به‌ریتانیا) و (ئه‌مه‌ریكا) و (سوێد) و (نه‌رویج) و (دانیمارك) و (فه‌ره‌نسه) و (به‌لجیكا) و (هۆڵله‌نده) و (ژاپۆنیا) و (ئیتالیا) و (یۆنان) و گه‌لێك خاكی تردا بڵاوبوونه‌ته‌وه، مه‌شقی ڕووتی ئه‌كه‌ن.

هه‌موویشیان كۆگره‌یان هه‌یه نووسراوان و گۆڤاریان هه‌یه كۆبوونه‌وه و وتاردانیان هه‌یه خوێندنگایان هه‌یه. لاسایی كردنه‌وه و فیلمی سینه‌مایان هه‌یه، به‌كورتی بۆ بڵاوكردنه‌وه‌ی بیروباوه‌ڕه‌كانی خۆیان هه‌موو جۆره ڕێگایه‌ك ئه‌گرن.

زاناكانی (ئایینی ڕووتی) له پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئایینه‌كه‌یان و دامه‌زراندنی یانه و ده‌زگاكانیاندا، گه‌لێك ئه‌رك و ئازاریان چێشت، گه‌لێك به‌دناوكران، تووشی گه‌لێك زیان و هوروژمی دڕندانه‌بوون، چ له‌لایه‌ن كه‌سانی تره‌وه، چ له‌لایه‌ن فه‌رمانڕه‌واییه‌كانه‌وه... به‌ڵام كۆڵیان نه‌دا و وره‌یان به‌رنه‌دا، تا قسه‌كانی خۆیان برده‌سه‌ر و ڕێز و خۆشه‌ویستییان بۆ ئایینه‌كه‌یان و كۆمه‌ڵه‌كانیان و كرده‌وه‌كانی خۆیان له ڕووتییدا ده‌ست خۆیان خست.



هه‌رچه‌نده ئه‌وه نازانرێ كه پێشبینی (نظرية)[1] یه‌كانیان تا چ ئه‌ندازه‌یه‌ك ڕاسته‌و تا چ ڕاده‌یه‌ك بڕ ئه‌كا و تا چ ئه‌ندازه‌یه‌كیش به‌پاكی ئه‌مێنێته‌وه، كه ئه‌وه له دواڕۆژدا ده‌رئه‌كه‌وێ، به‌ڵام ئه‌وه‌نده هه‌یه كه ئه‌م ئایینه بووه‌ته هۆیه‌كی ئه‌وه‌ی كه مرۆڤی پێشكه‌وتوو تا ئه‌ندازه‌یه‌كی گه‌وره بایه‌خ به‌(ژیانی سروشتی) و (ته‌ندروستی) بدات.

له جلوبه‌رگه‌كانی خۆی كه‌م بكاته‌وه بۆ سه‌ربه‌ستیی تێكه‌ڵ بوونی پیاو و ئافره‌تیش ڕێگا بدات بۆیه‌كا له جێگا گشتییه‌كانی زۆر شوێنی جیهاندا ژن و پیاو ئه‌بینین به به‌رگی مه‌له‌كردنه‌وه، مه‌له ئه‌كه‌ن، بێ ئه‌مه‌ی كاره‌ساتێكی نه‌نگ و زۆرداریی ڕوو بدات له‌ناویاندا هه‌روه‌ها جلوبه‌رگی هه‌ردوو ڕه‌گه‌ز ئه‌بینین له سووك كردن و كه‌م كردنه‌وه دان و، له ده‌ركه‌وتنی گه‌لێك ئه‌ندامانی له‌ش له شوێنه گشتییه‌كاندا هیچ كاره‌ساتێكی ناپه‌سه‌ند ڕوو نادات به‌واتایه‌كی تر ئه‌گه‌ر نه‌ته‌وه ڕابهێنرێ به ڕووتییه‌كی بێ وه‌یه‌وه هیچ مه‌ترسییه‌ك له ڕووتی تێكه‌ڵی ناكرێ به‌ڵام ئه‌م ڕاهاتنه بۆ نه‌ته‌وه‌یه‌ك پێك دێ كه زۆر پێشكه‌وتووبێ، كه تاك و ته‌راكانی بتوانن خۆیان بگرن و، ڕه‌وشتی پاكی خۆیان ڕابگرن و، له ماف و سه‌ربه‌ستیی كه‌سانی تریش ڕێز بگرن بێجگه له‌وه فه‌رمانڕه‌واییه‌كی وایش سه‌رپه‌رستیان بكات كه شاره‌زا و به‌كار و چاكه‌خوازبێ و بتوانێ ئازادیی و سه‌ربه‌ستی و مافی تاك و ته‌رایانی نه‌ته‌وه‌كه‌ی بپارێزێ.

زاناكانی (ئایینی ڕووتی) ئه‌ڵێن: ئه‌م ڕووتییه بۆ (ئابووری) و (ته‌ندروستی) و (كرده‌وه و ڕه‌وشتی بڵند) و (پێشكه‌وتنی كۆمه‌ڵایه‌تی و مرۆڤایه‌تی) زۆر كه‌ڵكی هه‌یه.

ئه‌ڵێن: به‌ره‌نگاریی داوێن پیسی ئه‌كات!...

كه‌چی دوژمنه‌كانیان ئه‌ڵێن: ڕووت بوونه‌وه‌ی ته‌واو له‌ناو كۆمه‌ڵدا، به‌ره‌و كرده‌وه و ڕه‌وشتی خراپ و كاره‌ساتی نه‌نگ و ناپه‌سه‌ندمان ئه‌بات!. وه‌ك سه‌رنجیش ئه‌درا، كۆمۆنیسته‌كان پشتگیریی ئه‌م ئایینه‌یان زۆر ئه‌كرد.

ڕۆژنامه و گۆڤاره‌كانیان له‌سه‌ریان ئه‌كردنه‌وه كۆمۆنیسته‌كان ئه‌ڵێن: (مرۆڤ له پێشدا ڕووت بووه پاشان فێری جلوبه‌رگ بووه ئێستایش ئه‌بێ بگه‌ڕێته‌وه سه‌ر ڕووتی ئه‌میش هه‌روه‌ك ئه‌وه وایه كه زه‌ویی و سامان له پێشدا هی هه‌مووان بوون پاشان بوون به هی كه‌سان ئێستایش ئه‌بێ مرۆڤ وه‌ك سه‌ره‌تای خۆی لێ بێته‌وه، واتا سه‌ر له‌نوێ زه‌ویی و سامان بكاته‌وه به هی هه‌مووان!.)

---

(١)ڕاستتر: تیۆریه‌كانیان.

هەندێ لە زاناکانیش ئەڵێن: ئەوانەی ئایینی[1] ڕووتییان هەیە یان حەز ئەکەن جوانیی لەشی خۆیان پیشانی کەسانی تر بدەن، یان حەز ئەکەن جوانی لەشی کەسانی تر ببینن، یاخود حەز بەهەردووکی ئەکەن.

هەندێکیشیان لەو باوەڕەدانین کە ڕووتی تەواو، بتوانێ چارەسەری داوێن پیسی بکات. چونکە ڕووتی پەیوەندیی بەجلوبەرگ و خۆ جوان کردنەوە هەیە، نەک بەڕەوشت و خووەوە زانایانی تریش ئەڵێن: جلوبەرگی زۆر لەبەرکردن و ڕووتی تەواو، هەردووکیان وەک یەک، بێ فەڕ و خراپن، پیاو و ژن ئەورووژێنن بۆ داوێن پیسی.

لە ڕاستییدا مەشقی ڕووتی هەر بۆ ماوەیەکی چەند کاتی ئەکرێ، بۆ هەموو دەم سەرناگرێ ئەگینا پێستی لەش ئەستوور و وشک و ڕەق و ناشیرینی لێ دێ دوورنییە سروشت لە جێگای جلوبەرگ سەرلەنوێ ئەمەندە تووکیشمان پێ ببەخشێتەوە کە وەک درندەکانی لێ ببێتەوە ئەوساکە سامانێکی جوانیمان لەدەست ئەچێ، کە جێگای پڕ ناکرێتەوە. ئەمە ڕاستە کە منالی ساوا لەناو (کوردەواریی)دا بەڕووت و قووتییەوە بسووڕێتەوە، کەس توانجی تێ ناگرێ هەروەها زۆرجاریش کوڕان و پیاوانم دیووە لەناو سەرشۆرک (حمام) و جێی مەلەکردنی گشتییدا خۆیان شتووە و مەلەیان کردووە بە ڕووتیی تەواوەوە، بێ ئەمەی لەناو خۆیاندا ئەمەیان بە شتێکی نەنگ دانابێ یاخود کارەساتێکی گەندیان لێ قەومابێ.

تەنانەت ژنانیش- وەک بۆیان گێڕاومەتەوە- لەناو سەر شۆرکی گشتی و جێی مەلەکردنی خۆیاندا گوێ نادەنە ڕووت بوونەوەی تەواو، بەکەموکووڕیی دانێن.

بەڵام ڕەوشت و خووە مەردانەکەی (کوردەوار)مان و، ئایینە پاکەکەی (ئیسلامەتی)مان، ڕێ نادەن بەتێکەڵ بوونی پیاو ژن بەڕووتییەوە، دەس و دەم و چاو قاچ و قۆڵی لێ دەرچێ، ئەمە ڕاستە جلوبەرگی جوان زۆرتر پیاو هان ئەدات بۆ بینینی لەشی ئافرەت، بۆ مەبەسی لنگ بازیی بەڵام بینینی لەش و لاری جوانیش لەو کەمتر پیاو هان نادات بۆ مێ بازیی واتا هەر تەنیا بەڕووت بوونەوە چارەی داوێن پیسی ناکرێ.

پاش ئەوە ئەگەر مەبەس ڕەگەزبازیی نەبێ و تەندروستی بێ پاش و پێش چ جوانییەکی تیایە تا هی هەموو کەس دەربکەوێ ئەم دوو ئەندامە چ هی پیاوبێ، چ هی ژن، داپۆشینیان لە دەرخستنیان چاکترە لەسەرێکەوە بۆ پاراستنیان. لە سەرێکی تریشەوە بۆ

(١) ئایین: لێرەدا مەبەست لە (مذهب= ڕێباز)ە.



شاردنەوەی ناشیرینی یان، چ جای ئەوەی کە زۆربەی پیاو و ژن (پاش)ە (پێش) یان ناشیرینە. ئیتر چ باشییەک لەوەدا هەیە کە ئەو پاش و پێشانە ببینرێن؟!

ئەو پاش و پێشانەیش کە جوانن، پیاو و ژن بام زۆریش بیانبینن، هەر کاتێ کاتی خۆی هات، ئارەزوویان پێیان ئەبزوێ ئیتر بۆچ خۆمان هەڵ بکێشین و بڵێین خۆمان پێ ئەگیرێ و، دوای ئالۆش و خرۆشی لەش و دڵمان ناکەوین؟!. لە ڕاستیدا ڕەگەزبازی و لنگ بازیی لەناو ناچن هەر ئەمێننەوە! کەواتە چاکترین شت ئەوەتا، کە لە (پێش بینیی ڕووتی) هەر ئەوەندە کەڵک وەربگرین: کە بایەخ بدەین بە(وەرزش) و (ژیانی سروشتی) لەناو سروشتدا و، لە (بای پاک) و (ئاوی سازگار) و (تیشکی ڕۆژ)یش کەڵک وەربگریین. هەروەها تا پێیشمان ئەکرێ لە (جلوبەرگ)ی خۆ نوواندن و کەش و فش و نا پێویست کەم بکەینەوە و سووکیان بکەین. تا باری (مەردایەتی) و (ئابووری) و (تەندروستی)مان ڕاست بکەینەوە. بەڵام، ئەوەندەی پەیوەندی بەبیروباوەڕی خۆمەوە هەیە، تێکدانی شیرازەی ڕەوشت و خووی (کوردەواریی) و (ئاییینی ئیسلام) بەباش نازانم چونکە هەروەک لە سەرەوە پێشانمدا، زیانی گشتی لێ پەیدا ئەبێ.

بە(ڕووتی تەواو)ەوە، ژن و مێرد، ئەتوانن لە ژووری تایبەتی خۆیاندا مەشق بکەن، چ لەسەر (وەرزش)، چ لەسەر خۆدانە بەر (تیشکی ڕۆژ) و (بای خاوێن) و (ئاوی سازگار) بەڵام لەناو یانە و کۆمەڵانی بێگانەدا ئەو وەرزش و خۆدانە بەر ڕۆژ و باو مەلەکردنە، وا باشتر و جوانتر و خاوێنترە کە بە( بەرگی تایبەتی)ی خۆیانەوە بکرێن، کە هەر هیچ نەبێ، (پاش) و (پێش) داپۆشێ.

پێش ئەمەی خوێندەواری خۆشەویستی کورد، نووسراوەکە بخوێنێتەوە، پێویست بوو ئەم ڕاستییانەی بخەمە پێش چاو نەوەک بەهەڵەدا بچێ.

مەبەس لە پێشکەش کردنی نووسراوەکە، ئاگادارکردنی خوێندەوارانی کوردە لە جووڵەی شارستانێتی ڕۆژئاوا، بایەخ دان بەتەندروستی نەک چاولێکەرییان لە (ڕووتی تەواو)دا کە پێچەوانەی (ئایینی ئیسلام)و (ڕەوشتی کوردەواریی)مانە، کە بۆ ئێمە کەڵکی نابێ و زیانیش ئەبەخشێ.

ئیتر ئەمەندە و ئەگەر نووسراوەکە کەڵکێک بەخوێندەوارانی کورد ببەخشێ خۆم بە بەختیار ئەزانم.

شاکر فتاح

١٩٦٤

## بەشی یەکەم

### خوێندنگای ڕووناکی

پێش بینی (پەروەردەکردنی سەربەستانە) لەناو ئەڵمانەکاندا بڵاوبووبووەوە کۆمەڵانی ڕووتەکانیش لەناو هەموو چینێکیاندا پەرەی سەندبوو تەنانەت وای لێ هاتبوو کە هەر لە شاری (بەرلین)دا بەتەنیا، نزیکەی سی هەوارگەی کۆمەڵانی ڕووتەکان پەیدا بووبوو لەهەر شوێنێکی ئەڵمانیادا چاوت ئەگێڕا، ڕووتت ئەدیی بەژن و پیاو و منداڵەوە، لەناو دەرودەشتدا گەشتیان ئەکرد، خۆشییان لە تەندروستی خۆیان ئەبینی، بەبای پاک هەڵمژین و تیشکی ڕۆژ وەرگرتن و وەرزشکردن و گەمەو یاریی خاوێنەوە ڕایان ئەبوارد پڕ بەدەم بانگیشیان ئەدا کە ڕووتی تەواو، بەرەنگاریی داوێن پیسی ئەکات و بەدکرداریی هەروەها چارەی لەڕیی و لاوازیی لەشیش ئەکات!...

ئاخۆ ئەوانە ڕاستیان ئەکرد؟

لەپاش یەکەم جار کە گەڕام بەناو کۆمەڵە ڕووتەکانی شاری (درسدن)دا کە بریتی بوون لە چینی دەوڵەمەند و ناوەڕاست، گەڕامەوە فەڕەنسە، بەبیروباوەڕێکی پڕ نرخی ئەو ڕووتانەوە.

کە بەلای کەمەوە ئەوەندە چووبوو بەمێشکما کە ڕووتی بریتی نییە لە پەردەیەک، داوێن پیسی داپۆشێ، بەڵکو ڕەنج و تێکۆشانێکی بێ باکانەیە بۆ بڵاوکردنەوەی کردەوەی بڵند و داوێن پاکی، بەڵام لە ڕێگایەکی ترەوە کە ئەویش لابردنی شەرم کردنی درۆیە کە ئەمە سەدان ساڵە زاڵ بووە بەسەر مرۆڤایەتیدا، هەروەها ئامۆژگارییەکیشە بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی سروشتانەی پێشوومان، کە پڕیەتی لە بای پاک و تیشکی ڕۆژ، کە چارەی کزیی و لاوازی لەشیش و دڵ و دەروونیش ئەکەن.

کە ئەم بیروباوەڕەم لە فەرەنسەدا بڵاوکردەوە، هەروەک چاوەڕوانیم ئەکرد، زۆرکەس بەرپەرچی دامەوە.

گوتیان: ئاسان نییە، ڕەوشتێکی هەزاران ساڵەیی بەملیۆنان کەس لاببرێ. ئەوەیشیان گوت: کە زۆربەی مرۆڤایەتی (ڕووتی)یان بەلاوە خۆش نییە و بەرەنگاریی ئەکەن.

لەبەرئەوە ئەمجارەیش چوومەوە ئەڵمانیا، بۆ ئەمەی چەند هەفتەیەک لەناو هەوارگەکانی ئەو کۆمەڵە ڕووتانەی هەژارانەدا ڕابوێرم. وا هەرچیم دیوە لەوێ، بۆ خوێندەوارانی ئەگێڕمەوە:



لەوەپێش لەلایەن پزیشک (ولتەر فرنزل)ەوە بانگ کرابووم بۆ بینینی (خوێندنگای ڕووناکی) کە خۆی کاروباری هەڵ ئەسووڕێنێ خوێندنگاکە، بێ هاوتایە، ڕووتی فێری شاگردەکانی ئەکات پڕە لە مامۆستایان و شاگردان ڕووتی و وانای ڕووت ئەخوێنن ئنجا کە بۆ جاری دووەم چوومەوە ناو ڕووتەکانی ئەڵمانیا، بڕیارمدا لە پێشدا ئەو خوێندنگایە ببینم لەبەرئەوە بەسواری شەمەندەفەر چووم بۆ (ئەلمەرج) بۆ (دەردجنزۆرف)، بۆ ئەمەی پزیشکەکە لەوێوە بمبات بۆ خوێندنگاکەی خۆی.

لە (دەرد جنزۆرف)دا چەند گەشتوگوزارکەرێک[1] لەگەڵما دابەزین هەموویان سێ کەس بوون: دوو جووتیار و سەربازێک لەبەرئەوە پزیشکەکە بەئاسایی منی ناسییەوە هەرچەندە لەوەپێش نەیشی دیبووم پزیشکەکە هاتبووە ئیستگەکە بە بەرگی خۆشتنەوە ، بستێک نەبێ هەموو لەشی ڕووت بوو پێڵاوەکانیشی کراوەبوون.

پزیشک (فرنزل)م وا هاتە پێش چاو کە پیاوێکی لەش بچووکی بەسام بووە ڕیشێکی بچووکی ڕەشی پێوە بوو لەشیشی بەگەرمیی تیشکی ڕۆژ بۆر هەڵگەڕابوو لاوێکی قژ زەردیشی لەگەڵدابوو بەرگەکەی وەک هی خۆی بوو.

پزیشکەکە لاوەکەی پێ ناسیم، گوتی ئەمە مامۆستایەکی خوێندنگاکەمە.

ڕۆژ گەیشتبووە چێشتەنگاو تیشکەکانی زۆر بەتین بوون لەبەرئەوە، هەرچەندە ڕێگاکەمان خۆش و جوان بوو، بەپێی ڕۆیشتنەکەمان ماندووی کردبووین.

خانەخوێ کەم، لە ڕێگادا قسەی بۆ ئەکردم لەبابەت پەیمانگاکەیەوە، ئەیگوت: خوێندنگاکەی منیش وەک هەمووخوێندنگا بڵندەکانی ئەڵمانیا لەلایەن فەرمانڕەواییەوە پەسەند کراوە بەڵام ماوەیان نەداومێ کە منالانی تەمەن کەمتر لە پێنج ساڵی ڕابگرم.

لێم پرسی: چەند مامۆستات لەلایە؟

گوتی: بێجگە لە خۆم، سیان بەڵام من هەموو دەم لێرەدا نامێنمەوە چونکە لەیەکێ لە زانستگاکانی بەرلیندا بەشاگردان ئەخوێنم لەبەرئەوە هەر پشووی هاوینەکەم بۆ ئەمێنێتەوە کە لێرە ببم جا هەرکاتێک خوێندنگاکەم ئەوەندە گەشەی کرد کە دڵم ئەیەوێ، ئیتر من لە زانستگا نامێنمەوە، هەموو کاتێکم بۆ ئەم خوێندنگایە تەرخان ئەکەم هەروەها بەتەنشت شاگردە هەموو دەمییەکانیشەوە، زۆرکەسی تر دێن ، بۆ ماوەیەکی کورت لە گەڵماندا ئەمێننەوە، خۆشی لەبای سازگار و ڕووتی ئەبینن.

(١) راستتر: چەند گەشتیارێک.

نزیکەی کاتێکی تەواو ڕۆیشتین، تا گەیشتیینە ساختمانی خوێندنگاکە کە چووینە ناوەوە، جوانی جێگاکە دڵی کێش کردم بریتی بوو لە باخچەیەکی گەورە و فراوان کە پڕبوو لە داری گەورە گەورە و بڵند دوو خانووچکەشی تیابوو.

لەبن دارەکاندا هەندێ منداڵی کوڕ و کچم چاوپێکەوت، بەڕووتی، بە بەرتیشکی ڕۆژەوە گەمە و یاریی ان ئەکرد.

کچێکی بچکۆڵەی نۆ ساڵی بە بەردەمماندا تێپەڕیی، پاڵی ئەنا بەگالیسکەیەکی بچکۆلانەوە کە بووکەکەی خۆی تیادا نابوو وا دیاربوو بیروباوەڕی بووکەکەی لە هی خۆی نەئەکرد چونکە خۆی ڕووت بوو، بەڵام بووکەکەی پۆشتە بوو پزیشکەکە بەدەم کچەکەوە پێکەنی کچەکە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد پزیشکەکە پێی گوت: دەی وەرە بەم میوانە تازەیەمان بڵێ: خۆش هاتی، کچە بچکۆڵەکە، لێم نزیک بووەوە بەبێ دەنگییەکەوە دەستی بۆ درێژکردم منیش دەستەکەیم خستە ناو دەستەکانمەوە پاشان بەرەڵلام کرد بچێتەوە بەلای گەمەکەی خۆیەوە.

پزیشکەکە بردمیە یەکێک لە دوو خانووەکەوە.

چووینە نووسینگایەکی بچووکەوە، لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی نەخشەیەکی گەورەی ئەڵمانیا هەڵواسرابوو.

گەلێک نیشانەی بچووک بچووکی سووری لەسەر کرابوو پزیشکەکە پەنجەی بۆ ڕاکێشان، گوتی: ئەوانە هەموو ناوچەکانی ڕووتەکانی ئەڵمانیان هەروەک چاوت پێیان ئەکەوێ زۆرن، بەڵام تا دێن زۆرتر ئەبن.

لە درزی دەرگایەکی کراوەوە چاوم بەچێشتخانەیەک کەوت، چەند کچێکی شەنگوشۆخی تیابوو، خەریکی چێشت لێنان بوون، بە بەرگی خۆشتنەوە لەوە زۆر سەرم سوڕما چونکە وەهام چاوەڕوان ئەکرد کە هەرکەسێک لەوێدا ببینم ڕووت بێ کەچی کچەکانم بە بەرگەوە ئەدیی بام بەرگەکەیشیان کەم بووبێ لەگەڵ ئەوەیشا قسەی دڵی خۆم بۆ پزیشکەکە نەکرد.

پاش ئەوە کابرای پزیشک بردمیە ژوورێکی بچووکەوە کەلوپەلەکانی پاک و خاوێن بوون ماوەی دامێ کە هەندێ ماندووی خۆم بحەسێنمەوە پاشان بەجێیی هێشتم و ناوونیشانی خۆی و شوێنەکەی خۆی پێشان دام، تا هەر کاتێ ویستم بیدۆزمەوە.

پاش ئەوە کچێک لە بەرگی خۆشتندا هاتە پێشەوە، ئا وو پەشتەماڵی بۆ هێنابووم، کە مایەوە سەر خۆم، دەستم کرد بە شتنی سەرم و لەبەر خۆشمەوە ئەم گوت: ئەمەتا ڕووتی؟



وا دیارە ئەوان بۆ ئەوەیان هێناومەتە ئێرە کە منداڵی ڕووت ببینم ئەمەیش شتێکی سەیرنییە!

لە ڕاستییدا، مناڵانی ڕووتم زۆر چاو پێکەوت، چ لە ناوەڕاستی شاری (هیمبورگ)دا چ لە یەکێک لە سەیرانگاکانیا.

بەڵام وام هاتە پێش چاو کە بۆڵە بۆڵ بەکاری من نایەت لەبەرئەوە بێ دەنگ بووم و خۆم گەیاندە پزیشکەکە تەماشام کرد لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکانی خوێندنگاکەیدایە.

ئەم مامۆستایە هەر پاش و پێشی خۆی داپۆشیبوو لە دڵی خۆمدا گوتم هەرچیەک بێ ئەمە لەوانی تر باشترە.

پزیشکەکە پێی گوتم ئەگەر ئەتوانیت تۆیش خۆت ڕووت بکەرەوە وەک ئەوان بەرگی خۆشتن لەبەر بکە بیانووم بۆ هێنایەوە کە بووخچەکەی جلوبەرگەکانم لە ئێستگەکە بەجێ هێشتووە، دەرپێم لەگەڵ خۆم نەهێناوە بۆ مەلەکردن پزیشکەکە گوتی من دەرپێیەکت بۆ پەیدا ئەکەم.

پێم گوت: سوپاست ئەکەم، ئەمەوێ وابمێنمەوە بەڵام کابرا لەکۆڵم نەبووەوە، تا خستمیە سەر قسەکەی خۆی ئنجا بردمییە ژوورێکی تایبەتییەوە، دەرپێیەکی بۆ هێنام و پێی گوتم کە خۆم ڕووت بکەمەوە.

لەپاش تاوێک منیش وەک خانەخوێیەکانم لێهات.

تەنیا دەرپێی خۆشتنم لەبەردابوو پێلاوەکانیشم کراوەبوون.

پزیشکەکە گوتی: بام ئیتر بڕۆین بۆ (زەویی ڕووناکی) تاوێک لەسەرم بوەستە، تا کات ژمێرەکەم و هەندێ کەلوپەلی ترم ئەهێنم.

کە گەڕایەوە پێکەوە لە خوێندنگاکە چووینە دەرەوە هاوڕێکەم پێی گوتم: (زەویی ڕووناکی) لە خوێندنگاکەمان جوێ بۆتەوە ئەبێ بەناو گوندەکەدا بڕۆین تا ئەگەینێ.

بۆیەکا ئەو دەرپێیەمان لە پێ کردووە چونکە کە گەیشتیینە ئەوێ، ئەبێ تەواو ڕووت و قووت ببینەوە، چارەنییە.

پێم گوت: بەزۆرە؟

پزیشکەکە بەتەوسێکەوە زەردەخەنەی کرد، بەڵام وەرامی نەدایەوە ماوەیەکی باش ڕۆیشتیین ئنجا گەیشتینە جێگاکە، کە بریتی بوو لە زەوییەکی فراوان کە هەر چوارلای بەتەل تەنرابوو.

لەسەر دەرگاکەی بەنووسینێکی گەورە ئەم نووسرابوو، (زەویی ڕووناکی بێ ڕێ دانی پزیشک فرترل کەس ناچێتە ناوی).

لە دەرگاکەوە چووینە ژوورەوە تۆزێکی پێ چوو پزیشکەکە لای لێ کردمەوە و گوتی: پێویستە ببینە نموونەیەکی باش بۆ کەسانی تر.

پاشان دەرپێکەی داکەند و هەموو لەشی ڕووت دەرکەوت.

کابرا بەچاوێکی پڕواتاوە سەیری کردم تێگەیشتم مەبەستی چییە بێ چەندوچوون منیش دەرپێکەم داکەند بەڵام پێڵاوەکانمان دانەکەند نەوەک دڕک و داڵ قاچمان بریندار بکات پزیشکەکە پێشم کەوت بەڕووتی، پێ نووس و کاتژمێرەکەی بەدەستی چەپییەوە، دەسەسڕەکەیشی بەدەستی ڕاستیەوە گرتبوو.

لەدوای کابراوە ڕۆییشتم، دەرپێکەیشم بەدەستەوە گرتبوو، هەردووکمان بە(زەویی ڕووناکی)دا ئەڕۆیشتین، بۆ دانیشتووەکانی ئەگەڕاین پزیشکەکەیش هەرچییەکمان چاوپێکەوت بۆی لێک ئەدامەوە بەڵام من هیچم لێ تۆمارنەکرد چونکە بەلای منەوە زۆرگران بوو کە لە جلوبەرگی بابە ئادەم دابم و ڕۆژنامەگەرییش بنوێنم.

زەوییەکە بریتی بوو لە دارستانێکی چڕوپڕ لە گەڵا، کەروێشک و سمۆرە و گەلێک گیانلەبەری نێچیری تری تیابوو، بێ باکانە ئەهاتن بەلامانەوە، نزیک ئەبوونەوە ئەویش لەبەرئەوە بوو، هەروەکو پزیشکەکە پێی گوتم، کە دانیشتووانی شاری ڕووناکی گژوگیا خۆربوون، توخنی گۆشتی گیانلەبەران نەئەکەوتن.

لەوکاتەدا بەوەڕس بوونێکەوە لە پزیشکەکەم پرسی: ئاخۆ ماریش لێرەدا هەیە؟

پزیشکەکە گوتی: بەڵێ!...

بەترسێکەوە قیژاندم پاشان پزیشکەکە گوتی:

بەڵام ئێمە زۆریانمان کوشتووە.

لەگەڵ ئەوەشا سامەکەم هەر بەری نەئەدام هەروا مامەوە بەبێ سرەوتییەوە، چونکە بە شتێکی زۆر ناخۆشم ئەزانی کە ئەم بەهەشتەی سەر زەمیینە ماری تیا بمێنێتەوە.

بەم جۆرە، کە ئەڕۆیشتم ترسێکم لە دڵا هەبوو، لەمار، لەبەرئەوەیش هێواش هێواش ئەڕۆیشتم، نەم ئەویست پێ بنێم بەو گوڵە جوانانەدا کە ڕووی زەمیینەکەی ڕازاندبووەوە.

لەپڕ پزیشکەکە دەستی کرد بە هەڕاکردن، هاواری ئەکرد لە دەست هەنگ منیش بەدوای ئەودا دەستم کرد بەهەڕاکردن، چونکە پوورە هەنگێک بەدوامانەوە بوو.



بەڵام باش بوو، لەکۆڵ ئێمە بووەوە، بەرێگایەکی تردا ڕۆیشت. بەم جۆرە ئێمەیش ڕزگارمان بوو لە دەستی و وازیشمان هێنا لە هەڕا کردن.

لەو پەڕی سەیرانگاکەوە کەوتینە سەر بڵندایییەک، سەر کەوتینە سەری لەوێوە سەیری ئەم لاو ئەولای خۆمم ئەکرد.

چاوئەندازەکەی ڕازاوەبوو، دڵی پیاوی کێش ئەکرد.

بێ دەنگی هەموو لایەکی داگیرکردبوو چاویش هەتا بڕ بکات لە ئاسمان و ئاو و سەوزایی بەولاوە هیچی تری نەئەبینی.

پزیشکەکە گوتی: وەک ئەبینین، زەوییەکە فراوانە، وادیارە ڕووتەکانیش هەربەکە بەلایەکیا بڵاوبوونەتەوە، بۆ یەکا چاومان پێیان ناکەوێ.

دوایی، لە کۆمەڵێک ڕووت نزیک بووینەوە، ژن و پیاو منالی تیابوو کە خۆم دی بەڕووتی لەناو ئەوانەدا، کەمێک شەرمنی دایگرتم وەک بەبیرمدا ئەهات کە ڕووتییەکەم بەشوورەیییەک دائەنێم و هەست پێ ئەکەم، وا دەرنەچوو. وادەرئەکەوێ کە پیاو بەئاسانی ڕادێ بەڕووتییەوە، ئەوەندە گرانی نایەتەڕێ.

کچێکی جوانی شۆخوشەنگ بەدەممەوە پێکەنی تاوێک تێم ورد بووەوە شەرم گرتمی بێ ئەوەی ئارەزوو بکەم، دەستم لە خۆیەوە درێژبوو و بەدەرپێکەم ناوگەڵی خۆم داپۆشی بەڵام زوو هۆشم هاتەوە بەرخۆم، لە کردەوەی خۆم شەرمەزاربووم و پەشیمان بوومەوە و دەستم لەسەر ناو گەڵم لابرد.

بەتەنشت کچەکەیشەوە، خێزانێکی دایک و باوکی و چەند منالێکی بچووک لەسەر زەوییەکە دانیشتبوون، خۆیان دابووە بەر ڕۆژ، بەبێ دەنگییەکەوە بۆنە خۆشەکەی دارستانەکەیان هەڵ ئەمژیی منالەکانی ڕاستە و ڕاست سەیریان ئەکردم، بەڵام ڕووتییەکەی منیان بەشتێکی سەیر نەئەهاتە بەرچاو.

پزیشکەکە لای ئەوانەوە دانیشتە سەر زەوی منیش وەک ئەو دانیشتم کە تەماشام کرد پزیشکەکە پێڵاوەکەی داکەند و جروجانەوەرێکی پێ کوشت کە هەراسانی کردبوو پاش ئەوە گفتوگۆ هاتە پێشەوە لەبابەت گەلێک شتەوە وەک زانست و ڕاستی پەرستیی و شەڕوشۆڕ.

گەورەی خێزانەکە گوتی: شەڕ هەروەک هیچوپووچە دڕندەییشی زۆرتیایە بڕوایشم وایە کە ئەوانەی مرۆڤ هان ئەدەن بۆ کوشتنی برای خۆی، پیاوکوژ و تاوانبارن هەڵ ئەگرن

هەمـوو سـزایەکی خـراپ بدرێن جـیـهـانیش لەسـەر هیچ شـتـێک دانەمـاکـاوە لەسـەر خوێندنگایانی وەک خوێندنگای پزیشک (فرنزل) نەبێ، کە منداڵ فێری ژیانی ڕاستەقینە ئەکات و دڵ و دەروونیشیـان پڕ ئەکات لە خۆشەویستیی ئاشتی و ئاساییش و، لە قینی شەڕوشۆڕ و کوشتار.

## بەشی دووەم

### زەماوەندێکی سپڕ لە هەڵپەڕکێ

هەندێک دانیشتیین لەوێ، گفتوگۆمان لەگەڵ ئەو خێزانە ڕووتەکرد دوایی پزیشکەکە پێڵاوەکانی خۆی لە پێ کردوو دەسەسڕ و دەرپێکەیشی هەڵ گرت و هەستایە سەر پێ، گوتی هەستە بام بڕۆین، گەڕانەکەی خۆمان تەواو بکەین، بە(زەویی ڕووناکی)دا.

منیش هەستامە سەرپێ و خێزانەکەمان بەجێ هێشت.

ئەوان هەر سەیری منیان ئەکرد مەبەستم لە وشەی (سەیرکردن) ئەوەیە کە هەر لەتەوقەسەرمەوە تا کەڵە مووسی پێم، لێی ورد ئەبوونەوە.

چاو تێ بڕینی ئەوانە تۆزێک شەرمەزاری کردم منیش ڕام کرد بەدوای پزیشکەکەدا، بۆ ئەمەی لەو سەیرکردنانە ڕزگارم ببێ بەڵام هێشتا ئەوەندە نەڕۆیشتبووین، کە شتێکی وا ڕوویدا، جارێکی تریش تەریقی کردمەوە چونکە بەلای کچێکی ڕووتا تێپەڕین، لەناو جۆلانەیەکدا دییلانێی ئەکرد.

کچەکە بەبێ دەنگی و مەندییەکەوە تێم ورد ئەبووەوە منیش هیچم پێ نەما ئەوەنەبێ، کە وەک خۆی سەیری ئەکردم، منیش بەبێ دەنگی و مەندییەکەوە سەیری ئەو بکەم.

ئەویشمان بەجێ هێشت و ملمان نا بەرێی خۆمانەوە پاش ئەوە گەییشتینە جێگایەکی کراوە، لەناو دارەکاندا، زەوییەکەی چیمەن داپۆشیبوو ئافرەتێکی قەڵەو لەناویا ڕاکشابوو، پشتەپان و پۆڕە قەڵەوەکەی خۆی ئەدایە بەر ڕۆژ.

ئەویشمان بەجێ هێشت و ڕۆیشتین بەرێگای خۆماندا پاشان هاتینە ناو زنجێکی بچووکەوە، کە بێ دەرگا بوو لەناویا تەختێکی ڕەق و تەق دانرابوو پزیشکەکە ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە گوتی: ئەوەیش پەنایەکە، هەندێ لە ڕووتەکان شەوی تیا ڕۆژ ئەکەنەوە، کاتێ کە بیانەوێ لە (زەویی ڕووناکی)دا بمێننەوە ڕووتەکان خۆیان دروستیان کردووە لە داری ناو دارستانەکە لە زەوییەکەدا گەلێک کۆڵێتی تری تیایە لەم لاو لەولایدا



بڵاوبووتەوە هەروەک چاوت پێی ئەکەوێ، لە زەوییەکەدا هەموو بابەتێکی سرەوت دەست ئەکەوێت، تەنیا ئاو نەبێ ئەگەر هاتوو ڕووتەکان ویستیان مەلە بکەن، یان خۆیا بشۆن، ئەبێ لەبەر ئاو چوار کیلۆمەترە ببڕن بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێ کە زاڵ ئەبیین بەسەر ئەم گیروگرفتەماندا چونکە وا بەدەستمانەوەیە چاڵە ئاوێکی گەورە دروست ئەکەین.

پاشان پزیشک (فرنزل) تەماشای کات ژمێرەکەی خۆی کرد و گوتی: کات ئێستا یانزەیە نیوکاتمان ماوە بۆ نان خواردن کەواتە پێویستە بەگورجی بڕۆین بەرێوە، بۆ ئەمەی لە کاتی خۆیدا بگەینە خوێندنگاکە.

پزیشکەکە بەبێ دەنگێکەوە دەستی کرد بەڕۆیشتن منیش لە دوایەوە بووم، هەرچەندە جار بەجار لقی درەختێک بەلەشما ئەچوو، ئەیڕووشاند یاخود خوێنی لێ ئەپژاند، بەڵام لە دڵا هەستم بەخۆشیی و شادمانییەک کرد.

من لەو زیندە خەوانەدا بووم، لە پڕ هاوڕێکەم ڕایپەڕاندم.

گوتی: ئێستاکە لە (زەویی ڕووناکی) دەرچووین.

وا چاکە تۆیش دەرپێکەت لەبەربکەیتەوە نەوەک هەندێ جووتیار پێمان بگەن.

بێ ئەوەی ئاگام لێی بێ، هاوڕێکەم دەرپێکەی خۆی لەبەرکردبووەوە لەوکاتەدا چاوم بەئافرەتێکی جووتیار کەوت نوشتابووەوە بەسەر زەوییەکەدا لە نزیک ئێمەوە گوڵی ئەچنیی بەپەلە دەرپێکەم لە پێ کردەوە.

کە بەلای ئەو ئافرەتە جووتیارەدا تێپەڕبووین، پزیشکەکە وەستاو پێی گوت: خانمەکەم، تکات لێ ئەکەم کە چاوبپۆشیی لە هەندێ شاگردەکانم ئەگەر بەهەڵە بەناو زەوییەکەتا تێپەڕین.

ئافرەتە جووتیارەکەیش بەڕوویەکی خۆشەوە پێی گوت: پزیشکی گەورەم، ئەوە شتێکی گرنگ نییە من تکا لەتۆ ئەکەم کە بمان بەخشیت ئەگەر چووینە ناو دارستانەکەتەوە هەندێ گوڵمان چنی.

پاشان بەرێگای خۆمانەوە ڕۆیشتین، پزیشکەکەیش گوتی: هەروەک چاوت پێ ئەکەوێ دراوسێکانمان سەربەستیمان لێ نابەنە بەست[1]، ڕێشمان ئەدەن کە بەناو زەوییەکانیاندا تێپەڕە بکەین.

---

(١) یان: سەربەستیمان لێ زەوت ناکەن.

ئەوەندەی نەمابوو بگەیینە دەروازەی خوێندنگا کە زەنگی ناشتاکردنی لێ دا چاوم کەوت بە هەندێک منالّی ڕووت لەم پەڕ و لەوپەڕی دارستانەکەوە هەڵ ئەبەزیینەوە و دائەبەزینەوە، ڕایان ئەکرد بۆ ژووری نان خواردن لە دوای ئەوانیشەوە باوک و دایک و مامۆستاکانیان ئەهاتن، کە ژمارەی هەموویان خۆی ئەدا لە چل کەس.

پزیشکەکە منی پێشکەش کردن و گوتی:

ئەمە یەکەم فەرەنسییەکە کە خوێندنگاکەمان ببینێ هیوام وایە کە هی تریشی لەدوابێ.

پاش ئەوە دانیشتین نان بخۆین لە ژوورەکەدا دوو مێزی گەورە دانرابوون ئامانی گەورە گەورەیان لەسەر دانرابوو کە پڕبوون لە هەموو جۆرە سەوزەوات و میوەهاتێک بەڵام نەگۆشتم تیادیین، نەنان.

چونکە هەروەکو لەوە پێش پێشانم دا، پزیشک لە گژوگیا خۆرەکانە.

منیش هەرچیم ئەخرایە بەردەست لەو خۆرشتە سروشتیانە بەئارەزوویەکی بێ ئەندازەوە ئەمخوارد لنگی کچە ڕووتە جوانەکان پەکیان نەئەخستم لە خواردن لەو خۆرشتانە خۆشییەکی وام ئەچێشت کە هەرگیز لە چاکترین چێشتخانەی (پاریس)دا نەم چێشتبوو وا دەرئەکەوێ هیچ شتێک ناگاتە ڕووت بوونەوە، لە بزواندنی ئارەزووی خواردندا.

هەموو کەس لە بەزمو خۆشی دابوو قسەی نەستەق و گەمە و پێکەنین لە هۆڵەکەدا دەنگی ئەدایەوە هیچ خەمی ئەوەم نەبوو کە شووشە مەیەکی باشم پێ نەبوو.

لەتەنشتمەوە پزیشکەکە دانیشتبوو بە فەرەنسی قسەی لەگەڵ ئەکردم بەڵام ئەوەندە بە پەلەپەل قسەی ئەکرد، پێم نەئەکرا وەرامی بدەمەوە ڕەنگە خواردەمەنییەکەیش کەدەمی داگیرکردبوو، بووبێ بەهۆی ئەوە کە وەرامی ئەوم بۆ نەدرێتەوە.

***

لەپاش نان خواردن لە ژووری خوێندندا دانیشتیین پزیشکەکە چووە سەر مێزەکەی خۆی بە بەرگی مەلەکردنەوە کارگێڕی خوێندنگای ڕووناکی، لە هەموو سووچێکی جیهانەوە نامەی بۆ هاتبوو هەندێکی پشت گرتنی تیابوو هەندێکیشی بەرەنگاریی کردن دەستی کرد بەخوێندنەوەی هەندێکیان.

نامەیەکیانی لە ڕاستی پەرستێکی ئینگلیزەوە بۆ هاتبوو، پڕبوو لەسەرسووڕمان و پشت گییری، بەلێنی دابوویە کە بەو زووانە سەری لێ بدات. نامەیەکی تریشی لە زانایەکی سروشتی (پۆلەندە)وە بۆ هاتبوو، توانجی تێ گرتبوو لەسەر ئەوەی کە وێنەی بێ باکانەی



بڵاوکردبووەوە لە گۆڤاری (سوما )ی ڕووتا گوتبووی: (نابێ ئەوەت لەبیر بچێتەوە کە ئێمە لە ڕەگەزی سپیین، نەک لە قولەڕەشەکانی ئەفریکای دڕندە) هەڕەشەیشی کردبوو، کە ئەگەر لەوە دوا وێنەی وەک ئەو وێنە ڕووتانە لە گۆڤارەکەیدا بڵاوبکاتەوە، ئیتر سالآنەی بۆ نانێرێ. ئەو نامەیە پزیشکەکەی هێنایە پێکەنین گوتی: (هەروەک ئەبینی، بەتەنشت نامەی پشتگیرییەوە، نامەی کەموکووڕی لێ گرتن و توانج و پلار تێ گرتن و هەڕەشەیشم بۆ دێ کەس نییە لەم جیهانەدا دڵی هەموو کەسێکی پێ ڕابگیرێ.).

لەوکاتەدا کچێکی سیانزە ساڵە بەژووری خوێندندا تێپەڕی، دەرپێی مەلەکردنی لە پێ دابوو پزیشک کە بەگرژییەکەوە سەیری کرد و پێی گوت: (جووترود، ئەمە چییە لەبەرت کردووە! بڕۆ هەر ئێستە دەرپێکەت داکەنە!).

کچەکە دەمودەست فەرمانەکەی پزیشکەکەی جێبەجێکرد، هەروەک تاوانێکی کردبێ وای لێ هات، تەرییق بووەوە.

چوومە پێشەوە بۆ ئەمەی سەیری نووسراو و پەڕاوی شاگردەکان بکەم، تا بزانم چیی ئەخوێنن پزیشکەکە گوتی: (ئەگەر ئەم کاتە نەبوایە، بەچاوی خۆت ئەتبینی کەچی ئەلێیینەوە بەڵام هەروەکو خۆت چاوت پێ ئەکەوێ، ئێمە ئێستە لە پشوودایین)

پێم گوت: (لە بەرامبەر پێ خوێندن و نوستندا چەندیان لێ ئەسێنی؟)

گوتی: (١٢٥مارک، «نزیکەی دوانزە دینار» کە نرخی نوستن و خواردن و نووسراو و بەرگ و خوێندنیش ئەگرێتەوە).

لێم پرسیی: (بەرگیش؟)

پێی گوتم: (مەبەسم بەرگی مەلەکردن و پێڵاوە بێجگە لەوە هەر لەسەر ئەو پارەیە، ئەیانبەین بۆ خاکەکانی بێگانەیش وەک (دانیمارک) کە لەم دواییەدا چووین.).

لێم پرسی: (دیسانەوە بەڕووتی؟)

بەزەردە خەنەیەکەوە وەرامی دامەوە: (نەء چونکە پەروەردەکردنی سەربەستانە هێشتا لە خاکەکانی بێگانانا بەئەندازەیەکی وا بڵاونەبۆتەوە کەماوە بدەن شتی وا بکەین!).

***

گورج و گۆڵانە گەڕانێکمان کرد بەناو ئەو باخچەیەدا کە خوێندنگاکەی لەناودایە دەستەیەک لە منالآنی ڕووتم دی، لەژێر سێبەری درەختێکا چیرۆکی (ڕۆبنسۆنی سویری)یان لاسایی ئەکردەوە.

لەم لاو لەو لایشدا، لەبن دارەکاندا چەند مێز و کورسییەکی ڕەق و تەقم دی پزیشکەکە پێی گوتم ئەوانە بوێژەکان بەڕووتی لەسەریان دائەنیشن، گفتوگۆ لەگەڵ سروشت ئەکەن و هۆنراوەیش دائەنێن. لایەکی باخچەکەیش کرابوو بەسەوزەوات و میوەهات، دانیشتوانی شاری ڕووناکی چاندبوویان، بۆ ئەمەی بیانکەن بەخۆرشت بۆ خۆیان.

کە لە سەیرکردنی باخچەکە بووینەوە، سەرێکیان لە ژوورەکانی ناو خوێندنگاکەدا کەلوپەلیان کەم تیا دانرابوو لەگەڵ ئەوەشا بابەتی سرەوتی تەواو تیابوو کە بەکەڵک بوون بۆ تەندروستی، چونکە پڕبوون لە بای پاک و ڕۆشنایی ڕۆژ.

لەگەڵ ئەمەیشا کە پزیشک (فرنزل) بەرەو سروشت ئەگەڕایەوە، هیچ کاتێ دوژمنی شارستانێتی و پێشکەوتن نەبوو لە ژووری نووسینیا تەلەفۆنێک دانرابوو لە ژوورەکانی خوێندنگاکەیشیا چرای ئەلەکتریک هەڵواسرابوون!.

لە کاتی سێیەمی پێش نیوە ڕۆدا گەڕاینەوە بۆ زەویی ڕووناکی) بەهۆی ئەوەوە گەڕاینەوە بۆ ڕووتی تەواو و سوروشت و جوانی و زرنگییەکەی وام ئەهاتە پێش چاو کە دانیشتوانی خوێندنگای ڕووناکی هەر ئەوەندە ئەزانن یاری و گەمە بکەن و دەرپێی مەلەکردن دابکەنن و لەبەری بکەنەوە.

لە چەند کەسێکمان دەستەیەک یاری کەر پێک هات، لە شێوەیەکی ساکاردا یارییان بەتۆپ ئەکرد گوریسێکیان بەستبوو بەدوو درەختەوە، لە بەرزایی دووگەزدا باڵۆنێکیان بەژێر ئەو گوریسدا کە هەڵواسرابوو فڕێ ئەدا لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر.

ئێمەیش بووین بەدوو بەشەوە لەم پەڕەوە پزیشک (فرنزل) و یەکێک لە مامۆستاکانی و کوڕێکی دوانزە ساڵی و کچۆڵەیەک وەستابوون لەوپەڕیشەوە مامۆستایەک و پیاوێکی یەجگار قەڵەو و زەلام و کچێک و من وەستابووین.

کە دەستمان کرد بەیاری کردن، شەرمنییەکی کەم دایگرتم، پەکی جووڵانەوەمی خست کەچی کچەکەی تەنشتم، کەشەنگ و شۆخێکی بیست ساڵە بووە، بەلەش سووکی و هونەرمەندییەکی تەواوەوە بازی ئەدا و تۆپەکەیشی هەڵ ئەدا بۆ ئەوبەری کۆڕی یارییەکە.

نازانم بۆچ من وام بەسەر هاتبوو، کە هەر تەماشام ئەکرد و لێی ورد ئەبوومەوە، کەچی کچە کە هەر باکیشی نەبوو لە هەڵبەزین و دابەزین و بازدانەکانیا، بێ ئەمەی شەرمێ بکات، شتی وای پێشان ئەدام، کە نە ئەبوو ببینم تەنانەت لەوەیش سەرم سوورمابوو کە ئەو هەموو بابەتانەم چاوپێ ئەکەوت!...



بەڵام پزیشکەکە، وەک جنۆکەیەکی بچووک، ڕای ئەکرد و بازدی ئەدا و ئەیقیژاند و لە تۆ پەکەی ئەدا کەچی بێجگە لەو هەموو شتانەیش، دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو کە مێشێکی گەورە لەخۆی دەربکات، کە تەنگە تاوی کردبوو!.

بەڵام پیاوە قەڵەوە زەلامەکە، گرانی لەشی پەکی ئەوەی نەخستبوو کە بەخۆشیی و لەش سووکییەوە یارییەکەمان لەگەڵدا بکات.

چەند کچ و ژنێکی ڕووتیش لە دوورەوە لەسەر چیمەنەکە دانیشتبوون بەووردییەکەوە سەرنجیان لێ ئەدایین، زۆر دڵیان بەلەش سووکی کچە جوانەکەی هاوڕێمدا چووبوو، بەشڵەژان و شپرزەییەکەی منیش پێ ئەکەنین.

هەندێکی پێ چوو، منیش سەرم گەرم بوو، بەپەرۆشەوە دەستم کرد بە یاریی کردن ئەو شەرم و خۆپاراستنەکی هەستم پێیان ئەکرد لە کۆڵم بوونەوە ئیتر لەوە بەولاوە کچە جوانەکە سەرنجی ڕانەئەکێشام چونکە بەهەموو هێز و هەڕەتێکەوە تۆپەکەم ئەهاویشت.

کە پێ ئەکەنییم، ئەوانی تریش بەدەممەوە پێ ئەکەنین بەم جۆرە یاریمان ئەکرد و شادمان ئەبووین، کەچی وەک منداڵە وردکەیەکی پاکی بێ گوناه ئەجووڵاینەوە، ئەو داوێن پیسییەی دوژمنانی ڕووتی ئەینووسێن بەڕووتییەوە، هەربەبیریشماندا نەئەهات.

ئا ئێستا مافمان هەیە کە بپرسین:

(ئاخۆ ڕووتی تەواو بە بەدخوویی دائەنرێ؟)

وەرامەکەی منیش بۆ ئەوە، سووک و ئاسانە، لە بینینی خۆم و کارەساتێک کە بەسەر خۆمدا هاتوون، فێری بووم بەپێچەوانەوە، ئەو ڕووتییەی من دیوومە یارمەتی ڕەوشت و خووی چاک ئەدات ئەوانەی بەرپەرچم ئەدەنەوە، بام بێنە کۆمەڵێک لەم کۆمەڵە ڕووتانەوە کە من دیوومن، ئەگەر پێیان نەنا لە هەڵەی خۆیان، ئەوا من ئامۆژگارییان ئەکەم کە بچنە لای پزیشکێک چارەیەکی هۆشیان بکات!...

***

لە کاتی چوار و نیوی پاش نیوەڕۆدا، لە خۆدانە بەر ڕۆژەکە بووبووینەوە دەرپێکانمان لە پێ کرد و گەڕاینەوە خوێندنگاکە بۆ ئەمەی لە کاتی پێنجدا شێو بکەین.

پزیشکەکە پێی گوتم: (ئەوانە بۆیەکا نانی ئێواری زوو ئەخۆن، تاوەکو دەس و پێوەند و چێشتکەرەکانیش، بەشی خۆیان بەسەربەستی و ڕووتییەوە ڕابوێرن لەپێش ئەمەی ڕۆژ ئاوابێ.).

هەروەها لەڕێگایشدا گفتوگۆمان ئەکرد خانەخوێ کەم لێی پرسیم، کە ئەم سەرلێدان و بنینیەم چ کارێکی کردۆتە دڵ و دەروونم؟ وەرامم دایەوە کە من بەم سەرلێدان و بینینیە یەجگار دڵخۆش و شادمان و سوپاس گوزار بووم.

لێی پرسیم: (ئاخۆ شەویش لامان ئەمێننەوە؟)

پێم گوت: (داخەکەم ناتوانم لاتان بمێنمەوە چونکە بەستراوم بەگفتێکی سەر لەبەیانییەوە لە بەرلیندا ناتوانم جێبەجێی نەکەم).

گوتی: (مەبەست ئەوەتا کە زوو بەزوو بەجێمان بهێڵی؟)

پێم گوت: (ناچارم وابکەم. ئەبێ سواری شەمەندەفەری نیوە شەوبم کە بۆ بەرلین ئەچێ).

پزیشکەکە بەخەمێکەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی: (بەڵام لە (لینبەرگ)دا شەمەندەفەری شەو دەست ناکەوێت دوا شەمەندەفەریشیان پاش سێ چارەکە کات دەست ئەکات بەڕۆین، لە (دەر دجنذورف)ەوە، ناتوانیت پێی بگەیت).

ئنجا کە دڵشکاویی خۆمم پێشاندا پێی گوتم: (لەگەڵ ئەوەیشا ئێمە لە تواناماندا هەیە چارەیەکی ئەم گیروگرفتە بکەین، ئەزانیت سواری ئەسپە ئاسنیەبیت؟)

گوتم: (بەڵێ).

گوتی: کەواتە ئەسپە ئاسنینەیەکت بۆ پەیدا ئەکەم، ئەم ماوەیەیەی پێ ببڕییت، تا ئەگەیتە (لونبەرگ) یەکێک لە مامۆستاکانیشم دێ لەگەڵتا کەواتە ئەتوانییت تا کاتی دەیش لەگەڵماندا بمێنیتەوە باشە وا؟

گوتم: باشە دۆستە خۆشەویستەکەم.

پاشان لێم پرسیی: لە زستانیشا مەشقی ڕووتی ئەکەن؟

گوتی: لەگەڵ ئەوەیشا کە ئەم ناوە ساردە، مەشق هەر ئەکەین...

گوتم: ئەی سەرما ئازارتان نادات؟

گوتی: هەرگیز ئازارمان نادات چونکە ئێمە بێ دەنگ ڕاناوەستین یاری ئەکەین هەڕا ئەکەین، هەڵ ئەپەڕین، دائەپەڕین. هەموو جۆرە وەرزشیک ئەکەین پێم بڕوا بکە کە لە بەرلیندا ئەبم، بەجلوبەرگیشەوە لێرە سەرماترمە.

لێم پرسی: خوێندنگاکەت پزیشکی تیا هەیە؟ (چونکە پزیشک فرنزل پزیشکی نەخۆشی نەبوو، پزیشکی وێژەبوو).



گوتی: نەء بەڵام ژنەکەم هەندێ شارەزایی هەیە لە نەخۆش پاراستندا، لەسەردەمی شەڕدا فێری بووە بەڵام ئەگەر کارەساتێکی سامناک ڕووبدات پزیشکێک لە گوندەکەوە بانگ ئەکەین بەتەلەفۆن ئەمەیش کەم ڕووئەدات.

ئەمەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەو یاسایەی لەسەری ئەڕۆین لە ژیاندا، لە ژیانی داوودەرمان باشتر و بەکەڵک ترە.

لێم پرسی: نیشتەنییەکانت کەی لە خەو هەڵ ئەستن؟

گوتی: بەیانیان کاتی پێنج، مناڵان لە نۆدا ئەنوون بەڵام گەورەکان لە دەدا ئەنوون.

پزیشکەکە لەپێش نان خواردندا، خۆشتنێکی ساکاری کرد.

یەکێک لە شاگردەکانی چووە سەر کورسییەک وەستاو لەئاو پرژێنێکا ئاوی ساردی کرد بەسەریا.

پاشان دانیشتین، شێو بخۆین چێشتی ئەمجارەمان لە چێشتی ناشتاکەمان ڕەنگاو ڕەنگ تر بوو بەتەنشت سەوزەواتەوە، زەڵاتەیەکیش کرابوو لە پەتاتە و نانی بۆر و کەرەیەکی زۆر و پەنیری سپیی.

شێوەکەمان، وەک ناشتاکەمان، بێ خۆش ئاو نەبوو لەسەر خوانەکەمان چەند شووشەیەک خۆش ئاوی(1) سروشتی خۆش دانرابوون- بریتی بوون لە شیر!...

کە لە خواردن بووینەوە چووینە هەیوانی دەرەوە دانیشتین و دەستمان کرد بە گفتوگۆکردن، بۆ ماوەیەکی کەم لەناو دانیشتووەکاندا کچێک هەبوو، چاویلکەی لە چاودا بوو زۆر شەرمن بوو هەرچەند سەیرم ئەکرد.

و لێی ورد ئەبوومەوە، یاخود گفتوگۆم لەگەڵ ئەکرد، ڕووی سوور هەڵ ئەگەڕا و ئەپەشۆکا لەپاش تاوێک زانیم کە ئەو کچە، ئەو کچە قەڵەوە پشت زلە بوو کە لەوەپێش دیبووم لەسەر چیمەنەکە، لە (زەویی ڕووناکی)دا، پشتی خۆی دابووە بەر بەرۆژ دوورنییە ئەو ساکە وشتر مورغیش بیدیایە لە شەرماندا سەری خۆی ئەشاردەوە لەناو گژوگیایەکەدا، بۆ ئەمەی لەوە بەولاوە بەڕووتی نەیبینێ!.

---

(١) خۆش ئاو: شراب.

## بەشی سێیەم

### گەڕانەوە

گەڕاینەوە بەهەشتی سەرزەمیینەکەمان، بۆ ئەمەی هەندێکی تریش یاری بەتۆپ بکەین، لەپێش ڕۆژئاوا بووندا.

کارگێڕی خوێندنگاکە وای گوت لەوکاتەدا ڕۆژیش لە ئاوابووندا بوو، پەپکەکەی[1] ڕەنگێکی زێڕینی گرتبوو بەرە بەرە ئەهاتە خوارەوە بەرەو ئاسۆ، لەپشت درەختەکانەوە لە بریتیی گەرما کزەبایەکی فێنکی هەڵ کرد، خۆشییدا بەیارییەکەمان.

هەستێکی خۆشی و شادمانی چووبووە ناو دڵمەوە حەزم ئەکرد گۆرانی بڵێم و بقیژێنم، لەکاتی بازدان و هەڕا کردنما بەناو یاریی کەرەکاندا لەبەر چاوما ژیان، جوان و ڕازاوە بوو، دڵی کێش ئەکرد، ئەیهێنا پیاو بۆی بژیی.

بەڕاستی ئەو کاتانەی کە لە خوێندنگای (فرنزل)دا ڕام بوارد، پڕ لە خۆشیی و شادمانیی بوون چونکە لە زەویی ڕووناکیی و سەربەستیی و خۆشییدا بووم.

جا ئەی برا گەورەی خوێندەوار! لەمنەوە ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانە گوێ لێ بگرە: ئەگەر ویستت پشوویەکی خۆش و بەکەڵک ڕابوێریی، مەوێستە، بچۆ بۆ (زەویی ڕووناکی لە گلزنگن)دا.

ڕەنگە کە بییرت بکەوێتەوە ئەبێ ڕووت بییتەوە لەوێ، کەم و زۆر پێی پەست بیی بەڵام دڵنابە لەوە کە چوویتە ئەوێ وەک ئێرە نامێنیت، لەوێ کەمتر هەست بەتەنگە تاوی ئەکەیت پاش ئەوە بەخت کردنی پارەیش بایەخێکی هەیە ژیان لەوێ هەرزانە هەرئەوەندە ئەدەیت کە لەوێ بنوویت ئەویش کەمە لەوێ بەزمگا و چایخانە دەست ناکەوێ تا پارەت بەفیڕۆ بڕوات هەروەها پێویستیشت بەجلوبەرگی نرخدارنییە، گۆرەویی ئاوریشمی گرانیشت پێویست نییە. لەگەڵ ئەمەیشا تکات لێ ئەکەم کە ئەم ئامۆژگارییە هەر لای خۆت بمێنێتەوە بەکەسی تری نەڵێیت چونکە حەزناکەم (خوێندنگای ڕووناکی) ببێتە ناوچەیەکی وەها کە لە هەمەوولایەکەوە گەشت و گوزار کەران ڕووی لێ بکەن، سەرکارەکانی هاوبەشیی (کووک) و زمان وەرگێڕەکانی سەری تێ بکەن، بۆ ئەمەی ساختمانان و میوانخانانی تیا دروست بکەن.

(١) پەپکە: بەمانا (قرص الشمس) دێ.



چونکە نامەوێ بەهەشتی سەر زەمیینەکەمان ساکاریی و شادمانییەکەی خۆی لە دەست بچێ.

***

پاش ئەمەی لە یارییەکەمان بووینەوە، پزیشکەکە تێی گەیاندم کە ئەیەوێ ئاهەنگێکی بچووکم بۆ بکات کە کاتی نوستن هات منداڵەکان خرانە تەختی نوستنەکانیانەوە گەورەکانیش لەژێر سێبەری دارەکاندا کۆبوونەوە، چاوەڕوانی ئاهەنگەکەیان ئەکرد، دەست پێ بکات ئەوانە بە ڕووتی نەمابوونەوە.

هەریەکەیان بەشی خۆی بەرگێکی پۆشیبوو، یاخود دەرپێیەکی لە پێ کردبوو هەندێ لە کچەکانیش بێجگەلە دەرپێکانیان کراسێکی تەنکیان لەبەرکردبوو دوورنییە لەبەرئەوە وایان کردبێ کە گۆڕینێک بخەنە ناوەوە (خانمی فرنزل)یش لەسەر کورسییەک دانیشتبوو کەمانچەی لێ ئەدا ئاهەنگ دەستی پێ کرد شاگردەکان بەکۆمەڵە دەستیان کرد بەهەڵپەڕین، پزیشکەکە خۆی سەرپەرشتی ئەکردن.

منیش دانیشتم چاوم ئەگێڕا بەناو ژن و پیاوی هەڵپەڕکێکەرەکاندا ئافرەتێکی قەڵەوی زەلامم تیادین، بەگشتی و خۆشیی و لەش سووکییەکەوە هەڵ ئەپەڕیی پزیشکەکەش وەک مار ئەنوشتایەوە و پێچی ئەخوارد لەناویاندا.

بەڕاستی چاو ئەندازەکەی زۆر ڕازاوەبوو، دڵی کێش ئەکرد.

ساز و ئاوازەکە و دەموچاو و لەش و لاری ئەو ئافرەتە جوانانە هێنابوومیە جۆش و خرۆش مێشکمیان بەڕەڵڵا کرد بە ئارەزووی خۆی وردبێتەوە و بیربکاتەوە لەو ژیانە وام هاتەپێش چاو، کەوتوومەتە جیهانێکی ترەوە جیهانێکی نوێیە بەڵام هێشتا لە سەرەتادایە، منداڵ و ساوایە نە ژن، نە پیاو، بەدخوویی بەبیریاندا نایەت نە درۆی تیایە و نەچاوو ڕاوکردن. نە قینەبەریی تیایە نەبەدکرداریی.

بەڵام! مێشوولەیەکی بەدخوو هات و پیاما نووسا، گەستمی زۆر ئازاری دام لە خەوو ئاواتی کردم بەزەیی پیاما نەهاتەوە گێڕامیەوە جیهانی ڕاستیی و ئەرک و ئازار.

هەڵپەڕکێ و سەماکردن، هەر لە برەودابوو ژن و پیاوە هەڵپەڕکێ کەرەکان لە پەلوپۆکەوتن ژنە قەڵەوەکەم دی هەناسە بڕکێی پێ گەیشتبوو، لەتاو ماندوێتی خۆە (ئارەق)ی ئەڕشت دەرپێکەی خۆی داکەند و پەیکەرە زل و زەلامەکەی خۆی لە شەشل و شێواوە قەڵەوەکەی دەرخست.

هەڵپەڕکێ کەرەکان ئەوەندە ماندوو بووبوون، بەزەیم پیایاندا ئەهاتەوە لە پزیشکەکەم پرسی: ئاخۆکەی ئەم هەڵپەرکێیە ئەبڕێتەوە؟ شەو داهات و تاریکیی هەڵپەڕکێ کەرەکانی شاردەوە. پزیشکەکە وەرامەکەی ئەوەبوو بانگی کردە شاگردەکانی، پێی گوتن: وریابن! ئێستا دەست ئەکەین بەگۆرانی بڕانەوەی ئاهەنگەکەمان.

پاشان دەنگی هەڵپەڕکی کەرەکان و تەماشا کەرەکان بەرز بووەوە، گۆرانییەکی خۆش و ناسکیان ئەگوت لەوکاتەدا مانگ هەڵ هاتبوو ئنجا پزیشکەکە لە ناوەڕاستیاندا وەستا، لەپاش تەواو بوونی گۆرانییەکە، چەند قسەیەکی سوپاسگوزارانەی کرد لە بابەت سەرلێ دانەکەی منەوە بۆ خوێندنگاکەیان پاشان هەموویانم بەخوا سپارد و بەڵێنم پێ دان کە بەخۆم و ژنەکەم و کچەکانمەوە، زوو بەزوو بگەڕێمەوە لایان.

***

گەڕامەوە ناو ئەو ژوورەی کە کەلوپەلەکانی خۆمم تیا دانابوو، تاکو بۆ جاری دوایی دەرپێی مەلەکردن داکەنم و، جلوبەرگی ئاسایی لەبەر بکەمەوە.

لە پڕ دەرگای ژوورەکە کرایەوە، من هێشتا نیوە ڕووت بووم کچێکی هەرزەکار سەری کرد بەژووردا. ئەوەت نەیە بەبیردا کە کچەکە بەهێواشی قیژاندبێتی و، و لە ژوورەکە دەرپەڕیی و لە شەرماندا ڕووی سوور هەڵگەڕابێ و بەورتە ورتێکەوە بیانووی هێنابێتەوە کە ئەو هەڵەیەی کردووە.

نەء؛ وای نەکرد... بەڵکو کچەکە بەسەربەستییەکەوە هاتە بەر دەمم، بەشیرینییەکەوە لێی پرسـیم، تا ئەگـەر پێم باش بێ، شـێـووم بۆ ئامـادە بکات، بۆ ئەمـەی لە شەمەندەفەرەکەدا بیخۆم.

***

پاش ئەوە کە جلوبەرگەکانم پۆشی، هەستم بەتەزوویەکی سەیر ئەکرد.

بۆ یەکەم جار لە ژیانما، هەستم کرد بەگرانی ئەو جلوبەرگانەی کە لە باوو باپیرمانەوە بۆمان ماونەتەوە لە بەریان بکەین دوورنییە کە وام هەست نەکردایە، ئەگەر لە مانگی چلەی زستاندا بوومایە کە سەر مارسۆڵە پیاو ئەبەستێ.

بەڵام لەو ئێوارەیەدا، هەروەکو گوتم هەستم بەخۆم ئەکرد کە شتێکی سەیرم لەناو جلوبەرگەکانمدا، هەڵ ئەگرم پێم پێ بکەنن!.

***



خانە خوێکان چووبوونەوە ناو ژوورەکانیان لە زەویی ڕووناکیدا لەوە نەئەترسام کە لە پشت پەردەوە سەیرم بکرێ لە ڕاستیدا پەنجەرەکان بێ پەردەبوون چونکە پەنجەرەکان بەشەو و ڕۆژئەکرانەوە، دانەئەخران.

لەو کاتەدا کە وەستابووم چاوەڕوانی پزیشکەکە و مامۆستاکەمم ئەکرد بێن لەگەڵم بۆ سەر ئیستگەی شەمەندەفەر، لە پەنجەرەیەک لەو پەنجەرانەوە چاوم کەوت بەدوو کچی ڕووت خەریک بوون بنوون.

یەکێکیان منی دی بەدەست شەوباشییەکی ناسکی لێ کردم و چووە ناو جێگاکەیەوە بنووێ بەبێ دەنگی.

پاش ئەوە چوومە جێگای چێشت لێ نانەکە یەکێک لە کچە ڕووتەکان خواردەمەنی بۆ دروست ئەکردم لەپاش ئەوەی لە پێچانەوەی بووەوە، پێی گوتم: (ئاخۆ ئەم ڕۆژەت پێ خۆش بوو، کە لەناو ئێمەدا ڕات بوارد؟) پێم گوت: من کە گەشکەدار بووم بەوشتانەوە کە بینیومە خۆزگە هەموو دەمێکی ژیانم لەگەڵ ئێوەدا ڕائەبوارد!...

بەسواری ئەسپە ئاسنینەوە، من و پزیشک فرنزل و یەکێک لە مامۆستاکانی بەناو شەقامی (لینبەرگ)دا تێپەڕیین.

تیشکی مانگەشەو هەمولایەکمانی گرتبووەوە، شەقامەکەی بۆ ڕووناک کردبووینەوە، بێ دەنگیش هەمولایەکی داگیرکردبوو.

پزیشکەکە گوتی: جێی خوێندنگاکەمت پێ باشە؟ چ جێگایەک هەیە لەم باشتربێ، لە ڕووی بێ دەنگی و دوورییەوە لە قرەقڕی ناوشار؟

پێم گوت: هەرگیز لەمە باشتر نادۆزیتەوە، مەگەر بچیتە ناوەڕاستی دەشت و بیابانەوە: تەنانەت لەوێش گورگ و قەلەڕەش و ئۆتۆمۆبیلەکانی مسیۆستێرون ناهێڵن بحەسێیتەوە.

پاش نیوەکاتێک پزیشک فرنزل وەستاو لە ئەسپە ئاسنینەکەی خۆی هاتە خوارەوە گوتی: تکا ئەکەم ڕێم بدەیت بگەڕێمەوە، چونکە لەمە بەولاوە ناتوانم بڕۆم هیوادارم کە لە دوارۆژدا یەکتر ببینینەوە چونکە بەهاتنەکەت بۆ لامان، ئەمەندە دڵم خۆش بووە، هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە خۆزگە زۆر ئەهاتیت بۆ لامان.

ئنجا بەهەموو هێزێکیەوە دەستی گوشیم منیش سوپاسی جوامێریی و میوانداریەکەیم کرد پاش ئەوە سواری ئەسپە ئاسنینەکەی خۆی بوو و گەڕایەوە ئێمەیش لەڕێی خۆمانەوە ڕۆیشتین.

لەناوەڕاستی کاتی دوانزەهەمدا گەیشتینە ئیستگەی (لینبەرگ) لەپڕ چاوم کەوت بەدووکەس خەریکی یەکتری کوشتن[١] بوون لەبەر دەرگای چایخانەیەکدا لە تەنشتیشیانەوە ژنێک وەستابوو، هەر هاوار و فەریادی بوو، ئەیقیژاند وا دیاربوو ژنی یەکێک لەو دوو پیاوکوژەبوو.

لەوەوە تێ گەیشتم کە منیش گەیشتوومەتەوە ناو شارستان و شارییەکان!...

## بەشی چوارەم

### خانووی کووخ بۆ چاککردنەوەی نەخۆشیی لەش و دەروون لە بەرلیندا

ئایینی پەروەردەکردنی سەربەستانەی لەش، تا ئەندازەیەکی گەورە، لە ئەڵمانیادا بڵاوبۆتەوە لە ئەڵمانیادا کۆمەڵانی ڕووت زۆر و ڕەنگاوڕەنگن تەنیا لەبەرلین خۆیدا نزیکەی سی کۆمەڵی وا هەیە.

کە کەش خۆش ئەبێ، خێزانێکی زۆر لە ڕووتەکان، بەژن و پیاو و منداڵەوە، ڕوو ئەکەنە کەنارەکانی گۆمەکانی (وانس) و (مەتەرنەس) لە نزییک (پۆتسدام)ەوە هەر ئەڵێی لە بەهەشتەوە بارییونەتە سەر زەمین هەندێکیان خەریکی ئەوەن لەشی خۆیان بدەنە بەر تیشکی ڕۆژ، بۆ تەندروستی هەندێکیشیان خەریکی ئەوەن یاری و وەرزش ئەکەن هەندێکیشیان هاوبەشی ئەکات لە لەشکرگاهێکی[٢] دوور لە ئاواییدا....

ئەمەیش هەر لە (بەرلین)دا نییە لە هەموو شوێنێکی ئەڵمانیادا هەیە تەنانەت لەناو لادێییشدا (هامبۆرگ، درسدەن، میونیخ) هەموو، لە ناوچە گەورەکانی ڕووتەکانن، کە لە هەموو چینێکی کۆمەڵایەتییان لەناودایە.

خاوەنەکانی (ئایینی ڕووتی) ئەڵێن: ڕووتی دەروون ڕائەهێنێ بە ڕەوشت و خووی چاکەوە، هەروەها لەشیش ڕائەهێنێ بەهێز و هەڕەت و تواناوە. ئاخۆ ئەمە ڕاست بێ؟

لە ساڵی پێشوودا کۆمەڵە ڕووتەکانیانم دی، لە کاروبارەکانیاندا هاوبەشیم کردن، پێ ڕەویی ئایینەکەشیانم کرد، دوایی کە گەڕامەوە فەرەنسە، بەدڵنیاییەکی واوە هاتمەوە، کە ئەم ئایینە بۆ تێک دانی ڕەوشت و خوو دانەمەزراوە.

---

(١) ڕاستتر: خەریکی شەڕکردن بوون، یەکترکوشتن لە (مقاتلە، قتال)ی عەرەبییەوەیە.

(٢) لەشکرەگاە بەمانا (معسکر) دێت، لێرەدا (چادرگە، کەمپ) لەبارترە.



بەڵکو بریتییە لە تێکۆشانێکی سەرکەوتووانە، بۆ ڕاست کردنەوەی ڕەوشت و خوو و، خۆ ڕاهێنان بەداوێن پاکی و پەیوەندیی خاوێنەوە، لەگەڵ بەهێزکردنی لەشدا بەهۆی بای پاک و تیشکی ڕۆژ و وەرزشەوە.

پێنج کاتی خشت لەناو خوێندنگای مامۆستا (کوخ)دا سووڕامەوە لێرەدا لە ڕووتی ناو دەشت و دەر نادوێم وەک لە بەشەکانی پێشوودا کردم، لە بابەت خوێندنگاکەی پزیشک (فرانزل)ەوە بەڵام لێرەدا، جێگایەکە لە ناوەڕاستی شاری (بەرلین)دا، لە نهۆمی چوارەمی ساختمانێکدا، کە کەوتۆتە سەر شەقامی (فریدریخ) ژمارە(٢١٨٢).

ئەم خوێندنگایە تایبەتییە، بۆ لەش پەروەردەکردن.

بریتییە لە پەیمانگاییێک شاگردەکانی خۆی بەڕووتییەوە فێری وەرزش ئەکات کارگێڕەکەی (پزیشک کووخ)ە، کە لەمەپێش مامۆستایە بووە لە فەرمانڕەوایی ئەڵمانیادا ئەوەندە ئازابوو نە ئەترسا لەوەی کە هەموو شاگردەکانی خۆی لە ژێر بنمیچی خوێندنگاکەی خۆیدا ڕووت بکاتەوە بیروباوەڕی گشتیی لێ ورووژا، فەرمانڕەوایی گرتی. درا بەدادگا، بە تاوانی داوێن پیسی و بێ شەرمییەوە بەڵام داد گەرەکان (حاکمەکان)، داد پەروەربوون، کە تێگەیشتن مەبەستی کووخ، بڵند و خاوێنە، وازیان لێ هێنا و بەرەڵڵایان کرد.

بەڵام فەرمانڕەوایی ئێستا (ڕایخ)، پزیشک (کووخ)ی زۆر خۆش ئەوێ، زۆر ڕێز لە بیروباوەڕەکەیشی ئەگرێ وا ڕێگەیشی پێ داوە، خوێندنگاکانی خۆی دامەزرێنێ نەک تەنیا لە شاری (بەرلین)دا، لە شارەکانی تری ئەڵمانیایشدا، وەک (هامبۆرگ، ئارفۆرن، دروسدەن، ئەلبەر فیلد) لە شاگردەکانیا کرێکاران و فەرمانبەرانیش هەن هەریەکەیان سەدی پێنجی مووچەکەی خۆی ئەدات بەخوێندنگای کووخ بەڵام کرێکارەکان، یاخود بێ فرمانەکان، بەخۆڕایی لەو خوێندنگایانەدا ئەخوێنن، هیچ پوولێک نادەن هەموو ئێوارانێک خوێندن هەیە، ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە و جەژنەکان نەبێ.

دەستم نا بەزەنگی دەرگاکەدا دەرگاکە کرایەوە کچێک لێی پرسیم چیت ئەوێ؟ کە ناوونیشانی خۆمم پێ گوت، پەردەکانی لادا و شوێنەکە دەرکەوت، گوتی دوام کەوە.

بەناو داڵانێکدا ڕۆیشتین، هەندێ ژن و پیاوی تیابوو، هەندێکیان ئەچوون جل داکەنن، هەندێکیشیان ئەچوون جل بگۆڕن.

لەوێدا چەند کەسێکم دیی گفتوگۆیان ئەکرد بەسرپەوە، لاوێکیان تیابوو، شەڕواڵێکی

لە پێدابوو کچێکیان تیابوو بەدەرپێی خۆشتنەوە پیاو و ژنێکیشی تیابوو ڕووتی تەواوبوون لە دڵی خۆمدا گوتم: کەوتوومەتە ناو ڕووتەکانەوە.

کچەکەی پێشم کەوتبوو، دەرگایەکی بۆ کردمەوە، چاوم کەوت بە (مامۆستا ئەدۆڵف کووخ)، کە لاوێک بوو، لە تەمەنی سی ساڵیدا لەش سووک و بەهێز و توانابوو کراسێک نەبێ هیچی تری لەبەردا نەبوو لەپاش ئەمەی خۆشی و چلۆنییەکی گەرمی لەگەڵدا کردم، حەزی کرد لای بمێنمەوە تا کاتی یانزەهەم کە خوێندن تەواو ئەبی پاشان بردمیە هۆڵێکەوە، کە لەوێدا مامۆستایەک مەشقی وەرزشی بەشاگردەکان ئەکرد.

لەوێ پێی گوتم کە شاگردێک هەیە زمانی من ئەزانێ، ئەتوانێ هەموو شتێکم تێ بگەیێنێ بیانووی بۆ هێنامەوە کە لەبەر فرمان زۆریی ناتوانێ لەگەڵما بمێنێتەوە.

دەرگای ژوورەکە کرایەوە، تەماشام کرد دە شاگردی تیایە، بە ڕووتی مەشق ئەکەن مامۆستاکەیان جلی لەبەردایە.

لەپاش ئەمەی منی پێ ناسیین، یەکێکیانی بانگ کرد ناوی (کارڵ) بوو پێی گوت هەرچییەکم ویست بۆم لێک بداتەوە ئیتر لە پڕێکا (کووخ) ون بوو.

خوایە! ئەم پیاوە چەند لەش سووکە!

تەنیا لە دە وردییلەدا پێشوازیم ئەکات، خۆشی و چلۆنیم لەگەڵ ئەکات و ئەم گەیێنێتە هۆڵێکی تر بۆ ئەمەی بمناسێ بە دە شاگردی خۆی!

مامۆستاکە لەسەر تەختێکی ڕووت و قووت داینام کە تاقانەبوو، لە ژوورەکەدا شاگردەکانیشی بریتی بوون لە شەش کچ و چوار کوڕ کە لەسەر ئاوازی تەپڵێکی بچووک کە بۆی لێ ئەدان، وەرزشێکی یەجگار گران و بەئەرکیان ئەکرد.

ئەم مامۆستایە، بەزەیی پیایاندا نەئەهاتەوە هەرچەند یەکێکیان هەڵەیەکی بکردایە، مەشقەکەی بەهەموویان دووبارە ئەکردەوە جاربەجارێک کرچەکرچی ئێسقانەکانیانم گوێ لێ ئەبوو پاشان یەکێک لە کچەکان وەستا و تکای بەخشینی لێ کرد گوتی ناتوانم لەوە بەولاوە مەشق بکەم وەک لاشەیەکی مردوو بەسەر گازی پشتا پاڵ کەوت لێرەدا مەشق پێ کەرەکەیان بۆ وچانێکی سێ وردیلەیی ڕێگەی دانێ هەموویان لەسەر زەویی ژوورەکە ڕاکشان (کارڵ) نەبێ، کەوەک گایەکی بەلەسە، پرمەپرمی ئەکرد ئەیگوت:

– ئەمە مەشقێکی گرانە، بەڵام کەڵکی زۆرە ئێمە هەر هەفتەی جارێک ئەیکەین کات و نیوێک ئەخایێنێ جار بەجارێک نەبێ کە بۆ ماوەی سێ وردیلەیەک پشوو بدەین، لە



جووڵە ناوەستینەوە تا ئەبڕێتەوە دوای ئەوە ئاوپرژێنی خۆمان ئەکەین لەسەر شۆرکەکەدا و لەبەر هەتاویش ماوەیەک ئەمێنینەوە.

لێم پرسیی: لە کاتی یانزەی ئێواراندا، چۆن ئەتوانن خۆتان بخەنە بەر ڕۆژ؟

گوتی: ماشینێکی وامان هەیە، هەروەک تیشکی ڕۆژ تیشکمان بۆ ئەهاوێژێ، بەکەڵکیشە وەک ئەو.

لێرەدا بیرم چوو بەلای جیهانێکی خەو کردا خیالی، (مسیۆکرنشیە)ی خوالێ خۆش بووم بیرکەوتەوە لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر ئەو زیندووبوایە، بێ گومان ئەم ڕۆژە دەست کردەی لە زستاندا بەکارئەهێنا لە گوێ ئاوی (ڕۆفیل). پاشان (کارل) گوتی:

(مسیوکۆخ) بۆ ئەمەی بەمەبەسی خۆی بگات، لەشێوەیەکی پەسەندا ئەجووڵێتەوە بەلای ئەوەوە وایە کە ئەو وەرزشانەی بۆ هەندێ کەس دەس ئەدەن، بۆ کەسانی تر دەس نادەن لەبەرئەوە شاگردەکانی خۆی لە شێوەیەکی زۆر ورددا دابەش کردووە، لەسەر بنچینەی لەش و ڕەوشتیان ئەوانەی لێرەدا ئەیانبینیت بۆ ڕاپەڕاندنی پێ ئەکرێ.

(کارڵ) گوێی لە مامۆستاکەی بوو، بانگیان ئەکات.

لەناکاو بەجێی هێشتم بۆ تەواوکردنی مەشقەکەی ئیتر شاگردەکان هەستانە سەر پێ و دەستیان کردەوە بەمەشق کردن باڵەکانیان بۆ چەپ و بۆ ڕاست ڕائەوەشاند، بەپێی دەنگی مامۆستاکەیان. پاشان فەرمانی دانێ کە بەسەر پشتا ڕابکشێن، قاچەکانیان بە ملا و بەولادا بجووڵێنین بەپێی دەنگی ئەو لەسەر کورسییەکە دانیشتم، بەجارێک گەشکەداربووم لەو لەشە ڕووتانەی کە لەبەر دەمما ئەجووڵانەوە.

لەولادا کە ڕووتیم ئەدیی، لەناو جەرگی سروشت و سەوزاییی دا بوو، لەناو بای پاکدا بەڵام لێرەدا ڕووتیم لە ژوورێکی تەنگوتەسکا ئەدیی، لەبەر تیشکی کارەبادا لەش و لاری وانا تەواوم ئەدی، ئەندامی لەش وام چاوپێ ئەکەوت کە مرۆڤ هەرگیز حەزناکات بەو جۆرە بەئاشکرا بیبینێ.

بەڵام لێرەدا وا هەڵ ئەگرێ کە ئێمە لەشی ناتەواو ببینین نەک لەشی تەواو، چونکە جێگاکە بۆ مەشقی وەرزش دانراوە و لەش پەروەردەکردن، نەک بۆ لەشی ڕێکوپێک نوواندن.

لەوە پاش شاگردەکان کەمێک وەستان (کارڵ) هات بەلامەوە بەڵام ئەمجارە زۆرتر ماندوێتیی پێوە دیاربوو.

لێم پرسی: چەند شاگرد دێنە پەیمانگاکەتانەوە؟

گوتی: نزیکەی پێنج سەد کەس لە پیر و جوان و منداڵ.

– ئەی لە یاریی وەرزش بەولاوە هیچی تر فێر ناکەن؟

– بەڵێ، بابەتەکانی (پەلوپۆی لەش) و (پەروەردەکردنی ڕەگەزبازی)یشیان فێر ئەکەین، بێجگە لەوە پزیشک (کووخ)، دەستەیەکی ساز و ئاوازیشی پێک هێناوە، ئەگەڕێ بەناو هەمووولایەکی ئەڵمانیادا بۆ ئەوەی بیروباوەڕی ڕووتی لەناویاندا بڵاوبکاتەوە بۆ وێنە؛ لە بەزمگاکاندا، لە هۆڵە گشتییەکاندا کە ئاهەنگیان تیا ئەکرێ، دەستەکە هەندێ وێنەی وەرزش و یاریی بەڕووتی پێشان ئەدا، هەمووولایەک پەسەندیان کردووە لە ساڵی پێشوودا، بەزمگاهی (بسکاترز) شاگردە ڕووتەکانی خوێندنگای (کووخ)ی پێشاندا، هەموو لایەک چاویان پێکەوت. منیش سەرم ڕاوەشاند و گوتم:

– میوشیاب، ڕێی شتی وا نادات لە (پاریس)دا.

(کارڵ)یش گوتی:

– فەرەنسییەکان گوێ نادەنە شتی چاک و بەکەڵک. لەوکاتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوە پزیشک کووخ هاتە ژوورەوە و بردمییەوە ژوورەکەی خۆی لەوێ پیاوێکی ڕووت دانیشتبوو، ڕۆژنامەی ئەخوێندەوە پێی گوتم:

– پاش پێنج وردییلەی تر ئەچێتە ژوورێکەوە، مەشقی وەرزش بەو شاگردانە ئەکرێ کە ترسنۆک و دوو دڵن، ناوێرن کاروفرمان بکەن هەروەها مەشقێک ئەبینیت کە بەو شاگردە کلۆڵانە ئەکرێ کە خۆیان لە کەسانی تر کەمتر دێتە پیش چاو ئەوانە دەروونیان بێ هێزە، ئەمەوێ بەهۆی جۆرە وەرزشێکی لەشی تایبەتییەوە کە دڵ حەزی پێ بکات، چەندم لە دەست بێت لەگەڵیاندا خەریک ببم، بەڵکو سەرلەنوێ مێشکیان بەهێز بکەمەوە و گەشەی پێ بکەم و ئەم کزییەیان لێ لاببەم نەوەک تووشی نەخۆشیی (دەمارکزیی- ضعف الأعصاب)بن.

پاشان یەکێک هاتە ژوورەوە، پیاوێکی لەڕو لاواز بوو. قژی سەری درێژ و لوول بوو جلوبەرگی ڕەشی لەبەرکردبوو. جانتایەکی خستبووە بن هەنگڵیەوە کۆخ ئەوی پێ ناسیم گوتی: – ئەمیش مسیۆ (ب)یە یەکێکە لە هاوڕێ کانت. لە گۆڤاری (شونهیت)دا نووسەرە کابراکە بەڕێزێکەوە خۆی نووشتاندەوە بەگەرموگوڕێکەوە چاک و چۆنی لەگەڵدا کردم جانتاکەی خۆی کردەوە و چەند دانەیەکی گۆڤاری (شونهیت)ی لێ دەرهێنا ئەم



گۆڤارە هەفتەییە هەموو ژمارەیەکی، چەند لاپەڕەیەک ئەنووسی لەبابەت ئایینی ڕووتییەوە پاشان (مسیۆکووخ) کە ئەویش نووسەرێکی بەناوبانگە، تازەترین نووسراوی خۆی پێشکەش کردم لەبابەت (ڕووتەکان و پەروەردەکردنی لەش و خوێندەواریی)یەوە، بەوێنەی فۆتۆگرافی ڕازابووەوە.

پاشان، هەندێ نووسراوانی تریشی پێشکەش کردم ئەنجا دەستی کرد بەقسەکردن لەبابەت ئەو فیلمەوە کە بەدەستیەوەیەتی دروستی بکات، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕووتی بەناو هەموو ئەڵمانیاندا، بەهۆی پیشاندانی هەندێ وێنەی وەرزشی ڕووتەکانەوە ئەمەیش وەنەبێ یەکەم جاربێ کە فیلمی وا بڵاوبکرێتەوە لەپێش ئەمدا (مسیۆکارڵ گرابوو) لە دانیشووانی (هامبۆرگ) فیلمێکی وای بڵاوکردەوە، ناوی نابوو (پیاوە شەنگەکان بە بەر ڕووناکی و ڕۆژەوە).

لە مانگی (پەڵە= نۆڤەمبەر)ی داهاتوو، کۆڕێکی گەورە ئەگیرێ لەبەرلیندا، بۆ گفتوگۆکردن لە بابەت ڕووتییەوە، سێ مانگ ئەمێنێتەوە گەلێک (کۆگرە= مؤتمر) و مقۆمقۆکردن و پرۆژەی دامەزراندنی چەند فیلمێکی تازەی تیا پێک دێ، لەگەڵ هەندێ وەرزشی ڕووتەکان لەسەر تەختی بەزمگای (بسکافۆر)دا.

ئەوانەی قسەی تیا ئەکەن ئەمانەن: پزیشک کووخ، مادام کلارا، پزیشکەکان: کاورا و، ئەر و فرورخ و لف، هانزگراز.

کووخ پێی گوتم: دوای کەوم. دوای کەوتم تا گەییشتینە هۆڵێکی فراوان، پیانۆیەکی تیا دانرابوو، دوانزە شاگردی ڕووتیشی تیابوو، چاوەڕوانی مامۆستاکەیان بوون.

ئەوانە بوون کە تووشی نەخۆشیی دەروون پەستی و دوودڵی بوو بوون پێش ئەوەی بچینە ژوورەوە، خانەخوێ کەم پێی گوتم:

– لە پێشەوە پێت ئەڵێم، ئەم پۆلەی ئەچینە ناوی، چاو ئەنداز و وێنەی جوانی تیانییە. قسەکەی ڕاست دەرچوو شاگردەکان نموونەی جوانی و شەنگوشۆخی نەبوون.

کاتێ کە کووخ پیانۆی لێ ئەدا، یەک بەیەک چاوم تێبڕین و لێیان ورد بوومەوە.

ئەمەیان پیاوێکی چل ساڵییە، لە ئێسک و پروسک بەولاوە هیچی بەلەشەوە نەماوە ئەوەیشیان کچێکە، پێش ئەوەی پێ بگات، پێو لەسەر سنگی کۆبۆتەوە ئەوی تریشیان کچێکی شانزە ساڵییە، بەڵام لاواز و دەنگ گڕە ئەمیشیان هەرزەکارێکە، پێستی ئەستوورە وەک پیستی ورچ.

لەگەڵ ئەمەیشا چوار ژن و دووپیاویان تیابوو، لەشیان تێک نەچووبوو.

لەسەر تەختێک دانیشتم خوێندن دەستی پێکرد کووخ دەستی کرد بەپیانۆ لێدان، ئاوازی زۆر دڵگیری گۆرانیی زۆر خۆشی ئەدا بەگوێی شاگردەکانیا.

مەبەسی ئەوەبوو دەماری ئەو نەخۆشانە خاو بکاتەوە، کە تووشی نەخۆشیی (دەمارکزیی= نوراستیینا) بووبوون.

ساز و ئاواز و گۆرانییەکەی کووخ کاری لێکردن، لە خۆشیانا دەستیان ئەکرد بەهەڵپەڕیین جارە نا جارێک دەنگێکم ئەهاتە بەرگوێ، ئەمەویست بزانم لە کوێوە دێ دوایی زانییم کە دەنگی مەمکەکانی کچە قەڵەوەکە بوو، ئەیاندا بەبن مەمکیدا لەکاتی هەڵپەڕین و داپەڕیندا.

بەهێواشی دەرگاکە کرایەوە لاوێکی باریکەڵە هاتە ژوورەوە لەگەڵ شاگردەکاندا دەستی کرد بەهەڵپەڕین کە ناسیمەوە نووسەری گۆڤاری (شونهیت) دەرچوو جارێکی تریش دەرگاکە کرایەوە، ئافرەتێکی جوانی ڕووت هاتە ژوورەوە، ژنی کووخ دەرچوو، ئەویش لەگەڵ شاگردەکاندا هاوبەشیی کرد مێردەکەی، لە مەشقەگران و بەئەرکەکاندا یارمەتیی ئەدا.

پاشان بەشاگردەکانی ئەگوت: چاوی لێ بکەن، ئەوانیش بەشیرینییەکەوە بەقسەیان ئەکرد.

کە پشوو دەستی پێ کرد دوو کچ هاتنە پێشەوە، لە تەنشتمەوە دانیشتن ئەوانی تریش بەسەر گازی پشتا پاڵ کەوتن.

لەشێوەیەکی سەیردا ئەمدیوو ئەو دیوویان ئەکرد.

ئافرەتێکی بچووک ڕووی تێ کردم و پرسی:

– ناو ئێمەت پێ خۆشە؟

سەرم سوڕما، لە شێوەی گفتوگۆ کردنەکەی، کە دوور بوو لە ناسکی و یاسای گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ بێگانەدا. مسیۆکووخ هەستی بەوەکرد، پێی گوتم: لێرەدا هەمووکەس وەک براو خوشک وانە، جیاوازیی نییە لەناوەند کەسێک و کەسێکی تردا.

بەشیرینییەکەوە وەرامم دایەوە:

– من ئێرەم پێ خۆشە هەر هەلێکم دەس بکەوێ، لە ئاهەنگەکانتانا ئەبم.



– ئەگەر تۆ ڕاست ئەکەیت، بۆچ جلەکانت داناکەنیت؟

– بۆ جارێکی تر؛ ئەمجارە هەر سەیر ئەکەم و هیچی تر.

– لە فەرەنسەیشدا ڕووت هەیە؟

– ئێمە هێشتا لەسەرەتاداین.

– تۆ لە هیچ کۆمەڵێکی ڕووتاندا، ئەندام نییت؟

– نە ء ڕەنگە بەم زووانە ببم بەئەندامی یەکێک لەو کۆمەڵانە.

کووخ قسەکەی پێ بڕیین گوتی:

– هەڵسنە سەرپێ!

دەستیان کردەوە بە مەشقکردن و خوێندن، کووخ دەستی کردەوە بەپیانۆ لێدان گوتی:

– شاگردەکان، پێویستە فرمانی بەیانی لەبیر خۆیان ببەنەوە. بام لێیان بگەڕێین هەروەک مناڵ یاری بکەن.

پاشان، بەدڵ پێیی گوتن:

– بام هەر کەسەتان خۆی بەشەمەندەفەرێک بزانێ.

شاگردەکان پڕ بەدڵ لاسایی بزووتنەوەی شەمەندەفەریان ئەکردەوە.

– ئێستاکە ببن بەمەیموون!

شاگردەکان، وەک مەیموون، بەدەنگێکی تیبژەوە، دەستیان ئەکرد بەبازدان و قریشکاندن بەم ڕەنگە دەستیان کرد بەلاسایی کردنەوەی مراوی و قاز و چوار ناڵەی ئەسپ و گەلێ بابەتی تر لە ناوەند هەموو هەڵپەرکێ و هەڵپەرکێیەکی تردا، مامۆستا کووخ چیرۆکی کورت کورتی بچووکی بۆ ئەکردن ئەیهێنانە پێکەنین.

لە کاتی یانزە چارەکێک کەمدا، خوێندن و مەشقکردن تەواوبوو.

لەپشت کووخەوە چوومەوە ژووری نووسیینەکەی.

ئنجا کووخ دەستی کرد بەشارەزاکردنم لە بابەت پەیمانگاکەی و لقەکانییەوە کە لەم لاو لەولای ئەڵمانیادا دایمەزراندبوون.

پاشان گوتی:

– شاگردەکان یاریگاییێکیان هەیە لەسەر کەناری گۆمێک لە گۆمەکانی نزیک شاری بەرلین لەوێ هەموو یەکشەموان و جەژنانێک کۆئەبنەوە خۆیان لەناو بای پاکدا ڕووت

ئەکەنەوە پاش ئەوە گوتی: شاگردەکانم زۆر لێ ناکەم کە گژوگیا خۆربن ڕێیان ئەدەم گۆشت بخۆن، مەی بخۆنەوە، جگەرە بکێشن، بەمەرجێ لە ئەندازە دەرنەچن.

کە کاتژمێر کاتی یانزەهەمی لێدا، ماڵ ئاواییم لە مسیۆکووخ و ژنە جوانەکەی کرد ئنجا شاگردێک لەگەڵم هات تا دەرگای دەرەوە، شاگردەکانی تریش خەریکی خۆگۆڕین بوون.

کە گەڕامەوە شەقامی (فوریک)، بەسەرسوڕمانێکەوە بیرم لە خوێندنگاکەی کووخ ئەکردەوە بەڵام کە گەیشتمە (ئەنترون لەندەن)، ئافرەتێکی بەدخوو، کە لەم گەڕەکەدا وێنەی زۆرە لە شاری بەرلیندا، ڕێگای پێ گرتم وەرامم نەدایەوە.

لە ڕێگادا بیرم لەو جیاوازییە گەورەیە ئەکردەوە کە لە ناوەند ئەم جۆە ئافرەتە لەش دروستانە و ئەو جۆرە ئافرەتە کرێکارە بەسەزمانانەدا هەیە کە ئەچن بۆ خوێندنگای کووخ بۆ چاک بوونەوە، بەهۆی یاریی وەرزشەوە.

## بەشی پێنجەم

### سەرشۆڕکەکانی ڕووتەکان لە ناوچەی بەرلیندا

بام ئێستا چاوێک بخشێنین بەکۆمەڵە ڕووتەکانی ناوچەی بەرلیندا دەستەیەک هەیە، ناوی (بەلجیاز)ە، وێژەوانی بەناوبانگ (مسیۆ بەرنارد گروتروب) کاروباری هەڵ ئەسووڕێنێ ئەم پیاوە سەرکردەی گۆڤارەکانی (فیگارۆ) و (بلاجیۆس) و (ڕاس فریباد) و (درا هبراتر)ە، کە هەموویان دەنگی (ڕووتی)بڵاوئەکەنەوە. دەستەی (بەلجیاز) پارچە زەوییەکی بۆ خۆی پێکەوە ناوە لە نزیک شاری بەرلینەوە.

گۆڤارەکانی مسیۆ گروتروبیش، هەموو جارێک چەند وێنەیەک بڵاوئەکەنەوە، کە بریتین لە چاو ئەندازەی هەوارانی ڕووتەکان.

ئەم وێنانەیش چاکترین ڕابواردنیان پێشان ئەدات لەو بەهەشتە جیهانییانەدا.

جارە ناجارێکیش هەندێ لە دەمار توندەکانی ڕەشت خوازەکان، پەلاماری مسیۆ گروتروب ئەدەن، کە یەکێک لەوانە (بابا بیتلیم)ە. تاوانباری ئەکەن بەتێک دانی ڕەووشت و خووی باشی گشتییەوە، بەداوێن پیسییەوە.

پاشان کەینەوبەینەکە ئەخرێتە بەردەمی دادگاکان.

ئەمانیش فەرمان ئەدەن بەداخستنی ئەو گۆڤارەی کە ئەو جۆرە وێنانەی بڵاوکردۆتەوە ئەگەر لەباتی مسیۆگرترۆب.



کەسێکی تر بوایە، بەرگەی ئەم تەنگوچەڵەمەیەی نەئەگرت، لە قینی ئەوانە قژی سەری خۆی ئەڕووتاندەوە و بەئاخو ئۆفەوە دەستی ئەکرد بەشیوەن و گریان و ئەیگوت:

ماڵ وێران خۆم! سەرگەردان خۆم!

بەڵام مسیۆ گرترۆب، پیاوێکی لەسەرخۆیە، بەکارەساتێکی وا بچووک تووڕە نابێ هەرچەند گۆڤارێکی دائەخرێت، بۆ بەیانی لەژێر ناوێکی تردا بڵاوی ئەکاتەوە.

جارێکیان لەبەردەم ناوبژیکەرەکاندا هەڵی دایە، گوتی: ئەم بەرەنگاریی کردنەی من لەبەر چییە؟ بەکەڵکی چیتان دێ؟ ئێوە هەمووتان باش ئەوە ئەزانن، کە هەرچەند گۆڤارێکم دابخەن، بۆ بەیانی لەژێر ناوێکی تردا دەری ئەهێنمەوە، کەواتە لێم گەڕێن، هیچ نەبێ، بام جارێک بەدڵی خۆم فرمان بکەم.

لێرەدا لێم پرسیی:

– ڕەنگە مەبەسی ناوبژیکەرەکان ئەوەبێ، کە هەرچی ناوێکی تازەت لەبەرکردووە لە گۆڤارەکانی بنێیت لەپاش داخستنیان، هەموویان بەکاربهێنیت.

دەستی کرد بەپێکەنین و ڕستەیەکی دامێ، سێ ستوونی تیابوو هەرسێکیان پڕبوون لەناوی گۆڤار گوتی: ئەو ناوانەم هێشتا بەکار نەهێناوە من کۆڵ نادەم، ناوبژیکەرەکان کۆڵ ئەدەن من مەندم، زوو تێک ناچم!...

بەڵام جوانترین کۆمەڵی ڕووت لە بەرلیندا، کۆمەڵی پەروەردەکردنی لەش و وەرزشی زرێیە، جێگاکەیشی کەوتۆتە ناوەڕاستی بەرلینەوە لە شەقامی تسمەردا ژمارە (٩٤) سەرۆکی کۆمەڵەکە پزیشک (مورنهوفن)ە. کۆمەڵەکە خۆی وا پێشان ئەدات کە دوای هیچ دەستەیەکی زرنگ کاری نەکەوتووە بەڵام لەوە دڵنیام کە کۆمەڵێکی نیشتمان پەروەرە ناونووسکردنی ئەندام، لەم کۆمەڵەدا، بووە بەباو هیچ هەفتەیەک نییە چەند کەسێک لە چینی بڵندی شاری بەرلین، لەناو ئۆتۆمۆبیلی ڕۆلزرۆیس دا نەچێتە (ولبناد)، بۆ ئەمەی بەڕووتییەوە مەلە بکەن لەبەر تیشکی دەست کردا.

ئەتوانم بڕیار بدەم، بەبێ چەندوچوون کە زۆربەی ئەندامانی ئەم کۆمەڵە ڕووتە، بریتین لەو کەسانەی کە حەز لەشتی باو ئەکەن.

ئەوانیش بۆیەکا هۆگری ئایینی ڕووتی بوون، چونکە شتێکی تەڕ و تازەیە وێنەی نەبینراوە ئەوانە هەر لەو کەسانە ئەکەن کە هاتووچۆی کەنارەکانی (دوفیل) و (ئازوورکی) ئەکەن، تەنیا بۆ ئەمەی پێستی لەشیان بەتیشکی ڕۆژ بسووتێن.

ئەو ئافرەتانەی مەلە ئەکەن لە (ولبناد)دا، هەموویان ڕووتن لە لەشولاردا هەڵبژاردەن هەموو کەسێک بەچاوپێکەوتنیان گەشکەدار ئەبێ هەروەک بەچاوپێکەوتنی ئەوانەیش گەشکەدار ئەبن کە بەکراسە بلّندەکانیانەوە لەیانەی گرەوکردندا، لە (لونگ شامب)، خۆیان پێشان ئەدەن.

بەڵام لە ڕاستییدا، دڵسۆزیی ڕاستەقیینە، بەرامبەر بیروباوەڕی ڕووتی، هەر لەوانەدا ئەبینیت کە هەژارن چونکە کرێکارەکان چ ژن بن، چ پیاو، لەوە ناسڵەمێنەوە کە خۆیان ڕووت بکەنەوە، بەمەبەسی تەندروستی و ڕەوشت چاکی، تەنانەت ئەگەر دەموچاو ناشیرین و، لەڕ و لاواز و، تەنگە زل و قەڵەو و، لەش تێکچوو کەموکوڕی داریش بن.

بەتەنشت دەستەی پزیشک (مورنهوفن)ەوە، دوو دەستەی تریش لە بەرلیندا هەن یەکێکیان دەستەی (فریکر برکلنەر باند)ە کە هەموو دەمە بەپیتە سەرەتاییەکانییەوە ناو ئەبرێ: (ف. ب. ب. ). یەکێکیشیان دەستەی (لیخت گرب و تیمس)ە کە سەرکردەکەی (مادام ئەلزاهان)ە، جێگەکەی لە شەقامی (دینەر) ژمارە (١) دایە.

پزیشک (مورنهوفن)، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ کۆمەڵە ڕووتەکانی تردا کە لەم پەڕ و لەوپەڕی ئەڵمانیادان وەک هینەکانی (میونیخ) و (رورقمز) و (ستتن) و (شمتز) دەستەیەکی گرنگی تریش هەیە، پێی ئەڵێن دەستەی (مسیۆفیدۆر فرخ)، کە لە نزیبک شاری بەرلینەوەیە.

(مسیۆفرخ) پیاوێکی خاوەن کاروبارە لە دووربینی خۆیەوە زانی کە لە توانایدا هەیە، ڕووتی تەواو، لە شێوەی فرمانێکی بازرگانیدا بخاتە گەڕ، دەست کەوتێکی گەورەی لێ دەس کەوێ.

پیاو ئەتوانێ بەئاسانی بچێتە ناو پەیمانگاکەی ئەوەوە، کە هەر لە ئاش ئەکات، بۆیەکا ناویان ناوە (ئاشی فیدۆر).

بەڵام گرانی لەوەدایە کە لێی بێیتە دەرەوە چونکە ناهێڵن دەربچێ تا پوول گۆڕەرەوە نەبینی ئەم ئاشە، لە ڕاستییدا بۆتە جێگای ڕابواردن وەرزشکردن لەوێ وەک لە چایخانەیەکی لادێدا دانیشتبی، قاوە و بیرە و تیکە (ساندویچ)ت دەس ئەکەوێ جیاوازیی هەردوو لایان هەر ئەوەندەیە کە لێرەدا تۆ ڕووت و قووتیت وەک ئادەم و حەوا.

ئەگەر هەموو کۆمەڵە ڕووتەکانی شاری بەرلین ناو ببەین، لێرەدا جێگا نابێتەوە خوێندەوارانیش، ڕەنگە لێی وەڕس بن لێرەدا ئەوەندە بەسە کە بڵێم، جگە لەوانەی کە



ناوم بردن، نزیکەی بیست کۆمەڵی ڕووتی تر هەیە بێجگە لەوە زۆر خێزان و دۆستانیش هەن کە بەڕووتی لەناو خانوو و باخچەکانی خۆیاندا مەشق ئەکەن.

## بەشی شەشەم

### کۆمەڵی ئازادەکان لە درمستادوا

ناوچەی (ئازادەکانی درمستاد)، وەک خۆیان ناوی خۆیان ناوە، ئەکەوێتە تەنشت شاری (درمستاد)ەوە، لەناو جەنگەڵێکی چڕوپڕی دار بەڕوودا.

دیوارێکی دوومەترە بلّندیی، زەوییەکەی پێچاوەتەوە. لە شارەکەوە ڕێگایەکی بۆ دێ، دارستانەکە ئەبڕێ، لەسەر دەرگاکەی نووسراوە:

(ڕێگایەکی تایبەتییە کەس پیاناڕوا).

بەیانییەکی یەکشەممە، لەگەڵ هاوڕێیەکی ئەڵمانییدا بەناو ئەو ڕێگایەدا ڕۆیشتم ئەو زۆر هۆگری بیروباوەڕی ڕووتی بوو.

ناوی هاوڕێکەم (ماکس بریان) بوو هەر لە دوورەوە یەخەو مل پێچەکەی خۆی داکەند و خستیە گیرفانییەوە نەم ئەزانی ئەوەی لەبەرچی بوو ئاخۆ لەبەر گەرمای ڕێگاکەی بوو یاخود لەبەر پەلەپەل و ئارەزووی خۆ ڕووت کردنەوەی بوو هەروەک لەوە پێش گوتم: پشتیوانێکی یەجگار بەهێزی ڕووتی و ڕووتەکان بوو.

هاوڕێکەم دەستی کرد بەگفتوگۆکردن گوتی: ئاڵاکەیان هەڵکراوە ئەوەیش ئەوە دەرئەخات کە زەوییەکە کۆمەڵێک ڕووتی تیایە دەستی کێشا بۆ ئاڵایەکی سێ سووچی ڕەنگ سوورکە بەسەر لقی دارەکانەوە ئەشەکایەوە.

کە گەییشتینە دەرگایەکی تەختە، ڕێگاکەمان هەمووی، بڕیبوو پێویست نەبوو لەوێ بوەستین و زەنگ لێ بدەین بۆ ئەمەی ڕێمان بدەن بچینە ژوورەوە هەر ئەوەندەی پێ ئەویست کە پاڵێک بەدەرگاکەوە بنێین و بچینە ناو خاکی ڕووتەکانەوە.

پاڵمان بەدەرگاکەوە ناو چووینە ژوورەوە چاوم کەوت بە بیست کەسی ڕووت، هەندێکیان تۆپ تۆپێنەیان ئەکرد.

ئەوانی تریشیان لەسەر چیمەنەکە ڕاکشابوون، ئەحەسانەوە و بەتیشکی ڕۆژ خۆیان ئەشت و خۆیان گەرم ئەکردەوە.

هاوڕێکەم منی پێشکەش کردن یەک بەیەک دەستیان گوشییم پاشان هاوڕێکەم بردمی بۆ کۆڵێتێکی تەختە، کە تەنیا ساختمانێک بوو لە زەویی ئەو ڕووتانەدا لەناو کۆڵێتەکەدا مێزێکی داری ناشیرین دانرابوو لەگەڵ چەند کورسییەکی ناشیرینی تردا.

بەدیواری کۆڵێتەکەیشەوە چەند وێنەیەکی ئەو ڕووتانە هەڵواسرابوون، بەناوی ڕازاندنەوە وە. (باربان) جلەکانی داکەند منیش دام کەند هەردووکمان ڕووت و قووتمان لێهات پاش ئەمەی جلەکانمان بەجێی خۆیاندا هەڵواسی ناوی خۆمان لە تۆماری کۆمەڵەکەدا نووسی و چووینە ناو ڕووتەکانەوە. لەناوەڕاستی زەوییەکەدا، ئەوەندەی جێگا یارییەک، لە دارودرەخت پاک کرابووەوە دار و درەختەکانی چوارلای زەوییە ڕووتەکەیش، هێڵرابوونەوە، گەشەبکەن بۆ ئەمەی کە لە هەتاوەکە تێر بوون بچنە بن سێبەرەکانیان.

هاوڕێکەم گوتی:

(ئیمڕۆ یەکشەممەیە زۆرکەس دێنە ئێرە هەروەها زۆربەی ئەندامەکانیش دێن).

هەروەکو لەوەپێش گوتم، بیست کەس لەوێدا کۆبووبووەوە هەندێ منالێیان تیابوو، هەڵ ئەپەڕین و دائەپەڕین و بازیان ئەدا و بەدوای یەکتردا هەڕایان ئەکرد، لەبەر هەتاو.

یاخود لەناو لمی گوێکانییەکی ئاو ڕووندا یارییان ئەکرد بێجگە لەوان شەش پیاویشی لێ بوو، تۆپ تۆپێنەیان ئەکرد کابرایەکی پیریان لەناودا بوو، سەری سپی بوو بوو، کەچی بەتریق و هووڕ و لەش سووکییەکی تەواوەوە بازدی ئەدا ژن و کچە جوانەکانیش لەژێر سێبەری دارەکاندا دانیشتبوون.

***

خۆم خستە ناو یاریی کەرەکانەوە، منیش وەک ئەوان بازدم ئەدا و یارییم ئەکرد کەچی (باربان) لەسەر چیمەنەکە دانیشت لەگەڵ تەماشاکەرەکانی تردا، تەماشای ئەکردین.

لەوکاتەدا کە یارییمان ئەکرد، جاروبار دەرگاکە ئەکرایەوە.

تەماشاکەرانی تازە یەک یەک و خێزان خێزان پێکەوە ئەهاتن ئەچوونە ناو کۆڵێتەکەوە زۆری پێ نەئەچوو منالآن و پیرانی ڕووت و قووتی لێ ئەهاتنە دەرەوە.

وەنەبێ هەموویان لەناو کۆڵێتەکەدا خۆیان ڕووت کردبێتەوە هی وایشیان تیابوو، هەر کە ئەگەیشتە ئەم دیوودەرگاکەوە، خۆی ڕووت ئەکردەوە و جلوبەرگەکانی بەلقوپۆپی دارێک لە دارەکانەوە هەڵ ئەواسیی.

وام ئەهاتە پێش چاو، کە ئافرەتەکان خۆیان ڕووت ئەکردەوە و لەناو کراسە سپییە



تەنکەکانیاندا ئەبینران، هەرچی وەک من بوو کە تازە فێری خۆ ڕووت کردنەوە بووبوو، دڵی ئەچووە سەریان.

منیش ترسام لەوەی کە هاوڕێکانم، بیرەکانم لە ناوچەوانمدا بخوێننەوە، خۆم خەرییک کرد بەبازدان و تۆپ لێدانەوە، تا هەست بەوەم نەکەن.

نامەوێ ئەوەم لەبیر بچێت بیلێم، کە ئەم ئارەزوو هەستانە لە خۆیەوە نەئەما، کە یەکێک لەو ئافرەتانە، خۆی بەتەواوەتی ڕووت بکردایەوە بەلای منەوە وایە، کە ئەوە بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ئەوەی کە ڕووت بوونەوەی تەواو لە جلوبەرگی تەنک لەبەرکردن بەکەڵکترە بۆ پاراستنی ڕەوشت و خووی پاک و بڵند لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ ئافرەت ئەبینیت کە بەتەواوەتی هۆگری لەبەرکردنی ئەو جۆە کراس و دەرپێ تەنکانەن!...

***

جێگاکە پڕبوو لە ڕووت هەموویان لە خۆشی و شادمانییدابوون لە یاریکردن وازم هێنا بەتەنشت هاوڕێ کەمەوە (ماکس) لەبن دارەکاندا دانیشتم پێی گوتم:

(برا تۆ نازانیت لە ڕۆژانی یەکشەمواندا چەند خۆش ڕائەبوێرین بەدەم خۆشە پیاو شەش ڕۆژی خشت لەناو دیوارە ڕەشەکانی ناو شاردا بمێنێتەوە، بەو هەموو ئەرک و ئازارەی کاروفرمانەوە لە ڕاستیدا ڕۆژانی یەکشەمموان، کە دێینە ئێرە، خۆمان لە بەهەشتدا ئەبینین بەهەشتی لەش و گیان!).

قسەکانی هاوڕێکەم خستمیە بیرکردنەوەوە منیش دەستم کرد بەسەیرکردنی هەموویان، لەکاتی گەمەو یاریی و بەزمو پێکەنینیاندا لێیان ورد ئەبوومەوە و، بەراووردم ئەکرد لەناوەند ئەم ژیانە و ئەو ژیانەدا کە لەناو شارەکاندا پێیانەوە ڕاهاتبووین.

وا لەوێوە (حەوا)یەکی بچووک دانیشتووە، مەمک ئەدا بەمناڵە بچکۆڵەکەی کە تەمەنی لە چەند مانگێک تێپەڕ ناکات مناڵەکە هەرچەندە تازە هاتۆتە جیهانەوە بەڵام زۆر هۆگری بیروباوەڕی ڕووتییە دایکەکە و مناڵە ساواکەی بەو ڕووتییەوە، کە شیری ئەدایێ و گرتبووی بەباوەشییەوە، چاو ئەندازێکی وای لێ پێک هاتبوو، کە دڵی هەموو تەماشا کەرەکانی کێش کردبوو. جگە لەوە، گەورەی خێزانێکی گەورەیشم چاوپێکەوت، لەگەڵ هەردوو مناڵە بچکۆڵەکانی خۆیدا یاریی ئەکرد.

مناڵەکان، کوڕوکچێک بوون، بەسەر پشتی باوکیاندا هەڵ ئەگەڕان، بەچوار چنگۆڵە خۆی بۆ دابوون بەسەر چیمەنەکەدا.

منالێکی بچکۆلەیشم دیی لەناو گالیسکەیەکی بچووکدا بوو، بەقاییم ئەیقیژاند و ئەگریا دایکەکەی بەپەلە هات بەلایەوە، گرتی بەباوەشە نەرمونۆڵە گەرمەکەیەوە، بەهێواشی لەگەڵیا ئەجووڵایەوە تا ژییری بکاتەوە و بێ دەنگی بکات.

ئەوە بوو من دییم لەوێ کامەتان ئەو تاوانبارییی و بێ ئابڕوویییەی کە دوژمنەکانی ڕووتی ئایاننوسێنن بەڕووتەکانەوە؟ کامەتان ئەو کردەوە ناشیرینیانەی ئەوان هەڵی ئەبەستن بۆ ڕووتەکان؟ من هیچی وام لێ نەدیوون!.

جا ئەگەر ڕووتی ئارەزووی هەندێ کەس ببزوێنێ بۆ داوێن پیسی، ئەو لەناو ڕووتەکان خۆیان دانییە بەڵکو لەناو ئەوانەدا ڕوو ئەدات، کە لەدەرەوە، دەموچاو ئەنێن بەکون و قوژبنی دیوارەکانی زەویی ڕووتەکانەوە بۆ ئەمەی لە ڕووتەکان وردبنەوە چی ئەکەن، کەچی ڕووتەکانیش ئاگایان لەخۆیان نییە، خەریکی بەزموڕەزمی داوێن پاکانەی خۆیانن.

بەڵام ڕووتەکان وازیان لەو هەڵمەتە کاسانە نەئەهێنا.

لە کۆڵیان نەئەبوونەوە، تا جەزرەبەیان پێ ئەگەیاندن بەڵکو سزادانی ئەوانەیان بەڕابواردنێکی خۆش ئەهاتە پێش چاو ئەگەر ڕووتەکان، کە لەناو درەختەکاندا بوون، چاویان بەیەکێ لەو بێ شەرمانە بکەوتایە تەماشایان ئەکات، بۆی ئەچوونە سەر دیوارەکان، بەجامێک ئاوەوە، بەخۆی نەئەزانی تا ئەیان کرد بەسەریا و تەڕیان ئەکرد.

کە کابرا بێ شەرمەکە وای لێ ئەکرا، هەڕای ئەکرد و هاواری ئەکرد و ئەیقیژاند و جنێوی پێ ئەدان، ڕووتەکانیش تیزیان پێ ئەکرد و پێی پێ ئەکەنین.

جاری وایش هەبوو، بێ شەرمەکە قینی لێیان هەڵ ئەسا، ئەیدانە بەر بەرد و پەڵی تی ئەگرتن چەند کەسێکیش لە ڕووتەکان، دەمودەست شەڕواڵێکیان لەپێ ئەکرد و دوای ئەکەوتن، تا ئەیانگرت ئەوساکەیان بەزۆروایان لێ ئەکرد کە لێیان بپاڕێتەوە و داوای بەخشینیان لێ بکات، یاخود ناچاریان ئەکرد کە هەندێ وێنەی ڕووتەکانیان لێ بکڕێ بۆ ئەمەی پاشەکەوتی کۆمەڵەکەیان زۆربکەن:

***

لەوکاتەدا کە لەژێر سێبەری دارەکاندا دانیشتبووین، گوێمان لە دەنگی چەند پێیەک بوو، بەهێواشی ڕووی ئەکردە دیواری هەوارگەی ڕووتەکان لەناو دارستانەکەدا دووکەس لە لاوەکان بەگورجی جامی پڕ ئاویان ئامادەکرد کچێکیش بەناو درەختەکاندا دەربازبوو، بێ شەرمەکە بدۆزێتەوە بەجارێک سەری سوڕما لەوەی کە دیی پیرێژنێکی کۆماوەیە چاوی



ناوە بەدرزی دیوارەکەوە، سەیری ڕووتەکان ئەکات کچەکە بەزەیی پیاهاتەوە، کە هاوڕێکانی ئاوی بەسەرا بکەن. لەپش دیوارەکەوە تێی خوڕی دایکە ئەوە چی ئەکەیت لەو دیوەوە؟ ئەگەر نەڕۆیت ئاوت بەسەرا ئەکەن.

بەڵام پیرێژنەکە چاو قاییم بوو، نەترسا لەوەی ئاوی بەسەردا بکەن جێگاکەی خۆی بەرنەدا بەڵکو بەدەنگێکی بڵندەوە وەرامی دایەوە گوتی:

(ژنێکمان هەیە، دێتە ئەم شوێنە هەرچەندە لێی ئەپرسم بۆچی دێیتە ئەم جێگایە، پێم ناڵێ چی ئەکات لێرە لەبەرئەوە، ناچاربووم خۆم بێم بۆ ئێرە، بۆ ئەمەی بەچاوی خۆم ببینم، ئێوە چی ئەکەن ئاخۆ ڕاستە ئێوە ڕووتن، یاخود چاوم ڕێشکەوپێشکە ئەکات؟).

کچەکەیش پێی گوت: (نەنکی خۆم ئەوی ئەبینی ڕاستە ئەگەر پێشت خۆشە وەک ئێمە ڕووت ببیتەوە، ئەوا دەرگاکەت بۆ ئەکەینەوە و سەرچاوی ئێمە هاتی). بەڵام پیرێژنەکە، نەیتوانی وا بکات بەدەم هەڕا کردنەوە گەلێک قسەی ناشیرینی پێ گوتن.

***

پاش ئەوان، کۆمەڵێک لەسەر چڵەکان هاتن، لە حەوت کەس پتربوون یەکێک لەوانە پڕیشکێ ئاوی بەرکەوت.

سەری تەڕکرد لە داخا دەموچاوی سوور هەڵگەڕا ئەوی قینیشی زۆرتر هەڵساند ئەوەبوو کە ئاوەکە جلە ڕێکوپێکەکانی ڕۆژی یەکشەموانی ژاکاند بوو.

کابرا کە دەستی کرد بەجنێودان و قسەی ناشیرین هاوڕێ کانیشی لەوەدا پشتیوانییان کرد کە ڕووتەکان پێیان پێکەنین، قینیان زۆرتر هەڵسا نوشتانەوە بەرد هەڵ بگرن بۆ ئەمەی لە ڕووتەکانی بگرن دیارە ئەوەیش بۆ ڕووتەکان زۆر خراپ ئەبوو دەمودەست، لە دەکەسێک زۆرتر دەرپێی خۆیان لەپێ کردەوە و ڕایان کرد بەدوای ئەو خوێڕییانەدا کە نزیک یەکتر بوونەوە، بووە شەڕە جنێو لەناویاندا، پاشان بەچەند قسەیەک شەڕەکەیان کوژایەوە کە خوێڕییەکان سەیری ژمارە زۆریی ڕووتەکانیان کرد چاویان ترسا و ملیان پێ دان لەوکاتەدا ڕووتەکانیش هەڵ ئەگەڕان بەسەر دارەکاندا سەیری شەڕوشۆڕەکەیان ئەکردن.

منیش وەک مەیموونێکی گەورە بەسەر لقی درەختێکی بڵندەوە خۆم مەڵاس کرد بوو، سەیری ئەو چاو ئەندازە سەیرەم ئەکرد، کە هەندێ ڕووت سەیری شەڕوشۆڕی هەندێ شاریی جل لەبەر کراویان ئەکرد.

***

ڕۆژ بڵندبووەوە، کەوتە ناو جەرگی ئاسمانەوە گەرمایی تیشکەکەی ئەیپڕووکاندین، (باریان) وای بەباش زانی کە خۆمان بشۆین قسەکەیم پەسەند کرد چووینە ناو ئەو ئەستێرکەوە کە چوارلای سەرچاوەکەی داپۆشیبوو. کچێکی جوانیش هاتە لامانەوە هەرسێکمان دەستمان کرد بەئاو پرژاندن لە یەکتری، گەمەمان بەئاوەکە ئەکرد. لەوکاتەدا کە یاریمان ئەکرد کچەکە هەڵ ئەنگوت کەوتە باوەشمەوە هەردوو لەشمان لەیەک کەوت!...

کچەکە دایە قاقای پێکەنین بەسووکی و بەبێ شەرم، خۆی لە دەستم ڕزگار کرد کەچی من هەستم بەناوچەوانی خۆم ئەکرد، لەشەرماندا گڕی گرتبوو!...

***

بوو بەنیوەڕۆ، کاتی چێشت خواردن هات زۆربەی ئەوانەی هاتبوون، خواردەمەنییان لەگەڵ خۆیان هێنابوو کچێکی ڕووتیش لەناو کۆڵێتەکەدا خەریکی قاوە لێنان بوو.

دەستەی ئازادەکان، گژوگیا خۆر نەبوون. زۆری وایان تیابوو، گۆشت و مەیی لەگەڵ خۆی هێنابوو لەسەر چیمەنەکە دانیشتن و بەتریق و هووڕ و پێکەنینێکەوە دەستیان کرد بەنان خواردن.

بەڵام ئێمە نانمان لەگەڵ خۆمان نەهێنابوو جلەکانمان لەبەرکرد و چووین بۆ ناوشار، بەدوای خواردەمەنیدا ئەگەڕاین دوایی لە چێشتخانەیەکی ناوشاردا نانێکی بەدڵمان خوارد.

پاشان شووشەیەک مەیی کۆمان کرد بەسەریا بەم ڕەنگە هەرچی پزیشک (فرنزل) دایناوبوو، پێڕەویم نەکرد کە لە خواردن بووینەوە، چووینەوە خاکی ئازادەکان.

سەرلەنوێ بەرگەکانمان داکەندەوە گەرما تاوی سەندبوو لەبەرئەوەی کە لەبەر هەتاودا زۆرمابوومەوە توێخی لەشم لە سەر شانما چووبوو ئافرەتێکی دڵ چاک بەزەیی پیاما هاتەوە، هات و نەختێ ڕۆنی لێدا. سوپاسم کرد و چوومە تەنشتیەوە لە سێبەرەکەدا دانیشتم گفتوگۆیەکی دوور و درێژمان کرد لە بابەت خۆیەوە و چیشی بەسەرا هاتووە لەناو شەڕی گەورەدا.

گوتی: یاخوا گەورەم، هەرگیز شەڕی وا سامناک نەبینینەوە پاشان کچەکەی خۆی بانگ کرد، کە لە تەمەنی چواردە ساڵاندا بوو، پێی ناسیم، گوتی: (ئەمە دۆزای کچمە ئەزانێ بەزمانی ئێوە باش قسە بکات دۆزا قسەی لەگەڵ بکە!).

بەڵام (دۆزا) کچێکی زۆر شەرمن بوو نەیوێرا قسە بکات.



کە دایکی زۆری لێ کرد قسە بکات، زمانی کرایەوە بەڕستەیەکەوە، کە لەوەپێش لەبەری کردبوو، گوتی: (باوکی نووسەری گەورە، ڤیکتۆر هیگۆ ئەفسەرێک بوو لە لەشکری ناپلیۆندا).

دایکەکەی بەشانازییەکەوە لێی پرسیم، (فەرەنسی باش قسە ناکات؟)

گوتم: (بەڵێ... تا ئەندازەیەکی گەورەیش!...)

***

ئافرەتێکی زۆر قەڵەویش لەوێ بوو، بازی ئەدا بەسەر گوریسدا.

سەروشێوەی، مرۆڤی ئەهێنایە پێکەنین هەندێ منالی لێ کۆبووەوە، گەمەیان پێ ئەکرد منالە ساواکەی خۆیشی[1] پێی گوت: دایە تۆ زۆر ئەستووریت ناتوانیت باز بدەیت.

باوکیشی، کە بەپێچەوانەی ژنەکەی لەڕولاوازبوو، وەرامی دایەوە گوتی: وازی لێ بێنە بام بازیدات بەڵکو بەوە هەندێ پیو لە قەڵەوییەکەی خۆی دابنێ.

ژنەکە تووڕەبوو پەتەکەی بەدەستیەوە بوو، بازدی بەسەردا بدات، فڕێی دا و هەڕای کرد بەدووی مێردەکەیدا، پێی گوت: (ڕاوەستە بۆم نارەسەن پێشانت بدەم کە چۆن تیز بەژنەکەت ئەکەیت!).

بەڵام کابرا لەش سووک بوو، زوو خۆی لەدەستی ڕزگار کرد، خۆی کرد بەناو دارەکاندا، ژنەکەیشی هەر هەڕای ئەکرد بەدوایا، هەموو لەشی ئەلەرییەوە.

لەناو درەختەکاندا، کاتی چواری پاش نیوەڕۆ، چایمان خواردەوە دانیشتین لە بابەت وێژەوە قسەمان ئەکرد.

بەو بۆنەیەوە، ناوی نووسراوەکەی (زیمازک) هاتە پێشەوە:

(هیچ شتێکی تازە لەلای ڕۆژئاواوە نییە) باریان گوتی: بەڕاستی نووسراوێکی سەیرە کە خوێندمەوە، هەرچی تەنگوچەڵەمە و سەرگەردانییەکم لەو شەڕە گەورەیەدا دیبوو، بیرم کەوتەوە لەوکاتەدا کە ئێمە کەوتبووین بەکۆی قسەکردندا، منالەکان بەدەسکی تەختەوە تەنسیان یاریی ئەکرد لەوکاتەدا کارگێڕی دەستەکە و ژنەکەی و منالەکەی هاتن بۆلامان باریان منی پێ ناسیی کابرا کە گوتی:

– من شادمانم بەسەر لێدانی فەرەنسییەک بۆ خاکی ئێمە هیواداریشم کە لەمەو دوا

(١) ڕاستتر: منالە بچووکەکەی خۆیشی...، (ساوا) بۆ تازە لەدایکبوو بەکاردێت.

ژمارەیەکی زۆر لەهاو نیشتمانەکانت سەرمان لێ دەن ئێمەیش هەرچییەکمان لەدەست بێت، ئەیکەین، بۆ ئەمەی بەخۆشیی و سرەوتەوە لەناوماندا ڕاببوێرن.

***

ئێوارە، کاتی حەوت، دەستمان کرد بەجلگۆڕین بۆ ئەمەی بگەڕێینەوە پێش ئەوەی شوێنەکە بەجێ بهێڵین، ماڵ ئاواییمان لە هەموو هاوڕێکانی ئەو ڕۆژەمان کرد.

کە لە ڕێگای (دروستاد)ەوە گەڕاینەوە، قسەمان هەر لەسەر ڕووتی و ڕووتەکانەوە ئەکرد.

باریان گوتی: لەبابەت کۆمەڵەکەی ئێمەوە بیروباوەڕت چییە؟

پێم گوت: زۆرباشە لە ڕاستیدا ئێوە ڕۆژانی یەکشەموانتان زۆر بەخۆشییەوە ڕائەبووێرن جیاوازیی زۆر هەیە لەناوەند ئێوە و ئەو کەسانەدا کە لە مەیخانە و زەماوەندخانەکاندا ڕائەبووێرن.

گوتی: کەواتە تۆ پێ لەوە ئەنێیت کە ڕووتی شتێکی باشە.

گوتم: بەڵێ پێی لێ ئەنێم ڕووتی هەروەک بەکاری لەش دێ، هەروەها دەروونیش پوختە ئەکات بەڵام من تەنیا کەموکوورییەکی تیا ئەبینم؛ ئەویش ئەوەیە کە جێگا شوورەیییەکانی لەشی مرۆڤ دەرئەخات.

هاوڕێکەم بەرپەرچی دامەوە، گوتی: تۆ بەهەڵە داچوویت.

ئەمە ڕاستە، کە زۆر لەشی وا هەیە، کە ڕووت کرایەوە، یەجگار ناشرینە بەڵام ئایا جلوبەرگ هەموو ناشرینییەکی پێ ئەشاررێتەوە؟! ئەی بەتەنشت ئەو لەشە ڕووتە ناشیرینانەوە چەند لەشی شەنگوشۆخ و نەرمونۆڵ ئەبینیت، کە خاوەنەکانیان مافیان هەیە پێیانەوە بنازن؟

نە ء گەورەم! هەرگیز ئەوە مەڵێ کە ڕووتی لە جوانی لەش کەم ئەکاتەوە چونکە بەپێچەوانەی ئەوە، ڕووتی، هەمووکەس هان ئەدا بۆ پەروەردکردنی لەشی، تا لە شێوەیەکی هەرە جواندا دەرکەوێ.



## بەشی حەوتەم

### شارێکی کۆن

لە شاری (درمز)دا کە کەوتۆتە گوێ ڕووباری (ڕاین)ەوە هەندێک مامەوە (درمز) شارێکی پیشەسازییە، لە شارە هەرە کۆنەکانی ئەڵمانیایە پڕە لە کەلەپووری خونکار و پێشەواکانی جەرمان ژمارەیەکی زۆریش لە کلێسا هەرە کۆنەکانی ئەڵمانیای تیایە کە کەلات و دژە کۆنە ڕووخاوەکانیم ئەدیی، شارەکانی سەردەمی ناوەڕاستی ئەورووپام ئەهاتەوە یاد.

لەبەرئەوە دانیشتوانی شاری (درمز) لە هی هەموو شارەکانی تری ئەورووپا، زۆرتر کۆنە پەرستن بیروباوەڕی سەربەست لەناویاندا ناژی کەسی وایشیان تیا نابینی کە قژی ببڕێ یاخود کراسەکەی ئاودامان نەبێ، مەگەر کەم یەکێکیان بۆی گێڕامەوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان کچێک دێتەوە ماڵی باوکی بەقژێکی خشت کراوەوە لەسەر شێوەی تازە، باوکەکە دەمودەست دەری ئەکاتە دەرەوە لە ماڵ!...

لام وایە لەپاش ئەم پێشەکییە، پێویست بەوە ناکات کە بڵێم (پێش بینی ڕووتی) لە جێگایەکی وەک شاری (درمز)دا بڵاونابێتەوە کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، زانایەکی گەورە لە دانیشتوانی ئەم شارە پەیدابوو، ناوی (پیتەر نیدەر)بوو، پێشنیازێکی پێشاندا کە جێگایەک بۆ ڕووتەکان تەرخان بکرێ لەشاری (درمز)دا جا ئیمرۆ کەینەوبەینەی ئەم پیاوە گەورەیەت بۆ ئەگێڕمەوە.

***

(پیتەر نیدەر)، چ بەوتار، چ بەنووسین، خەباتی کردووە بانگی ڕاهێشت کە لە شاری (درمز)یشدا، هەوارگەیەک بۆ ڕووتەکان بکرێتەوە بەڵام لە یەکەم وتاریەوە، سزادرا، گوێ گرەکان تیبزیان پێ کرد و هانیاندا ئازاری بدرێ، باڵباز لەوێدا نەبووایە، ڕزگاری نەئەبوو لەدەستیان.

لەگەڵ ئەوەیشا، (پیتەر) ورەی بەرنەدا، کۆڵی نەدا، وەڕس نەبوو هەتا پێی کرا وتاریدا و بانگی ڕاهێشت بۆ بیروباوەڕەکەی خۆی لەبارەی ڕووتییەوە ئەو ئەنجامەی پێی گەیشت، بەبیردا نەئەهات چونکە گیراو خرایە نەخۆشخانەی شێتانەوە چواردە ڕۆژ لەوێدا مایەوە.

ئنجا پزیشکەکان هەستیان پێ کرد کە شێت نییە و بەرەڵڵایان کرد (پیتەر) گەڕایەوە

(درمز)، بەڵام ئەمجارە وەک پێشوو، بەگەرمی لەسەر بیروباوەڕەکەی خۆی خەباتی نەئەکرد.

ڕۆژێک لەڕۆژان، باڵبازەکان یانەیەکی تایبەتیان دۆزییەوە، نزیکەی بیست کوڕ و کچێکی ڕووتی تیابوو، بەمەبەسێکی خراپەوە پێکەوە ڕایان ئەبوارد بانگ ڕاهێشتنەکەی (پیتەر نیدەر) و (فرنزل) و (کووخ) و ئەوانی تر کە بۆ ڕووتی، خەباتیان ئەکرد، بۆ ئەوەنەبوو، باڵبازەکان یانەکەیان داخست و پەردەیەکی ڕەشیان بەسەر ئەو کارەساتەدا دایەوە، کە کەس پێی نەزانێ چونکە هەر کەسێکیان تیادیی، لە کچان و کوڕانی پیاوە گەورەکانی شاری (درمز) بوون!...

بەڵام، وەک هەموو ڕازێکی تر، ئەم ڕازەیش هەندێکی گەیشتەوە بەدانیشتوانی شارەکە بەڵام هەمووڵایەک، ئۆباڵی ئەوەیان خستە ئەستۆی (پیتەرنیدەر)ی بەسەزمان تاوانباریان کرد بەوەی کە بەهۆی بانگ ڕاهێشتنەکەی ئەوەوە بۆ ڕووتی بیروباوەڕی لاوەکانی ژەهراویی کردووە.

بەکورتی لە هەموو نووسراوخانەکان شاری (درمز)دا گۆڤارێک لە گۆڤاری ڕووتەکانت دەست ناکەوێت کەچی لەهەموو شارەکانی تری ئەڵمانیادا ئەوانەت چنگ ئەکەوێ خۆ نووسراوەکانی سەرکردەکانی ڕووتەکان وەک هی:

(کووخ، فیلدا، زیمەرمان، جۆزیە بەرنار، فرنزل) ئەوە هەر بەجارێک بەربەست کراوون کەبێنە شاری (درمز)وە.

***

لەگەڵ ئەوەیشا، نزیک بەشاری (درمز)، زۆر لە کۆمەڵە ڕووتەکانمان چاوپێئەکەوێ ئەو (درمستاد)ەی کە ئازادەکان دروستیان لە شاری (درمز)ەوە نزیکە لەویش نزیکتر لە (درمز) (لەوشاگن) هەیە کە کووخ خوێندنگایەکی تیا کردۆتەوە بۆ وەرزشکردن بەڕووتی لەسەر ڕووباری (ڕاین)یش لەسەر سنووری (درمز)، (لیبیس ئەلزل) یاخود (دوورگەی دڵداری) هەیە، وەک خۆیان ناویان ناوە، ئەویش بریتییە لە سەیرانگایێک
کراوەتەوە بۆ ڕووتەکانی شاری (مەنهایم)ی نوێ.

دوورگەکە، بەچاو ئەبینرێ، نە پەردە هەیە و نە دیوار بیشارێتەوە لەچاوی ڕێبواران هەرگیز بێ ڕووت نابێت، بەتایبەتی لە ڕۆژانی یەکشەمواند، کە لە هەمووڵایەکەوە ڕووتەکان ڕووی تێ ئەکەن دانیشتوانی (درمز)یش کە لەناو کەشتییەکانیاندا بەلایاندا



تێ ئەپەڕن و چاویان پێیان ئەکەوێت ڕووتن، لەپێناو ڕەوشتی چاکدا، پیشیان لێ ئەخۆنەوە و لەو بێ شەرمانە توورە ئەبن هی وایشیان تیایە ئەمەندە قینی لێیان هەڵ ئەستێ، لە کەناری ڕووبارەکە دائەبەزن و ڕووتەکان ئەدەنە بەر پەڵ بەڵام خۆش بەختانە، ڕووباری (ڕاین) لەو جێگایەدا پان و فراوانە، پەڵ و بەردی ئەو دوژمنانەیان ناگاتێ!...

چەند ڕۆژێ لەناو خێزانێکی (درمز)یدا ڕام ئەبوارد گەورەی خێزانەکە بازرگانێکی گەورەبوو، خۆی ئەپاراست لە گوناه، یەجگار خۆی ئەنووساند بەئایینەوە هەموو بەیانییەک ئەچوو بۆ کڵێسا: هیچ ئاهەنگێکی ئایینی یاخود نوێژی نەئەبوارد، ئەچوو.

کابرا مەند و لەسەرخۆ بوو، وەک هەموو خواناسێک بەڵام ئەگەر بتویستایە یەجگار توورەی بکەی، لە بابەت ڕووتی یاخود ڕەوشتی ڕووتەکانەوە قسەت بۆ بکردایە هەرچییەکی لەلا بوایە، لە توانج و پلار و جوێن لە دەمی دەر ئەپەڕیی.

بازرگانەکە، کچێکی گەورەی هەبوو ئەوەندەی باوکی خواناسی ئەنواند هەرچەندە بەدزییەوە مارەکرابوو لە لاوێکی میسری کە خۆشی ئەویست بەڵام هیچ لە باوکی نەگەڕابووەوە، لەبابەت نەویستنی ڕووتییەوە.

ڕۆژێکیان، بەهەڵمزانی، باوکی لەوێ نەبوو، نووسراوێکی خۆمم پیشاندا لەبابەت ڕووتەکانەوە کە ناوی نووسراوەکەی خوێندەوە، لەپێشدا لێوی خۆی گەست، ئەیەویست ڕقی خۆی لە من بشارێتەوە بەڵام بەزۆرە ملێی من، دەستی کرد بەکردنەوەی لاپەڕەکانی کە چاوی کەوت بەوێنەی کۆمەڵێک لە ڕووتەکان، ئەوەندە قینی هەڵسا، خۆی پێ نەگیرا، نووسراوەکەی فڕێدا و قیژاندی گوتی:

(ئەتەوێ کۆمەڵێک لەو وێنە گەند و نەنگانەم پیشان بدەیت کە لە پاریسدا باون؟)

منیش دەستم کرد بەپێکەنین، گوتم:

(نەء فرۆلین... ئەم وێنانە فەرەنسی نین ئەڵمانین لەشاری بەرلین خۆیدا کێشراوون... بەڵام نە گەندن، نە نەنگ!...)

ئەوەندەی نەمابوو، لە قیناسکی خۆی هەڵ بدڕێ، گوتی:

(بەڕاستتە، ئەم وێنە گەندونەنگانە لە ئەڵمانیادا دووروست کراون، ئایا شتی وا ئەبێ هەبێ؟)

پێم گوت:

(بم بەخشە... ئەم وێنەیە، وەک لەوەپێش گوتم، نە نەنگە نە گەندە... ئەگینا ئەگەر وا

بوایە، ئەم ئەتوانی پیشانی تۆی بدەم تۆ ئەگەر لێی ورد ببیتەوە، تێ ئەگەیت کە چەند بەهەڵەدا چوویت!)

دیسانەوە زۆرە ملیم لێ کرد نووسراوەکەی هەڵگرتەوە و ئەم جارە بەوردییەکەوە سەیری وێنەکەی کرد دوایی پێی لێنا و گوتی:

(ڕاست ئەکەیت ئەم وێنەیە نە گەندە و نە نەنگ بەڵام نە ئەبوو چاپ کرایە و بڵاوبکرایەتەوە بەناو مرۆڤدا).

پێم گوت: (بڕوام پێ بکە، مسیۆ فەریدی دەسگیرانت بیروباوەڕی وەک تۆ نییە).

گوتی: (بەلای تۆوە وایە؟)

گوتم: (بڕوام پێ بکە ڕاستیت پێ ئەڵێم).

لە قسەکەم دوو دڵ مایەوە و سەرێکی ڕاوەشاند، گوتی:

(بەپێویستی ئەزانم کە دڵسۆزانە ئامۆژگاریت بکەم: نووسراوەکەت پێشانی باوکم مەدە، ئەگینا سەرت ئەبڕێ!...)

***

ڕۆژێکیان لە ماڵی ئەو بازرگانە چام ئەخواردەوە لە پڕ ناسیاوێکی هات، قینی هەڵسابوو، بۆڵەبۆڵی ئەکرد کەدیم وا چووە دڵمەوە کە ئەو کابرایە یان ئەبێ قەشەبێ، یاخود ئەبێ سەر بەکڵێسابێ.

لەوەدا بەهەڵەدا نەچووبووم.

کابرا گوتی: جۆهان، توخوا کورسییەکم بدەرێ لەسەری دانیشم ئەوەندە ماندووبووم، قاچم لەدوام نایەت.

خانەخوێکەم کورسییەکی دایە و لێی پرسی: (چیت لێ قەوماوە بیلێ شتی خراپم بەدڵدادێ).

قەشەکەیش قیژاندی وتی:

(ئەگەڕامەوە لە گوندێکی دراوسێ، کە بۆ هەندێ کاروباری خۆم چووبووم کە بەسواری ئەسپە ئاسنینەکەم گەیشتمە ڕاستی (دوورگەی دڵداریی)، لە گوێ دوورگەکە بەو بەرەوە کۆمەڵێک ژن و پیاو و منالّم دی، هەموو ڕووت بوون لەسەر زەوی و لەناو ئاوەکەدا بە ڕووتی یارییان ئەکرد پرزۆڵێ جلیان لەبەردا نەبوو چەند شەرمە مرۆڤ وابێ ئابڕوو بێ!...

هیچ هەستێکی مرۆڤایەتی نەمێنێ!... کە ئەوانەم دیی، کوێراییم بەچاودا داهات



دەمودەست لە ئەسپە ئاسنینەکەم دابەزیم و هەرچیم هاتە بەردەست لە پەل و وردە بەرد تێم گرتن، هەرچیم هاتە سەر زبان لە قسەی پیس و ناشیرین پێم گوتن، کردمن بە بەراز و سەگ، کردمن بەدز و درۆزن کەچی ئەو هەمو بەرد و جنێوانە کاری لێ نەکردن تووڕە نەبوون دەستیان کرد بە قاقای پێکەنین و تییز پێکردنم تەنانەت ئافرەتێکیان زمانی لێ دەرکێشام. قوڕبەسەر ئەو واوا لێ کراوانە، بزانە چییان بەسەر دێنم!...).

خانەخوێکەیشم، وەک ئەو ڕقی هەڵسا، دەموچاوی تێک چوو بەقایم دەستیدا بەمێزەکەدا و بەدەنگێکی وەک هەورە تریشقە قیژاندی گوتی:

(ولفرید، ئەگەر لەجێی تۆبوومایە و تفەنگێکی پڕ لە فیشەکم پێ بوایە، تێم ئەگرتن و وەک سەگ ئەم کوشتن!)

ئەو قسانە منیان خستە پەژارەوە، لە جێگاکەی خۆمدا هەندێک ئەمدیو و ئەودیوم کرد دەستم کرد بەگیرفانمدا هەندێ وێنەی ڕووتەکانی تیابوو، کۆم ئەکردنەوە.

بازرگانەکە، قسەکەی خۆی نەبڕییەوە، ئەیگوت:

(ئەو جۆرە کەسانە، ئەوە هەڵناگرن، پیاو بەزەیی پیایاندا بێتەوە وا هەڵ ئەگرێ فەرمانڕەوایی هەموویان بگرێ و وەک سەگ بیانخاتە ناو کۆڕێکی فراوانەوە، پاشان یەک لەدوای یەک بەگوللە بیانکوژێت!...)

منیش بەترسێکەوە لێم پرسی: (ئەی ئافرەتەکان؟)

گوتی: (تەنانەت ئافرەتەکانیش ئەبێ وەک ئەوانی تر بکوژرێن.. ئەوانە هیچیان مافی ئەوەیان نییە بژین تۆیش ئەتەوێ لەسەریان بکەیتەوە؟)

منیش ناچاربووم پێم گوت: (نە ء. من چۆن لەسەریان ئەکەمەوە)

پێی گوتم: (کەواتە تۆیش وەک منی؟). منیش ناچاربووم، دوای قسەکەی ئەو بکەوم، پێم گوت: (دیارە بیروباوەڕی منیش لەگەڵ هی تۆدایە بەڵام من کوشتنیان بەپێویست نازانم!).

گوتی: (بۆچ؟ ئەی ئێمە مێش و مەگەز ناکوژین؟ ئەو جۆرە کەسانە وەک مێش و مەگەز وانە، نە کەمترن نە پتر ئەوانە مێش و مەگەزێکی وان کە ژەهر بڵاوئەکەنەوە بەناو کەسانی تردا، تووشی نەخۆشیی ڕەوشت و خوو و سەرگەردانییان ئەکەن جیهان وای لێ هاتووە کە ئەوانە وا بێ ئابڕوویان لێ بێت و خۆیان لەبەرچاوی منالّەکانیان ڕووت بکەنەوە؟ وام لێ هاتووە، خۆم پێ ناگیرێ، ناتوانم دەمی خۆم بگرم!...)

کابرای میوانیش گوتی:

(جۆهان ڕاست ئەکات کوشتن کەمترین شتە کە بەوانە ڕەوا ببینرێ ئەگینا پێویستە بخرێنە ناو زیندانەوە، یاخود لە نەخۆشخانەی شێتاندا دابنرێن، ئەوەندەیش ئاو بکرێت بەسەریاندا تا ئاگایان دێتەوە بەرخۆیان و لە کردەوەی ناپەسەندی خۆیان و ئەنجامە خراپەکانی تێ ئەگەن!)

ئەم قیرە قیر و شاتە شاتە گەیشت بەخێزانی بازرگانەکە.

کچە گەورەکەی بازرگانەکە، بەهەڵەداوان هات تا بزانێ چی قەوماوە گوتی:

(بابە چی ڕووی داوە؟ ئەم دەنگە دەنگە چییە؟ ترسام یەکتری بکوژن!...)

باوکیشی قیژاندی بەسەریا گوتی:

(کچم بڕۆرەوە، لێرە مەمێنە ئێمە قسە لەشتی وا ئەکەین کە نابێ تۆ گوێت لێی بێ هەر ئێستە بڕۆ، مەمێنەوە!)

کچەکەیش لە دەنگی باوکی داچڵەکی و گوتی:

(ئەگەر ئەتەوێ گوێم لە قسەی وانەبێ تۆزێ دەنگت نزم بکەرەوە ڕێبوار هەموو گوێیان لە دەنگتە!)

کابرای بازرگان، دەنگی نزم کردەوە گفتوگۆکەیانم بەهەل زانی، بیانوویێکم دۆزییەوە، پێم گوتن بەڵێنێکم داوە گرنگە، بم بەخشن ئەبێ بڕۆم کچەکە هەتا دەرگاکە ڕەوانەی کردم لەوکاتەدا کە دەستی ئەگوشیم بەناوی لێ جیابوونەوە وە، گوتی:

(گوێ مەدەرە قسەی باوکم زمان و کردەوەی جیهانە لە یەکتری هەرچەندە هارە و هاژەی هەیە، بەڵام ئەوەندە دڵ نەرمە نەک مرۆڤێک، مێشێکیش ناتوانێ ئازار بدات.).

ئەوکاتە لەسەر بیروباوەڕی کچەکە نەبووم هەر ئەوەندە لە دەرگا چوومە دەرەوە، دەستم کرد بەپەلەپەل کردن لە ڕۆیینا، کە گیرفانیشم پشکنی، سوپاسی خوام کرد کە ئەو کابرا کۆنەپەرستە پێی نەزانی چیی تیایە ئەگینا ئەنجامم بەخراپ ئەگەیشت!...



## بەشی هەشتەم

گەڕانەوە بۆ درمستاد

لەپاش نیوەڕۆیی یەکشەممەیەکدا، کاتی دوو، لە ئیستگەی (هەرمستاد) نیشتمەوە ئەمەیش لەسەر ئامۆژگاریی هاوڕێ کەم بوو، (ماکس باربان) کە بۆی نووسیبووم لەو ڕۆژەدا بگەمە زەویی ئازادەکان بەڵێنی دابوومێ کە لەکاتی سێ دا لەوێ ئەمبینێ لەبەرئەوە، کاتێکم بەدەستەوە مابوو، کە ئەو ڕێگا درێژەی پێ ببڕم تا ئەگەمە خاکی ئازادەکان وام بەباش زانی کە خێرا بڕۆم تا لە کاتی پەیماندا بگەمە ئەوێ(١).

ئەوکاتە مانگی گەلاوێژ (ئاغستۆس)بوو، گەرما تینی سەندبوو.

لەبەرئەوە زۆرم پێ خۆش بوو، کە لە پاش چەند تاوێک ئەتوانم جلەکانم داکەنم و بەڕووتی لەژێر سێبەری ئەو دارە گەورانەدا دابنیشم. ئەوە خستمیە سەر ئەو بیرەی کە بانگ ڕاهێشتن بۆ ڕووتی ئەبێ هەر لەکەشی گەرمادا بکرێ نەک لە کەشی سەرمادا کە کزە با و ڕەشەبای سارد مرۆڤ ناچار ئەکەن خۆی لە جلوبەرگی ئەستووری خورییەوە بپێچێ، بۆ ئەمەی خۆی لەسەرماوسۆڵە و بەفروباران و سەخت بپارێزێ ئەگینا کەس گوێ ناگرێت لەقسەو ئامۆژگارییەکانت کە لە بابەت چاکەکانی ڕووتییەوە ئەیانکەیت، بەڵکو تییزیشت پێ ئەکەن!.

بەم ڕەنگە بەڕێگای خۆمەوە ئەڕۆیشتم و بیرم لە ڕووتی و ڕووتەکان ئەکردەوە، تا لە ڕێگای ناو جەنگەڵستانەکەوە، بەئەرک و ماندوێتییەکی زۆرەوە گەییشتمە خاکی ئازادەکان.

لەوکاتەدا یەکێک لە ڕووتەکانم دی، لەبەر دەرگاکەوە تێ ئەپەڕیی ئەچوو بۆ گەشتوگوزار، بەڵام بەناوی مەترسییەوە، لە قسەی ئەم و ئەو، دەرپێیەکی لەپێ کردبوو.

کە چاوی پێم کەوت، ڕۆژباشی لێ کردم و گوتی:

گەورەم، زۆر دڵمان خۆشە بەوەی کە بۆ جاری دووەم ئەتبینینەوە چونکە بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە یەکشەممەی پێشووت لەناوماندا بەخۆشییەوە ڕابواردووە.

پێم گوت: چۆن لەناوتاندا خۆش ڕانابوێرم، کە گەرما بەم جۆرەبێ.

گوتی: ڕاست ئەکەیت، گەرماکەی زۆر بەتیینە بەڵام کەسانی وا هەن هەستی پێ ناکەن،

(١) ڕاستتر: تا لە کاتی دیاریکراودا...

چونکە وەک ئادەمی بابەگەورەمان وان هیچیان لەبەردانییە لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتوگوزار کەران ئەبینیت لێرەدا.

پێم گوت: ئاخۆ مسیۆ باربان لێرەیە؟

گوتی: نەء هێشتا نەهاتووە بەڵام تاوێکی تر ئەگاتە جێ.

چونکە ئەو هیچ ڕۆژێکی یەکشەموان نابوێری نەیێ، لە هاویندا.

بەهەمـوو ڕەنگ، نەهاتنی ئەو بۆ ئێـرە، نابێ ببـێــتـە هۆی نەهاتنە ژوورەوەی تۆ بۆ هەوارگەکەمان چونکە تۆیش یەکێکی لە خۆمان.

ئنجا بەدەستی خۆی دەرگاکەی بۆ کردمەوە منیش چوومە ژوورەوە لەوێدا ژن و پیاوێکی زۆری تیابوو، لەسەد کەس کەمتر نەبوون هەموویان ڕووت بوون هەندێ پیاو و کچم دی لەو گەرما بەتینەدا تۆپ تۆپێنەیان ئەکرد لەبەر هەتاو هەندێکی تریشیان لەناو ئەستێرکی چوارلای کانیـەکەدا مـەلەیان ئەکـرد، خـۆیان فـێنک ئەکـردەوە، کـەوتبـوونە ناو جـەرگی هەوارگەکەوە.

منداڵەکانیش لەناو ئەو لمەدا کە ڕاخرابوو لەوێدا گەمەیان ئەکرد.

زۆر کەس لەو ژن و پیاوانەی کە جاری پێشوو دیبوومن، چاوم پێیان کەوتەوە هەندێکی وایشی تیـابوو کـە هێـشـتـا نـەم دیبـوون یەکـێک لە هاوڕێکانم منی پێ ناسین، هەمـوو لایەکیان دەستیان گویشم.

ژنێک لە مێردەکەی خۆی پرسی: وادیارە ئەم پیاوە بێگانەیە، ئاخۆ لە کوێوە هاتبێ؟

مێردەکەیشی پێی گوت: چیمانە بەسەر نیشتمانی ئەوەوە، کە ئەو هاو ئایینمان بێ!...

وا دەرکەوت ژنەکە بەوقسەیە دڵنیابوو، ئیتر وەرامی نەدایەوە.

***

چوومە ناو کـۆڵـێـتە دارینەکەی پێش دەمی هەوارگەکەوە، ناوی خـۆم تۆمـارکرد، لەسـەر لێدانەکەی پێشوومەوە ئەمە فێربووبووم.

پاش ئەوە، بێ چەندوچوون کـردن خـۆم ڕووت کـردەوە لەوکـاتەدا کـە من خـەریکی خـۆ ڕووت کـردنەوەبووم، ژنێکی ڕووت هاتە ژوورەوە ئیـتـر پێـویست ناکـات هەمـوو دەمـێک وشـەی (ڕووت) بەکـاربهـێـنمـەوە، چونکە هەرکـەسێ لـێـرەدا بێ ڕووتە ژنەکـە بۆ هەندێ کـەلوپەلی خـۆی هاتبـوو کە منی چاوپێکەوت، ناسـیـمـیـەوە، پاشان دەسـتی بۆ درێژکـردم دەستم بگوشێ لە جاری پێشووەوە ئەمناسی، لە جوانترین ڕووتەکانی (درمستاد)بوو.



گوتی: ڕۆژباش، دۆستەکەم تۆ هەر ئەبێ بەتەنیا بێیتە ئێرە؟

گوتم: بەڵێ بەڵام پاش تاوێک هاوڕێکەم (باربان) بەلامەوە ئەبێ.

گوتی: من مەبەستم لە مسیۆ باربان نییە، مەبەسم لە ژنەکەتە.

بەدەمێکی داچەقاوەوە پێم گوت: ژنی من؟!.

گـوتی: بەڵێ ژنی تۆ چونکە تۆ جـاری پێـشـوو پێت گـوتین کـە ژنەکـەت لەگـەڵـتـایە لە (درمز) ئەی ئەمجارە بۆچ نەتهێنا لەگەڵ خۆتدا؟!.

گـوتم: چونکە... لە ڕاسـتـیـدا، هێـشـتـا وای لێ نەهاتـووە کـە ڕووتی پەسـەند بـکات لەبەرچاوی کەسانی تردا خۆیشت ئەوە ئەزانیت کە مرۆڤ بەشتێک ڕانەهاتبێ، بەتایبەتی ئەگەر ئافرەتیش بێ، ئەوە زۆر گرانە بۆ ئەو کە بیکات.

گـوتی: ڕاست ئەکـەیت وایە. من خـۆیشم وادوو دڵ و ترسنۆک بووم، تا چەندڕۆژێکی گەرم هاتە پێشەوە، ئیتر خۆم پێ نەگیرا هاتمە ئەم هەوارە، کە دییم هەمـوو کـەس ڕووتن، ئیـتـر بەئاسـانی خـۆم بۆ ڕووت کـرایەوە ئەگـەر تۆیش ژنەکـەی خـۆت بهـێنایـە، وەک من بەئاسانی فێری خۆ ڕووت کردنەوە ئەبوو.

پێم گوت: ئەمجارە بێتەوە لەگەڵی خەریبک ئەبم... بەڵام ئەترسم بەقسەم نەکات... من هێشتا لە قسەکەم نەبوومەوە، پێی گوتم: ئەگەر ڕۆژی یەکشەممەکەی تر ژنەکەی خۆتت بۆ نەهاتە ئێـرە، من نامـەیەکی بۆ ئەنووسم، تکایە کـە بیـدەیتێ، من لەوە دڵنیـام کـە هەر خوێندیەوە، دەمودەست دێتە ناو کۆڕەکەمانەوە.

گوتم: بەلای منەوە وانییە چونکە وەک خۆت ئاگاداریت، هێشتا بیری (ڕووتی) لەناو فەرەنسیەکان وا زۆر بڵاونەبۆتەوە.

لەوکاتەدا کابرایەک بەجلوبەرگەوە کردی بەژووردا، ئەوە (باربان)ی هاوڕێم بوو.

ژنەکە گوتی: ڕۆژباش مسیۆ باربان باش بوو لە کاتی خۆیدا هاتیت خەریکی ئەوە بووم هاوڕێکەت بخەمە سەر بیروباوەڕی خۆم.

گوتی: چ بیروباوەڕێک؟

گوتی: ئەو ناهێڵێ ژنەکەیشی ببێتە ئەندامێک لە ئێمە. تۆ ئەوە بەباش ئەزانیت کە لەو بوەشێتەوە؟. جلەکانم تەواو داکەندبوو پێم گوت: بم بەخشە خانم من نیم کە ناهێڵم ئەو بێتەئێرە. ئەو خۆیەتی نایەت.

گوتی: جیاوازی ئەمەو ئەوە چییە؟

باربانیش کە بەکوڵی دڵەوە خەریکی داکەندنی جلوبەرگەکانی بوو گوتی: من لەبارمدا هەیە (مادام سالاردین) بگەیێنمە ئێرە تەنانەت ئەگەر خۆیشم چوومەتە لای و هێناومە، ئەیهێنم.

گوتی: ئافەرین مسیۆ باربان... ئەگەر تۆیش ئەوەت بۆ نەچووە سەر بەتەنیا، منیش دێم یارمەتیت ئەدەم.

ئەو زۆرەملێیەم پێ ناخۆش بوو چونکە ژنەکەی خۆمم ئەناسی کەللە ڕەق بوو لەوانە نەبوو بەقسەی کەس بکات!.

***

لەسەر چیمەنەکە لەبن ئەو سێبەری دارانەدا ڕاکشام، مسیۆباربانیش لە تەنشتمەوە بوو، گفتوگۆمان ئەکرد پێکەوە ئافرەتێکی جوان هاتە تەنشتمەوە، لەش و لارێکی جوانی پێوە بوو باربان تێی گەیاندم کە خاوەنی ئەو زەوییە کە ڕووتەکان یانەکەی خۆیان تیا دامەزراندووە.

ژنەکە ڕووی تێ کردم، گوتی: گەورەم، من یەکەم کەس بووم کە چوومە سەر ئایینی ڕووتی لەپێشدا بەهەمووماناوە هەشت کەس بووین ئەویش هەمووی سێ ساڵ لەمەو پێش بوو.

لێم پرسی: ئیمڕۆ چەند کەس ئەبن؟

گوتی:ئیمڕۆکە چوارسەد کەسێن هەروەک سەرنج ئەدەین ژمارەمان ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر ئەبێ ئەیشبینیی کە لە ساڵی داهاتوودا ژمارەمان لەوە یەجگار زۆرتری لێ دێ دیارە کە ژن بێ، یان پیاو، دەمودەست ڕووتی پەسەند ناکات.

ئەبێ لەپێشدا بابەتی ڕووتی لە نووسراو و گۆڤاراندا بخوێنێتەوە، پاشان گوێ لە وتار و مقۆمقۆیش بگرێ لەو بابەتەوە، ئنجا لەدوای ئەوە هەمووی کە لە ڕۆژێکی گەرمای وایشدا چاوی بەڕووتەکان کەوت، ئنجا دێتە سەر ئەوەی کە ئەویش وەک ئەوانی تر خۆی ڕووت بکاتەوە بەم ڕەنگە ژمارەی ڕووتەکان تا دێت زۆرتر ئەبێ.

پێم گوت: هیچ ئەوە ڕووی نەداوە، کە یەکێک هاتبێتە سەربیروباوەڕی ڕووتی، و پاش ئەوە لێی پاشگەزبووبێتەوە؟

گوتی: نەء... هەرگیز ئەوە لای ئێمە ڕووی نەداوە.

گوتم: ئەوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە بیرەکە بەهێزە و بەرگە ئەگرێ.



گوتی: بەڵێ وایە ئێمەیش ئەوە بە بەڵگە دائەنێین یەکێ لەو هۆیە بەهێزانەیش کە یارمەتیمان ئەدات و دۆستمان بۆ پەیدا ئەکات، تێ گەیاندنی هەمووانە لە بیروباوەڕەکەمان، بەهۆی سینەماوە چونکە وێنە لە نووسینیش و لە وتاریش باشتر ئەم و ئەو تێ ئەگەیێنێ لە کەینەوبەینەی ناو ئێمە جا پێویستە لەناو فەرەنسەیشدا وا بکەین، تا بیروباوەڕەکەمان باشتر بڵاو ببێتەوە.

گوتی: بەڵام داخەکەم فەرمانڕەوایی ئێمە، ڕێ بەبڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە فیلمانە نادات.

لەپێش چەند ساڵێکا فیلمێکیان پێشاندا بەناوی (هێز و جوانی)یەوە، هەموو کەس لێی کەوتە بەندوباو، تا فەرمانڕەوایی ناچار بوو، فەرمان بدات، نەهێڵێ لەوە بەولاوە پیشانی بدەن.

***

پەڵەهەورێکی تاریک بەری ئاسمانی گرتبوو وای ئەنواند کە زوو بەزوو بیکات بەباووباران و گێژەڵووکە (باربان) کە سەیری کرد گوتی ئەوەندەی پێ ناچێ گێژەڵووکە دامان ئەگرێت.

گوتم: ئەمە زۆر ناخۆشە... چونکە کۆڵێتەکە جێی هەموومانی تیا نابێتەوە.

گوتی: گوێ مەدەرێ، کە لە دەرەوە بمێنینەوە بۆ ئێمە باشترە باوەڕم پێ نەئەکرد، گوتم: ئەی بەم ڕەنگە بمێنینەوە؟

گوتی: دیارە وا بمێنینەوە باشترە چونکە هەروەک دێتە پێش چاوت، ئەگەر لەش ڕووت بێ، باران ئازاری نادات، بەڵکو کەڵکی پێ ئەگەیێنێ، پاکیشی ئەکاتەوە لێکدانەوەی ئەمەیش ئاسانە جلوبەرگ کە تەڕ بوو، بەلەشەوە ئەنووسێ، تا ماوەیەکی درێژ وشک نابێتەوە.

ئەوساکەس لەش سەرمای ئەبێ... ئاخۆ ئەزانیت من چی ئەکەم، کە لە دەرەوەبم و باران دام بگرێ؟

پێم گوت: بەهۆی چەترەکەوە، خۆت لە بارانەکە ئەپارێزیت.

گوتی: نەء. هەرگیز واناکەم من حەز لە چەتریش ناکەم.

گوتم: کەواتە ئەچیتە بن دارێکەوە، خۆت ئەپارێزیت لە باران.

گوتی: نەء وایش ناکەم دەمودەست جلەکانم دائەکەنم و گرمۆڵەی ئەکەم لەناو شتێکا تا بارانی لێ نەدات پاش ئەوە بەو ڕووتییەوە ئەڕۆم بەرێگای خۆمدا. خۆشیی ئەوە بۆ من،

لە ئاو بەخۆداکردنێکی بەیانیان، زوو، کەمترنییە ئەمە ئەگەر هاوین بێ بەڵام ئەگەر زستان بوو، چاوەڕوانی ئەوە ئەکەم تا لەشم وشک ئەبێتەوە ئنجا جلەکانم لەبەر ئەکەمەوە بۆ ئەوەیش زۆرم پێ ناچێ چونکە لەش زووتر وشک ئەبێتەوە لە جلوبەرگ ئەگەر یەکێک بەجلوبەرگەوەبێ و بارانیش تەڕی بکات، کەمتر لە دەکاتی پێناچێت بۆ ئەمەی تەواو وشک بێتەوە ئەوەیش زیان زۆر ئەبەخشێ بەلەش.

گوتم: ئەو بیرەی تۆ هەتە خراپ نییە بەڵام ئەگەر هاتوو لە کۆڕی ئۆپێرادا، لە ناوەڕاستی شاری (پاریس)دا ڕەهێڵەی باران دایگرتی، ئەوساکە چی ئەکەیت؟ ئەو بیرەت بۆ ئەچێتە سەر؟

بەقسەکەم زۆر پێ کەنی، پاشان گوتی: دیارە ناتوانم لەسەر ئەو بیرەی خۆم بڕۆم لەوێدا چەتر بەکارهێنان باشترە.

بەڵام هەروەکو لەوەپێش پێشانم دا، ئەگەر لە دەشت و دەردابووم، یاخود لەناو کۆمەڵێک کەسانی وا دابووم کە قینیان لە ڕووتی نەبێ، بێ گومان بیرەکەی خۆم بە باشتر ئەزانم لەسەری بڕۆم.

زۆری پێ نەچوو، هەورە تریشقە دەستی پێ کرد هەورەکە گرماندی.

باران بە ڕەهێڵە ئەهاتە خوارەوە منیش بیرەکەی باربان کاری تێ کردبووم هەر لەجێی خۆم مامەوە، دانیشتم، نەجووڵام، تا باران هەموومانی شت و زەویش بوو بەقوڕ.

پاشان کە بارانەکە وەستایەوە و هەورەکە بەری ئاسمانی بەردا و سەرلەنوێ ڕۆژ دەرکەوتەوە، دەمودەست چووینە ناوکانییەکەوە، خۆمان پاک کردەوە، ئنجا هاتینە دەرەوە، خۆمان دایەوە بەر ڕۆژ، تا وشک بووینەوە.

بەپێچەوانەی ئێمە، زۆر کەسمان دی، ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕووتی دانەبوو، کە بارانەکە دایگرتن، خۆیان دایە بن دارەکان خۆیان بپارێزن لە باران کەچی دڵۆپی ئاو بەسەریاندا داباریی، هەموو جلەکانی تەڕکردن کە بارانەکە وەستایەوە لەبن درەختەکان چوونە دەرەوە، بەناو ئاوو قوڕدا خۆیان کێش ئەکرد، ئاو لە جلولەرگەکانیان ئەتکا کەچی ئێمەیش لەوکاتەدا بەسەر درەختەکانەوە نیشتبووینەوە، خۆمان دابووە بەر ڕۆژ، وشک ئەبووینەوە لەم دیوو دیوارەکانەوە سەیرمان ئەکردن، بەهەندێکدا بەزەییمان ئەهاتەوە، بەهەندێکیش پێ ئەکەنین!.

***



کە گەیشتمەوە ئیستگەی (درمز)، ژنەکەمم دیی، هاتبوو بەپیرمەوە گورج لێی پرسیم: لەناو سەیران کەرانی (درمستاد)دا ڕاتبوارد؟

گوتم: نازانیت چ ڕۆژێکی خۆش بوو هەموویان ئاواتیان ئەخواست کە یەکشەممەکەی تر لە ناویاندا بیت.

بەلووت هەڵقرچاندنێکەوە[1] وەرامی دامەوە گوتی: چی؟!...

گوتم: مسیۆ باربان، حەز ئەکات سەرێک لە یانەکەیان بدەیت.

گوتی: بەڕاستی منیش بەپەرۆشەوەم بچم بۆ ئەوێ، بەڵام بەمەرجێ بەجلوبەرگی خۆمەوە بمێنمەوە.

گوتم: بۆ ئەوە ڕێ نادەن، خۆشەویستەکەم چونکە لەناو خاکی ڕووتاندا، ڕووتی پێویستە.

گوتی: کەواتە ناتوانم بێمە ئەوێ.

گوتم: من وام ئەزانی کە تۆ لەوەندە پێشکەوتووتریت. لە بیروباوەڕی ڕووتی ئەوەندە ناترسیت.

گوتی: دیارە منیش بەخراپی نازانم بەڵام بۆ کەسانی تر، نەک بۆخۆم.

گوتم: بەڵام باربان وازناهێنێ چارەچییە؟

گوتی: با هەر بۆخۆی بڵێ!. من ناتوانم بچمە ئەوێ.

گوتم: بەڵام!...

قسەکەی پێ بڕیم. گوتی: نابێ، نابێ، نابێ!...

***

کە یەکشەممەکەی تر هات، خۆم بەتەنیا چووم بۆ هەوارگەی ڕووتەکان کە دەرگاکەم کردەوە و چوومە ژوورەوە، هەموو چاوەڕوانم بوون یەکێکیان پێی گوتم: دیسانەوە تەنیایت؟

قسە کەرەکە ژنەکەی دۆستم بوو کە جاری پێشوو ناسیم مسیۆ باربان و کارگێڕی یانەکە و ژنەکەیشی لەگەڵیا بوو.

بەشەرمێکەوە وەرامم دایەوە گوتم: بەڵێ بەتەنیام...

(١) ئێمە دەڵێین: بەلووت بادانێکەوە، کە مانای نابەدڵی و لەخۆبایی بوون دەگەنێ.

گوتیان: ئەی ژنەکەت بۆچ نەهێنا؟

گوتم: تکا ئەکەم بیبەخشن چونکە ئیمرۆ ماندوو بوو، نەیتوانی بێت.

باریان دەست و پەنجەکانی بەبەر دەموچاوما ڕاوەشاند و پێکەنی؛ گوتی: نەء، گەورەم، نەء ئەم بیانووە ئەزانین چییە، پەسەندی ناکەین لە ڕاستیدا ژنەکەت نایەوێ بە بەرچاوماندا ڕووت ببێتەوە وا باشە کە من خۆم بچم بەدوویدا بیهێنمە ئێرە.

کە ئێوارە گەڕامەوە (درمستاد)، لە ژنەکەم تووڕەبووم، لەبەر ئەو شەرمەی کە بەسەریا هێنام وەرامەکەی ئەو، هەر ئەوەندەبوو، کە شانەکانی خۆی ڕاوەشاند!...

گوتی: وادیارە هاوڕێکانت ئەیانەوێ تەنگم پێ هەڵچنن.

گوتم: بەڵام ئەوان...

گوتی: ئیتر بەسیەتی تکا ئەکەم لەمە بەولاوە لەم بابەتەوە گفتوگۆم لەگەڵ مەکە.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە قسەم لەگەڵ نەکردەوە کە بوو بە بەیانی، چووینە دەرەوە، بۆ بەزمگاییێک.

لەکاتی گفتوگۆکردندا، هەندێک لە ڕەشتی ڕووتەکانم بۆ گێڕایەوە.

گوتی: ڕۆژی یەکشەممەکەی تریش ئەچیتەوە ناویان؟

گوتم: بەڵێ ئەچمەوە بۆچ تۆیش ئەتەوێ بێی لەگەڵما؟

گوتی: وەک پێم گوتیت، ناتوانم بچمە ئەوێ و لەبەرچاوی هەمووان خۆم ڕووت بکەمەوە.

گوتم: ئەوە چیی تیایە، کە ئەوانیش هەموو ڕووت بن؟ باوەڕم پێ بکە، لەوێدا هەست بەهیچ تەنگوچەڵەمەیەک ناکەیت.

بێ دەنگ مایەوە، هیچ قسەی نەکرد.

لە پاش چەند ڕۆژێک لە (باریان)ەوە نامەیەکم بۆ هات، لە ناوەڕۆکەکەیدا ئەمە نووسرابوو:

«دۆستی خۆشەویستم

بەیانیی یەکشەممەکەی تر، کاتی نۆ، ئەگەمە (درمز)، بەشەمەندەفەر تکا ئەکەم لەوێ چاوەڕوانیم بکە لەوێ یەک دووکاتێک پێکەوە ڕائەبوێرین. پاشان تۆ و ژنەکەت، هەردووکتان لەگەڵ خۆمدا ئەبەم بۆ هەوارگەی ڕووتەکان لە (درمستاد)دا. لەوێش پێکەوە نان ئەخۆین.



ئیتر ئەسپەردەی خوابیت.

هەربژی، کۆمەڵی ڕووناکی.

ماکس باریان»

کە نووسراوەکەم دایە دەست ژنەکەم و خوێندییەوە، لە شەرماندا ڕووی سوور هەڵگەڕا!...

بەزەردەخەنەیەکەوە لێم پرسی: لەسەر چی بڕیارت دا؟

گوتی: دێم لەگەڵتاندا، خۆم ئەمە دەست خوا!...

## بەشی نۆیەم

### ژنەکەم و ڕووتی

ئیستگەکانی ئەڵمانیا، لە ڕۆژانی یەکشەمواندا، بەتایبەتی لە کەشی هاویندا، یەجگار پڕن لە هاتوچۆکەران چونکە لەوکاتانەدا، دانیشتوانی شارەکان، ڕەوئەکەن بۆ دەرودەشت و گوڵزارەکان، تا بەخۆشی و سەرەوتەوە لەو ڕۆژی وچانانەیاندا ڕابوێرن. لەو ڕۆژانەدا ئیستگەکانی (جەنگەڵی ڕەش و دۆڵی ڕاین و نەکەر و هیدڵبەرگ) و هەندێ جێگەی تر لەبەر سەیرانگەران جێگەیان تیا نامێنێتەوە بۆ کەس[1].

ئەوانە هەموو کۆئەبنەوە لەوێ بۆ وەرگرتنی یادنامەی کرێی شەمەندەفەر، کە نرخیان کەمترە لە ئێوارانی ڕۆژی شەموان و بەیانیانی یەکشەمواندا لەوکاتانەدا ناو ماڵی ئیستگەکان پڕ ئەبن لە ئافرەت لە جلوبەرگە تەنکەکانیاندا، قاچیان ڕووت و منداڵەکانیشیان بەدەستەوەیە، بەخۆشی و شادمانییەوە چاوەڕوانی گەشتوگوزارەکەیان ئەکەن.

سەیرانکەرەکان، هەمووەدەم، دەستە دەستە ئەچن بۆ دەرودەشت هەموو جارێک، پەنجا شەست کەسێک لە ژن و لە پیاو کۆئەبنەوە و ڕێک ئەکەون لەسەر جێگایەک کە بۆی بچن و گەشتی تیا بکەن یەکێ: لە خۆیان ئەبێ بەسەرکردە و بەڕێکوپێکی ئەیانبات بەڕێوە خۆ هەموویشمان ئەیزانین. کەڕێکوپێکی یەکەم هونەرمەندیی ئەڵمانەکان.

ئەوە ئەو چاو ئەندازە سەیرەبوو، کە سەرنجی ڕاکێشام لەکاتی چوونە ئیستگەی (درمز)دا، بۆ چاوەڕوانکردنی هاوڕێکەم، مسیۆ (باریان)دابەزیی، تووڕەکە

(١) مامۆستا وشەکەی لە (تذکرة القطار)ەوە گۆڕیوە، بەڵام پەسندتر وابوو بینووسیبا: (... بلیتی شەمەندەفەر).

بچکوولەکەی خۆی هەر بەدەستەوە بوو، کە هیچ کاتێ: نییە پێی نەبێ، هیچ دەمێکیش نییە کە دەرپێیەکی مەلەکردنی تیانەبێ.

بەرەو پیریم هات و دەستی بۆ ڕاکێشام دەستم بگوشێ، گوتی: (ڕۆژباش دۆستەکەم! خانمی ژنت لەکوێیە؟)

گوتم: تاوێکی تر دێت پێش ئەمەی ئارایشتەکەی خۆی تەواو بکات، من هاتم.

زەردەخەنەیەکی پان و پۆڕلە دەموچاوی باربادا دەرکەوت، زەردەخەنەی سەرکەوتن بوو گوتی: زۆرباشە کەواتە دێت لەگەڵماندا؟

گوتم: بەڵێنی وا داومێ.

گوتی: ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەبوو، ئەی دۆست! پەککو لەم سەرکەوتنە!

پاش ئەوەی، بەقایم دەستیدا بە شانمدا ، گوتی: ئەم هەفتەیە، ئەمە دوو.

گوتم: دووی چی؟

گوتی: سەرکەوتنی دووەم چونکە دوێنێیش، پیاوێکی خاوەن پایەم لەسەر شۆرکێکی (فرانگفۆرت)دا چاوپێکەوت، لە گوێ ڕووباری (ڕاین)دا، گەلێک قسەم بۆ کرد، لە بابەت ڕاستیی ڕووتییەوە، کەڵکی ڕووتیشم تێگەیاند بۆ لەش و ڕەوشت و کردەوە، لە کۆڵی نەبوومەوە، تا خستمە سەر بیروباوەڕی خۆم و بەڵێنم لێ وەرگرت کە پاش نیوەڕۆی ئیمڕۆ بگاتە هەواری ئازادەکان لە (درمستاد)دا.

گوتم: خۆشی لە ڕووتی، کە تۆی هەی، ئەی دۆستی خۆشەویست چاکترین کەس کە بیروباوەڕی ڕووتی بلاو بکاتەوە تۆی.

(باربان)م لەگەڵ خۆمدا بردە چایخانەیەکی بچووکەوە، کە بەڵێنم دابوو بەژنەکەم، لەوێ یەکتر بگرینەوە دانیشتین لەوێ بەقاوە خواردنەوە وە خۆمان خەریک کرد، تا لەپاش تاوێک ژنەکەیشم گەیشتە لامان.

(باربان) لەوەپێش ژنەکەمی ناسیبوو کە چاوی پێیکەوت، هەڵسا لەبەری و بۆ ڕێزگرتنی، خۆی نوشتاندەوە.

پێی گوت: خانمەکەم، بەڕاستی من گەشکەداری ئەوەم کە، ئیمڕۆ تۆیش لەگەڵماندا دێیت بۆ (درمستاد).

دەموچاوی ژنەکەم، لە شەرماندا، سوورهەڵگەڕا پێی گوت: (حەزئەکەم باش بزانیت کە من لەم کردەوەیە دڵخۆش نیم)



پێم گوت: زۆری پێ ناچێ، دڵ ناخۆشیەکەت ئەڕوا هەرهات و خۆت ڕووت کردەوە، دە وردیلەی پێ ناچێ، کە ڕادێی بەڕووتییەوە.

ژنەکەم، بۆ ئەمەی شەرمەکەی خۆی بشارێتەوە، توورەکەیەکی بچووکی پێ بوو، بەرزی کردەوە و گوتی: هەندێ خواردەمەنیم بۆ هێناوون.

(باربان) دڵی بەو قسەیە زۆر خۆش بوو گوتی: خانمەکەم شتێکی باشت کردووەکە خواردنت بۆ هێناوین ئەتوانین هەر ئێستا شار بەجێ بهێڵین و بڕۆین، نانەکەمان لە دەشت و دەردا بخۆین.

ژنەکەم گوتی: کەی ئەڕۆین بۆ گەشتەکەمان.

گوتی: هێشتا دووکاتمان ماوە بڕۆین تۆزێک پاش نیوەڕۆ، یەکەم شەمەندەفەر ئەبزوێ و لەکاتی یانزەونیودا ئەگاتە (درمستاد) لەوێشەوە بەئۆتۆمۆبیلی گەشت ئەچین بۆ هەوارگەی ڕووتەکان، بەچارەکە کاتێک ئەیگەینێ ئەتوانین ئەوساکە نان بخۆین.

ژنەکەم گوتی: ئەی تا شەمەندەفەر ئەڕوات چی بکەین؟ حەز ئەکەن تۆزێک بەناو شاردا بگەڕێین؟

باربان گوتی: من لەگەڵتم بەلام لەوە چاکتر ئەوەتا کە لە ڕووباری (ڕاین)دا مەلە بکەین ڕۆژەکەی یەجگار گەرمە ژنەکەیشم شارەزایە لە مەلەکردندا و بەپەرۆشیشە بۆ مەلەکردن.

گوتی: قسەکەت بەجێیە بام بڕۆین بۆ میوانخانەکە، تا دەرپێیەکی مەلەکردن لەگەڵ خۆم بهێنم.

باربان گوتی: خانمەکەم بڕۆ، چی ئەتەوێس بهێنی، بیهێنە هەرچەندە زۆری نەماوە کە واز لەوانە هەموویان بهێنی.

هەرسێکمان چووینە سەر شورکێک لە گوێ ڕووباری (ڕاین)دا تا نیوکات لەناو ئاوەکەدا ماینەوە دوایی بەرەو ئێستگەکە ڕۆیشتین.

***

ئەو ڕۆژە، (باربان)، بەیانەکی زوو هەستا بوو لە خەو لەبەرئەوە لە شەمەندەفەرەکەدا هەندێ وەنەوزیدا کە ژنەکەم ئەوی دی نوستووە، لێم نزیک بووەوە و گوتی: دڵم بەم چوونە خۆش نییە، کە بۆ هەوارگەی ڕووتەکان ئەچین حەز ئەکەم هەر بەتەنیا خۆت بچیت لە (درمستاد)دا چاوەڕوانیت ئەکەم تا ئەگەڕێیتەوە لەوێ[١].

---

(١) ئەم وشەی (لەوێ)یە زیادە.

بەڵام (باربان)، هەروەک خـۆی ئەیگوت هەر بەیەک چاو یاخـود بەیەک گـوێ ئەنوست دەمودەست چاوی کردەوە و گوتی: خانم! ئەمـە تۆ چی ئەڵێیت؟ تکا ئەکەم، لێمـان جیا مەبەرەوە، ئەوەندەمان نەماوە بگەینە ئامانجەکەمان.

گوتی: تا نزیکتر ئەبینەوە، دڵتەنگی من زۆرتری لێ دێ.

باربان گـوتی: ئازابە خانمە خۆشەویستـەکەم چونکە مـاوەمـان نییـە بۆ گـەڕانە پاشـەوە سەیرکە، ئەوە زەوییەکەیە، لێرەوە دیارە.

لەو کـاتەدا، شـەمـەندەفـەرەکـە لە نزیـک زەویی ڕووتەکـانەوە، بەناوەڕاسـتی جـەنگەڵە جـوانەکـەی ناویا تێ ئەپەڕیی ژنەکـەم سـەیرێکی کـرد، بەڵام ترس و لەرز لەناوچەوانیـا دیاربوو.

پاش تاوێک، گەیشتینە (درمستاد) بەسواری (ترام) چووینە ناوەڕاستی شارەکەوە ئیتر لەوێشەوە، ئەبوو بەئۆتۆمۆبیلی (ئەمینوس) بڕۆین بۆ زەویی ڕووتەکان.

ئۆتۆمـۆبیلەکـە، هێشـتا نەگـەیشـتبـووە ئەوێ لەسەر تەختـێک دانیـشـتین، چاوەڕوانی بکەین.

(باربان) دانەنیـشت لەگـەڵمـان گـلاراویی پێ کـەوتبـوو لەسـەر ڕێیـازەکە هەر ئەهات و ئەچوو چاوەڕوانی ئۆتۆمـۆبیلەکـەی ئەکـرد وا دەرئەکـەوت، پەلەی بـوو بگاتە زەویی ڕووتەکان، ئەیویست زوو ڕزگاری بێت لەدەست جلەکانی.

بەتووڕەییـەکەوە گوتی: ئۆتۆمۆبیلە ناڕەسـەنەکە نەهات، ئێـمەیش ئەم کـاتەمـان هەروا بەفیڕۆ ئەڕوات...

ژنەکەیشم ورتە ورتێکی کرد، گوتی: من هیچ بەپەرۆش نیم بڕۆم بۆ ئەوێ.

لەوکـاتەدا خـانمێک و کـچـێکی بچکۆڵە هاتنە لامـانەوە، دانیـشـتن (باربان) ئەیناسین ڕۆژباشـیی لێکردن و هەردووکـیـشـیـانی بەئێـمـە ناسی ئەوانیش بۆ هەواری ڕووتەکـان ئەچوون.

خانمەکە گوتی: ئێوەیش سروشت پەروەرن.

وەرامم دایەوە: بەڵێ خانم!

ژنەکـەم بەگـوێیـدا چرپاندم پرسی: ئاخـۆ تۆزێکی کـە ئەم خـانمکە بەڕووتی تەواوەوە ئەبینین؟

گوتم: لەوە دڵنیابە کە وای ئەبینی.



(مسیۆ کارل)یش گەیشتە لامان لەگەڵ کچەکەیدا.

کارگێڕی زەویی ئازادەکانم بەژنەکەم ناسی زۆری پێ خۆش بوو، کە ژنەکەیشم لەگەڵ خۆم هێنابوو.

لەگەڵ ئەمانەیش هەموویدا، (باربان) لەبەر خۆیەوە هەر بۆڵەبۆڵی ئەکرد، ئەیگوت: ئەم ئۆتۆمۆبیلە سەگە هەر نەهات!...

کـارڵ گـوتی: بـام ئۆتۆمـۆبیلێکی کـرێ بگرین ئێـمـەیش حـەوت کـەسین زۆرمـان لە سەرناکەوێ.

(باربان) بەم قسەیە کەوتە خۆشی خۆشییەوە بانگی کرد ئۆتۆمۆبیلێک هات و گرتمان، لە ماوەی دە وردیلەیەکدا گەیاندینییە زەویی ڕووتەکان.

لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین بۆ زەویی ڕووتەکان.

لەژێرەوە سەیری ژنەکەمم ئەکرد ئەمدی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوە، وا ئەهاتەپێش چاوم کە بلەرزێ.

پێم گوت: ئازابە خۆشەویستەکەم، ئەوە لەتۆ ناوەشێتەوە.

گوتی: بەدەستم بوایە دەرباز ئەبووم لەدەستتان.

دەستـیم خسـتە ناو دەسـتمەوە و پێم گوت: نـاشێ شتی وا بکەیت ئەتەوێ هەمـووکـەس تیزمان پێ بکات؟!.

سەری دانەواند، بەمل کەچییەکەوە هات لەگەڵماندا.

لەڕێگا هەندێکیش گریا.

***

کە گەیشتینە زەوییەکە، مسیـۆ کارل، دەرگاکەی کردەوە و گوتی: خانم فەرموو! چووینە ناو زەویی ڕووتەکانەوە (باربان) بەچاو هەڵتەکاندنێکەوە سەیری کردم ئاخۆ چیی لێ بێ، کە ئەو چاوئەندازەی بێتە پێش چاو؟

کە ژنەکەم چاوی بەڕووتەکـان کەوت، ڕەنگی زەرد هەڵ گەڕا ئەوانیش کـە ئێـمـەیان دی هاتن بەپیرمـانەوە خۆش هاتنیـان لێ کردین ژنی کـارگێڕەکەیش دەستی بۆ درێژکرد خۆش هاتنی لێ بکات.

بەڵام ژنەکـەم بەرامبـەر بە(خـۆش هاتنەکـەی ئەو) هیچ وەرامـێکی نەدایەوە وەک زمـانی گیرابێ وابوو.

بێ گومان چاوەڕوانی شتی وابوو کە ببینێ بەڵام ڕاستییەکەی بینینی مرۆڤ بەڕووتی، بێ باکی ئەو ڕووتانە لە ڕووتیی خۆیان، تێکەڵی ژن و پیاو بەڕووتییەوە ئەو شتانە هەموو، بەبیریدا نەهاتبوون.

دوایی گوتی: ئایا من لە خەودام؟

گوتم: چاو ئەندازەکەت بەلاوە سەیرە؟

گوتی: بەڵێ سەیرە.

گوتم: چیت بەبیردا ئەهات لە پێشەوە؟

گوتی: نازانم بڵێم چی لە پێشدا خۆم وا ئەهاتە پێش چاو کە لەناو کۆمەڵێک مرۆڤی بەدخوودام بەڵام هیچ نیشانەیەکی خراپیم لە دەموچاوی ئەو ڕووتانەدا نەدیی!...

گوتم: کەواتە خۆشەویستەکەم، بام ئێمەیش جلەکانمان دابکەنین.

گوتی: ئەوەم پێ مەڵێ، ناتوانم شتی وا بکەم.

گوتم: بەڵام پێویستە وا بکەیت ئەی بۆچی هاتووینەتە ئێرە لەناو کۆڵێتەکەدا زۆر کەس کۆبووبوونەوە هەندێ لە ئافرەتەکان خەریکی قاوەڵێنان بوون هەندێ لە پیاو و منالانیش یارمەتی ئەوانیان ئەدا من و (باربان) دەستمان کرد بەجل داکەندن ئەو چوارەی تریش کە لە گەڵمان دابوون، جلیان داکەند.

بەڵام ژنەکەم، بێ دەنگ لەسەر تەختێک دانیشت.

پێی گوت: ناتوانم خۆم ڕووت بکەمەوە کەسانێکی زۆر لێرەدا کۆبوونەتەوە ئەو هەموو پیاوانە لەگەڵ مسیۆ (باربان)دا سەیرم ئەکەن! منیش شەرم ئەکەم لە خۆم کە شتی وابکەم.

پێم گوت: سەیرت ئەکەن! بەڵام تۆ بۆچ وا ئەزانیت کە هەر سەیری تۆ ئەکەن، ئەی ئەو ئافرەتانەی تر چین لەوێ؟ بۆچ سەیری ئەوانیش ناکەن؟ بۆچ هەر بەتەنیاتۆ ڕووتیت لێرەدا؟

لەدوای ئەوە بەشەرمێکەوە هەستایە سەر پێ و، دەستی کرد بەداکەندنی جلوبەرگەکانی، بەڵام بەسستییەکەوە.

تەنانەت لەشەرمانا هەموو دەموچاوی سوور هەڵگەڕا لەوکاتەدا (باربان) لە جل داکەندنی خۆی بوو بووەوە.



ژنەکەم ڕووی خۆی لێ وەرگێڕا، تانەیبینێ.

پێم گوت: بۆچ ڕووی خۆت وەرگێڕا.

گوتی: کە مسیۆ باربان بەبێ دەرپێ وە ببینم، سەرم گێژ ئەبێ و سووڕ ئەخوات.

گوتم: ئەی بۆچ ڕووت وەرنەگێڕا لە پیاوە ڕووتەکانی تر، لەکاتی هاتنە ژوورەوە ماندا؟

گوتی: ئەوە جیایە چونکە من لەوەپێش چاوم بەوانە نەکەوتبوو بەجلی خۆیانەوە.

مسیۆ باربان بەجێی هێشتین هەر من و ژنەکەم لە کۆڵێتەکەدا ماینەوە بەڵام بەڕووتی لەبەرگی باوە ئادەم و دایە حەوادا.

پێم گوت: دەی بام بڕۆین بگەینە باربان، لە دەرەوەیە.

گوتی: تۆزێک بوەستە.

گوتم: چاوەڕوانی چیت؟

گوتی: ناوێرم بچمە دەرەوە بەمن بێ هەر ئێستە جلەکانم لەبەر بکەمەوە و لەم شوێنەیش دوور بکەومەوە من ناتوانم بەم لەشی ڕووتەوە خۆم پێشانی کەسانی تر بدەم.

گوتم: ئەگەر هەر خۆت ڕووت بوویتایە، ئەم قسەیەت لەجێی خۆیدا ئەبوو.

گوتی: لەگەڵ ئەوەیشا هەندێک لەسەرم بوەستە ناترسم ئەشکێ، بەڵکو بوێرم بەقسەت بکەم.

لەڕاستیدا ژنەکەم، لەوکاتەدا، تووشی دەردەکەی پاری من بوو بوو، کە لە خوێندنگای ڕووناکی دابووم، لە شاری درسدندا، کە بۆ یەکەم جار لە ژیانما خۆم ڕووت کردەوە لەناو ئەو کۆڵێتەدا مامەوە کە جلوبەرگەکانم تیادا کەند، نەم ئەتوانی بچمە دەرێ ناو ڕووتەکان منیش ئەوساکە ئاواتم ئەخواست جلەکانم زوو لەبەر بکەمەوە و بەپەلە لەوشوێنە دەربازببم و دووربکەومەوە منیش لە کۆڵێتەکە نەچوومە دەرەوە، تا دۆستەکەم هات و بەزۆر کێشی کردم بۆ دەرەوە.

هەر بەو ڕەنگە، منیش دەستی ژنەکەی خۆمم گرت و بەزۆر لە کۆڵێیتەکەم کردە دەرەوە دوایی ئەویش لەگەڵما هاتە دەرەوە بەڵام سەری دانەواند و چاوەکانیشی بڕییە زەویی دەموچاویشی لەشەرمانا سوور هەڵگەڕابوو زۆری نەمابوو گڕ بگرێ.

بەبۆڵەبۆڵێکەوە لێی پرسیم: ئاخۆ کەس ئەمبینێ.

گوتم: نەء کەس ناتبینێ.

پاشان گەیشتینە (باربان)، کە لەسەر گیایەکە دانیشتبوو لە نزیک مێزێکی تەختەوە کە پێچکەکانی کورت بوون.

کە ئێمەی دیی گوتی: دەی بام نان بخۆین، من هەست بەبرسێتی ئەکەم.

ژنەکەم گوتی: توورەکەی خواردەمەنییەکەم لەناو کۆڵێتەکەدا، داناوە لەبیرم چوو بیهێنم.

گوتم: بچۆ بیهێنە.

گوتی: نەء تۆ بچۆ بیهێنە بەڵام تووبی خوا ئەگەر پەلەنەکەیت چونکە ناتوانم لەم شێوەیەدا بەتەنیا بمێنمەوە.

بەفڕانێک گەیشتمە کۆڵێتەکە، توورەکەی خواردنەکەم هێناو بەهەڕاکردن گەیشتمەوە لای ژنەکەم.

گوتی: سەرم سوڕماوە لەتۆ، کە بەم شێوەیەوە لەخۆشی دایت هەروەک لەژیانتا جلوبەرگیشت چاوپێنەکەوتبێ وەهایە!...

گوتم: زۆری پێ ناچێ، تۆیش وەک منت لێ دێ، هەست بەسرەوت ئەکەیت لە ڕووتییدا تەماشای ئەو کچانە بکە، چۆن بەبێ باکی، بەڕووتییەوە ئەڕۆن بەرێدا بێگومان ئەوانیش، یەکەم جار، وەک تۆ، هەستیان بەم جۆرە هەستەی ئێستایەی تۆیە کردووە.

پاشان هەرسێکمان لەملاولەولای مێزەکەوە کۆبووینەوە.

لە توورەکەکەدا، هەر ئامانێکمان پێویست بوو بێ، هەبوو بە ئارەزوویەکی گەورەوە پەلاماری خواردنەکەماندا بیخۆین.

ژنەکەم وردە، وردە، ڕووی کردەوە مەندی و بێ دەنگی لەوکاتەدا مسیۆ کارل بەلاماندا تێپەڕیی ڕۆژباشی لێ کردیین ژنەکەم چرپاندی بەگوێما، کە سەیر ئەوەیە لە ڕووتی (باربان) و (کارڵ) بێ سرەوت ئەبێ کەچی لە ڕووتی پیاوەکانی تر هیچ تێک ناچێ ئەوەیش هەر لەبەرئەوەیە، کە لەوە پێش هەردووکیانی بەجلوبەرگەوە بینیوە.

کە لە خواردن بووینەوە (باربان) گوتی: لە کۆڵێتەکەدا ئاوی گەرم هەیە، ئەتوانی ئامانەکانی لەوێدا پێ بشۆیت بەڵام ژنەکەم نەیویست جێگاکەی خۆی بەجێ بهێڵێ.

ئامانەکانی لە هەندێ قاقەزەوە پێچاو خستنیە توورەکەکەوە منیش لەدوای خواردنەکە ویستم تۆزێک بگەڕێم بەڵام ژنەکەم، نەیهێشت بگەڕێم، تکای لێ کردم کە بەتەنشتیەوە بمێنمەوە و بەتەنیاش نەیهێڵمەوە.



گوتم: کەواتە وەرە لەگەڵما بڕۆین خۆ من وەک تۆ بەدانیشتوویی نامێنمەوە تا ئێواری.

گوتی: ناتوانم جێگاکەم بەجێ بهێڵم.

گوتم: هێشتا ڕانەهاتووی بەڕووتییەوە؟

گوتی: تۆزێک ڕاهاتووم بەڵام ئەوەندە ڕانەهاتووم بەڕووتییەوە، کە بتوانم بەناو ڕووتەکاندا بگەڕێم.

بێجگە لەوە شتی تریش لە ئارادا هەیە، کە ناهێڵێ وابکەم.

گوتم: ئەو شتە چییە؟

گوتی: پێستی لەشم زۆر سپییە کەچی پێستی لەشی ژنەکانی تر، لەبەر هەتاو بۆر هەڵگەڕاوە لەبەرئەوە هەرچی لەوێدا هەیە، سەیرم ئەکات!.

گوتم: ئەوە هەر مەگەر بەبیری خۆتا بێت.

ژنەکەم تەکانی دایە خۆی هەستێتە سەرپێ بەڵام لەوکاتەدا مسیۆ کارڵ هات، لەجێی خۆی دانیشتەوە.

گوتم: هەڵسە دەی، نەکەی دانیشیتەوە.

گوتی: ئەوە مسیۆ کارڵە لەوەپێش پێم گوتی، کە ئەو ببینم لەبەرامبەرمە، ئەشڵەژێم.

گوتم: ئەو پیاوە کارگێڕیی هەموو جێگاکەیە و هەموو ڕووتەکانە، من ناتوانم پێی بڵێم هەوارەکە بەجێ بهێڵێ.

گوتی: ئەگەربەجلوبەرگەوە نەمدیایە بەم جۆرە هەستم بەناخۆشی نەئەکرد.

ئنجا کارل لێمان نزیک بووەوە و گوتی: خانمەکەم ئەمەت پێ خۆش نییە کە لەناوماندای؟

گوتی: زۆر دڵخۆشم بەڵام هێشتا بەتەواوەتی فێری ڕووتی نەبووم.

گوتی: ئەگەر تۆزێک بگەڕێیت شەرمەکەت ئەڕوات.

دەستێکی دا بەدەستیاو بانگی کرد: دەی بام تۆپ تۆپێنە بکەین، براکان، هەروەها تۆیش خانمەکەم.

– ژنەکەم پەلپی گرت، گوتی: نایەم یاریی بکەم، ئەو یارییە نازانم.

گوتی: گوێ مەدەرێ یارییەکە زۆر ئاسانە، بەتاوێک فێری ئەبیت.

کە گوێی لەوقسەیە گرت ئیتر نەیتوانی یاریی نەکات، ئەویش هاتە ناو

یارییکەرەکانەوە کە لەناوەڕاستی زەوییەکەدا، کەمەرەیەکیان بەستبوو کەوام دی، منیش خۆم فڕێ دایە ناویانەوە.

(کارڵ) لە ناوەڕاستی کەمەرەکەدا وەستا تۆپێکی گەورەی بەدەستەوەبوو، یارییەکەی پێشان ئەداین کە چۆن ئەکرێ.

گوتی: کە تۆپەکەم هاویشت بۆیەکێکتان، ئەبێ بیگرێتەوە.

پاشـــان ئەویش هەڵی بدات بۆ یاریی کـــەرێکی تر ئەوی تریش فـــڕێی بدات بۆ یاریکەرێکی تر... هەتا دوایی... لەوکاتەدا کە من لە ناوەڕاستی کەمەرەکەدام، خۆم هەڵ ئەدەم کە دەست لە تۆپەکە بدەم ئەگەر دەستم لێی کەوت ئەو یاریکەرەی کە تۆپەکەی بۆ هاوێژراوە، تێ ئەکەوێ، ئەبێ بێتە جێگای من، منیش ئەبێ بچمە جێگای ئەو.

مەرج نییە، تۆپەکە کاتێک دەست لێ بدەم کە بەئاسمانەوە بێ و هاوێژرابێ بۆ یەکێک لە ئێوە ئەیشتوانم کە لەناو دەستی یارییکەرەکەدا بێ بیگرم و دەستی لێ بدەم دەی بام دەست پێ بکەین. تۆپەکەی هەڵدا بۆ ژنەکەم زۆر بەپەرۆشەوە گرتیەوە.

مەبەسیشی ئەوەبوو کە تێنەکەوێ، نەوەک بکەوێتە ناوەڕاستی یاریکەرەکانەوە لەجێی کارڵ.

ژنەکەم، بەگەرمییەکی سەیرەوە یاریی ئەکرد هۆیەکەیشی بێگومان، ئەوەبوو کە ئەترسا لەوەی کە تێکەوت ئەبێ بچێتە ناوەڕاستی یاریکەرەکانەوە، سەیری بکەن.

بەڵام من کەمتر شارەزاییم هەبوو لە یارییەکەدا، لەو. دووسێ جار تێکەوتم و ناچاربووم بچمە ناوەڕاستی یاریکەرەکانەوە جارێکیان بازدمدا تۆپەکە، لە کچێکی یارییکەر بسێنم، نەم زانی باش بازبدەم، کەوتم لەگەڵ کچەکە، لێ کەوتنەکەمان زۆر بەهێزبوو، هەردووکمان کەوتینە سەر زەویی بەسەریەکدا، هەموولایەکمان بەخۆمان هێنایە پێکەنیین.

ئەوەت نەیێ بەبیردا کە لەش کەوتنەکەی هەردووکمان ئارەزووی هەڵسـاندبێن نەء... بەڵکو بەپێچەوانەوە هەردووکمان ڕاست بووینەوە و پێ ئەکەنین بە یەکتر، بێ ئەمەی خرۆشێکمان تێکەوتبێ بۆ ڕەگەزبازیی.

ئەمەیش شتێکی سەیرنییە چونکە هەمووومان سەرمان قاڵ بووبوو بەیارییەکەوە لەیاریکردنەکە بەولاوە ڕێگا بۆ هیچ شتێکی تر نەمابووەوە کە بەبیرماندا بێ.

یارییەکە تا نزیکەی کاتێکی تەواوی پێ چوو دوایی وازمان لە یاریی هێنا لەشمان خۆه (ئارەق)ی لێ ئەتکا.



خۆماندا بەسەر سەوزەگیایەکەدا لەوکاتەدا ژنەکەم بەزەردەخەنەیەکەوە پێی گوتم: سەیر ئەوەتا من ئیتر هەست ناکەم بەوەی کە ڕووتم هەرگیز بەبیرمدا نەئەهات کەڕۆژێک لەڕۆژان بەم گورجییە، بەڕووتییەوە ڕادێم.

***

ڕۆژگار تەواوبوو بوو کات بوو بوو بەشەش و نیو بەژنەکەم گوت: کاتی جل لەبەرکردنەوە هاتووە، ئەگەر بمانەوێ بەشەمەندەفەر ڕابگەین.

گوتی: هەر ئێستە جل لەبەر ئەکەینەوە نەمان زانی کاتەکەمان چۆن ڕۆیشت!؟.

پاشان بەزەردخەنەیەکەوە گوتی: (بەڵام یەکشەممەکەی تریش دێینەوە!!)

## بەشی دەهەم

### یانەی ڕووتەکان لەسەرماوسۆڵەی زستاندا

بەیانی یەکشەممەی دوایی مانگی مشتاخان (ئەیلول)، یەجگار سارد بوو پلەی گەرما گەیشتبووە هیچ[1] ڕەشەبایەکی توند و سەختیش لە باکوورەوە ئەهات و ئەیدا بەشارەکەدا ناچاربووم، لەبەر سەرما، لەسەر جلەکانمەوە، فەرەنجی (پاڵتۆ)یەکی ئەستووریشم لەبەرکرد بەو ڕەنگوشێوەیەوە ڕووم کردە ڕووتەکانی (درمستاد) ئەوە سەر لێدانی دواییم بوو، بۆ ئەوێ، پێش ئەمـــەی بگەڕێمـــەوە بۆ (پاریس) ئەو ڕۆژە بەتەواوەتی دوور بووم لە ڕووتییەوە. کە بەڕێگادا ئەڕۆیشتم،. دادم بوو لە دەست سەرما هەر خوای ئەوەم بووکە هاوڕێکانی ئەوێم زۆرم لێ نەکەن لەو ڕۆژەدا خۆم ڕووت بکەمەوە.

لە زەوییەکەدا، سەیرانکەران کەم هاتبوون، هەر دەدوانزە یەک ئەبوون تۆپ تۆپێنەیان ئەکرد ئەوەندەی ڕووتییەکەیان منی تووڕە ئەکرد، ئەوەندە خۆیانی تووڕە نەئەکرد.

کە منیان چاوپێکەوت، بەڕووخۆشییەکەوە ڕۆژباشییان لێ کردم پێم گوتن: ئەی ئێوە ناترسن لەوەی کە سەرما دەس و پێتان ببات؟

یەکێکیان وەرامی دایەوە: نەء ناترسیین بەپێچەوانەوە، ئێمە زۆر گەرم داهاتووین ئەوەیش بەڵگەیەک بۆتۆ.

(١) لێرە مەبەس لە وشەی (هیچ)، (صفر)ە (وەرگێڕ).

ئەوەی گـوتوو و باڵـی بۆ درێژکـردم کـە دەسـتم خسـتـە سـەری، هەسـتم کـرد زۆر گـەرم داهاتبوو.

لەبەر خۆمەوە گوتم: شتێکی سەیرە!

گوتی: گەورەم، سەرسوڕمانی پێناوێ ئێمە لە ساردترین ڕۆژانی زستاندا ڕووت ئەبینەوە کە دەستمان کرد بەیاریکردن و لەش بزواندن، دەمودەست سەرماکەمان لێ ئەڕوا.

ئەوانەم بەجێ هێشت و چوومە ناو کۆڵێتەکەوە کە سەیرم کرد، ئەوا چەند کەسێک لە ڕووتەکان لەسووچێکیا بەدیار ئاگرێکەوە کۆبوونەتەوە، خۆیان گەرم ئەکەنەوە.

نە (کارڵ)م چاوپێکەوت لە ناویاندا، نە (باربان).

منیش لای ئاگرەکەوە دانیشتم چاوەڕوانی ئەوان بکەم.

پاشـان کچێکی جوان هاتە ژوورەوە، لەوەپێش یەکـترمـان نـاسیـبـوو، دەمودەست خۆی ڕووت کردەوە. کە خەریک بوو جل داکەندنەکەی خۆی تەواو بکات، پێم گوت: بەبیرتادێ کە بەم سەرمایە بچیتە دەرەوە؟

گوتی: بۆچی ناچم؟.

تاوێک لەبەر دەرکی کۆڵێتەکەدا وەستا، بەدوودڵییەکەوە پاشان دەرپەڕیی و دەستی کرد بەڕاکردن بەسەر زەوییەکەدا وام هاتە پێش چاو، کە هەروەک خۆی خستبێتە ناو ئاوێکی سردەوە، وابوو، لەپێشەوە، ئەو کەسە، هەست بەساردیی ئەکات بەڵام زۆری پێ ناچێ لەشی بەساردیی ئاوەکەوە ڕادێ، ئیتر هەست بەساردیی ناکات.

بەچوارلای زەوییەکەدا، چەند جارێک سووڕایەوە پاشان هاتەوە ناو کۆڵێتەکە لە تەنشتمەوە دانیشت هەناسە بڕکێی پێ گەیشتبوو بەڵام لەگەرماندا لەشی سوور هەڵگەڕابوو.

گوتم: خانمەکەم، ئەوەندە ئازانیم کە ئەوەم لە دەست بێت من بەم هەموو جلوبەرگەوە، بەدەست سەرماوە ئەناڵێنم، ئەی ئەگەر جلم لەبەر دانەبێ ئەبێ چیم لێ بێ؟

گوتی: بڕوام پێ بکە، زوو بەزوو گەرمت ئەبێتەوە ئەمە ڕاستە کە ناتوانیت لەژێر سێبەری درەختاندا ڕابکشێی وەک ڕۆژانی هاوین بەڵام ئەگەر هەندێک ببزوێی دەمودەست سەرماکەت لێ ئەڕوا کەواتە دەی هەستە دەست پێ بکە مەترسە لەسەرما.

بەڵام من سەرم ڕاوەشاند و گوتم: لە ڕاستیدا من ئەترسم لە سەرما تکایە ئیمڕۆ وازم لێ بهێنە حەز لە خۆ ڕووت کردنەوە ناکەم.



لەو کاتەدا کوڕێکمان بەلادا ڕابورد، ڕای ئەکرد بۆ سەرکانییەکە کە گەیشتنە ئەستێرەکە کە، خۆی فڕێ دایە ناوی، ئاخۆ کەسی وا هەیە بتوانێ لەم ڕۆژە سەرماو سۆڵەیەدا مەلە بکات؟

بەڵام بۆم دەرکەوت کە مەلەکردن لە ڕۆژی وا سارد و سڕدا، بۆ مرۆڤ گران نییە چەند کوڕێکی تریش بەدووی ئەو کوڕەدا دەستیان کرد بەهەڵپەڕین و داپەڕین و شڵپەشڵپ کردن هیچ باکیان نەبو لەسەرما.

(باربان) و (مسێوکارڵ) کارگێڕی ئازادەکان، لەپاش هەندێک گەیشتن.

لەپاش ئەمەی ڕۆژباشی لێ کردم، باربان گوتی: ئاو و بای ئیمڕۆ وەک ڕۆژانەی پێشوو نییە کە پێوەی ڕاهاتبووین، جا تۆ چی ئەکەیت،

گوتم: تکا ئەکەم لەخۆ ڕووت کردنەوە بم بەخشە مەشقی ڕووتیت بەتەواوەتی نەکردووە بەڵام کۆنەڕووتێکی وەک من، هەرچی بەفری جیهان هەیە، پەکی خۆ ڕووت کردنەوەی ناخات.

جلەکانی لەشێوەیەکی وا بێ باکانەدا داکەند، کە من سەرم سوڕما چونکە هەروەک لەوەپێش گوتوومە، باربان لە شەڕا، قاچی بریندار کرابوو، نەی ئەتوانی هەڕا بکات.

لەبەرئەوە، وەک کەسانیتر نەبوو، کە بتوانێ وەرزشێکی بەئەرکی وا بکات، کە گەرمی بکاتەوە.

گوتی: هەر چارەکە کاتێک بەڕووتی ئەمێنمەوە پاش ئەوە خۆم پۆشتە ئەکەمەوە.

پێکەوە لە کۆڵێتەکە چووینە دەرەوە پێکەوە بەناو زەوییەکەدا گەڕاین.

***

لە (باربان)م پرسی: ئەتەوێ، ئیمڕۆ، مەلەبکەیت؟

گوتی: نەء... ئاوەکە یەجگار ساردە.

گوتم: بەڵام هەندێ لەمناڵەکان مەلە ئەکەن.

گوتی: بۆ ئەوانە خراپ نییە بەڵام من پیربووم، کەڵکی ئەوەم پێوە نەماوە.

گوتم: بەدرێژایی زستان دێیتە ئێرە؟

گوتی: نەء... چونکە هەروەک تێم گەیاندبوویت، برینەکانم ماوەم نادەن، وەک کەسانی تر یاریی بکەم و بجووڵێم تا گەرمم ببێتەوە بەدانیشتنیشەوە، ناتوانم بەرگەی سەرما بگرم لەبەرئەوە، لە زستاندا ئەمەندەم بەسە کە هەر لە ژوورەکەیس خۆمدا، بەڕووتییەوە

مەشق بکەم ڕەنگە، ئەمسالیش، ئەمە، دواجاربێ کە لەناو دەروودەشتدا خۆم بدەمە بەربا تۆ نازانیت کە چەندبەوە دڵگیرئەبم، کە ئەو هەموو مانگە درێژانە، ئەبێ چاوەڕوانی بکەم، تا ئەگەمەوە کەشی خۆ ڕووت کردنەوە.

لەو کاتەدا یەکێکی چل ساڵە هات بەلامانەوە، بەگەرمییەکەوە دەستی گوشین باربان، تاوێک لێی ورد بووەوە.

پاشان لێی پرسی: گەورەم و نایەتە بیرم کە من تۆم لەوەپێش لێرەدا دیبێ.

گوتی : بەڵێ ڕاست ئەکەیت من تازە هاتوومەتە ناوتانەوە،

گوتی: تۆ تازە هاتوویتە ئێرە بەڵام دوورنییە کە لە جێگایەکی تر ڕووتیت مەشق کردبێ.

گوتی: نەء ... ئەمە یەکەم جارە لە ژیانما کە خۆم ڕووت ئەکەمەوە لەناو کەسانی تردا.

(باربان) سەری لەو پیاوە سوڕما، کە لە ڕۆژێکی وەک ئەو ڕۆژە ساردەدا مەشقی ڕووتی دەست پێ کرد. ئەم سەرسوڕمانە خۆیشی لە کابرا گەیاند.

کابرا گوتی: پێی لێ ئەنێم کە من لە خۆ ڕووت کردنەوەدا هەندێک لە کەسانی تر دوا کەوتووم.

باربان گوتی: بەڵام سەرما ئەتکوژێ.

گوتی: نەء... نامکوژێ ئیمرۆ، هەست بەخۆشیی نەبێ، بەهیچی تر ناکەم خەفەتی هیچ ناخۆم ئەوە نەبێ کە لەمەو پێش بەم خۆ ڕووت کردنەوەیەم نەزانیبوو.

پاشان (باربان) ڕووی کردە من و گوتی: - ئەم پیاوە بەڕاستی ئازایە لە ڕۆژێکی وا سەرماوسۆڵەدا دەست ئەکات بەڕاهاتن بەڕووتییەوە کەچی نە داد و فەریاد ئەکات لە دەست سەرما و نە گلەیی بەڵکو وام بۆ دەرئەکەوێ کە زۆر خۆشیی پێ ئەگات.

ئەو ڕووتە بەپەرۆشە، چووبووە دڵی(باربان)ەوە، ماوەیەک مایەوە، هەربیری لەو ئەکردەوە ئنجا بەسرپەیەکەوە پێی گوتم: ئەم پیاوە، لەمرۆ بەدواوە، هیچ بەرهەڵستێک نییە بێتە پێش دەمی، کە بتوانێ لە خۆ ڕووت کردنەوەی بخات.

***

هەروەک گوتی، پاش چارەکە کاتێک، باربان، جلەکانی خۆی لەبەرکردەوە پاشان پێکەوە وەستاین، ڕووتەکان ڕیزبکەین بۆ یاریکردنی تۆپ تۆپینە. هەموویان لەشەش کەس پتر نەبوون، بەکچە جوانەکەیشەوە.



پاش هەندێک، کچەکە هات بەلامانەوە، گوتی: یەجگار ساردی کرد من وا هەست پێ ئەکەم، کە بەفر لەسەر شانم باریبێوە لەبەرئەوە هەندێ جل لەبەر ئەکەم.

ئنجا چووە ژوورەوە، ناو کوڵێتەکە پاش تاوێک بە بەرگێکی سووکی مەلەکردنەوە هاتەوە دەرێ بەرگەکەی تەنکێکی وابوو کە لەژێرەوە هەموو لەشی دیاربوو بەڵام لە شێوەیەکی وا دڵکێشکەرەدا دەرئەکەوت، کە بەلەشی ڕووتی دڵی پیاوی وا کێش نەئەکرد لەبەرئەوە لەو ڕاستییە سەرم سوڕما، کە بۆم دەرکەوت ڕووتی لە جل لەبەرکردن چاکترە.

***

کاتی شەش هات.

چووم بۆ لای ڕووتەکان، یەک بەیەک دەستم گوشین و ماڵ ئاوایم لێ کردن چونکە لێیان جیا ئەبوومەوە بۆ ماوەیەکی دوور زۆریان ناوونیشانی منیان وەرگرت بۆ ئەمەی نامەکاریم لەگەڵدا بکەن دوایی زەوییەکەم بەجێ هێشت لەگەڵ (باربان) و (کارڵ)دا.

(کارڵ)یان کەمێک لەگەڵماندا هات و گوتی: هیوادارم کە ئەم چەند ڕۆژەکەمەی لەناوماندا بوویت، خۆشت ڕابواردبێ لە (درمستاد)دا بۆ ئەمەی ساڵەکەی تریش بێیتەوە ناومان چونکە من ئێستا، تۆ بەیەکێک دائەنێم لە خۆمان بۆ لەمەو دوا، هەرچی نووسراو وێنە و کاتی ئاهەنگەکانی زستانییان هەیە، بۆتی ڕەوانە ئەکەم.

گوتم: سوپاسی بێ پایانت پێشکەش ئەکەم کارڵی خۆشەویستم بەڵام تکام وایە، ئەگەر نەهاتمە ئاهەنگەکانتان ببەخشن چونکە هەروەک خۆت ئاگادارییت، (پاریس) نزیک نییە لە (درمستاد)ەوە کارڵ قاقاپێکەنی و گوتی: - من دیارە هاتنت ناخوازم، بەڵام بۆیەکا کارەسات و ڕووداوی ناو خۆمانت بۆ ئەنێرم، تا ئاگادار بیت لە کەینوبەینەمان منیش هیچم ناوێ لێت، ئەوەنەبێ، کە هەر شتێ لەبابەت ڕووتییەوە ڕوویدا لە (فەرەنسە)دا، بۆمان بنووسیت.

گوتم: بەوە زۆر دڵخۆش ئەبم کە ئەو بەڵێنەت بدەمێ.

پاش تاوێک بەجێی هێشتین من و (باربان)یش ڕووەو (درمستاد) ڕۆیشتین لەوێ، لە چێشتخانەکەی ئێستگەی (درمستاد)دا پشوویەکماندا، هەندێ بیرەمان خواردەوە، تا کاتی جوێ بوونەوە هات.

لەدەموچاوی هاوڕێکەمدا، نیشانەی ئازاری لەیەک جوێ بوونەوەیان دیاربوو.

گوتی: جوێ بوونەوەی تۆ، ئەی دۆست، زۆر من ئەخاتە تەنیاییەوە چونکە زۆر خۆشمان

بەیەکەوە ڕابوارد بەڵام بێ گومان، نامەکاریم زۆر لەگەڵ ئەکەیت هیواداریشم کە لەبانگ ڕاهێشتندا بۆ ڕووتی و ڕووتەکان لەناو (فەرەنسە)دا کۆڵ نەدەیت.

پێم گوت: ئەی (باربان)ی خۆشەویست لەمەولا نامەت زۆر بۆ ئەنێرم هیواداریشم، کە هەمـوو دەم، ئەو دەنگوباسـانەی لەبابەت ڕووتی و ڕووتانی ناو فـەرەنسـەوە بۆتی ئەنێرم، دڵخۆشت بکەن.

شەمەندەفەرەکەی پێی ئەڕۆیشتم گەیشتە ئێستگەکە.

بەڵام پێش ئەوە، (باربان)، توند دەستمی گوشی و بەدڵتەنگییەکەوە پێی گوتم:

– ئاوات ئەخوازم کە بەخۆشییەوە بگەڕێتەوە جێگای خۆت.

گوتم: سوپاست ئەکەم، خوا بکا پێک بگەینەوە.

## بەشی یانزەهەم

### کۆگرەی ڕووتی

یەکەم کۆگرەی پەروەردەکردنی ئازاد، لە (بەرلین)دا گیـرا، لە پاییزی ساڵی ١٩٢٩دا، لەژێر سەرپەرشتـیی (ئەدۆلف کـوخ)دا کـۆبوونەوەکـانی کـۆگرەکە سێ ڕۆژی خایاند، لە ٢٣ی مـانگی گـەلاڕێزانەوە (تشـرینی یەکـەم) تا ٢٥ی ئەو مـانگە ئەوەبوو لەوەپێش ئەم پیـاوەم ناسـیـبـوو، لەپاش سـەردانێک لە خوێندنگا نوێیـەکـەی، کـە لەبابەت پرۆژەی ئەم کـۆگـرەیەوە ئەدوا و هەر لەو ڕۆژەوە بیـری لێ ئەکـردەوە لەسـەر بنچـینەی ئەو یەکـتـری دیتـینەمـان، چەند لاپەڕەیەکی چاپکراوی بۆ ناردبووم، کـە پێـڕەویی کـۆگـرەکـەی تیـا نووسرابوو، بێجگە لەوە نامەیەکی بانگ کردنیشی بۆ ڕەوانە کردبووم کە لەوێ ئامادەبم وێنەی پێڕەوییەکەی ئەمەبوو:

(خوێندنگای پەورەردەکردنی ئازاد لە بەرلیندا)

هەڵپەرکییەکی کۆمەڵی بەسازوئاوازەوە

(بەرلین لە ٣٠ی مانگی میوە خۆشدا[1] ساڵی ١٩٢٩.

(بڕیار درا کە کۆگرەیەکی گشتـیی ڕووتەکان بگیرێ لەژێر سەرپەرشتیی خوێندنگای کووخدا بۆ پەروەردەکردنی ئازاد.

(١): میوە خۆش=(تموز).



کـۆبوونەوەکـانی لە ڕۆژی شـەممەی ٩٢٩/١١/٢ وە دەست پێ ئەکـات تا ڕۆژی دووشەممەی ٩٢٩/١١/٤، لەژێر ناوونیشانی: (ڕووتی و پەروەردەکردن)دا.

(یەکەم کۆگرەی خوێندنگای کووخ بۆ پەروەردەکردنی ئازاد) ڕۆژی شەممە: ئاهەنگ گێڕان بۆ (خۆش هاتن)کردن لە ئەندامە بێگانەکان، کە لە ڕەگەزی ئەڵمان نین، لەناو زەویی خوێندنگاکەدا، لە شاری بەرلیندا لەگەڵ پیشاندانی هەندێ هەڵپەڕکێی ڕووتەکان لەسەر ئاوازی سایز.

ئێوارەیش وتارێک ئەدرێ لە بابەت (بۆچی مرۆڤایەتی بەرەو ڕووتی ئەڕوات؟).

بەیانی ڕۆژی یەکشەممە: هەندێ لە چاو ئەندازانی ڕووتەکان لەسەر تەختی بەزمگای (بسکافور) لە شاری بەرلیندا، پێشان ئەدرێ.

ئێوارەیش گفتوگۆیەکی گشتی پێک ئەهێنرێ لە ناوەند پزیشک (فرید ریخ وێجلت) و (هانز جراتز)دا لە بابەت (پێویستیی ڕووتی)یەوە.

ڕۆژی دووشەممە: لە ئێوارەدا فیلمێک لەبابەت (پێش بینی نوێ لە بابەت پەروەردەکردنی لەشەوە) پێشان ئەدرێ لەگەڵ پێشاندانی فیلمەکەیشدا (مامۆستا کووخ) چاو ئەندازەکان لێک ئەداتەوە.

لە ڕۆژی سێ شەممەدا، ئەندامەکان بانگ ئەکرێن بۆ هاوبەشی کردن لەو هەڵپەڕکێیەدا کە لە خوێندنگای کووخ دائەکرێ.

بۆ دووسەد کەس لە میوانە بێگانەکان خواردن و نوستن پێشکەش ئەکرێ، لەلایەن ئەندامانی خوێندنگای کووخ یاخود کۆمەڵە ڕووتەکانی تری بەرلینەوە بەمەرجێ ئەو میوانانە بووبنە ئەندام لە خوێندنگای کووخ یاخود لە کۆمەڵە ڕووتەکانی تردا لەبەرئەوە ئەوانە، تەنیا ئەرکی هاتن و چوونەوەیان دێتە سەر بۆ ئامادەبوون لە کۆگرەکەدا.

سەرپەرشتیی کەرەکان

ئەدۆلف کووخ ، فرانز کارلوتز

فریدریخ دولف

## کۆبوونەوەکانی کۆگرە

کۆگرەکە ناچاربوو، کۆبوونەوەکانی خۆی دوابخات بۆ ڕۆژی ٢٣/١١/٩٢٩. بەزمگای (بسکافۆر)یش داخرابوو، لە جیاتی ئەو بەزمگای (فۆلکسیۆن) دانرابوو، بۆ نومایشەکان.

لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژی کۆگرەکەدا، واتا لە ٢٣/١١/٩٢٩دا (ئەدۆلف کووخ) کۆگرەکەی کردەوە، وتارێکی دوورودرێژی وا لەبابەت دامەزراندنی خوێندنگاکەیەوە بۆ پەروەردەکردنی ئازاد لە نزیک شاری (بەرلین)ەوە و، پەیدابوونی جووڵەیەکی تازە لە خاکی ئەڵمانیادا بەهۆی ئەوەوە دامەزراندنی ئەو خوێندنگایەیش کەوتبووە ئەو ڕۆژە پڕ تەنگوچەڵەمانەوە کە ئەڵمانیا تووشیان بوو بوو لەدوای شەڕی جیهانی گەورەدا مەبەس لە دامەزراندنی ئەو خوێندنگایەیش ئەوەیە کە ڕۆڵەکانی ئەڵمانیا لەسەر بنچینەیەکی سروشتی دروستیی دروست لەشیان پەروەردە بکرێ، بۆ ئەمەی بتوانن بەئاسانی لەو سەرگەردانییە گەورەیە گشتییە ڕزگار ببن، لەبەرئەوە، چەند مامۆستایەکی هەڵبژاردەی هێناوە بۆ خوێندنگاکەی، بۆ ئەمەی مەشق بەمناڵان بکەن، بەڕووتییەوە لەبەرتیشکی ڕۆژ و گەرمییەکەیدا لە پێشەوە، مناڵەکان ئەم جۆرە مەشق کردنەیان، بەشەرمێکەوە ئەکرد.

بەڵام پاشان پێوەی ڕا ئەهاتن، ئیتر بەئارەزوو و خوێن گەرمی و خۆشییەکی زۆرەوە ئەو مەشقەیان ئەکرد.

بەڵام ڕۆژێک لەڕۆژان، خانمێکی ئەڵمانیی، کۆنە پەرستی کەللە وشک، بەمەی زانی هوروژمی هێنایە ناو خوێندنگاکەوە و بەچاوی خۆی دیی کە مناڵەکان، بە بەر ڕۆژەوە، بەڕووتی یارییان ئەکرد قین دایگرت و دەستی کرد بەهەڕەشەکردن لەو (پیاوە بەدخووە)ی کە خۆی ناوی وا لێ نابوو.

پاشان چووە دەرەوە، دەستی کرد بەچاووڕاوکردن و، بەندوباو بڵاوکردنەوە و، هانەدان، بۆ ئەمەی بیروباوەڕی گشت ئەڵمانەکانی لێ بوروژێنێ و هەر بیروباوەڕێکیشی خستۆتە ناو مێشکی مناڵەکانیانەوە، لە مێشکیان دەربهێنرێ و لەوە بەولاوەیش و پارەی پێ نەدرێ کە ڕەوشت و کردەوەی جوان پایەماڵ بکات لە ئەڵمانیادا.

تکای لە ڕۆژنامەکانیش کرد، کە لەبەرەنگاری کردنی ئەم کارەساتە نەنگ و ناشیرینەدا کە (کووخ) دایهێناوە لە ئەڵمانیادا، کۆمەکیی بکەن.

هەندێ لە ڕۆژنامەکان، دوای قسەو بەندوباوی ئەو ئافرەتە کەوتن و پشتیان گرت



دوایی کاریان لە فەرمانڕەوایی کرد،کووخی گرت و خستیە بەردەمی دادگا بەتاوانی تێکدانی ڕەوشت و خووی بڵندەوە.

سەیر ئەوەبوو، دادگا لەبەردەم دەنگەدەنگ و خرۆشانی سەیرکەراندا، کوخی بەڕەڵڵاکرد ئەو بڕیارەیشی لەسەر بنچینەی ئەو یاسایە بوو، کە لە ساڵی ١٧٠٢دا لە ئەڵمانیادا دەرچووبوو لە یاساکەدا مافی دابوو بەهەموو مامۆستا و لە لەو دایەنێک کە چۆن ئارەزوو ئەکەن مناڵ پەروەردە بکەن، بەمەرجێ ئەو پەروەردە کردنە خراپەی بۆ ئەو مناڵ تیا نەبێ ئنجا کە کووخ توانیی، کەڵکی تیشکی ڕۆژ و بای پاک بۆ لەش و گیان، لەناوبژیکەرەکان بگەیێنێ، دەمودەست بەڕەڵڵایان کرد.

ئەو کارەساتە، سەرەتای ژیانێکی تازە و جووڵەیەکی تازەبوو لە ئەڵمانیادا لەبەرئەوە بانگ ڕاهێشتنی ڕووتەکان بۆ ڕووتی، لە ئەڵمانیادا بڵاوبووەوە پاشان بانگ ڕاهێشتنە کە، گەشەی کرد و گۆڕرا، لە ڕووتی مناڵانەوە بوو بەڕووتی پیاوی گەورەیش بەم ڕەنگە فەرمانڕەوایی ئەڵمانیا، هاتە سەر ئەوەی کە پێ لە پەروەردەکردنی ئازادیش بنێ و ڕێزی لێ بگرێ، هەروەک ڕێز لە هەموو شێوەیەکی پەروەردەکردنی تر ئەگرێ.

***

(بەڵام بۆچ بەڕووتی؟) بۆچ مەشقەکەمان بە بەرگێکی تەنگی مەلەکردنەوە نەکەین؟.

ئەم پرسە، پزیشک (هانزجراتز) کردی، کە خۆشیی پزیشکێکی پرس پێ کراوە[١] لە خوێندگاکەی کووخدا بەڵام هەرخۆیشی وەرامی دایەوە گوتی: (ڕووتی زۆر پێویستە بۆ فێرکردنی زانستی ڕەگەز هەروەها بۆ تەندروستیی مناڵان.

(من لە بابەت بەشی دووەمیانەوە ئەدوێم بەشی یەکەم بەجێ ئەهێڵم بۆ مامۆستا فریدریخ و یجلت، کە لێی بدوێ (لەم ڕۆژانەدا، لە هەمووولایەکی جیهاندا، جۆرە خوێندنگایەک کراونەتەوە، ناویان نراوە( خوێندنگایانی ناوبای پاک). تەنیا ئەو مناڵانەیان تیایە، کە نەخۆشیی سنگیان هەیە.

بەڵام ئەو مناڵەی کە بەختی یارنەبووە، تووشی نەخۆشیی سنگ ببێ، چارەنووسی وەهایە کە ئەبێ بەش براوبێ لەو بەخششی خواییە کە بریتییە لە بای پاک و هەتاو ئەبێ بەشی زۆری ژیانی لەناو چوار دیواری وادا ڕاببوێرێ، کە نەبای پاکی تێ بێ ، نەتیشکی ڕۆژ!).

(١) واتا: موستەشارە، راوێژکارە.

پاش ئەو، مامۆستا (فریدریخ ویجلت) بەرزبووەوە و دەستی کرد بەقسەکردن، لە بابەت پێویستی ڕووتییەوە، بۆتێگەیشتنی بابەتی سک و زا و ڕاهاتن بەکردەوە و ڕەوشتی بڵندەوە، گوتی: (منالاَن لە تەمەنی چواردە ساڵی و لەوە پاشیش، بەپەرۆشەوەن کە هەرچییەک هەیە لەبابەت ڕەگەزی بەرامبەریانەوە لە ڕازوپەنهانی و پێچوپەنا، شارەزای ببن لەبەرئەوە ئەیانبینیت، هەمووده‌م ئەگەڕێن بەدووی بەزمگا خراپەکاندا، ئەچنە ناو هاوڕێیانی بەدخووە وە، بۆ ئەمەی ئەوەی نایزانن لە بابەت ڕەگەزەوە، فێری ببن ئەنجامی ئەمەیش، ئەوەتا کە بەچاوی خۆمان ئەیبینین، چ نەخۆشیی پیس و گەنگ، چ کردەوەی ناشیرین و ناپەسەند، بەجارێک لەناو لاوەکانماندابلاَو بوونەتەوە.

ئەوەیش دیارە، کە ئەگەر ماوە بدرێ بەکوڕ و کچ: هەر لە منالییەوە، بەڕووتی تێکەڵی یەکتربن، تا دێ زۆرتر شارەزای یەکتر ئەبن، ئیتر کە گەورەیش بوون هیچ هانەدەرێکیان نامێنێ، هانەیان بدات بۆ ڕەوشت و خووی خراپ و داوێن پیسیی.

(بەڵگەیەکی ڕووداو و ڕاستەقینەیش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لەناو چوارهەزار شاگرددا کە لە خوێندنگای کوخدا ئەیان خوێند، لە ساڵی ١٩٢١دا، شاگردێک نەبێ، کەسیان تووشی نەخۆشییەنە پیسە بوو، بوو چونکە لە باوک و دایکەوە تووشی بوو بوو ئەمەیش بەراوورد کردنێکی سەیرە، کە لەناو بۆرە پیاواندا ناتوانرێ ببینرێ).

***

لەدوای ئەوە نومایشی ڕووتەکان هاتە پێشەوە، کە لەسەرتەختی بەزمگای (فۆڵکسیۆن) کرا هاوڕێ کەم (باربان)یش گەیشتبووە ئەوێ بۆ بینینی ئەو چاو ئەندازە جوانە لە پێناو ئەو بینینەدا (٦٠٠) شەش سەد کیلۆ مەترەی بڕیبوو بەلاَم خۆی گوتی: لەم هاتنەم، بەم ڕێگا درێژەدا، پەشیمان نییم چونکە ئەوی لە کۆگرەکەدا دییوم بەچەندان ئەو ماندووبوونەی بۆ پڕکردوومەتەوە.

وا بەزمانی (باربان)ەوە ئەو ئاهەنگە پێشان ئەدەین:

(لە هۆڵی بەزمگاکەدا، نزیکەی سێ هەزار کەس لە تەماشاکەران هاتبوون بۆ ئەو نومایشە هەر چاو ئەندازێکیان ئەدی بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێ ئەدا کەسیان تیانەبوو، ئەو نومایشەی پێ ناخۆش بووبێ، کەسیان بەرپەرچیان نەدایەوە.

لە پەردەی یەکەمدا، چل ڕووت لە کوڕ و کچ زۆر شەنگ و شۆخ پێشان دران لە پێش چاوی دانیشتوان، هەندێ یارییان کرد، بەکۆمەڵە و بەڕێکوپێکی، سەیرکەرەکان پێی



گەشکەداربوون سەیر ئەوەبوو، ئەو هەموو هەڵپەرکێیە ئەو هەموو نوشتانەوەیەی کە هەڵپەڕکێ کەرەکان ئەیان کرد بەو هەموو تیشکە ڕەنگاوڕەنگانەوە کە لە لەشیان ئەکەوت، هەستێکی خراپی لە دڵی کەسێکدا نەخرۆشاند لە ڕاستیدا، شەنگوشۆخی و ڕازاوەیی ئەو چاو ئەندازە، لەگەڵ جوانییەکەی لەشیاندا، هیچ ماوەیەکی نەئەهێشتەوە بۆ دەروون کە پێی ببزوێ، پەسەندکردن و دڵ پیاچوون و سەرسوڕمان نەبێ.

لە ڕاستییدا، من سەرم سوڕما لە ئازایەتی و بێ باکیی ئەو چل کوڕ و کچە، کە لەشی خۆیان، بەڕووتی، پیشانی ئەو سێ هەزار کەسە ئەدا بەڕاستی ئەوانە مەرد و ئازا و پاڵەوان بوون چونکە ئەو کردەوەیە سەربەستیی و بێ باکی و ئازایەتییەکی بێ هاوتای ئەوێ.

لەپاش ئەمەی شاگردەکان یارییەکان و مەشقەکانی خۆیان بەڕێکوپێکی پێشاندا، وەک لە خوێندنگاکەی کوخدا ئەیانکرد، پەردە دادرایەوە پاش ئەوە ئاشکراکرا کە (کووخ) خۆیشی چەند چاوئەندازێک، بۆ نموونە پێشان ئەدا، لێکیشی ئەداتەوە بۆ هەمووان تا تێی بگەن ئیتر کووخ هەر چاوئەندازێکی پێشان بدایە، لێکی ئەدایەوە و ڕوونی ئەکردەوە بۆ هەمووان هەموو مەبەستیشی لەوە ئەوەبووکە پێشانی بدات بیروباوەڕی ڕووتی، بابەتی پاشکەوتن نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە نیشانەی بەرزبوونەوە و پێشکەوتنە.

پەردەی یەکەم

پەنجا کوڕ و کچی ڕووتی پیشاندا، لەسەر زەویی بەسەر گازی پشتا پاڵ کەوتبوون، نە ئەجوولاَنەوە ئەو چاو ئەندازە، ماوەیەکی باشی خایاند.

مەبەس لەوەیش ئەوەبوو، کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیا، وا بووە، سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ و جیهان.

پەردەی دووەم

پەردە هەڵدرایەوە، ڕووتەکان هێشتا هەر لەجێی خۆیاندا بوون، لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوتبوون بەلاَم ئەمجارە لنگ و باڵیان بەلەنگەرێکەوە ئەبزواند، لەپێشەوە بەنەرمی و هێواشیی، پاشان بەتوندییەکەوە ئەمەیش ئەوەی پێشان ئەدا، کە مرۆڤایەتی لە دووەم پلەی ژیانیا گیانی چوو بەبەردا و ڕاپەڕیی و وریا بووەوە و دەستی کرد بەتێکۆشان تا خۆی پێ بگەیێنێ و بگاتە چڵەپۆپەی سەرکەوتن و پێشکەوتن و بەرزی لە ژیاندا.

بەڕاستی هەستم کرد بەسەرسوڕمانێک لەو کوڕ و کچانە کەوا توانییان لەو بزووتنەوە ڕێکوپێکانەدا چارەکە کاتێک بمێننەوە.

پەردەی دوایی

پاش ئەوە کوڕ و کچە ڕووتەکان هەستانە سەرپێ و باڵەکانیان بڵندکردەوە، ڕووە و ڕۆژ و ئاسمان، بەدەم ئەوەیشەوە گۆرانییەکیان ئەگوت لە بابەت ڕزگارکردنی مرۆڤایەتییەوە لە دەست کۆت و پێوەندی ڕەوشت و خووی ڕزیبوی کۆمەڵایەتی من لەتوانامدا نییە کە لەم چەند دێرەدا، بیروباوەڕی خۆم دەرببڕم، دەربارەی ئەو چاو ئەندازانە، ئەوەندە دڵ و دەروونمیان بزواند هەر ئەوەندەم لەدەست دێ کە بڵێم، تەنیا پەردەیەک لەو پەردانەی کە لەوێ دییم، بەس بوو بۆ ئەوەی کە هەموو ماندوێتییەکی ڕێگام لەبیر بەرێتەوە تا گەیشتوومەتە بەرلین.

لە بڕانەوەی ئاهەنگەکەدا، ئافرەتێکی نەژاد و جوامێر هەستایە سەر پێ و چەند قسەیەکی ناسک و ڕەوانی پێشکەش بەخانمەکان کرد، تکایشی لێ کردن کە لەبەر چاکەی ڕۆڵەکانیان، پشتیوانی (ئەدولف کووخ) بکەن لە بیروباوەڕەکەیدا، کە لە بابەت ڕووتییەوەیە. خانمەکە ناوی (مادام بۆ هیم) بوو.

***

ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا، بەتایبەتی ڕۆژنامە چەپییەکان، کە ڕۆژنامەی (تەمبوو) پێشەنگیان بوو، لە بابەت ئاهەنگەکانی کۆگرەکەوە وتارێکی زۆریان بڵاوکردەوە.

هەریەکەیشیان بەجیاواز، بیروباوەڕی خۆی دەربارەی کۆگرەکە و ئاهەنگەکانی و ئامانجەکانی دەربڕیی ئەوەندە هەیە، هیچ ڕۆژنامەیەکیان نەما کە کردەوەی خاوەن ئاهەنگەکان و ڕەنج دانیان لە پێناو ڕێک خستنیاندا پەسەند نەکا و پیا هەڵ نەدا.

منیش لە خۆم ئەپرسم ئەڵێم:

ئاخۆ ڕۆژنامەکانی فەرەنسە چی بنووسن دەربارەی ئەم جۆرە ئاهەنگانە، ئەگەر لە (پاریس)دا بکرانایە؟!.



## بەشی دوانزەیەم

رووتی لە فەرەنسەدا

لە فەرەنسەدا ژمارەیەکی زۆر هەن کە بەدڵ حەز بەمەشقی ڕووتی ئەکەن بەڵام پێش ئەمەی لەم بابەتەوە قسە بکەم، حەز ئەکەم لە یەکەم جووڵەی سروشت پەرستییەوە بدوێم لە فەرەنسەدا بێشکەی ئەو جووڵانەوەیە لە (میدی)دا بوو، کە لەناو کێڵگەیەکدا بوو ناوی (کێڵگەی فلار) بوو نزیک بەهەندێ دوورگە لەناو شاخەکانی (ئەڵپ)دا، ئەویش لەژێر سەرپەرشتی کردنی ڕاستی پەرستێکی ئەڵمانیدا بوو کە ناوی پزیشک (گەر بەرگ) بوو.

دامەزراندنی ئەم جووڵەیە، ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٥.

واتا پێش ئەوەی بیروباوەڕی ڕووتی لە فەرەنسەدا پەیدا بێ.

لە ڕاستیدا، بانگ ڕاهێشتنی پزیشک (گەر بەرگ) بۆ ژیانی سروشتی، فڕی بەسەر ڕووتییەوە نییە ئەوانەی لەگەڵ ئەویشدا کۆبووبوونەوە بەشی کەمیان فەرەنسیبوون، زۆربەیان ئەڵمان بوون.

ئەم پیاوە لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەیدا بۆ (گەڕانەوە بۆ سروشت)، ئەرک و ئازاری زۆر هاتە بەر. ڕۆژنامەکانی (نیس)، لەپێش هەموو ڕۆژنامەیەکدا، هوروژمیان بردە سەریان، ناویان نابوون (پیاوە ڕووتەکان) پاش ئەوان، ڕۆژنامەکانی تری فەرەنسەیش هوروژمیان بردە سەریان ئەوانە بیروباوەڕی گشتیان لە پزیشک (گەر بەرگ) و کۆمەڵەکەی وروژاند، هانیاندان بۆ ڕیسواکردن و تیزپێکردنیان، بەدناویشیان کردن بەدڕندەیی و پاشکەوتوویی وگەلێ شتی ترەوە.

(کێڵگەی فلار)یش ئەکەوێتە ئەو بەشە شاخەی (ئەڵپ)ەوە کە دراوسێیە بە(زریی سپی)، لەلای باکوریشەوە ئەڕوانێت بەسەر شەپۆلەکانی زرێکەدا.

لەوێدا هەوارگەکەی (گەربەرگ) لەسەر لوتکە شاخێکی سەختە ڕێگا، لە شوێنێکی جوان و ڕازاوەی چۆڵ و هۆڵدا دامەزرا، کە دارودرەختی خوا کرد و گوڵ و گژوگیای بۆن خۆش بەشی زۆری داگیرکردبوو، لە زریێ کەیشەوە کزەبایەکی فێنکی سازگاری بۆن خۆشی بەسەردا ئەهات، کە بەناو گوڵ و گژوگیای بۆن خۆشدا تێپەڕی کردبوو.

لەو شوێنە ناسک و ناوازەیەدا، پزیشک (گەربەرگ) کۆمەڵ و هەوارگەکەی خۆی

دامەزراندبوو، ئاوەدانییەکی بەنرخیشی خستبووە ئەو ناوەوە دانیشتوانی ئەم هەوارگەیە جووتیان ئەکرد، تۆویان ئەچاند، بەدانەوێڵەکەی ئەژیان.

هەندێ ئاژەڵیشیان لە بناری شاخەکان ئەلەوەڕاند هەریەکەیان کۆلیتێکی بۆ خۆی دروست کردبوو کە ساکار و سادە بوو بەژیانێکی ساکاریشەوە لەناویاندا گوزەرانیان ئەکرد، خۆیان دوور خستبووەوە لە ژیانی پڕ دەنگەدەنگ و قرەقرِی ناو شارەکان زەوییەکە، هەر خواردنێکیان پێویست بوایە پێی ئەبەخشین هەروەها بەهۆی خوریی مەڕەکانیشیانەوە کە منالەکانیان ئەیانلەوەڕاندن لە دۆڵ و بناری شاخەکاندا، جلوبەرگێکی سووک و سادەی خۆیان پێک ئەهێنا.

خواردەمەنی ئەوانە بریتی بوو لەو گژوگیا و سەوزەوات و میوەهاتەی کە لە زەوییەکە بەرهەمیان ئەهێنا، کەمێکیش نەبوایە گۆشتیان نەئەخوارد.

هەروەکو لەوەپێش گوتمان، زۆربەی ئەو کەسانە، ئەڵمان بوون، لە چینی کرێکاران لەگەڵ (گەربەرگ)دا لە ئەڵمانیاوە هاتبوونە ئەوێ زۆربەیشیان خوێندەواری تەواونەبوون.

بەڵام پێشەواکەیان (گەربەرگ)، ڕاستی پەرستێکی ڕەوشت و خوو پاک بوو، نرخی زانستی ئەزانی کە ئێواران ئەهات هەموویانی کۆئەکردەوە و، وتاری زانستی و وێژەیی بەنرخی بۆ ئەدان هەروەها منالەکانیشی فێری زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و هەندێ زانست ئەکرد، لە شێوەیەکی سووک و ساکاردا.

ئەم پیاوە، جاربەجارێک هەندێ لە ئەندامانی کۆمەڵەکەی خۆی ئەنارده شارە دراوسێکان وەک (نییس) و (مارسیلیا)بۆ ئەمەی بگەڕێن بەدوای هەموو بابەتێکی تازەی وادا کە یارمەتییان بدات لە گەشەپێکردن و ڕازاندنەوەی ژیانە سروشتییە سەربەستەکەیاندا جاری وایش هەبوو، خۆیشی ئەو گەڕانانەی ئەکرد تا ئەگەیشتە (پاریس)، بەدوای بیروباوەڕی ڕاستی پەرستی و زانستی نوێدا ئەگەڕا.

جلوبەرگەکانیشیان تا بڵێی سووک و ساکاربوون، بەپێی ساردی و گەرمیی کەشەکان لەبەریان ئەکردن لە کەشی گەرمدا، هەر ئەوەندەیان ئەپۆشی، کە ناوگەڵیان داپۆشی.

سا لەبەر ئەمە بوو، کە ڕۆژنامەکانی (نییس) ناویان نابوون (ڕووتە پیاو)، هەرچەند کە ڕووتی تەواویش نەبوون.

ئەو جووڵەیە، بەیەکەم جووڵەی سروشتی ئەژمێررێ لە فەرەنسەدا.

***



بەڵام، فەرەنسەی ئێستا، جووڵەیەکی ڕووتی تری تیایە ئەم جووڵەیە، هەرچەندە وەک جووڵەکەی ڕووتی ناو ئەڵمانیا گرنگ نییە و بڵاویش نەبۆتەوە، بەڵام لەلایەن خاوەن بیروباوەڕانی فەرەنسیەوە، لەلایەن فەرمانڕەوایی فەرەنسیەوە، قینەبەریی و دوژمنایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەکرێ.

بەڵام، کۆمەڵەکانی سروشت، لە فەرەنسەدا زۆرن.

زۆربەشیان وازیان لە بیری ڕووتی هێناوە، لەتاو دوژمنایەتی بیروباوەڕی گشتیی و بەرەنگاریکردنی فەرمانڕەوایی.

تەنیا کۆمەڵی (ژیان) ماوە کە کۆڵی نەدابێ و چاوی نەترسابێ.

وازیشی لە بانگ ڕاهێشتن نەهێنابێ بۆ ڕووتی و، داواکردن لە فەرمانڕەوایی کە ڕێ بدات مەشقی لەسەر بکرێ سەرکردەی کۆمەڵەکە پزیشک (فیار)ە ئەوی لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کۆمەڵەکەیشدا یارمەتی ئەدا، و بانگ ڕاهێشتنەکە ڕێکوپێک ئەخا، جێ نوشینەکەیان کە ناوی (مسیۆ دی مونگۆ)یە جا ئەم پیاوەیە کە گۆڤارە تاقانەکەی ڕووتەکان لە فەرەنسەدا دەرئەهێنێ، لەژێر ناوی (گۆڤاری ژیانی نوێ)دا.

لە ڕاستیدا، وا دەرئەکەوێ، کە (مسیۆدی مۆنگۆ) لەو پیاوە هەڵکەوتووە کەمانەیە، کە بەهەموو هێز و هەرەتێکیانەوە لەسەر بیروباوەڕی خۆیان ئەکەنەوە، کۆڵ نادەن لە ڕەنج دان، نەهەڕەشەی ئەم و ئەو کاریان لێ ئەکات، نە هیی فەرمانڕەوایی؛ نە شۆڕشی بیروباوەڕی گشتی ئەگەر وا نەبوایە، ئەم پیاوە، نەی ئەتوانی لەسەر بانگ ڕاهێشتنەکەی خۆی بڕوات لە بابەت (ڕووتی)یەوە کە بیروباوەڕێکی تازەی وایە بەلای فەرەنسزە کۆنە پەرستەکانەوە، بەفرمانی سەرشانی خۆیانی دائەنێن کە تا لە هێز و توانایاندا هەیە بەرەنگاریی بکەن، بۆ ئەمەی لەو ژیانە کۆنە لانەدەن کە باو و باپیریان لەسەری ڕۆیشتوون یەکێک لە پەڵپەکانی ئەو دوژمنانە بۆ بیروباوەڕی (ڕووتی) ئەوەیە، کە (دی مونگۆ) چاووڕاو بۆ ئەوە ئەکات، کە چاولێکەریی ئەڵمانەکان بکەن کە دوژمنەکانی دوێنێی فەرەنسەن لەو کردەوە پڕوپووچە نەنگەیاندا.

(دی مۆنگۆ)یش بەرپەرچیان وا ئەداتەوە، ئەڵێ: (فەرەنسیەکان، کاتێک دەستیان کردووە بەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ڕووتی، کە هێشتا نەیان بیستووە شتی وا هەیە لەو بەر ڕووباری (ڕاین)ەوە.)

لە ڕاستیشدا هەندێ لە فەرەنسیەکان، کە دەستیان کردبوو بەبڵاوکردنەوە بیروباوەڕی (ڕووتی).

هێشتا ئەڵمانەکان ئەوەیان بەبیریشدا نەهاتبوو. بام بڵێین، ئەوانە ڕاست ئەکەن (دی مۆنگۆ) و هاوڕێکانی چاولێکەریی ئەڵمانەکان ئەکەن لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی (ڕووتی)دا. ئایا لەمەدا هەڵەیەک هەیە؟ ئایا گوناه لەمەدا هەیە کە ئێمە لەناو نیشتمانەکەماندا، کردەوە و کارێکی وا دروست بکەین کە کەڵکی بۆ لەش و گیانمان هەبێ، چونکە ئەڵمانەکان لە پێش ئێمەدا ئەو کردەوە و کارەیان نوواندووە؟

بەلای (مۆنگۆ)وە بیانووی دوژمنەکانی یەجگار هیچوپووچ و چرووکە سەیرکە چۆن دوژمنەکانی خۆی بەرچ ئەداتەوە لە گۆڤارەکەیدا:

کاتێ کە گۆڤاری (ژیانی نوێ)مان دەرهێنا، مەبەسمان ئەوە نەبوو، کە لە فەرەنسەدا کۆمەڵێکی ڕووتان دابمەزرێنین.

لە ڕاستیدا، بیری پێکهێنانی ئەو کۆمەڵە، هەنگاوێکی سەربەخۆ بوو، ساڵێک پتر بەسەر دەرهێنانی گۆڤارەکەدا ڕۆیشت، ئنجا هات بەمێشماندا ئەوکاتەی کە بانگمان ڕائەهێشت بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمەڵە لە فەرەنسەدا، هەر نەمان ئەزانی کە لە ئەڵمانیادا ڕووت هەیە کەواتە بیروباوەڕی ئێمە لە بابەت (ڕووتی)یەوە، بۆ پشتگیریی ئەڵمانەکانی نییە، هەروەها بۆ چاولێکەریی ئەوانیش نییە.

بەڵکو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو چەوتییەیە کە خەریکە هەموو نیشتمانەکەمان بگرێتەوە ئێمە بڕوامان وایە، کە ڕووتی نەبێ، هیچ شتێک چارەی ئەو داوێن پیسییە ناکات ئێمە وامان ئەزانی، کە کەس لەپێش ئێمەدا بیروباوەڕی (ڕووتی)ی نەبووە و بۆ بڵاوکردنەوەیشی تێ نەکۆشاوە.

(جا چونکە بەوەمان زانییوە کە جووڵەیەکی وایش لە ئەڵمانیادا پەیدابووە بێ گومان وای بەباش ئەزانین کە جووڵەکەی ئەوانیش ببینین، بۆ ئەمەی لە شارەزایی ئەوان کەڵکێک وەربگریین چونکە ئەوان لە ئێمە پێشتر دەستیان بەڕووتی کردووە ئایا ئەمە هیچی تیا هەیە، کە توانجیان لێ بدرێ؟

(ئەمە سەیرە، فەرمانڕەواییەکەمان- کە هەمووده‌م (بانگی داوە بۆ ئەوەی گەلی ئەڵمان و فەرەنسی لە یەکتر نزیک بخرێنەوە، بۆ ئەمەی پشم و قین و دوژمنایەتی لە دڵی هەردوو گەلەکەدا نەمێنێ کەچی هەر ئەو فەرمانڕەواییە خۆی، خۆی پێ ناگیرێ، ئەویش وەک ئەوانی تر بەرەنگاریمان ئەکات بەئاشکرا.

بۆچی؟ چونکە ئەویش نایەوێ بیروباوەڕێکی وا بڵاو ببێتەوە کە سەرچاوەکەی لە ئەڵمانیادا بووبێ.



(ئێمە ئەگەر ئەوەمان زانی، کە ئەو کوڕ و مناڵانەی لە خاکی فەرەنسەدا ئەمرن، لەبەراووردکردنی ژمارەکانیاندا لەگەڵ ژمارە سەری دانیشتوانی فەرەنسە، زۆرترە ژمارەیان لە ژمارەی هەموو خاکێکی تری ئەورووپا، بێ ئەمەی ڕەنج و تەقەلای فەرمانڕەوایی لە پێناو پەرەپێدانی یارییە وەرزشییەکاندا لەناو نەتەوەدا، یاخود بایەخدانی بەتەندروستیی گشتیی، کارێکی لەم ژمارە زۆرەی مردنە کردبێ ئەگەر بەوەمان زانی، دەمودەست پەی بەوەیش ئەبەین کە نەتەوە چەند پێویستی بەیارمەتی هەیە بۆ چاکبوونی تەندروستیی. خۆی کەواتە بۆچ فەرمانڕەوایی، ڕێمان نادات، ئەم پێش بینییە تازەیە لە پەروەردەکردنی ئازاد دا، بەکاربهێنین، بەتایبەتی کە منیش ئۆباڵی ئەوە بخەمە سەر ئەستۆی خۆم کە کەڵکێکی زۆری بۆ نەتەوەی فەرەنسی ئەبێ؟

(ئەگەر هاتوو لە ڕۆژی دواییدا، لە ئەڵمانیادا زانایەک پەیدابوو، ڕێگایەکی نوێی دۆزییەوە بۆ چارەکردنی سییل، ئاخۆ فەرمانڕەواییەکەمان واز لەو ڕێگا تازەیە ئەهێنێ هەر لەبەرئەوەی کە سەرچاوەکەی لە ئەڵمانیایە؟)

(دێ مۆنگۆ، یەکەم کۆبوونەوەی ڕووتەکانی فەرەنسەی لە کەلاتێکی قاییمدا ڕێک خست، کە لەلای (نورماندیی)یەوە هەڵکەوتبوو، شەست کیلۆ مەترە دوور لە زرێی باکورەوە، لەناو باخچەیەکی شەنگوشۆخی فراواندا.

لەم باخچەیەدا، ڕووتەکانی فەرەنسە، بۆ یەکەم جار کۆبوونەوەیەکیان کرد ئەمەیان زۆر لاخۆش بوو.

بەوەدا ئەیزانم کە چەند جارێکی تریش دووبارەیان کردۆتەوە.

***

لە ساڵی ١٩٢٩دا، هەموو کەس لە فەرەنسەدا، قسەی زۆرکرد لە بابەت پرۆژەی پزیشک (ئەندرێ) و (گاستوت دورفیل)وە، کە هەوارگەیەکی تازەیان بۆ سرووشت پەرستەکانی فەرەنسە دامەزراندبوو لە دوورگەیەکی بچووکدا، لەناو ڕووباری (سین)دا دوورگەکە ناوی (میدان)بوو کەچی ناویان نا (دوورگەی مرۆڤە ڕووتەکان).

ئەوەندە هەیە، جووڵەی هەردوو برا پزیشکەکان جووڵەیەکی سرووشت پەرستی بوو و هیچی تر مەبەسیان ڕووت بوونەوەی تەواو نەبوو دانیشتووانی دوورگە کە تەواو خۆیان ڕووت ناکەنەوە پێویستە لەسەر هەمووان کە پاش و پێشی خۆیان داپۆشن.

لەمەوە ئەبینیت کە جووڵەکەی (دورفیل) بۆ ڕووت بوونەوەی تەواو نییە، وەک کۆمەڵی

لە مەڕ (دی مۆنگۆ) ئەیانەوێ لەگەڵ ئەمەیشدا، دوو پزیشکەکە بیریان تەرخان بکەن بۆ ڕووت بوونەوەی تەواو بۆ ئەو بابەتە لە فەرمانڕەواییان خواست کە ڕێ بدات ئەو بەشە بکەنەوە وا وێنەی خواستەکەیان کە ناردوویانە بۆ باڵبازخانەی (پاریس) لە خوارەوە ئەنووسین:

گۆڤاری (ژیانی ژیرانە)ی مانگی، کە خۆمان بەسەربەرز دائەنێین بەدەرهێنانی لە خاکی فەرەنسەدا، لەپێش چەند مانگێکا ڕاوێژی کرد بەخوێندەوارانی خۆی، بۆ ئەمەی بیروباوەڕی خۆیان دەربڕن لە بابەت ڕووتی تەواوەوە، کە ئایا پێویستە بەشێوەیەکی ژیانی سروشتی دابنرێ، یان نا.

ئەنجامی ڕاوێژکردنەکەمان بەوە گەییشت کە پێویستە ڕووتی تەواو بەشێوەیەکی ژیانی سروشتی دابنرێ.

هەروەکو خۆیشتان ئەیزانن لە ئەڵمانیا و سویسرە و سوید و نەرویج و ماوەی خاکەکانی ژووروودا، ماوە دراوە بەدانیشتوانی ئەوخاکانە، کە لەناو دەرودەشتدا بەڕووتی تەواوەوە ڕاببوێرن، بەژن و پیاوەوە، بەتێکەڵی.

ئەوەبوو، فەرمانڕەوایی، ماوەیەک لەمەوپێش، ڕێی پێ داین کە هەوارگەیەک دامەزرێنین بۆ یاریی وەرزش و ژیانی سروشتی لەناو دوورگەی (میدان)دا لە ڕووباری (سین)دایە بەمەرجێ، بەش بەشی تایبەتی بکرێ بۆ منداڵان و ژنان و پیاوان بەجیاوازیی، هەرلایەیان یاریی جۆر جۆری تیا بکات بەبەر هەتاوەوە بەمەرجێ پاش و پێش داپۆشرێ بەڵام، ئێمە وامان بەباش زانی، لەسەر خواستنی زۆربەی دانیشتوان، کە بەشێکی تایبەتی دابنێین بۆ ڕووتی تەواو یاریکەرەکان لەو بەشەدا بتوانن بەڕووتیی تەواوە وە، یاری بکەن. هەروەک لە خاکەکانی تری ئەوروپادا، ئەیکەن.

لەبەرئەوە خواستەکانمان لە ئێوە ئەمانەیە:

یەکەم: ڕێگامان بدەن، ئەم بەشە تایبەتییە بۆ ڕووتیی تەواو دامەزرێنین لە دوورگەی (میداندا) بۆ ئەمەی ژن و پیاوی تیا کۆببێتەوە هەر مەرجێکیشمان لەسەر دائەنێن ئەیکەین وەک:

أ- ئەم بەشە دیوارێکی وای بۆ بکرێ کە لە دەرەوە کەس نەیبینێ.

ب- لەژێر سەرپەرشتی نوێنەرێکی فەرمانڕەوایی دان.

ج- نەهێڵرێ کەس بێتە ئەم بەشەوە، ئەو ژمارە دیاری کراوانە نەبێ لە ئەندامەکان کە



چەند مانگێکیان ڕابواردووە لەناو ڕووتەکانی خاکەکانی تردا، بێ ئەمەی هیچ شتێکی شوورەییان لێ ڕوودابێ.

دووەم: بەڵام ئەگەر ڕێ نادەن هەردوو ڕەگەزەکە بەڕووتی تەواوە تێکەڵ بن ئایا ئەهێڵن بەبێ تێکەڵ بوون، مەشقی ڕووتی بکەن؟

سێیەم: ئایا مەرجی ترتان هەیە دای بنێن لەسەرمان بۆ دامەزراندنی ئەم بەشە؟

لە چاوەڕوانیی وەرامتاندا، تکایە ڕۆژباشی هەرە ڕاستمان لێ وەربگرن.

(پەزیشک ئەندرێ دوفیل)

***

نەمزانی وەرامی کارگێڕی باڵبازخانە چی بووە لەسەر ئەم خواستەیان بەڵام کە گۆڤاری (ژیانی ژیرانە) دەرچوو لەپاش هەفتەیەک، لەدوای پێشکەش کردنی ئەم خواستە کە بریتییە لە زمانی (کۆمەڵی دورفیل)، وتارێکی درێژی (مسیۆ ئەندرێ) خۆی تیابوو، تیا بڵاوکردبووەوە، کە کۆمەڵەکەیان وازی لەو بیرە هێنا، کە بەشێکی تایبەتی بۆ ڕووتی تەواو لەناو دوورگەکەیدا تەرخان بکات چونکە وای هاتۆتە پێش چاو کە ڕووتی تەواو لەگەڵ تێکەڵی هەردوو ڕەگەزدا بەیەکتری، بە پاکی، ناتوانێ بمێنێتەوە، بەڵکو هەر ئەبێ داوێن پیسی خراپی تیا ڕووبدات. هەندێ لە پشتیوانەکانی ڕووتی ئەڵێن، ئەمە وا ئەگەیێنێ کە فەرەنسییەکان نەتەوەیەکی ناشیی و دواکەوتوون، مل ئەدەن بۆ خرۆش و ئاڵۆشی خۆیان سواریان ببێ، تاکو وایان لێ هاتووە کە ناتوانن مەشقی ڕووتی بکەن، وەک خاکەکانی تر بێ ئەمەی داوێن پیسییان لێ ڕووبدات.

هەروەها ئەوەیش ئەڵێن: کە ئەگەر ڕووتی لەناو ئەڵمانیاو خاکەکانی تری ئەوروپادا بچێتە سەر، لە فەرەنسەیشدا ئەچێتە سەر بەڵکو ئێمە لەو خاکانەی تر پێویستیمان زۆرتر هەیە بەڕووتی چونکە هەر ئەوە کە بتوانێ بەدخوویی و داوێن پیسیمان لەناودا هەڵبگرێ، کە لە ئەنجامی شاردنەوەی کەینەوبەینەی ڕەگەزخوازییەوە پەیدا ئەبێ لە (ڕووتی)یش بەولاوە هیچ چارەیەکی تر نادۆزێتەوە کە ئەم بێ دەنگی و شاردنەوەی کەینەوبەینەی ڕەگەزخوازییە لابات!...

برایەوە

١٩٦٤/١٢/٢٦

# ڕێگاکەی من

چەند وەرزشێکی بەکەڵکی ڕێکوپێکە، بۆ دەستکەوتنی تەندروستی و هێز و هەڕەتی لەش دانراون. لە ئەنجامی ڕەنج و تێکۆشانی (مامۆستا: ج. ب. مۆللەر) پەیدابوون، کە بەباوکی پزیشکایەتیی وەرزشکاریی دائەنرێ لە جیهاندا

## هەڵەکانمان

نەخۆشیی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر کەسدا نییە. ئەویش هەر لە ئەنجامی هەڵەیەکەوە پەیدا ئەبێ کە هەموو ڕۆژێک مرۆڤ تێی ئەکەوێ. جا ئەو ئەنجامانە بەرە بەرە کۆ ئەبنەوە، تا بەجارێک خۆیان دەرئەخەن. ئەمە واتەی (ئیپۆکرات)ە کە پزیشکێکی یۆنانیی بەناوبانگی کۆن بووە.

ئێمەیش زۆر کەسی وامان بەرچاو ئەکەوێ کە هەڵەی وا ئەکەن ئازار بەلەشی خۆیان ئەگەیێنن و خۆیشیان لە مەرگ نزیک ئەخەنەوە. وەک بەکارهێنانی مەمک هەڵبەست (کۆرسیە) و چەتر و، پڕکردنی زگ، هەموو ڕۆژێک، لە هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی زیانبەخش و، خۆرشتێکی چەور و گران لەسەر ورگ و، هەڵمژینی بای ناپوختە بەشەو و بەڕۆژ و، دانیشتن لەناو ئەو ژوورانەدا کە پڕن لە هەناسەی ناپوختە و بۆنی ناخۆش. هەندێکیشیان لەبەر ئەوە نەخۆش ئەکەون، کە کەمتەرخەمی لەگەڵ لەشی خۆیدا ئەکات، یاخود لەشی خۆی نابزوێنێ. کەمتەرخەمییش بەرامبەر پەروەردەکردنی لەش و بەهێزکردنی لەش، لە هەموو هەڵەکانی مرۆڤ گەورەتر و پڕ تاوانترە. چونکە سروشت بەسەر هیچ کەسێکەوە ناڕوات کە کەمتەرخەمی بنوێنێ، یاخود گوناه بکات. لە ڕاستیدا بەتوندوتیژییەوە تۆڵەی خۆی لێ ئەکاتەوە. جا ئەگەر مرۆڤ هەموو ڕۆژێک بەشێکی تەواو وەرزش نەکات و، خۆی نەشوات و، هەموو شەوێکیش حەوت هەشت کاتێک نەنوێ، بێگومان تووشی نەخۆشیی دێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە لە فرمانی تەندروستی خۆیدا کەمتەرخەمیی نوواندووە. جا ئەگەر ئەو فرمانەی خۆی بەجێ بهێنایە، بێگومان یارمەتیی ئەدا لە فڕێدانی تلّپە ژەهراوییەکانی ناو لەشی بۆ دەرەوە. هەروەها یارمەتییشی ئەدا لە بەرەنگارییکردنی ئەو نەخۆشییانەدا کە لە دەرەوە هەڕەشەی لێ ئەکەن. جا لێرەدا بەتایبەتی لە دەستەی فەرمانبەرەکان ئەدوێم کە بەهۆی نەخۆشییەوە، لەشیان هێزی تیا



نامێنێ. کاتێ کە زۆریش لەو بارەدا مانەوە، پارەی دەرمان خواردن باری ئابوورییان گران ئەکات، جێگای کار و فرمانەکانیشیان بەو هۆیەوە ئەمەندە زیانی سامانییان لێ ئەکەوێ، کە نەتەوە و فەرمانڕەوایی زۆر لەسەری داماون، تا بەکەڵکی شتێکی چاک و بابەتێکی پێشکەوتنیان بێ. جوانیی دیمەنی ئەو کەسانەیش چەواشەت نەکات کە خەمی تەندروستی خۆیان ناخۆن، ئەگەر هی وایان تیا بێ کە دڵت بەجوانییدا چوو بێ. چونکە ئەوانیش درەنگ بێ یان زوو تووشی دەردیسەریی خۆیان دێن. جا ئەگەر هاتوو بەختیان یار بوو و مەرگیش پەلەی لێ نەکردن، بێگومان ئەوانە خۆشی لە تەندروستی نابینن وەک ئەو کەسانەی کە هەر هیچ نەبێ تۆزێک بەتەنگ تەندروستی خۆیانەوە بن. کەواتە هەر وا چاکترە کە هەر لە ئێستاوە دەست بکەین بەپارێزگاریی. هەر لە ئێستایشەوە تێبکۆشین بۆ لابردنی ئەم بارە گرانە کە لەسەر شانمانە. تا کە منالّەکانمان گەورەبوون توانج و پلارمان تێ نەگرن. چونکە ئەگەر کەمتەرخەمییان لەگەڵدا بنوێنین لەشیان تێک ئەچێ و لەناو ئەچێ، سییەکانیان پووچ ئەبنەوە، دەمارەمێشکییەکانیان (أعصاب) خاو ئەبنەوە، ورگەکانیشیان بێ هێز ئەبن.

## ئەوی پێویستە بکرێ

کەواتە هەروەک لەمەوپێش پێشانمان دا، پێویستە بای پاک و بەرەڵلّا هەڵ بمژرێن، ئاوی خاوێن بخورێتەوە. لەش بدرێتە بەر تیشکی ڕۆژ. بێجگە لەوانە، هەموو ڕۆژێکیش چەند جووڵانەوەیەکی لەش بکرێ، کە هەموو ئەندامەکانی تیا بەشدار بن. یاخود بزووتنەوەیەکی بێ بڕانەوە بکرێ هەر هیچ نەبێ بۆ ماوەیەکی کەم. چونکە نەبزووتنەوە پێچەوانەی یاسای جیهانە، ئەیشبێتە هۆی کزیی و لاوازیی. زۆر کەسانی وایش هەن کە لەسەر ئەو بیروباوەڕە ئەڕۆن کە هەر پارە پەیدا بکەن، هیچ کاتێک بۆ خەمخواردنی تەندروستیی خۆیان تەرخان ناکەن. ئەم بیروباوەڕەیش هیچوپووچە. بەڵگەیشە بۆ بێ هۆشیی و ناشێتیی ئەو کەسانە. چونکە هەر کەسێ پەیڕەویی ئەو بیروباوەڕە بکات بەیەکێک لەم دوو ئەنجامە ئەگات: یان ئەوەتا لە سەرەتای لاوێتیی خۆیدا ئەمرێ. یاخود هەموو تەمەنی خۆی بەخەم و ئازارەوە ڕائەبوێرێ. هەموودەم لەشی دێشێ و، هیچ خۆشییەکیش لە ژیانی خۆی نابینێ. لەبەر ئەوە ناچار ئەبێ هەر چی پارەیەکی هەیە بیدات بەپزیشکەکان و، ئەوەندەیش داوودەرمان بخوات تا خۆی ئەدات بەدەست مەرگەوە.

کە تەماشای دەوڵەمەندەکانی خۆیشمان ئەکەین وامان بۆ دەرئەکەوێ کە ئەوانە

سەرلێدانی پزیشکەکان بۆ چاککردنەوەیان بەبەڵگەیەکی گەورەیی و خۆنوواندنی خۆیان دائەنێن. کەچی مەشقەکانی لەش جوولاندنیش بەدڕندەییەکی بێ ئەندازە ئەژمێرن. ئێمەیش باوەڕمان وایە کە ئەگەر لەش کەمتەرخەمیی لەگەڵدا بکرێ کز و لاوازی لێ دێ. بەڵام کە پڕتەرخەمیی لەگەڵدا بکرێ[1] زوو بەزوو ئەبووژێتەوە و گەشە ئەکات. جا کە هاتوو ئەنجامەکان زوو دەست بکەون و بەکەڵکیش بن، کە بەبێ کەلوپەلێکی وەرزشکاریی تایبەتی، یاخود بەبێ داوودەرمانی دەستکرد، دەست بکەون، ئیتر بۆچ ئەم جۆرە چارەکردنە بەکار نەهێنین؟

## بەسەرهاتی خۆم

ئەوانەی کە ئەڵێن لەش بزواندن و جووڵاندنەوەی ماسولکەکانی لەش و، خۆشتن، ژیان و سامان بەفیرۆ ئەدەن مرۆڤی دووڕوون. چونکە ئەگەر بێتو بەنیازێکی ڕاستەقینەوە دەست بدرێتە ئەوانە، هیچ کارێکی سەختیان تیا نییە. جا بۆ ئەمەی ڕاستیی قسەکەی خۆم دەربخەم، وا چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ ئەگێڕمەوە. باوکم سکاڵای هەبوو لە دەست زۆر ناتەواویی لە لەشی خۆیدا. کە منیش لە دایک بووم لە کێشانەدا چوار کیلۆ (رطل) بووم بەئاسانی لەناو قوتوویەکی جگەرەدا جێم ئەبووەوە. کاتێ تەمەنم گەیشتە دوو ساڵان لەبەر سکچوونێکی کاریگەر ئەوەندەی نەما بوو بمرم. کە گەورەیش بووم نەخۆشییەکانی منالّی هەر لە کۆڵم نەبووبوونەوە. لە کاتی خوێندنیشما بەزۆریی تووشی نەخۆشییەکانی تا و سکچوون ئەبووم لەگەڵ چەند نەخۆشییەکی تردا.

ئەم تەندروستی و هێز و هەڕەتەیش کە ئیمڕۆ پێمیەوە ئەبینی، وەنەبێ لە باوکی خۆمەوە بۆم بەجێ مابێ، بنچینەیشیان لە تافی منالّیمەوە دانەمەزراوە. بەپێچەوانەوە، بەری بیر و کردەوەی خۆمن کە ساڵ بەساڵ دەستم کەوتوون ئەگەر ئەو شتانەی کە ئێستا ئەیزانم لە سەرەتای کارەوە بمزانییایە زووتر و بەئاسانتریش ئەگەیشتمە ئەم ئەنجامە. جا لەبەر ئەوەیە کە بەپێویستی ئەزانم و بەفرمانی سەرشانی خۆمی دائەنێم، کە ئامۆژگاریی ئەوانە بکەم کە ئەیانەوێ تەندروستی و هێز و هەڕەتیان دەست بکەوێ و ڕێگایشیان بۆ گەیشتن بەم مەبەسە پێشان بدەم.

کە لە ساڵی ١٨٧٤دا گەیشتمە تەمەنی هەشت ساڵیم، هەندێ لەو نووسراوانەم

(١) پڕ تەرخەمی: پێچەوانەی کەم تەرخەمی، بەمانا (بایەخ پێدان)، بەتەنگەوەهاتن).



خوێندەوە کە لە زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزییەوە وەرگێڕرابوونە سەر زمانی خۆمان، کە لە بابەت زانستی فرمانی ئەندامەکانەوە ئەدوان و لە لایەن (پزیشک: أ. کوم)ەوە دانرابوون. هەروەها نووسراوێکیشم خوێندنەوە لە بابەت (یارییە وەرزشە تەندروستییەکانەوە) کە لە لایەن (پزیشک شربر)ەوە دانرا بوو. منیش دەستم کرد بەمەشقکردن لەسەر ئەو وەرزشانە بەهۆی کەلوپەلی وەرزش و بێ کەلوپەلی وەرزشەوە. ئەمانەیشم هەر لە خۆمەوە ئەکرد. هەروەها فێری ڕاکردنیش بووم بەسەر پاژنەوە. ئەمەیش یەکەم هەنگاو بوو بۆ باو و داهێنانی مەشقەکانی گەڕان و هەڕاکردن کە لەوەپاش کەوتنە ناو خاکی (دانیمارک)ەوە. ناوەڕۆکی نووسراوێکی بچووکیشم خوێندەوە و تێگەیشتم، کە (پەزیشک تروتنەر) داینا بوو، ناوی (ڕابەری خەمخۆریی تەندروستی) بوو. هەر جۆرە ڕێگایەکی مەشقکردن بەئەندامەکانیش دەربکەوتایە لە ماڵەوە بەکارم ئەهێنا. بەدرێژایی ئەو ساڵانەیش کە بەمەشقکردنەوە خەریک بووم لە یانە و لە ماڵدا، هەندێ شارەزاییم پەیدا کرد لە بابەت ئەو وەرزشانەوە کە ئەمکردن. منیش لە سەرەتای کاردا لەسەر پێڕەوییەکی ناسراو ئەڕۆیشتم بەڕێوە. هەندێ ڕێگای وەرزشکردنم بەکار ئەهێنا. کە یەکێک لەوانە گوریسێک بوو بەخولخولۆکەیەکەوە بەسترا بوو کە پڕی بوو لە سەنگ. ئەم کارەیش گران بوو لە دامەزراندندا. دەنگێکی ناخۆشی لێوە ئەهات، لە بەکارهێناندا. زوویش تێک ئەچوو. ئەو مەشقانەیش کە لەسەری ئەکران بەکەڵک بوون بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکان. بەڵام بەکەڵکی ئەندامەکانی ناو لەش و گرنگەکان نەئەهاتن. هەروەها مەشق لەسەرکردنیشی کاتێکی زۆری بەسەر ئەبرد. پاشان ڕێگای (ساندو) بەناو هەموو جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەو لە ڕێگای مامۆستاکەی خۆی (ئەتلا) وەریگرتبوو. منیش چەند ساڵێک ئەم ڕێگای وەرزشکردنەم بەکار هێنا، بەڵام بەشێوەیەکی تەواوتر و وردتر. چونکە ئەم ڕێگای وەرزشکردنە بریتییە لە هەژدە مەشق. سیانزە مەشقی بۆ بزواندنی باڵەکانە. ئەرکێکی گەورەیان پێ ئەوێ. هەروەها مرۆڤ ناچاریش ئەبێ کە لە ناوەند ئەم مەشقانەدا بوەستێ بەپێوە تا ماندوێتیی باڵەکانی خۆی بحەسێنینەوە ئەم ڕێگای وەرزشکردنەیش بۆ ئەوە بەکاردێ کە ماسولکەکانی باڵەکان بەهێز ئەکات. بەڵام ئایا بەهێزکردنی باڵەکان ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی لەش و ئەندامەکانی تری لەش؟... لە ڕاستیدا ئەمە گرنگە بۆ مرۆڤ کە سییەکانی و دڵی بەهێز بن. پێستیشی قایم بێ. ورگی و گورچیلە و جەرگیشی دروست و بەکار بن. هەروەها ئەوەیش ئاشکرایە کە ئەستووری باڵەکان لە ئەندازە دەرچوو، ڕێکوپێکی لەش جوانی دەرئەچێ.

ڕێگای (ساندو)یش لە پاشماوەی مەشقەکان هەر ئەوەندەی ئەوێ کە مرۆڤ توند دەست بگرێ بەئاسنەکەوە هەتا مەشقەکە تەواو ئەبێ. هەموو بیری خۆیشی بخاتە سەر باڵەکانی خۆی و ئەندامەکانی تر لەبیر خۆی بباتەوە. هەروەها ئەگەر لە ڕێگای (ساندو) ورد ببینەوە، لەگەڵ ئەو کەڵکانەیشدا کە ئەیبەخشێ بەئەندامەکانی لەش. کەڵکەکانی بریتین لەمانە:

١- ماسولکەکانی بازوو.

٢- ماسولکەکانی شانەکان و بەشی ژوورووی باڵەکان.

٣- هەندێ ماسولکەی دەستەکان و پێیەکان.

٤- سییەکان و پێستی لەش.

جا لەمەوە بۆت دەرئەکەوێ کە (ڕێگای ساندو) سەر و شێوەی مرۆڤ بەتەواوەتی ئەخاتە پشتگوێ. زۆربەی ئەو لەشانەیش کە لەناو نووسراوەکەیدا وێنەیان کێشراوە شانەکانیان کەوانەیین، ئەژنۆکانیشیان هەر کەوانەیین. کەچی (ڕێگای لەنج)ی سویدیی بەپێچەوانەی (ڕێگای ساندو)، هەر بایەخ ئەدات بەڕێکوپێکیی بەژنوباڵا، کەچی کەمتەرخەمی ئەنوێنێ لە بابەت گەلێک شوێنی ترەوە... بەڵام (ڕێگاکەی من)، مام ناوەندییە لە ناوەند هەردووکیاندا...

## مەشقکردن

مەشقکردن بریتییە لە بزواندنی ئەندامەکانی مرۆڤ لە شێوەیەکی زانستیی بەکەڵکدا.

یارییە وەرزشەکانیش بریتین لە مەشقکردن بەهۆی جۆرە کۆششێکی ترەوە بۆ مەبەسی ڕابواردن و دڵخۆشکردن، کە پیاویش زۆر ماندوو ناکەن، کە بەهۆی ئەوانەوە مرۆڤ هێزێک دەست خۆی ئەخات و لە گرەوەکانیشدا و لە بابەتی تریشدا بەربەرەکانێ لەگەڵ کەسانی تردا ئەکات، هەرچی وەرزشی لەشیشە: بریتییە لە چاککردنی لەش و، پوختەکردنی هۆش و دەروون و، پاراستنی تەندروستیی مرۆڤ و گەشەکردن بەهێز و هەڕەتی و، پەرەدان بەگورجوگۆڵی و، وریاکردنەوەی ئەو ڕەوشتانەیش کە تیایەتی وەک لەش سووکی و نەرمونیانی و ئازایەتی. هەروەها ڕایشی ئەهێنێ بەوەوە کە پشت بەخۆی ببەستێ و، زوو هەست بەشت بکات و، هەڵیشبکات لەگەڵ کەسانی تردا. مەشقکردنیش بەشێکە لە یارییە وەرزشییەکان و وەرزشەکانی لەش. ئەو پیاوەیش کە لەناو لۆتکە



(بەلەم)یەکدا دائەنیشێ و سەوڵ ئەوەشێنێ، بۆ ئەمەی سییەکانی خۆی و ماسولکەکانی پشتی بەهێز بکات، لە ڕاستیدا مەشقێکی وەرزشی لەش ئەکات. خۆهاویشتنە سەر پشتی ئەسپ و خۆهەڵدانە خوارەوەیش لە پشتی ئەسپ، کە لە شێوەیەکی هونەرمەندانەدا بکرێن، بەیاریی دائەنرێن. هەروەها ئەگەر لە مامۆستای لەش بزواندنیش بخوازرێ کە تیپەکەی خۆی فێری هەندێ جووڵانەوەی وا بکات کە چەند جارێک لەسەریەک هەموویان پێکەوە بیکەن، تا تەواو فێریان ئەبن، ئەگەر هاتوو بڕیاری لەسەر درا و دووبارە کرایەوە، بە(ڕێگا)یەکی دائەنێن بۆ یارییە وەرزشیەکان. جا ئەگەر لە مامۆستاکە پرسرا کە ئاخۆ شاگردەکانی ئەتوانن ئەو جووڵانەوانە بکەن؟ ئەو جووڵانەوانە بەیاریی دائەنرێن. بەڵام ئەگەر پرسەکە وا بوو کە شاگردەکانی لەشیان لە چ بارێکدایە؟ ئەو جووڵانەوانە بەوەرزشی لەش دائەنرێن. جا هەر کاتێ مەشقەکان بەجۆرێکی وا کران کە بەکەڵک بن بۆ لەش، کە هەر جێگایەکی کز و لاواز بێ بەهێز ببێ، ئەو جووڵانەوانە بەوەرزشی لەش و هۆش دائەنرێن. هەرچی کوڕ و کچە خوێن کەم و لەش لاوازەکانیشە، لەش سوونەوە[1] و، خۆدانە بەر ڕۆژ و، مەلەکردن، بۆ ئەوان ئەبێتە وەرزشێکی لەش و هۆش. ئەمانە بۆ ئەوان چاکترە لەو مەشقانەی کە لەناو ژوورێکدا ئەیکەن، بام بەو جۆرەیشی بکەن کە مامۆستا (لینج) لە (ڕێگا)کەی خۆیدا پیشانی داوە. دوور نییە کە مەشقەکانی وەرزشی بۆ لەش و هۆش بەکەڵک بن ئەگەر بکرێن، بەمەرجێ پێویستییەکانی مرۆڤیان تیا بێ. جا لەبەر ئەمە مەشقەکانی تیپەکان و مەشقەکانی خوێندنگاکان لەم جۆرە وەرزشانە ئەژمێررێن. کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا تا ئێستا کەسێکم نەدیوە، نە لە ژن، نە لە پیاو کە هێزی بازوویان لەگەڵ پێستیان و ماسولکەکانی لەشیاندا ڕێک کەوتبێ. ئەمە چل ساڵ پترە کە من سەرنج لەم جۆرە شتانە ئەدەم، لە بەسەرهاتەکانیشەوە بۆم دەرکەوتووە، کە پێست و لەش لە هەموو بەشێکی لەشی مرۆڤ کەمتر گوێیان دراوەتێ و خەمیان خوراوە، کە مەشقیان پێ کرا بێ. جا لەبەر ئەوە ٩٠٪ی مرۆڤەکان پێویستییان بەمەشقەکانی پێست و ماسولکەکانی سک هەیە. (ڕێگای وەرزش کردن)یش ئەم هەموو بەشانە ئەگرێتەوە مەشقەکانی (پێست و سک)یش بەکەڵکن و بەهۆشیش سرەوت ئەبەخشن، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر شێوەیەکی ناوماڵیی تەندروستانە بەکار بهێنرێن.

(١) لەش سوونەوە: (تدلیک) یا شێلانی لەش.

## ڕێگاکەی من

ئەگەر هەر ڕۆژەی چارەکە کاتێک دابنرێ بۆ وەرزشکردن، هەرچەندە زۆر کەمە، بەڵام بەشی ئەوە ئەکات کە بەربەستی نەخۆشی بکات و تەندروستییش بپارێزێت. جا ئەگەر تۆ هەموو ڕۆژێک بۆ ماوەی پانزە وردیلەیەک بیر و هۆشی خۆت بخەیتە سەر تەندروستی خۆت، بێگومان (١٤٢٥) وردیلەت لە هەموو ڕۆژێکدا بۆ ئەمێنێتەوە کە پێویست ناکات هیچ بیر لەو تەندروستییەی تیا بکەیتەوە. هەندێکی وایش هەن کە وا ئەزانن لەش بزواندن، ئەوەی پێ ناوێ کە بیر و کاتی بۆ بەخت بکرێ. کەچی خۆیشیان، بەجۆرێکی تێکڕایی، بۆڵەبۆڵ لە کزیی و لاوازیی و، کار نەکردنی ورگ و ڕیخۆڵەکان و، زۆربەی نەخۆشییەکان ئەکەن. خەمخواردنی پێستیش، لە هەموو ئەو ڕێگایانەدا کە پیشانمان دان جێگای نییە. جا ئەگەر بێتو مرۆڤ هەر ڕۆژەی چارەکە کاتێک دابنێ بۆ خەمخواردنی لەشی خۆی و خۆشتن و لەش سوونەوە لەناو بادا، کەڵکێکی هەرە گەورە و بەنرخ ئەبەخشێ بەتەندروستیی خۆی. جا ئەگەر خۆشتن بۆ مرۆڤ نەلوا، خۆ ئەتوانرێ بەپارچە پەڕۆیەکی تەڕ هەموو لەش بسڕرێ. ئەو مەشقانەیش کە هەڵمبژاردوون، بەکاری ئەم مەبەسە دێن. هەندێکیان لە شێوە وەرزشییە بەناوبانگەکان وەرگیراون. بەشی هەرە گەورەیشیان خۆم کێشاومن و خۆیشم ڕێکمخستوون. خۆیشم هەموو شێوەیەکی خۆشتنم تاقیکردۆتەوە، پێش ئەمەی خۆشتن بخەمە کۆڕی وەرزشەکانەوە. ئەم پێڕەوییەیش کە دامناوە بۆ هەموو کەسێک بەکارهێنانی خۆشتن و خۆدانە بەر با ئاسان ئەکات، تەنانەت ئەگەر پەنجەرەی ژوورەکانیش بکەنەوە، لە زستاندا، سەرما کار لە لەشیان ناکات.

خۆیشم لەوە پێش وام ئەکرد: کە لە جێگاکەم ئەهاتمە دەرەوە، دەمودەست خۆم ئەشت بەڵام ئەم کارە وا لە مرۆڤ ئەکات کە سەرمای تووش ببێ پێش ئەمەی خۆی وشک بکاتەوە. چونکە گەرمیی ناو پێخەف گەرمییەکی ڕووکەشە. وەک گەرمیی پاش مەشقکردن، خۆی ڕاناگرێ و بەرگەیش ناگرێ. هۆیەکی تریش هەیە بۆ خۆنەشتن لەپێش وەرزشکردنەکەدا. چونکە ئەگەر مرۆڤەکە بەجلوبەرگەوە دەستی کرد بەوەرزشکردن، ڕەنگە ڕووندک (عرق) دەربدات و پێویستیشی بەخۆشتنێکی تر ببێ. جا ئەمەیش بەپێی گەرمیی بایەکە ئەگۆڕێ ئەگەر مرۆڤەکە لەوانە بوو کە دەمێک بوو لەسەر مەشقکردن ڕاهاتبوو، بێجگە لەوە هەستیشی بەهێز و هەڕەتی خۆی ئەکرد. ئەوە هیچ زیانێکی بۆ ئەو تیا نییە کە خۆی وا ڕابهێنێ مەشقەکان بەلەشی ڕووتەوە بکات. جا ئەگەر بەو جۆرەی لێ هاتبێ ئەتوانێ لەپێشدا خۆی بشوات و لە خۆیشی دڵنیا بێ کە تووشی نەخۆشی نایەت.



جا لێرەدا هەر وا باشە کە مەشقکردنەکە بخرێتە شێوەیەکی ترەوە، بەم جۆرە کە هەندێ مەشق دابنرێ بۆ لەش سوونەوە، هەندێ مەشقیش دابنرێ بۆ ماسولکە بزواندن. کە یەک لەدوای یەک بکرێن. هەندێ کەسیش لە چینی خوێندەوارە بەرزەکان لەمەدا هەڵ ئەدەنێ ئەڵێن: پێویست بەوە ناکات کە پیاو هەموو ڕۆژێک خۆی بشوات. چونکە ئەگەر کراس و دەرپێ بگۆڕرێ و مرۆڤیش کار و فرمانی پیس نەکات، لەشی چڵکن نابێ. منیش بۆ بەرپەچدانەوەی ئەوانە ئەڵێم: کە ئەو چڵک و پیسییانەی لە دەرەوە ئەکەونە سەر پێستی لەش ڕەشن و ئەو زیانەیشیان پێوە نییە کە ئەو چڵکانە هەیانە کە لە لەش دێنە دەرەوە و پڕن لە بابەتی ژەهراویی و لە کونەکانی پێستیشەوە دێنە دەرەوە. هێندەیشی زۆرن کە پیاو باوەڕ ناکات ئەوەندە بن. جا ئەم بابەتە ژەهراوییانە، دووبارە لە لایەن لەشەوە ئەمژرێنەوە و لەشیش دەرمان خوارد ئەکەن. جا ئەگەر لەش هەموو ڕۆژێک نەشۆرێ وای لێ دێ. جا بۆ ئەمەی ئەوەت بەتەواوەتی پیشان بدەین کە هەندێ کەرەستەی وا هەیە بەئاسانی ئەچێتە ناو پێستەوە بۆ ناو ئەندامەکانی ناو لەش، پێستی خۆت بەهەندێ تواوەی (سیلسیلیک)، لەپاش چەند کاتێک ئەو تواوەیە لەناو میزەکەی خۆتا ئەدۆزیتەوە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە خۆشتن و لەش سوونەوە بەمەشقێک دائەنرێن بۆ پێست. کار ئەکەن لە شانە وردەکانی ناو لەش و دەمارە مێشکییەکان، لەبەر ئەوە پێست بەهێز و تەندروست ئەبێ. کە ئەمەیش زۆر گرنگە بۆ کەڵکی تەندروستی.

یەکێک لەو دەستوورە ئاشکرایانەیش کە هەن ئەوەیە کە خەمخواردنی پێست و خەم نەخواردنی کارێکی گەورە ئەکاتە سەر تەندروستیی مرۆڤ. چونکە پێست بەئەندامێکی گرنگ دائەنرێ، تەنک کە لەشی داپۆشی بێ. تەنانەت پێست ڕێ ئەدات بەبا و بەهەندێ ئاو کە هاتوچۆی تیا بکەن. ئێمە بەهۆی پێستەوە هەست بەشت ئەکەین، گەرم بێ، یان سارد، نەرم بێ، یان شل، ڕەق بێ، یان زبر، یان تیژ.. هەروەها بەهۆی پێستیشەوە تا ئەندازەیەک هەناسە ئەدەین... پێست ئەوەندەی پێویست بێ گەرمایی لەش ئەپارێزێ، هەندێ بابەتی زیان بەخشیشی لێ دێتە دەرەوە. گەلێک کەسی وا هەبوون کە کەمتەرخەمییان نواندووە لەگەڵ پێستیاندا، دوایی تووشی نەخۆشیی سیل و هی تریش بوون. ئەو ڕێگایەی منیش دامناوە سێ مەبەسی پێ پێک دێ:

١- فرمانی پێست.

٢- فرمانی سییەکان.

٣- فرمانی ورگ و ڕیخۆڵەکان.

تۆیش لەوەوە بۆت دەرئەکەوێ کە ڕێگاکەی من لەپێش هەموو شتێکا خەمی پێست ئەخوات. جا لەبەر ئەوە لەپێشدا خەریکی ئەوە بە کە هەشت جۆرە مەشق هەن بیانکەیت. مرۆڤ لە سووکەوە دەستیان پێ ئەکات بۆ گران. تا وای لێ دێ خۆە[1] دەرئەدات. دوای ئەوە خۆی ئەشوات. دوای ئەوە باش خۆی وشک ئەکاتەوە. جا لەپاش ئەمەی کە لە بەرگی خۆدانە بەر بادا دە جۆرە مەشقی لەش سوونەوە ئەکات، لەش پوختە ئەبێ و ئەبووژێتەوە و جوان هەڵ ئەگەڕێ. لەش سوونەوەیش ئەبێ بەبەری هەردوو دەست بکرێ. پێویستە لە شێوەی لێدانێکی سووکدا بکرێ یاخود لە شێوەی لەش سوونەوەیەکی سەرەتاییدا بکرێ.

جا هەرچەند مرۆڤ بەهێزتری لێ بێ، ئەبێ لەش سوونەوەکەیشی بەهێزتری لێ بێ. جا ئەگەر ئەمە بەکەڵکی ماسولکە گەورەکانی ناوەوەیش نەیەت، خۆ بەکەڵکی ماسولکە بچکۆلەکان دێت کە نووساون بەدەمارەکانی ناو پێستەوە و بەهەزاران ئەژمێررێن. ئەم ماسولکانەیش بەم شێوەیە، لە هەموو شێوەیەکی تر، بەهێزتریان لێ دێ، چاکتریش ئەبن.

جا لەپاش ئەمەی لەسەر ئەم ڕێگایەی منە ماوەیەک مەشق کرا، پێست ئەچێتە ڕەنگ و شێوەیەکی ترەوە. هەر لە خۆیەوە نەرموشلی لێ دێ، کە دەستی لێ بدەیت هەر لە قەیفە ئەکات. تەڕوبڕیش ئەبێ، تێک ناچێ، هیچ پەڵە و زیپکە و کرێش و ڕەنگ شێواوییش تیا ڕوو نادات. زۆر کەسی وایش هەن کە لە مەشقکردن لە وەرزشدا، حەز لە پەیڕەویکردنی شێوەی یۆنانی کۆن ئەکەن، کە بێ بەرگ و پۆشەنی وەرزشیان ئەکرد. جا هەرچەندە زۆربەی کەسان ناتوانن، لە سەرەتای کاردا، لە بەردەم پەنجەرەی کراوەدا لە کەشی زستاندا مەشقی وەرزش بکەن، بەڵام ئەو مەشقانەی کە دامناون بۆ لەش سوونەوە، هەموو کەس ئەتوانێ بیانکات لەم کات و بارانەدا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسەیش کە بەکاریان ئەهێنێ، سەرما زوو کاری تێ بکات. چونکە لە ڕاستیدا مرۆڤ کە ڕووت بێ و وەرزش بکات، لەشی گەرمتر دادێ لەوەی کە جلوبەرگی لەبەردا بێ و نەجووڵێتەوە. بەڵگەیش بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە ئەوەیە کە من لە توانامدا هەیە لەشی خۆم بەگەرموگوڕیی بهێڵمەوە، لە کاتی مەشقکردنی لەش سوونەوەدا، بام لەناو بای بەرەڵڵایشدا بم، بام سەرماکەیشی سەخت بێ، بام بایەکی ساردیشی هەڵکرد بێ. کەچی جاری وایش هەیە بەهەموو بەرگ و پۆشەنیی خۆمەوە کە لەبەرمدان، تەنانەت لە سەرماندا ئەلەرزم کاتی کە لەناو گالیسکەیەکدا دائەنیشم. ئەمەیش ڕاستە و هیچ گومانی تیا نییە، حەز ئەکەیت تاقیی بکەرەوە. لە ڕێگایەکەی مندا، لایەکی تری گرنگیش هەیە، کە ئەویش بەهێزکردنی

[1] خۆە: ئارەقەی لەش.



سییەکان و ماسولکەکانی هەناسەدان و دڵە. لەگەڵ تازەکردنەوەی ئەو توێی گۆشتانەی کە لەش کاریان ئەکات، گەلێ شتی تریش. جا لەبەر ئەمە پێویستە لەدوای کردنی دوانزە مەشق، پانزە تاو (ثانیە) پشوو بدرێ، تاکو دوو هەناسەی قووڵ، یاخود سێ هەناسەی ناوونجی بدرێ.

جا لەپاش کردنی مەشقی دەهەم و سیانزەهەم و چواردەهەم نیوەی ئەم پشووە بەسە بۆ مرۆڤ. بەڵام لەپاش مەشقی نۆزدەهەم هیچ پشوویەک پێویست نییە. بێجگە لەمانە پشوودانێکی تریش هەیە بۆ حەسانەوە، ماوەکەی سێ ئەوەندەی ئەو ماوەیە ئەبێ. ئەم پشوودانەیش لەپێش خۆشتندا ئەکرێ. سێ چوار جار هەناسە ئەدەیت تا گەرماوەکە ئامادە ئەکرێ. ئەبێ لەودەمەیشدا تۆ خۆت ڕووت کرد بێتەوە. هەروەهایش چاکترە کە لەپێش خۆشتندا لەشی مرۆڤ بەخۆە تەڕ بوو بێ. بەڵام نابێ خۆەکە لە ئەندازەبەدەر بێ. هەروەها نابێ دڵ (لێدان)یش لە ئەندازەبەدەر بێ. ئەبێ هەناسەدان و وەرگرتن بەهێز و لەسەرخۆ بێ و هەموودەمێکیش لە ڕێگای لووتەوە بێ. ئەو بایەی هەڵیشئەمژرێ پاک و خاوێن بێ. جا ئەمەیش بۆ دڵ زۆر باشە. هەروەها پێویستە بەتەنگکردنی مەشقە تایبەتییەکانی هەناسەدانیشەوە بین و هەر لەسەریشی بڕۆین. نایشبێ لە کاتی کردنی هەژدە مەشقەکەدا هەناسەمان بگرین. هەر مرۆڤێکیش بەتەنگ تەندروستیی خۆیەوە بێ، نابێ بنوێ و پەنجەرەیەکیش نەکاتەوە بۆ هاتنە ژوورەوەی بای پاک و خاوێن. لە ڕاستیدا منداڵە بچکۆلەکانم گەورەتر و تەندروستتر بن لە هەموو منداڵێک کە لە تەمەنی خۆیاندان. من هەر لە تەمەنی هەشتساڵیمەوە، وام، کە ئەنووم پەنجەرەکان ئەکەمەوە. جا ئەگەر لە زستاندا لە بای سارد ترسام، جلوبەرگی زۆرتر لەبەر ئەکەم خۆیشم گەرمتر دائەپۆشم. چونکە ئەوە باشترە لە داخستنی پەنجەرە. چونکە پێویست وایە کە بای هەناسە وەرگرتن سارد و پاک بێ. سازکردنی خواردنیش لەناو سکدا، لە شێوەیەکی باشدا، بنچینەیەکی سێهەمی تەندروستییە. ئەو مەشقی وەرزشانەیش کە یارمەتیی سازکردنی خواردن ئەدەن، کارێکی باش ئەکەنە سەر گورچیلە و جەرگ. بەو ئەندامانەی ناو لەشە، لەش سوونەوەیەکی سروشتی ئەبەخشن. هەر بەچەشنی هەور ئەیانگوشن. ئەوانیش بەهێز ئەبن و خۆیان ئەپارێزن لە سەدان نەخۆشیی پڕ لە ئازار کە تووشی ئەوانە ئەبن کە ژیانێکی مات و مەییو ڕائەبوێرن کە هیچ بزووتنەوەیەکی تیا نییە.

جا لە ڕێگاکەی مندا یانزە مەشقی وەرزش هەیە کە کارێکی گرنگ ئەکەنە سەر ئەندامەکانی ناو لەش و ماسولکەکانی ئەملا و ئەولایان ئەبزوێنن، کە بەهۆی کار و

فرمانی ئاساییەوە نابزوێن. ئەوانیش ئەمانەن:

(١، ٣، ٤، ٦، ٧، ١١، ١٢، ١٣، ١٦، ١٧، ١٨). ڕەنگە مەشقەکانی (٢، ٨، ١٤، ١٥)یش تا ئەندازەیەکی کەمتر ئەم کەڵکە ببەخشن.

جا ئەگەر لەپاش چەند حەفتەیەک مەشقکردن لەشی خۆت بپشکنی، هەست ئەکەیت کە ئەو قەڵەوییەی هەبوو بەملا و بەولای ناوەڕاستی لەشتەوە و سکتەوە دەستی کردووە بەنەمان و، لە جێی ئەو ماسولکەی بەهێز پەیدا بووە. کە ئەمەیش بنچینەی لەشی بەهێزی تەندروستە. جا ئەم جۆرە ماسولکانە بۆ خانمەکان باشن لە کاتی منالبوونیاندا. چونکە بەهۆی ئەوانەوە ئازاری منالبوونەکە کەم ئەبێتەوە. بێجگە لەوە گەلێک کەڵکی تریشیان هەیە. بێجگە لەوە ئەم وەرزشانە بەکەڵکی جوان بوونی سەر و شێوە و پشت ڕاستبوونەوە و لەش سووکی و لەش نەرمونۆڵی دێن. جا لە ڕێگاکەی مندا هەر تەنیا مەشقێک ئەبینیت کە بەتایبەتی بۆ باڵ دانرا بێ. ئەویش مەشقی هەشتەمە. منیش لە دانانیا دوودڵ بووم. چونکە لە ڕاستیدا باڵەکان لەگەڵ ماسولکەکانی دەست و سنگدا بەهۆی مەشقەکانی لەش سوونەوەوە بەهێز ئەبن. ئەوەی خستمیە سەردانانیشی ئەوەیە کە بەهۆی ئەم مەشقەوە هەموو ماسولکەکانی لەش توند ئەبنەوە، هەروەها مرۆڤیش ماندوو ئەبێ و لەشی خۆە دەرئەدات، لەپێش خۆشتندا. مەشقەکانی تریش کە بۆ باڵ دانراون وەک مەشقەکانی پێنجەم و سیانزەهەم بەکەڵکی ماسولکەکانی شان و سنگ و سک و کەلەکەکان و سمتەکان و پشت دێن. ئەوەندە هەیە لە زۆر نووسراوانی بابەتی وەرزشدا، نابینین کە خەمی ماسولکەکانی چالاییی سنگ خورا بێ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆر جوان و گرنگن. بەڵام لە ڕێگاکەی مندا دوانزە مەشق هەیە کە بەتەنگ بەهێزکردن و جوانیی ئەو ماسولکانەوەن. ئەو مەشقانەیش کە پەنجەم بۆ کێشاون هی وایان تیا نییە کە تایبەتی بێ بۆ پێ و بەکەڵکی بێ. چونکە بۆ تەندروستی پێویست نییە کە پێیەکان زۆر بەهێز بن. ئەوەندە هەیە ئەڵێم کە چاکترین مەشق بۆ پێ؛ ڕاکردن و بازدان و ڕۆیشتنی گورجە بەڕێگادا. ئەمانەیش لە ناوماڵدا ناکرێن. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا وامان دێتە پێش چاو کە پێیەکانی مرۆڤ، زۆربەیان لە چاو ئەندامەکانی تریاندا بەهێزن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەناو شارەکاندا ئەژین. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە هەمووەدەم ئەگەڕێن و بۆ سەر کار و فرمانەکانیان دێن و دەچن.

ماسولکەکانی پێیش لە مەشقەکانی (٢، ٦، ١٤) کەڵک وەرئەگرن. بەڵام ئەو مەشقانەی کە بەدیمەن بۆ پێ بەکەڵک دێن وەک (١٢، ١٥)، مەبەسی ڕاستەقینە ئەوەیە



کە ئەندامەکانی ناوەوەیان پێ بەهێز بکرێ. هەروەها مەشقەکانی (١٦، ١٧، ١٨)یش ماسولکەکانی لەش زۆر ماندوو ئەکەن، ئەگەر بێتو وەرزشکارەکە بەشێنەیی ڕۆژ بەڕۆژ لەسەریان مەشق نەکات.

جا پێش ئەمەی لە هەڵبژاردنی مەشقەکان ببمەوە، جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە کە من ئەمانەم لەناو گەلێک مەشقی ماسولکەیی بەکەڵکدا هەڵبژاردووە. ئەوەندە هەیە ئەمانەی کە لە هەڵبژاردنیاندا تێبینیم کردووە بەکەڵکی جومگەکان دێن و یاریدەی لەش نەرمی و جووڵانەوەی هەموو جومگەیەک ئەدەن، هەروەک لە کاتی پیربوونیشدا یارمەتی مرۆڤ ئەدەن. هەروەک سەرنجم داوە زۆر لە مەشقەکانی (ساندوا) لە جێی خۆیاندا ناکرێن، واتا بۆ کەڵکی خۆیان بەکار ناهێنرێن. تەنانەت هەندێ مامۆستایانی وایش هەن کە لە فێرکردنیاندا بەشاگردان هەڵە ئەکەن. ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە خاوەنەکەیان باش پێشانی نەداوە کە چۆن بکرێن. جا لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی کە بەتەواوەتی ڕوونیان بکەمەوە، تا لەو بابەتەوە هیچ گیروگرفتێک پەیدا نەبێ. هەرچییەک ئەوانەیە کە لە نووکەوە فێری ئەم مەشقانە ئەبن، کردنی مەشقەکان بەپێی هەناسەدانیانە بەهێز بن، یان بێ هێز. دوور نییە ئەم ڕێگایەی من لە (٢٥) وردیلەوە تا (٣٠) وردیلە بخایێنێ. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە تۆ لە سەرەتای کاردا پێویستیت بەوە هەیە کە تەماشای نوسراو یاخود وێنەکانی ناوی بکەیت. بەڵام لەپاش ئەوەی تەواو فێری مەشقەکان بوویت، ئەتوانیت ئەم کۆمەڵە مەشقانەی منە[1] بەپانزە وردیلە بکەیت.

جا لە سەرەتای کاردا لەش هەست ئەکات بەوەی کە دەمارەمێشکییەکان مل نادەن بەبزووتنەوەکان. بەڵام کە ماوەیەک بەسەر مەشقکردنەکەدا ڕۆیشت ئەو مل نەدانە نامێنێ. ئەوسا کە بۆت دەرئەکەوێ کە ئەو ماسولکانەی ئازاریان ئەدایت دەستیان کردووە بەبەهێزبوون. تۆیش ئەتوانیت بەهەندێ جۆرە مەی یاخود لەو بابەتانە لەشی خۆت بسوویتەوە. هەروەها ئەمەیش گرنگ نییە کە لە بەرەبەیان یاخود لە نیوەڕۆ یان لە شەودا مەشق بکەیت. گرنگ ئەوەیە کە مەشقەکان بکەونە پاش نانخواردن بەچەند کاتێک. جا ئەگەر زانیت مەشقکردن لەپاش نانخواردن یاخود پێش نووستن ئەبێتە هۆی خەو لێ خەوزە بوونت،[2] ئەتوانیت کاتی مەشقکردنەکەت بگۆڕێت. ئەم خەو لێ خەوزەبوونەیش بەوە

---

(١) ڕاستتر: ئەم کۆمەڵە مەشقانەم.

(٢) یان: خەو لێ زڕاندنت.

چار ئەکرێ کە هەڵسیتە سەرپێ و بنوشتێیتەوە بەسەر پێیەکانتا و ڕاست بیتەوە لەسەر پێ و باڵەکانت ڕەپ بکەیتەوە بۆ ژوون سەرت. ئەم مەشقەیش پەنجا یاخود سەد جار دووبارە بکەیتەوە. ئەمیش لەپاش تەواوکردنی وەرزشەکانی تر. تەماشا ئەکەیت لەپاش ماوەیەک دەمارەمێشکییەکانت نەرم ئەبنەوە و لەپاش ئەو مەشقەی ئێوارانە دەست ئەکەیت بەنووستنێکی بێ دەنگ و لەسەرخۆ و خۆش.

جا بۆ ئەمەی وەک ئەمانەوێ تەندروستیی خۆمان بپارێزین، لە کەشی زستاندا نوستنمان زۆر ئەوێ. ئەمیش بۆ ئەمەیە کە خۆمان لە سەرمای توندوتیژ بپارێزین و سرەوتیش بچێژین. ئەمەیش دەستوورێکی جیهانیی سروشتییە کە لە ئەنجامی کارەساتەکاندا دەرکەوتووە. مناڵانیش لەوە زۆر کەڵک وەرئەگرن کە بەڕووتی گاگۆڵکێ بکەن لەبەر تیشکی ڕۆژدا، یاخود لە ڕۆژانی هاویندا. بەڵام نابێ بەوەوە ڕابهێنرێن کە لە ڕۆژانی زستاندا بەپێیی ڕووتەوە بسوورێنەوە. چونکە ئەگەر وا بکەین بەهەڵەدا ئەچین، هەر لەبەر ئەوەیش کە ئەوە ئەبێتە هۆی کزبوونی دەمارەمێشکییەکانی پێیەکان. بێجگە لەوە سەر داپۆشینی منالانیش زیانیان پێ ئەگەیێنێ. ئەبێ منالان لە هەموودەمێکدا سەریان ڕووت بێ. وایش چاکترە کە لاوەکان بەسەری قۆتینەوە بڕۆن بەڕێگادا، خۆڕاهێنانیش بەم ڕەوشتەوە چاکترین ڕێگایە بۆ بەربەستکردنی سەر ڕووتاندنەوە و سەر ئێشە.

## تەندروستی

سەرچاوە ڕاستەقینەکانی تەندروستی بریتین لەوەی کە بەتەنگ سییەکانمانەوە بین، کە بای پاک و خاوێن و تیشکی ڕۆژ و ئاویش هەموودەم لەگەڵیا بن، لێی جیا نەبنەوە. جا ئەگەر هەموو ڕۆژێک مرۆڤ کەڵکی لەم بابەتانە وەرگرت، تا یەت تەندروستی پێش ئەکەوێ. هەرچییەکی تریش ئەمێنێتەوە، لەدوای ئەوەوە دێ. جا هەرچەندە ئەم بابەتە نەبۆتە بەشێک لە ڕێگاکەی من، بەڵام ئەوەندەی لێم تاقی کردۆتەوە ڕۆشنی ئەکەمەوە.

## خواردن

بێگومان زۆر خواردن لە هەموو شتێک زۆرتر زیان بەتەندروستیی مرۆڤ ئەبەخشێ. من هیچ لە ڕاستی ناچمە دەرەوە ئەگەر بڵێم ئەوانەی کە لە ئەنجامی زۆرخۆرییەوە ئەمرن، گەلێک زۆرترن لەوانەی کە لە برساندا ئەمرن. کەواتە خۆت بپارێزە لە زۆر خواردن بەتایبەتی لە شەودا. چونکە زۆربەی ئەو خواردنانە، بێ ئەمەی ساز بن لەناو ورگدا لە لەش ئەچنە دەرەوە و کەڵکیشیان بۆ لەش نابێ. لە کاتی نانخواردنیشدا ڕۆژنامە



مەخوێنەرەوە. بەهۆی خواردنەوەی ئاویشەوە پارووەکە قووت مەدە. خواردنەکە باش بجوو. هەر کاتێ گرۆزیشت دیی بەخۆتەوە، ئەوە بزانە کە لە ئەنجامی زۆرخۆرییەوە پەیدا بووە. ئەوساکە پێویستە بۆ ڕۆژێک بەڕۆژوو بێت. ئاو نەبێ هیچی تر مەخۆ. خواردەمەنییە چەورەکانیش زۆر مەخۆ. چونکە زیان ئەگەیێنن بەجەرگ. جا هەروەک دەرکەوتووە، جەرگ پاسەوانێکە و لەش ئەپارێزێ لە هاتنە ژوورەوەی نەخۆشیی کاریگەر. ئەم ئەندامەیش بەوە بەهێز ئەبێ کە لەش بسوورێتەوە و هەناسەی قووڵیش بدرێ. جا هەر کاتێ کەلوپەلی خواردن سازکردنی ناو لەشت بەهۆی مەشقی وەرزشەوە بەهێز بوو، هەر خواردەمەنییەک بخۆیت زیانت پێ ناگات. ئەوەندە هەیە ئەبێ لە سرکە و بەهارات خۆت بپارێزیت. کەرە و نان و میوەیش لە گۆشتەکان زۆرتر بەکەڵکی لەش دێن. هەندێک لە ئیتالیاییەکانم چاو پێ کەوت بەچستوچالاکییەکەوە پەلاماری فرمانیان ئەدا، کەچی خواردەمەنییەکانیان هەر بریتی بوو لە نانی فەرەنسی و قاوە. کەچی هەندێ لە کارگەرەکانی (دانیمارک)م چاو پێ کەوت، لەگەڵ ئەوەیشدا کە گۆشتیان ئەخوارد و بیرەیان ئەنۆشی، بەخاوییەکەوە فرمانیان ئەکرد. پێویستە ئەوەیش بزانن کە گۆشتە چەورەکان و هەموو شتێکیش کە لە سرکە و ساردین و پەنیر دروست بکرێ بۆ ورگی ئەو لاوانە خراپە کە تەمەنیان لە شانزە ساڵی تێپەڕی نەکردووە. هەروەها ئەوەیش ئاشکرایە کە مەیەکان وەک مەی و بیرەی بەهێز لەگەڵ بابەتی خۆش ڕابواردن وەک قاوە و چا زیانیان زۆرە. بام پیاوە پیرەکانیش لەوە ئاگادار بن کە ئەم جۆرە بابەتانە تەندروستی کز ئەکەن. جا لەبەر ئەوە مام ناوەندیی لە خواردن و خواردنەوەدا زۆر پێویستە. هەرچی کەینەوبەینەی ئاودەستیش هەیە، پێویست بەوە ناکات ڕۆشنی بکەمەوە و پێویستییشی پێشان بدەم. چونکە هەر کەسێ لەسەر ئەم پێڕەوییەی من بڕوات، ناگاتە ٢٤ کات سکی خۆی پاک ئەکاتەوە. پێویستە بەیانیان و پێش نوستنی شەویش ئاوی پاک و خاوێن بخورێتەوە، بۆ ئەمەی ڕیخۆڵەکان و گورچیلەکان باش بشورێنەوە. هەرچی کارگەرانن بام سێ ژەم نان بخۆن. بەڵام کەسانی تر دوو ژەم نانخواردنیان بەسە لە ڕۆژێکدا.

## بەرگ و پۆشەنی

هەر پەلاسێک بەرهەڵستی خۆهبوون بەهەڵم نەکات هەرزانە و بەکاری تەندروستی دێت. جا لەبەر ئەمەیە کە (تیل) ئەکرێ بەکراس و دەرپێ. ئەوەندە هەیە ئەبێ فراوان ببڕرێن. ئەمانە پێچەوانەی ئەو سیپالانەن کە لە خوریی دروست ئەکرێن و بەششتن دێنەوە یەک و ئەکەون لە پیست ئەیهێننە خوروو و دەمارەمێشکییەکانیش ئەورووژێنن.

ڕۆڵەکانی پشتی پێشوو،[1] چاویان لە باوک و باپیرانی خۆیان ئەکرد، فەرەنجییان لەبەر نەئەکرد. بەلام لەم سەردەمەی ئێستادا جلوبەرگی خوریی بوون بەپێویست، جا لەبەر ئەوە لاوەکان وایان لێ هاتووە، هەر تۆزێک سەرمایان تووش بێ کار لە لەشیان ئەکات.

منیش هەتا چەند ساڵێک هەر جلوبەرگی خورییم لەبەر ئەکرد، وایشم لێ هاتبوو بەتۆزە سەرمایەک نەخۆش ئەکەوتم. ئنجا کە وام لێ هات وام بەباش زانی خۆمیان لێ دوور بخەمەوە. ئیتر وازم لە پۆشینی جلوبەرگی خوریی هێنا ئیتر لەوساکەوە لەشم دەستی کرد بەگەشەکردن. هەستم کرد خواردنیشم باشتر پێ ئەخورا. ئەمەیش باش نییە کە جلوبەرگی خوریی بەجارێک وازی لێ بهێنرێ. پێویست وایە کە پەنایش بەرینە بەر خۆششتنەکان و لەش سوونەوە تا لەشمان بەهێز ئەبێ. ژنەکەیشم ڕەوشتی وا بوو کە لە زستاندا حەوت جۆر کراسی لەبەر ئەکرد. کەچی ئێستاکە هەریەک کراس لەبەر ئەکات لەژێر جلوبەرگەکانیا کە ئەویش لە کەتان دروست ئەکرێ، لە ڕۆژە هەرە سەرما و سۆڵەکاندا. کە لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم جلوبەرگانە هەرزانیشن. ئەگەر وەرزشکردنەکە لە زستاندا بوو، پۆشینی کراسێکی خوریی بەسەر پێستەوە زیان نابەخشێ. بەلام ئەوانەی لە کێڵگە و ساختمانەکان و بابەتی تردا کار و فرمان ئەکەن، پێویستە جلوبەرگەکانیان دابکەنن و دەرپێی کورت لە پێ بکەن لە کاتی فرماندا. هەر کاتێ لە فرمانی خۆیان بوونەوە فەرەنجییەکانی خۆیان لەبەر بکەن و بگەڕێنەوە ماڵەوە.

هەر بەرگێکیش لەش تەنگەتاو بکات ئەبێ خۆی لێ بپارێزرێ. وەک ئەو دەستبەستانەی کە ئەکرێنە مەچەکەوە. وەک ملێوانە تەنگ و تەسکەکان و پێ بەستەکانی گۆرەویی. هەندێ لە مناڵە خوێرییەکانی (کوپنهاگن) ڕەوشتیان وا بوو، کەمەرەیەکی تەنگ و تەسکی لاستیکیان لە کلکی سەگەکان گیر ئەکرد. ئیتر ئەو کلکانە وایان لێ ئەهات گرژ ئەبوون و ئەهاتنەوەیەک و ئەکەوتنە خوارەوە.

---

(١) پشتی پێشوو: نەوەی پێشوو، (الجیل السابق).



## گەرمایەکی مام ناوەندیی

لە سەردەمەکانی کۆندا مرۆڤ بیری لەوە نەکردۆتەوە کە ژوورەکەی خۆی گەرم بکات. خەمی ئەوەیشی هەر نەخواردووە. بەلام لەم ڕۆژانەدا، بەپێی شارستانێتیی تازە، ژوور گەرمکردنیش پێشکەوتووە. ئێمەیش وا دەستمان کردووە بەگەرمکردنی (ترام) و (گالیسکەکان). کەچی هەر گەرماییەک لە (٦٠ پلەی فەهرنهایت) زۆرتر بێ، ئەبێتە هۆی خاووخلیچکی و بێ کارەیی. کەواتە پێویستە لەسەر مرۆڤ کە خۆی بەکەمترین گەرماییەوە ڕابهێنێ کە بۆی بگونجێ. تا کەڵک وەرگرێ. گەرمایی ژووری نووسینەکەم ئەگاتە (٥٣–٥٥ پلەی فەهرنهایت) لە زستاندا. گەرمایی ژووری مناڵی هەرە بچووکم لە (٥٧ پلەی فەهرنهایت) تێپەڕی نەکرد. جا ئەگەر هاتوو سەرما داهات، گەرمایی ژوورەکە زۆرتر لێ ئەکەم بەپێی تەندروستی مناڵەکەم. جێی خۆشتنی مناڵەکانیشم گەرمییان (٨٩–١٠٤ پلەی فەهرنهایت) بوو. نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێ کە پەنجەرە کردنەوە کەڵکی زۆر هەیە. لە هەندێ شوێندا ئەو بیرە پەیدا بووبوو کە پەنجەرەکان دابخرێن، نەوەک سەرما بێتە ژوورەوە بۆ مناڵەکان. بەلام بەجێهێنانی ئەم بیرە ئەبێتە هۆی بەختکردنی دراوێکی زۆر کە بەداوودەرمان بدرێن.

ئەمە زۆر گرانە کە لەدوای هەموو ژەمە نانخواردنێک ددانەکان بەفرچە و بابەتی تر پاک بکرێنەوە. بەلام پاککردنەوەی ددانەکان لەو وردە خواردەمەنییانەی کە چوونەتە بنیانەوە بەهۆی پووشی ددان پاککردنەوەوە ئاسانە. بۆ پاککردنەوەی دەمیش وا چاکە کە شەو لەپێش نوستندا لە هەموو لایەکیەوە پاک بکرێتەوە و بشۆرێ. بەلام بەیانیان هەر ئەوەندەی بەسە بۆ پاککردنەوە کە بەئاو و هەندێ خوێ لەناو دەم وەر بدرێ. بێجگە لەوە پێویستە هەر ساڵەی چەند جارێک ددانەکانت پێشانی پزیشکی ددان بدەیت. تا بیروباوەڕی خۆیت بۆ بنوێنێ و لەو بابەتەیشەوە ئامۆژگاریت بکات. بۆ ڕاگرتنی پاکیی تووکی سەریش، پێویستە هەموو ڕۆژێک بشۆرێ و بەشانە دابهێنرێ و بخرێتە بەر با و تیشکی ڕۆژ. بەلام هەر دەرمانێک بۆ بەهێزکردنی تووکی سەر دانراوە، هیچ کەڵکێکی تیا نییە.

## ڕاگرتنی پێیەکان

بێگومان هەر پێیەک خەمی نەخورێ و پاک ڕانەگیرێ وەک لاشەی تۆپیو بۆنی ناخۆشی لێ دێ و مـرۆڤ وەڕس ئەکـات زۆر کـەسی وایش هەن خـەمی دەسـوپلی خـۆیان ئەخـۆن و بایەخ ئەدەن بەدیمەنی دەرەوەی خـۆیان، کـەچی هیـچ بەتەنـگ قـاچوقـولی خـۆیانەوە نین. ئەمـەیش هەڵەیەکی زۆر گەورەی تیـایە. پەیوەندیی پێـیـەکانیش بەتەندروسـتـیـیـەوە زۆر بەهێزە. چونکە ئەو پێیانەی کز و لاواز بن بەرگەی هەڵگرتنی گرانی لەشی بەهێز ناگرن. کە ماوەیەک بەسەردا چوو ئەو لەشە بەهێزە کز و لاواز ئەکەن.

پێویستە بەتەنگ نینۆکەکانی پێیشمانەوە بین. ئەمەیش زانراوە کە ئەگەر پێیەکانیش بەشی خۆیان با لێیان نەدات و نەجوولێینەوە وەک ئەندامەکانی تری لەش، کز و لاواز ئەبن و نەخـۆشـیـیـەکی پڕ ئازاریان تووش دێ. جـا لەبەر ئەوە کـە هاتینەوە مـاڵەوە پێـویسـتـە پێڵاوەکان و گۆرەوییەکانمان دابکەنین و پێیشـمـان بەڕووتی بـهێڵـینەوە. ڕەنگە پێڵاو لە پێکردنی بێگۆرەوی لە کەشی هاویندا باشتـر بێ. بەڵام لە زسـتـاندا گۆرەوی لـە پێ بکە. چونکە ئەمە ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێیەکان. پێویسـتـە هەر کەسە بەپێی ئەندازەی پێی خۆی پێڵاو لە پێ بکات. ئەگینا ئەوانیش ئەچنە سەر ڕەوشتی ژاپۆنیاییـیەکان کە پێڵاوی بچووک لە پێ ئەکەن. مەبەسیش لەمە ئەوەیە کە پێیەکان تووشی ئازار و شێواویی نەیەن.

## نوستنی تەندروستانە

بۆ مرۆڤ نوستنێکی حەوت کاتی لە کەشی هاویندا و نوستنێکی نۆ کاتییش لە کەشی زستاندا بەسە. جا هەروەک لە تاقیکردنەوەدا دەرکەوتووە، مرۆڤ ناتوانێ فرمانەکەی خۆی باش بەجێ بهێنێ، تا بەشی خۆی بەتەواوەتی نەنوێ. گەلێک سەرباز هەر بەوە مێشکیان تێکچـوو لە کـاتی جـەنگی گـەورەی جـیـهـانـیـدا، کـە تێـر خـەو نەبووبوون. هەرچی پێخەفەکەیشە، نابێ پڕ بێ لە پەڕە مریشک. وا مەکە سەرینەکەت بەرز بێ. سەرینێکی بچووک بەشت ئەکات.

## جگەرەکێشان

بێگومان ئەو ژمارە گەورەیەی لاوانە کـە جگەرە بەدەمـیـانەوە ئەنێن، لە ڕووی لەش و هۆش و گیانەوە خۆیان ئەدەن بەکوشت. هەرچی جگەرەیە ئەوانەی تەمەنیان زۆرە زیانیان پێ ناگـەیێنێ، چونکە پێـوەی ڕاهاتوون. بەڵام بەجـۆرێکی گـشـتـی، ئەگـەر مـرۆڤ جگەرە نەکێشێ، هەستی بۆنکردن و دەست لێ خستنی بێ وەی ئەمێننەوە.



## مەشقی تایبەتی

لە تـوانادا هەیە کـە لە قـەڵەوبوون و باداریی (ڕۆمـاتـیـزم) و وشکبـوونـی دەمـار، خـۆ بپارێزرێ، بەهۆی مەشقی وەرزشەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا کەسانی وا هەن ئەم قسەیە بەرپەرچ ئەدەنەوە و ئەڵـێن وەرزش لە تـەمـەنـی سی سـاڵـیـدا بەکـار نـایەت. ئەمـەیش هەڵەیەکی گەورەیە کە خەفەتی بۆ ئەخورێ. چونکە وەرزشی لەش هۆیەکی وایە کە پەنای بۆ ئەبرێ و پشـتی پێ ئەبەسـترێ بۆ پاراستنی لاوێتی و بەربەستکردنی پیرێتی کە هێـرش بهێنێ بۆ مـرۆڤ. ئەم ڕێگایەی منیش لە وەرزشکردندا، هەمـووی چەند سـاڵـێکە دەرکـەوتووە. لەوانەیشـەوە کـە لەسەر ئەم ڕێگایەی من ڕۆیون، گـەلێک چیـرۆکم بیسـتـۆتەوە، هەروەها لەوانەیشـەوە کـە تەمـەنیـان لە ناوەند پەنجـا سـاڵی و هەشـتـا سـاڵـیـدایە، کـە بەهۆی پێڕەوییکردنی ئەم ڕێگای وەرزشکردنەی منەوە کەڵکێکی زۆریان پێ گەیشتووە.

## وێژەوانان و پیاوانی زانست و هونەرەکان

داخەکەم ئەوانەی کە کاربەدەستانی جیهانن، بەلەشی خۆیان بەشی خۆی وەرزش ناکەن. کە لەوەدا هەندێ بابەتی پڕوپووچ مێشکی داگیر کردوون. جا ئەگەر ئەو گەورە پیاوانە ئەوەیان بزانیـایە کـە هۆشی مـرۆڤ مـاوەی بیـرەکـانی فـراوان نابێ تا لەش لەو دەرد و نەخـۆشـیـانە ڕزگـاری نەبێ کـە تیـا کـۆبوونەتەوە، وا بەم جـۆرە لەگـەڵ ئەم فـرمـانەی سەرشانەیاندا کەمتەرخەمییان نەئەنواند. ڕەنگە هەندێک لە فەرمانبەرەکان بڵێن دەستمان ناپەرژێت یاریی وەرزشانە بکەین. منیش بەوانە ئەڵێم کە چاکترین مەشق بۆ ئەوان ئەوەیە کە هەرکەسەیان لەسەر تەختێک دابنیشێ و پێیەکان و لاقەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی پانزە وردیلەیی ڕابکێـشێ. ئەمـەیش وەرزشـێکی بەکـەڵکە، بەکـەم دانانرێ. هەرچی فەرمانبەرەکانی لادێکانیشە، دیمەنەکانیان دڵی پیاو تەنگ ئەکەن و پیاو بەزەیی پیایاندا دێتـەوە. کە ئەیانبینیت شانەکانیان کۆماونەتەوە و دەموچاوەکانیشیـان زەردبوون و لەشیشیـان کز و لاوازبوون. ئەمەیش لە ڕووی ئەوەوەیە کە هیچ جۆرە وەرزشێک ناکەن. جا هەرچییەکمان گوت لە بارەی فەرمانبەرانەوە، دەربارەی ئەوانەیش ئەیلێین کە لە دەزگا و دوکانەکان و فرمانەکانی نوسین و وێژەدا فرمان ئەبینن.

ڕێگاکەی منیش بەکاری ئەوانە نایەت کە لەسەر (ڕێگای ساندو) مەشق ئەکەن، یاخود قورسایی هەڵ ئەگرن. چونکە ئەوانە هەموویان خاوەنی ماسولکەی ئەستوورن کە بەکاری ئەم یارییـانە نایەت. من لە سـاڵی ١٩٠٤دا (٧,١٥)مـیلم بەهەڕاکردن بڕیی، بەپێ، لە

خاکێکی شاخاویی وادا کە پڕی بوو لە بەفر و لە قوڕ. ئەگەر من لە تافی کوڕێنیمدا دەستم بدایەتە ئەم گرەوە، چواریەکی ئەو ڕێگایەیشم بۆ نەئەبڕرا. چونکە ئەوساکە هێشتا دەستم نەدابووە مەشقکردن لە وەرزشدا. بەڵام ئێستاکە کە لە تەمەنی شەستساڵیدام و ساڵی ١٩٣٠یشە، ئەتوانم لە گورجوگۆڵییەکی ناوونجیدا پێنج میل بەهەڕاکردن ببڕم. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە من هەموو ڕۆژێک لەسەر ڕێگاکەی خۆم وەرزش ئەکەم.

ئامۆژگاریی وەرزشکارەکانیش وا ئەکەم کە دەست نەکەن بەمەشقکردن هەتا بەشی خۆیان خواردن و نوستن و سرەوتیان نەچێشتبێ. ئەمەریکاییەکانیش لە هەموو نەتەوەکانی تر چاکتر لەم کارە تێ ئەگەن. هەرچی ئەوانن لە ڕاستی وەرزشکردن و کەڵکە زۆرەکانی تێ گەیشتوون و پەسندیشیان ئەکەن. زۆربەی وەرزشکارەکانیش هەر بەوە دڵیان کز ئەبێ کە هەناسە بەدروستی نادەن. جا هەر کەسێک لەسەر ڕێگاکەی من مەشقی وەرزش بکات، هەست بەکەڵکی هەناسەی قووڵ ئەکات لە کاتی وەرزشکردنەکەدا. هۆی ئەمەیش کە تووشی دڵەکوتێ نەبووم تا ئێستا، ئەوەیە کە هەر لە منداڵیمەوە، بایەخم داوە بەهەناسەدانێکی ڕاستەقینە. جا ئەگەر بهاتایە ئافرەتەکان ئەو کاتەی کە بەڕۆن لێ دانی قژی سەر و ڕازاندنەوەی جلوبەرگ و بابەتی ترەوە بەختی ئەکەن، لە شتێکی بەکەڵک بۆ لەشدا بەختیان بکردایە، بێگومان مێردەکانیان بەتەواوەتی کامەران ئەبوون، وەچەکانیشیان بەهێز و هەڕەت و تەندروستییەوە گەورە ئەبوون. جا لە هەموو شتێک چاکتر بۆ ئەو ئافرەتانە ئەوەیە، بەتایبەتی بۆ پیرێژنەکانیان کە هەموو ڕۆژێک خۆیان بشۆن، لەشیان بسوونەوە، وەرزش بکەن، لەناو بای پاکدا گەشت بکەن. ئەمەیش ناشێتییە و بێ هۆشییەکە مەمک هەڵبەست (کۆرسیە) بەکار بهێنن و کەچی خۆیان لە وەرزش نەگەیێنن. کە لەوەیشدا زیان بەلەشیان ئەگات. جا ئەگەر ئافرەتەکە مەمک هەڵبەستەکە فڕێ بدات، سرەوتی نابێ. مەگەر لەجیاتی ئەوە شتێکی وەها بەکار بهێنێ کە گەرمی بکاتەوە.

هەرچی ماسولکەکانیشە، هەروەک لە کاتی بەکارهێناندا دەرکەوتووە، هەر لە خۆیانەوە بەهێز ئەبن، بەمەرجێ مەمک هەڵبەستەکە فڕێ بدرێ و هەموو ڕۆژێکیش وەرزشێکی کەم بکرێ. زۆربەی ئافرەتەکانیش، کەم وەرزشکردنەکانیان ئەخەنە پاڵ ئەوەی کە دەستیان ناپەرژێت وەرزش بکەن. بێگومان ئەم بیانووە پەسند ناکرێ. چونکە ئەوانە، لەو کاتانەدا کە خۆیان بێ بەش ئەهێڵنەوە لە هەناسەدان لەناو بای پاک و خاوێندا و لە خۆدانە بەر ڕۆژ کە بەکەڵکی لەشیان دێن، ئەچن بۆ سەردان لەم و لەو، ئەچن بۆ بابەتی تریش....



## ئەسپە ئاسنینە

هەندێ جاری وا هەیە کە بەهۆی سواربوونی ئەسپە ئاسنینەوە ئەتوانین بگەینە دەشت تا بای پاک هەڵبمژین. ئەوەندە هەیە لە ڕووی تەندروستییەوە کەڵکێکی وای نییە. من لە ساڵی ١٨٨٣دا سواری ئەسپە ئاسنینە بووم. بەڵام لە پاشا بۆم دەرکەوت، کە بەهۆی ئەوەوە لە گەڕان بەپێ، بێ بەش مامەوە... گەڕانی پێ، لە ڕاستیدا کەڵکێکی گەورەی هەیە. بەڵام سواربوونی ئەسپە ئاسنینە هەر بەکەڵکی هەندێ ماسولکە دێ، کە هەر لەو کاتەیشدا هەندێک لە ماسولکەکانی تر کز و لاواز ئەکات. دووریش نییە کە زۆر سواربوونی ئەسپە ئاسنینە، ماوەی مرۆڤ نەدات گەڕانی تەواو بگەڕێ. لەبەر ئەوە لەشی مرۆڤ تووشی گەلێک دەرد و نەخۆشیی کاریگەر بێ.

## لە لادێدا

ئەی دانیشتوانی گوندەکان! هەموو پیاوە تێگەیشتووەکان دان بەوەدا ئەنێن کە ئێوە خاوەن ئارام و کاری بەکەڵکن. کەواتە بۆچ ئەو دەرمانانە ئەخۆن کە پەزیشکەکان پێشانتان ئەدەن؟... ئاخۆ لەبەر ئەوە ئەیانخۆن کە لێی ئەترسن؟... یان لەبەر ئەوە ئەیانخۆن کە شەرمیان لێ ئەکەن؟...

گوێتان لێ بێ هەندێ لە پزیشکە بەناوبانگەکان چییان گوتووە:

(سیرماکنزی) کە پزیشکی تایبەتیی (شاهەنشا فریدریک) بووە، گوتوویەتی:

(ئەگەر بێتو دەرمان خواردن لەناو جیهاندا نەمێنێ، بێگومان بارستایی ژمارەی مردن کەم ئەبێتەوە!...).

پزیشک (پینتس)یش گوتویەتی:

(لە چوار بەش سێ بەشی جیهان بەهۆی داوودەرمان خواردنەوە لەناو ئەچن!...). ئەم هەڵەیە ئێوە ئەیکەن، کە لەشەکانتان نیشتونەتە سەر خۆهـ و بەجلوبەرگەوە ئەمێننەوە. بێ ئەمەی خۆتان بشۆن. دیارە ئەو خۆهەی لەشتان دەری داوە وشک ئەبێتەوە و ئەیبەستێ و ئەیشبێ بەکرێشێکی ئەستوور بەسەر پێستتانەوە. کە ئەمەیش ئەبێ بەهۆی گرتنی کونە وردەکانی ناو پێست. کە بەهۆی ئەوەیشەوە گەلێک نەخۆشی تووشی لەش دێ.

## مەشقەکانی ڕێگاکەی من

### مەشقی یەکەم

بەبەرگی نوستنەوە لە پێخەفەکەت وەرە دەرەوە. پێڵاوێکی سەرپێی سووکیش لە پێ بکە. بۆ ئەوانەی کە تازە دەست بەمەشق ئەکەن گۆرەویش لە پێ بکەن چاکترە. کاتێ کە جلیش ئەگۆڕیت، چ لە ڕۆژدا بێ، چ لە شەودا، هەموو جلوبەرگەکانت دابکەنە، تەنیا کراسەکەت نەبێ. دوگمەکانی بکەرەوە. مەهێڵە هیچی شتێکی چنراو بەلەشتەوە بمێنێ. هەروەها بەهەموو هێز و هەرەتێکی خۆیشتەوە لەش و باڵەکان و شانەکانی خۆت توند بکەرەوە. پێویستە مەچەکیشت بچەمێنیتەوە لەو کاتەدا کە هەردوو دەستت بەرز ئەکەیتەوە بۆ ژوور سەرت. بۆ ئەمەی جومگەکانی شانەکان و دەستەکانت بکشێنیت. ئەیشتوانیت لە بریتیی ئەوە مەشقێکی تر بکەیت. بوەستیت بەپێوە و پشت بکەیتە دیوارەکە پاژنەکانیشت ١٨ ئینج (٤٥ سانتیمەترە) لە دیوارەکەوە دوور بن. هەردوو باڵت بکشێنە بەلای تەنشتەکانتا. بەپشتا بیان شکێنەرەوە. هەردوو بەری دەستەکانیشت بکەرەوە ڕووە و ئاسمان. سنگیشت بخەرە شێوەی کەوانەوە لە کاتی نوشتانەوەتا بەپشتا. جا ئەگەر لەسەر پاژنەکانیشت بوەستیت ئەم کەوانەیی سنگەت باشتر و زووتر بۆ ئەچێتە سەر. ئەیشتوانیت بەلەشت پردێک دروست بکەیت لەسەر پێخەفەکەت. ئەویش بەم ڕەنگە: کە گەردنت بەپشتا بشکێنیتەوە، پێیەکانیشت بخەیتە ژێر لەشتەوە. بەری پێیەکانت و تەوقی سەریشت لەسەر زەوی دابنێیت بۆ ئەمەی لەنگەری لەشت ڕابگریت. جا بۆ ئەمەی بتوانیت ئەم مەشقە بکەیت، پێیەکانت وا دابنێ کە (١٥) ئینج لە یەکتر دوور بن، بۆ ئەمەی لەنگەری لەشت ڕابگریت. پێویستە پەنجەکانی پێت کەمێک بەلای دەرەوەدا لابکەنەوە. پاش ئەوە دەستەکانت بەرز بکەرەوە و، لەشت بەپشتا بشکێنەرەوە. پاش ئەوە لەشت لە شێوەیەکی کەوانەییدا بچەمێنەرەوە بەلای چەپتا. ئنجا لەشت بجووڵێنە بۆ پێشەوە، پاش ئەوە بۆ لای ڕاست، ئنجا بۆ دواوە، تا لەشت ئەچێتەوە سەر ئەو بارەی کە لەپێشدا تیادا بوو. پێویستە، لە کاتی مەشقکردنەکەدا هەردوو باڵت بنووسێنیت بەگوێکانتەوە. تا لە کاتی خۆچەماندنەوەدا بۆ پێشەوە، بەهەڵەدا نەچیت. ئنجا تا پێنج جارێک لەشی خۆت ببزوێنە و بیگێڕە بەملا و بەولای خۆیدا. پێویستە لە شێوەیەکی کەوانەیی فراوانیشدا لەشت بسووڕێنیتەوە. ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە لەسەرخۆ و بەرێکوپێکییش هەناسە بدەیت. ئەویش لە ڕێگای لووتەوە. لە کاتێکا ئەسووڕێیتەوە بەپشتا هەناسە هەڵمژە، کاتێکیش بۆ پێشەوە لەشت ئەسووڕێنیتەوە هەناسەت دەربکە.



### مەشقی دووەم

دەستێکت بخەرە سەر تەختێک و قورسایی لەشیشت بخەرە پێیەکت. پاشان پێیەکەی ترت (١٦) جار بجووڵێنە بۆ پێش و پاشەوە. ئەتوانیت دەستەکەی ترت بخەیتە سەر کەلەکەت. ئەوی پێویستە سەرنجی لێ بدرێ ئەوەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم مەشقەدا نابێ لاق جووڵاندن بۆ پێش و پاشەوە بەشێوەیەکی گەورە بکرێ. پێویستە لنگ جووڵاندنەوەکان کورت و گورج بن. پێویستە هەموو جارێکیش تێن زۆرتر بدەیتە خۆت کە جووڵانەوە و مەشقکردنەکەت گورجوگۆڵانە و بێ وەستان بن. پێویستە جووڵانەوەی پێ بۆ دواوە بەهێز و هەرەتەوە بێ تا کەڵکی زۆرتر لێ وەربگریت. بەڵام لە سێ جووڵانەوەکانی دواییدا، ئەبێ قاچ وەشاندنەکان چ بۆ پێشەوە چ بۆ پاشەوە درێژ بن. ئەمیش بۆ ئەوەی کە ماسولکەکان وایان لێ بێت نەرمونۆڵ ببن، کە جومگەکان بەهێز ببن. نیشانەی قاڵبوونیشت لەم مەشقەدا ئەوەیە، کە هەست بەماسولکەکانی خوارووی پشتت بکەیت هەندێک ئاوسا بن. هەروەها پێویستە لە کاتی مەشقەکەدا ئەژنۆکانت ڕەپ و ڕاست بن. نابێ گەردن و لەش بچەمێنیتەوە بۆ پێشەوە. پێویستە لەسەر بەرزاییەکی وایش بوەستیت کە درێژکردنی ئەژنۆکانت بەئاسانی بۆ پێک بێ. هەروەها لەسەر پێیەکەی تریشت بوەستە و ئەم مەشقەیش (١٦) جاری تر دووبارە بکەرەوە. جا هەرچەند پیاو مەشق زۆرتر بکات، زووتر ئەم جووڵانەوەیەی بۆ جێبەجێ ئەکرێ. پێویستە ئاگایشت لە خۆت بێ کە لە هەناسەداندا پەلە نەکەیت، یاخود هەناسەبڕکێت پێ نەگات.

### مەشقی سێهەم

لەسەر بەڕەیەک یاخود سیپاڵێکی تر ڕاکشێ بەپشتا. پەنجەکانی هەردوو پێیشت بخەرە ژێر شتێکی قورسەوە کە نەهێڵێ ببزوونەوە. لەشت دوانزە جار بەرز بکەرە تا ئەگەیتە باری دانیشتن. پاشەجار بگەڕێرەوە سەر باری پێشووی خۆت. پێویستە پشتت توندوتۆڵ ڕابگریت. سەریش بەپشتا بشکێنێتەوە تا دوا کات بۆ ئەمەی هیچت لە زەوی نەکەوێ سەر و پەنجەکانت نەبێ. پێویستە بۆ ئەوانەی مەشقیان زۆر نەکردووە و لەش لاوازەکانیش، کە ئەم مەشقە ئەکەن پشتیان بکەوێتە سەر زەوی. لە کاتی دانیشتن یاخود ڕاکشانیشدا ئەتوانن بەیارمەتی هەردوو دەستیانەوە، هەریەکەیان لە لایەکەوە، ئەم مەشقە بکەن. جا هەرچەند ماسولکەکانی سک بەهێز ببن، ئەتوانرێ هەردوو دەست بخرێتە سەر کەلەکەکان، کە ئەمەیش بەشێنەیی پێک دێ. تۆ ئەیشتوانیت هەردوو دەستت بخەیتە

پشت ملتەوە، یاخود بەرزیان بکەیتەوە بۆ سەرەوە بەشێوەیەکی وەها کە لەگەڵ لەشتا ڕاست بوەستن، بۆ ئەمەی لەشت لەنگەری خۆی باشتر بگرێ. ئەم مەشقەیش هەرچەندە ئەرک و کێشەی تیایە، بەڵام زۆر بەکەڵکە بۆ لەش. هەروەها پێویستە دەستەکانت، لەپێش لەشتا، بەرز نەکەیتەوە و بۆ پێشەوە فڕێیان نەدەیت. پێویستە دەستەکانت بنوسێنیت بەگوێچکەکانتەوە. پێویستیش نییە پێیەکانت ڕاست ڕابگریت. چونکە بۆی هەیە بەنوشتاندنەوەی ئەژنۆوە، مەشقەکە کەڵکی زۆرتر ببێ. هەروەها پێویستە لە کاتی بەپشتا شکانەوەتا هەناسە هەڵمژیت، لە کاتی دانیشتنیشتا هەناسە دەربکەیت. نایشبێ خۆت لە هەناسەداندا ڕابگریت. ئەبێ پێش ئەمەی بگەیتە سەر زەوی، بەتاوێک، دەست بکەیت بەهەناسە بەردان.

## مەشقی چوارەم

بەپێوە بوەستە. لە ناوەند هەردوو پێیەکانتا ماوەیەکی (٢٠) ئینجی هەبێ. مشتەکانت بگوشە و هەردوو باڵت بکشێنە بۆ ئەملا و ئەولای خۆت. پاشان نیوەی ژوورووی لەشت هەندێک بادە بەلای چەپتا. نەهێڵیت لەو کاتەدا پێیەکانت بجووڵێن. باڵەکانیشت لە باری پشوویان مەگۆڕە. بەم ڕەنگە ئەتوانیت مەشقەکە بەئاسانی بکەیت. ئەویش بریتییە لە سێ بزووتنەوە:

بزووتنەوەی یەکەم ئەمەیە: کە لەشت بنووشتێنیتەوە بەلادا بۆ لای ڕاستت تا وات لێ دێ کە مشتی دەستت لە زەوی بکەوی.

بزووتنەوەی دووەمیش ئەمەیە: کە مشتت لە زەوی کەوت دووبارە لەشت بەرز بکەرەوە، تاوێک بمێنەرەوە و ڕووی خۆیشت وەربگێڕە. بزووتنەوەی سێهەمیش ئەمەیە: کە نیوەی ژووروەوی لەشت، نیوە بادانێک بابدە بەلای ڕاستتا، تا وات لێ دێ کە ڕوویشت هەر بۆ ئەو لایە وەربگێڕیت، واتا بەپێچەوانەی بزووتنەوەکەی پێشووت ئەکەیت. ئنجا ئەم بزووتنەوە سێ سووچکەیە، لایەکی پێچەوانەدا دووبارە بکەرەوە. ئەمیش بەم جۆرە کە لەپێشدا لەشت بچەمێنیتەوە بۆ لای چەپت، بام مشتی چەپیشت لە زەوی بکەوێ. ئنجا دووبارە لەشت بەرز بکەرەوە و بایدە بەلای پشتتا، تا ئەگاتە شوێنی ئامادەبوون. ئەوەیش بزانە کە هەرسێ بزووتنەوەکە، لە ڕاستیا یەک بزووتنەوەن. لەبەر ئەوە پێویستە بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێن، ئەمیش بەو ڕەنگەیە کە مشتت بگاتە سەر زەوی. پێویستە بەدرێژایی مەشقەکە بەڕێکوپێکی هەناسە بدەیت. کاتێ کە لەشت بەرز ئەکەیتەوە و



نیوەبادانەکە بای ئەدەیت، با هەڵ ئەمژیت، کاتێک کە بادانەکەیش تەواو ئەبێ لەگەڵ نوشتانەوەی تەنشتییەکەدا، بایەکە لە سنگت ئەکەیتە دەرەوە.

## مەشقی پێنجەم

پێی چەپت ببەرە پێشەوە لەگەڵ نوشتاندنەوەی ئەژنۆدا. هەردوو باڵیشت بەرز بکەرەوە بەملا و بەولاتدا. هەردوو بەری دەستیشت ڕوویان بکەرە ئاسمان. پاش ئەوە باڵەکانت ئەوەندەی شەش گرێ (ئینج) نزیک بخەرەوە لە یەک. ئنجا لەپێشەوە بەرزیان بکەرەوە بۆ بەرەو ژوور. ئنجا بەپشتا بیانشکێنەرەوە لە شێوەیەکی کەوانەیی بچووکدا. جا لەپاش ئەمەی ئەم مەشقە (١٦) جار دووبارە ئەکەیتەوە، پێی چەپت بکێشەرەوە. ئنجا پێی ڕاستت ببەرە پێشەوە وەک ماوەی پێشوو. لەپی دەستەکانت ڕوویان بکەرەوە زەوی. باڵەکانت بەرز بکەرەوە. شانزە جاریش بەرزیان بکەرەوە بۆ پێشەوە، پاش ئەوە بیان نیشێنەرەوە بۆ پێشەوە. بەرزیان بکەرەوە بۆ پشتەوە... هتد. واتا ئەم جووڵانەوەیە بەپێچەوانەی جووڵانەوەی پێشوو ئەبێ.

## مەشقی شەشەم

بەگازی پشتا پاڵ کەوە. هەردوو دەستیشت بخەرە سەر کەلەکەکانت. پاش ئەوە هەردوو پێیەکانت بەڕاکشاوییەوە بەرز بکەرەوە، بەمەرجێ لەیەکەوە نزیک بن و نزیکەی پێیەک لە زەوی بەرز بێتەوە. جا بەمەرجێ پەنجەکانی پێت ڕاکشاو بن، پێیەکانت بوەشێنە لە شێوەی کەوانەدا بۆ سەرەوە، بۆ دەرەوە. واتا پێی چەپت بجووڵێنە بۆ چەپ، پێی ڕاستیشت بجووڵێنە بۆ ڕاست. ئنجا لەگەڵ یەکتردا نزیک ئەبنەوە... بەم ڕەنگە هەشت جار قاچەکانت بەتەواوەتی بسووڕێنەرەوە. کاتێ هەردوو پێیەکانت بەرامبەر ئەوەستن، لەپاش تەواوکردنی جووڵانەوە کەوانەییەکەیان، بەهەموو هێزێکتەوە بیانگوشە، هەر لەو کاتەیشدا پەنجەکانت درێژ بکە و ئەژنۆکانیشت توند بکەرەوە. وایش چاکترە کە هەردوو جووڵانەوە کەوانەییەکەی دوایی زۆر گەورە و فراوان بن. نابێ پێیەکان بەرامبەر یەک بوەستن، ئەبێ لە یەکتر بترازێن. ئنجا پێیەکانت لەسەر ئەم شێوەیە هەشت جاری تر بەلای پێچەوانەی هی پێشوودا ببزوێنەرەوە. لە جێگای پێکەوە نووسانیانەوە دەست پێ ئەکات. پێی چەپ لە کەوانەیی لای چەپەوە ئەنیشێتەوە خوارەوە، پێی ڕاستیش لە کەوانەیی لای ڕاستەوە ئەنیشێتە خوارەوە. ئەویان بۆ لای چەپ ئەبزوێتەوە. ئەمیشیان بۆ لای ڕاست

ئەبزوێتەوە. تا هەردوو پێیەکان بەرامبەر یەکتر ئەوەستنەوە، ئنجا لە یەکتر جیا ئەبنەوە و دەست ئەکەنەوە بەبزووتنەوەی کەوانەیی دووەم. بۆ ئەوانەی کز و لاوازن وا چاکترە کە لە سەرەتای مەشقەکەیاندا هەر جارە یەک پێیان بخەنە کار. یاخود پێیەکانیان بخەنە سەر زەوی. واتا لەدوای هەموو بزووتنەوەیەکی کەوانەیی پشوویەک بدەن. ئەوەیشت لەبیر نەچێ کە بەئاسانی هەناسە بدەیت لە ڕێگای لووتتەوە، لەدوای هەموو بزووتنەوەیەک پێویستە هەناسەی تەواویش بدەیت. جا ئەم مەشقە بۆ ئەوە دانراوە کە ماسولکەکانی سک بەهێز بکات و یاریدەی کەلوپەلی خواردن سازکردنیش بدات لەناو زگدا.

## مەشقی حەوتەم

هەروەک لەمەوپێش لە مەشقی چوارەمدا پێشانمان داوە خۆت ئامادە بکە بۆ مەشقکردن. پشتت ڕەپ و ڕاست ڕابگرە، هەروەها سەریشت باش ڕابگرە، ئنجا لەشت وەربگێڕە بۆ لای چەپەوە بەسەر پێی چەپتا. ئەمەیش باری سەرەتایی ئەم مەشقەیە پاش ئەوە لەش وەربگێڕە بۆ لای ڕاستەوە. تا وات لێ بێ کە دەستی چەپت بکەوێتە ئەو جێگایەی کە دەستی ڕاستتی تیا وەستا بوو... ئەوساکە لەشت هەر لەو بارەدا ئەمێنێتەوە کە لەسەر پێی چەپت وەستا بوو. ئەوەندە هەیە بەلایەکی تردا بای خواردووە. بۆ پشتیشەوە نوشتاوەتەوە. ڕوویشت بەرەو سەرووە.

جا ئەگەر هەر تەماشای لای ڕاستت بکەیت، پێویستە لەشی خۆت بەرز بکەیتەوە و بیبزوێنیت و لای پێی چەپت بکەیتەوە بەسەر پێی ڕاستتا تا وات لێ بێت کە بکەویتە بارێکی واوە کە بەرامبەر دیمەنی یەکەم بوەستیتەوە. پاش ئەوە جارێکی تریش لەش بابدە بۆ لای ڕاستەوە. بەڵام دیارە ئەم جارە بۆ لای چەپەوە ئەبێ. کەواتە جارێکی تریش لەش ئەنوشتێنیتەوە بەلای چەپدا لەسەر پێی چەپت، پاشان بۆ لای ڕاستت. جارێکی تریش ئەبزوویتەوە بۆ لای ڕاستت. بەم ڕەنگە یەک لەدوای یەک مەشقەکە ئەکەیت.

ئەم مەشقەیش هەر لە دوو بزووتنەوە پێکهاتووە. یەکێکیان ئەوەتا کە لەش بەتەواوەتی با بخوات واتا بسووڕێتەوە. یەکێکیشیان ئەوەتا لەش بەرز بکرێتەوە و بۆ پێشەوە خۆ بنوشتێنرێتەوە بۆ لای چەپ، یاخود بۆ لای ڕاست. ئەم مەشقە بۆ (بڕبڕاگەی پشت) و (مێشکی دڕک شێوە)[1] بەکەڵک دێ. هەروەها دەمارەمێشکییەکانیش تەواو وریا ئەکاتەوە.

(١) مەبەستی (الحبل الشوكی)یە.



## مەشقی هەشتەم

بەسەر سکدا ڕابکشێ، هەموو لەشیشت بەپەنجەکانی پێیەکانت و هەردوو لەپی دەستەکانت ڕابگرە دەستەکانت ئەکەونە ژێر شانەکانتەوە، پەنجەکانی دەستەکانیشت بۆ ناوەوە ئەکشێن. لەشیش توند ئەبێتەوە و ڕاست درێژ ئەبێتەوە، نە سمتەکانت بەرز بکەرەوە، نە ورگیشت بکشێنە بۆ خوارەوە. ئنجا باڵەکانت بنوشتێنەرەوە تا سەرت ئەگاتە سەر زەوی، پاش ئەوە دەمودەست باڵەکانت دووبارە بکەرەوە. جا دوانزە جار ئەم بزووتنەوەیە دووبارە بکەرەوە. بەڵام هەر جارە سەرت بۆ لایەکەوە دانەوێنە بۆ سەر زەوی، لە کاتی نوشتاندنەوەی باڵەکانتا. هەر کاتێ باڵەکانت نوشتاندەوە هەناسە وەربگرە، هەر کاتێکیش باڵەکانت ڕاست کردەوە هەناسەت دەربکە. ئەوانەی بەنازوجیازیشەوە ڕاهاتوون ئەتوانن گرانایی لەشیان بخەنە سەر دەستەکانیان و ئەژنۆکانیان، باڵەکانی خۆیشیان زۆر نەنوشتێننەوە. بۆ ئەمەی ڕاستبوونەوەیان بۆ ئاسان ببێ. یاخود ئەتوانن بەپێوە ئەم مەشقە بکەن. مەشقەکەیش زۆر بەگران ئەکرێ، ئەگەر بەم جۆرە بکرێ کە پێیەک لە پێیەکان بەرز بکرێتەوە و، پاژنە و ئەژنۆیش توند بکرێنەوە، لە کاتی نیشتنە سەر زەویدا لەسەر هەردوو لەپی دەستەکانت. بەڵام هەر جارە پێیەکانت هەڵبڕە.

## مەشقی نۆهەم

دەستی ڕاستت بخەرە سەر تەختێک و پشتی پێ و لایەکانی پێت بیست و پێنج جار بەپێیەکەی ترت بسڕە. دەستیش بهێنە بەسەر پشتی ملتا بەدەستی چەپت. لە سەرووی پشتتەوە دەست پێ بکە تا ئەگاتە ناوەڕاستی پشتت، ئەوەندەی پێت ئەکرێ، ئنجا دەستیش بهێنە بەسەر گەردن و پشتتا پاش ئەوە بەدەستی ڕاستت و بەپێی ڕاستیشت ئەم مەشقە دووبارە بکەرەوە. جا ئەگەر کەسانی وا هەبن کە خوێن زۆر هەڵ بچێ بۆ سەریان و، پێیەکانیشیان تەڕییان تیا پەیدا ببێ، دووبارەکردنەوەی ئەم مەشقە بۆ ئەوانە پێویستە.

## مەشقی دەهەم

ئەم مەشقە وەها دەست پێ بکە: باڵی چەپت ڕابکێشە بۆ پێشەوە، لەپی دەستیشت ڕووی لە زەوی بێت. پاشان بەلەپی دەستی ڕاستت، دەست بکە بەسوونەوەی بەشی ژووروی دەستی چەپت، لە سەری پەنجەکانتەوە هەتا ئەگاتە شانەکانت، ئنجا گەردنت پاش ئەوە جارێکی تریش لە سەری پەنجەکانتەوە دەست پێ بکەرەوە هەر بەو چەشنەی کە

لەوە پێش کردت، بەڵام لەبن باڵەوە دەست پێ بکە تا ئەگەیتە بن هەنگڵ پاشان لە ناوەوە دەست پێ بکە تا ئەگەیتە لای چەپی سنگتەوە، پاش ئەوە باڵی ڕاستت ڕەوانە بکە و تا ئەتوانیت هەڵیبڕە تا ئەگاتە بن باڵی چەپت. هەروەها باڵی چەپیشت بنوشتێنەرەوە تا شانی ڕاستت ئەگریت، ئنجا دەستی ڕاستت بهێنە بەژێر باڵی چەپتا. هەر لەم کاتەیشدا بەدەستی چەپت بەشی ژوورووی دەستی ڕاستت بسوورەوە، لە سەرەتای ئێسقانی شانەوە، دەست پێ بکە تا ئەگاتە سەری پەنجەکانت. پاش ئەوە جارێکی تریش باڵەکانت بۆ پێشەوە درێژ بکەرەوە. تا ئێرە مەشقەکە تەواو ئەبێ. هەر کاتێکیش هەستت بەهێز و هەڕەتی خۆت کرد، ئەم مەشقە و ئەژنۆ نوشتاندنەوە پێکەوە بکە، بەمەرجێ بەگورجی دە جار ئەژنۆت بنوشتێنیتەوە. هەروەها ئەبێ ئەم بزووتنەوەیە بەپێوە بکەیت بەسەر بنی پێوە، نەک لەسەر پەنجەکان. ئەبێ لە ناوەند پێیەکانیشتا ماوەیەکی بیست گرێ (ئینج)یی هەبێ. بەم ڕەنگە ماسولکەکان و جومگەکان لەسەر شێوەیەکی تر مەشق ئەکەن، کە بەپێچەوانەی کاری خۆیانە. جا هەر کاتێ دەستت کرد بەسوونەوەی بەشی ژوورووی باڵ، پێیەکانت بنوشتێنەرەوە. کاتێکیش گەیشتیتە باری دانیشتن لەش سوونەوەکەت بگەیێنەرە ملت. دوایی کە لە لەش سوونەوە بوویتەوە، هەستەرە سەر پێ. پێویستە لە نیوەی یەکەمی بزووتنەوەکەدا هەناسەت دەر بکەیت. لە نیوەکەی تری بزووتنەوەکەیشدا هەناسە وەربگریت چونکە تۆ لەو کاتەدا کە باڵەکانت ئەکەیتەوە هەناسە وەر ئەگریت. جا لەپێش ئەمەی دەست بکەیت بەم مەشقە، بەهێواشی هەناسە وەربگرە. هەروەها پشتی باڵەکانت لە بەری باڵەکانت زۆرتر بسوورەوە.

## مەشقی یانزەهەم

وەک لە مەشقی یەکەمدا کردتت، پێیەکانت وا لێ بکە. سەرووی لەشیش بەباشی بشکێنەرەوە بەپشتا. ورگیشت، بەپێی توانای خۆت ڕاست بکەرەوە. ئەویش بەم ڕەنگە کە بەلەپی دەستەکانت لە ئێسقانی سەرووی سنگەوە دەست پێ بکەیت تا ئەگەیتە سەر سنگ و ورگ و سەرەتای کەلەکەکان ئنجا هەردوو دەستت بەرز بکەرەوە. لەشیشت بچەمێنەرەوە بۆ پێشەوە سگت بگوشە بۆ ناوەوە. هەردوو دەستیشت بخەرە سەر پشتت لەسەر کەلەکەکانتی دابنێ، لە پشتەوە پاش ئەوە پشتت بسوورەوە تا ئەگاتە پێیەکانت. لەشیش لەگەڵ پشتا ئەنوشتێتەوە بۆ پێشەوە، تا ئەتوانیت. پاش ئەوە جارێکی تریش بەرزی بکەرەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەردوو دەستت بسوورەوە بەسەر پشتی پێ و لنگ و



ڕووکاری ڕانتا، پاش ئەوە هەردوو دەستت هەڵبگرە و لەشیشت بشکێنەرەوە بۆ دواوە. ئنجا دەستەکانت بخەرە سەر ئێسقانی سەرووی سنگتەوە و دەست بکەرەوە بەمەشقەکەت وەک لە سەرەوە پیشانماندایت. بۆ خانمەکانیش وا باشە کە لە کاتی وەستاندا دەستەکانیان بەرز نەکەنەوە. بەڵام پێویستە هەر لەسەر لەش سوونەوەی خۆیان بمێننەوە، هەر لە پشتی دەستەوە هەتا ئەگاتە ئێسقانی سەرووی سنگ. پێویستە لە کاتی مەشقکردندا پێیەکانت نەجووڵێن. کاتی هەڵ ئەستێتەوە و خۆت ئەشکێنێتەوە بەپشتا هەناسە وەرئەگریت. کاتێکیش کە خۆت ئەچەمێنیتەوە بۆ پێشەوە هەناسە بەرئەدەیت. ئەم مەشقە یەجگار بەکەڵکە. مامۆستا (وارمن)ی ئەمەریکایی بەناوبانگیش بەدەرمانێکی تایبەتی دائەنێ بۆ خۆی. هەموو بەیانیانێکیش ئەم مەشقە ئەکات.

## مەشقی دوانزەهەم

ناوەند پێیەکانت فراوان بێ. پەنجەکانی پێیشت ڕوو بکەنە دەرەوە. ئەژنۆی ڕاستت بنووشتێنەرەوە. لنگی چەپیشت بەدرێژیی و توندییەوە ڕاست ڕابگرە. هەردوو دەستیشت بەتوندییەوە بخەرە لای چەپتەوە، ئەوەندەی پێت ئەکرێ. لەپی دەستیشت بخەرە سەر ڕووی دەرەوەی پێی چەپت. تا پێت ئەکرێ لەپی دەستت درێژ بکە بۆ خوارەوە. بەڵام خۆت مەنوشتێنەرەوە. بەڵام لە کاتی گیرانەوەی لەشدا بۆ سەر باری ڕاستیی خۆی و درێژکردنی پێیش بۆ لای ڕاستەوە، هەردوو لەپی دەستت بسوورەوە بەسەر ڕووی دەرەوەی ڕانی چەپ و کەلەکەتا تا ئەگاتە ناوەڕاستی بەشی ژوورووی ئەو لایەت، لەوێیشەوە بیانبە بۆ پێشەوە. لەو کاتەیشدا کە دەستی چەپ بەسەر ورگەوە ئەبێ، پێویستە دەستی ڕاست ئەم فرمانە بەجێ بهێنێ بەسەر پەردەی ناو هەناودا (الحجاب الحاجز). پاش ئەوە هەردوو دەست هەڵبگرە و لەشتیان پێ بسوورەوە، لە خوارەوە لە تەنشت پێی ڕاستتەوە لە ڕووی دەرەوەیەوە، لەگەڵ بەشی ژوورووی لەشدا بۆ لای ڕاست بچەمێرەوە، ئەژنۆی چەپیشت بشکێنەرەوە. جا لەو کاتەدا کە مەشقەکە لە بەجێهێناندایە هەروەک لە سەرەتای مەشقەکەدا وەستابوویت، لەجیاتی وشەی (ڕاست) وشەی (چەپ) دابنێ. پاش ئەوەیش پێچەوانەی ئەوە بجووڵێرەوە. بۆ هەر لایەکیشت هەشت جار بچەمێرەوە، بەمەرجێ یەک لەدوای یەک بێ. بەم پێیە بەهەموویان ئەکەنە شانزە جار چەماندنەوە. ئەوانەی لەڕولاوازیشن، وای پێ ئەوێ کە ماسولکەکانی سکیان خاو بکەنەوە، تا ڕیخۆڵەکانیان بەشی خۆیان لەش سوونەوەیان بەربکەوێ.

## مەشقی سیانزەهەم

لە بەردەم تەختێک دارا بوەستە. ماوەی ناوەندی تۆ و تەختەکە ئەوەندە بێ کە دەستت بیگاتێ، بێ ئەمەی خۆت ماندوو بکەیت بەوەوە کە بۆ پێشەوە خۆت بکشێنی. پێیەکانیشت وا دابنێ، وەک لە مەشقی یەکەمدا وەستا بوویت. جا لەو کاتەدا کە لەشت بۆ لای ڕاستەوە ئەکشێنیت، باڵی ڕاستت بووەشێنە، بەشێنەیی، لە شێوەیەکی کەوانەییدا کە فراوان بێ، دەست پێ بکە لە خوارەوە، بەلای پشتەوە، بۆ سەرەوە، تا دەستت ئەگاتە پێشەوە. پاش ئەوە دووبارە دەستت بگەڕێنەرەوە بۆ خوارەوە، لەشیشت لە ناوەڕاستیەوە با بدە تا بەشی سەرووی، بۆ پشتەوە بەلای چەپدا. دەستی ڕاستیشت توند بگرە بەتەختەکەوە، بەڵام دەستت ڕاکشاو بێ. قورساییشت بخەرە لای لەشت و زەوییەوە. پێویستە ماسولکەکانی چوار لای بن هەنگڵ و سنگیشت توند بکەیتەوە. ئەم مەشقە لە مەشقە هەرە چاکەکانە بۆ ماسولکەکانی سەرووی لەش و باڵەکان، کە لە مەلەوانیی گورجوگۆڵدا بەکار ئەهێنرێن.

## مەشقی چواردەهەم

ڕەپ و ڕاست ڕاوەستە. پاژنەکانت بەیەکەوە بنووسێنە. لەپی دەستەکانیشت بنووسێنە بەژوور کەلەکەکانتەوە. پەنجەکانیشت ڕوویان بۆ خوارەوە بێت. کاتێ کە یەکێک لە لنگەکانت بەرز ئەکەیتەوە بۆ سەرەوە، پاژنە و ئەژنۆیشت توند بکەرەوە. ئەو دەستەی لە لایەوەیە ئەیسوێتەوە تا ئەگاتە خوارووی لاقتەوە لە ڕووی دەرەوەیەوە. ئەو کاتە پێویستە لنگت بەهێز و هەڕەتەوە بەرز بکەیتەوە. ئەوساکە بەهۆی ئەوەیشەوە ماسولکەکانی کەلەکەکانت بەهێز ئەبن. کاتێ کە لنگیشت ئەخەیتەوە سەر زەوی، پێویستە دەمودەست، بەدەست لنگت لە ناوەوە بسوویتەوە، تا ئەگەیتە ژووررووی ڕانت، ئنجا ئەگەیتە کەلەکەت. دەستیشت ئەبێ بچەمێتەوە تا دەستەکەی تریشت لنگەکەی ترت ئەسوویتەوە.

## مەشقی پانزەهەم

ڕاست بوەستە بەپێوە. ئەژنۆت هەڵبرە بۆ لای سنگت. چەندت پێ ئەکرێ بەرزی بکەرەوە. بەڵام خۆت مەکۆمێنەرەوە. پێویستە بەشی خوارووی لنگ ڕەپ و ڕاست بوەستیت. پەنجەکانی پێیش لەسەر هێڵێکی ڕاست بن لەگەڵ پێدا. پاشان هەردوو لای پاژنەت بگرە بەدەستت. دووبارە پێت درێژ بکەرەوە بۆ خوارەوە. ئنجا لە کاتی هەناسە



وەرگرتندا بەهەردوو دەستت لە لایەکەوە بیت بەدەست بسوورەوە لەو گرێی جومگەیەوە دەست پێ بکە کە لەناوەند لاق و پێدایە، لەگەڵ ڕووی ناوەوەی لاق و کەمێ سەرووی ئەژنۆدا.

جارێکی تریش بچۆرەوە سەر باری پێشووت. بەپێیەکەی تریشت ئەم مەشقە بکەرەوە. بەم ڕەنگە یەک لەدوای یەک مەشق بەپێیەکانت بکە. لە ناوەند مەشقێک و مەشقێکی تردا تاوێک بوەستەرە سەر پێ. هەناسەت دەربکە. لەپاش تاوێکیش، ئەم پشووە کورتانە بەلەش سوونەوە خەریک ببە لەپێشەوە بۆ پشتەوە. بەم جۆرە: بۆ وێنە: لەپاش سوونەوەی لنگی چەپ سەرکەوە بۆ سەرەوەی لەشت تا ئەگەیتە سەر سک و سەر سنگ بۆ کن ئێسقانی ژووررووی سنگ. جا هەر کاتێ دەستت هەڵگرت لە پێی چەپت، بەهەردوو دەستت ڕووی لەشت بسوورەوە، وەک لەوەپێش پێشانمان دایت. پاش ئەوە پشتیشت بسوورەوە بەپشتی دەستی چەپت. پاش ئەوە دەستەکانت بگێڕەرەوە بۆ لای تەنشتەکانی خۆت. هەردوو دەستت بەردەرەوە خوارەوە. ئنجا لەدوای ئەوە دەمودەست، دەست بکە بەسوونەوەی پشتت بەپشتی دەستی ڕاستت، تا ئەگەیتە کن کەلەکەت، تا ئەگەیتە خوارووی سمتتەوە، کە لەسەری دائەنیشیت.

کاتێ کە لنگەکانت و ڕووی لەشت ئەسوویتەوە، هەناسە وەربگرە. کاتێ کە پشتت ئەسوویتەوە و ئەژنۆت بەرز ئەکەیتەوە، هەناسە بەربدە. جووڵانەوەکە ئەکاتە شانزە جار، چونکە هەر ئەژنۆیە هەشت جار بەرز ئەکرێتەوە.

## مەشقی شانزەهەم

ڕەپ ڕاوەستە بەپێوە. هەردوو لەپی دەستەکانیشت بخەرە سەر کەلەکەکانت. پەنجەکانی دەستیشت ڕوویان بۆ خوارەوە بێ. گورج لەشت بەلای چەپتا خوار بکەرەوە. پاش ئەوە بەلەپی دەستی چەپت خوارووی کەلەکەت بسوورەوە، لەگەڵ بەشی ژووررووی ڕانتا. لەو کاتەیشدا دەستی ڕاستت بەرز بکەرەوە بۆ تەنشتی ڕاستت. پاش ئەوە، دەمودەست لەشت بچەمێنەرەوە بەلای ڕاستتا، دەستی چەپیشت بەرز بکەرەوە بۆ لای چەپت. ئنجا بەدەستی ڕاستت لەشت بسووڕێتەوە تا ئەگەیتە خوارەوە. پێویستە خۆنوشتاندنەوەکەدا بەهەردوولادا گورج و خێرا بێت و یەک لەسەر یەکیش بێت. لە هەموو جارێکیشدا ئەوەندەی لە تواناداا بێ دەست ئەنوشتێنرێتەوە تا بتوانی بەشێکی گەورەی لەش بسووێتەوە. جا هەتا لەشت بەهێزتری لێ بێت، مەشقەکان زووتر ڕائەپەڕێنیت، دەست پیانانەکەیشت بەهێزتر ئەبێ

بەسەر لەشدا. پێویستە لەش نوشتاندنەوەکانیش بەسەر لادا بگەنە ئەوپەڕی وزەی مرۆڤ. چونکە ئەوە بۆ ماسولکەکان زۆر باشە. بۆ تۆ وا پێویستە کە جووڵانەوەکان بەسستی و ئاسانییەوە دەست پێ بکەیت. ئەمەیش زۆر گرنگە کە هەناسە نەگریت. چونکە زۆر کەسانی وا هەن کە لە کاتی کردنی ئەم مەشقەدا وا ئەکەن. هەروەها لە کاتی کردنی هەموو جووڵەیەکی جووت جووتیدا پێویستە لە سەرەتاوە هەناسەیەکی قووڵ وەربگیرێ. ئەوەندە هەیە لەپاش وەرگرتنی هەناسەیەک، ئەتوانرێ چەند بزووتنەوەیەکی خێرا و گورج بکرێ. کاتێک لەشیشت با ئەدەیت بەلای ڕاستا، بەهەردوو دەستت سنگت بسوورەوە.

### مەشقی حەڤدەهەم

بەسەر پێوە بوەستە. پێیەکانیشت بەو چەشنە دابنێ کە لە مەشقی حەوتەمدا داتنابوون. هەر تەنیا لەش با بدە نەک پێیەکان. تا کەڵکی مەشقەکەت لە دەست دەرنەچێت. لەشت با بدە لە ناوەڕاستەوە بۆ ژووروو بۆ پشتەوە، لە شێوەیەکی گورج و خێرادا بۆ لای چەپت. ئەبێ تا پێت ئەکرێ لەپێشەوە بەسستی دەست پێ بکەیت، لەپاشدا بەگورجی. جا لەو کاتەدا هەردوو لەپی دەستت ئەخەیتە سەر لای ڕاستی سنگت، یەکێکیان لەسەر مەمکت، ئەویتریشیان لە خوار ئەوەوە بەڵام ڕووی وا بێ کە پێچەوانەی بزووتنەوەی لەش بێ. هەتا هەردوو لەپی دەستت ئەکەونە سەر لای چەپی سنگتەوە لە کاتی تەواوبوونی خۆبادانەکەدا بۆ لای ڕاستەوە. پاش ئەوە لەشت وەربگێڕەرەوە بۆ لای چەپت، بەڵام بەخێرایی دووبارە هەردوو دەستیشت بکشێنە بەسەر لەشتا تا ئەگەیتە ئەوپەڕی لای ڕاستی سنگت. ئنجا بیست جارێ لەسەر یەک ئەم مەشقە دووبارە بکەرەوە. هەروەها پێویستە لەش بادانەکە بەشێنەیی و هێواشییەوە دەست پێ بکرێ و بەرە بەرە گورج بکرێتەوە تا بەخێرایی ئەکرێ. ئەبێ بەقایم دەستیش بخەیت لە سنگت. ئەبێ ئاگایشت لە خۆت بێ، کە هەردوو دەستت لە شێوەیەکی جووت و بەرامبەری یەکتردا هەمیشەم بجووڵێنەوە لە لەش سوونەوەکەدا بۆ وێنە دەستی چەپ لەسەر مەمک دابنێ. دەستی ڕاستیشت لەژێر ئەودا دابنێ. وایش باشە کە لە ناوەڕاستی بزووتنەوەکەدا بەهەردوو دەستت جێگۆڕکێ بکرێ.

### مەشقی هەژدەهەم

وەک لە مەشقی یانزەهەمدا کردت، پێیەکانت وا لێ بکە. لەشت بەپشتا بشکێنەرەوە، بەڵام زۆر نا. هەر لەو کاتەیشدا سنگت و پێشەوەی کەلەکەکانت، بەلەپی دەستەکانت بسوورەرەوە بۆ خوارەوە.



هەرچی خانمەکانیشە، ئەبێ بەپێچەوانەوە ئەم مەشقە بکەن. واتا لەژێر سنگەوە دەست پێ ئەکەن، تا ئەگاتە ئێسقانی ژوورووی سنگ. پاش ئەوە لەشی خۆت ڕاوەشێنە بۆ پێشەوە. پشتت مەکۆمێنەرەوە. ورگیشت بەناودا مەبە.

هەر بەو چەشنەی کە لە مەشقی یانزەهەمدا نووسراوە، پشتت بسوورەوە. بەڵام لەپشتەوە دەستەکانت بخەرە سەر ڕانەکانت. پاش ئەوە لەشت بخەرەوە سەر باری پێشووی. پێشەوەی لەشت بسوورەوە. ئنجا خۆت ببەرەوە بۆ پێشەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەست بکەرەوە بەسوونەوەی پشتت. بەم ڕەنگە تا بیست جاری یەک لەدوای یەک، بەخێرایی ئەم بزووتنەوەیە بکە، جارێ بۆ پێشەوە، جارێک بۆ پشتەوە.

## مەشقەکانی مل

مەشقەکانی ملیش بۆ تەواوکردنی جوانیی لەش و ڕووی شیرین بەکار دێن. لەگەڵ ئەوەیشدا، وە نەبێ، بۆ تەندروستی پێویست بن. ئەو مەشقانەیش کە لە نووسراوەکانی لەش بزواندندا پێشان دراون، ئەم مەبەسە ناهێننە بەرهەم. هەندێ کەسی وایش هەن کە مەشق ئەکەن لەسەر زۆرانبازییەکانی یۆنانی و ڕۆمانی. چونکە ئەوانە بەکەڵکی مل دێن. وا لەمەودوا، بۆ بەهێزکردنی گەردن و مل سێ ڕێگا لەو ڕێگایانە پێشان ئەدەم، کە لە ماوەی سێ مانگدا فراوانی مل دوو سانتیمەترە گەورەتری لێ دێ.

### ڕێگای یەکەم

### مل نوشتاندنەوە بۆ پێش و بۆ پاشەوە

ملت بەباشی بنووشتێنەرەوە بۆ پێشەوە. لەپشتیشەوە پەنجەکانی دەستت تێک بئاڵێنە لە سەروو تەوقە سەرتەوە. کاتێ کە سەرت ئەگێڕیتەوە بۆ پشتەوە بەهەموو هێزی خۆتەوە پاڵ بەسەرتەوە بنێ تا بەهێواشییەکی تەواو و گرانەوە بگەڕێتەوە جێی خۆی، کاتێ کە ملیشت بەسستییەکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ پشتەوە، هەردوو دەستت بخەرە بن چەناگەی خۆت.

ئنجا بەرەنگاریی ملت بکە، لە کاتی نوشتانەوەیدا بۆ پێشەوە. بەم ڕەنگە، دەست بکە بەم مەشقکردنە، جارێک بۆ پێشەوە و، جارێکیش بۆ پشتەوە، لە دە جارەوە تا پەنجا جار.

## رێگای دووەم

### سەروەرگێڕان بۆ ئەملاوئەولا

سەری خۆت وەربگێڕە بۆ لای ڕاستت. دەستی چەپیشت بخەرە سەر لای چەپی کاژەڵەی سەرت. پاش ئەوە، زۆر بەهێواشی و سستییەوە سەری خۆت وەربگێڕە بۆ لای چەپت. بەڵام بەهۆی دەستی چەپیشتەوە پاڵ بەسەرتەوە بنێ بەتوندیی، بەرەنگاریی جووڵەکەی سەرت بکە. کاتێ کە ملیشت وەرئەگەڕێ بۆ لای چەپت، دەستی چەپت لە کاژەڵەی سەرت هەڵبگرە. ئنجا دەستی ڕاستیشت بخەرە سەر لای ڕاستی کاژەڵەی سەرت. ئنجا کەللەی سەرت وەربگێڕە بۆ لایەکەی تری. پێویستە ئەمجارە بەهۆی دەستی ڕاستتەوە بەرەنگاریی جووڵەکەی سەرت بکەیت. بەم ڕەنگە، جارێک بۆ لای چەپ، جارێکیش بۆ لای ڕاست، لە پانزە جارەوە هەتا سی جار ملی خۆت وەربگێڕە.

## رێگای سێهەم

### مل بادان بەهەردوولادا

کەللەت بادە بۆ لای چەپت. دەستی ڕاستت دابنێ لەسەر چەناگەی ڕاستت، پاش ئەوە کەللەت وەربگێڕەوە بۆ لای ڕاستت. کاتێ کە ملت بەتەواوەتی بای خواردووە بۆ لای ڕاستت، دەستی ڕاستت هەڵبگرە و دەستی چەپیشت بخەرە سەر چەناگەی چەپت. بۆ ئەمەی بەرەنگاریی مل بادانەکەت بکەیت بۆ لای چەپت. ئنجا لە دە جارەوە تا سی جار ئەم مەشقە دووبارە بکەرەوە، بۆ لای چەپ و بۆ لای ڕاست.

## خۆشتن

گەلێک کەسی وا هەیە نازانێ چۆن خۆی بشوات، لەپاش خۆشتنیش چۆن خۆی وشک بکاتەوە. تەنانەت کەسانی وایش هەن کە وا ئەزانن خۆشتن بریتییە لە خۆخستنە ناو ئاوەوە، هیچیان ئەوە نازانن کە خۆشتنێکی تەندروستانەیش دەستوور و ڕێگا و مەرجی خۆی هەیە.

جارێ مرۆڤ کە لەشی خۆهی دەردا بێ، نابێ خۆی بشوات. هەروەها دەمودەست لەپاش نانخواردنیش نابێ خۆی بشوات. بەڵام خۆشتن زۆر شێوەی هەیە. منیش لەوانە ئاسانترینیان پێشان ئەدەم.



لەناو جورنەی خۆشتنەکەدا بوەستە. ئاوپرژێنەکە بەرەڵڵا بکە بەسەر لەشی خۆتا. ئنجا لەناو جورنەکەدا دابنیشە. ئنجا ماوەی ئاوەکەیش بکە بەسەر لەشتا. بەسەرنجدانێکی بچووکدا بۆت دەرئەکەوێ کە لەشت ئاو دای ئەپۆشێ و ڕەنجیشت بەبا ناچێ. هەروەها پێویستە ئاگات لە خۆت بێ کە ئاو لە ئانیشکەکانت نەچۆڕێتە خوارەوە. ئەیشتوانیت لەناو جورنە گەورەکەدا دابنیشیت، پێش ئەمەی ئاوەکە بکەیت بەخۆتا. نەوەک ئاوەکە بڕژێتە ئەو دیو جورنە گەورەکەوە.[١]

ئنجا بەسەر گازی پشتتا ڕابکشێ. تا ئاوەکە بەرز ئەبێتەوە. پاش ئەوە بەملا و بەولای خۆتا وەرگەڕێ تا ئەو لایانەیشت بخەیتە ناو ئاوەکەوە لەگەڵ باڵەکانتا. جا ئەگەر ئاوەکە نەگەیشتە سەر سنگت، ئەتوانیت بەمست بیکەیت بەسەر سنگتا. لەبنی جورنە گەورەکەدا دابنیشە و بەهەردوو مستت ئاو بکە بەملا و بەولای سنگتا و بەسەرووی ڕانەکانتا و بەژێر ڕانەکانتا. پاشان جێ دانیشتنەکەت بشۆ و لەدوای ئەوە هەستەرە سەر پێ. ئنجا لاقەکانت و پێیەکانت بشۆ. جا ئەگەر خۆت وا ڕاهێنا بێ کە بەئاوی گەرم و سابون خۆت بشۆیت، هەر حەفتەی جارێکیش بێ، وا باشە کە لەدوای خۆشتن ئاوی سارد بپرژێنیت بەسەر لەشتا. تۆ ئەتوانیت بەشێوەیەکی تریش خۆت تەڕ بکەیت. ئەویش ئەمەتا کە پارچە هەوریکی گەورە بکەیت بەئاودا و بیگوشیت بەسەر هەموو ئەندامەکانی لەشتا تا هەمووی تەڕ ئەبێ و ئەچێتە ناو ئاوەوە.

## خۆ وشککردنەوە

کەم کەس هەیە کەڵکی وشککردنەوە بزانێ. یاخود ئەو زیانانە بزانێ کە بەلەشی مرۆڤ ئەگەن بەهۆی خۆ وشک نەکردنەوە. گەلێک جاری وایش هەیە کە هەندێ کەس ئەبینین، بێ ئەمەی خۆیان وشک بکەنەوە، خۆیان پۆشتە ئەکەنەوە. زۆر کەسانی وایش هەن کە خۆیان وشک ئەکەنەوە، بەڵام باشی وشک ناکەنەوە. جا لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی کە هەندێ شێوەی خۆ وشککردنەوەی بەکەڵک پێشان بدەم.

(١) مەبەستی لە (جورنە) ئەو حەوزە بچووکە نییە کە لە حەمامی لای خۆماندا (گشتی یان ماڵان) ئاوی تیایە و دەیکەین بەخۆماندا... لێرەدا مەبەست لەو حەوزە گەورەیە کە لە حەمامی ڕۆژئاواییدایە و ئەوەی خۆی دەشوات یەکسەر دەچێتە ناویەوە، (بانیۆ)ی پێ دەوترێ.

## شێوەکانی لەش وشککردنەوە

کاتێک کە هەڵ ئەستیتە سەر پێ لەناو جورنە گەورەکەی خۆشتنەکەدا، چەند جارێک بەدەستەکانی خۆت لەشی خۆت بسڕە. پێشەوەی پێیەکانت بسڕە. بێگومان بەسایەی ئەم خۆ سڕینەوە بەدەست، بەشێکی زۆری ئاوەکە ئەچۆڕێتە خوارەوە. جا هەر بەم شێوەیە ئەتوانیت ئاوەکە لە باڵەکانت و تووکی سەرت بکەیتەوە و بیچۆڕێنیتەوە بۆ ناو جورنە گەورەکە. ئنجا لە پێیەکانیشت ئاوەکە بکەرەوە و لەسەر پارچە ڕایەخێک بوەستە. ئنجا دەست بکە بەخۆ وشککردنەوە بەپەشتەماڵ،(١) بەم جۆرەی کە پێشانتی ئەدەم:

١- قژەکانی سەرت و ملت وشک بکەرەوە. نەوەک لە کاتی لەش وشککردنەوەدا تنۆکە ئاوەکان بڕژێنە خوارەوە بەسەر لەشتا.

٢- بەرۆکی لەشت چەند جارێک بسڕە بەپەشتەماڵەکە.

هەر لە ملتەوە دەست پێ بکە تا ئەگاتە سکت. هەروەها لە بن هەنگڵتەوە دەست پێ بکە تا ئەگاتە خوارووی کەلەکەکانتەوە.

٣- پەشتەماڵەکە، دووجار بنووسێنە بەدەستەکانتەوە بەکراوەیی، کە هەردوو سەرەکەی بەدەستەکەی ترتەوە بن.

بەڵام وشککردنەوەی شانەکان و پشتیش بەم جۆرە ئەبێ کە پەشتەماڵەکە فڕێ بدەیتە سەر شانت، چمکەکانی پەشتەماڵەکەیش بەم دەست و ئەو دەستت بگریت ئنجا یەک لەدوای یەک، هەر دەستە بەشی خۆی ڕایبکێشی، تا شانەکان و پشتت بەتەواوەتی وشک ئەبنەوە.

پەشتەماڵەکەیش بەلای تەنشتا بخشێنە، هەتا چەند جارێک پشت ئەسووێتەوە، هەر لە سەرووی شانەوە تا بنەوەی پشتت. هەر بەم ڕەنگەیش تەنشتی پەشتەماڵەکە بخەرە سەر شانەکەی ترت و دەستەکانت بگۆڕە، واتا هەر دەستە جێی دەستەکەی تر بگریتەوە. ئەمە چەند جارێک دووبارە بکەرەوە. پاش ئەوە ڕێگای هاتن و چوونی پەشتەماڵەکە بگۆڕە. هەر بەم ڕەنگە ئەتوانیت پشتت بەباشی بسوویتەوە، هەر لە کەلەکەتەوە تا ئەگاتە سەرووی پشتت. پاش ئەوە لاقەکانت بسڕە تا ئەگاتە پاژنەکانت. جارێکی تریش بگەڕێرەوە سەر کەلەکەکانت. ئنجا دەستەکانیشت وشک بکەرەوە، بەو چەشنەی کە لە

(١) پەشتەماڵ لای خۆمان بۆ خۆ داپۆشینە، ڕاستتر: بەخاولی...



مەشقی دەهەمدا پیشان دراوە. ئەگەر هەستیشت کرد بەساردیی و سڕییەک لە باڵەکانتا، ئەتوانیت لەپێش لەشتا ئەوانە وشک بکەیتەوە. ئەمەیش لەوانە ڕوو ئەدات کە کراسی قۆڵ درێژی خوریی لەبەر ئەکەن. کەچی خانمەکان کەم ڕوو ئەدات کە هەست بەو سەرمایە بکەن لە باڵەکانیاندا. دوای ئەوە ناوەند ڕانەکان و پێشەوەی لنگەکانیشت وشک بکەرەوە لەگەڵ ئەملا و ئەولایاندا. دوایی پێیەکانیشت هەریەکە بەجیا وشک بکەرەوە. خۆیشت وا ڕابهێنە، کە پێیەکانت وشک ئەکەیتەوە هەر جارە لەسەر پێیەکت بوەستە. چاکترین شێوەیش بۆ وشککردنەوەی بەری پێ ئەوەیە کە پەشتەماڵەکە هەر سەرەی بەدەستێکتەوە بگریت، ئنجا یەک لەدوای یەک بەهەردوو دەستت ڕایبکێشیت. پەنجەکانیشت بەم جۆرە وشک بکەرەوە کە پێت دابنێیت لەسەر ئەژنۆت.

لە کاتی ئەم مەشقەیشدا ماوە نییە دابنیشیت. چونکە تەنیا چارەکە کاتێکی بۆ دانراوە. ڕەنگە ئەوانەی خۆیان باش وشک ئەکەنەوە، وا بزانن کە من درێژەم زۆر دا بەقسەکردن لەم بابەتەوە. کەچی لە ڕاستیشدا زۆر کەسانی وا هەن کە هیچ لەم بابەتەوە نازانن. ئەوەندە هەیە من بۆ ئەوانە ئەنووسم کە هێشتا ئەم جۆرە خۆ وشککردنەوەیەیان تاقی نەکردۆتەوە هی وایشیان تیایە کە هەرگیز خۆی ناشوات!...

تەواوبوو

١٩٦٦/٥/٢٥

# باش بخۆ و خۆش بژی

نووسینی: ج. ف. سکۆتسن کلارک
پسپۆڕی جیهانی لە خۆرشتکاریدا

## نەخۆشی دوژمنێکی ترسنۆک و زۆردارە

هەروەک لە سەدەی پێشوودا پزیشکەکان خەریکی ئەوەبوون داوودەرمان بدۆزنەوە بۆ بەرەنگاری کردنی نەخۆشی، بەمەبەسی درێژکردنەوەی تەمەن، ئیمڕۆکەیش ڕەنج و تێکۆشانی پزیشکەکان بۆ ئەوەیە کە بایەخ بەو هۆیانە بدەن کە لە نەخۆشی دەمانپارێزن، پێش ئەمەی تووشی نەخۆشی ببین. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە نەخۆشی سروشتی وایە (دەیشترسێ و زۆرداریییش دەکات). هەر ئەندامێکیش لە لەشدا کز و لاواز نەبێ، هوروژم ناباتە سەری!. جا ئەگەر بێتو لەشی مرۆڤ دروست بێ و تەواو بێ، هەموو ئەندامێکیشی فرمانی خۆی بەتەواوەتی ببینێ، هەر نەخۆشییەکی بۆ بێت بەسەریدا زاڵ دەبێت. ئەوەیش هەر بەوەندە پێکدێت کە دووربینی بکات و، هۆی پاراستنیش لە نەخۆشییەکە بەکار بهێنێ.

ئەوەندە هەیە، ئەوەی بەچاوی خۆمان دەیبینین بۆمان دەردەخات، کە ئەوانەی لەشیان هەموو خاوەن ئەندامی تەواو و دروستن، زۆر کەمن. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەو منداڵەی بەدروستی لە دایک دەبێ، لە دایک و باوکێکی دروست و تەواو (کە ئەمەیش زۆر کەم ڕوو دەدات) زۆری پێناچێ تووشی گەلێک لەش تێکچوون دێ. تا دێ تەندروستییەکەیشی لێ کەم دەبێتەوە، بەهۆی کەمتەرخەمییەوە لە پەروەردەکردنیدا و، ناشێتی و نەزانی دایک و باوکەکەی بەشێوەی ئەو بەخێوکردن و خەم خواردنە.

## خۆرشت خواردن چاکترین چارەیە بۆ نەخۆشی شێرپەنجە

هەرچەندە (ئازار) وەک زەنگێکی وریاکەرەوە وایە مەترسیمان پێشان دەدات لە نەخۆشی، بەڵام زۆر نەخۆشی وایش هەن دەچنە ناو لەشەوە، پێش ئەمەی زەنگی مەترسی لێ بدات. ڕەنگە لەو هەموو نەخۆشییانە کاریگەرتر نەخۆشی (شێرپەنجە) بێ، چونکە بەناو لەشدا بڵاو دەبێتەوە و کەسیش ئاگادار ناکات لە هاتنی خۆی، مەگەر چنگی



گەیشتبێتە بنکەیەک لە بنکەکانی کەلوپەلی دەمارەمێشکییەکان (اعصاب). یاخود نیشانەکانی بەسەر پێستی لەشدا بڵاو بووبێتەوە. سەیر ئەوەیە کە چارەکردنی ئەم نەخۆشییە، گەلێک جار بەئاسانی پێکدێ بەمەرجێ لە سەرەتای نەخۆشییەکەوە دەستی پێ کرا بێ... لەوەیش سەرسوڕهێنەرتر ئەمەیە کە مرۆڤ لە باریدا هەیە خۆی لێ ڕزگار بکات، لە ڕێگای خۆپاراستنەوە!. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەروەک پسپۆڕەکان دەڵێن: (شێرپەنجە) هەر هەڵمەت دەباتە سەر ئەو لەشانەی کە ژەهراوی بوون بەهۆی هەر شتێکەوە بوو بێ، وەک: خۆرشت خواردنێکی ناپوختە و نادروست، یاخود خواردنێکی یەجگار گەرم، چ شلە بێ چ توندە، یاخود خواردنی پەیتا پەیتای هەندێ بابەتی وەها کە کارێکی کیمیاوی ژەهراوی بکەن لە لەشدا وەک (مەی) و (تووتن).

هەرچەندە ئەم قسەیە باوە کە چارەکردنی ئەم نەخۆشییە یەجگار گرانە، یاخود هەر لە توانایدا نییە، بەڵام نەهێشتنی نەخۆشییەکە کارێکی ئاسانە، ڕەنگە هەر لە خۆیشییەوە ڕوو بدات، بەمەرجێ نەخۆشەکە بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ژیانێکی تەندروستانە. چونکە پەیڕەویکردنی ڕێگای (ژیانی تەندروستانە) تەنیا خۆپاراستنێکی سەرگرتووە لەم نەخۆشییەدا!... لە (ژیانی تەندروستانە)یش مەبەسمان ئەوەیە کە خۆرشتی سروشتی بخورێ. واتا بەتەنگ ئەوەوە بین کە گۆشتەکان پاک و بێ وەی و دروست و تازە بن، باشیش لێنرا بن، هەروەها سەوزە و میوەیش تازە و زۆر بن. نانەکەیش بۆر بێ (واتا بەکەپەکەوە بێ)، نەک سپی (بێ کەپەک)!...

## ورگ سەری لەشە و خانووی نەخۆشی

یەکێک لەو ڕێگایانەی بۆ خۆپاراستن بەکار دەهێنرێ ئەوەیە کە مرۆڤ هەر ساڵەی جارێک خۆی پیشانی پزیشک بدات. بۆ ئەوەی، پزیشکانە لەشی بەتەواوەتی بپشکنێ. ئەمەیش هەر لەوە دەکات کە هەموو ساڵێک لە سەری زستاندا ئۆتۆمۆبیلەکەت بنێریتە کن وەستایەک، بۆ ئەمەی تاقی بکاتەوە و بزانێ کەموکورییەکی تێدایە یان نا. جا ئەم پشکنینە پزیشکانەیە کە هەموو ساڵێک دەکرێ، لە باریدا هەیە کە ببێتە هۆی چارەکردنی هەموو نەخۆشییەک کە بەدزییەوە چووبێتە ناو لەشەوە و هەستی پێ نەکرا بێ، پێش ئەمەی پەرە بسێنێ و چارەکردنیشی لە دەست دەربچێ.

ئەمەیش بەزۆر دانانێین کە بڵێین ورگ (گەدە، مەعدە) سەری هەموو ئەندامە زیندووەکانی ناو لەشی مرۆڤە بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە، نە هۆش، نە دڵ، هیچیان

بەسەری لەش دانانرێن. چونکە ورگ ئەو هێزەیە کە ئەندامەکانی لەش دەخاتە گەڕ. هەروەها ئەو بنکەیەیشە کە هێز و توانایی بەناو هەموو ئەندامەکانی لەشدا دابەش دەکات!... ورگ هەر لە مەشکەیەک دەکات کە هەتا شتی تێکەیت ئەو دەئاوسێ. بەڵام کە وای لێهات هێزی بەرگەگرتنی کەم دەبێتەوە. چونکە ئاوسانەکەی دەبێتە هۆی تەنکبوونی پێستەکەی و شیبوونەوەی تانوپۆی پێستەکەی... جا لەبەر ئەمەیە کە دەبینین سروشت پەردەیەکی تەنکی چڵماوی[١] بەخشیوە بەورگ کە پێستی ناوەوەی داپۆشیوە. ئەمەیش بۆ ئەوەیە کە هێز و بەرگەگرتنی ورگ بپارێزێ، کاتێ کە لە ئەندازەی خۆی زۆرتری خواردن تێدەکرێ!. بەڵام دوور نییە کە شتی وا ڕوو بدات هەندێ لەم پەردە تەنکە بدڕێ. ئەوساکە هەندێ لە دیوی ناوەوەی ورگ ڕووت دەمێنێتەوە و، تووشی ترشاوەکانی ڕیخۆڵە دێ. جا لەمەوەیە کە (برینی ورگ) پەیدا دەبێ... جاری وایش هەیە کە دیوارەکانی ورگ ڕووشان دەبنە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی شێرپەنجەی ورگ.

## ئەم ژەهرانە لە ڕیخۆڵەکانی خۆت دەربکە

هەر کاتێ خواردەمەنی کەوتە ناو ورگێکی دروستەوە، دەستبەجێ ترشاوەکانی لێ دێتە دەرەوە بۆ ئەمەی ئەو خواردەمەنییانە ساز بکەن و بیکەن بەشیلەیەکی وا کە بەئاسانی بمژرێ و بەشی چاک و بەشی خراپی خواردەمەنییەکە لە یەک جیا بکرێنەوە. ئیتر ئەوساکە کولانەکانی[٢] ناو دیواری ورگ وریا دەبنەوە و دەست دەکەن بەمژینی بەشە چاکەکەی خواردەمەنییەکە، کە بەهۆی دەمارەکانی خوێنەوە دابەشی دەکەن بەناو هەموو ئەندامەکانی لەشدا. پاشماوەی خواردنەکەیش لە ورگەوە فڕێ دەدرێتە ناو ڕیخۆڵەکانەوە و بەناو گەلێک کولانەی تری وەک ئەو کولانانەی ناو ورگدا تێدەپەڕێ، کە ئەمانیش چی تێدا مابێ لە کەرەستەی خۆرشت، کە بەکەڵک بێ، لێی دەمژن. بەڵام دوور نییە کە ئەم کولانانە کەرەستەی وایش بمژن کە ژەهراوی بن. جا لەبەر ئەوە هەر وا چاکترە کە ئەم تڵپانە لە کاتێکی بەجێدا فڕێ بدرێنە دەرەوە لە لەش تا ماوە بەوە نەدرێ کە کولانەکان ئەو کەرەستە ژەهراوییانەی تێیاندایە بیانمژن.

جا لێرەیشدا دەبینین سروشت دیسانەوە هەندێ پەردەی چڵماوی تری بەخشیوە بەمرۆڤ، کە دیوی ناوەوەی ڕیخۆڵەکانی داپۆشیوە و، یارمەتی ئەوەیش دەدات کە ئەو تڵپانە لە

(١) چڵماوی: لینج، (مخاطی).
(٢) کولان: مەمیلە، (زغابات).



لەش فڕێ بدرێنە دەرەوە چونکە مانەوەی ئەو تڵپانە لەناو ڕیخۆڵەدا، دەبێتە هۆی پەیدابوونی نەخۆشی (گرفت)؛ کە لەوەوە ڕوو دەدات کە ئەو تڵپانە لەناو ڕیخۆڵەکاندا وشک ببنەوە. جا لەبەر ئەوە پێویستە ئەم پەردە لیکاوییانە باش بپارێزرێن، کە خواردنی (دەرمانی ڕەوانی) لە هەموو شتێک زۆرتر ئازاریان دەدات... جا لەبەر ئەوە خواردنی (دەرمانی ڕەوانی) یاخود بەکارهێنانی (دەستوورکردن) کە پزیشک ئاگای لێ نەبێ، بەجۆرە خۆکوشتنێک دادەنرێ!...

لە سەرێکی تریشەوە نەخۆشی (گرفت)مان وا دێتە پێش چاو کە هەموو ئەندامەکانی لەش تێک بدات. هەروەها ڕێگایش بکاتەوە بۆ زۆر نەخۆشی پڕ لە مەترسی، وەک: گران سازبوونی خواردن[١] لە ورگدا و، ژەهر وەرگرتن لە لەشی خۆوە و، باداری (ڕۆماتیزم) و، (شێرپەنجە).

## جاری وا هەیە هەژاری بەپاداشێکی خودایی دادەنرێ

جا کە ورگ بەم ئەندازەیە گرنگ بێ و مەترسی لە نەپاراستنی بکرێ، ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە پێویستە زۆر بەتەنگ ئەو خواردنانەوە بین کە تێی دەکەین. چونکە ورگیش بەچەشنی هەموو ئەندامەکانی تری لەش بەهۆی فرمانی سەختەوە تووشی ماندووبوون دێ. هەروەها فرمانی ئاسان و بێ ئەرکیش کزی دەکات. جا لەمەوەیە کە زیان بەلەش دەگات: کە هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ هەر خواردەمەنی یەجگار کوڵاوی وەک پەڵوولە بخوات، یاخود شیلەی خواردەمەنی، یان خواردەمەنی ڕەوان بخوات. لە ڕاستیدا ئەم خواردەمەنییانە ئەمەندە سرەوت بەورگ دەدەن، فێری خاووخلیچکی دەکەن. لەبەر ئەوە زۆری پێناچێ ورگەکە کز و لاواز دەبێ و لە کەڵک دەکەوێ!. جا لەبەر ئەوە هەر وا چاکترە کە پەیڕەوی ڕێگایەکی سروشتی مام ناوەندی بکرێ چونکە زۆر ماندووکردنی ورگیش هەروەک زۆر نازگرتنی ورگ وایە... هەر دوو لایان زیان بەورگ دەبەخشن و، ئازاریشی دەدەن!... ڕەنگە ئەمەیش ئەوەمان بۆ لێک بداتەوە کە چۆن منداڵێکی هەژار، لە ڕووی لەشەوە، بەهێزتر و تەندروستتر هەڵدەکەوێ لە منداڵێکی دەوڵەمەند... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە منداڵە هەژارەکە لە ژیانێکی سروشتیدا گەورە دەبێ. خۆرشتی ڕەقیش دەخوات کە ورگی ڕادەهێنێت بەفرمانکردنەوە. بەڵام خواردنەکەیشی ئەوەندە زۆر و ئەوەندە چەور و نەرم نییە کە سکی بهێنێتە ژان!...

(١) عسر الهضم.

هەروەک لەمەوپێش گوتمان ئەگەر تلّپەی خواردنەکان لەناو ڕیخۆڵەکاندا مانەوە، کولانەکانی ناو دیوی ناوەوەی ئەو ڕیخۆڵانە ناچار دەبن هەر شیلەیەکی ژەهراوی لەناو ئەو تلّپانەدا بێ بیمژن ئیتر ئەوساکە مرۆڤ هەست دەکات بەخۆی دەرمانخوارد کراوە. نیشانەکانی دەرمانخوارد کردنی پێوە دیاردی دەدات، کە یەکێک لەوانە سەرئێشە و گێژوویژی چاوە... ڕەنگە مرۆڤەکە هەڵە بکا و نەزانێ چی بەسەرهاتووە، بچێ چارەی نیشانەکانی نەخۆشییەکە بکات، کەچی توخنی هۆی بنچینەیییەکە نەکەوێ کە خەریکە پەرە بسێنێ.

جۆرە (گرفت)ێکیش هەیە، تا چەند ساڵێک ڕیخۆڵە گەورەکان تلّپەکانیان تێدا دەمێنێتەوە، بێ ئەمەی مرۆڤەکە پەی بەوە ببات. کەچی لە ناکاو، تووشی ئازارێکی زۆر دێ، کە بێ نەشتەرکاری چارەی ناکرێ. زۆرجاری وایش هەیە کە ئەو تلّپانە دەکەونە ناو ڕیخۆڵەکوێرەوە. ئەوەیش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕیخۆڵەکە سوور ببێتەوە و بئاوسێ. جاری وا هەیە (گرفت) هانەی مرۆڤ دەدات کە هەموو بەیانیانێک دەرمانی ڕەوانی بخوات. ئەم خووگرتنەیش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیخۆڵەکان کز و بێ هێز ببن، کە پەردە لیکاوییەکەی ناوەوەیشی وشک هەڵبگەڕێ. لەو شتانەی کە یارمەتی ناو ورگ و ناو ڕیخۆڵەکان دەدەن (نەرم) ببنەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ هەندێ ڕۆن لەگەڵ خۆرشتەکەی خۆیدا بخوات. چونکە ئەم ڕۆنە هەر لەو چەورییە دەکات، کە دەدرێ لە بزوێنەری ماکینە، تا بەئاسانی بکەوێتە گەڕ، بێجگە لەوە ڕۆنەکە، خۆی نرخێکی خۆرشتی گەورەی هەیە، کە لە نرخی خۆرشتی گۆشتی سوور زۆرترە.

## گران سازکردنی خواردن لەناو سکدا و خواردنی ورگ

هەرچی نەخۆشی گران سازکردنی خواردنیشە لەناو سکدا، بەزۆری لەوەوە پەیدا دەبێ کە دڵتەنگ ببێ و دەروون ئازاری بگات. جا بەم بۆنەیەوە، ئەم ڕووداوە دەگێڕینەوە: کە پیاوێک لە پیاوە سەرکەوتووەکانی فرمان، هەرچەندی دەکرد لە کاتی خۆیدا ئارەزووی نانخواردنی نەدەکرد. تەنانەت ئەگەر شتێکیشی بخواردایە، هەر بریتی دەبوو لە هەندێک خۆرشتی وا کە زۆری لە خۆی دەکرد تا دەیدۆزییەوە و هەڵی دەبژارد، کە ئەوە بوو بوو بەهۆی ئەوەی ژنەکەی لە دەستی وەڕس ببێ. پاش ئەوە، وا ڕێک کەوت کە ئەم پیاوە گەشتێکی بێتە بەر بۆ (پاریس). کاتێک کە لەوێ گەڕایەوە، لەپڕ گۆڕا. ئیتر بەئارەزوویەکەوە پەلاماری خواردنەکەی دەدا. هیچ تەماشای ئەوەی نەدەکرد کە خواردنەکە



لە چ ڕەنگێکە!... ئەمەیش سەبارەت بەوە بوو، کە لەپێش گەشتەکەیدا، ترس وا نیشتبووە دڵیەوە، کە پەیوەندی بەفرمانەکەیەوە هەبوو. ئەمەیش بوو بووە هۆی ئەوەی کە یاسای ورگەکەی تێک بچێ... بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەم یاسای ورگ تێکچوونەیشەوە، پیاوەکە وای لێهاتبوو، دەترسا لەوەی کە لەدوای هەموو نانخواردنێک سەختییەک بێتە ڕێی سازکردنی خواردنەکە لەناو ورگیدا. جا ئەم ترسەیش بوو بووە هۆی ئەوەی کە گران سازبوونی خواردنەکە لەناو سکیدا گرانتری لێ بێ!... بەڵام کە پیاوەکە گەیشتە شاری (پاریس)، ئاو و بایەکی تر و ناوچەیەکی تری دی، کە لەوەپێش پێیانەوە ڕانەهاتبوو. هەروەها شێوەیەکی ژینی وایشی تووش بوو کە خووی پێوە نەگرتبوو... هەروەها لە سەرگێژی بەکار و فرمان و گیروگرفتەکانیشیەوە دوور کەوتبووەوە... لەبەر ئەوە زۆری پێنەچوو، ئارەزووکردنی نان خواردنەکەی چووەوە سەر دۆخی جاران... سەیر ئەوەیە کە (ورگی گیانلەبەر) و ئەو گۆشتانەیش کە بەگۆشتی (پاشەڕۆک) دادەنرێن وەک: سویجگەر و گون و گورچیلە، لە هەموو جۆرە گۆشتێک زووتر ساز دەبن لەناو سکدا... تەنانەت زگی تەواو و دروست لە ماوەی بیست وردیلە (دەقیقە)دا دەیسازێنێ. بێجگە لەوە نرخی خۆرشتی ئەوانە لە نرخی خۆرشتی هەموو جۆرە گۆشتێک زۆرترە!... کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا کەسانی وا هەن بەچاوی سووکەوە سەیری ئەم جۆرە گۆشتانە دەکەن!...

ئەو ژەمە خواردنانەیش کە بەئاسانی ساز دەبن لەناو سکدا، لە هەموو خواردنێک زۆرتر زیان بەسک دەدەن. چونکە خووگرتن بەخواردنی ئەو جۆرە خۆرشتانەوە وا لە ورگ و ڕیخۆڵەکان دەکات کە هێزی ترشاو فڕێدانیان کز ببێت. لەبەر ئەوە وا چاکترە بۆ مرۆڤ کە بەتەنگ ئەوەوە بێ، ژەمە خواردنەکانی سروشتی بن، واتا خۆرشتەکانی بریتی بن لە گۆشت و سەوزەواتی تازە و بۆرە نان!.

## بایکاربۆناتی سۆدایش ژەهرە

زۆر کەسی وا هەیە بەیانیان ئارەزووی خواردن ناکات. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ورگی ئەو جۆرە کەسانە لە کاتی نووستندا پەکیان دەکەوێ، فرمان ناکەن. ترشاوەکانیان کە خواردنیان پێ دەتوێنرێتەوە و، پێ ساز دەکرێ، فڕێ نادەنە دەرەوە، کە بەهۆی ئەوەوە پیاو لەشی خاو دەبێتەوە و، کە لە خەویش ڕاپەڕی، بەیانیان ئارەزووی خواردنی هیچ شتێک ناکات. جا لە هەموو شتێک باشتر کە پیاو بیکات ئەوەیە، هەندێ وەرزش بکات. پاشان ئاوی ساردیش بکات بەخۆیدا تا ئەندامەکانی لەشی خۆی وریا بکاتەوە.

ئەوساکەیش ورگ دەچێتەوە سەر دۆخی جارانی خۆی و ترشاوەکانی خۆی فڕێ دەدات بۆ سازکردنی خۆرشتەکان. ئەوەندە هەیە ژەمی بەیانیان نابێ خۆرشتی وای تێدا بێ کە ورگ بەگران بۆی بسازێنرێ. بۆ وێنە نابێ سەرتوێی تێدا بێ چونکە هەر ئەوەندە گەیشتە ناو ورگەوە دەبێتە تۆپەڵێکی وا کە بەگران ساز بکرێ. شیریش بەخۆرشتێکی مام ناوەندی دادەنرێ، نە گرانە بۆ سازکردن نە ئاسانیشە. هەر ئەوەندە کەوتە ناو سکەوە، دەمەیێ و دەبێ بەپەنیر. ترشاوەکانیش دەست دەکەن بەتوواندنەوە و سازکردنی، هەروەک خواردەمەنی ڕەق دەتوێننەوە و ساز دەکەن... لەبەر ئەوە وا چاکە، کە شیر کەم کەم بخورێتەوە، هەر جارێ لە کەوچکێکی پڕ زۆرتر نەبێ. ئەمەیش لەبەر ئەوەیە کە لە شێوەی پارچەی بچووک بچووکدا بمەیێ. تا ئاسانتر بتوێتەوە و بسازێ لەو پارچانەی کە گەورەن.

هیچ خواردەمەنییەکیش لەوە زۆرتر زیان بەزگ ناگەیێنێ کە خۆرشتی یەجگار سارد بخورێ. چونکە دەبێتە هۆی ڕوودانی برکێکی وا کە ورگ و ڕیخۆڵەکان ترشاو بەرەڵلا نەکەن. لەگەڵ ئەمەیشدا (بەستەنی) لە خواردەمەنییە ساردەکانی تر کەم زیانترە. چونکە پیاو کەم کەم دەیخوات. هەتا دەیشگاتە ناو سکەوە پلەی گەرمییەکەی بەرز دەبێتەوە، واتا گەرم دادێ... لای هەندێ کەسیش وایە کە (سۆدا) لەو کەرەستانەیە کە خۆرشت ساز دەکەن و دەتوێننەوە. کەچی زیانی ئەم لە زیانی ئەو (ویسکی)یە کەمتر نییە کە بێ ئاو دەخورێتەوە، یاخود خۆرشتێکی وای تێکەڵ ناکرێت کە لە توندوتیژییەکەی کەم بکاتەوە. لێرەدا نابێ ئەوەیشمان لەبیر بچێت، کە هەموو لایەک ئاگادار بکەینەوە لە زیانی (بایکاربۆناتی سۆدا). چونکە ئەویش وەک (سۆدا) کارێکی خراپ لەناو سک دەکات. بێجگە لەوە پەردە لیکاوییەکەی ناوەوەی ورگ و ڕیخۆڵەکانیش وشک هەڵدەهێنێ... جا ئەگەر لەناو دەرمانخانەی ماڵدا (سۆدا) دانرا پێویستە لەسەری بنووسرێ: (ژەهر)، تا کەس دەستی بۆ نەبات مەگەر لە کاتی پێویستدا!...

## لە سەربازەوە فێر ببە چۆن ڕادەوەستیت

هەناسەدانیش بەشێکی گرنگی خۆی هەیە لە پاراستنی تەندروستیدا. لە دروستی ورگیشدا... ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە لە کاتی هەناسەداندا، پێشوازی با دەکەین لە سییەکانماندا، کە لەوێدا خوێن بەهۆی چەند کولانەیەکی تایبەتییەوە لەگەڵ بایەکەدا دەکەوێتە گەڕ، کە لە ئەنجامدا هەر (ئۆکسجین)ێک لە بایەکەدا بێ دێتە ناو خوێنەکەوە. سروشتیش ئەمەندەی بەخشیوە بە(لووت) کە (موو) و (پەردەی لیکاوی)ی تێدا بێ، کە



بەهۆی ئەوانەوە بایەکە لە تۆز پاک ببێتەوە ئنجا بچێتە ناو سییەکانەوە. جا لەبەر ئەمەیە کە پێویستە هەر لە ڕێگای لووتەوە با هەڵبمژین، بۆ ئەمەی پاکی بکەینەوە لە تۆز. هەروەها بۆ ئەمەی ماوەیەکی تەواویش لەناو سییەکانماندا ڕاگیری بکەین، تا هەرچی (ئۆکسجین)ێکی تێدا بێ لێی وەربگرین بۆ ناو خوێنەکەمان!.

مەشقەکانی وەرزشیش بۆ هەناسەدان کەڵکێکی زۆریان هەیە. بەتایبەتی ئەو مەشقانەی کە بەکەڵکی بەهێزکردنی سنگ دێن... بارێکی لەشی دیاردیکراویش هەیە، کە لەم ڕووەوە زۆر کەڵکی هەیە... ئەوەیش ئەوەتا کە دەربپەڕێنرێ بۆ پێشەوە. شانەکانیش بشکێنرێنەوە بەپشتدا بەچەشنی ئەو سەربازەی کە لە وەستانی (وریابوونەوە)دا دەیکات. چونکە لەش لەم بارەیدا، لەنگەری هەرە باشی خۆی دەگرێ. ئەمەیش بۆ هەموو ئەندامەکان باشە، یارمەتییان دەدات: فرمانەکانی خۆیان گورجوگۆڵانە ببینن!. جا ئەگەر مرۆڤ لە چێشتەنگاودا وەنەوزیدا و ویستی خەو نەیباتەوە، هەر ئەوەندەی بەسە کە تاوێک خۆی بەم مەشقەوە خەریک بکات، تا لەشی وریا ببێتەوە و هۆشیشی بێتەوە سەرخۆی!...

هەناسەدانیش هەر بەسییەکان و لووتەوە بەند نییە. چونکە جۆرە هەناسەدانێکی تریش هەیە کە بەهۆی کونەکانی پێستەوە جێبەجێ دەبێ. چونکە ئەو کونانە کە یەجگار زۆرن، بەهۆی با و تیشکی ڕۆژەوە دەکەونە گەڕ و وریا دەبنەوە. هەر چڵکاوێکی ژەهراوییش لەناو لەشدا هەبێ فڕێی دەدەنە دەرەوە. جا لەبەر ئەوە هەموودەمێک، پێستی لەش، پێویستە بەپاک و خاوێنی ڕابگیرێ، تا کونەکانی ناو پێستەکە بتوانن ئەم فرمانەی خۆیان بەباشی ڕاپەڕێنن... جا بەتەنشت ئەو خۆشتنەوە کە بەئاوی گەرمەوە دەکرێ و، هەر هەفتەی جارێکیش بێ بەش دەکات بۆ لەش پاکبوونەوە، ئەمە زۆر باشە بۆ مرۆڤ کە هەموو بەیانییانێکیش ئاوێکی سارد بکات بەخۆیدا. چونکە ئەوە بۆ پاککردنەوەی کونەکانی پێست زۆر بەکەڵکە. هەروەها بۆ ئەوەیش دەست دەدات کە هەموو ئەندامەکانی لەش بخاتە چستوچالاکییەوە!...

## ئاو بەندەیەکی بەکەڵک و گەورەیەکی زیانبەخشە

ئاو زۆر خواردنەوەیش ورگ تێک دەدات. چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی سازکردنی خواردن لەناو ورگدا بەگران پێک بێت. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە ترشاوە خواردن سازکەرەکان سووک دەکات و لە کەڵکیان دەخات، ئیتر ئەمەندە کار ناکەن لە خۆرشتەکان تا بیانتوێننەوە. لەبەر ئەوە خواردەمەنییەکان ماوەیەکی لە ئەندازە بەدەر دەمێننەوە لەناو

سکدا. لەمەیشەوە بایەکی زۆر پەیدا دەبێ کە پەنگ دەخواتەوە لەناو سکدا و، ناوسک تووشی سووربوونەوە و ئاوسان دەکات... لە ڕاستییشدا مرۆڤ پێویستی بەوە نییە کە (زۆر) ئاو بخواتەوە. ئەو بەهۆی هەموو خواردەمەنییەکانی ترەوە کە دەیانخوات ئاویش دەچێتە ناو سکیەوە. واتا ئەو خواردەمەنییانەیش ئاویان تێدایە. بەفراویش زیان زۆر دەگەیێنێ بەسک، بەتایبەتی ئەگەر بەفرەکە کرا بێتە ناو ئاوەکەوە. چونکە ئەو بەتەنشت ئەو جەزرەبەیەوە کە دەیگەیێنێ بەسک و پەکی دەخات لە فرمانکردن، دەبێتە هۆیەکی گەورەی ئەوەیش کەلووی ناو گەروو هەڵبتۆقێنێ و بیئاوسێنێ. ئاویش هەرچەندە بەکارهێنانێکی ژیرانەی، کەڵکێکی زۆر دەبەخشێ بەمرۆڤ، بەڵام زیانێکی زۆریشی لێ دەوەشێتەوە. چونکە سک وا لێ دەکات کە هەر لە بەفر دروستکەر (ثلاجە) بکات. دەبێتە هۆی ئەوەیش کە ئەو پەردە گۆشتانەی ناو سکیان داپۆشیوە وشک هەڵبێن و، لە زیندووێتی بکەون. جا لەبەر ئەمەیە کە گوتراوە: (ئاویش وەک سامان وایە. ئەگەر ببێتە بەندەت بەکەڵکت دێ. ئەگەر بشبێتە بەندەی زیانت پێ دەگەیێنێ).

جاری وایش هەیە مرۆڤ تووشی تینوێتییەکی وەها دەبێ کە هەرچەند ئاو بخواتەوە تینوێتییەکەی ناشکێ... چارەکردنی ئەم بارەیش ئاسانە: چونکە نیو پیاڵە ئاوی گەرم لە باریدا هەیە ئەو تینوێتییە بشکێنێ... چاکترین خوویش ئەوەیە کە مرۆڤ هەموو بەیانیانێک نیو پیاڵە ئاوی گەرم بخواتەوە. چونکە ئەمە بۆ سک باشە. یارمەتی دەدات لە بەجێهێنانی فرمانی خۆیدا... بەم بۆنەیەوە نابێ چایی و قاوەیشمان لەبیر بچێتەوە... ئەمانە هەرچەندە لە هەندێ کاتدا کەڵکیان هەیە بەڵام ئەگەر بەئەندازە بخورێنەوە کارێکی یەجگار چاک و بەکەڵکە. ئەگەر لە ژەمێک خواردنیشدا گۆشت و چایی کۆکرایەوە، زیانێکی زۆری لێ پەیدا دەبێ. چونکە ئەو کەرەستە ترشاوەی لەناو چاییدا هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی گۆشتەکە وشک ببێتەوە، تا ئەندازەیەکی وا کە سازکردنی لەناو سکدا بەگران پێک بێ!...

## بەکارهێنانی هۆش پیری دوا دەخات

تووکی لەشیش وەک گەرماپێو (ترمۆمەتر)ێک وایە بۆ لەش. پلەی تەندروستی گشتی پێشان دەدات. جا مەگەر نەخۆشییەکی تایبەتی بەپێستی لەشەوە بێ، یاخود مرۆڤ داوودەرمان زۆر بەکار بهێنێ لە ڕێکخستنی تووکی سەریدا، ئەگینا تووک هەڵوەرین و ڕەنگ گۆڕانی ئەوە پێشان دەدات کە تێکچوونێک لە سکدا هەبێ. زوو سپی بوونی



تووکی لەشیش ئەوە دەگەیێنێ کە بابەتی (جیر) و بابەتی (سیلیکا) لەناو لەشدا کەمن. ئەم دوو بابەتەیش لەناو گەنمدا دەست دەکەون، بەمەرجێ گەنمەکە یەجگار بژاری تێدا نەکرێ، واتا یەجگار پاک نەکرێتەوە لە کەپەکەکەی، وەک لە دروستکردنی (ئاردی سپی)دا بەسەریدا دێ. لێرەیشدا دووبارەی دەکەینەوە کە نانی بۆر، لە نانی سپی، بۆ لەش بەکەڵکترە... بێجگە لەوە (سپیکردنەوە)ی ئارد، واتا بژارکردنی لە کەپەکەکەی، دەبێتە هۆی یەکەمی پەیدابوونی (گرفت) و (گران سازکردنی خواردن لەناو سکدا) و (نەخۆشییەکانی ددان) و ئەو دەردانەیش کە لەوانەوە پەیدا دەبن...

مرۆڤیش تا تەمەنێکی درێژ دەتوانێ زیندووێتی خۆی بپارێزێ. واتا لە هێز و هەڕەتی خۆی نەکەوێ. بەمەرجێ خەمی ئەوە بخوات کە گەشە بەهێزەکانی خۆی بدات، کە هێزەکانی هۆشی خۆی پەروەردە بکات. هەرچەندە هەندێ کەسانی وا هەن کە لە تەمەنی چل ساڵییەوە (پیر دەبن)، بەڵام زۆر کەسانی وایشمان دێتە پێش چاو، لە خاوەن فرمانە گەورەکان و، هونەرمەند و، نووسەرە بەناوبانگەکان و، پیاوە زرنگکارە وریاکان، کە هەتا نەگەنە تەمەنی چل و پەنجا ساڵی، ناگەنە سەرەپۆپەی ناوبانگ و ناوداری خۆیان. چونکە لەم تەمەنەدایە کە هۆش دەگاتە پۆپەی تەواوی و کارگوزاری خۆی. مرۆڤیش هەر ئەوەندەی لەسەرە کە بەجوانی ئەو زیرەکی و هۆشمەندییەی خۆی بەکار بهێنێ. ئیتر کە ئەوەی کرد، زۆری پێناچێ، بەئەنجامی وا گەورە گەورە دەکات کە ناوبانگیان پێ دەربکات!... ئەوەندە هەیە لەبەر بەدبەختی، ژمارەی ئەوانەی کە هۆشی خۆیان بەکار دەهێنن لە ژیاندا، یەجگار کەمە، چونکە بەشی زۆری کەسان بەگێژوویژییەوە دەژین. بەهیچ کلۆجێک پێ لەوە نانێن کە هۆش هیچ هێزێکی هەبێ بۆ بیرکردنەوە. واتا خۆیان بەبیرکردنەوەوە خەریک ناکەن!... جا ئەمانەن کە دەگەنە تەمەنی چل ساڵی، ئەمەندە کز و لاواز دەبن و، ئەمەندە پیر دەبن، لە حەفتا ساڵییەکانیش خراپتریان لێ دێ. کەچی لەناو بیرکەرەوەکانیشدا هی وایان تێدایە کە هێز و هەڕەت و چستوچالاکی خۆی لە دوای تەمەنی حەفتا ساڵیشەوە، هەر دەپارێزێ... ڕەنگە (بەرناردشۆ) وێنەیەکی هەرە گەورە بوو بێ بۆ ئەم جۆرە کەسانە... ئەوەندە هەیە، پاراستنی زیندووێتی و چستوچالاکی، بۆ هەموو کەس وەک یەک پێک نایەت. واتا هۆی ئەو پاراستنە لای هەر کەسە جۆرێکە... لەبەر ئەوە لە دەستمان نایەت چەند دەستوورێکی دامەزراو و نەگۆڕراو بۆ شێوەی ئەو خۆپاراستنە دابنێین... چونکە هەر کەسە یاسای تایبەتی خۆی دەبێ ببێ. تۆ ئەگەر بێتو پرس لە چەند پیاوێکی خاوەن تەمەنی درێژ بکەیت، کە ڕازی پاراستنی هێز و زیندووێتییان چییە؟ ئەوانەی هەریەکە

جۆرە هۆیەکت پێشان دەدەن. هی وایان تێدایە دەڵێ: (ڕازی ئەمە ئەوەیە کە خواردن و خواردنەوەی لە ئەندازەدا بوون، ڕێکوپێک بوون). هی وایشیان تێدایە دەڵێ: (ڕازی ئەمە ئەوەیە کە خۆی لە خواردنەوەی مەی و کێشانی جگەرە و ئەم جۆرە بابەتانە پاراستووە).

## مردنی کتوپڕ و دڵ ڕاوەستان

بەم بۆنەیەوە، چیرۆکی پیاوێکی پیر دەگێڕینەوە، کە بەبۆنەی گەیشتنیەوە بەتەمەنی نەوەد و یەک ساڵی ئاهەنگێکی گێڕا. نوێنەری ڕۆژنامەکانیش هاتنە لای، لێیان پرسی: هۆی تەمەن درێژی چییە؟. ئەویش گوتی: (هۆی تەمەن درێژیم ئەوەیە هەرگیز لە ژیانی خۆمدا توخنی مەیخۆری نەکەوتووم!)... لەو کاتەدا کە ئەو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن، دەنگە دەنگێکیان هاتە بەرگوێ، کە لەناو خانووەکەی ئەوەوە هات. ئەوانیش لە کابرای تەمەن درێژیان پرسی: ئەو دەنگە دەنگە چییە؟... کابرایش وەرامی دانەوە گوتی: (ئەوە دەنگی برا هەرە گەورەکەمە... خووی وا گرتووە کە بەسەرخۆشی دێتەوە ماڵەوە!.).

زۆرجاری وایش هەیە کە پیاوێکی تەندروست و بەهێز و توانا، بۆ خۆی دەنوێ... کەچی کە دەبێتە بەیانی دەبینن لەناو جێگاکەیدا مردووە!... ڕەنگە ئەوساکە بڵێن: لەبەر ئەوە مردووە کە خواردەمەنی لە سکیدا زۆر بەگران ساز دەبوو. یاخود بڵێن دڵی وەستاوە... بەڵام بەزۆری لەبەر ئەوە مردووە کە (دڵی داخورپاوە) یاخود دڵی کز بووە. گرنگترین هۆی دڵنیشتنەوەیش زۆرخۆری و کەم وەرزشکردنە.

## زۆرخۆری چاکترین ڕێگایە بۆ مردن

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە زۆرخۆری دوو ئەنجامی لێ پەیدا دەبێ:

یەکەمیان خۆرشت خواردنێکی وا زۆر کە لە ئەندازەی پێویست بچێتە دەرەوە، بەجۆرێکی وا کە لەش هەر بەشێک لەو خواردەمەنییە بەکار بهێنێ، پاشماوەی خۆرشتەکەیش لە شێوەی چەوری و پیودا کۆبکاتەوە لەناو لەشدا، بەسەر هەندێ لە ئەندامەکانی لەشەوە، کە (دڵ) یەکێکە لەوانە... جا ئەو کەسەی زۆرخۆر بێ، لەبەر خۆرشتی زۆر کە دێتە ناو لەشیەوە، دڵی ئەستوور دەبێ. هەروەها بەشێکی زۆر بەز و چەوریشی بەسەرەوە کۆدەبێتەوە کە وای گەورە دەکات پێویستی بەبۆشاییەکی گەورەتر دەبێ لەوەی کە لەناو سنگیدا بۆی تەرخان کراوە. ئەنجامی دووەمیش ئەوەیە کە سکی زۆرخۆرەکە بای تێدا پەیدا دەبێ. بەهۆی ئەوەوە کە خۆرشتەکانی تێدا دەمێنێتەوە. ئەم



بایانەیش پەنگ دەخۆنەوە و پاڵەپەستۆ دەکەن لەناو سکدا. پاش ئەوە زۆری پێناچێ ئەو پاڵەپەستۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی دڵ لە کارکردنی خۆی دوا بکەوێ و بڕستی ببڕێ و کز ببێ.

جا ئەم دوو ئەنجامە لەگەڵ ئەو کارەساتانەدا کە بەهۆی ئەوانیشەوە ڕوو دەدەن، زۆری پێناچێ دەبنە هۆی پەک کەوتنی دڵ لە فرمان، کە ئەوەیش لە ناکاو ڕوو دەدات... ئەمەیش پێی دەڵێن: (دڵ وەستان).

## جەرگ تێکچوون ژیان دەکات بەبارێکی گران

کاتێ کە هەستت کرد بەوەی چاوت لێڵ بووە و، سەرئێشە سەرەوتی لێ تێکداویت و، لەشت خاو بۆتەوە و ئارەزووی فرمانکردنت نەماوە و، تینوێتییەکی وایشت تووش بووە کە نازانیت چۆنی بشکێنی و، وا توندوتیژیشت لێهاتووە کە لەبەر هەموو هۆیەکی پڕوپووچ دەچیت بەگژ ئەم و ئەودا... کاتێ کە هەستت بەم نیشانانە کرد، پێویستە پەی بەوە ببەیت کە جەرگت تێکچووە!...

بەجۆرێکی تێکڕایی، نەخۆشییەکانی جەرگ لەوەوە پەیدا دەبن، کە وەرزش کەم بکەیت و، خواردنەکانیشت ڕێکوپێک نەبن. جا لەبەر ئەوە پێویستە یاسایەکی تەندروستانەی مام ناوەندی پەیڕەوی بکەیت لە خواردنەکانتدا... هەروەها دەستیش بکەیت بەهەندێ وەرزشی سووک و ئاسان... مام ناوەندییش لە وەرزشکردندا بەکارێکی پێویست دادەنرێ. چونکە هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە بۆ لەش، کە مرۆڤ بەدرێژایی هەفتەکە خۆی خەریک بکات بەکار و فرمانەوە بێ ئەمەی هیچ وەرزشێکی وا بکات کە لەشی وریا بکاتەوە. کەچی لە پشووی هەفتەییدا کە بەر دوا ڕۆژی هەفتەکە دەکەوێ، لەپڕ خۆی بهاوێژێتە ناو وەرزش و لەش جوولانەوە، بەجۆرێکی وا کە لە ئەندازە بەدەر بێ و بڕستی پێی ببڕێ... ڕەنگە هەر ئەوانە کامەرانی ڕاستەقینەیان هەبێ، کە کار و فرمانەکانیان وایان پێ دەوێ کە لە کاتی فرمانکردنەکەیاندا هەندێ وەرزش بکەن و لەشیان بجوولێننەوە.

## جگەرەکێشان ڕابواردنێکی خۆشە، بەڵام بۆی هەیە ببێتە گەورەیەکی زەبر بەدەست

دوور نییە کە جگەرەکێشانیش بەڕابواردنێکی خۆش و بەکەڵک دابنرێ، بەمەرجێ مرۆڤ ئەوە بزانێ، چۆن خۆی پێوە ڕابهێنێ، بەجۆرێکی وا کە خۆی نەخاتە ژێر چنگیەوە.

ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە دوو یاخود سێ جگەرە، لە ڕۆژێکدا، لەوانەن کە زیان بەلەش نەبەخشن. بێجگە لەوە لەوانەن کە یارمەتی مرۆڤیش بدەن لە ئاسایشی مێشک و ماندوو و حەسانەوەدا!... کەچی لە ڕاستیدا مرۆڤ زۆری پێناچێ دوای خۆشی جگەرەکێشانەکەی دەکەوێ، تا وای لێ دێ دەبێتە بەندەی جگەرەکێشان و دەکەوێتە ژێر چنگیەوە. ئەوساکەیش دەبێتە نێچیرێکی دەستوبرد گری جگەرەکێشان، هەر لەبەر ئەوەی کە جگەرە زۆر خواردن تووشی سەرگێژی و کاسی و تێکچوونی دەماری مێشکی دەکات!. تووتن جوونیش کە بەخراپترین خوو دادەنرێت، وای لێهاتووە کە بەرەو نەمان دەچێت!... بەڵام خوویەکی تریش هەیە کە گەلێک لەو ناشیرینترە، کە پێویستە ئەمیش لابچێت... ئەم خووەیش (بنێشت) جوونە. بنێشت جوونیش بێجگە لەوەی کە زۆر دوورە لە دڵتەڕی و کردەوە ڕەندییەوە و ئەو کەسەی لەتەنشت بنێشت جووەکەیشەوە دادەنیشێ بێزی لێ دەکاتەوە، وەک دەردەکەوێ سک تێک دەدات و دەبێتە هۆی گران سازکردنی خواردنیش لەناو سکدا. نەک وەک دەڵێن یارمەتی سازکردنی خواردن دەدات!...

## ئەگەر خەوت لێ زڕا دڵت تەنگ نەبێ

ڕەنگە ئەوەمان لە دەست نەیەت کە ژمارەی کاتەکانی نووستن دیاردی بکەین. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە هەر کەسە جۆرە پێویستییەکی هەیە بەنووستن، جۆرە ژیانێکی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام ئەمە زۆر بەکەڵکە کە مرۆڤ خۆی وا ڕابهێنێ کە هەموو شەوێک لە کاتێکی دیاریکراودا بچێتە جێگاوە. هەروەها لە کاتێکی دیاریکراویشدا لە پێخەفەکەی خۆی بێتە دەرەوە، لە بەیانیدا. جا بەتەنشت ئەمەیشەوە کە ئەم ڕەوشتە کەڵکێکی تەواوی هەیە بۆ لەش، مرۆڤیش دەپارێزێ لە خەو زڕان. چونکە خۆ ڕاهێنانەکە بەچوونە جێگاوە لەو کاتە دیاردیکراوەدا، وای لێ دەکات: هەرکە چووە ناو پێخەفەکەیەوە خەو بیباتەوە.

کە هەستیشت کرد بەخەو لێ خەوزەبوون، چاکترین شت کە بیکەیت ئەوەیە کە نیاز ببەخشیت بەخۆت کە زۆری پێناچێ خەوت لێ دەکەوێ. کەواتە دڵی خۆت بەوەوە خەریک مەکە، خۆتی پێوە دڵتەنگ مەکە. وایش چاکە کە پیاڵەیەک شیری گەرمیش بخۆیتەوە. بەڵام ئەگەر خەو لێ خەوزەبوون گەلێک جاری تریش دووبارە بووەوە، ئەوە شتێکی زۆر بەکەڵکە کە بەڕۆژ زۆرتر بجووڵێیتەوە: خۆت بهاوێژیتە ناو کار و فرمانەوە، وەرزش بکەیت، خۆشی لە ژیان ببینیت، – سەما و هەڵپەڕکێ بکەیت، بچیتە سەما – تا لەشت



ئامادە ببێت بۆ نووستن، لەو کاتەدا کە دەچیتە جێگاکەتەوە بنوویت!... بەڵام ئەگەر بەمانەیش خەو لێ نەکەوتنەکەت لە کۆڵ نەکەوت، پێویستە خۆت بگەیێنیتە لای پزیشکێک تا ئامۆژگاریت بکات بۆ چارەکردنی ئەم بارەت.

ئەگەر نووستنیشیت، بەتەنگ ئەوەوە ببە کە بەسەر لای ڕاستتدا ڕابکشێیت. تا گراناییت نەکەوێتە سەر دڵت و پەکی جووڵانی بخەیت. پەنجەرەی ژووری نووستنەکەیشت بەکراوەیی بهێڵەرەوە. جا ئەگەر خەوی ناخۆشیشت بینی ئەوەت لەبیر نەچێ کە ئەمە بەزۆری، لە سازنەبوونی خواردەمەنییەوە پەیدا دەبێ لەناو سکدا، یاخود لە ناسازی لەشەوە پەیدا دەبێ. چونکە پیاوی تەندروست کەم ڕێ دەکەوێ کە خەو ببینێ!...

## باوێکە و داهاتووە... پێی دەڵێن: ((خواردنی بەدەسندە))

یەکێک لەو (باو)انەی لەم ڕۆژەدا داهاتوون و بڵاو بوونەتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ دەستی خۆی بکێشێتەوە لە هەندێ خواردەمەنی. یاخود هۆگری هەندێ خواردنی تر ببێ بەناوی (خواردنی بەدەسندە)وە، واتا: (ڕێجیم) بکات. جاری وایش هەیە پیاو لەوەدا ئەمەندە لە وزە دەردەچێ کە خۆی تووشی بیروباوەڕی هیچوپووچ دەکات، کە دوورن لە ڕاستییەوە، کە ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی خۆی تووشی نەخۆشی بکات!...

لە (خواردنی بەدەسندە)یشدا مەترسی هەرە گەورە ئەوەیە کە زۆر کەس لەوانەی پەیڕەوی دەکەن، پرس بەپزیشک ناکەن. هەر لەسەر ئەوە دەڕۆن کە لە نووسراوەکان و گۆڤارەکاندا خوێندوویانەتەوە بێ ئەمەی سەیرێکی ئەوە بکەن کە هەر کەسە باری لەش و تەندروستی خۆی هەیە و، جوێییشە لە هی کەسێکی تر!...

بێجگە لەمە گوێمان لە زۆر قسەی پڕوپووچیش دەبێ کە لە بابەت (ڤیتامینەکان) و (پرۆتینەکان) و (گەرمایی بەخشینی خواردەمەنی)یەوە دەیکەین، بێ ئەمەی خاوەنەکانیان هیچ شتێکیان لێوە تێبگەن، یاخود لێکۆڵینەوەیەکیان تێدا بکەن. لە ڕاستیشدا هەتا ئێستا لە پێنج جۆر (ڤیتامین) بەولاوە هیچی تر نەدۆزراوەتەوە:

(ڤیتامین أ): ئەم ڤیتامینە لەناو کەرە و، زەردێنەی هێلکە و کەلەرم و، کاهوو و، ماشە سپی و، کەرەووز و، هەندێ سەوزەدا هەیە.

(ڤیتامین ب): ئەم ڤیتامینە لەناو نانی بۆر و، گشت دانەوێڵەکان و، پەتاتە و، گێزەر و، ئەو گژوگیایانەدا هەیە کە ڕەگەکانیان سەلکی پێوەیە... هەروەها لەناو بندق و ڕۆنی گژوگیا و، ڕۆنی گیانلەبەران و، ماشە سپی و، پاقلە و شیردا هەیە...

(ڤیتامین ج): ئەم ڤیتامینە لەناو خواردەمەنییە سوێرەکاندا هەیە، لەگەڵ لیمۆ و، سێو و، ترێ و، زۆربەی میوەکانی تردا. هەروەها لەناو هەندێ سەوزەیشدا هەیە وەک ماشە سپی تەڕ و، کەلەرم و، کارنەبیت. ئەوەندە هەیە کە زۆر کوڵا لەناو دەچێ.

(ڤیتامین د): ئەم ڤیتامینە لەناو شیری تازە و، پەنیردا هەیە.

(ڤیتامین هـ): ئەم ڤیتامینە لە لایەن زانستەوە ئەوەندە نەناسراوە.

بەڵام زاناکان بڕوایان بەرەو ئەوە دەچێ کە کار لە گیانلەبەران زۆرتر دەکات تا لە مرۆڤ... لەگەڵ ئەمەیشدا وا چاوەڕوان دەکرێ کە زانست ئەم بیروباوەڕەی خۆی بگۆڕێ.

## بۆچ بیرکەرەوەکان حەز لە گۆشتی ماسی دەکەن؟

ڤیتامینەکانیش بۆ بوون و تەندروستی ئێمە زۆر پێویستن. ئەوەندە هەیە زوو لەناو دەچن. بەکوڵاندن و سوورکردنەوە و وشککردنەوە تێکدەچن. هەروەها پاراستنیشیان لەناو قووتودا لە کەڵکیان دەخات. جا لەبەر ئەوە ئەو خۆرشتانەی هەڵدەگیرێن کەڵکیان کەم دەبێ.

جا هەروەک ڤیتامینەکان کەڵکێکی زۆریان هەیە بۆ لەشی مرۆڤ و یەجگار گرنگیشن، هەروەها هەندێ لە خوێیەکانیش یەجگار بەکەڵک و گرنگن بۆ لەشی پیاو. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە بۆ پاکژکردنەوەی خوێن و بۆ خۆرشتدان بەلەش بەکاردێن. ئەم خوێیانەیش بریتین لە تێکەڵبووەکانی کسڵ و ئاسن و سۆدا و پۆتاس و فۆسفۆر و گۆگرد و زەرنیخ و سیلیکا. ئەمانە بەجۆرێکی تایبەتی لەناو سەوزە و میوە تازەکاندان. ئەو ئاوەیش کە لەناو سەوزە و میوەدایە ئەم خوێیانە دەتوێنێتەوە.

جا ئەگەرهاتوو ژەمێک نانت خوارد کە بریتی بێ لە شلەیەک و نانی بۆر و گۆشت و سەوزە و پەتاتە - کوڵاو بێ یان سوورەوەکراو - لەگەڵ سەلاتە و میوەدا، تۆ هەرچییەکت پێویست بوو بێ لە خۆرشت خواردووتە... هەرچی خواردەمەنی هەڵگیراوە خۆرشتێکی ئەوتۆی تێدا نییە کە بەکەڵکت بێت. چونکە بەهۆی هەڵگیرانەکەیانەوە چ لەناو کووپە و دیزەدا بێ،[١] چ لەناو قووتودا، ئەو ڤیتامین و خوێیانەی تێیاندا بووە، نامێننەوە، لەناو دەچن. لەگەڵ ئەمەیشدا ئێمە دەمانەوێ هۆشیارتان بکەینەوە کە هەندێ کەسانی وا هەن لەشیان وا ڕاهاتووە کە چەند خواردەمەنییەکی دیاریکراو بخۆن بەشیان دەکات... ئەوانە

(١) بۆ نموونە: قاورمە و ترشیاتی لای خۆمان.



لەو خواردنانە بەولاوە هیچ خواردنێکی تر ناخۆن... کەچی ئەمە کار لە تەندروستییان ناکات... گژوگیا (ڕووەک) خۆرەکان و زۆربەی بیرکەرەوەکان، بەتایبەتی بلیمەتەکانیان لەم جۆرە کەسانەن. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە کاروبار و ناوچە و کارەساتی هەموو کەسێک جوێیە لە هی کەسێکی تر. هەر کەسەیش بەپێی باری خۆی، چەند جۆرە خواردەمەنییەکی دیاریکراو بەکاری دێ، خواردەمەنییەکانی تر بەکاری نایەن... دووریش نییە کە ئەوانەی بەکاری ئەم دێن، بۆ کەسێکی تر ببنە ژەهر. ئەم باوەڕەیش باوە لەناو هەمووانـدا، کە سەوزە و گۆشت ماسی بەکەڵکی مێشک ڕوونی دێن. جا لەبەر ئەوە پیاوە خاوەن بیرەکان بەتەنگ ئەم دوو جۆرە خۆرشتەوەن کە هەموو ڕۆژ بیانخۆن. ڕاستییەکەیشی ئەوەیە کە ئەم خۆرشتانە بەئاسانی ساز دەبن لەناو سکدا. جا لەبەر ئەمەیە کە خواردنی ئەم جۆرە خۆرشتانە سرەوت دەدات بەو کەسانەی کار و فرمانەکانیان فریان بەهۆشەوە هەیە. هەروەها پەکی فرمانکردنیشیان ناخەن. کەچی خواردنە چەورەکان لەشیان خاو دەکەنەوە، لە فرمانکردنیش دووریان دەخەنەوە!...

جا ئەمەیش بەڵگەیە بۆ ڕاستی ئەوەی کە لەمەوپێش گوتمان: کە هەندێ خواردەمەنی وا هەن بۆ هەندێ کەسان دەست دەدەن بیخۆن، بۆ هەندێ کەسانی تر دەست نادەن، ئەمەیش زیان بەتەندروستی هیچ لایەکیان ناگەیێنێ.

## لە ناوەند چێشتخانە و خواندا

جا بۆ ئەمەی لە خۆرشتەکانت کەڵکی هەرە گەورەت دەست بکەوێت، پێویستە بەتەنگ لێنانیانەوە بیت. مەهێڵە سەوزەکان لە ئەندازە بەدەر بکوڵێن، تا ئەو ڤیتامین و خوێیانەی لەناویاندان لە کەڵک نەکەون. سەوزە لە دە وردیلەوە تا بیست وردیلە لەسەر ئاگر بمێنێتەوە بەسیەتی. بەڵام ئەو گژوگیا و ڕووەکانەی ڕەگەکانیان دەبن بەسەلک، وەک پەتاتە، ماوەیەکی زۆرتریان دەوێ بۆ کوڵان. هەرچی گۆشتی سووریشە، هەر ئەوەندەی بەسە کە لەسەر ئاگر بمێنێتەوە، کە بتوانرێ بجوورێ و قووت بدرێ. بەڵام گۆشتە سپییەکان زۆرتریان دەوێ بکوڵێنرێن. وایش باشترە کە هەرگیز گۆشت بەسوورەوەکراوی (بەڕۆن) نەخۆیت!.

خۆرشتێکی یەجگار نایابیش هەیە، پێویستە بەتەنگ خواردنییەوە بیت ئەویش ماسییە. گۆشت ماسی، لە ڕاستیدا نرخێکی خۆرشتانەی گەورەی هەیە. بێجگە لەوە بەئاسانییش ساز دەبێ لەناو ورگدا بۆ هەموو ورگێکیش دەست دەدات، بام یەجگار تێکچوویش بێ.

ژەمی خواردنیش بەفرمانێکی وا دانانرێ کە مرۆڤ هەر چۆنێکی بۆ کرا، ڕایبپەڕێنێ. پێویستە بەکارێکی ناوازە و ڕابواردنێکی خۆش دابنرێ، کە مرۆڤ خۆشی لێ وەربگرێ و، نۆشی گیانی بێ. پێویستە لە کاتی نانخواردندا گفتوگۆی وا بکات لەگەڵ ئەوانەدا کە لەگەڵیدا دانیشتوون بۆ نانخواردن، کە پڕ بێ لە قسە و بابەتی خۆش، کە دوور بێ لە کەینەوبەینەی کار و فرمان و ئەو تەنگوچەڵەمانەی دڵ تەنگ دەکەن. کەسانی وایش هەن کە توانج و پلار لەوانە دەگرن کە لە کاتی نانخواردندا دەخوێننەوە. بەڵام ئەگەر پیاو بەتەنیا بێ لە کاتی نانخواردندا، لە هەموو شتێک چاکتر ئەوەیە کە بخوێنێتەوە تا لە دەست بیرەکانی ناو مێشکی خۆی ڕزگاری ببێ. ئەوەندە هەیە ئەوەی دەیخوێنێتەوە نابێ بابەتێکی گران بێ. واتا: پڕ لە شتی گرنگ و گەورە بێ. نابێ پڕ لە گیروگرفت بێ. نابێ فڕی بەسەر کار و فرمانیشەوە هەبێ. هیچ شێوەیەکیش لەو شێوەیە خراپتر نییە بۆ ورگ کە خاوەن کار و فرمانەکان نانی تێدا دەخۆن. چونکە ئەوانە بەپەلە نان دەخۆن پێش ئەمەی پاروەکە بجوون لە دەمیاندا، قووتی دەدەن. بەهەڵەداوانیش خوانەکەیان بەجێ دەهێڵن. کاتێکیش دەزانێت یەکێک لە خاوەن کار و فرمانانە دەست دەکات بەبۆڵەبۆڵ کردن لە سکی خۆی. کەچی پەی بەوەیش نابات کە شێوەی نان خواردنەکەی خۆیەتی بووە بەهۆی ئەو ئێش و ئازارەی ورگی. چونکە ناردنی خۆرشت بۆ ناو ورگ بێ ئەمەی باش بجووڕێ، کاری ورگ ئاسان ناکات کە سازی بکات.

## ئەو نەخۆشییەی پیاوەکانی چینی سەرسام کردووە نەک ژنەکانی

ئەگەر خواردنەکە باش بجووڕێ ددان بەهێز دەبێ. ددانی بێ وەییش وەنەبێ هەر لەبەر ئەوە گرنگ بێ کە خواردنەکەی پێ دەجووڕێ، هەروەها نەخۆشییەکانی ددان دەیشبنە هۆی تێکچوونی هەموو ئەندامەکانی لەش. جا لەبەر ئەوە پێویستە بەتەنگ ددانەکانمانەوە بین، باش پاکیان بکەینەوە، بەفڵچە و بەدەرمانی ددان: لەپاش هەموو ژەمە نانخواردنێک، لەپێش نووستنیشدا، لەپاش ڕاپەڕینیش لە خەو.

ددانەکانیش سەبارەت بەچەند هۆیەک هەڵدەوەرێن، کلۆر دەبن، دەشکێن، دەڕزێن... شەکر خواردن دەبێتە هۆی پەیدابوونی ترشاوی وا، لە دەمدا، کە ڕووکەشی ددان بتوێنێتەوە. ئەو ڕووکەشەی کە ددان دەپۆشێ و دەیشیپارێزێ...[1] هەرچی خواردنەوە سارد و بەفرینەکانیش هەن دەبنە هۆی کوشتنی ئەو دەمارە مێشکییانەی کە بەددانەوە

(١) ئەم ڕووکەشە پێی دەوترێک توێژاڵی عاجی، کە لە شێوەی سەدەفی سپیدایە.



نووساون. هەر خواردنێکیش نەرم بێ و بەئاسانی بجووڕێ، دەبێتە هۆی کزبوونی ددان. چونکە بێ بەشی دەهێڵێتەوە لە مەشقکردن... ئەو خواردنەوانەیش کە زۆر داغن دیسانەوە ددان کز و لاواز دەکەن بێجگە لەوە دەبنە هۆی ئەوەیش کە پاشماوەکانی خواردەمەنی و خواردنەوەکان لەناو دەمدا هورووژم ببەنە سەر ئەو شوێنانەی کە چوار لای ددانەکانیان گرتووە بەهۆی لەشکری خۆرە (میکرۆب)وە، کە لە ئەنجامدا پووکەکان بڕزێن و پڕیش ببن لە کێم...[1] هەروەها کزی و لاوازی پووک و ددانەکان لەوەوە پەیدا دەبێ کە گۆشت و سەوزەی تازە کەم بخورێ. لەبەر ئەوە پێویستە، بەجۆرێکی گشتی هەر شەش مانگە جارێک، یاخود ئەوپەڕی هەر ساڵە جارێک، ددانەکان پێشانی پزیشکێکی پسپۆڕ بدرێن!...

لە هەموو یاسایەک گرنگتر کە پەیڕەوی بکرێ، ئەوەیە کە لە خۆرشتی یەجگار گەرم و یەجگار سارد خۆمان بپارێزین. لە خاکی (چین)یشدا سەرنج دراوە کە زۆربەی پیاوەکانیان تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی زمان دەهاتن. کەچی ئافرەتەکانیان تووشی ئەو نەخۆشییە نەدەهاتن. زۆریشی پێنەچوو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت، کە ڕەوشتی چینییەکان وایە، هەر ئەوەندە چێشتەکە لەسەر ئاگرەکە هەڵگیرا، دەخرێتە بەردەم پیاوەکان بیخۆن. ئەوانیش چێشتەکە بەداغییەوە دەخۆن. هەرچی ئافرەتەکانیشە لەبەر ئەوەی پایەیان لە پایەی پیاوان کەمتر بووە، پاشماوەی خواردنەکەی ئەوانیان خواردووە، لەو یاسایەیش هیچ سەرکێشییەکیان نەکردووە. جا بەهۆی ئەم ڕەوشتەوە ئەو چێشتانەی بۆ ئافرەتەکان ماونەتەوە بیخۆن، تا گەیشتوونەتە ئەوان ساردبوونەتەوە!...

## هونەری چێشت لێنان لە کۆڕی جەنگی تەندروستیدا

هیچ شتێک ئەوەندەی خۆرشتی دەستکرد زیان بەلەشی مرۆڤ ناگەیێنێ. لە خۆرشتی دەستکردیش مەبەسمان چێشتی هەڵگیراو یاخود پارێزراوە لەناو شووشە و قوتوودا. هەروەها مەبەسمان لەو چێشتەیشە کە پوختەی خواردەمەنییەکانی تر. لە شلە (شۆربا)، یاخود پەپکە، یان لەو جۆرە بابەتانەدا کە زاناکان دایاندەهێنن. ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە مرۆڤ بەملیۆن ساڵانی بەسەردا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم ڕادەیە. لەش و یاسای ژیانیشی بەو پێیە هەڵکەوتوون کە لەو ماوەیەدا بەڕەوشت و یاسای خۆرشت خواردنەوە

(١) لە پاش ئەوەی هەو (التهاب) دەکەن.

ڕاهاتووە، کە بەو خۆرشتانەیشەوە خووی گرتووە کە سروشت پێی بەخشیوە. جا لەبەر ئەوە زانست لە توانایدا نییە کە ئەو شتانە بگۆڕێت، ئەگینا مرۆڤ تووشی دەرد و نەخۆشی دێ. جا لەبەر ئەمە پێویستە مرۆڤ بگەڕێتەوە سەر خواردنی خواردەمەنی سروشتییانە وەک سەوزە و گۆشتی تازە، بەمەرجێ بەتەنگ لێنان و ئامادەکردنیشیانەوە بێ بەجۆرێکی وا کە کەرەستە خۆرشتییەکانیان تێدا بپارێزرێ. چێشت لێنانیش هونەرێکە بۆ خۆی... هەر ئافرەتێکیش بووەستێ لەناو چێشتخانەکەی خۆیدا و، بیری خۆی بخاتە سەر ئەوەی کە ژەمە خواردنێکی وا دروست بکات بۆ مێردەکەی خۆی، کە هەر کەرەستەیەکی خۆرشت پێویست بێ بۆ تەندروستی ئەو، تێیدا بێ، بەهیچ جۆرێک لەو هونەرمەندە کەمتر نییە کە ئاوازەکان لەگەڵ یەکتردا ڕێک بخات تا گۆرانی یاخود پەستەیەکیان لێ ڕێک بخات، کە بەوە خۆشی و گەشییەک بەگیان و دڵی بکەوێ!... هەڵبژاردنی چێشتیش ماندووبوونێکی زۆری پێ ناوێ... هەر ئەوەندەی پێویستە کە هەندێک بیرکردنەوە و دڵتەڕی و ئاگاداری بەکار بهێنرێ لە بابەت نرخی خۆرشتی خواردەمەنییەکانەوە...

جا ئەگەر ئافرەت ئەمە بەتەواوەتی بەجێ بهێنێ، ئەو هەر لەو سەربازە دەکات، کە لەپێش هەموو کەسێکدا هاتبێتە کۆڕی جەنگی تەندروستییەوە!.

تەواو



# پێڕست


**هونەرەکانی ژیان** ........ 5
هونەری دڵداری ........ 7
هونەری ژیانی ژن و مێردی ........ 25
هونەری کامەرانی ........ 43
هونەری ژیانی خێزانی ........ 73
هونەری خۆش ڕابواردن لە تەمەنی پیریدا ........ 99

**ئایینی** ........ 129
ژیانی محەمەد ........ 131
مووسا ........ 193
رابعەی عدوی ........ 227
ژیانی مەسیح ........ 253
بوودا ........ 335
کونفۆچیۆس ........ 371
شێخ محەمەد عەبدە ........ 401
ئایینی بەهائی ........ 431

**تەندروستی** ........ 475
لە خاکی ڕووتەکاندا ........ 477
ڕێگاکەی من ........ 561
باش بخۆ و خۆش بژی ........ 597